# پرۆژەی لە چاپدانەوەی بڵاوكراوەكانی
# ـ پاسۆك ـ

## گۆڤاری
## ئاڵای سووری كوردایەتی
ئۆرگانی ناوەندی هێزی پێشمەرگەی (پاسۆك)..

ئامادەكردنی
**هەڵۆ بەرزنجەیی**

بەرگی یەكەم
ژمارەكانی ١ ـ ١٦

لەسەر ئەركی ( لەعلی خان ) خێزانی كاك
ئازاد مستەفا لە چاپ دراوە

پرۆژەی لە چاپدانەوەی بڵاوکراوەکانی ـ پاسۆک ـ

ئامادەکردنی: هەڵۆ بەرزنجەیی
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
نۆبەتی چاپ: ٢٠٢٢
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخ: ١٠٠٠٠ دینار
چاپ: چاپخانەی تاران

هەواڵنامەی کتێب

# پرۆژەی لە چاپدانەوەی بڵاوكراوەكانی
# ـ پاسۆك ـ

## گۆڤاری
## ئاڵای سووری كوردایەتی
ئۆرگانی ناوەندی هێزی پێشمەرگەی (پاسۆك)..

ئامادەكردنی
**هەڵۆ بەرزنجەیی**

بەرگی یەكەم
ژمارەكانی ١ ـ ١٦

لەسەر ئەركی ( لەعلی خان ) خێزانی كاك
ئازاد مستەفا لە چاپ دراوە

## پێڕست

پێشگووتنێک بۆ ئەم چاپ و پرۆژەیە.................................................................٧

### {{ ئاڵای سووری کوردایەتی}}

ژمارە ـ ١ ـ شووباتی ١٩٨١ زاینی ڕێبەندانی ٢٥٦٢ کوردی
ژمارە ـ ٢ ـ ئازاری ١٩٨١ ف ڕەشەمێی ٢٥٩٢ ک
ژمارە ـ ٣ ـ نیسانی ١٩٨١ نەورۆزی ٢٥٩٣
ژمارە ـ ٤ ـ مایسی ١٩٨١ ف بانەمەڕی ٢٥٩٣ ک
ژمارە ـ ٥ ـ حوزەیرانی ١٩٨١ جۆزەردانی ٢٥٩٣
ژمارە ـ ٦ ـ پووشپەڕی ٢٥٩٣ کوردی تەمووزی ١٩٨١
ژمارە ـ ٧ ـ خەرمانانی ٢٥٩٣ ئابی ١٩٨١
ژمارە ـ ٨ ـ ئەیلوولی ١٩٨١ گەلاوێژی ٢٥٩٣
ژمارە ـ ٩ ـ تشرینی یەکەمی ١٩٨١ ف ڕەزبەری ٢٥٩٢
ژمارە ـ ١٠ ـ گەڵاڕێزانی ٢٥٩٣ تشرینی دووەمی ١٩٨١
ژمارە ـ ١١ ـ بەفرانباری ٢٥٩٣ کانوونی یەکەمی ١٩٨٢
ژمارە ـ ١٢ ـ ڕێبەندانی ٢٥٩٣ کانوونی دووەمی ١٩٨٢
ژمارە ـ ١٣–١٤ نەورۆزی ٢٥٩٤ مارتی ١٩٨٢
ژمارە: ١٥–١٦ نیسانی ١٩٨٢ زاینی گوڵانی ٢٥٩٤ کوردی
ئەلبوومی وێنەکان

هوالنامه‌ی کتیب

## پێشگووتنێک بۆ ئەم چاپ و پرۆژەیە...

نەبوونی سەرچاوە و ئەرشیفێک بۆ کۆی بڵاوکراوەکانی {پارتی سۆسیالیستی کورد ـ پاسۆک}، خەم و مەراقێکە لە فۆڕمی کێماسی و خەوشێکی گەورەی بارگاوی بە هەستێکی بەرپرسیارێتی ئازاربەخش بەتایبەت بۆ هاوبیرانی بەپەرۆشی نەتەوەیی.

ئەم دۆخ و بارە دەروونییە، لە مێژە بۆتە دیاردە و داوای هاوبیران و دۆستان و پرسیاری ناحەزان و ئەوانەی بە مەبەستی گڵاو و ئامانجی دڵ پڕ لە کینە و ڕکەوە، بەدووی شێواندنی ڕاستییەکانەوەن.

جیا لەم هەقیقەتانەش پێداویستی بوونی ئەو بەرهەم و چاپەمەنییانە لە کتێبخانەی کوردی و بەردەستی هەمووان دا، داخوازی حاشاهەڵنەگری ئەرکێکی فەرامۆش کراوە کە نەدەبوو هێندە دوا بکەوێت.

لەتەک داننان بەم ڕاستییە تاڵانەدا،دەبێ بڵێن هیوا و خەونی بەئەنجامگەیاندنی کۆکردنەوە و چاپکردنەوەی ئەدەبیاتی پاسۆک،لەمێژە لە هزر و بیری گەلێ لە هاوبیراندا چەکەرەی کردووە. هیواداریین ئەم کارەی بەردەستتان هێنانەدی سنووری هەرە دامێنی ئەو خەونانە بێت و بتوانین بڵاوکراوەکانی تریشیان بەروو و دوا بخەینە بەردەست.

ساڵانێک بەدوای نەمانی پاسۆک دا، لێرە و لەوێ پرسیار و سۆراخ لەسەر ئەدەبیاتی پاسۆک زیاد لە پێویست سەری هەڵداوە و دواجار چ ئاکامێکی بەدەستەوە نەداوە. ئاخر هیچ بڵاوکراوەکی پاسۆک لە کتێبخانەکانی کوردستان دا بەردەست ناکەون. ئەوەی هەیە و نییە لە کتێب و بەلاڤۆک و گۆڤار و ڕۆژنامە و نووسینی دووروودرێژدا، بە پەرشوبڵاوی و نیوناچڵ لای ئەم و ئەو تۆزی تەنیاییان لێ نیشتووە. کەس دەستی پێیان ناگات!، بەتایبەت نەوەی نوێ، کەئێستا برێکی باشیان لە زانکۆکۆندا،خەریکی توێژینەوەن لەسەر پرسە سیاسی و مێژوویی ومیدیایی و فیکرییەکان و مێژووی خەباتی چەکداری و حیزبی سیاسی لە کوردستان دا.

هاوکات لەم چەند ساڵانەی دواییدا هەندێ بیرەوەریی و نووسین و لێکۆڵینەوە بڵاوکرانەتەوە، ئەوەی سەبارەت بە پاسۆک تۆمار کراوە، زۆرینەیان ئاوسن بە زانیاری هەڵە و چەواشە لەمەڕ ڕاستییە مێژوویەکان!.

کەواتە وەڵامدانەوەی ئەم هەموو داخوازییانە و چەندێکی تریش کە لەخوارەوە ئاماژەیان پێ دەدەین، بوونەتە پاڵهێز و مایەی زیاتری لەدایک بوونی ئەم پرۆژەیە.

خوێنەرانی هێژا... ئەمەی بەردەستتان لاپەڕەیەکی هێجگار و گەش و سەنگینی ڕۆژنامەگەریی کوردیی و ئەڵقەیەکی گرنگی خەباتی سیاسی و چەکداری و ویستگەیەکی بەرچاو و پڕشنگداری مێژووی نەتەوەیی لە خۆگرتووە. هاوکات ئەم گۆڤارە بۆتە خەرمان و سەرچاوەیەکی گرنگی تۆماری پرسە قوڵ و ڕەهەندارە فیکری و سیاسییەکانی بیری نەتەوەیی، هەر نەبێ لەو سەردەمەدا و بەپێودانگی ئەو ڕۆژگارەی خۆی.. واتە بخوازین و نەخوازین ئەم مێژووە لەم خانە مێژووییەدا ڕیزبەند دەکرێت.

شاراوە نییە، ئەوەی ڕۆژێ بۆنی بە هەناسەی هاوبیرێکی نەتەوەیی ڕاستەقینەوە کردبێت! کە چۆناوچۆنی و بە چ ئەندازە و شێوەیەک بۆ پرسی نەتەوەکەی دەسووتاو سووتاوە، ئەوا بێ دوودڵی و بێنەوبەرەیەک زۆر ئاسانتر چیرۆکی ئەم ئازار و ژانانە تێ دەگات....

بەڕێزان.. لە پێشڕا ڕادەگەیەنین بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم کارە پێویستە ئاماژە بە چەند ڕاستییەک بدەین:

+ ئەم بڵاوکراوەیە « ئاڵای سووری کوردایەتی» وەک ئۆرگانی هێزی پێشمەرگەی پاسۆک دەرچووە ، نەک ئۆرگانێکی سەرەکی هزری و بیریی نەتەوایەتی.

+ لەسەردەمی خۆیدا زۆر هەژارانە و لە هەلومەرجێکی سەخت و پڕ لە نەهامەتی قۆناغێکی سەختی خەباتی چەکداریدا و لەبن دار و ژێر دەوەن و نێو ئەشکەوت و پەناو و پەسێوەکانی کوردستان دا بەرهەم هاتووە. بەواتایەکی تر دامودەزگەی ڕاگەیاندن،کاغەز و قەڵەم! هەمیشە بە سەر کۆڵی گوێدرێژ و هێستر و وڵاخەوە بووە. ڕەنگە بنکەی ئەم ئۆرگانە، لە مانگێکدا چەند جارێ جێ گۆڕکێی کرد بێت. ئەوەش سیمای خەباتی چەکداری شێوە پارتیزانییە...

+ ئەوانەی سەرقاڵی بەرهەمهێنانی ئەم گۆڤارە بوون. پێشمەرگە بوون. لەگەڵ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی بەرەی شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکەردا، خۆ حەشاردان لە ترسی فڕۆکەی داگیرکەر و پیلان و نەخشە گڵاوەکانی دوژمنان دا، لەتەک بەڕێوەبردنی بارەگای پێشمەرگە و هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی کۆمەڵایەتی و جەماوەریی و سەرقاڵییەکانی تردا ، هەل و دەرفەتیان لە پشووی جەستەیی و ڕۆحی ڕۆژانەی خۆیان دەقۆستەوە و ئەم خزمەت و کارانەشیان کردۆتە سەربار.

هەولێر ئەلنامی کتێب

کەواتە پێویستە هەر لە بەراییەوە لەو ڕاستییە تێبگەیت و گرنگە بە چاوی سەردەمی خۆی لەم گۆڤارە بڕوانی و بیخوێنیتەوە، نەک بە تێگەیشتن و پێوەری ئێستای پێشکەوتووی تەکنەلۆژی و میدیایی و ئاسۆ کراوەکانی نوێی بەردەم دۆزی کورد.

+ ئەم گۆڤارە جگە لەوەی بەشێکی مێژوو و ناسنامەی پاسۆکە، جۆرەها بابەتی هزری و کۆمەڵایەتی و مێژوویی و سیاسی و سەربازی و ئەدەبی و ڕۆشنبیریی گشتی تێدا بەرچاو دەکەوێت.

+ بەداخەوە بەشێکی تەمەنی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شەڕی براکوژی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابووردوو. لەژێر ئەم حوکمەدا بەناچاری کۆمەڵێ وتار و نووسین بەرچاو دەکەون، بەهەناسەی ئەو بارودۆخە نووسراون. ئەمەش جگە لە کۆنتێکسە مێژووییەکەی خۆی، کە چ مافێکمان نییە گەز و مقەستی لێ بخەینە کار، وا بە هیچ کلۆجێک خواستی ئێمەی تێدا نییە، لەم دەروازەیەوە بتان گێڕینەوە بۆ ئەو ژینگە بارگاوییە بە ڕووداو و کارەساتە دڵتەزێنەکان. یاخود چ نێتێکمان نییە ئەو ڕۆژ و نووسین و باسانە بەرز ڕابگرین و لێرەدا حوکمی مێژووی لەسەر بدەین.

ئاخر ئێمە پێشوەخت بە دەنگی بەرز ڕامان گەیاندووە و وتومانە: لە شەڕی کوردکوژی دا، هەموو دۆڕاوین و کورد زەرەرمەندە و داگیرکەر براوە و سەرکەوتووە.

بۆیە لەم دیدە گەشەوە بەرپرسانە ڕایدەگەیەنین، بۆ ئێمە ئاوڕدانەوە لەم ڕۆژگارە ئاڵۆز و کارەساتە جەرگبڕانە چ دەستکەوتێکی ماکی و مینۆکی تێدا نییە، جگە لە بەرچاوخستنی ڕاستییەکان و وەک خۆیان و تۆمارکردنەوەی ئەو مێژووەی بەرهەمهێنراوە.

+ لە سەردەمی خۆیدا ئەم گۆڤارە«ئاڵای سووری کوردایەتی» بە پێی توانا دەرچووە و بەتایبەت بۆ ڕیزەکانی ڕێکخستنی نێو شار و شارۆچکەکان، وەک کەسەرە و بژێوییەکی خۆ پێگەیاندن و هوشیاربوونەوە سوودی لێ وەرگیراوە. ڕاستە بەرنامەی ١٠ ساڵ خەباتی سیاسی و خۆ پێگەیاندن،کە پاسۆک لە ڕسکانییەوە وەک ستراتیژ لەبەرچاوی گرتبوو، هەر زوو کەوتە بەر گورزی بەعس و بە ناچاری هەندێ لە هاوبیران ،ڕێی خەباتی چەکداریان گرتەبەر، لێ حیزب دەستبەرداری یەکجارەکی ستراتیژە نەگۆڕەکەی نەبوو، بایەخ بۆ پەروەردە و پێگەیاند بەم بژێوییە فیکرییانە هەر بەردەوام بوو.

+ لەبەر کەم دەرامەتیش! ئاڵا ژمارەیەکی کەمی لێ چاپ کراوە . ئەوانەش لەبەردەم زەبروزەنگی توندی داگیرکەر و ترس و تۆقاندن دا، بەشێکی زۆری ژمارەکانی فەوتاون ! بوونەتە خۆراکی توونی گەرماو و زۆر کارەساتی تریش . هەروەها بەهۆی جێ گۆڕکێی بەردەوامی بارەگای حیزبەوە و ناسەقامگیریی دۆخی کوردستانیش، تووشی بەسەرهاتی ناخۆش بۆتەوە و هەلومەرجێکی ناهەموار ساز بووە ، وای کردووە بەدروستی و پێویستی ئەرشیف نەکرێن..

هەروەها جێی ئاماژە پێدانە ، پاسۆک خاوەنی دەزگایەکی ڕاگەیاندنی وەک ڕادیۆش نەبوو، تا بتوانێ لەم دەروازەیـەوە تەواوی پەیام و نووسینەکانی بگەیەنێتە گشت لایەک. هەر لەبەر ئەم هۆکارانە:

+ ئەدەبیاتی پاسۆک لە کتێبخانەکانی کوردستاندا بەرچاو ناکەون و لە لایەکی دیکەوە ئـەوەی هەبووە لـەڕووی چاپ و دەرهێنانەوە ناشیرین و پڕ لە هەڵـە و کەموکوڕین و لە هەموویشی ماڵکاولتر لەبەر هۆکارگەلێکی تریش بەرچاوی زۆر لە هاوبیر و خوێنەران نەکەوتووە ..

**خوێنەری خۆشەویست..**

ئەمانە چەپکێ لەو هۆیانەن و دەشێ هۆکاری تریش هەبن، وایان کردووە «ئاڵای سووری کوردایەتی» و بڵاوکراوەکانی دیکەش ناویان وەک پێویست لە نێو ناواندا نییە و وەک سەرچاوە کەم ئاماژەیان بۆ دەکرێ.

لەسەر ئەم بنەمایانە، زیندووکردنەوەی ئەم لاپەڕە گەش و زیندووانە، کە شایەتحاڵی بێگەردی ڕۆژگارە هەرە تاریک و ئاڵۆزەکەی ساڵانی هەشتاکانن، بۆ خۆی سەنگ و بایەخی هەرە گەورەی خۆیان هەیە.

شایانی گووتنە.. ئەم بەرهەمەی بەر دەستتان هەرگیز چاوی بە ژیان هەڵنەدەهێنا، گەر بێت و هاوکاریی و دڵسۆزیی و لە خۆبووردوویی بەتایبەت هاوبیران: ((بەختیار شەمەیی، حەمەهێمن، ئومێد عەباس ،مامۆستا شێرزاد فاتیح، مەلاشوان، بێستون ئازاد، حسین جاف، ڕەحمان حەسەن، حەمەیادگار، پشکۆ ئەمین، فوئاد فەیلی/ ئاگر و عومەر تۆفیق، وە هەروەها کاک زانا فەقێ)) و چەندانێکی تر نەبوایە.. هەر یەک لەمانە بە جۆرێک لە کۆن و نوێدا نەخشیان هەیە و بە پەرۆش و دڵسۆزییەوە هاوکار بوون. بە گشتی سوپاس بۆ تێکڕای هاوبیران و دۆستانی تریش.

هەواڵنامەی کتێب

پێویستە بگووترێ، ئەو ژمارانەی ئاڵا کە بەندە سالانی ساڵە بە پەرۆشەوە بەدەستی هێناون و تا ئێستا پاراستوونی و لێرەدا بە چاپێکی نوێوەوە دەیخاتەوە بەردەستی ئێوەی هێژا، زۆرینەیان - لقی ئەوروپای پاسۆک کۆپی و بڵاوی کردوونەتەوە - کەدواتریش هاوبیرانی سوید ڕۆڵێکی بەرچاویان لە بەجێگەیاندنی چاپکردنەوەی ژمارەکانی دیکەی ئاڵادا کەوتە ئەستۆ - .

لەڕاستیدا بەشی هەرە زۆری ئەوانی تریان دیاری هاوبیر «بەختیار شەمەیی»ن، یاخود خۆم لێم وەرگرتووە و کۆپیم کردووە و داومەتەوە. لەم ڕووەوە جێ دەستی دیارە و شایستەی سوپاس و ڕێزلێنانی تایبەتە.

ئازیزان : ئەم کارە چەند ئەرکێکی مێژوویی و ڕۆشنبیرانە و هاوبیرانەیە، هەمان کات خزمەتە بە کتێبخانەی کوردی و ئەو قەڵەمانەی بە خوێن و ئارەق و ڕەنجی ماندووبوونێکی فەرهادئاسا، ئەم وتار و لێکۆڵینەوانەیان نووسیووە.

هەمان کات ئەم کارەمان بۆ خۆی مانای پاراستنی مێژوویەکی گەشی پاسۆک و وەڵامدانەوەی داخوازی هاوبیران و ڕۆشنبیران و لێکۆڵەر و خوێندکارانیشە، کە بەردەوام جەخت لەسەر پێویستی هەبوونی ئەم سەرچاوەیە دەکەنەوە.

بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆژە، لە چاپدانەوەی ئەم گۆڤارەدا ئەم میتۆدە نوێیانە لەبەرچاو گیراون: «ڕێنووسی هاوچەرخ پێڕەوکراوە، بەو مانایەی کە وشە و گوزارشتە عەرەبییەکان بە لانی کەمەوە جارێک بەپێی توانا کراونەتە کوردی، بەڵام وشە عەرەبییەکان وەک خۆیان دانراونەتەوە. ئامانجیش لەم کارە ئەوەیە نەوەی نوێ و کوردی بەشەکانی تری کوردستان کە زۆرینەیان عەرەبی نازانن لێی حاڵی بن و سوودی لێ وەرگرن.

زۆربەی ژمارەکانی ئاڵا ، سەرەتا، ناوەڕۆک، سەرەباس، ناونیشان یاخود ناوەڕۆکی تێدا نییە، ئێمە لە شوێنی پێویستدا لەژێر ناوی «سەرەباس»دا لیستی بابەتەکانمان ڕیزبەند کردووە و بەداخەوە نەمانتوانی لەم چاپەدا هەندێ پۆترێت و نیگاری کێشراوی ناو ئاڵا دابنێینەوە.

ئەم گۆڤارە خۆی بە بەشێکی زیندووی مێژووی بیری نەتەوەیی دەزانێ، ئەوەی ئەقڵی ڕۆشنبیریی و سیاسیی و هزریی کوردی ئافەریدەی کردووە. بۆیە پێویستە بەر لەهەر کەس و لایەک کورد توانای خوێندنەوە و لێ تێگەیشتنی هەبێت. هەروەها ڕەچاوی وردەکاریی و جوانکاری کراوە».

چەند وشەیەکی کەمیش نەخوێندراونەتەوە نیشانەی ؟؟؟؟؟/...... لە شوێنەکەیان دانراوە. بەهیچ جۆرێک دەستکاری ناوەڕۆکەکەی نەکراوە.

بەلامانەوە گرنگ بوو کە، توانا و دەرفەت هەبێت/ دەبوو کۆپی نوسخە ئەسڵییەکەی لە تەکدا بڵاو بکەینەوە. حەز و هیوایەکی زیندوومان بوو،بەداخەوە بۆمان هەڵنەسوورا.

ئاماژەیەکی تریش کە پێویستە بە خوێنەر بڵێین بریتییە لەوەی، لە کۆکردنەوەی ژمارەکانی ئەم گۆڤارەدا ئەرک و زەحمەتێکی زۆرمان کێشا. ڕەنگە هێشتا نەمان توانیبێت کەلێنەکانی پڕ بکەینەوە و ڕەزامەندی هەمووان بەدەست بهێنین.

لەوەش گرنگ و هەستیارتر، ئەوەیە بڵێین، ژمارەکانی ٢٣،٢٤،٢٥ پێش ئەوەی بکەونە بەردەست خوێنەران، بوونەتە قوربانی شەڕی براکوژی و کوردکوژی نەفرەتی «قرناقاو و پشت ئاشان» و لەویدا سەریان تێدا چوو. هەوڵێکی نەپساومان دا بۆ ئەوەی ئەو ژمارانەش سۆراخ بکەین بەدەستیان بهێنینەوە، لێ بێ ئاکامماینەوە. کەواتە ئەو بۆشاییە گەورەمان بۆ پڕ نەکرایەوە. بۆیەکا دوای چاوەڕوانییەکی زۆر، وا بەناچاری و دڵ بریندارانە بەم کەلێنەوە ئەم کارەتان دەخەینە بەردەست.

پاسۆک.. وەک مێژوویەکی گەورە، لەسەردەمانێکی پڕ لە کوێرەوەریی و نائومێدیدا، هەرەسی شۆڕش و هەرەسی باوەڕ و هەرەسی هەڵسانەوە و برینداریی کوردایەتیدا ڕسکاوە، بە کۆمەڵێ تایبەتمەندی ستراتیژی چەندایەتی چۆنایەتی خۆیەوە، تەواو جیاواز لە حیزبە کلاسیی و لاساییکراوەکانی کوردستان.

پاسۆک لەسەر بنەمای فکر و هزرێکی ڕسکاو و زادەی واقعی نەتەوەی کوردە. بەڵام لە تارماییەکی بێدەنگی و ئاوابوونێکی خشپەیی پڕ لەدەردی خۆیدا بە کۆمەڵێ پرسیاری بێ وەڵامەوە جێهێشتین.

ئێرە جێی ئەو باسە نییە و بەداخەوە تا ئێستا ئەم هاوکێشەیە بە پاشخان و پێشخانەکەیەوە، وەک پێویست نەخراوەتە بەرچاوی ئارەزوومەندان و خاوەن بایەخەکان و لێکۆڵینەوەیەکی بابەتی دروستی بۆ نەکراوە.هەر بۆیە جارجار لێرە و لەوێ لێکدانەوەی بێ بنەما و دوور لە ڕاستی بۆ تێکڕای ئەم مێژووە دەکرێت و قسە و باسێک! چەشنی باوبژی و نێو ورگی ئاوساوی دژ بە کوردایەتی و پاسۆک لێی بەدەنگ هاتوون.

ئێمە کۆمەڵێ کەلێن و تەمومژ لەمێژووی ئەم حیزب و بزاڤ و بیرەدا دەبین، ڕووی ڕۆژگار ڕەش بێت کە دەرفەت نادات، پارچەکانی کۆکەینەوە و وێنەیەکی ڕاستەقینەی تەواوی چیرۆکەکەتان وەک خۆی بۆ بخەینە بەرچاو .

هەواڵنامەی کتێب

لێرەدا بە هیمەتی کۆمەڵێ هاوبیر، هەوڵمان داوە وەڵامی ئەو هەموو پرسیارانە بە جارێک بدەینەوە. بەڵام دەرچوو سەختە! لێ وەک هەنگاوی سەرەتایی و دەستپێک کۆکردنەوەی یەکێ لەگرنگترین ناسنامە و چالاکییەکانی پاسۆک، کە بۆ ئەو ڕۆژە و هەتا ئێستا و بەدڵنیایشەوە لە ئایندەدا بایەخی خۆی هەیە، توانرا ئەم بەرهەمە بخرێتە بەردەست...

ئەوە جێی شانازییەکی بێ بڕانەوە و بێ هاوتایە لە تەمەنێکی وا پڕ لە هەڵبەز و دابەزدا، پاسۆک بتوانێ ٣٣ ژمارە لە گۆڤارێکی فکری لە سەختترین هەلومەرجی خەباتی چەکداریدا دەربکات . ئەمەش بۆ خۆی پەیجۆرێکی گەورەیە و شایستەی لەسەر ڕاوەستانە و بە هیواین خوێندنەوەیەکی بابەتی بۆ بکەین. چونکە ئەوانەی ئەو ڕۆژگارەیان لە بیرە و لێی حاڵیین، دەزانن ئەم کارە چ ئەرکێکی سەخت بووە...

خۆشەویستتان.. ئێمە لە هەوڵداین سەرجەم ژمارەکان لە بەرگێکدا گردومۆڵ بخەینە بەردەست ئێوەی . جا نازانین لە ڕووی دیزاین و فۆرم و قەبارە بەزاندنی کۆسپەکانەوە سەرکەوتوو دەبین یاخود نا!..و چەند گونجاو دەبێت؟! دەنا بە ئەگەرێکی زۆرەوە لە دوو بەرگدا پێشکەشتان دەکەین..

لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستیانەدا، بڕیارمان داوە پرۆژەی لەچاپدانەوەی ئەدەبیاتی پاسۆک بە هەر نرخێک بێت لەبەرخاتری مێژووی پڕ لە شکۆی پاسۆک و سەروەری شەهیدەکانی ئەم ڕێبازە، بە ئەنجام بگەیەنین...

**هاوبیرانی هێژا و خوێنەرانی زێدە خۆشەویست..!**

ئاڵای سووری کوردایەتی، باسەکانی فرە بابەتن و بە زمانێکی تەڕو پاراوی کوردی نووسراون و باڵانومای واقعی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردی نووسراون و کتومت ئەوەی تێدا تۆمار کراوە کە ڕوویداوە. چ گەرد و تەپوتۆزێکیان لێ نەنیشتووە و ترش و خوێیەکیان پێوە نەکراوە و ڕتووشیشیان بۆ نەکراوە...

لەم گۆڤارەدا میتۆدی ڕەخنەگرتن ، بیری ئازاد ، ڕێگەدان بە بیروڕای جیاواز، لەتەک زۆر بابەتی دیکەدا بەدی دەکرێت. گۆڤارەکە لە ڕووی بەرپرسیارێتی فکری و مۆڕاڵییەوە تەنیا« ئۆرگانی هێزی پێشمەرگە» بووە . ئەمەش جگەلەوەی خۆشەویستی گەورەیی پێشمەرگەیە، هەمان کات بەرپرسانە مامەڵەکردنە لەگەڵ دۆزە پیرۆز و گەورەکەی چەمکی «کوردبوون»دا..

**ئەم بەرهەمە پێشکەشە :**

– بە گیانی بەرزی کوردانە و قەڵەمی تیژ و بە بڕشت و بوێری هاوبیر و سەرکردە و رابەرمان کاک ئازاد مستەفا، کە بەشی شێری لەم نووسینانەی بەردەکەوێ. دەکرێ وەک ڕێداکتۆری گۆڤارەکەش بیناسین.

– بە هەموو گەشمردە و گیانبەختکردووانی پاسۆک، ئەوانەی بە دڵ و گیان، سەروماڵ و گیانیان بەخشی و هەوڵیان دا بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی پاسۆک و کوردایەتی...

– بەو هاوبیرانەی تێکۆشان و خەباتیان کرد ئالآی ئەم بیر و ڕێبازە سەرکەوتوو هەردەم شەکاوە بێت. بە تایبەت هاوبیر «مام هەژار» و شەهید «بێستون و زەردەشت» وەک بەرپرسی دەزگای چاپەمەنی پاسۆک، زەحمەتێکی گەورەی لەگەڵ ئەم بڵاوکراوانەدا کێشاوە.

– بە هەموو بیرێکی کوردانەی ڕەسەنی دڵسۆزانە کە لە هەناوی کورددا ڕسکاوە و دەڕسکێ بۆ خزمەتی (کوردبوون) بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە و بەوانەی ئەوانەی ئەم ڕێبازە دەکەنە چارەنووسی خۆیان.

– بە هاوبیرە تێکۆشەرەکان، لە هەر کوێ هەبن.

دیسانەوە جێی خۆیەتی لێرەدا جەخت لە ڕاستییەک بکەینەوە، ئەم گۆڤارە سەرچاوەیەکی مێژووییە بۆ پاسۆک و هەر کەسێکیش بیەوێ توێژینەوەی بابەتی و مێژوویی بکات پێویستە ئاگاداری ئەم سەرچاوانە بێت.. بایەخی نووسینەکان بۆ ئەو سەردەمە و ئیمڕۆش بەشێکە لە مێژووی خەباتی رۆژنامەگەریی و فکری و سیاسی و رۆشنبیریی کە بە تێکڕا دەبنە بەردی بناخەی هەڵچنینی تەلاری هزر و فکری کوردی.

دەشێ لێرە و لەوێ باسگەلێک بەرچاو بکەون لەگەڵ هەلومەرجی سیاسی و ئێستای کورد و بەرژەوەندییە بالآکانیدا نەگونجی... ئەم لایەن یان ئەو لایەن بەر گورزی قایم کەوتبن!، لەڕاستیدا ئەوە ئامانج و مەبەستی ئەم پرۆژە و کارە ئێمە نییە و گوناحی کەسی تێدا نییە، گەر کەس و لایەنێک بەر گورزی قایم کەوتبێت..

جا بۆ ئەوەی بێگەرد و تەپوتۆز مێژوو بۆ نەوەکانمان بگوێزینەوە و بگێڕینەوە، چ هەقێک نادەین بە خۆمان دەستکاری ئەم مێژووە بکەین. هاوکات بە ئامانەتەوە ئەوەی هەیە دەیخەینە بەرچاو... هیچ بە شاراوەیی ناهێڵینەوە. بۆ تێگەیشتن و ڕامان کردنی مێژووی ئەو قۆناغەی بزافی کوردایەتی، نەک

خویَ کردن بەسەر برینەکاندا. چونکە دەبێت پێشوەخت ئەوە بزانرێ ئێمە لەم ڕووەوە هیچ ئامانج و قازانجێکمان نییە و کەسیش هێندەی ئێمە دەنگی دلێری بەرانبەر بە شەڕی براکوژی بڵند نەکردووە و بانگاشەی تەبایی و یەکگرتی نەکردووە...

هەروەها بۆ ئەوەی ڕایەڵە و پردێکی گەڕانەوە بۆ ڕابووردووی مێژوو سیاسیانە ئەو حیزبانەی پاش نسکۆی١٩٧٥ سەریان هەڵدا دروست بکەین ، بە چاکمان زانی ئەو مێژووەی لەسەر دەستی پاسۆک دا تۆمارکراوە وەک خۆی بێ ڕتووش بخەینە بەردەست خوێنەری هێژا و ویژدانی مێژوونووسان و لێکۆڵەرەوان و کتێبخانەی کوردییەوە...

شایانی باسە، پاسۆک ئۆرگانێکی تری حیزبیشی هەبوو دەری دەکرد ڕۆژنامەیەک بەناوی «سەربەخۆیی». هەروەها گۆڤارێک بەناوی « ڕوانگەی ئازاد»، کە سەکۆیەک بوو بۆ بیروباوەڕی ئازادی نەتەوەیی و ئەوانی تریش. هەروەها بەدەیانناميلكە و نووسینی درێژی هەیە، لەسەر تەواوی باسە فیکری و مێژوویی و سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان.

هۆکاری تریش هەن! جێی خۆیەتی لێردا سڵاوێکیش بۆ گیانی نەمری هاوبیری هێژا کاک «عومەر شەمەیی» بنێرین کەوا دوای ڕاپەرین، یەکەم کەس بوو بەپەرۆشەوە پارەی تەرخان کرد بۆ لەچاپدانەوەی ئەم بڵاوکراوانە. بەداخەوە پرۆژەکە بە ئەنجام نەگەیەندرا...

دوا وتەمان چەپکێ لە ڕێز و پێزانین و سوپاسە بۆ خوشکی هێژا خاتوو(لەعلی خان) هاوسەری کاک ئازاد مستەفا، ئەو شێرەژنەی هەموو گەواهی ئەو دڵسۆزیی و قوربانیدان و کوێرەوەرییانەین کە لەم سەرەڕێیەی کوردایەتی و پاسۆکدا بەتایبەت هاتۆتە ڕێی و سێبەریشی لە پشت هەموو مێژووی پاسۆکەوەیە... ئێستا ئەرکی لە چاپدانی ئەم بەرهەمەی گرتۆتە ئەستۆ و وەک دیارییەک پێشکەش بە گیانی بێگەردی گەشمردە و تێکۆشەر و ماندوونەناسەکانی پاسۆکی دەکات.

بە هیوای « کوردستانێکی ئازاد و گەلێکی یەکسان»، ئەم بەرهەمە پێشکەشە...

**هەڵۆ بەرزنجەیی بەرلین/ سەرەتای ساڵی ٢٠٢٢زاینی / ٢٧٣٤ کوردی**

هەواڵنامەی کتێب

## ((پێش ئەوەی هەرشتێ بین، ئەبێ کوردبین))
## چەکی بێ بیروباوەڕ سێدارەی جەماوەرە

{{ ئالآی سووری کوردایەتی}}

ژمارە ـ۱ ـ شووباتی ۱۹۸۱ زاینی     ڕێبەندانی ۲٥٦۲ کوردی

<u>ئۆرگانی ناوەندی هێزی پێشمەرگەی ـ پاسۆک</u>

**سەرەباس**

+ ئاڵای سووری کوردایەتی
+ ڕازێکی کوردانە
+ برووسکە
+ سەروتار
+ کسپەی ڕازێکی «هەڵۆی بێشێ»
+ قوتابخانەی پاسۆک: (وانەی یەکەم) {{ کوردایەتی تاکە بیری مرۆڤدۆست}} ە.
+ بانگێ لە سەنگەری پاسۆکەوە
+ تیشکێ لەخۆری کوردایەتی: {{دێرێک لەداستانی بەچکەشێرانی نەتەوەیی}}
+ لە هەگبەی دۆستایەتی دا کوردستانێکی ئازاد گەلێکی یەکسان: برووسکە بۆ ل. بریجنیف
+ ماڵئاوا {{ شەڕی عێراق و ئێران چی بۆ ئێمە تێدایە؟!}}..

هەواڵنامەی کێتێر

## || ئاڵای سووری کوردایەتی ||

وشە سەرەتای کردارە و بڵێسەی کاروان...وشە دینامیتە و نارنجۆک قەڵای زوڵم و زۆرداری هەڵئەتەکێنێ...وشەی پیرۆز و پاک و ڕاست، بیری ڕەسەن و بیرکردنەوەی دروست دەڕسکێنێ...نەتەوەیەک بەئاگا دێنێتەوە و چەوساوان دەوروژێنێ و بەشخوراوان هان دەدات... وشەی کوردی پیرۆزیش چێوەی بیری کوردایەتی ڕەسەنە، کوردایەتیش چارەنووس و بوونی نەتەوەی کوردە... تفەنگ نابێت هەر زرمە و تەقە بێت! دەبێ ئاوات و مەشخەڵ و مەبەستیش بێت، چەک میللەت بەئاگا دێنێتەوە و بیری ئاڕاستەی دەکا و کردار بە ئامانج دەگەیەنێ و ئامانج بەختەوەر و ئاسوودەی دەکات..هەموو ئەمانەش لەیەک واتەی پڕشنگدار دا کۆبوونەتەوە کە (کوردایەتی)یە..

(ئاڵای سووری کوردایەتی)یش نیشانە و هێمای خەباتی ئیمڕۆ و هەزاران هەزار ساڵی نەتەوە ڕەسەنە، نەمرە پیرۆزەکەمانە، خوێنی سەدان هەزار ڕۆڵەی بەجەرگ و شۆڕەسواری کوردە، مێژووی پڕ لە شانازی (پڵنگانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست)ە... ویست و خواستی کوردی ڕاپەڕیوە... دەنگ و ڕەنگ و بیری پێشمەرگەی (پارتی سۆسیالیستی کورد ـ پاسۆک) ی مەزنە، مەتەریزی شەرەف و قوتابخانەی بیری نەتەوایەتی نەمرە بۆ:

(کوردستانێکی ئازاد گەلێکی یەکسانە)...

بۆ خزمەتی چەوساوە و ڕەنجدەرانی نەتەوەکەمانە..

کۆمیتەی سوپایی پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆک)

**«بۆ ئەوەی بتوانین یارمەتی چەوساوانی دنیا بدەین،دەبێ جارێ چەوساندنەوەی لە کوردستاندا نەهێڵین»..**

**## ڕازێکی کوردانە ##**

کۆمەڵانی زەحمەتکێش و بەشخوراوی کورد،
جووتیارانی ڕەنج و گەنج بەتاڵان براو،
نەتەوەی مەزنی داگیرکراو،
ڕۆشنبیرانی بیر ڕووناک و جەربەزە،
کاسبکارانی دڵسۆز و بەتەنگەوە هاتوو،
هەموو دڵسۆز و بەشەرەفەکانی ئەم نەتەوە نەمرە...

ئێمە سەرباز و شوورەی شەرەفی ئێوەین،ئێمە ڕەنجبەر و پاسەوانی ژیان و بوونتانین، ئێمە قوتابیانی قوتابخانەی کوردایەتی هەڵقوڵاوی ناو ناخ و دەروون و ژان و ئاواتی ئێوەین..

ئاڕاستە و ڕێنماییمان کەن... چاودێری و ئاگاداریمان کەن... چاکمان کرد ستایشمان ناوێ، چونکە ئەرکی خۆمانە. خوانەخواستە لە خەت لامان دا، ڕاستمان کەنەوە،ڕاست نەبووینەوە لێمان قبوڵ مەکەن... وە لە کەسیشی قبوڵ نەکەن!. ئێمە سەربازی ئێوەین. کوێخاتان نین! ئەو ڕاستییەی لێتان شاردراوەتەوە ئاشکرای دەکەین..

(بیروباوەڕ و حیزب و کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی) هۆ و کەرەستەی ئامانجەکانی جەماوەرن. نەیەڵن ئەم ڕاستییە ئاوەژوو کرێتەوە و ئامانج و خواستەکانتان، بکرێتە کەڵەکی پەرۆ و ویستی تاکە کەسی حیزبایەتی پێ وەپەڕێن... ئێوە نەبن ئاشی هەموو لایەک بەتاڵە..

**«ئەوەی جەماوەر بدۆڕێنێ، خۆیشی ئەدۆڕێنێ».**

**برووسکە** : لە خوارەوە دەقی ئەو برووسکەی فەرمانەتان دەخەینە بەرچاو کە «سەرکردایەتی گشتی» بەڕێزی حیزبمان ئاڕاستەی « کۆمیتەی سوپایی» و دەستەی بەڕێوەبەرایەتی ـ ئاڵای سووری کوردایەتی ـ کردووە:

**کوردستانێکی ئازاد گەلێکی یەکسان**

هاوبیرانی (کۆمیتەی سوپایی) پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆک) ی تێکۆشەر، هاوبیرانی دەستەی بەڕێوەبەری ـ ئاڵای سووری کوردایەتی ـ ڕوو سوور.

سڵاوی ئازادی و یەکسانی.... چاوەڕوانی زیاتر و زیاترتان لێ دەکرێت و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین...هیوادارین کە (ئاڵای سووری کوردایەتی) ببێتە دەنگی ڕاستەقینە و ڕەوا و دروستی ڕیزەکانی پێشمەرگە و ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕی (پاسۆک) ی پێشڕەو... دەبێ بیکەینە دەنگی هەموو پێشمەرگەیەک، دەبێ خواستی جەماوەر لەسەر لاپەڕە پڕشنگدارەکانیدا تیشک بداتەوە و گوزارشت / تەعبیر لە ویست و خواستی ڕەنجدەرانی کورد بکات، دەبێ ڕوانگەی بیری کوردایەتی و دروشمی نەمری ( کوردستانێکی ئازاد گەلێکی یەکسان) بێت، هەردەم ئەوەتان لە یاد بێت، ئەوەی جەماوە بدۆڕێنێ، خۆیشی دەدۆڕێنێ!!...

پشت و پەناتان خوا و هێزی لەبن نەهاتووی جەماوەر و ڕاستی بێت.

سەرکەوتوو بێت بیری ڕەسەنی نەتەوەیی. مردن بۆ دوژمنانی.

هەربژین بۆ کورد

سەرکردایەتی گشتی، پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆک)

شوباتی ١٩٨١زاینی ڕێبەندانی ٢٥٩٢ کوردی

**سەرووتار**

## یەکێتی ڕیزەکانی شۆڕشگێڕانی کورد بەردی بناغەی سەرکەوتنمانە!

یەکێتی و یەکگرتنی ڕیزەکانی شۆڕشگێڕان و دڵسۆزانی کورد، لەوە دەرچووە کە وەک باس و خواستێکی مێژوویی و لۆژیکی / مەنتقی و زانستی مەودای باس و بڵاوکردنەوەی هەڵگرێ... یان پسپۆڕان و شارەزایانی بیر ڕووناک و بیری تیژی سیاسی پەی پێ بەرن و جەماوەری بۆ کۆوەکەن و ئامادەکەن و ئاڕاستەکەن...ئیمڕۆ بۆتە خواست و داواکارییەکی جەماوەرانە... پیرەژنێکی سەر کوانووی جووتیارێکی لە هەموو شتێ بێ بەشکراو، داوا دەکات و دەپرسێ بۆ یەک ناگرن!!..

ئێمەی پاسۆک... ناچارین ڕاستی لەو پیرەژنەش نەشارینەوە و بڵێین: نەنە، ئەوەی گوێ لەم داوایەی تۆ ناگرێ و بە قسەت ناکات دەماری (کوردایەتی) سڕە و سڕکراوە... منداڵێ کە دەڵێ: بۆ یەکدی دەکوژن!! دەڵێین: کۆرپەم ئەوەی ئەوە دەکات(کوردایەتی) فەلسەفە و بیروبڕوای نییە... کە ڕۆشنبیرێک لەم بارە سەختە تووڕە دەبێت! دەڵێن: براله ئەوەی نەزانێ کورد چەند مەزنە، بەتەنگەوە نایەت... کە قوڵپی خوێنی شەهیدێک ڕادەچەنێ... ئێمە پاسۆک بە (بانگی یەکێتی و یەکگرتنی ڕیزەکانی کورد) ئارام و ئاسوودەی دەکەینەوە... کە مێژووش گرژ دەبێت، پێشمەرگەی پاسۆک هیوای دێنێتەوەبەر و دڵنیای دەکاتەوە، کە ئێمە سەربازانیوونبووی(کوردایەتی) تا نەپسێین، لەژێر ئەرکی کوردایەتی و تەنها بۆ کورد و بۆ کورد و بەس دەجەنگین... دە ئێوەش ئەی جەماوەری بەشەرەفی کورد، پتر دەنگی ناڕەزایی بڵند کەنەوە و ناچاریان کەن یەکگرن... دروشمی حیزبە پێشڕەوەکەتان بەرزکەنەوە:

**«تا مل کەچی پەکی نەخستووین، با بۆ ئازادی یەکگرین».**

## ((كسپەی ڕازێکی «هەڵۆی بێشێ»...))*

کوردستانەکەم
ئەی هەوێنی تفەنگی بیر و خەباتی
تێکۆشانم
من ڕێبواری ڕێگەی دووری
هیوایەکی گەش و سووری
زەردەشتی تۆم،
من عاشقی سەنگەرێکی بڕوای سەختی
ترووسکەی تۆم..
من پێشمەرگەم..
پێشمەرگەی تۆم..
کوردستانم
هاتووم لەناو
دڵی گشت دڵدارەکانتا
تۆوی باوەڕم دابچێنم
هاتووم لەناو
زێڕی ڕەشتا..!
دوژمنانت بخنکێنم
هاتووم لەناو
مۆخ و مێشکی منالآنا
نەمامی تۆڵە بڕوێنم
هاتووم...هاتووم
هاتووم لێوی ساواکانت
فێرکەم چۆن بژەی بێ دوایی
ئەیان گرێ
چۆن گوڵ ئەڕوێ؟!!
هاتووم بڵێم...
چۆن کورد ئەمرێ!

---

* ئەم شیعرە پێشکەشکراوە بە گیانی شەهیدی نەمرز (ملازم حەمەشەوقی)...

## قوتابخانەی پاسۆک\\\/// وانەی یەکەم

**کوردایەتی تاکە بیری** ((**مرۆڤدۆست**))ە،

داخ لەدڵان و سەرلێشێواوان و سوڵکەرانی سەر پاشماوەی خوانی بیری بێگانە. کوردایەتی پیرۆز، ئەو بیروباوەڕە نەمرە بڵندە، ئەو جوڵانەوە شۆڕشگێڕییە پڕ شانازییەی کورد، ئەو خواستە ڕەوایەی هەڵقوڵاوی دەروون و ویستی ملیۆنەها کوردە، ئەو ڕژێم و دەستوور و یاسایەی پاشەڕۆژی کورد بە «بیری تەسک» شۆڤێنی، دەستیاوی برژوا، مردووی بەشی زیندووخۆر، بە قۆناغ و وچان دەدەنە قەڵەم.

ئەگەرچی ئیمڕۆ لەبەردەم تەوژمێکی پڕ قین و هەڵمەت بەری کوردایەتیدا بە دزە خونجینە و پەنا پاسێری نەبێت ناوێرن ئەم بانگاشەیە بکەن. ئەگەرچی ئیمڕۆ لە ژێر سایەی ئەو بیروباوەڕ و هەست و خواستەدا نەبێت لە کوردستانی مەزندا جێیان نابێتەوە، ئەگەرچی ئیمڕۆ لەبەر هەریسەی بیری بەستوو و جێپێی قامکردن دا بۆ حوسێنی کوردایەتی دەگرین... بەڵام لاپەڕە زەدەکانیان، وتە و فەرمایشتی مامۆستا و ئاغاکانیان، دڵ و دەروونی گەندەڵیان، پلان و نەخشەی ڕوخێنەریان ئەو ڕاستیەیان لێ دەکات بەقاو، کە بێگانەن لەبەرگی کوردیدا نوێنەری بەرژەوەندی ئاغاکانی ئەو دیوو سنوورەوەن..

دەلاڵ و هەڕاجی کورد و کوردستانن... ئەمانە تا ئیمڕۆ مەترسییان نەبووە بۆ کورد، چونکە جەماوەری چەوساوە و بەشخوراوی کورد ناسیوونی، تاقیکردوونەتەوە، هەڵیسەنگاندوون! چونکە جەماوەری کورد دەمێکە بڕیاری گردەبڕی خۆی لەبارەیانەوە داوە!..

چونکە جەماوەری کورد، وەک بیر وەک بوون لەتەک دوژمنەوە بینیونیەوە و حسێبی بۆ کردوون!

چونکە جەماوەی کورد» کوردایەتی» « بیروباوەڕ و جوڵانەوە ڕژێم»یەتی و ئەوی لە سنووری ئەو کوردایەتییە ڕیزپەڕی کات بەچاوی سووک، بەچاوی دوژمن دەیانڕوانێتێ!..

چونکە کوردایەتی، تاکە بواری دڵسۆزی و کورد ویستییە.

چونکە کوردایەتی، تاکە ڕێگای مێژوویی جەماوەری چەوساوە و دڵسۆزانی کوردە.

چونکە کوردایەتی، لە بوونی کوردەوە ڕەگی داکوتاوە و تا کورد بمێنێ تاکە مەشخەڵی ڕێبازییەتی.

چونکە کوردایەتی، چارەنووس و بیر و فەلسەفەی کوردە.

قوتابیانی قوتابخانەی کوردایەتی...شاگردانی فەلسەفەی کوردایەتی...پێشمەرگە و

جەنگاوەرانی کوردایەتی جەماوەری کورد،دەمێکە و ئێستاش و لەمەودواش ئەو (بیرە قەڵبانەی داوەتەوە بەسەر خاوەکانیدا) و بە توڕەییەوە دەپرسێ:

کوردایەتی وەکو بیرێک: کە پێی وایە، مرۆڤ تاکە هۆکاری ئەرێنی/ عامیلی ئیجابیە لەم گەردوونەدا و کوردیش وەکو هەر نەتەوەیەکی تر و بە پێی دەستوور و بەڵگەی ژیان و مرۆڤایەتی مافی ئەوەی هەیە بوونی نەتەوایەتی خۆی لە قەوارەیەکی یەکگرتووی ئازادی سیاسی پارێزراودا بسەپێنێ بەسەر واقیعی دابەشکردن و چەوسانەوەیدا و ئەو ڕژێمە ئابووری و دەستوورە کۆمەڵایەتییە هەڵبژێرێ، کە لەگەڵ هەلومەرج و هۆش و بەرژەوەندی واقعیدا دەگونجێ... بیرێکی وا کە هەڵقوڵاوی دەروون و خواست و ویستی بیست و پێنج ملیۆن مرۆڤی چەوساوە و ژێردەستە بێ بەرهەمی خەبات و ڕەنجی دوو هەزار و پێنج سەدساڵەی نەتەوەیەک بێت...هاندەر و هاژەری ملیۆنەهاکەس بێت..خۆراکی گیان و دەروونی پێشمەرگەیەک بێت بە پشتی ئەستووری ئەم بیرە بە خەنجەرەوە هەڵکوتێتە سەر تانک، بە ساچمەزەن و شرە برنەو بەر میگ و تۆپۆلیف و فانتۆم بگرێت. ئەگەر ئەم بیرە پیرۆزە بڵند و خوا و مرۆڤ کردە تەسک بێت... کامەیە بیری فراوان و پان و پۆڕی ئەو گەلانە... ئەو بیرەی کە مرۆڤی کورد دەخەسێنێ..کە شەڕی لاوەکی بۆ دروست دەکات... کە شمشێری فس فس پاڵەوانێتی دەداتە دەست تا تراویلکەی دوژمنی نادیار داپاچێ؟.

کوردایەتی وەکو جوڵانەوەیەک پێی وایە(ئەو پارچە زەمینەی کە دەکەوێتە نێوان هێڵی ٢٩-٤٠ پلەی سەروو و هێڵی درێژی ٣٧-٥٠ پلەی خۆرهەڵاتەوە،نیشتمانی کوردە و هەموو دەسەڵاتێکی ناکورد لەو سنوورەدا دەسەڵاتێکی نابەجێ و نامەشروعە و دژی سروشت و مەنتیقی مێژووە و دەبێ کورد لەو سنوورەدا کیانی خۆی دابمەزرێنێ)... جوڵانەوەیەکی وا کە **جواهرلال نەهرۆ** بە شانازییەوە وەک دەرس، پاڵەوانێتی و ڕەوایی کورد و مەسەلەکەی دەخاتە بەر چاوی **ئەندیرای** کچی و دەڵێ: پاشان کەمال پاشا بێ ڕەحمانە کەوتە گیانی کوردەکان،دادگای « سەربەخۆیی» تایبەتی بۆدانان و بە هەزارانی لێ دان بە دادگا و جووتە پێشەوای کورد **شێخ سەعید و . دکتۆر فوئاد.** و هی تریشی لێ لەدار دان، ئەوانەی مردن و ئارەزووی - سەربەخۆیی کوردستانیان - هەر لە دڵدا بوو...بەم جۆرە دەبینین کە ئەو تورکانەی لەم دواییەدا بۆ بەدەستخستنی ئازادی خۆیان دەجەنگان، کوردەکانیان شێلا چونکە داوای ئازادی خۆیان دەکرد... بەڵام چۆن دەتوانرێ هەتا سەر شۆڕشی نەتەوەیەک خەفە کرێت،کە بۆ ئازادی خۆیان تێ بکۆشن و ئامادەش بن چی یان لەسەر بکەوێ بیدەن!...

جوڵانەوەیەک کە **گەزەنەفونی** یۆنانی هێناوەتە سەر چۆک و بە شەرمەوە باسی بەرگری کورد دەکات لەو نیشتمانە پێش چەند هەزار ساڵێک...جوڵانەوەیەک کە دەیەوێ کورد وەکو مرۆڤ بژی شۆفێنیستی بێت...کامەیە بیری پێشکەوتووی ئەو

خۆفرۆشانە! ئەو بیرەی کە دوژمن بە دۆست دەزانێ،کە داگیرکەر بە ئاوەدان کەرەوە و برا دەزانێ... کە نیشتمانی کورد بە دیاری ناپاکانە دەباتە دەرباری داگیرکەرانی... ئەو ئەو بیرەیە کە (کوڕی کورد دەکاتە قوربانی کچی خەڵکی)!..

کوردایەتی کە مەردایەتی و نەبەردی»میدیا»و» لۆلۆ» و «سوپاری» و «کاشی» و کاردۆخیانەکە نێزەی ئەبومسلمی خۆراسانی و بابەکی خوڕەمی و کەریم خانی زەندە، کە شاڵاو و پەلاماری میری ڕەواندز و ئەورەحمان پاشای بابان و سمکۆ،و گیانی شێخ سەعیدی پیران و دکتۆر فوئاد و بەدرخانیان و شێخ عبدالسلامی بارزانی یە،و ئاواز و بانگی ئەحمەدی خانی و حاجی قادر و بێکەسە...و خوێنی هەزاران هەزار شەهید و پێشمەرگەی هەردەم شۆڕشیکی کوردە... و ئەوەتای کورد بووە(ژیان و مان و هەڵپەی)بووە و ئیمڕۆش چاوگی خەباتی کوردی ڕاپەڕیوی کوردستانی مەزن و سبەی مەشخەڵ و ڕێ نیشاندەری نەوەی داهاتوو دەبێت،...و خەجاڵەت بن دەڵێن:

بیری بۆرژوایە!! ئەی بیری نا برژوا کامەیە!!! ئەوەی کە کورد بەکەم دەگرێ و دەزانێ! ئەوەی کە کورد چەواشە دەکات! ئەوەی کە چاکی پیسی دوژمنایەتی» کوردایەتی» هەڵکردووە، هێندەش بۆگەنە بە تاوانی دەزانین لەتەک ئەم زاتە پیرۆزانەوە ڕێنووسی کەین، لێی دەگەڕێین بۆ بیر و بیرەوەری جەماوەری کورد.

کوردایەتی لەو ڕۆژەوە ئاشوورییەکان و بابلییەکان لەسەر بەردە قوڕی تۆماری پاشانیان نەبەردی کوردیان تۆمار کردووە و تا ئەمڕۆش ئەوەی لەسەنگەردا بۆ کورد نەمرێ بە «جاش» دەناسرێ و هەتا تاکە کوردێکیش بمێنێ هەر ڕێبازی خەبات و تێکۆشان و بینای تەلاری کورد دەبێت. ئەم قۆناغە چ  قۆناغێکە سیسرکە کوێرەکانی نێو کتێبە زەرد باوەکان! ئەمە قۆناغ بێت سەرتاسەر کامەیە!!...

**دە ئەی جەماوەری ڕاپەڕیوی بەشەرەفی کورد!**

**دە ئەی پێشمەرگەی کورد!**

ئەوەی ئەم ژەهرە لە کوردستان دا دەڕوێنێ... بیکەرە قوڕگی خۆی... ئەوەی ئەم بەڵایە بە میوانی دێنێ لە گیانی خۆی ئاڵێنە... ئەوەی ئەم نمەک بەحەرامییە دەکات تەمبێی بکە. ئەوەی ئەم کرمە بەر دەداتە داربەڕووی کورد ڕیسوای کە... کوردایەتی بیروباوەڕ مەبەست و خواستت بێت. کوردایەتی چەکی بیر و تفەنگی شانت بێت. کوردایەتی ڕێبازو مەشخەڵ و ڕێ نیشاندەرت بێت. کوردایەتی قوتابخانە و پەرستگا و خەنەت بێت. ئێمەی پێشمەرگەی «پاسۆک» سەربازی کوردایەتین. ئێمە ئەندامانی پاسۆک ڕێنماییکەرانی کوردایەتین. ئێمە جەماوەری پاسۆک بیر و باوەڕ و ڕێباز و فەلسەفەمان کوردایەتییە. ئێمە قوتابیانی پاسۆک فێرگە و پەرستگە و قیبلەمان کوردایەتییە.

**« هەر بیروباوەڕێک لە خزمەتی ئازادی و سەربەخۆیی کورد دا نەبێت،سپڵی لاورگە».**

# بانگێ لەسەنگەری پاسۆکەوە

هاووڵاتییەکەم، هاونەتەوەکەم، هاوژان و چارەنووسەکەم

سڵاوی ئازادی و یەکسانی...

بۆ کورتکردنەوەی ڕێی دوور ئاوڕ لە ڕابردوو نادەینەوە،کە دوو هەزار و پێنج سەد ساڵێ پترە نەتەوەی کورد لەژێرباری ئەشکەنجە و زەبری ژێر دەستی و چەوساندنەوەدایە،تەماشا ئیمڕۆ دوای نیوەی سەدەی بیستەمی خۆمان و گەلانی دەوروبەرمان دەکەین. نەتەوەیەکی ٢٠ ملیۆن ئادەمین لەسەر خاک و لەژێر ئاسمانی هەزارساڵەی باووباپیرانماندا مافی (ژیانی مرۆڤانەمان)پێ ڕەوا نابینرێ!... دوژمن بەرماڵی پێ گرتووین و چۆکی لەسەر سنگمان داداوە و چاوی بڕیوەتە بوونی نەتەوایەتی و شەرەفی میللیمان ، داگیرکەرانمان هەر لەشێوە و جۆری ژیان و مردنمانەوە تا دەگاتە جۆری بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتمان و ژن و ژنخوازی و جۆر و شێوەی خۆراک و گوزەرانیشمان بەویستی خۆی و بۆ مەبەستی خۆی بەدەستی خۆی بۆمان دیاری دەکات و ئێمە هەر هێندەمان لەسەرە پەیڕەوی دەقاودەقی بکەین!..

چ ژیان و مانێکی ژێردەستەیی و بێ شەرمییە ئەم ژیان و مانەی ئێمە!!

چ بوون و مانەوەیەکی زۆر کەوتووە لەسەرمان!!

چ عەیب و عارێکی بەدییە ئەم ملدان و خۆمەڵاس دانە!!

چ ترسنۆکی و بێ غیرەتییەکە ئەم مەنگی و ڕاوەستانە!!

برای بەڕێز... دەزانین کارەسات و نەهامەتی و سەختی و دژواری ڕێگا و ڕێباز و هەڵوێست بە مرۆڤ دەکات. دەشزانین (پەلەی ژیان) و ویستی مانەوە خەسڵەت و دیاردەیەکی مرۆڤانە و خۆڕسکانەیە. ڕاستە هەڵەنگووتن و نوچدان و تێشکانی یەک لەدوای یەک، مرۆڤ دەڕوخێنێ و وورە و وزەی لەبەر دەبڕێ..بەڵام ژیان و واقیعی ئەمڕۆی کورد مەرگەساتێکی یەکجار ناڕەحەتی و هەردەم دووبارە و سێ بارە و هەزار بارەوەبووە، پێشێلکردنی کەرامەتی میللی و شانازی نەتەوایەتی بوونی نەتەوایەتیمان، دەهێندەی ئەو ژیانە و خۆگێلکردن لێی نەک چاری ئەم بارە نالەبارە ناکات و هەتا لەم ئاستەشدا ڕایناگرێ! بەڵکو بەلاوە دەرچوون لە پێست و جەوهەری مرۆڤانەشەوە ڕاپێچامان دەکات و لە مرۆڤایەتی دەمانشواتەوە.

ئەو مرۆڤەی لەژێر ئالای نەتەوە و سەربەخۆیی و ئازادی میلیدا نەژی یان لەسەنگەری خەباتی وەدەستهێنانیدا نەمرێ، مرۆڤ نییە و ئاژەڵی بەشی مرۆڤ خۆرە.. چ کوردێک خاوەنی خۆی و شەرەف و کەرامەتی و بوونیەتی!!. تاکی کورد

چ زەمانێک و پەنایەکی هەیە، لە چنگ کەڵبەی داگیرکەرانیدا، چەک و ویستی بەگژا چوونیدا نەبێت!! کێ ڕووی دێ لە ڕووی بەزەیی و سۆزیشەوە چەپک گوڵ بخاتە سەر گۆڕ و کەلاوەی نەتەوەیەکی تۆپێندراوی ترسنۆک!! کێ فرمێسک بۆ چارەنووسی "خۆنەویستی" نەتەوەیەک دەڕێژێ!! چ بیانوو و عوزرێک لە ڕۆڵەکانی نەتەوەیەکی ژێردەستە و پارچەپارچەکراوی چەوساوە دەسەلمێندرێ چاوەڕوانی ڕەحمی ڕۆژگار بکات!!

بە چ ڕوویەکەوە خۆمان بە بەرۆگری باووباپیرانی مەردی مل نەدەری چۆک دانەدەری بەردەم دوژمن بزانین!! بە چ ڕوویەکەوە خۆمان بە کورد بە تاکێکی ئەو چوار پیتە پیرۆز و بڵندە بزانین، کەچی دوژمن بارە گوێزمان لێنێ و نقەمان نەیەت!.. چ عوزرێک خۆمان لە وجودی گڵاو و نارەوای پۆستاڵ ڕەش و کڵاو سورانی داگیرکەرانی کوردستانی دایکمان گێل کەین. کە ڕۆژانە لوتمان دەتەقێتەوە بە بەیداخی ڕەنگاوڕەنگی داگیرکەرانەوە، دەست لە گیرفانمان ڕۆدەنێین پوول و پارە و وێنەیان بەدەستمانەوە دێت، میلی ڕادیۆمان دەکەینەوە وێردی و سڵاوانی سەریانە و بە ڕووی شەقامەکاندا بوونمان پێدا دەتەقێتەوە و بینینمان، بیستنمان، هەستمان، نەستمان بە بوونی داگیرکەران دەرزێئاژن دەکرێت..

ئێمە نامانەوێ یاری بە سۆز و عاتیفەی کەس بکەین، دەمانەوێ خوێ بکەینە برینەکانەوە تا تین و تاوی ئەفیوناوی بیری بێگانە و نەگونجاوی دوژمنانی کورد لەدەمی زام و شوێنێ چنگاڵی دوژمن بڕەوێنینەوە.. نامانەوێ بە قسەی زل و پف هەڵدراو چارشێوی چەواشەکردن ڕاوە خەڵک بکەین. دەمانەوێ چاویلکەی کوێرکەری ناپەسەندی داگیرکەرانی کورد لە دوو چاوی گەشی مرۆڤی کورد قوتار کەین.. ئێمە نامانەوێ بەهەشتی پڕشنگدار بە خەون و خەیاڵی پەمەیی تراویلکەی بەر چاوانی کەس کەین. دەمانەوێ دەست بدەینە پیلی مرۆڤی کورد تا لە کەلاوەی ڕما و بەسەریا دەربهێنین و پاچ و بێڵی دروستکردنی کوخێکی کوردی بدەینە دەست.. ئێمە نامانەوێ شۆڕشگێڕی ناو کتێب و خەباتی ڕۆمانسییانە لە پەردەی خەیاڵی خۆراکی تراویلکەی/ سراب گیانی ڕۆڵەکانی کورد بێت، دەمانەوێ ڕێی مەرگیان پیشان بدەین، تا خۆری ئازادی پێ لە ئاسمانی بەتەم گیراوی کوردستاندا پێ بەردەین...

**دەمانەوێ ڕاست بین لەگەڵتان دا:**

دوژمنەکەمان زۆر بەهێزە، بەتوانایە، پوڵدار و پڕ چەک و دۆستدارە... ڕاستە! بەڵام هێزی ویستی مرۆڤ بەهێزترە، مەچەکی پێشمەرگە ئەستوورترە، دڵ و دەروونمان دەوڵەمەندترە، بڕوا و ڕەوایەتی / عەدالەتی مەسەلەکەمان پڕ چەکتر و ڕەواترە...

جەماوەری ڕەش و ڕووتی کورد دۆستێکی بەئەمەکترە..

خۆفرۆش و ناپاک گێرەشێوێن و ڕیز تێکدەر هەن! هەن وەکو لە هەموو بوارێکی دیدا و شوێنێکی دیدا هەن!. بەڵام بە ئەندازەی زێدەبوونی دڵسۆز و لەخۆبوورد و جەنگاوەری ڕاستەقینە. ئەمانەش کەم دەبنەوە و نامێنن. بۆیە بوونەکەیان چەند ئۆباڵی لە ئەستۆی ئەوانەدایە، دوو هێندەش لە ئەستۆی کورد دۆستانە. چونکە تاریکی هەرگیز لەبەر ڕووناکیدا، خۆی ناگرێ و خۆر کە هەڵنەیەت شەو هەر میوانە. بیری چەوت و ڕێبازی نادروست و کوردکوژ، لەژێر جامانە وەکو خۆرکە، دایەتییە کۆمەڵگای کوردەوارییەوە!!..وایە!..

بەڵام هەرگیز ناهەق لە ڕووی هەقدا خۆی پێ نەگیراوە. هەرکاتێ خۆری بیری نەتەوایەتی و کورد ویست و ڕاستی بەتەواوی هەڵات، چلوورەی گوێسەبانەی شۆڕشی کورد خۆیان خۆیان دەخۆنەوە...

**ڕاستە هەرچی بووترێ ڕاستە..**

بەڵام لەوە ڕاستتر ئەوەیە کە هەتا ئەو ڕاستییە تاڵ و بوونە نالەبارە، هەراشتر و بە بارستترین ئەرکی دڵسۆزانی بەرانبەر بە نەتەوەکەیان و بەشداریان لە خەباتی نەتەوایەتیدا پتر و پێویستتر و خێراتر دەبێت.. هەرگیز چەوتی بەتانە و توانج و پێ دزکێ و خۆبەدوورگرتن چارەسەرنەکراوە... دەبێ چەوتی بەڕاستی و کارکردن ڕاست کرێتەوە... هەرکەسێ هەست بە چەوتی و ناتەبابییەک بکات و لە ئاستیدا بێ دەنگ بێت و هەوڵی چاککردنی نەدات، دوو هێندەی چەوتییەکە تاوانبارە.

لەبەر ڕۆشنایی پێویستی و پێداویستی خەباتی نەتەوایەتی و دەورتان لە کۆمەڵگای کوردەواریدا و جێبەجێکردنی ئەرکی سەر ئەستۆتان بەرانبەر نەتەوەکەتان، داواتان لێ دەکەین، کە ئەو قەرزەی لەسەرتانە بەرامبەر نەتەوە و نیشتمانەکەتان، چی دی دوا نەخەن. چونکە هەموو قەرزکردنێک دانەوەی دەوێ و ئیمڕۆش کورد پێویستی بەو قەرزەیەتی، ڕەوشت بەرزی و بەئەمەکی و وەفاداری ئێوە لەودا دەردەکەوێ، کەچی دی ئەم قەرزە دوا نەخەن و بێن بە پیری بانگی (کوردایەتی)یەوە.

**ئێمەی پاسۆک:**

پارتێکی نەتەوەیی سۆسیالیستی ئازادیخوازی کوردین، باوەڕمان بەوە هەیە، کە نەتەوەی کورد وەکوو هەر نەتەوەیەکی دیکە ( مافی دیاریکردنی ئازادانەی چارەنووسی خۆی بەدەستی خۆێ) هەیە، لە سنووری نیشتمانە مێژوو کردەکەی خۆیدا... و هەموو بوونێکی ماکی و مینۆکی / مادی و مەعنەوی بێگانەی زیانبەخش لە سنووری هێڵی

پانی ٢٩-٤٠ پلەی سەروو وە هێڵی درێژی ٥٠-٣٧ پلەی ڕۆژهەڵات دا، بوونێکی نارەوا و دژ بە سروشت و بوونی مرۆڤایەتی دەزانین و دەبێ بەناچاری بەرەو لەناو چوون بچێت... کورد لەو چوارچێوەیەدا (یاسا و ڕژێمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئاینی و...هتد.) هەڵبژێردرێ و بۆ نەهێشتنی هەموو چەوساندنەوەیەکیش پێمان وایە (سۆشیالیزم) وەکو ڕێچکەیەکی ئابووری لە بەرژەوەندی ڕەشوڕووتی کوردایە و ئەم سۆشیالیزمەش هەڵقوڵاو و کۆپی هیچ بیر و تاقیکردنەوەیەکی بێگانە نییە، و لاریشمان لەوە نییە هەرچی بیر و تیۆر و تاقیکردنەوەیەک، لەگەڵ ویست و خواست و بەرژەوەندی مادی و مەعنەوی کورددا بگونجێ، سوودی لێ وەرگرین، بەڵام خۆمان ناترنجێنینە  قاڵبی هیچ وەستایەکی دوورە وڵاتەوە...

ئەم ئامانجە پیرۆزەش، ئامانجی سەرەکی و ستراتیژیمانە. لەبەر بار و هەڵکەوت و هەلومەرجی کورد و خەباتی نەتەوایەتیمان و تێکڕا بارو هەلومەرجی دەوروبەرمان، ئەم ئامانجە بە چەندین ئامانجی کاتی و قۆناغی دا دەگەیەنێ و (ئەوپەڕی ممکن لە زەمەنێکدا)، ئامانجی کاتیمانە و ئەم ئامانجەش هەردەم دەبێت لەسەر ڕاستە شەقامی ئامانجە ستراتیژییەکەدا بێت... ڕێگای و ڕێبازی سیاسیشمان، باوەڕبوون و هەڵدانەوە(یەکگرتنی هەموو هێزە سیاسییە خێرخواکانی کوردە لە بەرەیەکی یەکسانی هاوتادا)...

هەرچییەک خێری کوردی تێدا بێت، ڕێباز و مەبەستمانە و بەرژەوەندی بەرزی کورد لە سەروو(پاسۆک) و (بیر) مکەش و هەموو شتێکی دیکەشەوەیە...

هیوادارین، کە ئەم بانگەوازە دوا قۆناغی کپبوونتان بێت و سەرەتای بەشداری شەرەفی کاروانی خەباتی نەتەوەیەتیتان بێت و بەو جۆرەی بۆتان دەست دەدا و لەبار و بەبرشتی دەزانن، جۆر و شێوە و شێوازی بەشداری خۆتان دیاری بکەن. هەرچەندە دەبێ ئەوەش بزانرێ باڵاترین شێوەی خەبات، خەباتی چەکدارییە.

**هەر بژین بۆ کورد** **هێزی پێشمەرگەی پاسۆک**

هەوالنامەی کتێب

## ((تیشكێك له‌ خۆری كوردایه‌تی))

**دێڕێك له‌ داستانی به‌چكه‌شێرانی نه‌ته‌وه‌یی**

له‌به‌ر داواكاری زۆری جه‌ماوه‌ر و ڕیزه‌كانی ڕێكخستن نه‌بووایه‌ و له‌به‌ر وره‌ هێنانه‌وه‌ به‌ر جه‌ماوه‌ر و ده‌رخستنی ڕووی گه‌شی شۆڕشه‌ مه‌زنه‌كه‌مان نه‌بووایه‌، ئه‌و بڕیاره‌ی خۆمان نه‌ده‌شكاند و چالاكییه‌كانی سیاسی و پێشمه‌رگانه‌ی حیزبمان بڵاونه‌ده‌كرده‌وه‌. چونكه‌ ئێمه‌ پێمان وایه‌ ئه‌وه‌ی كردوومانه‌ و ده‌یكه‌ین و به‌رده‌وام ده‌بین له‌كردنیدا،به‌شێكی بنه‌ڕه‌تی ئه‌ركی سه‌رشانمانه‌ و هیچ منه‌تی تێدا نییه‌... به‌پێچه‌اوانه‌وه‌ ئێمه‌ی (پاسۆك) منه‌تباری ئه‌م نه‌ته‌وه‌ پیرۆز و بڵنده‌ و جه‌ماوه‌ری خۆگر و ڕۆڵه‌ به‌ ئه‌مه‌ك و دڵسۆزانه‌ی كوردین. ئێمه‌ قه‌رزارباری ئه‌و قه‌ده‌ره‌ین كه‌ به‌ (كورد) ی بووین و ئه‌و مه‌یدان و زه‌مینه‌یه‌مان هاتۆته‌ پێش شانازی كوردانه‌مان سه‌ربڵند و گه‌شه‌دارمان كات. چونكه‌ ده‌بێ چ شانازی و پیرۆزی و سه‌ربڵندییه‌ك له‌وه‌ پتر بێت كه‌ مرۆڤ « كورد» بێت، و له‌وه‌ش به‌ولاوه‌ سه‌ربازی كوردایه‌تی بێت!! ئه‌وانه‌ی كه‌ له‌ ناخه‌وه‌» كورد» ن، مه‌گه‌ر بزانن ئه‌و ده‌ریای ئاسووده‌یی و شانازی و خۆشییه‌ چه‌ند بێ سنوور و بێ بنه‌!.

به‌ڵام دیسانه‌وه‌ ده‌مانه‌وێ ده‌ریخه‌ین، كه‌ ئێمه‌ی «پاسۆك» ڕه‌نجبه‌ر و كۆڵ هه‌ڵگر و خزمه‌تكاری جه‌ماوه‌ری كوردین،نه‌ك كوێخای!! بۆ ئه‌وه‌ی ئاشكرای كه‌ین كه‌ (سیاسه‌ت و بیر و باوه‌ڕ و حیزب) ده‌بێت له‌ خزمه‌تی جه‌ماوه‌ر و له‌به‌ر ویستی جه‌ماوه‌ردا بێت... مل بۆ فه‌رمان و ویستی جه‌ماوه‌ر ده‌ده‌ین. زۆر به‌ (تواضیع)ه‌وه‌ به‌ ئه‌مه‌كی ڕۆڵه‌ نه‌ته‌وه‌ییه‌كان ده‌كه‌ینه‌ دیاری ده‌ستمان و به‌ ڕووی سووری نه‌ته‌وه‌ مه‌زنه‌كه‌مانیدا ده‌ده‌ین:

١- له‌ ڕۆژی ١٩٨٠/١٢/٧ دا،سه‌ركردایه‌تی گشتی به‌ڕێزی حیزبمان برووسكه‌یه‌كی پێزانین و ئه‌مه‌كداری و سوپاسی نارد بۆ سه‌رۆك و ڕابه‌ری هه‌قپه‌رست و مرۆڤدۆستی لیبی به‌ڕێز (معمر القذافی)،ده‌رباره‌ی ئه‌و هه‌ڵوێسته‌ مرۆڤانه‌ بێ نموونه‌ی ده‌رباره‌ی مه‌سه‌له‌ی كورد و مافی دیاریكردنی چاره‌نووس و چاره‌سه‌ری بنه‌بڕی مه‌سه‌له‌ی كورد به‌ دروستكردنی (كیانێكی سیاسی یه‌كگرتوو) له‌ كوردستانێكی گه‌وره‌دا... كه‌ له‌ ڕۆژی ١٩٨٠/١٢/٥ دا به‌ڕاشكاوی و ئازادی له‌ ( لێدوانی بیروڕاكانی معمر القذافی) له‌ ئیسپانیادا ده‌ری بڕیبوون... دووباره‌ ئێمه‌ به‌ناوی ده‌سته‌ی به‌ڕێوه‌به‌ری ئۆرگانی هێزه‌كانی پاسۆك سوپاسی هه‌ست و هه‌ڵوێستی زۆر مه‌ردانه‌ی (معمر القذافی)ده‌كه‌ین و پێمان وایه‌، ئه‌و ده‌نگه‌ پیرۆز ده‌بێت، كه‌ به‌سته‌ڵه‌كی ترس و به‌رژه‌وه‌ندی سووك

و چرووکی دەرەوە و ناوەوە دەشکێنێ و مێژووی کورد و نەتەوەی کورد، هەرگیز ئەم هەڵوێستە جوامێرانەی ئەو ڕابەرە هەقپەرستەی لەیاد ناچێت.

٢- لە ڕۆژی ١٩٨٠/١٢/٨ سەعات دوازدەی نیوەڕۆ، دەستەیەکی پێشمەرگەی ناوخۆی کارگەی شەکرەکەی سلێمانی، بۆسە/ کەمینیان بۆ تاوانبار (ملازم محسن) نایەوە، بەڵام بەڕێکەوت ئەو ڕۆژە وەکو عادەتی نەهات و پێشمەرگەکان ماوەی سێ چارەکە سەعات، لەگەڵ هێزێکی زیادی (قوات خاصە) و (استخبارات)دا کەوتنە شەڕ. لەم پێکدا چوونەدا دووان لە هێزی تایبەت/ قوات خاصە و هەواڵگریک / ئیستیخباراتێک کوژران و ئاسایشێک/ ئەمنێکیش بریندار بوو. هەرچەندە ئەم چالاکییە وەکو کارێکی خۆکوژی/ انتحاری بوو بۆ ملازم محسن نرابووە، بەڵام پێشمەرگە نەبەزەکان توانییان خۆیان دەرکەن و جەماوەری دڵسۆز و کوردپەروەری ئەو ناوچەیە، دەورێکی باڵایان بوو لە ڕزگارکردنی پێشمەرگەکان... بەم جۆرە پێشمەرگە و جەماوەر ئاوێتەی یەک دەبن و جەماوەر ڕۆڵە بەوەفا نەتەوەییەکانی، لە بن باڵی خۆیدا لەمەرگ ڕزگار دەکەن، تا بۆ مەرگێکی دیکە ئامادەی کەن.. پێشمەرگەی پاسۆک لە یادتان نەچێت هێز و توانا و مەبەست و خواستتان هەر ئەو جەماوەرەیە...

٣- شەوی ٨ لەسەر ١٩٨٠/١٢/٩ دەستەی شەهید (کامیل شەفیق) لەناو شاری سلێمانی دا، خۆفرۆش و پیاوی ئیستیخبارات « ئاشتی محمەد اسماعیل»ی ناسراو بە « ئاشتی حەلاو» گرت.

٤- ڕۆژی یەک شەممەی ١٩٨٠/١٢/١٣ سەعات یەکی پاش نیوەڕۆ، لە بازاڕی شەهلای شەقامی کاوە، پێشمەرگەیەکی دەستەی ڕێکخستنی پێشمەرگانەی ناوخۆ، نارنجۆکێکی خستە نێو زیلێکی سەربازییەوە و سەرئەنجام، پێنج سەرباز کوژران و حەوتیش بریندار بوون.

٥- ڕۆژی ١٩٨٠/١٢/١٨ سەعات نۆی بەیانی، لەبەر ئۆرزدی باک دا، پێشمەرگەیەکی دەستەی شەهید (ملازم حەمە شەوقی) نارنجۆکێکی خستە نێو زیلێکی سەربازییەوە.. سێ سەربازی تێدا کوژرا و چواریش بریندار بوون، کە پاشان یەکێکیان لەو چوارە مرد.

٦- شەوی ١٨ لەسەر ١٩٨٠/١٢/١٩ دەستەی شەهید (دلێر) چوونە سەر مۆڵگاکانی جاش شەعبی و ماوەی سەعاتێک، بە نارنجک ئەنداز و چەکی سووک لێیان دا، زیانی دوژمن نەزانراوە. بەرەبەیان دەستیان گرت بەسەر ئۆتومبێلی (تیوتای ژمارە ٤٣٠٧) ی دائیرەی کارەبادا و گەیاندیانە ناوچەی ڕزگارکراو.

٧- ڕۆژی ١٩٨٠/١٢/٢٢ سەعات ١١ی پێش نیوەڕۆ، لە شەقامی زانکۆی سلێمانی، پێشمەرگەیەکی دەستەی شەهید (عومەر ساڵح مەنسور) نارنجۆکێکی، خستە نێو زیلێکی سەربازییەوە. سەرئەنجام دووانی تێدا کوژران و سێ یانیش بریندار بوون.

٨- بەبۆنەی کۆچی دوایی بەڕێز(ئەلیکسی کوسیگین) ی سەرەک ئەنجوومەنی سۆڤیەتی باڵای دەوڵەتی (کۆمارە یەکگرتووە سۆسیالیستەکانی سۆڤیەت)، «سەرکردایەتی گشتی» بەڕێزی حیزبمان، ڕۆژی ١٩٨٠/١٢/٢٥ برووسکەیەکی پرسە و دۆستایەتی دا بە لێپرسراوانی شورەوی، کە لەم ژمارەیەدا دەقەکەی دەخەینە بەرچاوتان.

٩- شەوی هەینی ١٨ لەسەر ١٩٨٠/١٢/١٩ دەستەی شەهید (ملازم حەمەشەوقی) لە شاری سلێمانی لەسەر جادەی (ئیبراهیم پاشا) و ( ئۆرزدی باک) دا، بۆماوەیەک سەیتەرەکیان دانا و ڕێباز و ئامانجی شۆڕشیان بۆ جەماوەر ڕون کردەوە و بڵاوکراوەکانی حیزبییان بەسەردا بەخشینەوە. بۆ جووت خستنی (گفتار و کردار) لەگەڕانەوەدا دایان بەسەر مۆڵگایەکی (جاش شەعبی) دا و یەکێکیان لێ کوژراو و دوویان لێ بریندار بوو. پێشمەرگە قارەمانەکان بە سرروودی (ئەی هاوبیران) ، ماڵئاواییان لەشاری هەڵمەت و قوربانی کرد و بەرەبەیانی ئەو ڕۆژە گەشتنەوە شوێنی دیاریکراو.

١٠- ڕۆژی ١٩٨٠/١٢/٢٩ دەستەی شەهید کاکە (فەتاح)، وەکوو سزا و بەئاگاهێنانەوەیەکی سەرەتایی شۆفلێتی مۆدێلی ١٩٨٠ ی (حاجی جەمال) ی کۆمپرادۆرییان دەست بەسەردا گرت و کردیانە موڵکی شۆڕش.

١١- ڕۆژی ١٩٨١/١/٣ سێ پێشمەرگەی دلێری دەستەی شەهید کاکە (فتاح)، سەعات دووی پاشنیوەڕۆ لە ئەسحابەسپی و لەچەقی ناوشاردا، دەستەویەخە کەوتنە شەڕ لەگەڵ کۆمەڵێ سیخوڕ و ئەمن دا. ماوەی نیو سەعاتێک پێکداهاتن و سەرئەنجام سێ ئەمن کوژران و یەکێک بریندار بوو و دەمانچەیەکی جۆری چواردەخۆری ژمارە (١٤٩٤٨) کەوتە دەست پێشمەرگەکان. بەڵام بەداخەوە لەم داستانی بەرەنگاربوونەوەی نوێژی نیوەڕۆ ناوجەرگەی دوژمن دا، پێشمەرگەیەکی قارەمان کە هاوبیر شەهید(**سەردار کەمال مەجید**)بوو شەهید بوو. هاوبیر (ئاسۆ) ش بریندار بوو، بەڵام توانی خۆی بگەیەنێتە ناو دەستەکە. داستانی گیانبازی هاوبیری شەهید (سەردار کمال مەجید) قارەمانێتی - کاوە - ی باپیرمان وەبیر دێنێتەوە و پەلامار و هێرشی (شێخ مەحموودی نەمر) زیندوو دەکاتەوە و مەردایەتی و دلێری شەهید (عومەر ساڵح مەنسور) دووبارە دەکاتەوە. خەڵکی قارەمانی شاری هەڵمەت و قوربانی لە ئازایەتی و دلێری ئەو جوامێرەدا دە هێندەی شەهیدبوونی مانای پیرۆزی کورد و دلێری هاوبیری (پاسۆک) دەبینن..کە ماوی نیو سەعات پاش برینداری دوژمنانی ترسنۆک نەیاندەوێرا بچنە سەری، چونکە تا لەهۆش خۆی نەچوو بوو، دەستی بەئەڵقەی نارنجۆکەکەیەوە بوو. تا لەسەرەمەرگیدا ( پاسۆک) ایەتی خۆی نوێ کاتەوە..

ده نەتەوەیە خاوەنی ڕۆڵەی وەکوو هاوبیری شەهید کاکە (سەردار) بێت، چۆن دێتە سەر چۆک ؟!! و چۆن بە (کوردستانێکی ئازاد گەلێکی یەکسان) ناگات؟!!.

١٢-ڕۆژی شەممەی ١٩٨١/١/١٠ حوکمی ڕەوای دادگای شۆڕش درا بەسەر تاوانباری خۆفرۆش» ئاشتی محمەد ئیسماعیل» کە بە «ئاشتی حەلاو» ناوبانگی زڕا بوو. لە سەعات سێ و نیوی عەسری هەمان ڕۆژدا گوللەباران کرا. دەستی تۆڵەی (پاسۆک) دەگاتە هەموو کون و قوژبنێک و مستی حوکمی پاسۆک گاڵتە و (مساومە) ی نییە!!.

١٣- شەوی ١٢ لەسەر ١٩٨١/١/١٣ دەستەی شەهید(دەرویش) چوونە شاری سلێمانییەوە، بۆ تەمبێ کردنی هەندێ هەڵخەڵەتاوی خۆفرۆش. پاش بەڵێن دانی دەستکێشانەوە لە خراپەکاری بەردران و کەسوکاریان دەستەبەری ئەوە بوون کە خۆیان پاک بکەنەوە.

١٤-شەوی ١٤ لەسەر ١٩٨١/١/١٥ دەستەی شەهید (عومەر سالح مەنسوور) بۆ تەمبێ و سزادانی کۆمەڵێ پیاو خراپ چوونە ناو شاری سلێمانییەوە، چوار کۆنە پیاوخراپ کە ماوەیەک بوو لەترسی سزای شۆڕش دەستیان لە خراپە کێشابووە، دووبارە تەمێ کرانەوە و بەردران. سێ خۆفرۆش (جاش بەلاش) یشیان گرت، کە ناویان:

١- مامۆستا رەفیق،

٢- جلال قادر تەها،سکرتێری لقی سلێمانی حیزبی ثوری کوردستانی» کلک» ،

٣- حەملی ئەحە. کە هەرسێکیان پەشیمانی خۆیان پیشان دا و بەزامنی تەواو و دەستبەرەی کەسوکاریان کە نەگەڕێنەوە سەرر خراپەکاری،پاش سزای تایبەتی حیزب،بەردران.

١٥- شەوی ١٦ لەسەر ١٩٨١/١/١٧ دەستەی شەهید(فەرهاد خەفاف) چوونەوە بۆ تەمبێکردن و سزادانی (جاش بەلاش) ە خۆفرۆشەکان، سێ جاش شەعبی گەرەنتی ئەوەیان دا،کە دەست لە خۆفرۆشی هەڵگرن و بگەڕێنەوە ڕیزەکانی گەڵ..دەستکەوت دەمانچەیەکی «سمیث»ی ژمارە - ٥٢٩٩٦٠٦ - بوو.

١٦ - شەوی ١٧ لەسەر ١٩٨١/١/١٨ دەستەی شەهید(ملازم محەمەد ئەحمەد) دایان بەسەر ماڵی (جاش بەعسییەکدا) و کلاشینکۆفی ژمارە - ٣٥٠٦٢- یان هێنا. پاش ئەوە ئەو خۆفرۆشە ترسنۆکە چەکەکەی جێهێشت و هەلات، ئاگاداری کەسوکاری کرا، کە ئەگەر تا ماوەی دوو هەفتەی تر دەست لە (خۆفرۆشی) نەکێشێتەوە، خوێنی حەڵاڵی شۆڕش دەکات.

١٧- لە ڕۆژانی دوایی مانگی دوازدەی ساڵی ١٩٨٠ دا، سەرکردایەتی هەرێمی باشووری بەڕێزی حیزبمان ، یاداشتێکی نارەزایی و ڕەخنەگرانەی دا بە «**جیسکاردستان**» ی سەرۆک کۆماری فەرەنسا، دەربارەی ئەو هاوکارییە نارەوایەی کە فەرەنسا لەگەڵ



هەواڵنامەی کتێب

سەددامی بەعسی دا،دەیکات، دژی ویست و بەرژەوەندی گەلی عێراق بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی. وێنەی ئەم یاداشتە دراوە بە :

١. پارتی سۆسیالیستی فەرەنسی.

٢٣. پارتی کۆمۆنیستی فەڕەنسی.

٣. پەرلەمانی فەرەنسی.

لە ژمارەی داهاتوودا دەقەکەیتان دەخەینە بەرچاو.

١٨. دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی ناوخۆ، چوونە سەرماڵی خۆفرۆشان:

١. عزیز رشید کریم،٢. علی رشید کریم ی برای ئەم ترسنۆکانە لە ترسی سزا و تۆڵەی (پاسۆک)خۆیان حەشار دابوو.پاش پشکنین، هەندێ بەڵگە و نووسراوی گرنگیان چنگ کەوت. لێرەدا هەندێکیان کە ناوی شەش شانەی ڕێکخستنی (حیزبی ثوری کوردستانی،کلک) بڵاو دەکەینەوە، تا جەماوەری گەل بیاننناسن و خۆیان لێ بپارێزن.

ئێمە ئاگاداریان دەکەینەوە، ئەگەر تا مانگێکی تر هیچ پەیوەندییەکی خۆفرۆشییان بمێنێ، بە سزای توندی (پاسۆک) انەیان دەگەیەنین، بۆیە داوا لە کەس و کاریان دەکەین، کە جگە لەوەی هەر ئێستا شیاوی سزان، بەڵام ئەم هەڵەشیان دەدەینێ، و ئەوەش کە هەر بەردەوام بێت لەسەر ڕێچکەی زەلکاوە، لێ خۆش بوونی بۆ نییە و بە سزای خۆی دەگەیەنین.

**١. شانەی ژمارە یەک ( کرێکاران)**

١- عبدالرحمن سید ئەحمەد خەتی راستوچەپ بەرانبەر ناوەکەیەتی

٢. کەریم فرج رسول ئابوونە ٢٥٠ فلس ئەندام

٣- عثمان احمد محمد ئابوونە ١٥٠ فلس ئەندام

٤- مصطفی محیالدین شریف ئابوونە ٢٥٠ فلس ئەندام

٥- رستم محمود صالح ئابوونە ٥٠٠ فلس ئەندام

**٢- شانەی ژمارە دوو، بەکرەجۆ**

١- اکرم قدر محمد ئابوونە ١٠٠ فلس

٢- ظاهر شکر قادر ئابوونە ١٠٠ فلس

٣- ابراهیم عثمان ئابوونە ١٠٠ فلس

٤. محمد علی قادر ئابوونە ١٠٠ فلس

٥- اسماعیل محمد مولود ئابوونە ١٠٠ فلس

**٣- شانەی ژمارە سێ - ڕێکخراوی ئافرەتانی سۆزانی -**

لێپرسراویان حەمە ساڵح عبدوڵا رەحیم

١- سەبرییە احمد محەمەد ئابوونە ٥٠٠ فلس

٢- نفیە ملا قادر ئابوونە ٥٠٠ فلس

٣- دڵخواز محمود حمە ئابوونە ٥٠٠ فلس

٤- گوڵاڵە میرزا عبدوڵا ئابوونە ٥٠٠ فلس

خاوەن و کەسوکاری ئەم ئافرەتە سۆزانیانە،ئەگەر خۆیان بەتەنگ ئابڕووی خۆیانەوە نەیەن، ئێمە پاش مانگێکی دیکە ئابڕوویان دەهێنینەوە بەر!.

**٤- شانەی ژمارە چوار**

١- عوسمان احمد محمد

٢- قادر ساڵح عەلی ئابوونە ١٥٠ فلس پاڵێوراو

٣- عبدولقادر عزیز ئابوونە ١٥٠ فلس پاڵێوراو

٤- رەحمان سعید ئابوونە ١٥٠ فلس پاڵێوراو

٥- ابوبکر علی اسماعیل ئابوونە ١٥٠ فلس پاڵێوراو

**٥ . شانەی ژمارە پێنج**

١- روستم محمود ساڵح

٢- عمر رشید کریم

٣- حسن قادر احمد

٤- عوسمان رشید کریم

٥- عوسمان حمە حسین کریم

**٦- شانەی ژمارە شەش**

١- حمەساڵح عبدوڵا رحیم ٢٠٠٠ ئابوونە پلەی ئەندام زنجیرە ١

٢- اکرم قادت محمەد ٢٠٠٠ ئابوونە پلەی ئەندام زنجیرە ٢

٣- سلاح شێخ محمەد علی ٢٠٠٠ ئابوونە پلەی ئەندام زنجیرە ٣

٤- عبدولرەحمان سعید احمد ٢٠٠٠ ئابوونە پلەی ئەندام زنجیرە ٤

کتێبخانەی هەواڵنامە

## «ئەوەی بڕوا بە دوژمن بكات، پێستی لە دەباخانە دەدۆزێتەوە»

**<< لە هەگبەی دۆستایەتیدا >>..**

لە خـوارەوە دەقی ئەو برووسكەی پرسە و سەرخۆشی و دۆستایەتییەی « سەركردایەتی گشتی » بەڕێزی حیزب بڵاو دەكەینەوە، كە لەسەرخۆشی كۆچی دوایی بەڕێز « ئەلێكس كوسیگن» دا دراوەتە لیپرسراوانی « یەكێتی سۆڤیەت» ... كە بەمە ئێمە دەمانەوێ، برایانی سۆڤیەت و هەموو هێزی خێرخوای دنیا لەوجووتە ڕاستییە ئاگادار كەینەوە. كە یەكێكیان ئەوەیە كورد خۆی بە دۆست و هاوكاری هەموو هێزە خێرخواكانی جیهان دەزانێ و هیچ هەڵوێستێكی ڕابردوو چەند دزێو بێت، لەبەر بەرژەوەندی نەتەوەكەمان تێكەڵاوی ڕاستی ئەو دۆستایەتی و گرێ بەندییە ناكەین و هەردەم خۆش بینین بە گەڕانەوەی ڕاستی بۆسەر دۆخی سروشتی خۆی و چاوەڕوانی چاتر و چاتر دەكەین.

دووەمیان ئەوەیە: كە هەمـوو لایەک و بەتایبەتی یەكێتی سۆڤیەت، كە شوێن دەستی لە هاوكاری و یارمەتی زۆر جوڵانەوەی رزگاریخوازی دنیا دا هەیە، بەرانبەر بە مەسەلەی نەتەوایەتی كورد لە ئاستی پێویستدا نەبوون، بەڵام هەردەمیش ئەو هیوایەمان هەر لەبەرە كە بایی پێویست و ئەركی مێژوویی ئەو هێزە شۆڕشگێڕە خێرخوایانە ئاوڕ لە مەسەلەی نەتەواتیمان بدەنەوە و قەڵای دۆستایەتی نێوان « كورد و ئەوان» لەسەر بناغەی دۆستایەتی و ڕێزی بەرابەری و هاوبەرژەوەندی دارێژن، چونكە ئەگەر گوزارشتەكەیان بایی سێبەری كرداریش پایەداربن و ئەوان دوژمنی سەرسەختی ئیمپریالیزم بن ، ئەوا ئێمەی كورد دەستەی پێشی پیشەوەی یەخەگیری ئیمپریالیزم و دار و دەستەی و گەراكانین لە كوردستانی نیشتمانی داگیركراو و ناوچەكەشدا، بێتە هاوچارەنووس و هاوبەرژەوەندین، بام جارێ كورد « نەوت و گاز!!» هكەشی لە دەست خۆیدا نەبێت...

ـ دەستەی بەڕێوەبەرایەتی ـ

## ماڵاوا:

**شەڕی عێراق و ئێران،چی بۆ ئێمە تێدایە؟!!..**

شەڕەکە چۆن هەڵگیرسا و بۆ هەڵگیرسا و مشتەی ناوهەمانەکە چییە؟ شتانێک نین کە دادی ئێمە بدات. خراپیش نییە گەر بیانزانین! بەڵام گرنگ ئەوەیە چی بۆ کورد تێدایە و چی تێدا دەبێت. ئێمە خەمی هەریسەکەمانە و خوێنی (حوسین)یش خوێن کردی خۆی هەیە. کورینە خۆت مەیکە و خوا بتداتێ... ئەمەیە.

جا گرنگ ئەوەیە بزانین چۆنی بخۆین؟ ئەم هەلەش وەکو هەزاران هەلی دیکەی هەڵکەوتوو لەدەست نەدەین. دیارە ئێمە ئەم گومانەمان نەدەخستە سەر باسەکە، ئەگەر هەموو هێزە سیاسییەکانی کورد لە درزی دەروازەی بەرژەوەندی کورد و بۆ سوودی کورد و بە گەز و هۆقەی کوردی، بیانڕوانبایە و بجوڵانایەتەوە و بیان کێشایە... ئەگەر هەموو (ئیعتبار)ەکانی دیکە بکرانایەتە قوربانی بەرژەوەندی بڵندی کوردا! کە سەد حەیف وانییە... ئەی ئەوە نییە ئەوەتای ئەم ڕێوییە هاتووە بە پیرمانەوە، لەهەموو کاتێکی دیکە پتر مل لەبەر یەک دەنێین و بەیەکدا دێین و بەیەکەوە خەریکن! لەم بارەیەشەوە هێندەمان وتووە سواین!.. ئەمەشیان وا..

گرنگترین سەرئەنجامێکی ئەم شەڕە، لاوازبوون و پەککەوتنی بەعسییە چەپەڵەکانی بەغدا و دوژمنانی کوردە، پاش جەنگیش ـ بە پشتی خوا بەمزوانە تەواو نابێت! ناکۆکییەکانی ناوخۆیان دەتەقێتەوە و ئۆپۆزیسیۆن/ معارض)ە، ئەوەندەی دی بەهێزتر دەبێت... جا یان ئەوەتا هێند لاواز دەبن کە مل بۆ داوا ڕەواکانمان بدەن، دیارە مەبەست لە هەموو مافە نەتەوایەتییە مرۆڤانەکەی کوردە، نەک فشە مافێکی بێسەر وپێ و تەمومژاوی/ غامض)ی، وەکو ئەوەی ئازاری ۱۹۷۰!. یان ئەوەتا بەعسییە چەپەڵەکان سەرەنگوم دەبن... ئەوساش کێ دێتە سەر حوکم گرنگ نییە، بەو مەرجەی :

١ـ هەوڵ بدرێت کورد لەبازنەی ململانێی عێراق دا(دائيرة الصراع) بەدەرکەوێت.

٢ـ کورد لەو بارەدا بێت،کە داواکارییەکانی خۆی بەسەر ئەو دەسەڵاتە نوێیەدا بسەپێنێ،کە لەبەر لاوازی خۆی ناچارە بە ( ڕیشی مەردانەمان) سوێند بخوات.

هەردوو شتەکەش لەبەر دەست و دەست هەڵێنجە...بەو مەرجەی « پێش ئەوەی هەر شتێکی دیکە بین، کورد بین».

**« کورد سەپانی بابی کەس نییە».**

((پێش ئەوەی هەرشتێ بین، ئەبێ کوردبین))
چەکی بێ بیروباوەڕ سێدارەی جەماوەرە

{{ ئالآی سووری کوردایەتی}}
ئۆرگانی ناوەندی هێزی پێشمەرگەی ـ پاسۆک

ژمارە ـ ٢ ـ          ئازاری ١٩٨١ ف          رەشەمێی ٢٥٩٢ ک

**سەرەباس**


+ شیعر
+ کورد و ئازار
+ ڕازێکی کوردانە: چارەسەری ناکۆکییە لاوەکییەکان بەڕێگای دۆستایەتی و برایەتی دەبێت...
+ لە کەلەپووری شۆڕشگێڕیمان
+ دەنگێ لە کوردستانەوە
+ ئاوڕێک لە قارەمانێک
+ دوو سەرنج : لەسەر شەهیدێک
+ قوتابخانەی پاسۆک:( وانەی دووەم)." نەدوژمن دەبێتە دۆست و نەداگیرکەر بە برا" !..
+ قازییان یادتان بەخێر لەبەر سێدارەدا...
+ بانگێ لەسەنگەری پاسۆکەوە...
+ لە هەگبەی دۆستایەتیدا...
+ یاداشتنامە بۆ جیسکار دیستان/ فەرەنسا
+ شادەمارە سەرەتاکانمان...
+ لە نەورۆزدا با یەکگرین... تا سەرکەوین.
+ وتەی زیندوو
+ ماڵاوا: فرمێسکی گێلانە بۆ ئابووری عێراق!!...


هەواڵنامەی کتێب

**هەر کاروانێ**
**بۆ تیشکی خۆر بڕوانێ**
**کەم بن یان زۆر**
**ئەگەنە خۆر**

## کورد و ئازار

نەتەوەی کورد قاڵبووی بۆتەی ژان و نەهامەتی و خەبات، لەسەرتاسەری مێژووی خوێناوی و خۆگریدا،لە بەگژداچوونەوە و ڕاپەڕینێکی بەردەوامدا بووە دژی داگیرکەران و دوژمنانی هەردەمیش ئامادە بووە کە باجی ژیان و مانەوە و سەربەرزی بەخوێنی بەجەرگترین و دلێرترین ڕۆڵە دڵسۆزەکانی بدات... مانگی ئازاری کورد مانگێکە مەرگ و پلان و سەرکەوتن، دڕندایەتی و ناپاکی و پیرۆزی نزمی و ترسنۆکی و ئازایەتی تێدا ئاوێتەبوون.

لە چواری ئازاری ساڵی ١٩٢٣ دا فرۆکە مەرگچێنەکانی گەماڵە پیرەی کۆلۆنیالیستی / ئیستیعماری ئینگلیزی بۆیەکەم جار پاش جەنگی جیهانی یەکەم ترسنۆکی مەرگی لە کوردستاندا تاقی کردەوە و شاری هەڵمەت و قوربانی بۆمباباران کرد،چونکە کورد نەیدەویست ببێتە عێراقی و مل بۆ داگیرکەران بدات. لە شەشی ئازاری ١٩٧٥ دا ئیرادەی شەڕ و پیلانگێڕی وەکو تەونی جاڵجاڵۆکەی ئەهریمەن،لەنێوان " تکریتی" یە جەلادەکان و شای نۆکەری ئیمپریالیزمدا بۆ شۆڕشی ١٤ ساڵەی کورد تەنرا.

لە ١١ی ئازاری ١٩٧٤ دا ،بەعسییە ڕەگەزپەرستەکانی بەغدا بەدژی ویست و خواستی گەلی عەرەب و هەموو سەرەتاکانی مرۆڤایەنە و مەردایەتی،جارێکی تر شەڕی گلاندەوە کوردستان!.

لە ٣١ی ئازاری ١٩٤٧ یشدا،قارەمان و پێشەوای کورد،سەردارانی قیبلەی هیوا و ئاواتی کورد لە مەهابادی خوێناویدا، بەسەری بەرز و شانازییەوە وەکو بڵندی شاخەکانی کوردستان و شانازی کورد بەخۆوە،سەرکەوتنە سەر ئەو سێدارانەی ، کە لە مەردایەتیدا هەر بە بەژنە باڵای کورد بڕاوە...هەر کۆماری کوردستان و پێشەوای هەموو نەتەوەی کورد(قازی محەمەد)ی پێشەوا و هاوبیرانی نەمریی داستانێکی تریان بۆ کورد تۆمار کرد و هەر بڵێسەی ئەو داستانەیە کە ئیمڕۆ ڕۆڵە جەربەزە و مەرگ بەزێنەکانی دوژمنان و داگیرکەرانی گێل و کەللەبۆش دێننە سەرچۆک!!.

له ١١ی ئـازاری ١٩٧٠ دابوو،كه ئیرادەی پۆلاینی كورد، داگیركەرانی هێنایه سەرچۆك و به دژی ویستی گلاو و مەبەستی پیلانگێڕیان دانیان به بوونی كورد و هەندێ مافیدا نا.

له ٢١ی ئازاری هەموو ساڵێكدا بڵێسەی ئاگری نەورۆزی سەركەوتن و نیشانەی مەزنی كورد،له هەموو كوردستانەوه بڵند دەبێتەوه... كه ئاگری ڕاپەڕین و مانەوەی كوردە!. هەموو ڕۆژێكی ئازار،شەڕ و نەگریسەكانیش له ئاستی كوردا دێته سەرچۆك .. چۆن نایەت... نەتەوەیەک بین له ئاگر و دۆزەخی ژاندا لەدایک بووبین و بژین!.

هەواڵنامەی کتێب

# {{ڕازێکی کوردانە}}

**// چارەسەری ناکۆکییە لاوەکییەکان بە ڕێگای دۆستایەتی و برایەتی دەبێت...**

ئیمڕۆ هەموو باڵەکانی بزووتنەوەی کورد لەبەرەیەکی فراوان و شۆڕشگێڕانەدان دژی داگیرکەران و دوژمنانی کورد،بۆیە تاکە ناکۆکی سەرەکی و ناوەندیمان لەگەڵ ئەو داگیرکەرانە و داروەدەستەکانیدایە. ئەو ناکۆکییەش لە ترۆپکی هەڵچوون و بەگژاچوندایە و هەر ڕێگایەکی توندوتیژ و زەبروزەنگاوی بگیرێتە بەر ڕەوایە و تاکە ڕێگای ڕێبازی خەباتی شۆڕشگێڕانەیە... بەرانبەر بەمە لەگەڵ هەموو جیاوازی و لێک نەچوون و دوور و نزیکییەکی نێوان باڵەکانی بزووتنەوەی «کوردایەتی» ئەو ناکۆکی و ناتەباییە «فکریی و فەلسەفی» و ڕێباز و بەرژەوەندییانەی هەن، ناکۆکییەکی لاوەکین و تەنها دەبێ بەڕێگایەکی دیموکراسییانە و برایانە بەلادا بخرێن و پەنا بردنە بەر هەر جۆر و شێوازێکی نادۆستانە و توندڕەویانە، جگە لەوەی تێنەگەیشتنی یاساکانی بوون و ژیان و پێکەوە گوزەران و گونجانە... زەبردانیشە لەخەباتی ڕەوای نەتەوەکەمان و خزمەتێکی بەلاشی داگیرکەرەکەیە و پتر تووندکردنی تەوقی دیلایەتییە!.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم سەرەتایەدا و هاوبیران و پێشمەرگەکانی»پاسۆک«دەبێ بزانن ئەوەی تەلاری خۆی لەسەر کەلاوەی خەڵکی هەڵچنێ، ڕۆژێ دەبێ بەسەر خۆیدا برمێ و ببێتە کەلاوە!.

بۆیە هەر هێرش بردنە سەر هەر لایەکی شۆڕشگێڕی کوردی، لادانە لە ڕاستە شەقامی ڕێبازی «پاسۆک»و بەتوندی بەگژیا دەچینەوە. دەرخستن و باسکردنی کەموکوڕی و ناتەواوی هەر لایەک ،بۆ خۆبردنە پێشەوە و بۆخۆکردنە پیاوچاک، کارێکی چەوت و نادروستە، نیشانە و بەڵگەی ڕاستێتیش نییە... ئێمە ئەگەر چاک و ڕاست بین، ئەو چاک و ڕاستییە لەبیر و بیرکردنەوە و ڕەفتاری خۆمانەوە دەبێ هەڵسێ. نەک لەنێو هەڵەی خەڵکەوە نێرک بکات... بۆیە هەر باسی خواستێکی نادۆستانە و دوان بە خراپ لەسەر لایەنێک لەلایەن هەر هاوبیر و پێشمەرگەیەکمانەوە، تاوانبار دەکەین و نیشانەی تێنەگەیشتن و هەرس نەکردنی بیروباوەڕی «پاسۆک» انەیە و بێ سزا تێناپەڕێت.

خۆخەریککردن بە گەڕان و پشکنین بەدووی هەڵە و ناتەواوی هەر لایەک، خۆخەریک کردنە بەکارێکی نەرێنی «سلبی» و» بێبەرهەم» ەوە... ئەمەش لەبیر

بردنەوە و لەبیرچوونەوەی کارێکی سەرەکی و ئەرێنیی» ئیجابی» یە... ئەوەی دووی خەڵکی کەوێت، دەکەوێتە ئەو حاڵەی کە بەوەی ڕەوا نابینێ.

بۆیە پێویستە هەموو هاوبیران و پێشمەرگەکانی «پاسۆک» بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی بیروباوەڕەکەمان کار بکەن، نەک ببنە قوڵچی و سەرڕێگا بەخەڵکی بگرن... نەهەڵەی ئێمە بەدەرخستنی هەڵەی خەڵکی دادەپۆشرێ و نە پاکیمان بەهەڵەی خەڵکی دەشارێتەوە...جەماوەر داوای هەژماری / حسابی خۆمان دەکات،نەک خەڵکی تر... بۆیە هەموو بیروڕا و ڕەفتار و گفتار و بانگاشەیەکی نەرێنی، دژی هەر لایەکی شۆڕشگێر بە دوژمنایەتی» کوردایەتی» و « پاسۆک» دادەنێین و هەر هاوبیرێکیش لەم خوازە دەرچێت، لە ڕێبازی»پاسۆک» دەردەچێ و فڕی بەسەر « کوردایەتی» و «پاسۆک» ەوە نامێنێ.

ئێمە ئەگەر هەڵەیەک لە ڕاو و ڕەفتاری هەر لایەکدا بدۆزینەوە و ڕەخنەمان لەهەر لایەنێکی هەر لایەک بێت، ڕێگای ڕاست ئەوەیە»دڵسۆزانە»و» هێمنانە» و بێ کردنە قاو و قرمە،ڕێگای دروست و برایانە بەنیەتی خزمەتگوزاری بیخەینە بەرچاوی، دەسەلاتە بالاکانی ئەو لایەنە... ئەگەر گوێمان لێگیرا ئەوا خزمەتێکی گەورەمان بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد کردوە و ئەگەر بە قسەشمان نەکرا، ئەوا ئێمە ئەرکی خۆمان بەجێ گەیاندووە و هەڵەی مل شکێنیان بە سزای خۆیان دەگەیەنێ، جا ئەگەر لە زەبری سزادا بە ئاگا هاتنەوە، ئەوا بۆ جارێکی دی گوێمان لێ دەگیرێ و خۆ ئەگەر هەر سوور بوون لەسەر چەوتێتی، ئەوا «پیاو دەبێ لەدۆستی نادان هەڵێ ، ڕەشی لەدووە ماچی مەنجەڵێ». هەر بەم پێیە ئێمە گوێ و چاو و هۆش و ویژدانمان کراوەیە، بۆ هەر ڕێنماییەکی دڵسۆزانە و پێشەکیش سوپاس کراون!.

با هەمووان چۆن بەدرێژی خۆماندا دەڕوانین، ئاواش بەپانی خەڵکیدا بڕوانین..

**((کێ زیاتر دڵسۆز بێت،ئەوە زیاتر کوردە))**

## <<لە کەلە پووری شۆڕشگێڕیمان>>

فەرهادی کێوی کوردم    فەریادی کورد ئەکەم
ڕیشەی عەرەب و عەجەم    بە تیشەی فەرهادی وورد ئەکەم
یا ڕەگز ئەکەم حقوقی کورد    با خوێنی خۆم و ئالی پێغەمبەر فیدا ئەکەم
گەر مانعی حقوقی کورد ببن عەرەب    بێ شک نوێژەکانم بە کوردی قەزا ئەکەم

**شێخ مەحموودی نەمر**

**بمدەرێ ئیقرارە نابێ کورد وەها داوا بکا**

**با بڵێ: دەرچن لەخاکم ئیدیعای خۆی وا بکا**

شاهۆ

## //دەنگێ لە کوردستانەوە//

پێشکەشە بەگیانی شەهیدی
جوانەمەرگ کاکە «فەرهاد خەفاف»

**چەند حەز ئەکەم**
**منی کوردیش،**
**ئادەمیزادێکی سەربەست بم،**
**بە چەلین و کەوشی کوردی**
**لە چیاکانی فەلەستینا چەکبەدەست بم،**
**هێرش بەرم**
**بۆسەر ئەو بووکە شووشانەی،**
**بۆسەر ئەو داڵە تووشانەی**
**گۆشتی کۆرپەی ساوا دەخۆن،**
**مزگەوتەکان،**
**کلێسەکان...**
**بەخوێن دەشۆن.**

❊❊❊

**چەند حەز دەکەم**
**بژێنمەوە**
**داستانەکەی سەلاحەدین،**
**دیسان، وەکوو بوومەلەرزە،**
**ڕاچڵەکێنم دڵی زەمین،**
**تاو بستێنم وەک فەرتەنە،**
**لەسەر لێوی خاچپەرستان**

هەواڵنامەی کتێب

ڕیشەکێش کەم، زەردەخەنە.

بەڵام، چبکەم !

خۆشم ئەمڕۆ وا دەستبەستەم،

داگیرکەران لەچوار لاوە

ناهێڵن بجووڵێ جەستەم.

من کوردێکم...

هەرچەند ئەمڕۆ دەنگ هەڵبڕم،

دەنگم نییە.

من کوردێکم...

هەرچەند ئەمڕۆ خۆم نیشان دەم،

ڕەنگم نییە.

کوردستانی گەورە و مەزن،

وەک خەرمانی جووتیاری کورد، بەش کراوە...

باستیلێکە،

توند کوردی تێ ئاخنراوە.

بەڵام پەیمان...

هەزار پەیمان..،

لەدوا ڕۆژا،

کە خۆم بینی کەسێکم نایێ بەگژا،

کەخۆم بینی،

لە سێبەری کوردستانی رزگاربووما،

لەکەی دیلی سڕاوەتەوە لە ڕووما

ئەوسا منیش،

وەک کوردێکی خاوەن کیان،

چەک هەڵگرم

بۆ هەر کەسێک بڵێ: ژیان!

## ئاوڕێک لە|| قارەمانێک||

ئەگەر گوڵاڵەیەکی سوورتان دیت لەنێو شەختەی بەفری کۆتایی زستان و سەرەتای بەهاری «شێنێ» دا سەری دەرهێنابوو، ئەوە خوێنی ئاڵوپاکی شەهیدی جوانەمەرگ کاکە «فەرهاد خەففاف»ە دەیەوێ بۆ نەورۆزی «ئازادی و یەکسانی» لەبەرۆکی شۆڕەسوارانی ئاسیا ، پێشمەرگەی کوردی ڕاپەڕیوو بدرێت..

ڕۆڵەی بەوەفا و جەربەزەی حیزبمان کاکە « فەرهاد « پار لە ١٩٨٠/٣/٢٠ دا. لەکاتێکدا کە مەشقی پێشمەرگەکانی دا دەدا، لەسەر چەکێکی قورس، بەهۆی گرفتێکی تەکنیکییەوە تەقییەوە و گیانی پاکی بووە دەستەچیڵەی نەورۆزی ڕاپەڕین. تا « کورد» و «پاسۆک»یش بمێنێ، کە هەر دەمێنن، نەورۆز و یادی هاوبیری شەهید کاکە « فەرهاد» هاندەری سووربوونمان دەبێت بۆ (کوردستانێکی ئازاد و گەلێکی یەکسان).

هەزاران سڵاو لە دیدار و یادی هەرگیز نەمری شەهید کاکە «فەرهاد».

ئاڵای سووری کوردایەتی

هەواڵنامەی کتێب

## دوو سەرنج، لەسەر شەهیدێک..

**هاوبیر هێرش:**

چۆن هاوبیر «فەرهاد»م ناسی؟

لە گەلاوێژی ١٩٧٤ دا ڕاپۆرتێکی سەرنجڕاکێش گەیشتە لیژنەی ناوچەی «شەهید عمر ساڵح مەنسوور»،کە ئەو کاتە بەرپرسی ئەو لیژنەیە بووم. دوا دێڕی کە ئێستاش لە یادمە نووسرا بوو(کە کاژێکم ناسی، وەکو کەسێک خۆم هاتە پێشچاو کە دوای تەمەنێک وێڵبوون خۆی دۆزیبێتەوە، بۆیە لە ئیمڕۆوە، تادەمرم بتانەوێ و نەتانەوێ « کاژیک»م).

ئێمە لە وەڵامدا بۆمان نووسییەوە:» هاوبیر هەموو کوردێکی دڵسۆز» کاژیک»ە ـ ئەگەر خۆی بەهەڵەدا نەبات ـ .لە کوردەواریدا ماڵ لەخانەخوێ حەرام نییە...هیوادارین پارێزگاری ئەو شەرەفە بڵندە بکەیت».

پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول و نوێبوونەوەی « کاژیک» لەبەرگی «پاسۆک» دا.. شەهیدی جوانەمەرگ لەدەستەی یەکەمی ئەو نوێبوونەوەیە بوو، لەماوەیەکی کەمدا توانی دەیان ڕۆڵەی جەربەزە لەدەوری حیزبەکەی خڕ وەکات و گۆشتیان بکات. تا لەساڵی ١٩٧٦ دا بووە لێپرسراوی « لێژنەی ناڵەی ژیان» ـ لێنژ ـ لە ساڵی ١٩٧٨ ەوە وەکو کادێرێکی چالاک و لێهاتوو هاتە ڕیزی شۆڕشەوە. لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٩ دا هەڵبژێردرا بە «ئەندامی یەدەگی سەرکردایەتی هەرێمی باشوور» .

لەیادی ئەو شەهیدە نەمرەدا ، بەش بەحاڵی خۆم هیچ کەسێکم نەدیوە هێندە عاشقی نەتەوەکەی بێت و هێندە دڵی بە حیزبەکەی خۆش بێت و هێندەش دڵی بە شۆڕشەکەیەوە بێت و هێندە لە بیروباوەڕی نەتەوایەتیدا توابێتەوە و هێندەش پاشەڕۆژێکی گەشەدار چاوەڕوانی بکات... هەردەڵێی قەدەر لەئاستی ئەو کۆستەدا، ئەوەندە ناچار بوو»پاسۆک»ە زێڕینەکەی سەر دڵی لە پارچەیەکی دڵیدا حەشار دا!.

ئێمەی هاوبیرانی شەهید و قوتابی ئەو ڕێبازە، تەنها سەبووریمان بەوەدێت، کە دەبینین شەهید لەگەڵماندا دەبینێ کە «پاسۆک»ڕۆژبەڕۆژ بەرەو ئەو ئاسۆیە هەنگاو هەڵدێنێ، کە جێی سەرنج و ئاواتی شەهید بووە...

**هێرش**

هاوبیر«بێستون» : لەیادی شەهید « فەرهاد» دا دەڵێ: لەساڵی ١٩٧٦ دا لەقوتابخانەی ناوەندی «ڕۆشنبیر»بڵاوکراوەیەکی سەر دیوار ڕازێندرابۆوە،زۆر لام سەیر بوو لەبار و هەلومەرجێکی وەکو ئەو ڕۆژەدا بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیریی بەو جۆرە بەگژ بەعس دا بچێتەوە، کە لە برادەرێکم پرسی ئەوە کێیە وا ملی لە چەقۆ دەسوێ؟ وتی...کاکە «فەرهاد»ی پۆلی چوارە!. بوو بە خولیام، تا ڕۆژێ بێ سێ و دوو بەرۆکم گرت و پێم وت: دەمەوێ هەندێ شتی ئەو بڵاوکراوەیەم بۆ ڕوون بکەیتەوە؟. وتی کاکە: ئەو بڵاوکراوەیە ڕوونە، بۆ لە شتی قوڵتر نەدوێین؟. وتم: بۆ متمانەم پێ دەکەیت؟. وتی: مەگەر کورد نیت؟. نازانم چ بڵێم هەرگیز لەوەوبەر هەستم نەکردبوو کە بەو قوڵییە « کورد»م و « کورد» یتم ئەو شەرەفە مەزنەیە. دڵنیام ئەو شێوازە قوڵە کاریگەرە سادە،خۆڕسکەی بووە کە ئەگەر بەکوردێکی هەڵخلیسکاویشی بووتایە،ڕاست دەبۆوە و دەهاتە سەرخۆ. ماوەی ساڵێک لەفێرگەی ئەو دڵە فراوان و گیانە پڕ پتەوەیدا قوتابییەکی گوێڕایەڵ! یان واق وڕماو بووم!. ئەوەندەی «کورد « و «پاسۆک « و « فەرهاد»م لا خۆشەویست کردم، کە ئێستاش سنووری ئەو سێ شتە،پیرۆزە جوێ ناکەمەوە و هەرگیز هەست بە جێ چۆڵی شەهید ناکەم، چونکە لەگەڵ هەر وشەی « کورد»ێک یان «پاسۆک»ێکدا، شەهید فەرهاد لەبەر چاومدا بەرجەستە دەبێت.

بەڕاستی ئەگەر نەمریی پڕ بە پێستی کەسێک بێت،ئەوا ئەو کەسە شەهید «فەرهاد»ە!.

هەواڵنامەی کتێب

# قوتابخانەی پاسۆک: ....
## وانەی دووەم

**((نە دوژمن دەبێتە دۆست و نە داگیرکەر برا! ))...**

- بێگانە لەسەر ئەم خاکە دوژمنە، لەوڵاتی خۆیدا دۆستە.
-دوژمنانتان دەربکەنە ئەودیو حەمرین و هەموو سنوورەکانی دیکەی کوردستانەوە.
- تەنیا کوردستانە بێ پەساپۆرت بێگانە خۆی پێدا دەکات.
- هەموو دۆستایەتی و ئاشناییەک لەگەڵ داگیرکەردا خۆ دۆڕاندنە.
- ئەی جەماوەر... بە چاوی سووک بڕواننە داگیرکەر، مامەڵەیان لەگەڵدا مەکەن... ئاشنایەتییان مەکەن.
- بەهەر ڕێگایەک بۆت ڕێکەوت دەست لەداگیرکەرەکەت بوەشێنە.
- دوژمن کە بەدەمتەوە پێدەکەنێ بۆ ئەوەیە هێمنت کاتەوە تا ڕاوت کات.
- بە زمانی داگیرکەر مەدوێ... تا بزانێ چەند قینت لێیەتی.
- لەکۆڵانێکدا ئەگەر سەگێک و داگیرکەرێکت دی، خۆت لە سەگەکە بدە و لە داگیرکەرەکە دوورکەوەرەوە.
- نەکەن بەچاوبەستی نۆکەران بڕوا بکەن» گورگ و مەڕ هەرگیز نابنە برا».. « ئێمە و داگیرکەریش هەرگیز نابینە برا».
- لەژێر جبەی برایەتییەوە،دوژمن زەفەرت پێ دێنێ،..نەکەن بەسەر خۆتیا کێشی.
- کەی داگیرکەر کشایەوە، ئەوکاتە باسی دۆستایەتی ڕەوایە...
- تا یەک سەربازی دوژمن لە کوردستاندا بێت ، برای داگیرکەر نین.
- ڕق لە دوژمنەکانتان هەڵگرن، لەخۆی، لەبەرگی، لەفەسالّی، لەهەموو شتێکی.
- شەرمە بێگانە حوکمی کورد بکات.
- شوورەییە مل بۆ دوژمن بدرێت...
- مردن سەدجار باشترە لە ملکەچی.
- بە چ هەقێ داگیرکەر لە حەمرین هاتووە،بەمدیودا؟.
- بە چ هەقێ داگیرکەر وڵاتەکەمان تاڵان دەکات؟
- بە چ هەقێ بێگانە حوکمان بکات؟.
- بە چ هەقێ دوژمن بە دۆست بزانین؟..داگیرکەر بە برا بزانین؟.

ئەی پێشمەرگەی کورد... تۆ سەرباز و پاسەوانی بێ ئاڵای.. تۆ گیانفیدا و جەنگاوەری بێ ڕەنگ و دەنگی... تۆ بە کوشت دەدرێی بۆ ئەوەی سیاسییە

محترفەکان لە پایتەختەکاندا، لەگەڵ بێگانە شەو ڕۆژ کەنەوە... تۆ دەکرێیتە خۆراکی مەرگ، تا پاشماوەی دوو سێ کورسی وەزارەتی داگیرکەر بە زار قەڕەباڵغەکان ڕەوا ببینرێ... تۆ دەکوژرێی.. تۆ سەردەکەوی... تۆ خۆر بەدیاریی دێنی...بەڵام لەژێر ئاڵای کوردا بجەنگە...بۆ ئاڵای کورد بجەنگە...بۆ دەوڵەتی کوردی...بۆ کیانی کوردی... بۆ سەربەخۆیی و یەککگرتنەوەی کوردستان...بۆ ئازادی نەتەوەی کورد...بۆ یەکسانی بجەنگە...خۆت بە جیهان بناسێنە وەکو سواڵکەرێک نا...وەکو تێکۆشەرێکی بێ کیان.. گەر دەتەوێ کیان و بوون و قەوارە بۆ کورد دروست بکەیت...مامۆستاکانت فێرکە، چونکە پێویستیان بەفێرکردن هەیە، ترسنۆکی هەموو شتێکی لەبیر بردۆنۆتۆ سەودا و مامەڵە چەواشەی کردون...سازی خۆدان بەدەستەوە بەرەو هەڵدێری خۆفرۆشییان دەبات...

فێریان کە...بەئاگایان بهێنیتەوە..فێریان کە...بیریان خەرەوە...بەئاگایان بهێنەوە ئەو کوردەی نەتوانێ بێتە برای کوردێکی دڵسۆزی برای... ئەو کوردەی نەتوانێ دەست بنێتە نێو دەستی کوردە دڵسۆزەکەی برا...ئەو کوردەی هەموو کوردستانی مەزن، سەنگەر و گۆڕەپانی خەباتی نەبێت..درۆ لەگەڵ خۆیی و تۆی کورد و مێژوودا دەکات...بازرگانێکی بێ مایە و سەرمایەیە، دەیەوێ خوێنی تۆ و من و هەموو کورد بکاتە دەستمایە...چۆن دەبێتە برای یەکێکی دیکە... یان برایەتی لە فەرهەنگی ئەمانەدا خۆفرۆشی و خۆبەدەستەوە و نۆکەرییە! .

دۆستایەتی...بەرانبەریی و چوونیەکی و هاوسانی و یەکسانی و ڕێزی بەرانبەرییە.

دۆستایەتی ... دەستدرێژی نەکردنە سەر ماڵ و ڕەوای یەکدییە...

دۆستایەتی... داگیرنەکردن و نەچەوساندنەوەی یەکدییە.

دۆستایەتی... دانان بە بوون و مافی چارەنووس و دەوڵەت و کیانی یەکدییە.

دۆستایەتی... دۆستایەتی و خۆنەویستییە.

دۆستایەتی...ئاغا و نۆکەری و پێشەنگی و پاشکۆیی و براگەورەیی و براگچکەیی نییە!.

دۆستایەتی...ملکەچی و سەرشۆڕی و ملدان و دادۆشین نییە...

دۆستایەتی...گەورەیی و خۆسەپاندن و داگیرکردن نییە.

دۆستایەتی... بەتاڵانبردنی سامان و .....یەکدی نییە

دۆستایەتی... خۆسەپاندن و سنوور لە نێو کوردا دانان نییە.

دۆستایەتی... کڕیار و فرۆشیار و خزمەتکاری نییە.

دۆستایەتی... خۆ بەکەمزانین و دوژمن بەگەورەزانین و خۆسووککردن و کڕنووش بۆ داگیرکەر نییە.

دۆستایەتی... ماستاوکردن و پاڕانەوە و لاڵانەوە نییە.
دۆستایەتی... خۆکردنە پاشکۆ و لەدواوەی ئەم و ئەو نییە..
دۆستایەتی... کاتێ دەبێ میللەتان ئازاد بن..
دۆستایەتی... کاتێ دەبێ میللەتان ڕزگار بن..
دۆستایەتی... کاتێ دەبێ میللەتان یەکسان بن..
دۆستایەتی... کاتێ دەبێ کەس لەسەر خاکەکەم نەبێ..
دۆستایەتی... کاتێ دەبێ کەس بە خۆیم نەزانێ..
دۆستایەتی... کاتێ دەبێ کەس نەمچەوسێنێتەوە و نەمڕوتێنێتەوە..
دۆستایەتی... کاتێ دەبێ ڕێز بۆ بوون و ژیان و گیانم بگێڕدرێتەوە...
دۆستایەتی... کاتێ دەبێ دەوڵەت و سنوور و ئاڵای شەکاوە و پارێزراوم هەبێت.
دۆستایەتی...کاتێ دەبێ بە برام بزانێ،ڕێزی برام لێنێ،بەچاوی برایانەم تێڕوانێ..
دۆستایەتی... کاتێ دەبێ هێندەی خۆم بەتەنگەوە بێت..

ئێمە باوەڕمان بە دۆستایەتییەکی ڕاستەقینە و مامەڵەی هاوچوون یەکی لە نێوانیاندا بێت..

ئێمە باوەڕمان بە دۆستایەتیی نێو گەلان هەیە، بەمەرجێ ڕێزی یەکدی بگرین..

دۆستایەتی « گورگ و مەڕ» و دۆستایەتی» داگیرکەر و داگیرکراو» و دۆستایەتی» چەوسێنەر و چەوساوە» و دۆستایەتی» چەتە و ڕووتکراوە» و دۆستایەتی « بەکیان و بێ کیان» و دۆستایەتی نییە.

دەمامکی دادۆشینە..چەوساندنەوەیە..دێوجامەی ڕووتاندنەوەیە، پەردەی لەناوبردن و تواندنەوەیە... ئاوازی بێ سازی ترسنۆکەکان و خۆدان بەدەستەوەدان و بودەڵە و ناپاکانە...چەکی دەستی بێ دەسەڵاتی سەرلێشێواوانە... بانگەوازی دڕدۆنگی بۆرژوای قوماربازە... بیروباوەڕی ناسروشتی و نالۆژیکییە...هەراجخانەی شرۆڵی مێژووە... دوا پەردەی تەڵە و داوی کۆنینەی عوسمانیان و سەفەوەیانە... پێشمەرگە بەئاگابە لە خشتەت نەبەن.

هەتاکەی ئاڵای کورد چاوەڕوانی هەڵکردن بێت؟ هەتاکەی لەبارەگای نەتەوە یەکگرتووەکاندا شوێن و ئاڵای کورد و نوێنەری کورد نەبێت، هەتاکەی پەساپۆرتی کوردی لە هیچ وڵاتێک وەرنەگیرێ؟... هەتا کەی پوول و درواى وڵاتەکەمان وێنەی داگیرکەرانی لەسەر بێت...؟ هەتا کەی بەرگی سەربازی بۆ داگیرکەر لەبەر کەین؟هەتاکەی بە زمانی دوژمنەکەمان بخوێنین؟ هەتاکەی وێنەی قارەمانانی کورد قەدەغە بێت؟ هەتاکەی مارشی کوردی لە فیستیڤاڵەکانی جیهانیدا لێ نەدرێت؟..

- با هەوڵ دەین پێشمەرگەی سەر سنووری کوردستانی گەورە دروست کەین و

به پەساپۆرت نەبێ نەیەڵین بێگانە پێی بنێتە وڵاتەکەمانەوە...با بەرووبووم و سامانی کورد بۆ کورد خەرج کرێت.. با نەوتی کورد منداڵی سەرمابڕدەڵەی کورد گەرم کاتەوە... با ئاوی دوکان و دەربەندیخان دەشتی قەراج و شلێر ئاو بدات... با کارەبای دبس بامەڕنی و شیروانی مەزن و پشت ئاشان و سیتەک و کانی زەرد و بازیان و زرگوێز و ناوشوان و شێخ بزینیان ڕوون وەکات... با وێنەی شێخ مەحمود و قازی لە شوێنی "سەددام" و" ئەتاتورک" هەڵواسین... بەپیتی کوردی پیرۆز، وشەی کوردی بڵند، ڕستەی کوردی بەپێز، پەخشان و هۆنراوەی کوردی ناسک لەبری قوزەڵقورتی بێگانە بەگوێی نەوەی نوێی کورددا دەین... با نوێژ بە کوردی بکەین... قورئان و ئینجیل بە کوردی بخوێنین... ویرد و سکاڵا بە کوردی بکەین... با بە کوردی پێبکەنین بە کوردی بژین .. بە کوردی بمرین...

- ڕاپەڕن بۆ داڕشتنی بناغەی دەوڵەتی کوردی، کیانی کوردی، وڵاتی سنووورداری کورد.

- ڕاپەڕن بۆ دامەزراندنی ڕژێمی کوردی، دەستووری کوردی.

- ڕاپەڕن بۆ کردنەوەی قوتابخانەی کوردی، مزگەوتی کوردی، ماڵی کوردی، شەقامی کوردی، ئەپارتمانی کوردی...هەموو شتێکی کوردی.

- ڕاپەڕن بۆ دڕاندنی ناسنامە چوار پێنج جۆرەکەی کورد، بۆ نەخشاندنی ناسنامە و بەڵگەنامەی کوردی.. بۆ پەساپۆرتی کوردی، بۆ پارە و دروای کوردی، بۆ مەتر و کیلۆ و هۆقەی کوردی، بۆ هەموو شتێکی کوردی.

- ڕاپەڕن بۆ شکاندنی سنووری نێوان کورد و کورد و چەسپاندنی سنووری نێوان کورد و بێگانە.

- ڕاپەڕن بۆ ڕاماڵینی داگیرکەر و بێگانە لە کوردستان و گێڕانەوەی کوردی ئاوارە بۆ باوەشی کوردستانی دایکمان.

- ڕاپەڕن بۆ پاککردنەوەی ئاسمانی کورد لە دوکەڵی کارگەی داگیرکەر و دامەزراندنی کارگەی کوردی...وەرشەی کوردی، دەزگای کوردی و هەموو شتێکی کوردی.

- ڕاپەڕن بۆ یەکێتی، بۆ یەکگرتن، بۆ تین یەکخستن، بۆ برایەتی و دۆستایەتی خۆشەویستی کورد و کورد... بۆ تۆڵە لەداگیرکەر و دوژمن.

هەواڵنامەی کێنێ

# قازییان یادتان بەخێر لەبەر سێدارەدا....

لە نیوە شەوێکی تووش و تاریکی وەک دڵ و دەروونی داگیرکەران، لە ٣١ی ئازاری ١٩٤٧ دا سێ سێدارە لە چوارچرای مهابادی خوێناوی هەڵخرا بوو، بۆ تاساندنی گیان و نووزەی ئیرادەی کورد. بۆ کپکردنی ئەو دەنگە دلێرەی پێشەوا و ڕابەری کۆمارە ساواکەی کوردستان. کە سروان شەریفی پارێزەری دادگا قەرەقووشەکەی شای جەللاد دەڵێت:

« ئەو ڕۆڵە قارەمانانە بەجۆرێک پارێزگارییان لە یەکتر کرد و بەجۆرێک وەڵامیان ئەداوە، کە زەرڕەیەک پاڕانەوە و پەشێمانی لە کردەوە و بیروباوەڕەکانیان هەست پێ نەئەکرا... قازی وتی: ئێمە لە کردەوەی خۆمان پەشێمان نین و هەرگیز ناپاکی بە نیشتمان و نەتەوە وەئەستۆ ناگرین».

تاوانی لەسێدارەدانی سێ قازیانی قارەمان(قازی محەمەد و سەیفی قازی و سەدری قازی) هێندە نەنگ و دڕندانە و ناجوامێرانە بووە،هەتا حەمەڕەزای شای گۆڕبەگۆڕ لە پاشاندا لەبەردەم هەندێ لە کەسوکاری قازیدا پاساوی ئەو تاوانەی داوەتەوە و بەچاو شۆڕییەوە وتوویەتی:

«منیان ناچار کرد حوکمی لەسێدارەدانی قازییەکان مۆر بکەم»!. دەبێ ئەو گیانە چەند بەرز بێت و ئەو تاوانە چەند گران بێت، کە بگاتە ئەو ئاستەی بەزەردەخەنەوە بڵێیت : ئێوە قازی محەمەدێک لە سێدارە دەدەن، کە سبەی هەزاران قازی محەمەدی دیکە، کاروانی رزگاری کوردستان دەگەیینە پیرۆزی... وای لە شای نۆکەری ئیمپریالیزم بکات لە ڕووی گەشی نەوەی قازیاندا،سەری پەشێمانی داخات.

وەڵامی ئەمە لە ڕۆڵە ڕاپەڕیوەکانی قازی دەبیستینەوە،کە ئیمرۆ داستانی نەبەردی و گیانبازی تۆمار دەکەن و هەر ڕۆژەی قازی محەمەدێک پیشانی داگیرکەرەکە دەدەن. لە کوردستانی خوێناوی و ئیرادەی لەبن نەهاتووی شۆڕشی ڕزگاریخوازی کورد دا، دەدۆزینەوە و کە بیانەوێ و نەیانەوێ چۆن سەر بەسەدان داگیرکەر و دوژمنی ئەم نەتەوەیە شۆڕکراوە، ئاوا دەبێت کەللەی پوچ و بۆشیان لەئاست نەبەردی و گیانفیدایی کورددا، شۆڕکەن و بخرێنە چاڵی ڕووڕەشی و نەمانەوە.

ئێمە لە یادی شەهیدانی کۆماری کوردستان دا،سەری ڕێز و حورمەتمان لەئاستدا، دادەنەوێنین و بەڵێن و سوێندی ڕێبازگیریان بۆ دەخوێن... ئێمە بەرۆگرانی ئەو

شەهیدانەیین. دەبێت لە سەنگەری شەرەف و کوردایەتیدا بۆ (کوردستانێکی ئازاد و گەلێکی یەکسان) سەرمان دانێین.

بە دوژمنان دەڵێین: ئێمە ڕۆڵەی ئەو کەسانەین کە (ماریا ماچوکی) ئیتالیایی دەڵێت: ( کوژرانی دڕندانەی پێشەوای بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد، قازی محەمەد و براکانی و ئەو قارەمانێتتی و جوامێرییەی کە ئەوان لەکاتی هەڵواسیندا نواندبوویان، هیچ کاتێک لەیاد ناچێت. ناوی ئەم برایانە،گیان دەکات بە بەر تەواوی نەتەوەی کورد دا،بۆ خەبات لە پێناوی وەدەستهێنانی ڕزگاری و سەربەخۆیی دا).

هەزاران سڵاو لەیادی پیرۆز و زیندووی «بینایی»کورد پێشەوای مەزن.
مردن و سەرشۆڕی بۆ داگیرکەران

هەواڵنامەی کتێب

# بانگێ لەسەنگەری پاسۆکەوە

## ## هاوڵاتییەکە، هاوخوێنەکە، هاوچارەنووسەکەم##

هاوڵاتییەکەم، هاونەتەوەکەم، هاوژان و چارەنووسەکەم

سڵاوی ئازادی و یەکسانی

هەرچەندە ژیان دیاری خوادیە و باڵاترین و پیرۆزترین و بەهێزترین دیاردەی بوونە لەم گەردوونە دا، بەڵام هەربوون خۆی چەند پلەی جیاواز و داشکاو و هەڵکشاوی ژیانی نەخشاندووە و هەموو ژینێک لەیەک ئاستی بایولوجیشدا بن، لەیەک ئاستی مانا و ناوەڕۆک و جەوهەردا نین. هەر لە ژیانی بێ ڕەنگ و بۆ و چرپەی ڕوەکێکەوە تا دەگاتە ژینی گیان لەبەرانی بێ هۆش و گۆش و هۆشداریەوە. لە سنووری هۆشداراندا پلە و خانەی جیاجیای وا بەر هەست دەکەوێ، کە هەندێکیان سەدجاران بە قوربانی نەبوون بن چێترە. ژینی تاکێکی بەڕەڵڵا و بێ ئامانج و ژیانی ژێردەستەکی کۆیلەی قایل بوو بەمانەوەی سک و زاووزێ و بوونێکی دەستەنەخۆری و ئاژەڵئاسایی،لە بوونی ئاژەڵیانەی گیاندارانی بێ هۆش و ڕۆچووترن. چونکە دابڕانیک دەبێ لە نێوان پێویست و بووندا!!. بۆیە ژیانی ڕەنگ ڕێژراوی مرۆڤانە ئەو ژیانە سەرکەش و ئازادانەیە، کە مرۆڤ خۆی لە جەوهەری بووندا دەدۆزێتەوە و هەست بە گرنگی و کەرامەت و بوونی خۆی دەکات. هەر کاتێ نالەنگییەکی هەست پێکرد لە نێوان مانا و واقیعی ژیاندا. لەسەریەتی ئەو لەنگییە ڕاست بکاتەوە و سەدجارانیش لەو ڕێیەدا بگلێ و بەهۆی خۆی لەدەسەڵات بەدەر ڕۆشچێت، ئەگەر ویستی ڕاستبوونەوە و سووربوون لەسەر ملنەدان بۆ واقیعی چەواشە و ئاوەژوو بزوێنەری ناخی مرۆڤانەی بێت، دەیگەنێتە سەر ڕێی ڕاستکردنەوە و قەراگیری باری ئاسایی و سروشتی مێژوویی. ئەوپەڕی شەرەفی مرۆڤبوون و ژیانی نەمری هەتا هەتاییە کە « شەهادەت» ە لەو ڕێگایەدا، شەهادەت گەواهی بێ خەوش و چەندوچۆنی ویستی خۆیی بڵندی مرۆڤەکەیە، ترۆپکی ڕەفتاری ئەرێنی/ ئیجابی مرۆڤانەیە.

کورد وەکو نەتەوەیەک بۆتە قوتابخانەیەکی فێرکردنی ئەم وانە پیرۆزانە و سەرتاپای مێژووی پڕ شکۆ و شەرەفی ئەفسانەی بەرزی ویستی مرۆڤ بووە و هەر تاکێکی کۆمەڵگای کوردەواری لە دەستووری نەمری ژیان،کە (خەبات و هەوڵدان و شەهادەت)ە لایدابێت ،لە «کورد»ێتی شۆراوەتەوە و ئەوپەڕی٠ سوکی لە ڕەوشتی کۆمەڵایەتیدا بەزین و ملدان بووە بۆ زۆری و ناڕەوایی واقعی چەوت. تاکێکی ورە ڕوخاو و نەفس نزم و لە کورد شۆراوە لە چڵەپۆپەی شانازیبوون بە کوردەوە

خلسکاونەتە ... باری (جاشێتی)و(سووکێتی)کە لەڕەوتی مێژووی کورد لایان داوە و لەچوارچێوەی دەستوور و دەستووری ژیانی کوردەواری بەربوون،تۆش وەکو تاکێکی کورد هەڵوێست و بیری کوردانەت لە ڕووی دوژمنەکەتدا هەڵوێستی بە مێژووی کورد کردووە و داستانێکی پڕ قارەمانێتی و مەردایەتی کوردێک بووە و کە لەوپەڕی خۆکوشتن و ڕەفزی بووندا نموونەی خوایی کێشاوە لەبەرەنگاربوونەوەی دوژمنان و داگیرکەران دا.

هەڵوێستی ئەو ڕۆژەت جێی شانازی حیزبی ئێمە بووە کە نوێنەری ڕاستەقینەی خەباتی نەتەوایەتی کوردە.ئەو هەڵوێستە خۆراکی مینۆکی/ مەعنەوی هێندە بەپێز بووە کە پتر ویست و باوەڕی هاوبیرانی(پاسۆک)ی هەژاندووە بەوەی کوردیش هێندە مەرد بێت و کورد خاوەنی ڕۆڵەی وا بێت دەبا هەموو هێزی شەڕ سەنگەر بەندی بکەن... دەبا گەردەلوولی چەوتی ویستی شەڕ مەرگ بەسەر کوردستاندا بباریێ...دەبا هەموو تاریکایی مێژووی خڕوەبن و بەری ئاسمانی کوردایەتی بگرن... کورد خاوەنی خۆری ویست و ئامادەگی ڕۆلانێکی ئاوایە کە دڕ بەشەوەزەنگی تار دەدات.

هاوبیری تێکۆشەر..دوژمن لەگەڵ سەرسەختی دا هۆشدارێکی نەرێنیشە، بۆیە دەزانێ زەبروزەنگ داروبەردی کوردستانی لێ دێنێتە دەنگ. خۆش دەکات... دەزانێ هێزی چەپەڵی مەرگچێنی مادی،لەئاست ویست و خواست و دەریای گیانی مینۆکی/ مەعنەوی کوردا دەچەمێتەوە...پووچ دەبێتەوە بۆیە گەڕاوە و دەگەڕێ بە شوێن کەرەسەی دەروونی و گیان ڕووخاندن و ورەبەردان.. بۆیە لەنیوە پتری هەوڵی چەپەڵی خۆی لەبن کەنەکردن و خۆرکەتێدانی گیانی کوردایەتی بەخەرج دەدات... بۆیە هەڵپەی دەست بەسەراگرتنی ویست و گیانی شۆڕشگێریی و کوردانەمان دەدات کە ئەمەی بۆ لوا و سەری گرت دەست بەسەرگرتنی لەش تەنی گەندەڵی بێ ویست و گیان لە سووتاندنی داربەڕووەکانی کوردستان ئاسان ترە.

ئەمەش چۆن دەکات:

بیری بێگانە و خۆراکی ئاوەکی و نائاشنا و دروشمی نادروست و چەواشەی بریقەداری ئەم و ئەو وەک فەردەی پۆشاکی لەنگە،لە کوردستان دا دەبەخشێتەوە... بۆ بیری پوچەڵ و نانەتەوەیی و ناکوردانە خۆی دەکات تا گیانی کورد گەندەڵ بکەن.

شەڕی براکوژی و کورد کوشتن و مەبدەئی یەکدی قەلاچۆکردن لە کوردستان دا دەچێنێ، .... نۆکی جیاواز و ڕقی شەخسی دەکات بە گابەردی لێک دوورکەوتنەوە و پەرتبوون و کەوتنە گیانی یەکدی.تەقالیدی شۆڕشگێڕانە و دڵسۆزی و کوردویستی و پیاوەتی و دەماری کوردایەتی لە کوردستان دا و لە نێو ڕیزەکانی شۆڕش دا،دەتاسێنێ

و سستی دەکات و لە شوێنیدا هەڵپە و چاوبرسێتی و پارە و پوول و خۆفرۆشی و ڕووخان و بەزین دەچێنێ. هەشە لەژێر چارشێوی شۆڕشگێڕایەتییەوە کۆمەکی پێدەکات و پلانە گڵاوەکانی بۆ دەتەنێ.

ئەوە و زۆر کار و کردەوەی ناپەسەندی تر،ئیمڕۆ بە قووڵی، بە توندی،بەزەقی وەکو خۆرکە و تاعوون دەمی ژەنیوەتە جوڵانەوەی رزگاریخوازانەی کورد و شۆڕشی میللی کورد.

هەرچی بڵێین و بڵێین ڕاستە...شۆڕش لە گرێژنە براوە، چەواشەکراوە، لابراوە، لەمەش زیاتر ناوەڕۆک و شێوازیشی پووچ کراوەتەوە...بەڵام ئایا شۆڕش چارەنووس و قەدەری کورد نییە؟ ئایا تاکە ڕێگای ڕزگاریی و سەربەخۆیی نییە؟! چ بە ئابڕوویەکی دڵسۆز ئەتوانێ بڵێ نەء؟!.کە وابێ شێواویەکە ....مەبەست و مەبدەئی شۆڕشدا نییە! شێوە و جۆر و چۆنییەتی شۆڕشەکە وایە..ئەمە دەمانگەیەنێتە ئەو سەرەتا دروست و بەڵگەنەویستەی کە ئەرکی هەرە پیرۆز و گرنگ و سەختی ئێمە پاککردنەوەی سەرچاوەی شۆڕشە، بە بیروباوەڕی (کوردایەتی) و (پاسۆک) انە..

بەڕەفتاری شۆڕشگێڕانە و خۆنەویستانە،بە هەڵسوکەوت و چالاکی لە خۆبووردووانە و کورد دۆستانە... بەهەوڵ و تەقەلای شەو و ڕۆژ.. بەگردبوونەوە لەدەوری ئاڵای کوردایەتی...بەخڕبوونەوە لە هەڵگری بیروباوەڕی کوردایەتی ،لە نوێنەری ڕەنجدەران و کۆمەڵانی زەحمەتکێش و دڵسۆزی کورد (پاسۆک)ی پێشڕەو،هەڵکردنی مۆمێک لە تاریکایی شەوەزەنگێکدا دڕ بە سوپای ڕەش و تار دەدات،نەک ڕاکردن لەباوەشی تاریکییەوە بۆ باوەشی تاریکییەکی دیکە..شەوەزەنگی کورد بە هەڵگیرساندنی مۆمی باڵا و ژیانی ئێمەی نەتەوەیی دەبێت...ڕاکردن لە گۆڕەپان و مەیدانی خەباتدا،پشتگیریی کۆمەکە بەدژ کوردان و چەواشەکەران و ناپاکان...هاریکاری ناڕاستەوخۆی هێزی دژ بە کوردە... زێتر شێلانی قوڕی نەهامەتی و مەینەتییە...گەورەترین خزمەتە بە دوژمنان و داگیرکەران... دوژمن چی ئەوێ؟ ئەوەی دەوێ مەیدانەکە چۆڵ کرێت و کەسی دڵسۆز و کورد لە گۆڕەپانەکە نەمێنن تا تاوی لنگی ئەسپی خۆی تێدا بدات و تەراتێنی شەیتانانەی تێدا بکات... هیچ بەڵگە و بیانوویەک نییە شۆڕشگێڕ نەیەتە سەنگەرەوە یان سەنگەرەکەی بەجێبهێڵێ..هیچ شتێ لەخۆیەوە نە ڕوو دەدات و نە چاک دەبێ...هەموو شتێ کاری دەوێ و هەر شتێکیش کاری بۆ بکرێت دەگەیەنرێتە ئەنجام...

ئەوەی بەڵگە و بیانوو بۆ سەنگەر چۆڵی و بەشدارنەبوون دەدۆزێتەوە،پێشەکی بڕیاری بەزین و ڕاکردنی داوە..بیەوێ و نەیەوێ لە کوردایەتی دەشۆرێتەوە.. دەبا هەمووان دەست لە ناو دەست کەین،بۆ دڕدان بە شەوەزەنگی کورد...دەبا خۆری

رزگاری و سەربەخۆیی و یەکسانی بۆ منالآنی کورد بەدیاری بێنین..دەبا شەرەفی بەشداربوونی کاروانی پڕ شەرەفی خەباتی کوردایەتی پاسۆکانە لەدەست خۆمان نەدەین..

بۆیە داوات لێ دەکەین وەک کوردێکی بەشەرەف و هۆشمەند دووی هەڵوێستە بەشەرەفەکانی ڕابردووت کەویت و چاکی مەردایەتی و کوردایەتی لێ بەلاداکەیت.. لە زەماوەندی رزگاری و سەربەخۆیی دا،سەرچۆپیگێڕی مەرگی داگیرکەر بیت... تۆ و دانیشتنیان نەوتووە،تۆ بۆ کورد و کوردایەتی لە دایک بوویت،ئەوە چارەنووستە... ئەگەر نەیکەیت بەدەستی خۆت خۆت دەکوژی.قەوارە و بیری تۆ لە پاسۆکدایە و (پاسۆک) ئەو لایەنە هەرە پیرۆزەیە،کە تاکە ڕێگای ژیانتە... ئامێزی دڵسۆزی بۆ کردوویتەوە ،دە تۆش خۆت لەو شەرەفە بێبەش مەکە و فریای ئەو کاروانە بکە..تۆ تەنیا لە (پاسۆک)دا نرخ و بوونی خۆت دەدۆزیتەوە،،،تۆ تەنها لە (پاسۆک)دا ورە و تین و تاوی خۆت بۆ کورد تەرخان کەیت و پێشکەشی کەیت...لەهەر چوارچێوەیەکی تردا بیکەیت،زیان لە خۆت و کورد و چارەنووس دەدەیت.

دەخـۆت ڕاپسکێنە لە دوودڵـی و ڕاڕایـی و حەیفە کـوڕی وەک تۆ لە کۆڕی خەباتی(پاسۆک)دا نەژی...بەهیوای ئەوەین کە شوێنی ئەو هیوایە بیت،ئێمەی کورد پێت دەکەین...

هەر بژین بۆ کورد

هێزی پێشمەرگەی پاسۆک

# له هەگبەی دۆسایەتیدا

(دۆستایەتی کەس بە دوژمنایەتی کەسی تر ناکڕین)

ئێمە هەموو کۆڕ و کۆمەڵە شۆڕشگێڕە خێرخواکانی کورد بە دۆستی خۆمان دەزانین و هەر ناکۆکییەکی لاوەکی سروشتیمان لەنێواندا بێت، کە شتێکی ئاسایی و خۆڕسکییە ببێت.بەپێی سەرەتای دروستی زانستانەی بیروباوەڕی حیزبمان بەلادا خەین... و تەنها داگیرکەران و داروەدەستە چڵکاوخۆرەکانی بەدوژمنی سەرەکی و ناوەندی خۆمان دەزانین... هەموو پێکدا چوون و پێکدا پژانێکیش لە نێوان هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردا بە کارێکی چەوت دەزانین و هەل لەدەستدانی کوردە... ئیمڕۆش گەورەترین و تاکە زامنی سەرکەوتنی خەباتی عادیلانەی کورد،یەکێتی ریزەکانمان و یەکگرتنی هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردە... ئێمە لە هەموو ئەو کێشە و بەرامبەریی و پێکداچوونەی کۆن و نوێی نێوان هێزە سیاسییەکان بەگشتی و نێوان برایانی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) و(حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان) دا بەتایبەتی هەمیشە لایەنی ناوبژیی و بێ لایەنیمان گرتووە و هەوڵمان داوە و توانای خۆمان بۆ درز برکردنی ڕیزەکانی نێو(بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردستان)دا بە خەرج بدەین... لەم ڕێگا پیرۆزەشدا زۆر جاران گلەیی فڵانە لایەن یان فیسارە لامان هاتۆتە سەر. چونکە ئەوسا و ئێستا و لە داهاتوشدا،بەتوندی ئەوە ڕەتدەکەینەوە کە ببینە(پارسەنگ) و (پاشکۆی) هیچ کەسێک..هەرگیز (دۆستایەتی هیچ لایەنێک بە دوژمنایەتی لایەکی تر ناکڕین).. بۆ ئەوەی کەس نان و پیاز بە هەڵوێستی ئەم دواییانەوە نەخوات و بازرگانی پێوە نەکرێت،دەقی نووسراوی (سەرکردایەتی هەرێمی باشووری) بەڕێز دەخەینە پێشچاو کە ئاڕاستەی برایانی (حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان)مان کردووە... ئێمە ئەو کەسانەین بەچاک دەڵێین چاک و بە خراپ دەڵێین خراپ.هیچ ئیعتبارێک تێکەڵاوی ڕاستی و بەرژەوەندی کورد ناکەین... ئەوەی بەمە قایل نابێت،چاوەڕوانی دۆستایەتیمان لێوە نەکات... چونکە ئێمە(کوردین پێش ئەوەی هیچ شتێکی تر بین).

دەقی نووسراوی سەرکردایەتی هەرێمی باشووری بەڕێز،بۆ سەرکردایەتی حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستانی بەڕێز:

کوردستانێکی ئازاد  گەلێکی یەکسان

ژمارە/ ئا  رۆژی ١٩٨١/١/٣١

بۆ / هەڤاڵانی سەرکردایەتی حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان ـ بەڕێز
سڵاوی ئازادی و یەکسانی

لەم ڕۆژانەدا هەواڵێکی وا بڵاوکراوەتەوە کە گوایە هەڤاڵانی ئێوە لە (شارباژێڕ) لەگەڵ دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی برادەرانی(یەکێتی نیشتمانی کوردستان) پێکدا هاتوون و لەسەرئەنجامدا بریندارێک بووە و کاک (نەوشیروان مستەفا) ش دەکەوێتە دەستانەوە. کە لەلایەکی ترەوە هەواڵی ئەوەمان پێگەیشتووە،کە کاک (نەوشیروان) بۆ گفتوگۆ و چارەسەرکردنی ئەو کێشانە ـ پاش تەقە لێکردنەکە ـ هاتۆتە لای کاک (ملازم تایەر) و لەوێ چەک کراوە و ئێستا مامەڵەی (دیل) یکی لەگەڵدا دەکرێت.. جا ئێمە لە ڕووی پێداپەرموون و دڵسۆزییەوە و لەڕووی ئەوەوە کە وەکو (حیزبێکی) دۆست و هاوسەنگەری هەردوولا، زۆر بە پەرۆشەوەین،کە تا ئەم کارە نەرێنییانە/سلبییانە نەتەنیوەتەوە و شتی ناخۆشتری بەدوادا نەهاتووە، شەڕەکە لە بەعسەوە نەپێچرێتە ملی هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان و نەبادا خوانەخواستە « تێکدەر» ێک لەپاڵ ئێوەوە دەست بکێشێت بکێشێت گیانی کاک نەوشیروان و پاشان بەتەواوی خوێنی یەکتر حەڵاڵ بێت، وەکو نیەت پاکی(حسن النیه)یک و ڕووی ئەرێنی/ئیجابی پیشاندان،زۆر ئاگاداری گیانی کاک نەوشیروان بکرێت و بیپارێزی وەکو پێشمەرگە و شۆڕشگێڕێک ڕێز و حورمەتی بگیرێ و بەزوویی ئازاد بکرێت... بەو هیوایەی ئەمە ببێتە هاندەرێک بۆ بەلاداخستنی هەموو کێشە لاوەکییەکانی نێو ریزەکانتان...

بۆیە ئێمە پێشنیاز دەکەین:

١ـ دەمودەست کاک نەوشیروان ئازاد بکرێت.

٢ـ لیژنەیەک لەنێو ئەو(بەرە)یەدا دروست بێت،کە هەردوولای تێدایە! بۆبەلاداخستنی ئەو کێشانە،ئەگەر ئەمە نەکرا با لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە و چاودێری لە برایانی(حیزبی شیوعی عێراقی و حیزبی دیموکرات) و ئێمە پێک بێت،بۆ هەمان مەبەست.

٣ـ ئەو لیژنەیە بەرنامەیەکی کار و ( ثوابت و روابـط)ی پەیوەندی نێو هێزە سیاسییەکان دابڕێژێ و دەسەڵاتی بەدواداچوون/متابعە و جێبەجێکردنی هەبێت.

هیوادارین ئەم داواکاری و پێشنیازەمان بەسنگێکی فراوانەوە لێ وەرگیرێ و هەنگاوی خزمەتگوزارانە و کورد دۆستانە لەم بارەیەوە هەڵگیرێ.

سەرکەوتوو بێت هەوڵی خێرخوایانەی «یەکێتی ریزەکانی کورد»

هەر بژین بۆ کورد　　　　　سەرکردایەتی هەرێمی باشوور

پارتی سۆسیالیستی کورد
(پاسۆک)

لە خوارەوە دەقی ئەو یاداشتەی (سەرکردایەتی هەرێمی باشوور)ی بەڕێتان دەخەینە بەرچاو،کە دراوە بە (جیسکار دیستان)ی سەرۆک کۆماری فەرەنسی،دژی ئەو هاوکارییەی شەڕخوایەی لەگەڵ دەسەڵاتی ڕەشی بەعسدا دەیکەن..

**کوردستانێکی ئازاد گەلێکی یەکسان**

السيد الرئيس (جيسكار ديستان) رئيس الجمهورية الفرنسية المحترم

تحية و سلاما

عجبا ليوم ماساوى تنقلب فية الاية، فقبل عقود قليلة كانت فرنسا قلعة الحرية و ملاذ الملجاهدين. والثورة الفرنسية الكبرى شعلة آنارت العالم واهتدى الشعوب المقهورة بهدى ثوار الباستيل. وقد وصل شعاع نير لتلك الشمس المشرقة من فرنسا الثورة و الحرية وآنارت جبال كردستان الثائرة و كانت شعار اول حزب كردى، كان يناضل من اجل استقلال كردستان و حرية الامة الكردية « الحرية و الاخاء والامساواة» نفس ذلك الشعار الذى فتح الابواب على مصراعيها للحرية و كرامة الانسان. وكان منتظرا آن يصبح ذلك الشعار الى حزم من النور ويزيح كابوس الليل الحالك على صدورالكرد الميامين.

ولكن و يا للآسف نرى اليوم ان التكنولوجيا الفرنسية تستثمر لذبح شعب آمن و جريمته الوحيدة، انهم خلقوا كرداً و يرفضون الرضوخ لارادة الشر و القهر البربرى !!. ادوات الموت المصدرة للبعث العنصرى لا تستعمل للدفاع عن كيان العراقى المهزوز ولا فى سبيل الحرية و دفاع عن النفس المشروع بل تستعمل لابادة شعب اعزل وذبح الاف الاطفال و الشيوخ و حرق القرى والمزارع و تشريد عشرات الالوف من ابناء شعبنا. وان الجرائم التى ترتكب بالسلاح والدعم والخبرة الفرنسية يندى لها الجبين. فجرائم ڤيتنام و بيافرا خجولة امامها!!.و نحن نتحدى الحكومى العراقية و جلاوزة البعث والآصوات اللامسوولة الفرنسية بارسال وفد حكومى او شعبى محايد ليروا بآم آعينهم ثمرة الصداقة البعثية الفرنسية ويروا ماذا تقترف بحق الانسانية المعذبة و سوف تذكركم جرائم البعث بجرائم هتلر ابان احتلال فرنسا و مقاومة الشعب الكردى الاعزل الصامد بالمقاومة البطولية للشعب الفرنسى.

فنحن محرجون يا سيادة الرئيس امام آبناء شعبنا لاننا علمناهم بان شمس الحريه قد آشرقت من فرنسا وآن الاصوات المدوية لثوار پاريس استنهضت الشعوب والامم المقهورة علىٰ آمرها و زحزحت قلاع الطغاة. وعلمناهم كيف آن فرنسا المقاومة ضربت المثل العليا فى مقاومة الظلم والالحتلال وكيف آن شعب پاريس واجهوا دبابات هتلر بالايمان العميق بالحرية والكرامة والاستقلال،ولقناهم دروس العزم والصمود فى

شخص قائدكم المنقذ الراحل « شارل ديغول» وكيف آنهى الحرب الاستعمارية فى الجزائر و فتح صفحة جديدة و نظيفة فى حياة الحركة السياسية الرسمية لفرنسا وكيف بنى صرح السياسة المستقلة فى آوروپا و حرر فرنسا من اخطبوط التبعية للسياسة الامپريالية الامريكية والاخلاق الاستعمارية العدوانية. وابلغناهم بآن فرنسا هى احدى قلاع الحرية فالافكار والصرخات الخيرة كانت تنبعث من آعماق للامة الفرنسية وتبعث الى بلدان آخرى.

فاليوم نحن محرجون امام الواقع المؤلم المآساوى الصارخ و طلاب تلك المدرسة وملقنى تلك الافكار والحقائق يذبحون و يقتلون بآسلحة فرنسية و يطوقون و يبادون بآيدى البعث واستشارة الخبراء الفرنسيين!! فسجل التعاون الاسود بين البعث العنصرى و فرنسا قد يضر بسمعة فرنسا و مبادئها الانسانية قبل ان يضر بشعبنا الكردى لان الامة لاكردية طوال تآريخها المجيد الملىء بالبطولات والتضحيات قاوم الغزاة والستعمرين والمضطهدين ولم تتمكن اية محاولة عدوانية من النيل من عزيمة الكرد.

سيادة الرئيس... نحن من موقع الحرص على مصلحة و مستقبل العلاقات الانسانيية بين آمتنا والسمعة الطيبة لفرنسا و مبادى العدل والانسانية و بتواضع الثوار نذكركم بمسؤليتكم التاريخية ونضعكم آمام مخاطر تزويد عراق البعث بالتكنولوجيا النووية والمفاعل الذرى حيث كما تعلمون بان الحكومات العراقية ليست بحكومات دستورية و مستقرة بل حفنة والمغامرين المتآمرين والمجردين من كل القيم الانسانية والاخلاقية وهذا ما يزيد من المخاوف والمخاطر من تكرار ما حصل فى هيروشيما و ناگازاكى ثانية ضد شعبنا الكردى.

و نهيب بكم وبالشعب الفرنسى و قواه الخيرة مراجعة مواقفكم هذه اما بقصر تلك العلاقات فى نطاق العلاقات التجارية العادية غير العسكرية واما قطع تلك العلاقات والابتعاد عن رذاذ صديد البعث. ونهيب بالشعب الفرنسى الصديق بعدم التضحية و بتقاليده الثورية الانسانية و فتح صفحة جديدة من العلاقات الانسانية الاخوية بين شعبينا.

ولسلام.

- السادة اعضاء البرلمان الفرنسى المحترمون.
- الحزب الشيوعى الفرنسى المناضل.
- الحزب الاشتراكى الفرنسى المناضل.

قيادة الاقليم الجنوب للحزب الاشتراكى الكردى ( پاسۆک) آواخر ١٩٨٠

# شادەمارە سەرەتاکانمان

١- ڕزگاریی و یەکگرتن و ئازادی کوردستان و یەکسانی نەتەوەی کورد:

کوردستان مەڵبەند و لانەی مێژوویی نەتەوەی کوردە..هێندەی بیر و توانای زانست بڕ بکات، بەپێی بەڵگە و لێکۆڵینەوە و بۆچوونی زۆربەی هەرە زۆری مێژوونووسان و رۆژهەڵاتناسان،گەلانی «لوللو، گووتی،کاساری،سوباری» بەڕەچەڵەک و نەژاد و بابوباپیرانی کورد دەناسن و ئەم گەلانە لە (کۆمەڵەی زاگرۆسی مەزن)دا بوون و هەندێ مێژوونووس مێژووی بوونیان دەگێڕنەوە بۆ دە هەزار ساڵێک پێش زایین.بەڵام ئەوەی ئاشکرایە کە «لوللو»ەکان لەناوچەی «زەهاو و شارەزوور و سلێمانی»یدا ژیاون و پاشان بڵاوبوونەتەوە بەسەر وڵاتێکی فراوانتردا و ئەو بەڵگەنامانەی لە (کەرکووک)دا دۆزراونەتەوە،ئەوە دەردەخەن کە دەسەڵاتیان بەولا کەرکووکیشەوە بووە و هەتا دکتۆر (سپایزەر)لە کتێبە بەنرخەکەیدا «گەلانی میزۆپۆتامیا»دا وای دادەنێ،کە ئەم گەلە تا سووریاش کشابن..»نارام سین»ی پاشای ئەکادیان هێرشی هێناوەتە سەر وڵاتەکەیان و تا ئێستاش لەدەربەند «گاور»ی قەرەداغ دا پەیکەری ئەو داگیرکەرە هەر ماوە و پاشان «گووتی»یەکانی هاونەژادیان تۆڵەیان بۆ کردونەتەوە و مستەر هول لە (مێژووی کۆنی رۆژهەڵاتی نێزیکدا) باسی ئەوە دەکات،چۆن لەسەدەی بیست و هەشتی پێش زاینیدا (ئاننو بانبنی)سەرداری گووتیان «ئارام سین»ی شکاندووە و وڵاتەکەشی داگیرکردووە!.بەڵگەیەکی بەرچاوی دی ئەم (لواو) یانە پارچە نووسراوەکەی سەدەی (١٨)ی پێش زایینە،کە لە زەهاو دۆزراوەتەوە و لە بەڵگەنامەکانی ئاسوورییانیشدا زۆر باسیان هاتووە. بەگوێرەی ئەو بەڵگەنامانەی لە (ئاشور ناصریا)ی دووەمی شای ئاشوورییانەوە ماوەتەوە و وڵاتی لواو وڵاتێکی ئاودان و پێشکەوتووبوون و خاوەنی شارستانییەتێکی پێشکەوتوو بوون. بەجۆرێکی وا کە شای ئاشووریان زۆر سوودی لە بەهرەی ئەم هۆزە وەرگرتووە و وەستا و کارمەندسازی لەوێوە بردووە بۆ وڵاتەکەی خۆی «»گوتییەکان» کە دراوسێ و هاونەژادی (لولو)ەکان بوون،لە چیاکانی (زاگروس)دا ژیاون و لەسەدەی ٢١ پێش زایندا لەگەڵ «عیلام»ییەکانی خوارووی ئێراندا بەشەڕ هاتوون و لەسەدەی ٢٨ پێش زایندا لەسەردەمی (ئاننو بانینی)ی پاشایاندا (ئاکاد)یان زەوت کردووە و دوو سەدە حوکمڕانیان کردووە...و زۆر جارانیش لەگەڵ ئاشوورییاندا پێکهاتوون و « تا شەڕی یەکەمی «ئاشووری زۆر لە ئازایەتی و نەبەردی ئەم خێڵە باس دەکات و وڵاتەکەیان بە جەرگەی زاگروس ناودەبات کە کەس نەیتوانیوە ژێر دەستیان خات...

لەسەدەی بیست و پێنجدا کە زۆریـان بۆ هێناون کشاونەتەوە بۆ چیاکانی زاگرۆس و خۆیان کۆکردۆتەوە،تا لە سەدەی هەژدەهەمی پێش زایینیدا لەگەڵ خێڵی «کاش»یاندا پەلاماری (وڵاتی بابل)یان داوە. کاسا و یان «کاشی «خێڵێکی گەورەتری «کۆمەڵەی زاگروس»ن، لەدەوروبەری کرمانشان دا ژیاون و بەرە بەرە بەرەو خۆرئاوا کشاون و لە خۆرهەڵاتی بابادا لە (کەرکووکەوە تا دەگاتە کرمانشان)لای قۆڵی چەپی دیجلەوە جێگیربوون و گوند و شار و مەڵبەندی ئاوایان کردۆتەوە و دەستیان داوەتە چاندن و کشتوکاڵ،لەو سەردەمانەدا ئەم کارانە نیشانەی پێشکەوتن و شارسانێتی بوون... لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەی پێش زایندا بابایان گرتووە و بە هێزترین دەوڵەتیان لە قەڵەمڕەوی (ئاکاد و سومەر)دا دروست کردووە و شەش سەد ساڵێک حوکمڕانیان کردووە. کە هیچ دەوڵەتێکی ئەو سەردەمە هێندە نەماوەتەوە و کە دەوڵەکەیان رووخاوە و گەراونەتەوە«« لڕستانی ئیمڕۆ»» و هەر لەوێ جێگیر بوون و زۆربەی مێژوو نووسەکان بە باب و باپیری لوڕستانی ئێستایان دەدەنە قەڵەم... و ئەم هۆزە وڵاتەکەیان لە شالاوی «سنحاریب» و حکومەتە فارسییەکان و ئەسکەندەر و ڕۆمانییەکان پاراستووە.

سوباری: ئەم خێڵە لە بەڵگەنامەکانی « ئاکاد» ی و « ئاشووریان»دا زۆر جار ناویان هاتووە و مەڵبەندیان زۆربەی کوتدستانی گەورەی ئیمڕۆ بووە، دکتۆر سایزەر و محەمەد ئەمین زەکی و زۆر لە مێژوونووسەکان پێیان وایە کە «« ئەم گەلە لە میزۆپۆتامیا»» کوردستانی باشوور دەگرێتەوە و »سوریا و ئەنەدۆڵی تورکیا« دا ژیاون.

مادەکان و نابری و کاردۆخیش کە دوابەدوای ئەو خێڵانەی سەروو ناویان هاتۆتە سەر لاپەرەکانی مێژوو و بە ڕای مێژوونووسەکانی زۆر بەناوبانگ «هـ ڕۆبستون» و « هەنری بریستید« نەوەکانی میدیا لەدەورووبەری ۲۵۰۰ ی پێش زایندا لە خۆرهەڵاتی دەریاچەت »خەزەر« وەکشاونەتەوە نێو کوردستان و بە ئاسانی تێکەڵاوی خێڵەکانی دیکەی لوالو ، گوتی ،کاسای ، سوباری» بوون و لەسەردەمی سەدەی نۆ و دەی پێش زایندا بەتەواوەتی لە کوردستان جێگیر بوون و لە تۆمارەکانی سەدەی نۆ و هەشتی پێش زایندا ئاشوور بانیپاڵ باسیان کراوە و لەسەدەی هەشتەمی پێش زایندا دەوڵەتێکی گەورەیان دروست کردووە « شاری گەورە و پێشکەوتووی ئەکبەتان « هەمەدانی» ئیمڕۆ یان کردۆتە پایتەخت. و پاشان ئیمپراتۆریەتی میدیا توانیویەتی دەسەلات بکێشێ بەسەر زۆربەی ناوچەکانی دەور و پشتی خۆیدا و بەهێزترین و فراوانترین ئیمپراتۆرییەتی سەردەمی خۆی بووە و پرۆفیسۆر سایکس لەبارەی مادەوە دەڵێ:«ئەم مادەدانە خێڵە کورد بوون و لەخۆرهەڵاتی ئاشوریاندا جێگیربوون وڵاتەکەیان تا خوارووی دەریای خەزەرەوە

دەکشـا»»...... خێڵانی ناوچەی شەمدینان ی ئیمڕۆ بوون و هەندێ باری سەرنج دەربـارەی ئەم خێڵە هەیە هەندێ مێژوونووس بە قۆڵێکی سوباری و گوتی یان دەزانن کە مینۆڕسکییەکێکە لەمانە و هەندێک بە تێکەڵاو یان بەشێکی مادیان دەزانن و مێجەرسۆن یش لە ........ دا دەڵێ : ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەدەکانی یازدە و دوازدەی پێش زایینی هۆزی ئەبینین کە لە جەرگەی کوردستاندا بوون و ڕەچەڵەکی مادەکانن ئەم هۆزە لە دەورانـی گەشەیدا ناوبانگی ئازایەتی و دلێری هەمـوو دراوسێکانی ترساندووە و لە پاشاندا لەژێر ناوی کورددا ماونەتەوە

ئەم هۆزە زۆر شەڕکەر و ئازا و جەربەزە بوون و هەرگیز ملیان بۆ داگیرکەر نەداوە و چەندین جار لەگەڵ ئاشوورییەکاندا بەشەڕ هاتوون خۆرهەڵاتناسی بەناوبانگ تور و دانژەن لە پەیوەندییەکانی هەشتەمین گەشتی سارگۆن دا دەڵێ : نایری یان هوشکیا دۆڵی بۆتان ە و ئەو بەشی خحرهەڵاتی نایریە حکومەتێکی سەربەخۆ بووە کاردۆخییەکان ئەو خێڵە ئازا و دلێرانە بوون کە گەزنەفونی یۆنانی لە گەرانەوەی دە هەزار سەرباز سوارەدا باسی ئازایەتیی و مەردایەتییان دەکات و دوو سەرنج هەیە لەسەر ڕەچەڵەکی ئەم کاردۆخییانە هەندێکیان بە گروپی کۆمەڵەی زاگرۆسی مەزن یاب دادەنێن و بە قۆڵێکی گوتییان دەزانن و سەرنجی دوووەم بە تیرەیەکی هیند و ئەوروپایان دادەنێن کە خێڵێکی مادەکان بوون

تێکڕا ئەوەی سەرنج ڕاکێشن و ئەنجامی هەموو ئەو بۆچوون و باسانەیە ئەوە گەلاڵە دەکەین کە لە کۆنەوە کوردستانی مەزن و هەندێ ناوچەی فراوانی دیش کە ئیمڕۆ خەڵکانێکی دیکە جێگربوون لانکە و خاکی پشتاوپشتی نەتەوەی کورد بووە و لەسەرەتی مێژووەوە کورد کۆنترین نەتەوەی ئەم ناوچەیە بووە شتێکی زۆر ئاساییە کە ئەو هەموو ناوانەی لەمێژوودا هاتـوون لە کوردستاندا ژیابن چونکە ئەو ڕۆژە لەبەرباریسەختیژیان و سەختی کوردستان و پێکداچوونیخێڵ و هۆزەکان و ململانێیسەر هۆبە و لەوەڕگا و پەلەی ژیان و دواکەوتوویی هۆی گوێزانەوە و پێک گەیشتن تێکەڵاوبوون رەوەندی دۆڵێک بەرێکەوت ئاگای لە کۆچەری دۆڵێکی دیکە دەبوو و نەتەوە و نەتەوایەتی لەم شێوە و جۆر و گرنگی و قالبەی ئیمڕۆدا نەبووە دیارەئەمەش ئەوە ناگەیەنێ وەکوهەندێ رووکەش بین تەسک هەر بەتەواوی نکۆڵی بوونیان دەکات...! بەهەموو حاڵەتان ئەوە ئاشکرایە ڕەچەڵەکی نەتەوەی کورد دەگەڕێتەوە سەر ڕەچەڵەک و بوونی ئەوگەل و خێڵ و هۆز وتیرانەی لە کوردستاندا ژیاون و ئەو ناوانەش کە لە مێژوودا دەبینرێن شتێکی زۆر سروشتییە کە ناو و ناوبانگی کورد بووبن لە شێوە و جۆر و ژێر ناوی جوێ جوێدا زۆربەی هەرە زۆری زانایان و مێژوونووسان و خۆرهەڵاتناسان لەو بـاوەڕەدان کە زۆربـەی ناوەکان

دەچنەوە سەریەک و فلان و فیساریان تیرەیەکی ئـەوهۆزەن و ئەم هۆز و ئەو هۆزەش چەند قۆلێکی ئەو خێلەن و خێلەکانیش بەتێکڕا سەروبنی کوردن بۆ بەلگەی ئەمەمان پرۆفیسۆر سپایزەر نۆناوی جیاجیای لە باسی گەلی هوری دا دۆزیوەتەوە کە هورلیلی، هورلاش، هووری، کورحوروهە، هورووحـە، هاری، مـوری، هوریت متیانییەکان بە میتانی، متیلانی ناویان هاتووە و میسرییەکان بە ناهاری و لە پەڕاوی پیرۆزیشدا بە ئارام - نـاهارەم باس کراون لوللوکان بە لوللوبو، کاششو، کوشی هەر هەمان بابەتن ئەکەش دەگەڕێتەوە بۆ جۆری دەربڕینو خودی زمانی ئەو گەل و ولاتابەی باسی کوردیان کردووە و هەر یەکە و بە جۆر و شێوەی زمانی خۆیاب گونجاندووە عەرەبەکان ئێستا بە فینیسیا دەلێن بندقیە و بە هەنگاریا دەلێن مجر و بە ژاپۆن دەلێن جاپان بۆتە یابان و گریک کراوەتە یۆنان و هەزار نموونەی وا!

باری سەرنجی کە لە زانایانی وەکو پرۆڤیسۆر سپایزەر و درافەر- دراوەر و نولدکە و ئادنمان و سیدنیسمیت و تۆلمسیتە و هەنری بریتید و زۆری لایان وایە ئەم گۆران و ئالوگۆر و زۆر شێوە و جۆرەیە بەشتێکی

ئاساییە و هەر بۆ ناوی کورد ئەو نموونەیە دێنێتەوە کە دراوسێکانی کورد بە چەند جۆر ناوی کوردیان هێناوە سۆمەر و ئەکاد بە گوتی ناویان بردوون

ئاشووری و ئارامی بە گورتیوی سێرتی کوردراها

ئەرمەنییەکان بە کوردو ئەن کرچەخ کورتین کەرشی کورخی

عـەرەبـەکـان بـە کـــوردی کـــاردۆی بـاکـاردا کـارتـاویـە جـــوردی جـودی نـاویـان هێنـاون ئـەمـە ئـەو نـاوانـەیـە کـە بـۆزانـایـان جـوتـەوە سـەریـەک دەشـێ زۆربـەی تریشیان وا تێک شکاندبێ کە لـە مولکی کـوردیـان کردبێتە دەرەوە وەکو مامۆستا محەمەد ئەمینزەکی بەگ دەلێ عادەتی گۆڕینی اسمائ

لە لایەکی دیکەشەوە ئیمڕۆ ئەوە لە کوردستاندا هەر ماوە بۆ نموونە هۆزی جاف چەندین تیرە و لکی وەکو سمایل عوزێری، میکایەلی، رۆغزایی، ... هتد و لەباو ئەمانیشدا چەندین بەناوی بەرەبابێکەوە ناو دەردەکات و ناوەکەی بونی ئەوانی دی دادەپۆشێ کە لە واقیعیشدا هەر هەموویان جافن و لە دوو کوردستانی خۆرهەلات و باشووردا بەدرێژایی بۆیە زۆر ئاساییە گوتی کاسای سوبار لوللو و میدی و ماد و ناپری و کاردۆشی و هەر یەکن و تیرە و خێل و قۆلی چەند هۆزێکی کورد بن و هەر هەموویان نەژاد و ڕەچەلەکی کورد بن... گەورەترین بەلگە ئەوەی کە ئەم ناوانە هەموویان دەچنەوە سەریەک ڕەچەلەک وەکو مامۆستایان محەمەد ئەمین زەگی بەگ و سالح قەفتان و فوئاد حەمەخورشید وزۆر زانای دیکەی بێگانەش ئەو ڕاستییەیان دەرخستووە کە دەبێ شەپۆلی یەکەم لوللو گوتی سوباری کاسای و شەیواری دووەکی میدیا و مادی و نایری

و کاردۆخو یان یەکبوون چونکە بە هاتنی میدیا و دروستکردنی دەوڵەتی میدیا ناوی یەمانە بوون بەژێ ناوی میدیاوە ئەمە لەکاتێکدا کە سەدان شاڵاو و هێزی دەوڵەت و بەدەسەڵاتداران بەهێزی وەکو ئیلامی و سۆمەری و ئاکادی و ئاشووری و ئەسکەندەر و هەموو داگیرکەران کوردستان نەیانتوانیوە ئەم ناوانە لە ڕووپەڕی مێژووی کورددا بسڕننەوە و یان ملیان پێ کەچ کەن دیارە ئەمە لەوەوە هاتووە کە قەوارەیەکی فراوان و پێشکەوتووتر و لەبارتر و گونجاوتر هاتۆتە پێش و ئەم قاڵبە هەموو ئەو هاوڕەگەز و ڕەچەڵەکانەی لەنێو خۆیاندا کۆکردەوە ناوی خۆی بەسەریاندا دابڕیوە کە میدیا بووە و پاشان کورد وەکو دوا گۆڕانی ناوەکە شوێنی ئەوەی گرتووە وەکو لەمساڵانەی دواییدا شۆڕشی پیرۆزی ١١ ی ئەیلوولی ١٩٦١ بووەشۆڕشەوە کەناوی خێڵ و هۆز و تیرەکان لە بیرەوەری کورددا وەکو کونینەوە و رابردوویەکی مێژوو ژێر ناوی پیرۆزی کورد بکەوێ و بادینان و سۆران و کرمانجی و گۆران و کورد و بابەتی دیکەیوا لە قەوارەی بڵندوپیرۆزی پڕ شەرەفی کورد دا خۆیان دییەوەهەرچەندە هەندێ بەکرێگیراو و دوژمنان وداخ لە دڵانی کورد نووسیویانە واقیعی سۆرانی و بادینانی و کرمانجی و گۆرانی و هەتا خێڵایەتیش لە کوردستانشا قوڵتر دەکەن تا بتوانن لەژێر ئەودەمکانەوە مەبەستی گڵاو و ناپاکی خۆیان لە سەر حسێبی بەرژەوەندی نەتەوەکەمان هەڵچنن و ئا ئەمساڵانەی دواییش دڵسۆزێک و نەتەوەییەکی ژوردباسی کوردستانی مەزنی بکردایەبەلاقرتێ و گاڵتەوەچوارپارچەیی وشۆڤینێتی و تەسک بین و تاژڕەو یان دەدایەپاڵ. بەڵام بیری کوردایەتی و ڕێبازی نەتەوەیی ...... ئەو داردەست و بیروباوەرە ساختانەی ریسواکردووە و ئیمڕۆ لەژێر چارشێوەیئەو چوار پارچەیی یەیدوێنێوەکوتومتو جوێن بووئەبێت لە کوردستانداجێیان نابێتەوە!! دوایگەورەترین دەسەڵاتی دەوڵەتیکورد ئیمپراتۆرییەتیمیدیابووکە زۆر لە مێژو نووسەکان ولە کاژێکنامەشدا بەساڵی ٦١٢-٥٥٠ ی پێش زاینینی تۆمار کراوە و گەورەترین دەسەڵاتدارییەکەی سەردەمی خۆی بووە . کە فارسەکان بەسەرکردایەتی کوورش توانییان ئەم ئیمپراتۆرییەتە بڕوخێنن. کورد کەوتە ژێر دەستەی دەوڵەتی فارسەوە و هەندێ بەشی کوردستانی خۆرئاوا و باکوور زۆرجار دەکەوتە بەرشاڵاو و پەلاماری ڕۆمانییەکان و یۆنانییەکان ، هەرچەندە لەسەرەتاوە ڕمانی ئیمپراتۆرییەتی میدی لەبەرسیاسەتی فێڵاوی و کارزانی کورش کوردی نەخرۆشان بەڵام هەر کە چەوساندنەوە و داماڵینی فارسەکان تاویسەند و کورد هەستی بەوە کردکە خەریکە سەربەخۆییە سروشتییەکەی لەدەست دەچێ کەوتە یاخیبوون و ڕاپەڕین و شۆڕشکردن بەجۆرێکی وا کە بۆ یەک ڕۆژ کوردستان بێ ئاشووب و بەهێمنی ملی بۆ هیچ داگیرکەرێک نەداوە هەرئەم گیانی خۆپاراستن و ملنەدان و قایل نەبوونی بەژێر دەستەیی بوون قەوارەی نەتەوەی کوردی هێشتۆتەوە هەر کە شاڵاوی سوپای ئیسلام

گەیشتە کوردستان کورد نیازمەندی ئەوە بوو کە لە چەوساندنەوە و داگیرکردنی دەوڵە فارسییەکان رزگاریان دەبێت دەتوانین ماوەی دەسەڵاتداری سێخەلیفەیدوایی ئیسلام و بەتایبەتی لەسەردەمی ئەلی کوری ئەبی تالب دا بەسەردەمانێکی سەربەخۆی نسبی و ئازادییەکی نیمچە ئازاد دا بنێین بەڵام هەر کە دەسەڵاتی رەشی ئەمەوییان باڵی کێشا بەسەر جیهانی ئیسلامی ئەو رۆژەی کوردستا دا رەنگ و ڕواڵەتی بیر و هەڵسوکەوتی ئیسلامێتی وەک ئایینێکی نێو گەلان و بێ چەوساندنەوە و ئازادیخوا بەرەو عەرەبچێتی و چەوساندنەوەیەکی زۆر دڕندانەی نەتەوە ناعەرەبەکان شکایەوە نەتەوەی کورد لە پێش هەمووگەلانی دیکەوە ڕاپەڕی و تا دواجار بە هاریکاری لەگەڵ گەلانی دیکەی ناعەرەب و موسڵمانە عەرەبە دژ بە ئەمەوییەکاب و سەر بە بنەماڵەی پێغەمبەر د. خ و دۆست و یاوەرانی عەلی بەسەرکردایەتی پاڵەوانی مەزنی کورد ئەبو موسلمی خۆراسانی دەولەتی ڕەگەزپەرستی ئەمەوییانیان هەڵتەکاند بەڵام ئەوەی کوردچاوەڕێی دەکرد سەربەخۆیی و ئازادی و یەکسانی ئیسلامی بوو وەچنگ نەکەوت و هەرزوو بە زوو عەباسییەکانی بەرۆکری ئەمەوییان کەوتنە گیانی نەتەوەی کورد و پاڵەوانی ئاڵا ڕەشانی شۆڕش دژ بە چەوساندنەوەیان بە جۆرێکی زۆر ناجوانمەردانە کوشت جارێکی دیکە کورد ڕاپەڕییەوە و لوتکەو ترۆپکەکانی کوردستانیان لەداگیرکەرانی کوردستان گرتەوە و گەورەترین ڕاپەڕینێکی سۆسیالیستخواز و ئازادیخوازی ئەو سەردەمە بەسەرکردایەتی بابکی خەڕەمی پاڵەوانی کورد نەژاد چەندین ساڵ بەرەنگاری دەسەڵاتی ڕەشی عەبباسییەکان وەستایەوە ئەمانیش وەکو هەر داگیرکەرێکی دیکە نەیانتوانی ویستوخواستی سەربەخۆییانەی کورد دەستەمۆ کەن تا عەباسییەکانیش بەدەستی مەغۆلییەکان لە ساڵی ١٢٥٨ ی زایننیدا زیندەبەچاڵ کران و زەمینەی ئەوەخۆش بوو کە خێڵێکی کۆچەری تورک دەوڵەتی عوسمانیان لە ئێستای تورکیادا دروست کەن و دەوڵەتی سەفەویش لە ئێراندا لە پاش سێ سەدە دروستکەن و کوردستان کەوتە نێوان بەرداشی عوسمانیان و سەفەویانەوە هەرچەندە کورد لەو ماوەیەدا چەبدین قەڵەمڕەو و میرنشینی سەربەخۆ و ئازادیان بووە بەڵام وەکو کیانێکی سیاسی و یەکگرتوو نەیانتوانیوە خۆیان یەکخەن و .... و فرتوفێڵی عوسمانیان بانگاشەی ساختە و فێڵاوی شیعەگەرێتی و سوونیچێتی یش دەوری خۆی بینیوە لە ژێردەستەیی و ماڵەمیرات بەشکردنی کورددا و فریوخواردنی نەلا ئیدریسی بەتلیسیش ئەوەندە کوشندەیە بوو کە لە ساڵی ١٥١٥ ی زایینیدا کوردەکان ئەمرۆ نیمچە ئازادین بوویان لەدەست بەشی زۆری کوردستان بوو عوسمانیان ساغ بووە! هەر هێندەی کە زۆر و زۆرداری عوسمانیان گەیشتە رادەی راپەڕین کورد لە هەموو لاوە لێیان ڕاپەڕین ە ناچار دوو دەوڵەتی دژ بەیەک و مەزهەب جیای عوسمانی و سەفەوی بۆ لێدانی کورد

دەستیان خستە نێو دەستی یەکەوە و لە ساڵی ١٦٣٩ ی زاینیدا بەپێی پەیمانی گڵاوی زەهاو کوردستانیان کردە دوو بەشەوە ژوردستانی باکوور و خۆرئاوا و باشوورو بەشەکەی سۆڤیەت کەوتە ژێر چنگی عوسمانیانەوە و کوردستانی خۆرهەڵاتیش بەشە پشکی سەفەویان بوو هەرچەندە ئەم دابەشکردنە بۆیەکجاری کوردی لێک ترازاند بەڵام کورد هەر فرستەتێکی بۆ هەڵژەوتبێ بوونی خۆی با لە قەوارەی میرنشینێکیشدا بوو بێت چەسپاندووە و ئەو میرنشینانە هەمیشە ناوکی کوردستانی گەورە بوون هەر کە مەترسی دەسەڵات و گوڕیان زیادی دەکرد دەکەوتنە خۆیان و پەلاماریان دەدان! زۆر هۆی ناوخۆیی و دەرەکی و زاتیو مەوزوعییش دەبوونە هاوکاری ئەو داگیرکردنە و دەیگەیاندنە مەبەستی گڵاویان و گەورەترین میرنشینێکی ئەو سەردەمانە (ئەردەڵان وبابان و سۆران و بەدرخانیان) بوون و دەیان شۆڕش و ڕاپەڕین و نەبەردی پڕ شکۆی وەکو شێخ عوبێدوڵای نەهری و ئەمیر بەدرخانی مەزن و پاشای کۆرە و سمایل خانی سمکۆ و قەدەم خێر و سەردار رەشید و عەلی مرادخانی بەختیاری» و سەدان ڕاپەڕین و یاخیبوونی دیکە هەمیشە ئەو گیانە قارەمانێتی و ویستە ئازادیخوازانەی کوردی دەسەلماندەوە کە ئەگەردوژمن بشتوانێ کوردستان داگیر کات ناتوانێ کورد بە داگیرکردن و ملکەچی قایل کات و کوردی بۆ نایەتە سەر چۆک... هەمیشە هەڵۆکانی ئاسیا لەگەڵ ترۆپکەکانی چیاکانیاندا سەرکەش وسەربڵند بوون و هیچ داگیرکەرێک نەیتوانیوە بمێنێ لە کوردستاندا لەژێر سایەی سەرئەنجامی داگیرکردنەکەی دا بچەوسێتەوە... کورد ئەو نەتەوەیە بوو بەدرێژایی مێژووی دوو هەزار و پێنج سەد ساڵەی سەنگەریی مەردایەتی و نەبەردی و سەربەخۆییدا جەنگاوە و لەژێر هەر دار بەڕوویەکی کوردستان دا داستانی قارەمانێتی و نەبەردی کوردێکی تێدا تۆمار بووە و هەر داگیرکەرێک پێی نابێتە کوردستانەوە هێندەی نەبردووە پاشەڵی پیس و ئەستۆی وردبووی شکستی کێشاوەتەوە لە کوردستاندا هەمیشە ئەم خەڵکە بەشەرەفی ئەم نەتەوە نەمر و دلێرە بووە و هەمیشە ئامادە بوو بەگیان و خوێنی خۆی پارێزگاری ئەوشەرەفە بکات و تا ئیمرۆ هاتووە و پارێزگاری ئەو سەرەفەشی خراوەتە ئەستۆی ئێمەوە و ئێمەش بەخواستی باووباپیرانمان بە مەشخەڵی بیروباوەڕی کوردایەتی و ئارەزووی ئازادی و ئامانجی سەربەخۆیی و ورەی مرۆڤانە و ئیرادەی مرۆڤی ئازادی ئەو ئاڵا پیرۆزە ........ یان «« کوردستانێکی ئازاد گەلێکی یەکسان»» لە چاڵی چاوی داگیرکەراندا دەڕوێنن لە سەنگەرجا بە مەردی ئەو ئاڵایە دەدەینە دەست نەوەکانی داهاتوومان... چارەنووسی کوردە و دەبێ لەسەنگەری سەربەخۆییدا بژین و لەسەنگەری مەردایەتیو پارێزگاری کوردستاندا بمرین...ئەم شەرەف و چارەنووسەش تەنها دەست پیاوی مەرد دەکەوێ...

ئەم ویستی کوردە پاش ڕمانی دەوڵەتە نەخۆشەکەی عوسمانیان لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمدا سەپێندرا بەسەر دەوڵەتە سوێندخۆرەکان دا و لە پەیمانی سیڤەردا لـە١٠/٨/١٩٢٠ «مافی جیابوونەوە و سەربەخۆیی گەلانی ژێردەستەی دەوڵەتی عوسمان»»سەلمێندرا، کە کوردیش یەکێک بوو لەو نەتەوانە و بە پێی مادەی ««٦١،٦٢،٦٣،٦٤»»ی ئەو پەیمانە کورد«« مافی دیاریکردنی چارەنووسی» درایە.... بەڵام««ئەتاتورک »»ی گوڕ بە گوڕ خۆی چەسپاند و دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان بەرژەوەندییان لە لایەنگیریی «« ئەتاتورک»»و دابەشکردنی کوردستاندا هاتە پێش. بنکەی سیڤەریان بە پەیمانی «« لۆزان»» ی ڕووی زەرد هەڵتەکاند وکوردستانی مەزن کرایە بەشە میراتی چوار دەوڵەتان!. لەو ڕۆژەوە زنجیرەی نەبەردیی کورد و ڕاپەڕینەکانی بە ڕووی داگیرکەراندا لە بەردەوامییەکی هێندە زیندوودایە کە تەنها ساڵنامەی شۆڕشەکانی «« شێخ سەعیدی پیران ١٩٢٥، ئاگری داغ ١٩٢٧-١٩٣٠،دەرسیم ١٩٣٧»» لە کوردستانی باکووردا و ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی «« سمکۆ ، قەدەم خێش، سەردار ڕەشید، علی خان مرادی بەختیاری، شۆڕشی دیموکرات و دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە نەگاباد١٩٤٦»»ی کوردستانی ڕۆژهەڵاتو ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی «« شیخ مەحموودی نەمر و برایم خان و بارزانیان و شێخان و ڕاپەڕینەکانی شاری سلێمانی - شەڕی بەردەرکی سەرا- ٦ ی ئەیلوولی ڕەشی ١٩٣٠ ، مانگرتنی ١٩٣٦ و شەڕی سەر تەرمی شێخی نەمر١٩٥٦ و پاشان گەورەترین و فراوانترین شۆڕشی میللی کورد لە مێژووی نوێیدا، لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ دا ئەڵقەی زنجیرە بەندی خەبات و شۆڕشگێڕیی و نەبەردیی ئەم نەتەوە هەڵۆیەن»» لە کوردستانی باشووردا.

ئـەم ڕووبـــەرە کـورت و داسـتـانـە پـڕ قـارەمـانـێـتـییـەی کـورد و هەوڵ و خەباتی پیرۆزی نەپساوە و گیانی سەربەخۆیی و ڕزگـاری و ئـازادیـە لەگەڵ کـورددا لـەدایـک بـوون و هانـدەر و هۆی مـانـەوە و خوڕاگرتنمان بـوون ... ئەمە کورتەی ڕاستی و شایەتی مێژوو و زانایانو مێژوونووسانی کورد و بێگانەیە و داستانی پڕ قارەمانێتی کوردە کە «« کورد وەکو نەتەوەیەک هەزاران ساڵە لەسەر ئەم خاکەدا دەژی و دەجەنگێ هەزاران ساڵە ملیۆنەها کورد بوونەتە شوورەی کوردستانی نیشتمانمان..سەدان داگیرکەر و دوژمن چاوی تەماع و داگیرکاریان بڕیوەتە کوردستان، سەدان ملهوڕ خۆی لە بواری کورد داوە و بەکستی ملی شکاندووە..»».

بۆیە ئێمەی «« پارتی سۆسیالیستی کـورد- پاسۆک- »» بـاوەڕمـان بەوەیە کە ئـەو پـارچـە زەمینەی دەکـەوێتـە نـێوان هێڵی پانی ٢٩-٤٠ پلەی سـەروو و هێڵی درێـژی٣٧-٥٠ پلەی خۆرهەڵاتـەوە نیشتمانی کـوردە و هەمـوو دەسـەڵاتێکی

ناکورد لەو سنوورەدا دەسەڵاتێکی نابەجێی و نامە ڕەوا/ شروعە و دژی یاسای سروشت و لۆژیکی/ مەنتیقی مێژووە و کورد دەبێ لەو سنوورەدا کیانی خۆی دابمەزرێنی... کەوابێ ڕێچکەی مێژوویی و خواستی سرووشتی و مافی ڕەوای کورد لەهەموو مێژوودا رزگاری و یەککگرتنو ئازادی کوردستان بووە... رزگاری لەدەسەلاتی بێگانەی خۆسەپێن

رزگاری لەباری سروشتی و سەپێنراو

رزگاری لە بوونی ناڕەوا و نامەشروعی و شاگیرکەر لە کوردستاندا.

یەکگرتنەوەی نیشتمانی مێژوویی دێرینی کورد

یەکگرتنەوەی کوردستانی پارچەپارچەکراو و ژێردەستەی داگیرکەران

یەکگرتنەوەی خاکی هەزاران ساڵەی کوردنەژاد

ئازادی ئەم نیشتمانە و سەربەخۆیی لە هەموو دەسەڵاتێکی بێگانە

ئازادی و ژیانی ئازادی و سەربەخۆیانەی کورد لە سنووری کوردستانی مەزن دا.

ئازادی ئەو گەلەی بۆ داگیرکەر نەهاتۆتە سەر چۆک

«یەکسانی نەتەوەی کورد» یش بڕوای ببەڕەتی بیروباوەڕی کوردایەتی و پاسۆکیمانە... پێمانوایە هەموو دادۆشینو چەوساندنەوە و ڕووتاندنەوەیەک لە کوردستان داو لە نێو ڕیزەکانی نەتەوەی کورد دا ناڕەوایە و دژی دەوەستین.

پێمان وایە دەبێ کورد«« ئەورژێمە ئابووری و دەستوورییە کۆمەڵایەتییە هەڵبژێرێ کە لەگەڵ هەلومەرج و هۆش و بەرژەوەندی و واقعیدا دەگونجێ. کە ئێمەی پاسۆک پێمان وایە ««سۆسیالیزمە»» . سوسیالیزم وەکو ڕێگایە بۆ نەهێشتنی چەوساندنەوە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا تەنها لە درزی دەروازەی ئابووری ڕووتەوەیە و هەڵقوڵا و و هێنراوی هیچ بیر و تاقیکردنەوەیەکی بێگانە نیە! و هەموو سوود وەرگرتنێکی دەبێ جووت بێت! لەگەڵ بەرژەوەندی ماکیو مینۆکی کوتد دا... و هیچ جۆرە یاسایەکی بەسەردا ناسەپێنین کە لەگەڵ خواست و ویستیدا نەگونجێ...دژی چەوساندنەوەی چینایەتی وکۆمەڵایەتی و ئاینی وبیروڕاین

دژی ئەوەین کوردێ کوردێک بچەوسێنێتەوە و بەر بەچەوسانەوەی دەگرین رێ نادەین کەش بەری رەنج و

کۆششی کەس بخوات رێ نادەین لە کوردستان دا کورد برسی بێت و بچەوسێتەوە ئێمە کوردستانمان بۆ کورد دەوێت ئێمە کوردستانمان بۆ چەوساوە و زەحمەتکێشی کورد دەوێت ئێمە کوردستانمان بۆ ئازادی و یەکسانی دەوێت ئەو کوردەی کوردێ بچەوسێنێتەوە لەژێر هەر ناوو بۆ هەر مەبەستێک بێت لە دوژمن و داگیرکەرەکەی جوێ ناکەینەوە ئێمە سوود لە هەموو تاقیکردنەوە و تیۆرییەکی

جیهان و نێوگەلان وەردەگرین ، بەڵام بەزۆرەملێی هیچی بەسەردا ناسەپێنین.. ویست و چارەنووسی خۆی دەخەینە دەست زەحمەتکێشانی خۆیەوە. هەر کوردێک چەند بچێنێ و چەند ڕەنج بدات ئەوەندە دەدورێتەوە و دەخوات. بەر لە هیچ بەهرەیەکی هەڵکەوتوو وچالاک و بەهرەوەر ناگرین.. بەڵام ڕێش نادەین بەهرەوەری ببێتە هۆی چەوسانەوە و ڕووتاندنەوەی تاکێکی دیکە. کام ڕێباز و ڕێگا و ڕێوشوێنە بۆ نەهێشتنی چەوساندنەوە و ڕووتاندنەوەی لەبار و کاریگەر بێت ئەوەیان دەگرین .خۆمان لە قاڵبی مەیو و بەستووی مردووی تیۆرییە بێگانەکاندا ناچەڕێنین... و تیورو تاقیکردنەوەی کەس ناکەینە بت و بتپەرسین ئەو تیۆری و تاقیکردنەوەی دەردی کوردە نەخوا و بەکەڵکی کورد نەیە و لەگەڵ ویست و خواستی ماکی و مینۆکی/ مادی و مەعنەویدا نەگونجێ کوردیان ناکەینە قوربان بەڵکو هەموو شتێ لە ززمەتی کورد دا دادەنێین و بەئەنشازەی سوودی ماکی و مینۆکی بۆ کوردڕێزیان لێ دەگرین.

دەروازەی بیر و تاقیکردنەوەی کورد لەسەر هەموو بیر و تاقیکردنەوەیەکی خێرخوا و خێرمند دەکەینەوە و » ڤیتۆ« لەسەر هیچ بەرهەمو بیرێکی خزمەتگوزار دانانێین... نە هیچ بیرێک و نە هیچ کەسێکیش ناکەینە شەخسە پەروینە و کوردی لەدەور ناگێرین..

دەبێ کورد چارەنووسی خۆی بەدەست خۆیەوە بێت، جەماوەری ڕەنجبەری کوردستان خۆی ڕێبازی ژیانی خۆی هەڵبژێرێ... ئێمە سەربازی کوردین دەم سپی نین.. ئێمە پێشمەرگەی کوردین... وەسی نین بەسەرییەوە... ئێمە خزمەتکار و ڕەنجبەری جەماوەرین ... مێردەزمە و ئاغای نین. ئێمە لەدەست دەرەبەگ و بورژوا و ورگ زلانی دەرناهێنین بیخەینە ژێر دەستی ئەفەندییەکانی دوای مێزە مەرمەڕییەکانەوە...

ئێمە لە چنگ داگیرکەری دەرناهێنین تا بیدەین بەدەم سیاسییە محترفەکانەوە. ئێمە جەماوەر هەردەم دەکەینە حەکەم و دوا بڕیاری چارەنووسی دەبێ بەفەستی خۆی بێت... جونکە باوەڕمان بەوەیە کوردنەتەوەیەکی ژیرە و بەرژەوەندی خۆی دەزانێ ... کوڵە کوێخای سەر ڕووتی بۆ قووت ناکەینەوە... دەم هەراش و عەوان خەڵەتێنی لە مل نائاڵێنین ... زۆر بڵێی کەم کردەوەی بۆقووت ناکەینەوە... لەژێردەستەیی و چەوساندنەوەیەژەوە نایگوێزینەوە بۆ ژێردەستی و چەوسانەوەیەکی بەدتر.

دەمانەوێ دەروازەی ژیانێکی «« ئازاد و سەربڵندو سەربەخۆ و یەکسانی»»
لەسەر بکەینەوە تاقیکردنەوەکانی جیهان ئەوەمان فێر دەکات... کەوا لە جەماوەر
نەکەین ڕەحمەت لە کفن دزی پێشوو بکات..ئەمەش تەنگا بەوە دەبێت لە ویست و
خواست و هەستی بگیرێت و کەس خۆی بەسەردا نەسەپێنێ.

**دۆست و دوژمن بە نیزیکی و دووری لە بەرژەوەندی کورد دەناسرێتەوە**

# له نەورۆزدا

با یەکگرین ... تا سەرکەوین
ئەی جەماوەری زەحمەتکێش و دڵسۆزی کورد،
ئەی هێزە شۆڕشگێڕ و خێرخوازانی کورد.

ئیمڕۆ خولێکی تری چەرخی تری دەوری خۆر تەواو دەکەین و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد هەر بەرەو ئاسۆی خۆری « ئازادی و یەکسانی» هەنگاوی پیرۆز هەڵدێنێ... بەر لەهەزاران ساڵ و لە ڕۆژێکی وەکو ئیمڕۆدا باپیرانی مەرد و جوامێریان بەرابەری « کاوە» ی زەحمەتکێش و ستەمدیدە لە ڕووی ستەم و چەوساندنەوە و زەبروزەنگی ناڕەوا هە لگەڕانەوە و ڕاپەرین و داستانی « نەورۆزی ساڵی نوێی، ژیانی نوێی سەربەخۆییان بۆ کورد تۆمار کرد، داستانێکی وا بێوێنە و نموونە کە تیشکی زێڕینی نەک کوردستان بەڵکو هەموو ناوچەکەشی گرتبۆوە و تا ئیمڕۆ نیشانە و نموونەی ڕاپەڕین و سەرکەوتنە.

ئێمە هاوبیرانی « پارتی سۆسیالیستی کورد - پاسۆک-» ، سەربازانی نادیار و پاسەوانی خۆنەویست و خزمەتکارانی بە ئەرکی خۆزانی جەماوەری زەحمەتکێش و چەوساوەی کورد، لەنەورۆزدا تاموچێژی سەرکەوتن دەکەین سەرەتای بڵندی پێویستی و گرنگی مەرج و دەسەبەرە و سەرکەوتنی هەر داوا و شۆڕشێکی رەوا لە یەکگرتن و یەکبوون و یەکخستنی توانا و هێز و وزەی هەموو لایەکدا دەبینین و داوا دەکەین یەکێتی و یەکگرتنمان بەردی بناغەی سەرکەوتنمانە ویستی یەکگرتن و برایەتی و هاوکاری و دەستدانە دەستی یەکدی تاکە بواری خۆنەویستی و دڵسۆزییە بۆ کورد و کوردستان و تاکە ڕێگای وەفا و ئاسوودەیی ڕەوانی پاکی شەهیدانمانە و تاکە بەڵگەی راستی و دروستی ڕێباز و بیروباوەڕیشە لەم ڕۆژە پیرۆزەدا و لەبەردەم شکۆی نەتەوەی کوردی مەزندا بۆ حورمەت و ڕێزلێنانی شەهیدان و هەیبەت و پیرۆزی فرمێسکی سەر ڕوومەتی گەشی باوک کوژراوان و پڕ مەینەتی جگەرسووتاوان دامێنی رەش و خاوێنی ئافرەتی کورد گوند و کێڵگە و کانیاوی وێرانکراو و ئابڕووی میللیمان هاوار لەجەماوەری کۆڵنەدەر و ڕاپەڕیووی چەوساوەی نەتەوەکەمان دەکەین کە:

هۆشیارتر بنەوە و ڕاپەڕن بۆ ڕماندنی قەڵای زۆر و ستەمی داگیرکەران لە کوردستان دا.بەتوندی و گردەبڕی و ئاشکرا دەنگی ناڕەزایی و تووڕەبوونتان لە ڕووی شەڕخوازان و شەڕی ناڕەوا و چەپەڵی براکوژی و کوردکوژی بڵند بکەنەوە.

دەستی ڕیزتێکدەران و گێرەشێوێنان و کوردنەویستان و کورسی پەرستان بخەنە ڕوو.

ئیمساڵ ناونێن ساڵی یەکگرتن و یەکبوون هەر کەس و بەرە و لایەکیش لەم ویست و خوازە سەرکیشی و ملهوڕی کرد پەڕی کەن و ڕیسوای کەن.

ئەی پێشمەرگە قارەمانەکانی کورد
ئەی شۆڕشگێڕە دڵسۆزەکانی کورد
ئیمڕۆ ئێمەی کورد لەبەردەم مەترسی لەناوبردن و توانەوە و لەدەستدانی بوونی نەتەوایەتیدایین لە هەر چوار لاوە دوژمنانی سەرسەخت و دڕندە گەمارۆیان داوین و دەمیان ژەنیوەتە کوردستانی نیشتمانمان و ڕۆژانە دەیان و سەدان لاوی کورد بەدیاری لە قەسابخانەکانی داگیرکەرانەوە بێ سەر دەنێردرێنەوە بۆ کوردستان نان و ئاو و خۆراک و بچوکترین پێویستی ژیانیان لە کورد بڕیوە تەکنەلۆژیای مەرگچێن و کارگەی ئاسن و باروت لە کوردستاندا تاقی دەکرێتەوە، شەرەف و کەرامەت و بوونمان لەبەردەستی چەپەڵی داگیرکەراندایە، دوژمن نەخشەی ژیانی ژێردەستی و مەرگی ئەشکەنجەدارمان بۆدەکێشێ!!!!
دەئیتر چی ماوەتەوە تا لەسەری دەست بخەینە خوێنی یەکتری و بێ پوول و پارە و جیرە ئەرکی گلاوی دوژمنەکە بەدەستی خۆمان جێبەجێ کەین؟؟!! میراتی چی بەش دەکەن! وا بە بەرچاوی خۆتانەوە خۆشتان هەڕاج دەکرێن؟؟!!
با لە ناتەبایی و ناحەزی و گەندەقین و کۆنە دوژمنایەتییە شەخسییەکان گەڕێین و کورد لەم نەهامەتی و ژێردەستەییە ڕزگار کەین ئەو کاتە جەماوەر دەکەینە دادپرس و حەکەم! کوڕینە ئەگەر بۆ ناو و کورسی و دەستکەوتە جارێ کورد هیچیانی نییە تا شەڕی لەسەر بکرێت!! با هەمووان بۆی پەیداکەین ئەوساتە جەماوەر خۆی ڕابەری خۆی هەڵدەبژێرێ .
ئەگەر بازرگانێتیشە بیکەن بەخاتری خوا و خوێنی شەهیدان و فرمێسکی لێقەوماوان بازاڕ و دوکان و کاڵایەکی تر وەدۆزن!!! کێ دەڵێ وا نییە؟؟ با بۆ ئێمە و جەماوەری ڕوون کاتەوە ئەم گاڵتەجاڕییە بۆ ؟ و لە پێناوی چیدا؟!.
دڵسۆزانی کورد با نەورۆزی ئەمساڵمان بکەینە ڕۆژی یەکگرتن و یەکبوون، با هەمووان بۆ ئازادی و یەکسانی دەست دەنێو دەستی یەک نێین، با لەسەرتاسەری کوردستانی مەزندا ئامانج و خواز و پلان یەکخەین، با ئەم هەلە مێژووییەی بەردەم بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەبار نەچێت ئەوەی ئەمەش نەکات:
تف و نەحلەت و نەفرینی هەموو مێژووی کورد بۆ خۆی مسۆگەر دەکات!!
بەرپرسارێی تاوانی بەردەوامی ژێردەستەیی و چەوساندنەوەی کورد هەڵدەگرێ ڕووە و ڕیسوایی بەردەم خوا و کورد و مرۆڤایەتی دەبێت!!!
دەبا «« پێش ئەوەی هەرشتێ بین با کورد بین»»
سەرکەوتنیش هەر بۆ کوردە
هەر شەکاوە بێت بیروباوەڕی کوردایەتی پیرۆز
مردن بۆ دوژمنانی ناوخۆ و دەرەوە
سەرکردایەتی گشتی پارتی سۆسیالیستی کورد - پاسۆک .
نەورۆزی ٢٦٨١ ٢١ی مارتی ١٩٨١ زاین

## ((وتەی زیندوو))

**لە وتە نەمرەکانی پێشەوا قازی محەمەد**

ـ شانازی دەکەم بەوەی کە لە ڕێگای نەتەوەکەمدا خۆم فیدا دەکەم.

ـ با نەتەوەی کورد بزانێ، من هەتا دوایین هەناسەی ژیانم ڕۆڵەی فیداکاری بووم.

ـ ماڵ و منداڵی من نەتەوەی کوردە.

ـ ئێرە ماڵی منە. خاکی کوردستان خاکی بابوباپیر و ئەجدادی منە، چۆن دەتوانم دەست لەوە هەڵگرم.

ـ با نەتەوەی کورد فریو نەخوا و خەباتی خۆی بۆ رزگاریی و سەربەستی کوردستان پەک نەخات و چەکی خۆی دانەنێ... دەوڵەت زۆر هەوڵ دەدا کە ئێمە ناچارکات نامەیەک بۆ هێزە چەکدارەکانی کوردستان، بەتایبەتی بۆ بارزانییەکان بنووسین، کە دەست لە خۆڕاگری هەڵگرن و لەگەڵ ئوردووی ئێران شەڕ نەکەن، بەڵام ئێمە نەمان نووسیوە و نایشی نووسین... ئەوەندەی کە پێیان دەکرێ با لە داگیرکەر دەن..

ـ براکانم وەستێم ئەوەیە: یەکگرن... سەردەکەون.

**ماڵئاوا:**

## فرمێسکی گێلانه بۆ ئابووری عێراق!!

لەم ماوەی شەڕی عێراق و ئێرانەدا هەندێ ئاوازی ناساز دەبیستین کە خاوەنەکانیان بە چوار چاو ئەسرین بۆ لاتبوونی عێراق و سامان و دارایی و ئابووری وڵات!! دەڕێژن! هەر وەکو ئەم دارایی و ئابوورییە دالەنگاوە لە بەشە بەشی « ئاوەدانکردنەوەی کوردستان» و پێشکەوتنی گەلی کورد و پارووی دەمی کورد کەم بێتەوە!! ئەم « وڵاتبازانە» ئەوە نازانن ئەگەر ئەم ئابووری و سامانە لە چەوتی و ڕێیەکی وادا بە فیڕۆ نەڕوات ئاوەوئاو نەچێت ، دەدرێت بە ئاگر و ئاسن و باڕووت و دەکرێت بە کوردستان دا!؟ ئەگەر خەزێنەی گڵاوی عێراقی داگیرکەر لە شەڕێکی وادا چۆڵ نەبێت ، لەبری چوار هەزار بەکرێگیراو و سیخوڕ و چڵکاوخۆر و- تەنها لە شاری سلێمانی دا- سێ چوار هەزاری تری وەکو سەگ بەردەدەنە گیانی گەلەکەمان!؟. ئەگەر بەعسی فاشست و ڕەگەزپەرست بەهۆی هەرزەییەکی وەکو « قادسیە سەدام» وە مایەپووچ نەبێت، دەمووچاو و دەروونی ئەو دنیا « پێشکەوتوو و پاشکەوتووە»ی چۆن وەکو دەمی گورگ لە ئاستی قەڵاچۆکردنی کورددا پێدەبەسترێ؟! ئەگەر ڕۆژانە دەیان ملیۆن دینار نەکەنە ئاوەوە وە بایی دەیانی تر زیانیان لێ نەدرێت... ئەو هەموو « دە» یانەی بۆ توانەوەی کورد بەخەرج دەدرێت؟! ئەم خەڵکە ساویلکە دەم چەوتە« عێراقچی» یانە، لەبیریان چۆتەوە یان لە بیر خۆیان دەبەنەوە، کە ئەگەر خەزێنەی پڕی بەعسییانە نەبوایە چۆن دەتوانی ئەو هەزاران ماڵە وردانەی سەر سنووری دەستکرد ڕاگوێزێت و بە زۆر خوایشت و دەم چەورکردن و چاو دڕکردن فزە لە ناڕەزایی خەڵکی ببڕێت؟! ئەگەر ئابووری و سامانی بێ حسێبی عێراقی نەبوایە چۆن دەیتوانی پتر لە سەد هەزار سەرباز بکێشێتە کوردستانەوە وە لە هەر قووتەیەکدا ڕۆژانە بەهەزاران دینار بەخەرج بدات؟! ئەرێ « نەوت و گاز و دینار» ی بێ شوماری عێراقی نەبوایە کێ دوازدە ساڵان خۆی لەسەر کورسی حوکمی لەقاوی عێراق ڕاگرتووە؟!.

دەک خوای دەکرد، بەسەبەتەیە دیناری عێراقی سەلکەپیازێکی نەدەکرد... جا بمانزانیبایە کێ زەرەری دەکرد؟!. « مزگەوتێ بۆ من نەبێت، خوای دەکرد دەیانکردە بە خان»!!. یان ئەوانە، لەوە دەترسن بچینەوە سەر خەزێنەی بەتاڵ و بەشیان نەمێنێ؟!!.

**ئەوەی لە چاویلکەی خەڵکەوە تەماشای دنیا دەکات! ئاوەژوو دەیبینێ//**

## ((پێش ئەوەی هەرشتێ بین، ئەبێ کوردبین))
## چەکی بێ بیروباوەڕ سێدارەی جەماوەرە

ژمارە سێ   نیسانی ١٩٨١   نەورۆزی ٢٥٩٣   نرخی: بەپێی توانایە

**ئاڵای سووری کوردایەتی**
**ئۆرگانی ناوەندی هێزی پێشمەرگەی پاسۆک**

# سەرەباس

+ شیعر
+ سەروتار
+ سڵاو لە ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کورد
+ ساڵڕۆژی ٧ نیسانە کوردییەکان لەهەتاوی مێژوودا
+ ڕازێکی کوردانە: چارەسەری بنەبڕی مەسەلەی کورد مافی دیاریکردنی چارەنووسیەتی
+ لە کەلەپووری شۆڕشگێڕیمان دا...
+ شادەمارە سەرەتاکانمان..
+ ئەم کورد کوردێنە بۆ؟!...
+ تیشکێک لەخۆری کوردایەتی: دێڕێک لەداستانی بەچکەشێرانی نەتەوەیی
+ قوتابخانەی پاسۆک : ( وانەی سێیەم) ئێمە سەربازی جەماوەرین کوێخای نین
+ بانگێ لە سەنگەری پاسۆکەوە
+ تاریک و ڕوون
+ سەربازی ون
+ لە کەلەپووری شۆڕشگێڕانەی «کاژیک» بەبۆنەی یادی ڕسکانی
+ ماڵاوا

هەواڵنامەی کتێب

**تەنیا لە لولەی تفەنگ دا**
**ئازادیی چاوی هەڵدێنێ..**
**هەق بانگ ئەدا.**
**تەنیا هەر لە ئاستی چەکا**
**داگیرکەر ملی کەچ ئەکا!**

## سەروتار..

لە کوردەواریدا مەتەڵێکی نوکتەجاڕ هەیە دەڵێ: پیاوێک چل کوڕی هەیە و وەجاخی کوێرە؟!.جا ئەگەر مەبەستی مەتەڵەکە ئەوەیە، کە "وەجاخ " ناوی کوڕە و بە زگماگی کوێر بووە، دەشێتیش ئەو چل کوڕەی بێ خێر بن. یان ڕێوڕەوتێکی باوکیان کوێر کردبێتەوە!.

ئێمەی کوردلە سالانی پێش گەلاوێژی ١٩٥٨،کاتێ کە ئۆپۆزیسیۆن(معارض)ەی عێراقی لەساڵی ١٩٥٧ دا لە (بەرە) یەکدا کۆبوونەوە. هەندێ باڵی ئەو بەرەیە قایل نەبوون،کە " پارتی " ـ ئەو ڕۆژە ـ وەکو نوێنەری کورد بەشداری تێدا بکات. هەر ئەوەندە مەرحەمەتیان بوو،کە ڕێیان دا "حیزبی شیوعی عێراقی"هاوکارییەکی دوو قۆڵی لە دەرەوەی بەرەکە لەگەڵ (پارتی)دا بکات..کە ڕۆژی خۆشیانیش هات هەر بە تەواوی پشت گوێ خراین. ڕۆژگار هات و ڕۆژگار ڕۆیشت، ئەو بن بنچکەی کورد بوە قەلایەک و هەموو (هەق خواراوێکی) لە سایەدا دەحەسایەوە. کە شۆڕشی ئەیلوولیشیان زیندەبەچاڵ کرد، ئەوکاتە هەموو تێگەیشتن کە بوون و مانەوە و ڕوومەت/ کەرامەتیان بە کوردەوە بەند بووە. پێشکەوتووخوازی بەعسیش بە ئێمەوە بەند بووە و لەوەش سەیرتر ڕزق و ڕۆژوو و چاوکاڵیی جاشەکانیش هەر بە ئێمەوە مابووە!. تا کار گەیشتۆتە ئەوەی ئیمڕۆ( بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد) تەوەری هەرە سەرەکی و کاریگەری ئازادیخوایانی عێراق و ناوچەکەشە. ئەگەر نەڵێین بێ ئەو بزووتنەوەیە، شتێ نییە پێی بووترێ ئازادیخوایان ، ئۆپۆزیسیۆن"معارڤ».

پاش سێ چوار ساڵ لە تاڵترین تاقیکردنەوە و بار و هەلومەرجی سەختی وا کە باسکردنی هەر لە ئەفسانە و خەیاڵ دەچێ. پاش نەبەردی و خۆڕاگرتنێکی بێ نموونە و وێنە لە هەموو مێژوودا. پاش قوربانیدانی چاکترین ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە، چاوی هیوا و ئاوات و خواستی هەموو لایەک و لەو گولالە سوورانەن ،کە مژدە و دیاردەی بەهاری ئازادی کورد و سەرفرازی گەلی عێراقن. هەموو لایەک بۆیان دەرکەوت، کە بێ کورد سفری پاش وێرگوڵیش نین.

ئەمەش ئەو رۆژە بوو،کە کورد چاوەڕوانی دەکرد و بە قوربانیی هەزاران ڕۆڵەی جەربەزەی دەستی خستووە، نرخەکەی کاولکردنی کوردستان بووە. دەربەدەری و ئاوارەیی هەزار گوندی کوردستان بووە، فرمێسک و ناڵە و مەینەتی هەموو ماڵێکی کۆست کەوتووی کورد بووە. نرخێکی گران بووە، بەڵام لە حسابی خەبات و گیانبازی و ئازادیدا هەرزانە. چونکە ئەوە دوا کۆسپ و پلەی خەباتی رزگاریخوازی کورد بووە. بەمە کورد کەوتۆتە بارو هەلومەرجێکی واوە، کە ببێتە سەرەنێزەی ڕەوا و هەق و ئازادی و کەرامەتی مرۆڤ لە ناوچەکەدا. ئەو هەلەی بۆ ڕەخسا کە هەموو داواکارییە ڕەواکانی، کە جاران خەون و خەیاڵ بوون لە حیسابی سیاسەتمەداراندا، یان جوێن بوون لە نەتەوەییەکان دەگیران، ببێتە واقیعێک و ئەرکی بوون/ واجب الوجود!!. ئەویش مافی دیاریکردنی (چارەنووس)ییەتی. جاران ئەگەر هەژگی دوای کلکی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقیمان پێ ڕەوا نەدەبیندرا و بێ شەرمانە بە "بەشێک لە نەتەوەی عەرەب"و خاکەکەمان تا پشت شاخەکانی "پشتکۆ"وەش، بە مولکی کەسێکی تر دادەنرا. بووینە خدری زیندە و کەرامەتی ئەو دەمارگیرانەشمان پاراستووە. لێرەدا چاوەڕوانی ئەوە دەکرا، بە پێی هەموو حسێب و لۆژیکێک ببینە شانەی هەنگ و هەنگوینمان تێدا کۆببێتەوە. وەکو کورد (جا چ دەبین و نابین چ نییە،ئەگەر بۆ کورد و خزمەتی کورد ببین و هێندەی بێگانەکان دۆستی یەک بین)ڕێ نەدەین پەل پەلمان کەن. ئەو خەونە تاڵەی دوژمنان و داگیرکەرانمان پێوەیان دەبینین بمانهێنایەتە دی. ئەویش بە یەکگرتنی هەموو هێزە سیاسییە شۆڕشگێڕەکانی کورد دەبوو کە بەرەی بناغە و بنچینەی هەموو ئازادیخوایانی عێراق بوایە. یەکمان گرت بەڵام لە سێ قوڵەوە!! لەگەڵ هەموو کەسێکدا ڕێکەوتین، لەگەڵ خۆماندا نەبێت. ئەگەر یەک دوویەکیشمان پێکەوە لکابن، دەبێت دەم سپییەک لە بەینماندا بێت. وە ببێتە سرێش پێکمانەوە گرێ بدات. نامەخوا ئیمرۆ کورد لە سێ (بەرە)دایە. لە جووقەی سێ ئاوازی سەر گۆڕەپانی ناوچەکەیدا. لە سێ زاراوەی بە بڕشت و باوی "نەتەوەیی" (پێشکەوتوو)، (ئیسلامی) دایە. دەتوانین {{نەتەوەیی،پێشکەوتوو، ئیسلامی}}بین،بەڵام ناتوانین(کورد)!!. ئەگەر یەکێ نەزانێ دەڵێ: ئەمە ڕۆڵ دابەشکردنە(توزیع الادوار)ە و عا فەرم!!. نازانن کابرای بەسراوی لە نێوان (حانە و مانە)ی ژنیدا، ڕیشی لەبەین چوو. ئێمە لە بەینی (حانە و مانە و خانە)دا سمێڵیش دەنێینە بان!...

ئێمە بە دڵسۆزییەوە لە ڕووی بەتەنگەوە هاتن و بە زمانی جەماوەر دەڵێین:

براینە.. ئەوەی چوو چووە و هەتا بە دووی کەوین زەرەرمەندتر دەبین، گوناهی کێیە و خەتای کێ بوو. ئەمە وا و ئەوەیان وا نامان گەیەنێتە هیچ. کێ کێی پێ چاک نییە با بیداتە دەست ڕۆژگار و حوکمی جەماوەر. ڕاستی و چاکی و پاکی



هەواڵنامەی کتێب

هەرگیز تا سەر نەشاردراوەتەوە و نەتوانراوە، خەفە بکرێت. بەرگی دزێتیش هەر بە شەو لەبەردەکرێ. ڕۆژبۆوە یان دەبێ داکەنرێ  یان خاوەنەکەی دەگاتە سەری. کەسیش  با نە لە چەکی، نە لە پروپاگەندەی / دیعایەی،نە لە زۆری و نە لە فێڵی کەس بترسێ، چونکە هەمووان پێشمەرگەین و کەسیش ئەوەندەی بەعس نە چەک و نە پروپاگەندە و نە زۆر و نە فێڵی نییە. ئەوەتاش خۆی پێناگیرێ. با هەموانیش لە بینەبڕکێی هێمنانە دا، جەماوەر حوکممان بەسەردا بدات. ئیمڕۆش حوکمەکەی ڕەوا نەبێت، سبەی ڕاستی دەکاتەوە. ئەو ڕۆژە هەقی ئەو غەدرەیشی بۆ دەکرێتەوە ئەگەر بوو!. ئێمە با ئەوە بکەین ئینجا بزانین (نەتەوەیی) و(پێشکەوتوو) و (ئیسلامی) و هەرچی  هەیە و نییە،بەپێی خۆیان وەکو دەرمان بە شوێنماندا ناگەڕێن و دەسە و دامێنمان نابن!. بزانین کورد نابێتە(نەتەوەیی) و(پێشکەوتوو)  و (ئیسلامی)یش!. بزانن نابینە ئیمام و دەمڕاستی هەمووشیان. باشە ڕۆژیشمان مسۆگەرە،چونکە ئێمە ئەگەر )تەوەر) و (جەمسەری) سەرەکی و کاریگەری (ئۆپۆزیسیۆن) و ئازادیخوایان بووین، چ دەبێ شتێ لە مەسەلەکەی ئێمە ناگۆڕێ. ئایا ئەمیان کورسییەکەی بەغدای پچڕی وا دەبێ و وا دەکا. وە ئەویان بە میرات بۆی مایەوە، ئەمە دەکات و ئەوە دەبێ، دەردی دەڵێن چ دەبێ با ببێ. ئێمە خۆمان مسۆگەر زامنی / تەئمینی خۆمان کردووە. هەر لێستاشەوە دەتوانین چمان بوێت ـ دیارە مەبەست ڕەوا و هەقی کوردە ـ پێیان بسەلمێنین و ئیمانیان پێبهێنین. کێش نایکات، بزانین بێ ئێمە چی کردووە و چی پێ دەکرێ. هەتا ماون کە شاخیان بمێنێ و بچەمنەوە و لەئاستی کورد دا چاو داخەن. ئێمە نەبین ئەوانە (تۆزی دەهۆڵ و ڕۆنی مێشوولە)ن. هەر یەک یەک و دوو دوو بەعس هەموویان دەگرێ.. ئێمە هەق دەڵێین، بە زمانی ئەتەکێتی ناو ساڵۆناتی سیاسەتیش نایڵێین، چونکە بۆ جەماوەری دەڵێین و هی ئەوانە دەیڵێینەوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، لەگەڵ هەموو هەوڵێکی خێرخوایانەداین و لێستاشەوە ئامادەین لەهەموو بوار و لەسەر هەموو ئاستێک هاوکاری هەموو لایەک بکەین. لەپێش هەموو شتێکەوە لە خزمەتی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورداین لە کوردستانی گەورەدا و کورد لە کوێ پێویستی بە (پاسۆک )بێت، سەنگەری لەوێدا دەبێت. هەر داگیرکەرێکیش چقڵێ لە پێی منداڵێکی کورد ڕۆکات،وادەزانین بە چاوی ئێمەیدا دەکات. ئەو داگیرکەرە چییە،چی نییە؟،سەری بە ریشی بابی!! چونکە ئێمە پێش ئەوەی هەر شتێ بین کوردین...

ـ دەستەی بەڕێوەبەرایەتی ـ

## ســـــــڵاو //
## له ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کـــــــــورد

٢٢ی نیسانی هەموو ساڵێک یادی پشکووتووی خونچەی وشەی جەماوەری کوردییە./ بەر لە ٨٣ ساڵ بۆیەکەم جار لە مێژووی فەرهەنگ و ڕۆشنبیریی کوردی دا، لە دەرەوەی نیشتمانی ژێر دەستەو و داگیرکراوماندا، لە قاهیرە، دەمی یەکەم خونچەی وشەی پیرۆزی کوردی پشکووت. ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی (کوردستان) ی ئازیز بەدەستی نیتمانپەروەری مەزن (مەدحەت بەگی بەردخان) لە ژان و ژوانی ئەو ڕۆژەی کورد دا لەدایک بوو. لەبەر ناچاری زۆرجاران ئەم ڕۆژنامەیە بارگە و بنکەی گوێزراوەتەوە بۆ (ژنێف) و (ڤۆلگستۆن) و (لەندەن) و لەدوای «مەشروتیەت»یش بۆماوەیەک لە (ئەستەمبوڵ) دەرچووە. ئەم ڕۆژنامەیە بە وشەی کوردی ڕەسەن و بیری نەتەوایەتی و کوردایەتی پیرۆز، گیان و ویژدانی نەتەوەی کوردی دەهاژاند بۆ (سەربەخۆیی و ڕزگاری و یەکگرتنەوە هانی دەدان). هەر دەستە خوشکی ئەم ڕۆژنامەیە بوو کە ساڵی ١٩١٩ بەناوی «ژین» لە ئەستەمبوڵ دا لەژێر دروشمی ( کوردستانماڵی کوردە) دا کڵپەی شۆڕش و ویستی مێژوویی کوردی تاو پێ دەسەند.

ئەگەرچی ناوەناوە پێنووسی بەکرێگیراو و خۆفرۆش و سڕبووش، سەری نەویان لە نێو بڵندایی پێنووسە مەزنە کورد دۆستەکاندا بە شۆڕی لەقاندووە؟ بەڵام هەمیشە بیری "کوردایەتی " و دەنگی " ڕەوا" و وشەی "پرشنگدار و پرشنگدار" پێشەنگی کاروانی خەباتی "ئازادی و یەکسانی" کورد بوون.

وشەی پیرۆز و پاک و شۆڕشگێڕ و ڕەسەن، هەمیشە هەوێنی خەملاندنی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد بووە و لە نووکی پێنووسی بەحورمەت و ڕاستگۆ و نەترسەوە، پڕیشکی شۆڕش و ڕاپەڕین دەڕسکێ. پێنووس بانگی "هەق" هەڵدەدا و چەک، چۆک بە دوژمن دا دەدات. هەر هەمووش بە بیری(کوردایەتی)فرچکیان هەڵدەدرێتەوە.

ســڵاو لە وشەی پیرۆز و ڕەسەن، لانکەی دواڕۆژی" ئازادی و یەکسانی».

- دەستەی بەڕێوەبەرایەتی -

# {{ساڵڕۆژی ٧ نیسانە کوردییەکان، لە هەتاوی مێژوودا...}}

ڕووداوە گرنگ و بەرچاوەکانی هەر نەتەوەیەک، بناغە و توخم و تۆوی بوونیەتی. تێکڕای ئەو بەسەرهاتە مێژووییانە، شەقڵی تایبەتی و سەربەخۆیی دەکێشنن و ڕەنگ و ڕووو و قوڵایی و سەر و سیمای دیاری دەکەن. ئەو یادگار و بیروباوەڕانە لە قوڵایی و پانتایی یاد و بیرەوەری کۆمەڵدا لە "هۆش" و "هەست" و "ویژدانی" کۆمەڵایەتی دا، نهێنی بوون ومانەوە و بەردەوامێتی..

"مێژوو" ی نەتەوەیەک ڕۆژی" ڕسکان و فراژبوون و قاڵ بوون و خۆڕاگری و بەرەنگاربوونەوە و گەشە و بڵندبوونەوە"ن.مێژووی هەر نەتەوەیەکیش ناوەڕۆک و جەوهەری بوونیەتی. تا لە بۆتەی ڕۆژگاریشدا قاڵتر بێت و ڕەگ و بنج داکوتراوتریش دەبێت. ڕۆژگار و بەسەرهاتی مێژووی کوردیش بەهەر لایەکدا وەرچەرخێ و سەرنجی بێگانە بۆ هەر لایەک دەدەیت. ، داستانی " نهێنیبوونی ئادەمیزاد" و "پەلەی ژیان" و "بڵندی پڕ شکۆیی" مرۆڤت بۆ دەسەلمێنێ. لە ئاست نیگارێکی وا سەرسووڕهێنەر،دەبێ مرۆڤ توند ئامێز بە هۆشی خۆیدا کات، نەبادا لە دنیای بوون و باوەڕدا بیترازێنێ لەم بواردا تەنها بۆ یاد یادخستنەوە بۆ مەزنی و نەمری کوردسەرنجێکی ڕێبوارئاسایی "مشتێ لە خەروارێکی" ڕووداوەکانی نیسانی کورد دەدەین:

١ـ لە ٥ ی نیسانی ١٩٣١ دا جەنگاوەرانی کورد لە شەڕێکی دەستە و یەخەی قارەمانەدا بەرەنگاری هێزی چەپەڵی ئینگلیز عێراقیی بوونەوەو

داستانێکی تری قارەمانێتی و نەبەردی کردیان تۆمار کرد و جارێکی تر ویست و خوازی ڕەوای کوردیان سەلماندەوە کە نایەوێت عێراقییان هەر شوێنییەکی تر بێت و دەیەوێ کوردستانی بێت ئەم نەبەردییەش لە مێژوودا بە ناوی شەڕی ئاوباریک بەناوبانگە کە پاشای/مەلیکی کوردستان شێخی مەزن ڕاپەڕینەکەی شەشی ئەیلوولی ١٩٣٠ دژی پەیمانی عێراقی - ئینگلیزی تاو پێ سەندوو لە ٥ ی نیسانی ١٩٣١گەیشتە چڵەپۆپە و بڵندترین شێوەی خەبات کە ڕاپەڕینی چەکداری بووە... لەم بارەیەوە ڕابەڕێکی مەزنی کوردلە پەڕاو بەنرخەکەیدا دەڵێ: بڕیار وابوو لە هاوینی ١٩٣٠ دا هەڵبژاردن بکرێ بۆ ئەوەی پەرلەمان لە سێپتەمبەردا کۆبێتەوە و پەیمانەکە پەسەند بکا خەڵکی سولەیمانی لە هەڵبژاردن دا بەشدار نەبوون و لە شەشی سێپتەمبەری ١٩٣٠ دا خۆ پیشاندانێکی گەورە ڕێکخرا کە لە نێوان پۆلیس خەڵکەکەدا بووبەشەڕ و ٤٥ کەسی تێدا کوژرا و نێزیکەی ٢٠٠ کەس بریندار بوو ڕۆژی

شەشی سێپتەمبەر لە مێژووی گەلی کورد دا وەک ڕۆژی خەبات دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی تۆمار کرا و بوو بە نیشانەی دەست پێکردنی قۆناخێکی نوێ لە خەباتی دژواری دوا رۆژدا. شێخ مەحمود کەتا ئەو کاتە چاوەڕوانی پێشهاتەکان بوو سەرلەنوێ تاوی دایەوە چەک.

خەباتی چەکدار ئەمجارە تا مارسی ١٩٣١ درێژەی کێشا و شێخ مەحمود هێندێک بەرهەمی باشی لێ وەدەسیهێنان. شێخ مەحمود تەناتەتهەوڵی ڕزگارکردنی کەرکووکیشی دا.

٢- لە ١٤ ی نیسانی ١٩٦٠ یشدا بۆ جارێکی تر بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد و بیری نەتەوایەتی کورد پاش تاساندن و کپکردنەوەی لە دوای چلەکانەوە و دروستکردنی چەند دامودەزگا و ڕێکخراوێکی ناوەڕاست ڕەوی خۆبەدەسەدەرەوەی ناوەڕۆ پووچ و نانەتەوەیی و ڕووکەش کوردانە لەسەر دەستی دەستەیەک لە شۆڕشگێڕانی ڕەسەن و کورد ویست پاش تاقیکردنەوەیەکی تاڵ لەگەڵ ئەو کۆڕە نانەتەوەییانە و پاش خۆشبوونی زەمینەی سروشتی ڕسکان کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتی کورد ڕسکاو بەناوی کاژیک دەرگای ڕۆژگارێکی ڕوونی خستە پێش بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد و لەگەڵ هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلوولی پیرۆز هاوبیرانی کاژیک لەدەستەی پێشەوەی گیانبازانی کورد دابوون . هەرچەندە وەکو بڵاوکراوەیەکی کاژیک لە ساڵی ٩٧٥ دا بەناوی کاژیک و هەرەسی شۆڕشی کورد دا دەڵێ:

بەم جۆرە لە هەموو قۆناغەکانی شۆڕشدا سەرکردە بۆرژوا بچووک و مەیلدارانی ڕیفۆڕمی و دەرەبەگە خێڵایەتییەکان کە دژی ئەو شۆڕشی سۆشیالیستی نەتەوایەتییەن کە حیزبیمان گرتوویەتە بەرکەوتوونەتە گیانی هاوبیرانمان چالاکترین هاوبیرانمان لە گرتن و هەتا کوشتنیش ڕزگاریان نەبووە.

هەروەها هاوبیرایەتی کاژیک گوناح و تاوانێکی بێ لێبووردن بووە لە کوردستانی پارتییەکان دا! لەگەڵ ئەمەشدا لەدابڕانەکەی بەهاری١٩٦٤نێوانی بارزانی و کۆمیتەی ناوەندی کاژیک لایەنی ئەو لایەنەی گرت کە لە شۆڕشدا مایەوە ئەو ڕۆژە بارزانی هەر خۆی چەندشەڕکەرێکی لەگەڵ مابووە و مانەوەی جەماوەریش بە دەوریدا مانەوەیەکی فطری و عفوی بوون کە بەرگەی کێشمەکێشی نێوان ئەو و کۆمیتەی حیزبەکەی وشۆرش و داگیرکەرەکەی نەدەگرت دەبوایە ئەو گردەبوونەوەیە فطری و عفوی یە بخرایەتە قاڵبێکی ڕێوپێکی حیزبایەتییەوە و ئەمەگەورەترین هەڵەی بردەم کاژیک بوو بۆ ئەوەی جەماوەر لەدەست هەردوو ڕزگار بکات، بەڵام لەو ڕۆژەدا نەدەکرا پشت لە دوژمنە سەرەکییەکە بکرێت و ناکۆکییە مام ناوەندییەکان بخرێنە پێش . خۆ ئەگەر

کورد لە وچانی پشوو و هێمنیدا بوایە بۆ دواجار جەماوەری کورد لەچەواشەبوون ڕزگار دەکرا!! بۆیە کاژیک بڕیاری دا کە چالاکی حیزبی خۆی بوەستێنێ و هەموو توانای بخاتە خزمەت شۆش و بارسەنگیبارزانی ڕاست کاتەوە بەمەش نموونەیەکی بێ وێنەی لە قوربانی دان و خۆنویستیدا تۆمار کرد و بۆ یەکەمجار تاقیکردنەوەیەکی رابەرانە بوولە قوربانیدان بە بەرژەوەندی حیزبایەتی و هەتا فکریش لە پێناوی بەرژەوەندی نەتەوەدا کەچی پاش ئازاری ١٩٧٠ مانگی هەنگوینی/ شهر العسل ەکەی بەعسی بادرایەوە سەر گیانی کاژیک و هەتا بەسەدان کەس لە ڕیزەکانی پارتیش بە تۆمەتی کاژیک!! ی دەرکران!!! بەڵام ئەم ڕەفتارە ناکوردە نادڵسۆزانەیە هەنگاوەکانی کاژیک ی نەشلەژاند و بە هەڵەیدا نەبرین هەرچەندە جارێکی تر ئەم گاڵتەجاڕییە لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٥ دا لەسەر دەستی پاراستنی ناوبانگ زڕاودا نوێ بۆوە!!.

ئیمڕۆ پاسۆک بەرۆگری پێشکەوتوو و پێگەیشتووی ئەو خەباتە پیرۆز و پڕ شانازییەی کاژیکە و هەردەم دروشمی پێش ئەوەی هەر شتێ بیندەبێ کورد بین ی بڵند کردۆتەوە و پێڕەوی دەکات...

سڵاو لە یادی پڕ شکۆی ڕسکانی کاژیک

٣- لە ٢٤ی نیسانی ساڵی ١٩١٩ دا گۆیان ەکان بەڕووی داگیرکەی ئینگلیزیدا ڕاپەڕین و لەگەڵ ڕاپەڕینەکەی شێخ مەحمود دوو ئەڵقەیزنجیرەیەکی شۆڕشگێڕانەی خەباتی ڕەوای کوردبوون دژی داگیرکەری عێرقی و ئیستعماری ئینگلیزی و دژی پارچە پارچە کردنی کودستان لە هەموو ڕۆژهەڵاتدا دەتوانین ڕاپەڕینی کورد لەڕووی ئینگلیزدا بە پڕیشکی یەکەمی شۆڕشی ناوچەکە دابێین دژی دەسەڵاتیڕەشی ئیستعماریان... مێژوونووسی و سیاسییەکی هەڵکەوتووی کورد لەسەر زمانی د. ن کولکوف دەگێڕێتەوە و دەڵێ:

گەلی کوردبەوەی کە لە ڕاپەڕینی ١٩١٨-١٩١٩ دا بوو بە پێشەنگی جەڵانەوەی گەلی عێراق نەخشێکی گرنگی ە ئامادەکردنی ڕاپەڕینیساڵی ١٩٢٥ یعێراق دا دیاری کرد.

لە شوێنێکی تردا دەڵێ: کوردەکان بەگشتی لە شەڕی دژی ئیمپریالیزمی بریتانیادا بەشداربوون و هەرچەندە ڕاپەڕینەکەش کۆژایەوە، بەڵام تێگەیشتن کە دەکرێ لەگەڵ بەهێزترین دەوڵەتی ئیمپریالیستی یانی ئیمپریالیزمی بریتانیایش شەڕ بکرێ.

ئەوان تەنها هەربە یوای ئەوە نەبوون رزگاری و نەتەوایەتی وەدەست بێنن بەڵکو بە هیوای ئەوەش بوون کە دۆخی کۆمەڵایەتیشیان باشتر بێ.

٤- ٢٢ی نیسانی هەموو ساڵێکیش یادی پڕ شکۆی چاوهەڵهێنانی وشەی پیرۆزە لەو ڕۆژەدا لە ساڵی ١٨٩٨ دا یەکەم مارەی ڕۆژنامەیکوردستان لە ئاوارەییدا

و دەربەدەری کورد لە دایک بوو ئەگەرچی لە لانکەی نیشتمانی دایکدا نەلاوایەوە بەڵام لەیانی کوردەوە ڕساکا بووپاشانیش نەوەکانی دوای خۆی ڕۆژنامە و گۆڤارە بە حورمەتەکاندا هەر درێژەی ئەو نەهامەتی و تەنگەتاوییەن و تا ئیمڕۆش ڕۆژنامەی کوردی لەباوەشی کوردستانی ئازیزدا نەحساوەتەوە. یان لەبن بەردێکدا و یان لەژێر خانێکی تاریکد چاوی هەڵهێناوە، بەڵام دنیایەکی بۆکورد ڕۆشن کردۆتەوە.

٥- لە ٢٤ی نیسانی ساڵی ١٩٧٤ دا پاش ئەوەی نەوەکانی جەگیز و هۆلاکۆ شەڕیان گلاندەوە کوردستان لە پڕدا بێ هیچ لێکدانەویەک ودەست پاراستنێک توپلێفە مەرگچێنەکانی بەعسی ڕەگەزپەرست شاری قارەمانی قەڵادزێ یان بۆردوومان کرد کە پتر لە ١٣٠ قوتابی زانکۆو پێ سپی و بێ دیفاعیان شەهید کردووە و دەیانی دیکە بریندار و کەلە کران پاش دوو رۆژ لە کارە دڕندانەکەیان شاری هڵەبجەی خوێناویشیان بەدەردی قەڵادزێ برد بەڵام ویستی کورد زۆر لەوە قایمتر بوو سەر بۆ خوازی گڵاوی هۆلاکۆیانەی بەعسی دا بنەوێنێ. ئەوەتا بە دەمی سوارە چەوتەکەی قادسییەوە خۆی کورد ناچار کرد کە دەستی ناپاکی و ملکەچی و پیلان لەدەستی شای نۆکەری ئیمپریالیزم بن بۆ ئەوەی پێکەوە خەنجەری ناپاکی لە پشتی کورد بدەن و دایان بەڵام هەر پاش ساڵێک کورد ڕاپەڕییەوە و ئیمڕۆ لە کوردستانی باشوورداخەباتی ڕزگاریخوازی کورد بۆتە نێرگە و دەستەوارەی خەباتی هەموو گلی عێراق و کوانێکی شۆڕشگێڕیشە ل ناوچەی خۆرهەڵاتدا..

سەددام ی باوک برای شاش ئیمڕۆ قەرزی ئەو ناپاکی و پلانە دەداتەوە وهەتا پەنا گوێی لە شەڕێکی دۆڕاوی دست تێدابڕاوی هەرزاندا نقوم.

دیارە ئەمەش حوکمی مێژووە بەسەدام و هەموو داگیرکەرانی کوردستانیش دەڵێین : ئەوەی دوژمنایەتی نەتەوەیەک بکات و مل بنێتە بەر لیویستی نەتەقەیەک لە تێشان و ڕووڕەشی و هەڵدێر بەولاوە ی بۆ دەمنێتەوە هەموو داگیرکەران ودوژمنانی کورد تا ئیمڕۆ هەمیشە پەشێمانیو تێشکان و لە گۆڕنانیان لە دوژمنایەتی کورد دا دۆزیەتەوە.

## ڕازێکی کـوردانه:
## چارەسەری بنەبڕی مەسەلەی کورد مافی دیاریکردنی چارەنووسییەتی

ئێمەی کورد تازە ڕیشمان بووە بە ڕیشی ئەو گەلانەی کە لە چوار لای نیشتمانە بەشکراوەکەمان دا ـ بەزۆر و بە ناهەق ـ پێکەوە لکێندراوین. ئەم گرێبەند و خستنە سەرەش نەوا دەمایەوە و نە واش ئالۆز دەبوو، ئەگەر لەتەک زەبر و زەنگ و زۆردا، هۆشی کورد دەستەمۆ وماڵی نەکرایە، بە هاوکاری پیلانی کۆمەڵێ خۆفرۆش و کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی ناوەڕاسترەوی ترسنۆکی نا نەتەوەیی. هۆشی ئەو گەلانەش نەخرایەتە سەر بارێکی چەوت و چەواشەی واوە، کە کوردستان ماڵی دایکیانە و پاروەوە چەورەی بەری ڕەنج و گەنجیانە.

بۆ یەکەم هەنگاوی ڕاستکردنەوەی ئەم بۆچوونە چەوت و چەواشانە و زامبنی سەرکەوتن و بەرهەم بووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، تەنها بە پاکتاوکردن و هەڵتەکلاندنی ئەم تەلیسمە دەبێت و خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد تا ئەو زەمینە دەروونی و هۆشییە پێویستەی چەسپاندنی ڕەوا و مافی کوردە لە (دیاریکردنی چارەنووسی) دا خۆش نەکات و کورد نەخاتە سەر ئەو بارەی کە نەتەوەیەکی جیاواز و سەربەخۆ و تایبەتە و وەکو هەموو نەتەوەکانی جیهان مافی چارەنووسی خۆی دەبێ لە چنگی خۆیدا بێت و ئەو گەلانە ـ بەتایبەتی چین و توێژ و کۆڕ و کۆمەڵانی پێشکەوتووی ـ دا نەهێنی بە بینینی واقیعی و داننان بە ڕاستی و مافی کورد دا، وەکو نەتەوەیەکی سەربەخۆ و جیاواز و نەیانخاتە سەر ئەو بارە دەروونی و هۆشییەی کە شەرمیان بێتەوە لە داگیرکردنی کوردستان و خۆیان و پێش خۆیان و داهاتوویان ژێر قەرزەی کوردن. ئا ئەم زەمینانە خۆش نەکرێن، نەچەسپێن، بچوکترین داواکاری ڕەوای کورد بەرەنگاری دڕندانەترین شاڵاو و بەرگری دەبێت و هەتا سەر لە لای پێشکەوتووی ئەو گەلانەش دەشێوێنێ و هەڵوێستی ناسرووشتی شۆڤێنییانەیان پێ دەنوێنێ. بەمە بزووتنەوەی کوردایەتی نەک هەر لە هێزێکی سەربار و پێویستی سروشتی بێبەش دەکات، کە بەشێکی گرنگی خەباتی هەموو گەلانی ئازادیخواز بووە. بەڵکو ئەو هێزە سەربارەش دەکاتە پارسەنگی داگیرکەرە کۆنەپەرستە شۆڤێنییەکە و تین و تاویش لە جەماوەری کۆڵنەدەری کورد دەبڕێت و ئەو تەوژمە مینۆکییە دەروونییە پێویستەی دەبێ ببێت،

سڕ دەکاتەوە و دیاردەی خۆفرۆشی و خلیسکان، هەتا لە تاکە تاکەی خەڵکیشەوە دەتەنێتەوە بۆ هێزە سیاسییەکانیش !!.

هەموو سەرکەوتنێک و بەرهەم و دەستکەوتێکی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردیش کەم تەمەن و بێ زامن دەبێت، لەبەردەم مەترسی پوچبوونەوە و هەڵوەشاندنەوەدا دەبێت. هەموو ملدان و داننانێکیش بەو مافانەی کورد دا کاتی تەکتیکی و بە گومان دەبێت. لە نێزیکترین دەرفەت و هەلی هەڵکەوتوودا، دەگەڕێتەوە سەردۆخی جارانی، یان بە کۆمەڵێ شێوە و شێوازی / شکلیاتی تر و ناوەڕۆکی پووچ و بێ گیان دەمێنێتەوە.ئەمە جگە لەوەی کە دەبێ هەمیشە کورد، لە خەباتێکی نەرێنییدا بێت، هەتا پاش سەرکەوتنیشی، دەستی لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگەکەی بێت. نەبادا پشتی کردەوە داگیرکەرەکەی زەفەری پێببێنێ، لە بری ئەوەی پاش سەرکەوتن و گەیشتنە ئامانج تەرخان کات بۆ خۆ داکوتاندن و بینای کۆمەڵ و بەکاهێنان و بە گەڕخستنی ئەرێنییانەی ئەو دەستکەوتانە. داگیرکەرەکەش هەردەم لە ژانی دڵەکوتێ و وەسوەسەی جیابوونەوە و ترسی دابڕیندا دەبێت. هەزار و یەک کێشە و ئاڵۆزی تر هەر لەم کێشەیەوە هەڵدەستێ.

خۆت بۆ خۆت مێژووی تەقەوەستان و گفتوگۆ و ڕێکەوتن و کاتەکانی شەڕ و ئاشتی لە کوردستاندا - بەتایبەتی کوردستانی باشوور و شۆڕشی ئەیلوول - لێکدەرەوە و بیهێنە پێشچاو و لێی ڕامێنە بزانە چەندە " ئەرک و وزەی لە کیس چوو" لەم گێژاوەدا بە فیڕۆ چووە. بۆیە ئاو لە دنگدا کوتانە و خۆ بەکوشت دانە تا:

١- هەموو کوڕ و کۆمەڵە سیاسییەکانی کورد دروشم و ئامانجە ستراتیژییە مێژووییەکانی کورد بڵند نەکەنەوە و جەماوەری کورد بە گیانی یەکێتی کورد و سەربەخۆیی پەروەردە نەکەن و ئامانجەکانی و وچانە ناچارییەکان لەبەر ڕۆشنایی ئەم دروشم و ئامانجە سەرەکی و ستراتیژیەدا دیاری نەکەن. ئەگەر یەکێ چ لە ڕووی دڵسۆزی گێلانە، یان چاوبەستەکی خۆفرۆشانە، یان ترسی بێ باوەڕانە لێمان قووت ببێتەوە و بڵێ:

A- ئێمە " ئۆتۆنۆمییەکی شەقوشڕ"و"خودموختارییەکی شڕوهوڕمان" پێ ڕەوا نابینن و بە "ئیسرائیلی دووەم" و " کافری ڕافزی لە دین دەرچوومان" دادەنێن،کۆمەڵانی خەڵکیمان بە ناوی "جیاخواز" و " تەجزئەتەلەب" لێ هان دەدەن و دەهورووژێنن. ئەگەر ئەم دروشمە چوار پارچەییە بڵند کەینەوە تەواو خوێنی خۆمان دەکەینە کاسەوە!.بە کورتی و کوردی دەڵێین :

هەولێرکتێب

١ـ ئەم قسەیە خۆی لە خۆی بڵند دەبێتەوە و بەگژ خۆتاندا دەچێتەوە،چونکە تاکە یەک داواکاری و داخوازی و ـ هەتا پاڕانەوەش ـ نەبووە،بەو ناوە و لە ژێر ئەو دروشمانەدا بەرەنگاری نەبووبنەوە و بەگژیدا نەچووبنەوە. ئیدی لەمە پتر چی دەکەن و " ماویانە کاولی کەن؟"، یەکێ تەڕ بێت چۆن لە باران دەترسێ ؟!.

٢ـ دوژمنان و داگیرکەرانمان ، پێیان بکرێ و دەستیان ببێ، سەلکە تووڕێکمان پێ ڕەوا نابینن. هەر بە برِی بێ توانایی خۆیان و زەبروزەنگ و شەقی کوردیش دێتە سەر چۆک. ئەمانە تەنها بە سیاسەتی (کوتەک) سەریان نەرم دەبێت و هەرگیزا و هەرگیز چاوەڕوانی ئەوەیان لێ ناکرێت، کە تۆزقاڵێک لە کەلی شەیتانی نەگریسیان بێنە خوارێ و ڕەحمییان بتلیسێتەوە و یان بیروباوەڕی "مرۆڤانەیان!!" هەنگاویان پێ بنێ. بۆیە تەنها توانای کوردەکە" شایەتمانی حەقیان" پێدێنێ و بە ناچاری سەریان پێ شۆڕ دەکات. بۆیە تا بەتەمای ڕەحم و میهرەبانی و پرنسیپێتی و مرۆڤدۆستی و پێشکەوتووخوازی داگیرکەر بێت،دەبێ تا ماوە لە کڕنووش بردندا بە خەیاڵ دوای تراویلکەی بیابانی هۆشی ڕزیو و ساویلکە بێت. ئەوانە دووی سێبەری خۆیان کەوتوون ،هەتا هەتایە بڕۆن هەر نایگەنێ.

B ـ ئەم کارە زیان دەدات لە هاوخەباتی و دژی سەرەتای دروستی خەباتی نێو گەلان و هاوکاری نێونەتەوەییە!!. دیسانەوە دەڵێین:

١ـ ئێمە بەدرێژایی خەباتی ڕزگاریخوازیمان و ژیان و پڕمەینەتی و ژێردەستیمان و ڕەنگ و ڕواڵەت و تام و بۆنی ئەم (هاوخەباتییەمان) نەکردووە و ئێستاش هەروەک هات هاتەکەی ڕۆم هەر دێت و نایەت و سێبەری بیر و تۆزی دەهۆڵ بووە!.

٢ـ گەلانی دنیا و دەستوور و تاقیکردنەوەی هەموو جوڵانەوە ڕزگاریخوازەکان پێچەوانەی ئەم بۆچوونە گێرە دەسەلمێنن و دەردەخەن. گەلانی ئازادیخوازی "الجزائیر" و " ڤێتنام" و " مۆزەمبیق" و هەموو دنیا ئەوە دەردەخەن، کاتێ ئەم گەلانە دەستییان داوەتە خەباتی ڕزگاریخوازی و سەربەخۆیانە، گەلانی دەسەڵاتە داگیرکەرەکە بوونەتە دۆستیان و پاڵپشتییان و هەتا خەباتەکەیان چوارچێوە و چێوی گڕدەبڕی و سەربەخۆیانەی پتر بەخۆوە دەگرت، زیاتر پشتیوان و دۆست و هاوکارانی لەناو ئەو گەلانەدا زیاد دەبوون. پێش خەبات و ڕاپەڕینی ئەو گەلانە مەگەر تاکە تاکەی خەڵکی زۆر هۆشمەند و بیرتیژ و مرۆڤدۆستی پێشکەوتووخواز ، یان نەیاری دەسەڵاتەکە! تەنها لەبەر نەیاری دەسەڵاتەکە و بەس، نووزەیەکیان

لێوە هاتبێ. ئەگینا تێکڕای گەل و جەماوەری بێ ئاگا لەسەر دەمیان نووستبوون. تەنها پاش ڕاپەڕین یان دۆست و هاوکاریان بۆ پەیدا بوو.

٣- هاوکاری و هاوخەباتی نێو گەلانیش خواستن و دان و بەرابەرییە. هەموو دالەنگین و ناهاوتاییەک دەبێتە " ئاغا و مسکێنی" و ئیستیعمار و شۆڤێنییان و داگیرکەرانیش، لە جۆرە هاوکاری و هاوخەباتییە پاشکۆییانەی پتر نە داوا کردووە و نە دەوێ. هاوخەباتی ڕاستەقینە و ئازادانە و پێشکەوتووخواز، تەنها لە نێوان گەلانی سەربەخۆ و ئازاد و سەربەستدا دەبێت. ئەگینا برایەتی و تەبایی داگیرکەر و داگیرکراو، برایەتی " گورگ و مەڕ" و " ئاغا و کۆیلەیە».

C- " بەردی زل هەڵگرتن نیشانەی نەهاویشتنە»!!

ئەمەش زۆرجار "پارت" ە کۆنە قەدیمەکان! لەڕوویان دەداین،چونکە ئەو دروشمە ستراتیژییانە لە کورسی "وەزارەت" و " دەسەڵاتداریتی" دووری دەخستنەوە و تەنها لە گێژاوێکی وەکو ڕابردوودا نەبووایە، ئەوانە دەبوایە لەبەردەم دادگایەکی میلیدا بوەستانایە و حسێبی وردی خۆیان هەڵڕشتایە. کەسانێکی نەفس کورت و بێ پشوو بوون، ئەوە بوو لەگەڵ یەک تاقیکردنەوەی بەرەنگاربوونەوەی سەخت و دژوار و ڕەسەن لەگەڵ داگیرکەردا، وەکو گەڵای پاییز کەوتە ژێر پۆستاڵی داگیرکەرەکە و ئەوەیان کە زۆر بە حورمەت دەستی لەرزۆکی بەسەر کڵاوی سەری شۆڕشدا گرتووە، نەبادا بای "غەزەبی" داگیرکەر بیبات!!.

شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە، نابێ چی هەبێت تا لە دۆڕان و فەوتانی بترسێ!. ئەگینا لە چاکترین حاڵەتدا سازشکارێکی "ڕیفۆرمستی" ڕاڕای ترسنۆک دەبێت و بەس. ترس و گەڕانەوە و ڕاڕایی لە فەرهەنگی شۆڕشگێڕی خاوەن باوەڕ/ عقائدیدا نییە. بۆیە یان بە سەربەستی دەژی یان بە شانازییەوە دەمرێ.

٢- جەماوەرو کۆڕ و کۆمەڵە پێشکەوتوو و ڕای گشتی ئەو گەلانە، بخرێتە سەر ئەو بارەی کە ڕاستی و لۆژیکی بوونی نەتەوەی کورد و سەربەخۆیی و تایبەتکاری قبوڵ بکەن و بسەلمێنن. لەوباری سەرنج و بۆچوون و قەناعەتە چەوت و چەواشەیەی هەیانە، بەوەی کە کورد "کەمایەتییەک" یان "بەشێک" یان " هاوڵاتییەک"ی ئەوانە، بێنە سەر ڕاستە شارێی ڕاستێتی و واقعییەتی بوونی کورد وەکو نەتەوەیەکی سەربەخۆ و تایبەت و جیاوازی وەکو ئەو نەتەوانەی تری سەر ڕووی زەمین. ئەو ڕاستییە بەڵگەنەویستەی، لە لا بکرێتە قەناعەت و باوەڕی پێبهێنێ. کە کورد چی لەو کەمتر نییە و هەمیشەش مافی هێندەی ئەوان

و هەموو نەتەوەکانی دنیا هەیە. بەوەی کە لە خاک و نیشتمانی مێژوویی خۆیدا چارەنووسی خۆی بەدەستی خۆی بێت. مەسەلەی پێکەوە ژیان و گونجاندن،یان جیابوونەوە و سەربەخۆیی کورد و ئەو گەلانە مەسەلەی نەتەوەی کورد خۆیەتی و بەس. کەس ئەو مافەی نییە و بۆی نییە خۆی لە ویست و خواز و چارەنووسی هەڵقورتێنێ. تەنها کورد بڕیار دەدات کە لەگەڵ ئەم گەلانەدا، بمێنێتەوە( جۆر و شێوەی ئەو مانەوەیەش، چۆنە و چۆن دەیەوێ هەر مافی خۆیەتی). یان بەرەو یەکێتی میللی و سەربەخۆیی نەتەوایەتی خۆی هەنگاو هەڵدێنێ. ئا ئەم کارەش بە ئەنجام نەدرێت:

A+ کۆمەڵانێکی زۆر لەو گەلانە دەکەونە بەرەی دوژمنایەتی کردنی بچووکترین مافی کوردەوە، بێ ئەوەی لەسەر هەق بن و لە بەرژەوەندییان بێت. بە پێچەوانەی باری میللەتانی تر کە ئەو بەرە پانە، هێزێکی پاڵدەر و یارمەتیدەری میللەتانی چەوساوەن.

B+دەسەڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان، هەمیشە ئەوەندەی خەڵک بەدەستەوە دەبێت، جگە لە پارە و بەرژەوەندی و هەڵخەڵەتاندن، بە ویستی خۆیان و بە بڕواوە دوژمنایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بکەن. بەمە کوتەکێکی قورس دەکەوێتە دەست داگیرکەرەکەش، دەتوانێ هەمیشە کێشە و ئاڵۆزی و ناتەباییەکانی ناوخۆیی، بە ئاڕاستەکردنی هێزی پێچەوانە و نەیاری ناوخۆی بەرانبەر کورد، خۆی لە ناتەباییەکانی ناوخۆ قوتار کات و تینوتەوژمی نەیاری ناوخۆ لە کورد دا بەخەرج بدات.

C. هەموو گۆڕانێک و پێشکەوتنێکی ئەو دەسەڵاتانە و باری ناوخۆی ئەو کۆمەڵگایانەش، قازانجێکی کوردی تێدا نابێت و ( هەمان تاس و هەمان حەمام) دەبن بۆ کورد. لە هەموو بار و بوارێکدا، جا دەسەڵاتەکە ( پاشایی،کۆماری، چەپڕە و،پێشکەوتوو،دیموکراسی،نەتەوەیی،ئیسلامی) و هەرچییەک بن ـ وەکو هەموویمان تاقیکردوونەتەوە ـ بەرانبەر بە کورد، هەر جاشی هەمان گوێ درێژ دەبن. ئێمە دەزانین ئەم کارە هەروا ئاسان نییە، بە تایبەتی پاش ئەو دەیان و سەدان ساڵەی چەواشەکردن و چەواشەییە، دەشزانین خەباتەکەمان سەختتر دەبێت دژوارتر دەبێت، بەڵام تاقیکردنەوە و زانست و واقیع فێری کردووین و فێرمان دەکات کە:

١+ ئەو بناغەیەی کە لەسەر ئەو واقع و ڕاستییە هەڵسێت، بناغەیەکی پتەو و قایم دەبێت و لە ڕۆچوون و داتەپین نایەت.

+٢ ئەگەرچی بینا و بەرهەمی سەر بناغەیەکی وا قووڵ و سەخت و پتەو بە درەنگتر هەڵدەستێ و بەرچاو و هەست دەکەوێ، بەڵام هەر کە ڕاست بووەوە و قۆناغە تایبەتی و سروشتییەکانی بڕی، لە قین و وەستان و ڕمانی نییە. بە پێچەوانەی ئەو بینا و بەرهەمانەی، کە لەسەر لم هەڵدەستێ زۆر بە زوو بەرچاو دەکەون و ڕاست دەبنەوە، بەڵام خۆیان لەبەردەم یەکەم زەبر و تاقیکردنەوەدا ناگرن و بەسەر کورد دا دەتەپن.

+٣ مەسەلەی (ئۆتۆنۆمی) و (خودموختاری) و(نیمچە ماف) بە حسێبی نێودەوڵەتان و سیاسەتی باڵا،مەسەلەیەکی ناوخۆیی و تایبەتیی نێو کیانێکی سیاسییە. لەبابەتی کێشەی ناوخۆی (سپی پێست و ڕەش پێستان) و (شیعە و سوننی یەک گەل) و (پرۆتستانت و کاپۆلیک) و (کرێکاران و خاوەن سەرمایان) و(گرفتی وزە ـ ازمە الطاقە) و (دیموکراسێتی) و لەم بابەتەیە. کە دابی نێودەوڵەتان وایە هەموو خۆتێهەڵقورتاندن و دەستتێوەردانێک ڕەت دەکاتەوە و دەستووری نێوگەلانە. کە کێشەی ناوخۆ دەبێت لەناوخۆدا چارەسەر بکرێت، بەمە ناتوانێ لە ڕۆژگارانێکی وەکو ئیمڕۆدا و لەبارودۆخێکی وەکو ئەم سەردەمانە و لە هەلومەرجی خەباتی توند و تیژ و کاریگەری هاوچەرخ دا، کە یارمەتی و هاوکاری و کۆمەکی دەرەوە مەرجێکی سەرەکی و گەورەی سەرکەوتنی هەر خەباتێکن و بێ ئەو مەرجە ـ بەتایبەتی بە نیسبەت خەباتی نەتەوەیەکی کەم دەست و دواکەوتوو و پارچەپارچەکراو و گەمارۆدراوی، وەکو کورد و داگیرکەرانێکی بەتوانا و و دۆستدار و بەهێز و پڕچەک و پارە و پوول ـ ، سەرکەوتنی خەباتی ڕزگاریخوازانەی زۆر دوورە دەست و سەخت دەبێت.

لە حاڵەتێکی وادا کەسێ ئامادە نییە،مەگەر لەبەر مەبەستێکی کاتی و کەم تەمەنی خۆی نەبێت، هاوکاریت بکات. کە پاشان ئەو هاوکاری و یارمەتییە دەبێتە بەڵا و سەدجاران لە لوتتەوە دێنێتە دەرەوە ـ . وەکو ئەوەی ئێران و شۆڕشی ئەیلوول، دۆستایەتی و هاوکاریت بکات و یارمەتیت بدات. چونکە هەر سبەی تۆ و داگیرکەرەکە لەسەر (خودموختارییەکە) ڕێک دەکەون ، دەبنەوە دوو دڵ و ڕۆحێک و ئاشت دەبنەوە، پیاوخراپی و چەرمەسەری بۆ دۆستەکەت دەمێنێتەوە. جا کێ هەیە ئەم بێ ئەقڵییە بکات!

خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی باشووردا، بۆ ٢١ ساڵ دەچێ بەدەوری خەرمانی پووچی (ئۆتۆنۆمی)یەوە گڕ دەخوات. هێندەی لایەک لە دنیاش قوربانی و باجمان داوە، هێشتا نەگەیشتووین و وا زووش ناگەین و ئەگەر گەیشتیشین،

پێی مسۆگەر نییە ئەو فشە کەڵەکە سەربگرێ و بەردەوام بێت. کە میللەتانی تر بە (سکاڵانامە)یەک و (مانگرتن) و (خۆپیشاندان) بە ١٠ ڕۆژێک پێی دەگەن. وەکو دەڵێن ئەگەر خەبات بۆ( کیان) و (دەوڵەوت) و ( سەربەخۆیی)، بهێنێ نەتەوەیەک خۆی لەسەر دابنێ، (حوکمی زاتی!!) فشە و ڕاستەقینەش (ئەگەر وەکو قۆناغ و وچانێک نەبێت)، ناهێنێ فیشەکێکی بۆ بتەقێندرێ و گیسکێکیشی بۆ وەکوژرێ!!.

ئێمە دەمانەوێ کورد لە تەنگەتیلەی نیمچە ماف و ڕیفۆرمیستی/ اسلاحی ڕزگار کرێت. کار بۆ سبەی و دوو سبەی و ١٠ ساڵی تر بکرێت. تۆوی (سەربەخۆیی) و (ئازادی) و(سەربەستی) و(دەوڵەت) و (کیانی سیاسی) بچێندرێت. دەمانەوێ خەبات بکەین نەک بۆ (خودموختاری) بۆ (خودگەردانی) و(یاسای پارێزگاکانیش)، بەڵام وەکو وچانێک و قۆناغێک لەسەر ئەو ڕێ و ڕێبازی مێژوویی و سروشتی(دیاریکردنی چارەنووس)ەدا. هەر توانا و تین و وزەیەکیش، لەم ڕێگە پیرۆز و دروستە مێژووییەدا بەکار نایەت، بەفیڕۆ دەڕوات و کوڕی کورد بە کوشت دانە. هەرچەند خەڵکی تر ئەمە بسەلمێنێ و نەسەلمێنێ باوەڕی پێ بهێنێ و نەهێنێ کاری بۆ بکات و نەکات، هەتا بیکاتە تۆمەت و جوێنیش بیپێچێتە ملمانەوە.

ئێمە ئەو ڕێگایە هەر بەرنادەین و سوورین و دڵنیاین و دڵنیاشین لە سەرکەوتن. بەڵام ئەگەر هەموو لایەنەکان ئەمە بگرنە بەر، دیارە ڕێگا زۆر کورتتر دەبێتەوە و زیانمان کەمتر دەبێت و بەر لە خۆبەدەستەوەدان و خلیسکان و خزان و" ڕێکەوتنی ملکەچانە" ی کاتی دەگیرێت. ئەو کاتە لەبری خۆبردنە پێشەوە لە داگیرکەرەکە و خۆنێزیک کردنەوە و ماستاو بۆ کردن و (بێتاوان)ی و خۆکردنە پیاوچاک. لە بری سەودا و مامەڵە و خۆدان بەدەستەوە،خزمەتی نەتەوە و نێزیکبوونەوە و ئاوێتەبوونی جەماوەر و خۆبەستنەوە بە چارەنووسی نەتەوەکە دێتە پێشەوە و خۆگرتن و سووربوون و خۆگری و بەردەوامی لێ شین دەبێتەوە.

ئەوساکە ( کورد لە کوێدا پێویستی بوو، لەوێدا دەبین) و کرماشان و کەرکووک و حەسەکە و ئەسکەندەروونە، چوار هۆدەی ماڵێک دەبن، نەک چوار قولینچکی دنیا.

ئەوەی ئەمەش نەکات لە چاکترین حاڵەتدا، دەبێتە (چان کای چیک) ی کورد لە ئێستا و نەحلەت.....

{{ مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد،ویست و خوازی ویژدانی مێژووی کوردە}}

## لە کەلەپووری شۆڕشگێڕیمان

### سنووری کوردستان

کوردە ئەزانی لە کوێ ساکنە خزمانی تح
گوێ گرە بۆ تۆ بڵێم مەسکەنی قەومانی تۆ
کێوی تۆرس و عمقی حەوزەیی ئەسکەندەروون
غەربیەتا بەحری ڕەش سەرحەدی مەیدانی تۆ
بەحری ڕەش و ئەردەهان ئاوی (ئاراس)ە بزان
حەددی شمالە ئەمە کۆزی بێچولانی تۆ
ئەڵوەند و گۆلی ورمێ تاسەری ئاوی ئاراس
ئەهواز و کێوی حەمرین ژەنگار و ریەی نەسیبەین
بۆ تەرەفی جەنوبە رەوقەیی رڤوانی تۆ
داخلی ئەم سنوورە دوازدە ویلایەتی هەیە
دەڵێن دوازدە میلیۆنە نفووسی کوردانی تۆ
حاجی درۆیە ئەڵلا نفوسیان نەنووشرا
دەگاتە بیست میلیۆن بنووسرێ خزمانی تۆ

حاجی قادر کۆیی

## /// شادەمارە سەرەتاکانمان///

**٢- ڕامان بەرانبەر هەموو بەرەو لا و کۆڕ کۆمەڵو کەسێک، لەبەر ڕۆشنایی هەڵسوکەوت و ڕاپاندا دەبێت بەرانبەر نەتەوەکەمان.**

تا ئیمڕۆ و تا ماوەیەکی زۆر دووری واش کە تا چاو بڕکات، ئەو سەرەتا فەساڵ سووک و جوان و بە کەڵک و فەڕدارە ئیفلاتوونییەی، کە هەندێ خۆش باوەڕ و خۆشەویست چاوەچاویانە ببێتە دەستووری بەرقەراری نێو تاکە تاکەی مرۆڤ و نێو کۆمەڵگاکانیش، کە هەمووی هەر خێری ڕووت و ئەرێنی و بەرابەری تەواو بێت نەبووە و نییە. چونکە هەرچەندە مرۆڤ لەسەرەڕێی و ڕێبازی ئەوەدایە، کە لانی ئەرێنی دەستووری پەلەی ژیان باڵی بکێشێت بەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا و لەبری هەڵپە و هاوار و پەلامار وخۆویستن و بەرژەوەند پەسەندی، دابی پێکەوە ژیان و هەڵکردن و هاوکاری و بەرابەری جێگیر ببێت. بەڵام هێشتا زۆری ماوە کە ئەم لایەنە لە هۆش و گۆش و ڕەفتاری مرۆڤدا، ڕەنگ بداتەوە و ببێتە یاسای ژیان و دەستووری بوونی مرۆڤ. ڕاستە هەنگاوی مەزن لەم بارەیەوە نراوە و تا دێت ئەڵقەی ئەو ئەرێنێتییە فراوانتر دەبێت و زۆر لایەنی ژیانی مرۆڤ دەتەنێتەوە. هەتا ڕۆژگارێکیش بەرەو پێش بچێت و کەرەسە و هۆ و ئامراز و زەمینەی لێک نزیک بوونەوە و لێک تێگەیشتن زیاتر دەبێت. بە کورتییەکەی هەرچەندە شتێکی بەرچاوە، کەوا پێ بە پێی تێهەڵکشانی ئادەمی لە پلەی شارستانەتی و زۆربوونی پەیوەندی و پەرەسەندنی ڕۆشنبیریی و داهاتنی مەیدانی تازە بە تازەی هاریکاری - بە کورتی لەگەڵ پێشکەوتنی تێکڕایی ئادەمی دا، باری تێککەیشتن ڕێککەوتن و گونجانی بەرژەوەند و تەبایی گشتی، وردە وردە پتر خۆ دێنێتە بەرهەستی هەستیار و سەر پەڕەی داستانی بوون و ژین. بەڵام هێشتان گەلێکی بە بەرەوە ماوە، تا ئەوکاتەی پێویست نامێنێ بە ئەندێشەی خۆپاراستن و لەسەر خۆکردنەوە. تا ئەو ڕۆژەش کە بەتەواوی شوێنەواری نەرێنی پەلەی ژیان پاکتاو دەبێت، قسەی ئەو سیاسییە ئینگلیزییە ڕاستە کە دەڵێت: شتێ نییە کە پێی بووترێ دۆستایەتی لە نێوان دەوڵەتاندا، ئەوەی هەیە بەرژەوەندییە. گرنگ ئەوەشە چۆن ئەم بەرژەوەندییە ڕەچاو دەکرێت و هەڵدەسەنگێندرێ و چاکترین ڕێگا دەگرێتە بەر بۆ پێگەیشتنی.

ئەگەر بووترێ لە بنەڕەتا بەرژەوەندی گەلان یەکە و ئەم بەرژەوەندییەش لە پێکەوە هەڵکردن و پێکەوە گوزەران و هاوکاری هاریکارییە، شتێ نەوتراوە کە

کەس لاری لێ بێت . بەتایبەتی بۆ ئێمەی کورد هەر لەم ڕوانگە و زەمینەیەوە خێرێکمان چنگ دەکەوێ. بەڵام کەی و لە کوێدا بەتەواوی بێ چەواشە، گەلان ویست و خواست و بەرژەوەندی خۆیان لە چنگی خۆیاندایە. چۆن لێی دەگەڕێن پێڕەوی ئەم سەرەتا ڕاست و خێرخوایانەیە بکات؟!. ئەگەر ئەمە وابایە ئیمڕۆ نەتەوەی کورد وەکو (عـەرەب و فارس ئینگلیز و رووسـی...). سەربەخۆ و خاوەن کیانی خۆی دەبوو. یان ئەگەر هەر تەواو بەرژەوەندی و بەرژەوەندی تەسکیش، ڕێی پیادەی سیاسەتی نێوگەلان نەبوایە، ئەو کۆمەک و یاری و پشتگیرییەی بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی وەکو(ڤیتنام ، لاوس، مۆزەمبیق، جەزائیر، فەلەستین....هتد)، بوویەتی کوردیش دەیبوو. یان چ نەبێ هێندەی گیانلەبەرە کێوییەکان بەتەنگییەوە دەهاتن و لە ئاست قەلاچۆکردن و هەوڵی لەناوبردنی پێشگیری لێ دەکرا!.

عەینی عەقڵ و سیاسەتی زانستی و واقیعیش ئەوەیە، کە شتەکان وەکو هەن ببینرێن و هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێت، نەک وەکو ئەوەی دڵمان دەیخوازێ. دەبێ لە زەمینەی واقعی و بوونەوە هەنگاو بەرەو خواست و ویست و پێویست بنرێت. ئەگینا لە بازنەیەکی ساویلکانەی ئیفلاتونیدا گڕ دەخۆین و هەموو هەنگاوێک بەرەو ئەوێمان دەگێڕێتەوە کە ماوەیەک لەوەوبەر تێیدا بووین و وەکو تینووی بیابان دووکەوتنی تەراویلکەی بەرچاومان لە تینوێتیدا فرزەمان لێ دەبڕێ.

قسە و واتەی زۆر بەنرخ و مرۆڤانەی وەکو ئەوەی بۆ خۆتت دەوێ بۆ خەڵکیشت بوێ و ئەو کەسە ئیمان دەر نابات تا ئەوەی بۆ خۆی دەیەوێ بۆ براکەی نەوێت و کە زڵلەیەکیان لای ڕاستت دا، لای چەپی بۆ وەرچەرخێنە، دەشێ ئەو شتە پیرۆز و جوانکارا نەبێت، کورد لە هەموو نەتەوەیەکی دیکە لای خۆش بێت و سوودی تێدا بێت. بەڵام ئەمە ئاوات و خواستی بەهەشتانەی دوورە دەستە، کە کار لەسەر ئێمە وەستا و پەکی کەوت، لەباتی جارێک ١٠٠جاران و بە ١٠ پەنجە مۆری دەکەین. بەڵام چونکە بە گوڵێ بەهار نایە و ئەو گوڵە ئەگەر لە بەهاردا نەپشکوێ و دەم نەکاتەوە، سەرمای زستان ڕەقی هەڵدێنێ و هەتا دیداریشی لەژێر شەختەی بەفری زستاندا نابینرێ !. دەبێ گوڵی کورد بزانێ کەی و لە کوێدا دەپشکوێ.

بۆیە ئێمە لەگەڵ ڕێزی زۆرماندا بۆ داب و دەستووری پێکەوە ژیان و سەرەتاکانی پێویستی ژیانی مرۆڤ و لەگەڵ هەموو ئاوات و ئامانجێک و خۆزگەیەکمان بۆ ئەو ڕۆژە، کە ئەم سەرەتای ڕێزی بەرابەری و یەکسانی و هاوتاییەی تێدا سەقامگیر دەبێت و کورد لەژێر سایە و باڵیدا بە هەموو مافە مرۆڤانە و نەتەوایەتییەکانی

دەگات و پارێزگاری بوون و مانەوەی خۆی دەکات. ناچارانە بۆئەوەی ڕیزپەڕی (شاڕ) نەکەین. بە ساویلکەیی بەرخ نەچینە ژێر ڕەحمی چەقۆی قەسابەوە و دۆست و دوژمنایەتی خۆمان بەڕوون و دیاری بناسین. دەبێ سیاسەتی "بەرابەری" بگرینە بەر و کورد بکەینە ستاندارد بۆ کێشانە و پێوانەی سیاسیمان لە دنیایەکی بەرژەوەند ویستی وەکو ئیمڕۆدا. ئەگەر بمانەوێ سیاسەتێکی ڕاست و دروست و کوردانەمان هەبێت. دەبێ بناغە و سەرەتای زانستانە و نەگۆڕ داڕێژین، کە بتوانێ بەرگەی هەموو گۆڕان و گۆڕانکارییەک بگرێت. هەردەم پێشەنگ و ڕێنیشاندەری هەنگاوەکانمان بێت. سیاسەتێک کە هەمیشە بتوانرێ جێبەجێ بکرێ و لە هەموو بوار و کات و شوێنێکدا ڕاست دەرچێت. بۆیە دەبێ ئەم خاڵانە بکرێنە سەرەتای ئەو بناغە بەڵگە نەویستانە، وەکو پێشەکییەک/ مقدمات، تا سەرئەنجامی دروست و گونجاومان بداتێ:

١- لە سیاسەتدا نە دوژمنی تاسەر و نە دۆستی هەتاهەتایی بووە و دەبێ. گونجاندن و یەکگرتنەوەی بەرژەوەندی، دۆست و دوژمن دیاری دەکات. پلەکانی هەڵکشاو و داکشاوی ئەو دۆستایەتی و دوژمنایەتیەش، بەپێی چەندایەتی و چۆنایەتی ئەو گونجاندن و یەکگرتنەوەیە دەست نیشان دەکرێت. ئەشێ کەسێک ، لایەک ، بەرەیەک ئیمڕۆ دۆستت بێت و سبەی بەپێی گۆڕانی بەرژەوەندی پێویست ببێتە دوژمن. هەموو مێژووی مرۆڤایەتی گەواهی/ شایەتی ئەم ڕاستییەن. تا شەڕی سەر لاکی ئەوروپا و دەریا و چاوچنۆکی لەنێو ئینگلیزەکان و فەرەنسییەکاندا هەبوو، دوژمنی تەقلیدی و خوێنەخۆری سەری یەکتری بوون. کە شەڕێکی سێیەمی دوژمنی هەردوولا هاتە پێش بوونە برا و بە هەردووکیان کەوتنە گیانی ئەڵمانییەکان.. ڕووسەکان لەبەر بەرژەوەندی خۆیان و چاوچنۆکی پۆڵەندا، خۆیان کردە بەرەبابی هیتلەر و بەشە پشکی دەستکەوتەکانیان. هێندەی نەبرد کە تەماع کەوتە بەینەوە کەوتنە گیانی یەکتری و دوژمنایەتییەکەیان، زۆر لە دۆستایەتییەکەی دوێنێیان خەستتر کردەوە!! دوژمنی تەقلیدی و مێژوویی لە جیهانی سیاسەت دا، گەمەی منداڵانە و گرۆی هەرزانەیە و دۆستی ستراتیژیش « بەهەمیشەیی» گێلیەتی و خۆدادۆشینە. تەنها گونجاندنی بەرژەوەندییە، کە ئەم شتانە دیاری دەکات.

هەتا لە سنووری چوارچێوەی - بەرژەوەندی میللی- و - بەرقەراری دەسەڵاتدارێتیدا- بمێننەوە، ئەم شتانە وەکو سەرەتا و پرسیپێتی ڕووت و چاکەی« ڕەها» و « پێویستی پیادەکردنیان لە هەموو بارودۆخێکدا» بوونیان نییە. نەخشی سەر ئاون هەر بایی ئەوەندەش نرخیان هەیە و هەن،کە دوو جەمسەری

بەرژەوەندییەک بهێننەوە یەک و بانگاشەیەکی بەر دڵ و" تنظير" ێکی ژیرانە و ڕێی تێچوانە بێت بۆ هەنگاوی سیاسی. بڕوانە سەردەمانێک بە« جواهر لال نەهرۆ» یان دەگووت ـ سەگی بەرقاپی ئیستعماری ئەنەریکی ـ هەر ئەوکەسە پاش چەند ساڵێک بوو بە نیشتمانپەروەری پێشکەوتووخواز!. "تیتۆ" و "تیتۆیزم" جوێنی سیاسی بوون، هێندەی جمال عبدالناڵر ڕێز و حورمەتی نەبوو لە تەرازووی پروپاگەندەی هاوبیر و هاوڕێکانی دا.

«محمەد حسین هیکل" ی ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی میسری دەڵێ: جارێکیان لە خرۆشۆفم پرسی: ئەرێ ئێوە بۆ ئەوەندە دژی (مارشاڵ تیتۆ) دەدوێن و دەوەستنەوە خۆ کۆمۆنیستێکە ئاو لێڵ ناکات. کەچی ئەو برایەتی و دۆستایەتییەتان لەگەڵ (ناسر) ەکەی ئێمەدا هەیە، کە فرێ بەسەر کۆمۆنیستێتییەوە نییە و هەردووکیشیان دوو دێرگەی بزووتنەوەی "بێلایەنان"؟!. لە وەڵامدا: خرۆشۆف بەزەردەخەنەیەکی واوە کە دەیویست تێم بگەیەنێ، لە گوێی گای سیاسەتدا نووستووم. وتی: تیتۆ کە لە بازنەی ئێمەوە دەچێتە بازنەی بێلایەنان، ماڵ جیاییمان لێ دەکات و دوور دەکەوێتەوە لێمان. بۆیە دەبێ گوێی ڕابکێشین. بەڵام ناسر لە بازنەی/ خولگەی خۆرئاواوە – دەگوێزێتەوە بازنەی بێ لایەنان، گەرەکە ماڵی لێمان نزیک دەبێتەوە بۆیە ئامێزی بۆ دەکەینەوە و مافی دروسێ بەسەر دراوسێوەیە/ حق الجار على الجار!!.

لەمە ڕوونتر سەرنج بدەنە (چین و ڤێتنام) دوو دۆستە موو بە بەیندا نەچووەکەی دوێنێ، پێش ڕزگاربوونی ڤێتنام و کێو لە بەندا بووەکەی ئیمڕۆی دوای ڕزگاری!!.

ئەمەریکا بۆ یەکەم جار بۆمبی ئەتۆم دەدات بەژاپۆندا. هێشتا دوکەڵی بۆمبەکە لە ئاسمانی ژاپۆندا نەڕەوابۆوە، کە بوونە برای بابی یەکتری. چین و ئەمەریکا لە هیچدا کۆنابنەوە، لە دوژمنایەتی (شووروەوی) دا نەبێت. تا وای لێهاتووە، کوچک لە ئاگر گەرمترە و چین لە ئەمەریکا بە پەرۆشترە بۆ ئاسایشی ئەورووپا!...

ئەمە ئەوەشمان فێردەکات کە دەشێ و واشە، کەسێک، لایەک، بەرەیەک، دەوڵەتێک لە فلانە مەسەلە و فیسارە کێشەدا هەڵوێستی دروست و زانستانە و مرۆڤانە و پرنسیپانەی هەبێت. بەڵام هەر لە هەمان کاتدا لەفلان و فیساری تردا زۆر چەوت و چەوێڵ و دوژمنکارانە بوەستێتەوە!. لەهەردوو حاڵەتیشدا ئەو لایەنە پەکی لەسەر بەهانە و بیانوو و پۆزشی ناکەوێ. بە تایبەتی ئەگەر گوللەبەندی پێشکەوتووخوازی لەباخەڵدا بێت.

٣ـ کورد دەڵێ: "بۆیە پێت دەڵێم مامە جۆلەکەم بۆ بگری". نە کەس بە برازامان

دەزانیٚ و کوللەشمان بۆ ناگریٚ، ئەگەر خێرێکمان لەناوچەواندا نەدیبیٚ. یان لە ئێمەی قەڵەوتر چنگ بکەویٚ. نە ئێمەش دەبیٚ بە "مام"ی خۆمان بزانین تا چۆلەکەمان لە چنگ نەنیٚ. مام ئەوەیە چۆلەکەمان بۆ بگریٚ نەک لیٚمان بفڕێنیٚ!..

ئەگەر بشڵێین سیاسەت کە بووە چۆلەکە و تەپکە و مام و ئامۆزایی، دەبێتە گاڵتەی مناڵان!. ئێمە دەڵێین: چۆلەکە بدە لە ١٠ دەبێتە حوشتر و حوشتر بدە لە ١٠ دەبێتە بەرمیلە نەوت و ئەویش لە ١٠ بدەی دەبێتە هاوکاری و دۆستایەتی و برایەتی. هەبووە "دۆستایەتییەک" لە زانستیشدا شتە وردیلەکان. با بڵێین ماتماتیک سفر بناغەیە- کۆم دەبن و بەرە بەرە خەرمانە دەبەستن. با جەماوەرەکەمان وردە وردە فێرکەین و تێیگەیەنین، با لەناو فەندی زارقەڵەباڵغی و زاراوەکان و " ئیزم" و " ئیست" ەکاندا ئەبڵەق و چەواشەی نەکەین...

٤. دەشبیٚ بزانین کە تۆز لەئاو هەڵناسیٚ و خێر لە جەردە و ڕێگر هەڵناوەریٚ، بەڵام مەرجیش نییە لە هەموو هەورێک باران بباریٚ. ئەگەر وردی کەینەوە دەبێتە ئەوەی بڵێین: ڕاستە لە دەسەڵات و دامودەزگا و سازمانە چەوسێنەرەکان و داگیرکەرەکان و ئیمپریالیزمەکان، چ خێریٚ چاوەڕوان ناکریٚ و هەنگوینی شیرین و سپادیان ژەهر و مەرگی تێدا حەشار دراوە. بەڵام لە دەیان سمێڵ سووریشدا، یەکێکیان بۆ کورد ( هەمزاغایە) و ئەوانی تریان (هەمزاگایە)!. لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە، لە "بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد" ڕابمێنەوە، بزانە هەمووی بە ئیسپات گەیاندنی ئەم ڕاستییە نییە.

٥. تەنها کوێرە لە چاوی خەڵکییەوە دنیا دەبینیٚ- یان لە ڕاستیدا هەر نابینیٚ، بەس (ڕامان)ی دەکات و بیٚ گومان چەواشەش (ڕامان)ی دەکات. مرۆڤی چاوساغ و چاوکراوە، پێویستی نییە، لە چاویلکەی خەڵکەوە شتان ببینیٚ ، کە بینیشی کوێرە و چەواشەشی دەبینیٚ!.

کەواتە هەموو شتیٚ تەنها دەبیٚ لە ڕوانگە و چاوی کوردەوە ببینریٚ و مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. ئەو کاتە دەتوانین بەرپێی خۆمان ببینین و دۆست و دوژمنیش ناچار دەکەین، خۆی ساغ کاتەوە و لە حەشارگەکەی بێتە دەر. ئەمەش خۆی لەخۆیدا یارمەتی ئەو دۆستە ڕاڕا و بەرژەوەند ویستانەشمان دەدات، کە لە ترسان و لە شەرمان خۆیان ساغ کەنەوە و بەلانی کەمەوە - بیٚ لایەن - بن، تا بە زڕە لێکدانەوە ئەو بێلایەنییە - ناچاری !! — یەیان، بە دۆستایەتی لیٚ قبوڵ بکەین با دیسانەوە خۆمان ڕوون کەینەوە:

ئێمە لە ناخەوە بڕوامان بەوە هەیە کە وڵاتانی بەرەی سۆشیالیست و پێشکەوتووخواز - لەبەر زۆر هۆی خودی و بابەتی - "دۆست" یان - خێرخواز- ی (بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد)ن. دەشبێ هەموو دڵسۆزانی کورد هەمیشە ئەم ڕاستییە گرنگە بەرچاو بگرن و تا دەتوانرێ و سنووری خۆنەدۆڕاندن، هەوڵی نێزیک بوونەوە و چارەنووسی بەستنەوەشیان لەگەڵدا بدرێت. بەڵام کە هاتوو "سۆشیالیستخواز"ی و "پێشکەوتووخواز"ی، ئەوان کرایە کێشانە و پێوانە و "ستاندارد Standard » ڕاستی و ڕەوای مەسەلە و مافی کورد ئەو زەمینەیە خۆش دەبێت، کە خۆمان لە بیر بچێتەوە. وەکو "هاوسەنگەر" و "هاوشان" و "دۆست" ێکی نەمێنێتەوە و ببینە "پاشکۆ" و "سەربار" و "پارسەنگ" ێکی ئەوان. بەمە هەرچی سەربەخۆیی و خودێتی و کەسایەتی خۆ و نەتەوایەتی لەدەست دەدەین.

هیچ جیاوازییەکیش نییە، پیاو پیاوی سۆفییەت بێت، یان ئەمەریکا!. پیاو خزمەتکاری هەردوویان و لە هەموو بار و هەلومەرجێکدا، هەر سووکییەتی و کەمێتییە!. لەسەرێکی تریشەوە ئەو (دۆستانە)ش، بە هەڵەدا دەبەین و پشتیان پێ دەکەینەوەو زیان لەهاوخەباتی و پاشەڕۆژی پەیوەندییەکانمان و دۆستایەتییەکەش دەکەین. چونکە ئەوان ئەگەر دڵنیابوون لەوەی، ئێمە لە هەموو حاڵەتاندا هەر هەژگی دوای کلکی ئەوانین. چ پێویست نامێنێ دڵمان ڕاگرن و مامەڵەی وەک خۆی/ " المعامله بالمیل" مان لەگەڵدا بکەن، هەژگین هەژگ. کەی کونێکی تەسکییان هاتە پێش، تووڕمان دەدەنە دەرەوە. بەڵام کە دۆستایەتییەکە (بەرانبەر) و (هاوسان) و (هاوشان) بوو، دەبینە یەک پارچە و دەردی دەڵێن "لازم و ملزوم" . ئەوکاتە یان ناچێتە کونەکەوە یان کە چوو ئێمەشی لەگەڵدا دەبین.

دووبارە ڕووپەڕەکانی – کلکایەتی و خۆهەڵواسین – دۆستە زۆڵەکەکانی کورد و دۆستە ڕاستەقینەکانی خەڵکی تر هەڵبدەرەوە و هەر ڕامێ. بۆیە (ڕامان بەرامبەر هەموو بەرە و لا و کۆڕ و کۆمەڵ و کەسێک، لەبەر ڕۆشنایی هەڵسوکەوت و ڕایاندا دەبێت بەرانبەر نەتەوەکەمان). جا ئەوکەسە، ئەو بەرەیە، ئەو لا و دەوڵەتە (پێشکەوتووە، خێرخوایە، مرۆڤدۆستە، شۆڕشگێڕە و هەموو شتێک)ە، کە ڕا و هەڵوێستی بەرانبەر مەسەلەی ڕەوای کورد دروست و شۆڕشگێڕانە بێت.

ئەمەش خۆکردنە قەپان نییە! چونکە ئەو پروپاگەندانەی( پێشکەوتوویی و خێرخوایی و مرۆڤ دۆستی و شۆڕشگێڕییە)، دەبێ بوارێکی ڕاستیمان هەبێت. چ بوارێکیش لە مەسەلەی ڕەوای کورد بوارتر، چونکە ئەگەر حسێبی ڕەوای ڕووت

و ڕاستێتی و (ماهیه) تیان به خۆیانەوە حوکمی "ڕەها" چاوەڕوانی ویستی ئەم و بەرژەوەندی ئەو ناکات و چاوبەستراوە و هۆش کراوەیە. ئەوا بە پێی هەموو هەژمارێک و سەرنج و لێکدانەوە و بۆچوونێکی زانستی، ویژدانانە، ئایدیالیزمانە، واقعییانە و هەرچی هەیە مەسەلەی کورد، ئەگەر مەسەلەی هەرە ڕەوا و دروست و ڕەواکانی جیهان و سەرتاسەری مێژوو نەبێت، یەکێکە لەو مەسەلە بەرچاوانە. بۆیە خۆی لە خۆیدا دەبێتە پێوانەی ڕاستی و دروستی ئەو پروپاگەندانە.

خۆ ئەگەر مەسەلەی یەک پارچەیی و یەکێتی و خێر و ڕاستییەکان بێتە پێش، دیسانەوە مەسەلەی مێژوویی و ڕەوایی ٢٥ ملیۆن مرۆڤ، لە سنووری ماڵە وێرانەی خۆیدا پارچەیەک و بەشێکی گرنگ و نەپساوەیئەو خێری گشتی و یەک پارچەیەیە. بە پێی هەموو دەستوور و یاسا ئاسمانی و بارودۆخەکانی، کورد هەق بەدەستە و گەیشتنی بەو مافە نەتەوایەتی و چوون یەکییانەی، لەگەڵ نەتەوەکانی تردا، نەک هەر کۆسپێک نییە لەبەردەم ویست و بەرژەوەندی و ڕەوای گەلانی پەیوەندیداردا. بەتایبەتی و هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، بەڵکو ڕێخۆشکەرێکی ئەرێنی، بەرەو پێشچوون و تەوژم دانە بەوانیش.

ئەگەر مەسەلەی ڕێژەیی/ نسبی یەتیشمان بەڕوودا بدرێت و گوایە شتەکان "ڕێژەیی"ن و هەر کەسەی یان هەر مەسەلەیەی لە سوچێکی تایبەتەوە تێی دەڕوانرێ. ئەوا ئێمەش هەمان هەقمان هەیە بە پێی ئەو دەستوورە، ڕامان لەبەر ڕۆشنایی مەسەلەی نەتەوەکەماندا بێت. بۆیە لە هەموو حاڵەتاندا مەسەلەی نەتەوەی کورد دەبێتە Standard هەر کەس و هەرچییەکیش دژی ویست و ماف و ڕەوای کورد بوەستێتەوە،دژی هەقی ڕووت دەوەستێتەوە. بۆیە لە زارەوە کۆنەکانی وەکو (شەیتان) و (طاغوت)ەوە، تا دەگاتە "ئیزم"ەکانی "فاشیزم" و "شۆفێنیزم" و "ئیمپریالیزم" و هەرچی خەڵک و خوایە پێی خۆش نەبێت وایە . جا خوای دەکرد تۆپێ شاڵی لە سەلکی دەئاڵاند و بەرمیلێ ڕەنگی سوور و ڕەنگاوڕەنگی لەخۆی هەڵدەسوو.

مەسەلەی کورد تەرازووی "زێڕهەڵکێشی" دەروون و جەوهەرییەتی. هەرواشە چونکە ئەوەی لە ئاست ڕەوایەکی ئاوا هەقدا چەوت بێتەوە. بێگومان چەوتێتی لەناخیدایە. کەی دەشتوانین ئەم ئەرکە بە ئەنجام بدەین؟. تەنها ئەو کاتانەی کە هەر شتێ دەبین، با ببین بەڵام (پێش هەموو شتێ دەبێ کورد بین..).

## ئەم کورد کوردێنە بۆ!؟...

ئەمن مرۆڤم و تۆش، چۆن ڕەنگی جل و بستە باڵا و تەوژمی خوێن و هەست و نەستی تایبەتی و سەربەخۆمم هەیە و هەتە. بێ ئەو خەسڵەتانە پێکەوە و بەسەریەکەوە، شتێک نیم و نیت. بە واتایەکی تر ئەو خەسڵەتانە، بەکۆمەڵ بوون و "ماهیە" ی من و تۆ دەردەخەن و ویکڕای ئەم شتانە کەسایەتی من و تۆشن. بەڵام سەربەخۆ و جیاواز و هەریەکە هی خۆی. ئەم بوونی سەربەخۆ و تایبەتییەتەمان، بوونی کەسی تر ناسڕێتەوە و لە بەین نابات. ئاواش "کورد"ێتی من و تۆ و هەموو تاکەکانی کورد مرۆڤێتی من و تۆ و کورد دەنەخشێنێ.

(دیارە مەبەستیش لە کوردێتی، زمان و زایندە و جلوبەرگ و داک و بابی کورد نییە و بەس، بەڵکو مەفهومێکی فەلسەفی و ژیانییە، کە مەرجی هەرە سەرەکی خۆبەستنەوە و پێوەندارێتی/ انتمایە، بۆ ئامانج و ویست و خوازە مێژوویی و سروشتتییە ڕەواکانی کوردە...)خەڵکی نەتەوەکانی دیکەش هەروا.

چەندەش گونجان و ڕێکوپێکی و سازگاری لەیاسا سروشتییەکانی جیهاندا هەن، ئەوەندەش گونجاو و هاوشانی و بەرابەری و کارسازی/ تنسیق لە نێوان ئەم ڕەوایانەدا هەن. هەموو ناسازی و دژایەتی و پێک کەوتنێکیش بەرچاو کەوێت، لادان و لە خەت دەرچوونە ، نەک باری – سروشتی ئەم دیاردە خۆڕسکە ـ!. ئەمە ڕاستییەکی زانستی و لۆژیکییە، ئەوەی لەمەش بەدەنگ بێت لە بوونی مرۆڤانەی خۆی ڕاست دەبێتەوە و دەچێتەوە بەگژ خۆیدا. ئەمەش ڕەپوڕاست پێچەوانە و دژی "ڕەگەزپەرستی" و "شۆڤێنیتی" و هەموو بەند و باوێکی خۆ بەزیاد گرتنە .

ئەم دوو شتەش ئاسمان ئاسمان و ڕێسمانن . تێکەڵاو کردنیان نیشانەی نەزانین و هەستی پەستی و خۆ بەکەم گرییە. هەر لەو بابەتە بێ ئەقڵییەیە کە (لەداخی خێوی خراپ خۆی بە توپین بدا). ئێمە خۆمان کوردین، مەسەلەکانمان، زەمینەکە و کەرەسە و هۆ و ئامراز و مەبەستەکان، ژان و ئامانج و خوازەکان کوردیین. وەکو (کورد) یش بەشێکی دانەبڕاوین لە مرۆڤایەتی و تەنها لە سووچی (کورد) ێتیمانەوە پشکی ئەرکی مرۆڤایەتیمان پێ دەبڕێ و هەڵدەستێ.

ئینجا بۆ دەبێ گوێ بۆ ئەوانە ڕاگرین کە دەیانەوێ ئەم هەموو ڕاستی و ڕەوایە بدزنەوە و بیگێڕنەوە و بیدەنەوە بە شتێ، کە بوونی نییە و خەیاڵی "سۆفسەتائیانەی" پووچی نێو کتێبە پۆرتکاوەکانن. شۆڕشگێڕایەتی، چینپەروەری،

مرۆڤدۆستی، هەژارویستی و دڵسۆزی، پاکێتی و خۆنەویستی، گەلپەرستی و مرۆڤایەتی و هەرچی شتی چاک و پاک و ڕەوایە بۆ مرۆڤێکی کورد. لە سووچ و خزمەتی دەوروبەر و کۆمەڵەکەیەوە کە (کورد) ە. ئیمکانی پەیدابوونی هەیە و لەوەوە ڕەنگ دەداتەوە و دەگاتە نێزیک و دوور و دوورتر و دوورتریش!. کەواتە (کوردێتی) خاڵی دەرچوونە/ انطلاق!!ە نەک داخران/ انغلاق!!. وەکو ئەوانەی لە دنیا نەگەیشتوون و بە (کوردێتی) ئێمە قایل نین و چاویان پیا هەڵنایەت و دەیانەوێ نێرکی بوون و مانەوە و بەردەوامی و دروستیمان لە چنگ دەربهێنن. تا بە چەکێکی ژەنگگرتووی کولی وەکو ئەوەی خۆیان، لە مەیدانەکەدا هاوشانیان بین. نەک چەکی بڕندەی " کوردایەتی" هەڵتەکێنەر بە بیانووی ئەوەی (چی بوو ئەم کورد کوردێنەیە نەبڕایەوە)!!!.

ئاغایان بڕوا بفەرموون ئێمەش نەیکەین، تا کوردێ مابێ (کورد کوردێنە) دینەمۆی بوون و ژیان و مانەوە و چەکی بڕندە و کاریگەری خەباتی دەبێت!!. سامانی گەورە و لە بن نەهاتووی (پاسۆک)یش هەر ئەو فەلسەفە و چەکەیە..

## ///تیشکێک لە خۆری کوردایەتی///

**{دێڕێک لە داستانی بەچکە شێرانی نەتەوەیی}...**

+ لە شـــەوی٢٦-١٩٨١/١/٢٧ دەستەی شەهید( فـەرهاد خەفاف) چوونە سەر مەخفەری ئازادی و بۆ ماوەی سەعاتێک دایانە بەرتەقەی چەکی سووک و قورس. پاشان لە قوڵێکی ترەوە بۆسەیەکیان نایەوە، بۆ هێزە چەپەڵە فریا هاتووەکان کە بەدەم تەقەکەوە دەچوون. لە ئەنجامدا دوو جاش شەعبی بە ناوی (حسین) و (عەبەڕەش) کوژران و سیانیش بریبدار بوون پێشمەرگەکانیش بێ زیان گەڕانەوە.

+ لەڕۆژی ١٩٨١/٢/١ دەستەی شەهید (کاکە فەتاح) بازگەیەکیان لەسەر جادەی سلێمانی - چوارتا دانا کۆمەڵێ سەیارەی هاوڵاتیانیان ڕاگرت و ڕێبازی کوردایەتی و شۆڕشیان بۆ ڕوونکردنەوە. پاش ئەوەی کەسێکی گومان لێکراو بە ناوی (رعد محمد علوان) بە بارمتە گیرا. کە پاش لێکۆڵینەوە دەرکەوت ئەگەرچی لە بنەماڵەیەکی تاوانبارە بەڵام خۆی چ تاوانێکی بەسەردا ساغ نەبۆوە بۆیە ئازاد کرا.

+ لەشەوی ٥-١٩٨١/٢/٦ دەستەی شەهید (ملازم محمد شوقی) و (ملازم محمداحمد) بەهاوبەشی لە دوو قوڵەوە چوونە شاری سلێمانی قوڵی یەکەمیان دوو (نائب ڤابط) ی ئیستخبارات و ئافرەتێکی سەر بە ئەمنیان کەوتە کەمینەوە کە دوو دەمانچەی مۆکاریفی ژمارە {١٣٨٤٢و٥٠٤٩} یان پێ بوو. بە نیازی دانیان بەدادگای شۆڕش بە تاوانی (کوردکوژی) باڵ بەست کران. لە قوڵی دووەمەوە بۆ ماوەی سەعاتێک دەست بەسەر مزگەوتی (سەیوان) دا گیرا و سوود لە مایکرۆفۆنی مزگەوتەکە وەرگیرا. بۆ بڵاوکردنەوەی بانگەوازی هەرەشە لەو خۆفرۆشانەی خزاونەتەزەلکاوی بەعسییە ڕەگەزپەرستەکانەوە بۆ ئەوەی دەست لە خۆفرۆشی هەڵگرن و بگەڕێنەوە باوەشی نەتەوەکەیان و هەروەها بانگی ئازادی و مژدەی ڕاپەڕین و سەربەستی کوردیان دا بە گوێی جەماوەردا. کەدەنگێکی گەورەی دایەوە لە شاری هەڵمەت و قوربانی کە پاشان دەزگا جاسوسی و پیاوکوژەکانی بەعس لە ترسی دووبارە بوونەوەی ئەم کارە دەستی بەسەر زۆربەی مایکرۆفۆنەکانی مزگەوتەکاندا گرت.

+ لە شـــەوی٦-١٩٨١/٢/٧ دەستەی (کامیل شەفیق) چوونە سەر مۆڵگای جاش شەعبییەکان و بۆ مـاوەی سەعاتێک بە چەکی سووک و قورس کوتایانی.... هەر لەهەمان شەودا چوونە سەرماڵی سێ جاش شەعبی پاش ئەوەی تەمبێ کران و بەڵێنی ئەوەیاندا کەدەست لە خۆفرۆشی بکێشنەوە بە (کەفالەتی گیانی) بەرەڵا کران.

+ لە شەوی٨-١٩٨١/٢/٩ دەستەی شەهید (سەردار) چوونە سەر ماڵی خۆفرۆش

(عومەری مینا بلۆک) و دایانە بەر تەقە لە گەڕانەوەشدا دوو جاش شەعبیان گرت. پاش کەفالەت لێ وەرگرتنیان ئازاد کران. بەڵام لە نێزیک تووی مەلیک کەوتنە بۆسەیەکی دوژمنەوە، کە ئازایانە لێیان هاتنە دەست و توانیان لە بۆسەکە دەرچن. تەنها پێشمەرگەیەکی قارەمان بریندار بوو ئەویش برینەکەی سووکە.

+ لە شەوی ١٥ـ١٩٨١/٢/١٦ دەستەی شەهید(دەروێش) لە نزیک اللاح زەراعی ڕووبەڕووی بۆسەیەکی دوژمن بوونەوە و بۆماوەی سەعاتێک تەقە لە نێوانیاندا بەردەوام بوو. زیانی دوژمن جاش شەعبییەکی کوژراو و یەکێکی بریندار بووە بەڵام توانیان بەسەلامەتی خۆیان لێ ڕزگار کەن.

+ لە شەوی ١٦-١٩٨١/٢/١٧ دەستەی شەهید « ملازم محمد شوقی» چوونە سەر بەشی ناوخۆی زانکۆی سلێمانی لە نێزیک گردی سەیوان، پاش ئەوەی سەعاتێک ڕێبازی شۆڕش و کوردایەتییان بۆ قوتابیان ڕوونکردەوە و هانیان دان کە لەبەردەم زەبروزەنگی دڕندانەی بەعسیاندا خۆڕاگرن، لە نێوان«٤٥٠»قوتابیدا ، «١٩»قوتابی بەعسی لە « نصیر» بەرەو ژوور و «٨» قوتابی ئوردونییان بە بارمتە گرت. ئەمەش ناونیشان و پلەی حیزبییانە.

| ناو | تەمەن | خەڵکی | کۆلیج | پلەی حیزبی |
|---|---|---|---|---|
| ١. ربیع توفیق قاسم | ١٩٦١ | الاردن | العلوم | ــــ |
| ٢. لوی احمد رفاعی | ١٩٦٣ | الاردن | التربیه | ــــ |
| ٣. محمد هایل ممدوح | ١٩٦٢ | الاردن | التربیه | ــــ |
| ٤- ایاد اکرم الحبلونی | ١٩٦٣ | = | الهندسه | ــــ |
| ٥- سامی حمد العوده | ١٩٦٢ | = | الزراعه | ــــ |
| ٦- خالد عبد المعطی | ١٩٦١ | = | التربیه | ــــ |
| ٧- عونی عسی برهم | ١٩٦٢ | = | الاداب | ــــ |
| ٨- فرحان محمد فرحان | ١٩٦١ | = | العلوم | ــــ |

***************

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١- سلام عبدالجبار طاهر | ١٩٥٩ | الانبار | الزراعه | نصیر متقدم |
| ٢- عجاج شحاده حمودی | ١٩٦١ | التامیم | التربیه | نصیر |
| ٣- وعدالله سعدی عبدالله | ١٩٦٠ | موڵل | التربیه | عضو |
| ٤- علی قاسم مربوش | ١٩٦١ | بغداد | الاداب | نصیر |
| ٥- عامر فاڤل داود | ١٩٦٣ | دیالی | التربیه | نصیر متقدم |
| ٦- ابراهیم محمود جاسم | ١٩٦٢ | دیالی | التربیه | نصیر |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٧- ێائر سامی فرج | ١٩٦٠ | بغداد | التربیه | نصیر |
| ٨- نمیر ناطم عبدالجبار | ١٩٦٢ | بلّره | التربیه | نصیر |
| ٩- باسم عبد عباس | ١٩٦٠ | دیوانیه | التربیه | نصیر |
| ١٠- اسعد فائق عبدالحافظ | ١٩٥٨ | بلّره | التربیه | نصیر متقدم |
| ١١- عبدالنالّر عواد ملیک | ١٩٦٢ | بلّره | التربیه | نصیر |
| ١٢ـ سعد مرزوک حسن | ١٩٦١ | کربلاء | التربیه | نصیر |
| ١٣- لّاحب مهدی محمد | ١٩٥٩ | بغداد | التربیه | عضو |
| ١٤- عبدالکریم رحیم رستم | ١٩٥٨ | دیوانیه | العلوم | نصیر |
| ١٥- ایاد لّاحب هاشم | ١٩٦٢ | بابل | الزراعه | نصیر |
| ١٦- سامی لّاحب لّفوک | ١٩٦٠ | بغداد | الهندسه | نصیر |
| ١٧- عبدالکریم اباهیم حمود | ١٩٥٨ | بغداد | التربیه | نصیر |
| ١٨- زیاد طارق علی | ١٩٦٢ | الانبار | الهندسه | نصیر |
| ١٩- عامر حمید سلیمان | ١٩٦٢ | بغداد | علوم | نصیر |

**سەرنج**: زۆربەی خوێندکارە بەعسییەکان، لە کۆلیجی پەروەردەن!. ( هەڵۆ بەرزنجەیی)!!..

**جەماوەری بەشەرەف و ستەمدیدەی کورد**

ئەگەرچی ئێمە تەنها حەکەم و دادوەرێکمان هەر جەماوەری زەحمەتکێشی کوردە و بەس.... ئەوەی دەیکەین ئەرکێکی پیرۆز و پێویستی سەرشانمانە. نە چاوەڕوانی ئافەرین و نوقلانەین ، نە دزە خونجینە و « میزاجی پرتەقاڵی» داگیرکەرە و بودەڵانیشمان بەلاوە مەبەستە، بەڵام بۆ ئەوەی کەس کاوێژی « نان و پیاز» مان پێوە نەکات و بازرگانی سوکانە و بێ ئابڕوانە بە خواست و ویست و مەسەلە ڕەواکەمانەوە نەکرێت. بە پێویستمان زانی لە بارەی چنیەتی و شێوە و جۆر و مەبەست لە بە بارمتەگرتنی ئەو قوتابیە بەعسییانەدا ڕوونکردنەوەیەک بخەینە پێش چاوان:

١ـ ئاشکرایە ئەوەی بەعسی بێت، جا فەرمانبەر، مەلا، قوتابی، سیخوڕ، ئەمن هەرچییەک بێت بەعسییە و لەشوێن و هەڵکەوتی خۆیدا دەوری جاسوس و ئەمنێک دەبینێ بەسەر جەماوەری گەلەکەماندا.

٢- چۆن »ئەمنی سیاسی« و » ئەمنی ئابووری« و » ئەمنی ناوخۆ و دەرەوە« هەیە ئاواش « ئەمنی ڕۆشنبیریی- الامن الیّقافی« هەیە.... تەنها جیاوازیان ئەوەیە ئەمانە لە بەرگی « نیلیی و خۆڵەمێشی« دان! ئەگەر وردی کەینەوە ئەمانە خەتەرترن

هەواڵنامەی کتێب

چونکە ئەمنی ڕەشۆکی ناتوانێ و بۆی نالوێ وەکو ئەمان چاودێری و دووی قوتابیە نابەعسییەکان بکەون.

٣ـ ئەمانە لە نێوان » ٤٥٠ « قوتابیدا هەڵبژێردراون و هەموویان بەدەمی خۆیان دانیان ناوە بەوەی کە لە پلەی « نصیر» بەرەو ژوورترن، کە دیارە پلەیەکی وا هەڵکشاو لە بەعسدا – جا هەرچییەک دەبێ با ببێ- دوژمنێکی سەرسەختی هەموو گەلی عێراقن!.

٤- ئەمانە لە پا و پارسەنگی گیرانی سەدان خێزانی پێشمەرگەدا گیراون، کە لە منداڵی شەش مانگەوە تا پیرەمێرد و پیرێژنی هەشتا ساڵە لەزیندانە ترسناکەکانی بەعسدا لەژێر دڕندانەترین چەرمەسەری و تۆقاندنی « دەروونی و جەستەیی/ نەفسی و بەدەنی» دان.

٥- قوتابییە ئوردونییەکان دژبوون و جموجوڵی داگیرکەرانەی سوپای « مەلیک حوسەین»ی خۆفرۆشی داگیرکەر لە کوردستاندا گیراون.

هەرچەندە هەندێ بێ بێ ئابڕوو و » مبتور« بۆ خۆبردنە پێشەوە و گێرەشێوێنی قاوی ئەوەیان داختسووە گوایە ئەمانە « فەلەستین» ین بن! وەنەبێ ئەمەش لە خۆشەویستی و دڵسۆزی فەلەستینیان و کوردەوە بکەن... چونکە ڕابووردووی خۆیان و دەوروبەریان لاپەڕەی زۆر ڕەش و پڕ شەرمی پەیوەندییان لەگەڵ « ئیسرائیل» دا هەیە!!... ئەمەش تەنها بۆ شێواندن و دڵ کرمێیی دەکەن...

جائێمە هەرزوو تەڵەی تەقیوی ئەوانەمان بەڕووی خۆیاندا تەقاندۆتەوە،کاتێ کە(فەلەستینیەکان) تکای ئازادکردنی قوتابییە ئوردونییەکانیان لە حیزبمان کرد ، وەکو ڕوویەکی دۆستانە بڕیارمان دا تکایان قبووڵ بکەین و بۆیان ئازاد کەین... لەگەڵ پیشاندانی بەڵگەیدەمی و دەستی ئەواندا کە« ئوردونین!!..

پێش ئەوەش بۆ ئەوەی کە دەریخەین« سەربەخۆیی» و « بڕوا بەخۆبوون» و « خۆیبوون» چۆن دەبێ:

یەکەم- بە توندی ڕەفزی ئەو تەماعانەمان کرد کە نرایە بەرمان بۆ بەکارهێنانی ئەم مەسەلەیە بەو جۆرەی لایەک دەیەوێ!! ڕەفزمان کرد.،کە ببینە پرد و خەڵکی تر بەسەرماندا بپەڕنەوە. بائەو پەڕینەوەیەش بۆ لێدانی بەعس بێت...

دووەم- ئەو مەرجەی دانرابوو بۆ کێشانەوەی سوپای داگیرکەری ئوردون لە کوردستان« نەک لە عێراق، چونکە لە« حەمرین» بەرەو خوار پەیوەندیدار نییە بە ئێمەوە!» گۆڕدرا بە « سڕکردنی / تجمیدکردنی»جموجوڵی ئەو سوپا داگیرکەرە. نەبادا – خێر خوایان- بەلایەنی چەوتیدا لێکدانەوەی بۆ بکەن... ئێمە لە کێشەی شەڕدا« گامان لە گاڕاندا نییە، تا پێی ڕۆڵەی خۆمانی بۆ بەفر بردوو بکەین»....

٦ـ مەرجمان بۆ بەردانی ئەو قوتابیانە بەردانی خێزانی گیراوی پێشمەرگەی کوردبووە. هەتا ڕازیش بووین بەوەی کە خێزانی پێشمەرگەی لایەنە شۆڕشگێڕەکانی تر بەربدەن و ئەوانەی ( پاسۆک)بش‌هێڵنەوەهەرڕازین...

-٧ بە فەرمی ئاگاداری میریمان کردۆتەوە، کە ئامادەین ئەو قوتابیانە بەربدەین بەو مەرجەی: ١٠٠خێزانی گیراو بەم جۆرەی خوارەوە بەر بدەن:
٢٠ خێزانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان
٢٠ خێزانی حیزبی شیوعی عێراق
٢٠ خێزانی پارتی دیموکراتی کوردستان
٢٠ خێزانی حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان
١٠ خێزانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان- کە باڵێکی یەکێتە-
١٠ خێزانی پاسۆک
/// چونکە ئێمە سەنگەر لە هیچ کوردێکی دڵسۆز جوێ ناکەینەوە\.
-٨ ئاگاداری هەموو لایەنە سیاسییە شۆڕشگێڕەکانمان کردووە چ بەدەمی و چ بە نووسراوی فەرمی کە نوێنەریان بنێرن و چاومان پێیان بکەوێت... هەر پێشنیاز و بارێکی سەرنجیشیان لەم بارەیەوە هەبێت دەخرێتە پێشچاو و پێشوازی لێ دەکرێت...
بۆ هەر مەسەلەیەکی دیکەش هەروا دەکەین چونکە ئێمە« پێش ئەوەی هەر شتێ بین...کوردین» . حەزیش دەکەین دۆست و دوژمن چاک بزانن ئێمە بەتەنگ بەرژەوەندی ڕەوای نەتەوەکەمانەوە نەبێت، کە جووتە لەگەڵ بەرژەوەندی ورەوایی مرۆڤایەتیدا ، بەتەنگ هیچ شتێکی دیکەوە نایەین و بەتەمای ئەوەش نین سبەی بەعس یان هیچ داگیرکەرێکی دیکە باڵی ڕەحم و مەرحەمەتمان بەسەردا بکێشێ. تا یەک پۆستاڵی ڕەش لەم نیشتمانەدا مابێت، ئێمە لە جەنگێکی پیرۆزی مان و نەماندایین لەگەڵیاندا و چۆن بۆمان هەڵکەوێ و لە کوێ بۆمان هەڵکەوێ - ئەوەندەی بتوانین - دەست ناپارێزین.
ئێمە بەعسایەتی و زایۆنیزم لێک جوودا ناکەینەوە، کوردیش وەک فەلەستینی نیشتمان داگیرکراو و چەوساوەیە. ئەوان چۆن ڕەفتار دەکەن بەرامبەر بە داگیرکەریان، ئێمەش - نەک لەڕووی لاساییکردنەوە، بەڵکو لەڕووی ڕەوابینی ئەو ڕێبازە - هەمان ڕەفتار لەگەڵ داگیرکەرماندا دەکەین، چونکە بانی شۆڕشگێڕان یەک هەوایە... کێش بازرگانی پێوە دەکات، خوا بازاڕی بێ شەرمی بدات...

# قوتابخانەی پاسۆک
# وانەی سێیەم

**"ئێمە سەربازی جەماوەرین کوێخای نین».**

ئەی جەماوەری زەحمەتکێشی کورد...

کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی و هەموو جۆرە ڕێکخراوێکی دیکەی کۆمەڵایەتی. هەر بەو نیاز و ناوەوە دەتوانێ جێی خۆی لە کۆمەڵدا بکاتەوە، کە بۆ خزمەتی کۆمەڵ و بەدیهێنانی ئامانجەکانی جەماوەر بەرز دەکەنەوە. هەریەکەی لەڕوانگە و دیدگایەکی تایبەتی و شێوە و جۆرێکی جیاواز و ڕێ و شوێنێکی دیاری خۆی لە کۆمەڵ نێزیک دەکاتەوە و هەوڵی ئەوە دەدات کۆمەڵانی خەڵکی لە دەوری خۆی خڕدەکات و سوود لە وزە و توانایان ببینێ. دیارە ئەو کۆمەڵانەش کە لەسەر بناغە و بنچینەیەکی ڕاست دروستیش هەڵەنەچوون هەمان ڕێگا دەگرنەبەر. چونکە بێ بڕوای جەماوەر و پشگیری ڕەنجدەران و تینو تاوی زەحمەتکێشان، هیچ کۆمەڵێک ناتوانێ بە ئەرکەکانی خۆی هەڵسێ. کورد وتەنی ( قسەش بێ دەسەڵاتە هەموو کەسێ تاقەتی بەسەردا دەشکێ).. و سۆز خواستی جەماوەر بەتایبەتی ئەگەر جەماوەرێکی زەحمەتکێش و ڕەنج خوراو و ژێردەستەی وەکو کوردیش بێت، ئەوا دەروازەی کۆمەک و پشتگیری بۆ هەر کەسێک دەخاتە سەر پشت. قسەیەکی خێری بۆ بکات و کەمێ لە ژان و مەینەتییەکانی کەم وەکات. بەڵام بواری ڕاست و چەوتی و دڵسۆزی و نادڵسۆزی و ناخ و ڕواڵەت و خزمەتگوزاری و قەڵەو کردن کار و کردەوە و ڕەفتار بەرهەمە. لەوانەیە هەر هێزێکی سیاسی بتوانێ بۆ ماوەیەک، جەماوەر چاوبەست بکات و چەواشەی بکات و لە خشتەی بەرێ، بەڵام تا سەر ناتوانێ ساختە و کەڵەک و درۆ و دەلەسەی بشارێتەوە و زوو بە زوو ڕووی ڕەش و ناڕەوای بۆ جەماوەر دەردەکەوێ.

بۆیە بە پێویستی دەزانین چەند کێشانە و پێوانەیەکی زانستی و ڕاستی مێژوویی تاقیکراوە هەیە، بیخەینە بەردەست جەماوەر. تا بتوانێ بیر و باوەڕ و دروشم و هەنگاو و هەڵوێست و بانگاشەی هەموو لایەک هەڵبسەنگێنێ و چی دی بە لاڕێیدا نەبەن. با جەماوەر خۆی ئاغای خۆی بێت، خۆی حەکەم بێت و کەس خۆی لێ نەکاتە دەم سپی و براگەورە و بیچەوسێنێتەوە و دایدۆشێ.

١ـ هەموو بیروباوەڕێک و دروشم و بیرکردنەوەیەک، پێویستە لە واقعی کۆمەڵگای کوردەوارییەوە هەڵقوڵابێ و دەستنیشانی کۆمەڵ و کێشەکانی جەماوەر و خواست و

ویستەکانی نەتەوەکەمان بکات. لەبەر ڕۆشنایی ئەو دەست نیشان و دیاریکردنانەدا چارەی ڕاست و دروستی خۆماڵی و کوردانەی بۆ دیاری بکات . بەو پێیە هەڵسوکەوت لەگەڵ کێشەکان بکات و بەو ڕێوشوێنە ڕاست و هەڵقولاوانەی میرات و کەلەپووری نەتەوایەتی کوردو تاقیکردنەوەکانی کورد و گەلانی چەوساوە و مێژووی پڕشکۆ و شەرەفی کورد چارەسەری کێشەکان بکات و ڕێ و ڕێبازی کوردانە بگرێتە بەر بۆ بەدیهێنانی خواستەکانی جەماوەر و جێبەجێکردنی ئامانجەکانی کۆمەڵ و گەیاندنی کۆمەڵ بەو قۆناغ و مەڵبەندەی مەبەستییەتی.

جەماوەری بەشەرەفی کورد...

هەر بیروباوەڕێک لەگەڵ ویست و خواستی دەروونتدا نەگونجا، بڕوای پێ مەکە و لەدەوری خڕمەبەرەوە. هەر داوا و فرمایشتێک هەستی نەتەوایەتی و کەسایەتێتی بریندار کرد و دژی وەستایەوە، دژی بوەستەرەوە و نەیەڵی ڕەگ داکوتێ. چونکە خۆرکەیە و دەداتە گیانت و ژیانت و مێژوو و چارەنووست.

هەر کۆڕ و کۆمەڵێک بە ئاشکرا و بێ فەندوفێڵ و عەوام هەڵخەڵەتێنە، دروشمی ئاوات و ئامانجەکانتی بەرز نەکردەوە و هەوڵی بەدیهێنانی نەدا، بزانە جادووگەرە و دەیەوێ دەستت بە زاخدا بکات.

هەرکەسێ ڕێزی لەخۆت و بیر و باوەڕ و کەلەپووری نەتەوایەتیت نەگرت پشتی تێکە و پەڕی کە و هەژماری دوژمنی بۆ بکە.

هەر لایەک خۆی لێ کردیتە کوێخا و دەم سپی و ویستی خۆی بەسەرتا بسەپێنێ و دەست درێژی ناڕەوای کردە سەرت بەری پێ بگرە و دژی بوەستە.

٢- هەرچی بیروباوەڕێک دەیڵێ و هەر دروشمێک بەرز دەکاتەوە و قەولێ بە جەماوەر دەدات، دەبێ لە بواری تاقیکردنەوە و هەڵسوکەوت و ڕەفتاردا جووت بێتەوە لەگەڵ واتەکاندا.

ئەوەی دەیڵێ، دەبێ ڕاست و بێ پێچوپەنا و پاسێر بێت. دەبی بە زمانی ڕەنجدەران و جەماوەری زەحمەتکێش بێت. جەماوەر لێی تێ بگات و بۆی قووت بچێ و بۆی بسەلمێندرێ، نابێ بە هاشە و هووشە و قسەی ناو کتێب سەر لە جەماوەر تێک بدرێت. نابێ جەماوەر وا لێبکرێت کە هیچ نازانێ و لەدنیا ناگا و مەبەستی خۆی پێ دیاری ناکرێت. ئەمە یەکەم هەنگاوی دەست بڕینی جەماوەرە . یەکەم بەردی بناغەی لادان و بازرگانی کردنە بە جەماوەرەوە. گەورەترین دیاردەی ساختە و خەڵک چەواشەکردن و ڕوونترین نموونەی درۆ و خۆسەپاندنە، ورە بەردانە بە جەماوەر... بڕوا نەکردنە بە ڕەنجدەران. خۆ بەزل گرتن و خۆسەپاندنە. ئەگینا گەورەترین و شارەزاترین و چاکترین مامۆستایەک، جەماوەری زەحمەتکێش و جوتیارانی کوردە. باشترین قوتابخانەیەک ناو

جەماوەر و کۆمەڵە. بڵندترین وانەیەک وانەی تاقیکراوە و ئەزموونی ڕەش و ڕووت و پیاوانی دنیادیدەیە. ئەفەندی و سەر ڕووت و سەر چەور کە دوو پیت و لەتێکیان خوێند ئیتر نابنە زانا و پیتۆڵ و ڕێ نیشاندەر و کتێب و نووسینش پێویستیان بە ڕاستکردنەوە و دەستکاری جەماوەر هەیە. جەماوەر خۆی دەزانێ دەردەکانی کامەیە و چی دەوێ و چی مەبەستە و خواستی چییە و چاریش کامەیە. کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی دەبێ یارمەتیدەر و هاریکاری جەماوەر بێت، نەک پەلی بکێشێ. چونکە جەماوەر کوێر نییە پەلکێش بکرێت. جەماوەر تاقیکردنەوە و فرمایشتەکانیان خەزێنەیەکە، دەبێ هەمیشە خواست و گوزارش ڕاستی لێوە هەڵهێنجرێ!.

هەر دروشمێک بەرز بکرێتەوە دەبێ بۆ جەماوەر بێت و لە جەماوەرەوە بێت. دەبێ تیشکدانەوەی ویست وخواست و ئامانجیان بێت. دەبێ جەماەر خۆی گوزارشت لە خۆی بکات. دەبێ گوێ لە جەماوەر بگیرێ و بە قسەی بکرێت. دەبێ دروشمەکان دژی ویستی کۆمەڵایەتی و بوونی نەتەوایەتی و داواکاری کۆمەڵایەتییان نەبێت. دەبێت ڕێز لە هەستی خواناسی خەڵکی و داب و دەستووری چاک و سوودبەخشیان بگیرێ و شیرازەی کۆمەڵایەتی و ڕێزی بەرانبەر و سۆز و پیاوەتی و مەردایەتی نەپسێندرێ. دەبێ ئەو دروشمانە جووت بن لەگەڵ داواکاری کۆمەڵدا. دەبێ جەماوەر مامۆستا و داواکار بێت و ئێمە تەنها کار و چالاکی و خزمەتییانمان بگرینە ئەستۆ.

هەر قەولێ بە جەماوەر دەدرێت نابێ خەیاڵ پڵاوی و دەست بڕین بێت. دەبێ ئەو بەڵێنانەی بە جەماوەر دەدرێت بهێندرێنە دی. ماسی لە گۆمدا پێ نەفرۆشین. چەواشەی نەکەین. چاو بەستەکێی لێ نەکەین. دەبێ تێی بگەیەنین کە هەرچییەکی بۆ دەکەین و هەرچییەکی بۆ ساز دەکەین و بەڵێنی هەرچییەکی دەدەینێ،ماڵی باوکمان نییە و خێریان پێ ناکەین. مافی خۆیانە و ئەگەر وا نەبین درۆیان لەگەڵدا دەکەین و پەتی درۆش زۆر کورتە. زۆر جار دەستی جەماوەریان بڕیوە. زۆرجار بەڵێنی درۆیان داونەتێ، بەڵام جەماوەر لەوە هوشیارترە، بە تەپڵی هەموو کەسێ هەڵپەڕێ. ئەوەی درۆ لەگەڵ جەماوەردا بکات هەر خۆی ڕیسوا دەبێت. نابێ بەهەشتییان بە درۆ لەسەر ئەرز بۆ دروست کەین، دەبێ چی ڕاستە ئەوەیان پێ بوترێ.

٣- هەر بیروباوەڕێک خۆی نەبەستێتەوە بە کێشەی ڕاستەقینە و بەردەستەکانی جەماوەرەوە، فیقەنەی خەڵکی تری لێدایەوە و بەسەر واقعی نەتەوەکەدا بازی دا، درۆ لەگەڵ خۆی و جەماوەردا دەکات. تین و وزەی جەماوەر بە فیڕۆ دەدات و چەواشەی دەکات و سەری لێ تێک دەدات... تووشی لاشەڕ و شەڕی ناوەختی دەکات. مەسەلە بنەڕەتی و خواستە بەرچاو و ڕەوا و ڕاستەقینەکانی لە کیس دەدا و زیان بە بوون و مان و مافی دەگەیەنێ...بۆیە دەبێ کێشەکانی کۆمەڵگای کوردەواری وەکو هەیە و

بەو تایبەتکارییەی هەیەتی بەرچاو خرێت و شی بکرێتەوە و دەست نیشانی لایەنەکانی بکرێت و بەپێی ئەو شیکردنەوە و لێکدانەوە کوردانەیە چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە. نابێ خۆی بە جەماوەر بچێنرێ و ئامادە کرێت بۆ دروێنەی خۆی، چونکە نە خۆی دەچێنرێ و نە دروێنەش دەکرێت. دەبێ بە ڕەچەڵەکی کێشە ڕاستەقینەکانیدا بچینە خوارێ و بە یارمەتی و کۆمەکی جەماوەر لە کێشەکانی بگەین.

دەبێ دەرمانی کوردی بۆ دەردی کوردی بدۆزینەوە، دەبێ بە کەرەسەی کوردی بینای فکر و ماڵی کورد بکەین. دەبێ بە بیروباوەڕی کوردایەتی جەماوەر گۆشت کەین و خۆمان فێرکەین پڕ چەک کەین. دەبێ بۆ کورد و جەماوەری زەحمەتکێشی کورد بژین و بمرین.. دەبێ کورد بین پێش ئەوەی هیچ شتێکی دیکە بین.

٤- هەر بیروباوەڕێک ڕێز لە دیاردەی کۆمەڵایەتی و بڕوا جەماوەرییەکان نەگرێت و هەوڵی قوڵکردنەوە و پاکژکردنەوەی نەدات و لایەنە چاک و خێرخواکانی بۆ خزمەتی کورد بەکار نەیەنێ و جەماوەر لە ڕووە نەرێنییەکانی ڕزگار نەکات، نەدەتوانێ تێکەڵی کۆمەڵ بێت و نە کۆمەڵیش بڕوا و متمانەی پێ دەکەن. پێویستە ڕێز لە داب و دەستووری چاک و پێشکەتووی کۆمەڵ بگیرێ.

پێشمەرگەی پاسۆک... پێشمەرگەی کورد...

لێستاوە جەماوەر فێرکە و بیخەرە سەر ئەو بارەی کە هەمیشە مەسەلە بنەڕەتییەکانی خۆی لە دەستی خۆیدا بێت کەس خۆی لێ نەکاتە کوێخا و دەم سپی. چونکە هەرکاتێ ڕاسپاردەی بەسەردا سەپێندرا و "بریکاری" لێ وەگیرا و شتی بووە "ئەڵتەرناتیڤ" ی مەسەلەی لەدەست دەچێ و دەکەوێتە بەر ڕەحمەتی دیکتاتۆرییەتیەوە و دەبێ دە ئەوەندە قوربانی بدات تا لەدەست مێردەزمەی (ڕاسپێردراو و بریکار و ئەڵتەرناتیڤ) ڕزگاری دەبێت. ئا ئەمەش نێرکی هەموو دیکتاتۆریێتی و خۆسەپاندنێک و بووە لە مێژوودا و گەورەترین قۆرتی بەردەم هەموو شۆڕشێک بووە. با ئێمەی کورد هەر لێستاوە نەتەوەکەمان لەم هەژدیها ١٠٠ سەرە بپارێزین. لەدەست بێگانە و داگیرکەرانی ڕزگاری نەبێت تا کوردێ بچەوسێنێتەوە و سواری ملی نەبێت. ئەگەر ئەگەر جەماوەر بەو گیانە پەروەردەکەین، مل بۆ داگیرکەش نادات. بەڕاستی( ئازادی و یەکسانی) مان بۆی دەوێت و ڕێ لە خۆمان و خەڵکیش دەبڕینەوە، کە سبەی ڕۆژ لە کەڵلە سەری ئەوان بەندیخانەی نەفس بریان بۆ دروست کرێ و ڕەحمەت لە کفن دزی پێشوو بکەن.

جەماوەری بەشەرەفی کورد تۆش وریا بە، لە بنەوە کەنددڕت نەکەن و بەدەستی خۆت تەوقی ئاوریشمیی دیلییەتیت نەکەنە مل. ئێوە هەموو شتێکن و کەس بێ ئێوە هیچی پێ ناکرێ و بۆ سەرناگرێ . قولی ڕەش و سپی لە بواردای کرداردا تاقی کەنەوە.

هەر بژین بۆ کورد....

# بانگێ .....لە سەنگەری پاسۆکەوە

**هاوولاتییەکەم، هاونەتەوەکەم هاوژان و چارەنووسەکەم**

مرۆڤ لەسەریەتی بەپێی بەهرە و هەلکەوتی، ڕۆلی خۆی لە کۆمەلدا ببینێ. چونکە بوون هەلتۆقیووی ڕێکەوت و دەسەلاتێکی کوێرانە و هەڕەمەیی نەبووە و ڕەنگرێژ و هۆشێکی ڕەها و بلند. هەر لەسەرەتاوە( لەبەر هەرچی حیکمەتێ بوو بێت با دوورە دەستی مرۆڤیش بێت) بەری و شوێن و بۆ مەبەستێکی قوولی قوولتر لە مانای ژیان و مانەوەش پەنجەی پیرۆزی لە ئەزەلەوە بۆ ئەبەد نەخشی کێشاوە. خودا دەفەرمووێ (ئەرز و ئاسمانمان بۆ گەمە دروست نەکردووە). بۆیە هەر کاتێک لە کۆمەلدا خانەی خۆی نەدۆزیوەتەوە. ئەوەی لەسەریەتی نەیکا و بەو ڕێچکە دیارییە یەزدانییەدا ڕەو نەکات و پیڕەوی دەستوراتی سروشتی یەزدان کرد نەکات. لە بوون و خۆی هەلدەگەڕێتەوە و بەدەستی خۆی بوونی مرۆڤیی خۆی هەلدەوەشێنێتەوە و دەخلیسکێتە پلە نزمەکانی بوونەوە. (پەلەی ژیان) کە دەستووری هەرگیز نەگۆڕ و بنج داکوتاوی قولایی دەروون و بوونی مرۆڤی سەر ئەم گۆی زەوییەیە، بووە و دەبێت وەکو حیزبمان لەسەرە دێڕی خۆیدا دیاری کردووە. ئەو پەلە و هەلپەی ژیانەش تەنها لە چوارچێوەی ژیانی کۆمەلایەتیدا، ئاسۆی مرۆڤانەی خۆی وەردەگرێ. کاری بە کۆمەلکردن و دەست دانە دەستی یەکتر و خۆ ڕێکخستن خەسلەتێکی مرۆڤانە و ڕێچکەیەکی مێژوویی و ئەوپەڕی کاریگەری و زامنی سەرکەوتن و بردنەوەیە. ئەگەرچی (مرۆڤ گەورەیی ژیانی خۆیەتی وەک تاکی لێهاتوو و خێرخوا سوارچاکی ئەم مەیدانەیە و شوێن دەستی دیارییە). لە هەموو گۆڕانێکدا "تاک" بووە و دەبێ کە ڕێچکە بۆ "تاک"ە ئاساییەکانی دوای خۆی شکاندووە و چاوی کردوونەتەوە و بۆ ڕۆشناییەکی ڕوونتر یان پەلی کێشاون بۆ هەلدێرێکی ملشکێن.

-لە پرۆگرامی حیزبمان- بەلام هەموو "تاک"ێکی ڕێچکەشکێن لە ئامێزی کۆمەلێکەوە و بە بوونی کۆمەلەوە ئەو ڕێچکەشکێنییەی کردووە و ڕەنگی داوەتەوە. ئەگەر تاکە ئاساییەکانی دەوری خۆی دووی نەکەوتنایە، شوێنەواری وەکو خەتی سەر ئاو دەکوژایەوە. ئیمڕۆش بار و هەل و مەرجی پێشکەوتووی کۆمەلایەتی، بارێکی وای هێناوەتە پێش، کە بێ جۆرێک لە جۆرە هەلکشاوەکانی ژیانی کۆمەلایەتی کە (ڕێکخراو

و پارت و کۆمەڵەی سیاسی) یە. تاک ناتوانێ ئەو ڕۆڵەی خۆی ببینێ و شوێن دەستی لە ژیاندا دیاری بێت، هەر لە کۆنیشەوە ـ ئەگەرچی شانە و کۆبوونەوە و ئابوونە، چی و چی پارتانە نەبووە ـ بەڵام جۆرێک لە جۆرەکانی ڕێکخستن و هەڵکشاوی و داکشاوی و گوم بوون هەر بووە. سەرنج بدە ئایینەکان، قوتابخانە فەلسەفییەکان، ڕێچکە ئەدەبی و هونەرییەکان .... هتد.

ئێمە وەک (پارتێکی نەتەوەیی سۆسیالیستی ئازادیخواز)، لەسەرمانە کۆمەڵانی کورد هۆشیار بکەینەوە و بانگ ڕاهێڵین، بۆ ئەو تاکە کوردانەی بەهرە و هەڵکەوتنێکی تایبەتی و بەژنە باڵایان هەیە، بۆ ناو ڕیزەکانی حیزب، تا بتوانن بە ئەرکی مێژویی میللی خۆیان هەڵسن و تەمی بیروباوەڕی بێگانەی زیان بەخش و تاعونی فیکریی سەرلێشێواو و نەگونجاو و دەسەڵاتی ماکی و مینۆکی و فیکری بێگانە و داگیرکەر لە کوردستان دا بڕەوێنینەوە و جەماوەری کورد بخەینە ئاستی ئامانجە مێژووییەکانی حیزبەوە کە (ڕزگاریی و یەکگرتنەوە و ئازادی کوردستانی گەورە و نەهێشتنی هەموو دەسەڵاتێکی ماکی و مینۆکی و هزری بێگانەی زیانبەخشە لە کوردستاندا و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستانە بۆ چوونیەکی و یەکسانی نەتەوەی کورد و بەگژداچوونی هەموو جۆرە دادۆشین و چەوساندنەوە و ڕاو و ڕووتێک لە ژێر هەر ناوێکدا بێت و بۆ پێدان و پێشکەوتنی هەموو بەهرەیەکی سوودبەخش. ئامانجە کاتییەکانمان کە( ئەوپەڕی مومکینە لە زەمەنێکدا) لە خزنەتی ئەم ئامانجە سەرەکییەدایە.

دیارە هەموو کوردێکی هۆشمەند و بە ڕوومەت و دڵسۆز لەسەریەتی، هاوبەشی ئەم کاروانە پیرۆزە کوردانەیە بکات و با چی دی لەسەر ئەستۆی خۆمتکردن و بێدەنگیی نەتەوەییە ئازادیخوازەکانی کورد، ناکوردانەی پووچەڵ لە کوردستاندا تەراتێن نەکەن. با پەند و وانە لە گەلانی دیکە و خۆمانەوە وەرگرین. دەبینین چۆن لە زۆربەی وڵاتانی ـ بەناو ڕزگاربووشدا- ڕۆڵەکانی لەبەر زەبری چەوساندنەوەی هزریی پێشێلکردنی مرۆڤایەتی مرۆڤدا، پەنا دەبەنە بەر بەتاڵی و بۆشایی ئاوارەیی کوشندە و ئەوانەی دەشمێننەوە، ڕۆژی١٠٠ جاران لەدەوری مەرگ دەگەڕێن. با لە ئێستاوە ئێمەی نەتەوەیی چاکی مەردایەتی و تێکۆشانی لێ هەڵکەین تا پاشەڕۆژ بەر نەحلەتی نەوە چەوساوەکانمان نەکەوین.

هەواڵنامەی کتێب

بۆیە داواتان لێ دەکەین کە شوێنی دیاری خۆت وەدۆزیت و زنجیری گومان و وەستان و متبوون بپسێنی و وەکو کوردێکی خاوەن بەهرە خانەی خۆت لە ڕیزەکانی جەنگاوەرانی نەتەوەییدا بدۆزیتەوە. مێژوو چۆن فێرمان دەکات کە ئەوانەی بە دیار هەلی بێ درک و دالْدا هەلْدەتووتێن، دەبێ هەر خۆیان بخۆنەوە و چۆنیش( تاک) ی وا هەبووە لە ژاندا خۆی دۆزیوەتەوە و ڕووی مێژووی گۆڕیوە. ئەگەر ئەو تاکە هەلْتەکێن و بیناکەرە (متفرد)ەش نەبێ خۆ لە زەماوەندی مەرگی دوژمن و ژیانی کوردایەتیدا، ڕوومەت و ئابڕووی دەست گرتنت دەبێ. دە ئینجا چ ڕوومەتێ/ شەرەفێ لەمە بلْندترە؟ هەرگیز بڕوا ناکەین کەسی هۆشمەند دەست بە هەلی زێڕینی ژیانییەوە بنێ.

ئێمە بەئەرکی خۆمان هەستایین و لەدەرگامان دایت، جا یان ئەوەتا دەروازەی داخراوت لەسەر ژیان دەکەیتەوە، یان هەروا بەشەتەک ماوی دەمێنیتەوە لەهەردوو حالْەتاندا بۆ مێژوو وەلاممان دەوێت.

هەربژین بۆ کورد

هێزی پێشمەرگەی پاسۆک

***** ئەوەی نەتوانێ بۆ کورد بمرێ ناشزانی بژی*****

# تاریک... و ... ڕوون...

ـ تاریک.. ئێمە لە تورکیا دەژین کە زیاتر لە هەموو وڵاتانی دنیا ئازادی تێدایە هەیە. لەم وڵاتەدا تەنیا تورک ئاغا و فەرمانڕەوایە. ئەوانەی ناچنەوە سەر ڕەگەزی خاوێنی تورک تەنیا هەقێکیان لە لای ئێمە هەیە، هەقی ئەوەی کە خزمەتکاربن، هەقی ئەوەی کە کۆیلەبن. با دۆست و دوژمنەکان ئەو ڕاستییە تێ بگەن، با کێوەکانیش لێی حاڵی بن.

مەحمود اسدی وەزیری دادی تورکیا

ڕۆژنامەی ملت ژمارە ١٧٥٥ی ١٩ی سبتامبەری ١٩٣٠

*ڕوون.. نەتەوەی کورد شانازی فەرهەنگێکی لە مێژیینەی هەیە، بەڵام داگیرکەرە بێگانەکان بەتایبەتی تورک و فارسەکان کە نەخشەی بێ شەرمانەی تواندنەوەی کوردیان بەدەستەوەیە، بەرهەمە فەرهەنگییەکانی کوردیان داگیرکردووە یان لەناویان بردووە.

ئەنسکلۆپیدیای گەورەی سۆڤیێتی

بەرگی ٢٤ لاپەڕە ٩ «وشەی کورد»

ـ تاریک.. لەهەر جێیەک سەرنێزەی تورک هەبێ، مەسەلەی کورد نییە.

ڕۆژنامەی "وقت" ی تورکی ٧ ی مای ١٩٢٥.

*ڕوون.. بەمجۆرە تورکەکان تازە لە خەباتی ڕزگاریخوازی خۆیاندا سەرکەوتبوون، دەستیان کرد بە لێدانی ئەو کوردانە کە لە ڕێگای خۆیاندا خەباتیان دەکرد. بەڕاستی سەیرە، نەتەوەیەک کە تادوێنێ بەرگری لە مافی خۆی دەکرد، ئێستا دەستدرێژی بکاتە سەر مافی نەتەوەیەکی تر و خەباتی ڕزگاریخوازی بکاتە خەبات بۆ ژێر دەستکردنی گەلانی تر. ساڵی ١٩٢٩ ڕاپەڕینێکی دیکەی گەلی کورد هەڵگیرسا. بەڵام ئەویش لانی کەم بۆ ماوەیەک دامرکایەوە. بەڵام کێ هەیە بتوانێ میللەتێک لەناوبەرێ، کە لەسەر وەدەستهێنانی مافی خۆی موکوڕە و ئامادەیە نرخی ئەم ئازادییە بدا؟

جەواهیر لال نەهرۆ — ئاوڕێک بۆ لای مێژووی جیهان

## ❊❊سەربازی ون❊❊
## پێشکەشە بەگیانی قوربانیانی شاری

**قەڵادزێ و هەڵەبجەی خوێناوی**

**کە وەفدێ دەچێتە شوێنێ،**
**بۆسەر گۆڕی سەربازی ون،**
**تاجەگوڵینەیەک دێنێ.**
❊❊❊
**ئەگەرسبەی**
**وەفدێ بێتە وڵاتی من،**
**لێم بپرسێ:**
**کوانێ گۆڕی سەربازی ون؟**
**دەڵێم:**
**گەورەم!**
**لەکەناری هەر جۆگەیێ،**
**لەسەرسەکۆی هەر مزگەوتێ،**
**لەبەر دەرگای**
**هەر ماڵێ هەر کلێسەیێ،**
**هەرئەشکەوتێ،**
**لەسەر گابەردی هەر شاخێ،**
**لەسەر درەختی هەر باخێ**
**لەم وڵاتە:**
**لەسەر هەر بستە زەمینێ،**
**لەژێر هەر گەزە ئاسمانێ،**
**مەپرسە، کەمێک سەرداخە و**
**تاجەگوڵیبەکەت دانێ!**
❊❊❊❊❊

# له كەلەپووری شۆڕشگێڕانەی كاژێک

**. بەبۆنەی یادی ڕسكانی .**

١. كاژێک پێی وایە دەردەكانی كورد هەموو ئەچنەوە سەر یەک بنچینە و ئەبێ لە بنەڕەتەوە تیمار بكرێن. لەبەر ئەوە بڕوای تەنیا بەو چارەسەركردنەیە كە ئەگاتەوە سەر ڕەگوڕیشەكە. كەواتە بڕوای بەهیچ چارەسەرییەكی كاتی و ڕووكەش نییە. هەر لەبەر ئەوەیە بڕوای تەنیا بە بەكارهێنانی هێزە و بەهیچ جۆرێک بە كرداری ڕواڵەتانە و كەم و كورت و نیوەناچڵی، وەک نوێنەر هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی بێگانان و نووسینی پرۆتستۆنامە و ئیمزا كۆكردنەوە و متمانەكردن بە سەربەستی دیموكراسییانە نییە. چونكە پێی وایە هەموو مافێک كە بە زۆر زەوت كرابێ هەر بە زۆر ئەسێندرێتەوە.

٢. كاژێک داگیركەرانی كوردستان هەموو بە یەک چاو تەماشا ئەكا و كوردستان تەنیا بە موڵكی كورد ئەزانێ و ئەبێ كورد هەرخۆی فەرمانڕەوا بێ لە كوردستاندا. لەبەر ئەوە بڕوای بەو برایەتییە درۆزنەیە نییە كە لە ڕێگەیەوە سەروەت و سامانی بەتاڵان ئەبرێ و لە كەمترین مافی مرۆڤانە بێبەش ئەكرێ. لەبەر ئەوە فەرمانڕەوایی هەموو ناكوردێک بەسەر كوردستاندا، بە كارێكی شەرعی ئەزانێ.

٣. كورد خۆی خۆی ڕزگار ئەكا لە ڕێی بیروباوەڕێكی پاكی كوردایەتییەوە لەبەرئەوە كاژێک هەر پشت بە كورد ئەبەستێ و بڕوا بە هیچ بێگانەیەک ناكا و هەركەسێ بڵێ « بێگانە كورد ڕزگار ئەكا»، یان بە ساویلكە یان بە دوژمنی دائەنێ. چونكە ئاشكرایە كە بێگانەیەک دەوڵەت بۆ كورد دروست بكا لە هیچە زۆر بەئاسانی لێشی ئەسێنێتەوە.

٤. كاژێک ڕێزی هەموو نەتەوەیەک ئەگرێ بەو مەرجەی چاونەبڕنە/ تەماع نەكەنە كوردستان. هەروەها بەتەماش نییە كە ئەو كەمە نەتەوانە بتوێنێتەوە كە لە كوردستاندان بەو مەرجەی ناپاكی لەگەڵ كورد و بیروباوەڕی كاژێک دا نەكەن.

٥. كاژێک حیزبی چینێكی تایبەتی نییە و بڕوای بە ئیمتیازاتی چینایەتی و بنەماڵەیی نییە و تەنیا بڕوای بەجیاوازی مێشک و لەش هەیە. لەبەر ئەوە بەربەرەكانی هەموو جۆرە «دادۆشین،قۆرخكردن و وەربەرهەمهێنانێک/ اسغلال و احتكار واستیمار»ێک ئەكا. واتا لەباری سەرنجی ئابوورییەوە حیزبێكی سۆسیالیستانەیە و باوەڕی تەواوی بەدادی كۆمەڵاتیی هەیە.

٦. كاژێک زۆر بە توندی ئەوەستێ بەرامبەر بەستنەوەی: ئابووری كوردستان بە ئابووری وڵاتە داگیركەرەكانەوە و هیچ جۆرە پێشكەوتنێكی ئابوورییانەی ناوێ لەسەر هەژماری دروستبوونی گیرفانی/ جیوب و بنكەی بێگانان بێ لە كوردستاندا.

هەواڵنامەی كتێب

## مالاوا
## چ زەخیرەیەکمان بۆ پاش ناوبژی خستووە؟!

" وا قاوە و وا باوە ناوبژیکەر و ڕیش سپی لە موسڵمانانی ساختە و بێ دین و وڵاتانی بێلایەن" ی لەئاست هەقدا کوێر و کەڕ بوو، "کۆرت فالدهایم" ی تەختەداری "دەوڵەتە یەکگرتووەکان ـ نەک نەتەوە یەک نەگرتووەکان ـ" "پاپا"ی قسە نەڕۆیشتوو و گەجەر و گوجەری دنیا جرت و فرتیانە، لەنێوان ئەم لاو و ئەو لا دەیهێنن و دەیبەن. دایدەتاشن و دەیخەنە سەر، پینەی دەکەن و هەڵی دەتەقێننەوە. هەنگاوێ لەمان و دوان لەوان ئەم بۆ پێشەوە و ئەو بۆ پاشەوە و باوەخولێ و گڕخواردن فەرتەنە و فەرتەنەیە!!. باسوخواستی "شط العرب"، "کەنداوی عەرەبی یان فارسی" !!. خەتی سەر مەرز و هێڵی سەر سنوور "ڕێکەوتنی الجزائر" و "دادگای ئیسلامی" ، "خۆزستان یان عەرەبستان"، "ئەرزی عەرەب" یان "تەعدای عەرەب" ە" دوورگەی داگیرکراو" بەند و باوی "ڕۆستەم" و (خالد)،" قادسیە ـ لدام" و "داستانی پاسداران»!..

«شا حوسێن" تۆپ دەتەقێنێ و "بنی لدر" لەسەنگەر سەر دەردێنێ درۆ دنیای پڕ کرد و لافاوی هەڵسا." شەیتان" و "کافر" و" طاغوت" و "بۆگەن" و "خەرەفاو" و "پەرپووت". هەر زاراوەیە و دەکات بە بندەستی زاراوەی بەرانبەرەوە. ئەم تا( "تاران" ناوستێ و ئەو "بەغدا" )... تەخت دەکات ئەمانە و هی تریش هەن خوا زیادیان کات و بەرقەرار و بەردەوام بن!!!

بەڵام...دەڵاڵییەک و ریش ماچ کردنێک، هەمووی دەکاتە نەخشی سەر ئاو دەمێنێتەوە؟!... بادانەوە بۆ سەر کورد تۆڵەی "عەبادان" و "خانەقین" لە کوردستان بسێنن!. خوێنی حوسەین و کراسی خوێناوی عوسمان لە ماڵی کورد دەربێنن.

ئەرێ ئەم فەرتەنەیە لەسەر "حوسێن"ە یان "هەریسە"ی کورد ؟!. وەکو دەڵێن، چ دەبێ با ببێ!.. ماویانە کاولی کەن؟!. تەڕ بوو کەی لەباران ترساوە؟!.

دیسانەوە بەڵام تاکەی خۆمان بدەینە دەست "قەدەر" و" بەرنامەیەک" نەبێت؟! تاکەی هەر بە تەڕی بمێنینەوە، بۆ خۆمان و ماڵە کاولەمان وشک نەکەینەوە؟!..

پرسیارێک و هەژمارێکە، جەماوەر لە یادتان نەچێت، لە هەموومانی بکەن و لە کۆڵمان مەبنەوە!!.

هەواڵنامەی کتێب

## ((پێش ئەوەی هەرشتێ بین، ئەبێ کوردبین))
## چەکی بێ بیروباوەڕ سێدارەی جەماوەرە

ئالای سووری کوردایەتی

ژمارە ـ ٤ ـ مایسی ١٩٨١ ف ------------------- بانەمەڕی ٢٥٩٣ ک

ئۆرگانی ناوەندی هێزی پێشمەرگەی پاسۆک

<u>**سەرەباس**</u>

+ شیعر
+ئایار و ڕەنجدەرانی کورد
+ڕازێکی کوردانە: چۆن خەمی دوارۆژ هەڵدەگیرێ؟!..
+ شادەمارە سەرەتاکانمان
+ لە کەلەپووری شۆڕشگێڕیمان
+بانگێ لە سەنگەری پاسۆکەوە
+ قوتابخانەی پاسۆک : (وانەی چوارەم) لۆلۆنیالیزم و کۆلۆنیالیزانی کوردستان
+ تەعریب
+ تیشکێ لەخۆری کوردایەتی، دێڕێک لە داستانی بەچکەشێرانی نەتەوەیی
+تاریک و ڕوون
+ماڵاوا: یەکگرتنەوەی کوردستانی گەورە،جیاخوازییە یان یەکێتی و ڕزگاری؟...

هەوالنامەی کتێب

دۆستەکانم  باش بزانن
دوژمنانم باش بزانن
چەند باوەڕم بە زەردەشت و
بە ئاوێستا و بە خوا هەیە
هەزار هەندەش
باوەڕم بە هەڵکردنی ئاڵا هەیە

## ***ئایار و ڕەنجدەرانی کورد***

زەحمەتکێشان و ڕەنجدارانی هەر کۆمەڵێک بەردی بناغەی کۆمەڵ و دینەمۆی بەرەو پێشەوە بەری مێژوون. لە سەرتاسەری مێژوودا بەرەنگاربوونەوەی بەشخوراوان و چەوساوان و هەڵگرانی خوازی هەق، بە ڕووی زوڵم و زۆر و چەوساندنەوە، لە لاپەڕە ڕەنگین و پڕ شکۆکانی مێژووی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بوون و هەمیشە ویست و کار و ئاکاری ناڕەوا مل کەچ بووە، بەرانبەر داد و ڕەوا و ویستی خێر خوایانەدا. یەکی ئایاری پیرۆزیش هێمای ڕۆژی سەرکەوتنخوازی ڕەنجدەرانە بە سەر ویستی ناڕەوای چەوسێنەوەراندا. لەم ڕۆژەدا دەنگ و ڕەنگ و ئامانجی هەموو زەحمەتکێشانی دنیا، تێکەڵ یەک دەبن و هەموویان لە سەرکەوتنی هەق بە سەر ناهەق دا، یەک دەنگ دەبن و یەک دەگرن. هەموو جۆرە چەوساندنەوە و ڕووتاندنەوە و زۆر و داگیرکردنێکیش، لە نێرکی نارەوایی و نادروستی زۆر و ستەمەوە شین بوونەتەوە. بۆیە چارە و ڕێگای هەر هەمووشیان بە گژاچوونەوە و خۆڕاگرییە بەرامبەر ستەم. لە ژێر هەر بار و هەر ناو و دۆخێکدا بێت و ئاسودەیی و سەرفرازیی هەتا هەتاییش هەر ڕیشەکێشکردنی هەموو جۆرەکانی چەوساندنەوە و زوڵم دەبێت لە دنیادا.

نەتەوەی کوردی ژێر دەستە و پارچەپارچەکراوی نیشتمان داگیرکراوی چەوساوە لەم سەردەمەدا بە بارێکی نموونەیی و چڕبوونەوەی هەموو شێوە و شێوازەکانی چەوساندنەوەیەدا, هەر لە چەوساندنەوەی سیاسی و دەروونی/ نەفسی و.. هتد تێدەپەڕێ و چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و چینایەتی و کۆمەڵایەتی دوژمنان و داگیرکەرانیش هەموو مانا و ئاکارە ناڕەواکانی فەرهەنگی چەوساندنەوەیان بۆ گرتۆتەبەر. بۆیە دەتوانین بە ڕاشکاوی یەکی ئایار، بە ئایاری نموونەیی کوردی دانێین و خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورد لە پێناوی (ئازادی و یەکسانی)دا، بە سەرتۆپ

و شاکاری خەباتی ڕەنجدەران و گەلانی چەوساوەهەژمارد بکەین. لەمەوە هاوخەباتی و هاوچارەنووسی و گرێبەندی خەباتی نەتەوایەتیانە و کومەڵایەتیانەی کورد و لە گەڵ سەرجەم خەباتی گەلانی چەوساوە و چینی زەحمەتکێشی جیهان، وەکو دیاردەیەکی سروشتی خۆڕسک دێتە پێش و تینوتاو پێسەندنی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد، بەشێکی هەرە گرنگی ئەو خەباتەیە دژی داگیرکەری و زۆڵم و ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی. کوردستانی شۆڕش و خوێنیش ئاگردانی شۆڕش و ڕاپەڕینی ناوچەکەیە.

لە یادی پڕ شکۆی ئایاردا, داوا لە جەماوەری زەحمەتکێش و ستەمدیدەی کورد دەکەین، پتر تینوتاوی شۆڕشەکەیان بلێسە بسێنێ و هەنگاوی چەسپاو بەرەو (کوردستانێکی ئازاد و گەلێکی یەکسان) بنێن.. تا گەورەترین دینگەی چەوساندنەوە و ناڕەوایی و ئیمپریالیزم و گەراکانی لە جیهاندا پاکتاو کرێت!.

شەکاوە بێت ئاڵای زەحمەتکێشانی کورد.

هەواڵنامەی کتێب

## {{{ڕازێکی کوردانە: چۆن خەمی دوارۆژ هەڵدەگێرێ ؟!}}}

شـەڕی عێراق و ئێران ئەو بار و هەلومەرجەی هێنایە پێش، کە دروشمی“ ڕمانی حوکمی بەعس“ لە دروشمێکی ناچاری و پێویستی دوورە دەستەوە، ببێتە واقعێکی دەست هەڵێنجی وا کە وەک داری گەندەڵ. ها ئێستا نا ساتێکی دی لاربێتەوە. چیش لەمە چاتر و پێویستتر نییە هەر چەندە سەبارەت/ بە نیسبەت ئێمەی کوردەوە، کە ئێمڕۆ ئەوپەڕی مومکن ئۆتۆنۆمییەکی ڕاستەقینە یان تەواو یا فراوانە. بام ئاسۆی لەمە پتر و پێشکەوتووتریش هەبێت، بەڵام جارێ وا لە زاراوە و بەژنوباڵای ئۆتۆنۆمیا چەقیووین و جەڕێندراوین! نەیسا. ئۆتۆنۆمیش گۆڕانی دەسەڵات و حوکمی گەرەک نییە، فشە مافێکە کەی بەرانبەرەکەت ناچار کرد، وەکو کاروباری بەرێوەبەرێکی ئیداری. هەندێ یاسای پارێزگارکان( قانون المحافظات) لەبەریەک دەکێشێتەوە و ناوکی دەبری و بانگی“ ئۆتۆنۆمی!“ بە گوێدا هەڵدەدا. بەڵام ئێمە سێ جاران تاقیکردنەوەی تاڵ و سەخت و دەستبڕاوی و بێ فرسەتیمان لەگەڵ بەعسدا هەبووە. ساڵی ١٩٦٣, دوای گەلاوێژی ١٩٦٨. پاشان ڕێکەوتنی“ ١١ی ئازاری ١٩٧٠“ و خۆ خواردنەوەی چوار ساڵە!. لە سێ تاقیکردنەوەیشدا سێ چوار دەستە و دەسەڵات و بیر و دەموچاوی بەعسمان دیوە و تاقیکردۆتەوە. لەگەڵ هەر هەموویاندا کورتی هێناوە. لەمەودواش سەد دەمامکی دیکەش بگۆرێ و هەزار بەرگی قورئانیش لە بەرکەن، بەعس هەر بەعسە و ڕەگەزپەرستی و شۆڤێنیتی و کوردکوژی لە ناخیاندایە. ئەمان بناغەکەیان لە سەر ئەوانە هەڵچنراوە, بۆیە شتێ ئەوە بوو, نابێ بە ناوی“ مافی کورد, یان ئۆتۆنۆمی لە ژێر سایەی هیچ رژێمێکی بەعسیانەدا،. مەگەر بنەما فیکری و داروبارە ڕێکخستنییەکانیان سەرلەبەر بگۆرێ. کە ئەمەش دوورە. بۆیە دروشمی و ڕمانی حوکمی بەعس دروست لە شوێنی خۆیدا بووە. بەڵام جاروبار یا زۆرجاران ئاوازی دەسەڵاتداری حوکم“ السلطه الحاکمه“ بەرگوێ دەکەوێ. بام ناچاری ئەمەمان بە سەردا بسەپێنێ و نەشێین ڕستە تەواوەکە وەکو ڕستەیەکی بەسوود/“جمله مفیده“ بڵێین: ڕمان و پاکتاوکردنی بەعس و بەعسایەتی، وەک بیر و بوون، یا چ نەبێ بووترێ دەسەڵاتی بەعس! .. ئەگین“ دەسەڵاتدارێتی حوکم” صدام و سیی چل دەستوپێوەندی دەکات و بەس. ئەمەش ڕووکەش گۆڕیە و بەس ئێمەش نەیەکەین ئاغایانی بەعس و مامۆستاکانیان لە بەر گۆڕینی دەمو چاو و نوێکردنەوەی ئەکتەرەکان. کورد وتەنی“ بۆرە نەبێ بازە بێ, پڵپڵەکەی تازە بێ“ کە ڕەنگو ڕووی“ صدام” ئەو شەوق و تازییەی کاڵ

بۆوە, دەیگۆرن! و دامودەزگا  و پاشخان و بنە و بارگەی وەکو خۆی دەمێنێتەوە ئەمەش ( ترفیع) ە نەک (تقلیب)!.

ئەمە وا! باشە ئەم چوار پێنچ ساڵە چمان بۆ داهاتوو و پاشەرۆژ پاشکەوت کردوە؟. ئەگەر جاران دروشمی (ڕمان)ەکە، پێویستیەکی ناچاری و دووره دەست بوو، خۆ لەگەڵ هەڵگیرسانی شەڕی (عێراق و ئێران) هاتە بەر لوتمان. چمان ئامادە کردووە؟! بیرمان کردۆتەوە: ئەگەر فلانە لا هات وا هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەین، چونکە باروهەلومەرجی هاتنی وا دەبێت و وا دەبێت؟

یان ئەگەر فیسارەیان هات، ئەمە داوامان دەبێت و ئاوا لە گەڵیدا رەفتار دەکەین. چونکە ئەوسا ناچارە ئەوەیان بکات یان ئەوەیان. ئەمەیانی کرد ئێمە وا دەکەین و ئەوەیانی کرد وای لێ دەکەین. ئەویان ناکات لە بەر ئەمانە و ئەوەیان نزیکە لەبەر ...!

سێ بەرە هەن! لە هەر سێ یشدا هەین و نیشین!, هەین وەکو ناو, نین وەکو کاریگەریتی! ئەوا هیچ یەکیان, هیچ لایەکی دەسەڵات ناگرێتە دەست, دوانەکەی دی یەکیان نزیکە ( ئەگەر لە چوار چێوەی لوعبە دەولیەکەشدا بێت) لەو دوانەیان یەکیان باسی مافی کورد و داوای کورد بە مەنتقی زەمانی روستەم دەکات وتاریکی شەوەزەنگی لە ئێوارە هاوباوەڕکانیاندا دیارە و رۆژانە بە چاوماندا دەچەقێتەوە.. جارێ نەهاتون دەڵین: هەستی نەتوایەتی هەستێکی شێوێنەرو و روخێنەر! ئەوی تریشیان بە دیار میراتی بەعسەوە خۆی مەڵاس داوە.. بام هەندێ" مەعقولیەتیش" یان تێدا بێت!.. بەرنامەی هەر سێ (بەرە)کەش لە بەر روشنایی" معگیات"ی نوێ دانەڕێژراوە, لە سەر بناغەو بیرکردنەوەی دووردە دەستی ڕوخانی دەسەلاتی بەعس هەڵچنراوە لە هەر سێ لاوەش" کورد سەرەنێزەیە, بێ کورد چیان پێ ناکرێ.. ئێمەش چمان بۆ خۆمان نەکردوە!

ئێمە لە کاتێکدا دەزانین, نەداگیرکەران و نە داگیرکەرانی داهاتوو. کە ئیمڕۆ فشە دۆستمانن و نە دام و دەزگا ئیمپریالی و نێو دەوڵەتیەکان دەیانەوێ کورد لە ئاست و بارێکی وادا بێت کە مەسەلەکەی خۆی لە مستی خۆیدا بێت و یەکێ لە مەسەلە هەرە گرنگ و ڕەواکان لە سەر مێزی سازشکاری / مساوماتی دەوڵەتیدا نەمێنێ.. کوردستان ببێتە کوانووی شۆڕشگێری سەرەنێزەی خەباتی شۆرشگێری دژی ئیمپریالیزم و چەوساندنەوە و دیکتاتۆری لە ناوچەکەدا.

گریمان سبەی فلانە لابە کورسیەکەی بەغدا شاد بوو, لە پیاوەتی خۆی نا لە بەر دوژمن زۆری و پشوودان, یان هەر مەبەستێکی دیکە ویستی لە کورد نیزێک ببێتەوە.. ئایا؟



هەواڵنامەی کتێب

١ـ هەموو لایەنە شۆرشگێرەکانی کورد, وەکو مەسەلەیەکی میللی باڵاترو پیرۆز تر لە مەسەلەی حیزبایەتی تەسک, چ پرۆژە و داواکاریەکیان هەیە؟ کامەتا بەرنامەی کاری میللی یان داوای رەوای میللی؟ راستە هەمووی (حوکمی زاتی راستەقینە!!)داوا دەکات' بەڵام یەکەم: حوکمی زاتی وەکو چەمکێکی سیاسی لەوەی ئیمرۆی بەعسەوە دەگریتەوە تا دەگاتە ئەوەی سویسری و باڵاتریش تا سنوری فیدرالی!. دووەم: تا ئیمرۆ چوارچێوەیەکی دیاری و فراوان و بە راستی راستەقینە بۆ ئەو" ئۆتۆنۆمییە" دانەرێژراوە.

٢ ـ زۆر رێی تێدەچێ لە بارێکی وا پشوو بە بەرهاتنەوەدا, مەسەلەی" تصفیات"ی حسابی کۆن و نوێ لە ناو هێزە سیاسیە ناتەباکاندا توندتر بێت و ئەوجا جەماوەری شارەکانیش تێوە گلێندرێ , هەر بە جارێ ئەو ورە ماوەی خەڵکیش بروخێندری.. یان بێزار کرێن

٣ ـ لە حاڵ و بارێکی پەیوەندی دوژمنکارانەی نێو ئەو هێزە سیاسیانە, داگیرکەرەکە فرسەتی قایلکردنی لایەک دەهێنێت و لاکەش بۆ دەسکەوتی تایبەتی خۆی و خۆقایمکردن سەرخەرمانی تاقیکردنەوە کۆنە تاڵ و خۆفرۆشییە کۆنەکانمان پێ دەکرێتەوە, کورد دەداتە کورد خۆشیان لەولاوە چەپڵەمان بۆ دەتەقێنن!... ئێمرۆ زۆر شت لە گۆرەپانەکە, نە بە لۆژیک و نە بە (زانست) و نە لەبەر رۆشنایی" بیروباوەردا" روو دەدەن, بەڵکو زۆریان زادەی هەوا و هەوس" میزاجی» ئەم یان ئەون. ئەمە مەترسی ئەوەی لێ دەکرێت کە سبەی لە سەر هەژماری مەسەلە میللییەکان هەزاران رەدەڵ و بەدەڵ و دیزە بەدەرخۆنە بکرێت. یان لەچاکترین حاڵەتدا ئەو هەڵە مێژووییە, وەک سەدانی دیکە, لە دەست کورد بدرێت. ئەمەش دوا هەلە, هەرگیز کورد لەو بار و پێگە پتەو و گرنگەدا نەبووە و لە دەستیش درێت وا بە هاسانی وەکو خۆی لێ نایەتەوە!.. ئۆپۆزیسیۆنی عێراقیش ئەوەندە لاواز و چاو لەدەستی کورد نابێت و بەو جۆرەش پاشاگەردانی نابێت. ئەگەر ئەم فرسەتە نەقۆزینەوە و پراوپر سوودی لێ وەرنەگرین و شوێن پێی خۆمان قایم نەکەین, بە دەردی ساڵانی دوای" ١٩٦٨»ی بەعسیەکانمان دەبەن کێ بەعسی وا قایم کرد؟ بێ گومان خۆمان هەموو بەرهەڵستکاری / ئۆپۆزیسیۆنی عێراقیش.. سبەیش هەمان گاڵتەجار دووبارە دەبێتەوە.

٤- چاوەروانی ئەوەش دەکرێت: هەر لایەک و لایانە بێتە سەر حوکم, بەربێتە گیانی لاکانی دیکە, لێرەدا ئێمەی کورد دەبێ هەموویان لە بەرەی بەرهەڵستکاردا بین, یان دەبێ بکەوینە پاڵ دەسەڵاتەکە، تەنها بەمەش مەسەلەکەمان دەپارێزین. بەڵام لە حاڵ و بارێکی وادا وا دیارە هەندێ دەکەوێتە بەری ئۆپۆزیسیۆن و هەندێک لایەنی

دەسەڵاتدارەکە دەگرێت – دیارە پاش هەندێ ڕووی خۆ سپی کردنەوە! هەر دوو لاشیان دەمانکەنە کوتەک و ساوەری لاکەی ترمان پێ دەکوتن.. ئەگەر واش نەبێت خۆ دان بەدەستەوە و سازشکاری و / مناقصات دەست پێ دەکات, هەر یەکەی بۆ خۆ کردنە پیاوچاک یان بۆ پاکتاوکردنی لایەنە نەیارە بەرانبەرەکەی ترسی خلیسکانی هەیە..

٥- هەمیشە دوژمنان و داگیرکەرانمان لە سوچی ئەو درزانەی ناومانەوە, نەک تەنها خۆ دەکەن بە ناوماندا, بەڵکو خۆش دەترەنجێننە ناو مەسەلە میللی یەکەشمانەوە, ئەمانیش کە خۆیان داوڵی ئیمپریالیزمی جیهانین پیلانە نێو دەوڵەتیەکان دێننە ناو مەسەلەکەمانەوە, بەمە سەربەخۆیی و خودێتی خۆمانمان لە دەست دەچێ..

بۆ کونبڕکردنی ئەم مەترسیە, پێویستە مەسەلە میللیەکان جوێ بکەینەوە لە مەسەلە حیزبیەکان و ناتەبایەکان, کە ناتەبایی و ناکۆکی لاوەکین, لە چۆنێتی و جۆر و شێوەی چارەسەری ئەو مەسەلە میللیانەدا بمێنێتەوە و سەر نەکیشنە بنچینەی مەسەلەکان. بۆیە ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین کە (ئۆتۆنۆمی) – وەکو قۆناغێک و سامانیکی کاتی – مەسەلەی گەلی کورد بێت لە کوردستانی باشوردا, ئینجا درۆ یان ڕاست مادام هەمووان لە سەر خاڵی ( ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە یان فراوان) ڕێکین و یەک دەنگین.. بۆ بەر برینەوە هەموو سازشکاری و بازرگانییەک بەو مەسەلەیەوە و ڕێبڕینەوە لە خۆدان بەدەستەوە و چەوساندنەوەی مافی کورد بۆ خزمەتی بەرژەوەندی حیزبایەتی,, پێشنیار دەکەین کە:

١ – ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لە مەسەلەی فلان حیزب و فیسارە لا جیا بکرێتەوە و وەکو مەسەلە و داوای کورد بخرێتە پێش چاو.

٢- ئەگەر کرا هێزە سیاسیە شۆرشگێڕە دڵسۆزەکانی کورد لە سەر ئاستی سەرکردایەتییەکان بۆ دانانی چوارچێوەیەک بۆ ئەم ( ئۆتۆنۆمییە) کۆببنەوە و ڕێککەون لە سەری و بۆ هەموو جەماوەری بڵاوکەنەوە کە ئەمە چوارچێوەی سروشت و زانستی مافی کوردە" لەم قۆناغەدا" بۆ ئەوەی مەسەلەی جەماوەر بکەوێتە دەست خۆی, نەک وەک جارانی جاران بە بەندی نهێنی / بنود سری و ڕێکەوتنی بن تەبەق دەستی جەماوەر بەزاخدا کرێت.. دەشبێ بەلانی کەمەوە ئەم خاڵانەی تێدا ڕەچاو کرێت:

أ – داننان بە بوونی کورد دا لە کوردستانی باشووردا, وەک بەشێک لە نەتەوەی کورد.. کە لە چوارچێوەی عێراقدا هاوبەش و هاوتا و هاوشانە لە گەڵ عەرەب دا.

ب – دیاریکردنی نیشتمان و مێژووی گەلی کورد لە کوردستانی باشووردا بە ( خانەقین و شاخی حەمرین و بەرەو ژوور تا زاخۆ). وەک حەقیقەتێکی بێ چەندوچون.

ج – گێڕانەوەی باری ئەو ناوچانە بۆ پێش کودەتای" ١٩٦٣" ئەویش بەگەڕانەوەی نیشتەجێکراو و دەرپەڕێنراوەکان بۆ شوێنە ڕەسەنەکانی خۆیان و نەهێشتنی هەر جۆرە شوێنەوارێکی دەستکاری نارەوایانەی بە (عەرەب و بەعس) کردن.

د- دەسەڵاتدارێتی" حوکمی زاتی" دەسەڵاتی تەواوی لە ڕووی" ئیداری و ئابوری و سیاسی و ئاسایشی و کۆمەڵایەتیەوە" هەبێت, تەنها سیاسەتی پارێزگاری و دەرەوە و نوێنەرایەتی دیبلۆماسی و دراو و نەخشەگشتی لە دەسەڵاتی ناوەندا دەبێت.

ه – دادگایەکی دەستووری هەبێت بۆ بەلاداخستنی هەر کێشەیەک لە نێوان ناوەندی و دەسەڵاتداریتی ئۆتۆنۆمیدا بێتە پێش, بەو مەرجەی هەر دوو دەسەڵاتدارییەکە چوونیەک بەشداری ئەو دادگایە بن و سەرۆکی دادگاش بە هەڵبژاردنی گشتی بێت.

و – ئەم شتانە لە دەستووری کاتی و هەمیشەییدا بچەسپێ و پاشگەزبوونەوە و کەندڕکردن هەڵنەگرێ.

لە گەڵ وورده‌کاری وادا کە دەسەڵاتدارێتی ئۆتۆنۆمی تەواو و گردەبڕی بە هەموو ئەرکەکانی کاروباری" کارگێڕی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئاسایشی ناوخۆ" وەکو ئەوەی لە خاڵی ( د) دا دیاری کراوە – هەڵسێت, ئەویش بە بەرچاوخستنی جۆری ئۆتۆنۆمییەکەی سویسرا وەکو بناغەیەک بۆ ئۆتۆنۆمیەکی ڕاستەقینە فراوان, کە وچانێکی سەرەتایی بێت بۆ بە دیهێنانی" دیاری کردنی چارەنووسی" نەتەوایەتیمان.

ئەوەی دەشڵێ کاتی نییە و ئەمە داواکاریی" تعجیزی" یە!!.. پێمان وایە" ئەگەر" دڵسۆز بێت بۆ کورد , کات لەمە لە بارتر بۆ کورد نایەتە پێش.. و ئەگەر ئەم ئۆپۆزیسیۆنە شەپلەلێدراوەی ئیمڕۆ کە کورد بۆتە دارشەق و چۆتە بن هەنگڵیانەوە – ئەگینا خۆ بە پێوە ناگرن – ئیمڕۆ ئەمەمان بۆ نەسەلمێنن" با لە ڕووی ناچاری و تەکتیکیشەوە بێت!) سبەی هەر ئاوڕیشمان لێ نادەنەوە!! جگە لەوەی کەس لەوانەی هەن بێ کورد هیچیان پێ ناکرێت با ئێمە خۆمان یەک بین و" کورد بین پێش ئەوەی هەر شتێکی دیکە بین" ئەوجا بزانن وەک" کوڕەی سێو لە باخەڵ" تا نوێژی شێوان دروێنە بە هەموویان ناکەین؟!!

**جەماوەری زەحمەتکێش و ڕاپەڕیووی کورد:**

سوور بن لە سەر داوای خۆتان و پێمان لێ داگرن.. ڕێنەدەن کەس بە دوو قسەی قەڵەو چاو بەستان لێ کات! ئیمڕۆ ئێوە هان لە بەردەم دووڕیانێکی مێژووییدا, نەکەن ڕێ بدەن ئەمجارەش بەڕەکەتان لە ژێر پێ دەرێنن.. سەدەقەی سەری باوکی کەس نییە و کەسیش خێرتان پێ ناکات.,. ئێوە خوێنی چاترین ڕۆڵەی خۆتان پێداوە. خاوەنی

شەهید و گوندی سووتاو و ژیانی دەربەدەری و پڕ مەینەتین.. خاوەنی ڕاستەقینەی ئەم مەسەلەیە ئەو ڕۆلانەتانن کە ژیانیان بە مەرگ گۆڕیەوەتەوە.. ئەوەی دەمێنێتەوە چی لە دەست نەچووە بۆیە هیچ منەت باری نین.

**پێشمەرگەی کورد گیان لە سەر دەست:**

تۆش کە ڕۆژانە بەگژ مەرگا دەچیتەوە پەلاماری نەهەنگی داگیرکەر دەدەیت لە نابەرانبەرترین شەڕدا, بۆ ئەوەی ناکەی سبەی دەستەیەکی تری مشەخۆر لە سەر خوێنی تۆ تەلاری چەند قاتی خۆفرۆشی بلّند کەنەوە و جارێکی تر دەست بە زاخدا کەن.. ئەکەر تۆشیان پێ نەخلیسکا خۆت لێ بدزەنەوە و بخزێنە باوەشی پایەختە سوزانیەکانی داگیرکەرانەوە.. ئەوەی تو دەیکەی شاکار و سەرتۆپی ئەوەی" فەلەستینیان" و" فیتنامیان" و"لاوسیان" و هەموو دنیاشە.. بۆ چیش؟ بۆ" ئۆتۆنۆمی!!"یەک , کە خەلّکی تر بە سکالاّ/ عەریزە و مانگرتنێک بە دەستی دێنن.. دەبا چ نەبێ" ئۆتۆنۆمیەکە" لە"ئۆتۆنۆمی" بەشەر بچێ!!.

داوای حسابی تەواو و ڕوون لە هەموو لایەکمان بکەن و ئێوەش ڕێ مەدەن لە ناو زاراوەی" ئیزم" اتیدا بتان تاسینن..

**شادەمارە سەرەتاکانمان**

**٣. ڕێز و سود لە هەموو تاقی کردنەوەیەکی جیهانی و نێو نیشتمان دەگرین و وەردەگرین بە مەرجی لە گەلّ بەرژەوەندی و ویست و ئارەزووی دەرونی کوردا بگونجێ..**

ئێمە لەو ڕووەوە کە ژیان و بوون و خەبات و دەستووری ژیانی هەر نەتەوەیەک مولّکی تایبەتی خویەتی و بەرهەمی چالاکی و جموجولّی کۆمەلاّیەتی و ژان و قوربانیەتی, تاقی کردنەوە و مێژووی بەشێک لە پیرۆزی و بوونیەتی.. هەر هەموانیش ئازادن لەو ڕێچکەیەی دەیگرن و لەو تاقی کردنەوەیەی هەلّی دەبژێرین و لەو جۆری ڕژێم و دەستوراتە سیاسی و کۆمەلاّیەتی و ئابووریەی بە بەر خۆیانی دەبڕن, تا ئەو شوێنەی لە سنووری دەسەلاّت و ڕەوای خۆیاندا بێت و دەستکێشانە, هەمان مافی نەتەوەیەکی دیکەی تێدا نەبێت.. ئێمە لەم سووچەوە ڕێز لە ئیرادەی ئەو نەتەوانە دەگرین, ڕێ بە خۆمان نادەین کە لە کاروباری تایبەتیدا خۆ تیهەلّقورتێنن و ڕیش سپیێتی تێدا بکەن, دیارە مەبەستیش ئیرادەی نەتەوەیە, کە ئیرادەی ڕەنجدەران و زەحمەتکێشانیەتی نەک دەولّەت و دەسەلاّتداریێتی, کە دەشێ دژی ئەو ئیرادەیە بێت.. بەلاّم وەکو و دۆست و هاوخەبات و هاوچارەنوسی و هاوژان و ئامانج ( کە بریتیە لە ئاسودەیی و ئاشتی و بەختیاری و پەیوەندی بەرابەری و یەکسانی نێو

گەلان) بە ئەمەکی مرۆڤانە خۆمان هەڵدەستین و چاوەکردنە ناو ئیرادەی یەکتری و دەست درێژی و چەوساندنەوەی حیلە شەرعیانە!

دیسانەوە, ئەو تاقیکردنەوە مێژوویانەی نێو نیشتمانی خۆشمان, کە بە چاک و خراپ و سەرکەوتن و تێشکانیانەوە لە مێژووی نەتەوەکەمان, هەوڵ دەدەین کە چاکەکەی قوڵترو فراوانتر کەینەوە و چینێکی پتەوتر لە سەر ئەو چینە داڕێژین و خراپەکەشی خۆمانی لێ هەڵبوێرین و بە پێ ی پەندە کوردیەکەی" هەر ئەقڵە لە خساریێ" ڕەفتاریان لە گەڵدا بکەین, هەڵەی پێش خۆمان باجی سەرکەوتنی ئێمەیە و هی ئێمەش هی داهاتوە و بەم جۆرە. چونکە هیچ شتێ دومەڵان نییە لە خۆیەوە هەڵتوقێ: ژیان و خەبات و بوون بینایەکی هەزاران چینە, هەر دەستەو بەرەیەک هاتوە و چینێکی لە سەر هەڵناوە و هەر کەسەو سەردەمەش بە پێی بارو هەلومەرجی مێژوویی خۆی بە ئەرکی خۆی هەستاوە. هەروەها شۆڕش و نەبەردیەکانی کوردیش ئەڵقانێکی گرێ بەندی یەکن و یەکیان لە سەر ئەوەی تر هەڵچوە.. زۆر پێویستە بۆ مەبەستی پەند و وانە وەرگرتن و دەوڵەمەندکردنی ڕێچکەی بەر دەممان ئەو تاقیکردنەوە بخەینە بەردەم نەشتەری لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و تاوتووکردن, نەک تانە و تەشەر و بەردبارانکردن! چونکە ئەوانە بەشکێن لەبوونی کۆمەڵایەتی و تفی سەرەو ژوور هەڵدانێش، ڕیشی پیاو خۆی دەگرێتەوە.

بۆیە ڕێز لەهەموو ئەو تاقیکردنەوە و سەرتاسەری ڕووداوە مێژوویەکانی کورد دەنێین.. پێشکەوتووخوازی ڕاستەقینە لە سەر زەمینەی واقعەوە چاو بڕینە ئاسۆی ڕوونتر و پێشکەوتووتر و دوورترە: نەک کای کۆن بە با کردن و گۆڕ هەڵدانەوە و لە خۆ هەڵگەرانەوە. ئەمەیان هەرزەیی و نەزانینە، کە هێندەی کۆنەپەرستی و خۆنوساندن بە ڕابردووی بە سەرچوەوە بێ کەڵک و دزێوە!

ئەم گەردوونە, بە هەموو بوونەوە, بە بێ گیان و گیاندار و هۆشدارییەوە لە سەر ڕێی و ڕەوێت و بە پێی دەستور و یاسایەکی گشتی هەن و گەشە دەکەن و دەجمێن.. شتی هەڕەمەی و کوێرانە نین جا ڕووداوێ, دیاردەی دەستوری شتێ بزانین و نەزانین دەستوری خۆی هەیە و پەکی لە سەر زانین و نەزانینی ئێمە ناکەوێ, هەر چەندە بە زانین و تێ گەیشتن و ڕوونبونەوەی دەتوانرێ بە سودی مرۆڤ و بەرژوەندی بە کار بێت و لە سوود و پێویستیەکانی نزێک دەبێتەوە, بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە دەستور و یاسا مادیەکان کە ناچارن, دروست وەک دەستوری کۆمەڵایەتی و گۆڕان و گەشە کردنە کۆمەڵایەتیەکان بن!! لە یەکەمدا گۆڕان و گەشەو بوونەکان ئالی و ناچارین و بە خوازی کەس ڕوونادەن و بەریشیان

پێ ناگیرێ, ئەگەر هۆکانی روودانیان هەتا پێش , ئەمە هەات مرۆڤەکەش لە لایەنی گۆڕانەو بایۆلۆجیەکە دەگرێتەوە ...

بەڵام لە روداو و دیاردەو چالاکی و گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکاندا هۆیەکی سەروەر و هەرە کاریگەر دێتە ناوەوە, کە لە مادە مردوەکاندا نییە, ئەویش هۆشی مرۆڤە,.. کە بە تەواوی چەندایەتی و چۆنایەتی و پلە و ناچارێتی و سەر لە بەری خەسڵەتەکانی لە گەڵ گۆڕان و چونە مادیەکاندا جیاوازە, لە پێک گەیشتن و کارتێکراوە و کارتێ کردندا, هۆشەکە" کە خەسڵەتی تایبەتی مرۆڤە" زاڵە کە ئەم باسە گفت و گۆ و کێشمەی زۆر هەڵدەگرێ و حیزبمان بە ( باوەڕمان بە مرۆڤە کە تاکە عاملی ئیجابی و سەرەکیە لەم گەردونەدا) دا تەعبیری لەم ڕاستیە زانستیە بەدیهیە کردوە.. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە مرۆڤەکە, بام تاکە عاملی ئیجابی و سەرەکێش بێت, دەستورات و یاسای تایبەتی و سەربەخۆ و دیاری نەبێت, کە لە گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکاندا دەشکێتەوە و ڕەنگ دەداتەوە.. تەنها دەرخستن راستیەکی زانستی و سروشتیە و مێژوویە و رێ بڕینەوەیە لە تێکڵاوکرنی دوو شتێ جیاواز کە بوون و گوَڕانی"ماددی و بایۆلوجی و کۆمەڵایەتیە» و دیاری کردنی دەسەڵاَت و یاساو ڕێ و ڕەوتی جیاواز و سەربەخۆ و تایبەتی هەریەکەیانەوە و بەربەست کردنی زاڵ کردنی" هەر شتێکی" دیکەیە بە سەر مرۆڤ و یاساکانی ژیان و بوونیدا.. چونکە ئەم تێکڵاو کردن و زاڵ کردنە مرۆڤ لە مرۆڤایەتی و تایبەتکاری خۆی دەخات و دەیکاتە شتێک کە نیە!

لیرەوە دەتوانین بە ڕاشکاوی و دڵنیایی ئەو ڕاستیە زانستیە بخەینە ڕوو کە یاسا گشتیەکان بوون و ژیان و گەشەو گۆڕانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی وەکو یاسا گشتی و دەستورە درشتەکانی لە هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دا یەکی , بنکەو سەرەتای هەرە دیارە و گشت ئەمەش (پەلەی ژیان)ە کە بزوێنەرو دەستوری هەرگیز نەگۆراو و بنج داکوتاوی قولایی دەروون و بوونی مرۆڤی سەر ئەم گوێ زەویە بووە و دەبێت.. ئەم پەلەی ژیانە وەک دینەموی ژیانی کۆمەڵایەتی, بە هەموو دوولایەکییەوە سەر ئەنجامی چوون یەک و لێک چووی دیاری دەنەخشێنێ لە ژیانی هەموو مرۆڤدا.. بۆیە پیاچوونەوە و ڕامینء وە هەڵوێستە لە ئاستی تاقیکردنەوە مێژوویەکانی کۆمەڵە جوێ جوێ کان مەرجێکی گرنگ و بە دەستەبەری کورت کردنەوەی ڕێگای دوورء سەر فرازی و سەرکەوتنی خەبات و چالاکییەکانی هەر جوڵانەوەیەکی رزگاری خوازانەیە.. بەڵام هەر کۆمەڵێ بارو هەل و مەرج و پلەو دەستوراتی تایبەتی و سەربەخۆی خۆی هەیە, کە کەم تا کورتێ جیاوازە لە گەڵ ئەوانی دیکەدا و (خصوصیات)ی دەداتی.. دەبێ هۆش و گوشی مرۆڤەکەش لەم بارەیەوە تێ بخوێنرێتەوە..دوو جورە سود وەرگری و پیادە کردنی تاقی کردنەوەی بەر لە خوو کوَمەڵانی دەرەوەش هەن:

١ – لاسایی کردنەوەی کوێرانەء گوێزانەوەی گیلانەی تاقیکردنەوەیەک بە کوولک و موو و وەکو هەیە بۆ ناو کۆمەڵگەیەک, کە لە هەزار سەرەوە بارو هەڵکەوت و هەل و مەرج و چەندایەتی و چوَنایەتی و سەر لە بەری دارو باریەوە جیاوازو و سەربەخۆ و تایبەتە.. کە هەمیشە و لە سەرتاسەری مێژوودا هەوڵی وا تێشکان و ڕوَچوون و ماڵویرانی بەو لاوە لیَ شین نەبوَتەوە.. ئەم جورە شوین پیَ هەڵگرەتن و لاسایە لە زۆر هۆوە هاتوە..

أ – دەروێشایەتی و زات کوێرە بوونەوەی ئەوانەی کە کەوتونەتە ژێر تین و تاوی بیروباوەرێکی تایبەتی و زاتی خەڵکی لە خۆ هەراش تر.. هەوڵدانی خۆ گەیاندنە ئاستی لە خۆ بەژنەبالاترە بە شوین پیَ هەڵگرتنی کویرانە و نەزانانە.

ب – تیَ نەگەشتن و قوڵ نەبوونەوەی زانستانەیە لە مەسەلە کۆمەلایەتی و پیشەکی و ئەنجام و مەبەست و توانا و پێویستی گۆڕان و ڕەوتی مێژوویی ... سەرەنجی سەر ئاوی و ڕیبواراسایی خواست و ئامانجە کۆمەلایەتیەکانە.

ج – هەستی پەستی و خۆ بە کەم گری, لە ئاستی پێشکەوتن و بالادەستی خەڵکی دیکەو بڕوا بە خۆ نەبوون ...

د – نەبوونهی قوتابخانەیەکی فیکری مێژووی سەربەخۆی کۆمەڵگەیەک و هەوڵی مشەخۆری و حازر خۆری.

ه – پشوو سواریی و تەنگەتیلەی گیانی خەبات و تێکوشان.. ئەمانەو دەیان هۆی دەروونی و مادی کە ئەم چەوتە ڕێی لاسایی کردنەوەیە بە هەندێ کەس دەگرێت..

٢ – سوود وەرگرتنی هۆشمەندانە, بریتی لە بەر چاو خستنی ئەو تاقی کردەوانە و گونجاندنی هەر پێش دەستی و نموونەیەکی سەرکەوتوو لە گەڵ بارو هەل و مەرجی تایبەتی کۆمەڵگەدا.. خۆنەجەڕاندنە بەوانەو ووشەو قاڵبی ووشک هەلاتووە.

وەرگرتنی گیانی زیندوو ئەو تاقی کردنەوانە و بەرگی خۆماڵی کردن بەبەردا.. لەم ڕاستە رییەدا داتاشین و خستنە سەرو لیَ دابڕین دێتە پێش و دەبیَ هۆشی شۆڕشگێڕانە وا ڕابێنرێ کە ترسی لەو دەسکاری و گونجاندنە بشکێ..

دەبیَ هەر هەموو ئەمانش, لە بەر رۆشنایی پێویستیەکانی کۆمەڵگەو پلەو ئاستی گونجاندن و کاریگەرێتی ئەو کۆمەڵگەیەدا بکرێت و ئەم خالانەش بەر چاو خرێت

أ – باری تایبەتی ماددی و مەعنەوی کۆمەڵگە.. کوردی خۆمان دەڵیَ (کۆزی کار گەل ببینە قەمچک لە ماست داگرە). ڕاستێتی و دروستی ئەمە لە ژیانی ڕۆژانە و تایبەتییەوە دەگرێتەوە تا چالاکییە هەرە بالاَکانی بە حەساسیەت و شێوەیەوە.. دەبیَ باری ماددی

و بناغە و جۆری ئەو کۆمەڵگەیە بەرچاو بگیرێت و لە زەمینەی ئەو واقعەوە"انگلاق»
بکرێ بۆ گۆڕینی واقعیەکە ئەگەر فلانە یا فیسارە تاقیکردنەوە خرابتر بن..
ب – هەلومەرجی مێژوویی ئەو کۆمەڵگەیە بە بەرچاوخستنی هەموو"معگیات"ە
جیاواز و گۆڕاوەکانی نێوان ئەم و ئەویان, هەر لە خۆوە تا دەرەوە
ج – دەستور و یاسا کۆمەڵایەتییەکان.. دەبێ دەستووری قەراردراوی کۆمەڵایەتی
و یاساکانی ناو کۆمەڵ و (عورف) و عادەتی کۆمەڵگە بەرچاو بخرێت. بازدان بە سەر
خەسڵەتە تایبەتییەکانی کۆمەڵگەیە بازدانە بە سەر واقعیدا و هەموو هەوڵێک ئاو لە
دەنگدا کوتانەو و زۆر جار ئەنجامی پێچەوانەی پێویست و چاوەڕوان دەدات.
هەموو ئەو خاڵە ڕاستیە زانستیانەی پێشەوە بە یەک نموونە ڕوون دەکەینەوە
با شۆڕشی گەلی (چین) بگرین: تێڕوانینێکی سەرپێچی ئەم تاقیکردنەوەیە, خۆرپەی
ئەوەمان دەداتێ, کە کەوتووین بە سەر شانەی هەنگویندا و خۆمان لەو چوارچێوەیەدا
دەبینینەوە. کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووی, جوتیاران زۆربەی گەل و بڕبڕ پشتی شۆڕشن.
داگیرکەرێکی چاوچنۆکی دڕندە, مەبەست و خواستێکی جووت لە گەڵ ئەوەی ئێمە. بار و
هەل و مەرجی چوون یەک. ئەوەمان لەو واقعیەدا, تاقیکردنەوەی (شۆڕشی درێژخایەن)
یان دۆزییەوە و تاکە ڕێگاش بوو بۆ سەرکەوتنیان. کە واتە تاکە ڕێگای ئێمەش هەر
ئەوەیە!بەڵام هەندێ ووردی کەینەوە دەبینین ئەمانە هیچیان وانین.. مەسەلەکەی ئێمە
لە سەری سەرەوە لەمە جیاوازە ... سەرکەوتنی ئەوان, مانای سەرکەوتنی ئێمە نیە بە
هەمان دەستوری  شێوە و قۆپیەی ئەو تاقی کردنەوەیە.. چونکە:
أ- ئەوان هەزاران ساڵ بووە کە لە ژێر فەرمانڕەوای چەند بنەماڵەیەکی چینیدا
گوزەراون, جا ئەو گوزەران و فەرمان ڕەوایە چۆن بێت چۆن نەبێت.. سەربەخۆیی ناو
خۆیی سیاسیان بووە, ئێمە هەزاران ساڵە ژێر دەستەو حوکم کراوین لە لایەن بێگانەوە.
ب – ئەوان دەوڵەتێکی کۆماری دیموکراسیان بووە" کە پاشان لای داوە"
کەوتونەتە بەر پەلاماری داگیرکەرێکی بێگانەی دەرەکی.. ئێمە دەوڵەتمان نەبووە,
نیشتمانەکەمانیان پارچە پارچە کردوە بە سەر چوار دەوڵەتی مەرکەزی بە هێزدا,
داگیرکەرەکەی ئێمە لە ناو خۆماندایە.. ئیستعماری ئێمە ئیستعمارێکی جێ نشینەیە
(أستعمار أستیطانی)ە..
ج – ئەوان دە بەرابەری داگیرکەرەکەیان بوون لە ڕووی ژمارەوە و چەند بەرابەر
بوون لە ڕووی خاکەوە ئێمە داگیرکەرانمان چەند بەرابەری ئێمەن لە ڕووی ژمارە
و خاکێشەوە..
د – مەسەلەی ئەوان لە ئاستی ڕای گشتی و نیودەوڵەتاندا پشتگیری لێ دەکرا
لە زۆر لاوە وەکو دەست درێژیەکی دەرەکی ناڕەوا, جا چ لە ڕووی مەبدەئیەت و

دڵسۆزیەوە, چ لە رووی تەماع و کێ بەرکێ ی دەوڵەتە ئیمپریالیستیەکانەوە ئێمە مەسەلەکەمان وەکو کێشەی ناوخۆ دەڕوانریێ و توانا و هەڵکەوتی داگیرکەران چاوی هەقیان لە ئاستدا نووقاندوین..

ە – بارو هەل و مەجێ ئەو رۆژەی نێو دەوڵەتان و بینەبڕکێ ی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان و سەر ئەنجامی یەکەم جەنگی جیهانی بە قازانجی ئەوان شکایەوە.. مەسەلە نێو دەوڵەتی وسیاسی ( الوفاق الدولی) تای داگیرکەرانمان قورس تر دەکات و – ئەوان پشتیان دابوو بە پشتێ دۆستێکی ستراتیژی و بەردەوام و پشت بە پشتەوە بووی وەکو یەکێتی سۆڤێت, ئێمە لە هەر چوار لاوە گەمارۆ دراوین و پشتمان بە ئاگرو پشتمان لە ئاگر ...

ز – ئەوان لە قوَناغی پارێزگاری کیانی سیاسی و شۆڕشی کۆمەڵایەتیدا بوون.. ئێمە لە سەر رێی مافی نەتەوایەتی و تا دەیان ساڵی تر" مافی دیاری کردنی چارەنووس و کیانی سیاسیداین جگە لە خەسڵەت و تایبەتکاری و جیاوازی هەر دوو کۆمەڵگەکە ...

دوو شتی بچوک با بەر چاو گرین یەکەم:

شۆڕشێکی درێژ خایەن ئەگەر تا نۆ چێنی دەکوژران یەک ژاپۆنی بکوژرانایە, لە سەر ئەنجامی دوایی دا هەر ئەوان دەمانەوە و قازانجیان بوو.. دووم:

مەسرەفی سەربازێکی ژاپۆنی لە نزیکترین بنکەی داگیرکەرانەیاندا لە چیندا, دە بەرابەری مەسرەفی سەربازێکی داگیرکەرانی کوردستاندایە, لە بەر دابڕان و دووری وولاتەکانی ئەوان و یەک کیانی سیاسی و پێکەوەیی ئێمە و داگیرکەران.. بارێکی داگیرکردنی وەکو ئەوان, بۆ چەند ساڵیک پتر ڕانەدەوستا, بەڵام بۆ داگیرکردنی ئێمە مۆڵگای سەربازیەکەی لێرە نا لەوێ. ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئێمە سوود لەو تاقی کردنەوە و هی تریش وەرنەگرین و هەر تەواو بێ کەڵکن بۆ کورد.. ئەمە تەنها ئەوە دەسەلمێنێ کە گوێزانەوەی کوێرانەو قۆپیەکردنی نێزیکترین بارو هەل و مەرج و تاقیکردنەوەی لە هی ئێمە چوو, بە چ هەڵەیەکماندا دەبات و سەروبن حسابمان چۆن لێ تێک دەدات.. بە کورتیەکەی دەبێ لە سوود وەرگرتن لە هەر تاقی کردنەوەیەک بارو و هەل و مەرج و واقعی ماددی و مەعنەوی کورد پێش هەموو حسێبێک خرێت و تەنها لە سەر بناغەی ئەوان ئەو تاقی کردنەوانەش سوودی لێ وەربگیرێ و ئەوانە بکرێتە سەنگی مەحەکی گونجان و نە گونجان و دروستی و سوود و بەفەری ئەم تاقی کردنەوە یان ئەویان. نەک بە پێچەوانەی ( کورد داتاشین تا بە قاڵبی ئەو تاقیکردنەوانەدا بچێت)!.

دەبێ ئەو تاقی کردنەوانە لە بەر یەک بکێشینەوە و ساز بکەین بە جۆرێ بە کورد بکات و بۆ کورد بشێ و دەست بدات, ئەمە لە ڕووی سوود وەرگرتنەوەیەوە و بەس,

ئەگین هەمیشە مەسەلە بنەڕەتی و سەرەکیەکە مەسەلەی خۆمانە و زەمینەی جموجۆڵ و چالاکی و هەلس و کەوت و هەمووتەعامولێک هەر کوردستانە و کەرەسەو هۆ و ئامانجیش کوردە! دەبێت هەمیشە خۆماڵی بێت و ئەو سوود وەرگرتنە تەنها لە لایەنی دەوڵەمەند کردنەوە و کورت کردنەوەی ڕێگای دوور دەبێت زۆریش دێتە بەر چاو و هۆش کە تاقی کردنەوەی ئێمە تایبەت و زۆر" متفرد" بێت و لە هیچ ڕوویەکەوە لە هی خەڵکی تر نەچێت ئەمە جگە لەوەی کە هەموو تاقی کردنەوەیەک لە دنیادا لایەنی تایبەتی و" متفرد"ی خۆی هەیە وەکو دەڵێن" مێژوو دوو جاران خۆی دووپات ناکاتەوە".. لە هەموو حاڵەتاندا" أنطلاق" کردن لە مەسەلە بنەڕەتی و سەرەکی خۆمالیەکانەوە بەرەو دەروە سەر ئەنجامی دروست دەدات و چەندایەتی و چۆنایەتی ئاوێتە بوونی ناوەوە و دەرەوە پێویستیەکانی خەبات و بارو هەل و مەرجی ئەو ڕۆژە دیاری دەکات و هەر بڕیارێکی پێشەکی خۆ جەڕاندن و خۆ تاساندنە..

ئەمە واو هەموو تاقیکردنەوەیەکیش, چەندە سەرکەوتوو بێت, مانای ئەوە نییە لە کوردستاندا سەردەکەوێ و لە گەڵ خەباتی ڕزگاریخوازی کوردا دەگونجێ.. پێش هەموو شتێ دەبێ, جۆرو شێوە و" ماهیە" تی کێشەو ئامانج و قۆناغە مێژوویەکەی هەر تاقی کردنەوەیەکی لەوەی ئێمە بچێت ئەو کاتە باسی گونجان و نەگونجان و جۆرو شێوە و ڕێگای سوود لی وەرگرتن دێتە ناو باسەوە. هەمیشە زەمینەی کوردستان لە بناغەوە مەسەلە بنەرەتیکەیە.. دەشبێ پێشەکی و سەرئەنجامە زیان بەخش و هەڵە و ناتەواویەکانیش بەر چاو گیرێ, تا سەرەتا ماکی ئەوانە وەدوزرێ و کۆمەڵگەکەی لێ بە دوور بگیری.. ناشبێ مافی" ڤیتۆ" لە سەر هیچ تاقی کردنەوەیەکی سەرکەوتوو شیاو هەبێت, لە بەر هەر هۆیەک و کێشمە کێشمی نێو دەوڵەتی و جیاوازی ئایدولوجی خەلکی نەهێنێتە نێو مەسەلەکەی خۆمانەوە.. بۆیە پێویستە مەرجی (لەگەڵ بەرژەوەندی ویست و" ئارەزووی دەروونی" کوردا بگونجێ) بواری هەموو تاقی کردنەوەیەک بێت.. تا دار بەڕووی کوردستانیش وەستابێ, بێ عەقلی و بێ بەرهەمیە دارخۆرما لە زاگرۆسدا برووێنین, چونکە ناڕوێ, بشروێ بەر نادات! بە گیان و دەروونمان ناکەوێ!!

ئێمە دەبێ بەو چاوە تەماشای مەسەلەکە بکەین کە" ئازادی و یەکسانی" ئامانج و مەبەستە!شتەکانی دیکە بە خۆشمانەوە هۆو ڕێگای بۆ گەیشتنە ئەو ئامانج و مەبەستە! بۆیە چاکترین و کاریگەرترین و پتەو ترین و خزمەتگوزارترین و کورت ترینیان هەڵدەبژێرین! چ دەبێ چ نابێ لە حسێبی کوردایەتی و دلسۆزیدا تێ ناخوێنرێتەوە.. کەیش ئەمە بە ئەنجام دەگات؟!

تەنها ئەو کاتەی ( پێش ئەوەی هەر شتێ بین کورد بین)..

## له كەلەپووری شۆڕشگێڕیمان

تـــا ڕێ نـــەکـــەون قـــەبـــیـــلـــی ئـــەکـــراد
هەروا دەبـــنـــە خـــەرابـــە ئـــابـــاد
ئـــەنـــواعـــی مـــلـــل لـــە گـــەورە تـــا بـــچـــووک
خـــەمـــڵـــیـــوە مـــەمـــالـــیـــکـــی وەک بـــووک
یـــەک بـــەرگـــن و یـــەک زمـــان و یـــەک ڕەنـــگ
بـــێ غـــەیـــبـــەت و عـــەیـــب و عـــار و بـــێ دەنـــگ
دونـــیـــا بـــە هـــەوا دەخـــکـــان و دەیـــدەن
هـــەرچـــۆنـــێ مـــەرامـــیـــانـــە دەیـــکـــەن
هـــەر کـــوردن ئـــەگـــەرچـــی پـــاکـــی مـــەردان
پـــامـــاڵـــی زەمـــانـــە مـــەحـــوی کـــردن
هـــەر مـــانـــەوە بـــێ نـــەوا و مـــوظـــلـــوم
وەک بـــوومـــی خـــەرابـــەزار و مـــەشـــئـــوم
گـــەر بـــاعـــیـــثـــی ئـــەم دەپـــرســـی کـــامـــە
شـــەرطـــێـــک کـــە بـــۆ هـــەمـــوو تـــەمـــامـــە
ئـــەو شـــەرطـــە بـــە کـــلـــی ئـــیـــتـــفـــاقـــە
گـــەر مـــەرعـــەش و وان و گـــەر عـــێـــراقـــە

«حاجی قادری کۆیی»

# بانگێ لە سەنگەری پاسۆکەوە

برا بەزیوە ترسنۆکەکەم!

سڵاوی ئازادی و یەکسانی, کە نەپێت دەگات و نە تێی دەگەی..

دەمانەوێ لە سەنگەری ئەو شەرەفەوە کە بە خۆی ڕەوا نابینی دەنگێکت بە گوێدا دەین, بەڵکو ئێ!جووڵەیەکی پیاوەتیت تێدا مابێت و دەمار بتگرێ! بیرت دەخەینەوە کە شۆڕش باڵاترین شێوەی چالاکی ئیجابی مرۆڤە بۆ چەسپاندنی ڕەواو ڕاستکردنی بارێکی ئاڵوز و نا سروشتی نێو کۆمەڵ.. بە واتایەکی دیکە ڕسکانە لە نێو ژاندا و خۆ تەرخان کردنە بۆ کۆمەڵ, کەسانی شۆڕشگێر ئەوانەن لە نزیکەوە و لە ناو ناخی ئازار و مەینەتیەکانی کۆمەڵدا دەسوتێن تا دەورو بەری خۆیان ڕوون کەنەوە, شۆڕشگێر دژی تاریکیە, بۆیە خۆی دەکاتە دەستە چیلەی ئاگری پیرۆزی شۆڕش, ئەو لە سەر بڵندایی فیزو نیعمەتی ژیانەوە نەوەستاوە"قسەی زلی بێ باج" بکات وە زەخیرەی ئابڕوی بێ شەرمی دوورە پەرێزی بۆ ڕۆژی لێ پرسینەوە پاشەکەوت بکات, ئەو شاخ و دۆڵە سەر کەشەکانی کوردستانی نەگۆریوەتەوە بە باوەشی قژ کالێکی سۆزانی, ئەو نان و دۆی ماڵە جووتیارێک نادا بە شاتو بریانی (کوردستانی سوید!!) ئەو نێگارو ڕەنگی هەڵزڕکاوی گوندە سوتاوەکانی کوردستانی مانای پیرۆزی مەزنی و خۆڕاگری کوردی دەداتێ و دەمارو ڕگێ پیاوەتی و ( کوردایەتی)تێدا دەجووڵێنی' نەک رووخساری شاری بێ تۆزو لیتەی ئەوروبا دەماری خاوکاتەوە و زەخیرەی ئابروی ڕابردووشی لێ بەنیگایە بکرێت! , شۆڕشگێر ئەو مرۆڤە ڕاست و بێ پێچ و گرێ و ساز و سازگارەیە کە سەربەرزی و ئازادی بە مەرگی خۆی دەکرێت نەک ئارەزوو و فەرمانی هەستی خاو و گیانی بەزیو و ووزەی ڕووخاوی هـەزاران کیلۆمەتر لە کورەی خەباتی شەرەفدا دووری وەخـات.. ئەو کەسەیە کە مەوقع و سەنگەرەکەی گەواهی مەردایەتی و پیاوەتی دەدات و پێویستی بە بەهانەو بیانوو گرۆ نییە..

شۆڕشگێڕایەتی شەرەفێکی هێندە مەزنە, کە نە بەر هەموو کەسێ دەکەوێ و نەهەموو کەسێکیش شانی هەڵدەگرێ , تەنها ئەوانەی کە ژیان لە خزمەتی نەتەوەکەیاندا دەبێنن و ( زات)یان ئاوێتەی (زات)ی نەتەوەکەیان دەبێت دەتوانن تا سەر ئەو شەرەفە بپارێزن, بەڵام ئەوانەی ئەگەر بەرێکەوت و دەستی قەدەر ئەو ناوەیان لێ نرا یان پیا هەڵبرژا, لە گەڵ یەکەم بەرەنگاربونەوەیاندا دەگەڕێنەوە سەر



هەواڵنامەی پێشڕەو

ئەصلی خۆیان و جەوهەریان وەکو عەیبیان دەکەوێتە ڕوو.. خۆ ئەگەر بە حەیای خۆیانەوە دابین بن و سەری بەزیویان لە عاست واقع و هەڵکەوتی قرچۆکیاندا داخەن, پیاو سۆز و بەزەیی لێ نەهاتوویان بەر چاو دەگرێ و وەک نەبووان بەلایاندا رادەبورێ, بەڵام کە بێ ئابڕوویی گەیشتە ئەو ئاستەی کە دەستی چەوری خۆیان بە دیوارەکانی شۆرشدا بسوون و شوێن پەنجەی تاوانیان لە سەر پەڕەی سپی دەروونی فراوانی شۆرشگێراندا جێ بێڵن, و بە بەهانە و بیانوی هیچ پووچ لە مێشکی نەخۆشیاندا بۆ داپۆشینی بەزین و هەڵاتن و گۆشەگیریان گۆش بکەن.. ئەو کاتە لەوەش دەکەون وەک تاکێکی ئاسایی بی توانا و پشوو کورت جێ لۆمە نەبن, بەڵکو نەهێنگرێکی بە مانگە شەو وەڕ دەردەچن.. نەکەی ئەو خەیاڵە بە بیری نەخۆشی خۆتدا رابووڕێنی کە کەسانێکی دڵسۆز بۆ مەبەستی خوێندن و تەواو کردنی خوێندنی بەرز وەکو ئەرکێکی مرۆڤانە و میللی خۆیان, یان لێرەوە لە بەر پێویستی خەباتی سیاسی بە پێ ی پلانێک هەندێ شۆڕشگێر بۆ ئەو گۆڕەپانە تەرخان کراون.. نەک خۆیان و لە بەر ترسنۆکی و نەوێراوی هەڵگرتن بەر پرسیاری لە کونجی قەناعەتی فشە سیاسەتی ئەوروپاوە عوزری شندر شندر لە خۆیانەوە دەپێچن.. نەکەی ئەمانە لە گەڵ خۆتان تێکەڵاو کەیت, یان ئەمانە بکەیتە پەنا باساری ئابڕووی تکاوت!!

لایەک بە لای کوردستاندا بکەنەوە! سەیری هەنگاوی باشتان بکەن چۆن بە سەر لاشەو کفنی ئاڵی شەهیداندا هەنگاوی بێ شەرمانەتان ناوەو نیشتمانە ئازیزەکەتان داوەتە دەست قەدەر, ئەگەر سبەی خۆری ئازادی کورد لە لوتکەی کەللەسەری هەزاران رۆڵەی بە شەرەفی ئەم نەتەوەیەوە هەڵات, بە (سمۆکەن)ی ئەورویاییەوە دێنەوە تا پەندی ( گا دەیکاوکەر دەیخوات) لە کوردستاندا تاقی بکەنەوە!

بڕوا بفەرموون ئەو جاشە خۆفرۆشانەی کە لە بەر دەرگای داگیرکەردا پاسەوانی تەلاری زوڵم و زۆریان دەکەن, لە ئێوە زۆر زیاتر پشکیان بەم خاکەوە هەیە. چ نەبێ ئەوان لە روە سلبیەکەوە کارێکی وا نامەردانە دەکەن کە دەماری چەندانێک ببزوێنێ و دەستیان پێ لە دنیا بەر بدەن. ئەی ئێوە چیتان کردوە لە زڕاندنی ناوی کورد بەولاوە؟! لێتان نا پرسن مل ئەستورینە میللەتەکەتان لە شەڕی مان و نەماندایە ئێوە لۆسە لۆسی چیتانە لێرە؟! چی وەڵام دەدەنەوە, سەر شۆر دەکەن! سەد حەیف بە (کورد)ی لە دایک بووە, بەڵام سەری زۆل بووە, ئەگینە دەبوایە لە ناو سەراندا بوایە ...

**برای کوردی ئەوروپایی!**

ئەمە ژیان و واقعی پڕ شەرمی تۆیە, ئەگەر بایی ئەوەندەت فەڕ پێوە ماوە کە ناوی" مرۆڤ" و "کورد" ت لێ نەسڕاوەتەوە بێرەوە کوردستان, لە سوچێکدا چمکێ بۆ نەتەوەکەت بگرە, دووبارە خۆت دروست کەرەوە, یان خۆت پاک کەرەوە, تۆ ئەگەر ئەو پیاوە بیت بڕوا بفەرموو بەعس دەست لە (زەعیف)ەی سەر شۆڕ نادات, بڕۆرەوە با خێزانەکەت ( زەعیف)ەیە زیاد کەن, نەک یەکێکیان لێ بمرێ, چونکە تۆ مردووی بەشی زیندوو خۆری.. ئەمەش ناکەیت ناوی پاکی" کوردایەتی" و شۆڕشگێڕ گڵاو مەکە, چونکە کوردایەتی تەنها ساحەیەکی کوردستانە و بەس.. شۆڕشگێریش تەنها سەنگەرێکی هەیە, ئەویش بەرەو ڕووی داگیرکەرەکەیە, پیاوەتێش خەسڵەتێکی هەیە ڕاست گۆیی و نەترسانە.. تا لە کوردستانیشدا نەبیت لەم سێ شتە بێ بەشی واش بێت پەتێ هەڵخەیت خۆت بخنکێنی پیاوانەترە..

هەر بژین بۆ قسەی زل!!!

هێزی پێشمەرگەی پاسۆک

هەواڵنامەی کتێب

## قوتابخانەی پاسۆک
## وانەی چوارەم

**کۆلۆنیال و کۆلۆنیالیزانی / ئیستعمار و ئیستعمارانی کوردستان!**

(ئیستعمار) یان ( کۆلۆنیزاسیۆن) بە ناخێری گیانیان بە مانای" ئاوادان کردنەوە" ن! ئەمەش لەوەوە هاتوە کە دەسەلاتدارێک یان کۆمەلە خەلکێک کۆچیان دەکردە سەر زەمینێکی غەیری خۆیان یان دەستیان بە سەردا دەگرێ و جێ دەگرێ و جێگێر دەبوون و ئاوەدانیان دەکردەوە!

دیارە هەمیشەش لە سەر حسابی دانیشتوانی ئەو سەر زەمینانە دەبوو.. ئەگەر ژمارەی دانیشتوانیان کەم بوونایە یان ئەمان زیاتر بوونایەو بۆیان سەری بگرتایە, ئەوا ئەو دانیشتونانەیان یان لە ناو دەبرد, یان دەیانتواندنەوە یان دەریان دەپەڕاندن.. هەر نەبوایە ژێر دەستەیان دەکردن و دەیان چەوساندنەوە, ئەمەش میراتێکی بەدی کۆنی دەست درێژی و چاو تێبڕینی هەقی خەلکی تر بوو.. لە دەورانی کۆندا" فینیقیەکان" کە گەلێکی" بازرگانی" پێشە بوون ناوچەکانی رۆخی دەریای سپی ناوەراستیان گرتبوە ژێر چنگ و ئەم ئاکاری ئیستعمارییانە لەوانەوە داکەوتووە, و دوایی یۆنانیەکان شوێن پێ ی ئەمانیان هەلگرتوە.. و دوا جار بۆ" ڕۆمانیەکان" بە میرات ماوەتەوە کە ئیمبراتۆریەتێکی ئیستعماری گەورەیان لە خۆرهەلات و خۆرئاوا دامەزراندوە لە سەدەکانی ناوەراستدا ولاتانی بە دەسەلاتی دەریایی وەک" ئینگلیز و فەرەنسا و پورتەگال و ئیسپانیا و هۆلندا), کەوتبونە داگیرکردنی زۆربەی سەر زەمین و رێگا بازرگانی و دەریایەکانی جیهان بە تایبەتی ولاتانی سەر ئۆقیانوسی هیندی.. ئەمانە زۆر جار لە سەر لاشەی ئەو گەلە داگیرکراوانە لێ یان دەبوە هەراو پێکدا دەهاتن, بەرە بەرە ( پورتگالی و ئیسپانیەکان) پوکانەوە و ئەو دەسەلاتەیان نەما, ئەوەی مابووشیان لە ژێر سایەو چاوەدێری ئینگلیزەکاندا بووە هۆلندیەکانیش هەر وا.. فەرەنساش بە هۆی بە هێزی و کۆکی هێزی دەریایی ئینگلیزەکان پاش کێشمە کێشمێکی زۆر و خوێناوی وەکو شەریکی خواردەستی ئینگلیزەکان مایەوە و زۆر جاران لە ترس و تەمای رووسیا و ئەلمانیا دەیاندایە پال یەک.. تا دوای جەنگی جیهانی دووەم کە ئەمەریکا توانی درِ بە هەردوو لایان بدات و یەک یەک ئەو شوینانەیان لە چنگ دەربێنێ و ببێتە بەروگری میراتی سەرتاسەری ئیستعماری بەر لە خۆی!. و هەتا ئەوانیش بکاتە نیمچە پاشکۆی سیاسەتی خۆی ...

ئیستعماری ئەمەریکی لە ڕووی شێوە و شێواز و ناوەڕۆکیەوە جیاواز بوو لە ئیستعمارە کلاسییەکانی کۆن, ناوی ئیستعماری" نوێ"ی بە سەردا برا, دیارە لە ڕووی خراپەوە لەوان خراپترو بە دەسەلاترە.

ئەمانە ناوە بەر چاو و هەراشەکانی ئیستعمارن, ئەگینا دەتوانین هەموو جۆرە داگیرکردن و خۆ سەپاندنێک بە ئیستعمارێک دابنێین و زۆر جاران ئیستعمارگەرایی بچوک و یان بێچوو لەوانەی تر دڕندەترو خەتەرترن ( خواروی ئەفەریقا).. ( ئیسرائیل).. ( داگیرکەرانی کوردستان).. (أثیوبیا).. هتد هەرچەندە ئەمانەی دوایی دەیانەوی ناوی ئیستعمار تەنها بە سەر ئەوانەدا دا ببڕن کە وڵاتانێکی گەورەو بە دەسەڵاتن و داگیرکردنەکانیان لە دەرەوەی سنووری ووڵاتەکانی خۆیانەوەیە, یان وەکو دەڵێن پشت"دەریایین"!! بەڵام لە ڕاستیدا جەوهەر و ( ماهیەتی) ئیستعمار بریتیە لە داگیرکردن و خۆسپاندن و دەست کێشانە مافی خەڵکی ترەوە کە ئەمانە زۆر بە زەقی و دڕندانەتر لەوانە بەم کردەوە نارەوایانە هەڵدەستن..

دەتوانین ئیستعمارێتی بە سەر چوار دەوراندا دابەش بکەین..

١ – دەورانی کۆن.. لە ئیستعماری فینیقیەوە دەست پێ دەکات تا دروستبوونی ئیمبراتۆرێتی ڕۆمانی, کەبنکەو مەڵبەندیان وڵاتانی دەریای سپی ناوەراست بووە ...

٢ – دەورانی ئیستعماری جیهانی: کە لە سەردەمی ئیمبراتۆرێتی ئیستعماری ڕۆمانیەوە دەست پێ دەکا تا دەورو بەری سەدەی نۆزدەهەم, کە شەقڵی زەقی ئەم ئیستعمارە لە بەر یەک کێشانەوەی ناوچە ئیستعماریەکان بووە و پەل هاویشتن بووە بۆ ئۆقیانۆسی ئەتڵەسی و هێندی و پاشان ئۆقیانوسی"هێمن"یشەوە pacific , بە تایبەتی پاش زیاد بوونی بزووتنەوەی بازرگانی و دۆزینەوەی قارەی ئەمەریکا, کە دەوڵەتانی (ئیسپانیا, پورتۆگال, فرانسەو, ئینگلتەرا, و هۆڵەندا) شاسوارانی ئەم مەیدانە بوون, کە ئیمبراتۆرێتی ئیسپانی زۆربەی هەرە زۆری قارەی ئەمەریکای خواروو و ناوەراستی گرتبووەو پۆرتوگالیەکان لە بەرازیل و پاشان ئینگلترا و فەرەنساش کشانە ئەمەریکای سەرو و رۆخەکانی ئەفەریقا و دەریای هێندیان بەر چاو گرتبوو.

٣ – دەورانی سەدەی نۆزدە و بیست: پاشان تاو سەندنی شۆڕشی پیشەسازی و پێویستی دۆزینەوەی بازاڕ بۆ کاڵا پیشەسازیەکان و مادەی خام, پتر گیانی ئیستعمارگەرێتی و پێ داکوتانی لەو سەر زەمینانەدا هێنایە پێش, کە ئەمەش بوو, هۆی پێکداکەوتن بەرژەوەندی دەوڵەتە ئیستعماریەکان, جگە لە چەندین شەڕو هەرای تەن بە تەن.. لەو ماوەیەدا بوە هۆی هەڵگیرسانی دوو گەورەترین جەنگی جیهانی لە مێژوودا, کە ملوێنەها مرۆڤ بوونە خۆراکی تەماع و زوڵم و نارەوای ئیستعماریان.

٤ – ئیستعماری نوێ (نیو کۆلۆنیالیزم new colonialism)

سەر دەمی گەشەی سەرمایەداری و ڕاپەرینی گەلانی ژێر دەستە! کە رواڵەتی زەقی ئەم قۆناغە سەر بە خۆیی شکڵی وڵاتانی بچوکی کۆنە ژێر دەستە بووە, کە بەچەندین ڕیشەی ئابووریی ڕۆشنبیری و پەیوەندی سیاسیەوە بە وڵاتە ئیستعماریەکانەوە بە ستراونەتەوە, وەکو دەڵێن ئیستعمار لە دەرگا دەچوە دەرەوە لە بنە بانەوە دەهاتەوە..

ئەمەش بە بەستنەوەی ئابووری ئەم وڵاتە بچوکانەوە بە سەرمایەو بازاڕ و ئابووری سەرمایەدارانەی ئەو وڵاتە ئیستعماریانەوەیە.. کە لە راستیدا ئیستعمار هەمان مەبەست و خوازی خۆی بەرێگایەکی ناراستەو خۆی بەستنەوەی بازار و ئابووری و ڕۆشنبیری ئەو وڵاتانەوە بە خۆیەوە, جێ بە جێ دەکات!

دیسانەوە دەتوانین چوار جۆرە شێوەی ئیستعماریانە دیاری بکەین کە چوار رێگان و دەچنەوە سەر ڕوِخانەیەک, یان چوار شێوازی ئیستعماریانەن, کە هەر یەکەیان خەسڵەت و تایبەتکاری خۆی هەیەو هەر ئیستعمارەی پێڕەوی یەکێکیان دەکات:

١ – ئیستعماری ئابووری: کە شەقڵی تایبەتی و بەرچاوی ئیستعماری ئینگلیزی بووە, بە دەست بە سەراگرتنی ژیانی ئابووری و سەر چاوەی ئابووری وڵاتانی ژێر دەستی بووە.. یان بەستنەوەی ئابووری ئەو وڵاتانە بەسەرمایەو ئابووری ئینگلتراوە.. نموونەی ئەمانە لە هێندستان و وڵاتانی کەنداو و عێراق و هەندێ وڵاتی ئەفەریقا بوون..

٢ – ئیستعماری رۆشنبیری: کە فەرەنساویەکان پێڕەوی ئەم رێگا و شێوازە ئیستعماریان کردوە بەوەی ژیان و بوونی رۆشنبیری ووڵاتانی ژێر دەستیان بەستۆتەوە بە ڕۆشنبیری فەرەنسیەوە کە لەم رێگایەوە پابەندی و پاشکوێی ئەو وڵاتانانەیان پاراستوە, هەتا دوای رزگار بونیشیان لە" جزائیر" و وڵاتانی سەرووی ئەفەریقا و لوبنان و هەندێ وڵاتی ئەفەریقایی..

٣ – ئیستعماری جێ نشین: کە ئەمانە ڕاستەوخۆ ئەو وڵاتانەیان داگیرکردوە و تێیدا جێگیر بوون خەڵکی نیشتمانەکەیان دەرپەڕاندوە! زۆر جاران ئەمانە پاشماوەی یەکێ لە ئیستعمارەکان بوون یان سەرەنیزەی ئەوانن لە ناوچەکاندا.. ئەفەریقای خواروو, رووسیا ئیسرائیل!

٤ – ئیستعماری سیاسی: کە ئەمە شێوە و شێوازی ئیستعماری نوێیە لە ئاخە لێوەی سەدەی بیستەمدا, ئەویش بە بەستنەوەی سیاسی دەسەڵاتداری وڵاتێک بە سیاسەتی یەکێ لە دەوڵەتە.. ئیستعماریەکان.. کۆریای خوارو و , ڤیتنامی خواروی," جاران" , سعودیە, ئوردن.. زۆربەی رژێمە کۆنەپەرستەکانی جیهانی, کە ئەمەش ژاکاری ئیستعماری ئەمەریکیە لەم سەردەمەدا... خانەی کورد و داگیرکەرانی چییە و کامەیە لەم دابەش کردنانەدا؟!!

لە کۆنەوە نەتەوەی کورد لە بەر شاڵاو و پەلاماری داگیرکەرانی دوژمنانیدا بووە , لە دوای ڕمانی دەوڵەتی مادەکانەوە, کەوتۆتە ژێر چەپۆکەی دەوڵەتە فارسیە یەک لە دوو یەکەکان.. پاشان ئەمەویان و عەباسیان. دواتر کوردستان ژێر دەستەی دوو دەوڵەتی گەورەی سوننی و شیعی (عوسمانی و سەفەوی) بووە, پاش جەنگی جیهانی

یەکەمیش دابەش کراوە بە سەر چوار دەوڵەتی دروست کراوی دەوڵەتە ئیستعماریەکان کە" تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا"ن هەتا ئێمڕۆش ئەو ئیستعمارە داگیرکەرانە لە سەر کوڵە سنگی کوردن..

لە هەمووش بەدتر, داگیرکەرانی کوردستان هەر چوار جۆرو شێوازی.. ئیستعماریەکەیان لە یەک کاتدا لە خۆدا کۆمەڵ کردۆتەوە و زۆر بە درندانەترو خراپتریشەوە..

١ – ئیستعمارانێکی ئابوورین, نەک هەر وەک بەستنەوەی ئابووری کوردستان بەمانەوە, بەڵکو بە تاڵانبردنی بەر و بووم و سامانی کورد و بە کارهێنای بەشێکی زۆری بو تواندنەوەی کورد!

٢ – ئیستعمارانێکی رۆشنبیرین و گڵاو تریش, کە نەک تەنها رۆشنبیری و کەلەپورو ژیانی رۆشنبیری کورد بەوانەوە ببەستنەوە بەڵکو زمانی کوردی لە تورکیا دا هەر قەدەغەیەو لە" ئێران و سوریا"دا رێی پێنادرێ نوسین و خوێندنی پێ بکرێت و لە عێراقدا بە شێواوی دەتاسێنرێ!..

٣ – ئیستعمارانێکی جێنشینی, نەک تەنها وەک خواروی ئەفەریقا و ڕوَدیسیا و ئیسرائیل بەوە دەست هەڵگرن نیشتمانەکەمان داگیرکەن بەڵکو سیاسەتی ( کردنە تورک – تتریک..) (کردنە فارس – تفریس) ( کردنە عەرەب – تعریب) و (حزام العرب و حزام الاخضر)یش پێرەو دەکەن و دانیشتوانی کورد لە مەڵبەندو شوێنە مێژوویەکانی خۆیاندا دەردەپەرێنێ و رادەگوێزێتەوە لە جێیان ( تورک و فارس و عەرەب) جێنشین دەکەن..

٤ – ئیستعمارانێکی سیاسی, نەک تەنها وەکو ئەوانەی دنیا بەوە دەست هەڵگرن کە سیاسەتمان بە خۆیانەوە بەستن, بەڵکو خۆیان ڕاستەوخۆ حوکممان دەکەن.. هەتا ( خودموختاری و خودگەردانی و ئۆتۆنۆمی)یە شریکمان پێ ڕەوا نابینن کە هەندێ کارو باری خۆمان لە ژێر چاودێری ناوەند و دەسەڵاتی مەرکەزیدا بگرینە دەست!!

هەر سەریش هەڵبرین" یاخی بوو" و"تجزئە تەلەب" و" کۆنە پەرست" و" کافر" و" شۆڤێنی و" دژ" عەرەب و فارس و تورک"ین!! سەیر لەوەدایە هەندێ خۆفرۆش و بە ناو کوردێش وا خەسێنراون هەمان سازی ئەو داگیرکەرانە لێ دەدەنەوە..

جەماوەری بە شەرەفی کورد.. بەم جۆرە دەبینن کە "ئەمەریکا" و" ئیسرائیل" و ڕۆدیسیا و هەر چ ناوی نێو قامووسی ئیستعماری کۆن و نوێ هەیە لەم داگیرکەرانەو ئیستعمارانەی ئێمە دڕندە ترو پیاو خراپ ترو گڵاو ترن..

کە وا بێ ئێمە خاوەنی پیرۆز ترین و دروستترین ورەواترین مەسەلەین..

و ئەوەی لە سەر ئەم قەوارە نا پەسند و نا سورشتی و ئیستعمار گەریانەی کوردستان هەڵبداتێ یان گێل و خۆ فرۆشە.. یان شەریکی ئەوانە.

# تەعریب

لە ئاسمانەوە نەهاتووم
من میوان نیم
من میوانی
سێبەر قورسی کوردستان نیم
بەر لە مێژوو
ئاگرێک بووم لێرە دەربووم
بەر لە مێژوو
ئاگرێک بووم لێرە هەڵبووم
بارکەن بڕۆن
کانیاوەکان جگە لەمن
کەسێکی تر تێر ئاو ناکەن
بارکەن بڕۆن
زەوی ئێمە
دانی ئێوەی لێ شین نابێ
مێرگی ئێمە
لەژێر پێی گاڕانەکانتان
وەک ئاگرن
تا دارتووشمان یاخی دەبن
جۆلانەیەک بۆ مناڵتان ڕاناگرن
بارکەن بڕۆن
میوەی درەختەکانمان کاڵە
ئاومان سوێرە
هەنگوینمان بە دەمتان تاڵە
بارکەن بڕۆن
بارکەن بڕۆن

## «تیشکێ لەخۆری کوردایەتی»

**دێڕێک لە داستانی بەچکە شێرانی نەتەوەیی..........**

هەموو ڕۆژێ لە کوردستانی خوێناویدا لەسەنگەرێپڕ ناموس و شکۆی شۆڕشگێڕیدا بەچکە شێرانی کورد جەنگاوەرانی نەتەوەی کوردی ڕاپەڕیو داستانێک تۆمار دەکەن. ڕۆژێک دادێ کە ئەم کپی و بێدەنگییە مردوو ئاساییەی ئیمڕۆ لەئاست نەبەردی کورددا ببێتە زریان و بیری مەنگ و هەستی سستکراو و ویژدانی نووستووی ئەم دنیایە بەرژەوەندپەرستە بشڵەقێنێ و ئەفسانەی کوردایەتی ببێتە نموونەترین قوتابخانەی شۆڕشگێڕی و بێهاوتایی.

لەم ژمارەدا دێڕێکی ترتان لەو داستانە پیشان دەدەین کە لەپاڵ دێڕە پرشنگدارەکانی هێزە شۆڕشگێڕ و دڵسۆزەکانی تری کوردستاندا ئاوێتەی یەک دەبن.و دەنگی ئەوەیان لێ بەرز دەبێتەوە ئەی شۆڕشگێڕان با پێش ئەوەی هەر شتێ بین کورد بین..

١- لە ئێوارەی نەورۆزدا دەستەی شەهید (فەرهاد خەفاف) بازگەیەکیان لەسەر جادەی عەربەت - سلێمانی دانا و بۆماوەی کاتژمێرێک ڕێبازی شۆڕش و بیری کوردایەتیان بۆ جەماوەر شیکردەوە.

٢- لە شەوی ٨/٧ ی ١٩٨١/٤ دەستەی شەهید (ملازم حەمەشەوقی)چوونە شاری سلێمانیەوە پاش ئەوەی چەند جاش شەعبییەکیان تەمبێ کرد و بەڵێنی ئەوەیان لێوەرگرتن کە دەست لە خراپە هەڵگرن،گەڕانەوە شوێنی دیاریکراویان.

٣- شەوی ١٣/١٢ی ١٩٨١/٤ دەستەی شەهید( کامیل شەفیق)چوونە سەر ماڵی هەندێ خۆفرۆش پاش ئەوەی ئاگاداری کەسوکارییان کرا کە ئەمە دوا هەلیانە و ئەگەر دەست لە خراپە هەڵنەگرن بەردەست کەون بەتاوانی کوردکوژی دەدرێتە دادگای شۆڕش و بەسزای مەرگ دەگەیەنرێن... پاشان دەستەکە هەڵسا بە بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکانی حیزب و ۆپستەری شەهیدان . لەگەڕانەوەدا تووشیان بوو بە هێزێکی «قوات خاصە»ەوە کە بۆماوەی کاتژمێرێک پێکداهاتن. سەرئەنجام ٣ لە سەربازانی داگیرکەر کوژران و دوانیش بریندابوون. بەچکەشێرەکانی بیری نەتەوەیش بە سەلامەتی گەڕانەوە.

٤- ڕۆژی ١٩٨١/٤/١٧ ئاواتە دێرینە ڕەواکەی جەماوەری نەتەوەکەمان هاتە دی کاتێ کە سەرباز و جاشێکی زۆر گەمارۆی دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حیزبی شیوعییان دابوو،هاوبیرانی ئێمەش کە لەگەڵ برا پێشمەرگەکانی حیزبی سۆشیالیستی یەکگرتووی کوردستاندا لەو ناوچەیە پێکەوەبوون،چوونە فریایان

هەولێرنامە پەیج

و پاش شەڕێکی چەند سەعاتی توانیان بە وردە و گیانی کوردانە سوپای داگیرکەر و جاشە خۆفرۆشەکان ڕاونێنەوە ناو مۆڵگاکانی خۆیان . لەگەڕانەوەدا ٥ هێلیکۆپتەر دایان بەسەر هێزە هاوبەشەکەدا.. هەرچەندە کۆی شەهیدانی هەموو هێزەکان ٩ شەهید بوو، بەڵام ئەو قوربانییە لە ئاستی ئەو گیانە پڕسۆز و هاندەرە جەماوەرییەدایە کە گەیشتبووە ئەوەی خەڵکی ناوچەکە لە خۆشیاندا هاوبەش برا پێشمەرگەکانیان دەکرد.. ئەم هەواڵە بەجۆرێکی وا لەلایەن جەماوەری کوردەوە پێشوازی لێکرا، کە خوێنی ئەو شەهیدانە بوونە زەماوەندی یەکێتی ڕیزەکانی کورد و هێزە شۆڕشگێڕەکان باوکی شەهیدی نەمرمان کاکە (دڵشاد ئەحمەد حەمەئەمین)کە هەواڵی شەهیدبوونی تاقە کوڕەکەیان پێگەیاند،دەیووت: کوا پێشمەرگەی یەکێتیکوان هی شیوعییەکان؟ کوان هی سۆشیالیستیەکان ئێوە و ئەوان «دڵشاد»ی منن. دە لەئاستی هەستێکی وادا ئیتر چبەربەست و عوزرێک ماوە؟تا هەموو هێزەکانمان یەک نەخەین.. با شاکار و داستانی ئالان و حاسڵ لە هەموو گۆڕەپانەکانی کوردستاندا نوێ کەینەوە.. بادەدەستی برایەتی و هاوکاری و هاوسەنگەری لە نێو دەستی یەک نێین..با پێشەکی هەمووان کورد بین. ئیدی پاشان چ دەبین و نابین مەسەلەیەک نییە.. با ویست و خواستی جەماوەر بهێنینەدی. ئێمە لەم هەنگاوەدا ئامادەگی تەواوی خۆمان دەردەبڕین بۆ هەرجۆرە هاوکاری لەگەڵ هەموو هێزە شۆڕشگێڕە ڕەسەنە دڵسۆزەکانی کورددا هەموو توانامان دەخەینە خزمەت هەر کارێکی هاوبەش و ناوکۆیی..

زیانی دوژمن زۆر بووە کە لە بڵاوکراوەکانی دیکەدا باسکراوە.

٥- شەوی ٢٠/١٩ی ١٩٨١/٤ پاش ئەوەی هەواڵی ئەوە گەیشتە هێزەکانمان کە بەرزان ی برای صەدامی خوێنڕێژ و چەند وەزیرێککی خۆفرۆش هاتتونەتە سلێمانی بۆ تحدی لەناوجەرگەی مۆڵگاکانیان دەستەی شەهید (کاکە فەتاح) چوونە سەر بۆسەیەکی قوات خاصە لە نیزیک سەرای سلێمانی پاش شەڕێکی دوو کاتژمێری زیانی داگیرکەر بەم جۆرە بوو: کوشتنی ٤ قواس خاصە،بریندازبوونی ٢ سەرباز. لەگەڕانەوەشدا چوونە سەر ماڵی چەند جاش بەلاشێکی خۆفرۆش تەمبێیان کردن. دەستەکە بێ زیان گەڕانەوە.

٦- شەوی ٢/١ی ١٩٨١/٥، دەستەی شەهید (عومەری ساڵح مەنسوور) چوونە سەر ئۆردوگای زۆرەملێی کەناروێ و جەماوەرەکەیانبۆ ماوەی کاتژمێرێک کۆکردەوە و ڕێبازی شۆڕش و کوردایەتییان بۆ شیکردنەوە پاشان خۆفرۆشێک بەناوی بکر عەلی بەگ بە سزایان گەیاند.

٧- شەوی ٣/٢ی ١٩٨١/٥ دەستەی شەهید (ملازم ئەحمەد محەمەد)چوونە ناو شاری سلێمانییەوە لە ئەنجامدا ئەم خۆفرۆشانەیان گرت: «بورهان شەریف

قادر، مستەفا حسێن مەحمود»، فەرمانبەر لە ئەمینداریێتی گشتی کاروباری گشتی بەڕێوەبەرایەتی ئابووری و دارایی.» سالار شێخ مەحمود»جاشی عوسمان هۆکل. ئەمانە درانە دادگای شۆڕش.

٨ـدوو پێشمەرگەی قارەمانی دەستەی شەهید(ملازم حەمەشەوقی)رۆژی ١٩٨١/٤/٢٧ چوونەوە شاری سلێمانی بۆ ئەنجامدانی هەندێ ئەرکی دیاریکراو لە ئەنجامدا ئەم کارانەیان بەئەنجام گەیاند:

١ـ لەو ڕۆژەدا لەگەڕەکی دارۆغا لەدوکانی پینەچییەکدا ئەفسەرێک و دوو سەربازیان کوشت.

٢ـ ڕۆژی ١٩٨١/٤/٢٨ لە کاتژمێری شەش و نیودا لەگەڕەکی چوارباخ سێدارەیان بەسەر تاونبار «ڕەزا» ی جاش شەعبیدا جێبەجێ کرد.

٣ـ لەهەمان ڕۆژدا نارنجۆکێکیان لەخوار ماڵی پارێزگارەوە خستە ناو جێبێکی سەربازییەوە کە نائب ظابطێک و ٣ سەربازی داگیرکەیان تێدا کوشت.

٤ـ لە شەوی ٢٩/٢٨ی ١٩٨١/٤ دا و لە کاتی گەڕانەوەیان بۆ بنکەکەیان تووشیان بوو بە بۆسەیەکیقوات خاصە وە پاش شەڕێکی دلێرانە ٢ سەربازی داگیرکەریان کوشت و یەکێکیان بریندار کرد. خۆشیان بەسەلامەتی گەڕانەوە بنکەکەی خۆیان.

دەستتان خۆش قارەمانە دلێرەکانی کورد.. بەرخۆداربن بەچکە شێرانی «پاسۆک» جقڵی چاوی داگیرکەرانی کوردستان لە هەر شوێنێ هەن و لەهەر بەرگێکدان،دەست لە داگیرکەران و خۆفرۆشان مەپارێزن.تا کوردستانی نیشطمانمان لێ پاک دەکەینەوە. پەلامار دەن تا دەگەنە « کوردستانێکی ئازاد و گەلێکی یەکسان».

# تاریک و ڕوون

**تاریک** - ئەو یاخیبوونەی پێنج ساڵە لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیا(مەبەست کوردستانی بەزۆر بەستراو بە تورکیاوەیە)درێژەی هەیە،تا ئێستا نیوەی هێزی خۆی لەدەست داوە..لەم وڵاتەدا تەنها نەتەوەی تورک مافی ئەوەی هەیە داوای مافی نەتەوایەتی و ڕەگەزیی خۆی بکا و هیچ ڕەگەزێکی دیکە ئەو مافانەی نییە.

عیصمەت ئینونو

سەرۆکی حیزبی جەمهوری تورکی/ڕۆژنامەی ملت ژمارە ١٦٢٦ ئابی ١٩٣٠/ لەکوردستان و کوردەوە

**ڕوون**: ئەگەر تا ساڵێک پاش ئیمزاکردنی ئەم پەیمانە کوردەکانی دانیشتووی ئەو مەڵبەندەی کە لە بەندی ٦٢ دا دیاریکراوە. بەکۆمەڵەی نەتەوەکانیان ڕاگەیاند،کە زۆربەی دانیشتوانی ئەو مەڵبەندە دەیانەوێ لە تورکیا جیاببنەوە،ئەنجوومەنیش دانێ بەوەدا نا کە ئەوانە دەتوانن سەربەخۆ بژین و ڕاسپاردەی کرد کە سەربەخۆییان بدرێتێ،تورکیا لە ئێستاوە دەسەبەرە دەبێ کە ڕاسپاردەیە قبوڵ بکا و لە هەموو هەقێکی خۆی لەو مەڵبەندە دەست هەڵگرێ...

بەندی ٦٤ ، پەیمانی سیڤەر ١٠ی ئابی ١٩٢٠

**تاریک**: هێندێک لە ئێوە ئاکاری خراپی حکومەت و پارێزگاری خەلافەتتان بۆ ئەم ڕاپەڕینە کردۆتە بیانوو،بەڵام هەمووتان لەسەر دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ یەک دەنگ بوون،بۆیە دەبێ بمرن!!.

سەرۆکی دادگا قەرەقوشکەی تورکیا کە فرمانی لەسێدارەدانی ٥٣ پاڵەوانی شۆڕشی ١٩٢٥ دا...٢٨ ی حوزەیرانی ١٩٢٥

**ڕوون**: دەتوانین بڵێین هێزی پاڵپێوەنەر بۆ ڕاپەڕینی ١٩٢٥ هەروەک هەموو ئەو ڕاپەڕینانەی لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە تا شەڕی دووەمی جیهانی هەڵگیرسابوون..تێکۆشان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد و دابینکردنی مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد بوون.

د. عەبدولرەحمان قاسملۆ لە» کوردستان و کورد» ەوە.

هەر بژین بۆ کورد

# چیرۆکێکی کورت

**منداڵەکان !**

**ئەی بێ لانە ژێن تاڵەکان**
**شەو لە خەوما ڕێبوارێک بووم**
**بۆ بارەگای یۆتان دەچووم**
**کە دەروازەکەی قووتی دام**
**ڕەشم بینی ئاڵای هەبوو**
**سپیم بینی ئاڵای هەبوو**
**هەرچیم بینی ئاڵای هەبوو**
**قیژاندیان**
**ئەی بێ وڵات بۆ دەرەوە**
**ئەی بێ ئاڵا بۆ دەرەوە**
**منیش گووتم**
**مەقیژێنن**
**کە دەچمەوە**
**ئەم چیرۆکە**
**بۆ منداڵان دەگێڕمەوە**

هەوالنامەی کتێب

## ماڵاوا
## +یەکگرتنەوەی کوردستانی گەورە جیاخوازی یە یان یەکێتی و رزگاری؟!!+

وە نەبێ جیاخوازی تاوانێک بێت, کەس بەر لە ئێمە بە خۆی ڕەوا نەبینێبێ یان" بدعە" یەک بێت و کورد بە دژی ویستی گەلان و مەنتقی مێژوو ملی رێی گرتبێ.. جیابوونەوە و جیاخوازی ئەو ڕێبازە مێژوویەی شۆڕشگێریە مرۆڤ دۆستانەیە کە گەلانی ژێردەستە و چەوساوەی شەتەک دراوی قاڵب و قەوارەیەکی سیاسی دوژمنکارو سەپێنراو گرتوویانەتە بەر, بۆ ڕاستکردنەوەی بارو دۆخێکی ناسروشتی و چەوت و ناهەق.. بۆ چەسپاندنی هاوسانی و بەرابەری گەلانی دنیا و پاکتاوکردنی یەکێک لە دینگە هەرە دزێوەکانی ژیان و پەیوەندی نێو گەلان.. هەنگاوێکی زانستیانە و دروستانە بووە بۆ خۆش کردنی زەمینەی پتەو و بە پێت بۆ هاوکاری و هەڵکردن و گوزەرانی سروشتیایەتی هاوشانی نێو گەلان.. لە سەرتاسەری مێژووەوە و تا ئێمڕۆش و تا یەک جوڵانەوەی رزگاریخوازیش لە بەر ئەو ئەرکە پێرۆزەدا بێت, دروستترین و شۆڕشگێرترین و پیرۆزترین و مەزنترین چالاکی و هەوڵی خێر خوایانەی مرۆڤ دەبێت.. هیچ بزووتنەوە و خەبات و هەوڵێک ناگاتە ئەو ئاستە پیرۆز و بڵندو خۆنەویسانە خێرخوایانەی کە تیشکی زێڕینی هەموو چین و دەستەو توێژو کون و کەلەبەرێکی کۆمەڵگا بگرێتەوە, هەرچەندە ئەم تیشک و ڕەنجە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر جیا بێت و چەندایەتی و چۆنایەتیشی جیا بێت.. لە راستیدا بەردی بناغەی هەر هەوڵ و کۆششێکی تری سیاسی و کۆمەڵایەتی گەلانە و بێ ئەو بناغەیە و بە ئەنجام دانی ئەو ئەرکە هەموو پێویستیەکانی تری کۆمەڵ بن بۆش و بێ بناغەن و بێ بەرهەم و کۆشکی وەهمی دروست کردنە لە بۆشایی هەوادا!!

دەبێ داگیرکەرانی کورد چەند دڕندە و بێ ئابڕو بن و خۆفرۆشانی نێو خۆ چەندە سوک بن و ناوەڕاست ڕەوانی خۆبەدەسەوەدەر چەندە ترسنۆک بن, تا ئێمە ئاوا ناچارانە بەرگری لە"پیرۆزترین" و" شاکارترین" کار و ئەرکی مرۆڤی کورد بکەین و وەکو تاوانبارێکی" بێ تاوان" لە قەفەزی تاوانباری دارای گرین, تا بێ تاوانی ی و بێ سووچ و گوناهی بە ئیسپات بگەیەنین؟؟!! لە کوێشدا؟! لە کودرستانی لەتلەتکراو و داگیرکراو و لە نێو نەتەوەی کوردی ژێر دەستە و چەوساوەدا!!

ئەمە"جیاخوازی"و تەجزئە تەڵەبی"یە, کە بۆتە دێو و کوردی پێ دەتۆقێنن و جێ ی شانازی و مافی بێ چەند و چوونی هەموو نەتەوەکانی دنیایە, کورد نەبێت!! لە ناوخۆشدا بۆتە پلار و تۆمەت و تاوان دەپێچرێتە ملی شۆڕشگێرە راستەقینە

نەتەوەییەکانی کورد! بە دویدا" تەسک بێنی" و"تەنگ نەزەری" و" دابڕاو" و"انعزالی" و" دەمارگیری" و ناوەناوە لە گێلیەتی و نەزانینەوە "شۆڤێنێتی" بە ڕووی سووری کوردپەروەراندا کاوێژ دەکەنەوە.. و خەڵکێکی ساویلکە و ساف نیەتیش بە دووی خۆیاندا پەلکێشی ئەو هەڵدێرە بێ ئابڕووییە دەکەن!!

ئگەر گریمان" جیاخوازی" کارێکی چەوت و کۆنەپەرستانە و دژی مەنتقی مێژووش بێت, کە تاکە یەک بەڵگە و یەک پیت راستبێژی تێدا نییە...

- ئایا رزگاری و یەکگرتنەوە و سەربەخۆیی, کوردستانی گەورە, جیاخوازیە – بە ڕووە دزێوەکەیدا – یا رزگاری و یەکێتی یە؟!

- ئایا" مافی دیاری کردنی چارەنووسی کورد" بە دەستی ڕۆڵەکانی خۆی و بە پێی یاساو دەستوری نێو دەوڵەتان و ڕێ و شوێن و ڕێچکەی میللەتانی تر.. دەرچوونە لە خەتی مێژوویی میللەتان و ئیرادەی نەتەوە و بەرژەوەندی مرۆڤایەتی و ڕەوتی مێژوویی گەلان و دەستوری مێژوو.. یان پیادە کردنی ئەو خەتە و جێبەجێ کردنی ئەو ئیرادەیەو بەدیهێنانی ئەو بەرژەوەندیە و ڕەووت و دەستورەیە؟!

- ئایا بوونی کورد بە (دەوڵـەت) و گەیشتنی بە (کیانی سیاسی سەربەخۆیی) ئازادانەی خۆی, بە پێی هەموو فرمایشتەکانی ئاسمانی و فەلەسەفەکانی ئەرزی, زیان بە (برایەتی نێو گەلان) و (یەکێتی میللەتان) و (هاوخەباتی) و (هاریکاری) و ژیانی نێو گەلان دەگەیەنی و لەتی دەکات و لە گرێژەنەی دەبات؟.. یان ئەو برایەتی و (یەکێتی) و (هاوخەباتی) و (دۆستایەتی)یە بتەوتر و قایمتر و سروشتیتر و دەوڵەمەندتر دەکات و زەمینەو بناغەی لە بارو بتەوی بۆ دەرخسێنی؟!

- ئایا (هاوسانی) و (یەکسانی) و (هاوشانی) و (هاوتایی). کورد لە گەڵ گەلانی (عەرەب و تورک و فارسدا) و گەلانی تریش, (دەست درێژی) و (تەماع) و (مشەخۆری) و (زەوتکردنی) ماف و ڕەواو سامان و بوونی ئەوانە ... یان گێڕانەوەی هەق بۆ (خاوەن هەق و دەستی دز بڕینە)؟.

–ئایا داواکـاری ڕەوای کـورد بۆ بوونە دەوڵـەت و یەکگرتنەوەی کوردستان, دابڕاندن و بچڕاندن و جیاخوازی و تەجزئە تەڵەبی (نەجەف)ە. لە بەغدا و (شیراز) ە لە (تـاران) و (ئەستەمبول)ە لە ئەنقەرە و (حەلەبە) لە (دیمەشق).. یا یەکێتی و پێکەوەنووساندنەوەی ( کەرکوک) و"کرماشان" و (ئەسکەندەروونە) و" قامیشلی" یە؟؟!

ئایا ئەمە"یەکێتی" و" یەکگرتنەوە"یە, یا جیاکردنەوە و پەل پەل کردن؟!

ئەگەر جیابوونەوەش بێت, ئەرێ جیابوونەوە لە"سەپاو" و" ناهەق" و"زۆر" و"زۆرە ملێ" چ عەیب و تاوانێکی تێدایە؟!

## ((پێش ئەوەی هەرشتێ بین، ئەبێ کوردبین))
## چەکی بێ بیروباوەڕ سێدارەی جەماوەرە

ئاڵای سووری کوردایەتی

ژمارە ـ ٥ ـ  حوزەیرانی ١٩٨١ /جۆزەردانی ٢٥٩٣     نرخی بە پێی توانایە

ئۆرگانی ناوەندی هێزی پێشمەرگەی ـ پاسۆک

**سەرەباس**

+ شیعر
+ لە گۆمی خوێنی حوزەیراندا،ئازادی و یەکسانی گزنگ دەدات
+ ڕازێکی کوردانە: لە سەرێی ڕزگاری دا...
+ قوتابخانەی پاسۆک: (وانەی پێنجەم) بۆ «پێش ئەوەی هەر شتێ بین...دەبێ کورد بین»؟!.
+ بۆ ئاگاداری / شیعر
+ بانگێ لە سەنگەری پاسۆکەوە
+ لە کەلەپووری شۆڕشگێڕیمان
+ شادەمارە سەرەتاکانمان
+ تاریک و ڕوون
+ تکایەک / شیعر
+ ماڵئاوا: دەرەبەگایەتی نێو بزووتنەوەی کوردایەتی

هەوالنامەی کتێب

**یەکەم هەنگاوی بەرەو ژوور**
**بۆ لوتکەی بەرز، بۆ لوتکەی دوور**
**ئەژنۆی ڕۆیشتن ...ئەلەرزێنێ**
**بەڵام ئەڕۆین.. چونکە ئەسپی**
**شەهیدانی لوتکەی بێ سوار**
**بەسەرمانا..ئەحیلێنێ!**

## {{ لە گۆمی خوێنی حوزەیرانانداا}}..
## " ئازادی و یەکسانی" گزنگ دەدات

نەتەوەی کوردی لە ناو ژاندا ڕسکاو, هەموو ڕووپەڕەی مێژووی خوێناوی, داستانێکی قارەمانێتی و خۆگری نیشانەی هەرە بڵندی ویست و خوازی مرۆڤە, بەڵگەی زیندوویەتی نەمری ئیرادەی مرۆڤە...دەشێ بە سەرهاتەکانی ساڵ ڕۆژی مێژووی کورد بکرێتە بەڵگە و نیشانەی نەبەردی و دڵیری و نەبەزێتی مرۆڤ بەرامبەر دوژمنان و هێزی ڕەشی داگیرکەر. کورد" سیزیفی" چارەنووسی مرۆڤایەتیە لە بەرەنگاربوونەوەی نەهامەتی و گۆسپ و لەوێردا! بەڵام سەرئەنجامی پرشنگداری چاوەڕوانکراو و حەتمی کە" ئازادی و یەکسانی"یە تایبەتکاری و خەسڵەتێکی کوردانەی جیایە لە سەرئەنجامەکەی"سیزیف»ی یۆنانی!

بۆ پتر گوردانە خۆ و گەیشتنە مەڵبەند, بۆ بەرچاوخستنی بەر هەق قوربانیەکانی قارەمانیەتی مێژووی پڕ سەروەریمان؟ ! بۆ سەلماندنی حەتمیەتی" ئازادی و یەکسانی" کورد بە دۆست و دوژمن لایەک دەکەینەوە بە لای ڕووپەڕەکانی نیو سەدە لە ڕۆژانی حوزەیرانی کورد:

١- پاش ڕمانی دار و باری قرچۆکی ئیمپراتۆریێت" پیاوە نەخوشکە" کە باڵی ڕەشی کێشابوو بە سەر بەشی هەرە زۆری کوردستاندا! کۆلۆنیالی / ئیستعماری ئینگلیزی لە ژێر دەمامکی" شارستانیەتی پیاوە سپیەکە"وە کەوتە هەڵلوشینی میراتی دەوڵەتی عوسمانی, کە دەمێک بوو گەماڵە کۆنی بەریتانیا لیکی بۆ نەوتی کوردستان دەڕشت.. کە پۆستاڵی ڕەشی چەپەڵی ئینگلیزەکان کشایە کوردستان گەلی کورد بە

سەرکردایەتی رابەری میللی نەمر شێخی مەزن لێ یان راپەرین و یەکەمین دەرسی رەفزی ژێر دەستەیی و بوونی کۆلۆنیالیانەی ئینگلیزیان دانێ..

لە ١٨ ی حوزەیرانی ١٩١٩دا, هێزە تەیار و پڕ چەکەکانی بەریتانی بۆ تاساندنی حوکمرانی کوردستان بەرەو سلێمانی خوێناوی کشان! لە دەربەندی بازیاندا شێخ مەحمودی نەمر کە بانگی مەلێکی کوردستانی هەڵدا بوو لە پێشی پێشەوە, وەک هەر سەردار و رابەرێکی مەزنی کورد, بە ویست و خوازی کوردانەوە بەرەنگاریان بوونەوە.. ئەگەرچێ سەرئەنجامی چاوەڕوانکراوی شەڕەکە هەر دەبوو لەشکری کورد و شێخی مەزن تێ بشکێن بەڵام ئەو تێشکانە تەنها شکانێکی ڕواڵەتی حساباتی چەک و زرمە بوو, ئەگینا خواز و ویستی مرۆڤ لە بەرانبەر نا هەقدا هەر سەرکەوتوو بووە.. تێشکانی شێخ و لەشکرەکەی بووە یەکەم بزماری تەرمی تۆپیوی کۆلۆنیالی ئینگلیزی و تروسکایی ڕاپەڕین و مەشخەڵی هەرە بەرزی راست بوونەوە و بەرەنگار بوونەوەی داگیرکەرەکە و ئەوە بوو پاش کەمتر لە ساڵێک ئەو پریشکەی شێخی مەزن بە خەرمانی ئینگلیزەوەی نا بوو لە عێراقی عەرەبیدا کلپەی سەند.. کورد ئەم جارەشیان پێش دەستی خۆی کردوو یەکەمین راپەڕینی دژی بوونی کۆلۆنیالی ئینگلیزی لە ناوچەکەدا ساز کرد کە پاشان بووە ئاگری ناو خەرمانی نارەوای ئیمپریالیزمی جیهانی.. لەم بارەیەوە سیاسی و مێژوو نوسێکی بە ناو بانگی کورد لە سەر زمانی ( د. ن.کوتلۆف)ی مێژوو نوسی بە ناوبانگی روسیدا دەنوسێ:

( گەلی کورد بەوەی کە لە راپەرینی ١٩١٨ –١٩١٩ دا بوو بە پێشەنگی جوڵانەوەی گەلی عێراق , نەخشێکی گرنگی لە ئامادە کردنی راپەرینی ساڵی ١٩٢٠ی عێراقدا دیاری کرد. شێخی نەمر سەلماندی, وەکو هەمان سەرچاوە دەنووسێ: تێ گەیشتن کە دەکرێ لە گەڵ بە هێزترین دەوڵەتی ئیمپریالیستی, یانی ئیمپریالیزمی بریتانیش شەر بکرێ).

٢ – ئەڵقەی دووەمی شۆڕشی رزگاری خوازی کورد, شۆڕشە مەزنەکەی شێخ سەعیدی پیران بوو کە بەرەنگاری دەسەڵاتی مرۆڤ کوژی کەمالیەکان بوَوە بۆ ڕزگاری و یەککرتنەوەی کوردستان.. بەڵام دیسانەوە هەرچی هێزی رەش و ناجسنی شەڕ خوا بوون دەستیان لە نێو دەستی یەک نا بۆ کپ کردنەوەی گیانی راپەرین و شۆڕشگێری کورد.. بەڵام ئەم داگیرکەر و دوژمنانە چەندە دڕندە و داخ لە دڵن لە کورد ئەوەندەش گێلن و دەرس لە مێژوو وەر ناگرن, ئەوانە نازانن

ئەو نەتەوەیەی شێخ سەعیدی ڕسکاندبێ, لە منداڵدانی شۆڕشگێریدا سەدانی تر پەروەردە دەکات..

لە ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٢٥ دا لە دادگایەکی گاڵتە جاردا حوکمی لە سیدارە دران درا بە سەر رابەری راپەرینەکەی ١٩٢٥ و شێخ سەعیدی پیران و دکتور فۆاد و هاوەڵانیان لە دیار بەکری قارەماندا کرد بە دارا.. گیانی ئەو شەهیدە نەمرانە وەکو سەریان و ئاڵای کورد هەمیشە بڵند دەبێ و لە نەوی بوون نایە.. چون ئاڵایە دادەڵەنگێ کە تەنها لە دیاربەکردا و لە یەک رۆژی حوزەیراندا (٥٣) لاشەی رابەری کورد دار بەیداخی بێت یا هەڵیش نەکرا بێت!؟

٣ – ئەڵقەیەکی تری زنجیرەی راپەڕینەکانی بۆ ( ئازادی و سەربەخۆیی) لە پاش جەنگی جیهانی یەکەم, شۆڕشەکەی" سمایل خانی شکاک – سمکۆ"ی قارەمانی ئەفساناوی کوردستانی خۆرهەڵاتە.. سمکۆ توانی بەشێکی زۆر لە کوردستانی خۆرهەڵات لە ژێر دەستی چەپەڵی داگیرکەران دەربێنێ و رزگاری کات, بۆ زیاتر تەنینەوەی شۆڕشەکەی و گەیاندنی بە پلەی شۆڕشێکی میللی فراوان کە سەرتاسەری کوردستانی گەورە بگرێتەوە. لە سەرەتای بیستەکاندا سمکۆ پەیوەندی لە گەل شێخ مەحمودی نەمردا بەست, بەڵام داگیرکەرانی کوردستان و بەرۆگرانی دەسەڵاتی رەش قاجاری و عوسمانی و ئیمپریالیزمی جیهانی بە ڕابەری بەریتانیا, دەیانزانی کە کوردستان کوانووی شۆڕشگێری ناوچەکەیە و لە تەک ئۆکتۆبەری مەزندا دەبنە جووتە بەرداش بۆ هارێنی بوونی ئیمپریالیزم لە ناوچەکەدا, بۆیە کەوتنە پیلان و داو چاندن بە دەوری سمکۆ و شۆڕشەکەیدا, کە زانیان ڕوو بە ڕوو هیچیان پێ ناکرێ کەوتنە پیلانی نامەردانە..

لە ٢١ حوزەیرانی ١٩٣٠ دا بە بیانووی گفتوگۆ و لێدوان بانگدانهێشتە شاری شنۆ لە فرسەتێکی نامەردانەدا ئەو گیانە ئازا و هەڵچوو و خورتەیان دامرکاندەوە کە تا ئێمڕۆش دوژمنانی کورد منداڵی پێ ژێر دەکەنەوە!

٤ – لە ١٩ی حوزەیرانی ١٩٤٧ دا چوار ئەفسەری قارەمانی کورد سەرکەوتنە سەر کورسی سێ دارە. ئەم کەڵە پیاوانە تاوانەکانیان لە کوردستانی خۆرهەڵات کردبوو و لە بەندیخانەکانی کوردستانی باشوردا هەلواسران.. ئە ئەوا دوژمنان و داگیرکەرانی کورد لە هەر کوێیە بن و لە ژێر هەر ناو عینوانێکدا بن لە هیچ بوارێکدا یەک نەگرنەوە و لە هیچ مەنجەڵێکدا نەکوڵێن لە دوژمنایەنی کورد و" کورد کوشتن" دا یەک بیر و ڕێباز و ڕەفتارن!.

ئەو چوار ئەفسەرە قارەمانە پاش ئەوەی قەفی زنجیری سنوری دەستکردیان پساند و چوون بە پیر ئەرکی میللیانەوە لە پاریزگاری و پاسەوانیتی کۆمارە ساواکەی کوردستان, لە مەهابادی ڕووسوردا, ڕۆڵەی سلیمانی و هەولیر و کەرکوک و دهۆک بوون, بۆ پاریزگاری ئاڵای کورد چووبوونەوە دیار" قازی" نەمری مەهابادی.. ئەوان سەلماندیان کە دەبێت کورد لە کویدا پێویستی بە رۆلەکانی بێت, لەوێ بن و ئێمەی" پاسۆک" یش هەمان دروشمی هەڵقولاوی ناو ناخ و جەرگەی بیری نەتەوایەتی و مێژووی سەرکەشمانە کردومانەتە پێشەنگی خەباتی رزگاری خوازیمان..

لە سێدارەدانی" عیزەت و خۆشناو و خیراللە و قودسی" بۆ دواجار بەندوباوی" عێراقیتی و ئێرانیتی و تورکێتی و سوریایی" پووکاندەوە و ڕاستێتی مێژوو کردی" کوردستانیەتی چەسپاند ئەو نەمرانە سەر قافڵەی کاروانی" کوردستانێکی ئازاد و گەلیکی یەکسان" بوون..

٥ـ لاپەرەیەکی تری گەشی خەباتی ڕزگاری خوازی کورد و نیشانە و بەڵگەی درندەیەتی داگیرکەرانی کورد ( ٩ی حوزەیرانی ١٩٦٣)یـە کە بەعسیە چەپەڵە بەرۆگرەکانی هۆلاکو و جەنگیزخان (١٣٥) لاوی بە شەرەفی کوردیان زیندە بە چاڵ کرد, تەنها لە بەر ئەوەی ئامادە نەبوون بۆ دەرباز کردنی ژیانی خۆشیان بێت سوکایەتی بەڕابەرەکەی ئەو رۆژەی شۆڕش بکەن..

داگیرکەرە رەگەز پەرستە ملهوڕەکەی بەغدا لەو شاڵاوە کتو پڕو نامەردانەیەدا مەبەستی شکاندنی گیانی مەعنەوی کورد بووە مەبەستی سوک کردنی دەرونی کوردی و گیانی بڵند و سەرکەش و خورتی نەتەوەکەمان بوو, وەلامی رۆڵە بە ئەمەکەکانی کوردیش ئەو نموونە بێ وێنە و دیاردە شۆڕشگێرانە بڵندە بوو کە دوژمن لە مەردایەتی هەڵوێست و بەگژدا چوونەوە خۆی بە چۆکدا دەهات!! بە پیرەوە چوونی مەرگی ئازادی ئەو جوامیرانە دەرسێکی هێندە پڕشکۆ و مانا دارە کە دەبێت لە قوتابخانەکانی (( شۆڕش و شۆڕشگێری جیهاندا)) بەوانە و ویرد بخوێندرێ و پێڕەو بکرێت.. تا فێری بەزاندنی مەرگ دەبن.. تا بزانن چەکی مادی لە ئاستی ویست و خواستی جەماوەردا چۆن دەتوێتەوە.. تا بزانن مەرگ لە ئاستی مەردایەتی و.. نەمان لە ئاستی کوردایەتی و ژیان لە بەردەم ئەمەک داریدا چۆن دەلەرزێ؟! ( ئەدی مردن لە بەر دەم کوردا نەلەرزیوە؟!) لەم رۆژە ڕەشانەدا کە گزنگی خۆری ( کیانی کورد) و ( چارەنووسی کورد) بەدی دەکەین داوا لە جەماوەری ڕەشوڕووت و زەحمەتکێشی کورد دەکەین ڕێبازی کوردایەتی ڕاستەقینە و ڕەسەن بگرنەپێش,

هەواڵنامەی کتێب

خەبات کەن لە ڕێی ( دیاریکردنی ئازادانەی چارەنووسی کورد بە دەستی خۆی).. داوا لە هەموو خەباتکەرێکی ئەم نەتەوەیە دەکەین کەپشتێنی پشت بەخۆبەستن و کوردبەستن ببەستنە پشت و هەموو کورد لە هەر شوێنێ هەن و چۆن بیر دەکەنەوە و بۆ رزگاری و ئازادی و یەکسانی یەکگرن و دەست لە نێو دەستی یەکدی نێن..

ئێمەی کورد لەم جیهانە جەنجاڵە پڕ بەرژەوەند و شیرازە پساوەدا تەنیا بە یەکگرتن, بە قوربانیدان, بە کوردایەتی دەتوانین بوون و ویست و خواستی خۆمان بچەسپێنین. تا کەی لە ژێر پۆستاڵی داگیرکەراندا بتلێیتەوە؟ تا کەی مال و سامان و بوونمان وەک ماڵە میرات بە سەر داگیرکەراندا دابەش بکرێت؟.. تا کەی ملکەچی ئـالاّی داگیرکەران بین؟.. تا کەی لە ژێر سایەی دەسەلاّتی دوژمناندا بژین و بمرین؟.. تا کەی چاوەروانی چارەنووسی دوژمن بۆ کێشراو بین؟.. با ڕاپەڕین بۆ کوردستانێکی ئازاد.. با خەبات کەین بۆ کوردستانێکی یەکگرتوو.. با تێکوشین بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ.. با لە ژێر ئالاّ پیرۆزەکەی کوردا بژین و بمرین.. با وەکو هەموو نەتەوەیەکی دی دەنگ و ڕەنگمان لە سەر نەخشە بێت..

- بڕوخێ دەنگ و ڕەنگ و ویستی ( کورد نەویستی و خۆدان بە دەستەوە).
- بڕوخێ گیانی بەزین و بڕوا بە خۆنەبوون.
- بمرێ دەلاّل و هەڕاجکەرانی کورد و مەسەلەی ڕەوای نەتەوایەتیمان.
- شەکاوە بێ ئالاّی بلّند و نەمری بیر و باوەڕی کوردایەتی پیرۆز.
- سلاّو لە پێشمەرگە و دلّسۆزانی کورد.
- بژی دروشمی نەمری ( کوردستانێکی ئازاد و گەلێکی یەکسان).
- بمرێ دوژمنانی کورد و کوردستان.

((( ڕازێکی کوردانە )))

# لە سەرە ڕێی ڕزگاری دا

جێی داخە ئێمە لە سەرەتایەکی زۆر ساکار و بەڵگە نەویستەوە دەمی باسێکی گرنگی هەرە پێویستی وەکو"یەکێتی خەباتی میللی کورد" بترازێنین و پەنا بەرینەبەر بەڵگە و نموونە هێنانەوە و بە ئیسپات گەیاندنی ئەو شتانەی هەزار و یەک جاران خۆیان بە ئیسپات گەیاندووە.. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە داگیرکەرانی کورد هەر لە کۆنەوە هەوڵی ئەوەیان داوە کە" ڕەوایەتی" و"بوونێتی" و"ڕاستێتی" بوونی کورد و مەسەلە نەتەوایەتیەکەی تێکەڵاوی گومان و دوودڵی و نەسەلماندن کەن و پاش چەواشەیی و شێوانێتی بتوانن بە ناخیدا ڕۆچن.. چونکە هەر مەسەلەیەک هەتا خاوەنی" ڕەوای زاتی" و" بوونی سەربەخۆ" و ڕاستێتی بابەتی بێت لەناوبردن و لە ناوچون و فەوتاندنی مەحاڵە! و هەموو شتێ لەو کاتەوە هەنگاو بەرەو نەمان دەنێ، کە ئەو (ڕەوابوون و ڕاستێتی)یەی لە دەست دا.. هەموو هەوڵێکی دەرەکی و لاوەکی و دەستکرد بۆ گەیشتن بەم ئامانجە سەر ناکەوێت و زۆر جاران وەکو ( هۆیەکی بە ئاگایانەوە) و (هوشیاری) دەوری ئەرێنی دەبینێ لە پتر خۆ قایم کردن و سوربون و خۆ پاراستن.. ئەگەر چاوێکی خێرا بە مێژووی کۆن و نوێ ی کوردا بخشێنینەوە, بەڕونی ئەم راستیەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە, هەر لە کۆنەوە داگیرکەران, بە پێ ی بارو بیرکردنەوەی ئەو سەردەمانە, ویستویانە کورد لە ناو بەرن و خاکەکەی داگیرکەن.. بەڵام لە بواری کوردا ئەم مەبەستەیان سەری نەگرتووە, هەتا کار هاتۆتە سەر ئەوەی کە" گومان لە بوون و ڕەوا و ڕاستێتی" کورد و مەسەلە نەتەوایەتیەکەش بچێنن, سەرەتا وەکو کۆمەڵێ درۆ و دەلەسەی مێژووی مێژوونوسەکان دەربارەی دیوەخانەکانی سوڵتان و شا ملهوڕەکانی داگیرکەرانی کوردستان هاتۆتە پێش وەکو ئەوەی لە ( تاج العروس) دا دەڵێ:"بنەچەی کورد جنۆکەیە" و مەسعودی لە (مروج الزهب) دا دەڵێ:" کوردەکان لەو زۆڵانە کەوتونەتەوە کە کاتی خۆی دێوەکانی حەزرەتی سلێمان بە دزی سلێمانەوە زایندەیان کردوە.." و لە شوێنێکی دیدا بە ئاشکراتر دەیەوێ کورد بە بنەماڵەیەکی عەرەبی تۆراو لە بیابانەکانی عەرەبستان بداتە قەڵەم و دەڵێ:" کوردەکان لە نەوەی کرد بن مرد بن صعصعە بن هوازن"ی عەرەبی!, تا ئێمڕۆش زۆر لە تورکە شۆڤێنیست و فارسە دەمارگیرەکان کورد بە تورکی شاخاوی و خێڵ و هۆزێکی فارس دەدەنە قەڵەم و دکتۆرێکی نمەک بە حەرامی کوردیش درۆکانی دوژمنانی کورد دەکوتێتەوە کە" گوایە لوڕەکان کورد نین!»

– دیارە ئەمەی دواییان شەرمی شەهادەکەی ڕێی پێنادات کە بڵێ هەر کورد نییە, بەشی خۆی پارچەیەکی لێ دادەبڕێ, ئەمە لە کاتێکدا کە هەموو لێکۆڵینەوە / دیراسە ئەرکیولۆجی و ئەنترۆپۆلۆژجی و زمانەوانیەکانی زۆر زانای خۆرهەڵاتی و کوردیش بەڕوونی ئەوەیان چەسپاندووە کە لوڕەکان کورد – هەرچەندە ئەم داوا و قاو و بانگاشانە ئێمڕۆ هیچ نرخێکی کردەیی / عملی و روخێنەریان نەماوە. بەڵام کاتێ خۆی لەو تیۆرانەی ئێمڕۆ نەتەوە و نەتەوایەتی ( بەسوک) دەبینن کەم تینوتاوتر نەبوون!.. لە گەڵ گەشەکردن و قاڵببەستنی تەواوی بیر و باوەری کوردایەتی ( بە تایبەتی پێش جەنگی جیهانی یەکەم) و بوونی کوردایەتی بەدوا مەبەستێکی جەماوەری و دەرچوونی لە سنوری بیرکردنەوە و هەوڵی تاکڕەوی میرزا و ڕۆشنبیر و میر و بەدەسەڵاتانی کورد, دوژمنیش جۆر و شێوەی دوژمن کارانەی خۆی گۆڕی و گەشەی پێ دا.. هەر لە چڕکردنەوەی لێدان و جەربەزە و سەرکوتکردنی زەبر و زەنگی دەگاتە گوێزاندنەوە و دەرپەڕاندنی دانیشتوان و " تورک و فارس و عەرەب" نشینکردنی کوردستان و گرێدانی پەیمان و ڕێککەوتننامەی سەرسنوری نێو دەوڵەتانی نیوان دوژمنانی کورد کە ئەمەشیان نەی گەیاندنە مەبەست شێوازی ( هەڵتەکاندنی ناوەوە و گەندەڵ کردنی ناوخۆ) و سیاسەتی ( پوازی کوردی) بە کارهینانی گرتۆتە بەر, ڕاستییەکەی لەمەشیاندا هەر سەرکەوتوو نەبوون, هەرچەندە توانیویانە لە ژێر هەندێ ناوی هاوچەخ / عصری و دروشمی چەواشە و شێواز و ئامودا تا ڕادەیـەک پشێوی و شێواندن و لادان بترینجێننە نێو خەباتی سیاسی کوردەوە و تینوتاو و وزەی کورد هەڵمژن. بەڵام نەتوانراوە و ناشتوانرێ خەباتی ڕەوای نەتەوەیی کورد لە گرێژنە ببرێت.. گەورەترین مەبەستێکی داگیرکەران ئەوە بووە کە واقعی دابەشکردن و (عێراقچێتی و ئێرانچێتی و تورکچێتی) لە ژێر مێزەر و سایە و دروشمی درۆینەی ( برایەتی) و (خەباتی هاوبەش) و ( یەکێتی ریزەکانی گەڵ)دا بچەسپێنن, تا ماوەیەکی زۆریش لە بەر زۆر هۆی خودی و بابەتی / زاتی و مەوزوعی و ڕەنگ و ڕواڵەتی ( کوردایەتی) درۆینە بە خۆدا سوون و ڕەنگ و بۆیەی ئاڵ و واڵا لە خۆدان توانیان جوڵانەوەی ڕزگاری و ئازادیخوازی کوردی بشێوێنن و چەواشەی کەن.. بەڵام خەباتی بێووچان و هەوڵ و کۆششی ڕۆڵە نەتەوەییەکانی کورد و داواکاری و فشاری جەماوەر و توندی و خورتی و ڕەسەنی بیر و باوەری نەتەوایەتی ناچاریکردن یان لە گۆڕەپانەکە هەڵێن و بچنەوە باوەشی ئاغاکانیان. یان بە ڕاست یان بە درۆ بەلای کوردایەتیدا وەرچەخێنن ئێمڕۆ هەموو سەرمایە و (رصید)ی هەر کۆر و کۆمەڵێکی سیاسی بگرین لە کوردستاندا ( مەسەلە نەتەوایەتی یەکەیە) و بێ ئەو باوەر و مەبەستە هیچ بیر و ئەندێشەیەکی دیکە لە کوردستاندا جێ

یان نابێتەوە.. هەمیشەش کە بەرەنگاری ئەو تەنگەبەریە دەکران کە بۆچی خەباتی نەتەوایەتی کورد وەکو خەباتی نەتەوەیەکی دیکە و ڕەپوڕاست بۆ مەسەلە بنەڕەتی و داوا و خواستە جەماوەرەیە مێژووکردە ڕەواکـە ناخەنەوە ڕوو, جەماوەری پێگۆشکەن و هەنگاوی بۆ بنێن! هەمیشە بە فاقەی فێڵاوی و" تاکتیک" و"سیاسەت" و"ناچاری" خۆیان لە جەماوەر دەرباز دەکرد.. لە کاتێکدا کە کەس نەیوتووە و ناڵێ کە یەکان دەردوو سواری ملی داوایەک بین کە لە بەر بار و هەلومەرجی ناوخۆ و دەرەوە نەشێ بیتە دی.. مەسەلە لەوەدایە کە ئامانج و خواستی ستراتیژی لە بیر جەماوەر نەبرێتەوە و هەمیشە ئەوەی لە هۆش و بیرو گیاندا بڕوێندرێت کە هەموو سەرکەوتنێکی کاتی, هەموو ئامانجێکی قۆناغی و دەسکەوتێکی سیاسی هەنگاوێک بێت لە سەرەرێی شارێی ئامانجە ستراتیژیەکەدا, چونکە بتەوێ و نەتەوێ و هەزار و یەک پاکانەش بکەیت و داوای بچوکترین مافی مرۆڤایەتی بکەیت دوژمنەکەت بە ناوی ( جیاخواز و تێکدەر و یاخی بوون)ەوە لیت دەدات.. و هەرگیز لە مێژوو دا ڕووی نەداوە هیچ داگیرکەرێک (هۆش و گۆش و لۆژیک) وازی لە ملهۆری و داگیرکردن پیبێنێ و نەبووە و ناشبێ, دوژمن لە خۆیەوە و لە زێدە سۆزی مرۆڤایەتیەیەوە مافی ڕەوای خۆتت بۆ بسەلمێنی.. هەمیشە هێزو تونا و کوتەکەی ئێمەی پاسۆک کە داوای ( دیاری کردنی ئازادانەی مافی چارەنووسی کورد دەکەین) داوایەکی رەواو مێژوویی و سەلمێندرا و دەکەین و (بدعە)یەک نییە کورد هێنا بێتە گورێ, بە پێی هەموو دەستوور و یاسایەکی نێو دەوڵەتان و هەموو بیر و باوەرێکی پێشکەوتنخواز هەموو نەتەوەیەک مافی دیاریکردنی چارەنوسی خۆی هەیە: ئێمەش کە داوای شتێ دەکەین نە لە خۆمان زیادە و نە بەشەپشکی خەڵکی دیشە و نەدەست درێژیشە بۆ سەر مافی کەس! دەبێ ئەوانەی ئەمە ناسەلمێنن و بەر بەم داوا ڕەوایە دەگرن ( لە ژێر هەر ناوێکدا بن و بە هەرلۆژیکێک و مەبەستێک ئەم بەرگریە دەکەن)وا ڕیسوا بکرێن کە نەتوانن ئاشکرا بەرهەڵستی بکەن.. نازیزم و فاشیزم و شۆفینیزم چییان لەم بەرهەڵستیە پترە و نارەواترن, کە ناو و ناوبانگێکن کەس وێرای ئەوەی نییە بە خۆی رەوا ببینێ!.. لە بری ئەوەی ئێمە لە سەر داوای ڕەوای خۆمان پاشەکشێ و پێدزکێ بکەین.. بۆ دوژمنان و داگیرکەرانمان نەترنجێنێنە تەنگەبەری و کشانەوە خۆدانە دواوە.. کەی و لە کوێدا ڕووی داوە، خاوەن ماف و ڕەواو بەشخوراو لە ترس و شەرمی بەدناوی پاشەکشێ بکات لە مافی خۆی؟!.

ئێمە کە داوای (ڕزگاری و یەکگرتنەوەی کوردستانی مەزن) دەکەین چ پەیوەندیەکی/ دەخلێکی هەیە بە سەر برایەتی و (هاونیشتمان)یەوە.. ئێمە دۆست و هاوکاری هەموو نەتەوەیەکی ژێر دەستەو چەوساوە و دۆستی کوردین و ئەگەر ڕاست" برایەتی"

و"دۆستایەتی" کوردیان دەوی دەبێ کورد ئازاد و سەربەخۆ بێت تا بتوانێ وەکو نەتەوە و تاکانێکی ئازاد و بەر پرسیار برایەتی و دۆستایەتی بکات.. کۆیلە و ژێر دەستە کەی ویست و خواستی خۆی لە چنگی خۆیدایە تا برایەتی و"دۆستایەتی" ببەستی.. کۆیلە ژێر دەستەو ویست بە دەستی ئاغاو خاوەنەکەیەتی و خۆی مافی هیچ بڕیار و هەڵوێستێکی نییە.. یان ئێمە چۆن دەتوانین ئەو (برایەتی)یە بکەین یان کەی" برایەتی" لە نێوان" ئازاد"ێک و"کۆیلە" یەکدا گرێ بەند بووە؟.. یان ئەو برایەی ڕێم پێ نەدات, یان بۆم نەسەلمێنێ, یان یارمەتیم نەدات و لە من سوورتر نەبێت لە سەر داوای ڕەوام چ جۆرە برایەتی و چ برایەکە؟ ئەو" برایە" ئەگەر سەرکەوتنی من بە سەرکەوتنی خۆی و سەربەخۆیی من بە سەربەخۆیی خۆی و ئازادی من بە ئازادی خۆی نەزانێ بە پێ ی کام دەستوور ( برا)مە!!؟ حاڵ لە دوو حاڵەت بە دەر نییە.. کورد خاوەنی مەسەلەیەک و مافێکی رەوایە کە (یەکگرتنەوە و سەربەخۆیی و ئازادی کورد و کوردستانە).. جا هەر کەسێ ئەمەی لا ناخۆش بێت, بەرەنگاری بکات, بە مافخۆری خۆی بزانێ, یان ئەوەتا درِدۆنگی چاوبرسی کوردخۆرە, یان گێل و نەفام و بەر چاوتەنگ لە هەردوو حاڵەتاندا بیەوێ و نەیەوێ دوژمنی کوردە!. تا ئەو کاتەی خۆی پاک دەکات هەژماری دوژمنی بۆ دەکرێت! چونکە مادام دڵنیابن لە ڕەوای مەسەلەکەمان ئەوەی بەرەنگاری بکات دیارە ناڕەوایە! چونکە هەرگیز ڕەوا دژ بە ڕەوا نییە و هەمیشە کێشمەکێشم و ملمڵانی لە نێوان ڕەواو ناڕەوا دا بووە!

مەسەلەی (هاونیشتمان)یش فاقەیەکی دیکەی شۆڤێنیستەکانە و زۆر ساویلکەو ساکار و خۆفرۆشیش دەکەوێ.. نیشتمان بە مانا زانستییەکەی ئەو پارچە زەمینەیە کە خاکی پشتاوپشتی نەتەوەیەکە و بە خۆین و گیان پاراستویەتی و مان و بوون و ژیانی بەو خاکەوە بەندە و تا ئێمرۆ هیچ نەتەوەیەک بێ ئاسمان و بێ خاک نەبووە! ئێمەی کورد یەک نیشتمان و وڵاتمان هەیە کە ئەویش ئەو پارچە زەمینەیە کە دەکەوێتە نێوان ( هێڵی پانی ٢٩ و ٤٠ پلەی سەروو)وە ( هێڵی درێژی ٣٧ و ٥٠ پلەی خۆرهەڵات)ەوە.. لەسەر تا ئەوسەری موڵکی کوردە و هەموو (بوونێکی ماکی و مینۆکی و فکری بێگانەی زیانبەخش لەو سنوورەدا ناڕەوایە). هیچ جێگرێکی دیکەمان نییە.. هەر کیان و بوونێکی دیکە ئێمرۆ بەزۆرەملێ کوردی تێدا بەندکرابێ کیان و چێوەیەکی دروست کراو و ناڕەوایە .... وە نیشتمانی کورد نییە.. ئەوانە هەموویان خانەیەکن بۆ قووتدانی کوردستان..

لە بەرئەوە ئێمەی کورد ( هاونیشتمانی کوردین» بەس! ئەشێ دراوسێ و ئاوماڵ و دۆستی میللەتانی نێزیک و دوورمان بین, بەڵام بەشە میراتی کۆلۆنیالیستی سەرماڵان بین نە و نەخێر!! ئەو کوردەی ئەوە نەسەلمێنێ زۆڵ و نمەک بەحەرامە..

ئەو کوردەی وێرای ئەوەی نەبێ! ترسنۆک و بوودەڵەیە! ئەو کوردەی وا بیر نەکاتەوە بێگانەپەرست و ناموسفرۆش و خۆفرۆشە! ئەو کوردەی بۆ ئەم ئامانجە نەجەنگێ کورد نییە!.

ئێمە پێمان وایە تا کورد سەربەخۆ و ئازاد نەبێت ناتوانێ نە خزمەتی خۆی و نەخزمەتی گەلانی دیکەش بکات.. بەم حاڵ و دارو بارەی ئێستایەوە چۆنچۆنی بەشداری ژیاری مرۆڤایەتی دەکات؟ چی پێشکەش خەباتی گەلی فەلەستین و باسک و ئیرلەندی دەکات؟ چۆن نابێ بە بار بە سەر مرۆڤایەتیشەوە؟!..کورد تا یەکگرتوو سەربەخۆ و ئازاد نەبێت.. زەوی چۆن دەدا بە جوتیار؟ چۆن کار دەرەخسێنێ بۆ کرێکار؟ قوتابخانە چۆن دەکاتەوە بۆ منداڵانی کورد؟

چەوساندنەوە و ڕووتاندنەوە چۆن بنەبڕ دەکات؟. دیمکراسی و ئازادی ڕا دەربڕین و مافی مرۆڤ چۆن دەچەسپێنێ و دەپارێزی؟.ئافرەت و پیاو چۆن چوونیەک دەکات؟" بەهەشتی مژدە پێدراو/ جنە الموعد" و بەهەشتی خەیاڵی سەرزەمین لە کوێدا دروست دەکات؟!. یەکێ شتێکی نەبێت چۆن دەیبەخشێ؟. ئەگەر ئەم بەڵێن و پەیمانە ڕەنگینانە بدات بە هەر کەسێ, بێئەوەی مەرجبەندی کات بە (یەکگرتنەوە و سەربەخۆیی و ئازادی)یەوە لە بەڵێنەکانی"عقروب" و خەونی بەنگکێشانە بەولاوە چیتری لێ هەڵدەوەرێ؟! ئەمەیە بەنگ و تلیاک و ئەفیون!. لە ئاسمان و ئاخوڕی بێ ولاخ ڕاوە ژیشک بە جەماوەر کردن!. ئەمەیە چەواشەوە و سەرلێشێواندن و بەهەڵەدابردن.. ئەمە وەکو هەڵخەلەتاندن و ساختەبازی و قۆڵبڕینی سیاسیە! ئەمە دوکانی بێمایە کردنەوەیە.. ئەمە چاوبەستی سیاسیە.. و مەسەلە بنەڕەتیەکە لە بیر جەماوەر بردنەوەیە.. ئەمە ئەو خۆرکەیە کە لاشەی کورد گەندەڵ بکات.. ئەمە ئەو درز و دەلاقانەیە کە دوژمنی لێوە دێتە نێومانەوە ئەمە سەرەتاو بنەتای (هەڕاجی) و (بازرگانی) و (کورد فرۆشتنە).. با هەمووان کێشانە و پێوانەی سەخت و گردە بڕو موو پێوی دڵسۆزی بدەینە دەست جەماوەر, نە خۆمان و نەکەس

– ئەگەر ویستراش – ئەتوانرێ جەماوەر لە خشتەبەری, ئەمە تاکە ڕێگایەکە بۆ داماڵینی هەموو دەمامکێک لە ڕووان.. دەبا ئەوەی لە دەمامکی ڕوو ڕواڵەتی قەڵب و ناشرین ناترسێ ئەو پێوانە و تەرازووە بدەینە دەست جەماوەر و هەموو" کورد بین" با لەتەنگەبەری ( عێراقی و ئێرانی و تورکی و سوری) دەرچین و ناسنامەی ڕاستەقینەی" کوردستانی" بۆ کورد دروست کەین!..

چونکە ئاشکرایە کە نەتەوەی کورد لە کوردستاندا وەحدەیەکی ژیاری مێژوو کردی, سروشت کردی خۆڕسک هەڵکەوتوە ئەو پلەی گونجاندن / انسجام تەنیا لە کۆمەڵگای کوردەواریدا خۆی دەنوێنێ و بازدان بە سەر ئەو یەکە ژیاری و هەڵکەوت

هەواڵنامەی کتێب

و گونجاندنه سروشتی و خۆرسکە بۆ هەر شێوە و جۆر و قاڵب و دار و بارێکی دیکەی ( جیهانی, ناوچە گەری, چینایەتی, مەزهبی, کیانە سیاسیە سەپێندراوەکان.. و هتد) بازدانە بە سەر واقعی خەبات و پێداویستی ژیان و مانەوە و چالاکی و چەواشەکردن و تێکدانی جەوهەری سەربەخۆ و ڕەوا و پێویستی خەباتی نەتەوەی کورد و خۆگێل کردن لە واقعە مێژوویی و بابەتییەکانی/ مەوزوعیەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی, با دانـەوەی ڕێچکەی مێژووە بە راست و چەپ و نامۆ و ناپەسندنی ناپاکانە و ئیستعمار ئاکارانەی واقعی پەرت پەرت و دابەش کراو و چەوساندنەوە و تواندنەوەی نەتەوەی کوردە.. بە شداری کردن لەو هەڵە مێژوویی یەی سەرتا سەرەی خەباتی کورد, کە بەرهەم و دەستکەوت و توانا و بوونی کورد رژاندن و خستنە سەر ئەستێڵکی کەسان و وولاتانی دیکەوە, خۆفرۆشی و نۆکەری و ناپاکی و خزمەتکاری و ڕەنج و هەوڵ و تێکوشانی نەتەوەی کورد بە فیرۆ دان و پتر قوڵکردنەوە و جەنجاڵ کردن و ئاڵوز کردنی کێشەی کورد و لێ تەکاندنەوە و دوور کەوتنەوەی شۆڕش و خەباتی کورد, لە ڕێچکەی سروشتی و اقعیە ئازادی خوازانە و شۆڕشگێرانەکەیەتی بەرەو کەناری کلکایەتی و خۆ هەڵواسین و بڕوا بە خۆ نەکردن و بونە کلکی ( رووداو) و دەسەڵاتدارێتی داگیرکەرانە بە شێوەیەک لە شێوە هەرە شەرماویەکانی نۆکەری. ئەمە لە رووی مەبدەئی و فەلسەفی یەوە و لە رووی (عملیشەوە) دەرد و کێشە و گیرو گرفت و داواکاری و خواست و پێداویستەکانی خەباتی نەتەوەی کورد لە سەرتاسەری کوردستاندا بوونێکی سەربەخۆ و تایبەتکار و خەسڵەتانێکی جیاواز و لێک نەچوو و نەبووە, جیاوازی و داواکاری و خواست و ئامانجەکانی تایبەتی و کورد ئاکارانەی خۆی هەیە, کە نەک هەر جیاوازە لەو شێوە و شێواز و ناوەرۆک و مەبەست و خواست و پێداویستی و هەڵکەوت و دار و بارەی نەتەوە دراوسێ و دورەکانی کورد, بەڵکو دژ بە تەماع و چاو چنۆکی و خواستەکانی داگیرکەرانی کوردستان و بیر و بیرکردنەوە و هەڵوێستی چەوتی زۆر لاو لایەن و کۆر و کۆمەڵە سیاسیانەی کە زۆر جاران لە سەر چەپ و پێشکەوتنخوازی نێو ئەو وڵاتە زۆڵەکانەدا حسێب دەکرێن و تەواوی دژ بە سەرەتا و بنەڕەتی یە سەرەکی و ناوەندی و لاوەکی یەکانی ئیمپریالیزم و داردەستەکەیەتی لە ناوچەکەدا و هەتا پێچەوانەو دژ بەتەیاری" تەراتێنی نێو دەوڵەتان"دا (وفاق) و بەش کردنی ناوچەی دەسەڵاتی نفوزی هێزە بەدەسەڵاتە جوێ جوێ کانی جیهانی و (یاریە رەزا گرانەکە و رەشەبای بەرژەوەندی) نێو دەوڵەتانێش و لە رووی بوون و شەرعیەت و چەسپاندنی سەربەخۆیی و رەوای مەسەلەکەشدا, خەباتی رزگاری و ئازادی خوازانەی کورد لە سەریەتی لەم سەردەمەدا کە تۆز و ژەنگ و چڵکی کۆسمۆپۆلیتیزم و (دوا خانەی)

و پاشکوێی و خۆ بە کەم زانین و گچکەیی و بەزین و ترسنۆکی و ناوەڕاستڕەوی و تاکتێک بازانە و سیاسەتی محترف و خۆفرۆشان و کلکایەتی و مەبدەئی ئاغا و نۆکەرایەتی و تێکرای شێواندن و چەواشەکەری و لادان و ساردکردنەوە و مساوەمە و هەراج کاری و پرد هێشتنەوە لە خەباتی میللی کوردیدا بنەبڕ و تۆو بڕ و ریشە کێش بکرێت و ڕەنگ و رواڵەت و جەوهەر و ناوەڕۆکی ڕاست و دروستی رەواو, ئازادیخوازانەی مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد, وەک نەتەوەیەک کە ( مافی دیاری کردنی ئازادانەی چارەنوسی خۆی بە دەستی ڕۆڵەکانی خۆی) بەو شێوە و جۆر و چێوەیەی دەیەوێت بچەسپێت و هەر دەسکەوتێکی کاتی و مەرحەلیش هەنگاوێک بێت لە سەرە ڕێی شاری بەکار هێنان و بە ئەنجام دانی ئەو مافە, کە مافی رەوای هەموو نەتەوەیەکی سەر ئەم گۆی زەویە یە.. و لە ڕووی دەرونیشەوە گێڕانەوەی بار و وورە و پلەی شۆڕشگێری و دەفعی شۆڕشگێڕانەیە بۆ نێو دڵ و دەرونی جەماوەری کورد و زێتر کڵپە سەندن و خۆ قایم کردن و پەلاماردان و قوربانیدانە لە لایەن جەماوەرەوە و چاکترین و کاریگەرترین شێوازێکە بۆ بەرگرتن بە کەمتەرخەمی سەنگەر گۆڕین و خۆفرۆشی و ناپاکیش! بۆیە هەر خۆ گێل کردن و خەلک گێل کردن و لادانێک لەم سەرەتا ( عیلمی و عملی)یانەدا بەشداریەکی ناراستەوخۆ و گلاوی هەوڵی چەپەڵ و دوژمنانەی داگیرکەرانی کوردە بۆ پتر ئاڵوز کردنی خەباتی نەتەوایەتی کورد و گەورەترین دەروازەی خۆ ترنجاندنە ناوەی ناپاکانەی دوژمنانی کورد بۆ نێو ڕیزەکانی جەنگاوەرانی کورد وشێواندن و چەواشەکردن و بەرە و هەڵدێر بردنی کاروانی خەباتی نەتەوایەتی کوردە و, هەر کەس و بەرە و لاو کۆر و کۆمەڵێک بەشداری ئەم تاوانە بکات تاوانەکەی دوو هێندەی داگیرکەرەکەیە و ڕوو زەرد و ڕیسوای بەردەم خواو کورد و مرۆڤایەتی دەبێت جگە لەمانەش ئێمە لە مێژووی کۆن و نوێماندا زۆر جاران ( کوڕی خۆمان کردۆتە قوربانی کچی خەڵکی) تەنها ژان و نەهامەتی و پتر چەوساندنەوە و ژێر دەستەییمان لێ دۆزیوەتەوە!

- لە مێژووی کۆنماندا گەورەترین پاڵەوانێکی میللی و داستانی نەورۆزی کورد ( کاوە) بووە, کردەی کورد بووە و بردەی ( فەرەیدون).

- ( ابو مسلیمی خوراسانی) بە بازو و خوێنی کورد دەسەڵاتی ڕەشی ئەمەویانی لە ناو برد کەچی (بنو عباس) و ئاڵا ڕەشەکانی عەباسی بەرهەمەکەیان خوارد ( ابو جعفەری) بەد نمەک لە چاکەی کوردا ئەبو موسلیمی بە فێڵ کوشت و (ابو دەلامە)ی ڕوو هەڵماڵراویش بە هۆنراوەیەکی ڕوو زەردی جویناوی پاداشتی کوردی داوەتەوە.

- صلاح الدینی ایوبی نەبوو شەرەفی ئیسلامی پاراست و هەر لە ژێر ئەو شەرەفەشدا نییە قەلاچوکراوین و دەکرێین؟!

– کەریم خانی زەند ئێرانی لە ئاژاوەی قاجاریان قوتار کرد و کەچی پاشان ئێسک و پرۆسکی لە ژێر پایەی کورسی پاشاکانی ئێراندا نێژرا.
– سەربازی نەناسراوی تورکیا بە دەمی سوپاسالاری تورکیا بە سەربازێکی کورد ناسرابوو, کە چی رەنجی پیاز فرۆشمان دەست کەوت..
– لە ( شعیبە) و ( فرات) دا هەزار سوارەی کورد نەبوون بەریان بە ئینگلیز گرت!؟ چمان چنگ کەوت؟!
هەزار ساڵە پاسەوانی سەر سنووری ئەم و ئەوین, لە شەر و ناخۆشی و کۆستا لە سەر دڵانین لە کاتی حسێب و ئاسایدا دادەپڵۆسرێین!. ووشکە وەردی کێ ما نەیکێلین؟. دەستمان بە چمکی کێوە نەگرت لە بەر قاپی کێدا نەوەستاین؟!.. لە زەماوەندی کێدا دەستمان نەگرت؟.. ئەی بۆچی شتێکمان بۆ خۆمان نەکرد؟!.
بۆ دەبی دەست بەکونەماری هەزار و یەک جارەی گەستراو مانا بکەین؟. و بۆ دەبێ تولە رێ ی هەڵدێر و نائومێدی بکوتینەوە؟.
بۆ دەبێ هەر خۆمان بە کلکی روداو و خەڵکەوە وەبەستین؟. تا کەی ئەم تەلیسمە باوەر بە خۆ نەکردنە نەشکێ؟. تا کەی هەر وا ئاو لە دنگدا بکوتین؟.
تا کەی لە تەنگە بەرایی باوەر بە خۆ نەبوون و بۆ خۆکار نەکردندا گیر بخوێن؟.
کەی وەکو کورد بۆ کورد بیر بکەینەوە؟.
کەی واز لە خۆخۆری و بێگانە پەرستی و خۆهەڵواسین دێنین؟.
کەی بە هۆشی خۆماندا دێینەوەو چی دی جەماوەری رەش و رووتی کوردستان ناکەینە خۆراکی مەبەستی یەکێکی دیکە؟.
– ئێمە باوەرمان بە دوستایەتی و هاوکاری و هاریکاری نێو گەلان هەیەو بێ ئەو هاریکاریە ژیان خۆی نا چەرخێ.. بەڵام پێمان واشە کە تا کورد شت نەبێ, کورد و کورد برا نەبن و دەوری سەربەخۆی نەبێت, هەر دۆستایەتیەک باسی لێ بکرێت, خۆهەڵخەڵەتاندن و خەڵک فریو دانەوە ( ئاغا و خزمەتکار) و ( پاشکۆیی)یەکی بە حورمەتە و بەس ...
– ئێمە باوەرمان بە پێویستی گرێدانی خەباتی نەتەوایەتی و رزگاری خوازانەی کوردە بە خەباتی گەلە چەوساوەکانی جیهانەوە و دوور کەوتنەوە لەم سەرەتا بنەڕەتیە هاوبەرژەوەندی و هاوچارەنووسی چەوساوانی جیهان لادانە لە کوردایەتی. بەڵام دژی ( خۆ نەویستی) و (خۆ لە بیر چونەوە) و ( بڕوا بە خۆ نەبوون) و ( چاوە چاوی دەستی بێگانەین).
– ئێمە باوەرمان بەوە هەیە کە لە بار و هەل و مەرجێکی وەکو ئێستای کورد و شێوە و جۆری دابەش کردنی کوردستان و دار و بار و عەقڵیەتی دواکەوتوو

و شێت گیرانەی دوژمنانماندا, گەیشتین بە ئامانجە رەوا و مێژوویەکانی کورد دەیان قۆناغ و جێ گۆرکێ ی دەوێ, پێویستە هەر قۆناغەی بە پێ ی هەل و مەرجی خەباتی ئەو رۆژە و هەڵکەوتی خۆ و دۆست و دوژمنی دروشمە و داواو هەنگاو و شێوازی خەباتی بۆ بگونجێنری و ئەو پەڕی سود لە هەموو توانا و لایەک وەربگیردرێت بۆ خزمەتی مەسەلە بنەرەتیەکانمان.. بەڵام دژی ئەوەین لە ناوەراستی ڕێدا بە نیوەچڵی جەماوەر جێ دێڵن و لە ژێر چارشێوی ( تکتیک) و ( قۆناغ) و پۆزشی نا بە جێدا واقعی نادروست و سەپێنراو بە سەر خۆماندا ساغ بکەینەوە و لە بەر دەسکەوتێکی کاتی و خۆخۆیی حیزبی تەسکدا مەسەلەکەمان بدۆڕێنین. ئێمە پێمان وایە ( سیاسەت) منداڵ بازاری گرۆ گرتن و پێ داگرتن و ( شەڕی خۆترین) نییە ... سیاسەت هونەر و کارزانیە.. بەڵام بەو مەرجەی هەر خۆحەشار دان و مت بوون و خاو بوونەوە و بادانەوەیەک کاتی و کەم خایەن و لە بەر پێویستی بێت و خۆ کۆکردنەوە و گوڕ بەستنەوەیەک بێت بۆ پەلامار و هەنگاوێکی نوێ و پێشکەوتوو.. ئێمە دەزانین و باوەرمان بەوەیە ئەوپەڕی مومکن لە کاتێکدا دەبێ ئامانجمان بێت.. بەڵام ( ئەو پەڕی مومکن) و ئامانجە کاتیە ئیستگەیەکی گوێزانەوە و خۆ کۆکردنەوە بێت بۆ سەفەرێکی دوورتر, نەک مەڵبەندو مۆڵگەی خۆمەلاس دان و بار و بارگە خستن. ئێمە لامان وایە ئەو کوردەی دەتوانێ لە گەڵ بەرەیەکی داگیرکەر یان لایەنێکی ( معارزە)یان دوژمنێکی دوژمنەکەمان یان بێگانەیەکدا ( ئەگەر بۆ وچانێکیش) بێت دابنیشێ و هاریکاری و هاوکاری لە گەڵدا بکات وماڵی لە گەڵ تێکەڵ کات.. ئەگەر لە گەڵ برایەکی کوردا سەر و ماڵ نەکەن بە یەک کورد نییە.. کوردیش بێت یان سەر لێ شێواو و چەواشە و گێل و گەوێر و ناپەسەندو بێگانە پەرستە یان خۆفرۆش و کلکە ئیدی هەرچی دەبێ با ببێ و چ رەنگێ لە خۆی هەڵدەسوێ بابسوێ ...

– ئەو سیاسیەی بیر و باوەر و رێکخراوەکەی لە کورد و بەرژەوەندی کورد لا مەبەستتر بێت, بازرگان و دەلاڵە..

– ئەو بیر و باوەڕی لە پێویستی کورد و بۆ خزمەتی کورد نەڕسکابێت زۆڵەک و زڕ و زیانبەخشە.

– ئەو بیر و باوەڕی لە گەڵ ویست و خواست و بەرژەوەندی ماددی و مەعنەوی کوردا نەگونجێ ئاوەکی و دومەڵە لە گیانی کوردا ...

– ئێمە دەمانەوێ چی دی بەرەبابێک نیوەیان لەم دیوو نیوەیان لەو دیو پاسەوانی سنووری نارەوا نەکەن.

– ئێمە دەمانەوێ چی دی کورد بە چوار و پێنج پەساپۆرت نەبێ نەتوانی سەری

ولاتەکەی بدات نەهێلین و سەردانی کەرکوک و کرمانشاو دیاربەکر و قامیشلی چوار فیزەی نەویت, هەر فیزەی نەویت.

– ئێمە دەمانەوێ ناسنامەکەمان کوردی بێت نەک خێر و پاشماوەی بێگانە و هەراکانی لە گەڵ خواستی دوژمناندا یەک نەکەوتین بە تاوانی ( تێکدەر و یاخی بوو) ناسنامەکانمان نەسوتینن!...

– ئێمە دەمانەوی ئەو هەلە هەڵکەوتوانەی بۆ کورد رەخساوە پاش هەزار و یەک جاری لە دەست چووە, ئەو جارەشیان لە دەستی نەدەین و بە زیانی کورد بشکێتەوە..

بۆیە داوا لە هەموو کۆرو کۆمەڵ و رێکخراو و نیشتمان پەروەرێکی کورد دەکەین, لە هەر شوێنێک هەن, هەر بیروباوەرێکیان هەیە, چەندیان پێ دەکرێ و ناکرێ, چین و چی نین ,, هەموان پێکەوە هێز و توانا و ووزە و تین و هەلوێست و بوونمان یەک خەین.. مەسەلەی کورد لە ( چوار چێوە) و ( قەپێلکی) ناوچە گەرێتی و ئەم لاو لایی و حیزبایەتی تەسک و دەمارگیری بیر و باوەری رزگارکەین و وەکو ( کورد) و ( مەسەلەیەکی ڕەوا) و دیاری هەموان پێکەوە, هەریەکەی لای خۆیەوە و بە هاریکاری و هاوکاری وەرەقەی مەسەلەی کورد لە دەستی خەڵکی دەرێنین.. ئێمڕۆ مەسەلەی کورد گەورەترین مەسەلەیەکە لە سەر گورەپانی سیاسەتی" خۆرهەڵاتی ناوەراست" و" جیهانیش" و هەموو بەرە و هێزە دەوڵەتیەکان لە دۆسیەی یەکەمی بەردەمیاندایە.. بەڵام بێ خاوەنە.. خۆمان بە لای مەسەلەکەی خۆماندا با بچینەوە, با نەهامەتی و کارەساتی دوای جەنگی جیهانی یەکەم دووبارە نەبێتەوە و لە پشت مێز و پشت پەردەی سیاسەتی ( خۆرهەڵات و خۆرئاوا) و ( دەوڵەتانی ناوچەکە) دا تاو تۆی و یاری پێ نەکرێت.. بۆیە داوا دەکەین:

١ – هەموو هێزە سیاسی و کۆر و کۆمەڵان و پیاوچاکانی کورد لە ( کونگرەیەکی میللی)یدا – لە کوردستاندا یان دەرەوەی نیشتمان یەکگرن و بەرنامەیەکی میللیانەی پێشکەوتوو دابنێن.

٢ – هەرچی بووە و نەبوە لە بیر ببرێتەوە و بەرژەوەندی کورد بخرێتە پێش تەماعی شەخصی و سەروکایەتی حزبایەتی و شەڕە فکریەوە ... مەرج و مەرج کاری پێشەکی تەنها دڵسۆزی بێ بۆ کورد.

٣ – هەر لایەی بەرنامەو پێشنیاری خۆی پێشکەش بە" کونگرە" بکات و چاکترین و لە بارترین و کاریگەرترین بەرنامە ورێ و شوێن و شێواز بریار بدرێت و هەموان ( التزام)ی پێوە بکەن.

٤ – سەرکردایەتی میللی باڵا دەست بێت کە چاوەدێری و بەڕێوە بردنی ئەرکی خەباتی ( سیاسی و عەسکەری اعلامی) بگرێتە ئەستۆ..

٥ – سەرکردایەتی میللی,“ کۆمیتەیەکی سوپایی میللی” دروست کات کە هەموو پێشمەرگەی کورد لە سەرتا تاسەری کوردستان لە ژێر فەرماندەیدا بێت و پێشمەرگە تەنها ( التزام)ی بەو ( سەرکردایەتی و کۆمیتەیەوە) هەبێت و ( سوپای رزگاری کوردستان) بێت و دوور خرێتەوە لە مل ملانێ ی سیاسی و حیزبییەوە ... تەنها بە رۆشنبیری و بیروباوەڕی کوردایەتی و کورد ویستی پەروەردە بکرێت..

٦ – ئەوپەڕی ممکن ئامانجی کاتی و قۆناغی کورد بێت و بە هەموو توانایەک ڕی خۆش کرێت بۆ زەمینەی بە کارهینان و جی بە جێ کردنی ( مافی چارەنووسی کورد) کە ( یەکگرتنەوە و سەربەخۆیی و ئازادیە)

ئەی جەماوەری بەش خوراو و چەوساوەو راپەریوی کورد

ئەم کارە لە ئاسان ئاسان ترە ئەگەر دەستی بێگانە و بێگانە پەرستی و خۆفرۆشی و بەرژەوەندی تەسکی شەخصی و حیزبایەتی تێدا ببرێتەوە.. هەر کاتێ دەستی بدرێتێ تەواوی ئاسان بە دەستەوە دێت تەنها پێویستی بە ویست و نیەتی راست و پاک و کوردانەیە.. گەورەترین هەنگاوی سەرکەوتووی مێژووییەی لە مێژووی کوردا و کۆتایی بە ئازار و ئەشکەنجەو نەهامەتی هەتا هەتایە دێنێ..

هەر کەسێ بەرهەڵەست و بەر بەستی ئەم ئەرکەش دەکات خەجالەت و ڕوورەشی لای خوا و کورد بێت ... ئەمە بواری دڵسۆزیە.. ئەمە مەیدانی خەباتی راستیتیە.. ئەمە پێوانەی راستی دروشمە ئاڵ و والاکانی ( رزگاری کورد) و نەهێشتنی چەوسانەوەیە.. ئەمە تاکە ریگای ( رزگاری و ئازادی و یەکسانیە)..

**{{{ رزگاری و یەکگرتنەوەی کوردستان ئاوات و ئامانجی هەموو تاکێکی کوردە}}}**

هەولێرنامەی کتێب

# قوتابخانەی پاسۆک
# (وانەی پێنجەم)

**بۆ" پێش ئەوەی هەر شتێ بین.. دەبێ کورد بین"؟.**

لە سەرتاسەری مێژووی مرۆڤایەتیدا هەرچی بیروباوەڕو فەلسەفەو تیۆر و هەوڵ و کۆششێکی مرۆڤانەی خێرخوا بووە, بۆ مەبەستی" بەختەوەری" و" ئاسودەیی" مرۆڤ هاتۆتە بوون!. ئەمەش تەرجەمەی عملی زەق و بەرچاوی" پەلەی ژیان"ە.. کە دەستوری هەرگیز نەگۆڕاو و بنج داکوتاوی قوڵایی دەرون و بوونی مرۆڤە.. یەک ڕێبازی فکری و هەتا هەوڵی تاکانەش, هەتا خراپەکانیش, نەیتوانیوە بۆ ماوەیەکیش بێت بمێنێتەوە و خەڵکی بە خواستی خۆیان لە دەوریان خربێتەوە بێ ئەوەی کە ئەم ڕاستی بەرژەوەند و بەختەوەری مرۆڤەی, بەرێگایەک لە رێگاکان لە هۆشی ئەو خەڵکەدا نەچسپاندبێ! هەر کاتێکیش نادروستی و چەوتی ئەو فیکرو بیروباوەڕانە بە ئاشکرا ساغ بوونەتەوە, گەندەڵ بوون و پوکاونەتەوە.. دیارە ئەو بیروباوەڕو فەلسەفە و تیورانە تا وەستایانەتر و کارامایەنەتر رازێندرابێتنەوە و هونەری چەواشەو بەهەڵە بردنی زیاتر تێدا بە خەرج درابێت و ماوەیەک زیاتر خۆیان راگرتبێ و سودیان لە هەڵەی پێش خۆیان چاتر وەرگرتبێت, تا ڕەگ و ریشاڵ داکوتن, بە گەندەڵیشیانەوە بە سەخت تر هەڵقەنراون و تا رادەی پێویست بوونی شۆرش و پەلاماریشی گەیشتوون! هەشییانبووە چەندین ساڵ شوێنەواری سلبیان هەر ماوەتەوە ...

ئەمە دەمانگەیەنێتە ناخی ئەو راستیەی کە" بەختیاری" و" ئاسودەیی" مرۆڤ لە ڕووی ماددی و مەعنەویەوە, مەبەست چالاکی کۆمەڵایەتی مرۆڤ بوو, کە خۆی لە چوار چێوەی بیروباوەرو فەلسەفەو ئاینی ئاسمانی و حزب و رێکخراو و هەموو جۆر و شێوەکانی رێکخستنی کۆمەڵایەتیدا دیوەتەوە ژیانی کۆمەڵایەتیش تاقیگەیەکی حازر بە دەست و بەردەستی وەکو تاقێگەیەکی کیمیا و فیزیا و ئەو زانستانە نییە کە زوو بە زوو بتوانرێ راستی و چەوتێنی هەر تیۆرێک بە چرکەیەک و عەمەلیەیەکی مختبەری دەربخرێت! کەرەسەو رێ و شوێن و مەوداو بواری تاقی کردنەوە و لە مەحەک دانی ئەو تیورە کۆمەڵایەتی و فەلسەفیانە جیاواز و تایبەتین و واقع و تە گبیقی عملی و گونجان و نەگونجان و تێهینانەوە و کورت کردنی لە پراکتیکدا دەردەکەوێ کە مەودای زەمەنی لە چاو ئەوانەی دیدا درێژە دەکێشێ.. زانستی کۆمەڵایەتی و دەستورە تایبەتیەکانی مرۆڤ و ژیانی کۆمەڵایەتیش, رەق و تەق و زەق و ناچاری نین وەکو یاسا و دەستورە ماددیاکان کە بۆ جاری هەزار جارە و لێرە و لە مەڕیخ

و لەو پەڕی دنیا هەر یەک بن و هەزارو یەک هۆ و تایبەتکاری تێکەڵاویان دەبێت و سەرباری هەر هەمووش خەسڵەتی زۆر تایبەت و نەوەستاوی هۆش مرۆڤەکە خۆی, کە زەمینەی ئەو تیورو باوەر و فەلسەفانەن..

هەر ئەمەشە کە پاساوی بوونی ئەو هەموو بیرو باوەرو فەلسەفەو ڕێبازە جۆی جوێیانەی ژیانی مرۆڤ دەدات, و ڕاسترینیان لە نێو هەمواندا بەو گردە بریەی کە ئاو لە دوو ئەتۆمی هایدرۆجین و ئەتۆمێکی ئۆکسجین ڕێ دەستورە مادديەکەدا دەر ناخات و دەبێ لە میانی عەمەلیەی مێژوویی زۆر ئاڵۆزو پشوو درێژداخۆی بە سەر مرۆڤدا بسەپێنێ و یەک لای کاتەوە.. ئەمەش مانای ئەوە نییە تا قال و بەلا, ڕاستی و چەوتی تێکەڵ بن و هەر کەسێ بە بەری خۆی بپێوێ و هەر هەمووشیان ڕاست بن!! یان دۆزینەوەو گەیشتنی مرۆڤ بە ڕێبازی ڕاست وەک دووکەوتنی سێبەری خۆی دوورە دەست بێت!... تێ نەهێنانەوەی هەر تیورێک و ڕێبازێک و فەلسەفەیەک, بە لانی کەمەوە لە لانێک لە لانەکانی ژیانی مرۆڤایەتی, دەگەرێتەوە بۆ محدودیەتی ئەو تیورو فەلسەفانەو نامحدودیەتی ژیان و بوون, تاکە چارەی ئەمەش بە خۆکردنەوەو ئامادەگی بەردەوامی ی خۆ نوێ کردنەوە و" تعدیل" کردنە بە پێ ی داخوازی بارو هەل و مەرج و هەلکەوت.. کە ئەمەش لە مەیدانی فەلسەفە و قەرار دراو و کلۆمدراودا نایەتە دی! بۆیە ئەو فەلسەفەو بیرانە هەمیشە تووشی نەخوشی پشوو سواری و تەنگە تیلەیی و تێ نەهێنانەوە دێنەوە کە پیشەی هەمیشەییان پینەو پەرۆ کردن و عەیب داپۆشینیەتی تا دەگاتە سنووری کۆنەپەرستی و بە گژ واقع چوونەوەدا. ئەمەش دوا پلەی ژیان و سەرەتای مەرگی هەر بیروباوەڕ فەلسەفەیەکە. زیانەکەشی هەر بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەگەرێتەوە!

چاکترین ڕێگای خۆپاراستن و بواری ڕاستی و دروستی هەر بیروباوەرو فەلسەفەو تیورێکیش تەنها ( واقع) و چەندایەتی و چۆنایەتی بەدی هێنانی مەبەستی بنجی ئەو چالاکیانەی مرۆڤە کە" بەختیاری" و" ئاسودەیی"یەتی ....

بە واتایەکی دیکە.. ئەو ڕێبازو تیورو بیروباوەڕ و فەلسەفە زانستانە کە لە ئاست واقعدا کورت نایەنێ, یان ئەوەندە کراوە و" مرن"ە کە جێی گۆران و پێش هاتە باس لێ نەکراو و نوێکانی تێدا دەبێتەوە..

ئەویان ڕاستە و دەتوانێ بمێنێتەوە کە تا سەر لە خزمەتی مرۆڤدا بێت و لە بەر یەک گرتنی دوان, سیان, چەندانیکیاندا, میقداری چەندایەتی و چۆنایەتی"بەختیاری" و" ئاسوودەیی" مرۆڤەکە پێوانەو ( مؤشر)ی ڕاستی و تەرجیح دانە.

ئێمە مرۆڤ وەکو تاکێکی دابڕاوی, بێ پەیوەندی, سەربەخۆ نابینین! چۆن قەترە بە دەریا و تواوە و بی کەسایەتی و بوونی تایبەتی و وون بووی ناو کۆمەڵیش نابینین..

ئێمه مرۆڤ به تاکێکی خاوەن کەسایەتی و تایبەتی و خەسڵەتی جیاو و سەربەخۆی نێو کۆمەڵ و ئاوێتەی کەسایەتی و تایبەتی و خەسڵەتی جیا و سەربەخۆی تاکەکانی دیکە دەیبینین.. لە کاتێکدا کارتێکراوە, کارتێکەرێشە, لە کاتێکدا سەربەخۆیە بەشێکەو کەرتێکە لە کۆمەڵ ...

هەر ئەم خەسڵەتی تاکایەتی و کۆمەڵایەتی مرۆڤە کە کێشەی هەرە گەورەی بەردەم"بەختیاری" و" ئاسوودەیی"یەتی.. دۆزینەوەی دەستوری ووردو موو بڕی سنوری تاکایەتی و کۆمەڵایەتی مرۆڤ و ڕاگرتنی ئەو هاوسەنگی و بەرابەریەی نێوان خەسڵەت و پێویستیەکانی تاکایەتی و خەسڵەت و پێویستیەکانی کۆمەڵایەتی, تاکە ڕێگا و چارەی بنەبڕی سەرجەم کێشەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە..

وە نەبیٚ ئێمە ئیدیعای ئەوە بکەین کە بە" قودرەتی قادر" و" دەستی سیحراوی" لە شەوو ڕۆژێکدا توانیومانە خەتمی ئەم عیلمە بکەین و تاکە ڕێگامان دۆزیبێتەوە و چارەکەمان حەتحەتۆکەی حەوت دەرمانەی هەموو دەردانە! ئەمە زۆر لەوە گەورەو گران ترە هیچ کەسیٚ ( حورمەتی مرۆڤایەتی خۆی و ڕاستی بگرێت) ئیدیعای بکات.. ئێمە تەنها وەکو بەرچاو روونیەک و کرانەوە و بیرتیژیەک لە پەندو دەرسە مێژووییەکان و ڕامان لە واقعی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و سەلماندنی یاسای" بەختەوەری" و" ئاسودەیی" مرۆڤ! لە سەر پاراستنی تاقی کردنەوەی ژیانی مرۆڤایەتی دا کێشانە و پێوانەو ستاندەردی ڕاستی و دروستیمان دۆزیوەتەوە, کە بوار و مەحەکی هەموو بیروباوەرو تیور و فەلسەفەیەکە, بەوەی خۆشمانەوە.. ئەویش"بەختیاری" و" ئاسوودەیی" ماددی و مەعنەوی مرۆڤە..

کە مرۆڤ تاکە دابراو و خۆ بە خۆنەبێت, قەترە بە دەریای تواوەی نێو کۆمەڵیش نەبێت.. وەکو بوویەکی زیندووی بە هۆشی کۆمەڵایەتی.. لە چوار چێوەی باڵاترین شیوە و چوار چێوەی کۆمەڵایەتیدا دەیبینین کە" نەتەوە"یە, نەتەوەش ترۆپک و دوا پلەی گۆڕان و گەشە و ڕسکانی ژیانی کۆمەڵایەتیە.. بۆیە بوونی مرۆڤ, ژیانی, بەختەوەری, ئاسوودەیی, کەسایەتی و کۆمەڵایەتیشی هەر لەو چوارچێوە خۆرسکە سروشتییەدا دەبینین و هەموو دابەشکردن و حاڵەتەکانی دیکەی" ئاینی, مەزهەبی, چینایەتی, جنسی, ڕۆشنبیری, ژیاری,.. هتد" کاتی و قابلی گۆران و نەمان و خۆپەیدا کردنە, شتانێکی تەنها لە چوارچیوەی حاڵەتی سروشتییەکەی" نەتەوە"دا تێی دەڕوانریٚ و هەن.. یان نین.. یان تایبەت نین!.

بۆیە بەرژەوەندی و خواستی نەتەوە, ترۆپکی خواستە کۆمەڵایەتیەکەیە, و مرۆڤ تەنها لەو چوارچێوەیەدا دەتوانیٚ" کەسایەتی و کۆمەڵایەتییەکەی" بپارێزیٚ و گەشەی پیٚ بدات..

ئەگەر ئەم راستیە پێش چاوخەین" دەبێ پێش ئەوەی هەر شتێ بین.. کورد بین..»
هەروەها رۆڵەکانی هەر نەتەوەیەکی دیکەش وا.. مەبەست ئەوەیە:
پێش ئەوەی پاسۆک بین.. دەبێ بۆیە پاسۆک بین, بۆ خزمەتی کۆمەڵگەکەمان کە کۆمەڵگەی کوردەواریە.. مەبەستی" پاسۆک"ایەتیمان, تەنها و تەنها خزمەتی کوردە, نەک بەژن و باڵای پێنچ پیتی" پاسۆک" و هەتا بیروباوەری" پاسۆک" یش..
دەبێ بۆیە" مارکسی" بن, چونکە ئەو بیر و فەلسەفەیە دەتوانی نەتەوەی کورد بگەیەنیتە"بەختیاری" و" ئاسوودەیی" ماددی و مەعنەوی ...
دەبێ بۆیە" دیموکرات خواز"بین, چونکە پێمان وایە چاکترین رێگای خزمەتی نەتەوەکەمانەو کورد دەگەیەنێتە"بەختیاری" و" ئاسوودەیی" ماددی و مەعنەوی..
بۆیە فلان بیر یان فیسار فەلسەفە پێرەوی دەکەین, چونکە لە خزمەتی کوردایە و بۆ بەرژەوەندی کورد پێرەوی دەکەین, نەک لە بەر هیچ اعتبارێکی دیکە ...
ئەگەر هەر کاتێ و هەر دەمێ ئەمانە کورتیان هێنا یان پیا رانەگەیشتن یان رێباز و بیرو فەلسەفەی چاتر هەبوون دەم و دەست دەبێ بۆ خزمەتی کورد و بەرژەوەندی کورد و"بەختیاری" و" ئاسوودەیی" کورد بیگرێنە بەر ....
ئەگەر ئەمەمان کرد ئەو کاتە بە راشکاوی دەتوانین بڵێین خزمەتی کۆمەڵ دەکەین و شەرە گەرەک و دەرویشایەتی ناکەین.. ئەو کاتە دەتوانین عوزری هەڵە بوون و چەوت بوونیش لە یەکتری قبوڵ بکەین.. و تەنها ئەو کاتە دەتوانین بە راستی خزمەتی مرۆڤی کورد بکەین ...

بۆیە:

[ پێش ئەوەی هەر شتێ بین.. دەبێ کورد بین ].

هەوراز کتێب

## بۆ ئاگاداری

منداڵەکان
ئێوەن زەلکاو دەشڵەقێنن
ئێوەن ئە بوومەلەرزانەی
سبەی کانی دەتەقێنن
ئێوەن سبەی
سنووری دەستکرد دەشکێنن
قەفی زنجیری لێکپچڕاو
بەیەکترەوە دەلکێنن
لە قامیشلی
لە دیاربەکردی شێخ سەعیدا
لە سلێمانیی برینداردا
لە مەهابادی قازی دا
بەیەک فەلسەفە پێ دەگەن
گشت تێ دەگەن
ئەوەی کورد بێ نەوەی نوێ بێ
دەبێ تێشووی
ڕێی یەکێتی کوردی پێ بێ
****

## بانگی لە سەنگەری پاسۆکەوە

هاو وولاتیەکەم, هاونەتەوەکەم, هاوژان و چارەنووسەکەم.

سڵاوی ئازادی و یەکسانی

بوون و مانەوە و ژیانی ئازادی هەر تاکێکی نێو کۆمەڵ بەندە بە بوون و مانەوە و ئازادی نەتەوەکەوە نەتەوە ئەو بووە زیندوە یەزدانکردە رەنگرێژە سروشتیەیە کە قەوارەو قاڵب و بۆتەی ژیانە و بوونی مرۆڤ دەنەخشێنێ و دەپارێزێ و تەنها لە سنوور و ئامێزێ نەتەوەدا تاکە ئاسایی و تاکە هەڵکەوتوەکانی کۆمەڵ دەتوانن بوونی مرۆڤایەتی خۆیان بدۆزنەوە و ئەو رەنگ و خەسڵەتە مرۆڤایەتیەی جیایان دەکاتەوە لە رەوە بەرەڵا بێ سنوورو بێ هۆشی گیانەوەرانی دیکە و خەسڵەت و تایبەتکاری مرۆڤانەیان بەرچاو تر دەخات و قووڵی دەکاتەوە و دەی پارێزێ.

ژیان تەنها مانەوە بایولۆجیە روتەکەی هەناسە دان و خواردن و زاو زێ کردن نییە, و ئەم گۆی زەوییە بۆ ئەوە نەرەخساوە وەکو ئێستگەیەکی شەمەندەفەر و

دالانیکی تاریکی نەفەس بڕ پێیدا بڕۆین و ڕۆژگار پەنچە ژمێر کرێ و بە دیار چارەنووسی پەردە دادانـەوەی ژیانەوە هەڵتوتێین ئەگەر چی بوون هیچ ترس و رایەکی بە بوونەوەر یان مرۆڤەکە نەکردووە بەڵام ئەوەی بۆ ڕەخساندووە کە تام و چێژ و مانایەکی پڕشنگدار و شیاوی ( بۆ ژین)ێکی وای تێدا بێت کە ئەو هەموو جەنجاڵی و بگرە و بەردەیە بهێنی کە لە گەڵ یەکەم واتەی ساواییدا بەرەنگاری مرۆڤەکە دەبێتەوە:

هەر ئەو هۆش و گۆش و دەسەڵاتە بەر بڵاو وفراوانەی پێ نەخشراوە و ئەو بڵندی و تایبەتکاریەی هەیەتی دەیخاتە بـەردەم ئەو پرسیارەی کە ڕووداوێکی ڕێکەوت و هەڵتۆقیو نییە.. دەبێ لە گێژاوی شەپۆڵی جۆرا و جۆری هەڵچووی ژیان دا بە دوای بوون و ( زات)ی خۆیدا بگەڕێ و ئەو دەستوور و یاسا و ڕێچکانەی لە بەردەمدا دانراوە و ئەو دەسەڵات و توانا و بەهرەیەی هەیەتی و ئەو تایبەتکاری و بێ نموونەییەی لە ناخ و واقعدایە هەقی خۆیان بداتێ و پەیڕەویان بکات و پشت لە هەلی مێژوویی, دیاری کراو و نەخشێندراو نەکات بە تاکە ڕێگای خواکردی سرووشتی پێویستیدا ڕەوتی مێژوویی خۆی, چارەنووس و ڕێبازی بوون و ژیانی مانا قووڵ و بەرفراوانەکانی بوونی بۆ وەدۆزێ.. بوونی نەبێتە خەسارەت و بە ملدا کەوتنی بەلایەکی نابەجێ!.

مرۆڤ ئەو ئاسۆ ڕوناکەی بەردەمی و ئەو ڕێچکە مێژوویی و ئەرک و تایبەتکارییەی مرۆڤانەی خۆی تەنها لە ( جو)ێکی دروست و گونجاو خۆڕسکدا دەتوانێ تاوتوێ بکات و بگاتە ترۆپکی مانا گەشە دارو پیرۆزو بەپیرەکانی ژیان,ئەمانەش هیچیان بێ زەمینەیەکی زیندووی واقعی و مەودایەکی سروشتی و فراوان و گونجاو و قەوارەو قاڵبێکی مرۆڤانە بوونیان مەحاڵە و دەستگیر نابێت ئەویش تەنها قەوارەی" نەتەوە" و (بیری نەتەوایەتی ئازادیخواز) و ( ڕێبازی مێژوویی نێو نەتەوە) و ( دەستوری ژیانی نەتەوایەتی) سەر گۆی زەویە بێ بوونی قەوارەیەکی نەتەوەییەی! و بوونی ئاژەڵدا! نابێت و لە هەموو بەرپرسیاری و پێشەوایەتیەکی مرۆڤانەی دەکەوێ سەر باری ئەمانەش ( هۆش) کە گەورەترین و پیرۆزترین و کاریگەرترین کەرەسە و چەک و ئامرازی" پەلەی ژیان"ە دەبێتە بەڵا بە سەر مرۆڤەکەوە و ئەو ژیانە ئاژەڵیەشی پێ لەق دەکات, چۆن رووەکێک بێ ڕەگەکانی و زیندەوەرێک بێ ڕەوەکەی هەڵ ناکات و لە یاسای بوون دەترازێ! ئاواش مرۆڤەکە بێ ئەو قەوارە نەتەوایەتییە لە بوون و ژیانی مرۆڤانەی دەترازێ.

بۆیە بەر لە باس کردنی جۆرو شێوە و شێوازی ژیان و ڕەواو ناڕەوایەتی و دەسگا و دوکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕێچکەو ڕێبازی ژیانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و

سیاسی و ئاینی و تێکڕای لانەکانی دیکەی ژیان و کێشمە کێشی فەلسەفیانەی ژیان و گونجان و نەگونجان دەبێ زەمینەی واقعی ئەم باس و خواس و ئامانج و ڕەنجانەی مرۆڤ مسۆگەر کرێت و کەرەسەی بابەتی هاوبەش و پێویستی هەموو چالاکیەکانی مرۆڤ لە بەر دەست دا بێت و دیاری کرێ و بپارێزرێ, کە قەوارەو بوونی ( نەتەوە) و گەشەو نەش و نماکردن و رەگ داکوتاندنی ( بیری نەتەاویەتی خۆرسک) و ژیانی ( نەتەاویەتی) مێژوو کردە. ئەشێ مرۆڤ وەکو گوڵێکی سیسەوە بووی دەست کردو خزمەتکار لە ئینجانەی دەستی و ناسروشتیدا بڕوێ و رەنگیش بداتەوە, بەڵام گوڵی سەر مێوو هەواوهەوەس و ویستی یەکێکی دیکەیە! ئەگەر وەکو زاراوە ناوی گوڵ و ژیانی لێ بنرێ لە راستی و واقعدا تەنها دیکۆرێکی بێ گیان و جوڵە و بێ کاریگەرێتیە, وەکو هەر پارچە فایبەر و فلینێکی دیکەیە کە لادیواری پێ دەنەخشێنرێ! ژیان بوونی دەرەوەی ( نەتەوە) و بێ ( نەتەوەیی) لە ئاستی بەرابەری ئەو گوڵە دیکۆرە و گولاڵە سوورە سەرکەش و سەربڵند و گۆری تەبیعەتی کوردستاندایە. ژیان و واقعی مرۆڤیش گەلێک لەوە سەرسەخت تر و دڕ دۆنگ ترە لەم بارەیەوە, باخێکی بێ پەرژینی بەرەڵا چەندە کراوەیە بۆ هەموو رەوەو تێ بەربوون و دەست درێژی و شێلانێک مرۆڤی بێ وڵات و بێ ( نەتەوە) و بی ( بیری نەتەوایەتی) گەلێ هەڵماڵاوەترە.

ئێمەی مرۆڤی ( کورد)یش دەتوانین لانە ئاژەڵیەکەی ژیان بە ( خواردن و خواردنەوە و رۆژ بردنە سەر و زاو و زێ)مان چنگ کەوێ ئەگەر ( کورد)یش نەبین! بەڵام لانە زاڵەکەی ( مەعنەوی) و ( ژیان و بوونی مرۆڤایەتی)یەکەمان تەنها لە چوارچێوەی قەوارەی ( نەتەوەی کورد) و ( بیری نەتەوایەتی) دا چنگ دەکەوێ. دەستووری ژیانیش کە مەرگی داناوە بۆ هەڵبژاردنی هۆشمەندانەیە لە نێوان ( بەتاڵی و بێ نیشتمانی بێ قاڵبی نەتەوایەتی) و (خورتی هاوولاتی و بوونی نەتەوایەتی) و ( مافی میللی) دا لایەکی چالاکی ژیانی مرۆڤەو پشت هەڵکردن لەم لانە پیرۆزە پشت هەڵکردنە لە بوونی مرۆڤایەتی مرۆڤ خۆی کوشتن و فەوتاندنە.

(قیبتی و فینیقی و ئاشووری و بەربەر) یە مردن و لە ناوچوونی کیانە نەتەوەییەکەیان مردوون؟ کوان؟ ئەگەر هەشبن لە ژێر چ ئاسمان و چ ناوێکدا دەتوانن بژین؟ ئایا هەمیشە پاشماوە خۆری سەر خوانی خەڵکی دیکە نابن؟!

بۆیە هەموو هەوڵ و چالاکی و هەڵپە و پەلامار و خەبات و تێکوشانێک لە سەرە رێی پیرۆزی ( کوردایەتی) و پاراستنی ( نەتەوایەتیماندا) هەوڵ و خەباتە بۆ ژیانی ئازادی و مرۆڤانە و لەسەرمانە لە هەموو هەل و مەرج و بار و بە هەموو شێوە و جۆر و رێگایەک هەرچی هەمانە و نیمانە بیخەینە خزمەتی خەباتی رەوای نەتەوایەتی ئازادیخوازنەی کورد. دەبێ بشزانین کە شاڕی خەبات و تێکوشان هەمیشە بە

هەزاران کەند و کۆسپ و لەمپەر و پەیمانی درک و داڵ و نارەحەتی تەنراوە, بەڵام تاکە ڕێگای ڕزگاری سەرفرازی ڕێچکە مێژووییشمانە و چارەنووس و دوارۆژمانە.. تەنها ڕێگای بوون وژیانیشە, لە بەر ڕۆشنایی ئەمانەدا وەکو کوردێکی بە شەرەف و بەوەفا و دڵسۆز و هۆشمەند بانگی کوردایەتیت بە هۆشدا دەدەین و بانگەوازی بەشداری شەرەفی کاروانی خەباتی نەتەوایەتیت لێ دەکەین و هیواداریین لە ئاستی ئەو هیوا و متمانەیەدا بیت کە ئێمە پێت دەکەین و کورد چاوەروانت لێ دەکات بە پیرەوە نەهاتنی بانگەوازی خەبات و تێکوشان ڕۆچوونە بە پاشەڵی مێژوودا و خۆکوشتنی مرۆڤایەتییەی, لە دەست مانای ژیان و مرۆڤانە.

ئێمەی ( پاسۆک) , لامان شەرمە داگیرکەر و دوژمنانی نەتەوەکەمان ویست و خواستی خۆیان بە سەر نەوەکانی ئەو نەتەوە دلێر و قارەمانانەدا بسەپێنن دوو هەزار و پێنچ سەد ساڵە باوباپیری وەکو چیاکانی کوردستان سەریان بڵندە لە ئاست دۆست و دوژمندا, نیشتمانی خۆشەویستمان و بوونی نەتەوایەتیمانیان بە خوێنی هەزاران هەزار جوامێری نەمری کورد پاراستوە و ئێمرۆ ئاڵای پاراستنی کوردستانی دایکمانیان و نەتەوەکەیان داوەتە دەست ئێمە.. ئێمە بە زەخیرەی خەبات و کەرەسە و میراتی شۆرشگێڕی مەعنەوی ئەوانیشەوە, نەتوانین پارێزگاری شەرەفی بڵندی ئەو ئاڵایە بکەین, شیاوی ژیانی مرۆڤانە نین! جا کێ ئەم سووکیەتیە بە شانی خۆی ڕەوا دەبینێ. کێ ئەو زەلکاوی سەر شۆری و ملکەچیە هەڵدەبژێری. کێ لە دەستووری نەمری خەباتی کوردایەتی لادەدات؟! کە بە زمانی کوردی و ویستی و ڕۆحی کوردانەوە وەڵام بدەینەوە دەڵێین: کەس! ئەوەی پێچەوانەی ئەم یاسایەش بێت ( کورد) نییە, ئەگەر چی زگێکی کوردیش ڕسکاندبێتی, بێ گومان سەرچاوەی ئەو ڕسکاندنە بێگانە و نائاشنایی دەروون و بوونی کوردانەیە ...

بیر و باوەری نەتەوایەتی کورد ( کوردایەتی) کە ئێمرۆ خۆی لە چوار چێوەی بیروباوەری و ئایدولۆژیەت و ڕێبازی شۆرشگێڕانەی ( پاسۆک)دا دەنوێنێ و ئێمەی پاسۆک دەڤری مادی و مەعنەوی ( کوردایەتی) پیرۆزین باوەڕی بێ گومان و بناغەی ئەستورمان لە سەر ڕەوا و پیرۆزی و پێویستی و حەتمیەتی سەرکەوتنی خەباتی نەتەوایەتی کورد هەڵچنیوە و ڕێبازی بەرگری کردن و پاراستنی بواری نەتەوایەتیمان گرتوَتە بەرو ئامانجی ( ڕزگاری و یەکگرتنەوە و ئازادی کوردستان و یەکسانی نەتەوەی کورد)مان خستۆتە بەرچاو و هەستو بونمان و دامەزراندنی کیانی سەربەخۆیی کوردمان کردۆتە نێرکەی خەباتی نەتەوایەتیمان و بیروباوەڕی پیرۆزی کوردایەتیش مەشخەڵ و ڕێ دەرکەر و تێشووی ڕێگای دووری پیرۆزمانە.

## له كه‌له‌پووری شۆڕشگێڕیمان

**ئه‌بێ میلله‌ت یه‌ك بێ له‌گه‌ڵ یه‌ك**
**له ئه‌ربابی قه‌ڵه‌م تا خاوه‌نی چه‌ك**
**ئه‌گه‌ر كوردێك ئیهانه‌ت كه‌ن له به‌سره**
**هه‌موو بێینه خرۆش جۆش و نه‌عره**
**هه‌تا حه‌قی نه‌سێنین ڕانه‌وه‌ستین**
**له‌به‌ر بێ ئیتفاقی خوار و په‌ستن**

**من یه‌خه‌ی خۆ له‌بۆیه دائه‌دڕم**
**ئێوه نابن به هیچ و من ئه‌مرم**
**ده‌بێ من كه‌یفی چیم به دونیا بێ**
**قه‌ومی من وا ڕه‌زیل و ڕسوا بێ**
**بێكه‌س و بێده‌ر و بێ سه‌ردار**
**ئه‌وی ڕێگای له كوردان گۆڕی**
**له‌عنه‌تی خوای له ئه‌لحه‌د و گۆڕی**
**میلله‌تی كورد فه‌قیر و به‌سته‌زمان**
**به قسه‌ی ئه‌و كه‌سانه چۆن خه‌ڵه‌تان**

مه‌لا محه‌مه‌دی كۆیه

**٤ – دژی خۆبەستنەوەین بە هەر بەرەیەکی دەوڵەتییەوە, مەگەر بەرژەوەندی بەرزی کوردی تیدا بێت و مەترسی بۆ سەر ئازادی و سەربەخۆیی کوردی تێدا نەبێت.**

لە ژیانی میللەتان و مێژووی دەوڵەتان و پێویستی پێکەوە ژیان, هەتا لە ئاستی ساکارترین شێوەی کۆمەڵایەتیدا کە" خێزان"ە هەمیشە دوو ئاست و دوو ڕێچکەی گوزەران و چالاکی کۆمەڵایەتی هەبوو,.. ئاست و ڕێچکەی هەرە گرنگ و یەکەم, ژیان و پەیوەندیەکانی ناوخۆیە و دووەمیان.. پەیوەندیەکانی دەرەوەیە. کە بەواتایەکی دیاریکراو و فراوانتر سیاسەتی ناوخۆ و سیاسەتی دەرەوە..هەر یەک لە مانەش زەمینە و کەرەسە و پێویستی و ڕێ و شوێن و داب و دەستوورو بنەما و سەرەتای خۆیان هەیە.. سیاسەتی ناوخۆ – بە کورتیەکەی – بریتیە لە شێوە و جۆری ژیانی کۆمەڵایەتی وسیاسی و ئابووری و ئاین و سەرجەمی پەیوەندیەکانی نێو کۆمەڵ کە لە گۆڕان و گەشەکردن و فراژوبوونێکی بەردەوام و بەرەو پێش چوندا دەبێ ببێت. خواستء ویست و بەرژەوەندی زۆربەی کۆمەڵ دیاری دەکات و چ دەسەڵات و هێزێکی دەرەکی بۆی نیە دەستی تێوەردا و ئەمەش سەرەتای پێویستی ژیانی ئازادانەی مرۆڤایەتییە ...

بەڵام سیاسەتی دەرەوە تا ڕادەیەکی زۆر چەسپاو و نەگۆڕە لە رووی ناوەروک و مەفهومەوە کە دەتوانین بڵێین بریتیە لە ( پاراستن و پارێزگاری بەرژەوەندیە نەتەوایەتیەکان بە پێ ی یاسا و دەستوری نێو دەوڵەتان) ئەوەی ڕاستی بێت تا ئێمرۆ ئەم ڕێچکەیە لە سەر بناغەی بەرژەوەندی و دەسکەوتی نەتەوایەتی و نیشتمانی هەڵچنراوە. مەگەر بۆ ئارایش کردن و تیفتیفە دانی خرابێت و بخریتە بەر تیشک و پێویستیەکانی دروشم و ڕواڵەتی" دادپەروەری" و" مرۆڤایەتی" و" ڕەوشتی مرۆڤانە" و" ئازادیخوازی" و" پێشکەوتن" و" هاریکاری و بەرژەوەندی نێو گەلان" و لەم بابەتانە!.. دیارە ئەم جۆرە ئیدیعایانە لەو کاتانەدا ئاوێتەی یەکدی دەبن کە بە ڕێکەوت یان بە ناچاری لە گەڵ" بەرژەوەندیە" رووتەکان یەکگرنەوە و ئەو کاتە چ بۆ ڕاوە خەڵک و چ بۆ سەرپۆش دانی ئەو بەرژەوەدیانە بە توێژاڵیکی بریقەداری ڕەزا سوکی ژیکەڵە چ مانعی نامێنێ ئاوێتە کرێن بەس لە هەموو حاڵەتاندا کەس نیە عەیبی خۆی دەرخات و بە گەڵا توویەکیش بێت هەوڵی شاردنەوە و پاساو هەر دەدات. جا هەر بار و کات و شوێنەی بە پێی توانا و پێویست و گونجان ئەمە بە ئەنجام دەگەیەنێ ئەمەش مانای ئەوە نییە کە چ بەژەوەندیەکی هاوبەش و هاوچارەنووس و هاوباوەڕی

نەبووەوە و نابێت. بێ گومان مرۆڤ تەنها گیانلەبەرێکی هەڵپەبەری, خۆویستی بە گژا چووی دەوروبەری نییە و بەس.. بەڵکو گیان دارێکی کۆمەڵایەتی سیاسیە کە خواست و پێویستیەکانی بوون و مانەوە و بەردەوامی ی لە پێکەوە هەڵکردن بۆ گونجان و هاریکاری و هاوکاریشدا دەبینێ.. واش نەبوایە, لە بچوکترین تاکەی کۆمەڵایەتییەوە کە" خێزان"ە تا دوا پلەی گەشەو قەوارەی کۆمەڵایەتی کە" نەتەوە"یە.. نە دەهاتە بوون ... هەردوو لایەنەکەی تێدایە و هەردووکیان رووی سلبی و ئیجابی" پەلەی ژیانی"ن کە دینەمۆی بوون و ژیانی مرۆڤایەتیە.. ئێمە لە پرۆگرامی حیزبدا ووتومانە ( شەرو هەراو خۆ خۆری دەستوری ژیانی سەخت ئەو سەردەمانە بووە, بە پێشکەوتنی مرۆڤ وفراوان بوونی ئاسۆی بیرکردنەوە و هەست و هۆشی مەسەلەکانی مەعنەوی خۆشەویستی و هاریکاری و دادگەری و ئاین و مرۆڤ دۆستی بە مانا ساکار و سەرەتاییەکانیانەوە) خۆیان ترنجاندۆتە ژیانی مرۆڤەوە..

هەر چەندە تا مرۆڤ لە بوونا بێت پەلەو هەڵپەی ژیان و هەوڵی مانەوە و خو راپسکاندن لە مردن هەر دەمێنی و سەرچاوەی هەموو جمو جوڵ و چالاکی و هەڵسوکەوت و گفتار و رەفتارێکی دەبێت, بەڵام رێچکەی مێژووی مرۆڤ هەمیشە بەرەو ئەوە دەچێت کە ئەو شتە رەواو زگماکانەی لە شێوە دڕندایەتی بە حەیوانیەکەیدا نامێنێتەوە و هەمیشە بەرەو بڵند بوونەوە و پاک بوونەوە دەچێت, بە گرێدانی ئاشکراشە کە" ئاسودەیی" و" بەختەوەری" کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی تەنها لە برەو پێدان و گەشە کردن و فراژوبوونی لانە ئیجابیەکەی" پەلەی ژیانە" ئەویش هاوکاری و هاریکاری دۆستایەتی و رێزی بەرانبەری نێو گەلانە! لە سەر حسابی پوکاندنەوەی خۆخۆری و پەلامار و داگیرکردن و دەست درێژی نێو گەلان.. بۆیە ئەو راستیەی مێژووییە زانستیە کە دەڵێ: گەلان دۆستی یەک دین! ڕاستە و لەوەش راستتر ئەوەیە کە بەرژەوەندی و خێری تەواوی هەموان لە هاوکاری و هاریکاریدایە نەک بە یەکدا هاتن و یەکدی خۆری.. بەڵام وەنەبێ هەروا بەسانایی و بە نووکە پێنوسێ, یان خوازی پیاوچاکێ لەشەو رۆژێکدا ئەم سەرەتایە بچەسپێ.. تەنها بە عەمەلییەکی مێژوویی درێژ خایەن و هەوڵ و چالاکیەکی بێ پشوی هەموان دێتە دی ... چونکە پۆکاندنەوە لانی سلبی" پەلەی ژیانی" دیاردەیکی کۆمەڵایەتی نیە, بە بڕیارێک یان بانگەشەیەک یان کردنەوەی چەند بەندیخانە و قامچی بە دەستێک لە بن دەرێن.. وەکو لافاو دەبێ بەربەستی لەبەرا بکرێت و ئەم بەربەستەشە کاری رۆژ و دوو رۆژ نیە.. ئەگینا لەلایەکەوە بیگری, لە لایەکی دیکەوە سەر هەڵدەداو, و لە بوارێکدا وون کرێ, بە شێوە و لە بەرگێکی دیدا دەردەکەوێ ...

کەواتە – بەرژەوەندی و سودی گشتی – گەلان لە هاوکاری و لێک تێ گەیشتن و تەعامولی بەرانبەری و هاوسانیدایە.. هەموو شەڕ پێ فرۆشتن و دوژمنایەتی و دەست درێژی و چاو تێ بڕینێک دژی ویستی گەلان و مە نگقی مێژوو و سەرەتاکانی گیان و هەستی مرۆڤایەتیە.. بەڵام هەشن و زۆر جاران گەلانیشی تێوەدەگلێنرێ.. راست کردنەوەی بارێکی وا گلاو و چەوت, بە خەباتی بێ ووچان و گردە بڕو شۆرش گێراَنەی زۆر لێ کراوان دەبێت, نەک خۆدان بەدەستەوە و سارد کردنەوەی جەماوەر لە ژێر بەندو باو و دروشمانێکی چەواشە کەردا.. بۆ نمونە هەموان لە گەڵ ئاشتی و ئاسایش و هێمنیدان, بە تایبەتی گەلانی ژێر دەستەو بەش خوراو و چەوساوە و داگیرکراو لەو بوارەدا لە هەموو کەس زیاتر بەرژەوەندی دێتە دەست.. بەڵام تا یەک شەڕ خواز و داگیرکە بمێنێ دەبێ چەکی لە روو هەڵگیرێ.. بە واتایەکی تر چەسپاندنی ئاشتی چەکی گەرەکە! پاڕانەوە و دوعا و لاڵانەوە تاکە یەک فیشەک ناگێڕێتەوە.. هەرواش پەیوەندی ئیجابی نێو گەلان و دۆستایەتی, خۆراگری و بەگژا چونەوەی ناڕەوایی دەوێت, لە هەموو بار و هەل و مەرجێکداو لە ژێر هەر ناوێکدا بێت..

ئێمە دەزانین چەندین بەرەو دەستەی نێو دەوڵەتی هەن, هەر یەکەش بەهانەو بیانووی خۆیان هەیە.. لە دوای شۆرشی ئۆکتوبەری شۆڤێنی و بە تایبەتی پاش دووەم جەنگی جیهانی, دوو بەرەی دەوڵەتی گەورە هاتنە گۆڕێ! بەرەی وڵاتانی سۆشیالیست خواز, کە بەرەی" خۆرهەلات" و بەرەی" پێشکەوتخواز" و" بەرەی شیوعی" ناسراون.. بەرەی وڵاتانی سەرمایەدار, کە بە بەرەی" خۆرئاوا" و" ئازادی خواز" و" دیموکراسی" و" ئیمپریالیزمی" ناسراون.. کە یەکەمیان شورەوی و ئەویان ئەمەریکا پێرەوایەتیان دەکات.. ئەمیان بە ناوی دژی ( سەرمایەدار وچەوساندنەوە و ئیمپریالیزم) و ئەویان بە ناوی دژی ( دیکتاتوریێتی و کپ کردن و نەفس بڕکردن و پێشێل کردنی مرۆڤ) بەرانبەر یەک وەستانەوەنەتەوە! ئەگەر چی ئەمیان بڵێ سیر ئەویان دەڵێ پیاز! بەڵام لە سەر جەمی ئاکار و رەفتاری هەر دوولایان, لە زۆربەی هەرە زۆری حاڵەکاندا, بەرەی سۆشیالیستخواز پاڵپشتی بزووتنەوە شۆرشگێڕیەکان و گەلانی چەوساوە و زۆر لێ کراوان بووە.. قەڵایەکی گەورەی لە سەرکردنەوەی گەلان بووە, بە پێچەوانەی ئەمەریکاوە کە هەمیشە پاڵ پشت و هاوسەنگەری چەوسێنەرەوان و کۆنەپەرستان و داگیرکەران بووە.. بەڵام هێشتا وەکو دوو دەوڵەتی گەورە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان و بینەبڕکێ ی نێو دەوڵەتان و خۆ قایم کردنی نێوانیان هاندەری یەکەم و سەرەکی کردەوە و چالاکیان بووە.. ئەمە مانای ئەوە نییە هەردوویان لە یەک ئاستی تایبەتیدا بن و نەدار بێ نەپەردوو!.

نەخێر , لە مەیدانی هەڵبژاردندا بێ گومان دەبێ پێ بە پێ ی ئەو گۆران و گەشە کردن و چوونە پێشەوەیە هەنگاو هەڵنرێ و هەنگاوەکان هاوشان و جووت بن لە گەڵ واقعدا ئەگین دابڕینێکی گێلانە دێتە پێش کە هەڵدێری نەمانی لە پێشە.. ئەمەش بۆ گەلێکی بچوک و ژێر دەستە لە هەموو کەس پڕ مەترسی ترە و زۆر جاران دەکرێت بەدەمامک و دێوجامەی راوکردنی ئەو گەلانە, بۆ ژێر دەستە کردن و دادۆشین و هەتا تواندنەوەش..

بۆیە مرۆڤی شۆرشگێڕ دەبێ لە هەموو کەس راستگوتر بێت و ئەو کە دچێت بە گژ زۆر و ناڕەواییدا دەبێت وێڕای ئەوەش ببێت کە شتەکان چۆن و چۆن روو دەدەن و چۆنیان دەبینێ بیخاتەروو.گەورەترین ئەرکی شۆرشگێڕ پەردە هەڵدانەوەیە لە رووی واقعدا بە تاڵ و شیرینیەوە.. تەنها ئەوانەی سیاسەت و شۆرشگێڕیان کردۆتە گەندەڵان و لە پەنایدا لە سەر ئەستۆی میللەتان زاتی خۆیان قەرز دەکەن بە سەرکۆمەڵدا بە کورتی“ هەموو جۆرەکانی بازرگانی سیاسی دەکەن“ تەنها ئەوانەن کە جەماوەر لە زەلکاوی نادیار نا مەفهوم و شیعاراتدا دەخنکێنن..

راستیەکەی ئەمانە چۆنکی دۆستی گەلەکەی خۆیان نین, چۆنکە ڕاستییان لێ چەواشە دەکەن و کەری راوی خەڵکی ترن بۆ راوکردنی جەماوەرەکەیان!! دۆستی کەس نین و پشت بە دۆستایەتیان نا بەسترێ ئێمڕۆ چەپن.. سبەی ڕاست! ئێمرۆ شۆرشگێڕن.. سبەی خۆدەربەستەو سازشکەرن.. ئێمرۆ  لە بەرەی گەل و گەلانن.. سبەی جەلادی جەماوەر و نۆکەری ئیمپریالیزمن.. هەر وا سەرنجی رابردو و روداوی سیاسی ئەم بیستساڵەی دوایی عێراق بدە.. بە تاکە تاکەی سیاسیەکانیش و حیزبەکانیشەوە.. ئەوسا دەزانین کە خۆدانە دەست ئەو جادوگەرانە لەمەی ئێمڕۆی پتر لێ شین نابێتەوە.. گەورەترین دەرسێکیش لێوەی فیربوبین کام شتەی زۆر ڕاستەو هەتا بەڵگە نەویستیشە دەبێ رۆژانە دەیان جار لە بواری واقعدا تاقی وەکەین.. هەر کورتی هێنا تێ هەڵدەین نەک پینەی کەین!.. جگە لە هەموو ئەم راستیانەی سەرەوە. وولاتانێک و رژێمانێک هەن کە هاوبیر وباوەڕ و هاوفەلسەفەن, بەڵام لە بەر پاراستنی سەربەخۆیی میللی و ئازادانەی خۆیان ئامادە نین خۆیان بە یەکێ لەو بەرە نێو دەوڵەتیانەوە وەبەستن! نمونەی“ یۆگوسلافیا“ی تیتۆ سەر دەق شکێنی ئەم راستیە بووە, جگە لە یاخی بوونی ( چین و ئەلمانیا) لێ یان.. ئێمە لە گەڵ دۆستایەتی و هاواکرین, بەڵام دژی خۆبەستنەوە و گرێ بەندین.. چونکە هۆیە بنەڕەتیەکانی ئەو چەند دەستەیی و بەرانبەر بوونەوەیە, پتر پەیوەندی دارە بە بەرژەوەندی وکار و باری تایبەتی و خۆماڵی ئەوانەوە.. زۆر زیاتر لە بەرژەوەندی هاوبەش و هاودەردو ئامانجی! بۆیە ئێمە لە دۆستایەتی سۆڤیتیەکان کەڵک وەردەگین, بەڵام گێچەڵ و

ناتابابیه دەوڵەتیەکانیان ناگلێنیتە ملی خۆمان.. لەمە توندتر کە بە گژا بچین ئەوەیە مل ملانێ ی نێو دەوڵەتی یان فیکری و ڕێبازەکانی بیرێک بێنینە کوردستانەوە.. بۆ نمونە صراعی چین و سۆڤێتی" ماوێتی و اصلاحی" و" ئەلەبانی وکۆرشیوعی" و چی و چی کە هەر یەکەی تایبەتکاری و مل ملانێ و بەرژەوەندی میللی لایەک ولاکانن نابێ رێ بدرێت کوردستانی بە فەتارەت چوو بکرێتە مەیدانی تاقی کردنەوە و مل لەبەر یەک نانیان.. ئێمە گامان نییە لە گارانی ئەو مل ملانێ  وپێکدا هاتنە تا ووشکە قونەیان بۆ بکەین و پێ ی کوردی پێ بە بەفربردوو بکەین.. بە تایبەتی دوژمنایەتی کردنی شۆڤیەت لە ژێر هەرناوێکدا سەکتە دانە لە بەرژەوەندی کورد  لەو خێرەی چاوەڕوان دەکرێت لە سۆڤیەتیەکان ئێمە بۆیەش هێندە لە سەر ئەم خاڵە دەوەستین و پتر سۆڤیەتیەکان بەرچاو دەخەین.. چونکە هەڵبژاردن نییە لە نێوان ئەوان و بەرەی ئیمپریالیزمدا.. بەرەی ئیمپریالیزم دوژمنی سەرسەختی کوردن و لە هەموو حاڵەتاندا دەبێ دژیان بووەستینەوە.. بەڵام دەبێ پەیوەندیمان لە گەڵ سۆڤیەتیەکاندا لە نمونەی پەیوەندی سەربەخۆیانە و ئازادانە و بەرانبەرییانەی" عبدالناصر" و ولاتانی پێشکەوتووخوازی سەربەخۆدا بێت.. نەک سۆڤیەتیەکان چەند و چۆنیان لە سەر ناکرێ.. بەڵام هێشتا لێفەی دراوسێ ماڵ چەندە ئەستور بێ بەجاجمە شڕی خۆنابێت.. هەر بۆیە ۲٥ دەوڵەتی بەرەی" ولاتانی بێ لایەن" لە سێپتامبەری ۱۹٦۱ دا لە بەلگراد کۆنگرەی یەکەمی" دەوڵەتانی بێ لایەنیان"مۆر کرد, کە دەیانویست ولاتانیان لە هاڕینی بەرداشی پێکدا هاتن دوو بەرە گەورەکەی" خۆرئاوا" و" خۆرهەلات" بپارێزن.. هەرچەندە دەستی هەر یەکێ لەم دوو بەرەیە بە جۆرێک لە جۆرەکانی کەندڕی ئەو بەرەیە دەکەن بە تایبەتی پاش نەمانی کەڵە پیاوانی ئەم بەرەیە کە ( تیتۆ و نەهرو و شوان لای و ناصر) بوون نەمان.. دەتوانین دەستەی چوارەم بە گەلانی ژێر دەستە و بەرەی پینچەم بە نەتەوە لە بیرچوە بەش خوراوەکانی وەکو ( کورد و باسک و بلوج و ئیرلەندی و فەلەستینی) حسێب بکەین .....

لەهەموو خۆبەستنەوە و پاشکۆییەکدا, جا لە ژێر هەر ناوێکدا بێت, هەمیشە تای ئەو لایە لەنگیوە کە بە هێز و دەسەلات و توانای ئابووری و سیاسیە. جیاوازی نێوان دۆستایەتی و پەیوەندی لە سەر بناغەی بەرابەری و بەرژەوەندی هاوبەش و هاوساندا هەیە لە گەڵ خۆبەستنەوە و چونە فەلەکی ئەم یان ئەوەوە.. لە حاڵەتی یەکەمدا دەتوانرێ ئەم هاوسانی و هاشانیەی نێوان بە دەست و بێ دەست و گەورە و بچوکدا, تا رادەیەکی زۆر رابگیرێ! بەڵام لە حاڵ و باری دووەم پاشکۆیەکی زەلیلی بێ دەسەڵات و خواست, ژێر دەستی و مل کەچیەی لە ژێر هەر ناوێکدا بێت.. لە نمونەی یەکەم, پەیوەندی سۆڤیتیەکان و میسری" عبدالناصر" نموونەی ساکاری ئەو

پەیوەندیە بەرابەریەدان..زۆرینەی پەیوەندیەکانی سۆڤیەت و دەوڵەتە نا شیوعیەکان لەم بابەتەن! هەتا ئەو دەوڵەتە شیوعیانەش کە خۆیان تەواو تەسلیم نەکردوە تا رادەیەک پەیوەندیەکە بەرانبەرە ( سۆڤیەت و ڤیتنام , سۆڤیەت و رۆمانیا).. بەڵام حاڵ وانیە لە گەڵ ( چیکۆسلۆفاکیا و مجر و ئەڵەمانیای رۆژهەڵات).. هەمیشە هەر وا بووە و دەبێ..

ئێمە بە توندی پێ لە سەر دوو خاڵ دادەگرین و بە قەدەر و چارەنووسی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی دا دەنیین..

١ – دۆستایەتی بێ چەندو چوونی سۆڤیەتیەکان.. کە تاکە رێگای خێر و بەرژەوەندی بزووتنەوەی رزگاری کوردە.. دەبێ – تا ئەوان بیانەوێ – ئێمە بە پیر ئەو دۆستایەتیەوە بچین و پێشوازی لێ بکەین.. بەڵام وەکو" کورد" و بۆ بەرژەوەندی کورد و لە سەر بناغەی پارێزگاری سەربەخۆیی کورد.. کە ئەوانیش بێ گومان ئەگەر خۆمان سوک نەکەین و خۆمان بەکەم نەگرین و خۆمان بەرماڵی کلکایەتی دانەخەین تەکلیفی واناکەن و نەیان کردووە.. بەڵام لە هەستی پەستی وخۆبەستنەوە بە شانازیەکی دەرەوەی شانازی کوردایەتی و بوون بە کوردمان... بە پاشکۆی ئەوان.. دیارە ئەوانیش حەز دەکەن نەرم تر بین.. یان گوێ لەمەست تر بین ئەگەر دەست بدات.. بەڵام لە ناخیشەوە وەک هەر بەرەیەکی تر حەز بە دۆستێکی خاوەن کەسایەتی و توند و پتەو و سەربەخۆ دەکەن و رێزیشمان زیاتر لێ دەگرن لە چاو دۆستێکی مل کەچی خۆ بە کەم زان.. چونکە ئەمەیان پەیوەندیەکی بتەوتر هەتا سەر تر و ------ ترە , لەوەی تر کە بەچکەی ژێر دەستەییە ...

٢ – هاوکاری و گرێ بەندی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە گەڵ بزووتنەوەی رزگاریخوازی عەرەبدا دیسانەوە لە سەر بناغەو بنچینەی بەرابەری و هاوشانی و هاوبەرژەوەندی.. نەک خۆ بە کەم گرێ و برا گچکەیی و گەورەیی جارانی سیاسیە ناوەڕاسترەو ترسنۆکەکانی پێشوو.. خۆ لە حاڵ و باری تایبەتیدا و ئەگەر بەرژەوەندی بەرزی کورد داوای توند تر کردنی ئەو دۆستایەتیەی کرد, وەک جۆرێک لە خۆ ئاوێتە کردن لە گەڵ بەرەی سۆشیالیستیخوازدا, بەو مەرجەی مەترسی بۆ سەر ئازادی و سەربەخۆیی کوردی تێدا نەبوو, دەبێ هەنگاو هەڵێنین.. وەکو" کورد" نەک وەک هیچ شتێکی دی بۆیە دوو بارەی دەکەینەوە کە:( دژی خۆبەستنەوەین بە هەر بەرەیەکی دەوڵەتیەوە, مەگەر بەرژەوەندی بەرزی کوردی تێدا بێت و مەترسی بۆ سەر ئازادی و سەربەخۆیی کوردی تێدا نەبێت).

ئەمەش کاتێ دێتە دی و دەتوانین وا بکەین کە پێش ئەوەی هەرشتێ بین.. دەبێ کورد بین ...

# تاریک و ڕوون

**تاریک**: مەسەلەی کورد کە هێندێکجار دوژمنانی ئێران باسی دەکەن لە بنەڕەتەوە لەئێران دا لە گۆڕێ نییە.

**وەزیری دەرەوەی ئێران**

**ڕۆژنامەی کەیهان ژمارە ۳۰ی حوزەیرانی ۱۹۵۸**

**ڕوون**: چوار یەکێکی دانیشتوانی ئێران کە دەکاتە ۱٦ ملیۆن کەس، کوردن.

**ولیام دۆگلاس**

**قازی دادگای بەرزی ئەمەریکا**

**خاکێکی سەیر و خەڵکێکی دۆست. ۱۹۵۲ لە (کوردستان و کوردە)وە.**

**تاریک**:قسەی خۆمان بێ نازانم ئەو خەڵکە بۆ لە تواندنەوە دەترسێن؟ تاقیکردنەوە نیشانی داوە کە تواندنەوەی بێهێزەکان لەلایەن بەهێزەکانەوە دۆخیان باشتر دەکات.

**دکتۆر چ . سەگبان**

**لە (کوردستان و کورد)وە.**

**ڕوون**:خەڵکی لادێ دەبینن کە بەزیندوویی لە بنکەی پۆلیس و ژاندارمە دەگەڕێنەوە،بەڵام هەموو گیانیان برینە. کەمالیستەکان لە دڵڕەشی بەرامبەر میللەتدا گرەویان لە هەموو سوڵتانە خوێن خۆرەکان بردۆتەوە. ئاکار و کردەوەیان بەرامبەر بە کەمایەتییە نەتەوایەتییەکان کە دەیانەوێ بەزۆر بیانکەن بە تورک زۆر دڕندانەیە. تا ئێستا ۱۰۰ هەزار کوردیان بەناهەق کوشتووە و هەزاران گوندی کوردیان سووتاندووە و تاڵان کردووە. هاتوچۆ بۆ ئەو گوندانەی سووتاون قەدەخە کراوە،بەڵام ئەو کارە ناتوانێ سیاسەتی خوێناوی حکومەتی ئاشکرا بشارێتەوە. ئیبراهیم تالقی بۆتە یەکەم چاودێر و حاکمی گشتی کوردستان. زەبر وزەنگ و تەمبێکاری ئەو کابرایە وڵاتی خراپ کردووە. ئێمە چەند کەس لە کۆمۆنیستەکان لە قەڵاتێکدا گیرابووین،کە کەوتبووە مەڵبەندی چاودێری گشتی. دەماندی کە ژاندارمەکان دەستە دەستە کوردەکان دەبەنە دەر و گوللەبارانیان دەکەن و پاشان دێنەوە ناو زیندان و پشتێنی ئاوریشمی کوڕە کوردە کوژراوەکان بە خەڵک دەفرۆشن.

**س: ئوستوو نگیل     ڕێگای خەبات**

**چاپی چیک، پراگ ۱۹۵۲**

**تکایەک**
**زۆر تکایە**
**بۆئەوەی منالّی ئێمەش**
**بووکە شووشەیان دەسکەوێ**
**وەکو هەموو**
**منالاّنی ئەم دنیایە**
**فێریان بکەن**
**ڕایان بێنن**
**تانک و تۆپی داگیرکەران**
**تێک بشکێنن**

## مالْئاوا
## دەرەبەگایەتی نێو بزووتنەوەی کوردایەتی..

شەقلّ و خەسلّەتەکانی سەردەمانی ڕەشی دەرەبەگایەتی کە ناوچەی تایبەتی و قەلّەمڕەوی سنووردار و ناوچە و مەلّبەندی قەدەغە کراو بووە، ئیمڕۆ بە بەرگ و شێوە و شێوازێکی نوێ و مۆدێرنیەوە لەنێو بزووتنەوەی کوردایەتیدا چەکەرەی کردووە یان نەمام نێژ کرا!! چۆن ئێستاش لە هەندێ ناوچەی کوردستان بەندەن و لێرەوار و پووش و پاوانی قەدەغە کرا وەکو دوا شوێنەواری دەرەبەگایەتی هەرماوە لە دار قیتەلّەوە تا دەگاتە کانی مەڕان و لە کانی مەڕانەوە تا بن بەردە سوورە و لە بەردەسوورەوە تا دەگاتە شیوی چەقەلاّن و لەوێوە تا دەگاتە دۆلّی فشان هی فلاّنە و قەدەغەی فیسارە و پاوانی ئەوە و مولّکی ئەوە. کە بە بەرۆگری چاخ و سەردەمەکانی دەرەبەگایەتی کە ئیمپریالیزمی جیهانییە هاتە سەر میراتی دەولّەتە گەندەلّەکەی عوسمانی کوردستانی وەک میراتی بابیان و بەشە میراتی وەجاخکوێر بەشییەوە بەسەر ٤ دەسەلاّتی داگیرکەردا.

هەلّتەکاندنی ئەو واقیعە تالّ و ناسروشتی و ناڕەوایە بووە. چاکترین و دلّسۆزترین و ئازاترین ڕۆلّەکانی ئەم نەتەوەیە بوونەتە دەستە چیلەی ئەو خەباتە پیرۆزە. کەچی تازە بە تازە گەرا ئینگلیزی بە چەکە ئیمپریالییەکان و کورد فرۆشان کوردستانی ٤ پارچە دەکەنە ١٠٠ پارچە و نا و قەلّەمڕەوی داخراو و تایبەت و قەدەغە

کراو لە ڕووی هێزو شۆڕشگێڕە دڵسۆزەکانی کورددا قووت ئەکەنەوە. تازە بەتازە دەرەبەگایەتی کۆمەڵایەتی مردوو لە بەرگی دەرەبەگایەتی سیاسی و حیزبایەتی زۆر ڕەزاقورسدا زیندوو دەکەنەوە.!. لەبری ئەوەی کوردستانی (خۆرهەڵات و خۆرئاوا و باشوور و باکور) لێک بدەن، قەراخ و سیوەیل و جافەتی و بادینان و بالەکایەتی و هەورامان لێک دەترازێنن و شەڕی پارتیزیانی ،چەمکی چەتەیەتی و ڕێگری و ناوچەگەرێتی و شەڕەگەڕەک و کۆڵان و ناوچەی دەدەنێ!.

دەبێ ئەمە چی بەدەمەوە بێت و بەدودا بێت؟ئەگەر هێزە شۆڕشگێڕە دڵسۆزەکان لێی بەدەنگ نەیەن؟ ئەگەر هیچ نەبێت مێژوو لێمان ڕاست دەبێتەوە و تاوانی ئەو پیلانە گڵاوە دەگلێتە ملمانەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# ((پێش ئەوەی هەرشتێ بین، ئەبێ کوردبین))

**ئاڵای سووری کوردایەتی**

**ئۆرگانی ناوەندیی هێزی پێشمەرگەی پاسۆک**

**چەکی بێ بیروباوەڕ سێدارەی جەماوەرە**

**ژمارە شەش///   پووشپەڕی /٢٥٩٣/ کوردی –   تەمووزی ١٩٨١**

## سەرەباس

+ پەیمانی لۆزان ئەوەمان فێردەکات، ئەوەی کوڕی خۆی بکات بە قوربانی کچی خەڵکی ...
+ ڕازێکی کوردانە: پوزای کوردی
+ لە کەلەپووری شۆڕشگێڕیمان
+ قوتابخانەی پاسۆک .. (وانەی شەشەم) لەگەڵ گورگدا گۆشت دەخوا و...
+ بانگێ لەسەنگەری پاسۆکەوە...
+ پرسە
+ شادەمارە سەرەتاکانمان..
+ ماڵاوا... سەگ بەزەبری کلکی ئێسقان دەشکێنێ!..

هەواڵنامەی کتێب

با ئەڵقەی زنجیر پێ بنەخشێنێ
پۆستاڵ دەماریجەرگ دەربهێنێ
بشگاتە ئاسمان قەڵای پڕ لە چەک
هێزی باوەڕی کورد ئەیڕوخێنێ

## پەیمانی لۆزان ئەوەمان فێر دەکات:
## ئەوەی کوڕی خۆی بکات بە قوربانی کچی خەڵک وەجاخ کوێر دەبێت!! ""

دەمێک بووئاگری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، چاوەڕێیدەرفەتێک بوو لە ژێر خۆڵەمێشی ناڕەوای عوسمانییە داگیرکەراندا، کزە بایەکی بۆ بڕەخسێ تا بگەشێتەوە و ئاگربەرداتە خەرمانی چەوسانەوە و ژێر دەستەییچەند ساڵەی کورد لەلایەن دوژمنانییەوە...ئەوەبوو یەکەم جەنگی جیهانی ئەو هەلومەرجەی هێنایەپێش کە ئەو زەمینەیە خۆش بێت ، بزووتنەوەی کوردایەتی پێ بنێتە قۆناغی رزگاری و سەربەخۆیی و سەرفرازی، ئەگەر چی وەکو مێژوونووسێکی هێژای کورد لەبارەی بەڵاکانی یەکەم جەنگی جیهانی بۆ سەر کورد دەڵێ:« سەرەڕای ئەوە کە حکوومەتی تورکیا سیاسەتی لەناوبردنی کوردی گرتۆتبووە پێش ژمارەیەکی زۆریشی لە سەرۆکە کوردەکان کوشت. لە لایەکی دیکەشەوە حکومەتی تورکیا بە بیانووی پاشەکشە لە بەرامبەر هێزەکانی رووسیادا، ٧٠٠ هەزارکوردی لە نیشتمانی خۆیان گوستەوە لە ماوەی ئەوگواستنەوەیەدا ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکان لەناوچوون لە جەنگەی شەڕی یەکەمی جیهانی دا لەشکری تورک نەک هەر لە کوردستانی تورکیا بەڵکوو لە کوردستانی ئێرانیش زۆر گوندی کوردی وێرانکرد و مەڕ و ماڵاتێکی زۆری کوردەکانی بە قڕ دا و هەزاران هاونیشتمانی دەستەوسانی کوشت و لەناوبرد. بەرهەمی شەڕی یەکەمی جیهانی بۆزەحمەتکێشانی کوردستان تەنیا هەژاری و چەوسانەوە و کوێرەوەری بوو بەڵام هەر پاش بڕانەوەی شەڕەکە و خۆدان بەدەستەوەیدەوڵەتی عوسمانی پیاوانی دڵسۆز و ڕێکخراوە سیاسییە نەتەوایەتییەکانی کورد کەوتنە خۆ و خەباتێکی بەربڵاویان دەست پێکرد بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد و لەم بارەیەوە شەقاوی زۆر گەورە نرا و تا گەیشتەئەوەی لە پەیمانی سیڤەر دا لە ماددەکانی ٦٢،٦٣،٦٤ دا بۆیەکەمجار وبەئاشکرا مەسەلەی کورد بکەوێتە ژێر باس و دانپێدانانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد و مافی دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە پەیمانێکی نێودەوڵەتیدا بسەلمێنرێ و ساغببێتەوە... بەڵام لەبەرئەوەی کە

ئەو کاتە تینوتاوی بیری کوردایەتی بەتەواوی جلیوەبەست نەبوو بوو و بۆ واقیعێکی مادی و چوارچێوەدار وفەلسەفەو چارەنووسی کورج تەنها هەستێکی خۆڕسکی فیتری بوو و بۆی نەلوا بوو کە چوارچێوەی دیاری فەلسەفی ببەستێ بۆیە لە بری ئەوەی ئەگەر بەشدارییشیان نەکردایە لە لاوازکردن و تاساندنی دەوڵەتی عوسمانی و کەمالییە بەرۆگرەکانیاندا نەدەبوو ڕاستەوخۆ بکەونە داو و فاقەی هاونیشتمانێتی و برایەتی و ئیسلامەتی درۆ و ساختەوە و بارەکەیان بە کورد نەگەیاندایەتە ئێستگەکە بەڵکو خۆیان بۆ مەسەلەی خۆیان تەرخان کردایە و حەزیان بکردایە کە دوژمنە ڕاستەوخۆکەی ئەو ڕۆژەیان کە کەمالی یەکان بوو لەبەردەم دوژمنانیاندا تێبشکایە بۆئەوەی سەرێەنجامی دەستکەوتی کورد مسۆگەر تر بووایە... کەچی کوردەکان بەشدارییەکی یەکجار بنجی و گرنگیان کرد لە هەڵسانەوەی تورکیا و بەهێزکردنیدا بە جۆرێکی وا کاتێک کە ئەنجوومەنی باڵای تورکیا لە ئەنقەرە کۆبوونەوە حەفتاو دوو نوێنەری کوردستانیان تێدا بوو... ئەم دەور و گرنگێتی ڕۆڵی کورد دەردەخات لە ڕاستکردنەوەی باری کەوتووی . لەم ڕۆژانەدا کە بزووتنەوەی رزگارخوازی کورد پێی ناوەتە قۆناخێکی تر و زەمینەیەکی لە بار و گونجاوی بۆ هاتۆتە پێش پێویستە بەسەر ئەو وانە مێژوویانەدابچێتەوەو ڕێ نەدات دەستی لە پیلەوە ببرڕێت! دەبێ هەموو جۆگەلەکانی هەوڵ وچالاکی و خەباتی برڕژێنێتە ئەستێڵکی بەرژەوەندی نەتەوایەتی کورد و دۆستایەتی و دوژمنایەتی هاوکاری و ڕووبەڕووبوونەوەی یەکگرتن و دابڕانی دەست لەنێو دەستدانی و بەگژدا چوونەوەی و سەرجەم چالاکییەکانی و لەسەر هەموو ئاستێک تەنها لە ڕوانگەی بەرژەوەندی کورد بۆ کورد بێت و بەس هەموو ڕێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییە شۆڕشگێڕەکانی دەبێ پێش ئەوەی هەر شتێ بن کورد بن نەکەونە هەڵەی نیوسەدەیەک زیاتر لەمەو پێشمان بەعسی ڕەگەزپەرست بۆ ڕەگەزپەرستێکی تر نەڕووخێنین و خۆمان نەکەینە بەردەباز بۆ خەڵکی تر... بە میقداری ئەوە نەبێت کە کورد بە ئامانجە ستراتیژییەکانی بگەیەنین کە ئازادی و یەکسانی و هەردەم لەیادمان بێت ئێمە یەک نیشتمانمان هەیە ئەویش کوردستانە و یەک مەسەلەمان هەیە مافە ڕەواکانی کورد و مافی دیاریکردنی چارەنووسی کوردە. ویەکئامانجیسەرەکیمان هەیە ئەویش سەرفرازی کوردە و دۆستانمان ئەوانەن کە هاوکارمانن بۆ گەیشتن بەو ئامانجە و دوژمنانمان داگیرکەرانی ئیمڕۆو پاشەڕۆژمانن.

با ئەم هەلە مێژووییە لەدەست نەدەین و خۆنەکەینە کلکی ڕووداوەکان... با خۆمان ڕووداو بین و مەسەلەی کورد تاکە ڕوانگەی هەموو چالاکییەکان بێت... ئەگینا لەژێر هەرناو و بۆهەر مەبەستێک کوڕی خۆمان بکەینە قوربانی کچی خەڵکی ڕەنجمان دەبێت بە ڕەنجی پیازفرۆش.

هەولێرنامەی کتێب

# ڕازێکی کوردانه

**پوازی کوردی......!**

لەو ڕۆژەوە کە مرۆڤایەتی پاش جلیوەبەستنی خەسڵەتەکانی نەتەوە بەو شێوە و کرداری سروشتی لە چوارچێوەی نەتەوە ڕەنگی خۆی ڕشتووە. تاکی هەرکۆمەڵێک بوونی خۆیلە قەوارەی نرتەوەکەیدا دیوەتەوەو پەلەی ژیان کە دەستووری مانەوە و بەردەوامی و دینەمۆی ژیانی مرۆڤە. لە هەوڵ و کۆشش و هەڵپەی ژیان دا لە سنوور و چوارچێوەی تەسکی تاکایەتیدا پێی ناوەتە نێوهەوڵی کۆمەلایەتی و مانەوەی بەند بووە بە مانەوە و بەردەوامی قەوارە سروشتییەکەیەوە کە نەتەوەیە بۆیە هەرچی گۆڕان و سەپاندن و گۆڕینێکی تری بارو هەلکەوتی ژیانی هەر لە شوێن و جێ و ڕێ و دەسەلاتەوە تادەگاتە شێوەی گوزەران و حوکم و ئاین و مەزهەب و داب و دەستوور و هەموو لایەنەکانی دیکەی ژیانی مرۆڤایەتیدا بەرەنگاری و خۆڕاپسکان و ململانێیەکانی مان و نەمانی نەکردووە و کەم تا کورتی ئەگەر لەسەرەتاشەوە بەرگری و خۆنەدان بەدەستەوەیەکی سەختی نواندبێ، بەلام لەپاشاندا بەئاسانی لەگەڵ دۆخی تازەیدا ڕاهاتووە و گوزەریووە مەگەر ئەو گۆڕین و سەپاندنە تایبەتمەندێتی و خەسڵەتی نەتەوایەتی پێوە بەند بوو بێت و ماکێکی قوڵ و شەقڵی نەتەوایەتی دیاری کرد بێت بۆ نموونە کاسۆلیکایەتی و پرۆتستانێتی ئیرلەندییەکان لەنێو خۆیاندا لەگەڵ داگیرکەرەکەیاندا کە لەم بارەدا کاسۆلیکایەتی ئیرلەندیتەکان تەنها ئاینزا/ مەزهەب نییە و بەس، بەڵکو تایبەتکاری و شەقڵی نەتەوایەتی سەربەخۆ و هێڵی جیاکەرەوەیانە لەگەڵ داگیرکەرەکەیاندا بۆیە ئەوانەی پرۆتستانتین و لەسەر ئاینزای داگیرکەرەکەن چ لەلایەن خەڵکە ڕەسەنەکەوە گومانی جاشێتی و تێکەڵبوون و توانەوەیان لەگەڵ داگیرکەرەکەدا چۆتە سەر و چ لەلایەن خۆیانەوە ئەو خەسڵەت و شەقڵەیان لەدەست داوە و لە ئیرلەندیەتی ترازاون!.

بۆیە ئەو ململانێیەی نێوان ئیرلەندا و ئینگلیزی داگیرکەریان ڕواڵەتی ئاینزایی بە خۆیەوە گرتووە و لە قاڵبی کاسۆلیکایەتی و پرۆتستانییەتدا خۆی دەنوێ کە لە بنەڕەت و جەوهەردا ململانێیەکی نەتەوایەتییە بەڵام باروهەلومەرجی تایبەتی ئەو ململانێیە وای هێناوەتە پێش کە خۆی لەو قاڵبەدا بنوێنێ و ئەو کالایە بە بەربگرێ ئەمەششتێکی سروشتیی و ئاسایی و باوە کە زۆر جاران جەوهەرێک و مەسەلەیەکی تایبەتی لە چەند شێوە و قاڵبێکداخۆی دەنوێنێ...ئەگینا کورد بە گۆڕانی حوکمی مادی کوردی بە "کۆرش "ی فارس و پاشان گۆڕانی ئاینی زەردەشتی بە ئیسلام پاشان

ئاینزا جیاجیاکانی ئیسلام و چەندین حوکم و دەسەڵاتی فارس و ڕاشدی و ئەمەوی و عەبباسی و سەفەویو عوسمانی و ئینگلیزی و ئیمڕۆبەرۆگرانی و بەسەرا سەپاندنی ڕژێم و دەستووری جیاجیا وجۆراو و جۆر تا ڕادەیەک بە هاسانی جێ گۆڕکێیان کردووە و هەر بەرهەڵستی و بەرەنگاربوونەوەیەکیشی لێ کەوتبێتەوە لە سووچی چەندایەتی و چۆنایەتی مەترسی سەر چوارچێوە نەتەوەییەکەی بووە و بەس... نەک بە نسبەت کوردەوە بۆ هەموو میللەتێکی دیکە، هەموو شتی لە باروهەلومەرجێکی تایبەتیدامەودای تێپەڕبوون و یان گوێ نەدانی تێدایە و هەموو بەرهەڵستییەک و ڕەت کردنەوەیەکیش تەنها بایی سڵەمینەوەیە لە هەموو نوێیەک و خۆ نووساندنە بە باری قاڵب بەستووە سەری کوتاوە.

ئەوەی کە ململانێی نێوان ژیان و مردنە، بوون و نەمانە، دەستوورە نەمرەکەی ژیانە، کە ..... سەر ودوا هەناسە سازش/ مساومەی تێدانییە تەنها مەسەلەی نەتەوەیە. چونکە بە گۆڕینی ئاینێ بە یەکێکی دیکە و حوکمێ بە حوکێکی تر و سەپاندنی جۆر و شێوەیەکی ژیانی کۆمەڵایەتی بە یەکی تر و زمانێ بە زمانێکی تر و شوێن و مەفتەن بە یەکی تر- کە ئەم دوانەی دواییان هەروا هاسان نییە ، بەڵام هێشتا چونکە تەنها دینگەیەک لەچوار دینگەی « نەتەوە» ایەتییە و لەسەر سیانەکەی دەتوانێ خۆی ڕاگرێ هەر تا ماوەیەک و هەلی گەڕانەوە سەر ئەسڵەکە دەگوزەرێنرێ!- لە قاب و چوارچێوەی خۆی ناترازێنێ و بوونی کۆمەڵایەتی خۆڕسکی ناخاتە مەترسییەوە و « پەلەی ژیان» ی کۆمەڵایەتی پەک ناخات، هەموو تانوپۆی ناگرێتەوە، بۆیە مەگەر بخرێتە قاڵبی« نەتەوە» یەکەوە ئەگینا لە ناخەوە ڕاینا چڵەکێنێ و دەستی پێ لە دنیا بەر نادات...

بەڵام » نەتەوە» ایەتی کە درێژە و بوونی مێژوو کردێ خۆڕسکی هەزاران ساڵەیەتی و قاڵبی خۆڕسکی مرۆڤایەتی، بێ ئەو بوون و پێوەندارێتییە/ ئینتیمای سەربەخۆ و تایبەتە مێژوو کردەی « نەتەوە» یەی ، بوونێکی مرۆڤانە و کۆمەڵایەتییانەی نابێت، کە مەسەلە دێتە سەر « نەتەوە» هەموو بوونیەتی، بوونی تاکایەتی تەواوەی سروشتی کۆمەڵایەتی و ڕێچکەی مێژوویی ، بێ ئەوەی کەسیش فێری بکات وەکوهەستێکی «غەریزی» خۆی ڕادەپسکێنێ ، دیارە تا« نەتەوە» و «نەتەوایەتی» لە پلەکانی هۆش و تێگەیشتن و بەرهەست کەوتن و هۆشیاری و ڕۆشنبیری سیاسیی و کۆمەڵایەتی تێهەڵکێشێ و لە هەستێکی خۆڕسکی و « غەریزی» یەوە ببێتە باوەڕ و هۆشیارییەکی کۆمەڵایەتی زیاتر خۆڕاگر و پشوو درێژ و دەوڵەمەندتر و کاریگەر تر دەبێت.

هەر بۆیەشە کە هێشتا قوتابخانە و پارت و ڕێکخراو و فەلسەفە و بیری چوارچێوە گرتوو و سیاسی« پرۆفیشیۆنال»/ محترف و شۆڕشگێڕی خۆ تەرخان

کردوویش نەبووە لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا، بەڵام هەر کە مەترسی شەبەنگی خستۆتەسەربوونی نەتەوایەتی کوردەوە، هەستە خۆڕسکییە« غەریزە» یەکەی کورد پاڵی بە جەماوەری کوردەوە ناوە لەدەوری کێ خڕ وەبن، کە بەرگری لەو بوونە دەکات . بام چەندین باری مێژوویی و دیاردە و هەڵکەوتیتری کۆمەڵایەتی وەکو خێڵایەتی و خزمایەتی و شێخایەتی و بنەماڵەیی و ناوچەگەریتی و تایەفەگەری و شتیتری لەم جۆرە جلیوەی بەو هەستە بەستبێ و گوزارشت/ تعبیری لێ کرد بێت. بەڵام لە بنەڕەتەوە دەگەڕێتەوە بۆ هەستە نەتەوایەتییەکە.

ئەمانە دەمان گەیەنێتە سەر ئەو ڕاستە شەقامەی کە نەتەوایەتی و بیری نەتەوایەتی بوون و بزوێنەری بوونی مرۆڤایەتییە و هێزی کاریگەر و هۆکاری ئەرێنی/ عاملی ئیجابی و سەرەکی بزوێنەری مێژووە . هەموو دیاردە و شێوە و جۆر و هەڵکەوت و چالاکییەکانی دیکەی مرۆڤ یان بەشێک و ڕوویەکی ئەم هاندەر و بزوێنەرەیە یان چێوەی بارێکی تایبەتی نەتەوایەتین...

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیش حاڵەتێکی نموونەیی ئەم ڕاستی و واقیعەیە و مرۆڤی کورد چارەنووس و بوونیلە بوونی نەتەوەی کورد دا بووە و دەبێت. بۆیە هەرچی خورتی و جوامێری و خۆگری و هەوڵێکی تاکی کورد بووە لەسەرتاسەری مێژوودا خۆی لە قاڵبی ئەو خەباتە نەتەوایەتییەدا دیوەتەوە و هەموو هەوڵ و مەبەستی دوژمنان و داگیرکەرانیش ئاڕاستەی ئەو گیان و هەست و بوونە نەتەوایەتییەی بووە، ئەوانە هەر دەڵێی مرۆڤی کورد ژیانی سەراپا تیشک دانەوە وچالاکی نەتەوایەتییە هەتا پێداویست و مەبەست و خواستە وردیلەکانی ژیانی ئاسایی و ڕۆژانەی بەندە بە بوونە نەتەوایەتییەکەیەوە. جلوبەرگی ، زمانی زگماکی، هەستی، داب و دەستووری ژیانی، ژن و ژنخوازی، شوێن و جێگاو مەڵبەندی، سامان و دارایی و سەرچاوەی گوزەرانی، موچەی ، پلەی و هەرچییەکی هەیە و نییە ئاوێتەی دەور و خانەیەتی لە مەسەلە نەتەوایەتییەکەی ئەم بارە نموونەییە وا لە کورد کردووە کە بەڕاستینازناوی نەتەوەیەکی جەبگاوەری پێ ببڕێت مەسەلەی خەبات و تێکۆشانیمیللی لە بایەخپێدانی/ اهتماماتو بیری دەستەوتاقم و چین و تاکە تاکەی تایبەتی هەڵکشاوە تا هەموو تانوپۆی نەتەوەکەی گرتۆتەوە باسوخواستی پیرە ژن وپیرە مێردێک مەسەلەی کورد و مافەکەیەتی کرێکارێ چاوەڕوانی ئەوەیەجوتیارێ بیر لەوە دەکاتەوە کەی بۆی بلوێ و بتوانێ ببێتە پێشمەرگە قوتابییەک لەکاتی تاقیکردنەوە بیری بەلای ئەوەدا دەفڕێ دەرچێ،دەرئەچێ دەرچوو دانیشگا یان پێشمەرگایەتی دەرنەچوو پێشمەرگایەتی یان دووبارە هەوڵی خوێندنەوە؟!. ئەوەش کە باری گوزەران و خێزان دەستوپێی بەستووە باس لەوە ناکەین کە هەموو هەستی لەگەڵ ترپەیپێی پێشمەرگەدایە چۆن و کەی وەکو

کەسێکی تر بکەوێتە سەر ئەو بارەی بۆی بلوێ ئەو شەرەفە بۆ خۆی بپچڕێ. چ جای ئەوەی کە زەبر و زەنگ و تۆقاندن و هەڕەشە و کوشتن و بڕین و هەزار و یەک ڕێگای دڕندانە و بێ بڕانە هەتا دێت چاوی زاتی ئەو خەڵکە قایمتر دەکات. ڕاپەڕین و خڕبوونەوەی جەماوەری کورد لە دەوری شۆڕشەکەی لە دوای ئازاری ١٩٧٤ و ئەو ئامادەگییە بێ وێنە و قارەمانانەیەی کوردستانی خۆرهەڵات و پساندنی پەتی گرێچنی هەزار و یەک گرێی کوردستانی باکور و ڕاگوێزانە وە و بێ ناسنامەکردنی کوردستانی خۆرئاوا و نەهاتنە سەرچۆکی کورد ئەو ڕاستییانە دەسەلمێنێ و تاکی کورد ئەگەر وەک هەر تاکێکی دیکە مەودای جۆرێک لە ڕولەتی سنووردار وڕواڵەتی تاکایەتی و کۆمەڵایەتی بوو بێت- ئەگەر لە بارێکی ئاسایی وەکو میللەرانی تردا بووایە- ئەوەشی کەماوەهەر تەواولەناو ناخ و قاڵبە نەتەوایەتییەکەدا تواوەتەوەبە بیردا نایەت تاکی کورد بێ مەسەلە و قاڵبی نەتەوایەتی کورد توانای پەیدابوونی ببێت.

ئەمە بارێکە کە سەرئەنجامێکی سروشتی زۆر دڕندایەتی داگیرکەرەکەیە و هەڵپەی گێلانە و بێ سوودی داگیرکەرانمانە بۆ توانەوە و لەناوبردنمان. ئەم بارەیە کە هەڵکەوتێکی وای ڕەخساندووە کە وەک هەزارپێیەک لە داگیرکەرانمان ئالاوە و لێ دەرچوونی مەحاڵە... لە جێی بڕینی هەر سەرێک سەدان سەر بە ڕووی دوژمنەکەدا شین دەبێتەوەو دوژمنەکەمان وەکو کەوتبێتە نێو « رمال المتحركه»ی کوردییەوە وایــەهەر تەکانێکی هێندەی تر دەیبا بەناخی مەرگیا! و تا دێت زیاترڕۆدەچێت. ئالێرەدا خۆی چی پێ ناکرێت و هەتا ناتوانێ خۆشی دەرباز بکات!. هەرچی ڕێگاشە گرتوویەتییە بەر و مایە پووچ بووە، بۆیە داوا« ابتكار» ودۆزینەوەی خۆی و ئاغایان و ئیمپریالیزمی جیهانی و «دەزگای هەواڵگیری نێو دەوڵەتان»ی دەرمانی کوردی بۆ دەردی کورد بووە. کە تاقیکردنەوە مێژوویەکانی کۆنی داگیرکەرانی کورد لەگەڵ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا ئەگەرچی لە کۆندا بە دیاریکراوی/ محدودیەت یش بەکارهێنراوە بە گژاکردنی کورد بە کورد بووە ئەم ئێستا هاتووە بەتەکنیک وهونەرێکی نوێوە بەشێواز و ڕێگایەکی میکیاڤیللیانە بە مەبەست و خواستێکی قوڵ و شەیتانانەتر ەوە کەرەسەی کوردی بۆ خۆدەربازکردن لە «؟؟؟»ی کوردی سازداوە کە چاوی بڕیوەتە ئەوەی ئەو ؟؟؟ بکاتە بەیار وجووتیشی تێدا بگێڕێ نەک هەرخۆی تیا دەرباز بکات!.

وەکو وتمان بەتەکنیک و هونەر و شێواز وڕێگای هاوچەرخ و نەخشە بۆکێشراو/ دیراسەکراو بە مانا گۆڕینی چۆنایەتی جاش و جاشێتی لەبەرگ و جەوهەرە ساکار و سادەکەی کۆندا کە جاش ڕەشۆکی بووە بۆ جاش ڕۆشنبیر و جاش عقائدی !! دیسانەوە بەکارهێنانی هونەر و فەندی هاوچەرخ. جاران بابڵێین لە بەگژداچوونەوەی

هەواڵنامەی کتێب

شۆڕشی ئەیلوول چوزەرەی ئەو بیر و کردارە سەری هەڵداوە سەریشی گرت. بەڵام ڕیسواش بوو، بۆیە دەبێ ئەمجارەیان لە شۆڕش و جەماوەری دانەبڕێ و وەکو جاران بەڵکو دەستچێنی بکات لەناو ڕیزەکانی شۆڕش و بزووتنەوەی کوردایەتی دا بە شێوازی کلۆر کردن و گەندەڵ کردنی ناوخۆیی ؟؟؟ وردی کەینەوە تەنها یاسا گشتییەکانیشی باس دەکەین و پێناسە دەکەین. بۆئەوەی لەناوهێنان دوور وەکەوین و دەستوور و یاسایەکیش بێت کە بتوانرێ لە هەموو سەردەم و بار و هەل و مەرجێکدا پێناسێک لەژێر هەزاران دەمامکیشەوە بێت بناسرێتەوە، چونکە دەبێت ئەو جۆگەلانە ببرێنەوە سەرچاوەکانیان ئەگینا یەکیان ..... بوو وشک بووە چۆڕ بڕ بوو داگیرکەرەکە و ئیمپریالیزمی جیهانی هونەری ئەوەی هەیە جۆگەی تر بە ناونیشان و ناوی ترەوە لێ بدات!!.

کوردستانی « باشوور» یش دەگرین کە حاڵەتێکی نموونەییە و دەتوانرێ بۆ هەموو حاڵەتەکانی دیکەش ..... تعمیم بکرێت چونکە چونکە پتر ئەوسەرچاوەی ئەم بەڵایەیە:

١- داگیرکەرەکەمان خۆی دەستکێشی دەست و نینۆکی ئیمپریالیزمە، باڵێک و لکێکە لە کۆمپانیایەکی چەندین بەش وڕوو: جاروبار بۆ لەخشتەبردن و، بۆ ڕاوکردن بۆ چەواشە و ڕێ ڕەوێڵ کردن وەک دابەشکردنی ڕۆڵەکان/ توزیع الادوار یک و خۆ نواندنێک کێشە و فەرتەنەی ڕووکەش لەگەڵ ئیمپریالیزمەکەدا دەنێتەوە، یان چ نەبێت لەگەڵ «ئیسرائیل»ی باوک برایدا ئەمبەروبەری سەنگەر «بە قسە!!»لێک دەگرن. ڕێگاشی دراوە چ دروشمێ خەڵک پتر ڕاو بکات و چی ڕەواج و فرۆختی هەبێت دەکانەکەی پێ برازێنێتەوە! ڕاستیش بڵێین ، جاران زیاتر بەس هەر ڕژێمێک کە ماوەیەکی زۆر تر لەسەر شانۆکە مایەوە ئازادییەکەی کاڵ دەبێتەوە، کە ئیمڕۆ بەس تەواو ئارایشی پێوە نەماوە، بۆیە مەترسی ئەوە دەکرێت ئەکتەرێکی ئارایش کراو ئامادە کرا بێت. بەڵام دیسانەوە جەماوەرەکە هۆشیار بۆتەوە بە ئاسانی وەکو جاری جاران ئەو ئەکتەرانە ناتوانن فریووی بدەن. بەڵام دیسانەوە ئەم ئەکتەرایەتی و ئارایشە هەندێ زیانی هەر ماوە و دەدات:

یەکەم-جەماوەری گەلی عەرەب لە مەسەلە بنەڕەتییەکانی خۆی دوور دەخاتەوە و ڕووی بەڵایەکی دیدا وەدەچەرخێنێ. مەسەلەی بنەڕەتی گەلی عەرەب مەسەلەی ئازادی و دیموکراسی و سۆسیالیزمو مەسەلەی فەلەستین و بەگژداچوونەوەی هەموو بوونێکی ئیمپریالیزمە. بەڵام ئەو دەسەڵاتداریانە بە بیانووی « مەسەلەی ناوخۆ لە مەسەلەی کورد» و بەهانەی « تێکدەر و پیلان لەسەروڵات» ئازادی و دیموکراسی و سۆسیالیزمەکەی هەر لە کلۆری چەند دروشم ..........یکدا دەخنکێن و بە بیانووی

« یەکێتی خاکی نیشتمان/ وحده تراب الوطن و «یاخی بوون »و «جیاخوازی کورد »ەوە هەرچی تینووتوانای هەیەچۆڕ بڕی دەکەن، ڕۆڵەکانی وسوپاکەی دەکەنە کوتەکێ بۆ سەری کورد و با « ئیسرائیل» یش لەوێوە لوبنان داپاچێ و چادرگاگان بسووتێنێ و ........../ مستوطنات دروست بکات و سەد و یەک « کامپ دیڤد»بتەنێ. کوڕی عەرەبی نەگبەتە دایک و بابی بۆ فەلەستین گۆشتییان کردووە ڕاپێچ دەجرێت بۆ کوردستان بکوژێ، ببڕێ، تالان کات، لە پێستی مرۆڤ دەربهاوێژرێ و بکرێتە گورگی هار و بەردرێتە گیانی گەلی کوردەوە!..

دووەم- ئەم حاڵە کورد دەخاتە سەر ئەو بارەی، لەگەڵ هەموو ناخۆشی و نەهامەتییەکەدا کە برا بەشە لەگەڵ عەرەبەکەدا تووشی ماڵوێران و کوشتن و بڕین و ڕاگوێزانەوە ببێتلەباتیئەوەی لە کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆدا لەگەڵ نەتەوەی عەرەب دا لە وڵاتێکی یەکگرتووی خۆیاندا، پێکەوە شانی لێ توند کەن و هەموو شوێنەوار و بوونێکی ئیمپریالیزمی لە ناوچەکەدا پاماڵ کەن ناچار دەکرێت ئەو تین و توانا و وزەیەی کە لە بنەڕەتدا/ اسلا دەبێ بۆ پاکتاوکردنی ئیمپریالیزم و بنیاتنانی ژیانی مرۆڤانەی بە خەرج بدات- دیسانەوە دەڵێین ناچارانە- لە بەرگری لە بوونی نەتەوایەتی خۆیدا بەکاربێنێ کە خۆی لە خۆیدا هەوڵێکی نەرێنییە/ سلبی ، بەڵام نا چارییە چونکە بوونی نەتەوایەتی پێوە بەندە. تا ئەم حاڵەتەش درێژە بکێشێ ئەڵقەکانی پەیوەندی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و « عەرەبایەتی» ئەوان لاوازتر دەکات. یان چ نەبێت زەمینە بۆ ئەوە خۆش دەکات کەگیانی شۆڤینێتی و ڕەگەزپەرستی لەناو ئەواندا چەکەرە پێ بکات و خۆ وێکهێنانەوەش لەناو ئێمەدا بچێنێ.

بەڵام بە پێوەری هۆشمەندی و تێگەیشتنی جەماوەر و تێهەڵکشانی بیر و بیرکردنەوەی ڕاست و زانیستییانەی « جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی عەرەب» بەتایبەتی و هەموو جەماوەری عەرەب بە گشتی و توند و بەیت بوونەوەی بزووتنەوەی « کوردایەتی» ئەو پیلانە دەپووکێتەوە. کەئیمڕۆ ئاسۆی ئەم خۆشبینی و سەرئەنجامە لۆژیکییە لە ئاسۆی هەندێ باڵی بزووتنەوەی عەرەبیدا بە گشتی و برا فەلەستینییەکان بەتایبەتی دەبینین. دیارە ئەرکی هەرە گەورە لەسەر ئەوانە چونکە- خوانەخواستە - و لەخراپترین حاڵەتدا بچوکترین تەلزگەی کورد پەرچەکرداری/ ردالفعل کرداری/ فعل ئەوانە، نەک هەڵقوڵاوی ناو ناخی خۆمان... - ئەم لایەنە هەڵدەگرێ وردتر شیبکرێتەوە، چونکە بازرگانی زۆر بەسەرەوە کراوە و هەتا زۆر شەبقەشی لەژێردا کراوە بە« عمامە» و جەمەدانە. ئێمە دەمانەوێ چارەسەری بنەبڕی ئازایانە وڕووبەڕووی بکرێت ، نەک لیفەی دروشم و بانگاشەی پێدا بدرێت. چونکە دروشم نە دەخورێ و نە دەگیرێو نە هەژماری هەیە-.

٢- داگیرکەرەکەمان لەگەڵ ئەو بارەی خاڵی یەک کە لە ڕووی ماکی ومینۆکی/ مادی و مەعنەوی سایکۆلۆژییەوە وەکوتەواوکەرێک و ئاگرخۆشکەرێک لە خزمەتی ئامانجە گڵاوەکەیدا دادەنێ- دوژمنێکی پڕ چەک بەهێز، سوپایەکی ڕێکوپێک و هاوچەرخ، تانک و فرۆکە و زرێپۆش وجبەخانە، پوولدارێکی بێ شوومار، دەزگایەکی کاریگەری سیخوڕ وپۆلیس و بەندیخانە، دڕندەیەکی دوور لە هەموو سەرەتا و باوەڕێکی مرۆڤانە، دواکەوتوو لەڕووی بیرکردنەوە و پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتی ، پاڵدراو لەلایەنی ئیمپریالیزمی جیهانی دامودەزگا سیخووڕیەکانی نێودەوڵەتان و ناوچەکە، خاوەن بەرژەوەندی و پەیوەندی نێودەوڵەتان بە کورتییەکەی خاوەنی تەواوی دەسەڵاتی ماکی/ مادی. بەرانبەر گەلێکی سەرکوتکراوی، داپلۆسراوی، دەستوپێ سپی، گەمارۆدراوی خاوەن سەرچاوەیەکی ماکی و گوزەرانی کولەمەرگی ... بەڵام خاوەنی مافی، ڕاپەڕیوی مینۆکێتی بەرزی ئامادە بۆ هەرقوربانییەکی پێویست... لە حاڵەتی کورد دا وەک وتمان داگیرکەرەکە بەرەنگاری « گەلێکی جەنگاوەر» بۆتەوە.

گەلەکە شۆڕشی بووە و هەیەتی و هەر دەیبێ. ئەم سەرکوت دەکات، ئەو ڕادەپەڕێ، ئەو لا دەگرێ ئەملای لەدەست دەچێ، ڕاگوێزانەوە، بە بەعسیکردن، بە عەرەبکردن، گرتن، ئەشکەنجە، کوشتن هەتا دێت و دێت زیاتر بڕوای ئەو جەماوەرە قایم تر دەبێت. هەستی نەتەوایەتی پتر بەپێت تر دەبێ زیاتر دەهاژێ و کڵپە دەسێنێ.

تاقیکردنەوەی بەرلووتی تێیدەگەیەنێ، دە مانگ شەڕ لە کوردستاندا باجەکەی بە قسەی خۆیان « شەست هەزار کوژراو و بریندار، سەدان ملیۆن دینار، دەیان پیلان... گەیاندییە١٥-٢٠ کم پێشکەوتن و لێواری نابووت بوون و هەڵوەشاندنەوە. ئینجا لە خاک و مافی قەرددراوی عێراق بۆ دەربازبوون لەم حاڵە. دەربازبوونی کاتی و ساڵ تێوەرنەچەرخایەوە شۆڕشی کورد هەڵگیرسایەوە، بەتینوتاو و تاقیکردنەوەی ئەیلوولەوە. ئەم جارەیان هیچ کارتێک نە بەدەست داگیرکەرەکەوە، نە بەدەست ئیمپریالیزمی جیهانییەوە نەمابوو، ناچارانە دوا بەرهەمی «تاقیگەی هەواڵگیری نێودەوڵەتان» یان خستە گەڕ...

شێوازی لە ناوەوە گەندەڵکردن؟ سیاسەتی خۆخواردنەوە:

وەکو وتمان «نەتەوەیەکی جەنگاوەر» ی وەکو کورد «کوردایەتی و شۆڕشگێڕی» باڵی بەسەر هەموو تانوپۆی ژیانیدا کێشا بێت و ڕەنگی دابێتەوە نێو ژیانی ئاسایشی «نەتەوە» دیەکی وا سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتووی بەردەوامی شۆڕش و خەبات دەبێت. هیچ هێزێک لە جیهاندا ناتوانێ بەرەنگاری بێتەوە. هەتاوەکو ژمارەش دەتوانرێ لەشکرێ چەند ملیۆنی بشکێندرێ و سەری پێ نەوی کرێت، بەڵام کە نەتەوەیەک لە جوتیار و قوتابی و کرێکاریکەوە تا پیرەمێرد و پیرەژنێکی جەنگاوەر بێت لەشکرێکی نادیار و بێ بڕانەوە

و بێ کۆتایی پێک دێنن. وەک کاژی مار کەی چینێکی لێ بووەوە و تەواو بوو، چینێکی دیکە دادەدات و تێیدەگرێتەوە. لەشکرێکی نادیارە لە کۆڵان،سەرشەقام،ناو مزگەوت، کوخێک، ئەپارتمانێک، دەزگایەکی دەوڵەتی، نێو بازاڕلە هەموو کون و کەلەبەرێکدا هەن و هەریەکەی ئەوی تر تەواو دەکات. لەشکرە دیار و فەرمییەکەشی کە سوپای شۆڕشگێڕی کوردستانە، کە پێشمەرگەیە هەن. بەڵام لەهەناو و دەروونی جەماوەرەکەدا شەهید دەبێت بێت جێگای دەگرێتەوە لەم ناوچەیەیە کپ دەکرێن لەوی تریاندا سەر هەڵدەدەنەوە. دێیەراو دەنرێن لەو گوندەی تر بەرەنگار دەبنەوە، ئەو قوتەیەیان لێ دەگیرێ لە پشتیانەوە قوت دەبنەوە.« ئەگەر ئەم باروهەڵکەوتە تەواو وەکو هەژماردنێکی ماتماتیکی بەرچاو نەکەوێت، شێوەیەکی گشتی هەیە و دەشێ بگاتە ئەو ئاستە و هەرواشی لێ دێت».لە هەمووی گرنگتر و سەخت تر بەنیسبەت داگیرکەرەکەوە، پێشمەرگە خۆی بڕیار دەدات لە کوێدا و کەی و چۆن بەرەنگاری دوژمنەکە ببێتەوە؟. بە واتایەکی دی بڕیار لەدەست پێشمەرگەدایە. ئەم لایەنە کە لایەنی بەهێز و نهێنی سەرکەوتنی هەموو شۆڕشێکە خەسڵەتی هەرە گرنگی شۆڕش ی میللی و جەماوەرییەکانە . ئەمەش ئەڵقەی هەرەلاواز و دەلاقەی دوژمنەکەیە. هەرچی کاریگەری و توانا و هێزی داگیرکەرەکە بەم خاڵە گرنگە دەپووکێتەوە. داگیرکەر، تانک و تۆپ و فڕۆکە و چەکی قورس و سەربازی بێ شوماری هەیە، بەڵام هەموو ئەمانە « سڕکراون/ تجمید»ن یان ناتوانن بە ڕۆڵی خۆیان هەڵسن، چونکە بڕیارەکە لەدەست خۆیاندا نییە.

پێشمەرگە بڕیار دەدات کە ڤەرەنگاری ئەو هێرشە ببێتەوە بە تانک و تۆپ و و چەکی قورس دەیکات یان نا.لەوانەیە هەوڵ و پلان و خۆلادان لەو هێرشەی بپوکێتەوە و هیچ سەر ئەنجامێکی ئەرێنی چنگ نەکەوێ. لە شەڕی نێودەوڵەتدا فرۆکە دەتوانێ ڕۆڵی گرنگ ببینێ، بەڵام لە جەنگی میللیدا چ کاریگەرییەکی نابێت هەر ئەوەیە کە بەرەنگاری سەرنەکەوتن و بە ئامانج نەگەیشتن دەبێتەوە، شێتگیر دەبێت و دەکەوێتە گیانی خەڵکی بێ گوناح. مەبەست ئەوە نییە کە داگیرکەر هەر هیچی پێ ناکرێت. بەڵام لەچاو ئەو توانا و ئیمکانییەتەی هەیەتی ئەوەی دەیکات برای هیچە!.

بە کورتییەکەی وەکو ئەفسانە کوردییەکە وایە کە دەڵێ: سەخری چنیان لەسەردایە و لەچاو ونن، بۆیە تاکە کەسێکی کڵاو لەسەر دەتوانێ بەنگاری لەشکر ببێتەوە.

ئالێرەوە تاکە ڕێگای بەرەنگاربوونەوە، خۆ بە گژ خۆ کردندایە و خۆ خواردنەوەیە هەر لە کۆنەوە ئەم ڕێگایە دژی کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد گیراوەتە بەر. کاتێ کە کوردایەتی لە قاڵبە غەریزی و خۆڕسکییەکەیدا بووە و بریتی بووە لە هەستی لەسەرخۆکردنەوەی خۆڕسکیی مرۆڤی کورد داگیرکەرەکە توانیویەتی سوود لە دوژمنایەتی کەسی و ... ناتەبایی و ناحەزی خێڵایەتی و هۆزایەتی و ئەو بارو

هەڵکەوتانەی پێش سەردەمانێ نەتەوایەتی وەربگرێت و تیاشدا سەرکەوتوو بووە. لەسەردەمانی نێزیکدا و کاتێ بیروباوەڕی کوردایەتی هێشتا تەواو قاڵبی نەبەستبوو و نەبوو بووە بیروباوەڕی چوارچێوە داری جەماوەری، داگیرکەرەکە هەمان شێوازی کۆنی « جاش عەشایەر» و لەتەکیدا « جاش پۆلیس»ی نیمچە فەرمی /غەیرە نیزامی و « چریک» ی بەکار دێنا. لەگەڵ گەشەونەشونمای کوردایەتی و گەیشتنی بە پلە باڵاکانی ئایدۆلۆجییەتی بیری کوردی، ئەم شێواز و ڕێگا و کەرەسەیە پەکی کەوت. بەڵام کەوتنەکەی لەبەر چەند هۆ و لایەنێکی بوو:

١- نەیدەتوانی وەکو جاران « خێڵێک، هۆزێک، بنەماڵەیەک» سەرتاسەری بکشێتە لای خۆی و بیکاتە « جاش» … زۆرجار هەڵدەکەوت کە جاشێتی دەبووە هۆی ترازاندنی پەیوەندییەکانی خێڵایەتی و هەتا بنەماڵەیی. کوڕ دژی باوک و خاڵ دژی خوارزا دەوەستایەوە. ئەمە وای کرد ئەو کاریگەریەی جارانیان نەمێنێ، هەتا دەگەیشتە ئاستی ئەوەی زۆرجاران هەر پارە کێشانەوە بێت لە میری و بەس.

٢- سووکبوونی پیشەی « جاشێتی» بە جۆرێکی وا کە وشەی « جاش» بووە بە یەکێ لە زاراوە فەرهەنگییەکانی زمانی کوردی و« جاش» هەمیشە لە ململانێیەکی دەروونیدا بێت لەگەڵ دەروونی خۆی دا. هەر بەسەرادابڕانی جاش هەموو ناو و ناوبانگ و پێگە و ناوێکی/ئیعتبارێکی کۆمەڵایەتی دەدۆڕاند.

٣-پشتگیری و لایەنگری جەماوەر لە شۆڕش و بوونی میللی بەتەواوەتی ئەو بارەی هێنابووە پێش کە «جاش »لە کۆمەڵ دابڕێنێ و لەلایەن هەموو کوردێکەوە« بیناسێ، نەیناسێ و زیانی بۆ بووبێ و نەبووبێ» بەچاوی دوژمن تێی بڕوانرێت، کە ئەمە بوو بووە دابڕانێکی ئەو کۆمەڵانە لە کۆمەڵگە و جەماوەر.

بۆیە دەبوایە ڕێگا و شێوازێکی نوێتر بدۆزرایەتەوە، بۆ حەڵاڵکردنی « جاشێتی» ئەوەبوو دوو بەرەکی و دانە پاڵ داگیرکەرەکە هاتە پێش. دروستکردنی باڵی کارتۆنی و دابڕاو وخۆفرۆشی لەناو ڕیزەکانی کوردایەتیدا و ناوی « کۆمەڵ و حیزب و ڕێکخراو » لەخۆنان.

هەرچەندە ئەم ڕێگا نوێیە دەلاقەی گەورەی خستە ناو ڕیزەکانی کوردایەتی و بووە هۆی هەڵمژین و خلیسکاندنی کۆمەڵانێکی زۆر لە ڕۆشنبیر و هەتا دڵسۆزیش و ترازاندنیان بۆ ناو چاڵی خیانەت و خۆفرۆشی و داڕنینی شۆڕش لە توانا و وزەیەکی کاریگەر و ساردکردنەوەی خەڵکی تر و بێ نیازکردن و تەرەکردنی کۆمەڵانێکی ترو وە نائومێدی و گومان چاندن لەناو هەندێکی تردا.

بەڵام زوو بەزوو دەستی ئەمانەش کەوتە ڕوو و کۆمەڵانی خەڵکی لە خانە و ڕیزەکانی « جاش ڕەشۆکی» و « جاش عەشایر» دا هەژماری بۆ دەکەن. ئەم خەتی

«جاش ڕۆشنبیر» و«جاش عەقائدی»یەی لە کۆمەڵگەی کوردایەتیدا چەسپا، توانی ماوەیەکی زۆر خزمەتی زۆر گەورە بە داگیرکەرەکە بکات، کە « جاش ڕەشۆکی» نەیدەتوانی پێی بکات!.

هەروەها وەکو دابودەستوورێکی خیانەتکارانە ترنجایە خەباتی ڕزگاریخوازی کوردەوە کەخەڵکی بەزیوو و بوودەڵە و خحفرحش و هەلپەرست ویژدانی خۆیان لەپاڵدا دەحەساندەوە. بەڵام سووربوونی جەماوەری زەحمەتکێش و ستەمدیدەی کورد و بەردەوامی شۆڕش و پاشان سەرکەوتنە کاتییەکەی کۆتایی بەدوا پەردەی جێی شەرمی جاشێتی هێنا و چنگاڵی ئاسنینی لە شرە سەرپۆشی ڕوویان گیر کرد و حەیا و حورمەتی بۆ نەهێشتنەوە. بەجۆرێکی وا کە دوای هەڵگیرسانەوەی شۆڕش لە ئازاری ١٩٧٤ دا لە کوردستانی باشوور دا ....کاریگەرێتی « جاشایەتی عقائدی» نزم بووە بۆ ئاستی «جاش ڕەشۆکی» چ لە چاو جەماوەردا و لەناو دەروونی خۆیاندا و هەتا بە نیسبەت داگیرکەرەکەشەوە. جووت بوو ببونەوە لەگەڵ « جاش ڕەشۆکیدا» ئەگەر چی پەتای «جاش عقائدی» هێشتا هەموو کوردستانی مەزنی بەرنەداوە و لە پارچەکانی دیدا ئەو مەترسییە لە پێشە. بەڵام نە ئەوان دەتوانن بەهەمان ڕێچکەدا بڕۆن و نەداگیرکەرەکەش بەهەمان شێواز خێریان لێ دەبینێ. بەڵام دیسانەوە هەرمەترسییەکە بۆ ئەوەی کە «نەیار و ناتەبایی» و «ئۆپێزیسیۆنی ناوخۆ» بخلیسکێتە ئەو پێگەیەوە/ موقع یان چ نەبێ پاساو/ مبرر بۆ ترازان و دابڕان و پشووکورتیو بەزینی خۆیان لە پەناوپاسێری داگیرکەرەکەدا ، جا چ بە جاشێتی و چ بە دانیشتن وەدۆزن!!.

ئەم تاقیکردنەوەیە داگیرکەران و دەزگا سیخوڕیتەکانی نێودەوڵەتی گەیاندنە ئەو ڕاستییەی کەچی دی ڕۆڵی «جاش عقائدی» دابڕاو نەماوە. بۆیە دوا بەرهەمی «تاقیگاکانی/ مختبراتی دەزگا سیخوڕییەکان» - شێوازی لەناوەوە گەندەڵ کردن و سیاسەتی خۆخواردنەوە-بوو.

چۆن؟!.

١- بڕ بڕ کردنی هێزی جەماوەری کورد بە دروستکردنی یانڕێ پاککردنەوە، یان هاندان بە دروسبوونی چەندین کۆمەڵی جیا جیا و بڕ بڕی دژ بەیەک.

بۆ نموونە هەر لە کوردستانی باکووردا «نۆ ڕێکخراوی سەر بەناو«مارکسی - لینینی» دروستکراو هاتۆتە پەیداکردن. کە نیوەی ڕاستییان ڕەنگدانەوەی ناتەبایی و ناکۆکی نێودەوڵەتی بزووتنەوەی مارکسیزم «هێڵی ئەلبانی، پێڕەوانی ماو، چیڤاریزم، تروتسکی» ئەوانی تریان «دژ بە سۆڤیەت، لەگەڵ سۆڤیەت، بێلایەن» یەکەی دەکوژن لەسەرئەوەی ئەمیان پێی وایە کۆمەڵگەی کوردەواری «نیمچە دەرەبەگ و نیمچە

بورژوایە» و ئەویان دەڵێ نە« نیمچە بورژوا و نیمچە دەرەبەگە»!! لەسەر وشە لەسەر گوزارشت/ تعبیر نەک دەستیان دەچێتە یەک ، بەڵکو تا ڕادەی پەنا بردنە بەر داگیرکەرەکەش بۆ لێدانی یەکتر ی دەڕوات!٬ لەکاتێکدا دەزانین:

-یەکەم .. بەرژەوەندی کورد لە دۆستایەتی سۆڤیەت و وڵاتانی سۆسیالیستدایە نەک بەرەنگاربوونەوەیان. لەوانەیە« ئەلبانیا یان چین هۆی تایبەتی و بەرژەوەندی میللی خۆیان هەبێت لە پینەبڕکێ و ناحەزی سۆڤییەت دا. بەڵام ئێمە چی؟ و لە پێناوی چیدا؟.. بۆ دەبێ لایەنی« نەرێنی» مارکسیزم بگوێزینەوە کوردستان؟. بۆ دەبێ لایەنە ئەرێنییەکەی بۆ خزمەتی کورد نەخرێتەگەڕ/ توطیف نەکرێت؟.

-دووەم..سۆڤیەت پێشەنگ و پێشڕەوی ناسراو و ڕاستەقینەی بیری مارکسیزم و مارکسییەتە لە جیهان دا. ئەرکی « نێونەتەوەیی» یانە و خەباتی ناوکۆیی گەلان و چینی کرێکاران - بە کوردیشەوە - ئەوە داوا دەکاتکە لەو ڕاسە شەقامە لانەدرێت. ئەگینا جگە لەوەی کە لادانە لە « اتفاق؟؟؟»ی مارکسیزمی جیهانی، بەدژی بەرژەوەندی کوردیش دەشکێتەوە.

-سێیەم.. تا ئیمڕۆ تاقیکردنەوە سەلماندوویەتی کە دەرچوونی مارکسییەکان - لە هەر شوێنێکی جیهانی سێیەمدا بوو بێت- تاقیکردنەوەی سەرکردایەتی ناوەندی/ قیادە المرکزیە چاکترین بەڵگە و نموونەی بەرچاوانە. هەروەها - ئەوانەی ئێرانیش ئاسۆی سەر ئەنجامیان وەک مانگە شەو لە ئێوارەی شۆڕشدا دیارە.

دیارە ئێمە قسەمان لەسەر ڕاستێتی و ناڕاستی ئەو هێڵە/ خەتەنییە. ئەوە تەنها مافی مارکسییەکان خۆیانە. هەرچەندە پێمان وایە کە ئاکامی/ محللەی دوایی هەمووی ڕاستییەتی ئەو هێڵەیە لەچاو هێڵەکانی دیدا و تەنها بەرژەوەندی کورد لەوەدایە ئەگەر بیانەوێ خزمەتێ بەنەتەوەی کورد بکەن...

ئێمە بێ زمان گرتن دەڵێین ئەوانە« مارکسیزمی ئینگلیزی و ئەمەریکین! - مارکسیزمی ئاخر زەمانن!.. ئەوانە دەمامکی پلانەکانی ئیمپریالیزمی جیهانی و زایۆنیزمن.

٢- مین چێن کردن/ تلغیم ی بزووتنەوەی کوردایەتی:

بەوەی کە وەکو جاران لە سارەکان دا، بارەگا و لە نێزیک و قەراغ شاردا بەنگەڵە و بارەگا و مۆڵگایان بۆ ناکاتەوە. چونکە ئەوکاتە دەبنە بەشێکی یەکگرتوو لەگەڵ هێزەکانی داگیرکەردا و تەنها« نانخۆری جێگا گر دەبن»... ئەو دابڕین و هێنانە پاڵ خۆوەی جاران پێڕەودەکرا لە کار کەوتووە و بێ کەک/ عەمەل بووە!. بۆیە شێوازی خۆخواردنەوە و تێکدانی ناوخۆیی/تخریب الداخلی یان گرتۆتە بەر بەوەی

کە لانیک بەناو « شۆڕشگێڕ و پێشکەوتوو و ئەمە و ئەوە» دەترنجێتە ناو ڕیزەکانی کوردایەتی بۆ ئەوەی هەمیشە هۆکاری لێک ترازان و ناکۆکی و پێکدا کەوتن و پەرت پەرت کردنی ناوخۆ بێت و لەو ڕێفایەوە داگیرکەرەکە بەئامانجە گڵاوەکانی خۆی بگات. کە ترازاندن و پەرت پەرت کردنی ڕیزەکانی هێزە شۆڕشگێڕ و هاوسەنگەر و هاو بەرژەوەندیو ئامانجەکانە. کە دیارە هەرگیز داگیرکەرەکە ئەمەی بۆ ناچێتە سەر ئەگەر چەند خۆرکە و مۆرانە و پوازێکی خۆماڵی نەدۆزێتەوە.. چونکە هەموو زەبروزەنگ و دڕندەییەکی ڕاستەوخۆی خودی خۆی پتر ئەو ...... وێک دێنێتەوە و لێک نێزیک دەکاتەوە. لەسەر بناغەی « پاڵەپەستۆ تەقینەوە دروست دەکات/ الظخط یولد الانفجار»دا هەموو هەنگاوێکی داگیرکەرەکە نێزیک بوونەوەی خۆیەتی لە چاتەنووسی رەشی هەنگاوێکە بەرەو ئاسۆی ڕزگاری و ئازادی و یەکسانی جەماوەر.

با جارێ قسان هەڵگرین و نوختە نەخەینە سەر پیتەکان. خۆتان ڕابمێنن و فەرتەنە و ئاژاوەو کوردکوژی و براکوژی و ڕیز تێکدان و گوڵە شێوینەی ئەم پێنج ساڵەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە کوردستانی باشووردا بخەنە بەر سەرنجی ورد و قوڵی زانستانەوە و کەمێکیش نیگا بکێشنە سەر چڵپاوی ئەو کردارانەیان لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش ...

بەڵام ئێمە پشت ئەستوورین لەوەی کە لە تەک هەر هەنگاوێکی دوژمنکارانەی دنیا ڕەوای گڵاوی داگیرکەران و دارودەستەکانی دا و لەبەرانبەر هەر پیلانو شێواز و بەرهەمێکی کارگە سیخوڕییەکانی ئیمپریالیزمی جیهانی و زایۆنیزم دا. هێزی لەبن نەهاتووی جەماوەر و ڕەوایەتی مەسەلە و دادی داواکەی و گەشە و فراژووبوونی زانستی شۆڕشگێڕی میللەتاندا ڕاست دەبێتەوە و جادوی جادوگەران بەاڵ دەکاتەوە. چونکە حیزبمان فێری کردووین کە «« ئێمە نالێین دوژمن بەهێز نییە، بەڵام ویستی کوردزۆر بەهێزترە»» و دڵنیای- سەرکەوتنیشین ، چونکە « زەحمەتکێشانی کورد بەردی بناغەی شۆڕش و بزووتنەوەی کوردایەتییە و کوردایەتی چارەنووس و بوونی نەتەوەی کوردە.....».

## له كه‌له‌پووری شۆڕشگێڕمان:

### كرمی ناوخۆ

چڵێک مالۆچه له دار بی ئاڵا
ڕۆژێکله‌گه‌ڵیا ده‌کرد سکاڵا
ئاواڵ بۆ کزی بۆ ڕه‌نگت زه‌رده
نه‌تینووی ئاوی نه جێگه‌ت به‌رده
بیور نستبڕێ له‌چی ده‌پرسی
له‌کڕوسینه‌وه‌ی بزن ئه‌ترسی
به‌رز و ئه‌ستووری ڕه‌گت کوتاوه
دژی و که‌نه‌فتی بنێره لاوه
بڕوانه منی باریک و بێ تین
هه‌روا هه‌ڵده‌چم گه‌لا تورت و شین
ڕێگه‌ی پایزی مه‌رگم له پێشه
هێشتا وه‌کو تۆ نیمه ئه‌ندێشه
به هه‌ناسه‌یه‌ک سه‌ری دار له‌ری
قرچه‌ی له دڵ هات چه‌ند گه‌لایوه‌ری
گوتی: ئاوده‌نگی شۆخ و شه‌نگی من
لاوێنه‌ره‌وه‌ی دڵی ته‌نگی من
ژانمگرانه و ناسۆرم زۆره
دار که ده‌قڵیشێله داره حۆره
کرمم تێدایه و ئه‌ویش له خۆمه
له‌کرتاندن ڕاهێڵ و پۆمه
هه‌ر دارێ کرمی له‌ناوخۆی دایه
ده‌شکێ و ده‌که‌وێ به سوکه‌بایه

# قوتابخانەی پاسۆک
## وانەی شەشەم

**لەگەڵ گورگدا گۆشت دەخوا و لەگەڵ مەڕدا شین دەکا!!**

کوردوتوویەتی: ئەوەی سمێڵی سوور بێت هەمزەئاغا نییە. ئەمە چەند لە بواریکۆمەڵایەتیدا ڕاستە و پەندێکی نەمری کۆمەڵایەتییە. دە هێندەش لە سیاسەتدا بە سەلماندن/ئیسپات دەگات. لە باری نەتەوەکەی ئێمەشدا چەندین جار جەماوەر دەستی بە سمێڵی سووری ساختەی فشە هەمزەئاغاکاندا چزاوە. لەژێر ناوی کوردایەتی بڵند و پیرۆزدا سەری نەوی و خۆ فرۆش بوون و هەن بوونەتە پوازی کوردایەتی ، لەژێر چارشێوی زەقترین دروشمی سیاسی و ناوی گەورە و ڕووی ڕەش و فەساڵی کوردکوژی لە چاوی هەستی هەڵچووی جەماوەر گۆڕیوە... و دەستی خەڵکی بڕاوە و هەڵدێڕی لەبەردەم کۆمەڵانی خەڵکیدا قووت کردۆتەوە. ئەم گەمە بێ حورمەتە ڕیسوا ئابڕوو تکاوە بۆتە مێملی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد.. بۆیە پێویستە جەماوەری زەحمەتکێشی ڕاپەڕیوی کورد بۆ هەتا هەتایە ئەو دەستانە بخاتە ڕوو و ڕێ نەدات « کۆنە جاش» ەکانی دوێنێ،بە بەرگ و ڕەنگ و ئاڕایشێکی ترەوە،دەوری چەپوڵی ترازاندن وتێک نانو ئاڵۆزکردنی شۆڕشگێڕە بەوەفا ودڵسۆزەکانی کورد پلە و مەقامی خیانەتیانلە سالۆنی هەڕاج خانەکانی بێگانانداا هەڵنێن و لەسەرحسابی بەردەوامی ژێر دەستەیی و چەوساندنەوەی کورد خۆ قەڵەو کەن. نابێ ڕێگا بدرێت لەناوجەرگەی شۆڕشی کورد دا، شۆڕشی چەواشە هەڵگیرسێندرێت و جەماوەری زەحمەتکێشی کورد لە شۆڕش بێزار کەن و تەرەیان کەن. نابێڕێگا بدرێت ڕۆڵە دڵسۆزەکانی کورد بەدەستی ئەو دەستکێشە ئیمپریالیزمییانە لەگۆڕەپانی خەبات دووروەخرێن و پلانی گڵاوی گۆڕەپان بۆتەخت بوونیان بۆ بچێتەسەر . نابێ ڕێگە بدرێت هەلی زێڕینی بەرفەم بزووتنەوەیکوردایەتی لەبار ببرێت و پشتی داگیرکەرەکە قایم کرێت. تا چاوچنۆکییە/ تەماع ئیمپراتۆرییەکانی بهێنێتە دی و پاشان با بداتەوە سەر کوردا!. نابێ ڕێگا بدرێت کۆمەڵێ گێرەشێوێن و خۆفرۆش بە بەرگی کوردیو ناوی پیرۆزی پێشمەرگەوە ببنە سەنگەرێپێشەوەی بەعسییە ڕەگەزپەرستەکان و ببنە سۆپەر و پاسەوانی داگیرکەران و نەیەڵن دەستی شۆڕشگێڕان بگاتە دوژمن. دەبێ یان ڕێ چۆڵکەن و واز لەسەنگەری پێشەوە و پاسەونێتی بەعس بهێنن، یان بچنەوە بەنگەڵە و زەر ئاخوڕەکانی کۆنین. تا چی دی ناوی شۆڕش و پێشمەرگایەتی پیس نەکەن و بشتوانرێ هەموو لایەک بۆ لێدانی دوژمنەکە خۆ تەرخان بکەین.

جەماوەری بە ئابڕووی کورد... ئێمە دەزانین « فاشیزمی جلی خاکی» چەند درندە و بێ شەرمە ودەزانین لە هەڵسوکەوت و ڕەفتاریان دا، سەد ڕەحمەت لە کفن دزیپێشوو وئەسڵی دەکەن . دەشزانین چۆن کەتوونەتە بەر بەرداشی بەعسییەڕەگەزپەرستە شۆڤێنیستەکان و پوازی ناوخۆ. بە ئاشکراش بێزاری وتوڕەیی وداخ لە چاوتاندا دەخوێنینەوە. بەڵام دەبێ گردەبڕبن لەگەڵیاندا، بگژیاندا بچینەوە قاویان بدەن نانیان مەدەنێ دایان مەکەن مناڵانیان لێ هان دەن بەردە بارانیان کەن، بەدار ە بەردبەتف بەچەمۆڵە بیان کەنەوە بە مۆڵگاکانیانەوە وئەو« سەرەتان» ە لە لەشیبزووتنەوەیرزگاریخوازی کورد دا ببڕن و ئەو دوومەڵە بتەقێنن. لێیان بپرسن: پارتی خراپ، سۆشیالیست خراپ و پاسۆک خراپ، حیزبیشیوعی خراپ، دیموکرات خراپ، کێ ... و کێ خراپ ؟؟؟!!.

ئەی شەیتانەکانی لە بەرگی پەریدا، ئێوە بەئاوی شەوچراوە هەرڕۆژەی لاقی یەکێ دەگرن...دەبێ لە چەند بارگە و لاوە نرخی ئەم کوردکوژییە وەربگرن؟! کۆمەڵگەی کوردەواری کۆیلەیەتی و کۆیلەگەری بەخۆیەوە نەدیوە. ئێوەچۆن لەئاخەلێوەی سەدەی بیستەمدا ئەم بازاڕە گەرمەتان بۆ هەراجی کورج داناوە؟.

ئەگەر ا نییە، چۆن ئەم خەڵکە هەمووی خراپ و ئێوەی کە ئێستاش سەر پالۆی کۆپانەکانتان بەملی کوردەوەیە باش؟!!.

- تاکەی کوڕی کورد دەکەنە خۆراکی شەڕی چەپەڵی کوردکوژی؟!.
- تاکەی لەقاپگرتنی ڕۆڵە دڵسۆزەکانی کورد ناکەون؟!.
- تاکەیهەرگولە شێوێنەی نێوڕیزەکانی کوردایەتی دەبن؟!.
- کەی لەدرۆ وبوختان و پلانگێڕیی دەکەون؟!.
- بۆ دەستی چەور و گڵاوی جاشێتی خۆتان بەسەرخەڵکیدا دەسوون؟!.
- بۆ لەکۆڵمان نابنەوە وناچنەوە ژێر باڵی دایکی داگیرکەرتان؟!.

- تێرتان نەخوارد، یەقتان هەڵنەهێنا، مڕ نەبوون لە پوول و پارەی مفتی کوردفرۆشی؟!.

- ئەوەتا مامۆستاکەتان کە کەڵبەی جاشێتیشی کەوتووە خانەنشینی/ تقاعدی بۆ دەبڕدرێتەوە و دە ئێوەش هەژدەساڵ کوردکوژی و ڕیز تێکدان بەس نییە بۆ موچە ڕینەوە و کەنار گێڕیران؟!.

- تەمەنی یەک نەوە کوردە خراپەکاری دەکەن و کورد دەکوژن ا هەر ڕۆژەی لەبەردەم دەربارێکدا بارگەی خۆفرۆشی دەخەن...دەبەسە بارکەن بڕۆن لە کوردستاندا!!.

▪ خەڵکی بەئابڕووی کوردستان : ئێمە کە تا ئیمڕۆ بێ دەنگ بووین، بێ دەنگی لاوازیو نەزانین نەبووە، ئێمە ویستومانە ئەو تەڵانە بتەقێنین کە دوژمن لەسەرە ڕێی بزووتنەوەی کوردایەتیدا ناونیتیەوە. دەمانویست بەڵکو ئەوە خوایە بەو هەموو خوێنەتێر بخۆن و هۆش بهێنبەوە بەرخۆیان.پێمان وابوو ئیمڕۆ دەبێ خۆمان بۆ داگیرکەرەکە تەرخان بکەین و ئەو هەلەزێڕینەی بەردەم بزووتنەوەی کوردایەتی بقۆزریتەوە و بۆ یەکجاری کورد لە تەنگەبەری و تەنگەتیلەی باری تێترینجراوی ڕزگارکەین و کورد بکەوێتە سەرئەو بارەی کە چیدی « کردەی ئەو بردەی چاوچنۆکەکانی کورسییەکانی بەغدا نەبێت» و ببێتە کاریتەی بزووتنەوەی دیموکراسی عیراقی و بەردی بناغەی دوا ڕۆژێکی گەش و ڕوون بۆ کورد و گەلانی ناوچەکە... یان دەستکێشانە گیانمانەوە بەڵگەیەکی تری سەر ئەو هەزاران بەڵگەی خۆفرۆشییان بێت... کە بووش!

▪ ئێمە بەڵێن دەدەین کە نە ئەوان و نەهیچ هێزێک لەم سەر زەوییەدا ڕێگا لە خەباتی پڕشکۆمان نەگرێت. ئێمە کەخوێنمان پێدا وئامادە بووین بۆ کورد ببڕین هەمیشە ئەو خاکە پیرۆزە ئامێزی بۆ کردووینەتەوە و سڵاویشی لێ بێت...

هەواڵنامەی کتێب

# بانگێ لە سەنگەری پاسۆکەوە

هاوسەنگەرەکەم، هاونەتەوە و نیشتمانەکەم.

تۆش وەکو من چەکی مەردایەتی و شەرەفت کردۆتە شان و تۆش دەتەوێ خۆر بەدیاری بۆ شەوگاری تاری کوردستان بەریت.تۆش دەتەوێ کەللەی سەرت بکەیتە بەردەبازی ئازادی و یەکسانی کورد. دایکت ، باوکت، خوشک و براکان و دەزگیرانەکەت ناسۆری جێ چۆڵیت بەنازی پێشمەرگانە و شەرەفمەندی ئەو سەنگەرەت دادەمرکێنن. ئەوان سەربڵندن بەوەی ڕۆڵەکەیان ، خۆشەویستەکەیان پێشمەرگەیە.

لەمەوە بزانە پێشمەرگایەتی چ شەرەف و بەخت و جەختێکە، کە تەنها ئەوانەی هەڵکەوتوو و بەختەوەرن ئەوشەرەفەیان پێ دەبڕ. پێشمەرگایەتی دەستێ جلی خاکی و تفەنگێک و ناو لە خۆنان نییە. پێشمەرگایەتی مانا و بوون و چەمکێکی/ مفهوم دیاری و پیرۆزە ، ڕەفتار و هەڵسوکەوت و ڕێباز و گیانە.

گوزارشتکردنە لە گیان و مەبەست و خوازی« کوردایەتی» . تۆ بۆیە پێشمەرگەی ، تا کورد لەو واقع و بارە نالەبار و سەپاوەی ڕزگار کەیت. ئەوەش تەنها بەوەدەبێت کە بوونت ڕەنگدانەوەی « کوردایەتی» بێت. ڕێگای ڕاست و شێوازی گونجاو بکرێت و ڕێ نەدەیت بەلاڕێ تا بەرن. دەبێ مێژووی تراژیدیای کوردایەتی لە پێش چاو بگریت، ڕێگا نەدەیت بە هەڵدێر و کەندەڵانی چاڵە کۆنی جاری جارانتدا بەرن، چونکە ئەکتەر و دەمامک بە ڕووەکانی سەر شانۆ ساختەکە هەر هەمان «جاش»ی کەری داگیرکەرەکەن!.

هاوسەنگەرەکەم، لەو کاتانەدا کەدەیانەوێ ئەفیونی برا کوژیت بە قورگدا بکەن، کاتێ دەیانەوێترێت لێ ڕەوێڵ کەن و وەرت چەرخێننەوە و بەرەو ڕووی هاوسەنگەرەکانت کەنەوە ، ڕۆڵی داگیرکەرەکەت پێ دەبینن. لەو کاتانەدا کە قورمیشت دەکەن و کۆکت دەکەن بزانە لە مرۆڤانە و کوردانەتدەخەن و دەتکەنە بووکەشووشەی شەڕ و بەگژ کورد دا دەکرێیت!. دەبێ لەسەر زیندووییەتی و مرۆڤایەتی خۆت بکەیتەوە. دەبێ لە واقعی لە گرژەنەبراوت یاخی بیت و لەو فێڵبازە/ دجال دەستبڕە کوردکوژانەی ساڵەهای ساڵ چەندین گەنجی وەکو تۆیان خلیسکاندبووە زەلکاوی خیانەتەوە و لە مۆڵگا جاشایەتییەکاندا ئابڕووی کوردایەتییان دەبرد، یاخی بە و ڕێ نەدەی بتترازێنن.

هاونەتەوەکەم هەناوی دایکت تۆی بۆ ئازادی و ڕزگاری نیشتمانەکەت ڕسکاندووە، شەونخونی و ژان و دەردیسەری و نەداری خێزانەکەت بۆ ئەوە بووە سەریان لەناو سەراندا بڵند کەیتەوە و ڕۆڵەیەکی بە ئەمەکی زەحمەتکێشانی نەتەوەکەت بیت. تۆ بۆیە بە» کوردی« بوویت تاچارەنووسی کورد لە کۆڵ گریت و ئاڵای هەردەم شەکاوەی کوردایەتی بڵندتر کەیتەوە...

تۆ بۆ مەبەستێکی پیرۆز و خاوێن چەکی شەرەفت کردۆتە شان، ئەگەر هەردەم فیشەکەکانت بۆ خزمەتی ئەو مەبەستە نەتەقێنی و ئاگات لەخۆت نەبێ پێچت پێ نەدەنەوە وئاڕاستەی سەر سنگی هاوسەنگەرێکتی بکەن و بە« کوردایەتی» بۆت لە قەڵەم بدەن!! یان بەقسەی لووسی عەوام خەڵەتێنەری جادوگەران بکەیت. ئەو چەکەت چ جیاوازییەکی نابێت لەگەڵ چەکی داگیرکەرەکەدا، چونکە هەرجوویان تەختە و ئاسن و باروت و قوڕقوشمن!! چونکە پاسۆک دەمێکە هاوارییەتی« چەکی بێ بیروباوەڕ سێدارەی جەماوەرە».

هاونیشتمانەکەم... سەنگەرە چۆڵکراوەکانی شۆڕشی ئەیلوول چاو لە ڕێتە، چیا سەرگەشەکانی کوردستان ئامێزی بۆت گرتۆتەوە. گوندە سووتاوەکان دووکەڵی هەناو و قرچەی جەرگیان بەتۆ دادەمرکێتەوە، فرمێسکی کوڕ کوژراوان، هەنیسکی دەرپەڕێندراوان، چرچولۆچی پیرەمێردە بێ دەرەتانەکان ، بەترپەی پێی تۆ خەندە دەپەڕێتە سەری.

کەرکوک و ژەنگار و خانەقین ڕەنگی هەڵبزرکاویان چاوەڕێی وەرزی گەڕانەوەی سەر نەخشەی کوردستان. تەلبەندی چوار سنووری کوردستان بە مقەستی بیر و چەکی تۆ دادەڕزێت و کوردی بەندکراو لەئاسۆی خوێنی تۆدا ، مندا هەموو پێشمەرگەی کوردستان دا، لەشەقەی باڵ دەدا بەرەو ئاسمانی « ئازادی و یەکسانی».

ئەمە ئەو بڕوا و هیوا و متمانەیەیە بە تۆی پێشمەرگە دەکرێت. جا دەتوانی لە ئاستی ئەو بڕوا و شەرەفەدا بیت. وەڵامی ئەمە تەنها بەوە دەبێت سەنگەر لە هیچ برایەکی پێشمەرگە جوێ نەکەیتەوە، نەک وەک چەتە و چەتەوڵ و قۆنتەراتی بەعس سەر قووتەیان لێ بگریت!..

ئاسانیشە، دەست بە کونی ماران گەستەدا مەکە و جاد وگەران« جاریٰ هەڵیان خەڵەتانی خوا بیان گرێ، بەڵام کە دوو جاران هەڵیان خەڵەتانی خوا خۆت بگرێ»...

هێزی پێشمەرگەی پاسۆک



هەواڵنامەی پێتێ

## پرسه

بەوپەڕی ناسۆر و ناخەوە هەواڵی دڵتەزێنی شەهیدبوونی خەباتگێڕی ناسراو و ڕۆڵەی بەوەفای کورد مامۆستا « سەیدا ساڵح یوسفی» ی کرتێری یەکەمی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان- عێراق» مان بەناخا چزا.

پڕ بە دڵ بەشداری پەژارە و کۆستی برایانی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان- عێراق دەکەین. مامۆستا سەیدا ساڵح ئەگەرچی کەلێنێکی خستۆتە سەرجەم بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و هێشتا زوو بوو و زۆری پێ دەکرا بۆ کورد و حیزبەکەی. بەڵامچدیسانەوە مایەی شانازی و سەروەرییە و دڵنیاین ئەو پۆلەی مامۆستای شەهید لە قوتابخانەی بزووتنەوەی کوردایەتییەدا کردوویەتییەوە دەیان قوتابی دڵسۆز و شۆڕشگێڕ دەخاتەوە، کە جێگەی مەزنی پڕکەنەوە و ڕەوانی شادی بەسەرفرازیی کورد شاد و ئارام کەن.

هیواداریشین کە خوێنی سەیدای شەهید و هەموو شەهیدانی کوردستان و عێراقی هاندەرێک بن بۆ یەکخستن و یەکێتی و یەکگرتنی هێزە شۆڕشگێڕەکانی کورد و عێراقی ، بۆ بەدیهێنانی بەختەوەری و ئاسوودەیی و دیموکراسیێتی بۆ گەلی عێراق و مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەی کورد و هەڵتەکاندنی هەموو کۆسپ و پوازەکانی نێو ڕیزەکانمان.

**هەر زیندووە شەهید « سەیدا ساڵح یوسفی»**

**سەر شۆڕ و تێشکاوە دوژمنان و خۆفرۆشان**

سەرکردایەتی هەرێمی باشووری
پارتی سۆسیالیستی کورد - پاسۆک

## شادەمارە سەرەتاکانمان

**٥-دەستی یارمەتی و هاوکاری بۆ هەموو بەرە و لایەکی خێرخوای کورد درێژ دەکەین، بەمەرجێ بەرژەوەندی کوردی تێدا بێت و لەگەڵ ڕێکخستنی هەوڵی خێر خوایانەی کورداین و داوای « یەکگرتنی هەموو هێزە سیاسییەکانی کورد، لە بەرەیەکی یەکسانی هاوتادا» دەکەین، بۆ ئازادی و یەکسانی.**

لەو سەردەمانەدا کە هێشتا بیروباوەڕی جەماوەری لە قالبێکی دیاریی وسنووردراردا نەمەیبوو، کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی خاوەن بەرنامە و پرۆژە و پرۆگرام و ڕێبازی دیاری قاڵب بەستوو نەهاتبوونە بوو. بزووتنەوە و چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی مرۆڤ هاندەرێکی غەریزی و عەفەوی خۆڕسکی دەیبزواند. کە «پەلەی ژیان» بزوێنەر و پاڵدەری سروشتی بووە و هەست و نەستی سرووشتی و خۆڕسکی تاکەکانی کۆمەڵ هەستێکی سەرەتایی و زگماگی مرۆڤ بووە. تاکێک یان چەند تاکێکی هەڵکەوتووی هۆشمەند ڕێچکەی ڕاپەڕین و شۆڕش و پەلاماری بۆ تاکەکانی دوای خۆی دەشکاند و ئاپۆرەی خەڵکی لە دەوریئەو تاکانە کۆدەبنەوە. بەلام هەمیشە لەبەردەم مەترسی لادان و تەرەبوون و گەڕانەوە و ڕۆچوون دا بووە. چونکە هەموو قورسایی و چەقی هێزەکان / مرکز القوه لەسەر چەند پایەکی تاک ڕاوەستا بووە. بەگەڕانەوە و لەتردان و تێداچوونی ئەو چەقی هێزانە بزووتنەوەکەش تووشی ئەو سەرئەنجامانە دەبوو، بەئالۆز بوون و پێشکەوتن و گەشە و فراژبوونی خەبات و چالاکییەکانی مرۆڤ و پێداویستییەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و تود و تیژبوون و جۆراوجۆربوونی شێوە وجۆر و شێوازی ئەو ناکۆکی و پێکدا کەوتن و پێکداچوونانە. پێویستیگەشە و فراوان بوون و پێشکەوتن و کامڵ بوون و کەرەسە و ئامرازەکانی ئەو ململانێ و پێکدا هاتنانە هاتە پێشێ و شێواز و قاڵبی نوێ و پێشکەوتووی بەخۆیەوەدیت. کە ئەو توانا و تین و هێزانەی چڕ تر و کاریگەرتر و ڕێک و پێکتر و بەیت و فراوانتر کردۆتەوە.

ڕێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی خاوەن بەرنامە و ئایدۆلۆژیەت و دیبازی دیاری سنووردار وەکو گەشە و پێگەیشتنێکی نوێ لە چالاکی کۆمەڵایەتی مرۆڤ هاتۆتە پێشێ. ئەمەش یەکێک بووە لەو گۆڕان وگەشە مێژووییە بەر چاوەی سەردەمی خەباتی «جەماوەری» و« میللی»ی. ئەگەرچی هەر لە زوویەکەوە - نیزیکەی سەرەتای ئەم چەرخە و سرووشتی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد« کوردایەتی».

بەڵام لەبەر هەڵكەوتی كۆمەڵگەی كـوردەواری و پەیوەندییە خێڵایەتی و هۆزایەتییەكەی كۆمەڵگە و دواكەوتنی كۆمەڵ و نەخوێندەواری و بێ كیانی و لەسەرێكەوە و دڕندەیی و بەهێزی و پشت ئەستووری داگیركەانمان و باری سەختی تێ ترنجراوی خەباتی میللیمان و لەسەرێكەوە بۆتە هۆی ئەوەی كە ئەو ڕێكخراو و كۆڕ و كۆمەڵە سیاسییانە قاڵبی سروشتی خۆیان نەگرن و تەنها وەكو قەوارەیەكی نیمچە شەپڵە لێدراو بمێننەوە و ببنە كلكی ڕوودا و پاشكۆی تاكو بەدەسەڵاتەكانی كورد. بە پێچەوانەی داخوازی و هەڵكەوتەوە كە دەبوایە تاكەكانی لە قەوارە و چوارچێوەیدا بتوانایەتەوە. كە دەبوو سەرچاوەی هێز و كاریگەری ئەو تاكانە لەو ڕێكخراو و كۆڕ و كۆمەڵە سیاسییانەوە هەڵبقوڵایە. نەک بوون و كاریگەرێتی ئەمان بەو تاكانەوە بەند بوایە.

تەنها سەرنجی هەڵكەوتی « پارتی دیموكراتی كوردستان» تا دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول لەساڵی ١٩٧٥دا كە گەورەترین و كاریگەرترین ڕێكخراوی سیاسی ئەو سەردەمەی كورد بووە ئەو هاوكێشە ئاوەژووەمان بۆ دەردەخات كە « پارتی» « پاشكۆی» بارزانی بووە و هەمیشە « بارزانی» لە حیزب مەزنتر بووە.

ئەم بار و هەڵكەوتە ئەوەی هێناوەتە پێش كە چارەنووسی « بزووتنەوە» و « ڕێكخراو» ەكەش ڕاستەوخۆ بەند بێت بە چارەنووس و هەنگاوەكانی تاكەوە. لە حاڵ و باری ئیمڕۆ و لەبەردەم پێداویستییەكانی ئاڵۆز و بەیەكدا چووو فراوانی خەباتی سیاسی ئەم سەردەمەدا هەڵكەوتی وا مەترسی ئەوەندە كوشندەی لەبەردەمە.، كە جزەی لێ هەڵسانین!.

پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن لە ١٩٧٥ دا، بار و هەلومەرجێكی دیكە هاتە پێش كە زەمینەی ئەوەی خۆش كرد ئەو هاوكێشە ئاوەژووە ڕاست بێتەوە. كۆڕ و كۆمەڵە سیاسییەكان شوێن و ڕۆڵی پێویست و سروشتی خۆیان ببیننەوە. ئەمەش گۆڕانێكی چۆنایەتی زۆر بە پێز بوو لە بزووتنەوەی ڕزگارخوازی كورد دا. ئەگەر لەبارێكی سەختی زۆر دژوار و ئاڵۆزی وەكو پاش هەرەسدا نەڕسكایە و زەمینە و باری لەبارتر و هێمن تری بۆ بڕەخسایە، بۆیە لەگەڵ ئەو دەستكەوت و لایەنە ئەرێنییەی ئەو گۆڕانە و مەترسییەكی گـەورە بەرەنگاری ئەم گۆڕانە دەبـووەوە و ئەویش پەرت پەرت بوونی هێزی شۆڕشگێڕی جەماوەر و تێكەڵ بوونی هەوای نەفس و عەزیای دەروونی كەسی/ شەخسی لەگەڵ ڕووداو وئەو گۆڕانەدا . ئەو یەژێتی و یەک بوونە فشۆڵە لاوازە ناچارییەی جاران لە بری

یەکگرتن و یەکێتی پتەو و بناغەدار ، پەرتبوون و ناکۆکی و هەتا بەیەکدا چوون و « تصفیه حسابات» یشی لە پێش بوو. بۆیە ئەو ڕۆژە لە هەموو ڕۆژێکی دیکە پتر پێویستیی خۆکۆکردنەوە و بەرژەوەندی بەرزی کورد بەرچاو خستن و هۆکانی تەبایی و یەکییەتی و یەکگرتن هاتبووە پێش و لەو پێچە مێژووییەدا شارەزایی و دڵسۆزی و خۆنەویستی و خۆتەرخان کردنێکی نائاسایی و زۆر چڕی گەرەک بوو. بەتایبەتی کە لەژێر خۆڵەمێشی ساردی یەکێتییە فشۆڵکەی پێش هەرەسدا،، پشکۆی سووری ناتەبایی و دوژمنایەتی و ناکۆکییەکی ماڵوێران کەری زۆرجاران نالۆژیکی و ناسروشتی خۆی بۆ مەلاس دابووین. تاکە یەک ڕێگاش وازهێنان بوو لە بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی و هەوا و هەوەسی کەسی و ناکۆکی و شەڕە ناو دێرا!.

بۆیە حیزبمان بەبێ دیاریکردن/ تحدید و زمان گرتن و بێ مەرج و مەرج کاری بە ئاشکرا وتوویەتی«« دەستی یارمەتی و هاوکاری بۆ هەموو بەرە و لایەکی خێرخوای کورد درێژ دەکەین ..»» تاکە یەک مەرجیش « بەمەرجێ بەرژەوەندی کوردی تێدا بێت »» بووە.کە لە ڕۆژی نوێبوونەوەی حیزبمان لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٧٥ دا، تاکە ڕوانگە و کێشانەی هەمووشتێکی بووە، ێ گوێدانە هیچ ئیعتیبار و بەرژەوەندییەکی تر.

ئێمە لەسەرەتاوە چەند هەستمان بە پێویستی و گرنگی « یەکگرتنی هێزە شۆڕشگێڕە خێرخوازەکانی کورد» کرد بوو و وەکو تاکە مەرجی سەرکەوتنی خەباتی نەتەوایەتیمان و زانینی سەرکەوتنی هەر هەوڵ و تێکۆشانێک ئەوەندەش هەستمان بە مەترسی لێک ترازان و خۆخواردنەوە و بەیەکدا چوونی هێزە سیاسییەکانی کورد کرد بوو. دەشمانزانی سیکوچکەی شەڕی «پلانی داگیرکەران و ئیمپریالیزمی جیهانی» و « فڕکان فڕکانی بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی » و « هەوا و هەوەسی نەخۆشی سەخسی» سێ کۆسپی هەرە سەرەکی و سەخت و دژواری سەرەڕێی ئەو « یەکێتی و یەکگرتن» ە یە. بۆیە بە توندی و گردەبڕی و هەتا سنووری پاڕانەوەش «« داواییەکگرتنی هەموو هێزە سیاسییەکانی کورد»» مان کردووە لە «« بەرەیەکی یەکسانی هاوتادا»»...

ئێمە دەزانین لە کۆمەڵگەیەکی فرە بیر و بەرژەوەندی و چینی وەکو کیمەڵگەی کوردەواری هێزە سیاسییە دڵسۆزەکانی لە یەک ئاستی دڵسۆزی و لەخۆبوردن و شۆڕشگێڕیو توانا و بیروباوەڕ و هەڵژەوتدا نینن و نابن. بەڵام هەموو ئەوانەی کە

هەواڵنامەی کتێب

بەو واقعی سەپێنراوەی بەسەر کورددا قایل نین و بەرەنگاری دەبنەوە لە سەنگەر و بەرەیەکی فراواندا یەک دەگرنەوە کە، « بەرەی جەماوەرە» ئەو « بەرە» یەش لە رۆخ و .... ئەوسەری قایل نەبوون و ملنەدانی ڕووتەوە نەگرێتەوە تادەگاتە ئەمپەڕی شۆڕشگێڕایەتی و دەستە و یەخەگیربوون لەگەڵ داگیرکەرەکەدا. پێشمان وابووە کە تەنها مەیدانی کردەیی/ عەمەلی و سەرگۆڕەپانی خەبات و هەڵسوکەوت و دەست هەڵبژێریی جەماوەرەکە بواری چاکسازیی/ اسلاح و شۆڕشگێڕایەتی و پێشڕەوایەتی و پاشکۆیی و پلە جویّ جویّکانی دڵسۆزی و جەماوەرە و شۆڕشگێڕییە و تەنها دەبیّ ڕۆژگار و لەسەر دەستی جەماوەردا ئەو بڕیارە بدات ئەمە تەنها بەرچاو شتێکی واقعی و شۆڕشگێڕانە و پێشبینییەکی زانستە نەبووە و .......ڕووداوەکانی پێنج شەش ساڵەی هەموو ڕۆژێک سەلماندنی ئەو ڕاستی و بۆچوونە بابەتی و زانستانەی ئێمەی بە ئیسپات گەیاندووە - بەڵکو تێڕامان و بەسەرا چوونەوەی سەراپا تاقیکردنەوەکانی گەلان دنیا و سوود وەرگرتن بووە بۆ خۆلادان لەو فاقە و داوە مێژووییەی کە بۆ ئەو تاقیکردنەوانە نراونەتەوە و هەر هەمووشی تێیکەوتن. ئێمە نەمان دەویست و نامانەویّ کورد هەڵەی پێش خۆیی و خەڵکی بکوتێتەوە. چونکە مەسەلەیەکی یەکجار بنجی و سەرنجڕاکێشە لە هەموو ئەو تاقیکردنەوە شۆڕشگێڕانە بۆتە مێمڵ و - تا سنووری لەکە و نووقوستانی و کەلێن دەچێت - ئەویش ئەوەیە کە سەرئەنجامی ئەو بزووتنەوە شۆڕشگێڕاییانە بەتایبەتی ئەوانەی یەک حیزبی و یەک لایەن پێشڕەوایەتی دەکەن و گۆڕەپانەکە دادەدۆشن/ استغلال دەکەن. مل بە دیکتاتۆرییەتی و ملهوڕییەوە دەنێن. لەسەرەتا و کاتی شۆڕش دا ئەو حیزبانە ، تەواو لەگەڵ ئامانج و خواستەکانی جەماوەردا جووتن. بەڵام لەگەڵ یەکەم هەنگاوی سەرکەوتن و گرتنەدەست لە جەماوەر جویّ دەبنەوە و دادەبڕێن- و ئەگەر مەودای دەنگ وەرگرتنی جەماوەر بدرێت و تەواو فرزەی لیّ نەبڕێت بە شۆڕشێکی تر ڕاست دەبێتەوە و بۆ ڕزگاربوون لە پێشڕەوەکانی دوێنییان - ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە«تاک» یان «حیزب» دەبێتە جێگرەوەی/ ئەڵتەرناتیڤی جەماوەر و خۆی دەکاتە ڕیش سپی و ڕاسپێردراوی/ ولی بەسەرییەوە. لەبەر ئەوەش کە جێگرەوەی جەماوەر تەنها هەر جەماوەر خۆیەتی و هەر قاڵب و شێوە و پێکهاتەیەکی دیکە بێتە پێش تەنها فەنگەفێڵ و چاوبەست و حیلەشەرعییە و بەس!. بۆیە ئەگەر جەماوەر لەبارو هەلومەرجێکی وادا نەبێت، کە بتوانیّ خواست و ویستی خۆی دەربڕیّ و بیشی سەپێنیّ، ئەو بەهەشتەی شۆڕشگێڕانی دوێنیّ

بۆیان ڕەخساندووە دەبێتە بەندیخانە و قەفەزێکی زێڕین... کە دیارە قەفەز و کۆت، شوڵ بێت، تەنەکە بێت، زێڕ بێت، هەر قەفەز و کۆتە...تەنها بۆ یەک ڕێگاش بەر بەم کارە دەگیرێ ئەویش ئەوەیە جەماوەر بخرێتە سەر ئەو بارە و ئەو زەمینەیەی بۆ بڕەخسێندرێ، کە سبەی بتوانێ بەناوی خۆیەوە ویستی خۆی بسوپێنێ. نەک بەناوی ئەمەوە و بە تاپۆی ئەم فرزەی لێ ببڕن. جەماوەر ەگەر مەودای هەڵبژاردن و گۆڕین و لابردن و هێنانە پێشەوەی پێشڕەوی خۆی نەبێت، ناتوانێ گوزارشت لە خۆی بکات. ئەو ئەگەر ترنجێندرایە تەنگەتیلەی بێ سەرپشکی/ اختیاری و ناچاری هەڵبژاردن و پێ قایلبوونی « تاکە یەک شت» بیەوێ و نەیەوێ و جێگر نەبێت وەکو ئەوە وایە قسە کۆنەکەی دەڵێ: « لەناوچەوانی نووسراوە!..» حەز کاتو حەز نەکات بیەوێ و نەیەوێ، چاک و خراپ هەر ئەوەیە ، مەسەلەی ئاغاو غولامەکەیە: کەوی بوێت هەرسوێسکەیە و سوێسکەی بوێت هەرسوێسکەیە. سەرنجی هەموو تاقیکردنەوەکان بدەن ، هەمووی دووچاری ئەم داوە بووە.کە بتوانین ئێمە خۆمانی لێ لادەین و تاقیکردنەوەیەکی نوێ لە فەرهەنگی شۆڕشگێڕیدا بڕسکێنین گەورەترین خزمەت بە کورد و ژیاری مرۆڤایەتیش دەکەین.

بۆیە پێمان لەسەر « بەرەیەکی یەکسانی هاوتا» داگرتبوو و بە تاکە ڕێگا وشێوازی گونجاو و پراکتیکی و ڕاستو شیاو زانیوە بۆ ئەم مەبەستە « سەرکردایەتی هەرێمی باشووری حیزبمان پرۆژەی « بەرەی ڕزگاری و ئازادی کوردستان پێشکەش بەگەموو هێزە سیاسییە شۆڕشگێڕە دڵسۆزەکانی کورد کردووە و بە گفت و گوزاری و لۆژیکێکی زانستی و پراکتیکی و بە دووڕودرێژی هۆکانی سەرنەکەوتنی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد و بەئەنجام نەگەیشتنی دوای خەباتی میللی کورد و پێویستیو پێداویستییەکانی خەباتی قۆناغی دوای هەرەسیتێدا شیکراوەتەوە و ئەو ڕاستی و بەڵگە و پۆزشو پێویستییانەی بەرەی « یەکسانی هاوتا»کوردستانی خستۆتە پێشچاو هیچ کەلێنێکی بیانوو و بەهانەو پێچدانەوەی نەهێشتۆتەوە لەو چەند ساڵەی دوایشدا هەموو توانا و هێزی خۆمان تەرخان کردووە بۆ کونبڕکردنی دەلاقانی نێو ڕیزەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی تا ئەو سنوورەی کە لە ساڵی ١٩٧٦ دا پێشنیازی ئەوەمان خستە بەردەم -جووتە هێزی بەدەسەڵاتی ئەو ڕۆژەی کورد -کە ئێمە وەکو حیزب ئامادەین - ئەگەر مەرجی ئەمان، یان پێویستی بەرژەوەندی کورد وا داوا بکات -خۆمان هەڵبوەشێنینەوە وەکو تاک تاکە هەموو هاوبیر انمان بچینە ژێر فەرمان و ڕابەرایەتی ئەو دوو لایەنەوە بەمەرجێ لەسەر بەرنامەیەکی

پێشکەوتووی سەرومرِی دیاری یەک بگرن و بەرەیەکی « کوردستانی» پێکبهێنن. بەڵام ئەم گیانە دڵسۆزی و خۆنەویستانە کوردانەی ئێمە بە ڕەتکردنەوە وەڵام درایەوە. دیسانەوە پێمان وابوو کە ڕۆڵی ئێمە تا دێت پتر پێویست دەبێت ، بۆیە لە دوو ساڵی ١٩٧٨ و١٩٧٩ و ەشێکی زۆری ساڵی ١٩٨٠ ی هەموو چالاکی و توانای خۆمان بۆ کەوتنە بەینەوە و ناوبژیو یەکخستنەوەی ڕیزەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی و باڵ لێک ترازاوەکانی هێزە سیاسییەکانی کورد تەرخان کرد بوو، بێ فوێدانە هیچ دەستکەوت وبینەبرِکێیەکی حیزبی. کە نەک بە مەرامی لانێک و بەدگومانیان گەیشتبووە ئەوەی لە نوسراوێکدا بۆ ڕێکخراوێکی باڵایان بنووسن« پاسۆک بۆتە دەڵاڵ لە نێو هێزە سیاسییەکان دا، سەریان پان دەکەینەوە!!!». ئێمە دەمانزانی سەرئەنجامی ئاوا چاوەڕوانمان دەکات و چاوەڕوانی گفت و فەرمایشتی واش بووین. بەڵام ئێمە پتر لەمە ڕای ڕابەرێکی دیاری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە کوردستانی خۆرهەڵات هەڵدەسەنگێندرێ ڕا و ڕۆڵ و هەڵوێستمان دەزانین کە دەیووت: بارەگای پاسۆک بۆتە ساڵۆنی نەتەوە یەکگرتووەکانی لە نێو هێزە سیاسییەکان دا!.

ئەمەش بۆ خۆ هەڵدانەوە باس ناکەین، چونکە ئەرکی سەرشانمان بووە و لە خۆڕا و لە پڕدا نەهاتووە و باروهەلومەرجێکی تایبەتی و تاکتیکئامێز نەبوو، چونکە ئێمە لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٧٥ دا بەئاشکرا لە شادەماری پێنجدا وتوومانە«« دەستی یارمەتی و .....»» هەر چیەکیشمان کرد بێت ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕی ڕەسەنی کوردایەتیمان بووە تەرجەمەی پراکتیکی ئەو بنکە فەلسەفی و ئایدۆلۆژییەشمان بووە.

ئیمرۆ لە هەموو رۆژێکی تر پتر ئەو ڕاستی و پێوتستییەی یەکگرتن و یەکبوونە خۆی دەسەلمێنێتەوە و هەر بەهەمان گوڕ و کوڵ و دڵی جارانەوە بانگی یەکێتی و یەکگرتنی هەموو هێزە سیاسییەکانی کورد لە «« بەرەیەکی یەکسانی هاوتا»»دا دەدەین کە تاکە زامنی سەرکەوتنی خەباتی میللیمانە

ئامادەی هەموو هاوکاری و هاریکاری و بەشدارییەکی یەکێتی و برایەتی و تەبایی نێو ڕیزەکانی کوردایەتین بەبێ مەرج – جگە لەبەرژەوەندی بەرزی نەتەوەکەمان چونکە ئێمەی پاسۆک«« پێش ئەوەی هەر شتێ بین... کوردین»».....

## ماڵاوا
## سەگ بە زەبری کلکی ، ئێسقان دەشکێنێ

مەتەڵێکی ژیرانە و داخراو نییە کە هەڵنەیەت... سوارە خوێڕییەکەی بەعسی هەروا لە خۆڕایی و بێ حساباتی وردی خۆی ئاسایی ئەو ٧٠٪ ی لەشکرە داگیرکەرەکەی کوردستانی پێ گەمارۆ دابوو. ناکشێتەوە و نایکات بە قورگی شەڕێکی دۆڕاوی وەکو ئەم ١٠ مانگەی دواییەوە. ئەگەر پایەگە وبنکە و پوازێکی لە کوردستان دا، جێنەهێشتبێ وگفتی پشت پاراستنی لێوەرنەگرتبێ! لە پێش شەڕەکەدا ئاژاوە و فەرتەنە و پشێوی نانەوەی بن تەبەقی نێوان هێزە سیاسییەکانی کورد و نەهێشتنی پێک گەیشتن و لێکگەیشتن و یەکگرتنیان دەورییەوە سەرەکی و دیاری بووە لە پاڵ نانەوەی شۆڕشی چەواشە و دەرگای گۆڕەپان داخستنی لە ڕووی ئەم لایەنو ئەو لایەنیا بە بەهانەی ناوچەی داخراو و قەدەغە کراو هەروەکو تاپۆی کوردستان و گۆڕەپانی خەبات موڵکی بابیان بێت و بەوەوە دابین نەبن کەکوردستان کرا بێت بە چوارکەرتەوە، ئەمانە کەرتێکی زەربێ چوار بکەن لە چوار یەکی چوار یەکەکەشدا ژیان بە کەس نەبینن!!! ئێمە چ ناڵێین تەنها ئەم سەرەتاو مقدمات انە دەخەینە ڕوو با جەماوەر سەر ئەنجامەکەی بدۆزێتەوە کە هاوارییەتی!

پاش هەڵگیرسانی ر شەڕەکە لایەنێکی سەرەکی و کاریگەری بزووتنەوەی کوردایەتی کۆ کردەبووە کە ئەو هەلە لەگەڵ لایەنەکانی دیدا بقۆزێتەوە و لە ناسکایی دوژمنەکە بدات...

دوو مانگان دێیان پێ گرتن و هەموو لایەنەکانیشیان بە گوزارشتی/ تعبیری خۆیان بە دەلالییەوە خەریک کردا! ئەمە تەواو پاش کەمتر لە مانگێک کەوتنە گیانی لایەنێکی شۆڕشگێر و دڵسۆزی ترەوە و ڕاوڕاوێنی شارباژێڕ و شارەزوور دوو مانگێک کێشا تا بەشکستی خۆیان شکایەوە... جارێکی تر کە ویسترا تەوقی ناوچەگەرێتی بشکێندرێ و پێشمەرگەی کورد مافی بەرگریکردنی لەسەر خۆ هەبێت، هەموو هێزیان بۆ کۆکردنەوە و تا نزیک سنوور دوویان کەوتن!! . ئەمەشییان تەواو بوو سەرەی ئێمە هات کە دەمێک بوو نۆبە بریان لێ کردبووین، ئەگینا داگیرکەرەکە بەدەست بیر و بازووی ئێمەوە تەواو شەکەت بوو بوو... ئەوە بوو پلانی نامەردانەیان نۆبەی هاتە سەرمان؟؟...

ئیدێ بەعسێ پیاوی وای هەبێت، بۆ پشتێنی لێ ناکاتەوە و کوچکێ لە ئاگر گەرمتر بێت، جەرگی ڕۆڵەی کوردف چۆن پێ نابرژێندرێت؟!.

ئەوە بەعس بەزەبری کلکی ئێسکی کورد دەشکێنێ، ئەگینا خۆی کەڵبەی کەوتووە!!..

# {پێش ئەوەی هەرشتێ بین ... دەبێ کورد بین}

<u>ئاڵای سووری کوردایەتی</u>

<u>ژمارە حەوت/  خەرمانانی ٢٥٩٣                ئابی ١٩٨١</u>

## سەرەباس

+ شیعر
+پەیمانی سیڤەر ئەوەمان فێردەکات؟ هەق ئەگەر کوتەکی لە پشتەوە نەبێت،دەچەمێتەوە».
+ ڕازێکی کوردانە ..... پێشنیارێک
+ لە کەلەپووری شۆڕشگێڕیمان
+ قوتابخانەی پاسۆک.... خۆشەویستی کوردانە؟
+ بانگێ لە سەنگەری پاسۆکەوە
+ شیعر
+ شادەمارە سەرەتاکانمان
+ مالاوا... ڕەوشتی سیاسی

هەواڵنامەی کتێب

## سەردەکەوین

سەردەکەوین  چونکە دوێنێ
تۆپەڵە قوڕێکی دەستکردم
دایە دەست منشاڵێکی کورد
ئەو لەباتی بووکەشووشە
تفەنگێکی بچکۆلانەی
لێ دروست کرد!

## پەیمانی سیڤەر ئەوەمان فێر دەکات «هەق ئەگەر کوتەکی لە  پشتەوە نەبێت دەچەمێتەوە»

ڕاستی و ڕەوای ڕووت، ئەگەر ئامڕازی سەپاندنی لەتەکدا نەبێت، هەر هێندەی ڕەوای بەرخ لەبەردەم کەڵبەی گورگدا خۆی ڕادەگرێت. ناهەقچەند پێویستی بە زۆرە بۆ ڕاوەستانی  ڕەوا، هێندە پێویستی بە زەبر و زەنگی شۆڕشگێڕانە و ئەرێنی/ ئیجابی هەیە بۆ ڕاگرتن وبەردەوامیی . زۆری یەکەم کەمخایەن و بن بۆش و دڕندانەیە، زەبری دووەم بەردەوام و پتەو و مرۆڤانەیە. بۆیە کە ویسترا ڕاستی و ڕەوایەکبێتە دی و بمێنێتەوە دەبێ پێش هەموو شتێ کەرەسە و ئامڕازی ڕسکان و بەردەوامی مسۆگەر کرێت، ئەگینا لە دووتوێی سەر کاغەز وچێوەی خەتی نووسراوی ناچێتە دەر.

هەر بەم پێیە ئەگەر ورد سەرنج دەینە سەر ئەنجامەکانی بڕانەوەی جەنگی جیهانی کە بەرهەمێکی پەیمانی «سیڤەر»ە کە لە١٠ ی ئابی١٩٢٠ دا وەکو بەشێک لە پەیمانی فێرسای هاتە پێش و بەنیسبەت نەتەوەی کوردەوە ڕووداوێکی یەکجار گرنگ و بەرچاو بوو. کە بۆ یەکەمجار لە مەیدانێکی  بەرفراوانی نێو دەوڵەتیدا بە ئاشکرا و گردەبڕ دان بە بوون و مافی میللی کورد دا نراوە. ئەم ڕووداوە ئەگەر تەنها ڕسکانی ماف و ڕاستییەکی ڕووت  نەبووایە و ماشانی ئەو ڕسکانە بازوو و مەچەکی چەک بەدەستی کورد بوایە لەوە تێدەپەڕی وەک ڕووداوێکی نوسراوی  ڕووت و دەبووە  سەرەتای قۆناغێکی  نوێ  لە مێژووی کورد  بەتایبەتی و ناوچەکەش بە گشتی . کە دەیان و سەدان گۆڕان و شتیتری بە دوودا دەهات. هەر بۆیەشە کە کەڵبەی گورگە بۆری تورکیا لەڕنە درایەوە، هەروەک

کار لەبەر ڕەحمی چەقۆی قەسابدا ئەو پەیمانەگۆشاووگۆش سەربڕدرا و لە شوێنیدا
بەچکە بەرازی لۆزان شفرەی لە بوونی کورد گیر کرد. ئەم سەربڕینی ڕاستی و
ڕەوا ڕووتە بێ چەپەر وبێ پارێزگارە، نەک هەر تەنها یەک بۆڵەی لەدەمی
ئیمزاکەران و هەموو هێزە دەوڵەتییەکان دەرنەهێنا، بەڵکو لە زۆر لاوە چەپکە
گوڵی شاباشیان هەڵدا بەسەر

ئەو تاوانەدا و تا ئیمرۆش لـەزۆر باس دا، وا دێتە پێش گوایە « سیڤەر»
بەسەر توركیادا سەپێندرا بوو و لە « لۆزان» دا ئەو ناهەقییە پاماڵ کرا!!.

بەم جۆرە هەقی کورد لە « سیڤەر» دا بووە کاری ناوڕەوا و سەپاو و دیلییەتی
لە «لۆزان» دا بووە ڕاست بوونەوە و ناهەق ڕاست کردنەوە ! ئەمە ئەو پەند و وانە
گرنگەمان دەداتێکە زامنی بوون و مانەوە و بەدەستهێنانی مافە میللییەکانمان

پێش هەموویان – مافی دیاریکردنیچارەنووسی کورد – تەنها و تەنهاجبەهێزی
مێشک و بـازووی خۆمان دێتە دی و بە بڕی تیژی و ژیری و بەهێزی و توانای
خۆمان چاوەڕوانیپشتگیری دۆستانیش بکەین و ئەو ڕاستییە

دەسەلمێتەوە کە « ئازادی و یەکسانی» کورد لە لولەی تفەنگەوە سەر هەڵدەدات

+بۆ یادی ئەو شەهیدانەی کە لەسەر ماف و هەموو مادەکانی دیکەی کورد بوونە
پێشەنگ و سەرقافڵەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردو بۆچئەوەی هەمووان
بزانین پاش شەست ساڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد چەندی خستۆتە
سەر ئەومافانە و چەندی لێدالەنگیوە. کە هەر هەمووشی ڕووی کۆڕ و کۆمەڵ و
ڕێکخراوە سیاسییەکان دەگرێتەوە و با جەماوەر بیانخاتە بەر دادگایلێپرسینەوە.
دەقی

بەندەکانی « ٦٢،٦٣،٦٤»ی ئەو پەیمانە دەخەینە ڕوو کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیدارن
بە مەسەلەی کوردەوە:

+بەندی ٦٢- کۆمیسیۆنی ئەستەمبووڵ لە ٣ ئەندام پێک دێ کە حکوومەتەکانی
بریتانیا و

فرانسە و ئیتالیا بەرەسمی دەست نیشانیاندەکەن. هەتا شەش مانگ دوای
مۆرکردنی ئەو پەیمانە ئەو کۆمیسیۆنە نەخشەیەک بۆ خودمەختاری« ئۆتۆنۆمی»
ناوخۆیی/محلی ئەو مەڵبەندانە پێشکەش دەکا. کە زۆربەی دانیشتوانیان کوردە و
کەوتوونە ڕۆژهەلاتی چۆمی فورات و باشووری ئەرمەنستان، کە دەکرێ لەمەودوا
سنووریان بۆ دیاری بکرێ یان کەوتوونە باکووری سنووری نێوان تورکیا و سوریا

هەواڵنامەی ئێنب

و دوو ڕووبارەوە/ میزۆپۆتامیا وەک لەبڕگەکانی بیست و حەوت و دوودا «٢،٣» دا هاتووە. ئەگەر کۆمیسیۆنەکە لەسەر مەسەلەیەک نەیتوانی بڕیارێکی تێکڕایی

وەربگرێ هەرکام لە ئەندامانی کۆمیسیۆن مەسەلەکە لەگەڵ حکوومەتی خۆی دێنێتە گۆڕێ. ئەو بەرنامە پارێزگاری تەواوی ئاسوورییەکان وکەمایەتییە

نەتەوەیی و ڕەگەزییەکانی دیکە لەو مەڵبەندەدا دابین دەکا و بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجە کۆمیسیۆنێک لە نوێنەرانی بریتانیا و فرانسە و ئیتالیا و ئێران و

کوردەکان بۆ پشکنین و بڕیاردان لەسەر هەر چەشنە دەستکارییەک کە بە گوێرەی مەرجەکانی پەیمانی سنوور لە نێوان تورکیا و ئێران دا، لەسەر سنووری تورکیا ئیمکانی هەبێ، سەر لەو مەڵبەندانە دەدا.

+بەندی ٦٣ – حکوومەتی تورکیا لە ئێستاوە دەستەبەر دەبێ کە هەموو بڕیارەکانی ئەو دوو

کۆمیسیۆنە کە لە بەندی ٦٢ دا باس کراونقڤوڵ بکا وهەتا سێ مانگ پاش ئەوەی کە پێی ڕاگەیاندرا جێبەجێیان بکا.

• بەندی٦٤– ئەگەر تا ساڵێک پاش ئیمزاکردنی ئەم پەیمانە کوردەکانی دانیشتووی ئەو مەڵبەندەی لە بەندی ٦٢ دا دیاری کراوە بەئەنجوومەنی کۆمەڵێ نەتەوەکانیان و ڕاگەیاند کە زۆربەی دانیشتوانی ئەو مەڵبەندە دەیانەوێ لە تورکیا جیا بنەوە و ئەنجومەنیش دانیبەوەدا نا کە ئەوانەخدەتوانن سەربەخۆ بژین و ڕایسپارد کە سەربەخۆییان بدرێتێ. تورکیا لە ئێستاوە دەستەبەر دەبێ کەوڕاسپاردەیە قڤوڵ بکا و لە هەموو هەقێکی خۆی لەو مەڵبەندە دەست هەڵگرێ. چۆنییەتی دەست بەرداربوونی تورژیا لەو مافانەبەدرێژی لە پەیمانێکی تایبەتیدا باس دەکرێ. کە لەنێوان تورکیا و هاوپەیمانە گەورەکان دا دەبەسترێ. کاتێک حکوومەتی تورکیاشلەو مافانە دەست بەردار بوو، ئەگەر کوردەکانی ویلایەتی موسڵ بە دڵخوازی خۆیان ویستیان بچنە پاڵ ئەو حکوومەتە کوردەوە. هاوپەیمانە گەورەکانجهیچ چەشنە بەرگرییەکیان ناکەن.

• دەڤا لەمەوە فێربین هەمیشە تفەنگەکانمان لە ئامێز گرینو ڕێ نەدەین تا چەوساندنەوە لە هەموو دنیادا دەمێنێ کەس لە دەستمابدەرکات، چونکە خشڵی مرۆڤی کورد چەکە!..

# ڕازێکی کوردانە
# پێشنیارێک

جەماوەری زەحمەتکێشی کورد کوڕ و کۆمەڵانی شۆڕشگێڕ ودڵسۆزی کوردستان:
بۆ دەربازکردنی کورد لەو بازنە داخراوەی ئیمڕۆی، وەکوسەرەتایەکی قابیلی گفتوگۆ وخستنە سەر و لێ داشکان و ئاڵوگۆڕکردن، بەوپەڕی دڵسۆزی و خاکەراییەوە/ تواضع ئەم ڕازە پاسۆکانەدەخەینە بەردەستتان بەو هیوایەی بەشدارییەکی بچووکی بەرەو پێش بردنی ڕەوتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بێت.

شۆڕش کە باڵاترین شێوەی چالاکی ئەرێنی/ ئیجابی مرۆڤانەیە، بۆ چەسپاندنی ڕەوا و ڕاستکردنەوەی بارێکی ئاڵۆز و ناسروشتی وبەرقەرای تەبایی لەنێو کۆمەڵدا، موڵکی هەموو ئەوانەیە بەشداری تێدا دەکەن و پشکی ئەو ڕەوا و ڕاستکردنەوەیەیان بەردەکەوێ و ئەوانەمافیئەوەیان هەیە ئامانجەکانی دیاری کەن و خەتی ڕاڕەوی بکێشن و پارێزگاری بەرهەم و دەستکەوتەکانی بکەن. شۆڕشی نەتەوەیەکی ژێردەستە و پارچەپارچەکراو و بەش خوراوی وەکو کوردگەلێک لەوە فراوانترە کە تاکە بیر و باوەڕێک یان ڕێکخستنێک یان چەند کەسێک دەست بەسەر چارەنووسیدا بگرن و ئەرکیشی لەوە گرانترە بەلایەک هەڵسێو لەوەش فراوانترە کۆمەڵێ خۆی لێ بکەنە خاوەن...

بۆیە ئێمە پێمان وایە شۆڕش شۆڕشی جەماوەری بەربڵاوی زەحمەتکێش و بیر ڕووناک و دڵسۆز و خەباتکەری هەموو کوردە و هەر کوردێ بتوانێ ویست و بیرو بەرژەوەندیخۆی لەقەوارەی ئامانج و ستراتیژ وڕێبازی ئەوشۆڕشەدا بتوێنێتەوە و چارەنووسی خۆی ببەستێتەوە بەچارەنووسی ڕەوتی بەرەو پێشچووی کاروانی خەباتی میللی و خۆی بیرو هەست و بەرژەوەندی گرێبەند کات بەبیرو ئامانج و بەرژەوەندی شۆڕشەوە، خاوەنێکی هاوبەشی شۆڕشە و دەبێ بەپێی توانا ودەسەڵات و بەئاستی لێهاتوویی و بەهرەیی و چەندی« چەندانی» بەشداریهاوبەشی شۆڕش بێت و ئەرکی هەڵگرێ و خانە و پلەی لەباری بۆدیاری بکرێت، بۆ ئەوەی هەمیشە مەسەلە بنەڕەتی و چارەنووسەکەی جەماوەر بەدەستی خۆیەوە بێتو کەس بریکاری/ وەکالەتی لەدەست وەرنەگرێ و پاشان لە درزی دزینەوەی ئەو درزە ئامانج و چارەنووس وبەرهەمەکانی کەل کات و لادات و قووت دات.

ئەگەرچی پارتی سۆسیالیستی کورد « پاسۆک» باڵاترین ڕێکخستنی ڕیزەکانی کۆمەڵگای کوردەوارییە، و نوێنەری ڕاستەقینەی بیری نەتەوایەتی سۆشیالیستی

ئازادیخواز و بەهرەی هەڵکەوتووی خێرمەند و دڵسۆزانی کورد وچینە زەحمەتکێش و ڕەنجدەر و پیشکەوتووەدڵسۆزەکانی نەتەوەکەیە، وخاوەنی بەرنامە و ڕێباز و دیسپلینی حیزبی پرۆگرام و پێڕەوی ناوخۆی سەربەخۆ و دیاری خۆیەتی و هەڵگری دروشمی« کوردستانێکی ئازاد و گەلێکی یەکسان» ە و ئامانجی ستراتیژییە «ڕزگاری و یەکگرتنەوە وئازادی و کوردستانی گەورە ونەهێشتنی هەموو دەسەڵاتێکی ماکی و مینۆکی/ ماددی و مەعنەوی و فیکری بێگانەی زیان بەخش لە کوردستان دا و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سۆشیالیستانە»» کێشاوە – لەبەر جەنجاڵی و تایبەتکاری مەسەلەی نەتەوایەتیمان گەیشتنە ئەو ئامانجە پیرۆزانە وبەدیهێنانیان بەدەیان ئامانجی کاتی وقۆناغی گوێستنەوە تێدەپەڕێ و هەر باروهەلومەرجەی کاتێکی دیاری و ئامانجە کاتی و قۆناغییەکانمان  دیاری دەکات–.

دیارە ئەم ئامانجە ستراتیژی و کاتی وقۆناغیانەش هەر قۆناغەی کەرەسە و خۆراک و ئامراز و بیر و بەرژەوەندی و کەسانی خۆی هەیە و لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناخێکی دیکە دەگۆڕێ وجێگۆڕکێی دروشم و ئامانجەکانیش بەخۆیەوە دەگۆڕێ و لەبارترین وگونجاوترین« شێوە و جۆر وشێواز» چاکترین « بەرهەم و ئەنجام» بەجەستەوە دەدات. ئێمە بەگشتی ئەوەمان دیاری کردووە کە « ئەوپەڕی مومکین لە زەمەنێکدا ئامانجی کاتیمان دەبێت» و « دەبێ هەمیشەش ئامانجە کاتییەکان لەخزمەتی ئامانجە سەرەکی و ستراتیژییەکەدا بێت کە لە دروشمی حیزبمان دا بە «کوردستانێکی ئازاد، گەلێکی یەکسان» خۆی دەنوێنێ».

ئێمە پێمان وایە حیزب دەشێ نووکە ڕمی خەبات و داینەمۆی شۆڕش بێ بەڵام هەرگیز هەمووشۆڕش و تانوپۆی نابێت. چونکە جەماوەر وجەماوەری شۆڕشگێڕ لەحیزب و جەماوەرەکەی فراوانترە.

حیزب دەتوانێ پێشەنگ و پێشڕەوی خەباتی جەماوەر بێت بەڵام نابێتە جێگرەوەی/ بدیل جەماوەر  ودەفری هیچ حیزبێک هێندەفراوان نییەهەموو جەماوەر بگرێتە خۆی و بیری هیچ حیزبێک هێندە بێ سنوور و لەبەر کشاوە نییە هەموو بیروڕاکان لە خۆێ گرێ و بەرژەوەندییەکانی چینە جۆر بە جۆرە زەحمەتکێشە شۆڕشگێڕ و دڵسۆزەکانی  کۆمەڵگای لەوە بەرفراوانتر و ئاڵۆزتر و لێک نەچووترە کەتاکە حیزبێک بتوانێ لەنگەر گری پێ بکات و تاسەر تەبایی نێوانیان ڕاگرێ ئەگەرچی ئەو تەباییە دەشێ لەدوا قۆناغی ڕزگاری و سەربەخۆیی وئازادی دا، بەلای ڕەنجدەراندا بشکێتەوە و بنکەی بەرژەوەنیەکانی ئەوان پێوانە و قاڵبی ئەو بەرابەرییە بۆ ئەوەی سوود لەوزە و تواناو بەهرەی هەموو لاتەک وهەموو کەسێک وچین و توێژاڵێک وەرگرێ و تەبایی« بیر و بەرژەوەند» وسەروەری « بیروڕا» باڵ بکێشێت بەسەر

بەرژەوەندییە ماکییەڕووتوهەڵچوو و بەرچاو تەنگەکاندا وکۆمەڵگای « بێ چەوساندنەوە وڕووتاندنەوە و دادۆشین» لە بیروباوەڕ هەستو خواستی جەماوەردا بنکەیچەسپاوو چەسپی خۆیداکوتێ. بۆ ئەوەی ڕیزەکانی جەماوەری ژورد کونبڕ کرێن لەدوژمنانی کورد و بەهرە و بەرهەم و دەسترەنگینی خانەیهەریەکێک لەکۆمەڵگادا دیاری بکات و هەلی چوون یەکی بخرێتە بەرهەموو ئەندامانی کۆمەڵگای کوردەواری و ژیارو شارستانییەتی کورد وبینای کۆمەڵگای کوردەواری لە ڕێگەی کارلەیەکترکردنی/ تفاعل زیندووی ئەرێنییانەوە برسکێ و وهیچ هەودایەک بۆ سەپاندن و خۆسەپاندن وبەباڵابڕینی زۆرە ملێ لەپاشەڕۆژی کورد دا نەهێڵێتەوە.

داوا دەکەین «« سەرکردایەتی بەڕێوەبەری شۆڕشی میللی کورد»» وەکو دەزگاتەکی بەڕێوەبردنی شۆڕش لە - یەکگرتنی خۆویستیدکسۆزانی کورد- بۆ بەڕێوەبردن و چاودێری و بەئەنجام گەیاندنی شۆڕشی میللی شابمەزرێ.

هەواڵنامەی کتێب

# پرۆگرامی شۆڕشی میللی

١-کورد وەک هەر نەتەوەیەکی دیکەی خاوەن خەسڵەت و تایبەتکاری «« زمان و خاک و مێژوو و هەست و داب و دەستوور و نەریتی»» هاوبەش و سەربەخۆ و مافی دیاریکردنی ئازادانەی چارەنووسی خۆی بەدەستی خۆی هەیە. پێویست و لەسەرمانە کە قەوارە و بوونیەتەوایەتی کورد لە چوارچێوەی سروشتی خۆیدا بپارێزین و کەرەسە و ئامرازی بەردەوامی و زامنی مانەوەی ماکی و مینۆکینەتەوایەتی بۆبرەخسێنن کە «« قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆ و ئازاد»»و پاراستن و گەشەپێدانی ڕۆحی کوردانە و بیروباوەڕی کوردایەتی لە دۆڕانیفیکری و ئایدۆلۆژی و لە گرێژنەبردنی نەتەوایەتییەتی.

٢- بە دووکەوتنی هەر هەلێکی پێشکەوتوو لەوەی هەیە و هەوڵدان بۆ نوێکردنەوە و بەرەو پێشبردنی هەر دەستکەوتێکی نەتەوەیی بەردەست وزەمینە خۆشکردن بۆ توانستی بەدیهێنانی دەستکەوتی نەپساوە لەهەر مەیدان و لانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە بێت.

٣- پاش شیکردنەوە و توێژینەوەی بار و هەلومەرجی خەباتی نەتەوایەتی کورد و بنکە و پایەی سیاسی و توانا جەماوەری و باری ئەوقەوارانەی کوردیان تێدا دەژی لە ڕووی هێز و تین و او و توانای جوڵە و پەیوەندییەکانی یودەوڵەتان و هێز و تینە کارگەرەکانی سەرگۆڕەپانیخەبات و دەوروبەر ئامانجە کاتی و بەرکوتەکاندیاری دەکرێت و هەر قۆناغەی خەبات و چالاکی سیاسی وشۆڕشگێڕی چەکدارانە دروشم وشێوازی کار و جۆری پەیوەندییەکان و کەرەسەی خەبات و هاریکاری و هاوکاری نێو هێزەکانی کۆمەڵگای کوردەواری و قەوارەسیاسییەکان و ناوچەکەو جیهانیش تایبەتی خۆی دەبێ کە توانست و پێداویستییەکانی خەباتی ئەو قۆناغە و هەڵکەوتی هێزە کارگەرەکان وباری سەر گۆڕەپانەکە دیارییان دەکات.

٤- بەستنەوەی خەباتی نەتەوایەتی کورد بەخەباتی پێشکەوتنخوازانەی هێزە سیاسییەکانی ناوچەکە و جیهانی گرێبەندی ڕێبازی خەباتیمیللی بەجوڵانەوە پێشکەوتوو و ئازادیخوازەکانی نەتەوەکەمان و پەیوەندی بەستن بە دەستگا ودەسەڵاتە خێرمەندەکانی نێو دەوڵەتانەوەبەتایبەتی وڵاتی سۆسیالیسخواز و لەپێش هەمووانەوە«« یەکێتی سۆڤییەت»» بەکارهێنان و بەگەڕخستنی هەر پاڵپشت و توانایەکی جیهانیبۆ پشتگیری و لەسەرکردنەوەی مافی نەتەوایەتی و دابینی دوژمنانی کورد لەسەر ئاستی جیهانی.

٥- لێدانی هەموو بەرژەوەندی و دەزگا و کەرەسەیەکی دوژمن، بە هەموو شێوە و جۆرێکی لێدانی سیاسی و ڕێکلامی/ دیعائی و دەستوەشاندن بەو مەرجەی مردووی نەرێنی نەبێت بۆسەر مەسەلەکەمان.

٦- دەستی هاریکاری و کۆمەک درێژکردن بۆ هەر لایەکی ئازادیخواز کە کۆمەک بەجوڵانەوەی ڕزگاری کورد بکات. بەو مەرجەی لەسەرهەژماری/ حسێبی بەرژەوەندی و بیروباوەڕ و چارەنووسی کورد نەبێت ودەستکەوت و بەرژەوەندی ماکی و مینۆکی دوور و نێزیکی کوردیتیدا ڕەچاو بکرێت.

٧- خۆمان نابەستینەوە بە هیچ فۆرمێکی/ سیغەیەکی دۆگمای سواوی بانگاشانەی پەیوەندی و دۆستایەتی و تاکە پێوانەی چەندایەتی وچۆنایەتی وجۆر و تین و تاوی ئەو دۆستایەتی و نێزیکبوونەوەیە بەرژەوەندی بەرزی نەتەوەی کورد و سەرخستنی خەباتی ڕەوایانەی دەبێت.

٨- هەمیشەبەرژەوەندی زۆربەی جەماوەر و ڕەنجدەرانی کورد بەرچاو دەگیرێ و بەرەو تەبایی کۆمەڵگەی کوردایەتی بەلانی بەرژەوەندی وبەدیهێنانی ئامانجە زەحمەتکێشانی کورد هەنگاو دەنێیین و ڕێ لە هەموو پاشەکشە و ڕۆچوونێکی کۆمەڵایەتی سیاسی و ئایدۆلۆژیدەگرین.

٩- بەرژەوەندی کوەد و ڕاستکردنەوەی باری ڕەنجدەران و بەدیهێنانی کۆمەڵگەی بێ چەوساندنەوە و ڕاوورووت، تاکە پێوانە و کێشانەی خانەو پایەی تاکی شۆڕشگێڕی دیاری دەکات ودڵسۆزی و خۆ و بەرژەوەندی خۆ تواندنەوە لە بۆتەی بەرژەوەندی و ویستی زۆربەی زۆرینەتەوەکەمان پێوانەی کاریگەری و ڕۆڵی هەرتاکێک دەبێت لە کۆمەڵگەدا. نە بنچینەی زەحمەتکێشی پەساپۆرتی شۆڕشگێڕییە و نە هەراشیشرێگری بەشداری و ڕۆڵگێڕانە لە شۆڕش و کۆمەڵگەدا. ئەگەرچی کەرەسەی سەرەکی و بنچینەیی هێزە ڕەنجدەران و زەحمەتکێشانی کورد و«جوتیاران و کرێکاران و ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕ و بیر ڕووناکان و دڵسۆزانی بەهەست و پڕ هەستی کوردایەتین...»

١٠- ڕێ لە هیچ بەهرەیەکی هەڵکەوت و خێرخوا ناگیرێ لە خزمەتی کورددا نەبێت و زەمینە و کەرەسەی چوونیەکی و بەرابەری بۆ هەمووئەندامانی کۆمەڵگەی کوردەواری ساز دەکرێت. کە هەر یەکەی ئەوپەڕی بەهرە و لیهاتوویی و دەستڕەنگینی خۆی دەربخات و گەشە ونەشونمای پێ بکات بەو مەرجەی لە خزمەتی کورد و بەرژەوەندی زۆربەی زۆری جەماوەری بەشخوراو ڕۆڵی بەرەو پێشەوەچووی کۆمەڵگەیکوردەواری بێت.

١١- باوەڕمان بە هیچ «ئیمتیاز»ێکی بنەماڵەیی و چینایەتی و کۆمەڵایەتی نییە و هەر پڕ دەستی و کاریگەرییەکی واش هەبێت - بە حوکمیواقعی چەسپاو - دەبێ لە خزمەتی کورد دا بێت و بۆ کورد و شۆڕشی ئازادیخوازی بەکار بێت. هەوڵ دەدەین بناغەی هەر جۆرە ئیمتیاز وهەڵکشاوییەکی سنووورداری، سروشت هێمن و خزمەتگوزار، لەسەر بنکەی بەهرە و لێهاتوویی و جیاوازییەکانی لەش و مێشکیی هەڵبستێ وهەمیش لەبەر چاوەدێری و ئاگاداری کۆمەڵدا بێت.

١٢- ڕای میللیمان بەرانبەر هەرلاو بەرە و بیر و فەلسەفە و ڕووداوێک لەبەر ڕۆشنایی بەرژەوەندی کورد و مافی قەراردراوی مرۆڤایەتی وگونجانی لەگەڵ ڕەوتی بەرەو پێشەوەی مێژوودا دەبێت.

١٣- هەر بیروباوەڕ و لا و ڕێکخراو و کەسێک دژی مافی کورد و بوونی نەتەوایەتی و بەرژەوەندی میللی و خەباتی ڕزگاریخوازانەمان بێت، بەهەموو شێوە و جۆرێک دوژمنایەتی دەکەین. و چەندایەتی و پلەی توندی و تیژی ئەو دوژمنایەتییە، چەندایەتی و پلەی دوژمنایەتی ئێمەش دیاری دەکات.........................

١٤- هەوڵ دەدەین لەسەر بناغەی ڕێزلێنان مافی مرۆڤانەی خەڵکی و گونجاندنی بەرژەوەندی لەگەڵ دەوروبەر و بەرژەوەندییە ڕەواکانی جیهان و مامەڵەی بەرابەری و خۆ هەڵنەقورتانەی کاروباری خەڵکی تر و داب و دەستووری پەیوەندییە مرۆڤایەتی و نەتەوایەتی ونێودەوڵەتییەکانەوە. دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ هەموو لایەکدا ببەستین و پێڕەوی پرنسیپی زۆرترین دۆست و کەمترین دوژمن دەکەین. ئەگەر نەتوانرا دۆستەکانی دوژمنانی داگیرکەرانمان بکێشینە لای خۆمانەوە، بێلایەنیان کەین و نەیەڵین دۆستەکانی خۆمان لەدەستچێ.

١٥- پشتگیری خەباتی ڕەوای گەلان و نەتەوە ژێردەستە و چەوساوەکانی جیهان دەکەین بەتایبەتی خەباتی میللی فەلەستین و بلوچ وباسک و ئیرلەندی.

١٦- دژی چەوساندنەوەی چینایەتی و دادۆشین و نارەوایی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینی و دەروونی و ... تدین هەموو جۆرەچەوساندنەوەیەکی مرۆڤ بە توندی ڕەت دەکەینەوە لەهەر قوژبنێکی ئەم جیهانەدا بێت و بۆ هەر مەبەست و لەژێر هەر دروشم و ڕەنگێکدا بێت.

١٧- دژی خۆسەپاندن و دیکتاتۆرییەتی کەسێک، کۆمەڵێک ، یان چینێک ین بەسەر کۆمەڵدا و دیموکراسی و ڕێزلێنانی ویست و ڕای بێڕێزیان مرۆڤ و هەموو مافەکانی دیکەی ڕادەبڕین و گوێزانەوە و هەڵبژاردن ... هتد پیرۆزن لامان و هەر دەستدرێژی کردنەسەرێکی بەکارێکی ناپەسەند و چەواشەی ڕێچکەی هەردەم هەڵکشاوی مرۆڤایەتی دەزانین.

١٨- هەموو کەس و لا و تاقم و دەستەیەک تا فەڕی کۆمەڵایەتی و وزەی خەبات و نووزەی دڵسۆزی و کوردویستی تێدا بێت، لە خانە و بەرەی کوردایەتی دۆستیدا

هەژماری/ حسێبی بۆ دەکەین  و بە ئەندازەی ئەو فەڕ و وزە و ویستەش پلەی خواروو و ژووری نێو ڕیزەکانی شۆڕش وکۆمەڵگای کوردەواری دیاری دەکرێت.

١٩- هەر کوردێک لەهەر هەلومەرج و بارێکدا، بەهەر شێوەیەکی هاوکاری نەرێنی، هاوکاری لەگەڵ دوژمنانی کورد دا بکات، لە کورد وکوردایەتی دەشۆرێتەوە و مۆری ناپاکی بە نێوچەوانەوە دەنرێ. دەسەڵتدارییەکانی شۆڕش و تاکە تاکەی کۆمەڵ لەسەریانە پەڕی بکەن و بڕیدەن و بۆ سزای دادپەروەرانەش کە « سزای خیانەت کوشتنە» « ڕای» سەرکردایەتی بەڕێوەبەری شۆڕشی میللی کورد  پێویستە و پێش ڕالەسەربوون، ئەرکێکی میللی و شۆڕش سەرئەنجامەکەی لە ئەستۆ دەگرێ.

٢٠- پارێزگاری داب و دەستوور و نەریتی خێرخوایانە و پێشکەوتووانەی کۆمەڵگای کوردەواری دەکەین و هەوڵ دەدەین کە ئەو نەریت و دابەکۆمەڵایەتییە ئەرێنییانە گەشە و نەشونما بکات و دەستووری گەشەدار و تایبەتی نێو کۆمەڵگای کوردەواری بێت، هەمیش بەگژ ئەو لایەنەنەرێنی گفتار و بیرکردنەوە و ڕەفتارە ئاوەکی و تێکدەرانەی خڵتە و پاشماوەی بوونی بوونی  ماکی و مینۆکی دوژمندا دەچینەوە و ئەرکێکیمیللی پیرۆز وگرنگە کە کۆمەڵگای کوردەواری لە ئاژاوەی فیکری و بیری بێگانەی نەگونجاو و زیانبەخش ورەفتاری سەپاو و هەڵسوکەوت وچالاکی چاو لێکەری و سووک و شیرازەپسێن و بەڕەڵلایی و نزمبوونەوە پاک بکەینەوە و هەموو ماکێکی دژ بە خەسڵەت و خۆڕسکی مرۆڤ ومرۆڤایەتی ڕیشەکێش کەین.

٢١- ڕێز لە هەستی ئایینی و  ئاینزایی/ مەزهەبی خواناسانەی  کۆمەڵگای کوردەواری دەنێین و بەتوندی دژی گومڕایی خوانەناسیندەوەستینەوە. لەهەمان کاتدا هەوڵی  پاککردنەوەی ئایین و باوەڕی پیرۆزی ئاسمانی  دەدەین ، لە خڵتە و خەرامانی پروپووچی/ خەرافات ودرۆ و دەستبڕین و عەوام هەڵخەڵەتاندن پشتگیری بیری پاک و پیرۆز و بڵندی نەشێوێنراوی ناوەڕۆکی ئایین دەکەین. هەموو کەس ئازادە لەهەڵبژاردنی ئایین و ئاینزای تایبەتی بەو مەرجەی لە سنووری خواناسین نەچێتە دەرەوە.ئازادی خواناسین و کۆیلەیەتی و بەڕەڵلایی ودژکاریناخی بوونی مرۆڤە بۆیە دژی خوانەناسین/الحاد دەوەستینەوە بەهەموو ڕووەکانییەوە.

٢٢- پشتگیری کورد و داوای ڕەوای لەهەر شوێنێک بێت بە ئەرکی سەرەکی شۆڕش و پێویستی خەباتی میللی و چەسپاندنی خەتی نەتەوایەتی دەناسین. کورد لە هەر شوێنێک بێت، برا و هاوڕیشاڵ و نەتەوە و هەست و خواستی یەکترین و ئەوپەڕی هارمۆنی بۆ کوردێک کوردێکی دڵسۆز و نەتەوەییە و ئەم هارمۆنیەش بنخانی گونجاون و هارمۆنییە و بەوەندی مرۆڤایەتی یەک کورد و مرۆڤانی .......دیکەیە و بێ ئەم بنخانە سەرخانەکەی دیکە هەڵناسێ و هەر کەسێک و بیروباوەڕ و لایەک

پێچەوانەی ئەم بیر بکاتەوە نرخ بۆ سفری پشت ژمارە دادەنێ چونکە ژمارەنرخ دەدا بە سفرەکان و لەم مەیدانەدا کورد و کورد ژمارەیە و پەیوەندییەکانی دیکە بەندن بە دروستی چەسپاندنی ئەو ژمارەیە تا ئەوانیشماناکە لەمەوە هەڵهێنجن!.

٢٣- لەبەرباری سەختی خەبات و تایبەتکاری خەباتی میللی کورد، چەقی گۆڕەپانی خەباتی ئێمڕۆ ی شۆڕشمان« کوردستانی باشوور» ە و« ئەوپەڕی ممکن لە زەمەنێکدا» سیاسەتی هۆشمەندانەی شۆڕشە و ئەو ئەوپەڕی ممکن ە ی ئێمڕۆش بە دیهێنانی مافە نەتەوایەتییەڕەواکانی گەلی کوردە لە کوردستانی باشووردا لە قاڵبی دەستووری ئۆتۆنۆمییەکی بەرفراوانی دەسەڵاتدار دا لە چوارچێوەی کیانی سیاسی هاوبەشی کورد و عەرەب کە عێراقە لەگەڵ بەرچاوگرتنی مافە مرۆڤایەتییەکانی کەمە نەنەتەوەیەتەکانی نێو سنووری عێراق. لە هەرگۆڕان و پێشهاتێکی نوێدا کە ئەوپەڕی ممکن زەمینەیەکی دەستووریی دی بۆ خۆش بێت ئامانجە کاتییەکە بە پێی ئەو گۆڕان و پێشهاتە گەشە دەکات و قاڵبی سیاسی و داواکاری دەبەستێ.

٢٤- باوەڕمان بە دۆستایەتی و هاوپەیمانی ئەو گەلانە هەیە کە وەک دیفاکتۆ/ امرالواقع یێک لە گەڵیاندا دەژین و پێویستە لەسەر بناغەیسیاسەتی ڕێزی بەرابەری و هاوسانی و هاوتایی هەڵسابێ و بەرژەوەندی چوونیەکی و مافی تەواوی بەرابەری و هاوتایی واقعی ودەستووری وەک یەکیان بێت. هەموو دادۆشین و خۆسەپاندن و لەنگەرگیرییەک بە توندی مەحکوم دەکەین و بە چەوت بوونەوەی نێو گەلانیدەزانین و دژی دەوەستین.

٢٥- جەماوەر لە سەروو بوون و ویست وخواستی هەموو ڕێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵێکەوەیە و هەموو ئاوەژووکردنەوەی ئەم پەیوەندییە بارێکیناسروشتی و نادروستە و کانگا و سەرچاوەی هەموو لادان و خۆسەپاندن و دیکتاتۆریەت و ناڕەواییەکە بۆیەلەسەرەتاوە دژی خۆکردنە کوێخا و دەمڕاستی جەماوەر دەوەستێتەوە و هەردەم دەبێ لە ئاستجو توانەوە و پێگەی وەگرتن و ڕەنگی نەوەی هەموو شتاندا و بێت وسەرچاوەیجبوون و بەردەوامی هەموو ڕێکخراو و کۆمەڵێک بێت.

٢٦- هەموو لاشەڕ و بەرە کردنەوەی بچووکی لاوەکی ڕێبازی کوردایەتی و خەباتی ڕزگاریخوازی کوردیدا بە توندی ریسوا دەکەین و دژیدەوەستینەوە چونکە پەرتکردنی ڕیزەکانی کورد و بەفیرۆدان و تەخش و پەخشکردنی هێز و وزەی شۆڕشە و پشکردنە دوژمن و بەخۆوەخەریک بوونە، کە هەنگاوی یەکەمی نوچدانە.

٢٧- هەموو جۆرە بەکارهێنانێکی زەبر و زەنگ بۆ بەلاداخستنی کێشە سەرئاوییەکانی نێو کۆمەڵگا و هێزە سیاسی و بیرە جۆێ جوێکانیرێزەکانی کورد بە ناپاکی بەرانبەر کورد دەزانین.

٢٨- لەبەرئەوەی کورد بۆی نەلواوە کیانێکی سیاسی سەربەخۆی هەبێت تا

پارێزگاری هەمـوو قوژبنێکی نیشتمانەکەی بکات و سەدانسالێشە دوژمـنان و داگیرکەران ی دەمیان ژەنیوەتە تانوپۆیەوە، کە نەیان توانیوە ڕاستەوخۆ و بەیەکجار و یەکجاری داگیرکەن و لەناوی بەرن سیاسەتی تەنگ پێ هەڵچنین و هەڵبڕینیان گرتۆتەبەر بە تایبەتی لە لێوار و کەناری ئەو شوێنانەی بەوانەوە نووساوە شوێنە سنوورییەکانینێوان کورد و ئەوان بەرەڤەرە دڕیان بە کورد داوە و خەڵکی بێگانە بە کوردیان تێدا جێگیر کردووە یان ئەو بوونەی کوردیان بە تێ ترنجاندن وهاتنە ناوی لاواز و نابووت کردووە ئەو شوێنانەش وەکو قولایی شوێنە ستراتیجییەکانی کوردستان نەبووە کە بتوانرێ بەرگری لێ بکرێتەو نابەرابەرییەی کەرەسەی لەسەر خۆکردنەوە و خۆپاراستنەی نێوان ئەوان و کورد ئەم کێشە کێشەی بەلانی ئەواندا ساغ کردۆتەوە لەبەرئەوە خاکی ڕاستەقینە و بنەڕەتی کوردزۆر لەوە فراوانترە کە ئیمرۆ هەیە و ئەم کردارەش لە سەدان ساڵەوە بەردەوامە تا ئیمرۆ و هێندێشوێنی نە تەواوی مۆرکی کوردی پێوە نەماوە لەوە دەرچووە کە بتوانرێ بگەڕێتەوە سەر کوردستان مەگەر کارەساتێکی چاوەڕوان نەکراویوا بێتە پێش کە بتوانرێ ئەو بارانە بگەڕێنێتەوە سەر دۆخی جارانی کە زۆر دوورە بەلام واقیعی جوگرافی و مێژوویی کورد لە سەدەی ٢٠ دا ولەدوای جەنگی جیهانی یەکەوە دەتوانرێ بکرێتە بەڵگە و بناغەی مافی کورد و هەر گۆڕانێکی ئانقاستەنە لەم بارەیەوە کرا بێت و هاتبێتبەسەر کوردستاندا گۆڕانێکی دوژمنکارانەی ناسروشتییە و لێی بێدەنگ نابین. قارسکردنەوە و دامان بڕینی کوردستان لەهەر لایەکەوە بێتکردارێکی دژ بە ویستی کورد و ڕەوا و مێژووە و مەحکومە لای کورد سنووری نیشتمانی کورد بە بارودۆخی مێژوویی سەرەتای سەدەی ٢٠دەپێورێ و دیاری دەکرێت و هەموو گۆڕانێکی ناسروشتی و مرۆیی بەسەریداجدەبێت ڕاست کرێتەوە و بخرێتەوە دۆخی کوردانەی خۆی.

٢٩ – پاراستنی بوون و کیانی نەتەوایەتی کورد و گەشت نەشونما و پێشخستنی باری ژیاری و کۆمەلایەتی و دەروونی و ئابووری وجەمسەرەکانی دیکەی ژیان بەو قاڵب و شێوازە لەبارە بەردەستییە ممکنانەی دێتە پێش و هەوڵدان بۆ گەیشتنە قاڵب و چوارچێوەی مێژووییکە ڕزگاری و سەربەخۆیی و ئازادی کوردستان و یەکسانی نەتەوەی کوردە

٣٠ – بلاوکردنەوە و برەوپێدانی بیروباوەڕی مرۆڤدۆستی و پاکی و دیموکراسی و پەروەردەکردنی جەماوەر بە گیان و فەلسەفە و ڕۆشنبیریکوردایەتی و زانست و بیری چاکی سەردەم.

٣١– بەرەنگاری هەموو بیروباوەڕێکی چەوت و نانەتەوەیی و دژ بە مرۆڤ و شەڕخواز و ڕەتکردنەوەی شالاوی بیری بێگانەی چەوت وزیانبەخش لە کۆمەڵ دا.

# پێڕەوی ناوخۆی شۆڕش

**مادەی یەکەم: داروبارمان**

شۆڕشی چەکدارانەی کورد کە ڕووی پیرۆز و ئێستای خەباتی سیاسی کوردە بۆ پاراستنی بوون و کیانی نەتەوایەتی کورد و بەدیهێنانیمافە ڕەوا و میللییەکانی موڵکی هەموو جەماوەر زەحمەتکێش و هۆشمەند و دڵسۆز و خەباتکەرێکی کوردە جەماوەری کورد لەسەریەتی بەهەموو بیر و لایەن و دەستە و کۆمەڵێکەوە بەشداری ئەم خەباتە بکات ئامانجەکانی شۆڕش لە بەرژەوەندی خزمەتی چارەنووس و بوون وبەرژەوەندی ماکی و مینۆکی زۆربەی زۆری کۆمەڵگای کوردەوارییەو دژی داگیرکەر و دوژمنو دوژمنانی ناوخۆ بەکرێگیراو و دەسەنەخۆران وچەوسێنەران و ڕەنجخۆران و کۆنەپەرستان و بیرتەسکان دەیە.

**ماددەیدووەم ئامانجمان**

ئەوپەڕی ممکن و قەوارەی ماددی دەستووری گونجاو و بەردەست وەک چوارچێوەیەکی یاسایی واقعی پێشکەوتوو بۆ پاراستنی بوون وکیانی نەتەوایەتی کورد و ڕێوشوێن و سنووری دەسەڵاتی دەستووری و یاسایی و سیاسی بۆ بەدیهێنانی مافە ڕەوا و میللییەکانمانلەسەردەمێکی دیاریدا ئامانجی شۆڕشە و ئەو ئامانجە پلەیەکی ئامادەییە بۆ بارێکی پێشکەوتووتر.

**ماددەی سێیەم بەشداری**

هەموو کوردێک باوەڕی بە ڕێبازی شۆڕشگێڕانەی خەباتی میللی کورد بێت و پڕۆگرام و پێڕەوی ناوخۆی شۆڕش بسەلمێنێ و پێڕەوی بکات وخۆی بە یەکێک لە دەزگاکانی شۆڕشەوە وەبەستێ دەتوانێ شەرەفی بەشداربوونی شۆڕش بۆ خۆی پەیدا کاتو بەڕێوشوێنی دیاری و ڕەوایبگاتە پلە هەرە بڵندەکانی دەسەڵاتداریێتی شۆڕش.

**ماددەی چوارەم هاوکاییان بەرە**

جگە لەمانە ئەو هێزە سیاسییە شۆڕشگێڕانەی لەسەر ئەم بەرنامەیە ڕێ دەکەون دەتوانن ڕێوشوێن و دەستووری کاری ناوخۆیی ڕێکخستنیپەیوەندییەکانیان بە جۆرێک داڕێژن کە سەربەخۆیی و ئازادی کارو بیرکردنەوەیان بپارێزێ بەمەرجێ لەسنوور و گیانی ئەم بەرنامەیەلانەدات.

# لە کەلەپووری شۆڕشگێڕیمان

## لە بەهاری نەهاتوو

لاوە دۆمێک بوو مێردی دوو ژنە
یەک ناوی: ناریێ، ئەویتر: شنە

زستان بو.. دەیگوت: ئەمساڵ بەهاریێ
دوو کەوان دەگرم بۆ شنە و ناریێ

بوو بەرە ژن لەسەر کەوی نێر
ئەو دەیگوت بۆ من ، ئەم ئەیوت نەخێر

یەکتریان شێلا بە پێلەقە و پێ
هاواریان دەکرد زاروزیجی دێ

نە بەهار هەیە و نە کەو گیراوە
قژی دۆمە ژن گشتی ڕناوە!!!

زۆر لاوە کوردیش وەک ژنی لاوە
شەڕیانە و هێشتا کەو بە چیاوە!!

==========

## بیانوو!!

گورگی خوێناوی پەل دەشواتەوە
بەرخێک لەبەر ئەو ئاو دەخواتەوە

گورگ بانگی کرد: لێم شلوێ مەکە
تورەم لەو فیزەت زۆریم لێ مەکە

وتی: گورگ ئاغا تۆی لە سەرووی من
لیخناوی تۆیە دێتە گەرووی من

گوتی: دەردەکەی پێرار بەهارە
ئێستاش لە شاخت لەشم زامارە

وتی : من ئەمساڵ زاوم لە مەڕێک
تۆ لە بەهانەی پێم بکەی گەڕێک

گوتی: جوێن دەدەی کۆنە دوژمنم
دیارە پێت وایە من درۆزنم

تۆ تاوان باری گۆڕت خواردنە
بەهەرەت بۆ نادا ئەم خۆ بواردنە

لە چنگی گورگا بەرخ هەڵدڕا
ئاوی چەم دەیگوت خوڕ خوڕا

کەی دەبڕێتەوە بیانووی زۆرداران
کێیە وەدەنگ بێ لەسەر هەژاران !!

==========

## {{ قوتابخانەی پاسۆک }}  « وانەی حەوتەم»

«خۆشەویستی کوردانە»!...

کوردستان، نیشتمان و مەڵبەندی قارەمانان .. قەڵای خۆگری و خۆڕاپسکان.. وڵات و مەنزڵگەی « شۆڕەسوارانی ئاسیا» هەر بن بەردێکی گۆڕی داگیرکەرێکی سەر کێشە و هەر گوڵاڵەیەکی خوێنی شەهیدێکی جوامێرە.. ئەوەتای مرۆڤ ئەشکەوت و پەنا پاسێرەکانیان جێهێشتووە و هاتوونەتە پێ دەشتەکانەوە و خانە و لانەیان دروست کردووە، نەتەوەی کورد ئەم خاکە پیرۆزەی ئاوەدان کردۆتەوە...

یەکەم هەنگاوی مرۆڤ لە ژیانی بەندە و نێو ئەشکەوت و ڕەوەندییەوە، بۆ ژیانی نیشتەجێی و شارسرانێتی یەوە لە گوندی « چەرمۆ» ی نێو جەرگەی کوردستاندا بووە، لەو ڕۆژەوە کورد خاوەنی ئەم نیشتمانەیە و لەو رۆژەشەوە دەیان و سەدان داگیرکەر ویستویانە لەبن چنگمان دەرهێنن.. چۆن ئاو لە ماسی دەبڕێت ، ئاوا کوردستان لە کورد ببڕن.... بەڵام نە بۆیان چۆتە سەر و نە بۆیان دەچێتە سەر!...

بە خۆشەویستی کوردستان نەک تەنها مافێکی سروشتی نەتەوەکەمانە وەک مافی هەر نەتەوەیەکی دیکە بەڵکو بەشێکە لە بوون و چارەنووسمان .. خۆشەویستی کوردستان...ڕێزنانە لە خۆشەویستی هەموو نیشتمانێکی دیکە و هاندانی گەلانی ترە بۆ بەرەنگاربوونەوە و بە گژداچوونی داگیرکەری و ناڕەوایەتی . دەستیحورمەت نانە سەر ئەو گیانە پاکانەیە کە ئەم خاکەیان لە گیانیان لا ئازیزتر بووە. کارکردنە بۆ ننەتەوەکانی پاشەڕۆژ تا شوێنی هەبێت تیایدائارامگرن و ئاسمانی ببێت لەژێریدا پشوو بدەن. قەرەج ئاسایی لەملا نەیان ڕەتێنن بۆ ئەو لاو لەسەر بەرماوەی خوانی خێرەومەندان نەژین!.

خۆشەویستی وەستانەوەیە بە ڕووی ڕەگەزپەرستی زایۆنیزم و ئیمپریالیزم دا. هاوبەشی هاوژانییە لەگەڵ پێست ڕەش و فەلەستینی وباسک و بلوج و هەموو میللەتانی ژێر دەستە و چەوساوەدا. کەی توانیمان تا سەر ئێسکیکوردستانمان خۆش بوێت ئەو کاتانە دەزانین کەپێست ڕەشەکان دنیاش ژێرە و ژوور کەن لەسەر ئەفریقای ڕەش و فەلەستینیان داگیرکەرەکانیان بسووتێنن و باسکییەکان ئاگر بەردەنەدنیاوە و بلوجان پەل لە ئاسمان بدەن و هەموو گەلانی چەوساوە چی بکەن، هەقیانە و هەقیانە و تا وڵاتیان ڕزگار نەکەن هەرچی بکەن هەرکەمە... تا ئەو خۆشەویستییەی کوردستان بە ناخ و گیان و بوونماندا نەچێتە خوارێ و تێکەڵاوی ترپەی دڵ و بریسکەی هۆش و

تەزوویگیانمان نەبێت  نازانین داگیرکەرەکانمان چەندە دڕندەن و ئیمپریالیزم چەندە دزێوە!!.

ئەوانەی لە خۆشەویستی کوردستانەوەڕۆناچن بە خۆشەویستی  هەموو مرۆڤ و مرۆڤایەتی کەسانێکی ساختە و کۆککراو و حازر بەدەستی چەوسێنەران و ئیمپریالیزمن!.

هەر ئەوەیە کە بۆرژوا چاوچنۆکەکان فرمێسکی تیمساحانە بۆ نیشتمان و نیشتمانێتی هەڵدەڕێژن  بۆ ئەوەیە کە خۆیان خێر و بێری وڵاتهەڵلوشن و ئەگەر بۆشیان لوا  لەژێر   پەردەی نیشتمان و پارێزگاری بەرژەوەندی وڵاتەوە دەست بکێشنە ماف و بوونی نیشتمانانی ترشیەوە!! بۆیەش ئەمە دەکەن  چونکە خۆشەویستی نیشتمان بە ناخ و گیانیاندا ڕۆنەچووە و نەبۆتە بوون و ژیانیان ! دروست لەو نانیشتمانێتی و کونی خۆ هەڵگەڕانەوەیە دەچێت کە کۆسمۆپۆلیتە بیر ڕزیوەکان بەناوی جیهان نیشتمانی و خۆشەویستی هەموو نیشتمانانەوە تفی بەرەو ڕووی باهەڵدەدەن..

چونکە کەسێ نەتوانێ نیشتمانێکی خۆش بوویت کە ڕسکاندوویەتی ناتوانێ جیهانێکی خۆش بوویت کە زۆر گوێ بیست بووە وبەس..

هاوبیرانی پاسۆک...

خۆشەویستی ئێمە بۆ کوردستان  خۆشەویستییە بۆ بوون و سروشت خۆشەویستییە بۆ

سەرچاوەی ژیانی مرۆڤ کە نیشتمانە.. جیایە لەوفشە خۆشەویستی و ساختەبازییەی بۆرژوایان کە نیشتمانیان بۆیە دەوێت کە قەڵای زوڵم و تەلاری چەوساندنەوەی لەسەر هەڵچنن.. خۆشەویستی ئێمە بۆ کوردستان بۆئەوەیە تەلاری» ئازادی و یەکسانی» و

ئاسوودەیی و کۆمەڵی بێ چەوساندنەوەی بۆ کورد لەسەر بنیاتبنێین.. هێندەی ئەمە ڕێز و خۆشەویستیمان بۆ هەموو نیشتمان و وڵاتێکی دوورو نزیک هەیە.. چونکە لامان وایە تا چەوساندنەوە لە دنیادابمێنێ هیچ میللەتێک تێر چاوی  خۆی ئاسوودە وویژدان  ئارام نابێت. چۆن دەتوانین ئارام بین دراوسێکەمان ناڵەی بێت؟!. تاکە یەک ڕێگاش

هەیە بۆ سڕینەوەی ناڵە و دیلییەتی و چەوساندنەوە لە هەموو دنیادا..ئەوەش ئەوەیە  کە بە ناوکۆیی و هاوکاریی بەرابەری ویەکسانی گەلانی چەوساوە دەست لە نێو دەستی یەک نێن بۆ خێری هەموو مرۆڤایەتی و هەریەکەی هێندەی نیشتمانەکەی

هەواڵنامەی کتێب

خۆی خۆش دەوێت ئەوەندەش ڕێز لە هەستی خۆشەویستی بەرانبەرەکەی بنێ ..
بۆیە تا ناو هەناوتان کوردستانتان خۆش بوویت.. بارستایی ئەوخۆشەویستیەش ڕێز لە هەست و نەستی گەلانی دیکە بنێن.. هەر کەسێکیش چاوی بە تۆ و خۆشەویستییەکەتدا هەڵنەهات لە ژێر هەر باروناوێکدا بزانە بێچوە ئیمپریالیزمە و بەگژیدا وەرەوە با بۆ بۆیاخی دنیاشی لە خۆی سوو بێت.

## {{ ئەوینی گەورە}}

چی زۆر بەنرخە و من شکی ئەبەم
نیشتمان بەدڵ پێشکەشتی ئەکەم
من ئەوینی وام بۆت کەوتۆتە دڵ
ئاواڵمە کاتێ دەشکەومە بن گڵ
ئەوینی هەرگیز ناکا پرسیار
تاقی کەرەوە جارێک نا صەد جار
ئەوینی هەرچی تۆ بڵێی دەوێرێ
زۆر ئامادەیە نرخی بژمێرێ
ئەوینێک هەرچی هەستی زۆر و کەم
دەڵێ ئامادەم قوربانتی دەکەم..

# بانگێ لە سەنگەری پاسۆکەوە

**ئازیزەکانم.. سڵاوی ئەمەکداری و ڕێز..**

لەوانەیە وەکو دەمەوێ تێم نەگەن، دەزانم من جیهانی  فراوان و بەرین و هیواتان بووم.  بیست ساڵ چاوەڕێی ئەو ڕۆژە بوون کە زاقوزروقبخەمە لانە کپەکەمانەوە و ئێوارە بە بندەستێ شتەوە خۆم بکەمەوە بە ماڵ دا، تا پێکەوە لە دەوری زۆپاکە خڕببینەوە و هەقی ٢٠ ساڵیفرمێسک و بێ کەسیتان بۆ بکەمەوە!.

بەڵام دایە گیان... من بڵێم چی، بیست ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ شریخەی یەکەم گوللەی پێشمەرگە لە دەربەندی بازیاندا ڕسکام، هەر وەکوشۆڕش و کوردایەتی چارەنووسی هەمیشەییم بێت.. لە کوڕی ئێوە دەرچم و ببمە کوڕی هەموو ڕەنجدەرانی کورد.. ئەوەتا هەر شەوەی لەدەرگای ماڵە جوتیارێک  دەدەم، وەکو تۆی بەسۆز  ئامێزی میهرەبانیم بۆ دەکەنەوە هەر  شەوەی لەگەڵ ماڵە زەحمەتکێشێکدا ڕۆژ دەکەمەوە. ئێواران زەرفی بندەستم تفەنگەکەمە . لە ماڵان لێم ناگرن هەر چاوی هیوای تێدەبڕن لە بریسکەی چاوی منداڵاندا لوولەکەی دەبینم کە ئەوئازادی و یەکسانی یەیان بۆ دێنێ کە کۆتایی بە دیلییەتی و چەوساندنەوەی مرۆڤی کورد دێنێت.

لەوانەشە لەم ڕێگا پیرۆزەدا بگلێم، وەک  هەزاران جەنگاوەری قارەمان پێش من گلاون  بەڵام گلانی شۆڕشگێڕان کۆتایی بوونی مرۆڤێکنییە. سەرەتای ژیانێکی نوێیە. ئەو لاشانە نابنە خۆڵ و ون بن، ئەوانە  دەبنە پایە و دینگەی کۆمەڵ کە سایە و  ساباتی  بەسەر ملیۆنەهامرۆڤدا بکێشێ. بۆیە هەر لێستاوە دەڵێم: ئێوە و کورد خۆش!.

من ڕۆڵەی میللەتێکی چەوساوەی ژێردەستەم. دوژمنان و داگیرکەرانمان ژیانمان پێ ڕەوا نابینن دەیانەوێ لە چۆکدادانی خزمەتکاری ئەواندابژین و بمرینجدەیانەوێ وەکو ئاژەڵێک دامان دۆشن و بارمان کەن.. ئەوان ڕقیان لە ناوی کورد لە بوونی کورد چاویان هەتا بەو چەند پیتەیناوە ڕووتەکەی کوردستانیشدا هەڵنایەت. ئەمە حاڵ و باری میللەتەکەم بێت.. من بۆ مردن لە پێناوی گێڕانەوە و سەندنەوەی بوون و کەرامەتیمرۆڤانەی کوردیدا نەبێت بۆچی چاکم؟!.

تۆ ئەگەر منت بۆ دیلێتی ڕسکاندووە توند بەرۆکت دەگرم و دەڵێم: بۆچ؟ بە چ هەقێ؟ بە ئازادی بووم و دەتەوێ بەدیلی بژیم؟ ئەگەرنا دەئەوەتا ملی چارەنووسمچگرتووە. لە من ژیانم و لە تۆ نزای سەرکەوتن و گەردن ئازادی! ئەو

شیرەتم پێ حەرام بێت نان و ئاوی کوردستانملێ بەدەر بێت ئەو ناوی کورد یەتیەم لێ بسڕێتەوە ئەگەر تا دوکەڵی گوندە سووتاوانە هڕەوێنمەوە و تا خەندە نەگێڕمەوە سەر لێویجمندالانیهەتیوو کەوتوو!

تا کراسی ڕەش بە کوڕ کـوژراوان نەگۆڕم و پۆستاڵی ڕەشی داگیرکەر لە کوردستاندا نەبڕم. بگەڕێمەوە پشوو بدەمجدەست لە چەکەکەم بەربدەم.

شەرەفی هەمووتان ئەو چەکەیە تا دەیدەین بەدار ئالایەکی کوردستان تا دەیکەین بە پاروو بۆ گەرووی هەموو چەوساوان تا دەبێتە چەکوشیڕمانی قەلای زۆرداران تا دەبێتە کۆشکی بە کەللە هەڵچنراوی کوردستانێکی ئازاد و گەلێکی یەکسان هەر دەڕۆین و دەڕۆین و ناگەڕێینەوە.

**هێزی پێشمەرگەی پاسۆک**

## ئامانجی من

گوڵی گەش بە بای شەماڵی بەهار  ئەشنێتەوە
قاسپەی کەوی کەژ  بەرامبەر نزار  بەرز ئەبێتەوە
من دیم لەرەی شەپۆلی شنەی  ئاڵای کوردستان
تێکەڵاو ئەبێ لەگەڵ جریوەی  ئەستێرەی بەیان
ئەو کاتە هیوا و ئامانجی دوورم  هەردوو پێکەوە
ئەبن بە پرشنگ گوڵاڵەی سوورم  ئەگەشێتەوە

## ئاسۆی هیوا

بیری تازەی کوردایەتی  رێبازمانە
ئێمە کوردین، مەردایەتی  ئاوازمانە
کوردایەتی بۆ ئێمەی کورد  چەکی دەستە
فەلسەفە و باوەڕی وردە  هۆش و هەستە
ئەی وڵاتی کوردی ئازا  خۆری بەیان
ئەبێ لەم ئاسۆیەدا  هەڵبێ لێمان

## شادەمارە سەرەتاییەکانمان

٦ڕێز لە هەموو یارمەتی و کۆمەکێکی خێرخوایانە دەنێیین کە ۆیشکەش بە کورد بکرێ، لە هەر لایەکەوە بێت بە مەرجێ سەربەستی وسەربەخۆیی کوردی تێدا نەکەوێتە مەترسییەوە.

ئەگەرچی لەم جیهانەدا کەس و لایەک نییەجاو هەرزان کات، و لە خۆڕایی بێ مەبەست و دەستکەوت دەست لە نێو دەستی کەس نێت . هەموو نێزیکی و یارمەتی و کۆمەکێک لەنێو چەند لایەکدا و لە لایەکەوە بە لایەکی تر بکرێت لەسەر یەکێ لەم بناغانە هەڵدەستێ:

هاوبەرژەوەندێتی: ئەمە گەورەترین بناغەی هەموو پەیوەندی و دۆستایەتی و هاوکاری و یارمەتی یەکی نێو دوو لایەن ە یان چەندلایەنێکەجکە سوود و بەرژەوەندی ڕاستەوخۆیجئەو لایەنانە لە خاڵێکیجدیاریدا یەک دەگرێتەوە و سەرکەوتنی ئەمیان یان ئەویان بەرژەوەندیو دەستکەوتی ئەم و ئەویان دێنێتە دی دیارە مەرجیش نییە ئەو بەرژەوەندییەی نێوانیان هاوسان و هاوتا بێت و زۆرجاران وا ڕێک دەکەوێتکردەی لایەکە و بردەی لایەکی ترە و یان مەبەست و خواستی لایەنی کۆمەک پێکەر و دۆستەکە زووتر و چاکتر و زیاتر دێنێتە دی وەک لەلایەنە ڕەسەنی کۆمەک پێکراوەکە یان لایەکیان دەستی بە زاخدا دەچێ و ئەوی تریان بەرهەمەکەی دەخوات.

خۆ ئەگەر ئەودۆستایەتی و هاوکاری و پەیوەندییە لە نێوان دوو لایەنیبەرانبەر و هاوسان و هاوشاندا بێت، زۆرینەی جار وا دەبێت کەدەستکەوت یان زیانی سەرئەنجامی کارەکە چوونیەک بێت بۆ هەموو لایەنەکان. بەڵام ئەگەر لە نێوان لایەنێکی بە دەست و دەسەڵات و قەبەدابوو لەگەڵ لایەنێک و چەند لایەنێکی خواردەستتر و لاوازتر هەمیشە بەرژەوەندی و چارەنووسی لایەنی دووەم لەبەردەم مەترسی کەوتنە تەڵە ومایەپووچیدایە. چونکە ئەو پەیوەندییە لەسەر بناغەی بەرژەوەندی ڕووت هەڵچنراوە. چ دەستوور و یاسایەکی ڕەوشتی و پابەندییەک نییە کەبەر بەخپشت بەردان و بە گورگان خواردوودان بگرێت ئەگەر شتێکیش لە گۆڕێدا بێت خۆدەربازکردن و بادانەوە زۆر سەخت نییە!.

ئێمە ئەگەر واقعیانە بیر بکەینەوە و دووی بانگاشە و گوزارشتی ڕەنگاوڕەنگ و قسە و فەرمایشتی نەکەوین، زۆربەی پەیوەندییەکانینێودەوڵەتی هەروا بوە و دەبێت

دیاره بۆ تیفتیفەدان و ڕازاندنەوە  و تنطیر ی ئەو جۆرە پەیوەندییانە دەیان زاراوەی ماف و ئازادی و ڕەوشت و پێویستی و پێویستی و ئەرکیمرۆڤایەتی هاوخەباتی. و لەم بابەتانە دەکرێتە ئارایشی سازدان و ڕازاندنەوەی ئەم پەیوەندییانە   چۆن کاتیسوود و پێویستی نەما دەیانزاراوەی تری کاروباری ناوخۆ و بێلایەنی و دەستێوەردان و ڕێز لە سەربەخۆیی و  دەست تێنەخستن دێتە پێش بۆ خۆ دزینەوە و پشت بەردانو بادانەوە.

٢- هاوبیرایەتی: کە ئەمیان دروست خاڵی یەکەم جێبەجێ دەکات بەڵامجبە شێوەیەکیجناڕاستە و خۆ و دوورەدەست   دوو جوڵانەوە و دوو بیرو دوو فەلسەفە و دوو ڕێباز کە خۆیان لە جوغزی یەک بیرکردنەوە و هەڵوێستدا دەبیننەوە ئەوەی بەرچاوە سەرکەوتنی هەر لایەکیان سەرکەوتن و ئەستووربوونی لایەکەی دیکەیە و بەرژەوەندییانلە پشتی یەکدی گرتن و هاوکاری یەکتردایە. بۆیە هەر لایەکیان هەرچییەکبۆ ئەویتریان بکات دەچێتە حوکمی قەرز و پاشەڕۆژ بەرهەمەکەی دەچنێتەوە. دیسانەوە ئەمیشیان هەر مسۆگەری ناو مشتان نییە. زۆرجاران واهەڵدەکەوێت کە ئەوسەرئەنجامە چاوەڕوانکراوەی لایەنێکیان دەیکات نەیەتە بەرهەم . بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵە نموونەکانی  چین و سۆڤیەتدێنینەوە کە سۆڤیەتییەکان چ لەکاتی شۆڕشدا و چ دوای شۆڕش کۆمەکی یەکجار مەزن وکارگەیان بە چین ییەکان کردووە بەڵام سەرئەنجامەکەی چووە حوکمی قەرزی فەوتاوە و چین ییەکان لە هەموو بوارێکدا چاکەی سۆڤیەتییەکان بە خراپە داوەتەوە و لە هەندێ بواردا زۆرلە ئەمەریکاییەکان سەر سەختتربوون دژی سۆڤیەت یان ئەو کۆمەکەی کە چین ییەکان بە ڤێتنام ییەکانیان کردووە و  ڤێتنام ییەکان بەکامبۆدیە کانیان کردووە و پاشان دەستیشیان چۆتە یەک و بەیەکدا هەڵچوونەتەوە   بەڵام بەرانبەر بەم نموونانە نموونەی پیوەندییەکانی نێوان  سۆڤیەت و کوبا و سۆڤیەت و ڤێتنام و سۆڤیەت و ئەنگۆلا و ... هتد.

ئەو هاوبەرژەوەندییەتی و دەستکەوتی ماکی و  مینۆکییە چاوەڕوانکراوەی هێناوەتە پێش... بام ئەم پەیوەندی و هاوکاری و کۆمەک ویارمەتییەش وەک هەر پەیوەندییەکی دیکە لەسەر بەرژەوەندی هەڵچوو بێت.. بەڵام پتر   ڕەواجی پرنسیپی و سیاسی و بەرژەوەندی گەلانیتێدا ڕەچاو دەکرێت و پتر لە نێوان بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان و گەلانی  چەوساوە و بزووتنەوەی پێشکەوتنخواز و وڵاتە سۆشیالیستییەکاندادەبێت   وەک لە نێوان دەوڵەتانی سەرمایەدار هەتا لە ناو خۆشیان دا!!!.

٣- دوژمنایەتی هاوبەش: ئەمەش لە نێوان ئەو لایەنانەدا دەبێت کە دوژمنێکی هاوبەش لەسەر هێڵێکی بەرژەوەندی کۆیان دەکاتەوە. کەدەتوانرێت ناوی هاوکاریی نەرێنی لێ بنرێت. چونکە لسەربناغەی بینا و دروستکردن هەڵنەچووە لەسەر بنچینەی ڕمان و تێبردن هەڵساوە. هیچ سەرەتایەکی پرنسیپی/ مەبدەئیو ڕەوشتی و ڕێی وشوێنێکیش نایبەستێتەوە و پابەندی هەر لایەکیان بەندە بە بەردەوامی ەودوژمنایەتییەوە بۆیە ئەم جۆرەیا زۆر کەم خایەن و لەرزۆک و بن بۆشە و زۆرجاران و بە دەست بڕان و بە گورگان خواردنی لایەک وڕاستبوونەوەو تالآنی دەستکەوتنی لایەک تەواو دەبێت.

بۆیە نابێ هیچ پشتێکی پێ ببەسترێ و هیچ حسێبێکی گەورەی لە ەر بکرێت، تەنها ەکو سوود وەرگرتن و هەلێکی کاتی و ئامڕازێکییارمەتیدەری کەم تەمەن هەژماردی بۆ بکرێت.

ئێمە وەکو کەسانێکی کورد، لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستییانە و تاقیکردنەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەمان و تاقیکردنەوەیبزووتنەوەی ڕزگاریخواز و گەلانی چەوساوە و بە بەرچاوخستنی باروهەلومەرج و هەڵکەوتی مەسەلەی نەتەوەکەمان کە بەرژەوەندی بەرزیکورد لە سەرو هەموو ئیعتبارێکی دیکەوە دادەنێین و تاکە ڕوانگە و کێشانە و پێوانەمان بەرژەوەندی ماکی و مینۆکی کوردە و پێش ئەوەی هەرشتێبین کوردین.

وەکو کەسانێکیخزمەتگوزاری و ڕەنجدەرانی نەتەوەکەمان و بە بەرچاوخستنی دەستکەوت و سوودی نێزیک و دووری کۆمەڵگەیکوردەواری. هەر جۆرە هاوکاری ودۆستایەتی و یارمەتی و کۆمەکێک یەک میللی مەتر کورد بەرێتە پێشەوە و لە خزمەتی ئێمرۆ و داهاتووی کوەد ومرۆڤایەتیدا بێت بێ سڵکردنەوە لە هیچ شتێک دەیگرینەبەر و بە کارێکی چاکی دەزانین. نە نان و دروشم و قسەی زل دەرخواردی جەماوەردەدەین و نە وەکو سیاسییە پیشەگەرە بازرگانەکانیش خاس دەڵێین و خراپ دەکەین بەدەم ئەو دی سنوری چەپایەتی و فلآنایەتی وفیسارایەتی بکەوینەوە و بە کرداری پەرێزی دووری ڕاسترەوی و خراپەکاری کۆنەپەرستی سەربەم لاو ئەو ل بکینەوە. کردار وڕەفتار بە تاکەپێوانەیڕاتی و بواری ڕێباز و انگاشە شدەزانین. نە بە ئافەرینی کەس گۆش دەگرین و نە بە گرژبونی کەسیش نەتەوە و بەرژەوەندییەکانیمانلەبیر دەچێتەوە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەش دا و هەر لە بۆ کورد و بەرژەوەندی بەرزی مرۆڤایەتیو ناکۆکی گەلانی چەوساوە و بزووتنەوەی پێشکەوتووخوازان و بەبەرچاوگرتنی

باروهەلومەرج و هەڵکەوتی کورد ومەسەلەکەی و  دەوروبەرمان  بە توندی و گردەبڕی باوەڕی تەواومان هەیە:

١-بە گرنگێتی و پێویستی و هاوکاری و هاوچارەنووسی و گرێبەندی هەمیشەیی و بەردەوامی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد  بەبزووتنەوەی ڕزگاریخوی جیهان و گەلانی چەوساوە و بەرەی سۆشیالیستخواز بەتایبەتی  یەکێتی سۆڤیەت لەسەر بناغەی هاوسانی وبەرژەوندی ئۆرگانیکی هەمووان دا کە لە بەرنامەی خەباتی حیزبمان لەم قۆناغەدا ئەم ئەکە بەمجۆرە دیاریکراوە:

پشتگیری و دۆستایەتی و هاوکاری بەرەی سۆشیالیستی بەتایبەت یەکێتی سۆڤیەت وەکو یەکێ لە هەرە دینگە پتەو و پێویستەکانی خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەمان  چونکە جگە لە هەڵکەوتوو و چارەنووسی مەسەلەی کود کە ئیمڕۆ و داهاتووی لە دۆستایەتی و لایەنگیری هاوسەنگەریی ولاتانی سۆشیالیستی بە گشتی و یەکێتی سۆڤیەت بە تایبەتیدایە و دەبێت. تاقیکردنەوە و بیر و هەڵکەوتی ئەو وڵاتانەش‌هەمیشە دۆستایەتی گەلانی چەوساوەی سەلماندۆتەوە و قەلای بەرگری و پارێزگاری گەلان بوون... هەر داڕانێک لەژێر هەر بارێکدا بێتە پێشبە زیانی بەرەی گەلان و قازنجی بەرەی ئیمپریالیزم تەواو دەبێت.ئەم پشتگیری و دۆستایەتی و هاوکارییەش بەوە دێتەدی کە ئەو زەمینەیەخۆش بکرێت کە ئەو وڵاتانە بتوانێ پتر بەلای مەسەلەی کورددا لابکەنەو ڕۆلی پێویست و سروشتی لەسەرخستنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیکورد دا ببینن. و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیش لە هەموو کوێرەڕێ و بادانەوەیەک بپارێزێ هیچ کامیشیان بێ ئەوی دی بە تەواوی نایەتەبوون.

٢- هاوکاری و دۆستایەتی و خەباتی ناوکۆیی لەگەڵ خەباتی ڕزگاریخوازی گەلانی  ناوچەکە بەگشتی و خەباتی ڕزگاریخوازی عەرەبیبەتایبەتی لەسەر بناغەی یەکسانی  بەرژەوەندی بەرابەری هەمو لایەکان وەکو لە خاڵی چواری بەرنامەی خەباتی حیزبمان لەم قۆناغەدادیاریکراوە.

خەباتی ڕزگاریخوازی عەرەبی بەتایبەتی لەسەر بناغەی  بەرابەری و بەرژەوەندی هاوتایی ئەو بزووتنەوانە و هەردوو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد و عەرەب بە تایبەتی.

ئەمەش بە پشتگیری تەواوی خەباتی ڕەوای گەلی فەلەستینی بەدیاریکردنی مافی چارەنوس و هەموو ئامانجە نەتەوەیی و دیموکراسییەکانی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان دا وەک سەرەتایەک بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسی دێتە دی.

بێ بەدیهێنانی ئەو دوو ئەرکە ئاوێتە بووە هاوخەباتیی ڕاستەقینە نەک هەر نایەتە پێش بەڵکو هەر دوو بزووتنەوەکە لاواز دەکات و بەرەوخزمەتی ناڕاستەوخۆی دوژمنانیان دەبات  کە تەنها ئیمپریالیزمی ئەمەریکی و زایۆنیزم و داگیرکەرانی کوردستان بەرەکەی دەخۆن.

٣- دوژمنایەتی و بەرهەڵستی چەوساندنەوە و داگیرکردن و زایۆنیزم و ئیمپریالیزم بە تایبەتی و ئیمپریالیزمی ئەمەریکی کە گەورەتریندوژمنی سەرسەختی ناڕاستەوخۆی نەتەوەکەمان و جوڵێنەری داگیرکەرانی کورستانن. پێویستە بەر لە هەموو  خزان و خلیسک بوون ونێزیکییەک ببڕیتەوە لەگەڵ بەرەی ئیمپریالیزم دا و لە هیچ بارودۆخێکدا ڕێگە نەدرێت پەنجەی ئیمپریالیزمی ئەمەریکی  بگاتە مەسەلەکەمان وبە هەموو جۆر و شێوەیەک بەرەنگارییبوون و بەرژەوەندی ببینەوە لەسەر هەموو ئاستێک. هەموو تێشکانێکی  ئیمپریالیزم لە هەر شوێنێک بێتتەکانێکە بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بۆ پێشەوە.

هەر جۆرە مامەڵەیەک لە دەرەوەی جوغزی  ئەم ٣ خاڵە بە مەرجێ سوودی نێزیک و دووری کوردی تێدا بێت و سەربەستی و سەربەخۆییکوردیتێدا نەکەوێتە مەترسییەوە. ڕەوا و پێویستە ماوەتەوە سەر ئەو ڕاستییەی کە کۆمەک و یارمەتی دەرەوە  پتر شێوە و جۆری مامەڵەکردن و  بەکارهێنانی ڕۆڵی نەرێنی یان ئەرێنی دەداتێ کە ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا ڕەچاو بکرێت:

١- سەرچاوەی خاوێن...

سەرچاوەی خاوێنی کۆمەک و یارمەتی بەوە دەناسرێتەوە کە لەسەر بناغەی بەدیهێنانی ئامانج و دەستکەوتانێکی ڕەوا و هاوسان و خێریئەرێنی هەردوو لا کە هەڵسابێ. جا ئەمە لە بەرژەوەندی ماددییانەی ڕووتەوە یان هاوبیرایەتی و هاوچارەنووسی و هاوڕێبازییەوە بێت. کەبەردەوامی و بێ فێڵی تێدا ڕەچاو دەکرێت. هەر کۆمەک و یارمەتی و پشتگیرییەکیش لەسەر هەژماردی مەسەلەیەک و دوژمنایەتی بێتنەرێنییە و بە نەمانی ئەو دوژمنایەتییە تەواو دەبێت  و زۆر جاران دەشبێتە دوژمنایەتی  چونکە  لایەنی سێیەم بەناچاری دەباتە بەر قایلکردنییەکێک لە لایەنەکان کە هەمیشە لایەنە پاڵدراوەکە دەبێت. وەکو چۆن ئەو دۆستایەتییە ناچارییەی نێوان ئێران و شۆڕشی ئەیلوول لەسەربناغەی دژایەتی ڕووتی ئێران بەرانبەر عێراق هەستا بوو. کە سەرئەنجامەکەی هەر بەوە تەواو نەبوو کە لایەنی ئێران بە بڕینی ئەو کورکەدەستهەڵگی بەڵکو  دەستبەرداری ئەوەش بوو – پاش ئەوەی داواکارییەکانی بەسەر عێراقدا سەپاند – ببێتە لایەن لەگەڵ بەعسییان دا دژیکورد !.

٢- پاڵ لێنەدانەوە و پشت پێنەبەستن:

ئەگەرچی پشتگیری و کۆمەک و دۆستایەتی دەرەکی یەکجار گرنگ و پێویستە بۆ سەرکەوتنی هەر بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی شۆڕشگێڕییەتاییەتی لەم سەردەمەی ئیمڕۆمان دا. هەر ئەوانەش کە نکۆڵی ئەمە دەکەن پێش هەموو کەس دەخزێنە باوەشی هۆ دەرەکییەکە و ئەونکۆڵیکردنە تەنها بۆ ڕاوە جەماوەر و داپۆشینی عەیبە بەس. بەڵام لەگەڵ ئەم گرنگییەشدا دەبێ دیسانەوە وەکو هۆیەکی سەرەکی و پلەدووی هەژماردی شۆڕشگێڕیی بەرچاو خرێت و ئەگەرچی لە سەرەتاوە تا خۆ قایمکردن گرنگی تەواوی پێ بدرێت بەڵام دەبێ هەمیشە ئەوەلەبەرچاو گیرێ کە هەتا دێت لە گرنگێتی و پێویستی ئەو هۆ دەرەکییە کەم بکرێتەوە. بەوەی بەقایمکردن و پتەوکردنی هۆ سەرەکییەکان کە لەپێش هەموویانەوە جەماوەرێتی مەسەلەکە و باوەش بۆکردنەوە و وەرگرتن و لە ئامێزگرتنییەتی لە لایەن جەماوەریزەحمەتکێشەوە وفراوانکردنی بنکەی جەماوەری و شۆڕشگێڕییە. بۆ ئەوەی نتوانرێ پێش بە هەموو پێشهاتێکی کوتوپڕی و بادانەوەیەک بگیرێ.. یان بەلانیکەمەوە ئەو پێشهات و بادانەوە و پشت چۆڵییە نەبێتە هۆی دالەنگین و و هەرەسی مەسەلە و شۆڕشەکە...

٣- پاشەکەوت و خەمی پاشەڕۆژ، بەوەی کە لەو دەستکەوت و کۆمەک و یارمەییەی دێتە دەست هەمووی بەردەست نەخرێت و بایی کە توانایبەردەوامی و پەکنەکەوتنی تێدا بێت هەژمارد بۆ پێشهاتی کتوپڕی و سەبرایز/ مفاجئات بکرێت.

٤- هەوڵدانی ڕاستکردنەوەی شێوە و مەرجەکانی ئەم کۆمەک و یارمەتییە بە جۆرێک کە بەرە بەرە لەژێر باری سەختی هاوکاری لایەنگیریناهاوساوە بچێتە باری سروشتی و بەرابەری و هاوتایی.

بە کورتییەکەی ئەگەر یارمەتی و کۆمەکی دەرەکی وا تێبڕوانرێ و مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت کە هەر بزووتنەوەیەک وەکو ساوایەک تا پێ دەگرێو سەرپێ دەکەوێت دەست بە دیوارگرتن و ڕەوڕەوە کارێکی ئاسایی سروشتی بێت و پاشان بگاتە ئەو ئاستەی کە بتوانێ لەسەر لاقی خۆی، خۆی بگرێت. چ مەترسی نەهامەتییەکی نایەتە پێش .. بەڵام ئەگەر وەکو کوێر هەمیشە چاوی لە گۆچان بێت کەی گۆچانەکەی لە دەستترازا ملی شکاوی لە چاڵی نەهامەتیدا دەبینێتەوە.

# ماڵاوا
# ڕەوشتی سیاسی

زۆر جاران ئەوە گوێ بیست دەبین کە ڕەوشت لە سیاسەتدا نییە. ئەم ئاوەش میکیاڤیللی ڕەحمەتی ٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر ڕشتوویەتی و ئیمڕۆبێچووەکانی پێی لێ دەخەن!.

تا ئەو شوێنەی لە سیاسەتی پێگەیشتوو و بە حورمەت و دروستدا ئارەزوو و هەرا و هەوەس حوکم ناکات و تف ڕۆکردن و هەڵگرتنەوەوسوارچاکی و بەخشندەیی و خۆنەویستی و هەندێ داب و نەریتی بەرچاوی کۆمەڵایەتی نییە. ڕاستە بەڵام ئەم ڕاستییە ئەگەر بووەسەرپۆشی شاردنەوە و تێپەڕاندنی هەر کار و ڕەفتارێکی دزێو لە ڕاستییەکی زانستییەوە دەبێتە شێوازی نوێی میکاڤیللی یەت.

سیاسەتیش وەک هەر چالاکییەکی دیکەی کۆمەڵایەتی ە بڵاورتین جموجوڵی کۆمەڵایەتی ئەگەر لە سەر داب و دەستوور و ڕێ و شوێنێکیدیاری نەبێت و بە چەند یاسا و دەستوور و نەریتێکی سیاسی قەرار دراوە نەبەستریتەوە و سنووری ئەمپەڕ و ئەوپەڕی پێویست وهەڵسوکەوتی دیاری نەکرێت لەوە دەردەچێت کە بەشێک بێت لە کەلەپوور و بوونی کۆمەڵگە و دەبێتە لکێکی دەستبڕی و چاوبەست و هۆینەهامەتی و لێکترازانی کۆمەڵ و نەبوونی ئەمان و باوەڕ و متمانە!.

ئا ئەم جۆرەیان بە دوو سەرە لە کوردستاندا جێبەجێ دەکرێت. لە سەرێکەوە داگیرکەرانیجکوردستان کە هەرچی کەلەپووری دڕندایەتیەتی ونامرۆڤایەتی و دزێوی بەد ڕەوشتی و خراپە کاری بەر لەخۆیان بۆ ماوەتەوە و داهێنانیشی تێدا دەکەن. کە دروست پێچەوانەی بچوکترینسەرەتای گیان و ڕەفتاری مرۆڤانەیە. لە سەرێکی تریشەوە هەندێ لایەنی سیاسی لە ژێر سایەی بەناو کوردایەتی و شۆڕش ەوە وەکوقوتابییەکی گوێڕایەڵی میکیاڤیللی لەژێر پێستی زەردی خەندەیی لە ڕوو دۆستانە و لە دڵەوە ڕق و دوژمنایەتی و بێ ڕەوشتیدا گۆڕەپانیکوردایەتی دەشێوێنن و تۆوی بێ بڕوایی و گومان و بەدڕەوشتی لەجریزەکانی کوردایەتیدا دەچێنن !

یەکەمیان ئەو مەترسییەی نییە چونکە وەکو دوژمنێکی ڕاستە وخۆ پەندە عەرەبییەکەی بەسەردا دەسەلمێ کە دان دەرکەوت خەندە نییە بەڵکوخۆجیڕ کردنەوەیە. بەڵام دووەمیان دەتوانێ بۆ ماوەیەک خەڵکی لە خشتە بەرێت و دەستی هەتا لایەنە سیاسییەکانیش بە ئاگری بێڕەوشتی سیاسییانەدا بچزێنێ.

بەڵام ئەوە کۆشک و تەلاری خۆی خۆی لەسەر بێ ڕەوشتی هەڵچنێ، ڕۆژێ هەر دێت بەسەر خۆیدا بێتە کەلاوە....

هەواڵنامەی کتێب

# {پێش ئەوەی هەرشتێ بین ... دەبێ کورد بین}

**ژمارە هەشت ئەیلوولی ١٩٨١ گەلاوێژی ٢٥٩٣**

**ئۆرگانی ناوەندی هێزی پێشمەرگەی پاسۆک**

**چەکی بێ بیروباوەڕ سێدارەی جەماوەرە**

# سەرەباس

+ شیعر
+ سەروتار لە ١١ی ئەم مانگەدا
+ ڕازێکی کوردانە شۆڕشی سەخت
+ بانگێ لە سەنگەری پاسۆکەوە ...باوکی بەڕێزم
+ چیرۆک
+ لە کەلەپووری شۆڕشگێڕیمان
+ قوتابخانەی پاسۆک ...... وانەی هەشتەم
+ سیمینارێکی کوردانە... با هەمیشە ڕاستی پێشەنگی کاروان بێت....
+ شیعر
+شادەمارە سەرەتاکانمان
+ (( کۆنفدڕاڵی (( کۆنفدراسیۆن Confedration))))
+ ماڵاوا.. جارێ ئەسپییان نییە، شەڕ لەسەر ئاخوڕی چی دەکەن؟!....

هەواڵنامەی کتێب

# سەروتار

لە ١١ی ئەم مانگەدا بیست ساڵ تێدەپەڕێ بەسەر ڕاستبوونەوەی ئیرادەی گەلی کورد لە کوردستانی باشووردا بەڕووی دیکتاتۆریێتی و ملهوڕی یی داگیرکەرێکی نەفرەت لێکراو دا،ئەگەرچی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن لەبەر زۆر هۆی دەرەکی و زاتی بە پلانێکی نامەردانە شکستی هێنا، بەڵام ئەو گیانە شۆرشگێری و ڕاپەڕینەی لە سەرتاسەری کوردستانی مەزندا ڕسکانی ئیمڕۆ لە بەرگێکی نوێ و چەند لایەکی کوردستانەوە...،چ وەک شۆڕشی چەکدارانە و چ لە شێوەی بەئاگاهاتنەوە و خەباتێکی سیاسیدا بیرۆکە بووە.. نەک تەنیا رزگاری و سەرفرازیی ( ٢٥) ملیۆن کوردی چەوساوە و ژێردەست و پارچەپارچەکراوی لە ئاسۆدا دیارە ، بەڵکو پێشبینی ئەوەیشی لێ دەکرێت کە ببێتە کوانووی شۆڕشێکی رزگاریخوازی دیموکراسی سەرتاسەری ناوچەکە و هێما و بنکەکانی هەڵتەکێنێ و سەردەمی برایەتی و دۆستایەتی پەیوەندی بەرابەی گەلانی ناوچەکەش بێتە دی...

ئەم ڕاستیەش لە پێشبینیش بەرتر دەبوو و دەبووە واقعێکی دەست هەڵهێنج ، ئەگەر پوازی فەساڵ گرانی کوردی و نوکە ڕمەکانی داگیرکەر بەو جۆرەی ئیمڕۆ لەناخی بزووتنەوەکەدا دانەکوترایە..

بەڵام دیسانەوە ئێمە بەوە خۆش بینین، کە ڕابردووی تێشکاوی ئەو پوازانە و هەموو تاقی کردنەوەکانی خوارووشی لەسەرتاسەری جیهاندا ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە پەتی « کوردکوژی" و "خۆفرۆشی" و "پوازێتی" هەر ئەوەندە درێژە کە بگاتە ملی خۆیان پێی ڕەوانەی دۆزەخی سەر شۆڕی و نەمان کرێن.

لەتەک ئەم یادەدا لەگەڵ شەشەمین ساڵڕۆژی نوێبوونەوەی حیزبمان پێشوازی دەکەین،کە هەر جووتبوونەوەی ساڵڕۆژی حیزبمان و گەورەترین شۆڕشی کورد لەم چەرخەدا ئەوە دەسەلمێنێتەوە کە "پاسۆک " ویژدانی نەتەوەی کوردە و دەربڕی/ معبر خواز و خواستی نەتەوەکەمانە..

بام داگیرکەرانمان و دوژمنانی بیروباوەڕ بڵندی کوردایەتی داخ لە دڵانی خۆفرۆش چاویان بە بەژن و باڵای" پاسۆک" دا هەڵنەیە و مەرگی خۆیان لە گەشەیدا ببینن و هەزار و یەک داوی " ئینگلیزی"مان لەسەر ڕێدا بچێنن.. بەڵام هەر دەڕۆین و دەشگەینە ( کوردستانێکی ئازاد و گەلێکی یەکسان) چونکە ئەوە حوکم و حەتمیەتی مێژووە.

# ڕازێکی کوردانە ...
# {{شۆڕشی سەخت}}

شۆڕش کە بالاترین شێوەی چالاکی ئەرێنی/ ئیجابی مرۆڤە بۆ چەسپاندنی ڕەوا و ڕاستکردنەوەی بارێکی ئالۆز و ناسروشتی و گۆڕانێکی بنەڕەتی نێو کۆمەڵ ، خەسڵەت و ڕێباز و دەستوور و یاسا و پێداویستی سەرکەوتن و شێوازی گشتی و تایبەتی خۆی هەیە بێ دیاریکردنی ئەو خەسڵەتانە و ڕاڕەوی ئەو ڕێبازە و دۆزینەوە و تێگەیشتنی ئەو دەستوور و یاسایانە و مسۆگەرکردن و وەدەستهێنانی ئەو پێداویستیانە و هەڵبژاردنی لەبارترین شێواز... نەدەتوانرێ نێوی شۆڕشی لێ نرێ و نە بە ئامانج و ئاکامەکانی دەگات و نە لەخزمەتی ڕەوتی بەرەو پێشەوە چووی کاروانی مرۆڤایەتیدا دەبێت، بەڵکو زۆر جاران دەبێتە دژ شۆڕش و پتر ئالۆزکردنی کێشەکان و چەسپاندنی زۆر و ناڕەوایی و چاکترین ڕێخۆشکەر دەبێت بۆ ڕۆچوون و دانە پاشەوە. لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر بڕوانینە کێشەی ڕەوای کورد و باری ئالۆزتر و ناسروشتی تێ ترنجنراوی گەلی کورد کورد لە کوردستانی باشووردا و نەتەوەی کورد لەسەرتاسەری کوردستانی مەزندا شۆڕش ئەو تاکە ڕێبازەیە کە ئەمسەرە و سەری ئەو هاوکێشە/ موعادەلە شێواوە ڕاست بکاتەوە، وەکو دەستوورێکی نەگۆڕ و چەسپاو ئەم بارە نەپرسی بە کەس کردووە و نە پسوولەی لە هیچ لایەکەوە وەرگرتووە و نە لە هیچ کارگەیەکیشەوە دەرچووە وەکو واقعێکی بابەتی ڕەنگڕێژراو لەسەر دەستوورە نەمرەکەی ( ڕاستکردنەوەی باری ئالۆز تر و ناسروشتی) کڵپەی شۆڕشی کورد دڕی بە هەموو ئەو لەمپەر و کۆسپانە ناوە، کە دەسەلاتی مادیانەی لە خۆی بەژنەبالاتر لە ڕێیدا چەقێنراوە و باری چەوساندنەوە و ژێردەستەیی و پارچەپارچەیی و ماف پێشێلکراوی ئەم نەتەوەیە زەمینەیەکی هێندە لەباری بۆ( شۆڕشی میللی) سازکردووە کە لەگەڵ ئەو هەموو کۆسپ و تەگەرە و ڕێگریانەی دوژمنانی داگیرکەریشدا، نموونەی کەمە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. بەلام ئەوەی بە توندی سەرنجی دۆست و دوژمنان ڕادەکێشێ کە جۆرە دابڕان و نابەرابەریەک و ناهاوتاییەکی زۆر زەقی نێوان ئەم بارە بابەتییە لەبارەو تینوتاو و بارە زاتییەکەیە..

ئەم دابڕان و نابەرابەری و ناهاوتایەی نێوان بابەت و خود گریشتۆتە لێواری مەترسی لەباربردن و هەڵتەکاندنی ئەو بارە بابەتییە لەبارە و هەتا داشکاندنەوە

و شکانەوەشی بەلانە نەرێنی/ سلبی و داشکاندنەوەیەکدایە بەسەر خەباتی گەلی کورددا.

ئەگەرچی ئەم ناکاملییە خودییە لە خۆیەوە وەکو بەڵایەک بەسەر کوردا نەباریوە و زادە و بەرهەمی کۆمبوونی نەرێتێتی/ سلبیات و ناتەبایی و ڕەوت گێڕی خەباتی ـ مللی کورد بووە و ..... میراتی سلبییاتی چەندین ساڵەی خەباتی سیاسی و چەکدارانەی کوردە و پاشماوە و خڵتەی ناتەبایی و شێوانی باروهەل و مەرجێکی تاڵ و ناهەمواری خەباتەکەمانە...

داگیرکەران و ناحەزانی کورد و ئیمپریالیزم و داروودەستەکەی لەناوچەکەدا پشکی گەورەیان لە خۆشکردن و گەشەپێدان قووڵ کردنەوەی ئەم لانە سلبییانە هەیە هۆودەستی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ( دیاری نەکردنی خەسڵەت و ڕاوەوتی ڕێبازە شۆڕشگێڕانە و نەدۆزینەوەی شێوازی) شۆڕش و باری شۆڕشگێڕی بە گشتی و تایبەتکاری شۆڕشی میللی کورد بەتایبەتی.

ئێمە بە بۆنەی بیست ساڵەی هەڵگیرسانی ئەو شۆڕشەوە و لەبەر ڕۆشنایی شۆڕشی ١١ی ئەیلوولی١٩٦١ ی پیرۆز و دراوەکانی/ موعطیاتی هەرەسی شۆڕشەکە و یاسا و دەستووری گشتی شۆڕش باری سەرنج دەدەینە ئەم باسە بەو هیوایەی بتوانین خزمەت بە ڕەوتی شۆڕشگێڕانەی خەباتی میللی کورد بکەین و ئەو گیانە شۆڕشگێڕی و بوونە شۆڕشە لەم تەنگەبەری و مەترسی گلانە ڕزگار بکەین و دەستە و هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان و عێراق و ناوچەکەش بخەینە بەددەم بەرپرسیاری مێژووییانە، ئەو بەڵکوچکە و بیانووانەش بۆ مێژوو ببڕین کە چەندین ساڵە هەڵە و ڕەوتی چەواشە و دژ بە شۆڕش و ڕەوای کورد بە پاساوی ( پاش قەبرەکەی ئەلی گێز و گوڵنگ) دەدەنەوە وەک بەرزەکی بانان لەژێر تانوپۆی کەلاوەی هەوڵ و تەقەلا و خوێنی هەزاران شەهید بە بەرگ و ڕەنگ و دەنگێکی دیکەوە دووبارە و سەدبارە دێنەوە سەرچۆپی مارەیی کورد لە شەیتان!!..

با ئەمەش دوافرسەت بێت بۆ ئەوانەی لەژێر چارشێوی بۆچوونی هەڵە و بەخۆداچوونەوە و ڕەوت گۆڕین و پەنجەگەزی پاش کاولبوونی حەمامۆک لەژێر باری ویژدانی خۆ و جەماوەردا دەردەفرینن و وەک تاوانبارێکی پارێزەر شەیتان لەخشتەبەر بەسەر تاوانەکاندا باز دەدەن و بە کونی پاسادا خۆیان لە حوکمی تاوانیان ڕزگار دەکەن( ئەمجارەیان با حوکمی مێژووی گردەبڕ لە نێواندا بێت و چ کون و کوڵانێکیان لەبەردەمدا نەمێنێتەوە خۆی لێوە دەرکەن، یان هەر لیستاوە

دەست بکێشنەوە یان کوتەکی حەکم و سزای مێژوو جەماوەر هەمیشە لەبەر چاو و سەر سەریان بێت و لەترسی لێپرسینەوەی مێژووە لەڕەوتی ڕاستەقینە و دروستی کوردایەتی لانەدەن..

ئەگەرچی ماکی ڕمانی هەرەسی شۆڕشی ١١ی ئەیلوولی١٩٦١ هەر لەسەرەتاوە وەکو خۆرکە لەناو خۆیدا لانەی کردبوو و ئەو ڕووداوە چەوت و نالەبار و لاییەی تێیدا برا و ئەو گۆڕانانەی لەسەر گۆڕەپان/ ساحەی کوردستان و عێراق و جیهانیدا و جێگۆڕکێیە و حسێب گۆریوی هاتە پێشەوە پتر ئەو ماکەی بەهێز کرد و هیوای ئەوەی بڕی کە لە ناوەوە چارەسەری ئەو ماکە کوشندەیە بکرێت، هەرەسی شۆڕشەکە دەمی ئەودومەڵەی کردەوە کە لە گیانی خەباتی ڕزگاریخوازی کوردا نێرکەی کردبوو. دوومەڵی تاک حیزبی و قۆرخکاری و وەبەرهەمهێنان / احتکار و استثمار و تێکەڵی وتێک قژانی بیروباوەڕ و بەرژەوەندی و ناتەبایی و دیزە بەدەرخۆنەکردنی دژبەرەکان/ تناقضاتی فیکری و بەرژەوەندی و چینایەتی..

ئەویش بەری نەدان و فرزە لێ بڕان و لاوازی خودی ئەو بیروباوەڕ و بەرژەوەند و بیرکردنەوە جوێ جوێییانەی نێو کۆمەڵگەی کوردەواری و کۆبوونەوەی هەموو بیر و باوەڕ و هەڵوێست و بەرژەوەندیەک لە قەوارەی ( پارتی دیموکراتی کوردستان) دا گەرچی خەباتی پڕ شکۆی پارتی و بەرهەم و دەستکەوتەکانی چالاکی و قوربانی دانی و یاسا و دەستوور و ڕێبازی خزمەتێکی گەورەی بە کورد و خەباتی نەتەوایەتی کورد کردووە و قوتابخانەیەکی کوردایەتی و بیر جوێ جوێی نێو کۆمەڵگەی کوردەواری بووە، بەلام قوتابخانەیەکی بێ سنوور و نەفەسی تەنگ و بێ ڕەنگ و بۆ بووە و ئەگەرچی لە سەرەتاوە توانیوەتی کەشێک/ جوێکی کە دروست کات بۆ گەشەی ئەو بیرانە، بەلام کە ئەو بیر و بەرژەوەندییانە گەیشتنە توانا و دەسەلات و تەمەن و داروبارێکی وا کە پارتی نەیدەتوانی لە خۆیان گرێ و چی دی ئەو تەباییە و بەرابەرییە بپارێزێ لەبری ئەوەی لەو شوێنەدا خۆی بەلایەکدا ساغ کاتەوە و ڕێ بدات ئەوانی دیش سەربەخۆیانە لەدەرەوەی ئەو – بە هاوکاری و دۆستایەتی و تەبایی– پێکەوە گەشە بکەن و قەوارە قەرارداره سروشتییەکانی خۆیان وەرگرن، بووە بەندیخانەیەک و دەسترازو پێچێکی وا کە ڕێگر بێت لە ڕەوتە سروشتی و ئاسایی یەکانیان، بۆیە ئەو تەباییە و پێکەوە گونجانەی جاران بووە تناقض و پێکهاتنێکی ناوخۆیی و خۆیان لەنێو خۆیاندا یەکیان دەخواردەوە. ئەم بارە هەروا ڕانەوەستا ئەگەر باری سەخت و دژواری کورد و شۆڕشەکەی و بوونی سەرکردە مێژووییەکەی ( بارزانی) نەبووایە!.

ئەم بارە تا سەر ڕانەوەستا و هەر لە سەرەتاوە لە شێوەی تکتل و ناتەباییەکی بەرچاوی ( سەرکردایەتی) و دابڕانی سەرکردایەتی و بنکە/ قەواعد بە ئاشکرا دەبینرا کارەساتی شۆمی هەرەسی ١٩٧٥ ، ئەگەرچی کارەساتێکی نەهامەت هێن و تراژیدیایەک/ مأساتێکی میللی گەورە بوو، بەڵام ئەگەر تاکەڕوویەکی ئەرێنی/ ئیجابی بوو بێت، ئەوە بوو ئەم بارە ناسروشتییەی بەلاداخست و ئەو (باستیل) ی بیروڕا و بەرژەوەندییانە شکاند و بارە سروشتییەکە کەوتەوە سەر سەختی سروشتی و واقعی خۆی... بەڵام بەداخەوە نەتوانرا سوود لەم تاکە ڕووە ئیجابییەی هەرەس وەربگیرێ و پاش شەش ساڵان لەم هەرەسە بەرەو ئەوە دەچێت کە ئەمیشیان ببێتە ڕوویەک و لایەکی نەرێنی/ سلبی ، ئەگەر نەڵێین تاڵترین و ناهەموارترین ڕووی سلبی ئەو هەرەسە!. دەبێ بگەڕێین بە دوای ئەوەدا کە بۆچی ئەم گۆڕانە ئاوەژووە ڕووی داوە، چۆنیش ڕاست دەکرێتەوە.. بەلای ئێمەوە هەموو کێشەکان بەندن بەم دوو پرسیارەوە:

- بۆ وا ئاوەژوو بووە؟.
- چۆن ڕاست دەکرێتەوە؟.

دەرخستنی هۆکانی ئاوەژووبوونەوە و چەوت بوونەوەی ڕێبازە لۆژیکت/ مەنطقی یەکەی تاکە لانی ئیجابییەکەی هەرەس، چارەسەرکردنی ئەو هۆیانە و ڕاستکردنەوەی ڕێبازە دەسەبەرەی ڕزگارکردنی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد، لەو تەنگەبەراییەی تێی کەوتووە یان تێی ترنجێجنراوە!.. ئێمە پێمان وایە هەندێ لەو هۆیانە ماکیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێکی دوورتر لە ڕووداوەکانی ئەم ڕۆژانە و ڕۆژانی نێزیک و پاش هەرەس لەمانەش:

١ـ نەبوونی داب و دەستوورێکی دیموکراسیانە لە شێوە و جۆری پەیوەندی ڕێکخراو و کۆمەڵە سیاسییەکان و (جو)ێکی دیموکراسی لە عێراقدا بە گشتی و لە کوردستاندا بەتایبەتی ، سیاسەت و پەیوەندی شەڕە کوتەک و و شەڕەتێڵا - بەتایبەتی - پاش١٤ی گەلاوێژی ١٩٥٨ و ئەو گرژی و تەنگەتیلەییەی نێوان ڕێبازە سیاسی و فیکریە جوێ جوێکانی تا گەیشتووەتە ئاستێ لە ڕووی یەکتری بەرزکردنەوە و تێکەڵاوکردنی هەموو کارتەکان/ ئەوراقەکان و شێوان و چەواشەکردنی ناکۆکییە بنەڕەتی و ناکۆکییە لاوەکییەکان و چەندین هەڵەی مێژوویی وا کە ژیانی سیاسی کوردی گەیاندۆتە کەناری ( تیرۆر) و یەکدی کوشتن . ئەم میراتە نالەبار و نادروستەی جوڵانەوەی ئازایخوازی کورد لێی بۆتە شێرپەنجەی کوشندەی ژیانی سیاسی.

٢ـ ڕاهاتن و قاڵب بەستی تاک ڕەوی و تاک حیزبی و ئاغایەتی لە ڕیزەکانی خەباتی شۆڕشگێڕی کورد و هەوڵدان و کۆششی حیزبی و جێگرتنەوەی لە جێی خەباتی میللی و هاوکاری و پێکەوە ژیان و دڵ فراوانی و پێشبڕکێ/ منافەسەی شەریفانە لەسەر گۆڕەپانەکە ئەمە عەقڵیەتێکی دۆگمای تەسکی کەللەڕەقی خۆمانەخۆمانەی کورتبینی وا خولقاندووە( ڕسکاندووە) کە هەندێ لایان وا بێت دەست بەسەرا گرتن و قۆرخ/ احتکاری گۆڕەپان/ ساحە فرزەبڕینی بەرانبەر و ناحەزانی( بیر و بەرژەوەندی) و تاپۆکردنی چالاکی سیاسی و بەرۆکری زامنی مانەوە و بەردەوامی دەسەلات و پشتگرییە لە ژیانی سیاسی کوردی.. هەروەکو دەسەلات و مانەوەی دەسەلاتی سیاسی و دەست بەسەراگرتنی خەباتی کورد ئامانج بێت. نەک خۆیان و ڕێکخراو و بیرەکانیان هۆ و ئامڕازبن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی نەتەوەی کورد و گەڕان بەدوای شێواز و شێوە و جۆری ئامڕازی خەبات و چالاکی سیاسی کە بگونجێ لەگەڵ هەر قۆناخ و بارێکی تازەی خەبات دا.

٣- تاعوونی « جەلالی» و « مەلایی» و بەردەوامی هێما و بنەما فیکری و داوڵە مەردمیەکانیان، کێشمەکێشمیان لەسەر ساحەکە بۆ دابەشکردنی نفوذی کۆمەلایەتی و دەسەلاتی سیاسی و عەسکەری، کۆمەڵانی خەڵکیش لەبەر قاڵب بەستوویی باری پێش ١٩٧٠(جەلالی و مەلایی) پاشان شکستی خەتی مەلایی کە نوێنەری شۆڕشی ١١ی ئەیلول بوو و لە ١٩٧٥ دا ئەو شکستە جارێکی کە پاش ڕێکەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ خەتی جەلالی بەزێنرا و تیاچوو . دیارە خەتێکی وا ڕەگ کوترا و هەروا بە ئاسانی شوێندرا و تانوپۆی فەوت نابێ، بۆیە ئەگەرچی وەکو ڕێکخستن و بوونی سیاسی و عەسکەری نەمابوو، بەلام لە ڕووی دەرونیەوە لە هەندێ دەروونی گەندەقیندا هەر پەپکەی کرد بوو هەرچەندە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو گۆڕ چوون دەچوو وای لێ هاتبوو ببێتە زاراوەیەکی سیاسی سووکیش!!.

بەلام شکستی خەتی مەلایی لەپاش هەرەسی شۆڕش لە ئازاری ١٩٧٥ دا گیانێکی تریکردەوە بە بەر لاشەی نیوە مردووی ( جەلالییەت) دا و جارێکی دیکە زیندووی کردەوە..ئەگەرچی هەندێ جار لەژێر چارشێو و ڕووپۆشی جۆراو جۆریشدا ئەم ململانێیەی نێوان ( جەلالی و مەلایی) یە کۆنەکە خۆی دەردەخست، بەلام هەر هەمان بنەما فیکری و تیۆری کۆنە قینەکەی ڕابوردوو بوو ساحەکەیان پێ دەکێلا و تۆوی ( کوردکوشتن)ی تێدا دەچێنرا و فرمێسک و خوێن و نائومێدی و شکستی تێدا دەدوورایەوە.

٤- سەختێتی هەرەس و دڕندایەتی داگیرکەرەکە ئەو بار و هەلومەرج و زەمینە دەروونیەی خۆش کرد، کە جەماوەر بۆ دەربازبوون لەو بارە نالەبار و

خۆ ڕزگارکردن لە مەترسی لەناوبردنی میللی و لەدەستدانی شەقڵی نەتەوایەتی و و پاراستنی ئابڕووی میللی و شەخسی ، بە کورتیەکەی ئەو زەختەی کە هەرەس لەسەر بوونی کورد دروستی کرد بوو... بارێکی وای هێنایە بۆ پێشەوە کە جەماوەردوای هەموو " عیو" ێک بکەوێت و ئەگەر شەیتانیش دەستی بداتێ و بۆ دۆزەخیش پەلکێشی کات، تەنها لەم بارە " تجسید" و چەوساندنەوە و سووکایەتیە ڕزگارمان بێت، دەستی بدەنێ.. جۆرێکی وا یاخی بوونی چەتەیەک لە دەسەڵاتدارە داگیرکەرەکە بە تروسکاییەکی ڕۆشن هێنی ڕزگاری تەماشا دەکرا..

کۆڵە کوێخایەک بیدایەتە ئەو شاخانە – بۆ هەر مەبەستێک بوایە– جەماوەر هیوای خۆشی پێوە دەبەستەوە.. گەورەترین نموونەی ئەو داستان و ئەفسانەیەی بە دەوری کوێخا " ڕینگۆ" دا هۆنرایەوە و بە جۆرێکی وا کە خوازی دڵی جەماوەر لەگەڵ ترپەی پێی کوێخادا دەجمیا!..

جەماوەر لای گرنگ نەبوو ئەو چەکە بەشانی کێوەیە بۆ چ مەبەستێکە و خاوەنەکەی کێ بووە و چییە و سەرئەنجامەکەی چی دەبێت.. جەماوەر شتێکی نەبوو بیدۆڕێنێ و ڕامان / تصور نەدەکرا لە هیچ بارێکدا بارێکی لەوەی بەسەریدا سەپاوە سەختر بێتە پێش. سیاسەتی " چی دەبێ با ببێ" و " تەڕبوو لە باران ناترسێ" ئەو ڕۆژە زاڵ بوو بوو بەسەر هۆشی جەماوەردا.. نەدەتوانرا بەر بەو هەست و جۆش و خرۆشەی جەماوەر بگیرێ و جەماوەر ئەوەندە بریندار بوو هەتا پەنای دەبردە بەر ژەهریشەوە بۆ چاری ئەو ژانە.. جەماەەر واشی لێهاتبوو وەکو قوریچەیەک لەنێو دەستاندا چی بیویسترایە ئەوەی لێ دروست دەکرا.. هەربۆیە بوو ئەوانەی کە ئەم فرسەتەیان قۆستەوە نەک هەر توانیان پاشەڵی پیسی خیانەت و جاشێتی خۆیان خاوێن کەنەوە، یان دەستی چەوری خۆیان بەسەر خەڵکی ترا بسوون، بەڵکو مۆڵەت/ اجازە و پاساوی خراپەکاری و خیانەتکاریەکانیشیان لە جەماوەر و هۆش ڕاپەڕیوو و خەڵکی سەند و هەتا خەڵکیان دەکرد بە گژ ڕابوردووی پاک و بێخەوشی خۆشیاندا..

لەمەش پتر لەژێر چاشێو و هەستی هەڵچووی برینداری جەماوەردا سەدان و هەزاران تاوانیان تێ پەڕاندووە و ژەهری حەزیای دەروونی کۆنەقینیان بە قورگی جەماوەردا کردووە..لە هەر هەمووشی مەترسی تر بە دادۆشینی/ استغلال کردنی ئەو هەستەی جەماوەر لە هەموو بن بەردێکی کوردستاندا ژەهری براکوژی و کوردکوژیان چاندووە و دەیان هەلی زێڕینیان لەدەست کورد داوە و بوونەتە گورنەتەڵەی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد، داب و دەستووری یەکدی کوژی و دەست چوونەیەک و ناتەباییان لە ڕیزەکانی کوردا چەسپاندووە و بە

پەرت پەرتکردنی هێزە سیاسییە شۆڕشگێڕەکانی کورد گەورەترین مسۆگەریی/ ضمانەی بەردەوامی دەسەڵاتی داگیرکەر و ژێردەستەیی و چەوساندنەوەیان بۆ داگیرکەرەکە ڕەخساندووە کە خۆی بە هیچ جۆرێک و لە هیچ بار و هەلومەرجێکدا بۆی دەست نەدەکەوت.. بەجۆرێکی وا کە داگیرکەرەکە پشتی لێ بکاتەوە و دڵنیا بێت کە خۆشی بوایە لەو چیایانە ئەوەندەی پێ نەدەکرا.. گاڵتەجاڕی گەیشتۆتە ئەوەی کە پیرێژنێکی سیتەکی تف بکاتە ڕووی بەناو « لێپرسراوی پێشمەرگەی لایەنێک" کە وتوویانە وا " حسیک" لە فلانە شوێنە دەنگی پێشمەرگەکانی داوە دەی با بگەینە سەریان، پیرەژنە وتوویەتی: داڕزێن کە دەڵێن حکومەت هات کونە مشکتان لێ دەبێتە قەیسەری، ئەی بۆ گیانی پێشمەرگە بۆ ئەوەندە خڕن؟. یان یەکێ لە بنکەکانی "ڕەبیەکانی" دوژمن هەواڵ/ جوابی ناردووە ئەگەر فیشەکیان لێ بڕاوە با بۆیان بنێرین!!.

٥- باوەڕ بەخۆبوون و دووکەوتنی سەرکردایەتییە تەقلیدییەکان ، ئەمە ئەو زەمینەی خۆش کرد بۆ ئەو مایە پووچ و نابووت/ مفلسە سیاسییانەی کە نەک هەر لە بازاڕی سیاسەتدا سەریان تێ نابوو، بەڵکو ڕیسواش بووبوون و ناو و ناوبانگیان وەک خەتی خیانەتی و جاشێتی چوو بووە فەرهەنگی سیاسی کوردەوە و ئەوانەی کە کوردیان لە قوڕنابوو و ڕەنجی چواردەساڵەیان کردبووە ڕەنجی پیازفرۆش، جارێکی تر بهێنرێنەوە کوردستان و بکرێنە داوڵ بەسەر کوردا..

ئەو سەرکردایەتی و ڕابەرە سیاسیانەی کە ڕیسوا بووبوون و دەستیان لە بنی هەمانەکەوە دەرچووبوو، جارێکی تر وەکو نەبایان دیبێ و نە بۆران هێنرانەوە سەر گۆڕەپانەکە/ ساحەکەوە و چارەنووسی کوردیان درایە دەست..ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی کە بە ڕووی داگیرکەردا ڕاست بووبوونەوە و بناغەی شۆڕشەکەیان دانابوو، لەبەر پەروەردە و پاشخانی فیکری و شەخصی ڕابوردوویان کە بەلاوازی و چاو لەدەستی بنیات نرابوو، یاوەریان بەخۆیان نەبوو، وەکو گوندەکەی قرناقاو کە ئەو ساڵەی ئاغاکەیان مرد بوو و چووبوون لە ناوچەیەکی دی ئاغایەکیان هێنا بوو کە ئاغایەتیان بکات!!.ئاوا ئەو سەرکردە خۆفرۆش و جاش و بەدەڵە و ڕابردوو گڵاویان لەباڕ و تیاتروخانەکانی دەرەوەی وڵات هێنایەوە و سەپاندیانەوە بەسەر شۆڕشی کوردا!..

ئەمانیش هەر یەکەیان لای خۆیەوە کەوتە پاکسازی/ تصفیەی حساباتی کۆن و ئاگری کۆنەقین خۆش کردن و خۆدانە دەست داگیرکەرێکی کورد و بەستنەوەی شۆڕشی کورد بە پێچکەی سیاسەتی ئەو دەوڵەتانەوە و کلک تێکەڵاوکردن لەگەڵ

هەواڵگیری/ موخابەراتی نێودەوڵەتی... کە شەڕە کورسی و " مقام" و سەرۆکایەتی/ زەعامەتی لێوە شین بووە.. بە جۆرێکی وا کە جەماوەر گەیشتۆتە موعادەلەیەکی ساکار کە دروست گوزارشت/ تەعبیر لە واقعەکە دەکات و دەڵێ: فلان و فیسار و ئەم و ئەو لە شۆڕشەکە دوورخرێنەوە کێشەیەکمان نامێنێ..

جەماوەر گەیشتۆتە ئەو سەرئەنجامەی کە ئەگەر لەو چوار پێنج میملە ڕزگاری بێت، تواو ڕزگاری بووە!..لە سەروو هەموو ئەو هۆیانەوە زەمینەخۆش بوون بۆ گەمە/ لوعبەی نێو دەوڵەتی لەسەر ساحەی کوردستان ئەو بارە سەختەی هێناوەتە پێش کە ئیمڕۆ دەنگی نارەزایی و بێزار جەماوەر لە هەموو لایەک لە ئاستیدا بڵندبۆتەوە، بەڵام هەندێ باری تایبەتی بوونە هۆی ئەوەی کە لەو تەنگەتیلە و خاڵی تەنگەتاوێتی/ نقطه الحرجه ڕزگارمان بێت، لەوانە پەیدابوونی کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی نەتەوەیی و نیشتمانی پێشکەوتووخوازی سەربەخۆ و مەودا تەسکی دوژمنەکە بە هۆی شەڕی عێراق و ئێران و پەیدابوونی بارێکی شۆڕشگێڕی لە دوای شۆڕشی ئێران بە گشتی و بارە شۆڕشگێڕیە ڕەخساوەکەی کوردستانی ئێران و پارچەکانی دیکەی کوردستان..

بە ئاگا هاتنەوە و بەرچاو ڕۆشن بوونی جەماوەر- کە هێشتا ئەم خاڵە نەیتوانیوە خۆی لە قەپیلکە و دادی ڕابردوو قوتار بکات ئەگینا هەمووی بەندە بەم خاڵەوە... چونکە گەر جەماوەر وشیار بێت ناتوانرێ " تنظیر" ی جاشێتی بەسەریدا تێپەڕێت وەکو، بەلانی کەمەوە بەسەر هەندێ کەرتی/ قطاعاتی ڕۆشنبیریشدا تێپەڕیووە!!..

ئەوەش دڵخۆشکەرە کە ئەم سەختیەتیەی شۆڕشی پاشەڕۆژێکی ڕوون و سفت و بێ گرێی لێ چاوەڕوان دەکرێت.. چونکە ئەم سەختیە تەختەی سەر ئاوەکان لادەدات و جەوهەر دەهێڵێتەوە.. دروشمی نەمری حیزبیشمان( پێش ئەوەی هەر شتێ بین.. دەبێ کورد بین) هۆ و زامنی هەرە بنەڕەتی ئەم شۆڕشە سەختەیە.

# بانگێ لە سەنگەری پاسۆکەوە

**« باوکی بەڕێزم»**

سڵاوی ئازادی و یەکسانی... لە ئاست حورمەتی باوکێتی و پاداشتی ئەوەی بە (کورد)ی ڕسکاند بێت چۆکی ڕێز و پێزانین و ستایشت بۆ نادەم.. پیرۆزبایی جێژنەکانی ئەیلوولتان لێ دەکەم.. ئەیلوولی مەزنی تۆ کە ئەیلوولی پیرۆزی من تەواکەریتی! بیست ساڵ لەمەوبەر ، ئێوە ئاڵای ئیرادەی کوردتان بە ڕووی داگیرکەراندا بڵندکردەوە و تا ئەو شوێنەی بڕتان کرد، سنگتان کوتا و کوردبوون ، کە گلاشن،بڵندی و پیرۆزی لە گلانتاندا لەدایک بوو. لەسەرمان بوو بیسەلمێنین کە « کوڕی بابی خۆمانین» و ئەو مەیدانە جۆڵ دەکەین کە حەفتا هەزار جەستەی شەڵتانی خوێن لە دەربەندی بازیانەوە تا گەرووی هۆمەرئاغا دار بەیداغی شەرەفی کوردبوون.. دەربەندی ترۆپیلای هیمای بڵند و زیندوویتی دوو هەزار و هەندێ ساڵی لەمەوبەری سێ سەد ئەسەرتی دلێر بووە.. داستانی حەفتا شەهیدی ئەیلوولی کورد نموونەی بڵند و بێوێنەی قارەمانێتی ئەم سەردەمەیە..هەر دووشیان گلان بووە بەڵام سەرەتای ڕاستەقینەی گۆڕی نوێ بوون،کە ئەمە خەسڵەتی هەرە باڵای ڕەوا و نەمرییە.. و سەرکەوتنی ڕاستەقینەیە..سەرکەوتن ڕاست بوونەوەیە لە نووچدان پشت نەکردنەوەیە لە داگیرکەر.بەردەوامیی گوڕی شۆڕشگێڕانەی و ڕسکانی بارێکی پێشکەوتووە..کە سیمای ئەیلوولی پیرۆزی ئێمە ڕەنگدانەوەی ئەیلوولە مەزنەکەی ئێوەیە.

بابە گیان بۆت نووسیووم سەردەکەون!.

جا ئەوە گومانی دەوێ؟ ئێمە لەو ڕۆژەوە شەرەفەکەتان پێ بەخشین و « پاسۆک» بووە میراتگری ئەیلوول و هەموو کورد سەرکەوتووین. ئێمە قۆنتەراتمان نەگرتووە لەوەندەی ئەوەندەدا ...بەخشیشەکەمان وەرگرین!.. ئێمە بەڵێنمان داوە کە تا دواهەناسە ئەو ئاڵایە لەو مەیدانەدا بە شەکاوەیی بڵندتر کەینەوە.. بەڵێنی گیانمان داوە، لەگەڵ شەرەفی شەهادەتی هەر هاوبیرێکدا ئەو سەرکەوتنە هەڵدێت.. ئێمە بەسەرکەوتنی بەردەوامی ئەو نەپساوە بەدەست دێنین.. سەرکەوتن چەق بەستنێ لە مەڵبەندێکدا، بەردەوامیێتیکی / صیرورەیەکی هەمیشەیی یە کە پاسۆک دەستوورەکەی دۆزیوەتەوە.. ئەمە بیر و ڕێباز و فەلسەفەمانە بۆیە مەسەلەکە «سووورابوونی گای هار نی یە « و « دوژمنان و خۆفرۆشان لە گەڵماندا پێیان ناکرێت.زەبری گاسنی بیر و مەچەکی پێشمەرگە کام زەوی یە بەیارە سەری نەرم دەکات.. دوژمنەکەشمان

چەندە گێلە! وادەزانێ بە پیسە پوازێ دەتوانێ داربەڕووەکەی کورد بقڵیشێنێ .. با هەموو داگیرکەران و دوژمنان چاک بزانن،کە ئەیلوول چەندە گزنگی خۆری «ئازادی و یەکسانی» کورد و ڕاپەڕینی ڕۆڵە نەتەوەییەکانی کورد بووە.. ئەوەندەش یەکەم قولنگی گۆڕی داگیرکەران و چەوسێنەرەوان بووە..هەموو جارێ بیر لەوە دەکەمەوە ئەم نەوەیەی ئێمە چۆن هێندە بەختەوەرن و چۆن وا بەخت بە ڕوویاندا دەهێنێتەوە؟

کێ خوا دەیداتێ لەسەر جێگە نەمرێ و ڕۆژگاری سارد و سڕی ژیان پەنجەژمێر کات و بە دیار تەمەنێکی چەند ساڵەوە هەڵتووتێ؟.. کەی ئەو ڕۆژە بێت تابووتێکی بەڕووی بۆ هەڵبەستن؟ نازانم ئێمە لە جەنگەی ژان و پەلامار و هەڵبووندا لەدایک بووین و ئەو جۆرە ژیانە سادە سفتە بێ بۆ و بەرامەیەمان وا لا بێ چێژ و پێزە؟ یان هەر خۆی وایە؟! دەڵێن دۆزەخ هەیە.. ببێ و نەبێ لەو جۆرە ژیانە بێ تامەیە..و بەهەشتیش ئەو بڵندبوونەوە و نوێ بوونەوە و سامی یە بێ سنوور و زیرە پێکەرەیە کە شۆڕشگێڕانی ڕاستەقینەی کورد تێیدا دەژین.. ئێمەین گاڵتە بە چارەنووس دەکەین.. ئەمە تۆڵەی پشت شکێنی قەدەرە!.. بێترس دەمان ڕسکێنێ و پاشانیش دەمان کات بە کونە ئاشی هەناسکەبڕکێ و بینەبڕکێ بەدووی گاڵتەی منداڵانی ژیان دا!!. هەر وەک سینەمای سەگی ئەو بین..بەڵام لەگەڵ ڕۆڵەی کورد دا پێی ناکرێت،ئێمەین گاڵتە بە داووفاقە و ساویلکەی ئەو دەکەین..

ئێمە زوازی خوا لە ڕۆڵەکانی ،بەدی دێنین.. ئێمەین بەگژ دەمی هەراشی ڕۆژگاردا دێینەوە و سنگ لەبەر سنگی دەنێین.. لە مردنیشماندا زیندووبوونەوە و نەمری دروست دەکەین.. بەگژ زنجیری سەد و یەک قەفی دەور و بەرماندا دەچینەوە و لەو دیوودیواری بێ ئاگایی دەدەین.. ئێمەین لەسەر مرۆڤایەتی خۆمان دەکەینەوە و مرۆڤێتی خۆمان ،کە سەروەری سەروەریی هەموو گەردوونە، هەزاران بار دەسەلمێنێتەوە ئای لە تەوژمی ئەو خۆشی مانا بڵندەی بوونە،کە بەرسنگی داگیرکەرە دەگرێت.. چەندە پیاو شایی بەخۆی دێت کە ئیرادە دەکات بەگژ ...... ئەو کاتانەی کە ترس و خۆشی ژیان خەریکن سەرەتاتکە بکەن و ئەژنۆی پیاو بلەرزێنێ،بەڵام گوڕی هاوبیرێک و هەنگاوێکی بۆ بەردەمت کەڵلەی شەقی ئەو ترپە نەرم دەکات و سەر و چوارپەل و گیانت پێوەیە ئەو کاتانە مرۆڤ دەبێتەبە درەختێکی ڕووت هەر ئەو ساتانەن کە بەختەوەری و ئاسوودەیی لە قاڵب و شێوە هەرە بەرزەکانیدا خۆ دەنوێنن.. ماناکانی ژیان لە دایک دەبێ..و ئاڵنگاری / تحدی ی چارەنووس لووتی مەرگ شۆڕ دەکات.. جا ئەو مەرگە کەی پیاتدا چزا وەکو هەنگ پێوە دەدا و خۆی دەمرێ!! یان ئەو کاتانەی لە سەنگەرێکدای دەزانیت بۆ خۆت لەوێدا نیت.. یان چ نەبێ دەتوانی خۆت دەرباز کەیت. بەڵام کە بیر دەکەیتەوە،دڵۆپی فرمێسک و دووکەڵی

ئاسمانی کوردستان و نائومێدی تاقانە کوژراوێک و دەسگیرانداریێکی ڕەشپۆش و چارەنووسی ئەو ساوایانەی کە هێشتا لە کۆشی دیلیەتیدا چاویان هەڵنەهێناوە بەندن بەو مەچەکەی تۆوە.. ڕۆژگارێکی ئاسوودە و کامەران و بێ چەوسانەوە و ( کوردستانێکی ئازاد و گەلێکی یەکسان) چاوەڕوانی باجی « پێشمەرگانەتن»!..

ئەوسا دەزانیت کە پێشمەرگایەتی ،پێغەمبەرایەتی ئەم سەردەمەیە!..

ئەوەش بلێن: زڕ و زۆلەک و گلار هەن ناوی پێغەمبەران و پیاوچاکان لە خۆیان دەنێن.. ئەوانەش هەن لە پێشمەرگایەتیدا تەنها ناوەکەیان پێ براوە و وەک ساجی سەر گوفەکی سەرنراوە کەی لێیان بۆوە جەوهەریان مێشکی پاک کاس دەکات..

بەڵام کاروانی ئەیلوولەکان بەرزن وەک هەڵۆ گەشن وەک ئەستێرە،پیرۆزن وەک ....دڕندەن وەک دەبانی کوردی

**تا مەنزڵگای پیرۆز** **هەر بژین بۆ کورد**

هێزی پێشمەرگەی پاسۆک

هەواڵنامەی کتێب

## چیرۆک...

ئەو دەست و قەڵەمە کوردییەی لە پێناوی کوردایەتی دا و لە ڕێگەی کورد دا نەنووسێت،دەست و قەڵەمێکی نەزۆکە.. ئەمیان بۆ بڕین چاکە و ئەویان بۆ شکان. خاوەنی هەردووش بۆ سەرشۆڕی و نەمان!! ئێستاش لە بیرتە،وەکو دوێنێ ڕووی دابێت،هەرچەند پازدە ساڵێکی بەسەردا تێپەڕیوە..دوو ئوتومبیل ،بە ڕێگا چەوڕێژەکەی ئاواییدا، بەرەو ناو گوند دا دەکشان. لەبەردەم مزگەوتەکەدا وێستان،چەند زەلامێک دابەزین جلی خاکییان لەبەردا بوو. ئەستێرە بە شانێک لە پێشەوە بوو، بەرەو ژوور بوو ئەفسەرەکە لە مام وەیسەی کوت و کوێر چووە پێش.

ـ کوێخای گوند لە کوێیە؟ هەر ئێستا بۆم بانگ بکەن.

ـ ئەهای کوڕگەل،کوێخا کەریم بانگ بکەن.

یەک دوو مێرد منداڵ بە پەلە خۆیان گەیاندە ماڵی کوێخا، بەهەناسە بڕکێ.

ـ پورە مەلەک ئوتومبێلێ هاتووە مام کوێخای گەرەکە..

کوێخا کەریم پیاوێکی تەمەن ٥٠ ساڵە بوو،چاوی خێری بە ڕەمەکی مەردمەکەدا هەڵ نەهێنا،دەم و قەپۆز قەویباڵایەکی ناڕێک،چرۆچاوێکی مۆن..تەنێ بەرژەوەندی خۆی و خزمانی خۆی مەبەست بوو.

+++

حەسەن ئەوسا تۆ منداڵ بوویت،پۆلی چوارەمی سەرەتایی بوویت،زۆر بزێو و چەتوون بوویت. حەسەن خۆ بیرتە،پڕ بە دڵ حەزت دەکرد،لە جێگای ئەو ئەفسەرە بیت، نێوبەنێو ئاورت لەم شان و لەو شانی خۆتەوە دەدا هەستت دەکرد بریسکەی هەستارەکانی سەر شانی ئەو بۆ سەر شانی تۆ ڕادەگوارێت.. چەند کەرەتت گووت: خۆزێ و .. کەی بێت منیش جووتە ستارەیەک هەڵبگرم.

کوێخا بە هەڵەداوان خۆی گەیاندە بەر مزگەوتەکە،لەبەردەم ئەفسەرەکەدا گەماڵ ئاسایی کەوتە کلکە لەقێ بەدەمە لەرزێ

ـ فەرموو بەگم من کوێخا کەریم م

ئەفسەرەکە سەرێکی غەڕایی لەقاند و ووتی:

ـ ئێمە لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە ڕاسپێردراوین کە مەمەندی قۆڵ بەست بکەین و بیگەیێنینە جێگەی مەبەست. مەمەندی پیاوێکی باش نییە.. بە باشە باسی ناکرێ..

تۆ چ دەڵێی؟

ـ ڕاستەکەی قوربان ،چۆنی دەفەرموویت وەهایە.. پێویستە شاربەدەر بکرێت. کە ئەمەت بیست دڵت داخورپا،هەستی تۆڵەسەندنەوەی لە دڵتدا پەنگی خواردەوە..ئەو شەوە خەو نەچووە چاوت،وا دەزانیت ئێستا ڕوویداوە.. ێ وە شەش ڕەشە خێزانی دیش سەرەڕای دەردی هەژاری،دەردەکانی تریان لە چوار دیواری ئەو خانووەدا هەڵ دەڕشت.

شانت لێ قایم کرد،بە ڕۆژ کرێکار و بەشەو خوێندکار..ئێستاش بیرت ناچێتەوە کە لە کار دەگەڕایتەوە دایکت بە دەورتا دەهات و عەوت جاران خۆی لە دەوری بالآت دەگێڕا و دەیگووت: ئێمە هەژارین هەژار لە برساندا ـ نامرێ...هەژار حەوت ڕۆحە و تامەزرۆی ژیانە، داری بەڕووە،بیبڕی ،بیسووتێنی لەگەڵ کورترین شنەدا سەر هەڵدێنێ و لق و پۆپ دەردەکاتەوە.

بابت ڕەها بوو،نەخۆشی هێزی لەبەر بڕی بوو،تۆش وات لێ هات هەموو جۆرە دەرمانێکت ناسی،کە لە کاری ڕۆژانەدا ماندوو دەبوویت، غیرەتت دەنایە بەر خۆت.

حەسەن، خێراکە،زۆرت نەماوە، ئەم ئارەق ڕشتنەت پاکەتێ دەرمان دەکات، قەیدی نییە قۆڵ بکوتە. مرۆڤێک ،باوکێک ڕزگار دەکەیت،یان چەند ساتێ درێژە بە ژیانی دەدەیت، دەی حەسەن غیرەت بتگرێ، شان بکوتە. مەمەندی باوکت پیاوێکی دەستە پیاو،جووتێک سمێڵی گەورە،دوو چاوی یاخی، نێوچەوانێکی پان، کە جەوان مێردی ئایندەیەکی تەواوی دەنواند.

+++

دەمە و عەسری ڕۆژێک بوو،هاتن بە شوێنتا،کە دەست لە ئیش هەڵبگریت و بە سەرەمەرگی باوکتدا بگەیت،فریای نەکەوتیت،ئەنجامیش لێرەدا خۆت دیتووە،تاسەی دڵت بە گێڕانەوەی حەکایەتەکانی ئەو دەشکێنێ،هاوڕێکانت لەزەت لە قسەکانی دەبینن.. هیچ هەواڵێکی دایکت نازانیت،ئەویش هی تۆ نازانێت.

حەسەن، بەهەمووی یەک دوو سەعاتت ماوە،دڵی هاوڕێکانت مەبەسشێنە .دەی دوا حەکایەتمان بۆ بگێڕەوە،تۆ حەکایەتی باوکت دەگەیەنی ،با خەڵکیش هی تۆ بگەینن...

ـ بە قوربانتان بم، ئێوەش ڕێبوارن، پێویستان بە نازە،ئەوا منیش نازی جگەرگۆشەکەم بە ئێوە دەسپێرم .. دەی لێم تێبگەن.. سوراخێکی بکەن، چاوەڕوانم هەر ڕێبوار بوو دەگەڕایەوە،سۆراخ نەبوو.. ڕێبوارانی ئەو ڕێگایە هەموو پوورە «فاتم» یان ناسی..لە ئوتومبێلێک دا بوویت،کە گەیشتە ئەو ئاستە سووکی کردەوە و ڕای گرت. عەشاماتێکی زۆر خڕوەبوون ،باڵی ڕاستی ڕاکێشابوو لەوە دەبوو دوا سڵاوی بە کۆمەڵە ڕێبوارێ گەیاندبێ و فریای دەست داگرتنەوە نەکەوتبێ. کە

ئوتومبێلەکە کەوتە ڕێ،جگەرەیەکت داگیرساند ،بەدڵ لەگەڵ دیمەنەکەدا دەژیایت.. خۆزگە سەرگورشتەی ئەم داپیرەیەم دەزانی..

هەر وا ئەم خۆزگەیەت کاویژ دەکردەوە. دوو ڕێبوارەکەی تەنیشت کەوتنە قسە و باس.

ـ چەند بەستەزمان بوو، دایک وایە،تەمەنی خۆی بە چاوەڕوانی سپارد.

ـ بۆ ؟

ـ ئەمە تاقە کوڕێکی هەبوو ،لە ساڵێکی دوا بڕاودا، لێی دابڕێندرا،ئیتر هەر نەی دیشەوە،جا لەوساوە چاوەڕوانی کردووە بە پیشەو سۆزی دایکایەتی بە گشت ڕێبوارێ دەسپێرێت.

ـ ئەی کوڕەکەی؟

ـ کوڕێکی یەجگار هەڵکەوتوو بوو، عاشقی ڕێگەی ڕاستی بوو.. لەگەڵ نیوە شەوێکی هەست مردوودا، لە زیندانەکەی دەری دێنن، تا بی خنکێنن.

ـ بۆ ؟

ـ ڕەگەزی خۆی خۆش دەویست،مرۆڤ دۆست بوو.

ـ ئێ...

ـ مان دەگرێ و ملی ناکات بە پەتەکەوە

ـ دەڵێ دەبێ پەتەکە ماچ بکەم ،ئەوجا لە ملی دەکەم.چونکە ئەم پەتە نیشانەی پیرۆزی خۆم و ڕەگەزەکەم ،نیشانەی ڕاستی ڕێگاکەمە.. ویشتیان ،چاوی ببەستنەوە و تیربارانی بکەن، نەڕاندی:

ـ نا، نابێ ،چاوم وەبەستن،دەبێ تارای سوورم بۆ بێنن.دایکم ڕەنگی سووری خۆش دەویست.. نامەوێ چاوم وەبەستن، خۆم ئەم ڕێگایەم هەڵبژاردووە، دەمەوێت تا ئەو شوێنەی بڕ دەکەم هەر لەبەر چاوم بێت.

کە ئەم قسانە دەکرا خوێنت قوڵپی دەدا،لاشەکەی پورە فاتم لەبەرچاوت دا زیندووە دەبۆوە؟ سەراپای دەبوو بە گڕوتاریکی ڕێگای دەخواردەوە،بە ئەسپایی جگەرەکەت داگیرساند و گوێت بۆ شل کردنەوە.

ـ وتیان کە ملی بە پەتەکەدا کرد، زەردەخەنەیەکی بەسام کەوتە سەر لێوی ..جەلادەکاندا نەیان وێرا تەماشای بکەن، لە ترساندا دایانە بەر دەستڕێژ..

کە دابەزیت، خۆت و دایکت بەسەر دەکردەوە»«١»

«١» بۆ نووسنەوەی ئەم چیرۆکە کەڵک لە فۆلکلۆر وەرگیراوە،بەڵام تەنها وەکو سووکە هەوێنێک و بەس.

## لە کەلەپووری شۆڕشگێڕیمان

### کورد

برا زۆر سەیرە زوو نامناشی من هەر زۆر لە زوو کوردم
کە تۆ پێنج شەش کەرەت گۆڕاوی من بێ سێ و دوو کوردم
لە تەکیە بوویە جێگر، ڕێگر و مێگر لەبن بەرماڵ
ئەمن لەوساوە جێو بانم لە بانی بێشکە بوو کوردم
عەجەم بووی بوویە تورک و بوویە عارەب ئێستە سەر شێواو
ئەمن گیلمە گێلم ؟ و کەشمە کەش بی« چاشنو» کوردم
سپی بووی، بوویە شین و بوویە سوور و ئێستە ڕوو زەردی
ئەمن یەک ڕەنگ و ڕوو، وەک پیاوی خاوەن ئابڕوو و کوردم
کە تۆ بۆ مز لەناو مزگەوتی.. کوردستانە ڕووگەی من
کە تۆ دەروێشی زەرگ و مەرگی من بێ هایوهو کوردم
کە پەل بۆ هەموو جێیەک ئەکێشی و بێ ڕەگ و پنجی
ئەمن گەر پەل پەلیشم کەن.. لەسەر یەک ڕێگەم و کوردم
دڵت بۆ پارە پارە، بیر لە لیرە گیرە، دەم بۆ دەم
سەراپا،ڕەگ بە ڕەگ ، ئێسقان بە ئێسقان، مووبەموو کوردم
کە تۆ گیرفان پڕی گیرفان بڕی.. من هەر هەژار ماوم
کە تۆ خۆت دا بە خواردن... من لەگەڵ گاڵ و بەڕوو کوردم

# قوتابخانەی پاسۆک .....
# وانەی هەشتەم

**( ئەوانەی لە خۆشەویستی دەترسن،دەبێ بە زووخاوەوە سەر بنێنەوە)..**

جەماوەری زەحمەتکێشی کورد
ڕۆڵە بە وەفا و دڵسۆزەکان..

«پاسۆک» کۆگایەکی پاتاڵ نییە لە قەیسەری هەراجخانەی سیاسەتدا کرابێتەوە، هەر ڕۆژەی بە پێی مۆدێل و باوی سەردەم و زەوقی نەخۆش ئەم یان ئەو دیکۆر و کاڵای ناوماڵ بگۆڕێ..

ئێمە پێش هەر شتێک خزمەتکاری دڵسۆز و گوێ ڕایەڵی زەحمەتکێشان و ڕەنجدەران و دڵسۆزانی کوردین، هەموو شتێکیش لە چاوی کوردەوە دەبینین و بۆ بەرژەوەندی بەرزی کوردی دەکەین.. ئێمە مەسەلەی کورد لە بارێکی وا ڕەوا و پێشکەوتوو و دروست دا دەبینین کە پێوانەی هەرچی هەیە و نی یە بێت.. گونجانی هەر شتێک لەگەڵ ڕەوتی مێژوویی کورد و بەرژەوەندی و خواست و ڕەوای کوردا بە نیشانەی باری سروشتی و دروستی ئەو شتانەی دادەنێین نەک پێچەوانەکەی سازاندنی کورد و مەسەلەکەی بێت، بە هەموو نرخێک ،لەگەڵ ئەو بارانەدا.

زۆر جار ئەم لۆژیەکە زانستی/ مەنطقە عیلمی دروستەشمان لێ بەعەیب دەگیرێ و بوودەڵە و باوەر بەخۆ نەبووان و کۆسمۆپۆلیتی یان داخ لە دڵان دەکەنە تانە و تەشەر بەسەر حیزبمانەوە..تا ڕادەی ئەوەی بە دەمارگیری و تەسک بینین و تەنگ نەزەر و هەتا شۆڤێنێتی و و ڕەگەزپەرستیش پێی لێ ڕادەکێشن..

دیارە ئەو کەسانەی نیعمەتی خۆشویستی نەتەوە و نیشتمانیان لە دڵدا چەکەرەی نەکردووە، یان بە نەزۆکی بە ملیاندا کەوتووە و لێیان شێوێندراوە.. یان فێڵ و تەڵەکەی داگیرکەرانمان و ئیمپریالیزم ئەوەندە وەستایانە بووە،کە خۆشویستی بە ڕەوا و خۆڕاکی و فیترەکەی مرۆڤیان تێکەڵاوی زیادڕەوی و دوژمنکارانە و شۆڤێنێتی داگیرکەری کردووە.

هەر بەرهەڵستییەک لەم جۆرە کەسانەوە پەیدا ببێت،جێی بەزەیی و شەرمن . جارێکیان لەبەرئەوەی کە لە کۆمەڵگەی کوردەواری دا تاکی وا نەزۆک و ناتەواو هەبێت کە لەو نیعمەتی خۆشەویستییە بێ بەش بێت و جارێکیان بۆ ئەوەی کە

خەڵکی ئەوەندە گێل و گەلحۆ هەبێت جامی ژەهری بێ ئاگایی سندان کەن!. و کەڵەکی داگیرکەرەکەیان بەسەردا تێ پەڕێت!! بەڵام ئەو ناحەزایەتی و بەربەرەکانی و دوژمنایەتییەی خۆشەویستی نیشتمان و نەتەوەکە لە کەسانێکی بە ئاگا و هەراشەوە هەڵسا،ئەوا چ عوزران نامێنێتەوە،خۆی پێ دەرباز بکەن، جگە لە دڵی ڕەق و دەروونی گەندەڵ و بیری پووچ و ڕێبازی چەوت و جەوهەری کۆسمۆپۆلیتانەیان ... ئەمانە زوو یا درەنگ دەستیان دەکەوێتە ڕوو و هەر ئەو هەڵکەوتە گێڕەیان دەیان خلیسکێنێتە چاڵی ڕوو ڕەش و خیانەتەوە. بەڵام مەترسی گەورەی ئەمانە لەوەدایە کە لەژێر چارشێو و دەمامکی هەڵخەڵێتێنەر و ڕەنگاوڕەنگدا خۆیان حەشار داوە و لەوانەیە دەیان کەسی ساویلکە و بێ نیاز و شلک و ساکار لەگەڵ خۆیاندا ڕا ڕفێننە ئەو زەلکاوەوە و تفی بەرەو بایان پێ تووڕ بدەن ،کە ڕیشی خۆیان و بابیان بگرێتەوە.. هاووڵاتییانی بەشەرەف:

ئێمە لە لاوازی و تەنگەتیلەییەوە بارەمان لێ هەڵنەستاوە..بۆ کارەسات و نەهامەتی نەتەوەیەکی بیست و پێنج ملیۆنی بێبەش لە بچوکترین مافی مرۆڤایەتی شین دەکەین!!.. کە تراجیدیای شەرم هێن و خۆکوژ گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە بەناو پێشمەرگەیەکی لایەنێک لەناو کۆمەڵی خەڵکدا بە ڕووی حیزبماندا هەڵشاخێ و بیەوێ لیفە لەسەر جووجەکانمان هەڵبداتەوە..تەنها ڕەخنە و نارەزاییەک / اعتراضێکی بە حەماسەتەوە ئەوە بێت،کە ئەم پاسۆکانە جیاوازن و شۆڤێنی و و دەیانەوێ هەر چوار پارچەکەی کوردستان ڕزگار کەن و کورد بکەنە دەوڵەت و کیانی سەربەخۆی هەبێت!!.

ئەم مرۆڤە ساکارە بەدبەختە،ئەگەر هۆش و هەست و بیری لە گرێژنە نەبرا بێت کە لە هەموو خەسڵەتەکانی مرۆڤ شتبێتیانەوە،لە کاتێکدا چەکی لە شانە و بەنیازی خۆی خزمەت بە گەلەکەی دەکات... چۆن زەرداوی وا هەڵ هێنێتەوە؟ چۆن بەم بارە زۆر قەشەنگە- بێ ئەوەی پێ بزانێ - گەورەترین خزمەت بەداگیرکەرەکە و دوژمنەکەی خۆی دەکات؟.. دەبێ ئەو مامۆستا جادوگەرانەی لە قوڕی چ جەهەننەمێک دروست کرابێ..بەو جۆرە ئەمەیان وا بەدبەخت کردووە و هەشت پێیان کردووە؟.. ئێمە لە تاوی ئەو گاڵتەجاڕیە ،هاوارمانە.. کە لە بارەگای،دەستەیەکی سیاسیدا مامۆستایەکی خۆفرۆش و کوردکوژ بە کەش و فشێکی عەنتیکەوە دەڵێ: کوڕینە بابزانین ئەم وتارەی ( ئاڵای سووری کوردایەتی) یە چەند جاران ناوی کوردی تێدایە هاتووە؟!.. کە دەروێشە بیر ڕزیو و هۆش لەدەست چووەکان دەوروبەری

بۆی حسێب دەکەن!. (١٩) جاران ناوی خۆشەویست و بڵندی کورد هاتووە.. دەست دەدا بەدەستدا و دەڵێ: (١٩) جار کورد!!!.

با ئەوانە و ئەمان و هەموو دنیاش بزانن،ئێمەی « پاسۆک» شانازی و شەرەفی هەرە بڵند و شایەگەشکەمان ((کورد))ێتەکەمانە.. تەنها بتوانین ئەرکی میلیمان و خزمەت بە نەتەوەکەمان بە دروستی و سەرومڕی بکەین بە جوامێری و مەردایەتی پێشکەوتووخوازی و مرۆڤایەتی و شۆڕشگێڕی و دڵسۆزی و هەموو شتێکی تری چاکی دەزانین.. ئێمە تەنها بتوانین ( کورد) لە خۆمان قایل کەین، هەموو سەروەری و شانازیەکەمانە.

ئێمە گەرچی (پاسۆک) بە بالآترین ڕێکخستنی کۆمەڵگەی کوردەواری دەزانین،بەلآم دیسانەوە خۆمان و حیزبەکەمان و بیروباوەڕەکەمان هۆ و ڕێگەیەکن بۆ ئامانجێکی پیرۆز کە (کوردستانێکی ئازاد و گەلێکی یەکسان)ە..

بۆیە هەردەم ئامانجە پیرۆزەکە پێوانە و (Standard) ی دروستی بیروباوەڕ و پێویستیی بوونمانە...

ئێمە هەردەم لەگەڵ کورد و کوردستانیش،با خۆفرۆشان و بوودەڵە و کوردکوژان، با ئەوانەش کە هەستی پەستی و بڕوا بەخۆ نەبوون دەماری مەردایەتی و کوردایەتی سڕکردوون،هەر بەمانگەشەوی بیری پیرۆزی کوردایەتی بظێنن سەر لە ( جان کای چیک* و ( سوموزا) و ( باتیستا) و) هیتلر) و ) جاشە خۆماڵییەکانی ) خۆمان چیتر نابێت و هەر هەمووشیان بە دۆزەخ.

# سیمینارێکی کوردانە

(با هەمیشە ڕاستی پێشەنگی کاروان بێت)....

دەستەی بەڕێوەبەری ئاڵای سووری کوردایەت- لەچاوپێکەون و گفتوگۆیەکی کراوە پەتاوپەتدا لەگەڵ هاوبیراندا- بە بۆنەی شەشەمین یادی نوێ بوونەوەی حیزبمان- و یادی بیست ساڵەی شۆڕشیجەمەزن.. ئەم سیمینارەی پێکهێنا.. بە نیازی ئەوەی کە ڕاشکاوی/ صەراحەت و خۆکردنەوە دروشمی هەرگیز نەمری ڕێبازی پیرۆزی « پاسۆک" نەمان دەرفەت و هەلێک بێت بۆ ڕوون کردنەوەی هەندێ لایەنی بیروڕێبازی حیزب...

لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر وەڵامەکان سیمای " تاک" ایەتی پێوە بێت، بەڵام دیسانەوە لە چوارچێوە و سنووری بیر و سیاسەتی حیزب بەدەرنین. بەو هیوایەی کە لە داهاتوودا لە بڵاوکراوەیەکی تایبەتی پاشماوەی ئەو سیمینارەتان پێشکەش کەین.

هەواڵنامەی کێتێ

**هاوبیر ڕێبوار**

**++ چ هەڵـوێـسـت و بـیـرەوەریـیـەکـی ئـەم شـەهـیـدانـەت زیـاتـر لـە یـادتـە؟.**

١- شەهید فەرهاد خەفاف

٢- شەهید ملازم محمد شوقی

٣- شەهید بێستوون

- شەهید فەرهاد سەرچاوەیەکی هەردەم هەڵقوڵاو و لەبن نەهاتووی بیر و ڕەفتاری نەتەوەییانە بوو. من وەکو قوتابییەکی ئەومامۆستا مەزنە ، ئەو ڕۆڵە بەشەرەفە ئەو پاسۆکە نموونەییە، بەشێکی گەورەی بینای حیزب بۆ دەست ڕەنگینی ئەو دەگێڕمەوە. هەرچی هەبووە هەمووی یادگارانێکی خۆشەویست و زیندوو و دەرچوو پەندی ڕێ نیشاندەر و لە بیر نەچووەن.. بەڵام ئەوەی لە هەمووی پتر سەرنجی ڕاکێشاوم ، لەو سەردانانەی کە لەگەڵیدا بووم بۆ کوردستانی خۆرهەڵات، کە پێیان دەووت : تۆ عێراقیت؟! گرژ دەبوو و بە تووڕەییەوە دەیـووت: نەخێر!! من کوردم کوردا!. هەمیشەش کە بەناسکی وەڵام دەدرایەوە: کاکە خوایش دەکەم . دەیووت: بابە خوایش مەکە.. بەس کورد بە. شەهید ملازم محمد شوقی، سوێی لە دڵمایە،.. بۆ دواجار کە خواحافیزی لێ کردین و ئیتر نەمان دیەوە.

پێم ووت: کاک محمد کەت دادەبەزین؟ وتی: براکەم، لەم سەفەرە هاتمەوە، بە شەش کەسیشەوە بێت دادەبەزین و بەناوی دەستەی شەهید فەرهادیشەوە دەبین..

++ ئێستا کە سەردەستەی شەهید فەرهادیت، ڕێکەوتە یان هەڵبژاردنی خۆت؟
▪ وەکو ووتم ئەو سوێییەی شەهید محمدم هەر لە دڵدا بوو.. پایزێ داوام لە مەکتەبی عەسکەری کرد، کە شتێکم پێ بسپێرن، ئەگەر ئەنجامم دا، بمگوێزنەوە بۆ دەستەی شەهید فەرهاد.. ئەو شەرەفەیان پێ ڕەوا بینیم و هەرچییەکم کرد بێت، هی گیانی شەهید فەرهاد و خوازی شەهید محەمەد بووە و بەس.. ئیتر داواکەیان بەجێهێنام و هیواداریشم تا گەیشتنە دیداری پڕ شەرەفی کاروانی شەهیدانی پاسۆک بتوانم ئەو ئەرکە وەکو جووتە شەهید ئەیان ویست ئاوا جێبەجێ بکەم.

–شەهید بێستوون ، ئەو ڕۆڵە قارەمانە بوو کە دۆست و دوژمن لە ئاست مەردایەتی و ئازایەتیدا بە چۆکدا دەهاتن.. کە هەتا هەتای و تاوانی ڕشتنی خوێنی پاکی بە غەدر و نامەردانە پەڵەی ڕەش و نەنگییە بەنێوچەوانی خۆفرۆشانی ترسنۆکەوە...

هەموو جارێ لەگەڵ بریسکەی هەر ڕووناکیەکدا گەشە و بریسکەت چاوانی کاکە بێستونم دێتەوە پێش چاو.. بە خوێنی ئەو شەهیدە حیزبم ڕێم بدات وەک تاک لە ئاسمانیشدا بێت، دەبێ تۆڵەی ڕاستەوخۆی بکەمەوە...

لە کۆتای مانگی چواری ئەم ساڵدا بوو جێبەجێکردنی چەند کارێک فەرمانیان داینێ کە بچینەوە شاری سلێمانی .. لە گوێژە کە داگەڕاین جارێکی تر ئەو بەڵێنەمان لەسەر شەرەفی خوێنی شەهید سەردار تازە کردەوە، کە ئەگەر هەر کامێکمان بریندار بووین و مەودای دەرکردنمان نەبوو، بۆئەوەی نەکەوینە دەست دوژمنەکە، ئەوی ترمان بیکوژێت!..

لەناو شاردا دەستمان گرت بەسەر ئۆتۆمبێل/ سەیارەیەکدا بۆ ئەنجام دانی کارەکان لەگەڕەکی دارۆغا. بەلای دوکانی پێڵاو فرۆشێکدا ڕابووردین، دیتمان ئەفسەرێک و دوو سەرباز لە دوکانەکەدان. خێرا سەد مەترێک لەولاوە سەیارەکەمان ڕاگرت و چووینە گیانی دوکانەکە و ئەفسەرەکە و دوو سەربازەکەمان کوشت، لەوەدا بووین چەکەکانیان کۆبکەینەوە.. لە دەرەوە دراینە بەد تەقە.. بەرەو ڕووی تەقەکان دەرپەڕین. شەهید بێستوون لەپێش منەوە بوو، لەپڕ دانەویەوە و دایدا، گەیشتمە سەری و خەریک بوو پەیمانەکە بەجێ بهێنم، مشتی نووقاوی لە ئەرزەکە بەرز کردەوە و بە بزەیەکەوە سەری بڵند کردەوە.. هەر وەکو دروست بزانێ ڕاست نەبووایەتەوە پاش چەند چرکەیەک ناچارانە دەمکوشت!! پاشان تەقەکەشمان بێ دەنگ کرد.. ئێستا کە ناوی شەهید بێستون دێت،ئەو بریسکە خەنداویەی چاوی وەک دەرزی دەچن بە گیاندا و هەزار ئەوەندە بارستایی ڕق و قین و تۆڵەی پیرۆزم لەو خائنان و خۆفرۆشانە ئەستوورتر دەبێت... بەڵام حەیف چ هەیە خوێنی بێستون پڕ وەکات جگە لە ئازادی و یەکسانی.

**هاوبیر نەبەز**

**++ کەی کورد دەوڵەت( کیانی سەربەخۆ) ی دەبێت؟.**

– لەبەر رۆشنایی ئەو ڕاستییەی کە مرۆڤ شتێکی جیاوازە لە مادە مردووەکانی دەورووبــەش، دەتوانین بڵێین بۆ دابین کردنی هەموو پێوتستیەکانی ژیانی هەر لە پێوتستییەکی زۆر بچوکی رۆژانـەی تا دەگاتە چارەنووس و هەموو ڕووداوە گەورەکانی تر پێویستی بەهەوڵدان و پەلاماردان و گەڕان و چالاکی و پڕ جموجوڵی ئەوتۆیە کە لە ئاستی ئەو داوا و خواست و ئامانجەنەدا بن. بۆیە ئێمەی کوردیش وەک هەر هەموو نەتەوەکانی تری ئەم سەرزەمینە کە ژێردەستە بوون و چەوسانەتەوە، پێوتستمان بەوەیە کە لە دوژمنان و داگیرکەران یاخی ببین و قوربانی بدەن و شۆڕشی ئاگرین بەرپا بکەین تا بتوانین و بیسەلمێنین کە ئێمەخ نەتەوەیەکین لەم سەر گۆی زەویەدا و بەشداری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بکەین..

بەڵام کاتێ ئەم قسەیە دەکەم مانای ئەوە نییە کە ئێسرا قوربانیمان نەدابێت و بەگژ داگیرکەرەکەماندا نەچووبینەوە بەڵکو بەپێچەوانەوەی هەموو ئەم شتانەوە زۆربەتوندی و بەفراوانی لە زنجیرەیەک شۆڕشی یەک لە دوای یەکدا ڕاپەڕیوین و لە باڵاترین چالاکی شۆڕشی چەکدارانەدا بەربەرەکانیمان کردوون و ڕیسوامان کردوون بەڵام ئەو مەرج و خاڵانەی کە لێرەدا زۆر گرنگە ، ئەویش ئەوەیە کە ئەو حیزب و ڕێباز و شۆڕشانە نەگەیشتوونەتە ئەو ئاست و پەیامە مێژووییانەی کە لەناخی جەماوەر و خەڵکیدا هەڵدەقوڵاو، بە مانایەکی کە شۆڕشەکە پڕ بە مانای شۆڕش نەبوون و استکردنەوەی ئەو واقعە تاڵ و نالەبارە نەبوون کە کوردی تیا بووە. واقعی لەبەرچاو و ڕاستی کورد، بەش بەشکردنی خاکی کوردستان و دان نەنان بە هەموو مادە نەتەوەییەکانی کورد بووە و سیاسەتی کردن بە ( تورک و عەرەب و فارس) لە لایەن هەموو دوژمنانەوە هەڵوێستی پێ دەکرا. بۆیە شۆڕشیش پێویستە ڕەت کردنەوەی ئەم بارە گیرۆدە نالەبارە بێت، وەهەڵگری ئالای ( یەکگرتنەوە و سەندنەوەی خاکی گـەورەی کوردستان) و ( دابین کردنی مافە نەتەوەییەکان و پێویستیەکانی گەلی کورد بێت).

.جا هەر کاتێ شۆڕش و داواکانی گەیشتنە ئەم ڕاستیە و بوونە هەڵگری ئەم ئالایە ئەوا بێ گومان کورد دەبێتە خاوەنی کیان و دەوڵەتی خۆی.

**++ دەوڵەتی کورد چ زیابێکی هەیە بۆ گەلان؟.**

– دەوڵەت بە تێگەیشتنەی کە حیزبمان فێریکردووم و دەمانەوێ پەیرەوی پێ بکەین کە دەوڵەت دەزگەیەکە بۆ پاراستنی ماف و قەوارەی تاکەکانی ئەو کۆمەڵە و جۆرێکە لە جۆرەکانی بەڕێوەبردنی نەتەوەکان لە شەقڵێک و قاڵبێکی تایبەتی کە

لەگەڵ خواست و نەریتی/ عاداتی ئەو نەتەوەیەدا بگونجێ، بتوانین لەسەرەڕێی ئەم ڕێچکە مێژووییەدا بەشداری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بکەین و ئەویش بەهاوبەشی و هاریکاری و یارمەتی دان لەگەڵ گەلان و دەوڵەتانی تری جیهان.

بێ گومان ئەو کاتە دەوڵەتەکە دەبێتە هۆیەک بۆ پێشکەوتن و پەرەپیدانی نەتەوەی کورد کە کەسێکە لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەر بەم چەمکە/ مەفهومە بچووکە دەوڵەتی کورد دەبێتە کەرەسەی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بیست و پێنج ملیون مرۆڤ لەسەر هیچ حساباتێکی نەتەوەکانی تر وە ئەگەر هاتوو جڵەوی دەوڵەتەکەمان لەدەست جەماوەر و نوێنەرانی جەماوەردابن ئەوە بێ گومان ئەو کاتە سوودبەخش و تەکان دەر دەبێت بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی گەلان و نەتەوەکانی تری دراوسێ، چونکە جەماوەری کورد لە هەموو نەتەوەکانی تری جیهان حەز بە هاریکاریەکی دروست بوونی گیانی خۆشەویستی دەکەن، ئەویش بە هۆی حوکمی ئەو بار و دۆخە/ زروفەوەیە کە چەندەها ساڵە کورد تێیدا دەژی و بێ بەش بووە لە هەموو تێکەڵ بوون و هاریکاریەکی گەلانی دراوسێ و هەموو گەلانی تری جیهان. ئەگەر مەبەستیش ئەو ڕاو و ڕێویە بێت کە داگیرکەرانمان قاویان خستووە، بە بیانووی خەباتی هاوبەشی و ناوکۆیی و برایەتییەوە، ئەوا بوونی کورد بەدەوڵەت ئەو بنکەی خەبات و هاوبەشی و ناوکۆیی و برایەتی بوو نێو گەلان پتەوتر دەکات و دەیخاتە باری بێگوومان ئەوەی بەرهەڵستی  بوونی کورد بەدەوڵەت بکات، بۆهەر مەبەستێک و لەژێ هەر ناوێک و چارشێوێکدا بێت،دژی  ڕەوای ڕووت و ڕەها دەوەستێتەوە!.

**++ ٣ گەورەترین مامۆستات کێ بووە؟.**

- مرۆڤ هەر کە چاوی دەپشوێ و هۆگری ئەم ژیانە دەبێ ،هەر لە گروگاڵە ناسکەکەی سەرەتای بوونی تانە و نالەنالی مەرگەی کە کۆتایی یەکجاری بەو ژیانە ئالۆز و پڕ ژانەی دینی هەمیشە هەڵپەی پتر زانین و خۆپەروەردەکردنییەتی.ئەم هەڵپەیەش نەبێت دەستکرد بیت و لە هەموو کەسێکدا نەبێت بەڵکو حوکمی کردگارە و هەر لەگەڵ بوونی مرۆڤەکە ئەم غەریزەیەش دەچێنێ و لە ناخیا دەی ڕسکێنێ.

جا منیش وەکو هەر مرۆڤێکی ئەم گۆی زەوییە،ئەو حەزە لە ناخمدا هەبووە و بەپێی توانا و ڕادەی بوونی  غەریزەکە هەڵپەی ناسینی  دەوروبـەر و نهێنی شتە گومان لێ کراوەکانم کردووە.ویستووم وەکو مرۆڤێک / ئینسانێک بوونی خۆم بسەلمێنم.

جا ئەم خۆ پەروەردەکردنەش بەتەنیا لە دەلاقەی پەرەپێدان و فراوان کردنی بازوی "هۆش"ەوە دەبینم،چونکە  مرۆڤ ملکەچی هەموو ئەو فرمانانەیە کە لەلایەن "

هۆش"ییەوە دەردەچن و چی چالاکی ئینسان هەیە هەر هەمووی زادەیە و بەرهەمی هەست و بیری ئینسانەکە خۆین.

پێویستە مرۆڤ هەمیشە گوڕ بدات بە خۆیی و خۆی لەگەڵ واقیع و ڕووداوەکانی ناو کۆمەڵەکەیدا بگونجێنێ تا نەبێتە بەشێکی دابڕاو لە کۆمەڵەکەی ،کە ئەمەش دەڵێم مانای ئەوە نییە کە مرۆڤ بەندەی واقیع و دۆزە / زروفە کە تێیدا دەژی و ببێتە پاشکۆیەک بۆ ڕووداوەکان ،بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێت هەمیشە ئەو ڕێبازە بگرێت کە قەت قایل نەبێت بەو ژیانەی ئەمڕۆی و بەڵکو دەبێ خەون بە دوارۆژێکی پڕشنگدار و ڕۆشەنتر ببینێ و خەوەنەکانیش بخاتە واقیع و لە خەیاڵەوە بیان گوێزێتەوە دنیایەکی لەبەرچاو و بەردەستە.

ئالێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە مرۆڤ دەبێت ئەو تاکە هۆکارە / عامیلە بێت کەچی ویست و چون پێویست بوو بژی، بەرەو پیری بچێت و بێ سڵەمینەوە و هیچ حساباتێکی تایبەتی بێ گومان مرۆڤیش هیچ کات ناتوانێ بە تەنیا و دوورە پەرێز لە تاکەکانی تری کۆمەڵ بژی ،بۆیە دەبێت هەمیشە هاریکاری و یەکتری بکەن تا بتوانین ئەو پەیامانەی کە لە دەستماندایە بیان گەیەنینە جێی مەبەست.

جا کە پێکەوە ژیان و ژیان بۆ یەکتری حوکمێکی سروشتی بێت، دەبێ هەمیشە هەوڵ دەین شت لە کەسانی تری دەوروبەرمانەوە فێربین و بەرانبەر بەمەش ئەوی لە هەگبەکەمان دایە پێشکەشی کۆمەڵەکەمانی بکەین. میش لەم بوارەدا توانیومە سوود لە تاقیکردنەوە و کردار و ڕەفتاری کۆمەڵانی دەوروبەرم وەربگرم و فێربووم کە نەتەوەکەم چی پێویست بوو و داوای چی کرد خۆمیان بۆ تەرخان بکەم. جا هەموو ئەو پێویستی و داوایانە لە بیر و هەستمدا گەڵاڵەبوون و منیش توانیومە بەنیوە چڵێیەک ئەو شتانە بخەمە ژیانی کردارەکی؟عەمەلیمەوە ،بۆیە چالاکییەکانی خۆم بە بەرهەم و ئەنجامی دەزانم.

بەڵام وەکو تاک ئەو کەسە بەگەورەترین مامۆستام دەزانم کە توانی ئەم بیر و هەست و بۆچوونانەی کە لە مێشکمدان بیان خاتە قاڵبێکی ڕێک و پێکی پڕ بەرەنگدانەوەی ژیانم و توانی بیرە لێک ترازاو و لێک پچڕاوەکانم گرد بکاتەوە و چلوورەیان پێ ببەستێ.

**هاوبیر شێرکۆ**

**++ ١ـ چ بکەین باشە؟**

ـ ئێمە هەر شینێک بکەین بۆ کوردی دەکەین لەبەرئەوە دەبێت شتێک بێتکە پڕ بە پڕی ئەو خەباتە سەخت و دوورە بێت کە ئێمەی هاوبیرانی پاسۆک پێی

هەڵدەستین  ئەو شتەی کە پێویستی بە خەباتکردن لە پێناوی ئازادی و یەکسانی نەتەوەی کوردا چیە؟ دەبێت ئێمە خۆمان ئامادە بکەین بۆ خەباتێکی سەخت،کە بە گیان بەخت کردن لە پێناوی ئەو ئاوات و ئامانجانەی کە ویست و خواستی جەماوەری کورد دابین دەکات. بە ڕای من ئەوی کە لەم ڕۆژەدا بۆ ئێمەی کورد پێویستە  بیکەین ئەوەیە :-

١- کە پێویستە ئێمە بۆ ئازادی و یەکسانی نەتەوەی کورد ئەوەیە کە دەبێت خاوەنی بیروباوەڕێکی ،نەتەوەیی خاوێن بین کە ویستەکانی جەماوەری کورد دابین بکات.

٢- دەبێت ئێمە خاوەنی پارتێکی نەتەوەیی بین، کە جەماوەری کورد لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە،تا بیرەکەیان ئاراستە بکات،تا جەماوەرێکی هۆشمەند / واعی  دروست بکات. ئەویش هاتۆتە سەر ئەستۆی ئەو تاکە هەڵکەوتووانەی ناو حیزب،کە جەماوەر گۆش بکەن بە بیروباوەڕەکە و پاش ئەوەش ڕامیان بەو ئاوات و ئامانجانەی کە حیزبە نەتەوەییەکە کە کردوویەتی بە دروشمی خۆی.

٣- دەبێت ئێمە بچینە ناو جەماوەرەوە بۆ ئەوەی بە ئاگایان بێننەوە،دەبێت ئاگایان بێنینەوە کە چۆن سووربن لەسەر ئەو داوا ڕەوایەی کە گیانیان بۆ  بەخت دەکەن. وەچۆن ڕقیان لە دوژمنەکەیان  بێتەوە. چەندیش یەکتریان خۆش بوێت دەبێت بە ئاگایان بێنینەوە کە چۆن دەوڵەتیان هەبێت و چۆن داوای کیانی خۆیان بکەن بۆئەوەی لەژێر سایەی ئەو کیانەدا بەسەربەرزی بژین.

٤- پێویستە ڕیزەکانی ناو حیزب بەهێز بکەین بە بیر و چەک بۆئەوەی شۆڕشەکەمان ببێت بە شۆڕشێکی ڕەوا.

٥- پێویستە ڕیزەکانی ناو حیزب بە پێشمەرگەی خاوەن بیروباوەڕ بەهێز بکەین.

٦- پێویستە ڕیزەکانی ڕێکخستن بەهێز بکەین بە هاوبیری  چالاک، بەتایبەتی لە شار و دێهاتەکاندا بۆئەوەی دەنگی حیزب و شۆڕش بە هەموو جەماوەری کورد بگەیەنێ و هەروەها لیژنە سەربازییەکان بەهێز بکەین لە شارەکاندا بۆئەوەی ئەو دەستە ناپاکانە لەگەڵ دوژمندا هاوکاری دەکەن پاک بکەنەوە.

٧- پێویستە لە مەودایەکی / مەجالێکی فراواندا خول / دەورەیەکی کادری بکرێنەوە بۆ ئەو  پ.م ی کە ڕادەی ڕۆشنبیرییان باشە.

٨- پێویستە دۆستایەتی خۆمان لەگەڵ حیزب و کۆڕ و کۆمەڵە سیاسیەکانی ناو کوردستان بەهێز بکەین تا لەو ڕێگەیەوە یەکیەتییەکی دابمەزرێنین.

٩- پێویستە دۆستایەتی خۆمان لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە جیهانییەکاندا پتەو بکەین تا لەو ڕێگەیەوە دەنگی شۆڕش بە هەموو جیهان بناسێنی.

++٢ـ کەی حەز دەکەیت بمری؟.

ـ ئەگەر بە پێی پەلەی ژیان بێت،ئەوا مرۆڤ حەز ناکات بمرێت،تا ئەو ویستانەی لە دڵ و دەروونیدایە بەجێ نەگەێنێت. بەڵام مردن شتێک نی یە کە مرۆڤ بڕیاری لەسەر بدات. چونکە مرۆڤ تا ڕەگێکی لەش لە جوڵاندا بێت و هەتا لەسەرە مەرگیشدا بێت،حەز ناکات بمرێت. بەڵم کە من وەکو مرۆڤێکی نەتەوەیی کاتێک حەزدەکەم بمرم کە توانایەی لە خۆمدا ڕادەبینم نەتوانم بۆ خزمەتکردن بە نەتەوەکەم بەکاری بێنم و هەموو کاتێکیش هەر لە خەیاڵمدایە کە ئاڵای وڵاتەکەم بە ئازادی ببینم هەڵکرا بێت جا بمرم.

++ ٣ـ ئەگەر پاسۆک نەبوویتایە.. دەبوویتە چی؟.

ـ ئەگەر پاسۆک نەبوومایە هەر کوردێک بووم ئەو بیرە نەتەوەییەی کە لە مێشکمدا قاڵ بوو بوو بو بە هۆی ئەو واقیعەی کە ئەو کاتە لەناویدا دەژیام بەڵام پاسۆک ڕێ پیشاندەرێک بوو بۆ جوڵاندنی ئەو هەستەی کە لە مێشکمدا ڕسکا بەڵام ئەگەر دووبارە ئەگەر پاسۆک نەبوومایە هەمٌوو شتێکم بە پێچەوانەی ئێستاوە دەبینی.

<u>هاوبیر ملازم شوان</u>

++ ١ـ دەربارەی هێزی پێشمەرگەی پاسۆک و خەسڵەتەکانی چ دەڵێی؟.

ـ هێزی ثێشمەرگەی پاسوک بەشێکە لە هێزی پێشمەرگەی کورد، هەموو ئەو سیفەتە چاک و گشتیانەی لە پێشمەرگەی کوردایە، دەبێ وەکو دەستەیەکی پێشەنگ و نووکە ڕم لە پێشمەرگەی پاسۆکدا هەبێت.. من بەش بەحاڵی خۆم جیاوازی دانانێم لەنێوان هێزی پێشمەرگەی پاسۆک و پێشمەرگە دلێرەکانی تری کوردستاندا.. هەمووی لەیەک نەوەیە/ جیلە هەڵکەوتن.. تەنیا ئەو خەسڵەتە تایبەتییەی پێشمەرگەی پاسۆک هەیەتی ،ئەوەیە کە پێشمەرگەی ئەم شار و ئەو ناوچە و ئەم هەرێم و پارچەیەی کوردستان نییە.. پێشمەرگەی هەموو کوردە و ئەم ڕاستییەی لە دروشمی زیندووی ( کورد لە هەر شوێنێکدا پێویستی بە پاسۆک بێت.. سەنگەری لەوێیە). دیارە لە ڕووی کردارەکییەوە/ عملیشەوە تەنها ئەوەندە ئەڵێم کە چەندە پێویستی کرد بێت و هەڵکەوت داوای کرد بێت و لوا بێت ئەم دروشمەمان ـ بە شانازییەوە ـ تەرجەمە کردووە..

++٢ـ تۆڵە و لەسەر خۆکردنەوە جیاوازیان چی یە؟.

ـ تۆڵە بەرتەک/ردفعلێکی سروشتی دەروونی مرۆڤە،کە شێوەیەکی ساکار و سەرەتایی لەسەرخۆکردنەوە و خۆپاراسنە.. ئەوەندە هەیە تۆڵەی ڕووت لەم

هەواڵنامەی کتێب

سەردەمەدا کارێکی نەرێنی/ سلبی و ناچارییە و لەبەرئەوەی کە اعتباراتی تایبەتی تێدا بەرچاو ناگیرێ،شیاوی لایەنێکی سیاسی و کەسانێکی عەقائدی نییە..بەڵام لەسەرخۆکردنەوە بریتییە لە کارێکی دیراسەکراو و هەوڵی مانەوە و خۆپاراستنی ڕەوا دژی نارەوایەتی و دوژمنکاری.. لەمەیاندا اعتباراتی رۆژ و هەلومەرج و بەرژەوەندی بەرزی نەتەوەی تێدا دەخوێنرێتەوە.. بۆیە لەوانەیە زۆرجار لە تۆڵەی ڕووت و ڕاستەوخۆش برندەتر و توندتر فراوانتریش بێت.. بە کورتییەکەی ئەمیان دەست برین و بە هۆش هێنانەوەی دوژمنە هەر لایەکیش بە کوردی خەتی بە ئەم مەسەلەی لەسەرخۆکردنەوە و شێواز و کات و شوێن و چۆنایەتی و چەندایەتی نەکێشابێت،دەبێتە سەمەرەی رۆژگار!!.

**++٣- بۆ چ هاوبیرێک بەداخی، لەبەر هەر هۆیەک بووبێت، ڕیزەکانی حیزبی چۆڵ کرد بێت؟.**

- من دەڵێم بەزیبێت! چونکە ڕیز چۆڵ کردن لەژێر هیچ بار و هەلومەرجێکدا قبوڵ نییە.. کەسی بەزیویش جێی نەفرەت و بێزارییە..نەک داخ.. بەڵام هەر یەکجار بەداخم بۆ ئەو خۆشەویستیەی کە نەک من،بەڵکو هەموو هاوبیران،لە خەڵکێکی بەزیودا خەسارمان کردووە.. هەقی ئەمەش بەنەفرەتی بارستایی ئەو خۆشەویستیە کۆنە دەبێت..

**++٤- چ ئاواتێکی شەهید بێستونت هێناوەتە دی؟**

- ئاواتی شەهیدێک (بە جیلێکیش)نایەتە دی.بەس بەلای خۆمەوە توانیومە بەوەفابم بۆ ئەو ئاوات و پەیمانەی کە تا مۆخم ڕقم لە داگیرکەر و دوژمنانی کورد و خۆفرۆشانی ناوخۆ دەبێتەوە.. هەر چەندیش بیر لە شەهیدی غەدر لێکراو دەکەمەوە ئەوەندەی تر ڕقەکەم ئەستوورتر دەبێت.

<u>**هاوبیر بێستون**</u>

**++١- جیاوازی ڕێکخستن و پێشمەرگایەتی چییە؟.**

- ڕێکخستن یان خەبات و چالاکی ڕامیاری بریتیە لە کۆبوونەوەی کۆمەڵێ لە شۆڕشگێڕان و دڵسۆزانی نەتەوەیەک کە زیاتر هەست بە چەوساندنەوەی نەتەوەکە دەکەن. لەژێر زەبری هێزی فەلسەفە و بیر وباوەڕ و تیۆریەکی دیاری کراودا بۆ خزمەت و بەرژەوەندی چینێک یان نەتەوەیەک بێگومان جۆری فەلسەفە و تیۆریەکە ئەو خزمەت کردنە دیاری دەکات. ڕێکخستن خەباتێکی نهێنیە بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندنی بیروباوەڕەکە و بەناو جەماوەرەکەدا و چوونە ناو جەماوەرەوە و فێربوون لێیان و فێرکردنیان کە چۆن خەبات بکەن و دوژمنی سەرەکی بناسن و

دوژمنایەتی ئەو داگیرکەرە بکەن و بە چ ڕێگایەک و فێریان بکەین چۆن دوژمن ڕسوا بکەن و بە شتێکی نامۆ و واقعێکی سەپاوی بزانن وە هەروەها فێریان بکەین سۆز و مهرەبانیان چەند هەبێ بەرانبەر بە نەتەوە و خاک و ئاو و زمان و مێژوو و داب و دەستووره کۆمەلایەتیەکان و فێری ڕقی پیرۆزیان بکەین.

ڕێکخستن بەردی بناغە و هۆ و مەرجی سەرەکی و بڕبڕەی پشتی شۆڕشە،شۆرش بێ ڕێکخستنێکی پۆلایی و جەماوەری شۆڕشێکی چەواشەیی و بێ هیوایە چونکە لەم سەردەمەدا داگیرکەران و ئیمپریالیزم چەندەها ڕێگای گلاو و تازەترین شێوەی داگیرکەران و چەوسانەوەیان گرتووتە بەر و تەکنەلۆژیای سەردەم بەکار دەهێنن بۆ داگیرکردن و دادۆشین،ئەگەر ئێمەش بەرامبەر بەم هەموو تازەگەریتیەی لە داگیرکردندا گۆڕان و پەرەپێدان و ڕێگەی تازە نەگرینە بەر زۆر بە ئاسانی بۆ دوژمنان دەستەمۆ دەبین و دەبێتە مێردەزمە بەسەرمانەوە.

ڕێکخستن هەڵدەستێ بە پەروەردەکردن و پێگەیاندنی کادێری سیاسی و ڕۆشنبیری و دۆست و لایەنگیری ئەو بیروباوەڕ و فەلسەفەیە.

دەبێ ئەوپەڕی توانا و وزەی خۆی بەخەرج بدات بۆ پاراستنی ڕێکخستن ،چونکە لە خزمەتی کۆمەڵدایە و نووکی ڕمی تێکۆانی کۆمەڵە،بۆیە دوژمن هەمیشە بە دوویدا دەگەڕێت و چەندەها پلان و نەخشەی گلاو وەگەڕ دەخات بۆ دۆزینە و گرتنیان لە ڕەگ و ریشاڵ دەربهێنێ.چونکە ئەو ڕاستیەی بۆ دەرکەوتووە کە لەناوبردن و تەفروتوناکردنی ڕێکخستن.شۆڕش لەیەک هەڵدەوەشێتەوە یان ئەو مەترسییەی نابێت بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی پێشمەرگایەتی ڕەنگدانەوە و عەکسکردنەوەی خەبات و چالاکی ڕامیاری و ڕێکخستنە و دوژمنایەتی کردنی داگیرکەر و ئیمپریالیزمە بە شێوەی کردەوەیی / عەمەلی و فعلی . پێشمەرگەگایەتی گەڕان و شوێن دوژمن کەوتنە بۆ لێدان و داپلۆسینی و شکاندنی  پۆرتی و گەیاندنی دەستی پۆلایینی ڕەوای جەماوەری زەحمەتکێش و چەوساوانی نەتەوە ژێر دەستەکەیە.

پێشمەرگایەتی و شۆڕشی چەکداری هەوڵدان و چالاکی ئیجابییە بۆ گۆڕین و لابردنی ئەو واقعە سەپا و گلاوەی کە بەسەر نەتەوەیەکی زۆرلێکراودا فەرز کراوە.

بێگومان  سەرکەوتن و سەرفرازی و وەدەستهێنانی مافی زەوت کراو شتێکی حەتمی و حوکمی مێژووە. ئینجا درەنگ و زوویی کەوتووە و جۆر و شێوەی پێشکەوتنی نەتەوە زۆرلێکراو دەزانێ هەتا نەتەوەکەی ڕۆشنبیرتر و بەئاگاتر بێت بەرامبەر بە دوژمنەکە ئەوە زووتر بە مەبەست و ویست و خواستی خۆی دەگات و ئەگەر ڕادەی ڕۆشنبیری نزم بێت و دواکەوتوو و بێ ئاگا بێت ئەوا بەدەستهێنانی ئامانجەکانی سەختر و دژوارتر دەبێت و دوژمن زیاتر ویست و بەرژەوەندی خۆی

دەتوانێ بسەپێنێ و نەتەوەکەش دەستەمۆ بکات  بەزار قەرەباڵغی و چارشێوی ڕەنگاوڕەنگ و خەڵک خەڵەتێن.

هێزی پێشمەرگە هەڵدەستێ بە پەروەردەکردن و پێگەیاندنی عەسکەری و بڵاوکردنەوە و سەپاندنی ڕەوشتی بەرز و ڕەفتاری بەجێ بەسەر پێشمەرگەدا و بڵاوکردنەوەی ئەو ڕەوشت و ڕەفتارانە بەناو جەماوەر و ئەو شوێنانەی کە پێشمەرگە هەڵسوکەوتی تێدا دەکات بۆ زیاتر چوونە ناو دڵی جەماوەرەوە و فێرکردنیان بە ڕەوشت و ڕەفتارە بەرزانە.

**++٣ـ ئایا پێت وا نییە ئەو ئەرکانەی ڕێکخستن پێی هەڵدەستن لەچاو فراوانی دا ....**

ئەرکی سەرشانی  ڕێکخستن کە پێی هەڵدەستێ دیاری کراو نییە لەبەر ئەوە دەبێ بڵێم هەرچەندە ئەرکی گەورە و فراوان بە ئەنجام بگەینن ئێستا کەمە.، چونکە ئێمە بۆ ئامانجێکی هێندە پیرۆز و بڵند هەوڵ دەدەین کە هەرچەند خۆمانی بۆ هیلاک کەین و چالاک بین و هەوڵ بدەین،ناگاتە ئاستی پێویست و بەرپرساری لەبەر ئەوە زۆر بە ڕوونی و بەوپەڕی ووردەوە دەڵێم ئەو ئەرکانەی کە بە ئەنجام گەیەندراوە لەلایەن ڕێکخسنەوە هەرچندە زۆریشن بەڵام هێشتا لە ئاستی بارستایی بەرپرسیارماندا نین.

**++ ٤ـ ئەو گەشە و فراوان بوونی بنکەی ڕێکخستنەی (پاسۆک) دەگێریتەوە بۆچی؟**

١ـ ڕاستی و دروستی و ڕەسەنییەتی بیری کوردایەتی،کە (پاسۆک) کردویەتی بە پێشەنگی خەباتی و گونجاندنی بیر و فەلسەفەکە لەگەڵ دەروون و ویست و ئارەزووی جەماوەری چەوساوەی کوردی چونکە لە ئەنجامی ژان و ئەشکەنجە و ئازاری ڕەش و ڕووت و زەحمەتکێشانی جەماوەر هەڵقوڵاوە و شتێکی نامۆ و بێگانە نییە بە دەروونی و لە خزمەتی ئەودایە.

٢ـ زۆری و ناسکی ڕەوانی ئەو نامیلکە و بڵاوکراوانەی کە کێشە کۆمەڵایەتییەکان بە کێشە سیاسییەکەوە بە شێوەیەکی زانستی و واقعییانە و گەیاندنی بیر و فەلسەفەی کوردایەتی و شێوەی باسکردن و قسەکردن بۆ شێوەی نووسین . چونکە ئیمرۆ جەماوەری کورد زیاتر قەناعەت بە شتی بەڵگەدار دەکا کە ئەویش نووسینە وەک لە قسەکردن ،چونکە ئەو نووسینانە بە ڕای حیزب دەزانێ بەڵام بەڵام هی تاکە کەس بە ڕای شەخشی دەزانێ.

٣ـ چالاکی ئەندامانی حیزب و چوونە ناو جەماوەرەوە بە گشت شێوەیەک و شی کردنەوەی بیر وباوەڕەکە و هاوبەشی کردنی جەماوەر لە گشت کاتدا بە مانای ڕاستگۆیی و شت شاردنەوە لە جەماوەر و پەنابردنە بەری هەتا بوون.

٤ـ دەرکەوتنی ڕاستی و دروستی کە هیچ بیرێک لە خزمەتی بەرژەوەندی گشت کۆمەڵگەی کوردەواری دایە وە خۆدزینەوەی جەماوەری کوردی لە بیرەکەدا ئەگەر

ڕاستەوخۆش نەبێت چونکە گشت تاکێکی کورد پاسۆکە ئەگەر لەژێر هەر چارشێوێکدا بێت و هەر بۆیاخ و ڕەنگێکیش لەخۆی هەڵسوێ.

٥- دابەزینی هێزی پێشمەرگە بۆ گۆڕەپانی کرداریی/ ساحەی عەمەلی دەورێکی گرنگی بینی لەو گەشە و فراوان بوونەدا چونکە جەماوەری کوردی هێستا نەگەیشتۆتە ڕادەی ڕۆشنبیری وا کە چەک نەیهەژێنێ و زۆر کاری تێ نەکات. هەروەها بە ئەنجام گەیاندنی ئەو کارانەی کە ئەرکی سەرشانی پێشمەرگەی پاسۆک بوو وەگەیاندنی دەستی ڕەوای جەماوەر و بوونی دادگایەکی دادپەروەرانە / عادلانە بۆ سزادانی پیاوی خۆفرۆش و دوژمنی ڕەفتاری بە چی و ڕەوشتی بەرزی پێشمەرگەکان و بەرزکردنەوەی دروشمی ( ئێمە سەربازی جەماوەرین کوێخای نین) تێگەیشتن و «تفهم» ی کێشەکان و چارەسەری بە کورتییەکەی خۆکردنەوە بۆ جەماوەر.

**هاوبیر سامان**

**++١- جیاوازی ئێستات وەکو سەردەستەیەک و جارانت وەکو پێشمەرگەیەک چی یە؟.**

- لە وەڵامدا دەڵێم :جاران کە پێشمەرگەیەک بووم تەنیا لەو کارانە لێ پرسراو بووم کە سەردەستەکەم پێی ڕادەگەیاندم وە لەوەش کە لەناو جەماوەردا جێگای حیزبەکەم لە دڵی جەماوەردا بە کاری جوان و ڕێک و پێک بکەمەوە بەدەرخستنی بیروباوەڕی حیزبەکەم بۆ جەماوەر وە ئەبوایە زۆر ئاگام لەوە بووایە کە غەڵەت نەکەم، چونکە غەڵەت کردنی من ئەبوە هۆی تەکاندنەوەی چەند کەسانێک لە حیزبەکەم و نەمانی متمانە بە پێشمەرگەی حیزبەکەم»پاسۆک» بەڵام ئێستا سەردەستەیەکم لە پێش هەموو شتێکدا دەبێ ئاگام لەو هاوبیرانە بێت بزانم هەر یەکەکەیان چۆن دەبنە «پاسۆک» ێکی دروس لەدوای ئەوە ئەبێ ئەوەش بزانم کە ئێستا وەکو جاران تەنها بەرپرس / مەسئول نیم لەخۆم بەڵکو مەسئولم لەو هاوبیرانەی کە لە دەستەکەمدایە بوونی من بۆ سەردەستەی دەبێ ئەوە بزانم کە حیزب متمانەم پێ دەکا و چەند شتی لەمن ڕادەبینێ بۆیە کراوم بە سەردەست وە دەبێ ئەو کەسە بم کە حیزب متمانەی پێ کردووم و دەبێ هەرچی توانا و ووزەیەک لە ئەقڵ و گیانمدایە بەکاری بهێنم بۆ بەرژەوەندی کورد و «پاسۆک» وە دەبێ چەند سەرنجی جەماوەرم ڕاکێشا بەلای خۆم و حیزبەکەمدا دەبێ ئێستا زۆر بە زیاترەوە چونکە ئەمڕۆ جەماوەریکورد ئەو کەسەیان زیاتر ئەوێ ئەوی زیاتر لە خزمەتیاندا بێ،واتە لە خزمەتی کوردا بێ.

**هاوبیر ئاراس**

**++١ـ کادر چی یە؟.**

ـ پێش وەڵامدانەوەی ڕاستەوخۆی پرسیارەکە پێویستی پرسیارەکە وام لێ ئەکات جارێ بزانین کادر چی یە؟.کادر لە هەموو.... دەتوانین بڵێین بریتی یە لە( توێکڵی حیزب) یان کادر ( ئەو پردە دەبێ کە بنکە/ قواعد و سەرکردایەتی پێکەوە دەبەستێتەوە.

کادر ئەو سەربازە وون بووە  یە کە دەسووتێ لە پێناوی مەسەلەکەدا.. دەسوتێ بۆ ڕوو ناک کردنەوەی ڕێباز / نهج و خواستەکانی شۆڕش و گردەکە بۆ میللەت. کادر بریتییە لەو تاکە هەڵکەوتووانەی کە شارەزای ژیانی سەرلەبەری خەڵکە ڕەشوڕووتەکەن..چارەسەری کێشەکانی ژیانیان دەکا.

یاخود سادەترین کادر بریتی یە لە بچوکراوەی حیزب ،کە مەبەست و ئامانجەکانی ئەو حیزبە بە زمانی ساکاری میللەت لە کات و شوێن / زمن و مکان ی تایبەتیدا نمایشت / تمثیل دەکا. ئەڵبەت لێرەدا مەبەست زۆر ووتن و کەم دوورییە،زۆر لایەنی کۆمەڵایەتی ناوچەکە. کادر بریتی یە لە دڵسۆزترین کەسانی ئەو گردهە کەسانێکە کە هەست بە ئازار و سەرکەوتنەکانی بیر وباوەڕەکە دەکا. دیارە سەرکەوتنی شتی گرنگ ،دواتر خودی خۆی یان کەسانی تەواکەری مەسەلەکە ئەو لەزەت لە شتە وردیلەکان وەردەگرێت.

ڕۆڵی / دەوری کادر :

١ـ پێویستە مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی / اجتماعی و نەفس بەرز بێ،واتە نمونەی باڵا/ المثل الاعلی  بێ.

٢ـ گونجاندنی تەواوی هەبێ لەگەڵ خەڵکانێکدا کە خۆی بەشێکە لەوان..وە ئەوان واتە «میللەت» وا هەست نەکەن کە مرۆڤێکی نامۆیە/ غەریبە.

٣ـ پێویستە بەشداری خۆشی و ناخۆشی سەرلەبەری ئەو گەڕەکە/ محەلەیە بکات کە تێیدا دەژی و چارەسەری مەسەلە بنچینەکانیان بکات.

٤ـ گیانی  خۆ لەبیربردنەوەی تیابێ،واتە ڕۆژێک لە ڕۆژان بە هیوای ئافەرین و خەڵاتی ..؟؟؟.دەسەڵاتی خۆی نەبێ. بەڵکو پێویستە بە ئەرکی سەرشانی خۆی بزانێ.

٥ـ هەمیشە هەوڵی داهێنان / ابداعات بدات.. شتی تازەی سوودبەخش فێری میللەت بکات نەک جوینەوەی شتە کۆن و سواوەکان.

٦ـ دەست نیشن کردنی دوژمن و دۆستەکانی شۆڕش و میللەت بە بێ سەرپۆشی لە هەموو زەمەنێکدا .

٧ـ پێویستی شۆڕش لەبەر بەرژەوەندی کێ دژی چی یە و بە خواستی کێ و بە پشتیوانی کێ بەردەوام دەبێت ئامانجەکانی چی یە؟.

٨- چاندنی تۆوی بڕوا بەخۆبوون.. بەشیکردنەوە و تاقی کردنەوەی جولانەوەی ڕزگاریخوازی گەلان کە بەم قۆناغە سەختانەی ئێمەدا تێپەڕبوون و سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە.

٩- بنەبڕکردنی جۆرەها ئەفسانە و بیروباوەڕی دەستکردی دوژمنان ..بە جۆر و شێوەیەکی وەستایانە کە میللەت نەبنە دۆستی «بدیلی» ئەو بیروباوەڕانەی کە پارڕێزگاری کەرامەتی مرۆڤایەتی دەکەن..

دیارە لێرەدا دەبێ کادر ئاگاداری هەڵخلیسکاندن بێ بەرەو هەلپەرستێتی / انتهازیەت واتە نەبێتە ئامراز / وسیلە بۆ خەڵکی گومان لێکراو بۆ بەدیهێنانی ئامانج / غایە گڵاوەکانیان کە ژەهری کوشندەی میللەتە.

١٠- دروستکردنی ئەڵتەرناتیف / بدیل لە خەڵکی هەر ناوچەیەک بۆخۆی..بەمەرجێ ئەو کەسە هەموو مەرجەکانی کادری تێدابێ..یان تاکێکی هەڵکەوتوو بێت و جێگای باوەڕی میللەت بێ.

١١-ڕوون کردنەوەی ڕووی ڕاستی خودی میللەتە و دەستنیشان کردنی ئەو شێوانەی کە بەسەر مێژووی میللەتەکەماندا هاتووە و باسکردنی هەڵە و نەهامەتی و کەند و کۆسپەکانی کە هاتوونەتە ڕێگای شۆڕش و جولانەوەکانی پێشوو.. ئەڵبەت لێرەدا دەبێ «کادر» ئەو بەڵا گەورەیە بنەبڕ بکات لە دڵی میللەتدا کە نائومێدیە.

باسکردنەکەش بە شێوەیەکی زانستی و لۆژیکی / علمی و منطقی بێ کە تەرازووی نائومێدییەکە بە (باوەڕی پۆڵایین و بڕوا بە خۆبوون) نزم کرێتەوە.

١٢- چاندنی « ڕقی پیرۆز» لە دڵی میللەتدا بەرانبەر بە دوژمن.

١٣- بەکارهێنانی سۆزی / عاطفەی میللەت - مامۆستا؟؟؟ - لە زەمەنی تایبەتیدا..بۆ سەرنەگرتن و پووکانەوەی نەخشەی گڵاوی دوژمن.

١٥- باسکردنی شۆڕشی گەلان بە سەرکەوتن و ژێرکەوتنیانەوە بە گیانێکی میللیانەوە.

دیارە دەبێ لێرەدا کادر دەبێ زۆر ئاگاداری ئەوەبێ گیانی بڕوا بە خۆنەبوون سەرهەڵبداتەوە.

++٢- ئەگەر پێشمەرگە نەبێت چی دەبێت؟.

- هەرگیز خۆم بۆ پرسیارێکی وا ئامادە نەکردووە! نازانم بڵێم چی؟. ئا بەو هەندە قایک دەبن ئەگەر بڵێم پێشمەرگە نەبم..»ئاراس» نیم ؟.. چۆن دەڵێن دۆنادۆنی گیان/ تناسخ الارواح هەیە وەکو باوەڕێک کە هەر کەسی برد ،بەپێی چاکە و و خراپەی ئەو ژیانی بەسەری بردووە،جارێکی تر ڕۆحی دەچێتەوە بەر «پەری» یەک یان «سەگێک» کە دەڵێم «ئاراس» نیم شتێکە نزیک لەم بابەتەوە.

که ـ خوانەخواستە ـ گیانی پێشمەرگایەتیم پێ نەبڕ،ئەوا کەفارەکەی گیان تێ گەڕانی ترە،لەو «تناسخ الارواح» ەش خراپترە. بە کوردی و بەکورتی ؛دیارە ئەمە لەم زەمەنەدایە کە کورد پێویستی بە(پ. م) هەیە.ئەگەر پێشمەرگە نەبم حەزدەکەم،کوڕی باوکم نەبم ـ

++ ٣ـ جیاوازی کورد و پاسۆک چی یە؟

ـوەڵامی ئەم پرسیارە دەدەمەوە نەک وەک کوردێکی پابەند . ملتزم بە پاسۆکەوە،بەڵکو وەکو کوردێک.. ئەمەش دوور لە دەمارگیری / تەعەصبی حیزبایەتیەوە.. ئەم پرسیارە وا قبوڵ نی یە،چونکە شتێ نییە پێی بوترێ (پاسۆک)و شتێکی تر (کورد)ئەم دوو وشەیە یەکن.. ئاوێتەن.. وەکو ئاوێتەی (تەن و ڕۆح).. نە تەنی بێ ڕۆح شتە و نە ڕۆحی بێ تەن هەیە..

من خۆم هەمیشە لە ( بارە دەروونیە دام ئەگەر لەچیی هەموو وشەکانی کورد پاسۆک یان جێگای (پاسۆک)ەکان کورد بنووسرێتەوە هەر هەمان باری سەرنج/ انطباعم دەداتێ. قەت وەڵامی ئەم پرسیارە دوور لە بۆچوونەی هەمیشە (پاسۆک) ئامراز/ وسیلە و کورد خواستەکایە بوون.

**++٤ـ چ ئاواتێکی شەهید فەرهادت هێناوەتە دی؟.**

ـ ئاواتەکانی شەهید فەرهاد هێندە پیرۆز و مەزن بوون کە جێگای باس نی یە!. نزیکەی دوو ساڵ کە نامەی حیزبم نووسیبوو شەهیدی نەمر وەکو وەڵامێک پەیوەندی پێوەکردم وتی:هیوام وایە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە پێش منەوە بی لە کاردانی خەڵاتی کوردا. فەرهادیش گەورەترین شەرەفی ویسامی میللی بۆ خۆی وەدەست هێنا،کە شەهیدی بوو. بۆیە دەڵێم جارێ هیچ. ئومێد دەکەم ئەگەر کوردی وەکو فەرهادیی تێرە عەمر بی.

**<u>هاوبیر بەختیار</u>**

**+ ١ـ پەیوەندیتان لەگەڵ لایەنی کوردستانی و عێراقییەکاندا چۆنە؟.**

م ئەوەندەی پەیوەندیدار بێت بە ئێمەوە هەوڵمان داوە و هەولێش دەدەین، کە پەیوەندیمان لەگەڵ هەموو لایەنە شۆڕشگێڕە دڵسۆزەکاندا چاک بێت.. ئیمڕۆش پەیوەندیمان لە گەڵیاندا باشەوە بۆ باشتر شەقاو دەنێ و بە تایبەتی ئەو نێزیکەی ئێمە و برادەرانی سۆشیالیست پەیوەندی و گیانی دیموکراسی و ڕێزی بەرانبەرییە.. لەگەڵ زۆربەی هەرە زۆرینەی لایەنە عێراقییەکانیشدا هەر باشین.. ئێمە ڕوانگە و کێشانەمان بۆ پەیوەندیەکانمان بەرژەوەندی بەرزی نەتەوەی کوردە.

هەتا ماوەیەکیش لەمەوبەر ـ بە زۆری خۆمان و خۆڕاگریمان ـ هەتا پەیوەندیمان

لەگەڵ داشە هارەی - سەرسامەکەشدا،کە مەبەستم بە «ناو یەکێتی»یە باش بووە،بەڵام هەر بەمە مابووین و وەکو دەشزانن بەو جۆرە لاقی ئێمەشیان گەر! بەس نرخی ئەم سەرچڵییە دەبێ بدەن گەڵەگاییش تاسەر بۆکەس نەچۆتە سەر!.

**++٢- بۆ بەرەی کوردستانی تا ئیمڕۆ نەهاتۆتە دی؟.**

- هۆ زۆرن..بەڵام بەر لە هەموویان پوازی کوردیە

**++٤- نێزیکی تۆ لەهەندێ خەڵکی «نایەکێتی» بەچی لێکدەدرێتەوە/تەفسیر** دەکەیت؟.

- من گەورەریم شانازیم «پاسۆکایەتی» و هەرچیم کرد بێ، پێم وابووە خزمەتی حیزبەکەمی پێ دەکەم،.. من هەردوو چاوم دژی پاسۆک بێت، بە سوژن دەریان دێنم! خەڵکی لە دەرەوەی پاسۆک لەم ئیلتیزامەی «پاسۆکایەتی» ناگات، من بڵێم بڵێم چی؟. تەفسیری ئەمە بەوە دەکەم کە بەشەرەف و خاکەڕایی/ تواضعەوە دەڵێم،لە ڕیزەکانی پێشەوەی بەرەنگاری دوژمنانی حیزب بووم،دوا بڕیاریش ئەوە بوو کە من هەستم بە تۆڵەی هەر دەست درێژیەکی دیکە بکرێتە سەر هاوبیرانمان.

**هاوبیر مەلاشوان**

**++١- وەکو ئاشکرایە « لیژنەی لێدەری بابەگوڕگوڕ» دەورێکی بەرچاو و کاریگەری هەبوو لەچاو خەتە عەسکەری ڕێکخستنەکانی تر لەدەست وەشاندن لە زانکۆی سلێمانی، پاش گوستنەوەی زانکۆ ئەو ئەرکە چۆن جێبەجێ دەکەن؟.**

- ئاشکرایە ئەو لیژنەیە بە تێکۆشانی بەربڵاوی هەموو لایانەی پارتیمان پێکهاتووە و یەکێکە لەو لیژنانەی کە لە ڕووی ئایدۆلۆژی و ڕامیاری و پێشمەرگایەتییەوە جێی ڕەزامەندی سەرکردایەتی بووە. دیارە لیژنەیەکی وا ئایدۆلۆژی و ڕامیاری و سەربازی و ڕۆشنبیریی دەبێ بەکاری گەورە و گرانی خۆی هەستی هەر لەبەر ئەوە دەبێ زەمینە و پاشکەوتی خۆی بکات بۆ هەموو کارێکی نەهامەتی. دووربینی و شارەزایی لیژنەکە لەوەدابوو بۆ کاری پاشەڕۆژ بوو لیژنەی کاتی تری شان بە شانی خۆی دروست کرد لە ڕۆڵە بەوەفا و ڕۆشنبیرەکانی زانکۆی سلێمانی.

لە کاتی گوستنەوەدا هەردوو لیژنە کاتییەکان و هەندێک لە هاوبیرانی لیژنەی بابەگوڕگوڕ لە سەداسەت لەناوجەرگەی زانکۆدا دەمێننەوە،دیارە زۆر بە ئاسانی و وەکو جاران دەستمان دەگاتە مامۆستا و فەرمانبەرە خوێن مژ و بەکرێگیراوەکانی زانکۆ و شانبەشانی ئەوەش خەسڵەتی تر ڕەخساوە کە نەناسینەوەی هاوبیرانمانە هەتاکو لەلایەن جەماوەریشەوە دەڵێم ئەو ئەرکە دەهێندەی جاران ئاسانتر جێبەجێ دەکەین،پشت بە کورد و یەزدان لە ماوەیەکی کەمدا لیژنەکەمان دەست دەکاتەوە بەکاری خۆی دژی فاشستەکانی بەغدا و چڵکاو خۆرەکانیان.

**++٢ـ دەوری ڕێکخستنی نهێنی چی دەبێ؟ ئەگەر هێزەکانی پێشمەرگەی پاسۆک نەمێنێ؟.**

ـ لەناوچوونی هێزی پێشمەرگەی پاسۆک ستەمە وەکو ئەوە وایە بووترێ خوا نییە، کورد نییە، گەردوون نی یە.

پاسۆک هێزێکی نەتەوەییە و بواری خەباتی فراوانە ئەگەر لە سلێمانی بارودۆخ نەگونجا لە هەولێر سەرهەڵدەدات،ئەگەر لە کوردستانی باشوور نەگونجێ لە کوردستانی باکور سەرهەڵدەدات،لەهەر کوێش خەبات بکرێ ڕێکخستن هەیە و یارمەتی بۆ پێشمەرگەکانی خۆی درێژ دەکات،ئەگەر هەر بارودۆخ لە هیچ ناوچە و هەرێمێکدا نەگونجا بۆ پێشمەرگە و هێزی دوژمن و شۆڕشی چەواشە لێی بدات دیارە ڕێکخستن بناغەی دروست بوونی ئەو پێشمەرگانە بووە و بناغەی هەزاران پێشمەرگەی تر دەبێ چونکە ڕێکخستن خاڵی دەرچوونی / نقطە الانطلاقی هێزی پێشمەرگەیە لە هەموو کاتدا.

ئەگەر بە شێوەی تایبەتکاریش بیگرین هەموو هاوبیرێکی پاسۆک لەیەک کاتدا ئەندامی شانەیە و کادێرە،سەرکردیە،نووسەرە،ڕابەرە پێشمەرگەیە و هەمیش هاوبیرانی هێڵەکانی ڕێکخستن ئامادەن و لە ئاستی بەڕێوەبردن و بیناکردنەوەن و لەوەش بترازێ توانای دروست کردنی حیزبیان هەیە. جا رێکخستنی وا هەمیشە دەتوانێ حیزب لە مەترسی لەناوچوون بپارێزێ و پەرەی پێ بدات و بیخاتە خانەی پێشڕەویشەوە.

<u>**هاوبیر نصرالدین**</u>

**++١ـ لە کەیەوە " پاسۆک"یت؟.**

ـ ئەوەتای بیرم کردۆتەوە و هەستم بە چەوسانەوە و بەژێردەستەیی نەتەوەکەم کردووە وەک "پاسۆک" بیرم کردۆتەوە. وەکو دەڵێن پاسۆک بووم و بەخۆم نەزانیوە!.. پێم وایە هەموو "کورد"ێکیش بەربەستی ڕێی پێ بدات هەروایە.. بیر وباوەڕێک کە لە ناخ و ویژدانی مێژوو و نەتەوەوە هەڵقوڵابێ،شتێکی سەیر نییە ڕۆڵەکانی ئەو نەتەوەیە خۆی تێدا وەدۆزن.. بەڵام لە ڕووی کردارییەوە؟عملی و دەستووریەوە،ماوەیەکی کەم پاش بەشداریم لەم شۆڕشە نوێیەی گەلەکەماندا شەرەفی "پاسۆکایەتیم" پێ بڕاوە.. هیواداریشم تاسەر ئەو شەرەفە بپارێزم.

**++٢ـ ئەی ئەگەر گلایت؟.**

ـ گلان دەستووریکی ئەگەری؟احتمالی ژیانە..من لە پاسۆکەوە ئەو گیانە کۆمەلایەتی و عەقائدیە فێربووم، کە وەکو هاوبیران هەر شتێ بین بە پاسۆکەوەین.. و بێ "پاسۆک" سفرین! جا ئەگەر چارەنووس ئەو ڕەتەی پێدام،کە بەدڵنیاییەوە/حتما بەدەستی خۆم نابێت ،ئەو ساش پارێزگاری شەرەفە کۆنەکەم دەکەم و گیانەکەم پاسۆک دەژێەنمەوە کە "بێ پاسۆک سفرم".. هاوبیر ئەی بۆ ڕووە گەشەکەی ئەو شیمانەم /احتمالەم بەڕوودا نادەیت کە شەهادەتە؟!..

**++٣ـ باشە بۆ شەهادەت دەڵێی چی؟.**

ـ هەموو کەس حەز دەکات زیاتر بمێنێتەوە و ئەمەش دەستووری " پەلەی ژیان"ە!.. بەلام دوو مانەوە هەیە.. مانەوەیەکی ڕووتی بێ ناوەڕۆک و مانا.. مانەوەیەکی مانادار و خزمەتگوزارانە.. ئەوەی بووە پێشمەرگە دیارە مانەوە ڕووتە بێ ناوەک و ناوەڕۆکەکەی تێهەڵداوە.. مانەوەکەی تر بۆ زیاتر خزمەت و تێکۆشانە بۆ نەتەوەی حیزب ..بەلام ئەگەر خزمەت لە نەماندا بوو،ئەوا کێ هەیە حەز بەو شەرەفە مەزنە نەکات کە حیزب دەڵێ: "شەهادەت گەورەترین ویسامی شەرەفی میللییە".

**<u>هاوبیر جەمال</u>**

**++١ـ حەز دەکەیت لە کوێدا گیانت دەرچێ؟.**

ـ خۆزگە بەحەز بووایە..لەژێ سێبەری ئالای کوردستاندا زیاتر شوێنێکی پیرۆز / مقدس تر هەیە؟.

**++٢ـ ئەی ئەگەر لەسەرەڕێی ئەو ئاواتەدا بێ؟.**

ـ حەز دەکەم لە ناوەندی خەتی سنوورە دەست کردەی ئیمڕۆی کوردستاندا بێت.

**++٣ـ بۆ پاسۆکت هەڵبژارد؟.**

ـ من پاسۆکم هەڵنەبژارد چونکە پاسۆک بوونی نەتەوەی کوردە.. من خۆم دۆزیەوە ئەو تەمەنەی دەرەوەی « پاسۆک» م بە خەسار چوو سەد حەیف! هەمیشە بیر لەوە دەکەمەوە چۆن حەقی ئەو لەدەست چوونە بکەمەوە.

**++٤ـ چ فرمانێکی حیزبەکەت لا سەختە؟.**

ـ کە ڕووتم کاتەوە لە شەرەفی «پاسۆک»ایەتی.

**++٥ـ جێبەجێی دەکەیت؟.**

ـ چۆن نا!.. بەلام پاش ئەوە خۆم بە مرۆڤ نازانم! ئنجا خەونی وا ناخۆم بۆ پێ دەبینی؟!.

هەوالنامەی کتێب

**هاوبیر ملازم سیف الله**

**++١ـ ئاش بەتاڵ چ دەگەیەنێ؟!.**

ـ ئەم وشە سووکەش شەرم هێنە.. لەوانەیە مەودای بەکارهێنانی هەبێت لە مەیدانە کۆمەڵایەتی و شتە سەراوەکاندا،ئەویش وەکو زاراوەیەکی فەرهەنگی.. بەڵام بەوجۆرە بەدگومانی و بە ئانقەست و داخ لە دڵانەیەی شۆڕشی ئەیلوول بەکار دێت،نیشانەی ئەوپەڕی سووکێتی و مایەپووچی بەکارهێنەرەکەیەتی. بەکارهێنانی زاراوەی «ئاش بەتاڵ» بۆ شکستی خەباتی چواردەساڵەی گەلێک و هەڵسەنگاندنی نرخی خوێنی حەفتا هەزار شەهیدی چواردەساڵ ڕووپەڕەی مێژوویەک و نیشانەی ئەوپەڕی بێ حورمەتی و نمەک بەحەرامی و خۆ بەکەمزانینە.. هەتا دوژمنەکەمان جورئەتی ئەوە ناکات سووکایەتی وا بە ئیرادەی میللەتێک بکات..کوردیش ئاشی نەبووە تا بەتاڵی کات.. ئێمەش یەکەم میللەت و شۆڕشەکەمان یەکەم شۆڕش نییە تووشی شکست و هەرەس بێت.. لانێکی یەکجار گەورە و پڕشکۆی خەباتی میللەتان ئەو شکستی و گلانەیە کە دێتە پێشی.. ئەگەر ئەم زاراوە بێ ئابڕووە بەوجۆرە قبوڵ بێت ،دەبێت هەموو ڕووی بزووتنەوەی کوردایەتی لە ڕمانی ئیمپڕاتۆرێتی میدییەوە ڕیزکەین تا ئیمرۆمان..

من بەش بەحاڵی خۆم حەق دەدەم بە هەموو کەس چی هەیە و نییە بەرانبەر ڕابردوو بێدرکێنێ و مێژووش کانێکی گەورە و کاریگەر و ئیجابی دەرس و پەند لێ وەرگرتنە..هەتا هەق بەوانەش هەیە کە نەیار و ناحەزی مێژوو بوون ئەمە بکەن ـ ئیتر لەمە دڵ فراوانی و میهرەبانی چاتر؟!.

ئەگەرچی دەبێت ئەو هەقە لەو کەسانە بسێندرێتەوە کە خۆیان بەشێک بوون لە تێشکان و مشتەی ناو هەمانەی هەرەس بوون و لە پۆستی / مەوقعی خیانەتدابوون.. بەڵام دیسانەوە ئەگەر خەڵکی لێ ببڕێت ڕابردووی خۆی وەسرێت کارێکی چاکە.. بەڵام کورد واتەنی : تا خاوەن ماڵ دز بگرێ..دز خاوەن بگرێت...

ئەمە تراژیدیا / مآسات و نەهامەتی گەورەیە!! بە کورتیەکەی ئاش بەتاڵ مانای پیسترین و بێ ئابڕووترین و خائن ترین و خۆفرۆشانی کۆن و نوێی کوردە!.

**++٢ـ بۆ پاسۆکت هەڵبژاردووە؟.**

ـ بەلای خۆمەوە ؟؟؟؟ هەست و باوەڕی کوردایەتییە و تاکە ڕێگەیە و بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی کورد کە چارەنووس و قەدەرمانە.

**++٣ـ ئەی هێز و کۆڕ و کۆمەڵەکانی دیکە؟.**

ـ ئەگەرچی هەموو کەسی ـ تا ڕادەیەکی زۆر ـ هەر بەو لۆژیک / منطق و هۆشە لایەک هەڵدەبژێرێ و ئەوەی لە پێشەوە ووتم: لە نرخی کەسدا نالەنگێنێ..چۆن

گرنگێتی مێشک پێویستی چوارپەل و گوێ و «ورگ» یش ڕەتناکاتەوە!. من ووتوومە بەلای خۆمەوە.. ئەی ئەگەر وا نەبێت بۆ شتێکی دیکە نابم!.

**++٤ـ کەوابێ شیمانەی / احتمالی سەنگەر گۆرکێ هەیە؟**

ـ نەء و بە هیچ جۆرێک نەخێر.. بام حیزب فێری کردووین کە « پاسۆک « ئامرازە/ وسیلە و «کورد» مەبەستە..بەڵام بەپێی ئەو باروهەلومەرج و دراوەکانی / موعطەیاتی ئەمڕۆ و داهاتوویش هەتا « پاسۆک» بتوانێ بەردەوامێتی ڕەوتی / صیرورەی بوونی کوردی بێت،ئەم ئامرازە و مەبەستە ئاوێتەی یەکن و جوێ نابنەوە و یەک شتن.. نە «پاسۆک» ی بێ کورد هەیە و نە «کوردی» بێ پاسۆک.

**++٥ـ ئەمە دەمارگیری / تعصب نی یە؟.**

ـ نەخێر،باوەڕی بنجی و قەناعەتی ڕەهای / مطلق هۆشمەندانەیە.. ئەگەر وا نییە ئەلتەرناتیف / بدیل چی یە؟. دیار نی یە ئەگینا ئەم پرسیار و وەڵامە وا دروست نەدەبووا!. دە ئیتر شەڕی چیم پێ دەفرۆشی؟. ببوورە ، قوتابی فضول هەندێ جار حەز دەکات،ئەگەر بە «شەرفرۆشتن»یش بێت مامۆستاکەی پتر بدوێنێ..

سوپاس.. هەموومان قوتابی « پاسۆک»ین..

**<u>هاوبیر ڕێباز</u>**

**++ ١ـ دەتەوێ لەم یادەدا چ پرسیاری لە هاوبیران بکەیت؟.**

ـ ئایا هاوبیران بڕوایەکی ڕاستەقینەیان بەوە هەیە کە پاسۆک ئەمڕۆ لە دوێنێ باشترە و سبەی باشترییش دەبێت؟.

**++ مادام پرسیارەکەت لەو قاڵبەدایە..دەیکەینەوە بەگژ خۆتدا؟.**

ـ من ئەو پرسیارەم لە ڕووی گومانەوە نەکردووە. هەر شانازی و شەرەفی پاسۆکایەتیم بە من بۆئەوەی هێندەی ڕاستی بوونی خوا بڕوا بە ڕەوتی پێشکەوتوو و پیرۆزی پاسۆکە و هێندەی ئەمەش دڵنیام لە بەرەوپێش چوونی هەمیشەیی .. تەنها دەمویست وەکو برایم پێغەمبەر کە چەند باوەڕی بەخوا بووە،بەس بزانێ چۆن مردوو زیندوو دەکاتەوە.. کە وەکو من «احراج» کرا و لێی پرسرا..بۆ بڕوا ناکەیت؟.. فەرمووی: بلێ فلیطءن قلبی.. منیش باو هەزارجار با بەس با دڵم ئاو بخواتەوە. ئەمەش هەڵکەوتێکی مرۆڤە.

**++٣ـ بیر و مەچوکی «پاسۆک» دەبینێ؟.**

ـ بەڵێ

ـ دە ئیتر ئەمە بەس نی یە بۆ دڵ ئاو خواردنەوە..بەڵێ!..

**هاوبیر ملازم کەریم سەلام**

**++١ـ خەباتی دووره وڵات، لە چ خانەیەکدا دادەنرێت؟.**

ـ خەباتی لە دووره وڵات نازانم مانای چی یە؟! کە ووتت خەبات نابێت دوور لە وڵات بێ،کە دوور بوو من بەبەچوونی خۆم بەخەباتی نازانم خەڵکێک کە نەیەوێ هاوکاری ئێش و ئازاری گەلەکەی خۆی بکات هەڵدێ لە واقیع لەو باوەڕەدام کە پێی ناڵێ خەبات گەر هەرچیشی ئەیلێت چونکە دووره لە واقع و ڕووداوی سەرگۆڕەپانی / ساحەی خەبات و پووچە، چونکە هەنگاونان بۆ نەهێشتنی ئازار و ئەشکەنجەی گەل ئەبێت لەبەر ڕۆشنایی دۆخی / وەضعی گەل و شێوەی خەبات بێت نەک بە شێوەیەکی هەڕەمەکی / عەفەوی لە دوورەوە سەنگەربەندی بۆ بکەیت. خەباتکەر ئەبێت قاڵبووی ناو ناو ئێشوئازاری گەلەکەی بێت نەک وەک کاکی هەڵاتوو ئەگەر چاک هاتی هاوکارە و شتێکی چاکە ئەگەر کوشی هەڵە و خواری و ڕووی نالەبار هاتی ڕێی لەوە تەرییە. خەبات قسەی قەڵە و هاژوهوژە نییە وەکو هەڵاتووەکانی ساحەی خەبات لێی تێگەیشتوون بەڵکو خەبات خوێن دانە ئازار و ئەشکەنجەیە نەک دانیشتن کۆڕی خواردنەوە گەرم کردن و ئەرتیست هەڵبژاردن لە گەڵیشیا فرمێسکی درۆ هەڵڕشتن بۆ گەل و نیشتمان و ڕەخنەی هیچ و پووچ لە خەباتکەری ڕاستەقینە بۆچی وای نەکرد و ئەبوایە وای بکردایە ..و نەفامە و گێلە و خۆی بەگێل و نەفام نازانێ خۆشی کاتییەکەی خۆی ئەگۆڕێتەوە بە کامەرانی هەتا هەتای گەلەکەی گەلەکەی من بەش بە حاڵی خۆم هەموو ڕەخنە و پێشنیازی کاکی هەڵاتوو بە باوبژە ئەزانم ،جا ئەوانیش چی ئەڵێن با لە وورگی خۆیان بدەن.. ببوورن مەبەستم ئەو کەسانە نییە کە بەکاری پێویستی /زەروری شۆڕش دورن لەسەر ساحەی خەبات چونکە کاری ئەوان هەڵاتن نییە بەڵکو خەباتە.

**++٢ـ چ پێشبینییەک بۆ داهاتووی پاسۆک دەکەیت؟.**

ـ داهاتووی پاسۆک وەکو لای من ڕوونە لای هەموو کوردێکی دۆست بە کورد هەروا ڕوونە. ڕوونیەکەی لەوەدایە کە ڕێباز و فەلسەفەی پاسۆک هەڵقوڵاوی ناو ئەشکەنجەی گەلی کوردە شتێکی هاوردە / استیرادکراو نییە بسەپێندرێ / فرض کرێت بەسەر خواستی گەلدا جا لەبەر ئەوە بەرنامەی پاسۆک تینوێتی گەلی کورد ئەشکێنێ. جا ڕێبازی خواستی گەلی بەو شێوەیە تیا ببینرێت شتێکی مسۆگەرە / حەتمییە هەر دوارۆژی ڕوون دەبێت.

**++٣ـ ئامۆژگاریت بۆ هاوبیران چی یە؟.**

ـ تێبینی من بۆ هاوبیرانم هاندانە بۆ جۆشدانی خەباتی زیاتر برەو بدەین بە بیری نەتەوەیی ئەوەی لە تواناماندا بێت درێخی نەکەین لە خەبات،خۆڕاگر

بین بەرانبەربەو کۆسپانەی دوژمنانی نەتەوەکەمان سازی دەکەن  پێویستە زۆر وریاتر بین لێیان.

++٤- وەک دەزانن شۆڕشی ئەیلوول لە ڕووی سیاسییەوە بوو بۆسەیەک بوو دوژمنانی گەلەکەمان بۆ شۆڕشی مەزنی کوردی نابووە،بەڵام نەزانی و گێلی سەرکردەکەی و وابەستەیی چاوی کوێرکردبوون هیچ  ئاگایەکیان لە دواڕۆژی شۆڕش و نووچدانی نەکردبووەوە بۆیە بەلایانەوە ؟؟؟؟بوو ئەبوایە گەر لێوەشاوە بوونایە زووتر هەستیان پێ بکردایە بەڵام پاش هەموو شتێک ئەو ڕۆژە ڕەشەمان دی و تێپەڕی بەسەرماندا و گرنگ ئەوەیە لە شۆڕشی نوێماندا وانە . دەرسی لێ وەرگرین بیکەینە قوتابخانەیەک لە کۆتاییدا ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ زۆر لە لایەنە سیاسییەکانی گۆڕەپانی خەبات نەک هەر دەرسیان لێ وەرنەگر؟؟؟؟؟؟؟ زیاتریشەوە هەوڵ ئەدەن و هەوڵیان داوە بۆ خستنە باوەشی بێگانەوە زیاتر کە شۆڕشی ئەیلوول کە دەمیش ئەکەنەوە زیاد لە پێویست خۆیان لە تاوانی هەرەسی ئەیلوول لائەدەن بەڵام گەل بە ئاگایە لە هەموو ڕەفتارەکانیان.

**++٥- کام ئاواتەی شەهید «ملازم محمد شەوقی؟یت هێناوەتە دی؟.**

- ئاواتی هەرە گەورەی شەهیدی نەمر (کوردستانێکی ئازاد و گەلێکی یەکسان ) بوو. ئەوەی لە توانای ئێمەدایە کارکردنە بۆ گەیشتنی گەلمان بۆ ئەو ئاواتە گەورەیە.. کە ئاواتی شەهید محمد و هەزاران شەهیدی تره و هەزارانی تریشی ئەوێت،بە سووربوونمان لەسەر خەبات و جۆشدانی و بە پشتیوانی  گەلی کورد هەر ئەگەینە ئەو ئاواتە وەکو ئەڵێن: هەر کاروانێ بۆ پرشنگی خۆر بڕوانێ کەم بێ یا زۆر ئەگەنە خۆر!).

**<u>هاوبیر ئازاد</u>**

**++١- بۆچی یازدەی ئەیلوول بۆ ڕۆژی نوێ بوونەوەی حیزب هەڵبژێردرا؟.**

- هەڵبژاردنی یازدەی ئەیلوول بۆ ڕۆژی نوێ بوونەوەی حیزب ،لە خۆڕا نەبووە.. لە گێژاو و تاسینی کارەساتێکی وەکو هەرەسدا.. هەروا ئاسان نەبوو لەو ڕۆژە تاریکەدا ئاسۆی پاشەڕۆژێکی مەزن بەدی بکرێت..چ جای ئەوەی هۆش نەکەوێتە بەر ئەژنۆ و نائومێدی شەپلە ؟؟؟؟ لە بیرکردنەوە نەدات.. بۆیە ١١ی ئەیلوولی ١٩٧٥ هەمیشە وەکو هێما / ڕەمزێکی مەزن و نیشانەی سەربڵندی ڕەسەنی نەتەوایەتی و بەوەفایی ڕۆڵە نەتەوەییەکان و بیر و هۆشی بەرچاوڕوونی سووربوون و کۆڵنەدانی حیزبمان دەمێنێتەوە..نەک ئەو ڕۆژە،ئیمرۆ هەیە وەک جۆگەلەیەکی قووڵ؟؟؟تف لەسەرچاوەی خۆی دەکات!.

ئێمە پێمان وایە مێژوو و بوونی نەتەوەکەمان زنجیرەیەکی نەپساوی هەردەم هەڵکشاوە و دوا ئەڵقەی هەموو خەباتی شۆڕش و هیانبازییەکی کورد،لە شۆڕشی ئەیلوولدا خۆی ڕواند بوو،بۆیە دەبوایە هەر کارێکی کوردانە لەو خاڵەوە / نوقتەیەوە هەڵچووایە،ئەگینا لە بێ ڕەگوڕیشاڵ لەقتر و ووشک تر دەبوو.. هەربۆیەشە ئەوانەی - لەبەر هەر هۆیەک........ دەیانەوێ بەسەر ئەیلوولدا هەنگاو هەڵنێن..لە گۆماوێکی لیخنی بێ سەرچاوە دەچن، زوو یا درەنگ هەر بۆگەن دەبن.. مانەوە و بەردەوامی و نوێ بوونەوەی هەمیشەیی، سەرچاوەی دەوێت.. ئێمەش لە جووتە سەرچاوەی» ئەیلوول» و کورد بەردەوام تر و پاک و پیرۆزتر شک نابەین.ئەو هەڵبژاردنەی پاسۆک  بۆئەوە بوو کە دۆست و دوژمن بزانن، کورد لە « الجزائر» دا ..تەواو نەبوو! ژانێک بوو بوونێکی پێشکەوتووتری تێدا ڕسکا..لە تاریکیدا لەدایک بووینە بەڵام ڕووناکیمان لەگەڵ خۆ هێناوە و دەبێ لە ڕووناکیدا بژین..

**++ ٢- پاش شەش ساڵ چی بە بیرتا دێت؟**

- ئەو ڕاستییەم لا قوڵتر دەبێتەوە کە حیزب دەڵێ: « مرۆڤ تاکە هۆکاری/عاملی ئەرێنییە / ئیجابی یە. لەم گەردوونەدا.»مەگەر هەر « مرۆڤ» بێت بتوانێ ئەو شەقاوە گەورانە بنێ کە حیزبمان ناوێتی، لە شەش ساڵی سەخت و دژواردا تەلارێکی وا بنیات نرابێ بەرگەی سەدان ساڵ بگرێت بانغەی وا داڕێژرابێت کە گاڵتە بە ئەقڵی ئەوانە بکات کوردستانی گەورەیان پێ ئەفسانەیە.

**++٣- چ دەڵێی « بەردی زل هەڵگرتن نیشانەی نەهاوشتنیەتی»...**

- من باوەڕم بە بە فەلسەفەیەکی مرۆڤانەی وایە کە هیچ بەردێ لەبەرخوازی مرۆڤدا زل نییە! تا هەڵگرتنی نیشانەی هاویشتنی بێت! تەنها ئەو کەسە بەشێکە باوەڕ بەخۆ نەبووانەن کە پێیان وایە لە خەڵکی کەمترن! و بیروڕێبازی پووچیان لە « مرۆڤ» ێتی شتوونیتیەوە.

ئەگەر بە حسێبی بارزگانێتی ئەم سەنگی زل و قەبە و قورسە بکێشرێ،دیارە قەپانی ئەوانەی عومریان لە بنیاتی تەلار و ناز و نیعمەتی خڕکردنەوەی سامانی مفت دا بەخەرج دا و نایخوێنیتەوە چڵێ پووسی خزمەت پشتی ووشتری بەرژەوەندی ئەوان دەشکێنێ.. ئەمانە ئەگەر بۆیان بکرێتمیلی کات دەوەستێنن نەبادا پلاکی ڕۆژگار بەری کەوت بیانگرێتەوە. بەڵام کەسێ کە نەک هیچی نەبێ تا لەدەستی چی ..بەڵکو ئامادەش بێ لەو هیچەش هیچی نەمێنێ،ئیتر زاراوەی گەورە و گچکە و سەخت و سفت لای چوون یەکە! مێژووش هەر بازووی ئەمانە دروستی کردووە.یەک دنیا پەرست نەبووە و نییە بەردێکی خستبێتە سەر دارێک هەر ئەوانەن کە شەق لە دیلێتی و ژێردەستەیی تاریکی هەڵدەدەن..

خۆری ئازادی و ڕزگاری و یەکسانیان لیَ هەڵدیَت! جگە لە هەموو ئەمانە،بەردی زل هەڵگرتن لە هیچ هەڵنەگرتن و زەندەق چوون پیاوانەتر و مەردانە تر نییە؟!.

براکەم.. ئەو بەردەی ئیَمە هەڵمان گرتووە کە لای کەسانیَ زلە و ناوک خەرە! پیَش ئیَمەش هەڵگیراوە و کەسیشی لە بندا نەپساوە و نەتاساوە.. ئیتر زەندەق چوون لیَی جگە لە هەستی پەستی و بڕوا بەخۆ نەبوون.. ئەوپەڕی ترسنۆکی و بوودەڵەییە! و تەواو ..ئەگینا بۆ کابرایەکی موسڵمان ،پیَی وابیَت ،دەتوانیَ عەرش و قورش لیَک بدات هەموو سەرزەمین .....لە یەک سایە و ساباتدا کۆبکاتەوە و کۆمونیستیَک هەوڵ دات هەموو زمان و خاک و نەتەوەکان تیَک هەڵشیَلیَ و بیانکاتە یەک پارچە و هەموو کریَکارانی دنیا کۆوەکات!.. و دیموکراتیخوازی حکومەتی کاپیتالیستی جیهان خۆر بکاتە ریش سپی دنیا؟... هەر هەمووشیان لە مەبەستیَکی دەست هەڵیَنج پتر خۆی بۆ بکوتن.. سەنگی «مەعقول» و بەردی نیَو ئاو بیَت.. بەڵام کوردیَک هەوڵ بدات ماڵی میراتی باب و باپیری لەدەست هوبەی دزان وەستیَنیَ، وەک هەموو ئەو خەڵک و خوایە لە سنووری نیشتمانەکەی خۆیدا بە ئازادی بژیَ.. بەردی زل هەڵگرتن بیَت<!.

خۆ هەرکام لەوانەی پیَشوو ـ ئەگەر بشیەنە دی !!ـ وەک هەنگاویَکی سەرەتایی و لۆژیکی / منطقی و زانستی / عیلمی دەبیَت ئەو بەردەی کیانی کوردییە لەسەر دڵیان نیَن!!.

تروتسکی مەزن دەڵیَ: ئەوەی لەبەردەم دیَفاکتۆ / امرالواقع دا بچەمیَتەوە پیاوی ئەوە نییە نەخشی داهاتوو بکیَشیَ..

**++٤ـ کوردستانی گەورە ..خەونە؟خەیاڵە؟ گڕووی منداڵە؟..یان عەتمیەتیَکی میَژوویی؟**

ـ بەڵیَ خەونە بۆ ئەوکەسانەی هەموو شتیَکن بەس کورد نین!

ـ خەیاڵە لای ئەو کەسانەی کە قورمیش کراون و بووکە شووشەی سەر شانۆی / مەسرەحی سیاسی و پەتکی سەروپەلیان لەو دیو پەردەوە بەدەست یەکیَکی دیکەوەیە!.

ـ گڕوگرتنیشە لای ئەوانەی بابیشیان دەریَنیَ بە مشتیَ پول ژیر دەبنەوە!.

ـ حەتمیەتیَکی میَژووییە لای ئەوانەی کوردن و کورد بە سەپانی بابی کەس نازانن..

لە قورئانیشدا هاتووە کە : وکل حزب بما لديهم فرحون!.هەر یەکیش لەم دەستدانە شاییانە بە خۆیان و ڕۆژگاریشمان لە بەیندایە!.

**++٥ـ گەورەترین پلان لەسەر کورد بەچی دەزانن؟.**

ـ پلان زۆرن و زۆریشیان گەورەن،بەڵام هەر هەمووی و ئەوانەی کە تا ئیمڕۆش لە فابریقەی ئیمپریالیزم و داگیرکەرانماندا دەرچوون لەو ماکەوە سەر هەڵدەدات کە هەموو شتیَ بین بەس کورد نەبین!.

هەواڵنامەی کتیب

**چار چییە؟و چۆن بەریان پێ دەگیرێ؟.**

ـ دەردەکە چەند کوشندەیە و پلانەکە چەندە سەختە چارەکەی ئەوەندە ئاسانە،؟! حیزبمان لە دروشمی بالای خۆیدا ئەو چارەیەی بەردەست خستووە..کە )پێش ئەوەی هەر شتێ بین..دەبێ کورد بین)ە.. شتێکی یەکجار ئاساییە ( نەتەوەیی بین، سۆشیالیست خوازبین.. مارکسی بین.. دیموکراسی بین.. خواناس بین.. برا هەندێ ماسۆنیش بین.. بەس پێش هەموو ئەمانە کورد بین) و لەبەرخاتری کورد ئەمانە بین نەک لەبەرخاتری ئەمانە کورد بین.. هەموو دنیاش هەروایە و هەروایان کردووە.

**++ ٦ـ کام ئاواتەی شەهید کاکە «فەتاح»ت هێناوەتە دی؟.**

ـ من ئەگەرچی قوتابیەکی بچووک و گوێ ڕایەڵی ئەو مامۆستا مەزنەم، بەڵام بڕوا بە خۆم بهێنم بتوانم بچوکترین ئاواتی ئەو گیانە بڵندە بێ نموونەیە بهێنمە دی..

شەهید فەتاح دنیایەکی ئەوەندە مەزن و بێسنوور / نامحدود بوو، محدود ناتوانم سێبەری ئاواتەکانیش بم، من ئەوەندەم شەرەف لێ زیادە کە مامۆستای ڕابەرم بە قوتابیەک ڕای گرتبووم،ئەوەندەی پێشم بکرێت ئەو پەیمانی مامۆستا و قوتابییەیەی........چی لە ئاستی ئەو تروپکاییە پێ ناگووترێ!.

**++٧ـ کێ لە هەقی خۆی زیادی دراوەتێ؟.**

ـ ئەو کەسەی کە لەسەر بزووتنەوەی کوردایەتی حسێبە و لەسەر میز نەبێت کوردی بیر ناکەوێتەوە؟.

ناوەکانیان؟... ناوی زل و دێیی وێرانن..بە قوڕاچن!.

**++٨ـ ئەی خەباتی «ئەوروپایی»انە؟.**

ـمن پێی دەڵێم «چەقەنە» ..کێش پێی قالش بێتەوە کوردستان یەخەم بگرێت! ئەگینا با هەر سیر بخۆن و زووڕنا لێ دەن! بەلای منەوە سەدجار دەیان کەم بە قوربانی ئەو پیرێژنەی چۆڕە دۆیەک دەکات بەدەمی پێشم بۆەرگەیەکەوە.. ئەو سیپاڵانە ببن نەبن چن؟!..دیارە تەنها مەبەستم لەوانەیە کە لەناو وڵاتدا پێویستی بوون و دەوریان پێویست تر و کاریگەرترە،بەڵام یان بە بیانوو و بەهانەی پووچەوە خۆیان لەئەوروپا بزمار کوت کردووە،یان لەهۆڵی مەڕمەڕی و سەری گەرمدا لە دوورەوە گەپ دەکەن.. بەڵام ئەوانەی چ بۆ خوێندن و چ بە پێی بەرنامە و پلانێکی دیاری لەوێ درێژە بە خەباتی وڵات دەدەن،بەشێکە لە خەباتی نێو وڵات.

## هەویری پەموو!!

ڕێویەکی پیری بە فێڵ ووتی بە یەکێ جحێڵ
تاژیەک هەیە ئاشنامە وا بۆم نووسیووە نامە
بیبە و وەڵام بێنە سەد کەوم لێ بستێنە
هەویرت بێ موو نی یە چەقاڵتەت ێ لوو نی یە
کرێی زۆر وکاری کەم من خۆم دەبێ تێی بگەم
تۆ گۆشت کەو نادەی بە من گۆشتم دەدەی بە دوژمن !!

هەژار

هەواڵنامەی کتێب

## شادەمارە سەرەتاکانمان

**٧- لەگەڵ دیاریکردنی مافی چارەنووسی هەموو میللەتانی جیهانین ، بەتایبەتی ( باسک و بلوچ و فەلەستینی و ئیرلەندی..).**

**<u>نەتەوە و نەتەوایەتی:</u>**

نەتەوە کۆمەڵە مرۆڤێکن کە کردەیە/ عەمەلیەکی مێژوویی خۆڕسک پەیدا دەبن، حاڵەتێکی دەروونی و ویژدانی نێزیکی و خۆشەویستی کەسایەتی و خۆ بەکەس زانینی نێو کۆمەڵگەیەکە کە لەسەر بناغە و زەمینەی هاوبەشێتی و یەکێتی ( زمان، نیشتمان، مێژوو، هەست و نەست و داب و دەستووری کۆمەڵایەتی) هەڵچووە .. ئەمانەش بەخۆ و ماک و مەرجەکانی ( نەتەوە) دەژمێردرێن و پێویستی بۆ بوونی کۆمەڵێک بە ( نەتەوە).

کە ( پێداویستیەکانی ژیان و مانەوە و پەلەی ژیانی نێو دەروونی مرۆڤ وای کردووە بۆ پتر خۆقایم کردن و خۆپاراستن لە ناهەمواری و سەختی سروشت و ژیان و ( دەوروبەری دژی) لە یەکدی نێزیک ببنەوە و خۆ بدەنە پاڵ یەکدی و کۆمەڵی جوێ جوێ دروست بکەن و پێویستی پێکەوە ژیان و لێک تێگەیشتن" زمان" ی وەک ئامرازێکی لێک تێگەیشتن و بیر گۆڕینەوە ی دروست کردووە و پێکەوە ژیانی ماوەیەکی زۆر پێکەوە، شێوە و جۆری ژیان و ململانێییان وای کردووە کە جۆرە هەستێکی هاوبەش و لێک چوو دروست بێت لە نێوانیاندا و بەسەرهاتی ژیان مێژووی بۆ دروست کردوون و شوێن و جێگای ڕاوشکار و حەسانەوە و مانەوەیان خاکی سەر بە ئەوان و خۆیانی دیاری کردووە و بەرەبەرە کۆمەڵێکی تایبەتی و جیاواز لە کۆمەڵێکی دیکە دروست بووە کە لە زۆر شتی زیندووی ژیاندا ( زمان و خاک و هەستی هاوبەش و مێژوو) جوێ بوون..

ئەمە سەرەتای ساکاری دروستبوونی نەتەوەکان بووە، کە هەر نەتەوەی لە سنووری ئەو خاکەی خۆیدا هەوڵی ئەوەی داوە بەسەربەستی بژی گەر بۆی لوا بێت پەلی بۆسەر خاکی دیکە هاویشتووە.. شەڕ و هەرا و خۆخۆری دەستووری ژیانی سەختی ئەو سەردەمانە بووە، بە پێشکەوتنی مرۆڤ و فراوان بوونی ئاسۆی بیرکردنەوە و هەست و هۆشی مەسەلەکانی مینۆکی/ مەعنەوی ( خۆشەویستی و هاریکاری و دادگەری و ئاین و مرۆڤدۆستی بە مانا ساکار و سەرەتاییەکانییەوە) خۆیان ترنجاندووەتە ژیانی مرۆڤەوە.. جا ڕۆژگار خولێکی دەدا مرۆڤ لە لایەنی ڕۆشنی ژیان و بوونی نێزیک تر دەبووەوە و دەستوورە دڕندانییەکەی لە پاش خۆوە

بەجێ دەهێشت، زۆرجارانیش ڕۆچوون / انتكاسە لەم بارەتەوە ڕووی دەدا و مرۆڤ لە بەرژەوەندیە مادیەكانی بەرگە دڕندانیەكەی لەبەر دەكردەوە بە لۆژیک/ مبطقی باو و باپیرانی ڕەفتار/ تەعامولی دەكرد..!)

پەلەی ژیان و دەستووری هەرگیز نەگۆڕاو و بنج داكوراوی قوڵایی دەروون و بوونی مرۆڤ بووە و دەبێت. دروستكەر و داهێنەر و ماكەكانی ( نەتەوە) یە، كە بە عەمەلیەكی مێژووكردی خۆڕسك پێویستی بوون و مانەوە بەرەبەرە ئەو ماكانە سەر هەڵدەدەن و گەڵاڵە دەبن و دەخشملێن.. تا دین پتر گەشە و نەشونما دەكەن و ڕەگ دادەكوتن.

ئەم چوار ماكی نەتەوەیە( زمان، نیشتمان، مێژوو، هەست و نەست و داب و دەستووری ( كۆمەڵایەتی) هاوبەشە، بنەما و بناغە مادیە پێویستیەكانی نەتەوەن، بەڵام دیسانەوە دەمێنێتەوە هەستی دەروونیە، خۆ بە ( نەتەوە) زانیەكە تیرەی بڕبڕەی بوونی نەتەوایەتفیە، بێ ئەو هەست و نەستە هۆشدار و بێ هۆشانەیە/ الواعی واللاوعی ئەو ماكانە ناتوانن خۆیان بە ( نەتەوە) یەک دروست كەن و ئەیپارێزن و بەردەوامیی پێ ببەخشن، هەمیشەش وەكو گیانێكی مردوو دەمێنێتەوە كە بەرەو نەمان و لێک ترازان دەچێت..

ئەگەرچی ئەو هەسرە لە زەمینەی ئەو ماكانەوە هەڵدەقوڵێن و پتەو دەبن، بەڵام هەر خۆیەتی كە ئەوانە پێكەوە گرێ دەدات و مەفهومێكی فەلسەفی و كۆمەڵایەتی و ژیاری و ژیانی دەداتێ.. بۆیە دەروانین هەستی خۆ بە ( نەتەوە) زانی بە مەرجی هەرە گرنگ و مینۆكی/ مەعنەوی بوونی كۆمەڵێک بە نەتەوە دابنێین و بێ ئەم مەرجە و ماكە مەعنەویە ( نەتەوە) نارسكێ.

ئەم ماكە مەعنەویە( هەستی خۆ بەنەتەوە زانینە) هۆكانی دالەنگاو و شەقڵ نەبەستووی تری( زمان، نیشتمان، مێژوو، هەست و نەست و دەستووری كۆمەڵایەتی) یان پوكاوەی تێ دێنێتەوە و ڕاست دەكاتەوە و هەتا دروستیش دەكات، یان دەبێتە هۆی دابڕان و جیاوازی و لێک ترازان.. وەكو ئەوەی ( پاكستان) و (هندستان) و (بەنگلادیش) كە هەندێ هۆی ئایینی و كۆمەڵایەتی و مێژوویی دەستیان بووش لە كزكردنەوە و كپ كردنەوەی ئەو هەستە. بۆیە لەگەڵ بوونی چوارماكە ماددیەكەی تریشدا وەكو سێ (نەتەوە)یجیاوازن.. ئەم هەستەش خۆوتست و هەڵقوڵاوی ناخانە.. هۆی تری پاڵدەر و پتەوكەر و بنج داكوتەر هەن، بەڵام سەرەكی و پێویست نین، وەكو (ئاین ),(ڕەگەز),( ئابووری هاوبەش و یەككگرتوو)، بە مانا ئەگەر نەتەوەیەک (ئاین) ی خۆیان و سەربەخۆ و جیاوازیان هەبێت پتر پتەو دەبێت و زووتر و دیاری تر ڕەنگی خۆی دەڕێژێ و ڕەنگ و ڕواڵەتی نەتەوەی كورد پێوە دیار دەبێت.. بوونی چەند (ئاین)و مەزهەبێكی جیاجیا پێشكەوتن و سەقامگیری ئەو نەتەوەیە دوا دەخات

و هەتا دەشتخاتە بەر مەترسی پەرت پەرت بوون و لێک ترازان ، وەکو (هندستان و پاکستان و بەنگلادیش).. بەڵام هەمیشە ئەم تین و تاو و ڕۆڵەی ئاین بەو جۆرە کاریگەر نابێت، ئەگەر چەند هۆیەکی تری لاوەکی و ناوەوەی ماکە بنەڕەتییەکانی (نەتەوە) یارمەتی نەدات، چەوساندنەوە و جیاوازی و جیاکارری و پیلانەکانی نێو دەوڵەتانیش ڕۆڵی گرنگی تێدا دەبینن. دکتۆر عەبدولرحمن قاسملۆ لەم بارەیەوە دەڵێ: ( ئەوە ڕاستە کە ئاین یەکێک لە دیاردەکانی نەتەوە نییە، بەڵام تەئسیری ئایین لەسەر سەقامگیربوونی نەتەوایەتی کورد لەو نموونەی خوارەوەدا تەماشا بکەین: لەگەڵ ئەوەی ناوچەی کرماشان لەباری ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە زیاتر پێشکەوتووترە ، جوڵانەوەی نەتەوایەتی لە مەهاباد زۆر بەهێزترە چونکە کوتدەکانی مەهاباد سونین و کوردی کرماشان وەک فارس شیعەن..) یان ڕاست دەکات کە دەڵێ:

(هاوبەشی ئاینیش یەکێک لەو هۆیانە بووە کە پێگەیشتنی نەتەوەی کوردی وەدواخستووە ، چونکە ئیسلام وەک ئایینی هاوبەشی گەلانی موسڵمان کراوەتە پەردەیەک بۆ داپپۆشینی زوڵم و زۆری نەتەوایەتی خەلیفەکانی بەغدا و پاشان سوڵتانەکانی عوسمانی کە ئەوانیش نەخشی خەلیفەیان دیاری کردووە). دیارە لەگەڵ پێشکەوتن و فراوانبوونی ئاسۆی بیر و هۆشی کۆمەڵ فراژووبوونی ماکەکانی نەتەوە و بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی ، ئەم تین و تاوە نەرێنی/ سلبییەی ( ئاین) یش دەوری نامێنێ .. لەسەردەمی پێشکەورووی ئیمڕۆدا بیری نەتەوایەتی و ڕێکخراوە سیاسییەکان دەتوانن بەتەواوی ئەم لایەنە بپوکێننەوە، هەر بۆ نموونە سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان " لە کوردستانی باشوور» شیعە بووە و چەندین کرستیانی/ مەسیحی و یەزیدی کاربەدەست و لێپرسراوی گەورەی شۆڕشیش بوون بێ ئەوەی هیچ خوێندەوارێکی سلبی هەبێت.. هەروەها هاوڕەگەزی کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا باوی بووە و تا ڕادەیەکیش _ بۆ ئەوسا_ مۆرکی تیۆریکی زانستیشی پێوە بووە، بۆ نموونە هەتا ماوەیەکی زۆریش ئنگلزEngles باوەڕی پێ بووە..تا ئەم ڕۆژانەش کەم تا کورتێ هەن بۆ مەبەستی داگیرکەرانە و شۆڤێنیانە لەژێر پەردەوە بانگی بۆ هەڵدەدەن ، وەکو بەعسییەکان...

بەڵام بەندوباوی ڕەسەنی باڵا و خوێنی پاک و هەراشایەتی / التفوق چ جێ پێیەکی نەماوە لە ڕووی زانستی و فەلسەفییەوە و ڕووی بازاڕی و نێو خەڵکیشی نییە ئەفەر چی هەمیشە چەکەرەکردنی ئەم جۆرە هەست و بەخۆ نازینە کۆنەپەرستانەیە لە ڕیزەکانی سەرەک وەزیرانی تورک بە ئاشکرا لە پەرلەمانی تورکیادا ووتوویەتی :(( من هەستی خۆم ناشارمەوە، دەڵێم تورک خۆی گەورەی ئەم وڵاتەیە، ئەوانەی کە بە ڕەگەز تورک نین،.. هیچ مافێکیان نییە تەنها ئەو مافە نەبێ کە نۆکەر و عەبد

بن)). زۆر لە داگیرکەرانی کوردستان - لە کۆن و نوێ دا- ئەم بنێشتەیان جووتەوە، جا لەژێر ناو و دەربڕینی/ تەعبیری جیاجیادا.. بەڵام لەسەرتاسەری مێژوودا ئەم ڕەگەزپەرستییە جگە لە ملشکانی خۆ شتێکی لێ شین نەبۆتەوە..

لەگەڵ ئەوەشدا کە یەک ڕەگەزایەتی و هاونەژادی هۆیەکی پتەوکردنی نەتەوەیە، نەک وەکو مەفهومێکی فەلسەفی ئایدۆلۆژی، بەهۆی تێکەڵاوی و ژن و ژنخوازی و کۆچ و ئاین و پەیوەندییەکانی دیکەی نێو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی قۆناغی گەلاڵە و دروستبوونی نەتەوە لەو خێڵ و هۆز و گەلانەی نەتەوەیەکیان پێک هێناوە و ئەو شەپۆلانەی لە کۆنەوە بەسەر ئەو گەلانەوە بووە، لە ڕووی زانستیەوە، ناتوانرێ هەموو ڕۆڵەکانی یەک نەتەوە بگێڕتنەوە سەر یەک ڕەگەز و ڕەچەڵەک..

ئابووری هاوبەش و یەکگرتوو و یەک شێوەیی بەرهەمهێنان / النمط الانتاجي الموحد وەکو هۆیەکی پاڵدەر و پتەوکەری ( نەتەوە) و (نەتەوایەتی ), لەبار و هەلومەرجی تایبەتیدا ، گرنگیتی خۆی هەیە، بەڵام نە هۆیەکی بنەڕەتی و نەخەسڵەتێکی بنچینەیی/ ئەساسی نەتەوە نییە و بوونی کۆمەڵێ خەڵک بە نەتەوە چەند پەکی کەتووە لەسەر " ئاینی هاوبەش" کەمتریش لەمە پەکی دەکەوێت لەسەر (ئابووری هاوبەش و یەکگرتوو).. هێنانە پێشەوەی ئەم هۆیە بە یەکێ لە هۆ بنجی و بنەڕەتییەکانی " نەتەوە» جگە لە هەڵوێستێکی سیاسی و ئایدۆلۆجی ڕووت چاتر نییە و فڕی بەسەر زانست و و (واقع) ەو نییە و بە زۆر بەستنەوە و مێخ کوتانی (نەتەوە) یە بە ماکێکی ئابووریە و ... کە بەلای فەلسەفە و ڕێبازێکی دیاریەوە، دەبێت خوێی چێشت و هەوێنی هەموو دیاردەیەک بێت.. سەیریش لەوەدایە کە ئەم بۆچوونە هەزار و یەک بارە بە درۆ دەکەوێتەوە کەچی خۆیان بەو بۆچوونە نادروستە وە ئەنووسێنن و زۆر جاران " حیلەی شەرع" و «پینەوپەڕۆی" وای بۆ دەکەن هەروەکو ئەگەر تیورەکە لەبەر ڕۆشنایی واقع ڕاست بکرێتەوە- کە خۆی داوای ئەوە دەکات کە واقع سەنگی مەحەکی تیور بێت- دنیا ژێرەوژوور دەبێت و فرمایشتە ئاسمانییەکە وا دەلەنگێ.. کە بەلای ئێمەوە هەڵوێستی وا نەک هەر زانستانە نی یە و تەواوی زیان لە تیوریەکە دەدات نەک واقعەکە چونکە تیوری شەرع دانی واقعە و ناتوانی  ئەگەر جووت و دروست نەبێت کاری تێ بکات.. ئەو تیورە بە ڕاست کردنەوەی لەبەر  ڕۆشنایی ڕاستیە بەرچاو و زانست و واقعیانەکەدا گیانی  زانست دۆستی و خزمەتگوزاری سەردەخوات... بچووکترین بەڵگە بۆ پووچاندنەوەی ئەم بۆچوونە ئەوەیە ئەگەر ئەو هۆیە بە ڕاست بگیرێ دەبێ (دەوڵەت) و (کیانی سیاسی)ش ببێتە هۆیەکی بنجی و سەرەکی (نەتەوە)، بەڵکو پێشتریش لە هۆ ئابووریەکە، چونکە (دەوڵەت) کە ئابووری هاوبەش و یەکگرتوو دروست دەکات!! کە ئەمەش مەحاڵە!.

# دروست بوونی «نەتەوە» و «نەتەوایەتی»

سەرەتای دروست بوونی نەتەوەکان دەگەڕێتوقو بۆ ئەو ڕۆژگارانەی کە مرۆڤ شەقاوی گەورەی پێشکەوتنی خۆی ناوە، لە بار و هەڵکەوتی ژیانی نێو ئەشکەوت و بەندەن و کۆچەرایەتییەوە بۆ ژیانی شارستانێتی و جێگیربوونی..ئەو کۆمەڵە خەڵکە لە شوێنێکی دیاری و دروست کردنی گوند و شارۆچکە و ئاوەدانی ،زەمینە گەلاڵەبوون و پێ گەیشتن و کامڵ بوونی هەموو ماکەکانی دیکەی نەتەوایەتی وەکو ( زمان و مێژوو و هەست و نەست و داب و دەستووری) هاوبەشی خۆش تر و پتەوتر کرد،بۆیە مەڵبەند و جێگە و نیشتمان دەتوانرێ بە ماماني هۆ و ماکەکانی دیکە بزانرێ و ئەم ڕاستیە لە ووشەی (Nation) ی زمانە ئەوروپایەکاندا کە بۆ "نەتەوە" و "نیشتمان" بەکار دێت بە ئاشکرا دەردەکەوێ.

دیارە ڕۆژگارانێکی زۆر پێویست بووە بۆ تەواو ڕەنگ ڕشتن و دەرکەوتن و شەختە بەستنی ماکەکانی نەتەوە و کامڵ بوونی نەتەوە و سەرهەڵدانی هەستی نەتەوایەتی،کە بەتەواوی چەند سەدەیەک پێش زایین بەتایبەتی و پێکەوە ژیان و تێکەلاوتنی قاڵی سەرەتایی و ساکاری خۆی گرتووە ئەمەش بە ئاشکرا لە هەست و نەست و ڕەفتار و هەڵسوکەوت و چالاکیە کۆمەڵایەتیی و فیکرییەکانی یۆنانەکاندا دەردەکەوێ، جۆرج سارتون لە " مێژووی زانست" دا دەڵێ: ژیاری یۆنانی لەگەڵ باڵادەستی نەتەوایەتی و سیفەتی جیهانگەرێتی ڕەسەنیدا بە سازگاری و ڕەسەنایەتی مابووە،کە شانازی بە حازر و بڕوای بە داهاتوو و نەتەوایەتی یەکی ساکار دەبزواند).

هەر ئەم هەستە ساکار و مەترسی بێگانەیە و دەست درێژیەی فارسەکان بوو لە کۆتایی سەدەی پێنجەم و سەرەتای سەدەی چوارەمی پێش زاینیدا هەموو یۆنانەکانی یەک خست و سەربەخۆیی و بوونی میللیانی پاراست.. ئەم گیان و هەستی نەتەوایەتییە لەوپەڕی بڵندی و سازگاریدا لە پارچەیە هۆنراوەی سیمۆنیدس Simonites دا دەردەکەوێ کە لە ناوەڕاستی سەدەی چواری پێش زاییندا بۆ یادی شەهیدانی ترموپیلای Thermmeplaeنووسیووە،کە لە ساڵی٤٨٠ پێش زاییندا لیونیداس و سێ سەد سوارچاکە ئەسپرتیەکانی لەشکری یۆنانی لە گەرووی ترموپیلای بەرسنگی سوپای فارسەکانیان گرتبوو و تا دوا پیاویان نەکوژرا نەیانتوانی بەسەر لاشەکانیاندا نەبێ تێپەڕن.. کە دەڵێ:؟ ئەوانەی کە لە ترموپیلای کوژران،تیاچوونیان مەزن و بەختیان جوان بوو . گۆڕیان ڕووگەیە: پیاوان نامانەوێ بگرین بۆیان ،با ڕێزیان بگرن و ستایشیان کەن، نەک بۆ بەختیان شین بکەن. ئەم مەزارە نە گۆشەگیری

و نە ڕۆژگاری کە هەموو شت لە بن دێنێ،دەتوانێ لە بیرمان وەبات،ئەمەش هەقی خۆیانە لە مەزارەکانیشاندا ئەو "سەروەری" یە دانراوە کە لە یۆناندا ڕسکاوە. ئەمەش "لیونیداس"ی ئەسپەرتی شایەتی بۆ دەدات کە لە داستانەکەدا هەمیشە تاجەگوڵینەی جوامێری دەژیەتەوە".

هەستی نەتەوایەتی و هاوڵاتی هێندە باڵا بووە لای یۆنانیەکان: کاتێ سوقرات لەلایەن دادگای شارەوە حوکمی مردنی بەسەردا درا و دەیتوانی خۆی دەرباز بکات،لەپاش زۆر لێکردنی ئاوەڵانی ئەرستۆ، بە شکاندنی دەستوور و حوکمی وڵاتەکەی ڕازی نەبوو ـ کە دەشیزانی نارەوایە و ـ وتە بەناوبانگەکەی خۆی ڕاگەیاند: " یەکەمین ئەرکی هاوڵاتی ئەوەیە کە ملکەچی یاسا و دەستووراتی وڵاتەکەی بێت،ئەگەر چی بە چەوتیش بەڕێوە ببرێت"!!.

پێش ئەمانیش جولەکەکان چەندین سەدە پێش زایین هەستی نەتەوایەتی توندیان تێدا چەکەرەی کرد بوو.. هەتا سەرەتاکانی خۆپەسەندی و شۆڤینیەتیش بە ئاشکرا لە " تەوراتیانا" دیارە!...

هەروەها لەنێوان چینەکاندا چەندین سەدە پێش زایین هەستی نەتەوایەتی و بەخۆنازیین و جیاوازی دانان لە نێوان خۆ و بێگانەدا بووە..و" شوورەی چینی مەزن" جگەلەوەی بۆ بەرگرتن لە پەلامار و شاڵاوی مەغولیان دروست کراوە..چەپەرێکیش بووە لە نێوان "چینی" و بێگانە دڕندەکاندا،ئەوان هەتا خەڵکی غەیرە چینیان بە کەمتر دادەنا لە خۆیان.. ئەم هەستە لەتەک هەستی خێڵایەتی ،پێش ئیسلام لەنێو عەرەبەکاندا یەکجار بەرچاو و دیار بووە.. لەکاتێکدا کە میللەتانی دەوروبەریان، هەر لە قبتی و عیبرانییەوە تا فارس و ڕۆمەکان لە ڕووی

عەرەبەکان هەموو گەلانی غەیری خۆیان بە کەمتر دەگرن و هەر ووشەی " عجم و اعجبی" کە لە بنەڕەتەوە مانای " ئاژەڵ" ە... و بۆ هەموو ناعەرەبێکیان بەکار دێنا.. ئەو هەستی خۆبەزل گرییە و خەڵکی بە کەم گرتنەی تێدا ڕەنگ دەداتەوە.. قورئانی پیرۆزیش بە ئاشکرا ئەم لایەنە دەردەخات و ڕاستی دەکاتەوە... و دەفەرموویێت: ( انا خلقناکم من ذکر وانثى و جعلناکم شعوبا و قبائل لتعارفوا ان اکرمکم عند الله اتقاکم).. جگە لە ڕاستکردنەوەی باری ناسروشتی هەستی نەتەوایەتی کە ئەو ڕۆژانە بیر و ئەندێشەی مرۆڤ هێندە تێ هەڵنەکشابوو لانە مینۆکی/ مەعنەوی و چاکەکانی بیر و هۆشی مرۆڤ تێکەڵ بە بیر و بیرکردنەوەی نەبوو بوو و لانە ئاژەڵی و نەرێنی/ سلبییەکەی " پەلەی ژیان" زاڵ بووە بەسەر بیر و هەست و ڕەفتاریدا.. ڕاستکردنەوەی ئەم چەوتیەی بەوە نەکردووە کە بەسەر ( نەتەوە و نەرەوایەتی) یدا باز بدات و بیەوێت بە بڕیارێک بیسڕێتەوە/ الغاء" ی بکات کە ناکرێت،

بەڵکوو خستوویەتیە سەربارە سروشتییەکەی خۆی.. کە بەپێی حیکمەتێکی خراپی و دەستوراتێکی سروشتی ئەم خەڵکە چۆن هەموو لە نێرومێ کەوتوونەتەوە ئاواش بوونەتە چەند هۆز و گەل و نەتەوەیەک، بۆ؟..

ئا لێرەدا هەتچی لانی نەرێنی/ سلبی هەیە لە " نەتەوایەتی" دەشواتەوە.. و دەفەرموێ: بۆ لێک گەیشتن و گوزەران کردن و پێکەوە هەڵکردن و ئاڵ و گۆڕی بیر و بەرژەوەندی ئیجابیانە- لتعارفوا!!- بە تەواویش بەت لە هەموو خۆبەزل گری و شۆڤێنێتی و مل هوڕیەکی پروچیش دەکرێت." ان اکرمکم عنداللە اتقاکم» کۆتایی بە هەموو فیز و نازوو و بەخۆ نازینێکی نادروست دەهێنێ.. هەڵکەوتوویی و بەردڵی هەموو تاک و گەل و نەتەوەکانیش دەگێڕێتەوە بۆ سەرچاوە" تقوی" کە لێرەدا تەنها مەبەست پەیڕەوکردنی دەستوور و یاسای ژیانی نێو کۆمەڵ و سروشتییە خوا ڕسکەکانە.. کە بەر لە هەموویان ئەو " تعارفوا" یە!.. و حکم و حسێبەکەش دەگەڕێتەوە بۆ پەروەردگار خۆی.. دەیان " فرمایشت" و " فرمانی» پێغەمبەریش بۆ ئەم لایەنە تەرخان کراوە.. کە گەورەترین بەڵگەیە بۆ بوونی « نەتەوە" و " نەتەوایەتی" لە هەردوو دۆخی ( دروست وڕاستی و سروشتی) و ( چەوت و لادراوی)..

هەر ناولێنانی " موالی" لەسەردەمی ئەمەویەکاندا بۆ ئەو نەتەوە و فەلە موسڵمانە ناعەرەبیانە، خۆیان نیشانەی بوونی هەستێکی دروست و سروشتی نەتەوایەتی ڕەوای گەلانی ناعەرەب و شێواو و ملهوڕیی ئەمەویەکانە.. کە پاشان ئەو هەستە ڕەوایە، هاندەری هەموو شۆڕشە مەزن و ڕەواکانی گەلانی چەوساوە و ژێردەستەیی ناعەرەبی بووە و بزووتنەوە و شۆڕشەکانی " شعوبی" یەکان پێشکەوتووترین و ڕەواترین چالاکی و خەبات و هەستی ئەو گەلە چەوساوانە بوون بە ڕووی لاوان لە سەرەتاکانی ئیسلامێتی.. پشتگیری ئەو بزووتنەوانە لەلایەن « ال البیت" و بەتایبەتی نەوەکانی ئیمامی عەلی یەوە- کە خۆیان عەرەب بوون- ئەو گیانی دۆستایەتی و هاوکاریی نێونەتەوەییە لە باڵاترین شێوەکاندا نیشان دەدات.

ئەمە جگە لەو هەموو پەند و گوزارە و شعر و قسە نەستەقانەی کە لە کۆنەوە بۆ لەسەرخۆکردنەوە و خۆهەڵدانەوە یان سوکایەتی کردن بە خەڵکی دیکە لەنێو ئەدەبی عەرەبیدا هەن.. ئەو لایەنی ململانێی میللیە دەردەخات لە نێوان هەوڵی دادۆشینی/ استغلال کردنی ئیسلام و کردنە بەهانە بۆ خۆسەپاندن بەسەر نەتەوەکانی دیکەوە و ئەو هەوڵە پێچەوانەی گەلانی دیکە دەیاندا بۆ نەچوونە ژێر ئەو باری چەوتەوە نیشان دەدات.. هەر لە کۆنەوە ئەو هەستی خۆبەزل گریە لەلایەن جولەکەکانەوە سەری هەڵداوە و ترنجێندراویشەتە نێو تەوراتەوە و بۆتە بەشێک لە باوەڕی ئاینیان.. هەر ناوی " شعب اللە المختار"_ گەلە هەڵبژاردەکەی خوا" کە لە قورئانیشدا وا ناوێک

هاتووه. ئەم ڕاستیە بە ئیسپات دەگەیرنێت! جا وەنەبێ " نەتەوایەتی" کە هەستو بیر و ئەندێشەیەکی هەڵقوڵاوی بوون و قەوارەی ( نەتەوە)یە..

بیتی بێت لە ملمکانێ و پێکداچوون و بەرچاوتەنگی.. ئەو نموونانەی سەرەوە هەندێکیان هەستێکی سروشتی و ڕەوای دەروونی ئەو کۆمەڵانە بووە و هەندێکیان هەستی لەسەر خۆکردنەوە و پەرچەکرداریکی/ رد الفعل ڕەوای بارێکی سەپاو بووە..

بەشێکیش لەوانە باری نەگونجاو و نالەبار و شێواوی هەستی نەتەوایەتین، کە شتێکی ئاساییە لە ڕۆژگار و سەردەمانێکی وەکو ئەو ڕۆژانەدا کە هێشتا بیر و هۆشی مرۆڤ هێندە تێهەڵکشاو نەبووە و مرۆڤ لە بارێکی هۆش و دەروونی ئەوتۆدا نەبووە کە بتوانێ لانی ئیجابی( پەلەی ژیان) ی کۆمەڵایەتی بەڕێوە بەرێت و ئەو ( پەلەی ژیان) ە لە ئاست و هەڵکەوتێکی فیتری و خۆرسکی وادا بووە کە تەنها بەری ململانێ و.. خۆ قایم کردنەکەی دیووە.. بەڵام لەگەڵ تێهەڵشانی بیر و هۆشی مرۆڤ و تێکەڵاوبوونی بابەتی مەعنەوی و مرۆڤانەکەی خۆشی.. لەو ڕۆژانەدا ئاینە ئاسمانییەکان - بەتایبەتی ئاینی " فەلەیی/ مەسیحی" یی و ئیسلامێتی - ڕۆڵێکی گرنگیان دیتووە.. بەتایبەتی ئاینی - فەلەیی- کە گەلانی ئەوروپای تەواو تێک هەکشێلاوە و لەبەرئەوەی لە نێو هیچ کام لەو گەلانەدا هەڵنەقوڵاوە، هەمووان چوون یەک بە هی خۆیان زانیوە.. بام لە بری توندڕەوییە میللی و ململانێ نەتەوایەتییەکە ململانێی مەزهەبی ئاینی شین بوویێتەوە- کە چەمکی خاچپەرستی/ صلیبی- شەڕەکانی پروتستانت و کاثۆلیکی نموونەیان زۆرن هەتا لەنێو یەک نەتەوەشدا..

بە کورتییەکەی( نەتەوە) زادەی کردارێکی/ عەمەلیەکی سروشتی و دیاردەیەکی خۆرسکی ژیان و بوونە و لەسەرتای جیلوەبەستنی خەسڵەتەکانی ( نەتەوە) کە (زمان و نیشتمان و مێژوو و هەست و داب و دەستووری هاوبەشە).. بووە و (هەستی نەتەوایەتی ) کە چوارچێوەی سروشتی ( پەلەی ژیان) ی کۆمەڵاتەتی و تاکان بووە و لێوەی هەستاوە و پەیدا بووە.. ئەمەش بوونێکی بابەتیانە/ مەوزوعیانەی بووە و دەبێت.. ئەوسا دەوروبەر و بار و هەلومەرجی تایبەتی هەر شوێن و کات و سەرزەمینێک .. باری ئەو هەست و نەست و بوونەی دیاری کردووە.. لەوپەڕی هەستێکی مت بووی نووزە لێ بڕاوەوە تا ئەوپەڕی توندڕەویی و زیاد ڕەویتر.. بەڵام هەمیشە بوونێکی سروشتی و مەوزوعیانە بووە و بەرەو ئەو بارە سروشتی و پێویستییەی ڕۆیشتووە و دەڕوات کە بە لانە ئیجابی و خێرمەند و چاکەکانی پێکەوە ژیان و هەڵکردن و هاوکاری سیماگر بێت و بکەوێتە سەر ئەو بارە سروشتییەی کە دەگونجێ لەگەڵ هەستی برایەتی و یەکسانی و بەرابەری و هاوکاری ئیجابیانەی نێو گەلان..

لێرەدا ئەوە ماوەتەوە بڵێین کە ئەو لادان و استغلال خراپ بەکاربردنەی هەستی نەتەوایەتی وای لە هەندێ کەس ژردووە بۆ خۆلادانو خۆپاراستن لەسەر ئەنجامە سلبی و دزێو و نامرۆڤانەکەی دەمارگیری و شۆڤێنێتی و نەهامەتییەکانی دیکەی باری ناسروشتی و لادراوی ئەم هەستە، بە توندی دژی ئەو بوون و هەڵکەوت و هەستە بوەستنەوە و سەرلەبەری ئەو هەست و بوون و هەڵژەوتە بە چاک و خراپ و ڕەوا و ناڕەوا و سروشتی و لادراو و دروست و شێواویەوە ڕەت بکەنەوە و بە بەلای گەورە و سەرباری هەموو بەڵا و نەهامەتیەکانی مرۆڤی دادەنێن.. ئاسوودەیی و بەختەوەری مرۆڤ لە نەمان و "تخلی" و گۆڕەوشاریدا بێنن، ئەمانەش هەر لە کەسانی خێرخوا و مرۆڤ دۆستی ساویلکەوە تا کەسانی نا ئاگا و بیر چەوت و بەهەڵە چوودا دەگریتەوە... کەسانی مرۆڤ دۆست و سۆستالیستخواز وخبێ نیاز و مل هوڕتشیان تێدا بووە.. لە ئیفلاتوون و مارکس و ئیمۆراتۆرەکانی ڕۆما و ناپلیۆنەوە تا کەسانی کۆسمۆپۆلیتی و بێ ڕەگ و ڕیساڵ بوون کە ئەو بانگەوازە هەڵبدەن.

بەڵام نیاز وخوازی هەریەکەیان جیابۆوە.. با هەمووشتان لە خاڵی بەهەڵەچوونەوە بەهەڵەبردندا یەک بگرنەوە.

گومان لەوەدا نی یە ئەوەی مارکس ووتوویەتی بێ نیاز و مرۆڤدۆستیە با هەڵەش بێت.. جیایە لەوەی کە ناپلیۆن دەیووت: هەموو نەتەوەکانی دنیا تێک دەشێلم و یەک نەتەوەیان لێ دروست دەکەم!!..

ئەویان قووڵ نەبۆتەوە و بە هەڵەدا چوونە و ئەمیان نیازخراپی و خۆبەهەڵەبردن!. هەڵوێستی هەوڵی تێدابردنی ( نەتەوە) و (نەتەوایەتی) لەژێر هەر ناوێکدا بووبێت هەڵوێستێکی زانستانە نەبووە و نی یە، چونکە چارەسەری شێوا و لادان و هەتا لانە سلبییەکانی یەم دیاردە خۆڕسکەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەبێت لەبەر ڕۆشنایی تێخوێندنەوەی واقع و هەڵکەوتی ڕۆژ و زانست بێت و بزانرێ چۆن و بە چ ڕێگایەک ئەو خۆهەڵبژاردنە دێتە ئەنجام ، ئەگینا"لغو"و هەڵوەشانە و بازدان بەسەر واقعی نەتەوە و " نەتەوایەتی» دەچێتە خانەی " رد الفعل" ێکی نادروست و سەرنەگرتوو نەتەوایەتی و هەستی خۆ بە گەل زانین، بوونێکی بابەتی/ مەوزوعی و سروشتی و زیندوویی هەیە ، کە سەرئەنجام و ئاکاری خراپیشی لێ دەکەوێتەوە.. بەڵام چارەسەری ئەو سەرئەنجام و ئاکارانە تەنها سلبی و خراپەکانی و گەشە و پتەوکردنی لانە ئیجابیەکانی دەبێت.. هەستی نەتەوایەتی ڕوویەکی غەریزەی ( پەلەی ژیان)ە.. نەهێشتن و هەڵتەکاندنی تەنها بەگوڕیشی هەڵکەوت و جەوهەر و غەریزەی مرۆڤ دەبێت، کە ئەمەش ممکن نییە..

بەڵام دەتوانرێ بخرێتە خانەی سروشتی خۆیەوە.. وەکو ئەوەی کە غەریزەی زایندەیی/ جنسی بێ پرس و ڕای کەس هەیە و هەر دەورێکی کۆمەڵایەتی و مەترسییەکی بەرچاوی بەر بەرەڵاکردنی بۆ هەستە غەریزیە.. دیارە چارەسەری سەرئەنجامە سلبی و خراپەکانی بە ( ڕەهبەنە) و خۆبەستنەوە و تەرک کردنی غەریزەکە نابێت.. چونکە ئەو داوایە لەگەڵ هەڵکەوتی مرۆڤدا دژوارە و ناگونجێ.. بۆیە باری ناسروشتی بەرەڵایی و ( اباحیەت) چەند دزێو و نارەوا و خراپ، ڕەهبەشە خۆ بەستیشئەوەندە دژ بەهەڵکەوتەکەی مرۆڤە.. چاری سروشتی و زانستانە ئەوەیە کە لەگەڵ داننان و هەق دان و ڕێزلێگرتنی ئەو غەریزەیە ، دەبێ لە سنوور و ڕێی و شوێنی سروشتی و مرۆڤانەی خۆی بچەسپێندرێت.. نەک ڕیشەکێش کرێت.. کە ناکرێت!!.

دیارە ئێمە پێویستمان بە موناقەشەی ئەوە نییە کە نەتەوایەتی هەستی چینی بۆرژوا و بەرهەمی سەردەمی سەرمایەداری یەوە بە زەمانی ئەمان نامێنێ.. و لەم بۆچوونە سیاسیانە کە تیۆرێک هەڵکەوتەکەی ئەو جۆرە بۆچوونانە پێویست بکات.. دیارە بار و هەلومەرجی کە بنیاتنەرانی ئەو تیۆرانەی تێدابوون سەرنجی بە هەڵەدا بردوون و ئەم هەڵەیەی پێ کردوون.. لە کاتێکدا کە بەهەڵە دەرچوونی ئەو گوزارشتانە پەکی تۆرەکە ناخات هێندە سووربوون و پێ داگرتن لەسەر هەڵەکە ئەوەش پێویست دەکات کە تیۆرەکان لەبەر ڕۆشنایی و دراوەکانی/ معطیات واقع ڕاست کرێتەوە، چونکە واقع تاکە بوار و چاکترین تاقیگەی دروستی سەلماندنی تیۆرە ئەگەر هەڵکەوتێکی واش هاتبێتە پێش کە لە سەردەمی شۆڕشی پیشەسازی و گەشەی بۆرژوادا ئەو بار و هەلومەرجانە پێش هاتن کە "نەتەوە "و «نەتەوایەتی " بتوانن قاڵبێکی نوێ و گشتی بەرچاو بگرن.. یان بۆرژواکان بۆ مەبەست و خواستی خۆیان ئەو هەستەیان پێچاندبێتەوە و لادابێت و استغلال کرد بێت. چ لە ڕەوایەتی و بوونی واقعیانەی ئەو هەست و بوونە ناگۆڕێ.. چونکە هەرچی شتی دیکەی ڕەوا و پاک و دروستی تر وەکو( مرۆڤایەتی و ئاین و ژیار و شارستانێتی و سۆشیالیزم و مافی گەلان و بەرژەوەندی ) و هەموو شتێکی دیکە قاڵبی ئەوەیە استغلال بکرێت و بکرێنە کەندەڵان بۆ ڕاوە خەڵک و هەتا بەکارهێنانیان دژی جەوهەری ئەو شتە پاکانە.. هەر بەناوی مرۆڤایەتی و گیانی مرۆڤانە ئەسکەندەر و ناپلیۆن و قەیسەر گەلانی دنیایان داگیر دەکرد و قەلاچۆ دەکرد و ئاین گەورەترین دەمامکی ڕووی هەزاران هەزار پیاوخراپ و ملهوڕ بووە بە ڕادەیەکی وا بەهەڵە بە" تلیاک " لەقەڵەم بدرێت.. و بەناوی ژیاری و شارستانێتی گەلانی ئاسیا و ئەفەریقا " داگیر کرا".. و گەورەترین بانگاشەی/ ئیدیعای کۆلۆنیالیستی/ ئیستعماری ئینگلیزی پەیامی پیاوە سپییەکە و

گوێزانەوەی شارستانیەت بووە دەیان گەلانیان هاوشێوە و چەندین ساڵ دیل و ژێر دەستەیان کردوون.. هەر ڕاسپاردە/ وصایە و چاودێری گەلان و مافەکانی بووە بۆتە پسوڵە لەلایەن کۆمەڵەی گەلان/ عصبە الامم وە بۆ ئیستعمارکردن و ژێردەستە خستنی گەلانی ئاسیا و ئەفەریقا و ئەمەریکای لاتینی... هەزاران ڕەدەڵ و بەدەڵ و کاری ناپەسەند لەژێر مێزەر و ناوی سۆسیالیزمدا دەکرێت.. هەر بۆ نموونە کەسێکی سەرسەختی چینی چییە بە سۆڤیەت دەڵێ و ئەوەی سەر بە سۆڤیەت چ بە ( ماو) یەتی دەڵێ!. و هی تریش..

دیارە ئەم شتانە وەکو نەتەوە و نەتەوایەتی خێری ڕووتن، ئەگین چۆن دەتوانرێ خەڵکیان پێ بچەوسێنرێتەوە؟!...

لەهەموو ئەمانە بەدەر – ئەگەر هەستی نەتەوایەتی گەلێکی باڵادەستی گەورە بوون و مەترسی لادان و شۆڤیەنیەت و ملهوڕی و دەست درێژی لێ بکرێت، ئەویش بە بەکارهێنانی چەوت و نادروستانەی هەستی نەتەوایەتی و بیری ڕزگاریخوازی نەتەوایەتی گەلانی چەوساوە و ژێر دەست و مافی خوراو ، تەواو خێرێکی ڕووت و ڕەوایەکی بێ خەوش و گەورەترین و کاریگەرترین هاندەری بوونی مرۆڤانە و هەق پەرستانە و ڕزگاری ئەو گەلانەیە بەندوباوی بەرچاوتەنگی و تەنگ نەزەری و خۆ وێک هێنانەوە و پەڕبوون، بانگاشەیەکی ئیستعماریانەی داگیرکەرانی ناڕەوا و نادروست و فێڵاوییە بۆ ساردکردنەوەی گوڕ و تاوتین و خورتێتی هەست و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی میللی و بۆ شل کردنەوە و پوکاندنەوەی ئەو گیانە بەرگرییە و بۆ گومان دروست کردنە لە ڕەوایەتی خەباتی ڕزگاریخوازی و فرسەت هێنانە لە شۆڕشگێڕان و گیانی خۆدان بەدەستەوە و ساردکردنەوە/ مصالحی ۆرژوایانەیە.. و بەس کە بەداخەوە ئەم دیاردەیە تا ڕادەیەک بەسەر هەندێ ساویلژەدا تێ پەڕیوە!..

## گەشە و فراژووبوونی نەتەوایەتی

+++++++++++++++++++

( نەتەوە) وەکو دیاردەیەکی سروشتی و خۆڕسک ، کە لەسەرئەنجامی شەختەبەستن و گەڵاڵەبوونی ماکەکانی نەتەوە( زمان، نیشتمان، مێژوو، داب و دەستوور ، هەستی) هاوبەشی پەیدابووە،، هەمیشە لەبەردەم گەشە و نەشونمایەکی بەردەوامدایە، کە چەندایەتی و چوونایەتی ئەو گەشە و فراژووبوونە دەکەوێتە سەر گەشە و کامل بوونی ئەو ماکانە.. بۆیە شتێکی زیندوو و ستاتیکی یە و لەگەڵ ژیاندا هەنگاو هەڵدێنێ.. مەودای وەستان و ووچانی نی یە.. لەبەرئەوە چەندین قاڵب و چوارچێوەی تایبەتی و جیاواز بەخۆیەوە دەبینێ، بەپێی ئەو بار و هەلومەرج و هەڵکەوتە دەگۆڕێ و قاڵب بەست دەبێت..

دیاره کەشتێکی چەسپاو و نەگۆڕ نییە، و پێ بە پێی تێهەڵکشانی مرۆڤ و کۆمەڵگە تێ هەڵدەکشێ و فرژوو دەبێت، بۆیە چەند شەقڵ و شێوە و قاڵب بە خۆیەوە دەبینێ، یان لە چەندین چوارچێوە و قەوارەدا خۆی دەردەخات، بەڵام هەمووی لە ناوەڕۆکدا دەلالەت لە یەک شتی دیاری دەکەن بەڵام لە چەند بارێکی جیاوازدا..

لەم کردەوەیەی/ عەمەلیەی بەرەو پێش چوون و هەڵکشانی فراژووبوونەدا « نەتەوە" و " نەتەوایەتی" بەرەو شەقڵی پێشکەوتوو کاملی تێ هەڵدەکشێ و کاتێ دەگاتە پلە هەرە باڵا و دواییەکانی کە هەموو بەربەست و جیاوازییەکانی نێو تاکەکانی کۆمەڵگە ڕوو لە نەمان بوون.. بە مانا کاتی نەتەوە و نەتەوایەتی دوا شەقڵی خۆی کە مەڵەتەکی گونجاو/ منسجم هاتە پێش بەوەی کە چینی هەڵکشاو و داکشاوی تێدا پاکتاو بوو.. بوونی چینەکانی جیاجیا و ( هەڵکشاو و داکشاو)و ( زۆردار و زۆرلێکراو) و (بەشخورا و بەشخۆر)- بە مانایەکی فراوان کۆمەڵگەیەکی چینایەتی- بەربەستە لە ڕێی پەیدابوونی کۆمەڵگەی نەتەوەیی ڕاستەقینە و کامڵ.. لەگەڵ نەمانی ئەو جیاوازی و نەگونجانە، کۆمەڵگەیەکی پتەوی سفتی چوون یەکی نەتەوەیی دێتە پێش.. کە بەمە بەتەواوی لە گەموو لانە سلبییەکانی ( ناوەوە و دەرەوەی) نەتەوایەتی ڕزگار دەبێت و سەردەمی نەتەواتەتی ڕاستەقینە و لانی ئیجابی دێتە پێش کە لەسەر بناغەی هاوکاری و دۆستایەتی و ڕێزی بەرانبەری نەتەوەکان کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەختەوەر دروست دەبێت..

## نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی

++++++++++++++

نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی دوو شتی جیاواز و لێک ترازاو و بەرانبەر یەک نین، تا بەراوردکاری و بەیەکگرتن/ مفاضل وە پێک گیریان لە نێواندا بکرێت.. مرۆڤایەتی هەستێکی مرۆڤانەی نێو دەروونی مرۆڤە کە داخوازی دۆستایەتی و هاوکاری و گیانی برایەتی و تەبایی نێو گەلان داوای دەکات..و پێشکەوتن و تێ هەڵکشانی بیر و هەست و هۆشی مرۆڤ دروستیان دەکات و پێویستیان دەکات.. مرۆڤایەتی بارێکی کۆمەڵایەتی یە ، یان قەوارەیەک و دیاردەیەکی ماددی ژیانی مرۆڤ نی یە.. تەنها هەستێکی هاوبەشی خۆبەمرۆڤ زانین و دۆستایەتی نێو مرۆڤە..

هەڵکەوتێکی باڵادەست و ژوورووی نەتەوایەتی نی یە.. بۆیە دەتوانین بڵێین مرۆڤایەتی نەتەوایەتی، ڕاستەقینە و دروستە، نەتەواتەتی لە پلە و باڵا و گەشەکانیدا.. نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی دوو شتی جیاواز و خوار و ژووری یەکدی نین.. دوو ڕووی هەڵکەوتی مرۆڤایەتین، کەدیوە بەرچاو و بەهەست و واقعی و ماددییەکەی نەتەوایەتی ودیوە ئایدیال و هەست و هۆشیەکەی مرۆڤایەتی یە.. جیاکردنەوەی هەر کام لەم

دوو ڕاستییە ترازاندنی تەرازووی هاوتایی باری سروشتی دەروونی مرۆڤە.. هەست و بڕوا و هەوڵی دابڕیندنی نەتەوایەتی لە مرۆڤایەتی شۆڤێنێتی و لاشان و داگیرکردن دێنێتە پێش، کە پتر سیمای ئەو نەتەوایەتی یە شێوا و لادەرەی ئەوروپایان بووە کە کە لەسەدەی هەژدە و نۆزدەهەمدا کرا بۆ چارشێوی فەلسەفەی کۆلۆنیالیستی/ ئیستعماری ! هەروەها دابڕاندنی مرۆڤایەتی هەوڵی شوێن گرتنەوەی نەتەوایەتی و بازدان بەسەر واقعی بوونی نەتەوایەتییەوە، بیروڕا ئیمپریالیە کۆسمۆپۆلیتەکان دەرسکێنێ و لە کۆندا بەهانەی " کۆرش و ئەسکەندەر و ناپلیۆن و قەیسەر"و دەیان ملهوڕی جیهان خۆر بووە بەناوی جیهانگەریەوە گەلانی دنیایان ژێردەستە و داگیرکردووەو چەوساندوتەوە.. ئیمڕۆش گەورەترین بەربەست و پەکخەری تین و تەوژم و گوری ڕزگاریخوازانەی خەباتی نەتەواتەتیرزگاریخوازە..

نەتەواتەتی ڕاستەقینە لە مرۆڤایەتی جیاناکرێتەوە و " ماتزینی" ڕابەری دیار و هەڵکەوتووی یەکێتی ئیتالیا لەم بارەیەوە دەڵێ:( ئێمە کە کارێکی دروست بۆ نەتەوەکەمان بکەین کارکردبە بۆ مرۆڤایەتی.. نەتەوەکەمان دەبێ چەقی ئەو هەوڵە بێت کە بۆ خێری گشتی دەیکەین.. ئەگەر ئەو پشت و چەقە بکەین، ئەوا نەک هەر خێرمان بۆ مرۆڤایەتی نابێت، بۆ نیشتیمانەکەشمان چمان پێ ناکرێت)..

### مافی دیاری کردنی چارەنووس

+++++++++++++++++++

بە پێی یاسا و دەستوراتی سروشتی و زانستی و مەنطقی و گیانی نێونەتەوایەتی و بڕیارەکانی دەزگا و دەسەڵاتدارە پێشکەوتخواز و نێونەتەوەییەکان هەر کۆمەڵە خەڵکێکی ماکەکانی «نەتەوە"ی تێدا جیلوەبەستبێ و خاوەنی ( زمان و نیشتیمان و مێژوو و دابودەستوور و هەستێکی) هاوبەش و تایبەتی و سەربەخۆ بن و خۆیان بە " نەتەوە" بزانن.. مافی ئەوەیان هەیە لە سنووری نیشتمانەکەی خۆیاندا چارەنووسی خۆیان لە دەستی خۆیاندا بێت هیچ دەسەڵاتێکی ماددی و مەعنەوی بێگانە مافی دەستێوەردان و سنوور بۆ شانانی نەبێت.. بە کورتیەکەی: هەموو نەتەوەیەک مافی ئەوەی هەیەکاروباری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سەرجەم چالاکی و بوونەکانی مرۆڤایەتی خۆی بەدەستی خۆی بەڕێوە بەرێت و دواڕۆژی سیاسی و ئابووری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری بەوپەڕی سەربەستی و بێ هیچ دەست تێوەردانێکی دەرەکی یان ملهوڕی ناوخۆ دیاری بکات.

دەتوانین شۆڕشی ئەمەریکای گەورە و سەرەتاکانی شۆڕشی فەرەنسای گەورە کە ( دادگەری و برایەتی و یەکسانی) بووە، بە بناغەی دیاری و بەرچاوی سەردەمی

گەلان و مافی چارەنووسیان حسێب کەین و بۆ یەکەمین جاریش وەکو بەڵگەنامەیەکی مێژوویی ( مافی دیاریکردنی چارەنووس) لە ١٨٩٦ دا لە کۆنگرەی پارتەسۆستالیستی س یانە_ نێونەتەوەییەکان - مؤتمر الاشتراكيه والنتخابات الامميه لە "لندن" و بڕیاری لەسەر دراوە دەڵێ:

(کۆنگرە پشتیوانی لە مافی چارەنووسی هەموو نەتەوەکان دەکات..) جارێکی دیکە لە کۆتایی یەکەم جەنگی جیهانی سەرۆک کۆماری ئەمەریکا ولسۆنWillson لە ساڵی١٩١٨ دا لەو ١٤ خاڵەی کە بەناوی " سەرەتاکانی ولسۆن» بڵاوی کردەوە پشتگیری( مافی دیاری کردنی چارەنووسی گەلانی ژێر دەستە و چەوساوەی) کردووە ئەگەرچی سەرتاسەری ڕووپەرەی ڕەشی مێژوویی ئەمەرکەکان بەتایبەتی پاش دووەم جەنگی جیهانی دوژمنایەتی و پێشێل کردنی ئەو سەرەتا س مافانە بووە.. هەروەها - کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان- لە بڕوانامەی خۆیدا بڕوای هێناوە بە (پێویستی یەکسانی و هاوتایی هەموو میللەتانی جیهان و مافی چارەنووسی خۆیان).. و لە زۆربەی بەڵگەنامە و بڕوانامەکانی نێو دەوڵەتانیشدا ئەم مافە بڕیاری لەسەر دراوە و پارێزراوە- با هەر بەدەم و نووسینیش بێت- کاتی خۆشی « لینین" ی ڕابەری مەزنی ئۆکتۆبەر بەدرێژیو ڕوونی لەم مافە دواوە و ڕێ و شوێنی دیاری بۆ کێشاوە- کە بۆ سەردەمی خۆی چاکترین و پێشکەوتووترین بۆچوون و چارەی ئەو کێشەیە بووە و تا ئیمڕۆش زۆر لانی ڕوون و گەشەداری هەر ماوەتەوە بام بەپێی داخوازی و هەڵکەوتی فەلسەفەکەی خۆشی نەیتوانیێ تەواو و تا ئەوپەڕی قوڵایی مەسەلەی نەتەوایەتی و مافیدیاری کردنی چارەنووس ڕۆچوو بێت و لە بنکە نیگای دوژمنایەتی ئیستعمار و هاوسەنگەری بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکانی گەلانی چەوساوە و بزووتنەوەی سۆشتالیستخوازانەی پرۆلیتاریاوە سەرنجی دابێت.. بەڵام هەر دەقە زیندووەکانی وەکو بۆچوونێکی زانستی و نێوی تەواو و بەڵگەی بەرچاوڕوونی دەمێنێتەوە.. کە دەڵێ: دەبێ لەمافی چارەنووس و سەربەخۆیی خۆیی وا بگەین کە مافی دروست کردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی سرربەخۆیە)...

وە لە ساڵی ١٩٢٥ دا دەڵێ: ( ئێمە پشتگیری مافی گەلانی چەوساوە بۆ سەربەخۆیی دەکەین واتە مافی ئازادی جیابووبەوە لە نەتەوەکانی دیکە..).

ئەم هەڵوێستە بێ خەوشە لەسەردەم و کاتی تایبەتیدا و کە بەشێک دەبێ لە خەباتی ڕاستەوخۆ دژی سەرمایەداری و وڵاتانی ئیسعماری زمانی تێدا ناگرێ، بەڵام هەندێ مەرج ە مەرجکاری لە باری تایبەتی بۆ دانراوە، کە خۆی لە خۆی دا بەستنەوەی ناڕەوای ئەو مافەیە، ئەمەش بە پاشکۆ و کەم بایەخ/ ئەهمیەت تر دادەنێ لە خەباتی بۆ سۆشیالیزم ... هەرخۆی " لینین" لە ساڵی ١٩١٩ دا دەڵێ: (مەسەلەی

نەتەوایەتی لەچاو مەسەلەی پرۆلیتاریادا بە پلەیەکی کەم گرنگ تر دێت) و لەمەش تێدەپەڕێنێ و دەڵێ:

( هیچ مارکسیەک بێ ئەوەی لە سەرەتاکانی مارکسیزم و سۆسیالیزم نەچێتەدەر. ناتوانی دان بەوەدا نەنێ کە بەرژەوەندی سۆشیالیزم سەرووپاتەی مافیدیاریکردنی چارەنووسی گەلان و سەربەخۆیی خۆیی دەکەوێت) .. دیارە هەرا س گاشەکەی نێوان (مارکس) و (باکۆنین) ی ئەنارشیستی بەناوبانگی ڕووسی دەربارەی مافی دیاری کردنی چارەنووس زۆر دیار س ئاشکرایە ، کە دووەمیان بێ پێچانەوە و زمان گرتن باوەڕی بە دیاری کردنی چارەنووسی هەموو میللەتان بوو بێ گوێدانە هیچ اعتبارێک، بەڵام (مارکس) دەیبەستەوە بە هەندێ مەرج و هۆی وەکو پێشکەوتن و چارەنووسی سۆشیالیزمەوە.. کە دەقەکەی مارکس ناهێنمەوە نەبادا چ خزمەتێ نەکات!...

بەڵام دیسانەوە بۆچوون و باری سەرنجەکانی مارکسیزم بەتایبەتی لینین لەگەڵ هەموو کەموکوڕی و ناتەواویەکاندا وەکو گەورەترین بەڵگەنامەی بەرچاو ڕوونی و دروستیی مارکیسزم دێتە پێش دەربارەی (مافی دیاریکردنی چارەنووسی میللەتان) بەلانی کەمەوە لەچاو زۆر بیروباوەڕی دیدا.. بەهەرحاڵ مافی دیاری کردنی چارەنووس پەکی لەسەر پسووڵەی کەس نەکەوتووە و مافێکی دیاری و ڕەهای/ مطلق هەموو نەتەوەکانی جیهانە و ئەو گەلانەی خۆیان دەسەپێنن!..

### چۆنیەتی بەکارهێنانی مافی دیاری کردنی چارەنووس:

++++++++++++++++++++++++++++++++++

وەکو سەرەتایەکی بەڵگەنەویست مافی چارەنووسی، مافێکی سەربەخۆی بێ دەمەتەقێی هەر نەتەوەیەکە کە لە سنووری نیشتمانەکەی خۆیدا سەربەخۆیی و ئازادی تەواوی هەبێت بۆ دیاری کردنی جۆر و شێوەی ژیانی" سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری" ئازادانەی خۆی، بێ هیچ دەست تێ وەردان و مەرج کارێکی بێگانە لەژێر هەر ناو و بەگەر بیانوویەک بێت..

بەجۆرێک کە ئەوپەڕیسوود و بەرژەوەندی کۆمەڵانی ڕەنجدەری نەتەوەکە دێنێ.. ئەم مافەش ڕاستەوخۆ بەندە بە ڕۆڵەکانی ئەو نەتەوانەوە ، دیارە فەند و باوی سەربەخۆیی ڕواڵەتی / شکڵی کە ڕێگەیەکی ئیمپریالیانەیە بۆ هێشتنەوە و گرێبەندی ئەو نەتەوە – بەناو ڕزگاربوانە– بە ڕێجکەی ئیستعماریانەی دەوڵەتانی سەرمایەدارەوە، پوکاندنەوەی و لەباربردنی ئەو مافەیە.. ئەو مافە کاتێ دێتە دی کە هیچ دەسەڵاتێکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ( سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیری) بێگانەی بەسەرەوە نەمێنێ و بتوانێ هەموو ماددی و مەعنەوی بێگانەی زیانبەخش) لەبەین بەرێ.

بەڵام دەمێنێتەوە سەر ئەوەی کە هەموو نەتەوەتەک بۆی نالویَ و بۆی دەست نادات یەکان دەر دوو ئەو مافە جێبەجیَ بکات، یان لە شێوەی هەرەبـاڵادا کە ( سەربەخۆیی و ئازادی) تەواوی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییە بێنێتە دی.. بەڵکو ناچاری و بار و هەلومەرج و هەڵکەوتی مەسەلەکە و هۆ زاتی بابەتەکانی ئەوەی بەسەردا دەسەپێنن کە بەپێی شیاوەکان/ ممکنات و توانا و بەردەست لە شێوە نشێوەکانی ئەو ڕێگە سەخت و بەو ئامانجە ستراتیژەیەی بگات.. بەو مەرجەی هەر قۆناغەی وچان و خۆکۆکردنەوە بێت بۆ تەکانێکی بەرەو پێش و قۆناغێکی پێشکەوتوو هەڵکشاو.. هەڵبەتە دەبیَ هەمیشە مەسەلە بنەڕەتی و ئامانجە ستراتیژیەکە بەرچاو بگیریَ و هەر دەستکەوتێکی کاتی و وچانێکی تاکتیکی هەنگاوێک بێت لەسەرەڕێی گەیشتن بەو ئامانجە ستراتیژیە و هەموو توانا و جوڵە و چالاکییەک بۆ خزمەتی ئەو ئامانجە بەگەڕ خرێت.

پتریش خەباتی سەختی نەتەوە ژێردەستە و لەبیرچووەکانی ئەم سەردەمە و بەتایبەتی ئەوانەی تا دووەم جەنگی جیهانی بەو مافە نەگەیشتوون لەبەردەم ئەم سەختیەدا ، هۆکانیشی دەگەڕێتەوە بۆ:

١- ئەو گەلانە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا لەگەڵ چەند نەتەوەیەکی تردا بە ڕژێمێک و قەوارەیەکی سیاسی بەستراونەتەوە، کە هەریەکە لەو گەلانە لە ململانێیەکی سەختدان لەگەڵ ئیمپریالیزم و دەسەڵاتی ناڕەوا و چاوچنۆکی دەوڵەتی .. بەمانا لەبەردەم شێوەیەک لەشێوە ناڕاستەوخۆکانی ئیستعماریدان، ئەم بارە تایبەتیە خەباتی نەتەوایەتی ڕەوای ئەو گەلانەی خستۆتە سەربارێک کە کۆمەڵانی ئەو گەلانەی لەگەڵیاندا دەژین بە کۆسپی خەباتی دژ بە ئیمپریالیزمی بزانن و ئەمەش دەبێتە هۆی چەکەرەکردنی گیانی شۆڤێنیتی و دەمارگیری نێو نەتەوە گەورەکە و خۆشبوونی زەمینەی بەردەوامی دیکتاتۆرێتی و داگیرکردن و چەوساندنەوەی زۆر دڕندانە، کە " لینین" هەمیشە ئامۆژگاری و بەئاگاهێنانەوەی ئەو گیان و ڕەوتە چەوتەی نێو نەتەوە گەورەکە کردووە و هۆشداری/ تحذری پرۆلیتاریای کردووە کە نەکەوێتە داوی ئەو فاقەیەوە..!

لە سەرێکی دیکەوە ئەو خەباتی بەرچاوەی دژ بە ئیمپریالیزم و دەسەڵاتی بێگانەیە بەشێکیگەورەی ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانی نەتەوە ژێردەستەکە دادەبریَ بۆ لای خۆی و زۆرجاران دەیان کاتیش بەگژ گیانی نەتەوایەتی خەباتی ڕەوای نەتەوە ژێر دەست و گچکەکەوە کە زۆر جاران بەرەی چەپی خراپ لە ئامۆژگاری بۆچوونەکانی ( لینین) دەکەن بەوەی کە ئەرکی پرۆلیتاریای نەتەوە گەورەکە بەوە دیاری دەکات کە جەماوەر بە گیانی دڵفراوانی و دان نان بە مافی چارەنووسی نەتەوە بچوکەکە بە پەروەردەکردنی جەماوەر بە گیانی برایەتی و هاوخەباتی یەکێتی دیاری دەکات.. کە

لە ڕاستیدا ئەرکی یەکەم بەدەگمەن جێبەجێ دەبێت و ئەگەر بشبێ لە چوارچێوەی تیۆرێکی ڕووت و بایەخی/ اهتمامی پلە/ دەرەجە دوو تێپەڕ ناکات.. ئەرکی دووەمیش زۆر خراپ تەرجەمە دەکرێت و زۆرینەی جارەکان بە کۆسمۆپۆلیتی و ودژ بە مافی چارەنووسی گەلەکەوە دەوەستێتەوە.. کە یەکێک لە کێشە هەرە گرنگ و قۆرتەکانی سۆشیالیستخوازەکان لەدەوڵەتی فرە نەتەوەدا ئەم کێشەیە.. چۆن (لینین) لەبەر ڕۆشنایی واقع و دراوەکانی/ معطیاتی نوێدا توانی چۆن تیۆرەکە بەجۆرێک بگونجێنێ کە هەنگاوێک بێت لەسەرێی چارەسەری سۆشیالیستانەی کێشەی مافی چارەنووسی.. کەسێکی دی بەدوویدا نەهات کە بتوانێ ئەو گیانە جوێ بکاتەوە و بڕەوی پێ بدات و زیادەیەکی/ اضافە یەکی نوێی هەبێت.. تەنها چوار چێوەی ئەو دەقانە دەرنەچوون کە ئەگەر( لینین) ئەمەی ئەوانی بکردایە دەبوو لە پێستی خۆی بجوڵێ و دەق و بۆچوونی سەردەمێکی دیاری دەستی ببەستایەتەوە، نەدەبوو مامۆستای پرۆلیتاریای سەرەتای سەدەی بیستەم بنیات گوزاری یەکەم شۆڕشی سۆشیالیستی..

دیارە ئێمە لەسەر ئەم خاڵە دەوەستین لە ڕووی بەتەنگەوە هاتن و پەرۆشیمانە بۆ پاشەڕۆژ و چارەنووسی هاوخەبستی بزووتنەوەی دیموکراسی و سۆسیالیستخواز و خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەییانەی کورد ( کوردایەتی) .. هەردوویان بە هاوخەبات و هاوسەنگەری یەکدی دەزانین و هەموو دابڕین و لێک ترازانێک لەلایەن هەر لایەکیانەوە ڕوودات سەرئەنجامی خراپ و پەککەری هەردوو بزووتنەوەکە دەگرێتەوە و تەنها دوژمنانی پێشکەوتن و کۆنەپەرستانی ئیمپریالیزمی جیهانی بەرەکەی دەخوات.. سەرتاسەری مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد لە کوردستانی باشووردا نیشانە و نموونە و بەڵگەی ئەم ڕاستییەن.. و خۆیان لەیەک سەنگەردا بگرن.. سەرکەوتنی ناوکۆییان بەدەست هێناوە و هەر دەمێکیش لێک ترازانی.. هەردوو لا سەرئەنجامی نەرێنی/ سلبیان پێدا چزاوە!!.

دیارە هۆکانی ( پلانی ئیمپریالیزم، گیانی سازش و خۆدان بەدەستەوەو مساوەمە لەگەڵ بۆرژوای نەتەوە گەورەکانخراپ نرخاندن / سۆ التقدیری هەردوو لاو دۆگمایەتی و ڕاستڕەویی .. هتد) هۆن بۆ ئەو لێک ترازانە.

لەلایەکی دیکەوە ئەو خەباتە چونکە خەباتێکی ڕاستەوخۆی دژی ئیمپریالیزمی نییە.. وەکو خەباتی گەلانی)ڤێتنام و لاوس و کەمبۆدیا و ئەنگۆلا و کۆبا..هتد)تێک شیشانەکە دەستەویەخە نییە لەگەڵ ئەم ڕاستی ئیمپریالەت کە ئەمەریکایە بەڵکو خەباتێکی ناڕاستەوخۆیە،با لەسەر ئەنجامدا دژ بەوانە بێتو ئیمپریالیزم و سونبۆلەکانی / رموز و داشەکانی نوێنەرایەتی بکەن لەو پشتگری و لایەنگری و یارمەتییە ماددی و مەعنەوییەی ـ کە لەم سەردەمەدا یەکێکە لە مەرجە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی خەباتی

رزگاریخوازی ـ بەرەی دیموکراسی و بزووتنەوە پێشکەوتوخوازەکان و جوڵانەوەی کرێکارانی جیهانی و وڵاتانی سۆشیالیست بە گشتی و یەکێتی سۆڤیەت بەتایبەتی.. بێبەش دەبێت وا هەڵ دەکەوێت کە لە هەندێ بار و هەلومەرجدا لەبەر جەنجاڵی و تێک قژاوی مەسەلە و بەرژەوەندییەکان،بەلانی کەمەوە،لە دوو سەنگەری جوێدا بوەستینەوە یان چ نەبێ هێڵەکانیان پێک نەگەن..ئەمەش کۆسپ و لەمپەرێکی زۆر گەورەیە کە دەبێت لەلایەن دڵسۆزانی هەموو لاکانەوە،بەرچاو خرێت و چارەسەری بنەبڕی بۆ وەدۆزرێ،ئەگینا دەبێتە گەورەترین دەلاقەی خۆ تێترنجاندنی ئیمپریالیزم و تێپەڕاندنی پلانەکانی.. کە بە مەیە بەردێ دوو نیشان دەپێکێ.. بۆ نموونە ئەم هەڵوێستی ناتەواو گوێ پێ نەدان و /اهمال کردنە، چاکترین زەمینەیە بۆ چەکەرەکردنی هێڵە چەوت و نەزۆکەکانی بیر و قاڵبی، مارکسیزمی وەکو (ماوێتی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیدا.. و پەرت پەرت کردنی هێز و توانای دەستەیەکی گرنگە کاریگەری ئەو نەتەوەیە و چاندنی تووی دژایەتی و سۆڤیەت و خەتی سۆڤیەت،کە ڕاستەوخۆ کەوتنە باوەشی ئیمپریالیزمەوە.. وەکو ئەو بارەی لە کوردستانی تورکیادا بەتایبەتی هەیە.

ئەم کێشە و گرفت و کۆسپانە وای کردووە کە نەتەوەیەکی چەوساوە و داگیرکراو و بەشکراوی وەکو نەتەوەی کورد لەو بار و ئاستەدا نەبێت کە بتوانێ یەکسەر و ڕاستەوخۆ ـ وەکو نەتەوەکانی دیکە ـ ئەو مافی دیاریکردنی چارەنووسە..و ناچارانە بکەوێتە سەرباری قۆناغ  قۆناغ و بە پلە گەیشتن بەو ئامانجە ـ کە نابێت هەرگیز نە لەگەڵ مەنطقی پشوو کورتی ماومی بۆرژوا تێکەڵی کەین، کە ئەم بارە دەکەنە بەڵگە و پۆزشێک بۆ خودزینەوە لە مەسەلە بنەڕەتی و ئامانجە ستراتیییەکە و پاڵدانەوە و لەبەر سێبەر و دەستکەوتێکی کاتی فشەماندا..و نەدانپێدانان و ملدان  بێت بۆ ئەو واقعە سەپاوە چونکە( ئەوانەی لەبەردەم واقعی سەپاودا" امرالواقع" دەچەمێتەوە، پیاوی ڕەنگی پاشەڕۆژ برێژن.بۆیە خەباتی گەلی کورد لە پارچەکانی کوردستاندا دەبێت بۆ(ئەوپەڕی شیاو/ ممکن) بێت وا لەبەر ڕۆشنایی بار و هەلومەرج و هەڵکەوتی هەر کات و شوێنێکی دیاریدا ئەو (ئەوپەڕی ممکن) ەدیاری بکرێت.. کەتا ئەمڕۆ لەم قاڵب و شێوە گشتییانەدا خۆی دەنوێنێ..

### ١. ئۆتۆنۆمی ـ خودمختاری:

++++++++++++++++

شێوەکە لە شێوەکانی بەڕێوەبردنی حوکم،کە لەسەر بناغەی ناسەنترالی/ لامەرکەزی سیاسی ئیداری هەڵچووە بۆ هێنانیشی پێکەوە هەڵکردن و انسجام و کۆمەڵێکی لێک نەچوو فرە هەڵکەوت.. ئەم جۆرە حوکمە هەتا بۆ ناو نەتەوەیەکی چەند(تیرە و ئاین و

مەزهەب) یش دەست دەدات بۆئەوەی بە شێوەیەکی برایانە و ئاشتی ئامێز تایبەتێتی ئەو کۆمەڵانە بپارێزێ و لە مەترسی بەسەردا زاڵ بوون و کەڵەگایی لایەنێک ڕزگار کات و هەمووان هەست بە دڵنیایی و ئاسوودەیی و چوون یەکی بکەین.. دیارە وەکو مەفهومێکی سیاسی و عملی،لە هەندێ سەربەستی و سەربەخۆیی و لامەرکەزیەتەوە تا سنووری یەکێک لە شێوەکانی نێو مافی گەلێک لەنێو دەوڵەتێکی فرە نەتەوەدا..

ئەوەی پتر بەکاردێت ئیمرۆ جۆرێکی حوکمە بۆ ئەو نەتەوە بچووکانەی کە لە قەوارەیەکی سیاسیدا لەگەڵ نەتەوەیەک یان چەند نەتەوەیەکی دیدا دەژین.. بەدانانی ڕژێمێکی خودمختاری بۆ ئەو ناوچانەی کە نەتەوەبچووکەکە تێیدا دەژی. کە لە سنووری ئەو ناوچیەدا ،دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی کاروباری (ئیداری و سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی) لە چوارچێوەی سیاسەت و دەستووری گشتی وڵاتەکەدا هەبێت.. بۆ پاراستن و گەشەپێدانی تایبەتی و بوونی میللی نەتەوە بچووکەکە.. بەجۆرێکی وا کە یەکێتی سیاسی و ئابووری و دەستووری وڵاتەکە بپارێزێت!.

ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە و دروست و فراوان ئەوەیە،کە نەتەوە بچووکەکە بتوانێ بە ئازادی و لەبەر ڕۆشنایی بەرژەوەندی و بار و هەلومەرجی خۆی و وڵاتەکەدا هەموو کاروباری ژیانی(سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری) خۆی بگرێتە دەست و بەڕێوەی بەرێت،تەنها کاروباری ـ سیاسەتی دەرەوە و دەستووری گشتی ـ بە مەرجێ دژی گیانی دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمی نەبێتەوە ـ بەرگری گشتی و ئابووری ناوەندی لە دەسەڵاتی ناوەندا بێت،بە شێوەیەکی وا کە بوون و بەرژەوەندی و بەشداری نەتەوە بچووکەکە لەم لایەنەدا تێنەپەڕێت.. دەبێت شێوە و چۆنێتی پەیوەندی دەسەڵاتدارە ئۆتۆنۆمیەکە و ناوەند و دەسەڵاتی یاسایی و دەستووری هەر لایەکیان دیاری کرێت،کە مافی هیچیان تێدا نەچێت. تاقیکردنەوەی (یەکێتی سۆڤیەت و چیکۆسلۆڤاکیا و یۆگۆسلاڤیا) لەم بارەیەوە نموونە بن.. بەمەرجێ گونجاندنیشیان لەگەڵ ئەو واقعی درێژبوونەوەی ، امتدادی گەلی کوردە لە هەموو پارچەکانی دیدا.

## **٢. یەکێتی فیدڕاڵی(( فیدەراسیۆن ـ Ferderation ))**

++++++++++++++++++++++++++++++++++++

لە ووشـەی „Fereration”ی لاتینیەوە هاتووە بەمانای( کۆم بوونە)...بریتیە لە یەکگرتنی سیاسی چەند ( هەرێم و قەڵەمڕەوی کیشوەرێک)بۆ دروست کردنی دەوڵەتێک کە هەر هەرێم و قەڵەمڕەوێ کاروباری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سەرجەم چالاکییەکانی نێو کۆمەڵ لەدەست خۆیاندا دەبێت و تەنها لە ڕووی سیاسەتی دەرەوە وابەستە دەبن بە دەوڵەتی مەرکەزەوە. بە عادەت (دادگای

باڵا) دەبێت بۆ لێکدانەوەی دەستوور و یاسا و دەسەڵاتەکانی هەردوو دەسەڵاتەکە و ڕاگرتنی هاوکێشی نێوانیان..

دیسانەوە ئەم جۆرە یەکێتییە یەک جۆر و سەمتی نییە لە (بەڕێوەبردن و جێبەجێکردن . تطبیق دا پێ بە پێی ئەو وڵاتە دەگۆڕێت بۆنموونە ویلایەتەکانی فیدڕاڵی ئەمەریکی مافی نوێنەرایەتی دەرەوە و سیاسەتی دەرەوەیان نییە،بەڵام لەدەستووری بنچینەییدا/ ئەساسی سۆڤیەتدا ئەم مافە پارێزراوە. با لە ڕووی تیۆریشەوەبێت . تاڕادەیەکی ئەوتۆ کە کۆماری (ئۆکرانیا و ڕووسیای سپی)نوێنەریان لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەیە و بەپێی یاسای مافی سوپایی تایبەتی و خودیان هەیە.. هەرچەندە تا ئێستا ئەمە جێبەجێ نەکراوە،بەڵام لە ڕووی دەستورییەوە وەکو مافێک پارێزراوە.

ئوسترالیا،ئەرژەنتین، مەکسیک و هندستان)لە دەوڵەتە فیدڕاڵیەکانی جیهانن .. سویسرا کە لە ڕووی تیۆرەوە یەکێتییەکی (کۆنفدراسیۆن)یە،بەڵام لە ڕووی عملی و واقعییەوە فیدرالیانە بە پتر ئەوەی ( کۆنفدراڵی) بێت.. چونکە کە ناوەند دەسەڵاتێکی ڕاستەوخۆی بەسەر هەموو دەوڵەتدا هەبوو لە کۆنفدراسیۆنی دەکەوێت.

**کۆنفدرالی** (( **کۆنفدراسیۆن** Confederation ))

+++++++++++++++++++++++++++++++++

یەکێتی چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆیە بۆ بەرگری لەیەکتری و پێش پێگرتن لە مەترسی دەست درێژی بێگانە و بۆ هێنانەدی بەرژەوەندی هاوبەشی هەموو لاکان. دەوڵەتی کۆنفدرڕاڵی هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی و دەستووری بەسەر گەلانی ئەو دەوڵەتانەوە نییە و دەوڵەتەکان ئازادن لە سیاسەتی ناوەوە و دەرەوەیان و هەریەکەیان بۆی هەیە پەیوەندییەکانی خۆی وەکو خۆی ڕاگرێ.

ئەمانە کێشەکانیان بەشێوەکانی ئاشتی و برایانە و بە گفتوگۆو سەلماندن چارەسەر دەکەن و پەنا نایەتە بەر زەبروزەنگە.

ئەمەریکا لە ساڵی ١٧٧٨ تا ١٧٨٧ بە شێوەی کۆنففدراسیۆن بووە،هەروەها ئەڵمانیا لە ساڵانی( ١٨١٥ تا ١٨٦٦ )و هۆڵەندا لە( ١٥٨٠ تا ١٧٩٥ ) بە شێوەیەکی کۆنفدراڵی بوون.. هەرچەندە لە ڕووی دەستووری و فەرهەنگییەوە ئێستاش سویسرا بەناوی (کۆنفدراسیۆنی سویسری) یەوەیە،بەڵام لە ڕووی عملییەوە دەوڵەتێکی فدراڵییە.

دەبێ ئەوە لەبەرچاوگرین کە (یەکێتی کۆن فیدرڵی)ناسکترین و کەم تەمەنترین شێوەکانی حوکە دەتوانرێ بە ئێسگەیەکی گوێزانەوە و قۆناغێکی کاتی بژمێردێ لە ئەو حکومەتۆچکە و دەسەڵاتدارانەی کە هۆکانی پێکەوە و پێویستی یەکگرتنیان هێشتا لەدەوری ساواییدایە و بەتەواوی زەمینەی یەکگرتنی تەواو بوونە یەک دەوڵەت یان

هەواڵنامەی کتێب

( یەکێتییەکی فیدراڵی)نەهاتۆتە پێش.  ئەم قۆناغە وچانی تەخت کردنی ئەو کۆسپانە و خۆش کردنی زەمینەی یەکێتیەکی پێشکەوتووتر و گونجاو تر.. وەکو یەکێتییە کۆنفدراسیۆنە کۆنەکانی ( ئەمەریکا و ئەڵمانیا و هۆڵەندا و سویسرا).. یان هەنگاوێک لەسەرەڕێی جیابوونەوە و سەربەخۆی تەواو دروست کردنی کیانی سەربەخۆ.. وەک ئەوەی چاوەڕێی ڕەوتی مێژوویی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و گەلانی ژێر دەستەی تر دەکات..لە بارەی یەکێتی ( فیدراسیۆن و کۆنفدراسیۆن) ەوە ڕایموند کارفیلد کیتیل لەپەڕاوی زانستەکانی سیاسەتدا دەڵێ:

**٣. کۆنفدراڵی ((کۆنفدراسیۆن))**

گرنگترین شێوەی یەکێتی لە نێوان دەوڵەتاندا(یەکێتی کۆنفدراسیۆن)کە تێدا چەند دەوڵەتێکی هاوبەرژەوەند لەسەر بنچینەی یەکسانی حکومەتێکی ناوەندی دروست دەکەن کە چەند دەسەڵاتێکی دیاری دەبێت، واش هەڵکەوتووە کە ئەم حکومەتە گشتییە لە کۆنگرەی نوێنەرانی ئەو دەوڵەتە پێک دێن کە یەکێتییە کۆنفدراسیۆنەکەیان پێک هێناوە.. بە عادەت ئەم نوێنەرانە وەکو دەوڵەت و بەپێی ئەو ڕێنویی و ئامۆژگاریانەی لەو حکومەتانەوە کە نوێنەرایەتیان دەکەن دەنگ دەدەن.

دەوڵەتانی ئەندامیش لەم یەکێتییە کۆنفدراسیۆنە تەواوی ئازادی و دەسەڵات و سەربەخۆیی خۆیان دەبێت و دەپارێزن چونکە ئەم جۆرە یەکێتییە نابێتە هۆی دروست بوونی دەوڵەتێکی نوێ،چونکە حکومەتێکی ناوەندی دەبێت بەڵام دەسەڵاتێکی ناوەندی نابێت کە (دەسەڵات /السیادە مەرجێکی بنجی حکومەتە)ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەو حکومەتە ناوەندە ڕووی بەشێک لە بەشەکانی هەر حکومەتێک لە حکومەتە ئەندامەکانیەتی ،هەروەها ئەم دەوڵەتانەی کە سنووری دەسەڵاتی دیاری دەکەن، ئەو ئامڕازەش کە یەکێتی کۆنفدراسیۆن دروست دەکات و سنووری دەسەڵاتی  حکومەتی ناوەندی دەکێشێ هەندێ جار پێی دەگووترێ دەستوور بەڵام ئەگەر ووردتر بڕوانێ و دەقەکەی وردکەینەوە ئەوا" باوەڕنامە/میثاق یان پەیمانێکە  لەنێو چەند دەوڵەتێکدا کە سەرچاوەی ڕەوایەتی /شەرعیەتی ئەندامانەتی.. چونکە یەکێتی کۆنفدراسیۆنی دەوڵەتێکی دەسەڵاتدار نییە کە هەر ئەندامێکی دەتوانێ لێی بکشێتەوە،ئەم کشانەوەیە لەوانەیە پێچەوانەی دەستووری دۆستایەتی نێو دەوڵەتی بێت و ڕێ بە ناڕەوایی دەوڵەتانی  دی نێو یەکێتی بدات،بەڵام ئەوە هەر دەمێنێتەوە کە کارێکی ناشایستە و ناڕەوا و دژ بە دەستوور نییە لە مێژووی گەشە و فراژووبوونی دەوڵەتدا چەند یەکێتییەکی کۆنفدراسۆنی پەیدابوون کاتی خۆی شەڕەکانی یۆنانی کۆن چەند یەکێتییەکان لەنێو خۆیاندا درووست کردووە لەمانە ئەو یەکێتییەی ناوی بە کۆمەڵەی (ئەگریکی) دەرچوو بوو کە زۆر لە هەڵکەوت و ڕێ و شوێنی یەکێتی کۆنفدراسۆنەوە

نزیک بووە هەروەها (کۆمەڵەی هانستی) و ئیمپراتۆریتی ڕۆمای پیرۆز لە یەکێتییە کۆنفدراسۆنە گرنگەکانی سەردەمانی کۆن دەژمێردرێن..

لەمانەش تازەتر یەکێتی کۆنفدراسۆنی ئەڵمانی کۆن لە( ١٨١٥ تا ١٨٦٦ ) و یەکێتی کۆنفدراسۆنی سویسری( ١٨١٥ تا ١٨٤٠ )یەکێتی کۆنفدراسیۆنی ئەمەریکی لە( ١٧٨١ تا ١٧٨٩ ) ن. یەکێتی تاقیکردنەوەکانیش ئەوەی نیشان داوین کە یەکێتی کۆنفدراسیۆن شێوەیەکە لە شێوە هەرە لاوازەکانی ڕێکخستن و پردێکی پەڕینەوەیە / منترە انتقالیە لە گۆڕانی کە لە دوورنایکدا تەواو دەبێت یان ڕێگەی جیابوونەوە یان یەکگرتنی ئەندامانی ئەو یەکێتییە دەگرێتەبەر.

یەکێتی کۆنفدراسیۆن لەهەندێ ڕووەوە لە( هاوپەیمانی/ تحالف) دەچێت چونکە چەند دەوڵەتێک بەپێی پەیمانێک و لەسەر بنچینەی یەکسانی و بەرژەوەندی هاوبەش یەک دەگرن بەڵام لە ڕووی ئەوەوە کە دەزگاکانێکی حکومەتی هاوبەش هەیە لە هاوپەیمانی جیاوازە هەروەها لە ڕووی جوغزی کار و هەمەچەشنەی مەبەست و ویستی بەردەوام بوونیشیەوە جیاوازە.

یەکێتی کۆنفدراسیون بە هەڵوەشاندنەوەی یەکێتییەکە خۆی بە جیابوونەوەی ئەندامەکانی یان بەتێکەڵ بوونیان لەیەک دەوڵەتدا لەبەین دەچێ، یەکێتی کۆنفدراسیۆن لە بنەڕەتەوە جیاوازە لە یەکێتی فدراسیۆن .. بەڵام جیاوازی هررە کاتی ئەندامانی.... مقداری خۆسبەستنەوەیان ڤە تەکێتییەکەوە و مافی کشانەوەیان هەبێت لە یەکێتییەکە کاتێ کە ڕا و باری سەرنجیان قبوڵ نەکرێت.. جۆری ئەم یەکێتییە کۆنفدراسیونییە.. بەڵام لە دەستووردا ئەوە دیاری کرا کە حکومەتی یەکێتی ( ناوەند) بۆی نییە گیانی سیاسی ئەندامانی لەبەین بەرێ یان دەست لە دەسەڵاتە قانوونیەکانەوەدس.. و ئەندامانیشی بۆیان نەبێت کیانی یەژێتی یەکە لە بەین بەرن یان دەست لە دەسەڵارە قانوونییەکانی حکومەتی یەکێتی بدات، جۆرێ یەکێتی یەکە "فیدراسیونی "دەبێت..

**دەتوانین جیاوازییە گرنگەکانی نێوانیان بەم جۆرە دیاری بکەین:**

یەکێتی کۆنفدراسیۆن( کۆنفدراڵی) یەکێتی فیدراسیۆن( فیدرڕاڵی)

١- (کۆنفدرڕاڵی) دروستبوونی بە پێی ڕێکەوتنی چەند دەوڵەتێک دەبێت کە لەڕووی لەڕووی یاساییەوە بە پەیمانی دەوڵەتی/ معاهدە دولیە) دەژمێردرێ.

١- فیدرڕاڵی) بەپێی دەستوورێک دروست دەبێت کەیاساییەوە بە( ( یاسا) دەژمێردرێت.

٢- (کۆنفدڕاڵی) لەسەر ڕا لەسەربوونی حکومەتەکانی ئەندام تێیدا ڕادەوستێ.
٢- ( فیدڕاڵی) لەسەر ڕا لەسەربوونی هاوولاتیانی دەوڵەتەکە ڕادەوستێ.
٣. (کۆنفدڕاڵی) بە ژمارەی ئەو دەوڵەتانەی ئەندامی تێیدا،دەسەلاتی جیاجیای هەیە.
٣-(فیدڕاڵی) یەک دەسەلات/ السیادە هەیە کە لە حکومەتی ناوەندایە.
٤-( کۆنفدڕاڵی) دەشێ ئەندامانی دەوڵەتی کۆنفدراسۆن بە ڕێگەیەکی دەستووری لەو یەکێتییە بکێشنەوە، واتە هەر دەوڵەتەی هەرکاتێ بیەوێ مافی جیابونەوەی هەیە.
٤. (فیدڕاڵی)کشانەوە لە یەکێتی فیدراسیۆنییە بە کارێکی نادەستووری و توندڕەوانە دەژمێردرێ،مافی جیابوونەوەی تێدا نییە.
٥- (کۆنفدڕاڵی) حکومەت ئەندامەکانی نێوی بڕیاری هەڵوەشانەوە یان فراوانکردنی دەسەلاتی یان ویکهێنانەوەی دەدەن.
٥. (فیدڕاڵی)لە یەکێتی فیدراسیۆندا حکومەتی ناوەندی بەپێی دەستوور خۆی دەسەلاتەکان دیاری دەکات دەسکاری و گۆڕان و هەڵوەشانەوەی . ئەندامەکانی ناتوانن ئەو یەکێتیە دەسکاری کەن یان بگۆڕن یان هەڵوەشێننەوە.مەگەر دەستوورەکەی بە شێوەیەکی یاسایی وا بگۆڕن کە ڕێیان پێ بدات.
٦- (کۆنفدراڵی) لەبەرئەوە دەزگایەکی ئیداری ناوەندی و دادگەری نییە.. ناتوانێ دەسەلاتی ڕاستەوخۆی بکێشیت بەسەر هاولاتیاندا بەڵکو هەر دەوڵـەتـەی بەجیا دەتوانێ ئەم کارە بەنسبەت هاوولاتیانی خۆیەوە بکات.. تەنها دەتوانێ لەڕێی زۆر و زەبروزەنگی هەمووانەوە مل پێ بدات بۆ دەسەلاتی یەکێتییەکە.
٦.(فیدڕاڵی) حکومەتی ناوەندی لەبەر ڕۆشنایی دەسەلاتە دەستووریەکاندا یاسا دادەنێ و لە ڕێی دەزگا ئیداری و دادگەرییە تایبەتییەکانیەوە بەسەر هەموو هاولاتیاندا دەسەپێنێ.
٧- (کۆنفدڕاڵی) هەموو ئەندامانی کەسایەتی دەوڵەتیی سەربەخۆی دەبێت.. دەتوانێ پەیمان لەگەڵ دەوڵەتانی تـردا ببەستێ یان جەنگیان لەگەڵ سـازدات، بێ ئەوەی کار/ تەئسیر بکاتە سەر ئەندامانی تر مەگەر لە دەستووری یەکێتی دا دەسەلاتی جەنگ سازدانی بەرێتە دەست.
٧.(فیدرڵی)ئەندامانی ئەو دەسەلاتەیان نییە و تەنیا لە دەسەلاتی حکومەتی ناوەندایە.
٨- (کۆنفدراڵی) جەنگی نێوان ئەندامانیان"جەنگی نێودەوڵەتی" دەژمێردرێ.
٨- (فیدڕاڵی) جەنگ و شەڕ و پشێوی، بەکاری ناوخۆ و شۆڕشی ناوخۆ دەژمێردرێ.
٩- (کۆنفدڕاڵی) دوا ڕێگەی یاسایی، گرفتی نێوانیان جیابوونەوەیە.
٩- (فیدڕاڵی) پەنابردنە بەر(دادگای فیدڕاسیۆنی) یاساکان دادەنرێت.

****************************

پاش ئەمانە دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە مەسەلەی مافی دیاریکردنی چارەنووسی هەر نەتەوەیەک مافێکی بێ دەمەتەقێ و زمان گرتنی هەر نەتەوەیەکە و ئەگەرچی شێوە و چیوەی چۆنێتی بەدیهێنان و بەکارهێنانی ئەو مافە دەکەوێتە سەر بار و هەلومەرجی ئەو نەتەوەیە و سەرجەم هۆکانی کارتێکەری( دەورووبەری) و لە چەند شێوەیەکدا خۆی دەنوێنێ.. بەلاّم بالاّترین پلەکانی و ڕەوتی مێژوویی و دوایی هەرخۆی لە دروست کردنی کیانی یاسی سەربەخۆ و ئازاد دا دەبینن. ئێمەی کورد.. کە لەبارێکی زۆر سەخت و نموونەیی ژێر دەستەیی و چەوساندنەوە و داگیرکردن داین ، لەزۆر لایەنی دیکە چاتر دەتوانین گوزارشت/ تەعبیر لەو ژان و ئامانجانە بکەین کە گەلان و نەتەوە هاوژان و کێشەکانمانی تیایە.. و مافی دیاریکردنی چارەنووس لە هەموو شتێکی دیکە لامان مەبەست تر و پیرۆزترە.. بۆیە پشتگیری تەواوی گەلانی ژێردەستە و چەوساوە دەکەین و بۆ گەیشتن بە مافی دیاری کردنی چارەنووسیان و گەلانی لەبیرکراوی ( باسک و بلووج و ئیرلەندی و فەلەستین) یش لەتەک نەتەوەکەی خۆماندا لە هەمووان بەرچاوتر دەخەین.

هەواڵنامەی کتێب

**لەم باسەدا سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:**


| | |
|---|---|
| ١العلوم السیاسه | رایموند کارفیلد کیتل |
| ٢ـ کوردستان و کورد | د. عەبدلرحمان قاسملو |
| ٣ـ کورد و کوردستان | محمد امین زکی بەگ |
| ٤ـ بزووتنەوەی سیاسی و ڕۆشنبیری کورد | ڕەمزی قەزاز |
| ٥ـ کورد لە مێژووی دراوسێکانیدا | وەرگێڕانی/ مامۆستا سەعید ناکام |
| ٦ـ المارکسیه والمساله الوطنیه | ف. ا. لینین |
| ٧ـ ما هی القومیه | ساطع الحصری |
| ٨ـ مرۆڤ و دەروربەر | مامۆستا مەسعود محمد |
| ٩ـ علم السیاسه | مرسیل بریلو |
| ١٠ـ الفلسفه السیاسیه | محمد مفید الوبای |
| ١١ـ فرهنگ سیاسی | |
| ١٢ـ چەند محازەرەیەکی دەورەی کادیران | |
| ١٣ـ زنجیرەی پێشڕەوەکەت بناسە،لە بلاّوکراوەکانی پاسۆک | |
| ١٤ـ ئالاّی سووری کوردایەتی | |
| ١٥ـ الحریه فی الدور الحدیث | ه.ح. لاسکی |
| ١٦ـ پرۆگرام و پێڕەوی ناوخۆ | |

## ((مالاوا))...
## جارێ ئەسپیان نییە شەڕ لەسەر ئاخوڕی چی دەکەن؟!.

وا پێ دەنێینە سالێکەوە "ئێران و عێراق" تێک شکاوون.. دەسەلاتی ڕەگەزپەرستی بەغدا بە کۆستی گەورەی خۆیدا کەوتووە و سەری ناپەرژێتە سەر ئەومەسەلەیەی کە هاندەری ئەم جەنگە بوو- کە پاشخانی-ڕێکەوتنە شوومەکەی» الجزائر" و پلانی کورد نەهێشتن بووە _ بۆیە هەقمانە بپرسین و بلێین : لەم سالەدا ئێمەی کورد چیمان بۆ خۆمان کردوە؟!. ڕاستیشە خوا کلاوی بۆ بەڕوو کردووە، وا سالێکیشە خەریکی گرێ چنێکە بۆ ئێمە ، ئەدی بۆ نەمان توانیوە بیکەینە سەری هەتیوانی کوردەوە؟!..

هەموو حسابەکانیش بەلای چاک و ئەرێنی/ ئیجابی ئێمەدایە، جەماوەرێکی ئامادە و ڕاپەڕیوو.. هەستێکی کوردایەتی و بڕندە.. مەسەلەیەکی ڕەوا و بەپێز.. پێشمەرگە و ڕۆلەی جەربەزەی لە خۆبووردوو..( نامەخوا) هۆڕێ کوڕ و کۆمەل و سیاسی بەرەو( بەڕە)!..دوژمنێکی شەکەت و کەنەفت و هیلاک و... داگیرکەرێکی ئابڕووچووی ناوبانگ زڕاو.. هەرچی زەمینەی پێشکەوتن و پێگەیشتن هەیە بە خەیاکیش دروستی کەین وا نایەتە پێش.. ئیتر ( لینین) گوتەنی: ئەدی دەوێرین سەتکەوتن؟!. بۆ نا؟! ئەگەر لێمان گەڕێن و چقلی مەموزینی کوردیوازبێنی.. ئەگەر هەمووان خۆمان و بیروباوەڕ و ڕێکخراوەکانمان بە ئامراز/ وسیلە بزانین بۆ مەبەستێکی پیرۆز و مەزن کە بەرژەوەندی کورد و سەرکەوتنی خەباتی ڕزگاریخوازی کوردە.. ئەگەر دەست لە تۆلە و دوژمنایەتی و ناحەزی و ئارەزووە نەخۆشیە دەروونیەکان گەلگرن ئەوەندە ئاوڕ لە ڕابردوو بدەینەوە کە خزمەتی داهاتوومان بکات.. ئەگەر دەستی ئیمپریالیزم و داگیرکەرانی نێو ڕکێفی کوردی لەبنا وەبڕین.. ئەگەر بریقە و باقەی کورسی و پایە و مەقام و فشەناز و نیعمەتی خۆپەسەندی لەگۆڕ نێین.. ئەگەر چۆن بە درێژایی خۆماندا دەڕوانین ئاواش بە پانی خەلکدا بڕوانین.. خۆمان بە پەری و خەلکی بە شەیتان نەزانین!.. ئەگەر عەنعەنە و تەنتەنە و سەنسەنەی ملهوڕی و کوێخایەتی و قرخکاری/ احتکاری واز لێ بێنین.. ئەگەر دەست لە ( سادیەت) و خۆخۆری و کوردکوژی و ڕاوە کورد بهێنین.. ئەگەر تەنها دایکمان کورد نەبێت و بابمان سووری چاوشینی پێش پەنجاکانمان نەبێت!..هەر هەموویش بە یەکجار و بنەبڕی بەوە چارەسەر دەبێت کە ( پێش ئەوەی هەر شتێ بین.. کورد بین).

دە ئەی جەماوەری بەشەرەفی کورد .. ڕاپەڕە بە ڕووی کرمی ناوخۆ و پوازی کوردیدا.. ناو مالی خۆ لەو جەردە و دز و جادوگەرانە پاک وەکە.. دوا فرسەتیان

ئەوە بدەیە، ئەوەتا بێنەوە ڕێز و دەست لەو ملهوڕی و کوردکوژی و خۆفرۆشی و پوازلێدانە هەڵگرن.. بێنەوە باوەش پڕ سۆز و میهرەبانیو دڵسۆزی و شەرەفی کوردایەتی یـەوە.. یان بۆ هەتا هەتایە ڕیزەکانیان لێ پاک وەکەن..پێیان بڵێن: با میراتەکە ساغ بکەینەوە.. و لەدەست داگیرکەران و دوژمنانی وەستێنین.. ئەوساشەڕە لیسی لەسەر بکەن..

جارێ ئەسپتان نییە، شەڕ لەسەر ئاخوڕی چی دەکەن؟!!!...

هەواڵنامەی کتێب

(((پێش ئەوەی هەر شتێ بین، دەبێ کورد بین)))

# ئاڵای سووری کوردایەتی

## چەکی بێ بیروباوەڕ سێدارەی جەماوەرە

ژمارە ـ ٩ ـ تشرینی یەکەمی ١٩٨١ ف - ڕەزبەری ٢٥٩٢

## سەرەباس

+ ئەم کاسەیە بێ ژێر کاسە نییە!..
+ یەکێتی ڕیزەکانمان تاکە زامنی سەرکەوتنە
+ جاش کێویلەکان: نانی کام کونەماسی دەخۆن و پاسی کام جرتاو دەکەن؟!..
+ قوتابخانەی پاسۆک     وانەی نۆیەم
+ بانگێ لەسەنگەری پاسۆکەوە
+ شیعر
+ شادەمارە سەرەتاکانمان
+ لە کەلەپووری شپرشگێڕیمان دا
+ مالاوا: توژەڵەی سۆزانی وەجاخی گۆبلز ڕوون دەکاتەوە!

هەولێرنامەی کتێب

# ئەم کاسەیە بێ ژێر کاسە نییە!

ئیمپریالیزمی جیهان خۆر، کە لە ڕووی هەڵکەوتەوە چڵەپۆپەی گەشەی سەرمایەداری و ڕژێمی مرۆڤ خۆری چەپەڵی کە پیتالیستییە .. لە بواری عەمەلیدا مانەوە و بۆ چوونە سەری تەمەنی بچنە بە چەندایەتی و چۆنایەتی مانەوەی چنگاڵی خوێناوی لە ناو خوێنی چینە زەحمەت کێشان و نەتەوە چەوساوە و ژێر دەستەکاندا .. لەم خاکە لێوەی سەدەی بیستەمەدا بێ تەوری بڕندەی مەچەک بڕی ئیمپریالیزمی لە کاردایە و ئاسۆی خۆری ئازادی و سەرفرازی هەتا هەتایی مرۆڤایەتی لە دەمێ بریقەداری ئەو تەورانەدا سەر هەڵدەدات، کە وڵاتانی سۆسیالیستی و بزووتنەوەی دیموکراسی نێو دەوڵەتی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلە ژێر دەستە و چەوساوەمانە .. پێ بە پێی ئەم سێ کوچکەی شەڕی ڕژێمە کەپیتالیست و داگیرکەرە کۆنەپەرستەکان و خۆفرۆشانی پوازی ناوخۆ دژی ئیرادەی مرۆڤ و لۆژیک / مەنتقی مێژوو وەستاونەتەوە.

ئێمرۆش بزووتنەوەی دیموکراسی و ڕزگاریخوازانەی ناوچەکە بە گشتی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد بە تایبەتی پایەگا و شوێنێکی دیار و بەرچاو و گرنگیان هەیە لەم ململانێ مێژووییەدا و هیچ کاتێک بەو جۆرە بار و هەل و مەرجی تێشکانی هەتا هەتایی داوە لە ئیمپریالیزمیەکانی ڕژێمە کۆنەپەرست و ڕەگەز پەرستەکانی کوردستان و سەرکەوتنی یەکجاری خەباتی ڕزگاریخوازی ڕەوای کورد نەهاتۆتە پێش .. بۆیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەردەی پڕ شەرم تر و دڕندانە تر و ناپاکانە تری ئەو ڕژێمە بۆگەنە داگیرکەرانە و خۆفرۆشانی ناوخۆ پێ بە پێ بڵند بوونەوە و تاوسەندنی ئەو خەباتە دەهێنرێتە پێشەوە!!..

سەرەتای ئەم پلانە بەربڵاو و گرێچنەی داگیرکەران و دوژمنانی مرۆڤایەتی لەو هاربوون و پەلامار و ئاژاوە و ڕیز تێکدان و کوردکوژیەی تاقمە پیاو کوژانەی جاشە کێویلەکاندا ئاشکرا دەبێت، کە هەر ڕۆژەی پەلاماری دەستە و کۆمەڵێکی کوردپەروەر و نیشتمانی و دیموکراسی کوردستانی و عێراقی دەدەن و وەکو سەنگەری پێشەوەی ڕژێمی ڕەگەز پەرستی بەغدا و داگیرکەرانی کۆنەپەرست لە ڕووی هێزە شۆرشگێڕە دڵسۆزەکاندا وەستاون و بوونەتە چەپەری پارێزگاری ئەو ڕژێمانە .. و نایەڵن پێشمەرگەی کورد و جەنگاوەرانی عێراقی دەستیان بگاتە دوژمنەکە و ئەو لەترەی پێویستە پێی بدرێت بۆ هەڵتەکاندن و ڕیشە کێش کردنی.

ئەم تاقمە خۆفرۆشە "جاشی بین المللی"یانە، جگە لەوەی کە چەندە تەمەنی ئەو ڕژێمە درێژ دەکەن، ئەوەندەش ژان و نەهامەتی و چەوساندنەوەی گەلەکەمان قورستر دەکەن .. فرسەت و پشوو هێنانەوە بەر دەوائیری ئیمپریالیزمییە بۆ پینە و پەڕۆ کردنی ئەو ڕژێمە

دار دەستە و یان گۆڕینی دەم و چاوی کاڵەوە بووی "صدام"بەختیاری " و " ئاسوودەیی " ڕوویەکی زەردی لیمۆیی دیکە، هەر وەکو لە سالانی (٦٣)ی ناودێردا ئەو ڕۆڵەیان گەمە کرد!! ئەگینا لە بار و هەل و مەرجێکی وادا .. ناوچە داخستن و قەدەغەکردن و بەرسنگ گرتن بە هێزە شۆرشگێڕە دڵسۆزەکانی بۆ .. و لە بەرژەوەندی "صدام" بەولاوە هی کێیە؟! هەڵکوتانە سەر هێزەکانی پێشمەرگە و بەربەست کردنی چالاکیان و دوور خستنەوەیان لە ئاڵقە لاوازەکانی زنجیری کۆنی ڕژێمە ڕەگەز پەرستەکە چ دەگەیەنێ .. و بە چی پاساوی دەدرێت؟! دەست خستنە خوێنی سەر لە بەری هێزە شۆرشگێڕەکانی کوردستان و عێراقی کاریگەر و دەرنەکردنی هیچ هێزێک لە پەلاماری چەکدارانە و دەم شڕە بێ ئابڕوانە .. بە چی تەفسیری دەکرێت .. و چۆن لێفە پۆی دەکرێت؟! شەر ڕاگرتن لە گەڵ میریدا و جرت و فرتی کولکە کوێخا و ئاغا و شێخە جاشی و دەستە خۆر و پیاوەکانی ڕژێم لە نێوان بەغدا و تووژەڵەدا بە قەولی ووتووان خەتی پانی (لەندەن — بەغدا- تووژەڵە)یە .. یان پەتکی سەر شانۆی "بەغدا، تووژەڵە"ی نێو دەستی (تین دادونگ ستریت)، درۆ و دەلەسە ئاسمانییە بێ شەرمەکانی (دەنگی بۆ ئاگاداری کورد کوشتن) و زەردا و هەڵێنانەوەی گۆبلزیانە .. لە پێناوی چیدا .. و بۆ کێ؟! دەستکێشانە حورمەت و سەروەری شەهیدانی کوردستان و گۆڕ هەڵکەنەیی بێ ڕەوشتانەیان لە کام داب و دەستوورێکی خۆفرۆشانەی پێش خۆیاندا جێ بۆتەوە؟. و کە دوژمنەکە وێڕای ئەو بێ ڕەوشتیەی نەبێت و ئەمان دەسەبەرەی بن چ دەگەیەنێ؟!

ئێمە و هەموو هێزە دڵسۆزەکانی دیکە کە تا ئێستا پێمان ناوە بە جەرگی خۆماندا و سەبری ئەیووبیمان لە کۆڵ گرتووە و هەوڵمان داوە بە هەر نرخێک بێت خۆمان لە چلپاوی شەڕی نارەوای ئەو تاقمە کورد کوژە خۆفرۆشە بپارێزین و خۆ بۆ داگیرکەرە ڕەگەزپەرستەکە تەرخان کەین .. بەلام ڕەفتارو گفتار و کردەوەی بە چاواندا چووی ئەمانە ڕێی لە هەموو زرە "تأویل"ێکیش بڕیوەتەوە کە لە بەرژەوەندی بەرزی گەلەکەمان خۆی پێ هەڵخەڵەتێنێت!.. ئەو ڕەفتارانەی ئەمانە مەسەلەی ڕێکەوت و نەزانین و پێکداچوون و هەڵە و هەڵپەش نییە .. هەتا دژی سەرەتا ڕوورەشەکەی دکتۆر (تەماتە) گێلەکەشیان کە پار پالۆ .. پالۆ ..) هێزەکانی دەخوارد .. و دژی هەموو سەرەتایەکی تەکتیکی و هەنگاوی پاکسازی / تەصفیەی ناحەزانیشە .. پەلاماردانی چەکدارانە و دەم درێژانەی سۆزانی بۆ سەر (پارتی، سۆسیالیست، پاسۆک و هەتا حیزبی شیوعیش) و دەرنەکردنی هیچ هێزیکی سیاسی لەم پەلامارەدا، کارێکی گێلانە و حساباتی "صدام" ئاساییانە نییە. ئەمە دەورە و سپێردراوە و ڕۆڵە و دەگێردرێت و پلانە و دەچێندرێ و جاشێتی و خۆفرۆشیە و ڕەفتار دەکریت؟. ئەمە گوێزانەوەی بەکرەجۆیە بۆ "تووژەڵە" و بەس .. ئەگەر ئەمە وا نییە، ئەم شانۆ گاڵتە جارە ناوی چی لێ بنرێت؟!

# یەکێتی ڕیزەکانمان تاکە زامنی سەرکەوتنە

ئەی جەماوەری زەحمەتکێش و ستەمدیدەی کورد
کۆڕ و کۆمەڵانی دڵسۆزی کوردستانی و عیراقی

پتر لە بیست ساڵە گەلی عێراقی بە گشتی و گەلی کوردمان بە تایبەتی لە ژێر ئەشکەنجە و زوڵم و زۆری زنجیرەیە حوکمی دیکتاتۆری و ڕەگەز پەرست و شۆڤێنیدا، خایە و مایەی لە بەین دەبرێ و سەرو ماڵی لە ژێر ڕەحمەتی بێ ویژدانی و دڕندایەتی گەلە گورگێدایە و ئیمپریالیزمی جیهانی و کۆنە پەرستانی ناوخۆی کوردستان و عێراقیان کردۆتە گۆمی خۆین و گەمەی بێ سەودای تێدادەکەن ..

شەش ساڵانیش بە سەر هەرەس پێهێنانی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن و سێ ساڵانیش بە سەر شۆڕشی گەلانی ئێراندا تێ دەپەڕێ، تا دێش دڕندایەتی و مرۆڤ کوژی لە کوردستان و عێراقدا بە کیرفیکی هەڵچووە و ڕوو لە بەرزبوونەوە و پەرە پێ سەندنە!! بە ڕادەیەکی وا هەرچی دەمامک و چارشێوی ساختە هەیە لە ڕووی داگیرکەرانی کوردستان داکەوتووە و بەرە و چاڵی مەرگ و لە ناوچوونیان مل دەشکێنن .. ئابووری لەم کاتەدا کە چارەنووسی سەدان ساڵی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد و دیموکراسی عێراقی لە بەردەم ئەو تاقیکردنەوە و دووڕیانە مێژووییەدا وەستاوەتەوە و زەمینەی ئەوە ڕەخساوە کە بۆ هەتا هەتایە حوکمی جەماوەر بچەسپێ و مەسەلەی کورد لە سەر تاسەری کوردستاندا لە تەنگەتیلەی ڕابردووی ڕزگاربێت .. کۆمەڵی گێرەشێوێن و خۆفرۆش و کۆنەپەرست کەوتوونەتە گیانی ئەو بزووتنەوەیە و بوونەتە پوازی لە باربردنی ئەم هەل و بارە هەڵکەوتووە، هەر لە تاوانی سووکی شەخصیانەی دەست کێشانە گیانی تاکە تاکەی خەڵکی دڵسۆز و بێ سووچ و هاوڵاتی لە ماڵی خۆدانیشتوو تا دەگاتە پەلاماری زۆر نامەردانەی خەنجەر لە پشتەوە لێدان و پێشی دوژمن کەوتن و کورد کوژی و حەڵاڵ کردنی خۆینی یەکدی ..

لە بارێکی وا سەخت و دژوار و ئالۆزدا هەموو هێزو کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییە شۆڕشگێڕەکانی کورد و عێراقی دەکەونە بەر سەنگی مەحەک و بواری دڵسۆزی و شۆڕشگێڕی و چەندیەتی و چۆنایەتی هەست بە بەرپرسیاری و بەرزبونەوە بۆ ئاستی بەرژەوەندی میللی و داواکاریەکانی جەماوەر لە (یەکگرتن و یەکخستنی تین و توانادا)، پلەکانی دڵسۆزی و شۆڕشگێڕیان دیاری دەکات . بۆیە هەر گێچەڵ نانەوە و پەلامار و کۆسپ دروست کردنێ لە سەرە ڕێی یەکێتی و یەکخستنی هەموو هێزە خێرخواکانی کورد و عێراقیدا، ڕاستەوخۆ خزمەت بە

ڕژێمە کۆنەپەرستەکان و دار و دەستەی پیاوکوژانی ڕەگەزپەرستی بەغدا و ئیمپریالیزمی جیهانی دەکات .. و هیچ بەڵگە و بیانوو و پۆزشێ لە هیچ بار و هەل و مەرجێکدا پاساوی هیچ کردارێکی گێرە شێوێنانە و براکوژی ناپاکانە نادات هەر بەم گیانی هەست لێپرسینەوە و بەتەنگەوە هاتنەوەی "پاسۆکانەمانەوە" پێشوازی لەو بانگەوازە دڵسۆزانەیەی (حیزبی شیوعی عێراقی)دەکەین و پشتگیری و هاوکاری بێ سنووری خۆمان بۆ برایانی حیزبی شیوعی دەردەبڕین لە پێناوی خزمەتی بزووتنەوەی کوردایەتی و دیموکراسی عێراقی لە هەمان کاتدا لە ناخەوە پیرۆزبایی و دەست خۆشانەی ستراتیجیەتی دروست و خزمەت گوزارانەیان لێ دەکەین لەو شەقاوە مێژووییانەی ناویانە و دەینێن بۆ هەوڵی چەسپان و سەلماندنی (مافی دیاری کردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد) و پشتگیری مەعنەوی و ئەدەبی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا .. هەروەها دەنگمان دەخەینە پاڵ دەنگیان و بەشداری بانگەوازە دڵسۆزەکەیان دەکەین بۆ بتەوکردنی ڕیزەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و دیموکراسی عێراقی و گەلانی ناوچەکە و پاکتاوکردنی تراژیدیای شەڕی برا کوژی و دەست وەردانە کاروباری ناوخۆی و تەشەنەی شەڕی براکوژی نارەوا بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستان .

## ڕۆڵە بە شەرەفەکانی گەلەکەمان

دەنگی نارەزایی و تورەبوونتان بە ڕووی شەڕ فرۆشان و کورد کوژان و خۆفرۆشانی ناوخۆدا بەرزبکەوە و هەموو ڕەفتار و کردارێکی ڕیز تێکدەرانە و براکوژانە و کوێخایەتی ڕیسوا کەن و هەڵەی کەس بە کەسی دیکە دامەپۆشن . نیشانە و ستاندەری دڵسۆزی هەر لایەک تەنها چالاکی و ڕەفتار عملییان بێت نەک دروشمە ڕەنگاو ڕەنگەکانی فابریقەی ئینگلیزی و ئەمەریکای کۆنەپەرستی ناوخۆ . با هەموو لەو ڕاستییە بگەین کە تەنها جەماوەر دەتوانێ دەم ڕاست و حەکەمی نێوان باڵەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی و عێراقی بێت .. کوێخایەتی و پاوەن خوازی سەر ساحەی کوردستانی و عێراقی جگە لە خزمەت بە داگیرکەران و ئیمپریالیزم و کۆنە پەرستی نەبێت ناکات و مل شکاندن و ڕیسوا بوون و کەوتنە باوەشی ئەم و ئەوی لە دووە و بەس. با هەمووان بە گیانێکی برایانە و شۆرشگێرانە دەست لە نێو دەستی یەکدی نێین و دەست لە گومڕایی و پاوەن خوازی و کوێخایەتی هەڵگرین .. با چەندایەتی و

چۆنایەتی خزمەت بە گەلەکەمان نیشانە و بەڵگەی دڵسۆزی و لە بەر تریمان بێت و تەنها لە ڕێگەی بینە بڕکێیەکی هێمنانە و دڵسۆزانەوە دەتوانین خزمەت بە جەماوەر و بیر و باوەڕکانمان بکەین. با ئەوەمان لە یاد نەچێ کە هەمیشە گەلەکەمان لە سەر هەقە و تەنها دۆستانی ڕاستەقینەی نەتەوەکەمان دۆست و یارانمان و داگیرکەر هەر داگیرکەرە و شتریٚ قورئانیش لە کۆڵ نیٚ! با بزانین کاری شۆڕشگێڕان پەلاماری ئەم لاو ئەو لایەن نییە و گۆرەپانی ڕاستەقینەی خەبات و کوردایەتی و نیشتمان پەروەری تەنها ڕوو بە ڕووبوونەوەی داگیرکەران و ڕژێمە کۆنەپەرست و فاشستیەکانیانە و بەس، با لە ڕابردووی تاڵ پەند وەرگرین و جارێکی دیکە گەلەکەمان ڕانەکێشینە سەر تاتی قەسابی قەسابخانەکانی داگیرکەران و(تا مل کەچی یەکی نەخستووین با بۆ ئازادی یەکگرین)

با دەستی چەور و ژەنگاوی و چڵکنی خۆ بە یەکدی نەسووین و کەمتر ئاوڕ بدەینەوە بە ڕووی ڕابردووی شەرم هێن و ناپاکی خۆیاندا، ئەوسا بە ڕووی سووری شۆڕشگێڕاندا هەڵشاخێنەوە و بڕشێنەوە .. دەبیٚ کیٚ لەم برا کوژییە سوودمەند بێت ئیمپریالیزم و داگیرکەرانی کۆنەپەرست و شۆڤێنی نەبێت؟ ئەمانە ئەگەر لە خۆر ناترسین، خۆری ئازادی یەکسانی تەنها لە یەکێتیٚ و برایەتی و تەباییەوە هەڵدێت. ئەمانە ئەگەر پشت ئەستوور بن لە خۆ و بیروباوەڕ یان؟ لیٚ گەڕێن با سەدان خونچە دەم وەکات، ئەمانە ئەگەر بە فەرمانی لەندەن و واشنتون و پایتەختە سۆزانیەکانی داگیرکەران ئەم شانۆگەریە تراژیدییە ناگێڕن؟.. جەماوەر داوای هاوکاری و برایەتی و یەکێتی دەکات ..

دەبا گەنە قین و تەماع و مل هوڕی بکرێتە ژێر تـەلاری دڵسۆزی و نیشتمان پەروەریەوە.

سەرکەوتوو بێت خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و عێراق.
سەرکەوتوو بێت خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە پارچەکانی تری کوردستاندا.
بژی خواست و ویستی برایی و دۆستایەتی
لە گوڕ نریٚ دەنگ و ڕەنگ و ڕەفتاری برا کوژی.

## (ڕازێکی کوردانە)
## جاش کێویلەکان

**(( نانی کام کونە ماسی دەخۆن و پاسی کام جرتاوە دەکەن؟!))...**

جەماوەری زەحمەتکێشی ستەمدیدەی کورد

کۆڕ و کۆمەڵانی شۆڕشگێڕ

دەمێکە دوژمنان و بەکرێگیراوانی ڕووهەڵماڵدراوی کوردایەتی و حیزبمان تەونی ئەو پلانە گڵاوە دەکەنن کە لە ڕۆژی ١٩٨١/٦/٢٢ دا پەردە لە سەر فەساڵی زەرد و نامەردانی هەڵدرایەوە بە ئێمە هەتا لەو کاتەشدا نەمانویست لە سنوور بۆ دانان و لە سەر خۆکردنەوەی ڕەوا شەقاوی پتر هەڵگرین .. ئەوەشمان تەنها بۆ ئەوەبوە کە تێبگەن (هەموو مەلێ گۆشتی ناخورێ!) هەموو کونێکیش کونی دەست پیاکردن نییە" و بۆ ئەوە بووە تەڵەی داگیرکەرەکە و ئەڵقە لە گوێیانی و خۆفرۆشانی ناوخۆ بتەقێنن و نەیەڵین داگیرکەر ئەو پوازە لە بربڕاگەمان بدات، لە سەرێکی تریشەوە بۆ ئەوە بووە کە لایان ڕوون بێت بێ دەنگی و خۆلادان و (تحمل)ی لاکانی دی لە بەرانبەر دەست درێژی و کورد کوژیاندا لە ناتوانایی و بێ دەسەڵاتیەوە نەبووە، هەرچەندە توانست و (اقتداری) هەر بە چەندایەتی و چۆنایەتی دەستوەشاندن لە داگیرکەرەکە حسێب دەکرێت نەک پەلاماری نامەردانە و لە پشتەوە خنجەردان لە شۆڕشگێڕان .. پاش ئەمەش ئێمە دیسانەوە حەزمان نەکرد بە دەنگ هاتنمان (لە دەرس دادان) و بە ئاگا هێنانەوە تێ پەڕکات و تەشەنە بکات، بۆیە هەر پاش ئەو کارەساتە دڵ تەزێنانە زۆربەی هەرە زۆربەیهێزەکان لە ناوچە (پاوان کراوەکانی) ئەواندا کیشایەوە و ویستمان لە نێزیکەوە چارەسەری ئەو کێشانە بکەین و بۆ ئەم مەبەستە ئاگاداری سکرتێری گشتی و لێپرسراوەکانمان کردن، لە بەر هەست بەلێپرسراوی و گیانی دڵسۆزی سنووردانان بۆ هەر بزێویەک، کە پێکەوە هەوڵی بنەبڕکردنی هۆکانی سازادنی ئەو کێشانە بدەین و هەموو ئامادەگیەکی خۆمان دەربڕی بۆ هەر لێکۆلینەوەیەک و بەدووداچوون و سزادانی تاوانبارانی ئەو کێشانە و لە نۆزدە خاڵدا ئەو دەست درێژی و بەڵگە و (وثائق)انەمان خستنە بەرچاو کە دەست پێ کەر و دەست درێژی کەر ئەوان بوون و ئەوەی کە ڕووشی دا تەنها هەڵە و لە دەست دەرچوون و کارێکی سەربەخۆ و تاکانەی ئەم یان ئەویان نەبووە .. ئەوەی کراوە (سبق الاصرار) و پلانی پێشەکی تێدابووە .. ئامادەیی ئەوەشمان دەربڕیوە کە حیزبێکی عێراقی و لایەنێکی بێ لایەنی کوردستانی خۆرهەلات بکەینە دادپرس و

بڕیارەکانیان ملزم بێت بۆ هەر دوولا ئەگەر چی ئەوان وەکو کۆنە عادەت و ڕەوشت و هەڵکەوتی دەق بەستووی میکانیکیانەیان کە (خاس دەڵێن و خراپ دەکەن!) بۆ هێمن کردنەوە و خافڵاندنمان لە سەرەتاوە ڕوویان پیشان دا، بەڵام هەر سێ ڕۆژی نەبرد کە نیەتی کوردکوژانە و هەڵکەوتی "غدر و پووچ فرسەتیان" دەرکەوت .. و کەوتنە کۆمەڵێ ڕەفتاری وا ناپەسەند و بزێوە کە سەد ڕەحمەت لە بەعسی کفن دز!. هەر لە بەدەستەوە دانی حەوت خێزانی پێشمەرگەکانمان بە دەستی بەعسی و کە تا ئێستاش شەشیان لە گرتووخانەکانی بەعسیاندان! تا دەگاتە گرتن و لێدان و هەڕەشەی / تەهدیدی کوشتنی ئەو پێشمەرگانەی بۆ پشوو لە هێزەکانمان دابڕابوون و گرتن و ئەشکەنجەدانی خزم و کەس و کاری هاوبیرانمان و سوکایەتی کردن بە دۆستان و ناسیاوانمان لە ناوچەکاندا و هەتا قسەی سارد و سوک بە پیرەژن و پیرەمێردی ئاڵودەی کوڕەکانیان!!.

کارانێکی وا ناپەسەند کە حورمەتی کوردانەمان ڕێگەمان نادات باسیان لێوە بکەین..

دیسانەوە لە سەر بناغەی (چاکترین شێوەی بەرەنگاربوونەوەی بێ ئەخلاقی بە ئەخلاق و ئاکاری بڵندیمان گرتە بەر و لە سەر ئەو پەندە کوردیەی کە (سەگی هار چل شەوی عومرە .. و سەرخۆش دەستی لێوە نەدەی خۆی دەکەوێ) هەر دانمان بە خۆماندا گرت و پاش ئەوەی تاڵاوی ابداعی مامۆستای درۆ و دیعایەی گۆبلزانەمان بە هەموو جۆرەکانی چەشت کە فەرموویەتی:(ڕۆژی ئەگەر سەد درۆ بکەیت و تەنها چواریان بە ڕاست لێت بگرن هەرتۆ قازانجتە!!) یان:(ئەگەر بۆیەک چرکەش بێت درۆ کاری خۆی هەر دەکات!!) هەر پێمان وابوو دەبێ "مر الکرام" بە لای ئەو چەپەڵیەدا ڕاببوورین .. بەڵامئەوەبوو لە ئێستگە شرە گاڵتەجارە بێ شەرمە ئابڕووتکاوەکەی (دەنگی تێکدەری شۆڕشی عێراقدا) لە کۆتایی مانگی تەموزدا بە ڕووماندا ڕشانەوەو پاشانیش لە کۆتایی مانگی هەشت دیسانەوە کەوتنە قاپ گرتنمان و وەکو (تیاترۆیەکی) زۆر بێ ئابروو پەردەی حەیا و حورمەت و هەموو داب و دەستوورێکی کوردانەمان دڕیوە و وەکو هەموو پیاوخراپانی خۆفرۆشانی دنیا بەوەوە ناوەستن ژەهری هەلایی و دەروونی نەخۆشیان بە ڕووی زیندووواندا بڕشێننەوە . پەلی گڵاو و بێ حورمەتی دەکێشنە گیانی پاکی ئەو شەهیدە سەروەرانەی کە هۆ و ماکی مانەوەی میللی و سەربڵندی و قۆچی قوربانی سەرفرازی و ئازادیمانن!. ئەو ناپاکە دڵ ڕەقە خۆ فرۆشە بەکرێگیراوە گۆڕهەڵکەنانە، ناوی پڕشکۆ و شەرەفی شەهیدی نەمر و سەرەوەری میللی و حیزبمان کاکە فەتاح بە سەرا زاری داڕزاوە و بێ حورمەتیاندا دێت و بە حیزبە سەروەرکەی کورد "پاسۆک"ی پێشڕەو دەڵێن "پێڕەوانی خەتی فەتاح ساواکی!

ئێمە لە کاتێکدا دەزانین بڵندی لووتکە لە نزمی بناردا دەردەکەوێ و وە ترۆپکایی کاکە فەتاح لە دۆڵی بێ حورمەتی ئەوانەوە سەرکەش و ڕوو لە ئاسمانە .. بەڵاممادام ناوی "ساواک" هاتە گۆڕێ .. دەچرپێنین بە گوێی مامۆستای جاشێتی و کەماڵی کەڵبەکەووتووی "متقاعد"دا .. لە ساڵانی ١٩٦٤ دا کە جەنابتان و جەنابیان بە فرمانی "عیسی" پەزمانی "ساواکی و ئەفسەری ارتباگی ساواک لە ماوەت دەلاقەتان دەکردە شۆڕشی کوردەوە .. ئێوە لە کام سەرچاوە ئاوتان دەخوارنەوە و کاکە فەتاح لە کام سەنگەردا بەرسەنگی پێ دەگرتن؟! کاکە فەتاح کە ویسامی شەرەفی گوللەی خیانەتی ئێوەی لە سەیواندا پیادا چزا ئێوەی "بەکرەجۆیی" لە سەر کام ئاخوڕ بوون و کاکە فەتاح لە چ پەرستگایەکدابوو؟!

شەوانی وەیشوومەی ساڵانی ١٩٦٨ و ١٩٦٩ و پێشتریش کە ئێوە. بە قوتابی و مامۆستاوە پاسەوانی بەعسی داگیرکەربوون، ئەوان شەو دەخزانە پاڵ ئازیزانتان . کاکە فەتاح نەبوو شەوی سووری سەر ئابڕووی شەرەفتانی دەشڵەقاند و شاری هەڵمەت و قوربانی لێ دەکردن بە ئاگر؟!

کاکە فەتاح ئەو ڕۆڵە هەڵکەوتووەی کە سەنگەری لە هیچ کوردێک جیانەکردۆتەوە و لە کوێدا کورد پێویستی بووبێت لەوێ بووە و پێش ئەوەی پاسۆکیش بێت کورد بووە .. بەڵێ کورد ئەو ناوە پیرۆزە بڵندە سەربەرزەیە توقێنەری ئێوە .. ودواجاریش تەنها وەکو پێشمەرگەیەکی ساکار گرانی مەزنی بەخشی بە نەتەوە و نیشتمانەکەی و .. هەر ئێوەی بێ حورمەت بوون کە ستایشی هەڵوێستی کوردانەتان دەکرد! .. سەرئەنجامی ئەو کوردە مەردە ئەوە بوو، کە ئێوەی خۆفرۆش کوردکوژ بە خۆتانی ڕەوا نابینین .. و سەرئەنجامی مامۆستای مامۆستایانی جاشێتی شەقامەکانی "والترستریت" و "تین داوننگ"! و قوتابیانیش کە ئێوەن تا بەو بێ شەرەفییە بگەن ئیمڕۆ لە کوردستاندا تەنووری براکوژی و کوردکوژی ساز دەدەن!!

هەر ئێمەش نین ئەم نهێنگرانە بە ئەستێرە گەشەکانمان بوەڕن ..هەر لەو دەنگی تیاترۆ خانەیەوە، پاش گڵاوی بەعسیانە کە بە بیست هەزار دینار پێشەکی دەست کێشرایە گیانی شەهیدی نەمر و خۆشەویستی جەماوەر کاکە "شێرکۆ شێخ عەلی" کەوتنە زینجکاو هەڵێنانەوە .. ئەو گێلانە نازانن "شێرکۆ" نامرێ و بەزیندوویتی چەندە بەردڵان و خۆشەویست و پاش ئەوەیە هەتا لە تەرمەکەشی دەترسن؟ هەقیانە چونکە شێرکۆی شەهید چڵێ ئێسقان نەبووە .. ئەو باوەڕ و ڕەوشتی کوردانە بووە!! لە هەموو ئەمانەش نەنگی هێن ترە .. ئەو (نازانن چییەی پێ بڵێن!!) کە پاش بەدەستەوە دان و شەهیدکردنی تێکۆشەران (علی هەژار و کاردۆ گەلاڵی) بە هاوبەشی لە گەڵ بەعسدا .. پاش ئەو تاوانە پڕ وێنە و نموونەیە، بە (جاسوس) و (استخبارات)یان دەدەنە

قەڵەم . ئەو دوو شەهیدە وەکو دوو هەڤاڵی لێپرسراوی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە تاقی کردنەوەی تاڵی ئەو برایانەدا لە گەڵ –نا یەکێتی –دا ناویان زانراو و درانە دەست بەعسی .. بەعس بەوەندە لێیان گەڕا کە لە تۆڵەی گیانی کوردانەیاندا سەرونگومیان کات! ئەمان وەکو دەڵێن (کوچک لە ئاگر گەرمترە) بەوەشەوە ناوەستن و دەیانەوێ لە گۆڕیشدا ناویان بدەنە دەست مەلائیکەتەکان .. ئەمان نازانن قسەی ئەوان لای بەعسی دەڕوا و بەس!!.

هاووڵاتیانی بە شەرەف.

دارو بەردو کوچکی کوردستان ..

دە ڕاپەڕن بەرانبەریان و ڕایان ماڵنەوە بۆ "جاش خانەکانی" بە کرەجۆ و کەلار و چەمچەماڵ و لە بارەکانی (حامورابی و ابو نواس)یان تووندکەنەوە .. و بکوڵێن لە ژیر پێیاندا و کوردستانیان لێ بکەنە دۆزەخ .

ئێمە مێژوو بۆ ئێوەی دڵسۆز بۆ ڕاستی ئەو مۆرە خیانەتکارانە دەخەینە ڕوو، تا لە تەک هەموو بەڵگەو دیاردەکانی وەک دیاری نیشانەو بەڵگەی خۆفرۆشی و کوردکوژی ئەو تاقمە کورد کوژە ڕیزتێکدەرە، جاش کێویلە چێنراوەی نێو ڕیزەکانی کوردایەتی بچێتە سەر گەنجینەی ڕابووردوو ئێمرۆ و داهاتووی تاوان و خۆفرۆشیەکانیانەوە، تا دوا پەردەو دوا دەمامک لە ڕووی ڕەشی خۆفرۆشیان داماڵرێ!.. بۆ ئەوەی وەکو فرسەتێک ببێتە هاندەرێک بۆ ئەو هەڵخەڵەتاو و لە خشتە براوانەی، بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن خلیسکێندراونەتە نێو زەڵکاوی خەیانەتەوە، بە هۆشی خۆیاندا بێنەوە ئەگەر قورتوومی مامۆستایان و بنیاتگوزارانی قوتابخانەی "جاشی عەقائدی" نەگرن و تۆڵەی ناپاکی و کورد کوژی و لە خشتە بردنیان لێ بکەنەوە .. چ نەبێ خۆیان لەو زەلکاوە ڕزگارکەن و بێنەوە باوەشی ڕۆڵە شۆرشگێرە ڕەسەنەکانی کوردەوە و چی دی ڕێگا نەدەن هەلی زێرینی لە دەست کورد بدرێ ..

**ئێمە و جەلالی و چەند ڕاستیەکی مێژوویی**

ئێمە هەر لە سەرەتاوە دەمانزانی، ئەوانەی تا دوێنی دەستی چەپەڵیان تا بن هەنگڵیان لە خوێنی ڕۆڵە بە شەرەفەکانی نەتەوەکەماندا سوور بووە و لە سەنگەری جاشێتی و خۆفرۆشیدا ڕووی «جاش ڕەشۆکیەکانیان» سپی کردبووە و قوتابخانەی کوردکوژی و خەیانەتیان ڕەنگ ڕشتبوو و دەلاقەیان کردبووە شۆڕە مەزنەکەی ئەیلوولەوە و بەشداری و هاوتاوانی هەموو کرداره نا پەسەند و تاوانەکانی ڕابوردوو و ئێمرۆی بەعسی بوون لە سەرەتای هاتنە سەر حوکمیانەوە تا ئەو ڕۆژەی «کورتانیان» کردن! وە دەشمانزانی ئەم کارە هەروا ڕێکەوتێکی خەیانی نییە

دووجۆگەلەی لیلّ لە سەرچاوەی بە دفەڕی وکۆلۆنیالیستی /ئیستعماری ئینگلیزی دوژمنی سەرسەختی کوردەوە لە گیانی کوردەوە و هەر بدا لیدروان .. دەشمانزانی کە «کورتان» کردنیان لە دوای ئازاری ١٩٧٠ کۆتایی بە دەورەکەیان نەهێناوە و تەنها جۆر و شێوەی نواندیان گۆڕاوە، وەکو بە ئاشکرا «حەردان عبدالغفار التكريتی» لە یاداشتەکەیدا دەلّی:

(**سوال – كيف ترى بيان ١١ اذار؟**).

جواب – فی الواقع ان الاكراد استطاعوا بصمودهم البطولی خلال ڕبع قرن كامل ان يركعوا الحكم الى درجه بتنا نخشى ان يودى استمرار الحرب الى سقوط بغداد بأيدى الملا مصطفى البرزانی . و قد بلغ معدل چحايا الجيش العراقی قبل شهور من بيان ١١ اذار ٣٢٥ بين قتيل و جريح اسبوعيا. و بعد ان قمنا بمحاوله اخيره للقضاء على المقاومه قبل ١١ اذار بشهرين فقط. و فشلنا فيها قررنا اجراء المفاوچات مع الملا،لانهاء القتال لان ژلك كان سيعكينا فرصه گويله للبقاء فی الحكم.

و كان القصد من المفاوچات أعطاء الملا. كل التنازلات التی يريدها فی محاوله لاحتوائه، أو القيام بأنقلاب العسكری چده، و لكنه كان أقوى، و اذكى و اكبر تمرسا بأساليب المناورات السياسيه و العسكريه، و لذلك فقط اشترگ فی بند سرى من بنود البيان بقاء "٢٥" الف جندى من جنود ال "الپيشمەرگە" تحت السلاح، و قد اعطيناه ذلك و لكن قررنا ان نستغل فتره أنهاء الحرب لادخال عناصر من جماعه "جلال الطالبانی" و هو عدو تقليدى للملا فی جماعه الملا، و القيام بأغتياله عند اللزوم، فالحزب لا يمكن ان يطبق بيان ١١ اذار بكامل بنوده لان ذلك يعنى أعطاء أچخم حقول البيترول العراقيه للاكراد، و هو حقول كركوك، ذلك يعنى أفلاس الحكومه تقريبا).

ئاشكراش بوو فەند و فێلّی ئینگلیزیانەی ناو گۆڕین و خۆ حەشاردان لە پشت پەردەی دروشم و ناوی زەق و زلی "یەکێتی و کۆمەڵەو خەتی پان و باریک و تەسک و تروسک و باڵی گۆج و گەڕ و گەوێڕ"ی دێو جامانەی .. گاڵتەجاڕێکی بێ شەرمانەیە بۆ ڕاوکردنی خەڵکی و ئارایشی پۆدرەی "ماکس فاتۆر"انەی ساڵۆنەکانی "تجمیل"ی لەندەنە!! دەشمانزانی ئەمانە سێڵێکی سەرەتا نین کە لە گیان و تەنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد نێژراون، بۆ تیراوێ کردنی گیانی "کوردایەتی" .. بە کورتیەکەی دەمانزانی کە تەویلەکانی "بەکرەجۆ"ی ناوبانگ زڕاو گوێزراوەتەوە بۆ سەر شاخەکانی پشت کوردستان!!

بەڵام ئەم هۆیانە پاڵی پێوە نابن و وای لێ کردین کە ناچارانە – بی دەنگ بین،

بەو نیازەی بتوانرێ و ئەو بارە بێتە پێش کە ئەو دوومەڵە بگات و بتەقێ و گیانی کوردایەتی لە چڵک و پیسی چەند ساڵەی پاک بێتەوە:

١ – هەرەسی کتوپڕی شۆڕشی و ئەو کارەساتە پڕ نەهامەتیەی بە سەر گەلی کورد لە کوردستانی باشووردا هات، ئەوەندە سەخت و دژوار و ئەژنۆ شکێن بوو، کە چەندین حسابی لە جەماوەر تێکدا و ئەو هەل و مەرجەی هێنایە پێش کە هەتا قسەی زۆڵە کورد و خۆفرۆشەکانیش بە سەر خەتی ڕاستەقینەو دروستی کوردایەتیدا باربێت و دەنگی نووساوی خیانەت لە شەوگاری کپی هەرەسدا دلێر بێتەوە و ئاوازی خۆفرۆشی و جاشێتیش لە گوێی جەماوەردا گوێ بیست ببێت!

کورد کەوتبوە بارێکی واوە دەستی بدایەتە دەستی "شەیتانیش" با بۆ دۆزەخیش پەل کێشی کات هەر تەنها شەبەنگی لە بەعسی ڕزگارکردنی تێدا بێت .. ئەمە ئەو زەمینەیەی خۆش کرد کە دەوائری مخابراتی نێو دەوڵەتان بکەونە خۆ و استغلالی هەست و نەستی ناسک و برینداری کۆمەڵانی خەڵکی بکەن و لە ئاوی لێلی ئەو ڕۆژانەی کوردا ڕاوەکورد بکەن و لە ناوەوە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد گەندەڵ کەن!..
هەر وەکو چۆن هێتلەر و نازیەکان توانیان زەمینەی دوای جەنگی جیهانی یەکەم و پەیمانی "فەرسای" بە زۆر سەپێنراو بە سەر ئەڵمانیادا استغلال بکەن و ملیۆنەها خەڵکی زەحمەتکێش و دڵسۆزیش لە خۆیان گرد وەکەن، لە ژێر ناوی دڵسۆزی و پاراستنی ئابڕووی میللی و ڕاست بوونەوەدا، بەڵام پاشان ئەوەبوو ئەڵمانیا و هەموو جیهانیشیان تووشی گەردەشی خۆیناوی حەوت ساڵەی جەنگی جیهانی دووەم کرد . یان چۆن ناپلیۆن لە ژێر پەردەی دروشمەکانی شۆڕشی فەرەنسای گەورەدا ملیۆنەها لاوی ئەوروپای کردە قوربانی گڕو گڵپەی دەروونی نەخۆشی خۆی .. یان چۆن "صدام"ی جەللاد ئیمڕۆ دەیان هەزار خەڵکی دەکێشێتە شەڕێکی نارەوای سەپێنراو لە ژێر پەردە و فیز و ناوی "عەرەبایەتی" و "مافە خوراوەکانی عێراق"دا!! لە بارێکی وادا مەگەر تاقیکردنەوە و کاڵ بوونەوەی ڕەنگ و ڕوخساری ئارایشاوی "مرۆڤ کوژ"ان جەماوەرکە بە ئاگا بێنێتەوە، کە پەردە لە ڕوو داکەوتن حوکمی مێژووە و تا سەر کەڵەک و ساختە و دەست بڕی و خەیانەت بۆ کەس نەچۆتە سەر و نە دەچێتە سەر .. لە حاڵ و باری ئەم کێویلانەشدا کارەساتەکانی بە گژا چوونەوە یەخەگرتن و شەڕ فرۆشتن بە برایانی "پارتی دیموکراتی کوردستان" و "حیزبی سۆسیالیستی کوردستانی – عێراق" و لە بنەوە کەندرکردنی برایانی "حیزبی شیوعی عێراقی" و دوژمنایەتی هەموو کۆڕ و کۆمەڵانی دڵسۆز و شۆرشگێڕی کورد و عێراقی بەڵگەی بە چاواچوو و زەق و هاتووە زمانی ڕیزتێکدەری و دەوری خەیانەتیانی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ و دەردەخست .. دەبوایە ڕۆژگار دەری خستایە کە

ئەمانە تەنها بۆ گیانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و بزووتنەوەی دیموکراسی عێراقی ڕانەگیراون و بەس بەڵکو دەورەکەیان زۆر لەوە فراوانتر بووە و وەکو "جاشی بین المللی" پریشکی پیس و گلاویان هەموو کوردستانی گەورەی گرتۆتەوە و دەست تێوەردان و خەڵکی ساواکی و قورمیش کراو قووت کردنەوە بۆ جەماوەری خەباتکەری گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەلاتدا و بەنزین کردن بە ئاگری شەڕی ئەودیودا و هەڵگیرساندنی فتیلەی بارووتی ئەو شەڕە و هەزار و یەک کرداری خۆ فرۆشانەیان کە سەرەتا بە "تصدیق" کردنی جاشێتی و دووبەرەکی و کۆسپ نانەوە بۆ خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی خۆرهەڵاتدا دەستی پێ کرد تا گەیشتە ئاقاری دەست تێوەردانی ڕاستەوخۆی کاروباری ئەو جەماوەرەی کە لە سەرەتاوە باوەشی میهربانی بۆ شۆڕشی کوردستانی باشوور و هەتا ئەوانیشی کردبۆوە، پاداشتی ئەو دڵسۆزی و لە ئامێزگرتنە بوونە ماری شێخ عومەرو لە مل ئاڵانی ئەو جەماوەرە بوو .. لە کوردستانی باکووریشدا هاندەر و بزوێنەری هەرە ناپەسەندی ترازاندنی ئەڵقەکانی خەباتی ڕزگاریخوازی کوردبوون و دەیان کۆڕو کۆمەڵی سیاسیان داوە بە یەکدا و دەستیان پێ خستوونەتە خوێنی یەکەوە .. لە کوردستانی خۆراوادا دەوری سیخۆری و مخابراتیان بۆ دەوڵـەت بینیوە و دەیان تێکۆشەری کوردیان داوەتە دەست میری و لە بەندیخانەکاندا تووندیان کردوون .. هەتا "کوردە ئاوارە نەگبەتەکانی لوبنان"یشیان لە بن چنگ ڕزگار نەبووە و ئەوانەشیان پێکدا داوە .. ئەم دەورەی "جاشی بین المللی"یەیان لە شان و شیپلک و گەلو کیپاڵی پالووی جاشێتی و ڕابووردووی پڕی چەند ساڵەیانەوە نەبووە، بەڵکو دەستێکی گەورەی موخابراتی و ئیمپریالیزمی بزواندوونی پاڵپشتیان بووە، ئەمان دەستکێشی نەرم و نۆڵی ڕوالەت کوردانەی دەست و نینۆکی خوێناوی ئیمپریالیزم بوون لە ناوچەکەدا..

هێزێکی ترسناک و پاڵدراء و کۆمەک پێکراوی وا، لە بار و هەڵکەوت و هەل و مەرجی ئەو ڕۆژانەدا هەروا هاسان بکەوێتە ڕوو، بۆیە دەبوایە پشووی درێژ و ستراتیژیەتی فابیوسی لە گەڵدا بە کار بێت تا خۆی لە هەڵپەو پەلاماری ناجوانمەردانەیاندا پەردەکان یەک یەک بکەوێتە ڕوو، چونکە شێواز و ڕێ و شوێنی پلاکی خەیانەتی ئەمجارەیان هەروا ساکار و سادە نەبوو لە بەنگەڵەکانی بەکرەجۆوە بە چاوانی کوێریشدا بچێت! ئێمە دەمانزانی سەرخۆشی جاشێتی و خەیانەتی ئنگلیزی تا لە خۆفرۆشی و کورد کوژی مڕ نەبێت کەوتنی ئاسان نییە .. ئەوەتا ئیمڕۆ گەیشتنە پلە باڵاکانی مڕ بوون و بەلێوار ڕژاویدا بۆیە هەڵپەی دوا پشووی مەرگ دەکات ..

٢ – ئەو بارە سەخت و نالەبارەی کورد و هەڵەی هەندێ لایەنی کوردی و عێراقی ئەو زەمینەیەی خۆش کردبوو کە لە تەم و مژ و گێژاوی ئەو ڕۆژانەدا کۆمەڵانێکیی

دڵسۆز لە گەڵ خۆیاندا ڕاپێچ بدەن و بیانکەنە دەمامکێک بۆ ڕووی زەردیان و سوود لە دڵسۆزی و گیانی کوردانەیان وەربگرن، وەکو ئەوەی "بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان" کە لە ناو ژانی هەرەسی شۆڕش و سەرئەنجامەکاندا ڕسکابوو ڕابەرانی جێ ڕێزو حورمەتی جەماوەرەکە بوون، ئیستغلال بکەن و لە ژێر ئەو ناو و ناوبانگانەدا خۆیان بچەسپێنن و پاشان بە گورگان خواردوویان بدەن و ئەوەش دەربازبوو ناویان بزڕێنن، یان بیدەن بە دەست بەعسەوە تاترۆیان بکەن وەکو ئەوەی لە گەڵ شەهیدان (علی هەژار و کاردۆ و مامۆستا ساڵح یوسف"یان کرد!! جگە لە دەیان شۆرشگێڕی ناحەزیان بوونی ئەو باڵە و ڕابەرە دڵسۆز و بەوەفایانە لە نێو ڕیزەکانیاندا، یان خۆ چەمەرلغ کردنی ئەمان پێیانەوە، وای لێ دەکردین کە ناچاریین لە گەڵیاندا بگوزەرێین بەو هیوا و نیازەی کە ڕۆژگارانێک دێتە پێش، بزووتنەوە، بتوانێ خۆیان لێ پاک بکاتەوە و ئەو هەڵخەڵەتاوانەی نێو ئەوانیش ڕزگاربکات .. بەڵام پاش ژان و تاقی کردنەوەیەکی تاڵ "برایانی بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان" لایان ئاشکرابوو کە ئەو مارماسیانە لە سەرەوە گەنیوون و چاریان هەر خۆڵی دوورخستنەوەیە، بۆیە کە بە یەک جاری لێیان ترازان و لە گەڵ "لیژنەی ئامادەیی پارتی دیموکراتی کوردستان" هەڵویستیان وەرگرت .. حیزبمان دەم و دەست دایە پاڵیان و بە هەر سێ لا "سەرکردایەتی هاوبەشی"مان لە بەهاری ١٩٧٩ دا دروست کرد، کە لە هەنگاوی یەکەم بوو بۆ دەرکردنی ئەو دوومەڵە لە لەشی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردا ..

گەورەترین بەشداری بوو بۆ پەردە هەڵماڵینی ڕەنگ و ڕوخساری خەیانەت کارەیان

٣ – بەر برینەوە، لەو پیلانەی کە داگیرکەرانی کورد بۆ باڵە شۆرشگێڕەکانی کوردی تەنیبوو، بەوەی خۆمان لەو شەڕە لاوەکی و لابەلایەی دوژمنەکە دەیویست لادەین، تا بە تەواوی بە درێژایی پێنچ ساڵی ڕابووردوو ئەو تاقمە تا فیشەکە چروکێکیان ناوە بە دوژمنەکەوە دەفیشەکی دینامێتیان ناوە بە کوردەوە فرزەیان لە هەست و نەستی کوردایەتی بڕیوە .. دەردی کورد کوژی و بەیەکەوە خەریک بوونیان وا پێ تەنیوەتەوە و بار و هەل و مەرجێکی وایان هێناوەتە پێش کە لە ٢٤ سەعاتی ڕازو نیازی شۆڕش و شۆرشگێریدا ٢٣ سەعاتیان باسی ناوخۆ و ئەم باڵ و فلانە لاو و فیسارە بەرە بکرێت و لە گێژاوی تۆمەت و درۆ و شاڵاو بردنە سەر باڵە شۆرشگێڕەکانی کوردی و عێراقیدا مەسەلە بنەڕەتیەکە لە بەین بچێ و هەتا زۆر جاران لەو مافە فیکری و واقعەدا کە هەموو لایەکی تێ ترنجینرابوو کاتێ بە ئاگا ئەهاتیتەوە دەتبینی کە دوژمنە سەرەکی و داگیرکەرەکە لە بیر براوەتەوە!! بە کورتیەکەی ئەوەتای ئەوان پێ گەیشتوون بەعسی حەسابۆوە!! ئەمەش وە نەبێ

شتێکی ڕێکەوتی هەڵتۆقیوی بارو هەڵکەوتەکەی کورد بووبێت، بەڵکو پلانێکی گڵاوی بەعسیەکانە کە کاتی خۆی لە ساڵی ١٩٧٢ دا دیراسەیەکی "کیفیه تفتیت الحرکات السیاسیه فی الداخل – چۆنێتی هەڵتەکاندنی بزووتنەوە سیاسییەکان لە ناوەوە" کە دیراسەیەکی سەرکردایەتی هەرێمایەتی بەعسی بوو و دەست "پارتی دیموکراتی کوردستان" کەوتبوو، لە گەڵ پێشەکیەکدا بە ناوی "مراقب" بڵاوکرایەوە .. داوەکانی ئەو تەونە دەوائری مخابراتی ئینگلیزی ڕیسابووی و بەعسیە ڕەگەزپەرستەکان دەیان هۆنیەوە و ئیمڕۆ ئەم تاقمە خۆفرۆشە جاش کێویلانە لە ملی کوردیمان دەئاڵێنن!!

که لە داهاتوویەکی نێزیکدا جارێکی تر دەیخەینەوە بەرچاوی جەماوەر نەبادا تەپ و تۆزی نۆ ساڵە و ئارایشی زڕە شۆرشگێڕی ڕووی زەردی ئەم تاقمە لە بیر خەڵکی بردبێتەوە .

٤ – نەبوونی بەرچاو ڕوونی و سەرنجی قووڵ و مێژوویانە، لە لایەن هەموو هێزە سیاسییەکانەوە سەرکەوتنی تاکێکی "پاڵو پاڵو"ەکەی دکتۆر کەماڵ خۆشناوی ئەندامی مەکتەبی سیاسیان بە سەر هەموو لایەنە سیاسییەکاندا، کۆمەڵی هۆی تایبەتی بار و هەل و مەرجی تایبەتی هەر لایەنێک لە لایەنە سیاسییەکان ئەو زەمینەیەی خۆش کردبوو کە ئەو تاقمە بەو جۆرەی پێنج ساڵە تەراتێن بکەن و ببنە داشەهارەی دوژمنەکەمان لە سەرساحەکە .. بەڵامتاتین و تاوی شۆڕش زیاتر کڵپە دەستێنێ و ئەو هێزە سیاسیانە بە خۆیاندا دێنەوە و کێشەو "اشکالاته" لاوەکیەکان – کە زۆربەیان دەستکرد و پیلانکردی ئەمان بووە – دەرەوێتەوە و داروباری بەعسی شلۆق تر دەبێت .. دەوری ئەمانە لە تێکدانی ڕیزەکانی شۆرشدا ڕووی ڕەشی خۆفرۆشی و جاشێتیان ئاشکراتر ئەبێت و دەستیان ئەکەوێتە ڕوو و بەرەبەرە دادەبڕێن و نزیک دەبنەوە لەوەی کە بارگەو بنەیان وەپێچنەوە و بەرەو بەکرەجۆوی مەڵبەند مل بشکێنن!

ئەم هۆیانەو هەندێکی تری تایبەتی وای لە حیزبمان کرد کە لە سەرەتاوە یەخەگیری ئەم تاقمە جاش کێویلەیە نەبێتەوە و تەڵەکانیان بتەقێتەوە بە ڕووی خۆیاندا و نەیەڵێ پلانەکانیان لە ژێر پەردەی سەوز و سووری دروشمە ساختەکانیاندا بە سەر جەماوەردا تێ پەڕێت و خۆمان لە شەڕی ناوەخت و لاوەکی لادەین و، تا ئەگەر هەر بواریان لێ بڕایەوە و فرمانی ڕاستەوخۆیان بە بەرەنگاربوونەوەمان بۆ هات .. ئەوساکە هەر قوربانیەک بدەین ببێتە بەشێک لە ئەرکی پیرۆزمان و بەشداریەکی "جدی" و کاریگەر بێت لە دەست خستنە ڕووی ئەم تاقمەوە داماڵینی دەمامکی زڕە شۆرشگێڕیان تا ڕووی زەردی جاشێتیان بانگی خیانەتیان هەڵبدات ..

ئێمە لە سەرەتاوە لە ساڵی ١٩٧٦ دا کە نۆینەرێکیانمان دیت ئەم چەند خاڵانەمان خستنە بەرچاو و لە هەر بوارێکدا بۆمان هەڵکەوتبێ ڕاستی و دروستی ڕووداوەکانی "بن تەبەقیانمان ئاشکرا کردووە و کۆمەڵانی خەڵکیمان بە ئاگا هێناوەتەوە لەو ڕێباز و ڕێچکە و مەفهومە چەوتانەی کە ویستوویانە ئامرازێک بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی پێ هەڵتەکێنن .. کە زۆربەیان تازەترین شێواز و ڕێگای ئیمپریالیزمی ئەمەریکییە لە سەردەمی "الوفاق الدولی" دا:

١ – هەڵتۆقاندنی بیر و ڕێباز و ڕیزپەری چەوت و زیان بەخش لە نێو ڕیزەکانی کوردایەتیدا و گوێزا نەوەی مل مڵانێ و "تناقصات"ی نێو دەوڵەتی و ناتەباییەکانی بزووتنەوەی مارکسیزم و لینینیزم بۆ سەر ساحەی خەباتی کوردستان . کە ئەمەیان جگە لەوەی پەرت کردنی توانای مارکسیزمە – لینیزمەکانی عێراقییەوە هەر بە زیانی خەباتی دیموکراتی خوازی عێراقی تەواو دەبێت .. تازەترین و پیسترین ڕێگا و شێوازی بەربەرەکانی کردنی "یەکێتی – سۆڤیەت" و وولاتانی سۆشیالیستخواز و بزووتنەوەی شۆرشگێڕیە لە جیهاندا. کە لەبەر پەرەسەندنی هێزە شۆرشگێڕەکانی و تاو سەندنی خەباتی پێشکەوتوو خوازانەی جیهان. ئیمپریالیزمی جیهان خۆر بە ڕابەرایەتی ئەمەریکا خۆی توانی ڕاستەوخۆ پێ هەڵسێ، ئابووری بەم ڕێگایانە بە کرێگیراوەکانی هان دەدات و بە گژ بەرەی گەلانیاندا دەکات ..

بەند و باوی جیفاریزم و "ماوێتی" بە خۆڕایی هەر وا لە خۆوە بە ڕێکەوت لە ساڵانی ١٩٦٨ و ١٩٦٩ دا لە مۆڵگاکانی بەکرەجۆ و کەلارەوە نەکرایە فەلسەفەی "جاشێزم"ی ئەو ڕۆژەیان مێژوو زەینی کوێر نییە و بیری کۆڵ نییە کە ئەم بەندە و باوی فەلسەفەی "جاشیزم"ە پاش کوتەکی ئەو انشقاقە بوو کە کرایە "حیزبی شیوعی عێراقی" بە ناوی "القیادە المرکزیە"کە پاشان هەموو ڕابەرەکانی ئەو انشقاقە خلیسکانە باوەشی بەعسی و کۆنەپەرستیەوە – ئەمە ئەو داخ و پەژمە بوو کە گێرابوو بەرانبەر مەسەلەی گەلی کورد لە کوردستانی باشووردا پلانێکی زۆر ناڕەوا و گرێ چن بوو بۆ دابڕینی سۆڤیەت و پشتگیری ولاتانی پێشکەوتووخواز لە شۆڕشی کورد و لاوازکردنەوەی بزووتنەوەی "مارکسیزمی – لینینزمی" عێراقی کە خەریک بوو پشوویەکی بە بەردا بێتەوە هەرچیەکیش پاش ئەمە ڕووی دابێت وەکو بەشێک لەو پیلانە ئۆباڵی لە ئەستۆی ووردی فەلسەفەی "ماو جاشیزم"ی ئەو بەکرێگیراوانەدایە!

بۆ ئەوەی ڕێگا لە هەموو " نان و پیاز پێوە خواردنێک" ببڕینەوە بێ ڕتووش و تاکتیک و هەلپەرستی و هیچ هەستی پەستییەک ئەوەی تا ئێستا ووتومانە و دەیڵێین و دەیکەین لە تاکە یەک سەرچاوەی چەسپاوی نەگۆڕەو هەڵدەقوڵی کە "بەرژەوەندیە میللییە و ڕوانگەی دۆستایەتی و دوژمنایەتیان تەنها و تەنها نەتەوەکەمانە و

«standard»ی ئێمە هەمیشە کوردە .. کە هێندەی بەڵگە نەویست ئەو بەرژەوەندیە و چارەنووسی کورد لە هاوشانی و هاوچارەنووسی لە گەڵ خەباتی ڕزگاریخوازی میللەتان و بزووتنەوەی شۆرشگێڕی سۆشیالیستی "بە تایبەتی یەکێتی سۆڤیەت" و دوژمنایەتی ئیمپریالیزم و زایۆنیزمدا دەبینینەوە ..

لەم هەڵکەوتەدا ئەم ڕاستیانە بۆ مێژوو دەخەینە بەرچاو، کە شاکار و بیروبڕوای نەتەوەییانەمانە

أ – یەکێتی سۆڤیەت، قەڵای سەختی گەلانە و ڕاسترین و چاکترین دۆستی نەتەوەکەمانە .. دیارە بایی سیاسەتگەرانێکی واقعی دەزانین کە بەرژەوەندی دوو لاو چەند لایەک لە سەر بناغەی بە یەکگەیەشتنی هێڵی سیاسی و بەرژەوەندی میللی ئەو لایەنانەیە و بەرژەوەندی یەک تەرەف نەبووە و نەدەبێ چاوەڕوان کرێ و گلەیی لێ بکرێت .. بۆ نموونە گەر ئێمەی کورد بە تەنگ بەرژەوەندی کورد و دۆستایەتی بەرابەری سۆڤیەتەوە بێین و چاوەڕێی هاوکاری کۆمەکی بکەین " تەنها ئەو کاتانە ئەمە دێتە دی کە بتوانین "نقاگی ارتکاز"ی ئەو دۆستایەتیە بدۆزینەوە و پیرەوی دەستوور و ناموسی دۆستانە بکەین، نەک خەتێکی دابڕاوی لادەری بێ سەروپێ وەکو "ماویزم" هەر تەنها بۆ دژایەتی سۆڤیەت کە نە لە بەرژەوەندیمانە و نە مبرری هەیە، چونکە لەوانەیە ئەو خەتە کاتی خۆی و بۆ خۆیان و وڵاتانی خۆیان و باری خۆیان پۆزشیکی هەبووبێت. بەڵام بۆ ئێمە دەکاتە ئەوەی "نانی کونەماسی دەخوات و پاسی جرتاوا دەکات! – پێ دزکە پێ بکەینە نێو ڕیزەکانی کوردایەتییەوە، کە جگە لەوەی دوورە لە پێداویستیەکانی کۆمەڵگای کوردەواریەوە و ناگونجێ لە گەڵ ڕەوت و بەرژەوەندی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردا، لە سەرێکی ترەوە دۆست لە خۆ تەکاندنەوە و دوژمن دروست کردن و بە دیاری هێنانی صراعێکی تایبەت نێو دەوڵەتی و فیکریە بۆ ناو کوردەواری کە ماڵ وێرانی و سەرلێشێوان بەو لاوەی لێ ناکەوێتەوە .. دەپرسین ئەگەر "ماویزم" فەلسەفەی "جاش عقائدی" بێت و لەو دنیای فیکریمارکسیزمەدا و لە ڕێچکەی باوەڕ پێ کراوەکەی دا. ئەم زیادە گۆشتە هەڵبژێریت، ئایا ئەمە نیشانەی ڕیز پەری ئەو بیرەو بەڵگەی خراپەکاری و هەڵگرانی نییە؟!.

ب – ڕێچکەی باوەڕ پێ کراو و بەرچاو و مێژوویی مارکسیزمی – لینینزم، خەت و ڕێچکەی سۆڤیەتی و هاوکارەکانییەتی، ئەو زرە ڕێچکانەی دیکە یان لادانی ڕووتن لە ڕێچکە سەرەکی و مێژووییەکە یان ڕەنگدانەوەی بارێکی تایبەتی و بەرژەوەندیەکی

سەر بە زەمینە و بارو و شوێنی ئەو ڕێچکەیەن .. لە هەر دوو حاڵەتاندا هێنانە ناوەوەی ئەو زرە ڕێچکانەی، یەکەم، بۆ لاوازکردنی و بەرەنگاربوونەوەی مارکسیزمی لینیزمی ڕاستەقینەیە و دووەم بۆ بەگژاکردن و لێک ترازاندنی پەیوەندی و هاوکاری خەباتی ڕزگاریخوازی کورد و جوڵانەوەی شۆرشگێڕی جیهانییە کە هەردوو مەبەستەکە جووتە کاریتەی سیاسەتی ئیمپریالیزمی ئەمەریکی و زایونیزمە ..

ج - بەند و باوی "ماوێتی" و "مارکسیزمی کوردستانی" و دروشمی زەق و استغلال کردنی هەست و نەستی هەڵچووی نەتەوایەتی جەماوەری کورد و "سۆ الاستفادە" لە هەڵەی هەندێ ڕێکخراو و "توقیف" کردنی بۆ لاوازکردنی بزووتنەوەی شۆرشگێڕی .

لە باتی ڕاستکردنەوە و ڕێ نیشان دان و بەلاداخستنی هەرکێشەو نادروستیەکە بە ڕێگایەکی لینینی. کە دەبێ مارکسیزمی ڕاستەقینە ئەمەیان بگرێتەبەر، نەک لە سەر ڕەوتی مارکسێتی مخابراتی بریتانیایانە! ڕەفتار بکات – دیسانەوە پیلانێکی کۆنەپەرستانەی ئیمپریالیزمانەیە کە دەست کێشەکانی دەستی ئیمپریالیزم لە ژێر پەردەی جوێ جوێدا، وەک دەورێکی دیاری کراو، دەبینین .. ئەم ڕەفتارە لە دور سەرەوە زیانی کوشندە دەگەیەنێ بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و جوڵانەوەی دیموکراسی عێراقی .. یەکەم: دەبێتە هۆی پەرت پەرت کردنی هێزەکانی زەحمەتکێشان و تێکدان و لاوازکردنی ڕیزەکانی لایەنێکی شۆرشگێڕ و لێک ترازاندنی خەباتی ناوکۆیی پرۆلیتاریای کورد و عەرەب .. دووەم:

دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەور و تین و تاو و شوێن دەستی مارکسیزمەکانی کورد لە کۆی دەور و تین و شوێن و هەڵکەوتی بزووتنەوەی پرۆلیتاریای عێراقیدا کەم بێتەوە و ئامانجە ڕەواو مێژوویەکانی کورد- وەکو نەتەوەیەک – بەر زیان کەوێت و تێ نەخۆیندرێتەوە .. بەوەدا تا بوونی چەندایەتی و چۆنایەتی مارکسیزمە کوردەکان لە نێو بزووتنەوەی پرۆلیتاریای عێراقدا بەرچاو خرێت و کاری بۆ بکرێت، کە دیسانەوە لە سەر ئاستی دەوڵەتی و ڕای گشتیدا هەر ڕەنگ دەداتەوە تەئسیری دەبێت بۆ سەر چارەنووسی هەموو نەتەوەی کورد، دیارە ئێمە لە دینگە و ڕوانگەیەکی مارکسیانەوە ئەمە دەڵێین بۆیەتی ئەو دینگە و ڕوانگەیە دەخەینە بەرچاو تا ڕاستی و نادروستی ئیدیعا مارکسیانە ساختەکەی ئەو تاقمە بخەینە ڕوو و پەردەی ئاڵ و واڵای خۆ لە ژێرەوە حەشار دراوی ئەمانە لە ڕووی زەردی ئینگلیزیانەوەیان هەڵدەینەوە و خەسڵەتەکانی "مارکسیزم – لینیزم"ی ئینگلیزی دیاری بکەین و بەڵگەو نیشانە و پۆزشە عەوام خەڵەتیەکانیان پۆچ کەینەوە و ڕسوا کەین . ئەمەش تەنها لە بەر خاتری کوردە بۆ ئەوەی دەستی خەڵکی بەزاخدا نەکرێت و هەتا ئەو تین

و تاوەی لە "مارکسیزمە" کوردەکاندا هەیە بۆ بەرژەوەندی کورد و بزووتنەوەی پێشکەوتخوازدا کرێت و خەڵکی ساویلکەو بێ نیاز مەبەست ڕارفێندرێتە زەڵکاوی "خیانەت و جاشێتیەوە ..

٢ – ئابڕووبردن و ڕیسواکردنی شانازیە میلیەکانمان و سیاسەتی "بە گژ خۆدا چونەوە" و تف هەڵدانی بەرە وژوور:

ئاشکرایە کە لانی بە پێز و گاریگەری ئیجابی نەتەوایەتی، هەست و نەستی نەتەوایەتی و بە خۆ نازین و خۆ هەڵدانەوەی تاکەکانی هەر نەتەوەیەک، کە هاندەری بنچینەیی و مەعنەوی کاریگەری خۆ ڕاپسکان و ڕاپەڕین و بەرگریە لە بوون و مانای میللی و زامنی بەردەوامی و گەشەکردنی گیانی شۆرشگێڕی و هاژاندنی جەماوەر .. کە شانازی و سەروەرە میللییەکانی بەردی بناغەی و هەوێنی گیان و هەستی نەتەوایەتیە .. حیزب و کۆڕ و کۆمەڵانی سیاسیش هەر تەنها قەوارەی مادیانەی ئەو هەستن و بێ ئەو هەستە میللی و شۆرشگێڕییە هاندەرە، شۆڕش و شۆرشگێڕی و خەبات مەحاڵە .. ئەو شانازی و سەروەریە میللیانەش لە ناو جەرگەی مێژوو و کارەسات و ڕووداوە مێژوویەکانەوە سەر هەڵدەدەن و مادە و سەرچاوەی لە بن نەهاتوو و هەمیشە زیندوی ئەو گیانەن، بۆیە دەتوانین مێژوو بە ڕۆحی میللەت حسێب کەین و هەر کاتێ میللەتێک لە مێژووەکەی خۆی دابڕاو یان بێزار کرا، ڕۆحی ئەو میللەتە دەمرێنێ و بە مردنی گیانی میللی .. نەتەوەکەش دەبێتە قاپۆرێکی بێ گیان و مردوو .. هەر بۆیشە داگیرکەران و دوژمنانی نەتەوەکەمان و لە هەوڵێکی بێ ووچانی گلاو دان بۆ سڕینەوە و دزینەوەی سەروەریەکانمان و پوچ کردنی مێژوو شاردنەوە و چەواشکردنی ڕابردوومان .. هەوڵی بە عەرەب و فارس کردنی صلاح الدین و کەریم خانی زەند و بابەکی خورەمی و سەدان سەردار و زانا و بلیمەتی کورد کە شوێن دەستیان لە سەر ڕووپەرەکانی مێژووی ژیاری مرۆڤایەتی دیارە و هەڵگێرانەوە و فیچانەوەی ڕووداوە مێژوویەکان و کەم کردنەوەی تێ بردنی دەوری نەتەوەی کورد لە ڕووداوە مێژوویەکاندا و گوڕ هەڵکەنی و تفی نا شارەزایانە و کردنی میرو قارەمانانی میللیمان و هەتا گومان هاویشتنە سەر شەهیدان و ڕابەرانی نەتەوایەتیمان – وەک ئەوەی دەربـارەی کاوە و شێخ سەعید و شێخ مەحمود و سمکۆ و دەیانی تر – لە لایەن دوژمنان و پێنوسە بێ حورمەتەکانی خۆفرۆشانی کوردەوە دەکرێت، بەشێکە لەو هەوڵ و تەقەلا دوژمنکاریانەی بۆ لە ناو بردنی گیانی میللیمان دراوە و دەدرێت .. مێژوو و شانازی بۆ نەتەوە وەکو ڕەگ وایە بۆ ڕووەک، هەر کاتێ ڕەکێ بڕرا لە خۆراک ووشک دەبێت و بەلادا دێت .. لە سەرێکی دیکەوە ڕووداوی مێژوویی و بەسەر هاتی میللی کە زادە و ڕسکاوی ژیانی کۆمەڵایەتی

پێداویستیەکانی کۆمەڵگە و ناخی سروشتە، ڕەنگدانەوەی ئەو ژیان و پێداویستی سروشتیە کە لایەنی لاواز و بە پێز و تاریک و ڕۆشن و سلبی و ئیجابییانەی تێدایە و هیچ شت و ڕووداو بەسەرهاتێک چاکە و گەشە و ڕووناکی ڕووت نییە .. هەر وەها ژیانی کۆمەڵایەتی و ژیانی نەتەوەیەک بریتییە لە زنجیرەیەکی هەزار و یەک ئەلقە کە هەر ئەڵقەکەیەکی باڵا بەند و ڕسکاوی دەروونی ئەڵقەیەکی خوار خۆیەتی و بینایەکی چەندین قاتە کە یەکیان لە سەر ئەوی دیان بنیات نراوە و ڕاوستاوە .. مێژووی میللەتان و مرۆڤایەتیش بریتییە لە زنجیرە بازنەیەکی هەردەم هەڵکشاوی ئاوێتە، کە تێکڕا خەتێکی بەیانی هەڵچوو و پێشکەوتوو دروست دەکات .. ئەگەر ووردی کەینەوە دەیڵێین شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، بەچکەزادە و ڕسکاوی دەروونی شۆڕشی ئەیلوولی مەزنە و ئەویش هی کۆماری مەهابادە و ئەویش هی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران و ... و .. تا دەگاتە سەریەکەم خۆنواندنی خوازی کورد و ڕاپەرینی بە ڕووی داگیرکەرەکانیدا، هەموو ئەمانەش ئاوێتە و ئاڵودە و کارتێ کراو و کارتێ کەری ڕووداوەکانی دەوروبەر و نێزیک و دووری مرۆڤایەتیە .. ئیستاش کە باس و خواستی شۆڕشی ئۆکتوبەری مەزن دێتە پیش، هەمیشە پێنووسە بە حورمەت و واقعی و دڵسۆزەکان یاد و یادگاری پڕشکۆی شۆڕشی دیموکراسی ١٩٠٥ دەکەنەوە و بە هەنگاوی یەکەمی سەفەری هەزار هەنگاویی ئۆکتوبەری دادەنێین .. ئەمانەی ووتمان – کە کورتیەکی پشووکورتیشە – هێندەی بەڵگە نەویست بەرچاو و دیار و بەر هۆشی مرۆڤن.

یەکەم: بۆ ئەوەمان هێنایەوە کە ژەنگی چەواشە و حۆل کردن لە سەر مێشک و دڵانی ئەوانە ڕامالین کە لەو قوتابخانە خیانەتیەدا گەورە بوون دووەم: بۆ ئەوەی بزانین ئەمانە تا ڕادەو و سنووری چەند و کوێ لە ڕاستی و دڵسۆزی دوور کەوتوونەتەوە و چۆن نا عیلمیەت و دەم چەوتی و کورد فرۆشیان ئاوێتەی یەک بووە!.

شۆڕشی ئەیلوولی پیرۆز گەورەترین و بڵاوترین و پیرۆزترین شۆڕشی سەردەمی نوێ کورد بووە و دەتوانین بە ژانی ڕسکانی دوا پلەی "نەتەوەی" کوردی بدەینە قەڵەم، شۆڕشێ بوو نەتەوەی کوردی سەر لە نۆی ژیاندەوە و بەرگێکیپتەوی کرد بە بەردا .. لە گەڵ ئەوەشدا کە بەدەر نەبوو، لە دەیان کار و ڕەفتار و ممارەساتی سلبی! کە لە چاو بار و لایەنە سلبیەکانی شۆڕشە مەزنەکانی "ئەمەریکی و فەرەنسای گەورەو ئۆکتۆبەر و چین" و بە تێ خۆیندنەوەی بار و هەل و مەرج و سەر ئەنجامەکانی هەر دوو لادا دەتوانین بە ڕاشکاوی باڵاترین حسێب کەین .. کە چی ڕق و بێ شەرمی جاشێتیان بەرانبەر شۆڕشی ئەیلوول لەوەندەدا نەوەستاوە کە دەوری نەدرێتێ و پشت گوێ خرێت، بەڵکو کار و کردەوە و بانگەشەو ئیعلامی چەند ساڵەیان ٩٠ی

بۆ ڕسوا کردن و لە بەر چاو خستن و بە سەردا ڕووخانی شۆڕشەکە تەرخان کەن و بە هەق و بە ناهەق لە هەموو مناسەبەیەکدا جوێن دان بە شۆڕشی ئەیلوول و تف کردنە شانازی و سەروەری شۆڕشی حەفتا هەزار، شەهیدی کورد و کار و پیشەی ناڕەوایان بێت .. بە جۆریکی وا بەعسیە ڕەگەز پەرستە داخ لە دڵەکان بە سەد ئاو شۆراونەتەوە و هەزار یەکی ئەمان شەرم و شورەییان ڕێگایان پێ نادات ئەوە بەرانبەر کورد بکەن .. سەرنجی هەمووان بەلای ئەوەدا دەکێشین کە لە نێوان چەند هەزار ملیۆن ئادەمیزادی دوور و نزیک و دۆست و دوژمن و بێ تەرەفدا ئەم تاقمە خۆ فرۆشە سادیە داخ لە دڵە ئاوا بێ شەرمانە و بێپەروا ڕێ بە خۆی بدات چەنگاڵی شەیتانی و ناڕەوایی و جاشێتی و لە شرە سەرپۆشی سەر حەیاو حورمەتی و شەرمی میللەتەکەی گیر بکات و زڕاو زڕ دایدرێت، کە گەر قۆنتەراتی ئەم کارەشی لە ئەستۆ گرتبێ وبۆ مزگەوتی خەیانەتی دوژمنانیشی بکات دەبوایە لە دوژمنان و داگیرکەران دڵ گەرم تەریقەت نەبوایە!! ئەمەش وەکو نمونەیەکی شەرمهێنەوە وبە خۆدا شکێنەوەی مرۆڤی کورد دەمێنێتەوە – چۆنە سەد حەیف ئەو سەرە خۆ فرۆشانە بە کوردی لە دایک بوون یا زۆڵیش بن!

کار لەوەندەشدا بووەستایە هەر ئەهوەن تر بوو، ئەوەی کە داگیرکەرەکە وێرای کردنی نەبووە، لە ترسی ڕاپەڕین و ئاڵۆزاندنی ئابوری بریندار، ئەوە بووە کە ڕاستەوخۆ دەست بکێشرێتە گیانی ڕابەران و سەرداران و سەرە بە ناوبانگ و شۆرشگێڕەکانی شۆڕشەوە .. ئەم بەکرێگیراوانە ئاواتە ڕقاوی و تۆڵە ڕەگەز پەرستانەکەی بەعسیە ڕەگەز پەرست و شۆڤێنیەکەیان گرتبۆ ئەستۆ، ئەوە بوو لە سەرەتای شۆڕشی نوێماندا و لە بەر چەند هۆیەک – تا ڕادەیەک ساحە چۆلێ بۆیان – لێپرسراوێکیان کە دە چەکی چەتەیی بە دەورەوە بوو لیستەی ناوی هەموو ئەو پێشمەرگە و بەشدارانەی شۆڕشی ئەیلوول لە سەرپەل بەرەو ژوور – وەکو دەستەی یەکەم – کردبوو کە لە ناو ببرێن!!

خەڵکێکی بەوێژدان و دڵسۆز کەم لە بەنگی بێ ئاگایی و خلیسکانەوە بە ئاگا هاتنەوە شایەتی ئەوەن کە چۆن پیلانی ئەوە کێشرابوو کە لە ساڵێکدا هەموو (سەرپەل و سەرلق و ڕابەرسیاسی و فەرماندەی بەتالیۆن و ئەندامە باڵاکانی شۆڕشی ئەیلوول) بکوژرین .. ئەو کارەی کە هەتا داگیرکەرکەش وێرای بیر لێ کردنەوەی نەدەکرد و بەڵکو هەندێ جار بە ڕازاندنەوەی تەماعی دنیایی دەیویست ژێریان کات!..

هەر ئیمساڵ دەستی سوریان بە خۆینی چەندین هاوولاتی بە شەرف و سەرکەش سوور تر کرد، کە هەموو تاوانێکیان ئەوە بووە، لە باری و بواری خۆیاندا دڵسۆزی کورد بوون و لە سەردەمی جاشێتی و خۆفرۆشیاندا بەرەنگاریان بوونەتەوە، و

ئیمڕۆشیان سەر بە باڵیکی شۆرشگێڕی کورد بوون یان هاوڵاتیانێکی دڵسۆز و خۆنەفرۆش دانیشتوانی ماڵی خۆیان بوون ..

ئێوە سەرنج دەنە ئەو زاراوە شەرم هێن و سووکانەی کە چۆن بێ پەروا بۆ ڕووپەڕی چواردەساڵ مێژووی خوێن و ژانی کورد بە کار دێنن .. "ئاش بەتاڵ" بزووتنەوە چەکداریەکەی مەلا مستەفا، گومان لێ کراو .. هتد" .. هەر ووشەی "ئاش بەتاڵ"ی شەرم هێن شایەتی دڵ و دەرونی خیانەتی پتر لە حەفتا هەزار شەهیدی سەروەری کورد بایی ویسکی شەوانی سووری حامورابی ئەوان بە هایان نەبوووبێت؟ ئەم گاڵتە کردنە بە هەست و نەست و خواستی ملیۆنەها کورد دەبێ چ دڵ و دەرونێکی ڕەش لە دووروە بێت؟ هەتا گۆرینی ناو و مفرداتی فەرهەنگیی شۆرشگێڕانەی چەسپیی و مێژووی چواردەساڵەی گەورەترین و پیرۆزترین شۆڕشی کورد، خۆی لە خۆیدا بەڵگەیەکی دیکەی شێواندن و دەستەو پەل و لق و بەتالیۆن و هێزە و لەشکر لە فەرهەنگی شۆرشگێڕی و سەرەوەری کوردا بوو بوونە بەشێک لە توراسی میللی شۆرشگێڕانەمان و شایەتی حەفتا هەزار شەهیدی و جاش عەقایدی و بەکرەجۆ و جەلالی) مفرداتی خیانی و خۆفرۆش و کورد کوژیان لەو ڕوو پەڕانەدا ڕەش کردبووە و جێ (خیانەت و مەلایی و فەقێ و وەفدی کوردستانی وەتەن فرۆشانیان) گرتبۆوە .. بە گۆڕینی ئەو ناوانە نەک تەنها سەروەریەکی نەتەوەکەمانیان هەڵتەکاند و ڕەنجی ڕۆشنبیری و شۆرشگێڕی کوردیان بە بادا دەدا، بەڵکو گەورەترین عەمەلیەیی ڕەتووشی خیانی بووە لە مێژوودا!..

٣ – دووبەرەکی نانەوە لە نێو ڕیزەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دا .. لە کاتێکدا کە خەباتی ڕزگاریخوازی کورد پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول پێی نایە قۆناغێکی نوێ و تایبەتیەوە کە سیمای هەرە دیاری سەر هەڵدان و گەشە کردنی چەند کۆمەڵ و ڕێکخراوێکی جوێ جوێ بوو، کە پێش هەرەس ئەو زەمینەیە نەبوو کە ئەو ڕێکخراوانە بتوانن سەربەخۆیانە خۆیان بنوێننو پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەر زۆر هۆی مێژوویی و تایبەتی – بە تایبەتی ڕابەرایەتی شۆڕش و بوونی بارزانی ئەگەر نەڵێین تاکە سواری مەیدانی خەباتی کوردایەتی بووە، هێزی هەرە سەرەکی و دیاری ئەو خەباتە بووە و هەڵکەوتی پارتی وای کردبوو کە زۆر بیر و ڕای جوێ جوێش بگرێتە خۆی کە زۆر جاران وەکو بەرۆچکەیەک بوو پتر لەوەی حیزبێکی خاوەن ئایدۆلۆژیەت و بیر دیاری کراوبێت، پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول و تەواو بوونی دەوری پێشرەوایەتی (پارتی دیموکراتی کوردستان) و پێداویستیەکانی قۆناغی نوێ خەباتی ڕزگاریخوازی کوردهەندی ڕێکخراو و کۆمەڵ و پارتی تر هاتنە سەر

ساحەی سیاسی و شۆڕشگێڕی کورد وەکو (بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و پاسۆک و لیژنەی ئامادەیی پ، د، ک) کۆمەڵەش لە ژێر فیستی جەلالیدا .. کە پێداویستیەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد پێویستی بە بوونی یەکێتی و تەبایی ڕیزەکانی جوڵانەوەی سیاسی کورد دەکرد لە شێوەی بەرەیەکی یەکسانی هاوتادا، پاش دروست کردنی بە ناو یەکێتی نا نیشتمانی کوردستان) و شێوە و هەڵکەوت و ناوەڕۆکی ئەو بەناو (یەکێتیەوە) و مەبەست و نیازی بن تەبەق و نهێنی ڕابەرە کاریگەرەکانی .. ئێمە زوو بە زوو تێگەیشتین کە ئەم بە ناو یەکێتیە، فەندەفێلێکی دەواری مخابەراتی بێگانەیە بۆ ڕێ گرتن و بەرگرتن بە ڕسکانی (یەکێتی)یەکی ڕاستەقینە و سروشتی و دروست و کاریگەر، دەمانزانی کە (یەکێتی) تەنها ناوەکەی (یەکێتی)یەو تەنها ئیسفجێکە بۆ هەڵمژین و شەکەت کردنی هێزەکانی دیکە کوردستانی و ئامرازێکی شۆڕشی چەواشە (الثوره المضاده)یە.. بۆیە لەو چاوپێکەوتنەی لە گەڵ نوێنەرانی (کۆمەڵە) دا لە ساڵی ١٩٧٦ ماندا، هەموو مەترسیەکانمان خستە پێش چاو و پێش بینی ئەوەمان کرد، با نیاز و مەبەستی بەناو (یەکێتی) هەر چیەک بێت با تا ڕادەیەکیش بتوانێ دەستی هەندێ لای دڵسۆز ببڕێ و بیکات بە زاخدا، بەڵام پاشە ڕۆژ ئەو گەمە ڕەزا گرانە هەر دەخاتە ڕوو ..

ڕۆژگاریش سەلماندی کە چۆن "بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان" کە ئەو ڕۆژە بەهێزترین و کاریگەرترین هێزی سەر ساحەکە بوو چۆن ئەمانە بە فاقەی "کارەساتی هەکاری" و تەصفیاتی یەک بە یەکەی دەستەکانیان وایان لاواز کرد کە ئەگەر بە ئاگا هاتنەوە بەهاری ١٩٧٩ یان نەبوایە بە تەواوی فزەیان لێ دەبرین .. ئێمە لەو کاتەوە هەموو لایەنەکانمان بەوانیشەوە لەو مەترسی و یاری کردن بە ئاگر و مەبەستە چەپەڵانە ئاگادار کردەوە و بەرنامەی بەرەی ڕزگاری و ئازادی کوردستانمان خستە پێش چاوان و بانگی بەرەیەکی کوردستانی یەکسانی هاوتامان دا بە گوێ و بەرهەستی هەمو لایەنە سیاسیەکاندا بەڵام دڵسۆزی و ساویلکەیی و نەبوونی بەرچاوڕوونی هەندێ لاو کۆمەڵێ کێشەی تایبەتی و ناوخۆی لاکانی دیکە و تا ڕادەیەک سستی و کە تەرخەمی هەندێ لایەنی دیکە بوونە هۆ و یارمەتی دەری سەرکەوتنی پیلانی شۆڕشی چەواشە و لە دەست چونی فرسەتی زێڕینی پێشنیار و داواکاریەکانی ئێمە، پاش ئەوەی کە دەستی ڕەش و نیازی گڵاو و پیلانی بێگانەچنیان گەوتە ڕوو و ئاشکرا بوو، هەموو هەوڵێکیان تەرخان کرد بۆ سەرنەگرتنی "بەرەی کوردستانی یەکسانی هاوتا" کە زەمینە و بار و هەل و مەرجەکان هەمووی پاڵدەر و پشتگیری ئەم هەنگاوە مێژووییە بوو و گەورەترین و ڕووداو دەبوو لە مێژووی نوێی کورددا چونکە:

١ – ئەو یەک بوون و یەکێتی و هاوکاریەی واقعەکە پێویستی بوو بەدی دەهات .. و هێزی کورد و ئەو پەرت بوونەی دوای هەرەسەی بە خۆیەوە دیتدەبووە یەکگرتن و یەکبوونێکی جەبهەوی دروست و گونجاو لە گەڵ پێداویستیەکانی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد ..

٢ – ئەو بەرە کوردستانییە دەبووە بەردی بناغەی بەرەیەکی فراوانی دیمکراسی عێراقی، کە دەستەواژەی استقتابی هەموو هێزی "معارزە" عێراق و عەرەب دەبوو لە عێراقدا بەمە هێزی کورد و مەسەلەی کورد و بەرەی کوردستانی ڕەنگی سروشتی خۆی لێ دەنیشت و بۆ هەتا هەتایە لە پاشکۆیی و تەبەعیەتی "معارزە"ی عێراق ڕزگارمان دەبوو و یەکسانی و کورد مەوقعی پێویست و سروشتی خۆی دەگرت و دەبووە هۆی ئاوێتەبوون و هاوکاری بەرابەری و یەکسانی و چۆنیەتی هێزی کورد و عەرەب لە عێراقدا .. بەمە بۆ دوا جار مەسەلەکەمان لە مەسەلەی کەمایەتی "پاشخانی خێر پێکراوی" براگچکەیی قوتار دەبوو و وەکو گەلێکی بەشکراوی پارچەیەک لە نەتەوەیەکی داگیرکراوی پەرت پەرت کراو تەعامولمان لە گەڵدا دەکرا و "مافی دیاری کردنی چارەنووسی کورد" دەبووە بدیهییەکی شۆرشگێڕی لە عێراقدا و هەموو هەڵسڵەمێنەوە و گومان و ناتەواویەک لە لایەن هێزە عەرەبیەکانەوە پاکتاو دەبوو و بۆ هەتا هەتایە مەسەلەکەمان قاڵبی سروشت و دەستوری و گونجاوی خۆی دەگرت!!..

٣ – ئەو بەرە کوردستانییە دەبووە پاڵپشت و یارمەتیدەرێکی خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەمان لە پارچە داگیرکراوەکانی دیدا و زۆر ئالۆزی و اشکالاتێکی ئیمڕۆ کۆسپن لە سەرە ڕێگای ئەو خەباتەدا نەدەبوون و لەو شوێنیدا هاوکاری و تەبایی و کۆمەک شین دەبووە ..

خەڵکی بە شەرەفی کورد، سەرنجی تراژیدیای دڵ تەزێنی ئەم شۆڕشە چەواشەیەی ئەم تاقمە خۆفرۆشە کورد کوژە بدەن، هەر بەوەوە نەوەستان کە بەر بە هەموو هەوڵێک بگرن بۆ نەهاتنە دی ئەو بەرە کوردستانییە بەڵکو بەوەشەوە نەوەستاون کە باڵە لێک ترازاوەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە کوردستانی باشوردا هەر وا بە تێک ترازاوی هێمنانە بمێنێتەوە .. پاش ئەوەی کە یەکەم هەنگاوی بە خۆدا هاتنەوەی برین سارێژکردنی ئەو هێزانە دەستی پێ کرد .. مامۆستای هۆنەری دووبەرەکی و جاشێتی و ڕیز تێکدانکەوتە زۆڵەک و زڕو گلا ڕاست کردنەوە لە ڕووی ئەو هێزانەدا!!.

که بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە گەڵ لیژنەی ئامادەیی (پ، د، ک) دا لە مانگی ئابی ١٩٧٩ دا وەکو هەنگاوێکی پیرۆز و بە پێزی یەک بوون ویەک خستن "حیزبی سوسیالیستی یەکگرتوی کوردستانیان پێکەوە نا، زوو بە زوو باڵێکی .. گۆجی زۆڵەکی زڕیان بە ناوی "باڵی چەپی بزووتنەوە" قوت کردەوە و کەوتنە جرت و فرتی دیعائی و ئیعلامیش هەتا عەسکەریش دژی "حزبی سۆشیالیست" هەر کە "مەحمود عبدالرحمن – سامی" ناوبانگ زڕاوی تاوانباریش لە کۆنگرەی نۆیەمی (پارتی دیموکراتی کوردستان) دەرکرا، کە تا ئەو ڕۆژە دوژمنی سەرسەختی ئەم تاقمە بوو – یان وەکو "توزیع الادوار"ێک خۆی وا دەنواند، تاوانی شەهیدان (علی عەسکەری و دکتۆر خالد و شێخ حسین" و کارەساتی هەکاری کەوتبۆ مل – هەر زوو بە زوو نامەو نۆینەری نێردرا بۆ لای سامی و ئەوەی خرایە بەردەم کە دوکانێکی سیاسی بۆ ئامادەیەو ئەم تەنها بێت کلیلەکانی وەرگرێت!! بەڵام "سامی" جارێ فرمانی بۆ نەهاتبوو بۆیە ڕەتی کردەوە تا دوا جار لە بەهاری ١٩٨١ دا لە داڵانەکانی مخابراتی بێگانەدا یەکیان گرتەوە و دەستیان لە نێو دەستی یەک نا!! برادەرانی "حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستانیش" پاش کۆنگرەی یەکەمیان لە بەهاری ١٩٨١ دا گۆڕێکی نوێیان دایە خۆیان و ناوی حزبیان کردە "حیزبی سوسیالیستی کوردستان – عێراق" دیسانەوە مێملەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد قەوانێکی نوێیان داخست و هەندێ خەڵکیان کۆکردەوە بە ناوی "حزبی سوسیالیستی یەکگرتووی کوردستان" ئەو حیزبەی هەر ساڵ و نیوێک لەمەوبەر سەر قوتەکانی مامەندیان لێ گرتبون و لە بارەگاکانیان هەڵیان تەکاندن و ئەگەر هەوڵ و کۆششی حیزبی ئێمە و برایانی حیزبی دیمکرات نەبوایە مرچی ئەوەیان خۆش کردبوو هەر زیندە بە چاڵیان کەن – کە جگە لە ڕۆڵەی کورد کوشتن چییان پێ لە گەڵ نەدەکرا، چونکە حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان، وەکو ئەوان هەڵتۆقیوی دەرەوەی سنوور نەبوون ..

ئەم نەخۆشی، یان دەوری استخباراتی تێکدانەیان هەتا بۆ ناو حیزبە عەرەبیەکانیش باڵی ڕەشی کێشابوو تۆماری دوو بەرەکی و کورد کوژی و ئاڵۆزی ئەم تاقمە زۆر زۆر لەوە زیاترە کە دوو توێی زبڵدانی مێژووش بیگرێتە خۆی و دەست نیشان کردن و باس لێ کردنی هەندێکیان تەنها بۆ بەهۆش هێنانەوەی ئەوانەیە کە ئەگەر فەڕێکی دڵسۆزیان تێدا مابێت و توانای خۆ قوتار کردنیان هەبێت لە "اخطبوطی" هەشت پێی جاشیتی . هەل لە دەست نەدەن!!

٤ – دەست تێوەردانی کار و بار و مەسەلەی خەباتی پارچەکانی دیکەی کوردستان:

ئەم (جاشی بین المللی)یانە هەر بەوەوە نەوەستاون و هەر تەنها بۆ ئەوەش ڕانەگیراون کە خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی باشوردا بشێوێنن و ئاڵۆز کەن

و دوو بەرەکی و برا کوژی کورد کوژی بچێنن و شۆڕشی چەواشە بنێنەوە، بەڵکو پڕیشکی پیس و خیانەتی و تێکدەریان هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستانی گرتۆتەوە بە تایبەتی، بە ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆ، دەست خستنە کارو باری مەسەلەی کوردی کوردستانی خۆرهەڵاتەوە، هەر بەوەی کە لە سەرەتاوە بۆ کێشە نانەوە بۆ گەلی کورد و بە گژ یەکدا کردنی حیزبی دیمکراتی کوردستانی ئێران و حکومەتی پاش شۆڕش بەوەی کە لە خۆڕا و بێ ڕەزامەندی گەلی کورد هەڵکوتانە بە سەر نەخۆشخانەی پاوە و سەربڕینی چەندین کەس بووە ئەو پڕیشکەی کە باروتی ئەو شەڕەی هەڵگیرساند .. کە شەڕەکەشیان هەڵگیرساند ئەگەر بووەستانایە، زۆر نێزیک بوو کە زەبری کورد سەر بە دەمارگیرەکان نەرم کات! هەنگاوی پیلانگێریان ئەمجارەیان لاوازکردن و دووبەرەکی نانەوەی ناو ڕیزەکانی کورد بوو، ئەوەش لێکردنەوە و هاندانی مامۆستا شێخ عیزالدین بۆ بەرەکانی حیزبی دیمکرات و هاندان و پشتگیری کردنی: کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران" و هێنانە پێشەوەی چڵکاوخۆرێکی ساواکی ڕووڕەش وەکو (صلاح الدين مهتدی) کە ئەمە لە ڕووی دۆستایەتی کۆمەڵەوە نەبووە، چونکە هێنانە پێشەوەی (صلاح الدين مهتدی پتر بۆ لێدان و زڕاندنی ناوی کۆمەڵە بووە، ئەمان ئەوەندە یارمەتی کۆمەڵەیان دەدا کە بە گژ دیمکراتیاندا بکەن – کە سەد حەیف هەندێ جار ئەمەیان بۆ چۆتە سەر – بەڵگەی ئەمەشمان ئەو نامە پڕ شەرم و شورەییەی ڕابەرە ناوبانگ زڕاوەکەی ئەم تاقمەیە کە ناردویەتی بۆ کاک "محمدی حاجی مەحمود" کە ئەو کاتە فەرماندەی هەرێمێکی بە هێزیان بووە کە تێیدا دەڵێ " پێویستە ئەوەندە یارمەتی کۆمەڵەی ئێران بدەن کە بتوانێ بەرەنگاری دیمکرات بکاتەوە و بەس!!، کاتێ کە کاک "محمدی حاجی مەحمودی" هەستی بە ناپاکی کورد کوژی و جاشێتی "بین المللی"کرد و ئامادە نەبوو وەکو پێشمەرگەیەکی ئازاو و دڵسۆز ئەو فەرمانە جێ بە جێ بکات، کەوتنە تۆمەت و تاوان بۆ هەڵبەستنی!!.

ئێمە لە کاتیکدا و لە هەموو بارێکدا لە گەڵ خەباتی ڕەوای گەلەکەماندایین لە هەموو شوێن و کاتێکدا، ئەم ڕاستیە تاڵ و تفتانە دەخەینە ڕوو نوێنەرانی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان لە کوردستانی خۆرهەڵاتدا ڕێ و چارەسەری مەسەلەی میللیەکان – لەم بار و دۆخەی ئیمڕۆماندا – بە ڕێگای ئاشتی و گفتوگۆ دەزانن و هەموو ئاگر خۆش کردنێک خیانەتە و ڕۆژگار دەری دەخات کە تۆڵەی لانە جاسویەکەی ئەمەریکا، خۆی نەیتوانی بیکات، بەڵام بە دەستی ئەم تاقمە بەکرێگیراوە کورد و شۆڕشیان خستە بارێکی واوە کە دەبوایە توانایان بۆ پاکتاو کردنی بنکەکانی ئیمپریالیزمی بە خەرج بدایە .. تا ئەو ڕۆژەی ئەو ئاواتە دێتە دی و دوا تەڵەی ئەم

خۆفرۆشانەش بە ڕووی خۆیاندا دەتەقیتەوە گەلی کورد لە سەر خەباتی ڕەوای خۆی سوورە!

ئەمانە خاڵی هەرە زەق و مەترسی پێشبینی کراوی حیزبمان بووە، بەڵام لە بەر هۆکانی باسمان کرد هەر نەماندەویست ئەو فرسەتە بدەینە دەستیان کە ئاواتەکانی داگیرکەرانی کوردستان بهێننە دی و ویستمان کەی پەتیان پساند و فرمانی بێ گەڕانەوەیان بۆ هات، ئەو کاتە ببێتە دوا بەڵگەو دوا بزماری تەرمی جاشێتی و خۆفرۆشیان ..

ئەم فرسەتەیان چۆن دەسکەوت و پەتی خەیانەتیان بۆ پساند؟!

ئێمە خەڵکی بە شەرەفی کورد و هێزە شۆرشگێڕە دڵسۆزەکان دەکەینە شایەت و واقعەکە دێنینە زمان ..لە سەرەتای شەڕی نێوان "عێراق و ئێراندا" کە زانیومانە (ئێمە گامان لەو گاڕانەدا نییە تا بەفر پێمان بەرێ) و بە هەلمان زانیوە کە بۆ یەکەم جار دوژمنە داگیرکەرە ڕەگەزپەرستەکەمان تووشی گاشەیەکی وا بووە و ویستومانە کە پڕاو و پری ئەو فرسەتە زێرینە باریوە سودی بۆ کورد و تەنها کورد لێ وەرگرین، بۆیە هەموو توانا و ووزەیەکی خۆمان گرت کردۆتەوە، وەکو سەرەتایەکی شۆرشگێڕی لەو ئەڵقە لاوازانە، داگیرکەرمان داوە کە شەڕەکە کەلێنی تێ خستوون .. بێ خۆهەڵدانەوە دەتوانین بڵێین بە درێژایی ئەو پێنج ساڵە داگیرکەرەکە تووشی هێز و بازوو و زەبرێکی وا کاریگەر و هەراسان کەر نەبوو بوو، بە ئاشکراش و بە (تحدی)وە دەڵێین لە گەڵ ئەو "کەمی ژمارە" و بێ امکانیاتی و کەم دەستی و کێشە و گرفتی چەک و تەقەمەنییەی بەرەنگارمان بوو بووە لە چاو ئەو دەیان جانتای ڕەش و گورچکی پڕ و چەکی نوێ و تفاقی کۆک و ڕەشە خەڵکەی ئەوان کە بە زوڵم – ئاوی پێشمەرگەیان لێ ناوە – دەیان جاربەرابەر دەستمان لە دوژمنەکە وەشاندووە و .. ئەمەش هاندەرێک بوو بۆ چاو لێکەری و شوێن پێ هەڵگریمان لە لایەن هێزەکانی دیکەوە و نوقلانەی ئەوەمان تێدا دەدیت کە کارێکی «جدی» و کارێگەر بکرێت و شۆڕش لە قۆناغی بەرگری و خۆ مەلاس دانەوە بگوازرێتەوە بۆ قۆناغی پەلاماردان و هێرش بردن و شوێن پێ چوڵکردنی لە کاتێکی وادا کە پێشمەرگەی «پاسۆک» وەکو هەڵکەوت، ڕەفتار، تەعامول لە گەڵ جەماوەردا، بیر و باوەڕ و بەرهەم کارگەری و دەست وەشاندن، جێگایەکی تایبەتی و باڵای لە دڵی جەماوەرەکەدا کردبووە هەتا ئەو «انطباع» و هەستە ڕەشەی ئەوان دابوویان بە جەماوەر و پلانی بێزار کردنی خەڵکی لە کوردایەتی و شۆڕشیان بەرەو سەرکەوتن دەڕۆیشت، پاسۆک ئەو «انطباع»ەی دەسڕییەوە و وورە و بڕوای خەڵکی بەرز و پتەو دەکرت، شۆڕش و کوردایەتی و نموونەی شۆڕشگێڕ و دڵسۆز و کوردی دەدا بە جەماوەرەکە ئابووری لەو کاتەدا

بۆ ئەوەی ساحەی شۆڕش و کوردایەتی هەر وا بە تاریکایی و تاری بهێڵنەوە تا تەراتێنی خیانەتی تێدا بکەن .. لە ترسکی تروووسکە و پڕیشکی پاسۆک نەبادا ئاسمانی کوردایەتی ڕوون بکاتەوە و ڕووی ڕەش و جاشێتی ئەم تاقمە خۆفرۆشە ڕیسوا ببێت و شۆڕشی چەواشە بە تین و تاوی شۆڕشی ڕاستەقینەی میللی پامالْ بێت .. ئاغاکانیان و خۆیان کەوتنە کلکە لەقێ و جموجۆڵی ناڕەوا، هەر لە سنووری دیعایەوە درۆ و دەلەسەوە تا دەست کێشانە گیانی هاوبیرانمان ..

ئێمە دەمانزانی ئەو کورتانی جەجاڵەی کە پتر لە نیو سەدە و دەوائری ئیمپریالیزمی دەیتەنن و هەوڵی بێ ووچان و شەو ڕۆژیانبە هەموو توانا و هێزو دەسەڵات و ئامرازێکیان بۆ ئەوە بوو کە هەستی پەستی و خۆ بەکەم گری لە ناو کوردا بچێنن و مەسەلە بنەڕەتیەکەیان لە بیربەرنەوە و بە داوا و فشە مافی کەمایەتی و حوکمی زاتی و بەند و باوی پڕوپووچ لە گرێژنە بەرن .. مەسەلەی کورد لە مەسەلەی نەتەوەیەکی خاوەن مافی بەشبەش کراوی داگیرکراو بکەنە مەسەلەی کەمایەتیەکی، بێ بنج و بناغە و چارەسەریش لە (مافی دیاری کردنی چارەنووسیەوە) بادەنەوە بۆ پێکەوە هەڵکردن و چەند (اصلاحاتێکی) بۆش و ڕووکەش . لە بارێکی ئاوادا "پاسۆک" نارنجۆک بوو لە بێ دەنگی و کپی شەوگاری کوردستاندا تەقیەوە، پاسۆک کوردی فێر دەکرد و بیری دەخستنەوە کە نەتەوەیەکن جیان لە هەر نەتەوەیەکی ئەم دنیایە کەمتر نییە و چۆن هەموو نەتەوەیەک مافی خۆی بە کوتەک لە گەروی نەهەنگی داگیرکەردا دەربهێنێ، نەک سواڵ و ساقەی فشە ماف بکات .. پاسۆک (کوردستانێکی ئازاد و گەلێکی یەکسان)ی دەخستە سەردەمی جەماوەر .. پاسۆک ئەو بیرە بووە بەند و باوی (کوردستانی گەورەی خەیاڵی شاعیرانە)ی ڕیسوا دەکرد و بە یەک پرسیار قوڕی دەدا بە دەم بازرگانانی سیاسەتەوە:

بۆ (وحدەی عەرەبی) و (تورکیای تورک) و ڤێتنامی ڕزگار و سەربەخۆ و هەموو دنیای خاوەن کیان و سەربەخۆ خەیاڵ نەبێت و عەینی هەق و ممکن و جێ پیرۆزی و شانازی بێت؟! بۆ خەڵکی عادەت بێت بۆ ئێمە عیبرەت بێت؟!

ئێمە جادوی ئەو جادوگەرە بە کرێگراوانەمان بە تاڵ دەکردەوە و بە خەڵکمان سەلماند کە مل نەدەن بۆ واقعی سەپاویان .. ئێمە دەمانویست چۆن دوژمنایەتی شۆڤێنێت و ڕەگەز پەرستی و فاشیزم بکەین ئاواش بە گژ هەستی پەستی و بڕوا بە خۆ نەبوون و خۆ وون کردندا بچینەوە چونکە هەردوویان زۆڵەکی زادەی باری ناڕەوان ..

جا بۆ یەکەم جارو بەم توندی گردە بری و دڵسۆزی و مەنتقیەوە دەنگێکی وا دوژمن توقێنەری کورد ڕاستکەرەوە سازگار لە ڕیزەکانی کوردایەتیدا بەرەو

پێشرەوایەتی خەباتی نەتەوایەتی کورد هەنگاو هەڵنێنێ چۆن داگیرکەران لێ بێ دەنگ دەبن؟!

ئێمە دەزانین ڕێ و پەزم و تۆڵەی داگیرکەران لێمان لە بەر ئەو چەندین پێشمەرگەو هەتا دەست وەشاندنە پاڵەوانانەش نییە و بەس، لە بەر ئاگر و بیری ڕەسەن و کاریگەری پاسۆکانەیە .. بۆیە دوژمنەکە دوا وەرقەی خۆی بە کار هێناین .. بەڵام داگیرکەران و ئیمپریالیزمی جیهانی و هەموو دارو دەستە ئەڵقە لە گوێ و خۆفرۆشەکان ناتوانن بەر بە ڕەورەوەی مێژوو و کاروانی پڕ شکۆی "پاسۆک"بگرن..

با ئەم خۆفرۆشانەی خۆیان بکەنە سەنگەری پێشەوەی داگیرکەرەکە چەپەری دەوری دوژمنەکەمان .. ئەمانە لە خراپترین حاڵەتدا دەبنە بەشێک لە داگیرکەرەکە و با بشڵێین نووکە ڕمیان، بەڵام خۆ تاقیکردنەوەی جاشێتی چوار ساڵەی بەر چاومان هەر لە بەر چاوانە کە سەرئەنجام و چارەنووسیان کام زبڵدانی مێژووە ..

ئەمانەش تەنها مشتێکن لە خەروارێک و ئەگەر بە هۆشی خۆیاندا نەیەنەوە و لەو لاساری و قاپ گرتنە نەکەون، ئەمجارەیان ناچارانە دەرگای خەروارەکەیان دەترازێنین و ئینجا چەند توربە جۆ و ئاخوڕ کای تێدا بێت ئۆباڵیان لە ئەستۆی خۆیان!! حەزیش ناکەین لەم بارە ناسکەی کوردا چوچکەی کەس بە سەجترا وەرکەین.

هەولێرنامەی کتێب

## {{قوتابخانەی پاسۆک}}.....
### ((وانەی نۆیەم))

### دەنگێ بۆ ئاگاداری کورد کوشتن

کارگەی درۆ و بێ ئابڕوویی "دەنگی بۆ ئاگاداری کورد کوشتن"، ڕۆژانە چزووی ژەهراوی بە ناخ و هەستی کوردانەی دڵسۆزاندا دەچزێنێ و چڵپاوی پیسی بە چوار دەوریدا وەردەکات لە دووره حەپەیەکی ئەم دوایەیدا ناوی پیرۆز و بڵندی حیزبمانی بە (پێڕەوانی خەتی فەتاح اغای ساواکی)ناساندبوو!..

ئێمە لەوە نادوێین کە "پاسۆک" چەندە بڵند و ئەوان چەندە نزمن .. و کاکە "فەتاح"ی شەهید کێ بووە و لە چ سەنگەرێکدا بووە و لە کام سەنگەردا گیانی بەخشیوە و ئەمانە کورتان هەڵگری کام خانەن!.. دەمانەوێ هەندێ پرسیار بە چرپە بە گوێیاندا بدەین و خانەخۆییەکی کونیان بیر بێنینەوە .. دەبێ بوێرن وەڵاممان بدەنەوە؟!

کێ بوو "ساواک"ی بە شۆڕشی ئەیلوول فێرکرد .. و (عیسی بەژمان)ی ئەفسەری ارتباگی نێوان ساواک و کێ بوو لە ماوەت؟!

کێ بوو بە فرمانی ساواک کەڵێنی خستە شۆڕشی ئەیلوولەوە و کێ بوو پلانی ساواکی لە ١٩٦٤ دا وازی کرد؟!

ئەرێ کێ کە پلانی پووچ بووە و کرا بەودیو سنووردا ساواک سایەی بۆ ڕاخست و لە (هەمەدان دا مولگەی بۆ کرایەوە؟!

کێ بوو سێ سەد برنەوی) لە بێژووێ لە ساواک وەرگرت؟.

نمەک بە حەرامیش بەم شێوەیە؟. پیاو هەر وا زوو ئاغا و خانە خۆیی خۆی لە بیر دەچێتەوە؟.

چۆن ناوەکانی "صیدایان" و "نەصیری"تان لە کام تارێکی بیروەریتاندا شاردۆتەوە؟.

خۆ هێشتا ئەو شایەتە مێژوویانە ماون کە لە ساڵەکانی ٩٧٧ و ٩٧٨ دا بەربەستان بوون لەوەی کە بگەڕێنەوە سەر ئاخوڕی ساواک و جارێکی دیکەش ئەم شۆڕشە نوێیە ببەستنەوە بە پلانەکانی تارانەوە!.جا ئەگەر دەزانن "ساواکایەتی" ئەوەندە "سوکایەتی"یە کەوا دەیکەنە توومەت و تاوان و بە درۆ لە ملی خەڵکی شۆرشگێڕ و پاکی دەپێچن .. ئیدی (کوردایەتی پێشکەووتوخوازینە) بۆ بە باڵای خۆتانی دەبڕن؟! ..

پیاوی ساواکی و مخابراتی نێو دەوڵەتی ئەگەر لە ڕەفتار و هەڵس و کەوتیشیدا تەواو ڕەنگ نەداتەوە .. خۆ لە ناز و نیعمەت و گوزەرانیدا دەردەکەوێ؟!

ئەوەی یەک ڕۆژیش "تووژەڵە" و "خرێی ناوزەنگی" بە ڕێبواریش دیبێت .. تێ دەگا – ئەگەر ووشیار بێت – خەراباتە ئەو دۆڵە!!

## بانگێ له سەنگەری پاسۆکەوە

کۆمەڵەی مافی مرۆڤ!!

ئەی ئەوانەی لە سەدەی بیستەمدا بازاڕی مرۆڤ فرۆشی "رۆما" و "عکاڤ"تان کردۆتەوە لە بری ئەوەی بچنە سەر سەکۆیەک و پەلی "بەندەیەکی حەبەشی" بگرن و هەراجی کەن، لە سالۆنی مەرمەڕی و چراخاندا و لە سەر مێزە فرۆمیکا بریقەدارەکاندا لیستەی ناوی سەدان و هەزاران و ملیۆنان مرۆڤ ڕیز دەکەن و لە گەڵ پێکی شەمپانیای بە دەرد کردوتاندا هەڕاجی دەکەن ئەگەر وا نییە .. بۆ لایەک بە لای کوردستاندا ناکەنەوە، بۆ سەرێ بە سەر کەلاوەی وێرانە ماڵماندا ناکەنەوە؟ بۆ دەبێ ئێمە مرۆڤ نەبین؟ بۆ هەواڵێکی کوردستان ناپرسن و بزانن ئەو گورگە دڕندانە چۆن چوار پەلیان لە خوێنی کوردا سوورە و تا بێخی بن دانیشیانگۆشتی ساوایانی کوردە! بزانن چی لە کوردستاندا دەکرێ، بۆ دەکرێت؟!

ئێمە نەتەوەیەکین تا ئێمڕۆ سواڵی بەزەیی و ڕەحممان لە کەس نەکردوە و ناکەین .. سەری بڵندمان لە سەر لاشە و کەللەی هەزاران ڕەوان شادی شەهیدانمان هەستاوە و شورای پۆڵاینی کوردستان بەژنە باڵای هەمیشە هەڵچووی وەک چناری بەچکە شێرانی نەتەوەکەمانە .. ئێمە چۆن لە سەر هەق بە گژ کێودا چووین، ئاواش بە گژ دەم و پلی خاو و ئەتەکێتی ئێوەدا دەچینەوە.. چونکە ئەو موغازەیەتان بە ناوی مرۆڤ و مافی مرۆڤەوە کردۆتەوە، و ئێمەش مرۆڤین .. یان ئەوەتا دەبێ پڕ بە پڕی ئەو مانایە ڕەفتار بکەن و ئەرکی مرۆڤانەتان بەرانبەر کورد جی بە جێ بکەن .. یان ئەوەتا ئەو لافیتە درۆزنە دەست بڕانەیە داگرن و لە جیاتی (یانەی گاڵتە بە مرۆڤ هەڵواسن) .. یان ئێوە و هەموو بازرگانانی دنیا بە نەحلەت!

ئەی هەق و ڕەوا تۆ لە چ کونجێکدا خۆت حەشار داوە .. بۆ لە ئاستی پیاو کوژان و پەل سووراندا وا شەرمن و خەجاڵەتیت .. بۆ بە ڕووی زۆرداری و چەوسانەوەدا ناتەقیتەوە و بۆ کوردستان ناکەینە سەنگەری پەلامار و بە گژاچوونەوەی ناهەقیدا؟ بە ناوی دەزانین بە ناوی تۆوەیە و لە بەر سەر و سمێڵی بەرداخ کراوی تۆدایە سەد جاران ڕەوا دەکرێت بە ژێر نارەواوە .. ئێمە هەمیشە هەق لە لوولەی تفەنگەکانمانەوە هەستاوە و هەردەم بە بەژنی تفەنگەکانمان دار شەقی ژێر باڵی لاقی شەپلە لێدراوی هەق بووە .. بەڵام ئەی ناسکۆڵەی شەرمن!

ئێمە ئەوەمان لە تۆ دەوێت کە بە ناوی تۆوە نەیەڵی سەربازەکانی داگیرکەرانمان

خۆینی کورد حەڵاڵ کەن و کوردستان بکێڵن .. ئێمە لە بەر حورمەت و ڕێزی خۆتمانە ئەگینا ئەوەی بە تەنیا بە پشتی باریکی تۆ بێتە مەیدانەوە نەک گورگان خواردوو بەڵکو ڕێوی خوار دووش دەبێت. ئەی برایەتی گەلان .. ئەم دایکبرایەتان بۆ لە بیر چۆتەوە؟ بۆ بوونەتە براکانی یوسف و لە ڕژد و بەد گومانیتان دەیدەنە دەم گورگ .. ناترسن ڕۆژێ بێت، بە چاوی شۆڕەوە لە بەر دەرگای یوسفی کوردیدا هەڵتۆووتێن؟!

ئێمە زڕ براشتان بین، ئەوەندەی هەقی دایک و بابمان بە سەرتانەوە هەیە کە لە ئاست قەڵاچوکردنماندا چاو نەنووقێنن .. بایی ئەوەندە دەبێ برا بن کە بە ناهەق و بە ناڕەوا لە بەین ببرێت .. بۆ ئەم ڕەحمی برایەتیەی ئێوە هێندە بەیت و بە سۆز و بڕندەیە، لە دورگەی (واق الواق)ەوە تا زەمینی شەیتان نشین بە تەنگ باوک و برا و دایک برا و زڕ برایانیشەوە بێن؟. ئەی بۆ ئێمە بۆ نا؟

دەزانین مەسەلە (نەوت) و (دۆلار)ە، بەڵامان لێتان دا .. کوردستانی ئێمە زەوی سەر دەریایەکی نەوتە و "زێڕیشمان" هەیە و خۆشمان جەوهەرمان ئەڵماسە .. خەڵکی مەردو سەر ڕاستیشین .. ئەگەر چی بە خۆڕایی و بە سەرانە بشبێتە هی خۆمان نایدەین بە کەس، بەڵام ئێمە کوردین، بەم بارەی ئێستاشمانەوە تا سکی دراوسێکەمان پڕ نەبێت خەو لە چاومان ناکەوێت ..

دە "مافی مرۆڤ" و "هەق" و "برایەتی نێو گەلان" لە خەونی غەفڵەت و خۆ گێل کردن و سەقەت بوون ڕاست ببنەوە، تا فشە فەڕێکتان تێدا ماوە ئەو قەرزەی کورد بدەنەوە ..

ئەگینا پاشە ڕۆژ ڕوو زەرد لە بەر قاپی خوا و کوردا دەوەستن!

هێزی پێشمەرگەی پاسۆک

## هەر تیرەیەکن

گۆڕهەڵکەن و کفنفرۆشلە پەیخانە هەرتک سەرخۆش
دەیان گووت بەدەم پێکەنین بەیانتیش گۆڕ هەڵدەکەنین
جاویش بۆ کفن دادەدڕین مەزە و بادەی تریش دەکڕین
ژنی خاوەنی مەیخانەدەیگووت: چەند باشن ئەمانە
یاخوا بازاڕیان گەرم بێ گۆڕستان هەر پڕ تەرم بێ
میوانی وام زۆر بێتە لاکوڕیژگەم دەکەم بە مەلا
هەر یەکن کا و حەوت و کلۆش بێ جیاوازین بۆ خاوەن هۆش

## شادەمارە سەرەتاکانمان

**٨ – مافی هەموو کەمە نەتەوایەتییەکانی نێو کوردستان دەپارێزین.**

دەتوانین بڵێین هیچ وڵاتێکی ئەم دنیایە نییە کە سەر لە بەری دانیشتوانی لە یەک ڕەچەڵەک و وەچە و نەتەوە بن. بە هۆی ئەو پەیوەندییە دۆستانە و هێرشە دوژمنکارانە و پەلامارە داگیرکەرانەی کە لە سەرتاسەری مێژوودا لە نێو گەلاندا بووە، پاشماوەی چەندین گەلی لە بەین چوو و دۆستی ڕەوەند و داگیرکەری تێشکاوی و هەتا پەنا بەر و دالْدە دراویش بە کۆمەڵ یان بڵاو و جێ بە جێ لەو وڵاتانەدا ماونەتەوە و نیشتەجێ بوون و بوونەتە بەشێکی بەشەری ئەو نیشتمانە .. کە لە ڕووی دەستووری و یاساییەوە و لە لانی مرۆڤایەتی و گیانی میهرەبانی و مرۆڤ دۆستیەوە بوونەتە بەشێک لە هاووڵاتیانی ئەو وڵاتانە و مافیان بە سەر خێر و خۆشی و سامانییەوە هەیە، چۆن ئەرکیشیان لە سەرە .. ئەمانە پاشماوەی هەرچی یەک بن و جۆر و شێوە و باری بوونیان هەر چۆنێک بێت .. بەرپرسیار نین لە کار و کردەوە و نیەتی بەر لە خۆیان .. هەر کتێبی کۆن تێ خۆیندنەوە و ڕەفتارێکی سلبی بەرانبەریان کارێکی نا مرۆڤانە و نیشانەی دواکەوتوویی و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤە .. لە ڕووی (عملی) ێشەوە بە چارەنووس و بەرژەوەندی ئەو نیشتمانەوە و "التزام"ی هاو نیشتمانی و هاو چارەنووسیان لا توند تر و بەیت تر دەکات.

(کوردستان)ی نیشتمانی کوردیش، لە هەر وڵاتیکی دنیا پتر شانۆی تێک هەڵچوون ڕەووت و گەشتی نێو گەلان و بەرتەماعی داگیرکەران و داگیرکردن بووە ... جگە لەوەی کە لە سنووری ئەم خاکەدا چەندین گەل و هۆزی لە بەین چوو بووە، یان خزاوەتە کوردستانەوە و وڵاتەکەشمان دراوسێ و هاوسنووری گەلانی (عەرەب، فارس، تورک، ئازەری، ئەرمەنی)ە بۆیە شتێکی زور ئاساییە کە چەندین تۆپەڵ و کۆمەڵی بە سەریەکەوە و بڵاوی ئەو کەمە نەتەوایەتیانە لە کوردستاندا هەبن و هاووڵاتی ئێمەی کورد بن .. وەکو ئێمە مافیان بە سەر ئەم نیشتمانەوە هەبێت.

مافەکانی ئەو کۆمەڵانەش، ئەو مافە مرۆڤایەتیانە و مافە نەتەوایەتیەکانیش دەگرێتەوە .. هەر لەوەوە کە لە هیچ ڕوویەکەوە لە مافەکانی (سیاسی و کومەڵایەتی و ئابووری)یەوە لە گەڵ تاکە کوردەکاندا جیا نەکرێتەوە و هیچ بەربەستێکی ڕەگەزپەرستانە و دەمارگیرانە لە بەردەم ئەو تاکانەدا ڕاست نەکرێتەوە چ لە ڕووی ماددی و چ لە ڕووی مەعنەویەوە .. ئەم مافانە مرۆڤانەی کە لە دەستوور و یاسا نێو

دەوڵەتیەکاندا بڕیاری لە سەر دراوە و دانیان پێدانراوە – بێ کەل کردن – مافی بێ دەمەتەقەی ئەو تاکانەی کەمە نەتەوایەتیەکانە.

مافە نەتەوەیەتیەکانیشیان بریتییە لەوەی کە پارێزگاری و نەش و نما بە بوونی نەتەوایەتیا بدرێت و هەموو جەمسەر و جۆگەکانی خۆنواندن و دەربڕینیان بۆ بڕەخسێندرێت کە بە ئازادی و بێ بەربەست ئەو بوونی کەسایەتی نەتەوایەتی خۆیان بپارێزن .. لە ڕێی هاوکاری ئیجابی و دۆستانەی گەلیەوە بناغەی پەیوەندییەکانیان لە گەڵ نەتەوەی کوردا دارێژن لە نیشتمانی گەورەی هەمواندا .. بەڵکو ئەم پەیوەندیە ئیجابییەش بکرێتە پردێکی نێوان نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی "کەمە نەتەوایەتیەکان" لە دەرەوەی سنووری کوردستان ... بۆ بەدیهێنانی سەردەمێکی پەیوەندی دۆستانە و هاوبەرژەوەندیانەی نێو گەلان.

لەم ڕوانگەیەوە حیزبمان، ئەو باوەڕ و قەناعەتە قوڵەی هەڵقوڵاوی بیری ڕەسەنی کوردایەتی دەربارەی ڕێز لینان و دان پێدانانی هەموو مافە مرۆڤایەتی و نەتەوایەتیەکانی (کەمە نەتەوایەتیەکانی) نێو کوردستان، بە بنکەیەکی پتەوی بیر و باوەڕی خۆی حسێب دەکات و یەکێکە لە هێما و (مۆشرات)ەکانی لادان لە بیر و فەلسەفەی کوردایەتی مرۆڤ دۆست، هەموو پیچ دانەوە و خواردنەوەی هەر ڕوو و لایەنێکی ئەم ڕاو هەڵوێستە مێژووییەی، لە ژێر هەر بار و بۆ هەر مەبەستێک بێت، خۆ خواردنەوە و بە گژ بیر و بەرژەوەندی کوردایەتی چوونەوەدا دا دەنێ.

## لە کەلەپووری شۆڕشگێڕیمان دا

## کەوە شەلە

سەرداری بۆکان عەزیز خانی سەربەرز و بەڕێز
دیتی کەوێک دەفرۆشن کڕیاری زۆر لە جۆشن
پرسی:چۆنە ئەو کەوە؟ وا لەدەوری ئەو هەوە؟!
گوتیان: کەوێکی ڕاوە کەویبڕی لەم ناوە
کەوە شەلەی بەناوبانگنرخی بۆکانە شەش دانگ
هەرگیر بینی تەنگ نابێ لە قاسپە بێ دەنگ نابێ
وتی:نامە بە پەلە بۆم بکڕن کەوە شەلە
لە زێڕیان لەسەر بژاردکەویان بەسەردار سپارد
خان هەڵی پساند سەریروی کردە دەوروبەری
گوتی:کێ هاو ڕەگەزی بداتە دەست ناحەزی
پاداشتی سەربڕینەنەک وا بە زێڕ کڕینە
خۆشت بێ:کوردی هەژار گەلت مەدە دەست نەیار

## ماڵاوا...
## تووژەڵەی سۆزانی وەجاخی گۆبلز ڕوون دەکاتەوە!

وەزیری بانگاشە و درۆ و دەلەسەی ناوبانگ زڕاوی نازی ـ گۆبلزی ڕەحمەتی ـ لەناو ئەو هەموو تاوان و درۆیانەی کردبوونی،هەتا ڕووی مەجلیسی دادگاشی نەبوو، بۆیە لە تاواندا خۆی کوشت.. گۆبلز تیۆریستێکی درۆ بوو،کە دەیگووت:

**درۆ بکە،درۆ هەر درۆ بکە تا بڕوات پێ دەکەن!**

کە گۆڕی گووم بوو،ئیتر کەسی دیکە ئەو شوێنەی ئەوی پێ پڕ نەکرایەوە تا ئەم ساڵانەی دوایی چووزی گۆبلز لە تووژەڵەی پوازدا شین بۆوە....وەجاخی گۆبلزیان پاش ٣٧ ساڵ روون کردەوە،یان چاتر بڵێین ڕوویان سپی کردەوە.

تیۆریستی بەناوبانگی تووژەڵە گەشەپێدەری تیۆریەکەی گۆبلزە و تیۆرەکەی ئەم واجاخ روون کەرەوانە لەسەر سێ کۆچکەی شڕ هەڵچووە:

١ـ (لە درۆکردندا هەرگیز زەرەرت نی یە، ئەگەر رۆژی سەد درۆ بکەیت و تەنیا بڕوا بە چواریان بکرێت... هێشتا هەر تۆ قازانجتە!).

٢ـ( ئەگەر بۆ یەک چرکەش بێت درۆ پێویستە!).

٣ـ(درۆ دەبێ خەڵک تاسێن بێت،ئەوەندە گەورە بێت کەس بڕوا نەکات درۆی وا گەورە قابیلی کردنە! و ئەمەش دەرگای باوەڕ پێ هێنانە!).

ئەم سێ بنەمایەش ڕۆژانە لە ئێستگە شڕی گاڵتەجارە بێ شەرمە ئابڕوو تکاوەکەشیانەوە (دەنگێ بۆ ئاگاداری کورد کوشتن) لە تووژەڵەدا دەخرێتە گەڕ .ئەمەش نموونەی رۆژێکییەتی :

١ـ لەسروودی ( بە یەک بوون ئەبێ....)تا دەگاتە سەر ووتارە بازاڕیەکان و چالاکی درۆینەی ( بەناو پێشمەرگە) کە جاران لە (پڕنامە)دەستنووسەکەی (گێژەلووکە)دا بۆ گاڵتەجاڕ بڵاودەکرایەوە و هەرچی تێدا دەووترێ بۆ دەرمانیش راستییەکی تێدا نی یە..

٢ـ فلان کەس «میت و موساد و ساواک و سیا»یە ئەم وەستایانە سوود لە نائاگایی و نەشارەزایی خەڵکی وەردەگرن.دەربارەی ساڵۆناتە مخابراتیەکانی ئیمپریالیزمی !.. خۆ خۆیان کە ساڵەهای ساڵە لەو زەلکاوەدا مۆڵیان خواردووە،دەزانن هەر ئەوانن بە ڕۆڵدابەشکردن (توزیع الادوار) بتوانن جاسوسی بۆکردنی ئەو چوار دەزگایە کۆ

وەكەن.. ئەم چوار سەرەبیە تەنها بە كۆمپانیایەكی جاسوسی وەكو ئەوان دەكرێت و بەس!!! تەنها نوقسانییەک لەم رستانەدا هەبێت ـ انتلاجینس سیرفس ـ ی بەریتانی یە!!! و ناوی باوكە گەورە بۆ لە ناواندا نی یە!.

٣ـ درۆی لە بابەتی ئەوەی ( حیزبی شیوعی عێراقی خزمەتی پلانەكانی / مخططاتی امپریالیزمی ئەمەریكی دەكات)!!!. ئەم درۆ ئاسمانیانەش كە بازاڕی بێ شەرمی ئەم كوردكوژانەی گەرم كردووە!.

بەڵام پەتی درۆ كورتە و ئەمان تا درێژی وەكەن زیاتر لە ملی خۆیان دەئاڵێ.. كورد دەڵێ: (ئابڕوو سلۆپێكە كە تكا دەتكێ)، ئەم تاقمە كوردكوژەش لەو ڕۆژەوە كە لە «هەمەدان»ی مەڵبەندا ئابڕوویان تكاندە بەرپێی شاوە وپاشان بە درێژایی چوار ساڵان لەژێر نەقیزەی جاشێتی»عارف و بكر» دا ئابڕوویان بە بادا داو لە دوای هەرەسیشۆڕشی ئەیلوولیشەوە تا ئیمڕۆ لە هەموو ساڵۆنێكی مخابراتی نێودەوڵەتی دا ئابڕوویان هەراج دەكەن و نرخەكەی دەدەن بە گوللە دەینێن بە كوردەوە..ئابڕوویان نەک دڵۆپ،دەریاش بایە لەبن دەهات.. و كە ئابڕووش تكا و لە چەندین بواریشدا بوو ئەوا مەگەر هەر خوا رەحم كات!!.

کتێبی هەواڵنامە

**پێش ئەوەی هەر شتێ بین.. دەبێ کورد بین**

**چەکی بێ بیروباوەڕ... سێدارەی جەماوەرە..**

**((ئاڵای سووری کوردایەتی))**


**ئۆرگانی ناوەندی هێزی پێشمەرگەی (پاسۆک)**

**ژمارە ـ ١٠ گەلاڕێزانی ٢٥٩٣/ تشرینی دووەمی ١٩٨١**

## سەرەباس

+ سەروتار...لە یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا
+ ڕازێکی کوردانە...بەرەو تەبایی گشتی
+ بانگێ لەسەنگەری پاسۆکەوە...برا سەر لێشێواوەکەم
+قوتابخانەی پاسۆک .......ئازادی
+ شادەمارە سەرەتاکانمان
+ فەرهەنگۆک
+ کتێبی «شازادە» ...ن. مەکیاڤیللی
+لە کەلەپووری شۆڕشگێڕی دا
+ ماڵاوا....

**باوکم بۆ کورد بوو چەکی لە شان کرد**
**گیانی خۆی خستە سەر لەپیی دەستی**
**ئێمەی بەجێهێشت بۆ ڕزگاری کورد**
**کەچی داخەکەم ئیمڕۆ کورد کوشتی!!**

## سەر وتار ...

### لە یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا

٦٤ ساڵ لەمەوبەر و لە لێڵایی ئێوارەیەکی حەوتی مانگدا، لە گەڵ بریسکە و زرمەی یەکەم تەقە تۆپی (ئەفرۆرا) دا، لەشکری ڕەش و ڕووتان و ئۆردووی زەحمەتکێشانی چەوساوەی پترۆگراد هەڵیان کوتایە سەر کۆشکی (زستانە)کە ئەو کاتە مەڵبەندی حکومەتی کاتی و پێشتر قەسابخانەی ئازادیخوایان بوو.

بەمەش لاپەڕەیەکی ڕەش و تەڵخی ژیانی چەوسانەوەی چینایەتی و نەتەوایەتی گەلانی سۆڤیەت مۆر کراو، دەرگای ئازادی و ژیانێکی بێ چەوسانەوەی هەتا هەتایی بۆ ئاواڵە بوو .کە شنەی ئازادیهێنی تا ئیمڕۆ، بە سەر دەیان گەلی چەوساوەی ئەم دنیایەدا هەڵی کردوە و سوکە کزەیەکیش جار و بار، لە دەرگای کوردستانە بەش بەش کراوەکەی ئێمەی داوە . بەڵام هێشتا بەو توندی و هورژمەی نەبووە، کە کێوی داگیرکەران و چەوساندنەوە هەڵقەنی!.. هەرچەندە هەرگیز هیوابڕ نابین، کە خۆمان و ئەو شەماڵەش بکەوینە سەر بارێکی وا کە ئەم (بەڵام)انە، بچنە مۆزەخانەی بیرەوەریە کونینەکانەوە. سەرەتای ئەم گەشبینی و هیوایەش، لە ئاسۆی هاوکاری و یەک سەنگەری وڵاتەکەی لینین و کوردستانەکەی قازی و شێخ مەحمود دا دەبینین، کە سەنگەری گەلان و دژ بە ئیمپریالیزم و داگیرکەرییە ..

ئێمە لەم یادە پڕ شکۆیەدا، جارێکی دیکە ئەو ڕاستییە سەد بارە دەکەینەوە کە دۆستایەتی و هاوچارەنووسی گەلانی چەوساوە و بەرەی سۆشیالیستخواز بە گەشتی و یەکێتی سۆڤیەت بە تایبەتی و هەموو بزووتنەوەی دیموکراسی جیهان، مەرجی بنچی جیهانێکی بێ چەوساندنەوە و هێمن و ئازادانەیە، کە دەشێ لە سەر بناغەی ڕێزی بەرانبەری و پاراستنی سەربەخۆیی و تایبەتمەندێتی هەمواندا هەڵبچێ ..

تاقیکردنەوە تاڵەکانی مێژوو، ئەوەمان فێردەکات – کە دەشبێ چ لایەک فەرامۆشی نەکات – هەر کاتێک دابڕان و ترازانێک، لە ژێر هەر بار و ناونیشانێکدا، لە نێوان بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و بەرەی پێشکەوتنخوازدا ڕوویدا بێت، بە زیان و کارەساتی گەورە گەڕاوەتەوە بۆ سەر هەمووان. دیاریشە بە حوکمی ژێر دەستەیی و چەوساوەی نەتەوەی کورد، پشکی هەرە گەورەی بەر کورد کەوتووە. بۆیە ئەو ئەرکە دوو سەرەی بزووتنەوەی کوردایەتی و بەرەی پێشکەوتنخوازیەوە دێتە دی، کە بەرەی پێشکەتنخواز (دایک برایی)مان لە گەڵ دا نەکات. ئەگەر هەقی ڕابردووشمان بۆ نەکەنەوە، چ نەبێ لەوەدوا بایی پێویستی و ئەرکی نەتەوەیەکی چەوساوەی ژێر دەستە لە هەژماردن/ حسێب بگرێن. بە هەژماردنی دەفتەریش بێت نەتەوەیەکی بیست و پینچ ملیۆنی، لە ناوجەگەری ئاسیا دا چی تیا بچێنی، یەک بە سەدی لێ دەدورێتەوە ..

شان بە شانی ئەمەش پێویستە باڵەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی، خۆی بخاتە سەر بارێکی وا کە ئەو ئەرکەی سەرەوە جێی دوو دڵی و گومانی تێدا نەهێڵدرێتەوە. هەمووان وەکو کورد و بۆ بەرژەوەندی کورد، ئەو شتەی هەین ببین. کە لە دروشمی حیزبماندا دەڵێ: (پێش ئەوەی هەر شتی بین دەبێ کورد بین).

ئەمەش نایەتە دی تا دەست لە گومڕایی ڕاسترەوانەی دۆڕاو و چەپڕەوی هەرزانەی (بەرزە هەوایی) هەڵنەگرێ و تایبەتمەندێتی "کورد" ێتی خۆمان نەپارێزین .

هەواڵنامەی کتێب

## ڕازێکی کوردان
## بەرەو تەبایی گشتی

لێک نەچوون و جیاوازی بیر و بەرژەوەندی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، دەستورێکی هەمیشەیی و خەسڵەتێکی ژیانی کۆمەڵایەتییە. ئەم لێکنەچوون و جیاوازییە، لە یەکەم شانەی کۆمەڵایەتی کە "خێزانە" دەردەکەوێ، تا دەگاتە دوا شێوە و شێوەکانی کە کۆمەڵگەی نەتەوایەتییە و سەرجەمیش ژیانی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە .

هەڵکەوتێکی دیکەی مرۆڤ، کە ڕوویەکی تری ڕاستێتی و بوونی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە. ئەویش هەست و گیانی تەبایی و پێکەوەژیانە. هەر ژیانی کۆمەڵایەتی، کە خسڵەتێکی بەرچاوتری بوونی مرۆڤە، ئەم لایەنە دەردەخا کە مرۆڤ بووەرێکی (کائن)ی کۆمەڵایەتییە. ئەمەش خەسڵەت و ماکی تەبایی و پێکەوە هەڵکردن و گونجان دەردەخات. کە ئەمە بە کورتی ئەو (پەلەی ژیان)ەیە، کە بیر و فەلسەفەی حیزبمان لە سەری هەڵچووە و بە دەستوری نەگۆڕ و بنج داکوتاوی نێو دەروون و بوونی مرۆڤی دادەنێین .

هەر بۆیەشە ئەگەر ئەم خەسڵەتی کۆمەڵایەتی و گیانی گونجان و پێکەوە هەڵکردنە، لە تەک هەڵکەوتی لێک نەچوون و جیاوازیە نەبوایە و پێکەڵپێک نەبوایە، دەبوایە سەرتا سەری ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگا شەرێکی بێ برانەوە و خۆخۆری و خۆ خواردنەوە بوایە. کە گەروا بوایە مرۆڤ لە سەر زەوی نەدەما و تێدا دەچوو. ڕاستیشە " ژیان لە نوکییەوە کێشە و گرێوگاڵ و تەنگ و چەڵەمەیە. بەڵام،" پێبەپێی تێهەڵکشانی مرۆیی لە پلەی شارستانیەتی و زۆر بوونی پەیوەندی و پەرەسەندنی ڕۆشنبیری و داهاتنی مەیدانی تازە بە تازەی هاریکاری. بە کورتی لەگەڵ پێشکەوتنی تێکڕای ئادەمیدا، باری تێک گەیشتن و ڕێککەوتن و گونجانی بەرژەوەندی و تەبایی گشتی، وردتر خۆ دێنێتە بەر هەستی هەستیار و سەر پەڕەی داستانی بوون و ژین» .

کەواتە لە پاڵ ڕاستی بوونی لێک نەچوون و جیاوازی بیر و بەرژەوەندی لە کۆمەڵگەدا، شەقڵ و نیشانەی شارستانێتی و تێهەڵکشان و پێگەیشتن و پێشکەوتنی کۆمەڵگە و تاکە تاکەی مرۆڤیش.چەندایەتی و چۆنایەتی باری تێکگەیشتن و ڕێککەوتن و گونجانی بیر و بەرژەوەند و تەبایی گشتی دیاری دەکات .

لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر سەرنجی ڕابردوو و ئێمڕۆ و داهاتووی کۆمەڵگەی کوردەواری بدەین، بە ئاشکرا ئەو دیاردەیەی لێکترازان و ناتەبایی و خۆخۆریە لە ڕابردووی ئەو کۆمەڵگەیەدا دەبینین. کە لە تەک ئەوەی خۆی لە خۆیدا نیشانەیەکی دواکەوتویی و هەژاری مینۆکی/ مەعنەوی و ماددی کۆمەڵگەی کوردەواری بووە، هۆی هەرە بنجی و سەرەکی سەرنەکەوتن و تێشکانی خەباتی ڕزگاریخوازی میللیمان بووە و هۆی یەکەمینی ژێر دەستەیی و چەوساندنەوەمان بووە .

ئێمڕۆی کۆمەڵگەکەشمان، با بارێکی پێشکەوتووی و قۆناغێکی نوێی ژیان و خەباتی کۆمەڵایەتی و سیاسیشمان بێت، بەڵام هەر خەڵتە و پاشماوە و ژەنگی ئەو ڕابردووە تاڵ و تفت و دواکەوتوویەی پێوە دیاردە دەدات .

بۆیە دەتوانین بە ڕاشکاوی، هێزی پێشکەوتوو و گونجاو و زیندووی کۆمەڵگە، بە گیان و ئامادەگی هاوکاری و تەبایی و دۆستایەتی نیشان دەین. هێز و پێگەی کۆنەپەرستی و دواکەوتوییبە بەردبووی/ متحجر کۆمەڵگە، بەو خواز و گیانە شەڕخوازی و سەرکێشی و ئاژاوەنانەوە و ڕێزپەرییە دیاری بکەین. ئەمەش تەنها بەڵگە و نیشانەی جەوهەر و ناوەرۆکی ئەو دەستە و تاقمە و کوڕ و کۆمەڵە سیاسیانەن، کە ئێمڕۆ لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا هەن. لێرەدا خۆش بەختانە و بە خۆش بینینەوە دیاردەی (برایەتی و هاوکاری و تەبایی) و نیەتی کاری ناوکۆیی و هاوبەش لە نێوان زۆربەی هەرەزۆری هێزە سیاسیەکاندا دەبینین. کە بەڕاستی ئەو ڕاستێتی و دڵسۆزی و گەرم و گوڕییە دڵسۆزانە، بێ فێڵ و مەبەستە لە بەرژەوەندی و مامەڵەی هێزە سەرەکی و کاریگەرەکانی کوردستانی و عێراقی دا، هەر لە برایانی (حیزبی شێوعی عێراقی و حیزبی سۆسیالیستی کوردستان – عێراق و پاسۆک)ەوە تا دەگاتە (پارتی) و هیزەکانی دیکەی کوردستانی و عێراقی لە پلەکانی تردا دەبینرێن. ئاسۆی داهاتوویەکی یەکجار ڕووناک و خێرمەندمان دەخاتە بەرچاو و وامان لێ دەکات، کە لەگەڵ جیاوازی بیر و بیرکردنەوە و بەرژەوەندی و هەڵکەوت و بارستایی هەر یەکێ لەم لایەنانە، هەموو لایەک و گەلەکەشمان لە گەڵماندا، دڵنیا و ئاسودەبین لەوەی کە هێڵی ڕاست و پرنیپی / مەبدەئی دروست و گیانی دڵسۆزی و خزمەتگوزاری هەموو لایەک، نەک تەنها لە ئاستی پێویست و سەردەمەکەدایە، بەڵکو بناغەیەکی یەکجار دامەزراو و دروستیشە، بۆ داهاتوو و پاش قۆناغی سەر کەوتنیش ..

هەر بە داخەوە، ترازان و خۆ وەتاقخستنەوە و خۆدابڕینی (هێزێکی دیکە) بە ناچاری دەیانخاتە، ڕیزی دوژمنانی گەل.بیانەوێ و نەیانەوێ دەیانکاتە، پاشماوەی خلتەی کۆمەڵگەی کوردەواری و هێزی دواکەوتویی نەگونجاو. کە ئێمە بەش بەحاڵی خۆمان زۆر بە ناسۆرین بۆئەوەی، کە بەرەیەک لە گەلەکەمان دابڕێت و یان چ نەبێ بەرچاو تەنگی و سیاسەتی چەوتی هەڵقوڵاوی دەروونی زاتی چەند کەسێک، ئەو بەرەیە هەمووی داخزێنێتە ئەو سەنگەرەوە. کە تەنها لە پاشماوەی بیر ڕزیو و چینە گەندەڵ و چەوسێنەرەوەکان چاوەڕوان بکرێت و بوەشێتەوە .کوا بە حەزو خۆزگە بوایە!، کەسانی دڵسۆز و بێ نیازی نێو ئەو بەرەیە، ئەوەندە زوو بە ئاگا بهاتنایەوە پێش ئەوەی کار لە کار بترازایە. مەودای گەڕانەوە و بە خۆدا چوون لە دەست نەچوبێت، بێنەوە پاڵ بەرەی گەل و هەمووان پێکەوە لە سەنگەرێکدا لە سەر بناغەی (پێکەوە ژیان و کێ بەرکێی هێمنانەدا)، دەستووری گەیشتن و ڕێککەوتنی بیرو بەرژەوەندی و تەبایی گشتی چەسپاوتر بکرایە . ئەمەش بە لای ئێمەوە نەقلەیەکی ژیاریی زۆر گەورەیە .

# بانگێ لە سەنگەری پاسۆکەوە

**برا سەر لێ شێوێندراوەکەم!**

سڵاو. ..

داب هەر وا بووە و واش دەبێ، کە چۆن زێڕ زێڕایەتی خۆی لە ناو کورەی ئاگردا دەپارێزێ و دەردەخات. ئاواش جەوهەر و مەردایەتی مرۆڤێک لە ڕۆژانی سەخت و دژواری نەتەوەکەیدا دەردەکەوێ. تەنها ئەو کاتە ترسناکانەی کە چارەنووسی نەتەوەیەک دیاری دەکات، دەتوانرێ پیاوی مەرد و دڵسۆز و شۆڕشگێڕ، لە گەندەپیاو و زڕە دڵسۆز و فشە شۆڕشگێڕ جیا بکرێتەوە .

مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە، کاتێ ناپلیۆن ئەڵمانیای داگیرکرد، هەموو گەلی ئەڵمانیا لێی ڕاپەڕین. تا ئێرەی ئاساییە، بەڵام دەزانێت لەشکری سەربەخۆی پێشی پێشەوە، کە نووکە ڕمی ئەو ڕاپەرینە بووە، هەموویان مامۆستا و زانا و پرۆفیسۆرەکانی زانستگەی بەرلین و فەیلەسوف و تیۆریستەکانی سەرتاسەری ئەڵمانیا بوون. قەڵەم و دەفتەر و کتێبیان پێچایەوە و چەندین دەرگای زانستگایان مۆر کرد. لە بری پێنووس، شمشێریان گرتە دەست و قسەیان دا بە کردار!!..

(لینین) گرەوی لە سەر هەموو ژیان و ئابڕوی خۆی کرد و لە سنوورەوە بۆ سنوور، سواری شەمەندەفەرێکی داخراو بوو تا لە نێزیکەوە چاودێری کرێکارانی پترۆگراد بکات. لە ناخی ئاگری ژانی میللەتەکەیدا قاڵ بێت. ئەگەر ئەوان وایان نەکردایە (هیگل و فیۆرباخ و مارکس) نەدەبوون، " لینین"یش خۆی فرێ نەدایەتە ئەو تەندورەوە. ئێمرۆکە نەدەبووە قیبلەگەی دنیا و گاگارێن لە بری ئەوەی بچێتە کەشتیەکی ئاسمانیەوە، سەوڵ لێدەریکی کۆیلە دەبوو لە پاپۆڕێکی شەق و شڕدا.

ئێمە کە دەتبینین و دەتانبینین، وەکو کەلاک لە ئۆتێلەکاندا کەوتوون و وەکو مەیمون کردونیانەتە قەفەسی پارکی (ئیرەم) و بە ملکەچیەوە لە بەردەم پۆلیسێکی فرۆکەیەکدا دەلالێنەوە و لە شەقامێکی ئەوروپادا، گڕدەخۆن و لۆژ لۆژ قاچتان بە دووتاندا نایەت!. کە هەر لێرەوە بە سواری هێستره شەلێک، ملی شکاوت شۆڕ دەکەیت. حەیفمان لێ دێت نەک " کورد" بن، بەڵکو هەر مرۆڤیش بن .

ئێستا یەک گەز دەم دادەپچڕی و گوریسێک زمان درێژ دەکەویت. ئای گۆڕەپانەکە بێ کەڵک بووە! براکوژییە! دەرفەتی خزمەت نییە!. خووم شێواوە! نەکردنی چاترە!! جار و باریش (تنظیر)ی ترۆسکانەی پووچی بۆ دەکەیت. لە ژێر باڵی بیانوویەکدا خۆتی لێ ڕزگار دەکەیت. مەگەر هەر دەروونی خۆ ویستی خۆت و ورەی ڕووخاوتی

قەناعەت پێ بکەیت ..

خۆیندنەکەم تەواو دەکەم!.. قبوڵەکەم لە دەست دەچێ!.. دکتوراکەم دێنم!.. کورد پێویستی بە بڕوانامە/ شەهادە و خۆیندنیشە، دنیا هەر تەقە و زرمە نییە .. تەقە و زرمەیەکیش کە بە خۆتییەوە نێی!.. یان " شۆڕشەکە شێواوە و کورد کاتی شۆڕشی نییە و دەبێ هەل و مەرجی بۆ سازدرێت .. شۆڕشی ڕۆشنبیری دەبێت پێش شۆڕشی چەکداری کەوێت.. خەباتی سیاسی بنچینەیە!! "کورد دەڵێ:" بیانووی با، نانی جۆیە"!!.. ئەم قسە و فەرمایشتانە هی خۆت بن، یان لە پەڕاوە زەردەکاندا چنیبێتنەوە، قسەی ڕووت و سەر زگی تێر و لەشی ئیسراحەتن. قسەی ئەو کاتانە نین کە نەتەوەیەک بەرەنگاری (تحدی) بوو بێتەوە و چارەنووسی لە سەر دەستی بێت. قسەی ئەو کاتانە نین، کە دزی نامۆ و پیاو خراپی ناو ماڵ قسەیان کردبێتە یەک، بۆ ئەوەی حوشتر بەکولان باچکەدا دەربازکەن!!

من دڵم بۆیە بە "مام"م خۆشە چولەکەم بۆ بگرێت. ئەگەر ئەوەی هەشمە لێم بەڕەڵا بکات، نەحلەت لە سەد "مام"ی وا. تۆش و ئێوەش بۆیە کورد دڵی پێتان خۆشە، کە لە نەهامەتی و مەترسی ڕزگاری کەن. ئەی ئێوە هەر نانخۆری جێگەگری، جل درِن!؟. ئەم ئەرز و ئاسمانەی کوردستان کە وەک گای عەلی تێیدا دەلەوەڕن، ئەگەر بژارێکی نەکەن و شان و باسکێکی بۆ نەکوتن . بۆ ئێوە دابەستن و گۆشتتان دەخورێ یان ڕەزاتان زۆر سووکە؟!..

«مام" وەستا!. ئەو جووتیارە شان و پیل پساوە و ئەو ڕەنجدەرە شەکەت بووە، ئەو دڵسۆزە دەست لە هەموو شت هەڵگرتووە.. دەیکا و دەمرێ، و دنیا بۆ ئەو هەر لە شوێنی خۆیەتی. مەگەر ئەفەندیەکی وەکو جەنابتان سبەی ئاوڕێکی لێ بداتەوە و نەیەڵی وەکو ئاژەڵ بژی و بمرێ.بە هەژماریدەستکەوتیش بێت، تۆی "دوگلە" کەت لە بەر ئاوێنەی مەڕمەڕی دادێنی و شەوانت لە بەر چراخانی سەد چرادا ڕۆژ دەکەیتەوە. شێواوە و شێوێنراوە .. دروست ڕاستە!.. ئەدی خۆ گوڵڕێژ نییە جەنابی (سیزار) ت ختووکەی فیزتی تێدا بدەیت!.

کە شێواو و لنگە و قوچیشە، ئۆباڵی لە ئەستۆی ووردی تۆدایە!.. تۆ تا ئێستا لە کوێ بوویت و ئێستاش لە کوێیت و بۆ کوێ دەچیت؟.. چ بڵێن، دەڵێین: لە گەورە گەورەی پشدەران، ڕێمان کەوتە پوورە هاجەران!. دە گەورە گەورەی پشدەران، فەرموون، تا پوورە هاجەران وەدەرنرێ!.. سبەیش ئۆباڵی پوورە (هاجەران) یش، لە ملی ئەستووری ئێوە دایە ..

هێزی پێشمەرگەی پاسۆک

هەواڵنامەی کێتێ

**كـوردم و مەردم فیداتم وەتـــەن، تا دەوامی بێ نەفەس**
**هەرکەسێ خاوەن شەرەف بێ، خاکی خۆی نادا بە کەس**

## قوتابخانەی پاسۆک
## ... ئازادی...

ئازادی جەوهەری بوونی مرۆڤانەی مرۆڤە. مرۆڤ بێ ئازادی لە ئاژەڵیش کەمتر و لارەمل ترە، چونکە ئاژەڵ هۆش و بیرکردنەوەی هۆشمەندانەی نییە، تا هەست بە بوونی خۆی بکات.بۆیە کە ئازادی لێ زەوت دەکرێت، یان خواستی دەمرێندرێ – جگە لە پەلە قاژەی ژیان و هەوڵی ڕەهابوونی خۆڕسکی کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕامنەبوونی لە لایەن مرۆڤەوە – چ هەوڵێکی دیکە نادات.سەرکەوتن و مانەوەی نا ئازادانەی شۆێنەوارێک، لە دەروون و هەستی دا جێ ناهێڵێ. چونکە هەر لە بنەڕەتەوە ئەو هۆشەی نییە، تا هەست بە لە دەست چوون و زەوت کردنەکە بکات – جگە لە تاکە تاکەی باڵندە/ تەیر و تواڵ و گیاندارانێکی کێوی، کە هەستی خۆڕسکی و هەڵکەوتیان پەل کوتانێکی بەرچاوی میکانیکییان پێ دەکات .بەڵام مرۆڤ بوویەکی تایبەتی و بێ نموونەیە. مرۆڤ لە لایەکەوە هاوبەشی سروشتیە لەوەداکە لەشی بریتییە لە مادە، لە لایەکی دیکەوە هاوبەشی گیانلەبەرانە، لەوەدا کە لەشی بریتییە لە مادەی زیندەڵ. لەوە بەو لاوە مرۆڤ هیچ هاوبەشێکی لەم جیهانەدا نییە، نە سروشت و نەگیانلەبەر. چونکە هەر وەک هێزی زیندوویەتی هەموو زیندوێکی لە سروشت جوداکردەوە. هەروەهاش هێزی هۆش و لکەکانی تری کە تێکڕایان خاسیەتەکانی مرۆڤایەتی پێک دەهێنن. مرۆڤی لە هەموو جیهان دابڕی و خستیە سەر ڕاڕەوێک، کە بەر لە پەیدابوونی مرۆڤ نەدەشیا پەیدا ببێ. زیندوویەتی گۆڕانی بایۆلۆجی داهێنا، ئەم جارەیان هۆشدارییی گۆڕانی کۆمەڵایەتی داهێنا ..و" مرۆڤ لە هەموو حاڵ و باراندا بە ناچاری مەخلووقێکی زاتییە. هەر ئەو خەسڵەتەش کە زادەی هۆشیەتی یەکجار جودای دەکاتەوە لە گیان لەبەری دیکە، چونکە لەواندا غەریزە هەیە دەیانگۆڕێت» .

بەڵام مرۆڤ غەریزە و هۆشە، کە هـەردەم هۆشەکەی – گەر بیەوێ– دەتوانێ جڵەوکێشی غەریزەکەی بکات . بۆیە زەوتکردنی ئازادی مرۆڤێک، مانای زەوتکردن و دانەدواوە (الغاء) ی هۆشییەتی. کە هۆشیش سەرچاوەی هەموو خەسڵەتەکانی دیکەی مرۆڤە. بەزەوتکردنی وشکبوونەوەی سەرچاوەی مرۆڤایەتی مرۆڤە!. بۆیە تەنها مرۆڤی ئازاد، مرۆڤی تەواو و ڕاستەقینەیە و هەر ئەمەشە کە شیکاری/ تەعلیلی سەرەتاسەری مێژووی مرۆڤایەتی دەکات. کە زەنجیرەیەکی نەپساوەی ململانێ و قوربانیدانی بێ ئەندازە، بۆ گەیشتنە ترۆپکی مرۆڤایەتی مرۆڤ، ئەویش دەستکەوتنەوەی هەموو ئازادیەکانییەتی .

دەستەمۆ و ڕام کردن و ڕاوکردنی مرۆڤیش، بە سوار بوونی زاتی مرۆڤ و خەفەکردنی خوازەکانییەتی. یەکەم هەنگاوی شەیتانانەی ئەم ڕامکردن و کەویکردنەی، غەیری خۆ لە بنسەردا کێشانی سێبەری گومان کردنە، لە قابیلیەتی مرۆڤ و پوچانەوە و سنووردارکردنی / محدود ئازادی پتر و هۆشە. جا لەژێر هەر چارشێوە و بۆ هەر مەبەستێک بێت.جا کە مرۆڤ لای خواناسان بەرۆگری خۆدا بێت لە سەر زەویدا (خلیفە الله علی الارض) و لای مەتریالیستە مارکسیەکان بە بەهاترین سەرمایە بێت وە لای نەتەوەیەکان، تاکە هۆکاری ئەرێنی / عاملی ئیجابی سەر گۆی زەوی بێت!.. ئەگەر درۆ لە گەڵ خۆدا نەکەن و ئەم گوزارشانە بۆ ڕاوە مرۆڤ نەبێت، دەبێت دووی قسەکانیان کەون و ئازادی مرۆڤ، کە بوون و مرۆڤایەتی لە ژێر هەموو بار و هەل و مەرجێکدا بە پیرۆزی ورەوە بپارێزرێت. زەمینەی گەشە و فراژووبوون و ڕاوەستانی بۆ بڕخسێندرێ. چونکە ( زاتی مرۆڤ هەموو دەم ئازاد نییە لەوەی دەیکات و نایکات. لە گەلێک باردا ئازادی ئیرادە تێی دەچێت وەک هەڕەشە لێکردن بەکاربهێنرێت. وەیا بە پارە دڵ و دەروون بکڕدرێت یاخود بە فەندی جادووگەرانە دڵ و دەروونەکە خەفە بکرێ.لەو تەرزە حاڵەتەدا زاتێتی مرۆڤ زۆر کپ دەبێتەوە، بەڵام هەر دەمێنێ و هەر خۆی بڕیار دەدا، سەر بۆ هەڕەشە دانەوێنێ. یان بە پارە خۆی بفرۆشێ، مرۆڤی واش هەیە لەو حاڵەتەدا زاڵ دەبێ بە سەر ترسی هەڕەشەدا و دەشکوژرێ، بەڵام واز لە باوەڕی ناهێنێ. تەنانەت کە نادروستی باوەڕی خۆشی دۆزییەوە، شەرم دەیگرێت وازی لێ بهێنێت. لەو حاڵەتەدا زات دەگاتە ئەو پەڕی زاڵ بوون بە سەر بابەتدا).

هەموو ڕووپەڕەکانی مێژوو هەڵبدەنەوە، دەبینین ئەگەر بە زەقیش شمشێری ئازادی نەبێت، ڕووداوەکان بنەخشێنێ وە پێچکەی ڕەوڕەوەی مێژوو، لە تاریکترین قوژبنیدا تارمایی ئازادی و ئازادی خوازیت لێ بە دەنگ دێت .بۆیە ئازادی ئەگەر هۆ و هۆکارێکی دەرخستن و چەسپاندنی مرۆڤایەتی مرۆڤ و گوزارشتی مرۆڤ بێت لە هۆشداری خۆی. لە هەمان کاتدا ئامانجی هەرە بڵند و تاقانەی هەوڵ و چالاکی و (پەلەی ژیان) ی مرۆڤە.

لەم ڕوانگەیەوە چ ڕەوای هەقە و بە چ زرە پاساوێک / تەئویلێک ئازادی بیر و چالاکی سیاسی و سەربازی لە کوردستانی شۆڕش دا، قاچاغ بێت وامان بترنجێتە ژێر خێمەی فلانەوە یان قیسارەوە. وەکو خێمە شڕەکەی بەعس، کە ئێمڕۆ ئەو لۆژیکەی/ منطق (صدام) ی گەیاندۆتە ئەو بارەی هەر خۆی، وەک قەلی کوێر لە بن ئەو خێمەیەدا هەڵنیشێ و چاوەڕوانی سەر ئەنجامی ڕەشی خۆی بکات. بێ گومان هاوخواز و نیاز و هاوفیکرەکانی (صدام) یش، لەو سەرئەنجامەیان چیتر چنگ ناکەوێت و کاروانی ئازادیش، وەکو خۆر بەری بە بێژنگی کون کونی ئەوان ناگیرێ.

## شادەمارە سەرەتاکانمان

**٩. دژی هیچ بەرە و لاو دەستە و کۆمەڵێکی دەرەوە و ناوەوەی نیشتمان نین، لەمپەر نەبێت لە رێی کورد دا.**

ئازادی بیروباوەڕ و ڕا و هەڵکەوت و هەموو ئازادییەکانی دیکەی مرۆڤ، مافێکی مرۆڤانەی باوەڕ پێکراوی هەموو تاک و کۆمەڵەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، ڕێز و پیرۆزی خۆیان هەیە. بەو مەرجەی لە سەر حسێبی کەس و کۆمەڵانی دیدا نەبێت و ئازادی و سەربەخۆیی و بەرژەوەندی دەوروبەری تر لە بەین نەبەن. هەڵکەوت و بیرکردنەوە و (مزاج) و بەرژەوەندی تاکەکانی کۆمەڵیش چوون یەک نین. بۆیە شتێکی زۆر ئاساییە کە چەندین بەرە و کۆڕ و کۆمەڵو دەستە و تاقمی جوێ جوێ لە کۆمەڵ هەبن و هەر یەکەش بە ئازادی بۆی هەبێت خۆی بنوێنێ بە ڕێگە و شێوازێکی ئازادانە و هێمنانە و ئاشتیانە بۆ بەرژەوەندی و بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەست لە کاربن.

ئێمە لەم ڕووەوە ڕێز لە قەناعەت و بیرکردنەوە و ئازادیەکانی تاک و کۆمەڵەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردەواری و دەرەوەش دەنێین، بەو مەرجەی کە دژی سوود و بەرژەوەندی کورد و مرۆڤایەتی نەبن. ئەو کردار و گفتار و ڕەفتارانەی دژ بە بەرژەوەندی ماکی و مینۆکی / ماددی و مەعنەوی کورد دەوەستنەوە، لە سنووری هەقی خۆیان و ئازادی پیرۆز دەردەچن و دەست دەکێشنە ئازادی و بوون و بەرژەوەندی نەتەوەکەمانەوە، بۆیە بە پێی مافی ژیان و ئازادی و دەستووری مافی مرۆڤانەی نەتەوەکەمان، دەکەونە بەرەی دوژمن و بە گژداچوون و بەرەنگاربوونەوەیان دەبێتە ئەرکێکی میللی. بەشێکی پیرۆزی هەوڵ و خەباتی بەدەستهێنان و پاراستنی ماف و ئازادی میلليمان. هەروەها ئەو بەرە و لاو دەستە و کۆمەڵانەی دەرەوەی نیشتمان، کە کۆسپ و ڕێگری بەر ڕەوتی گەلان و دژی مرۆڤایەتی و گیانی مرۆڤن، بە ناچاری دوژمنی کوردیشن، بەوەی کە کورد بەشێکە لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی. هەموو کارێکی نێو گەلان ڕەنگ دەداتەوە لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواری دا، کە لە سەروو هەموویانەوە داگیرکردن و چەوسانەوەی ئیمپریالیزمە. چونکە چۆن بەرژەوەندی و چارەنووسی گەلان گرێبەند و یەکە ئاواتی دوژمنانی گەلان و ئیمپریالیزمی جیهانییەکەن و دوژمنی هاوبەشی مرۆڤایەتین. بۆیە ئێمە دژی هیچ بەرە و لاو دەستە و کۆمەڵەیەکی دەرەوە و ناوەوەی نیشتمان نین، لەمپەر نەبن لە ڕێی کورد و مرۆڤایەتی دا.

ڕێز لە بیر و باوەڕ و بەرژەوەندی و هەڵکەوت و ئازادی تاکە تاکەی مرۆڤ و کۆمەڵایەتیش دەگرین، بەو میقدارەی ئەوانیش ئەو گیانە بپارێزن و پەیڕەوی بکەن. هەر لە پاڵ ئەمەدا بەوپەڕی توانامان بەرەنگاری هەر بوونێکی دووژمنکارانەی نامرۆڤانە دەکەین، کە دژی کورد و بوونی میللیمان و بەرژەوەندی جەماوەر و ئازادییەکانی نێو کۆمەڵگە بن، یان دژی گەلانی چەوساوە و زەحمەتکێشانی دنیا بن، یان لە کەرامەتی مرۆڤ کەم بکاتەوە .

هەواڵنامەی کتێب

{{{فەرهەنگۆک}}}

بۆ زێدە شارەزایی و بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشبیریی و سیاسی هاوبیران و کۆمەلانی خەلکی، بە پێویستمان زانی لەم ژمارەیەوە، هەر جارەی چەند زاراوەی سیاسی و فەلسەفی شیبکەینەوە. تا لەکاتی بەکارهێنان و بەرەنگاربوونی دا، چ گرفتێ نەمێنێ. هەولیشمان داوە هەموو باری سەرنجەکان وەکو خۆیان بخەینە بەرچاو و لەو شوێنانەی پێویست نەبێ دەستی خۆمانی تێوەرنەدەین.پێویستە بەر لەهەموو شتێ لە بوار و بابەتی ئەم جۆرە زاراوانە ئەوە بەرچاوگرین، کە زۆر جار دروست و دەقاو دەق بەکار ناهێنرێ و مۆرکی بەکارهێنەکەی پێوە دیاردەبێت. زۆریشیان ئەوەندە لە بەریەک کێشراوەتەوە کە لە مانا ئەسلیەکەی خۆی دوور کەوتۆتەوە .

**١ – ئیمپریالیزم** : Imperialism

ئەم وشەیە لە چەرخی بیستەم دا کرا، بۆ نازناوی ئەو وولاتە ئەوروپاییانەی، کە لە نیوەی سەدەی نوزدەهەمەوە دەستیان گرتبوو بە سەر وولاتانی ئاسیاوی و ئەفریقادا و ئیمپراتۆرییەتیان لە دەرەوەی سنووری خۆیان دا بووە. هەروەها ئەمەریکاش پاش ئەوەی بالی کێشا بەسەر ئەمەریکای لاتینی و فیلیپین دا، کەوتە بەر حوکمی ئەم زاراوەیە، کە لە بناغەداتێگەیشتنێکی / مەفهومێکی ئابووری هەیە .

ئەم زاراوەیە وەکو هەر زاراوەیەکی دیکەی سیاسی، چەندین ڕوو و شێوە و جۆری بەکارهێنانی هەیە و وا لە بەریەک کێشراوەتەوە، کە لە مانا بنچینەییەکەی خۆی پتر دەگەیەنێ. کاتی خۆی " لینین" لە پەڕاوی " ئیمپریالیزم، دوا پلەی سەرمایەداری" دا بە (قۆناغی گیربوون و وەستانی سەرمایەداری) داناوە و پێنچ خەسلەتی ئیمپریالیزمی ژماردووە:

یەکەم: پرتەوی گەشەی پیشەسازی و گرد بوونەوە/ تمرکزی بەرهەم و سەرمایە.

دووەم: پەیدابوونی سەرمایەی بانکی و هاوبەشی و گرێبەندی لەگەل سەرمایەی بەکار "پیشەسازی". بە مانای گۆڕانی ڕۆلی بانکەکان لە (وەسیت) ی ئابووریەوە بۆ قۆرخکردن/مۆنۆپۆل / احتکاری سەرمایەداری پیشەسازی .

سێیەم: ناردنە دەرەوەی سەرمایە، کە دەبێتە هۆی پابەندی ئابووری ولاتانی دواکەوتووی بێ سەرمایە .

چوارەم: گردبوونەوەی سەرمایە لەنێو دەستی سەرمایەدارانی گەورە و دابەشکردنی بازارەکانی دنیا لە نێوان خۆیان دا .

پێنجەم: دابەشکردنی وڵاتانی دنیا لە نێوان وڵاتە ئیمپریالیستەکان دا. هەندێ نووسەری چەپڕەو، پێنجەمین خەسڵەتی ئیمپریالیزم کە لینین دیاریکردوە، بە شا خەسڵەتی ئیمپریالیزمی دادەنێن. هەندێ نووسەری دیکە بە هەر وڵاتێکی سەرمایەداری دژ بە سۆڤیەت دەڵێن: " ئیمپریالیزم". هەشن کە سیفەتی ئیمپریالیزمی دەدەنە هەر وڵاتێک کە دەست بە سەر وڵاتێکی دیکەدا بگرێت. وەک ئەوەی چینییەکان بە سۆڤیەت دەڵێن: "سۆسیال ئیمپریال" یان " ئیمپریالیزمی سۆشیالیستی" و جاروباریش بە چین دەگوترێ: " ئیمپریالیزمی چینی".

بەڵام ئەم ناو ناتۆرەیەی نێوانیان شەڕە دەندوکی بانگەشانەیە. هەر چەندە مارکسییەکان سوورن لە سەر سیفەتی ئابووریانەی ئیمپریالیزم و لە هەمان پێودانگی ١٩١٦ ی پەڕاوەکەی لینین، ئەم زاراوەیە بە کاردێنن. بەڵام لە ئاسیا و ئەفریقا دا، پتر سیفەتی سیاسی هەیە بۆ دەست بە سەراگرتنی سیاسی بەکار دێت وتێگەشتنی ئابووری دەست بە سەراگر بە زاراوەی کۆلۆنیال / ئیستعمار بەکار دێت . دەشبێت بە ئاوێتەیی بەکاربێت .

**٢ –ئەنارشیزم: شاری بێ حوکمەت / الفوضویە(Anarchisme).**

لە ووشەی «Anarchia»ی یۆنانییەوە هاتووە، بە مانای "بێ حکومەت" یان خۆمان پێیدەڵێین " شاری بێ حاکم". هەرچەندە وشە عەرەبییەکە و چ دەربڕینە کوردییەکە و هەتا مانای سەراوی وشەکە خۆشی، ئەو هەستە دەدات، کە نێزیکە لە بەرەڵایی و هەرکەس بۆ خۆییەوە. بەڵام چەشمەنداز و تیۆرە سیاسیەکە، لە بنەڕەتەوە لە سەر فەلسەفەی ئەوە هەڵستاوە، کە هەموو دەسەڵاتێکی سەر مرۆڤ ڕەد دەکاتەوە و بەمە بە توندڕەوترین باڵی (تاکایەتی Individualismus) دەژمێردرێت. ئەنارشستەکان لایان وایە کە دەوڵەت و یاسا و دەستووراتی سەرچاوەی هەموو چەوساندنەوە و بەڵا و نائاسوودەییەکی مرۆڤن. بۆیە داوای نەمان و لەبەینبردنی هەموو دەوڵەتانی دنیا دەکەن. تا لە شوێنی دا هاوکارییەکی خۆویستی کۆمەڵانی خەڵکی پەیدا بێت، کە مرۆڤ تێیدا هیچ بەربەستێک لە ڕێی ئازادیدا نەبێت. ئەمانە نایانەوێت بەرەڵایی و گەرەلاوژێ پەیدا کەن، دەیانەوێ لە بری حکومەتە سەپاوەکان و ڕژێمە دانراوەکان، خەڵکی خۆیان ڕێکەون لە نێو خۆیاندا کۆمەڵگەیەکی خود مختارانەیان بێت .

ئەلیزەز کلۆزی،ئەنارشیستی فەرەنساوی دەڵێ:" ئامانجی ئێمە ژیانێکی بێ دەوڵەت و یاسا" یانەیە .

«پرۆدۆن" ئەنارشستی فەرەنساوی بەناوبانگ، کە بە باوکی ئەنارشیزم دەژمێرێ،

هەواڵنامەی کتێب

دانەری فەلسەفەی ئەنارشیزمە، کە پاش دەرچوونی کتێبی (ملکایەتی چییە؟) ی، سیفەتی بزووتنەوەی کۆمەلایەتیان پێبڕاوە، هەرچەندە ئەم باوەڕی بە " تاکایەتی”بووە و دژی ملکایەتی تایبەتی نەبووە، بەلام لە گەل کەمکردنەوە و چێترکردنیدا بووە.(ولیام گادوین)ی ئینگلیزی بە ئەنارشستی کۆمۆنیستی هەژمارد دەکرێت و ئەو هەموو جۆرە دەسەلات و یاسا و حکومەتێکی بە دژ و پێچەوانەی هۆش لە قەلەم داوە .

(کرۆپاتکین) کە شازادەیەکی ڕووس بووە، بە ڕابەری ئەنارشیستی کۆمۆنیزمی هەژمارد دەکرێت. بە کورتییەکەی چەندین دەستە و بال و تاقمی ئەنارشیزمی جوێ جوێ هەن، هەر لەو توندڕەوانەی کە پەنا دەبەنە بەر کوشتن و خوێن ڕێژی، کە لە سەدەی نۆزەهەمدا چەندین شا و دەسەلاتداری سیاسیان لە بەین بردووە، تا دەگاتە ئەنارشیزمی ئاشتی و هێمنی ئامێزانەی، وەکو تۆلستۆی کە پێی وا بووە، دەولەت پێچەوانەی سەرەتا و بنەمایدیانێتییە / کریستی/ مەسیحیەتە” و پێی وا بووە کە تەنها خۆشەویستییە مرۆڤ پێکەوە دەبەستێتەوە، دیندار و خوا نەناسیان هەیە .

دەبێ ئەوەش بلێین (میخائیل ئەلیکسەن درۆفیچ باکۆنین)ی ڕووس ڕابەری نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەی ئەنارشیستە توندرەوە کۆمۆنیسەکانی دنیا بووە و سەردەمێکیش هاوکاری لەگەل مارکسدا کردووە و پاشان لە (ئەنتەرناشیۆنالیستی یەکەم)، لە سەر جیاوازی لە گەل مارکسدا دەرچووە..

یەکەمین کۆنگری جیهانی ئەنارشیستەکان لە سالانی (١٨٧٧) و (١٩٠٧) دا بەستراوە. بەلام تا ئێستا ڕێکخراوێکی نێو دەولەتی هەمیشەییان نییە، جگە لەوەی کە بزووتنەوەی (سەندیکالیزم) لە هەندێ ولاتی ئەوروپایی و ئەمەریکای لاتین هەن و بە هێزیشن، بە بالێکی (ئەنارشیزم)ی دا دەنرێن.

# شازادە

**پێناس...**

چوار سەد و پەنجا ساڵ لەمەوبەر و لە ساڵی ١٥٣٢ دا یەکەمین چاپی کتێبی «شازادە» کەوتە بەردەسەوە. لەو ڕۆژەوە تا ئیمڕۆ سەدان جار چاپکراوەتەوە و دەیان جار سوتێندراوە و چەندین جاریش خەڵات کراوە و وەریش گێڕدراوەتە سەر زۆربەی زمانە زیندووەکانی دنیا و سەدان لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیپێداهەڵگووتن و داشکانی لەسەر نووسراوە!.

لامان سەیرە کە تا ئیمڕۆ شتێکی ئەوتۆی لە کتێبخانەی کوردیدا لەسەر نادیترێ. جگە لە زاراوەی (میکیاڤێللیتی) کە زۆر جاران گێلانە بەکار دێت!. سەیرەکەشی لەوەدایە کە لە مێژووی کۆن و نوێی کورد دا داگیرکەرانی کورد هەمیشە تەرجەمەکەرێکی کرداری زۆر ڕازگر و بەئەمەکی (میکاڤێللی)بوون و باوە ناوەش لە کورد دا هەڵکەوتووە بە شاگردی میکاڤیللی ڕابگیرێ..

بەڵام نەک بۆ بەرژەوەندی کورد، بەڵکو بۆ پتر سەرکووتانەوەی کورد و توندترکردنی زنجیر و پێوەندی دیلێتی!. ئێمە حوکمدان بەسەر میکاڤیللی بەجێدێڵینبۆ ورد و گردی و بیرتیژی خوێنەرانی ئەم وەرگێڕانە و تەنها ئەوەندە دەڵێین: کە ئێستاش لەسەر گۆڕەکەی میکاڤیللی نووسراوە:» وشە چۆن دەتوانی هەقی ئەم پیاوە مەزنە بدات».

جا چاک،خراپ پێویستە ڕۆشنبیر و سیاسەتمەدارانی کورد ئاگاداری بیروڕاکانی بناغەدانەری زانستی سیاسەت بن.

دەستەی بەڕێوەبەری ـ ئاڵای سووری کوردایەتی

پێشەکەشی

لە نیکۆلۆ مەکیاڤیللییەوە

بۆ لۆرۆنزۆی مەزنی کوڕی بیارۆ میدیتچی

وا باوبووە کەسانێ ویستبێتیان لە شازادە نزیک ببنەوە، هەوڵیان داوە چی بەنرخ و بەهایان لەدەستدا بوو بێت و بە پەسەندیان زانیبێ، یان شازادە دڵی خواستبێتی پێشکەشیان کردووە. بەم جۆرە لە هەموو لایەکەوە دیاری وەکو: ئەسپی ڕەسەن، چەک و جل و پۆشاکی زێڕچن و مرواری و شتی لەم بابەتانەی بە سەردا باریوە.

منیش دەمەوێ دڵسۆزییەک نیشان بدەم و بەڵگەیەک بۆ نیشانەی دڵسۆزی خۆم بەرامبەر بە جەنابی پایەبەرزتان دەربخەم. لەناو ئەو شتانەدا کە هەمن هیچی وەهام نەدییەوە مایەی شانازی پێوەکردنم بێ و لە لای خۆم و جێگەی ڕێزلێنانێکی زۆر بێ. ئەو زانستییەم نەبێ کە دەربارەی کردار و ڕەفتارە پیرۆزەکانی گەورەپیاوان هەمە و لە ئەنجامی تاقیکردنەوەی دوورودرێژی خۆمەوە شارەزاییم لە کارەسات وبەسەر هاتەکانی ئەم سەردەمەی ئێستامان و وردکردنەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوودا دەستم کەوتووە. دوای تەقەڵا و هەوڵێکی زۆر بە گەڕان و کۆڵینەوە لە کردارەکانی لێهاتواندا، بگەمە سەرئەنجامێک و لە دوو توێی بەر گۆچکەیەکدا پێشکەشتانی بکەم.لەگەڵ ئەوەشدا دەزانم ئەم کارە شیاوی پایەی ئێوە نییە، بەڵام دڵنیاییم لە میهرەبانیتایە، وام لێدەکات کە پشت ئەستوور بم بەوەی ئەم کتێبەم بەچاوی سۆزەوە لێمی وەردەگرن، لەوەوە کە دەزانن ناتوانم دیارییەکی بەنرخترتان پێشکەش بکەم. کە لە ماوەیەکی کەمدا بتوانێ لەسەر لەبەری ئەو شتانە ئاگاداربن کە ساڵانێکی زۆرم بە گۆشەگیری و دڵەکوتێ و وشە و بڕگەی بریقەدار و بەرگی فشپۆش و دەستکرد بڕازێننەوە – وەکو زۆر کەست دیکە وا دەکەن – چونکە چاوەڕوانی دەستخۆشانە و سەرکەوتنی پتر لەوەی دەیهێنێ بۆم ناکەم، بەهۆی گرنگی و تازەیی بابەتەکەی!

دڵنیام لەوەی کە بە چ بەخۆنازینێکی تێدا نییە، کەسێکی نەناسراو بێ پایە و پلە خۆ لە کاروباری دەوڵەتی شازادە هەڵدەقورتێنێ و ئاڕاستەیان بکات. چونکە نیگارکێشان کە دەیانەوێ نیگاری قەڵا و چیاکان بکێشن. لە پێ دەشت و دۆڵەکان دا بارگە دەخەن و سەردەوکەونە سەر لوتکەکانیش بۆئەوەی بە پێ دەشتەکاندا بڕوانێ نیگاری تەواویان چنگ کەوێ. بەم شێوەیە دەبێ شازادە بێت تا تەواو لە ناخ و سروشتی گەل بگەیت و پێویستیشە تاکێکی گەل بیت تاشارەزای هەڵکەوتی شازادان بێت. بەم پێیە بۆم بووم هەیە لە بەڕێزتان داوا بکەم ئەم دیارییە چکۆلانەیەم بە هەمان گیانەوە لێوەربگرن کە پێشکەشتانی دەکەم.

ئەگەر فەرمووتان و چاوتان بە بابەتی ئەم کتێبەدا خشاند بۆتان ڕوون دەبێتەوە کە لە ناخەوە دەخوازم بەو بەهرە و توانا و بەخت و جەختەی هەتانە بتانبینم بگەنە ئەو پایە و پلە مەزنەی کە لێتان دەوەشێتەوە و شانتان هەڵدەگرێ. ئەگەر ئەرکی ئەوەشتان کێشا لە تەلاری بڵدتانەوە سەرێک بکێشنە لانەی وێرانەم، دەبینن کە شیاوی ئەو هەموو دەردانە نیم، دەیان چێژم کە بە هۆی بەختی ڕەشمەوە دووچاریان بووم.

یەکەم :

(**حکومەتانی جۆراو جۆر و شێوەی درووست بوونیان**).

ئەو حکومەت و شانشینانەی کە حوکمی ئادەمیزادیان کردوە لە کۆنەوە و ئەوانەی ئێستاش حوکمیان دەکەن، لەم دوو شێوەیە بەدەرنین: یان « کۆماری شێوەی» شایانە «بوون حوکمی» شایان» ەش پشتاو پشتە، بە جۆرێک کە حوکمەکە ساڵەهای ساڵ لە یەکێکەوە دەکەوێتە دەست یەکێکی دی لە کەسانی بنەماڵەیەک دا. یان تازە باو و دروست بووە،»شایەتی» تازە باویش یان ئەوەتا لە هەموو شتێکدا تازەیە، وەکو ئێستای میلان، کە «فرانسیکو سفۆرزا»یان کردە شای خۆیان، یان پارچە زەمینێکی تازەیە دەخرێتە سەر هەرێمی شازادە بەرۆکگرەکە، وەکو باری هەرێمی ناپۆلی کە شای ئیسپانیا حوکمی دەکات و ئەم هەرێمە دەست کەوتووانەش یان ئەوەتا ڕاهاتوون بەم جۆرە حوکمە، چونکە پێشتر لە بندەستی شازادەیەکی تردا بوون. یان ئەوەتا دەوڵەتێکی سەربەخۆ بوون، کە خراونەتە سەر وڵاتی شازادە. جا چ بە زەبری لەشکری خۆی بێت، یان بە هێزی یەکێکی دیکە، یان بە هۆی بەخت و بەهرە و لێهاتووییەوە کەوتۆتە دەستی .

دووەم:

(**شایەتییە بەرۆکگرەکان**)

لەم ڕووپەرانەدا لە سەر کۆماریەکان نادوێم، لە بەر ئەوەی لە شوێنیکی دیدا بە درێژی لێیان دواوم، بەڵام تەنها قسە لە سەر شایەتییەکان دەکەم و باسی چۆنێتی بەڕێوەبردن و پارێزگاری جۆرەکانی دەکەم .

پێشەکی، ئەرکی بەرێوەبردن و پاراستنی شایەتییە بەرۆکگرەکان، لەو جێگایانەدا کە خەڵکی بە فەرمان ڕەوایەتی بنەماڵەیەک ڕاهاتوون ساناترە لە هی ئەو وڵاتانەی کە تازە دەخرێنە بەر باری حوکم. چونکە لە هەل و مەرجێکی وادا مرۆپێویستی بە دەستکاری و دەستکێشانە داب و دەستوری چەسپاو و گونجاندن لەگەڵ باری چاوەڕوان نەکراودا نابێت .

بەم جۆرە ئەگەر شازادە چاپووک و کارامە بێ دەتوانێ هەمیشە پایەکی خۆی بپارێزی، مەگەر کارەساتێکی کتوو پڕی دژوار بێتە پێش و وەدەرنرێت، هەتا ئەگەر دەریش نرا، دەتوانێ لە گەڵ یەکەم نوچدانی بەختی شازادەی نوێ دا شوێن و پلە و پایەی خۆی بستێنێتەوە .

نمونەشمان هەیە لە سەر ئەوەی کە دەڵێین: لە ئیتالیادا (دوق فیزار) کە توانی لە بەرانبەر هێرشەکانی فینیسیەکاندا لە ساڵی (١٤٨٤) و هێرشەکانی پاپا یولوی لە

ساڵی ١٥١٠ دا خۆی ڕاگریت. تەنها بە هۆی یەک شتەوە بووە، ئەویش خانەدانی و کونیەتی بنەماڵەکەی بووە لە فەرمانڕەوایەتی ئەو شازەدا. جا لە بەر ئەوەی، شتێکی سروشتییە کە شازادەی ڕەوای/ شەرعی، بە پێی پێویستی بوونی لە بار شانی خەڵکی گران نەبێت وە ئاسایشە کە زۆر خوشیان بوویێت.

ئەگەر لە ڕادە بە دەریش خراپە نەکات، کەوا لە خەڵکەکە بکات لە بەر چاویان کەویت .. دەشێ هاولاتیانی هۆگری بن و بە درێژایەتی فەرمانڕەواییەکەی چاو لە سەرپێچی و گۆڕان کاریەکانیش بپوشن. چونکە حوکم گۆرکێ، دەرگا بۆ گۆڕانی دیکەش ئاوالە دەکاتەوە .

**سێیەم:**

**( شایەیتیە تێکەڵەکان)**

هەمیشە دەسەڵاتی نوێ، ڕوو بە ڕووی تەنگ و چەڵەمە دەبێتەوە .کاتێک کە دەوڵەت نوێ نەبێت، بەڵکو ئەندامی دەوڵەتێکی تیکەڵ بێت، وەکو هەر دەوڵەتێکی نوێی تر بە عادەت ئاژاوەی تێدا سەر هەڵدەدات. چونکە خەڵکی خۆیان حەز بە گۆڕانی فەرمانڕەوایەکانیان دەکەن، بەو نیازەی باریان سووک تر بێت. ئەم باوەڕشە هانیان دەدات کە شۆڕش دژی ئەو فەرمان ڕەوایانەیان بەرپا بکەن کە هەڵیانی خەڵەتاندون، بە تایبەتی ئەگەر بۆیان دەرکەوێت لە بارێکی خراپەوە چونە بارێکی خراپتر ..

ئەمەش سەرئەنجامێکی حەتمی ئەو هۆ بەڵگە نەویستەیە کە سەربازانی داگیرکەر ئەشکەنجەی خەڵکی دەدەن و ئەو داگیرکەرە، چەندین کاری ناڕەوا و دزیوی دەوەشێتەوە. بەم جۆرە هەمیشە دوژمنانەت ئەو کەسانە دەبن کە بە هۆی داگیرکردنی ولاتەکەیانەوە زەرەرە و مەند بوون، ناشتوانێ تا سەر دۆستایەتی ئەوانە ڕاگرێ کە هاریکارییان کردوە لە دەست خستنێ سەر زەمینە نوێیەکان.چونکە ناتوانێ هەرچیان ویست بۆیان جێبەجێ بکا و ناشتوانێ توندو گرژ بێت لە گەڵەیاندا، چونکە خۆی بە قەرزار باریان دەزانێ. لەبەر ئەم هۆیانە چەند بە توانا و دەسەڵات بێت هەر پێویست بە لایەنگیری دانیشتوانی ولاتەکە هەیە تا بتوانێ تێیدا بمێنێتەوە.

لەوانەیە ئەو هۆیانەی باسم کردن، ئەوە دەرخەن کە بۆچی لویسی دوانزەهەمینی پاشای فەرەنسا، هەر زوو لە میلان وەدەرخرا، پاش ئەوەی بە هۆی لەشکرە بە هێزەکەیەوە گرتبووی. ئەمە لە کاتێکدا ئەو هێزەی دەرپەڕاند تەنها هێزە کەمەکەی (لودوفیکو) تێ نەدەپەڕی، کە هەر لە سەرەتاوە دەیانتوانی ئەم کارە ئەنجام دەن. چونکە ئەو خەڵکانەی کە لە سەرەتاوە پێشوازیان لە شای فەرەنسا کردبوو، هەر زوو بە زوو پشتیان تێکرد. چونکە ئەو دەسکەوتانەی دایاننابوو چنگیان کەوێت،

نەهاتە دی. ئیدی لە وزەیاندا نەبوو چیدی بە حوکمی شازادەی نوێ بدەن، ئەوە بوو وەدەریان نا .

دەبێ ئەوەش بڵێین ئەگەر دەسەڵاتدارێک ناوچەیەکی گرتەوە، کە پێشتر لێی هەڵسابن. ئەمجارەیان هەروا بە ئاسانی لە دەستی نادات. چونکە ڕووبەڕووی شۆڕش بۆتەوە چیدی سڵ لە سزادانی تاوانباران و سەرکوتکردنی ئاژاوەچیان ناکاتەوە. کەلێنەکان خۆشی پڕدەکاتەوە، ئەوە بوو جاری یەکەم هەر کە (دوق لودوفیکو) لە سنوری میلان دەرکەوت، ئیدی فەرەنسیەکان دەسەڵاتیان بە سەر شاردا نەما. بەڵام جاری دووەم شارەکەی جێنەهیشت و دەسەڵاتی هەر بە سەرشاردا مایەوە هەتا ئەو کاتەی هەموو دنیا گەلەکۆمەکیان لێکرد و پاش ئەوەی سوپاکەی تێکشکا و ناچار بوو بە تەواوی لە ئیتالیا بکشێتەوە. ئەمەش لە بەر ئەو هۆیانە بوو کە باسم کردن.

بە هەر حاڵ هەر دوویانم ئاوێتە کردن .. مادام باسی ئەوە هۆ گشتیانەم کرد کە بوونە هۆی تێشکانی لە جاری یەکەم. ماوەتەوە سەر ئەوەی کە لەو هۆیانەش بدوێم کە بوونە هۆی تیشکانیان لە جاری دووەمدا و ئەوە ڕوون کەمەوە کە فەرەنسا دەیتوانی چی بکات، تا بەر لەو تێشکانە بگرێت. یان ئەو شتانەی کە دەسەڵاتێکی دیکەی جگە لە پاشای فەرەنسە، پەنای دەبردە بەر ئەگەر لە شوێنی ئەو دا بوایە کە ئەو نەیکردن.

پێویستە سەرەتا ئەوە بەر چاوگرین، ئەو دەوڵەتانەی کە بە زۆر یەک دەخرێت لە گەڵ دەوڵەتیکی دامەزراودا یا ئەوەتا یەک نەتەوەن و بە یەک زمان قسە دەکەن یا نا.زۆر سانایە کە ئەم خستنە سەرە بمێنێتەوە بە تایبەتی ئەگەر ئەو دەوڵەتەی خراوەتە سەر دەوڵەتە کۆنەکە بە ئازادی ڕانەهاتبێ. پێویستیشە بۆ ڕاگرتنی ئەم بارە دوور لە هەموو مەترسیەکەوە ئەو بنەماڵەیەی کۆن فەرمان ڕەوا بوون، لە ڕەگو ڕیشە هەڵکیشرێن. ئەوەی دەمێنێتەوە ئیتر ئاسانە، چونکە ئەو بارەی هەبووە وەکو خۆی ماوەتەوە و چ گۆرانێکی بە سەردا نەهاتوە بۆیە خەڵکی بە هێمنی مل بۆ دەسەڵاتی تازە دەدات. ئەمەش بە ئاشکرا لە (پۆرگەندیا) و (بەریتانی) و (گاسگۆنیا) و (نۆرماندیا) دەبینرێت، کە لە زەویەکەوە لە گەڵ فەرەنسادا یەکیان گرتووە. لە گەڵ ئەوەشدا کە جیاوازییەکی کە لە زمانەکانیاندا هەیە بەڵام نەریت و ڕەوشتی خەڵکی لە هەموویاندا لێک دەچن و دەتوانن پێکەوە بگوزەرینن و برایانە لە گەڵ یەکدا بژێن. پێویستە هەر کەسێک وڵاتێکی وای بکەوێتە دەست و بیەوێت لە دەستی نەدات، هەمیشە دوو شتی یەکجار گرنگ لە بەر چاوگرێ .. یەکەمیان: قەڵاچوکردنی بنەماڵەی فەرمان ڕەوا کۆنەکە و دوەمیان: نە گۆڕینی بنەڕەتی دەستوراتی ئەو وڵاتانە و یاساکانی باجگری. بەم جۆرە دەتوانرێ لە ماوەیەکی کەمدا دوو دەوڵەت یەک بگرن و دەوڵەتێ دروست کەن .

بەڵام کە یەکێ ناوچەگەلێکی جیاواز لە ڕووی زمان و یاسا و داب و دەستورەوە دەخاتە سەر وڵاتەکەی، خۆی توشی گرفت و کێشەی زۆر گەورە دەبێت و بەسەردا زال بوونیان بەختێکی چاک و چالاکیەکی بەردەوامی زۆری دەوێت. لەرکێفی خۆیدا بیانهێڵێتەوە، لەوانەشە چاترین و دڵنیاترین ڕێگای ڕزگاری ئەوە بێت کە فەرمان ڕەوا نوێیەکە بنکە و بارەگای بەرێتە ناوچە تازەکە، ئەمە درێژە بە مانەوەی داگیرکردنەکە دەدات. تورکەکان لە یۆناندا ئەمەیان کرد، چونکە لە گەڵ ئەوەش دا تورکەکان هەرچیان پێدەکرا، کردبوویان بۆ مانەوەی یۆنان لە ژێر دەستیان دا. بەڵام نەیاندەتوانی بیهێڵنەوە ئەگەر تورکەکان نەچوونایەتە یۆنانەوە، بوونی داگیرکەر لەو شوێنە داگیرکراوانەدا یارمەتی ئەوەی دەدەن، کە لە نێزیکەوە ئاگای لە بار و بواری ناوچەکە بێت و هەر ئاژاوەیەک ڕووی دا، خێرا بە خێرا چاری بکات، بەڵام دوور بوو کاتێک بە ئاگا دێت کە کار لە کار ترازابێت و چارەشی سەخت دەبێت، سەری ئەمەش ناوچە داگیرکراوەکە نابێتە جێی چاوچنۆکی/ تەماعی کاربەدەستانی فەرمانڕەوا و داگیرکەرەکە. چونکە خەڵکی چاویان لەوە دەبێت ڕاستەوخۆ هانابەرنە بەر خۆی. جا لە بەر ئەوەی خەڵکی حەز دەکەن لایەنگیری خۆیان بۆ فەرمان ڕەوا دەربڕن ئەمە وایان لێدەکات خۆشیان بووێ یان ئەگەر خۆشیان نەوێست لێی بترسێن. ئەگەر دەوڵەتێکی بێگانەش ویستی پەلاماری ئەم ناوچەیە بدات، کە دیتی بارەگای فەرمانڕەوای تێدایە سڵی لێدەکاتەوە. هەر ئەوەی دەزانی هەڵفڕاندنی لە شوێن و بارەگای خۆیدا هەروا سانایییە .. بێگومان چاکترین چارەش ئەوەیە لە یەک دوو شوێنی ستراتیژیدا، کە بۆ دانیشتوانی وڵاتەکە خۆی تێیدا دروست بکات. چونکە یان ئەوە دەبێ ئەمە بکات، یان سەربازێکی زۆر لە ناوچە داگیرکراوەکەدا مۆڵ دات.

ئەم مۆڵگایانەش لە سەر شازادە زۆر ناکەون، دەتوانێ سەرەتا ئەو مۆڵگایانە دروست بکات و خەڵکەکەی تێبێنێ و سووکە خەرجییەکیان بکات. بەم کارەی تەنها زیان بەو کەسانە دەگەیەنێت کە زەوی و زار و ماڵەکانیان لێ زەوت دەکات و دەی دات بە هاونەژادەکانی خۆی. کە ئەم زیان لێ کەوتووانەش لە چاو خەڵکی ناوچە داگیرکراوەکەدا زۆر کەمن و پاش ئەوەی ملکەکانیان لی زەوت دەکرێ ڕووت و قوت دەبنەوە و پەرەوازە و هەژار دەکەون کە ئیدی ناتوانن چ زیانیک بە شازادە بگەیەنن .. لە لایەکی ترەوە دانیشتوانێ کە بەر ئەم زەبرە نەکەوتوون سەرکز دەگرن و بە سانایی مل دەدەن لە ترسی ئەوەی شازادە نەوروژێنن و دوچاری هەمان چارەنووس نەبن. بە کورتی ئەم مولگایانە چ لە سەر شازادە ناکەون و لایەنگیرو دڵسۆزیشی دەبن .دەبێت ئەوە بەرچاوگرین کە یان دەبێت میهرەبان بین لە گەڵ خەڵکیدا یان لە ناویان بەرین. چونکە ئەوان دەتوانن تولەی سووکە دەست درێژی بکەنەوە بەڵام ناتوانن چ

بەرابەر خراپەکاری قورس و کاریگەر بکەن. بویە ئەگەر ویستمان خراپەیەک لە گەڵ کەسێکدا بکەین دەبێت ئەو خراپەیە ئەوەندە گران و کوشندە بێت کە توانای تۆڵە کردنەوەی نەبێت .

بەڵام هیشتنەوەی سەربازگە و بنکە سەربازیەکان لە بری مولگە هاونەژادەکان یەگجار زۆر دەکەوێت لە سەر شازادە و هەرچی پوڵ و دارایی هەیە هەڵی دەلوشێ بەوە لە باتی ڕیشمان دەست کەویت سملیشی دەنیینە بان، جگە لـەوەی کە ئەم سەربازگایانە هەستی هەموو خەڵکە داگیرکراوەکە دەوروژێنن کە دەبینن سەربازگاکان بە هەموو لایەکدا بڵاو بوونەتەوە، ئەم هەستی پەستییە هەموو خەڵکیت لێ دەکەنە دوژمنێ کە دەتوانن دەست لێ بوەشێنن، چونکە ئەمانە با تێکیش شکابن بەڵام هەر لە سەر مولک وماڵی خۆیانن بەم پێیە سەربازگاکان بێ سوودن و مۆڵگا هاونەژادەکان سوود بەخش و کاریگەرن .

دەبێ فەرمان ڕەوای ناوچە داگیرکراوەکە خۆی بکاتە ڕابەر و پارێزگاری دراوسێ لاوازەکانی و هەوڵی لاواز کردنی بە هیزەکانیان بدات و لە هەرەشە و شاڵاوی بێگانەیەکی بە دەسەڵاتی وەکو خۆی بیان پارێزێ بەم شێوەیە هەمیشە لە بارێکدا دەبێت داوای ناوبژی کردن و ڕیش سپێتی لە نێوان دراوسێ ناتەباکانی دا لێ بکەن لە تەماع و ترساندا. ئەوە بوو (ئیتولیتەکان) داوایان لە ڕومانیەکان کرد بچنە ناو وڵاتی یونانەوە ئەو بوو هەر ناوچەیەک تێی دەچوون خەڵکەکەی پێشوازیان لێ دەکرد دەستووری گشتی وا بووە کە بێگانەیەکی بە هێز دەچێتە میرنشینێکەوە یەکسەر خەڵکە لانەواز و بێ دەستەکەی دەبنە لایەن گرو و دۆستی، ئەمەش لە داخی فەرمانرەوایانی پێشویان دەکەن. بەم جۆرە فەرمان ڕەوا تازەکە بە سانایی خانەدان و پیاوەماقوڵان دەکێشێتە لای خۆی چونکە ئەمان بەراستی دەیانەوێ لایەنگیری دەوڵەتی تازەبن، بەهەر حاڵ دەبێت لەوە بە ئاگا بین کە نەهێڵێ ئەمانە سەریان زۆر زل بێت و بەهیزبن.

ئاوا دەتوانێت بە هۆی هیزەکانی خۆی و بە لایەنگیری ئەم پیاوە ماقوڵانە بە سانایی دەستی دەستدارانی میرنشینە نوێیەکە ببڕێتەوە و ببیتە فەرمانرەوای تاک و ڕێنیابی هەموو کارو بارێکی میرنشینەکە .بەڵام ئەوەی دروست لە سەر ئەم شێوازە حوکم دەکات کاتێک بە خۆی دەزانێت هەرچی هەیەتی لە دەستی داوە لەو ماوە کورتەی حوکمڕانیدا تووشی سەدان کیشەو ئاژاوە و گێچەڵ دەبێت .

ڕومانییەکان لە هەموو ئەو ناوچانەی داگیریان کردبوو گەلێ سیاسەتیان بە کار هینا، مۆڵگا و سەربازگایان دروست دەکرد و خانەدان و پیاوە ماقولانیان لە خشتە دەبردو بێ ئەوەی بیڵن خۆیان قایم بن دەسەڵاتی کەن، دەستانیان خامۆش دەکرد.

هەوارنامەی کتێب

ڕێیان نەدەدا بێگانە لە ولاتەکەیاندا دەست پەیدا کەن وڵاتی یۆنان بۆ نمونەیەکی هەڵکەوتوی بێ وێنە دێنمەوە .. ئاخیکان و ئینولیکان کردە دۆستی خۆیان و شانشینی مەکدونیایان لە ناو برد و ئەنتاکیەکانیان دەرپەڕاند، ڕێشیان نەدا ئاخی و ئینولی دۆستیان پەل بهاوێژن و دەسەڵاتەکانیان زیاد کەن. چ ئاوڕیشیان لە تەماع نەدایەوە کە فیلیب دەی خستنە بەریان کە دەیویست دۆستایەتیان بکات تا تەواوێ کەمدەستیان کردو ڕێشیان نەدا بە ئەنتیمۆس لە گەڵ ئەو هەموو هیزەشدا دەست بە سەر شتێکی یوناندا بگرێت. ڕۆمانەکان هەر ئەوەیان کردوە کە دەبێت شازادە ژیرەکان بیکەن ئەوانەی کە هەر بە کاروباری حازریانەوە خەریک نابن، بەڵکو دووربینی دەکەن لـەوەی کە داهـاتوو چیان بۆ پێش دێنێ، خۆی بۆ ساز دەدەن و پێش بە سەر ئەنجامەکانی دەگرن، چونکە مرۆ هەر کە پێش بینی کارێکی کرد ئیدی چارەکەی سانا دەبێت.بەڵام ئەگەر دەستە و ئەژنولێی دانیشێت تا بەر ماڵی پێ دەگرێت، ئەوسا بێ سوودە چارەی، چونکە کار لە کار ترازاوە و .. ئەمەش دروست لە نەخوشیەکانی سینەدا دەوترێ، کە دکتورەکان دەڵێن: لە سەرەتاوە دیاری کردنی گرانە و چارەی ئاسان .. بەڵام کە لێی گەڕا بێ چارە بمێنێتەوە ئەوسا دیاری کردنی زۆر سانا، وەلێ چاری نابێت .

کاروباری دەوڵەتیش هەر وایە، چونکە ئەگەر پێش قەوماوەکە هەستی پێ بکرێت، کە مرۆی ژیر دەتوانێ ئەو هەستە بکات، بە مانای دەتوانێ چارەسەری بکات، بەڵام ئەگەر زەین کوێری هەر هیشتییەوە تا بەر هەست و چاوی هەموو یەکێک کەوت، ئەو جا چارەی نابێت .

بۆیە کە ڕومانەکان، هەر زۆر پێش قەومانی کارەکە هەستیان پێ دەکرد، بۆیە بە پێ ئەوە چارەیان بۆ دەدوزیەوە، عادەتیشان وابووە کە نەیەڵن بتەنێتەوە نە بادا شەری لێ بقەومێ .. چونکە دەیانزانی شەڕ بەری پێ ناگیرێ، تەنها دەتوانرێ دوا خرێت زۆر جاریش وا دەکەوێت کە ئەو دوا خستنە لە سوودی لاکەی دیدا بێت لە بەر ئەمە بووە لە گەڵ فیلیپ و ئەنتیموساشدا لە یونان کەوتنە جەنگەوە، تا لە ئیتاڵیادا لە گەڵیاندا نەکەن لە گەڵ ئەوەشدا ئەو کاتە دەیانتوانی خۆ لە هەردوو جەنگەکە لابدەن . بەڵام ئەمەیان نەکرد و گوێیان نەدایە ئەوەی کە سوودی دواخستن لە سەر هەموو زارانـە، وایان بە چاک زانی خۆیان بدەنە دەست جوامیری و دوور بینی خۆیان. چونکە لەوانەیە ڕۆژگار هەموو شتێکی بە دەمەوە بێت، چ گوێش نەداتێ شەڕی لێ دەکەوێتەوە یان خێر .

جا با بادەینەوە سەر فەرەنسا و بگەڕێین بزانین هیچی لەمانە کـردوە، کارم بە شارل نییە تەنها قسە لە لویس دەکـەن، کە دەتوانین کردارەکانی چێتر بە دی

کەین. چونکە ماوەیەکی پتر دەستی بە سەر ئیتاڵیادا کیشابوو. ئەگەر وەگەڕێین دەبینین تەواو بە پێچەوانەی ئەو شتانەی گتومن ڕەفتاری کردوە شتانێک کە دەبوایە بیکردنایە تا دەوڵەتێکی بیگانەی لە چنگی خۆیدا بهشتایەوە فینیسیەکان شا لوویسیان بانگ هیشتە ئیتاڵیاوە، تا بتوانن بە هۆی ئەوەوە نیوەی لومبارديان چنگ کەویت من چ سەرزەفشتێکی شا ناکەم لەو هاتنەدا و نەرەخنەشم هەیە لەو دەورەی گێڕاویتی .. چونکە بە نیازی پی هاویشتنە نیو ئیتاڵیاوە کردونی .. بێ ئەوەی چ دۆستێک شک بەریت و بە هۆی بەد کرداری شا شارلی پیش خۆی هەموو ڕێگاکانیشی لێ تەنرابوو. بۆیە ناچار بوو بە پیر هەر دۆستایەتییەکەوە بچیت لە ڕێگەدا توشی بێت هەلیش دەکەوت بەرنامە و نیازەکەی سەریان بگرتایە ئەگەر لە کارەکانی دیدا نەکەوتایەتە هەڵەوە.

هەر بە گرتنەوەی لومبارديا، شا ئەو ناو و ناوبانگەی پەیدا کردوە، کە کاتی خۆی شارل لە دەستی دابوو، پاشان (جیتوا) ملی بۆ داو (فلورەنسیەکان) بوونە دۆستی و مارکیزی (نانتوا) و دووقەکانی (فیرارا و بینتی فیلژی) و خانمی فۆرلی و خانەدانانی (فانیزاویسارء و ریمینی کامیرنو ئەناپیوم پینو) و دانشتوانی "سیناو پیزاو"ش لێی نیزیک بوونەوە و هەوڵی دۆستایەتیان دەدا.

بێ گومان فینیسیەکان هەستیان بە سەرئەنجامی هەڵەشەیی خۆیان کرد، کە چۆن ئارەزووی دەست بە سەراگرتنی چەند شارو و شاروچکەیەکی لومبارديا بوە هۆی ئەوەی شا دەست بە سەر دوو لە سێ ی ئیتاڵیادا بگرێت .

بێ گومانیش شا دەیتوانی ناوبانگ و ئەو زەمینانەی گرتبوشنی بپاریزێ ئەگەر ئەو ڕێگایانەی بگرتایە کە باسم کردن، هەر وەها بە دڵنیایی دەیتوانی ئەو دۆستانەی لارە دەستی بن، کە بە ژمارە زۆر و بە توانا هیچ بوون و هەمیشەش لە ترسی کەنیسە و فینیسیا دەست لە سەر دڵ بوون، بویە ناچار بوون هەر بە دەوریەوە بن و ئەم گردبوونەوەشیان لەوانەی کە هیشتا توانا و ناوبانگێکیان مابوو دەی پاراست .

بەڵام لەبری ئەمە بکات، جارێ بەتەواوی پێی نەنابووە (میلان)ەوە کە یارمەتی (پاپا ئەلیکساندەر)ی دا بۆ گرتنی ڕومانا. لە بێ هۆشی خۆیدا هەستی بەوە نەکرد کە بەمە خۆی لاواز دەکات. کاتی پشتی ئەو دوستانەی بەردا کە هانایان بو هینا بۆ ئەوەی بیان پارێزێت کەنیسەشی بە هێز کرد بەوەی کە دەسەڵاتێکی دنیاییشی خستە سەر باری ئەو دەسەڵاتە ڕوحییەی هەیبوو .. بەمەش تەواوێ بە هیز بوو. پاش ئەوەی لە لەتری یەکەمدا خۆی پێ نەگیرایەوە و ناچار بوو مل لە هەڵەی دیش بنی. چونکە دەیویست بەر لە تەماعی ئەلیکساندەر ببڕێتەوە و نەیەڵێ ببێتە فەرمانڕەوای توسکانیا ئەمە وای لی کرد جارێکی دی بگەرێتەوە ئیتاڵیا .

هەواڵنامەی کتێب

بەوەش دەستی هەڵ نەگرت کە کەنیسەی بە هیزکرد. چاوی بریبوە وڵاتی (ناپۆلی) یش کە لە گەڵ شای ئیسپانیادا لە نێو خۆیاندا بەشیان کرد. بەمەش کە جاران تاکە سەرداری ئیتالیا بوو، شەریکێکی بۆ خۆی پەیدا کرد کە دەقەومی هەموو ئەوانەی ناقایلن پێی و لێی دەتەکنەوە پاڵ بدەنە پاڵی ئەو برا بەشە .. لە بری ئەوەش شایەکی سەربەخۆی لەو ولاتەدا دابنایە، هات ئەوی دەرکرد و یەکێکی دی هێنا کە هەردەم بتوانێ لە ولاتەکە دەری پەرێنێ.

ئارەزووی پەیدا کردن و دەست بە سەراگرتن غەریزەیەکی سروشتی و باوە بۆیە کە بە توانایان دەتوانن شتێ دەست خەن هەمیشە دەست خوشانەیان لێ دەکرێت و لۆمەیەکیان نایەت سەر .. بەڵام ئەگەر نەیانتوانی بەم کارە هەستن و لە گەڵ ناتواناییشیاندا هەر سوور بوون لە سەری ئەوا دەبنە جێ سەر زەنشت و سەر کۆنەی خەڵکی. لە بەر ئەم ئەگەر فەرەنسا بیتوانیایە تەنها بە هێزەکانی خۆی (لۆمباردیا)ی بگرتایە، دەبوایە سێ و دووی لێ نەکردایە، بەڵام کە نەی دەتوانێ هەڵەی کرد، کە لە گەڵ ئیسپانیادا کردی، خۆ ئەگەر عوزری ئەوەی بۆ بخوازین کە ناچاری وای لێ کرد لۆمبادیا لە گەڵ فینیسیەکاندا دابەش بکات. چونکە ئەم دابەشکردنە مەهانەیەک بوو شای فەرەنسا پەنای بردە بەر بۆ پێ هاویشتنە ئیتاڵیاوە. بەڵام چ بەهانەیەکمان چنگ ناکەوێ بۆ ئەم دابەش کردنە نوێیە، کە هەڵ دەگرێ جێ ڕەخنە و سەرزەنشت بێت، چونکە پێویست و جیگەش نەبوو.

بەم جورە لویس ئەم پێنچ هەڵانەی کرد:

یەکەم: ڕیشەکیشکردنی دەوڵەتە چکولەکان، دووەم: دەسەڵاتی تاکە فەرمانرەواییەکی لە ئیتالیادا بە هیزکرد، و سێیەم: بێگانەیەکی بە هیزی کیشایە ولاتەکەوە، چوارەم: ئەرکی دروست نەکرد .. لە گەڵ ئەم هەلانەشی دا ئەگەر بهاتایە و بژیایە دەیتوانی خۆی لە زیانیان لابدات ئەگەر هەڵەی شەشەمی نەکردایە بە گرتنی دەوڵەتی فینیسیەکان .. چونکە ئەگەر کەنیسەی بە هیز نەکردایە و ئیسپانیەکانی نەکیشایەتە ئیتالیاوە ئەو کارەی پێویست و ڕەوا دەبوو بۆ سەر پێ شۆرکردن و ڕیسوا کردنی ڤینیسییەکان، بەڵام پاش ئەوەی ئەو کارانەی قەوماندبوو نەدەبوایە بە هیچ شێوەیەک ڕێگە بداتڤینسییەکان ماڵوێران کەن. چونکە ئەگەر فینیسیەکان بە هیزبوونایە نەیان دەهیشت کەس چاو ببڕێتە لۆمباردیا .. چونکە یەکەم: قایل نەدەبوون بە هیچ کارێک ئەگەر ناوچەکە بۆ خۆیان مسوگەر نەکەن، و دووەمیشیان: لە بەر ئەوەی کە ئەوانی تر نەیان دەویست ناوچەکە لە ژیر چنگەی فەرەنسا دەربینن تا بیدەنە فینیسیەکان، نەشیان دەویرا پەلاماری هەر دوو لایان بدەن پێکەوە .

ئەگەر بووترێ شا لویس بۆیە ڕومانای دایە دەست پاپا ئەلیکساندەر ووڵاتی ناپۆلی

دایە ئەسپانیەکان تا خۆی لە شەڕ لادات .. من لە بەرانبەر ئەمەدا قسەکانی پێشوم دووبارە دەکەمەوە، کە مرۆ نابێ بۆ ئەوەی خۆی لە شەڕ لادات ڕێگە بدات ئاژاوە و فەرتەنە تەشەنە بکات، چونکە بەم ڕیگەدانەی بەری شەڕی پێ ناگیرێ، بەڵکو تەنها پێ ی دوادەخرێت، کە بە سوودی نەیاران دەشکێتەوە. ئەگەر یەکێکی دیکەش بڵێ شا بۆیە ئەمەی کردوە لە پاداشتی ئەوەدا بووە کە پاپا قایل بووە ژنەکەی تەلاق بدات و پلەی کاردینالی داوە بە ڕۆهان، من وەڵامی ئەمە دواتر لەوێ دا دەدەمەوە کە دێمە سەر باسی بەڵێن و گفتەکانی شازادان و چۆنیەتی بردنە سەریان بەم جۆرە شا لویس لومباردیای لە دەست دا لە بەر ئەوەی پەیرەوی ئەو مەرجانەی نەکرد کە شازادەکانی دیکە پێڕەویان کردوە، ئەوانەی کە ولاتانیان داگیرکردوە و ویستوویانە هەر تێیدا بمێنێتەوە. ئەم مەسەلەیەش موعجزەیەکی تێدا نەبووە، بەڵکو کارێکی یەکجار ئاسایی و ڕێ تێ چوو بووە.

کاتێ (مالانیتن)ی کوڕی پاپا ئەلیکسەندەر، کە بە قەیسەری بورجیا دەناسرا لە گرتنی ڕوماندا بوو .. لە شاری نانت، لەم بارەیەوە لە گەڵ کاردینال ڕۆهاندا دووام .. کاردینال پێ ی ووتم: ئیتالیەکان هیچ لە بارەی کاروباری جەنگەوە تێ ناگەن، منیش ووتمێ: کە فەرەنسیەکانیش چ لە کاروباری سیاسی سەر دەر ناکەن، خۆ ئەگەر سەریان دەربکردایە هەرگیز ڕیگەیان نەدەدا کەنیسە بەم هیزەی ئێستای بگات .. تاقیکردنەوە بۆی دەرخستوین کە پایەداری کەنیسە لە ئیتالیادا و بە هێزی ئیسپانیا تێیدا، دەستکردی فەرەنسان. بەرهەمی ئەم دەستکردەش ماڵ وێرانی فەرەنسا خۆی بووە. لە منەوە دەستورێکی گشتی بە دەست دەخەین، کە بەدەگمەن وایە دەرنەچێت، ئەویش ئەوەیە: ئەوەی هەولدات یەکێکی دی بە هێزکات، خۆی ماڵ وێران دەکات چونکە ئەم بە هیزیە لە دوو سەرچاوەوە پەیدا دەبێ .. یا فێڵ یان بە هێزی سەربازی، کە هەر دووشیان جێ گومانی ئەو کەسە دەبێت بە پلە و دەسەلات گەیشتبێ .

ماوێتی

## لە کەلە پووری شۆرشگێڕیدا

زۆر کەم لە مێژووودا بۆ کورد ڕەخساوە بتوانێ سەربەخۆیانە تەعبیر لە گیان و هەستی پێشکەوتوانەی خۆی بکات، هەر چەندە زۆر گەڕیدە و خۆرهەڵاتناس بە ویژدان بە توندی ئەو دیاردەیە سەرنجی ڕاکیشاون کە کوردەکانی فراوان و مرۆڤانە ڕەفتار دەکەن، بەرانبەر کەمە نەتەوایەتییەکانی نێو کوردستان .. و بەتایبەتی کەمە ئاینی و مەزهەبەکانی، ئەمە لە کاتێکدا تا ئێمرۆش لە عێراقدا شیعەکان سەدی شەستی عەرەبەکانی عێراقی دەبن کەچی بۆ دەرمان نەبیت (وەزیرێ، بەردارێکی سوپا، دەسەڵاتدارێکیان ڕێ نادەن بەشداری کورسیەکانی بەغدا بکەن .. ئەوانیش وا دەزانن سوننی هەقیان هەیە! ئەوە (قبرص) (لوبنان) (ئێرلەندە)و کوێ و کوێ بروانێ چ دەکەن .. و (کوردە شاخاویەکانیش) چییان کردوە؟..

لە کابینەی وەزارەتی شێخ مەحمودی نەمردا. (کەریمی ئەلەکە) وەزیری دارایی و ڕاویژکەری زۆر لە پێشی شێخ بووە ..لە سەردەمی کۆمارە ساواکەی مەهابادی خۆیناویدا، سالّی تێ وەرنەچەرخا بۆوە کە پیشەوای شەهید بۆ چل مالّی جوولەکە لە مەهاباد دا بوون قوتابخانەیەکی سەربەخۆی بۆ کردبوونەوە .

بۆیە دەبێ هەموو کەمە نەتەوایەتی و ئاین و مەزهەبەکانی کوردستان دڵنیابکەینەوە لەوەی تەنها لە (کوردستانێکی ئازاد و گەلێکی یەکسان) دا بە هەموو مافە نەتەوەییەکانی خۆیان شاد دەبن ..

«کوردستانی ئازادە” دەبێتە تیشکی گلینەی خورهەڵات ..

## تابووتی زۆردار

برای دوور وڵات غەریبی شارانتۆش زیادبووی لەناو هوردووی هەژاران
تۆش لەسەر وەتەن بێ وەتەن وەک منتۆش پەنا بردوو بەملیدوژمن
بێ پەنا،بێ کەس،بێ خاڵ و بێ کاک بەرین بێ کفن، بێ هەڵگر ،بێ خاک
کورد پەرژ و بڵاو لەناو جیهانداوژمن دەگەوزن لە کوردستاندا
لە ئێمە ڕوویدا وتاری عامی دز بە خانەخوێ دەڵێ حەرامی
بە نەوتی کوردان ئاورووپا دەژیببوو خۆمان ئاتاج بۆ چەنگیک ڕەژەژی
من لە پایتەختی پاپەتی و برسیتۆ لە سەماوات لای عەرش و کورسی
من لەناو بابای فەقیر ،بەستەزمان تۆ لای ساحیبی ڕێوی و فیلەزان
من خنکاو لەناو گەرما و غوماراتۆش چاو دەچڕینی بە چوار کەنارا
بۆ من مەیلی ماملت بەبەرلنگ ڕووت لای تۆ شوخانی مل پڕ لە یاقووت
لێرە برش و ڕەش بە قورمی تەندورلەوێ ئازاران لێو و پەنجە سوور
دەزانی لە چین ئەم گشت باقوقە ئەشکی هەتیوی بێ بەرگ و ڕووتە
خوێنی ملیونەها لاوچاک و گەنجەتا کیژێک لەوێ سوور دەکا پەنجە
بە ئیسکی ملیار شەرقی خاکەسەربەربۆتەوە بورجی ویست میستەر
جومجومەی هیندی سیلانی وسیام بوونە بناغەی کۆشکی باکنگهام
لێرە ڕووت لەناو قوڕدا دەخەوێکۆشکی سەدقاتی بەرز دەبێ لەوێ
لێرە ناڵەیە لەبەر بێ نانی لەوێ جارییە شەتی شامپانی
لێرە سواڵکەرن پڕ بە کۆڵانان لەوێ قاقایە لە قومار خانان !!

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

# ماڵئاوا

شێره فشەکەکەی عەرەب تا بینەقاقای لە زەلکاوی «قادسیە» ئابڕووبەرەکەی تێناوە و ئەوەی بەزەبری لێدان و سێدارە و خوێن لە ١٣ ساڵدا بنیات ناوە خەریکە تێنێ و بۆ سمێڵی «ئەهواز» چووە، خەرکە ڕیشی بەغداش تێدەنێ.. هەرچی دنیای هێناوەتە تکا، بە مایکە و تۆبەش ڕزگاری نابێت!. کەچی هێشتا لە بێعاری یا دەروونی ڕەشی ڕەگەزپەرستانەی نەکەوتووە. هەر دەڵێی ئەو ئاغا لاتەی پشدەرییانە، کە لەتاو «جلب»ی قەرزاری خۆی لە کادێن کوتابوو. کە پۆلیسەکان ڕۆیشتن هاتبووە دەرێ و خۆی دەتەکان و دەیووت: ئیمساڵ بێتەوە ئەو باسکە و ئەم نزارەش دەکرم.. مام بایزێکی لێ ڕادەپەڕێ و دەڵێ: ئاغا تۆ خۆت لە کادێندا دەشارییەوە و خەیاڵی سوڵتانی لێدەدەیت!!.

خەیاڵە خاوە سوڵتانییەکەی «صدام» یش، قارسکردن و وێرانکردنی شارە خۆڕاگرەکەی، ئەورەحمان پاشا و شێخی نەمر و عەولەسیسە و بەکرەکۆڵە. ئەو شارەی(نە مەحکومی عەجەم،نە سوخرەکێشی ئال عثمان بوو)ە.. بە ڕووی «سۆن و ئەدمۆنس»دا، چۆتەوە و سنگی بۆ گوللەی عەرشی عێراقی کردۆتەوە و قاسمی لەرزاندووە و گاڵتەی بە بەعسییانی ١٩٦٣ کردووە و «زەعیم صدیق» ی ڕاوناوەو و لە جووتە (عارف) ی برا بۆتە سەری مار و ئیمڕۆش خەوی لەچاوی ئەوان تەراندووە!!.

ئەو شارە قارەمانە زۆر لەوە گەورەترە، چنگی خوێنینی بەچکە هیتلەرەکان بتوانن لە مستی خۆی نێن و ڕەش و ڕووتەکانی : جوولەکان و خەبات و قالاوا و سەرشەقام و سابونکەران. لە کۆڵانە پێچپێچەکاندا فێری کوردایەتی بوون و فرچکیان بە خۆڕاگری هەڵدراوەتەوە و ناو پەلیان لە ڕەنج و زەحمەتدا قلێشاوە. ئەوان هێزی بنەڕەتی کوردایەتی. کوردایەتیش لە کێوەکانی کوردستان قایمتر و بڵندترە. چۆن بە شەقامی شەست مەتری و سەد مەتری و تێکدانی ئەم کۆڵان و ئەو گوزەرە لەبەین دەچن؟!. ئەوانە چیمەنن/ فریزن تا لێیان بگیری بەهێزتر دەبن.

ئەمەیان واو! دوژمن چ دەکات بەشێکە لە هەڵکەوت و تەبیعەتی خۆی. بەڵام دەمێنێتەوە ئەوەی لەبری ئەوەی ئیمڕۆ، ئەوانە ئاوازێکی سیمفۆنیای(ئازادی و یەکسانی) بوونایە، کەچی ناچارانە دەبێ لەسەنگەری خۆگری و خەباتی نەرێنیدا بن.

دەزانن بۆ؟!!

چونکە ئیمڕۆ لە کوردستان دا،( ابن البطوطة) گەشت دەکات و هەر (دار السلام) و(عمرالله) و ( دارالکفر) و (دەرالله) داینو فەلسەفەی چەوتی « ئەوەی لەگەڵماندا نەبێ دوژمن» ە، دەفەلسەفێنن!.

چاری ئەمەش تەنها( یەکیەتی و برایەتی و تەبایی) بۆ (پێش ئەوەی هەر شتێ بین دەبێ کورد بین)ە.

هەواڵنامەی کتێب

# پێش ئەوەی هەر شتێ بین دەبێ کورد بین
# کوردستانێکی ئازاد گەلێکی یەکسان
# ((ئاڵای سووری کوردایەتی))

ئۆرگانی ناوەندی هێزی پێشمەرگەی ـ پاسۆک

«» چەکی بێ بیروباوەڕ سێدارەی جەماوەرە»»...

ژمارە ـ ١١ ـ بەفرانباری ٢٥٩٣ کانوونی یەکەمی ١٩٨٢

## سەرەباس

+ سەروتار: سلێمانی لە ڕەگەزپەرستان گەورەترە و لە تێکدان قایمترە..
+ لە هەندەران چ باسە
+ ڕازێکی کوردانە: ناکۆکییەکان و شێوە و شێوازی چارەسەرکردنیان
+ شیعر
+ بانگێ لەسەنگەری پاسۆکەوە
+ داستانێک
+ قوتابخانەی پاسۆک ... تاک و کۆمەڵ
+ شادەمارە سەرەتاکانمان
+ فەرهەنگۆک
+کتێب «شازادە» ن. مەکیاڤیللی
+ ماڵاوا.... تەرکی ڕێگە!

هەواڵنامەی کتێب

## سەروتار:

### سلێمانی لە ڕەگەز پەرستان گەورەترە و لە تێکدان قایم ترە..

«نیرۆن”ی قادسیە، دەیەوێت ڕۆمای گەردن کەشی کوردستان بسووتێنێ بەڵام چۆن نیرۆنە شێتەکەی ئەوسا چووە زبڵدانی مێژووەوە و ڕۆما بە کەلاوەیەتیش لە لاپەڕە زێڕینەکانی مێژوودا مایەوە .. ئەم نێرۆنە گێلەی ئێمرۆش دەبێ بەداخەوە سەری تاوانی بنێتەوە، و شارە خۆڕاگرە دوژمن بەزێنکەی کوردستانیش هەردەم لە گەڵ شارە دەستە خوشکەکانی ئەم دیوو ئەودیوو باکور و خۆرئاوا داچڵی چاوی دوژمنان و سەرەنێزەی سەر سنگی داگیرکەران دەبێت.

گەڕەکە قوڕاوی و تەنگەبەر و خانوە گڵێنە یەک نهومەکانی خەبات و جولەکان و سەر شەقام و سەر کارێز و کۆڵانە پێچ پێچەکانی گوێژە و مەڵکەندی و قالاوا و زنجە بەناو خانوەکانی شێخ محی الدین و هۆڵێ و چوارباخ، ڕۆڵەی وەکو عەولە سیس و بەکرە کۆڵیان تێدا چاو هەڵێناوە و زمانی مام ئاراس و مامۆستا شەریفیان تێدا پژاوە و بێستون و کەریم دان زێڕی تێدا پەروەردە بوون و مامۆستا ئازاد و ئاسۆی دەلاک یان پێ گەیاندووە ..تۆوی ئەو گەڕەکانە، ماکی ئەو زنجانە، نەوەی ئەو کۆڵانانە، ڕۆڵەی ئەو ماڵانە ئیمڕۆ پێشمەرگەن، لە شەقامەکاندا، لە کۆڵانەکاندا، لە ناوجەرگەی دوژمندا و لە سەر لووتکەی چیاکان بەرسنگ بە داگیرکەر دەگرن و هەر ڕۆژی مقەستی بڕندە لە دوا دەماری ژیانی بێ فەڕی دوژمنان دەنێن و لە چاڵی مەرگی ڕووەوەشییان نێزیک دەکەنەوە .. ئەوا سەد، هەزار، دەوڵەتی هەزار ماڵیشان تێکدا، ئەدی چۆن لانەی گەرم و گۆڕی کوردایەتیان لە دڵی ئەو سەدان هەزار جەنگاوەر و خەبات گێڕ و خۆڕاگرانەدا پێ تێک دەدرێ؟!. ئەوا هەزاران، دەیان هەزار و ملیۆنێ کودیشیان دەربەدەرکرد .. ڕەزا شاکردی و ئەتاتورک کردی و ئەوانیش لە ٦٣ دا کردیان ...

بەڵام کوا و کوان شوێنەواریان؟! چیان پێ کرا؟.. کورد لە حەوت ملیۆنەوە بووە دەوڵەتی بۆتە بیست و پێنچ .. شۆڕشێ بۆتە دوان و دەبێتە سیان و چواریش .. حیزب ڕێکخراوێک بوونە دەوڵەتی و سەد و سەدی دیش لە مندالانی مێژوودان .. کۆمەڵی بێزار و یاخی بوو، بوونە شۆرشگێڕ و پێشمەرگە و بوونە هەزار .. لە مافی ڕووتی ژیانەوە گەیشتووینەتە – مافی دیاری کردنی چارەنووس و سبەیش پەتا و پات و بێ زمان گرتن دەگەینە، دەوڵەت، کیانی سیاسی، سەربەخۆی و ڕزگاری و یەکگرتنەوە ..

دەوڵەتی ئیتر چۆن کورد لە مەرگ قایم تر و لە سێدراە باڵا تر نییە؟! و چۆن "صدام” لە نیرۆن گێل تر و لە هیتلەر گڵاو تر نییە؟!

پانی پاڵ داوە دەمێ بانیپاڵ ڕێوی لێ کردینە کوێخا بە خەیاڵ
گەلێ ئەسکەندەر و زۆر وەک زەنەفۆندانی هەڵبڕیەوە ئەم کوردە بخۆن
چەنگی چەنگیزی بە خوێن پاراوبووبۆ هۆلاکۆ بە ڕەگەوە و سەرڕاو بوون
شا عەباس ویستی سمێڵ بابڕ کا کێو لەبن بێنێ، گەلی کورد قڕ کا
نادریش سوڕی لە زۆر جێگا دا بەهەر گیڤەوە خۆی لێ بادا
زۆر گەماڵ داویە گەماڕۆی ناومانئێمە هەر و ئەوان بەد ناو مان
شرت و گوم بوون و هەموو ڕابردنکوردستان هەر هەیە کورد هەر کوردن
بەڵگە بۆ جەنگە چەموش و تۆڕێکدێتە دی لێرە و لەوێ چەند گۆڕێک
تازە وا مشک و تۆڵە و وشتری گەڕ بەتەمان بیکەنە جێ مۆڵ و گەوەڕ!؟

## له هەندەران چ باسە؟.

له ڕۆژی ۱۹۸۱/۱۱/۲۳ تا ۱۹۸۱/۱۱/۲۸ له ڤیەننا (کۆمەڵەی دۆستایەتی نەمساوی کوردی)، حەوتوویەکی کوردانەی سازکرد بە ناوی (حەوتووی کوردان)، کە لە ڕۆژانی ئەو حەوتوەدا چەندین کۆڕ گیراوە و گەلێک ووتار و لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی بە کەڵک لە لایەن دۆستەکانی کوردەوە خۆیندرایەوە .

یەکەم ڕۆژ دکتۆر فیشەر ئەندامی پەرلەمانی نەمساوی و ئەندامی سەرکردایەتی پارتی سۆشیالیستی نەمساوی بە خۆیندنەوەی ووتارێک دەربارەی کورد، ئاهەنگەکەی کردەوە و سەر لە ئێوارەش (هانس هاوزەر) کە سەرۆکی (کۆمەڵی دۆستایەتی کورد و نەمساویە) و کورد ناسێکی بەناوبانگە و تا ئێستا چەندین نووسین و کتێبی لە سەر کورد نووسیوە، ووتاری خۆیندەوە و پرۆفیسۆرێکی زانکۆی فیەنناش بە دویدا ووتارێکی خۆیندەوە . ڕۆژەکانی دیکە چەندەها ئاهەنگ و دەمەتەقێ ڕێکخراو چەند فلیمێک دەربارەی کورد پیشان درا.

ئێوارەی ۱۹۸۱/۱۱/۲۹یـش تەلەفزیۆنی نەمساوی بەرنامەیەکی گفتوگۆ و دەمەتەقێی لە سەر کورد سازکرد، کە نوێنەرانی کوردستانی عێراق و ئێران بەشداریان تێدا کرد و نوێنەری سەفارەتی عیراقیشی تێدا ئامادە بوو، بەڵام سەفارەتی ئێران و تورکیا نوێنەری خۆیان نەنارد، یەکەمیان بڕیاریشی دابوو بەڵام پاشگەز بووە و سەفارەتی تورکیا لە وەڵامدا گتبووی:

لە تورکیا کێشەیەک نییە بە ناوی کێشەی کورد!! بۆیە ئێمە ئامادە نابین! بە هەمان بۆنەوە، برادەر (القذافی) نوێنەرێکی خۆی ناردبوو، لە گەڵ وتارێکدا، بەڵام لە کۆبوونەوەکاندا نەمسا ڕێگەی نەدا ووتارەکەی (برادەر القذافی) بخۆیننەوە .. بۆیە ڕۆژێک دوای حەتووەکە و لە ۱۹۸۱/۱۱/۲۹ هەموو ڕێکخراوەکانی کوردستانی گەورە کۆبونەوەیەکیان بۆ نوینەرەکەی سەرۆک (القذافی) سازکرد، پاش خۆیندنەوەی ووتارەکە، دەمەتەقێ دەستی پێ کرد کە هەندێکیان دەیانویست چاو بەست لە کابرا بکەن و بە قسەی لا بەلا ڕاستی لی شارنەوە، تا نوێنەری حیزبمان بە پرسیارێک گۆمی ترس و بێ دەنگی و کپی هەموو ڕێکخراوەکانی شڵەقاند، کە پێیان ووت، (بۆمان ڕوون بکەرەوە بۆ تەنها یارمەتی ڕێکخراوێکی کوردستانی دەدەن و وەک دابەستە قەڵەوی دەکەن و هێزێکی وای پێ دەبەخشن هەموو ڕێکخراو و کۆمەڵە کوردستانیەکانی سەر ساحەکە بخەنە بەر مەترسی

له ناوبردن و به چەکی ئێوه ڕۆڵەی کورد قەلاچۆ بکەن!!. ئەگەر ئێوه ئەمه به یارمەتی کوردی ناو دەبەن، ئێمه به دوژمنایەتی دادەنێین!. ئەگەر ئێوه دەتانەوێ یارمەتی کورد بدەن ئەوا هەموو کورد بریتی نییه له "فلان"!!، وەکو وەفدی ئێمه له تەرابلوس داوای کرد یارمەتی هەموو ڕێکخراوه کوردیەکان و هەموو پارچەکانی کوردستان چوون یەک بدەن ..

برادەری نوێنەر زۆر خۆشحالی خۆی نیشان دا و بەڵێنی دا چاو بەو کارەدا بخشێننەوە، هەموو نوێنەرانی ڕێکخروەکانی دیکەش تێکرا پشتگیری هاوبیرانی ئێمەیان کرد و، (ئەوان!) دەم چەوت دەرچوون! پاشانیش تەن به تەن هاوبیرانمان نوێنەرەکەیان دیتووه و ڕاستیبارو مەسەلەی کوردیان بۆ شی کردەوه ...

هەواڵنامەی کتێب

## ڕازێکی کوردانە

## ناکۆکییەکان و شێوە و شێوازی چارەسەرکردنیان

ئێمە خۆمان بە هەڵگرانی بیروباوەڕی (کوردایەتی) دادەنێین، بۆ ئەوەی کە بەڕاستی لە ئاستی ئەو شەرەفە مەزنە و ئەو ئەرکە گرنگ و پیرۆزەدا بین، دەبێت ئەوە لە ڕەفتار و گفتار و هەڵس و کەوتیشماندا ڕەنگ پێ بدەینەوە و بە کردەوە بیسەلمێنین، ئەوەین کە بە باڵای خۆمان بڕیوە . ئەگەینا ئەو بانگاشەیەمان لە سنوری دەرونی هەڵخەڵەتاوی خۆمان تێ پەڕ ناکات و چیشمان پێ ناکرێت و دەچینە ڕیزی ئەو سەدان بانگەشانەی کە بوون بە ژێر تەپ و تۆزو کەلاوەی مێژووەوە و سەرباری ئەمەش زیان لە خودی بیروباوەڕەکەش دەدەین .. چۆنیەتی ڕەفتار و مامەڵە کردن لە گەڵ ناکۆکیەکاندا، مەرجێکی سەرەکی بەر چاو ڕوونی و بە ئاکام گەیشتنی و جووت بوونەوەی – زانست و تیۆر و پراکتیکە، بە واتایەکی تر تەرجەمەی ڕاست و دروست و وەستایانەی تیۆری زانستییە بۆ واقع، وەک ئەوەی ئەگەر لە بچوکترین تەفاعولی کیمیایدا، ڕێ و شوێن و ڕاستە ڕێ و مەرجەکانی ئەو تەفاعولە بەرچاو نەگیرێن، ئەو سەرئەنجام و بەرهەمە دیارییە نادات کە تیۆرەکە پێش بینی دەکات .. ئەم هەڵدێرە فاقەیی بە نراوەی بەردەم مرۆڤ کەلاکی زۆر بیرو دەستە و کۆمەڵی چەواشە و سەرلێشیواوی تێ کەوتوە و گرفتێکی گرنگ و بەرچاوی بیرە جوێ جوێکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بووە، دەبا هەر عەقڵە لە خەسارێک و ئێمە دەست نەکەینەوە بە کونی هەزاران جار ماران گازی مل شکێندا .. ئەمەش تەنها بەوە دەبێ کە لە هەڵچوون و پەلە و حوکمی عاتیفی و زیاد ڕەوی و هەوەسی نەفس و زات دور کەوینەوە، و خۆمان بکەینە پرد و بەردە بازی پەڕاندنەوەی فەلسەفەی کوردایەتی نەک پێچەوانەکەی کوردایەتی بکەینە تاقیگای ئارەزووە دەروونییەکانی خۆمان، کە ئەگەر لە هەموو بوارێکدا ڕەوا بێت لە بواری سیاسەت و خەباتدا چەوت و تاوانە .. بۆیە دەبێ هەموو هاوبیران ئەم خاڵانە ڕەچاوکەن و بە وردی لە بەر ڕۆشناییاندا هەنگاو هەڵنێنن هەموو دەرچوون و لادانێکیش، دەرچوون و لادانە لە بیروباوەڕکە و ڕێ و شوێن و سیاسەتی حیزب، پێڕەو نەکەری ئەم سیاسەتەش تەنها هەڵە و بە هەڵەداچوون نییە و بەس، بەڵکو کردارەکەی و سەرئەنجامی دەگاتە ئاستی تاوان و سەکتە دان لە حیزب:

١ – ناکۆکی سەرەکی ئێمە لە گەڵ داگیرکەراندا: ئەم ناکۆکییە ئەگەر چی چوون یەک و لە یەک ئاستدا نییە لە گەڵ سەرپاکی داگیرکەراندا، بەڵکو بارو هەل و مەرجی

خەباتی نەتەوایەتی و هەڵکەوتی داگیرکەرەکە و کایەی جەولە و نۆرەی هەر یەکەیان یەکەمایەتی و پێش و پاشی دیاری دەکات کە دەبێت بە حسێبی بەرژەوەندیی هەموو جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد و پێویستی خەبات و دیدگای نەتەوەی کورد بپێوریٚ و دیاری بکرێت .. ئەمەش دوورە لە مەسەلەی دەستکەوتی تەسکی حیزبایەتی و ئەم دیوو و ئەو دیوو و ئەو کورد و ئەم کوردەوە، چونکە خەباتی نەتەوایەتی و جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد یەک پارچەیە و جیاکردنەوەی و کەرت و پەرت کردن هەڵناگریٚ، ئەگەر چی باری تایبەتی ئەو خەباتە شێوە و شیواز و تەکتیک و جیٚ گۆڕکیٚ پێویست کات، بەڵام دەبێت هەر هەمووی لە قەدە ئەسڵییەکەوە هەڵچووبێت و لە دوا سەر ئەنجام و حسابدا لە خزمەتی مەسەلە گشتی و سەرەکیەکەدا بێت، بۆ نموونە خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی باکور و کوردستانی باشوور دا بنکەو بارەگای خەباتی وەگوێزریٚ بۆ کوردستانی باکور یان هەر لایەکی تر کە دەسکەوتی ئەویان بە حسێبە نەتەوایەتیەکە بەرچاو تر بوو، هەموو دوو دڵی تیا کردنێک و خونووساندن بە مەنتقی ناوچەگەرێتییەوە جۆرێکە لە ناپاکی بەرانبەر کورد، یان بە لانی کەمەوە چەواشە بوونە .. بە کورتی دەمانەویٚ بڵێین ئێمە کوردین و کورد لە کوێدا پێویستی پێمان بوو سەنگەرمان دەبێت لەوێدا بێت و دوژمنیش هەر دوژمنە خۆی لە ژێر هەر چارشێوێکدا حەشار دابێت، نۆبە کوتکی سەر هەر کامیان بار و هەل و مەرج و پێویستی خەباتی نەتەوەی کورد دیاری دەکات و هەموو اعتبارێکی ناکوردانەی تر ڕەت دەکەینەوە لەم ناکۆکییە سەرەکی و ناوەندیەدا و لەم مل ملانیٚ میللییەدا هەموو ڕێگەگرتنە بەرێک بۆ پوکاندنەوە و نابووت کردنی داگیرکەرەکە و سەرسەختی خەباتی ڕەوای کورد ڕەوا و دروستە و نابیٚ دەست لە هیچ وەگێڕدرێت، هەموو تین و تاوێکمانی بۆ تەرخان دەکەین و هیچ پرد و پاشخانێکیش نابێت بۆ خۆمان بهێڵینەوە، کام داگیرکەرە تووکی زۆر بوو دەبیٚ بزانین کە لە ژێر ئەو نەرمایەتییەوە نینۆک و چەنگاڵی جەرگ بڕی تیژی بۆ حەشار داوین .. ئەو کێردەی ئێمڕۆ لە سەر ملی فلانە کوردە، سبەی ترازا ملی فیسارە کوردی پیٚ دەقرتێنیٚ .. بە کوردیەکەی ئێمە بەرەنگاری مارێکی چوار سەر و چوار فەساڵی سەر و کەللەیەکین، کە هەر یەکەی ڕوویەکی بەزەقی لێمانە، بەڵام ئەگەر لاکەینەوە دەبینین ئەوەی تریش دووانە (توأم)ی ئەویانە کە ڕووی لێمانە ئێمە لە ڕووی بیر و ئایدۆلۆژیەت و چالاکییەوە و هەموو لایەنەکانی دیکە بیرو چالاکی بەرانبەرو دژ بەوانین، بۆیە وەکو دوو دژی هەتا هەتایی "چدین أبديين" هەرگیز کۆنابینەوە و لە هەموو بوارێکدا بەرەنگاری یەک دەبی خاوکردنەوە و ڕاگرتن و مەسڵەت و گونجاندمان بۆ نییە، بۆیە دژایەتی و پێکداچونەکەمان بیٚ سنوور و لەوپەڕی توند و تیژی و هەڵچووندایە، خاوکردن و

پشت تێ کردندۆڕاندن و خۆ بە دەستەوەدان و مەرگی کۆتایین دەمانەوێ بڵێین مل ملانێیەکی" خوا و شەیتانی" بێ بڕانەوەیە تا سەرەنگوم کردنی ئەوان و سەرکەوتنی یەکجاری ئێمە .

٢ – ناکۆکی ناوەندی ئێمە لە گەڵ دوژمنان و دارو دەستەی داگیرکەراندا ئەم ناکۆکییە ڕووپەڕێکی فراوانی نێوان ئێمە و دوژمنانی ڕاستەوخۆ و دەستە و دایەرە و داردەستەکانی ناوەوە و دەرەوەی داگیرکەرەکە دەگرێتەوە .. ئەگەر چی ئەمانە کلکی ڕەفتاری داگیرکەرەکەن و تەواوکەری ناکۆکی و بە یەک چوندا هەمان حسێبی ئەوانیان بۆ دەکرێت و لێیان جوێ ناکرێتەوە .. گرنگترین و کاریگەرترینیان داردەستە خۆدۆشەکانی نێو کۆمەڵگای خۆمانن، کە نازناوی "جاش"یان بە سەردا بڕاوە .. کەدروست "جاشی" داگیرکەرەکە و بەچکەی ستەمەکەن .. ئەمانە هەموو ئەو کەس و دەستە و تاقم و چینانە دەگرنەوە کە لە سەنگەری دوژمنایەتی کورد و هاوشان و بەشدار و تەواوکەری ڕەفتاری داگیرکەرەکانن، ئیدی چ عوزر و بەڵگە وپۆزشێک هەڵناگرێ و هاوکاری و کۆمەک و دانەپاڵ دوژمنەکە پاساوی نییە، ئەم ڕاستییە زانستییە بە دەم زۆر کەسەوەیە و زۆریشی دەڵێنەوە، بەڵام زۆربەی جار بەخراپی و چەوتی و ئاوەژوو بەکاردێنرێت و خەڵک و دەستە و تاقمانێکی تێ دەپێچێنرێ کە خەسڵەتی دوژمنایەتی جەماوەر و ئامانجەکانی تێدا نییە. تەنها مەسەلەکە ناکۆکی شەخصی یان حیزبییە، کە ئەم ڕەفتارە شی کردنەوە و هەڵسەنگاندنە کە لە گرێژنەی زانستانە دەبات و دەیکاتە هەوا و هەوەسێکی ڕووت ..

دیارەهەنگاوێک و ڕەفتارێکیش زەمینەیەکی زانستیانە و واقعییانەی نەبێت سەرئەنجامەکەی هەر نابووت بوونە!.. بۆ زێدە ڕوونی دەڵێین:هەر کەس و دەستە و تاقم و لایەنێکی سیاسی کورد ڕاستە و خۆ لایەنگری سیاسەتی چەوت و داگیرکەرانەی داگیرکەر بکات و هاوکاری لە گەڵدا بکات و ببێتە پارسەنگی هەوڵی دوژمنکارانەی، لە ژێر هەر بارو هەل ومەرجو بۆ هەر مەبەست و لە بەر هەر پۆزشێک داردەستی داگیرکەرەکەیە و ناکۆکی نێوان بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و ئەمانە ناکۆکییەکی ناوەندییە و بەشێکە لەو ناکۆکییە سەرەکییانەی نێوان ئێمە و داگیرکەران .. هەر لە هەڵوێست و ڕەفتار و بەرەنگاریەک بەرانبەر داگیرکەرەکە بکرێت، دەبێت دروست لە گەڵ ئەمانیشدا ڕەفتاری پێ بکرێت، ئەوانە لە "کوردێتی" دەشۆرێنەوە، چونکە بوونە کورد، جگە لە خەسڵەت و خاسیەتەکانی میللی، ئیلتزام و خۆبەستنەوەیە بە ئامانج و ئاواتە فراوانەکانی جەماوەرەوە ..

دەبێ ئەوەمان لە یاد نەچێت کە هیچ کەس و تاقم و کۆمەڵێک ناکەونە بەر ئەو خانەیەوە هەتا بارەگا و شوێنگەی خۆیان لە ڕیزەکانی گەلەوە نەگوێزنەوە ناو

باوەشی دوژمن .. جیاوازی بیروباوەڕ و چالاکی و هەتا بەرژەوەندی هەر لایەکیش لە سنووری نەخزانە باوەشی دوژمنەکەوە شتێکی ئاساییە و لە قۆناغێکی وەکو ئێمڕۆی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردا، کە بەرەنگار بوونەوەی داگیرکەرە کورد کوژەکەیە، هەر ناخە گۆرکێیەک و خۆ خەریک کردنێک بە "تناقچ"اتە نانەویەکانی نێو دەستەو کۆمەڵ و چینەکانی گەلەوە، چەواشەکردنی جەماوەر و بە فیڕۆدانی ووزە و توانای جوڵانەوەی شۆرشگێڕییە و خزمەتێکی بەلاشی داگیرکەرەکەیە!..

ئەو بیرو دەستە و تاقمانەی کە لە چوار چێوەی خەباتی ڕزگاریخوازی کوردان بەڵام بەشداریان و خانەیان لە سووچی بەرژەوەندی تایبەتی و تەسکی خۆیان تێپەر ناکات و تێکەڵ بە بەرژەوەندی گشتی و هەموو جەماوەر نابێت، یان خۆنوساندن بە بیروباوەڕێکی دواکەوتوو و قاڵب بەستووی نەگونجاوی کۆنەوە لەم قۆناغەدا لانە ئیجابییەکەی، کە بەشداری و بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەرەکەیە یان هەتا بێ لایەنی و نەدانە پاڵیشی بێت، دەرژێتە سەر کۆی ووزە و تینی شۆرشگێڕی خەباتی میللی، بەڵام لانە سلبییەکەی، کە لە قۆناغێکی تردا و پاش بەلاداخستنی مل ملانێ لە گەڵ داگیرکەرەکەدا سەر هەڵدەدات و کاریگەر دەبێت و ئێمرۆ وەکو وزەیەکی سلبی مت بوو، لە بەر تین و تاوی شۆرشگێڕ بۆی نالوێ سەر هەڵبدات و سەریش هەڵدات – ئەگەر بزووتنەوەی پێشکەوتووخواز و شۆرشگێڕی جەماوەری لە جۆشان و هەرەتی هێزیدا بێت – ناتوانێ گەشە بکات و پەل و پۆبهاوێژێت .. بەشداری و سوود وەرگرتن و چۆڕ بڕکردنی ووزە و تینە ئیجابیەکەی لە سەردەمی خەباتی میللییانەدا، خۆی لە خۆیدا بەشدارییەکی ژیرانەیە لە پوکاندنەوە و فرزەلێ بڕینی، چونکە پاش ئەم قۆناغە تین و تاوی ئیجابیانەی نامێنێ تا سەر پێ کەوێت و بەرگە بگرێ، ئەوەی دەمێنێتەوە تەنها لانە سلبییەکەیە کە ڕیسوا بوون و فەوتانی وەکو دارێکی گەندەڵ بە پاڵێک دەرمێت ... بەڵام ووروژاندن و شێتگیرکردنی و بەرەلاکردن و لە ئامێزگرتنی و بوژاندنەوەی، دوو هەڵەی گەورە و کوشندەن.. نابێ نە لە شەڕێکی لابەلایی و ناوەختدا و لە کاتی ناسکی جەنگ و مل ملانییەکی چارەنووسسازی وەکو ئێمرۆماندا، ڕەپ و ڕاست بە گژیا بچین و هانی دەین بکەوێتە باوەشی داگیرکەرەکە و ببێتە هێزێکی سەر بارێداگیرکەرەکە کە ئەمە دوژمن زیادکردنە.. نە دەبێ هەل و باری گەشە و نەش و نماشی بۆ بڕەخسێندرێت و بۆ دەستکەوتی کاتی و کەم تەمەن لە خانە و شوێن و دەوری خۆی پتر گرنگی پێ بدرێت لە بەر پێویستی و بۆ دەستکەوتی کاتیێ پێ دز کێ بکاتە مەوقعی گرنگ و کاریگەرەوە. ئەگەر بە نموونەیەکی ساکار. ئەمە ڕوون بکەینەوە دەڵێین:

فلانە شێخ، یان قیسارە کوێخا لە بەر هەر هۆیەک بێت لە گەڵ ڕەوتی شۆرشگێڕان ناکەوێت، یان دەستی لە دوژمنەکە بێتەوە و بە ناچاری بێتە ڕیزی گەلەوە، لە کۆمەڵگایەکی وەکو کۆمەڵگای کوردەواری کە هێشتا پابەندی زۆر داب و دەستوور و ئیعتباراتی خێڵایەتی و پەیوەندی کۆنی نێو کۆمەڵە، توانا و دەسەڵات و ووزەیەکی دیاریان هەیە .. ڕەتاندن و بە گژاچونەوە و تەرەکردنی هەرزەکارانە وا دەکات کە جارێکی تر بگەڕێتەوە باوەشی داگیرکەرەکە و ئەمجارەیان لە جاری پێشووی زۆر دڕندەتر و زیاتر مل کەچی فرمانی داگیرکەرەکە و خزمەت کردن و خۆبەستنەوە بە بەرژەوەندیەکانیەوە دەبێت، بە هۆی هاووڵاتیەتی و پاشماوەی دەسەڵات و توانا و کۆمەک و پشتگیری داگیرکەرەکەش دەتوانێ چ نەبێ بەشێکی زۆر یان کەم لە توانای شۆرشگێڕیی بە خۆیەوە خەریک کات و ببێتە سەر باری توانای داگیرکەرەکە هەروەها بە پیرەوەچوون و سەر زل کردن و پەت بۆ بەرەلاکردنیشی هەڵەیەکی تری کوشندەیە و پاشان خۆڕزگارکردن لێ و بەرگرتن بە سەرئەنجامی سلبی کردەوەکانی ئەوەندە زەحمەت دەبێت کە زۆر جاران ناچارانە دەبێت چاوی لێ بپوشرێت چونکە "رد الفعل"ی بەرچاوی بەرەنگاربوونەوەی لە ڕەفتارە چەوت و دژ بە شۆڕشەکانی زیاتر دەبێت، وەکو دەڵێین دەبێتە ماری شێخ هۆمەر و لە ملی بزووتنەوە شۆرشگێڕییەکە دەئاڵێ!.. بۆیە دەبێت لە سنووری ڕاگرتن و دەست کردنەوە و دوور خستنەوەی لە داگیرکەرەکە و ڕێ لێ بڕینەوەی جێ گۆڕکێ، لە قەبارەی خۆیدا سوود لە لانە ئیجابییەکەی توانا و ووزەی وەربگیرێت، لە گەڵ ئەو داڕنین و دادۆشینی ووزە ئیجابیە بەرە بەرە و باڵ کردنی و ڕووتاندنەوەی لە هۆ و ئامرازی خراپەکاری و گەمارۆدانی بە جۆرێکی وا کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کەم بکات، زیاد نەکات .. و حسێبی هەموو ڕووداو واحتماڵێکی خراپی کتوپریش بکرێت ..

بێ گومان ئەم کارەش لە بارێکی ناسروشتی پەرت پەرت بوونی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و بینە برکێ و بۆڕ بۆڕێنی حیزبایەتی و شەخصی تەسکی ناکوردانە و لە نەبوونی بەرەیەکی پێشکەوتوخوازی شۆرشگێڕانەی نێوان هەموو هێزە شۆرشگێڕ، دڵسۆزەخێر خواکانی کوردا و لە نەبوونی بیرو فەلسەفەیەکی "کوردایەتی" بەرژەوەندی بەرزی نەتەوەی کورد لە هەموو پارچەکانیدا، کارێکی زۆر سەختە و نایەتە دی، بەڵکو چاکترین زەمینەیە بۆ ژیانەوە و زینوبوونەوەی بیروباوەڕ و دەستە و چینی کۆنەپەرستانەش و هەتا جێگیر بوونیشی دووبارە ڕەگ داکوتانیشان چونکە لە بارێکی وادا کابرا ئەوە دەزانێ: ئێرە نا، دێرێ"و" بۆرە نەبێ بازە بێ" .. و هەمیشەش و لە هەر کوێیە دەمامکەکەی کاڵ بۆوە یان ڕووی کەوتە ڕوو، لە لای "منافس" و دوژمنەکەی ئەو لایەنە، دەمامکی نوێ و پاڵدارویشی حازر و بزر و بەرێز

تریش دەبێت! . لە فلانە لا کۆنە پەرستە و کەوتە فیسارە لا پێشکەوتووخواز و لەم بەر شۆرشگێڕە، و لەوبەر شۆرشگێڕی دیموکراسی .. و هەزار و یەک بەند و باو و هەویەی ئاڵ و والا ..

بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا لایەنی شۆرشگێڕو بەتەنگەوە هاتوو، بێ گوێدانە هیچ اعتباراتێکی تەسکی تایبەتی و دەسکەوتی کاتی، دەبێ پێڕەوی ئەو سەرەتا بکات .. ئەوەی نەشی کات قەبە دەبێ و هەڵدەئاوسێ، بەڵام ئەستوور بوون و ئاوسان نەخۆشییە و لە پڕ رۆژێک خاوەنەکەی دەدات بە عەرزدا

٣ – ناکۆکی لاوەکی و سروشتی:

ئەگەر حسێبی وورد کەینەوە و لە ڕووی زانستیەوە بڕیار بدەین، دەبێ بڵێین:

کە ناکۆکی یاسای خۆڕسکی ژیانە، لە سەر ئاستی تاکە تاکەی مرۆڤ تەنها دوو تاک نین کە دەقا و دەق لە قاڵبی یەکتردا بن و کەم تا کورتی لە "بیرکردنەوە و هەڵکەوت و بۆچوون و ئارەزوو و بەرژەوەندی و مزاج و توانا و تێکڕای بینای سایکۆلۆجی و فیزۆلۆژی و ماددی و مەعنەویدا "جیاواز و لێک نەچوون، کە ئەمەش ناتەبایی و بەرانبەری دروست دەکات و سەرەتای ساکاری ناکۆکین .. بەڵام لە تەک یاساو سروشتی خۆڕسکی (ناکۆکی)دا، دەستوری ژیان و خۆڕسکی پێکەوە هەڵکردن و گونجاندن و ڕێکەوتنیش هەیە .. تین و پلەی ئەم ناکۆکی و ڕێکەوتنەش دیاردەی (ناکۆکی و ڕێکەوتن) دیاری دەکات و جوێ دەکاتەوە، کە باری دەرونی و نێزیکی و دووری و هاوبەرژەوەندی و هاوچارەنووسی و دەیان هۆی زاتی و مەوزوعی دەیان ڕسکێنن و لە قاڵبی جیاوازی "بیروبیرکردنەوە و بیر و باوەڕدا" خۆی دەنوێنێ، کەواتە شێوە و جۆری بیرکردنەوە و فەلسەفەی ژیان و بۆچونی مرۆڤەکە، هەڵوێست و مەوقعی خەبات و چالاکی و خانەی کۆمەڵایەتی دیاری دەکات .. هەتا هەتاشە ناکۆکی لاوەکی و سروشتی لە نێو کۆمەڵگا دەمێنێ، بەڵام هەتا دێش ساردتر دەبێتەوە و ڕوو و شێوە و قاڵبی ڕوون و نەرم و (مرن) بە خۆیەوە دەگرێت، هەتا لە نێو یەک دەستە و تاقم و کۆمەڵ و هەتا بیرکردنەوەشدا ئەم مل ملانێ و ناکۆکییە هەیە و شتێکی سروشتییە، تا دەگاتە ئەو شوێنەی لایەکیان لە گرێژنە دەچێت، یان لایەکیان دەبێتە کۆسپ لە ڕێی گەشەو بەرەوپێش چوون و خۆ نوێ کردنەوە، ئەو کاتە ناکۆکییەکە دەگاتە ئاستی لێک ترازان و بەرەنگاربوونەوە، لەو زەمینانەدا کە دابێکی دیموکراسیانە و جوێکی دیموکراسی نییە ڕێی زەبر و زەنگ و زۆر دەگرێتە بەر بۆ بەلاداخستنی ئەو ناکۆکییانە .. بەڵام لە کۆمەڵگایەک کە دیموکراسیەکی ڕاستەقینە و ئاستی هۆشمەندی و تێگەیشتنی کۆمەڵ لە پلە هەڵکشاوەکاندا بێت ئەوا بە ڕێگایەکی هێمنانە و بێ ڕاچڵەکاندن و پێکداچوون لا نەگونجاوە، کۆنە نازانستییەکە دەپۆکێتەوە .

هەموالنامەی کتێب

لەم ڕوانگەیەوە بڕوانینە کێشە و ناتەبایی و ناکۆکییەکان نێو کۆمەڵی کوردەواری، بار و هەلومەرجی کۆمەڵگاکەمان و قۆناغی خەباتی ڕزگاریخوازی بگرینە بەرچاو. ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت کە زۆربەی هەرە زۆری دەستە و کۆمەڵ و تاقم و چین و بیرەکانی نێو کۆمەڵگای کوردەواری لە سەر خاڵێکی گرنگ و سەرەکی و چارەنووسی کۆدەبنەوە ئەویش مل نەدانە بۆ واقعی پڕ ستەم و ناجۆر و سەپاوی سەر نەتەوەی کورد و هەوڵی هەڵتەکاندنی ئەو ژێر دەستەیی و چەوساندنەوە "نەتەوەیی"یەی بە سەر کوردا سەپاوە و ڕاست کردنەوەی باری ناسروشتی کورد و بە دیهێنانی مافە نەتەوایەتییە ڕەواکانی، وەک هەر نەتەوەیەکی دیکەی سەر ئەم گۆی زەویە .. دیارە لە ووردەکاری و مەبەست و بەرژەوەندی و هەتا شێوە و جۆر و شێوازی ئەو خەبات و چارەسەریەدا، جیاوازی هەیە و هەر لایە و دەستەو بیرکردنەوەیەی بۆچوون و مەبەست و و بەرژەوەندی و ڕوانگەی تایبەتی خۆی هەیە هەموان لە سەر ئەو خاڵە گرنگە سەرەکیە ڕێکن کە نەمانی ئەو بارە و هاتنە پێشەوەی بارێکی سروشتی و گونجاوە .. ئەوەی دەمێنێتەوە یان دوورە پەرێز و بێ لایەن و بێ هەستە، کە وەک دەڵێن: دەستی بە کڵاوی شڕی خۆیەوە گرتووە بانەیبات، وەنەبێ قایل بێت بەم بارە، یان بارە نوێکە لە بەرژەوەندی نەبێت، بەڵکو توانای خەبات و قوربانی دانی نییە و باجی سەربەخۆیی پێ نادرێت، خۆ ئەگەر بە بەلاش و بێ ئەرک و هیچی تێ نەچێت بۆ ئەم، بارێکی دی بێتە پێش ئەوا چۆن ملی بۆ واقعە سەپاوەکە داوە ئاواش بۆ نوێیەکەی دەدات، دەردی:

(کێ کەر بێت ئەمان کورتانن)ە .. یان دەستەیەکن کە بەردەوامی ئەو بارە و بەرژەوەندی ڕادەگرێت و پاکتاو بوونی بارە سەپاوەکە بازاڕی گەرمیان سارد دەکاتەوە، ئەمانە کە زۆریان بۆ هات و ناچاربوون کە شوێن و خانەی خۆیان دیاری کەن، ئەوا بێ سێ و دوو دەکەونە باوەشی داگیرکەرەکەوە .. ئەوسا حسێبی دەست و دایەرەی دوژمنیان بۆ دەکرێت و لە سەنگەری جەماوەر، یان هەتا بێ لایەنییەوە دەخزێنە بەرەی دوژمن و ناکۆکییەکە لە گەڵیاندا دەبێتە ناکۆکی ناوەندی و حسێبی بەشێک و باڵێکی دوژمنە داگیرکەرەکەی بۆ دەکرێت .. لەمانە بەدەر، هەموو ئەوانەی خۆیان لە بەرەی بەگژاچوونەوە و بەرەنگاری کردنی داگیرکەرەکەدا دەبێننەوە، لە بەرەی جەماوەردا و هەموو ناکۆکیەکانی نێوانیان لاوەکی و سانەوین، کە دەبێت بە پێ یاسای بەربەرەکانی هێمنانە و بینەبڕکێیە دیموکراسیانە ناکۆکیەکان بە لادا بخرێن و لە هەموو پێکداچوون و بەیەکەوە خەریک بوونێک دوور بگیرێ .. ئەگینا تەقینەوەی ناکۆکیەکانی نێو کۆمەڵ و بەرەی گەل بە توندی و پەنابردنە بەر زەبر و زەنگ و بەیەکەوە خەریک بوون، لە بار و قۆناغێکی وەکو ئێمرۆی کوردا،

لاوازکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و تێکدانی ڕیزەکانی شۆرشگێڕان و گێرشێوێنی و پشێوی دیلیەتی لە گەردنی کورد توند دەکات زەمینەیەکی واش خۆش دەکا کە ڕیزەکانی شۆرشگێڕان ببێتە مۆڵگای هەوا و هەوەسی دەروونی نەخۆشانە و بەرژەوەندی شەخصی .. کە ئەو پشێویەی ئێمڕۆی سەر گۆڕەپانی خەباتی نەتەوایەتیمان لەو بارە نا لە بارە شەخصییە هەڵساوە و بەردەوامە ..

بۆیە دەبێ پێشمەرگە قارەمانەکان و شۆرشگێڕانی کورد، سەر بە هەر بیروبیرکردنەوە و دەستەیەکی سیاسین، بە ووردی ئەم سێ جۆر و پلە ناکۆکییانە ڕەچاوکەن و هەر یەکەی بە شێواز و ڕێ و شوێن و هۆی پێویست و سروشتی زانستیانە کاریگەرانە بەلادا بخەن و مامەڵەی لە گەڵدا بکەن، ڕێ نەدەن کە دۆست و دوژمنیان لێ تێکەڵاو کرێت و خانە و پایەگەی خەبات و کۆمەلایەتی و هیچ لایەنێکی لێ چەواشەکرێت و شەڕی ناوەخت و لاوەکی لە مل ئاڵێندرێ، ئەگەر لەم دیدگا زانستیەوە نەڕوانینە کێشە و نا تەبایی و ناکۆکیەکان، بە سەر زۆر تەڵەدا هەڵدەپەڕێنریین و هەموو ئەو هەڵخزان و خلیسکانە خیانی و جاشێنی و هەڵە و هەڵدێرانەی تا ئێمڕۆ هاتۆتە پێش تاکە تاکە و کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ پیرەونەکردنی ئەم سەرەتا زانستییە واقعیانە. زۆربەی هەرە زۆری هۆی ناکامی و تێشکان و دواکەوتنی خەباتی نەتەوەییمان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ماکە کوشندە شەو کوێریەی نێو سەرە و بەدەستەکانی جولانەوەی کوردایەتی .. و ئەو گاڵتە جاڕی برا کوژی و کورد کوژیەی ئێمڕۆ و چەند ساڵەی لەمەو بەریش هەر لەمەوە هەڵساوە .

مێژووش بڕیەتی لەو نموونانەی کە گەلانێ بوون نەیانتوانیوە پێکەوە هەڵکەن و هاوکاری لە گەڵ یەکدا بکەن، کەوتوونەتە ژێر چەپۆکی گەلانێکی دیکەوە کە لەوان دواکەوتووتر بوونبەڵام لەوان کۆک و یەکگرتوو تر بوون!.. دوور نەڕۆین یۆنانیەکان هەر کە یەکیان گرت ئەو ئیمبراتۆرێتە زل و زەبەلاحەی فارسیان تێکشکاند .. بەڵام کە لێک دوورکەوتنەوە و پێکدا هەڵپژان مەکدۆنیەکان بەزانیانن!.

ئیسحاق ئەسیمۆف دەڵێ: ئەو کۆمەڵانەی پتر پێکەوە دەڵکین و دەگوزەرین پتر دەمێننەوە ..

با هەموان بە گیانی کوردانە و کورد دۆستانە و زانستیانەوە و دوو لە خواستی دەروونی و تایبەتییەوە، لە زەمینەی واقعی کۆمەڵگای کوردەواری و لە بەر ڕۆشنایی بیرو فەلسەفەی (کوردایەتی)دا هەنگاو هەڵهێنین و بە ئەرکی میللی خۆمان هەستین، تا بە هەمووان کورد بگەیەنینە کەناری ئارامی "سەربەخۆیی، ئازادی» ..

## له خۆتم بپارێزه!

سەگ بە ڕیوی گوت:کەی جێژنەتانەبێم بۆ دیدەنی و بێنم جێژنانە
وتی: ئەو ڕۆژەی کـــە تۆ نابینمگەورەترین جێژنە لە ماوەی ژینم

**************

**مامە! تو سەری ساکسۆن و مام سام تو لەوبەری ئاو من لە ئاسیام**
**پێم ناڵێی چی تۆی گەیاندۆتە لام بە درۆ و دەلەسە خۆی کردە برام**
**دەتەوێ بە زۆر دۆست و یارم بی لە خەتەری سوور پارێزگارم بی**
**بێ بەرەو خوێن مژ،خاوەنی هێزی خواهی و نەخواهی هەر دەم ڕاوی**
**ئێستاش تۆ ڕەنگە بەوەم بزانیکە جاری جاران لێمت دەڕوانی**
**نا،نا، وەک جاران نەماوم مامە!!نەت ناسم لەبەر ریش و عەمامە**
**دیوی ئاوەژووت لێم ڕا دیارە کارت شکاری گەلێ نزارە**
**ئەگەر تۆ مەردی خودای نەخواستە لە ملیۆن قسەت یەکێکی ڕاستە**
**دەتەوێ دەرچم لە بەڵا و خەتەرنەفەسێک بدەم منی خاکە سەر**
**ڕزگارم بکە لە چنگاڵی خۆتمن لە ماڵی خۆم،تۆ لە ماڵی خۆت**
**لە تۆ خەتەر تر دوژمن ناناسمتەنیا لە تۆیە ترس و هەراسم**
**خەتەری شین و سوورم هەر خۆتیبەڵای نزیک و دوورم هەر خۆتی**
**هۆی چاوی سوور و ڕەنگی زەردم تۆیمایەی هەژاری و ڕەنج و دەردم تۆی**
**تۆ دەس هەڵگری و دەرچی لە دیارم بە مەرگت ئەودەم ئازا و ڕزگارم**

## هەر کوردم

**بەدەربەدەری یان لە ماڵی خۆملەخاکی عەرەب،لە ئێران و ڕۆم**
**کۆک و پۆشتەبم، ڕووت و ڕەجاڵ بم کۆشکم دەقات بێ، وێرانە ماڵ بم**
**ئازا و ڕزگار بم شادن و خەندانیان زنجیر لە مل لە سووچی زیندان**
**ساغ بم جحێڵ بم بگرم گوێ سوانان یان زار و نزار لە نەخۆشخانان**
**دانیشم لەسەر تەختی خونکاری یان لە کۆڵانان بکەم هەژاری**
**کوردم و لەڕێی کورد و کوردستان سەر لە پێناوم گیان لەسەر دەستان**
**بە کوردی دەژیم بە کوردی دەمرمبە کوردی دەیدەم وەرامی قەبرم**
**بە کوردی دیسان زیندوو دەبمەوەلەو دنیاش بۆ کورد تێ هەڵ دەچمەوە**

هەژار

# بانگی لە سەنگەری پاسۆکەوە

ک. ڤالْد هایمی بەڕێز

سڵاو ..!

ئێمرۆ دەی کانوونی یەکەمی ١٩٨١ – ٥!، لە نێوان ئەم دەی مانگەء دەی کانوونی یەکەمی ١٩٤٨ دا سی و سێ ساڵ نێوان هەیە، بە حسێبی وورد دوازدە هەزار و پەنجا وسێ ڕۆژ دەکات! کە لە بەیاننامەی ٣٠ مادەی مافی مرۆڤدا، لە گەڵ ٣٤ بڕگەی پارسەنگدا، مافەکانی مرۆڤیان دا بە گوێی هەموو دنیادا، ئێمەی کورد هێندەی ئەو ڕۆژانە گوێ بیستی بووین، شەصت هێندەی ئەو ڕۆژانە چاوەڕوانمان کرد ڕەنگ و ڕوخساری نازداری لە کەلێکەوە دەرکەوێ، بەڵام بوو بە (هات هاتەکەی ڕۆم) و هەر نەهات! ئەوەی گەیشتۆتە ئێمە چەقۆیەکی تیژە ڕۆژی سەدان کوردی لە کوردستانی بەشکراو و داگیرکراودا پێ سەردەبڕن. ئەوەی بە ئێمە بڕاوە لێفە و عەبا و بەرماڵەکانی نێو ساڵۆنەکانتانە کە عەیبی داگیرکەران و تاوانی دوژمنانمانیان پێ دادەپۆشین .. لەو ڕۆژەوە ئەو بەیاننامەیەتان بە هەموو دنیادا بڵاوکردەوە، ئەگەر بتانخستایەتە سەر پشتی کیسەڵە شەلێکیش ئێمرۆ دەگەیشتە کوردستان .. هەزار و حەوت سەد و حەڤدەه هەینی موسڵمان و شەممەی جومان ژمارد، سی و سێ نەورۆزو "عید المیلاد"مان گێڕا و سی و چوار جێژنی قوربان و ڕەمەزان و بەراتمان بەڕێ کرد، شەصت و شەش دەستە جلکی نوێ و جووتە پێلاومان لە هەڵپەرکێی پێشوازیدا پواند و دڕاند .. ئازیزەکەمان بۆ نەگەیشت!!؟

یان ئەوەتا سکەی شەمەندەفەری خواری کیپلینگ.

the west is west and the east is east

and the two willnever meet

لە خەت لایداوە ..یان لە ڕێگە بە بۆنی نەوت کەوتووە!!. بە گۆڕی گلادستۆن و سەری مام سام، ناویان بە کۆڵەکەی ئاشدا چێت .. و بە خۆینی ئاڵی شەهیدانی کوردستان کە سەریان وەکو چیاکان قیت ڕاگرتووین – کێو لە نێوان ئەو دوو سوێندەدا بێت – ماف چکلێت نیە بیانبەخشنەوە، تۆی بێچارەش دا بلێت و بەس .. بەس دەمانەوێ بزانن و بزانیت کە گەپی وا ئێمە فریو نادات .. کیسەشمان بۆ تۆزی دەهۆل هەڵنەدووریوە، دەمانەوەێ تەنها ئەوە بزانن، کە دەزانین «مافی مرۆڤ» درۆیە بوو، لە دەمی هەڵەوەڕی مێژوو دەرچوو ...

ئێمە دەزانین ئەو مافانە و سی و سێ و شەصت و شەش و ئەوەندەشیان تەنها لە لوولەی تفەنگەوە سەر هەڵدێنێ ..ئەوەش ڕۆژگار، کەی نوینەرانی ئێمەی کورد، نوێنەرانی ڕاستەقینەمان، نوێنەرانی ڕەنجدەران و زەحمەتکێشانی نەتەوەکەمان هاتە ئەو هۆڵەوە، ئەو کاتە خۆمان خەوتان لێ تێک دەدەین، پەردە هەڵدەماڵێن و دوایی بەو تراژیدیا ڕەزاگرانە دێنین .. مافی مرۆڤمان لێتان دەوێت .. بۆ فەلەستینی، بۆ باسک، بۆ ئیرلەندی .. و بۆ هەموو مرۆڤێکی چەوساوە و ژێر ستەمی ئەم دنیایە ..

(they will be meet)ی دەکەین و دەرمانی بۆ برەی نەوتیش لە هەمانەکەماندا دەبێت!!

دە ئیتر ئێوە مەرگێ کەپی خۆتان پەنجە ژمێر کەن ..

هێزی پێشمەرگەی پاسۆک

## داستانێک

لە وڵاتی خوا پیاواندا یەکەم جار منداڵ چاوی بە باڵای هۆڵێکی مەرمەڕیی وشەو چراخاندا هەڵدێنێ.. منداڵی ئێمەش یان بەرپۆشی ڕەشی مامانەکە،یان بە دامێنی کراسی ڕەشی دایکیدا چاو هەڵدێنێ.

لە وڵاتانی ئازاد دا منداڵ بە مۆسیقای بێتهۆڤن و مۆزارت پەردەی گوێی دەدەنەوە، لە وڵاتی ئێمە بە شریخەی تەقە و زرمەی بۆمبا و دەبێ گوێی بکرێتەوە.

لەوڵاتی ڕزگارکراودا،منداڵ درەنگ پێ دەگرێ، چونکە باوەشی دایکیهەڵی دەگرێ و ئامێزی باوکی بلندی دەکاتەوە..لەخاکی ئێمەشدا دەبێ سۆمای چاوانی بچێ لە دیاری چاوەڕوانیی گەڕانەوەی باوکی پێشمەرگەی یان وون بووی،یان گیراویدا!! بۆیە بە باوک دەڵێن کاکە و بە باپیر بابە!..

ئەم داستانەش وتتووێژێکی سادە و ساوایانەی منداڵێک و دایکێکە .با بزانین منداڵانی ئەم شارە چ ڕاز و نیازێک دەیانخواتەوە و بەدەمی چییەوە سەر دەنێنەوە..

ئەرێ دایە!.

ئەوە بۆچی منداڵانی ئەم شارە هەتا گوێیان لە شریخەی تفەنگ نەبێ خەویان نایە؟!.

+ بنوو ڕۆڵە تاقانەکەم!. وڵاتەکەت هەزاران بەڵای بە شوێندایە!.

+ توخوا دایە! دە پێم بڵێ خەوم نایە!

- بۆ نازانی ڕۆڵە تاقانەکەم.. ئازادی لە لوولەی تفەنگدایە؟!..بۆ نازانی شریخە داوای مافێکی ڕەوایە؟!. بۆ نازانی گوێزەبانەی منداڵەکان لە پریاسکەیەکی غەمدایە؟!.

+ باشە دایە..

ئەو پیاوانەی کە شریخە ئەکەن بە لای لایە.. هەر لەو بەرگەی باوکی منیان لەبەردایە؟!.

- بەڵێ ڕۆڵە تاقانەکەم..

هەر لەو بەرگەی باوکی تۆیان لەبەردایە.. بەڵام هەشە هەمان بەرگی لەبەردایە، وەی داخ هەزاران داز، لەگەڵ بەرەی دوژمندایە!!.

بنوو ڕۆڵە تاقانەکەم

نووستن هەستانی لە دوایە!!.

هەواڵنامەی کتێب

## {{قوتابخانەی پاسۆک}}

**تاک و کۆمەڵ...**

تاک و کۆمەڵ دوو شتی ئاوێتەی پێکەڵ پێکی پێویستی یەکترین: نە تاک بێ کۆمەڵ دەبێت و نە "کۆمەڵ"ی بێ تاک"ان پەیدا دەبێت ... لە سەرێکەوە خەسڵەتی هەرە دیاری مرۆڤ ئەو گیانە کۆمەڵایەتیەیەتی کە لە گیان لەبەرانی دیکە جیای دەکاتەوە: سەرباری هەموو خەسڵەتەکانی دیکەی .. هەر هەڵکەوتی مرۆڤ خۆی هەڵکەوتێکی کۆمەڵایەتیانەیە، بەوەی کە تاکە چەکی خۆڕاپسکان و «پەلەی»ی هۆشیەتی و هۆشیشی بە ناچاری مرۆ بەرەو ژیانی کۆمەڵایەتی دەبات .. لە ڕووی هەڵکەوتی بایۆلۆجی مرۆڤەوە، ئەو گیان لەبەرەیە کە بە چکەکانی نێزیکەی چواریەکی ژیانیان اعتمادیان لە سەر دایک و بابیانە ئەمە خۆی یەکەم خشتی ژیانی کۆمەڵایەتی کە «خێزان» دەڕسکێنێ لە سەرێکی دیکەوە (تاک) لە ناو کۆمەڵدا ژمارەیەکی «سلبی»نییە، خۆی دنیایەکی سەربەخۆیەتی و دیسانەوە هۆش ئەو خەسڵەتی» بێ نموونەیی» و «سەربەخۆیی»ە دێنێتە پێش .. بەمەدا مرۆڤ لە ناو کۆمەڵدا پتر مرۆڤایەتی خۆی دەدۆزێتەوە و بواری تەعبیر کردن لە خۆی بۆ دەڕسکێ .. ئەگەر چی سەرتا سەری مێژوو مرۆڤایەتی و ئێمڕۆش ململانێی هەرە دیاری نێو ڕژێم و تیۆر و فەلسەفیەکان بە دەوری ئەوەدا هەڵچووە کە کامیان بەر ترە .. تاک، یان کۆمەڵ؟ کامیان گرنگ تر و پیرۆز تر و پێویست ترە .. تاک یان کۆمەڵ؟ کامیان دەبێت قۆچی قوربانی ئەوی دیان بێت؟. تا دێت ئاڵوز دەبێت و لک و ڕێچکە و لاباسی لێ دەکەوێتەوە و زۆربەی هەرە زۆریشیان لە بازنەیەکی داخراودا دەخولێنەوە نە ئەوەتا بتوانن (تاک)ەکە ئاسوودە و بەختەوەر کەن .. نە "کۆمەڵ" پەیوەست تر و قایم ترا..

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پێچەوانەیی و چەوتێتی دەست پێ کردن و سەرەتاکان .. بۆ گۆشە نیگای یەک سووچی – البعد الواحد – و یەک گۆشەیی باسەکە .. و بۆ کەرت کردنی یەک یەکەکە کەرت کردن هەڵناگرێ، چونکە هەر بە سەرنج دانی کۆمەڵ یان تاک بە جیا و جیاکردنەوەی هەر یەکێکیان .. یان پێش خستنی یەکیان لەوی دیکە ئەو لەترە بە باس و بۆچونەکان دەکات .. لە چاخە کۆنەکاندا تاک قەترە بە دەربایی کۆمەڵ بووە و پاشا و قەراڵ و ئاخوند و خەلیفە و پاپاکان، مافی زەوت کردنی ئازادیەکانی تاک و کەڵەگاییان بە سەر تاک و کۆمەڵدا بە مافی خودایی و پیرۆز و ئاسمانی دەناساند .. لە چاترین حاڵەتدا خۆیان کردبوە دەم ڕاستی کۆمەڵ

و تاکیشیان لەو دەریایەدا سەرە و نگوم کردبوو!. ئەمە جگە لە هەندێ سەرنجی تیژی فەیلەسوفانەی سەردەمێکی کەمی یۆنانیەکان و جگە لە ئاینی ئیسلام بە شێوەی تیۆری کە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە و تەنها لە سەرەتای حکومەتی "راشدین"ەکاندا پێڕەو دەکرا!..

لەسەدەی هەژدەهەمەوە بزووتنەوەیەکی فیکری و فەلسەفی سەری هەڵدا، کە پاشان بە شۆڕشی فەرەنسای گەورە تەواو بوو. کە"رد الفعل"ێکی ئەو بارە نالەبارەی ژیانی مرۆڤ بووە و هەر لە سەرەتاوە دروست پێچەوانەی بیرو داب و دەستوور و فەلسەفەی حوکمی پێشوو ڕێچکەی دەگرت و مەزهەبی تاکایەتی«individalism» کە خۆی لە دروشمی چینی بۆرژوای تازە پێ گەیشتووی پێشکەوتوودا دەبێت: "لێ گەڕێ چ دەکات بکات" دا ڕەنگی دایەوە .. ئەم فەلسەفە تا ئەو ڕادەیەی هەموو بنەما فیکریەکانی بیری کۆنی هەڵتەکاند و مرۆڤی لە کۆیلەتی ڕزگارکرد، بیر و ئەندێشەیەکی مرۆڤانە و پێشکەوتووخوازانە بووە – ئەگەر نەڵێین پێویستی سەردەمی خۆی بووە .. بەڵام دیسانەوە ئەمیش خۆی لە خۆیدا گۆشەنیگا و سەرنجێکی یەک گۆشەیی بووە، بۆیە ئەو خەراپە و شەڕانەی لێ کەوتنەوە لەوەی بەر لە خۆی کەمتر نەبوو .. هەزاران کوێرەوەری و زوڵم و چەوساندنەوە لە ژێر باڵی دروشمی (لێ گەڕێ)ی بۆرژوازیانەدا چەکەرەی کردووە و بارێکی سەختی وای هێناوەتە پێش کە "ژان ژاک ڕۆسۆ" – گەڕانەوە باوەشی سروشت – و دەست هەڵگرتن لە قرمە و هاژەی مەکینە و شاری دوکەڵاوی بە تاکە چارەی ئەو بەڵایە بزانێ .. و سەرنجێکی ووردی شاکارەکەی لانەوازانی فیکتۆر هیگۆ و سەدان نوسەر و پیاوچاک و تیۆرست و فەیلەسوف، ئەو بارە سەختە ژیانی مرۆ دەردەخات و دواتر دەنگی مارکس بڵندترین دەنگێک بووە لە ناویاندا دژی چەوساندنەوە و فەلسەفەی تاکایەتی ..

ئەمەش لەوەوە هاتووە، لە گەڵ هەموو دروست و ناچاریی شۆڕشی پیشەسازی و بانگەوازی و فەلسەفەی لیبریالی دا، چونکە لە سەر گۆشە نیگای تەسکی یەک سووچی هەڵچوو بوون و تەنها (مرۆڤ)یان بە ڕووتی دەبینی، ئەو خەراپە و کێشە و نەهامەتیانەی لێ کەوتۆتەوە .. چونکە ئەوان (مرۆڤ)یان بە جیا دەدیت و ڕووتیان دەکردەوە لە خەسڵەتە هەرە گرینگەکەی کە "ژیانی کۆمەڵایەتی"یەتی .. ئەوان مرۆڤیان بە دەر لە کۆمەڵ دەبینی، دەیتیشمان، کە نە "تاک"ی بێ کۆمەڵ هەیە و نە "کۆمەڵ"ی بێ "تاک"ان ..

لەم بارەیەوە چەندین تیۆر و بۆچوونی فەلسەفیانەی جیاجیای دژ بە یەک و نا تەبا هەن، کە هەر یەکەی بە دووی ئەوەدا دەگەڕێ کە چۆن بتوانرێ مرۆڤ ئاسوودە کرێت، بەڵام دیارە تەنها ویستی خێرمەندانە بەس نییە بۆ چارەسەری کێشەکان و هەڵدەکەوێ هەندێ جار، ئەوەندە لە ڕاستی دوور وەکەوێت کە تەنها لە سەر لاپەڕەی ڕوو پەڕە نووسراوەکاندا بتوانێ بژی و هەستیان بێت لە باتی چاککردنی خەراپ تری کات .. لەم تیۆرانە:

١ – تاکایەتی «individualisme» پێیان وایە کە دەبێت دەسەڵاتی دەوڵەت یان کۆمەڵ تا ئەوپەڕی توانا کز بکرێتەوە و مرۆ بناغەی دەسەڵاتەکانی بێت، دەوڵەت تەنها کارێکی ئەوەیە کە پارێزگاری ئازادیەکانی تاکەکان بکات لە دەست درێژی کردنە سەری .. ئەم مەزهەبە دەتوانرێ بە مەزهەبی بۆرژوا و وڵاتانی سەرمایەدار حسێب بکرێت .. کە پتر چاودەبڕێتە ئازادیە سیاسییە ڕووتەکانی مرۆڤ ...

٢ – کۆمەڵایەتی «socialisme»: مەزهەبێکی بەربڵاوی چەند لانەیە، کە دەتوانرێ هەموویان تەنها لەو خاڵەدا کۆبکرێنەوە، کە پێیان وایە دەبێت بەرژەوەندی و سوودی کۆمەڵ بەرچاوترگیرێت و (تاک) لە کۆمەڵدا بتوێنەوە بەمە تاک دەتوانێ بە ئازادانەی ڕاستی، و بە یەکسانی بژی .. هەندێ ڕێچکە و قوتابخانەی فیکری وایان تێدایە کە زۆر کەم تاک تێ دەخوێنێتەوە، بە جۆرێکی وا کە لە "مرۆڤایەتی" دەخات و ڕێ خۆش دەکات بۆ جۆرە دیکتاتۆریتێکی بە ناو – گەلی!–

٣ – بێ حوکمەتی «anarchisme» ئەمانە لە کورتی دەیبڕنەوە و پێیان وایە سەرچاوەی هەموو کێشە و نەهامەتیەکانی مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی کۆمەڵ بە سەر (تاک) دا کە لە (حکومەت)دا خۆی دەنوێنێ .. ئەمانە لە مەزهەبی تاکایەتی "ئازادی مرۆڤ و بەربەرەڵاییان" وەرگرتووە و لە مەزهەبێ کۆمەڵایەتیش" نەهێشتنی موڵکایەتی تایبەتی" .. ئەمانە پێیان وایە کە مرۆڤ خۆی دەتوانێ بە ئازادانە و بە ویستی خۆی لە گەڵ تاکە هاوچەشنەکانی یەک گرێت و بگوزەرێ، دەوڵەت و یاسا و دەستورانی سەپاو لەو ئازادی و هەڵبژاردنە ئازادانەیەی مرۆڤ کەم کاتەوە ...

ئەمان جۆرە ناتەباییەک دەبینن لە نێوان دەسەڵات و ئازادیدا، یان کۆمەڵ و تاکدا – چونکە دەسەڵات لە کۆمەڵەوە پەیدا دەبێت، جا چۆنیەتی و شێوە و جۆری توندوتیژی و بەکارهێنانی باسێکی دیکەیە، بەڵام نەهێشتنێ هیچ دەسەڵاتێکی دیاری و قەرادرا و بێ شک لە ئازادی تاکەکان کەم کاتەوە، ئەگەر نەڵێین هەر نای هێڵێ، چونکە ئەو کاتە و بە تایبەتی لە کۆمەڵگایانێکی ئاڵوز و پێکداچووە و فرە چینی وەکو

ئەم سەردەمەماندا – کەس لە کەس دەبێ و دەردی کورد دەڵێ: دەسەڵاتدار دەیبا و بێ دەست تەماشای دەکات .. لە ناو ئەمانیشدا چەندین ڕێباز و قوتابخانەی جیا جیا هەیە ..

٤ – مەزهەبی تاکێتی ڕسکان . المزهب الفردی الخلقی .. دەڵێین مرۆڤ چونکە بەرژەوەندی خۆی دەزانێ پێویستە بەری بۆ بەرەڵاکرێت و هیچ کوسپێ نەهێندرێتە ڕێگەی بۆ جێ بە جێ کردن و بە ئەنجام دانی ئەو بەرژەوەندیانەی دروشمیان ئەوەیە .. مرۆڤ بە ئازادی لە دایک دەبێت و مافی بێ چەند و چوونی ئازادیان هەیە و دەبێ ڕێز لەو مافانە بگیرێت .. و هەر جۆرە بەربەستیەکی ئازادی مرۆڤ، شەڕی لێ پەیدا دەبێت .

٥ – مەزهەبی تاکێتی سیاسی: ئەم مەزهەبە لە تیۆری ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی – العقد الاجتماعییەکەی ژان ژاک ڕۆسۆ کەوتۆتەوە، کە پەرچدانەوەی تیۆری مافی خوایانە بووە، لەو مل مڵانییەی نێوان حوکمی ئۆتۆکراتی و شایانە و دیموکراسی .. ئەمان باوەڕیان بەوەیە کە مرۆڤ لە بنەڕەتەوە چوون یەکن مافی سروشتی دیاریان هەیە بەڵام دەوڵەت دەستکرد و دەستکردی خۆشیەتی کە لە سەر ڕێکەوتنی خۆیان و بۆ پارێزگاری ئەو مافانە هاتۆتە پێش .. بۆیە نابێت لە سنووری ئەو پارێزگاریە تێپەڕێنێت و کەیش تێ پەڕاند گەل بۆی هەیە ئەو ڕێکەوتنە هەڵوەشێنێتەوە بە ڕوویدا بوەستی ..

٦ – مەزهەبی یەکێتی ئابووری:ئەمە لـەوەوە هاتووە کە کێ برکێ "تنافس"ی ئازادانەی ئابووری لە کۆمەڵدا دەستکەوت و سوودی ئابووریانەی لەوە پتر دەبێت ئەگەر حکومەت دەست بهاوێژێتە چالاکیەوە، ئەمەش بە مەزهەبی بازرگانی ئازاد (faire –laissez) ناسراوە بەرانبەر ڕژێمی بازرگانی (mercantile system) کە بۆ بازرگانی بەرهەم و پیشەسازی نیشتمانی سنوور و ڕێچکەی بۆ دادەنا ئەم مەزهەبە لە لایەن فیزۆکراتیەکانەوە "ئـادام سمیپ"ی زانـای ئابووری ڕابەرایەتی دەکردن دروست بوو .. هەرچی شەڕی ڕژێمی سەرمایەداری هەیە لەم مەزهەبی بازرگانی ئـازادەوە کەوتەوە و هەر زوو بە زوو بـووە بـەڵای چینی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کۆمەڵگە ..

٧ – مەزهەبی تاکێتی زانستی: لە سەر ئەو قەناعەتە هەڵساوە کە تیۆری "گۆڕان" و گەشەکردنی زیندەوەران" ڕێچکەیەکی سروشتی هەیە و لە ململانێی مانەوەدا .. چاکترین جۆر دەمێنێتەوە و ئەوانی تر لە بەین دەچن، ئەم عەمەلیەتەش دینامۆی

پێشکەوتنە .. بۆیە پێویستە دەسەڵات و دەوڵەت چە دەخلێکی نەبێت بە سەر چارەنووسی تاکانەوە!! "هربرت سپنسرspecer!!» تیۆرستی ئەم مەزهەبە نامرۆڤانە درا\ندانەیە .. هەر چوار مەزهەبەکەی (تاکێتی"رسکان، سیاسی، ئابووری، زانستی")یش تبریر کردنی ڕژێمی سەرمایەدارانە و پاراستنی بەرژەوەندی چینە چەوسێنەرەکانن .. و بە ناچاری مل لە تێشکان دەنێن .

٨ – سیندیکالی«syndicalisme»: لە بنەرەتدا ووشەکە بە مانای "نەقابە" "یانە"یان یەکێتی"دێت، کە لە فەرەنساوە سەری هەڵداوە .. ئەمانە پێیان وایە هەرچی دەسەڵات و حکومەتانێک هەیە لە بنەڕەتەوە بۆ ئەوە دروست بوون کە بەرژەوەندی چێنە هەڵکشاوەکانی کۆمەڵ و چەوسێنەرەکان بپارێزێ .. و نە دیموکراسی و نە دەسەڵاتی گەل پەیدا دەبێت تا کرێکار و دەست بە سەر هۆکانی بەرهەم هێناندا نەگرن و جۆرە ڕژێمێکی "فیدریالی ئابووری"انە لە ژێر دەسەڵاتی کرێکاراندا دروست نەبێت،، بە مانا بەرهەم هێنەران جڵەوی ژیانی ئابووریان لە چنگدا بێت .. ئەمانە زۆر بە لای سیاسەتەوە ناچن ..

٩ –نەقابەی سۆسیالیستیەکان «guild socialisme». پایەگەیان لە ئینگلترادا بووە، سەرچاوەی بیریان، باوەڕی سیندیکالیەکان کە بەرهەم هێنەران جڵەو بەدەست بن ... ئەمان حەز بەوە دەکەن کە کاری سیاسی و ئابووری لێک جوێ کرێنەوە ئەمان وەکو سیندیکالیەکان تەنها بە تەنگ بەرژەوەندی و سوودی بەرهەم هێنەرانەوە نین، بەڵکو بەرژەوەندی «بەکارهێنەران – المستهلکین «یش بەرچاودەگرن .. باوەڕیان ئەوەندە بە دەوڵەتە کە تەنها دەوری ناوبژیکەر و ڕیش سپی نێوان نەقابە کرێکاری و پیشەییە جوێ جوێکان ببینێ .. چونکە پێیان وایە ئەو ڕژێمە بەرە و «بیرۆکراس» دەچێت نەک دیمۆکراس، ماوەتەوە سەر پێناسە ئازادیەکان .. هەر چەندە ووشەی «ئازادی» خۆی هەر کەسەو بە جۆرێک لێکی دەداتەوە و جاری وا هەیە هێندە لە بەر یەک دەکێشرێتەوە کە بوونی کۆمەڵایەتی مرۆڤ لە گرێژەنە دەبات و دەبێتە بەرەڵاییەکی وا کە ناگونجێ لە گەڵ مرۆڤایەتی .. هەشە هێندەی تەسک دەکاتەوە و وێک دەهێنێتەوە کە فرزە لە مرۆڤ دەبڕێ و مرۆ لە مرۆڤایەتی دەخات، ئەمەش بە نێوی «هەقی خودایانە» و «گەل» و «چین»یشەوە دەکرێن .. بەڵام ئازادی ڕاستەقینە لەنگەر گری نێوان پاراستنی خەسڵەتی مرۆڤانەی مرۆڤ و پێویستی و ئەرکەکانی کۆمەڵایەتییەتی ..

١ – ئازادی سروشتی: ئەو مافەی مرۆڤە کە چی دەکات بیکات بێ هیچ کۆسپ و تەگەرەیەکی ناسروشتی کۆمەڵ و دەوڵەت .
٢ – ئازادی نەتەوایەتی: مرۆ لەو کۆمەڵە جوێ جوێیانە هەیانە کە "نەتەوە"یە، مافی ئازادانەی سەربەخۆیی و ژیان و خۆی بوونیان هەیە، مافی دیارکردنی چارەنووسی لە سەر ئەم سەرەتایەوە هەستاوە .
٣ – ئازادی سیاسی: زۆر جاران بەمانای دیموکراسی دێت و بەرانبەر حکومەتی گەلییە .. بەو مانایەی کە تاکەکانی کۆمەڵ بە ئازادانە ڕێیان هەبێت جۆر و شێوە و شێوازی حوکمی خۆیان هەڵبژێرن و دیاری بکەن .
٤ – ئازادی مەدەنی: ئەو ماف و هەقانەی تاکەکانی کۆمەڵە کە پێویستە دەوڵەت و دەزگا دەستووریەکان بۆیان بڕەخسێنێ و بپارێزی لە دەست درێژی تاکەکانی دیکە و پێکداچوونیان لە گەڵ ئازادی و مافەکانی تردا .. ئەوەش بڵێین کە ئازادی سروشتی و نەتەوایەتی دوو هەقی مەعنەوین، بەوەی کە مرۆڤ پێی وایە ئەو هەقانە بە حوکمی بوونی مرۆڤانەی هەیە و بۆی هەیە بۆ سەندنی پەنابەرێتە بەر شۆڕش ..
بەڵام ئازادیەکانی "سیاسی و مەدەنی" دوو هەقی قانونین و دەوڵەت لە دەستوور و یاساکانیدا دەیان چەسپێنێ و دەسەبەرەیان دەبێت .. مافە سیاسییەکانی مرۆڤیش، ئەگەر چی بە پێ سەردەم و جۆری ڕژێم و دەوڵەتان دەگۆڕێ – کە لە بنەڕەتەوە ئەو مافانەن – کە دەسەڵاتی حکومەتیش بیانپارێزێ .. لە ڕژێمە دیموکراسی و گەلیەکاندا ئەمانە هەرە گرنگەکانیانن:
١ – مافی بوون یان ژیان – حق الحیاە: ئەمەش بنکەی هەموو ماف و ئازادیەکانی دیکەیە، چونکە مرۆ دەبێ ببێ تا ماف و ئازادی ببێت، ئەم مافانە لە سەرەتا کۆمەڵگەکانی مرۆڤ هەبووە، مافی مانەوە و بەرگری لە خۆکردنیش دەگرێتەوە ..
٢ – مافی ئازادی کەسایەتی – الحریە الشخصیە: بریتییە لە ڕێگەدانی مرۆڤ کە چارەنووسی خۆی و شێوەی زیندەگانی خۆی دیاری بکات، هەموو دەستکێشانە ژیانی کەسایەتی مرۆڤەوە دژ دەوەستێتەوە لە گەڵ ئەم سەرەتای مافی مرۆڤە – مەگەر لە سنوورێکی تەسکدا پێوستی کۆمەڵ ئەمە داوابکات –.
٣ – مافی خاوەنایەتی "موڵکایەتی – حق التملك: ئەگەر چی ویست و خوازی خاوەنایەتی لە ناخی مرۆڤدایە و خۆی خەسڵەتێکی مرۆڤە و غەریزەیەکی خۆڕسکییە بەڵام بۆ زێدە ئاسوودەیی مرۆڤ و بەرژەوەندی کۆمەڵگە و بەرگرتن بە شەڕەکانی بەر بەرەڵاکردنی خاوەنایەتی، وا لە بەرژەوەندی تاک و کۆمەڵیشدایە – ئەگەر

نەشکرێ و نەگونجێ بنەبڕی ئەو ماف و خوازە ڕیشە کێش و پاکتاوکرێ، دەبێ بە لانی کەمەوە سنوور دارگرێت و لە سنووری پێویستیە تایبەتیەکانی ژیان و گوزەران تێ نەپەڕێت – کە ئەمەش باری سەرنجی سۆشیالیزمی واقعیانەی دیموکراسیانەیە .

– مافی ئازادیڕیزی لێ بنرێ و هەتا دەرفەتی دەربڕینیشی بۆ برەخسێندرێ .. تەنها دەسەڵاتداریێتی بۆی هەیە ئەو کارانەی لە بیروباوەڕێکەوە دەکەویتەوە و زیانی تاک و کۆمەڵی تێدایە بەریان پێ بگرێت .. ئەگینا مافی دەربڕینی دەبێ بپارێزرێ .

٥ – مافی ئازادی ڕادەربرین .. کە بەندە بە مافی ئازادی بیرو باوەڕەوە و تەنها لە سەردەمی پشێوی و جەنگدا و بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵ دەوڵت یان دەسەڵاتی کۆمەڵ بۆی هەیە تەسکی بکاتەوە و سنووری بۆ دانێ .

– مافی چوونیەکی بەرانبەر یاسا: لە سەردەمانی کۆندا هەندێ چین و توێژاڵی کۆمەڵ لە چینەکانی دیکە جیا دەکرانەوە و "امتیازات"ی تایبەتیان بووە لە هەڵس و کەوت و ماف و ئەرکدا .. بەڵام لەم سەردەمەدا وا پێویست دەکات و ڕەوایە کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵ چوون یەک بن لە بەرانبەر یاسا و دەستووراتی کۆمەڵدا . چەندین مافی دیکەی وەکو (مافی ڕێکەوتن – التعاقد) و دروستکردنی خێزان و کۆڕ و کۆمەڵ تەشکیل دان و لەم بابەتانە دەسەلمێندرێ ..

بەڵام ئەمانە و هەموو مافێکی دیکەی مرۆڤ دەبێ ئەو لەنگەر گریەی نێوان (مافی تاک و کۆمەڵ)یان تێدا بەرچاوبگیرێ .. هەر وەکو تیۆرستێکی ئیسلام لەم بارەیەوە دەڵێ: لە ڕاستی دا ناتوانرێ تاک و کۆمەڵ لێک جوێ بکرێتەوە، مەسەلەکە وەکو بازنەیەک وایە ناتوانی لە سەر ڕووی ئەو بازنەیە خاڵێ بگریت و بڵێی: ئەم بازنەیە لێرەوە دەست پێ دەکات، یان لێرەیدا کۆتایی دێت .. کۆمەڵیش وەکو بازنە وایە کە هەر خاڵێکی وەکو هەر خاڵێکی دیکەی دەشێ دەست پێکردن و بڕانەوەی بێت یان نێوانی دوو خاڵیانی بێت ..

ئەمەش تا بازنەکە ببێت و ساغ بێت هەروا دەبێت . بەڵام ئەگەر لە بەر هۆیەک بازنەکە شکا، ئەوا دەتوانرێ سەرەتا و بڕانەوەی دیاری بکرێت، بەڵام ئەو کاتە پێی ناووترێ بازنە و خەسڵەتی بازنەیی دەدۆڕێنێ .. کۆمەڵیش هەر وایە ....

## شادەمارە سەرەتاکانمان

**١٠ – مافی پەرستن و باوەڕ و بیرکردنەوە و ڕادەربڕین و هەموو مافێکی دیکەی مرۆڤ پیرۆزن لامان.**

مرۆڤ ئەوەیە کە "سارتەر" لە بارەیەوە دەڵێ: مرۆ ئەو گیان لە بەرەیە بە پەیدا بوونی دنیاش پەیدا بووە .. و خوا بە بەرۆگری خۆی لە سەر زەمیندا دایەنێ: خلیفە الله علی الارض ..

مرۆڤ ئەگەرچی بە ناچاری گیان لەبەرێکی کۆمەڵایەتیە، بەڵام هەروا ژمارەیەکی بێ سەروبنی قەترە بە دەریا نییە و خۆی جیهانێکی تایبەتی خۆی هەیە و بناغەی بنەڕەتی کۆمەڵگەیە .. کە مرۆڤ بێ کۆمەڵایەتی بوون و نێو کۆمەڵ ناتوانێ بژی و ڕەوتی ژیانی مرۆڤایەتی بێ ئەو هەڵکەوتە کۆمەڵایەتیەی ئیمکانی نەدەبوو بگاتە سەرئەنجامی ئێمرۆکەی . هەروەها کۆمەڵگەی بێ مرۆڤیش نەدەبوو و نابێت .. دەتوانین بڵێین کە شەو و ڕۆژ چەندە پێکەڵ پێک و ئاوێتەی یەکن، ئاواش کۆمەڵگە و تاک وان .. تا مرۆڤیش پێش بکەوێ ژیانە مرۆڤانەی کامڵ تر دەبێت و ئەو لەنگەر گەریە پێویستە نێوان کۆمەڵ و تاک ئارام دەبێت و نێزیک دەبێتەوە لەو ئاستە پێویست و دیارییەی شیاوی هەڵکەوتی مرۆڤە ..

«ئازاد"یش گەورەترین دیاردەی ژیانی مرۆڤانەیە و دیکارت ووتەنیش:

هیچ مرۆیەک ناتوانێ لە یەکێکی دیکە مرۆڤ تر بێت چونکە ئازادی، چوون یەک، لای هەموان بێ سنوورە ..

ئەگەر چی ناوە ناوە بریسکەی ڕووناک لە مێژوودا، لە سەردەمەکانی یۆنان و ڕۆماندا، بە تەسکی .. و لە سەردەمی سەرەتای ئیسلامدا بە بەربڵاوی دەربارەی فەلسەفەی مرۆڤ دۆستانە بەدی دەکرێت، بەڵام دەتوانین تا ناوەراستی سەدەی هەژدە و بەرەژوورتریش تای ئەو مل ملانێیەی نێوان مرۆڤ و ئازادیەکانی لە لایەک و کۆسپ و بەربەستە سروشتی و دەستکردەکانی لە لایەکی دیکەوە، بەلای کپ بوونەوەی ئازادی مرۆڤ حسێب بکەین .. و سەرەتای یەکەم سەرکەوتنی مرۆڤ و ئازادیەکانی بگێڕێتەوە بۆ شۆڕشی فەرەنسای گەورە، کە بۆ یەکەم جار لە پێشەکی دەستووری بنەڕەتی فەرەنسادا لە ساڵی ١٧٩١ دا بڵاوکرایەوە کە لە سەر بناغەی سێ دروشمە زیندوەکەی شۆڕشدا (ئازادی و برایەتی و یەکسانی) داهەڵچووبوو .. هەر ئەم دەستووری بنەڕەتیە کە لە ١٠ی دیسامبەری ١٩٤٨ دا بە ناوی اعلانی جیهانی

مافەكانی مرۆڤ لە سازمانی نەتەوە یەكگرتوەكاندا لە لایەن ئەندامانیەوە سەلمێندرا .. كە هەموو مافەكانی مرۆڤ، بێ هیچ جیاوازیەک دەپارێزێ .. بەر لە هەموویان ئازادی تەواوی بیروباوەڕ و پەرستن و ڕادەربرینە .

ئێمە پێمان وایە زەوتكردنی ئازادی مرۆڤێک، مانای زەوتكردن و دانە دواوەی هۆشیەتی، بەمە لە مرۆڤایەتی دەخرێت .. بۆیە بۆ هەر مەبەست و لە ژێر هەر عینوانێكدا بێت بەتوندی دژی دەوەستێینەوە .. و (مافی پەرستن و باوەڕ و بیركردنەوە و ڕادەربڕین و هەموو مافەكانی دیكەی مرۆڤ پیرۆزە لامان) ..

## فەرهەنگۆک

**٣ – بابۆفی – البابۆفیه:**

دەگەڕێتەوە بۆ ناوی شۆرشگێری فەرەنسای گراکوس بابوف «stachus ba-beuf» کە ڕابەری ڕاپەڕینی برسیەکانی شاری پاریس بووە، و لە مێژوودا بە ناوی (پیلانی نایەکسانان) مؤامره الانداد – conspirdation des eqaux – ناسراوە گومانی تێدا نییە کە شۆڕشی گەورەی ١٤ی گەلاویژی ١٧٨٩ی فەرەنسا لە گەڵ هەموو دڕندایەتی و خوێن ڕێژی و نەهامەتیەکدا کە بە سەر هـەزاران و ملیۆنان فەرەنسی و دەور و بەریدا هێناوە، وەکو ڕابەری گەورەترین حیزبی ئەو ڕۆژەی شۆڕش "مادام ڕۆلان"ی ڕابەری جیرۆندیەکان لە بەردەم کێردی "سامۆن" جەللادی بەناوبانگی پاریسدا ڕوو دەکاتەوە پەیکەری ئازادی و دەڵێ: ئای ئازادی چەند تاوان بە ناوی پیرۆزتەوە دەکرێت!. لە گەڵ هەموو لانێکی سلبی ئەو شۆڕشەدا، بە گەورەترین شۆڕشی سەردەم و هەتا مێژووش دەژمێردری و ئەو دووڕیانە مێژووییە بوو کە پێی مرۆڤیەتی نایە قۆناغێکی نوێی ژیاریەوە و هەرچی لەو ڕۆژەوە ڕوویداوە و ڕوو دەدات لە سەرتاسەری دنیادا لە زەمینەی دروشمە زیندوەکانی (ئازادی، برایەتی، یەکسانی)وە سەر هەڵدەدەن ..

لە دوا ژانی ئەو شۆڕشە مەزنەداو پاش ئەوەی جڵەوی شۆڕش و خەڵکی ڕاپەریوی برسی و ڕووت و تینووی ئازادی پاریس چەند دەستێکی ناسی و دوا جار گۆزەی شۆڕش لە سەری دەستەی چەپییە توند ڕەوە "جاکوپیەکاندا – الیعاقبه "دا شکا کە پێشتر" جیرۆندیەکان"و میانە ڕەوەکانی گرتبووە، شۆڕش بەرە و لەنگەر بەستنی دەچوو، ئەگەر نەڵێین لە پاشە کشێیدا بوو، چونکە لە گەڵ ئەوەشدا کە ئازادی یەکسانی سیاسی بۆ هەموو هاولاتیان مسۆگەر کردبوو، بەڵام نەیتوانی سکی برسیان تێرکات و هیوای هەژاران بێنێتە دی .. کە دیارە زۆر هۆ هەبوون کە لەم بوارەدا مەودای باس لێ کردنیان نییە .. پاش لە نێو چوونی ڕابەرانی جاکوپیەکانی خەڵکی هەژار و برسی و بێ دەرەتانی پاریس بێ ڕابەر و ئاراستە کەر مابوونەوە، لەو کاتەدا دەستەیەکی بچوک بە ناوی "یەکێتی پاپنتون» union du pantheon» دەست بە کاربوون، کە لە ناویاندا ماڵەکەی "بابۆف" پاش هەڵوەشاندنەوەی (یەکێتی یەکەیان لە لایەن حکومەتی بەرێوەبەرایەتی)، (الحکومه الاداره)، کەوتنە خۆ و ئەو کۆمەڵە پەرت پەرتانەی جیرۆندیەکانیان لە دەوری خۆ خڕکردەوە و نیازی پیلانێکی کودەتاییانەیان لە دڵ گرت و کەوتنە ڕێ و شوێن و پلان دانانی، بەڵام بە هۆی یەکێ لە بەشدارانی

پیلانەکە پێزانران و دران بە دەستەوە، و هەموویان گیران و "بابۆف" و دارتیە .-dar
the. لە داردران و ئەوانی دیکەش پاش ماوەیەک بەندی ئازادکرا ..

مەبەستی کودەتاکە ئەوە بوو کە شۆڕشی ١٧٨٩ ڕزگارکەن و ئامانجە هەرە گرنگەکەی کە (یەکسانی) بوو- لە ڕووی ئابووری و باری سەرنجی ئەمانەوە بگەیەننە ئامانجی خۆی – لە ڕێی دەست بە سەراگرتنی دەسەڵات و دروستکردنی حکومەتێکی شۆرشگێڕ، تا بتوانرێ "ئەنجومەنی یاسا دانان" بە پێی دەستووری ساڵی ١٧٩٣ی لە باربراو هەڵبژێردرێت، کە لەگەڵ لەرێی نوێنەرانیەوە حوکم بکەن، کە پێش هەموان ئەم کارانە دیکتاتۆریەکی شۆرشگێڕانە دابمەزرێنن بۆ دەستگرتن بە سەر هەموو سامان و موڵکێکدا و دووبارە دابەشکردنەوەی لە سەر بناغەی (موڵکایەتی هاوبەش – الملک المشترک) لە نێوان هەمواندا و ئەمەش لە ژێر چاوەدێری نوێنەرانی گەڵدا، وەکو مووچەخۆر – کە تەنها مووچەی کرێکارێکیان هەبێت جێبەجێ بکرێت .. وەکو لە سەرە دێڕی بانگەوازی بەیاننامەی یەکسانیاندا دا دەڵێ:(سروشت مافی چوون یەکی بە هەموان بەخشیوە لە بەکارهێنانی بەرهەمیدا ..)، ئەم بەیاننامەیەش لە لایەن (سلیڤان مارشال .sylvain martialی هاوڕێ و هاوکاری بتبۆفەوە نوسراوەتەوە، بەڵام لە بەر نێزیکی و دۆستایەتی لە ناپلیۆن بۆنا پارتەوە لە مردن ڕزگاری بوو ..

بەم جۆرە دەتوانین "بابۆف" و پیلانەکەی بە یەکەم هەوڵی شۆڕشی سۆشیالیستانە لە قەڵەم بدەین، ئەگەر چی کاڵ و کرچ و دابڕاویش بووە لە کۆمەڵانی خەڵکیەوە و تەنها خوازی چەند شۆرشگێڕێکی سەرکەش بووە ..

## ٤ – **پرۆلیتاریا** proletarii

لە ووشەی «proletarius»ی لاتینیەوە هاتوە بە مانای "بی میرات"دێت، بۆ یەکەم جار وەکو زاراوەیەکی کۆمەڵایەتی لە سەردەمی ڕۆمانیەکاندا بە کار هاتووە و کاتی سیرفیوس تیللیوس سیزاری ڕۆمانی لە سەدەی شەشی پێش زایندا بۆ چاککردنی دەزگای بەرێوەبەریی ئیمپراتۆریتەکەی، کۆمەڵگەی ڕۆمانی بە پێ سامان و دارایی دانیشتوانی، کردە پێنچ دەستەوە و نوێنەرانی "ئەنجومەنی گەل"ی بە پێ ئەو دەستانە دابەش کرد .. کە لە دواییدا دەستەیەک مانەوە کە هیچیان نەبوو و نە دار بوون، ناویان نان "پرۆلیتاریا" و تەنها یەک نوێنەریان لە کۆی ١٩٣ نوێنەری ئەنجمەنی گەل دانێ، بۆ یەکەمین جاریش لە ساڵی ١٩٢٠ لە کونگرەی گەلانی خۆرهەڵاتدا ئەو زاراوەیە بە ناوی "صعالیک"وەرگێڕدرایە سەر زمانی عەرەبی کە "صعالیک" کاتی خۆی ئەو چەتە خێرمەندانەی پێش ئیسلام بوون، کە هیچیان نەبووە چەتەییان دەکرد

و کۆمەکی نەدار و هەژارانیان دەکرد .. بەڵام ئەم زاراوە کۆمەڵایەتی و سیاسیە دواتر بە مانایەکی ئایدۆلۆجی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری جیاواز بەکارهاتووە، کە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای شۆڕشی پیشەسازی کاتێ شاگرد و کرێکار هەق دەستەکان و جوتیارانی ڕەش و ڕووتی هەلاتوو لە برساندا بەرەبەرە چینێکی دیاریان لە کۆمەڵدا پێکهێنا، سەرچاوەی ژیان و مانەوەیان هێزی بازوویان بووە کە دەیانفرۆشت بە خاوەن کارگە و بورژواکان .. تا لە سەدەی نۆزدەهەمەوە بوونە (چینە هەرە زۆر و هەرە هەژارەکە) بە کورتیەکەی بە هەموو ئەو کارگە و ڕەنجدەرانە دەووترێ لە بەرهەمی ڕەنجیان و هۆی بەرهەم هێنان بێ بەشن و هێزی بازوویان دەفرۆشن تا بمێننەوە ...

## ٥ – پێکەوە هەڵکردن – یانی گـوزەران بە ئاشتی – التعایش السلمی» peacetul "coexistence

ئێمرۆ چارەنووس و هێزی جیهان لە نێوان جووتە مۆڵگەی گەورەی سۆشیالیستی "یان کۆمۆنیستی"و سەرمایەداری" یان دیموکراسی"دا دابەش کراوە، هەر چەندە دەوڵەت هەن بە ژمارە لە هەردوولایان پترن سەر بە هیچ کام لەو دوو مولگەیە نین، کە بە ناوی "جیهانی سێیەم" مۆڵگەی گەلان"یان دەوڵەتانی بێ لایەن ناودەبرێن سەرباری ئەمانەش "جیهانی چوارەم"یان گەلانی لە بیرەوەچووی وەکو کورد، فەلەستینی، ئیرلەندی، باسک، بلوج .. هەن، هەڵیش دەکەوێ کە وڵاتانێ ببێت کە ڕژێمی ئابووری و سیاسی هاوچەشنییەک لەو دوو مۆڵگەیە بن، بەڵام سەر بە هیچیان نەبن، یان هەتا دژ بە یەکیش بن، وەکو یۆگوسلافیا وئەلەبانیا و چین .. و سویسراو فەرەنسا و یۆنان .. کە دوانی دواییان پاشەکشێیان کردوە لە مۆڵگەکەیاندا بەڵام هەر دەمێنێتەوە کە هەموو دەوڵەتان و میللەتانی دنیا بەر تین و تاسیری یەک لە دوو مۆڵگا گەورەیە دەکەون "مۆڵگەی یەکەمیان" یەکێتی سۆڤیەت" ڕابەر و دەم ڕاستیەتی و دوەمیان "ئەمەریکا" پێشڕەویەتی..

بە پێی دەقە کلاسیکیەکانی مارکسیزمی چینی پرۆلیتاریا و بۆرژوا لە چەنگێکی نەبڕاوەی سەرتا سەری توندان و تا دێت ئەو جەنگە توند و تێژتر دەبێت، بەم پێیە ڕژێمە سۆشیالیستیە مارکسیەکان و دەوڵەتانی سەرمایەداریش دەبێ لە چەنگ و ملمڵانییەکی نەبڕاوە دابن، تا تیاچوونی سەرمایەداری ئەمە تا ساڵانی پەنجاکان و سەرەتای شەصتەکانی ئەم چەرخە سیاسەتی دیار و ئاشکرای وڵاتانی سۆشیالیستی بە گشتی و یەکێتی سۆڤیەت بە تایبەتی بووە، بەڵام پاش جەنگی جیهانی دووەم و دۆزینەوەی هێزی ئەتۆم و بۆمبی هایدرۆجینی و گازی کوشندە و بۆمبی نیۆترۆنی

و به کورتی چەکی لە ناوبەری مرۆڤ، ئەو ڕاستیە هاتە پێش کە بەرسنگ پێ گرتن و ڕوو بەرووبونەوەی ئەو دوو هێزە گەورەیەی جیهان، لە هەر جەنگێکی جیهانی داهاتوودا، چارەنووسی هەموو مرۆڤ دەخاتە مەترسیەوە و مرۆڤ ڕوو بەرووی نەمان و فەوتان دەکاتەوە!

بۆیە سەرەتای پێکەوە هەڵکردنی وڵاتانی ڕژێم و یاسا جیاوازی جیهان هاتە بەرکار و بە یەکێ لە جمگە گرنگەکانی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت و دەوڵەت سۆشیالیستەکان دەژمێردرێ لە تەعاموڵ کردن لە گەڵ وڵاتانی سەرمایەدار، ئەمان ئەم سەرەتایە دەگێڕنەوە بۆ سەردەمی لینین و پاساوی بە ووتەکانی (لینین)، دەدەنـەوە، کە پێی وا بوو لە سەردەمی ئیمپریالیزمدا، لە بەر ئەوەی پێشکەوتنی ئابووری و سیاسی هاوسانی سەرمایەداری پەیدا نەبێت، بۆیە دەشێ شۆڕشی سۆشیالیستی لە وڵاتێک یان چەند وڵاتێکدا پەیدا ببێت و پێکەوە هەموو دنیا پێ نانێنە سەردەمی سۆشیالیستیەوە .

یەکێ لە ناکۆکیەکانی "چین" و "سۆڤیەتیەکان" لە سەر ئەم ڕاڕەوە سیاسیە بووە و دەتوانین بەم نموونەیە باری سەرنجی هـەردوو لایان دەرخەین: چینیەکان لە سەردەمی ماودا دەڵێن: ئیمپریالیزمەکان پڵنگێکی پەڕۆن!.سۆڤیەتیەکان لە سەردەمی خرۆچیفەوە لە وەلامدا دەڵێین: وایە ئیمپریالیزمەکان پڵنگی پەڕۆن ..بەڵام دانیان ئەتۆمە!،

به هەر حاڵ .. ئەم سیاسەتەش لە سەر ئەم بناغانە هەڵچوون:

١ – پەنا نەبردنە بەر چەک و جەنگ لە ناتەبایی و هەرای نێو دەوڵەتیدا و بەڵکو چارەسەرکردنی بە ڕێگە گفتوگۆ ..

٢ – لێک گەیشتن و متمانە بە یەک بوون لە نێوان گەلاندا.

٣ – پشتگیر و هاندانی هاوکاری ئابووری و ڕۆشنبیری نێو گەلان لە سەر بناغەی بەرابەری بەرژەوەندی هاوبەش ..

– دەست وەنەدانە کاروباری ناوخۆی یەکتری و ڕێزگرتن و بەرچاوخستنی سەربەخۆیی و دەسەڵاتی هەر دەوڵەتێک! دیارە ئەم سەرەتایانە تا ئەو جێیە پەیڕەو و دەکرێن کە ئەو دوو فیلەتەنە بە یەک نەدەن، ئەگینا تا ئەو سنوورە بەڵگە و بیانوو زۆرن بۆ شکاندنی هەر یەکیک بهێندرێتەوە.

سیاسەت مەدارانی سۆڤیەت دەڵێن:تیۆرەکەی لینین دەربارەی توانای گوزەران لە نێوان دەوڵەتانی سۆشیالیستی و سەرمایەداری، مانای دەست هەڵگرتن نییە لە ململانێیە چینایەتی و یان ڕێکەوتن بێت لە گەڵ بیرو ئایدیۆلۆجیەتی بورژوازی، بەڵکو شێوەیەکی چۆنایەتییە لە شێوەکانی مل ملانێ چینایەتی بە ڕێگەی ئاشتیانە ..

٦ – **تەکنۆکراسی** ..: technocracy”»

دەتوانرێ بە ناوی حکومەتی "تەکنیکیە شارەزا”کان ناوببرێ، ئەمەش ڕێچکەیەکی کۆمەڵایەتی و تیۆرێکی ئابووری سەرمایەدارانەیە، کە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم لە ئەمەریکا کەوتە برەو، ئەم تیۆرەش لە سەر بناغەی بیرو ڕاکانی ئابووری زانی ئەمەریکایی”پورشتاین فیبلین: هەڵچووەوە و (ە .سکوت و لویب و چەندین ئابووری زانی) دیکە پێرەویان کردووە و لایەنیان گرتبووە، کورتەی بیرەکە ئەوەیە، کە لە سەردەمی پێشکەوتنی تەکنیکی و زانیاری و سەردەمی ووزەدا، بۆ زیاتر پێشکەوتن و ئاسوودەیی و خۆش گوزەرانی خەڵکی و بەرقەراری کۆمەڵگە، وا پێویست دەکات کە دەسەڵاتی دەوڵەت و پیشەسازی و ژیانی ئابووری کۆمەڵگە و نەخشی ژیانی بدرێت دەستکارسازە تەکنیکیە شارەزاکان و پیاوانی سیاسەت و سیاسەتمەداران لووت نەژەننە کاروباری ئابووری و دارایی و ژیانی ئابووری کۆمەڵگە، ئەوان پێیان وایە هەموو گەردەش و پشێوی و کێشەکانی کۆمەڵگە سەرمایەداری دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سیاسیەکان دەست بەکارن، ئەوان دەیانەوێ ئابووری زان و تەکنیکیە شارەزاکان و پیاوانی پرۆژە و پیشەسازی دەست بەکاربن .

هەواڵنامەی کتێب

**شازادە«الامیر»**

**چوارەم:**

(ئەو هۆیانەی بوونە بەربەستی بەرپابوونی شۆڕش دژی بەرۆگرانی ئەسکەندەر لە وڵاتی داریۆشدا پاش مردنی خۆی).

ئەگەر ئەو گرفتانەی دێنە پێش وڵاتانی بۆ هێشتنەوەی دەوڵەتێک لە ژێر ڕکێفی خۆیدا کە تازە گرتبێتیان بەرچاوگرین، مرۆ سەرسام دەبێت لەوەی کە ئەسکندەر چۆن بە چەند ساڵێک بووە سەرداری هەموو ئاسیا و دوایش ئەوەندەی نەبرد کە بە سەریا مرد، واش چاوەڕوان دەکرا کە ئەو ناوچانە سەرپاکیان یەکسەر لە فەرمانڕەوایانیان یاخی بن .. کەچی بەرۆگرانی ئەسکەندەر تووشی چ کێشە و گرفتێکی وا نەبوونەوە، جگە لەوانەی کە لە نێوان خۆیاندا لە سەر تەماعی خۆیان بۆیان پێش هات ..

لە ڕوونکردنەوەی ئەمەدا دەڵێم: مێژوو دوو جۆرە وڵاتانی بە خۆیەوە دیوە کە بە دوو شێوازی جیاواز حوکم کراون، یان ئەوەتا وڵاتەکە شازادە و دەست و پێوەندانی بەڕێوەیان بردوە، کە لە پیاوەتی و میهربانی خۆی کردوونیەتە وەزیر و کارگوزاری خۆی و لە بەڕێوە بردنی وڵاتەکەدا یارمەتی دەدەن، یان شازادە و خانەدانان "بارۆنەکان” فەرمان ڕەوایی دەکەن، کە هەر یەکەیان پایە و پلەی خۆیان

دەبێت، نەک لە بەر خاترانە و بەخشندەیی فەرمان ڕەوا، بەڵکو لە بەر وەجاخ زادەیی و خانەدانی خۆیان، ئەم خانەدانانەش هەر یەک و هەرێمی خۆیان هەیە کە فەرمان ڕەوایی دەکەن و مسکێنی خۆیان هەیە کە پیاوین و بەمانەوە بەندن .

شازادە لەو وڵاتانەی سەردار و دەست و پێوەندەکان فەرمانڕەوایی دەکەن، دەسەڵاتێکی گەورەتر و فراوان تریان دەبێت، چونکە لە دەوڵەتەکەدا کەسی تر بە گەورە و باڵادەست نازانرێ لە خۆی بەولاوە، ئەگەر مل بۆ کەسێکیش بدرێت لە بەر ئەوەیە کاربەدەست و دەست و پێوەندی ئەمن، و هیچ حسێبێکی تایبەتی خۆیان نییە و خەڵکیش مەیلێکی تایبەتیان بەلایانەوە نابێت .

نموونەی ئەم دوو جۆرە حوکمانەش لەم سەردەماندا، (حکومەتی تورکان و شانشینی فەرەنسا)ن،قەراڵ نشینی تورکی یەک فەرمانڕەوایی دەکات، ئەوانی دیکە بەردەست و کاربەدەستی ئەون وڵاتەکە کراوەتە چەند سەنجەقێک، کە فەرمان ڕەوا خۆی کاربەدەستی کارگوزاری جۆراو جۆریان بۆ دەنێرێ و کەی بە سەریا هات وەلایان دەخات و کە ویستی دەیانگۆڕێ، بەڵام شای فەرەنسا ژمارەیەکی زۆر خانەدان بەدەوریەوەن .. کە مسکێنەکانیان ئەوان دەناسن و خۆشیان دەوێن و هەر یەکەیان پایە و پلە و دەسەڵاتی تایبەتیان هەیە کە شا ناتوانێ لێیان زەوت کات، مەگەر خۆی بخاتە بەر مەترسیەکی گەورەوە، ئەگەر باری ئەم دوو وڵاتە وورد کەینەوە و تێ بخۆینێنەوە بۆمان دەردەکەوێ کە زۆر بە زەحمەت وڵاتی تورکان داگیردەکرێت، بەڵام ئەگەر دەوڵەتێک داگیری کرد، ئەوا بە سانایی لە ژێر ڕکێفیدا دەمێنێتەوە، دەشێ لە زۆر ڕووەوە گرتنی وڵاتی فەرەنسا سانا بێت بەڵام هێشتنەوەی لە ژێر دەستدا کارێکی زۆر سەخت و بە زەحمەتە .

هۆی نارەحەتی داگیرکردنی وڵاتی تورکانیش لەوەدایە کە داگیرکەر ناتوانێ سەردارانی ئەو وڵاتە بۆ ئەم کارەی بانگ هێڵێ .. هەروەها ناشتوانێ بۆ سانا کردنی سەر چڵییەکی وا هیوا بە شۆڕش ببەستێ کە پیاوانی دەورو بەری فەرمانڕەوا پێی هەستن، لە بەر ئەو هۆیانەی لەم باسەدا باسم کردن دەردەکەوێ، لە بەر ئەمانە هەمووی کۆیلە و دەسەنە خۆری فەرمانڕەوان بەگران دەمیان چەور دەکرێت و هەتا ئەگەر بەرتیل خواردووش کرێن، لە بەر ئەو هۆیانەی باسم کردن ناتوانن واله جەماوەر بکەن کە لە گەڵیاندا ڕاپەڕن، بۆیە هەرکێ بیەوێ هێرش بەرێتە سەر قەراڵی تورکی، دەبێ پشت بە هێز و توانای خۆی ببەستێ، نەک بە ئاڵۆزی و شڵەژاندنی ڕیزەکانی دوژمن .. چونکە بەرەنگاری لەشکرێکی یەکگرتوو دەبێتەوە . بەڵام ئەگەر توانی بە سەریدا زاڵ بێت و لە مەیدانی جەنگدا شکاندنی، شکانێکی وا کە نەتوانێ ڕاست بێتەوە و هێزێکی دیکە تەیار کاتەوە، چ شتی نامێنێتەوە کە داگیرکەر لێی

بترسێ، جگە لە خانەوادەی بنەماڵەی شازادەی تورکان نەبێت، ئەگەر ئەمانیشی لە ناوبرد، ئیدی ترسێکی نامێنێ. چونکە ئەوانەی دی چ پایە و پایەگایەکیان نییە لای گەل. لە بەر ئەوەی داگیرکەرەکە پێش سەرکەوتنەکە چ هیوایەکی پێیان نەبووە، دوای سەرکەوتنیش دەتوانێ گوێیان نەداتێ.

بەڵام ئەو وڵاتانەی، لە سەر شێوەی فەرنسا حوکم دەکرێن، کار پێچەوانە دەبێت تێیاندا، سانایە داگیرکەرێک داگیری کات، لە ڕێی کێشانی خانەدانێک، لە وڵاتێکدا، بە لای خۆیدا چونکە هەمیشە کەسانێکی پەژمردە و دژ بە ڕژێم هەن و هەشن حەز بە گۆڕان دەکەن، لە بەر ئەو هۆیانەشە کە باسم کرد، ئەوانە دەتوانن ڕێگەت بۆ خۆش کەن و سەرکەوتنت بۆ سانا کەن. بەڵام پاشان ئەگەر ویستت ئەوەی گرتووتە، لە بن دەستا بمێنێتەوە، کۆسپی بێ ئەندازەت بەرەنگار دەبێتەوە و هەر ئەوانەی کە لە ڕابردوودا کۆمەکیان پێ کردوویت و ئەوانەی بەر زەبر و زەنگت کەوتوون بۆت قووت دەکەنەوە، سەرکوتانەوەی کەسانی بنەماڵەی شازادەش چ دادێکت نادات، چونکە هەمیشە ئەو خانەدانە دەمێنێتەوە کە ڕابەرایەتی هەر شۆڕشێک دەکەن، جا لە بەر ئەوەی نە دەتوانی قایلیان کەیت و نە دەشتوانی لە ناویان بەری بۆیە هەر هەلێ ڕەخسا ئەوەی گرتووتە لە دەستی دەدەیت.

ئێستاش ئەگەر سەرنجی سروشت و هەڵکەوتی حوکمەتەکەی ڕیۆش بدەیت، دەبینی هاوتای ئەو ڕژێمی حوکمەیە کە ئێستا تورکان هەیانە، بۆیە دەبوایە ئەسکەندەر سەرەتا وڵاتەکە داگیرکات و حکومەتەکەی لە ناو بەرێ پێش ئەوەی سەرکەوتن بە دەست بێنێ، کە داریۆش مرد ئیتر وڵاتەکە بە تەواوی کەوتە بەر چنگی ئەسکەندەر، خۆ ئەگەر بەرۆکرانی بیانتوانیایە بە یەککرتویی بمانایاتەوە ماوەیەکی دوور و درێژ بە هێمنی و ئاسوودەیی حوکمیان بە سەر وڵاتەکەدا دەکرد، چونکە ئەو ئاژاوە و پشێوویانەی لە وڵاتەکەدا کەوتەوە دەستکردی خۆیان بوو. بەڵام بە زەحمەت وڵاتێکی وەکو فەرەنسا بەم جۆرە ژێر دەست دەخرێت، ئەمەش بووە هۆی ئەو زنجیرە شۆڕشە یەک لە دووی یەکانەی لە ئەسپانیا و فەرەنسا و یۆناند بەرپا بوون دژی ڕۆمانیەکان، لە بەر ئەوەی ئەو هەموو میرنشینانەی لەو وڵاتانە هەبوون، تا بیرەوەری ئەوانەش لە هۆشاندا مابوو فەرمانڕەوایی ڕۆمانیەکان هەر لەق و لەرزۆک بوو و لە بەر مەترسی لە ناوچووندا بوو، بەڵام کە ڕۆمانیەکان توانیان ئەوبیرەوەیانە سەرپاک گۆڕەشار دەن، بوونە تاک سوارەی مەیدان و کەس نەیدەتوانی شان لە شانیان بدات، هەر کە هەرایەکیش لە ناو ڕۆمانیەکاندا خۆیان دەقەوما، هەر یەکەی لەو نەیارانە دەیتوانی پشت بە لایەنگیری ئەو ناوچەیە ببەستێ کە فەرمانڕەوایی دەکرد .. چونکە پاش لەناوبردنی بنەماڵەی فەرمانڕەوا کۆنەکان، ڕۆمانیەکان هەر



هەموو ئامەدی پێزی

خۆیان فەرمانڕەوای تاک و باوەڕپێکراوی ئەو ناوچانە بوون، بۆمان دەدەکەوێ کە چۆن ئەسکەندەر توانی بەو سانایییە دەست بە سەر ئاسیادا بگرێت .. و بۆ چیش "پیرۆس" و خەڵکی دیکە دووچاری ئەو هەموو ڕەفتارانە بوون لەو وڵاتانەی داگیریان کردوون. ئەم جیاوازیەش ناگەڕێتەوە بۆ لێ هاتوویی و لێ نەهاتوویی داگیرکەرەکە بەڵکو لە بەر جیاوازی بار و هەڵ و مەرجی وڵاتە داگیرکراوەکانە .

**پێنچەم:**

(فەرمانڕەوایی ئەو شارە وڵاتانەی کە پێش داگیرکردنیان لە سایەی یاسا تایبەتیەکانیاندا ژیاون).

کاتێ ئەو دەوڵەتانەی بە ئازادی ڕاهاتبن لە ژێر سایەی یاسا تایبەتەکانیاندا، داگیردەکرێن، سێ ڕێگە هەن بۆ مانەوەیان، ڕێگای یەکەمیان ئەوەیە لە هەموو شتێ ڕووت کرێنەوە. دووەمیشیان ئەوەیە شازادە داگیرکەرەکە بچێتە ئەوێ و تێیدا داکوتێ. سێیەم و دوایشیان ئەوەیە ڕێ بدرێت خەڵکەکەی بۆ خۆیان لە ژێر، سایەی یاسا تایبەتیەکانیاندا بژین و سەرانە سەندن لێیان دابکەوێ و حکومەتێک لەوانەی سەر بە فەرمانڕەوان دروست بکرێ. حکومەتێکی واش کە شازادە دروستی کردوە، دەزانێ کە مانەوەیان بەندە بە دۆستایەتی و چاوەدێری ئەوەوە، بۆیە هەموو توانایەک بە خەرج دەدات بۆ پارێزگاری مانەوەیان، ئەوەش بڵێین ئەو شارەی کە بە ئازادی ڕاهاتبێ، بۆ ڕۆڵەکانی و هاوڵاتیانی نەبێت هەروا بە سانایی مل نادات، ئەمەش ڕێی دروستی هێشتنەوەیەتی.

با نموونەی ئەوە بەسەر ئەسپارتیەکان و ڕۆمانیەکاندا هاتووە بێنینەوە، ئیسپارتیەکان توانیان لە ڕێی دروستکردنی دوو دەوڵەت لە کەمایەتیەکان دەسەڵاتیان بە سەر (اپینا و گیبە)دا بهێڵینەوە. لە گەڵ ئەمەشدا هەر لە دەستیان چوو. بەڵام ڕۆمانیەکان چونکە دەیانویست (کاپوا و قەرتاجنە و نۆمانتیا) هەر لە بن دەستیاندا بێت، ئەو شارانەیان کاول کرد، بەمە لە دەستیان نەچوو. بەڵام ویستیان بە هەمان ڕێگەی ئەسپەرتیەکان یۆنان بهێڵنەوە، بۆیە لە خەڵکەکە گەڕان بە ئازادی لە ژێر یاساکانی خۆیاندا بمێننەوە، لەمەشدا سەرنەکەوتن، ئەوە ناچاری کردن کە هەندێ شار لەو وڵاتە کاول کەن تا لە بن چنگیاندا بمێننەوە. چونکە چ ڕێگەیەکی مسۆگەر دی نییە بۆ ئەو هێشتنەوەیە جگە لە زەوتکردنی هەموو شتێ لێیان.

هەر کەسێ دەستی بە سەر شارێکی ئازاد دا گرت و وێرانی نەکرد ئەوا خۆی تێدا نابووت دەبێ. چونکە هەمیشە بە ناوی ئازادی و دابی کۆنەوە، کە نە ڕۆژگار دەتوانی لە بیری دەرکات و نە سوود و بەرژەوەندیش هەڵیبوارێنێ، یاخی دەبن.

دەسەڵاتدارە نوێکەش هەرچییە بکات ناتوانێ ناوی شارەکە و داب و دەستووراتی لە بیر خەڵکەکە وەبات، مەگەر شڕ و هوڕیان کات و تەفروتونایان کات، چونکە هەمیشە ئەو دابانەیان لە بیردا دەبێت و سۆزیان بۆی دەجوڵێ، وەکو لە شاری (پیزا) پاش چەند ساڵێک لە داگیرکردنی فلۆرەنسیەکاندا قەوما.

بەڵام ئەگەر ئەو شار و ناوچانە بە ژیانی مل کەچی و سەرکزەڵەیی لە ژێر سایەی شازادەیەک یان فەرمانڕەوایەکەدا ڕاهاتبن، و داگیرکەرەکە بنەماڵەی شازادە کۆنەکەی لە ناوبرد، ئەو خەڵکەی کە فێری ملدان بوون و شازادە کۆنەکەشیان لە دەست چووە، نا توانن لە ناو خۆیاندا شازادەیەک هەڵبژێرن، سەرباری ئەمەش نازانن لە ژێر سایەی ئازادیدا بژین بۆیە بە درەنگ یاخی دەبن. شازادەی داگیرکەر دەتوانێ بە سانایی بیانکێشێتە لای خۆیەوە و پێ لە وڵاتەکەیاندا داکوتێ.

بەڵام "جەمهوریەکان" بە چووست و چالاکی و ڕق ئەستوور و حەز بە تۆڵە کردنەوە دەناسرێن . دانیشتوانی ناتوانن یادگاری ئازادیی پڕشکۆی کۆنیان بەلاوە نێن. بۆیە چاکترین ڕێگە ئەوەیە یان تەواو خاپوور کرێن، یان تێیدا جێنشین بێت.

**شەشەم:**

(ئەو وڵاتانەی تازەکی شازادە بە هێزی بازو و توانای خۆی داگیری کردوون).

نابێ مرۆ لەوە سەرسام بێت کە لە باسی وڵاتانی نوێدا چ لە شازادە و چ لە دەوڵەت، نموونەی هەرە مەزنیانم هێناوەتەوە .. چونکە هەمیشە خەڵکی ئەو ڕێگەیە دەگرنە بەر کە لەوە و بەر هی تر پێیدا ڕۆشتوون، و لە ئەنجامدانی کارەکانیاندا لاسایی لە خۆیان دەکەنەوە. لە بەر ئەوەش کە مرۆ ناتوانی پێیان بگاتەوە و دەق و دروست لاساییان بکاتەوە .. بۆیە "ناتوانا" لە سەریەتی کە ڕێچکەی کەڵە پیاوان بگرێتە بەر و لاسایی هەرە هەڵکەوتووەکان بکاتەوە، هەتا ئەگەر نەشیتوانی بگاتە شکۆی ئەوان چ نەبێ هەندێ ڕەنگ و بۆی ئەوانی لێ بنیشێ .. بەم کارەی لەو تیرهاوێژانە دەچێت کە دەزانن تیرەکانیان ناگاتە نیشانەکە بۆیە زۆر دەست بەرز دەگرن، دەشزانن کە دەستیان بەرز گرتووە و داویانەتە دەمی، نەک لە بەر ئەوەی دەیانەوێ سەربکات بەڵکو بەو هیوایەن کە ئەو دەست بەرز گرتنەیان لە نیشانەکە بدات کە دەیانەوێ .

لە بەر ئەوە من دەڵێم: بۆ ئەو وڵاتە نوێیانە کە شازادەیەکی نوێیان دەبێت، سانایی و سەختی دەست بە سەراگرتنیا بەند دەبێت بە زۆر و کەمی توانای دەسەڵاتدارەکەوە. لە بەر ئەوەش کە گەیشتنی کەسێکی ئاسایی بە پلە و پایەی فەرمانڕەوایەتی تواناییان بەختێکی چاکی دەوێت، دیارە هەر یەک لەم دوو هەڵکەوتانەش هەندێ لەو کێشانەی دێتە ڕێ سووک دەکات. لە گەڵ ئەوەشدا ئەوانەی کە زۆر پشت بە بەختی چاک

هەواڵنامەی کتێب

نابەستن، دەریانخستووە کە پتر لە کەسانی دیکە دەتوانن "بوون و سامانیان" بپارێزن. ئەمەش بەوە سانا تر دەبێت کە شازادە ناچار بێت خۆی لەو وڵاتە نوێیەدا جێنشین بێت لە بەر ئەوەی کەسی چنگ ناکەوێ لە شوێنی خۆی دانێ .

بەڵام ئەگەر بچمە سەر باسی ئەوانەی بە هەڵکەوتوویی و لێ هاتویی خۆیان، نەک بە بەخت و جەختیان، بوونەتە شازادە، من پێم وایە مەزنترینیان (موسا و کۆرش و ڕۆمۆلۆس و تیزیۆس) و هاوشانیان بوون بەڵام پێویستە قسە لە سەرموسا نەکرێت، چونکە تەنها پەیامبەرێکی خودا بووە، بەس دیسانەوە شایانی ڕێز و بەرچاوگرتنە لە بەر ئەو پیرۆزی و شکۆییەی کە وای لێ کردوە شیاوی ئەوە بێت لە گەڵ خوادا بدوێ. بەڵام دەربارەی (کۆرش) و ئەوانی تر کە مەملەکەتیان دروست کردووە و ڕایان گرتووە جێ ڕیز و بەرچاوگرتنن. ئەگەر لە کارو شێواز تایبەتیەکانیان بکۆڵینەوە، بۆمان دەردەکەوێ زۆر لە کار و شێوازەکانی "موسا" جیا نەبوون، لە گەڵ ئەوەشدا کە "موسا" خاوەنێکی مەزن پشتی گرتبوو کە خوایە. ئەگەر ووردیش سەرنجی ژیان و شاکارەکانیان بدەین دەبینین کە ئەوانە قەرزارباری هیچ شتێک نین، تەنها قەرزاری ئەو هەلانن کە بەو جۆرە بۆیان هەڵکەوتوون و ئەمانیش لە جێ خۆیدا قۆستویاننەتەوە. جا ئەگەر ئەو هەلانەیان بۆ نەرەخسایە بەهرەکانیان بە فیڕۆ لە دەست دەدا، و ئەگەر ئەو بەهرانەشیان نەبوایە، ئەو هەلانە دەهاتن و تێ دەپەڕین بێ ئەوەی چ سوودێکیان لێ وەربگیرێت. بەم چەشنە دەبوایە موسا گەلی (ئیسرائیل) ی بە کۆیلەیەتی لە میسردا بدیتایە، کە میسریەکان دەیان چەوساندنەوە، تا ئارەزووی دووکەوتنیان ببوایە بۆ ڕزگارکردنیان لە کۆیلایەتی. دەشبوایە (ڕۆمۆلوس) نەیتوانیایە لە (ئەلبا) بمێنێتەوە و خۆی بە فڕێدراوی بدیتایەتەوە کە لە دایک بوو، تا بیتوانیایە ببێتە شای ڕۆما و گەلێکی تێدا دروست بکات. پێویستیش بوو (کۆرش) فارسەکانی بدیتایە کە ناقایل و بیزار بن لە ئیمپراتۆریێتی میدیا و ئەمانیش ئاوا لاواز و بێ کەڵک بوونایە – کە ئاسایش و ژیانی بەندییان دەستەمۆ و خۆیری کردبوون (تیزیوس) یش نەیدەتوانی خۆی دەرخات، ئەگەر (ئە پینیە کان) بەو جۆرە پەرت پەرت و ناتەبا نەبوونایە لە ناو خۆیاندا. بەم جۆرە ئەو هەلانە ئەو بەختانەی بۆ ئەوانە پێش هێناوە و بە هۆی توانا و بەهرەی بڵندی خۆیانەوە توانیان سوودی لێ وەرگرن بۆ شکۆداری وڵاتەکەیان و بڵند کردنەوەی بەخت و شانازییەکانیان.

ئەم جۆرە پیاوانەش کە بە هۆی بەگەڕ خستنی توانایانەوە دەگەنە پلەی دەسەڵاتداریتی، زۆر بە ناڕەحەت دەسەڵاتیان چنگ دەکەوێ، بەڵام بە سانایی لە چنگیاندا دەمێنێتەوە. ئەم هەندە ناڕەحەتیانەش کە لە قۆناغی دروست کردندا تووشیان دێت داب و دەستوور و یاسایانەی کە دەبێت بیچەسپێنن تا پێیان داکوتن و خۆیان

قایم کەن. سەخت ترین کار بۆ جێ بە جێ کردن و ئەوەی لە هەموان پتر ڕوو بە ڕووی سەرنەکەوتن دەبێتەوە و پڕ مەترسی ترە ئەوەیە کە یاسا و ڕژێمی نوێ بۆ کارەکان دابڕێژین .. هەمیشە دوژمنان و نەیارانی "کارسازان – المصلح" ئەوانەن کە سوودیان لە ڕژێمە کۆنەکە دیووە و لایەنگرانیشی لەو بێ ورانە دەبن کە سوود لە ڕژێمی تازە وەردەگرن، ئەم بێ وورەییەش دەگەڕێتەوە بۆ ترسیان لە دوژمنانیان کە یاسا پشتگیریانە، تا ڕادەیەکیش بۆ ئەو هەڵکەوتەی مرۆڤ خۆی کە گومان لە هەموو نوێیەک دەکات .. چونکە مرۆ بڕوا بە تازە ناهێنێ تا بە ڕاستی و لە مەیدانی کاردا تاقی نەکاتەوە .. بەم جۆرە مەسەلەکە وای لێ دێت:

«کارساز"ێکی نوێ هەڵدەکەوێ، نەیارانی بە پڕتاوهێرشی دەبەنە سەر، بەڵام یاران و لایەنگرانی بە ساردی پشتگیری لێ دەکەن، لەم ناوەدا تووشی مەترسیەکی گەورە دێت. پێویستیشە ئەگەر بمانەوێ بچینە بنج و بناوانی ئەم مەسەلەیەشەوە. ئەوە وورد کەینەوە بزانین ئەم "نوێ خوازا"انە سەربەخۆن یان پشت بە کەسی تر دەبەستن. ئەمەش مانای ئەوەیە، ئایا ناچارن لە جێ بە جێ کردنی بیرو بەرنامەکانیاندا چاویان لە کۆمەکی کەسێکی ترەوە بێت، یان خۆیان دەتوانن ویستەکانیان بە زۆر بسەپێنن؟ . لە باری یەکەمدا ئەو (کارساز)انە نە سەردەکەون و نە هیچیان پێ دەکرێت، بەڵام ئەگەر توانیان پشت بە هێزی خۆیان ببەستن و بتوانن زەبر و زۆر بەکاربێنن، بە دەگمەن تێ دەشکێن. بەم جۆرەش ڕۆژگار دەری خستووە کە پێغەمبەرە بێ زەبرەکان سەرنەکەوتوون. جگە لەوەش کە باسمان کردووە، هەڵکەوتی میللەتان جیان، ئەشێ بە سانایی بەشتێک بڕوا پێ بهێندرێن، بەڵام زۆر بە ئەستەم دەتوانرێ لە سەر ئەو بڕوایە ڕاگیرێن. بۆیە بۆتە پێویست کە شتیان بە سەردا بسەپێندرێ. ئەگەر هەر باوەڕیان نەهێنا دەبێت بە زۆر ناچارکرێن.

ئەگەر (موسا، و کۆرش، و پیزیۆس و ڕۆمۆلوس) بێ زەبر و زەنگ بوونایە نەیاندەتوانی، ماوەیەکی زۆر، خەڵکی ناچارکەن ڕێزی ئەو داب و دەستورانەیان بگرتایە کە دایان نابوون. لەم سەردەمی نوێیەدا دیتمان (فریار گیرۆلامۆ ساڤۆ نارۆلا) لە یاسا نوێکانیدا چ خراپ تێشکا، کە جەماوەر لێی بڵند بوون و پشتیان تێ کرد چونکە نە کەرەسە و ئامرازی ئەوەی بوو ئەوانەی زوو بە زوو باوەڕیان پێ هێنا بوو ڕایانگرێت و نە بە سەر ئەوانەشدا بیسەپێنێ کە بەرەنگاری بوو بوونەوە. بەم شێوەیە ئەم جۆرە پیاوانە سەختی زۆر ڕێگایان پێ دەگرێت و مەترسی وایان دێتە پێش هەرەشەی نەمانیان لێ دەکات، بۆیە لە سەریانە بە هۆی توانا و بەهرەیانەوە بە سەریاندا زاڵ بن، ئەگەر بۆیان لوا بە سەر ئەو کۆسپانەدا زاڵ بن و ناحەزەکانیان لە نێو برد و خەڵکی کەوتنە ستایش و پیداگوتنیان ئیدی بە دەسەڵات و سەربەرزی

دەمێننەوە ئاسودە و بەرێز دەبن و دوور دەبن لە هەموو مەترسیەک حەزیش دەکەم نموونەیەکی دیکەی کەم پایە دارتر بخەمە سەر ئەو نموونە بەرزانەی هێناومنەوە، گەرچی بۆ ئەوە دەشێ بەراورد کرێت لە گەڵیاندا و دەتوانرێ بۆ نموونەی هەموو ئەم خالانە وەربگیرێت، مەبەستیشم بابەتی (هیروی سیراگوز)ەیە، کە لە ڕیزەکانی گەلەوە هەڵکشایە پلەی "شازادە"یتی لە "سیراگوز"ەدا بێ ئەوەی هیچ کۆمەکێکی پێ بکرێت، جگە لەو هەلەی بۆی هەڵکەوت پاش ئەوەی"سیراگوز، چەوساوەکان بە سەرداری خۆیان هەڵیان بژارد، بە توانای خۆی گەیشتە پلەی فەرمانڕەوایەتی .. لە کاتێکدا پیاوچاکی خۆی هۆیەک بوون بۆ ئەوەی وا لە هەندێ بکات بڵێن هیچی کەم نییە بۆ ئەوەی دەسەڵات بگرێتە دەست، تەنها شوێنێکی دەوێ فەرمانڕەوایی بکات .. پاش دەسەڵات گرتنە دەستیش سوپای کۆنی هەڵوەشاندەوە و سوپایەکی دیکەی پێکەوە نا، و وازی لە پەیوەندی و دۆستایەتیە کۆنەکانی هێنا و دۆستایەتی نوێی گرت. بەم جۆرە بە هۆ و هاریی سوپا و دۆستە نوێکانی کە خۆی هەڵبژاردبوون توانی وڵاتێک لە سەر بناغەیەکی دروست و پتە و بنیات نێ و ڕاشی گرێت، لە ڕاگرتنیشیا ئەوەندی بنیات نانی تووشی ناڕەحەتی و چەرمەسەری نەبوو.

**حەوتەم:**

(ئەو وڵاتانەی بە کۆمەکی خەڵکی دیکە یان بە هۆی بەختەوە بە دەست دەخرێن).

لەوانەیە ئەوانەی لە نێو ڕیزەکانی گەلەوە بە هۆی بەختی چاکیانەوە هەڵدەکشێن بۆ پلە و پایەی فەرمانڕەوایەتی دووچاری گێرە و کێشەی زۆر نەیەن لەم هەڵکشانەیاندا، بەڵام تووشی ناڕەحەتی زۆر دەبن لە ڕاگرتن و پاریزەگاریی پلە و پایەیاندا.

لە سەرە ڕێی هەڵکشاندا، چ سەختیەکیان نایەتە پێش، چونکە بە سەریدا دەفڕن. بەڵام هەر کە پێیان کەوتە سەر ئەرز کێشە و گرفتیان بۆ قوت دەبێتەوە. ئەمانە ئەوانەش دەگرێتەوە کە بە پارە وڵاتان دەگرن یان بە بەخشیش دەستیان دەکەوێ، هەر وەکو لە (یۆنان) و شارەکانی (ئایونی و هیلیپونت) دا ڕووی دا، کاتی "داریۆش" چەند شازادەیەکی بۆ ئەم شوێنانە داتاشی تا لە بری ئەم بۆی بەڕێوە بەرن، هەروەها ئەو ئیمپراتۆرانەش دەگرێتەوە، کە بە هۆی بەرتیل و دەم چەورکردنی سوپاوە، لە ڕیزەکانی گەلەوە هەڵکشاون. ئەم کەسانە پشتی تەواو بە نیهاد پاکی ئەوانەی بەرزیان کردوونەتەوە و بەختی خۆیان دەبەستن، هەر دوو شتەکەش جێگیر و بەردەوام نین ئەمانە نازانن چۆن پایەی خۆیان ڕاگرن و لە بارێکی واشدا نین بۆیان ڕابگیرێ. ئەو کەسەش کە هەموو ژیانی وەکو کەسێکی ئاسایی بە سەر بردبێت، ئەگەر بلیمەتێکی هەڵکەووتوو نەبێت ناتوانێ ڕێ و شوێنی فەرمانڕەوایەتی وەدۆزێ، ئەوەش لەولاوە

بوەستێ کە کەڵکی ئەوەی نابێت پلە و شکۆی خۆی ڕاگرێت، چونکە هێزی دۆست و دڵسۆزی نییە، ئەو دەوڵەتانەش کە بە پەلە بنیات دەنرێن، وەک هەر شتێکی دیکە کە پەلە پروزێی تێدا دەکرێت و هەڵدەتۆقێ، ناتوانێ ڕەگی قووڵ دادات و پەل و پۆ بهاوێژێ، بۆیە بە دەم یەکەم ڕەشەباوە لە بن دێت، مەگەر ئەو کەسەی بەم ڕێگەیە دەبێتە شازادە، وەکو ووتم، بلیمەتێکی هەڵکەوتوو بێت کە ئەو بلیمەتیەی یارمەتی بدات هەنگاوی پەلەی وا هەڵێنێ بتوانێ پارێزگاری ئەوە بکات کە بەختی لە کۆشی ناوە بگەڕێتەوە سەر دارشتنی ئەو بناغانەی، کە خەڵکی دیکە، بە عادەت پێش دەست لە دەسەڵات گیربوون دایدەنێن.

لێرەدا دوو نموونە لەوانەی لە بیرمن لە سەر گەیشتنە فەرمانڕەوایەتی دێنمەوە، مەبەستیشم لێ هاتوویی و بەختی چاکە، ئەو دوو نموونەیەش (فرانسیسکو سفوروزا) و (قەیسەری بورجیا)ن.

فرانسیسکو توانی بە هێمنی و بە هۆی فرە بەهرەیی خۆیەوە لە هاوڵاتیەکی ئاساییەوە هەڵکشێت بۆ پلەی دۆقی (میلان) و بێ دەردەسەری ئەوەی جنگی کەوتبوو بیپارێزێ، پاش ئەوەی بە سەر سەدان کوسپ و تەگەرەدا زاڵ بوو.

لە لایەکی دیکەوە (قەیسەری بورجیا)، کە بە دۆقی فالانتین ناسراوە بە هۆی ناوبانگی باوکیەوە توانی دەسەڵاتی دەست کەوێ، هەر کە ناوبانگی باوکی نەما زوو ئەو دەسەڵاتەی لە دەست چوو، لە گەڵ ئەوەشدا کە هەموو ڕێگەیەکی گرتبۆ بەر، کە هەر کەسێکی دیکەی بە توانا بتوانێ بیگرێتە بەر بۆ خۆ داکوتانی و پاراستنی دەوڵەتی کە بە کۆمەکی کەسێکی دیکە دەستی کەوتبێ.

لەمەو پێشیش ووتومە ئەوەی لە سەرەتاوە بناغەی خۆی دانەڕێژێ، پاشان بە هۆی بەهرەی لە عادەت بەدەری دەتوانێ داینێ، لە گەڵ ئەوەشدا کە ئەم کارە چ گرفت و ناڕەحەتیەک بۆ بنیاتنەرەکە بێنێتە پێش و بیناکەش ڕوو بە ڕووی مەترسی دەکاتەوە. جا ئەگەر مرۆ لە کار و کردەوەی دۆق ووردبێتەوە دەبینێ ئەو بناغانەی بۆ دەسەڵاتی داهاتووی دایڕشتوون پتەو و پەیوەست بوون، پێم وایە هەروا خۆڕایی نییە باسیان بکرێت چونکە من کاری چ شازادەیەکی دیکەم نایەتە بیر لەم چاتر بوو بێت، بەڵام کە ڕاو تەکبیرەکانی سەرکەوتنیان لە نێو چاوان نە نووسرابوو، ناگەڕێتەوە بۆ هەڵەی ئەم، بەڵکو سەرئەنجامی ئەو پەڕی نەهامەتی و نەگبەتی بووە.

پاپا ئەلێکساندەری شەشەم، لە بەر ئەوەی دەیویست کە شان و شەوکەتی کوڕە (دۆق)ەکەی بەرز وەکات، ناچار بوو کە ڕوو بە ڕووی گرفت و کۆسپی زۆر بێتەوە، لە ڕابردوو و داهاتوویشیدا، لە لایەکەوە باوکە دەیزانی، چ ڕێگەیەک نییە کوڕەکەی بگەیەنێتە ڕیزی فەرمانڕەوایەتی تەنها ئەوە نەبێت کە "میرنشینەکەی” لە

موڵگەکانی کەنیسە بێت، دەشیزانی کە دۆقی میلان ڕێیان نەدەدا بە هەوڵی زەوتکردنی هەندێ شاری کەنیسە، چونکە (ڤاینیزا و ڕیمینی) لە ژێر سایە و باڵی فینسیەکاندا بوون، هەروەها پاپا دەیزانی ئەو هێزە سەربازیانەی لە ئیتالیادا بوون، بە تایبەتی ئەوانەی دەیانتوانی کۆمەکی پێ بکەن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی لە ژێر دەسەڵاتی ئەوانەدا بوون کە لە زیاد بوونی شکۆی پاپا دەترسان، بۆیە نەیدەتوانی پشتیان پێ ببەستێ، چونکە سەرلەبەریان لە ژێر فەرمانی جووتە بنەماڵی (ئورسینی و کولونا) و هاوەڵانیاندا بوون، لە بەر ئەمە دەبواییە ئاژاوەیەکی وا بنریەتەوە کە ئەم بارەی سەروبن بکردایە و هەندێ پشێوی بخستایەتە نێو دەوڵەتانی ئیتالیاوە، تا بیتوانیایە دەست بە سەر هەندێکیاندا بگرێت. ئەوەی ویستیشی سانا بوو، چونکە ڤینسیەکانی لە بەر دەستدا بوو، کە هەندێ هۆی دیکە پاڵی پێوەنان فەرەنسیەکان بانگ ڕاهێڵنە ناو ئیتالیاوە، ئەم بەوەوە نەوەستا کە لەم بانگ ڕاهێشتنە بێ دەنگ بێت، بەڵکو ڕێشی بۆ پاککردنەوە، بەوەی قایل بوو شا لویس دەست لە ژنەکەی هەڵگرێ.

بەم جۆرە فەرەنسیەکان بە کۆمەکی ڤینسیەکان قایل بوونی ئەلێکساندەر هاتنە ئیتالیاوە، هەر کە پێشیان نایە (میلان)ەوە، پاپا توانی هێزێکی سەربازی وای لێیان چنگ بکەوێ کە پرۆژە و پلانەکانی لە (ڕۆمانا) دا پێ جێ بە جێ بکات. ئەوەش نەدەکرا ئەگەر ئەو ناوبانگەی شای فەرەنسا هەیبوو نەیبوایە. پاش ئەوەش کە دۆق توانی (ڕۆمانا)ی دەست کەوێ و بە سەر (کۆلۆنا) دا زاڵ بێت، دوو هۆ وایان لێ کرد کە دەست هەڵگرێ و چی دی مل نەنێ تا ئەوەی دەستی کەوتووە لە دەستی نەچێ ..

یەکەمیان:گومان کردنی بوو لە هێزەکانی و ئەندازەی دڵسۆزیان بۆی، دووەمیشیان خانە گومانەی بوو لە ویستی فەرەنسا، ئەمەش مانای ئەوەیە کە (دۆق) لەوە ترسا هێزەکانی (ئورسینی) کە پشتی پێ بەستبوون، لێی هەڵگەڕێنەوە. نەک هەر نەیەڵن چ سەرزەمینێکی دیکە بگرێت، بەڵکو ئەوەشی لێ زەوت کەن کە دەستی کەوتبوو. ترسی ئەوەشی لە دڵدا بوو کە شای فەرەنسا هەمان هەڵوێست وەرگرێ .

ئەمەش لە لایەن (ئۆرسینی)یەوە لێ دیاردا، چونکە پاش ئەوەی توانی (فاینیزا) بگرێ و دەستێ کرد بە هێرش بردنە سەر (بۆلۆنا)، دیتی کە هێزەکانی ئۆرسینی) باش نایەنە دەست. لە لایەن شاشەوە، بەوە تێ گەیشت، کاتێ دێتی شا پاش گرتنی دۆقیەی (ئۆبینۆ)، نەیهێشت پرۆژەی پەلاماری (تۆسکانیا) جێ بە جێ بکات. ئەو کاتە دۆق بڕیاری دا چیتر پشت بە لەشکر و بەختی کەسێکی دی نەبەستێ. یەکەم شتێ کە پێی هەستا لاوازکردنی هەردوو (ئۆرسینی) و (کۆلۆنا) بوو لە ڕۆمادا، ئەویش بە دڵدانەوەی لایەنگرانیان و کێشانیان بەلای خۆیدا بە هۆی خێر و بێر ڕشتن بەسەریاندا و دانی پلە و پایەی وا کە لەگەڵ شوێن و مەقامیاندا بگونجێ، بەمە

توانی لە چەند مانگێکدا لە بەرە کۆنەکانیان بکاتەوە و لە دەوری خۆیانیان کۆمەڵ بکاتەوە. چاوەچاوی ئەوەشی بوو هەلێکی بۆ هەڵکەوێ و سەردارانی (ئۆرسینی)یش لە ناوبەرێ، پاش ئەوەی توانی بنەماڵەی (کۆلۆنا) نابووت بکات .

کە هەلیشی بۆ هەڵکەوت چاکی قۆستەوە، هەر کە (ئۆرسینی)یەکان دیتیان شکۆی دۆق و هێزی کەنیسە مانای لە ناوچوونی ئەمانە، داوایان کرد کە (شورای ڕاوێژکەران) لە ئوربینوی هەرێمی پیروچینو کۆ وەبێت. لەوەوە شۆڕش لە (ئۆربینۆ) کەوتەوە و ئاژاوە کەوتە (ڕۆمانا)وە و دۆق دووچاری مەترسیەکی بێ ئەندازبوو، بەڵام بە یارمەتی فەرەنسیەکان بە سەریاندا زاڵ بوو. پاش ئەوەی شوێنی خۆی گرتەوە بڕیاری دا کە بڕوا نە بە فەرەنسیەکان و نە بە هیچ هێزێکی بێگانە بکات. نەبادا ناچاری کۆمەکی نامسۆگەریان بێت و پەنا بەرێتە بەر فێڵ و تەڵەکە. دۆق زۆر وەستایانە ڕاستی ئامانجەکانی حەشاردابوو کە وای لە ئۆرسینیەکان کرد خێرا بە خێرا پەنا بەرنە بەری بۆ ڕێکەوتن لە گەڵیدا و (سینیور پاولو)ی نوێنەریان بەرێ کرد بۆ لای، (دۆق)یش توانی ترس و گومانی لە دڵدا نەهێڵێ بەو ڕێزلێنان و میهرەبانیەی بەرانبەری نواندی و دیاری و بەخشندەییەی لە جل و بەرگ و نیگار و ئەسپی ڕەسەن و پارەیەی پێ بەخشی، (ئۆرسینی)یەکان لە سادەییانەوە متمانەیان کرد، گەڕانەوە (سینیگاگلیا) و بە تەپکەکەوە بوون، دۆق پاش ئەوەی سەرپاکی ئەو سەردارانەی لە ناوبردن و دۆست و یارانیانی کێشایە لایەنی خۆی، توانی بناغەی پتەوی دەسەڵاتی داکوتێ پاش ئەوەی دەستی گرت بە سەر هەموو ناوچەکانی (ڕۆمانا) و (دۆقیەی ئۆربینۆ)دا، و پشتگیری و لایەنگریی خەڵکی دەست خست. بە تایبەتی کە خەڵکەکە کەوتنە سەر هەستی ئەوەی فەرمانڕەوایەتی ئەم چەند سوودی پێ گەیاندون.

لە بەر ئەوەی ئەم بەشە تیبینی و لاسایی کردن لە لای خەڵکی دیکەوە هەڵدەگرێ، هەروا بە سەریا ڕانابوورم. کاتێ دۆق ڕۆمانای گرت، ئەو هەرێمە لە بن دەستی دەسەڵاتدارانێکی لاوازدا بوو، چاویان لەوە بوو ڕەعیتەکانیان تاڵان کەن، نەک بەڕێوەیان بەرن و لەبری یەکخستنیان دووبەرەکی و ناتەباییان تێدا بچێنن و بە یەکیاندا دەن، بەم شێوەیە تاڵان و برۆ و هەموو جۆرە پشێویەکی تێ کەوتبوو. بۆیە بڕیاری دا لەو هەرێمەدا حکومەتێکی چاک دابمەزرێنێ، کە خەڵکەکەی هێمن کاتەوە و مل بۆ فەرمانڕەوایەتی بدەن بۆ ئەم مەبەستەش (ڕێمیرۆ دی ئۆرکۆ)ی هەڵبژارد کە بێتە نوێنەری خۆی. کە بە توانا و زەبر و زەنگ ناسرابوو، دەسەڵاتی تەواویشی دایە. ئەم پیاوە توانی لە ماوەیەکی کەمدا سەرکەوتنی گەورە بە دەست بێنێ لە دابین کردنی یاسا و دەستوور و ڕێکخستنی هەرێمەکە، ئەمە وای لە دۆق کرد لای وابێت ئەو دەسەڵاتە بێ سنوورە شتێکی چاک نییە، جا دادگایەکی مەدەنی بۆ دادپرسی

هەواڵنامەی کتێب

له مەڵبەندی هەرێمەکەدا دروستکرد، کە قازیەکی زۆر چاک بەرپرسی بوو و هەر شارەش پارێزەرێکی خۆی بۆ هەڵەبژارد. لە بەر ئەوەش کە دەیزانی زەبر و زەنگی لەوە پێش دەبێ هەر ڕق و کینەیەکی لە دەروونی خەڵکەکەدا دروست کردبێ ئەمیش دەیویست چی لە دڵی گەلدا نەهێڵێ و بە تەواوی بیانکێشێتە لای خۆیەوە. ئەوەشیان بۆ دەرخات کە هەر خەراپە و بەدکاریەک لە کۆندا کرابێ بە فرمانی ئەم نەبووە، بەڵکو وەزیرەکەی لە خۆیەوە کردوونی، هەر کە هەلی بۆ ڕێکەوت فرمانی دا کە دوو کەرتی کەن و لە ناوەڕاستی مەیدانی گشتی (سیزینا)دا هەڵیواسن و خەنجەرێکی خۆیناوی بەلایەوە لە تەختەیەک بکوتن، دڕندەیەتی ئەم کارە هەستی ترس و ئاسوودەیی لە هۆشی گەلدا دروست کردبوو.

با بگەڕێمەوە سەر باسەکەمان.

هەر کە دۆق هەستی بە بەهێزی خۆی کرد و دڵنیابووە لەو مەترسیانەی دەوریان دابوو، پاش ئەوەی هێزە چەکدارەکانی خۆی تەیار کردبوون و تا ڕادەیەکیش هێزەکانی دەوروبـەری تەمبێ کردبوون، کە دەیانتوانی دەستی لێ بوەشێنن، دیتی پێویستە ڕێزی فەرەنسا مسۆگەر بکات، ئەگەر بیەوێ لە سەر ڕەوتی داگیرکەرانی بڕوات. چونکە هەستی کرد شای فەرەنسا بەم دواییە کەوتۆتە سەر هەست و هەڵەی خۆی بۆ دەرکەوت بۆیە هیچ کۆمەکێکی دیکەی پێ ناکات. لە بەر ئەمە کەوتە هاوپەیمانی نوێ دۆزینەوە و خۆ نێزیک کردنەوە لە فەرەنسیەکان، کە شاکەیان خۆی سازدابوو بۆ پەلاماردانی وڵاتی (ناپۆلی) بۆ یارمەتی دانی ناپۆلیەکان دژی ئەسپانیەکان کە گەمارۆی شاری (غایتیا)یان دابوو، بۆ ئەوەی دڵنیایان کاتەوە، ئەمەشی بۆ دەچووە سەر ئەگەر باوکی بمایە، ئەمانە ئەو کارو کردارانە بوون کە دۆق لەو ڕۆژانەیدا گرتبوونیە بەر، بەڵام بۆ داهاتووش، لەوە ترسا کە سەردارانی نوێی دەوڵەتۆچکەکانی سەر بە کەنیسە لە دۆستانی نەبن و کاریێ بکرێت بێ بەش بێت بەو هەرێمانەی ئەلێکساندەر پێی بەخشیبوون. بۆیە بڕیاری دا بە چوار ڕێگە بەرانبەر ئەو پێشهاتە بوەستێتەوە:

یەکەمیان: لە ناوبردنی هەموو ئەوانەی سەر بەو بنەماڵە دەسەڵاتدارانە بوون کە موڵکەکانی لێ زەوت کردبوون، تا ڕێی ئەوە ببڕێتەوە پاپای نوێ پشتیان پێ ببەستێ.

ڕێی دووەمیشیان ئەوە بوو کە: تا سەری پاپایان پێ نەرم کات، ڕێگەی سێیەمیشیان بە کورتی ئەوەبوو تا ئەوپەڕی توانا دەسەڵاتی بە سەر (کۆڕ)دا بکێشێ.

چوارەمیشیان ئەوە بوو: پێش ئەوەی پاپای باوکی بمرێ زۆرترین هێزی کۆ بکاتەوە تا لە یەکەم پەلاماردا بتوانێ بە تەنیا خۆی ڕاگرێ، ئەوە بوو لە مردنی ئەلێکسەندەردا سیان لەم مەبەستانەی دەست خستبوو و چوارەمیشیان بەدەستەوە بوو، چونکە

توانیبووی زۆربەی شازادە لێ کەوتووەکان بکوژێ و کەمیان نەبێ لە دەستی دەرنەچوون. توانیشی خانەدانانی ڕۆما بکێشێتە ڕیزی خۆیەوە و زۆر چاکیش دەستی گرتبوو بە سەر (کۆڕ)دا، بۆ ناوچە و هەریمەکانیش ئەوەی دانابوو کە ببێتە سەرداری (تۆسکانیا) و توانی (پروجیا و پیومپینو) بپچڕێ و باڵ بە سەر (پیزا)دا بکێشێ، کە بۆشی دەرکەوت فەرەنسیەکان ترسیان لێ ناکرێت، پاش ئەوەی ئەسپانیەکان لە ناپۆلی دەریان پەراندوون، بە جۆرێکی وا کە هەردوو دوژمنەکە کەوتبوونە ئەوەی خۆی لێ نێزیک بکەنەوە، بە تەواوی دەستی گرت بە سەر (پیزا)دا، و ئەوەندەی نەبرد کە (لۆکا و سینیا)ش لە داخی ڤینسیەکان و لە ترسان کرنۆشیان بۆ برد. ڤینسیەکانیش دارای و سامانی تەواویان نەبوو، خۆ ئەگەر چۆن لە سەر زەمینە کۆنەکانی سەرکەوتبوو ئاواش لەم سەرزەمینە نوێیانەیدا سەرکەوتووبایە، لەو ساڵەدا کە ئەلێکسەندەری بە سەردا مرد، دەیتوانی توانا و ناوبانگێکی وا بۆ خۆی پەیدا بکات تەنها بەتوانای خۆی دەسەڵاتەکەی بپارستایە بێ ئەوەی پشت بە هێز و بەختی کەسێکی دیکە ببەستێ، بەڵام ئەلێکسەندەر تەنها پێنچ ساڵ دوای یەکەم هەڵکێشانی شیری قەیسەری بورجیا ژیا و ئیدی مرد، کە خۆی دیەوە هەموو (رۆمانا)ی کەوتۆتە ژێر چنگ، بەڵام خواستەکانی دیکەی هەروا مابوونەوە و کەوتبوونە نێوان دوو لەشکری بە هێز و نەیارەوە لەولاشەوە خۆی دووچاری نەخۆشیەکی کوشندە بوو، بەڵام ئازایەتی و توانای دۆق بێ ئەندازە بوون، لە هەڵبژاردنی دۆست و لە ناوبردنی دوژمنانیدا وەستاش بوو لە دانانی بناغە و بنچینانێک کە لە ماوەیەکی کەمدا بتوانرێ دابرێژرێن .

ئەگەر ئەو دوو لەشکرە ئەم لاو لایان لێ نەگرتایە و باری لەشی ساغ بوایە، دەیتوانی بە سەر هەموو گرفتەکاندا سەرکەوێ و کۆسپەکان ببڕێ، دەتوانین لەوەوە پتەوی دروستی کارەکانیمان بۆ دەکەوێت، کە (رۆمانا) مانگێک بە هێمنی چاوەڕوانی دەکرد، ئەویش لە ڕۆما لە سەرەمەرگیدا بوو، لە گەڵ ئەوەشدا (باگلیۆنی و ڤیتیللی و ئۆرسینی) بە هێزەکانیانەوە هاتبوونە نێو ڕۆماوە کەسیان چنگ نەکوت لێی ڕاپەڕێ دەشیتوانی ئەو پاپایەی بە دڵی نەبێت نەیەڵێ هەڵبژێردرێ، ئەگەر نەڵێین ئەو پاپایە دانێ کە خۆی دەیویست. بەڵام ئەگەر لە مردنی ئەلێکسەندەردا باری لەشی ساغ بووایە دەیتوانی ئەوەی دەیخواست جێ بە جێ بکات و هەموو شتێکی لا سانا بوو.

هەر لەو ڕۆژانەدا کە (پاپا یۆلۆسی) دووەمیان هەڵبژارد، پێیان ووتم: دۆق بیری لە هەموو شتێ کردبووە و کە باوکی مرد ڕوویدات، و چارەی هەموو شتێکیشی ئامادە کردبوو، تەنها شتێ نەبێ کە هەرگیز بە بیریدا نەهاتبوو، ئەویش ئەوەبوو لە ڕۆژی مردنی باوکیدا خۆشی لە مەرگ نێزیک بێت، لە بەر چاوخستنی هەموو

کارەکانی دۆقدا، شتێ نابینم جێ سەرزەنشت بێ، بە پێچەوانەوە خۆم بە ناچار دەزانم، وەکو ناچاریش بووم، بە نموونەیەکی دانێم کە دەبێ هەموو ئەوانەی بە هۆی چەک و بەختی کەسانی دیکەوە دەگەنە دوندی دەسەڵاتدارێتی، ڕێ و ڕچەی ئەو بگرنە بەر. کە بە ئازایەتی و خوازەگەورانەش ناسرابوو نەیدەتوانی لەوەی کردی پتری بکردایە، چیش پلانەکانی پووچ نەکردەوە مردنی کتوپڕی باوکی و نەخۆشی خۆی نەبێت و هەر کەسێکیش پێی وابێت بۆ لە دەست نەدانی «میرنشینە» نوێکانی بە ڕێگەی: خۆ قایم کردن دژی نەیار و دوژمنانی، و پەیداکردنی دۆست و بە زۆر و تەڵەکە داگیرکردن، و خۆشەویستی و ترس سەپاندن بە سەر ڕەعیەتدا، و ڕێز و گوێ ڕایەڵی سەربازانی، و کاول کردنی هەر شتێ ببێتە جێ مەترسی، و داهێنانی نوێ لە شوێنی دابی کۆن، و بەزەیی و دڵ ڕەقی لە خۆدا کۆکردەوە، و مەردایەتی و سەرفرازی، و هەڵوەشاندنی هێزە کۆنەکانی و دروست کردنی لەشکری تازە و پاراستنی دۆستایەتی شاو شازادان، بە جۆرێکی وا کە بەرتیلی دەنێ و لە زەبر و زیانی بترسن .. دەبێ کرداری ئەم پیاوە بکاتە نموونەیەک و لە سەری بڕوات، لەوانەیە هەموو ئەوەی لێ بە هەڵە بگیرێ، هەر لەو بە هەڵە چوونەیدا بێت، پشتگیری «پاپاپۆلیۆسی دووەم»ی کرد کە هەڵبژێردرا. هەر وەکو لەمەوە پێش ووتم، مادام توانای ئەوەی نەبوو ئەو پاپایەی کە خۆی دەیویست هەڵبژێرێ، دەیتوانی نەیەڵێ بە هیچ جۆریک کەسێ ببێتە پاپا، بە تایبەتی ئەگەرئەو کەسە لەو کاردینالانە بێت لەوەو پێش ئەم خراپەی دەربارە کردبێتن. یان لەوانەی دەبێ لێیان بترسێ، ئەگەر بوونە پاپا.

خەڵکی خەراپەیان لە بەر ناحەزی یان لە بەر ترس دەکەن. ئەو کاردینالانەش کە خەراپەی لە گەڵدا کردبوون، زۆر بوون، گرنگ ترینیشیان (سان پیترۆ ئاد فینکۆلا، و کۆلۆناو و سان جیۆر جیۆ و اسکانیو) بوون، ئەگەر هەر کاردینالێکی دیکەش بۆ پلەی پاپایەتی هەڵبژێردرایە، پاپای نوێ لە دۆق سڵی دەکردەوە، جگە لە کاردینال ڕۆهاننی فەرەنساوی و کاردیناڵە ئەسپانیەکان، چونکە یەکەمیان دەسەڵاتی فراوانی هەبووە لە بەر نێزیکی و خزمایەتی لە گەڵ شای فەرەنساداو ئەوانەی دیکەش لە زۆر ڕووەوە لە دۆق نێزیک بوون. بۆیە دەبوایە دۆق کاردینالێکی ئەسپانی بۆ پاپایەتی هەڵبژاردایە، ئەگەر ئەمەشی بۆ نەکردایە دەبوایە کاردینال (رۆهان)ی هەڵبژاردایە نەک (سان پیترۆ ئاد ڤینکولا).

بێ گومان هەر کەسێ پێی وا بێت گەورە پیاوان بە دەستکەوتی تازە، خراپە کۆنەکانیان لە بیردەچێت، زۆر بە هەڵەدا چووە. (دۆق)یش لەم هەڵبژاردەیەیدا بە هەڵەدا چوو، هەڵەکەشی بووە هۆی تیاچوونی.

**هەشتەم:**

(ئەوانەی بە ڕێگەی بەدفەڕی دەگەنە پایەی "شازادە"یێتی).

چونکە دوو ڕێگەی تر هەن بۆ گەیشتنە پایەی (شازادە)یەتی، کە کەم و زۆر پەیوەندیان بە بەخت و تواناوە نییە، لە سەرمانە هەروا بە سەریاندا ڕانەبوورین. لە گەڵ ئەوەشدا یەکێ لەو دوو ڕێیانە دەشیا پتر لە سەری بدوێین ئەگەر لە باسی کۆماریەکاندا بووینایە، یەکێ لەم دوو ڕێیانەش، ئەوەیە کە مرۆ بە ڕێگەو ئامرازی بەدفەڕی و خەراپەکاری بگاتە پایەی شازادەیەتی، ڕێگەکەی دیشیان ئەوەیە بۆرە پیاوێ بە کۆمەکی هاووڵاتیانی دەسەڵات بگرێتە دەست.

دەربارەی ڕێگەی یەکەم دوو نموونان دێنمەوە. یەکیان کۆن و ئەوی دیان هی ئەم سەردەمەیە، بێ ئەوەی لە خەسڵەتەکانی ئەم شێوازە بدوێم، چونکە لەو بڕوایەدام خۆیان لە خۆیاندا بەسن بۆ هەر کەسێ ناچاری لاسایی کردنەوەیان بێت بیانگرێتە بەر.

١ – ئاگا تۆکلیسی سەقلی، کە لە پووچترین و نزمترین چینەکانی وڵاتەکەی بوو هەڵکشا، تا بووە شای "سیراقوسە" لە باوکێکی گۆزەکەر کەوتبووە و خۆشی سەرتا سەری ژیانی بەرەڵایی و سوکێتی بردبۆ سەر. بەڵام لە گەڵ ئەو بەرەڵایی و سوکێتیەیدا، چوستی و چالاکی و هۆشمەندیەکی تێ هێنابۆوە. هەر کە چووە سەربازی زوو بە زوو پێشکەوت و لە پلە باڵاکانی هەڵکشا، تا گەیشتە پلەی سەردار (پرپتۆر)ی سیراقوسە کە لەم پلەیەشدا دانرا بڕیاری دا ببێتە شازادە و ئەو دەسەڵاتەی دەستوور دابوویە، بە کوتەک و بێ کۆمەکی هیچ کەسێ بیپارێزێ، ئەم ڕازەشی لای (هامیلکاری قەرتاجی) درکاند، کە لە سقلیە لە شەڕدا بوو. ڕۆژێکیان خەڵکی سیراقوسە و (کۆڕی پیران)ی بە بیانووی لێدوان لە هەندێ کاروباری گرنگی کۆمارەکە کۆکرنەوە. هەر کە پەرلەی دانروی دایە سەربازەکانی، سەربازەکان سەرپاکی «پیران» و «دەوڵەمەندانی» شارەکەیان سەربڕین. پاش ئەوەی ئەمانەی کوشت، توانی شارەکە بگرێت و بیخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. بێ ئەوەی لە ئاژاوە و ئاشووبی ناوخۆ بترسێ. لە گەڵ ئەوەشدا کە دوو جاران لە بەرانبەر (قەرتاجنەکان) دا شکا و لە نێو شاریشدا گەمارۆیان دا، توانی خۆیان لە بەردا ڕاگرێ و هەندێ لە هێزەکانی لە ناوشاردا بۆ پاراستنی شارەکە جێ هێشت و بەوەی دیکەی ڕۆخی ئەفەریقای گرت، توانیشی بە ماوەیەکی کەم سیرافوسە ڕزگار کات و (قەرتاجنەکان) یش ناچار کات، پاش ئەوەی چەند زەبر و دەستێکی لێ وەشاندن، کە لە گەڵیدا ڕێکەون و ئەوان بە ئەفەریقا داکەون و دورگەی سەقلیە بۆ ئاگاتوکلیس جێ بهێڵن. هەر کەسێ سەرنجی خەسڵەت و کردارەکانی ئەم پیاوە بدات، بۆی دەردەکەوێ کە

شتێکی تێدا نییە ببرێتەوە سەر بەخت و شانش. چونکە وەکو ووتم، بە کۆمەک و خێری هیچ کەسێک نەگەیشتۆتە ئەو پلە و پایەی، بەڵکو بە تێ هەڵکشانی بووە لە سەربازیدا و خۆی تووشی هەزاران مەترسی و نارەحەتی کردووە. کە پێشی گەیشت بە پشتگیری و خورتی و ئازایەتی ڕایگرت و پاراستنی.

ناشتوانن سیفەتی پیاوچاکی و جوامێری بدەینە پاڵ یەکێ کە هاووڵاتیانی بکوژرێ و ناپاکی لە گەڵ هاورێیانیدا بکات و گوێ نەداتە قسەی خۆی و پەیمان شکێن بێت و پشت لە میهرەبانی و دین هەڵکات. لەوانەیە یەکێ بتوانێ بەم ڕێگایانە دەسەڵات بگرێتە دەست، بەڵام بەهۆیانەوە ناگاتە سەروەری.

ئەگەر چاکەکانی (ئاگاتوکلیس) بەرچاوگرین، کە بریتین لە بەرەنگاربونەوەی مەترسی و زاڵ بوونیشی بەسەریدا، و وورە بەرزی لە کاتی تەنگانەدا چمان بە دەستەوە نابێ کە لە هیچ کام لەو سەردارە بەناوبانگانەی کەمتر بگرین. لە گەڵ ئەمەشدا دڕندەیەتی و بێ هەست و سۆزیی مرۆڤانەی، و ئەو هەموو بەدکاریە بێ ئەندازەو ژمارانەی ڕێمان نادات بە کەڵەپیاوێکی ناوبانگداری دانێین. ناشتوانین سەرکەوتنەکانی بگێڕینەوە بۆ بەخت و پیاوچاکی، یان یەکێ لەو دوانە.

لەم سەردەمەی ئێستاشماندا و بە سەرینی پاپا ئەلێکساندەری شەشەم (ئالیڤیروتو ئوف فیرەو) بە هەتیوی لە لایەن (جیۆڤانی فوگلیانی) خاڵیەوە گەورە بوو، کەوای پێ گەیاند هەر لە مێردمناڵیەوە بێتە سەربازێ لە ژێر فەرماندەیی (پاولو ڤیتالی). هەر کە مەشقی لەو قوتابخانە سەربازیە سەختەدا هەواوکرد، بە پلەیەکی سەربازی نایاب گەیشت، پاش مردنی (پاولو)ش کوڕە لە ژێر فەرماندەیی "ڤیتیللۆز"ی برایدا دەجەنگا، پاش ماوەیەکی کورت توانی بە هۆی زیرەکی و چاپووکی و دووربینی خۆیەوە ببێتە یەکێ لە سەردارانی هێزە جەنگاوەرەکان. بەڵام لای کەمی و سوکایەتی بوو لە ژێر فەرمانی کەسانێکی دیدا بمێنێتەوە، جا هاتە سەر ئەوەی بە هاندانی "ڤیتیللی" و بە یارمەتی هەندێ لە هاووڵاتیانی شارەکە، کە کۆیلایەتیان لە ئازادی لا پەسەند تر بوو، "فیرمو"بگرێت. نامەیەکیشی بۆ "جیۆڤانی" خاڵی نووسی، کە پاش ئەوەی ئەو ماوە دوور و درێژە لێیان دوور کەوتۆتەوە ئارەزووی دیداری ئەو و شارەکەی و حەز بە بەسەرکردنەوەی زەوی و زارەکەی تێدا دەربڕیبوو، ئەوەشی تێدا نووسیبوو، لە بەر ئەوەی زۆر تاڵ و سوێری چەشتبوو تا گەیشتۆتە ئەو پلە شکۆدارەی، و بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی بزانن کە کاتی خۆی بە فیڕۆ نەداوە، بۆیە حەز دەکات بە جۆرێکی وا بگەڕێتەوە شارەکە شکۆداری و سەربڵندی پیوە بێت بۆیە سەد سوارێک لە دۆستان و پیاوانی لە گەڵ خۆیدا دێنێ، تکاشی لە خاڵی کردبوو فرمان بداتە خەڵکی (فیرمو) پێشوازیەکی پڕ حورمەتی بکەن، چونکە ئەو کارە تەنها بە خێر هاتنەوە لەم ناگەیەنێ

بەڵکو دەستی ڕێز نانە سەر ئەوەو یانی جیۆڤانی، کە ئەمی پەروەردە کردوە و پێ گەیاندوە.

(چیۆڤانی)یش چ سێ و دووی لە بە پیرەوە چوونی خوشکەزاکەی نەکرد و خەڵکی شارەکەی دەنگدا پێشوازی بکەن و ڕێزی لێ بنێن و پاشان لەماڵەکەی خۆشیدا میوانداری کرد.

(ئولیڤیرتو) پاش ئەوەی چەند ڕۆژێ چاوەڕوانی کرد تا پیلانە دڕندانە فێڵاویەکەی کێشا، ئەوسا "جیوڤانی" خاڵی و هەموو خانەدان و سەرەکانی شاری (فیرمۆ)ی داوەت کردن، پاش نان خواردن و بەزم و ڕەزمی ئەم جۆرە داوەتانە "ئولیڤیرتو" وەستایانە هەندێ باس و خواسی لێدوانی هێنایە پێش و کەوتە پێدا هەڵگوتنی" پاپا ئەلێکساندەر" و قەیسەری کوڕی و پرۆژەکانیان، هەر کە (جیوڤانی) و ئەوانی دیکە کەوتنە بەر پەرچ دانەوەی کتوپڕ هەستایە سەر پێ و ووتی:

ئەم باسانە دەبێ لە لاچەپەک و دوور لە گوێ بیستی خەڵکی باسیان لێوە بکرێن .. و چووە ژوورەکەی تەنیشتیانەوە، ئەوەندەی نەبرد (جیوڤانی) و پیاو ماقوڵانیش دووی کەوتن. دانیشتن و دانەنیشتنی سەربازەکان لە بۆسەکانیان هاتنە دەرێ و تێیان کەوتن و تاقیان لێ برین .

پاش کوشتارەکە، "ئولیڤیرتو" سواری ئەسپەکەی بوو و کەوتە نێو شەقامەکانی شارەوە و خانەی سەرداری شاری ئابلووقە دا. جا هەموان ناچاربوون لە ترسان ملی بۆ بدەن و حکومەتێکی نوێ دروست کەن و ئەمیش بکەنە شازادەی .

پاش ئەوەی لە کوشتنی هەموو ئەوانەی مەترسی لێ دەکردن و لێ نابەدڵ بوون بووە، کۆمەڵێ کارمەند و شەڕکەری لە خۆی گردکردەوە. هەتا لەو ساڵەدا کە خۆی حوکمی ئەو هەرێمەی کەوتە دەست، هەر بەوەوە نەوەستا خۆی لە «فیرەو» دا داکوتی، بەڵکو ترس و لەرزیشی خستبۆ دڵی هەموو دراوسێکانیەوە، دەسەڵاتی «ئاگاتوکلیس» بە نارەحەت لە بەین دەچوو، ئەگەر هۆشی بووایە و ڕێی نەدایە قەیسەری بورجیا لە خشتەی بەرێ. کاتێ کە «ئورسینی و فیتیللی» لە سینیگاگلیا گرتن، وەکو لەمەو پێش باسم کردن، ئەویش پاش ساڵێک لەو کوشتارەی کردی گیرا و لە گەڵ «ڤیتیلوز»ی مامۆستای لە بەتوانایی و دڵ ڕەقیدا، لە نێو چوون. لەوانەیە مرۆ سەرسام بێت لەوەی کە (ئاگاتوکلیس) و هاوچەشنانی چۆن توانیویانە، پاش ئەو هەموو دەست بڕی و ناپاکی و خەراپەکاریە یەک لە دووی یەکەیان، ئاوا بە ئاسوودەیی و هێمنی ساڵە های ساڵ لە وڵاتەکانیاندا بژین و بەرگری لە خۆیان بکەن

دژی دوژمنانی دەرەوەیـان، بێ ئەوەی دووچاری پیلانێکی ڕەعیەتەکانیان کەون. لە گەڵ ئەوەشدا خەڵکی دیکە، لە گەڵ خۆیان ڕاگرن و کورسیەکانیان بپارێزن، چ جای کاتی شەڕ و شۆڕ و شلۆقی. لە وەڵامی سەرسام بوونێکی وادا دەڵێم: من لەو بڕوایەدام هۆی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ڕێگەی بە ئەنجام دانی ئەو کارە نارەوایانە، و ئایا ڕێگەی بە ئەنجام دانیان چاک یان خەراپ بوون.

من ئەگەر ڕێم هەبێت ناوی ڕێگەی چاک بۆ کارێکی خەراپ بەکاربێنم بەو ڕێگانە دەڵێم چاک کە ناچاری پێویستی کردوون بۆ بەرقەراری ئارامی و مسۆگەر کردنی ئاسایش. ئەوانەی کە بەردەوام نەبوون، بەڵکو پاشان گۆڕدرانە سەربازێکی بەفەڕ و سوود بەخش، کە خێر و بێری دانیشتوانی تێدا بووبێت. بەڵام ڕێگەی خەراپ ئەو کردەوانەی دەگرێتەوە کە لە سەرەتاوە کەمن، بەڵام هێندە نابات کە پتر دەبن، لە بری ئەوەی کەم بنەوە ..

ئەوانەش کە ڕێی یەکەم دەگرنە بەر دەتوانن نێوانیان لە گەڵ خەڵک و خوادا چاک کەنەوە، هەر وەکو ئەوەی (ئاگاتۆکلیس) کردنی .. بەڵام ئەوانەی دی هەرگیز ناتوانن باری خۆیان ڕاگرن.

لەمەوە دەردەکەوێ، داگیرکەر هەر کە دەوڵەتێکی داگیرکرد، ڕێ و شوێنی دەست درێژی و خەراپەکاری بکێشێ و یەکسەر و یەکجار بیکات و ببڕێتەوە، هەموو ڕۆژی دووبارەی نەکاتەوە. بەم جۆرە بێ ئەوەی گۆڕانکاری نوێ بکات، دەتوانێ گەلەکەی دڵنیاکاتەوە و بە کردنەوەی پڕۆژەی سوودمەند ڕایانکێشێتە لایەنی خۆیەوە. بەڵام ئەوەی ڕێگەیەکی دیکە دەگرێتە بەر، جا یان لە ترسنۆکی یان بە قسەی بەدکار، ناچار دەبێ هەمیشە دەستی لە سەر شمشێرەکەی بێت، هەرگیزیش ناتوانێ پشت بە ڕەعیەتەکانی ببەستێ، چونکە لە بەر دووبارە بوونەوەی خەراپەکاریەکانی لێی دەتەکنەوە. پێویستە خەراپە یەکجاری و پێکەوە بکرێت، ئەمە خەسڵەتی تەشەنەی دەبڕێ و دواجار شوێنەواری زۆر خراپ جێ ناهێڵێ. بەڵام چاکە دەبێ دلۆپ دلۆپ بچۆڕێتەوە، تا لە گەڵ دەمی چەشە بێت و چێژی بکات، لە سەرو هەموو ئەمانەشەوە پێویستە شازادە وا لە گەڵ ڕەعیەتەکەیدا بژی، کە نەیەڵێ بەد بەختی و خاس بەختی ڕێی لێ ببڕێتەوە.

ئەو پێویستیەی لە تەنگانەدا دێتە پێش، دەبێ خۆتت بۆ ئامادەکردبێت ئەو چاکەیەی دەیکەیت لەوانەیە لەو کاتانەدا دادت نەدا، چونکە وا دادەکەوێ کە ناچاری پێ کردوویت، بەم جۆرە ناتوانی چ سوودێکی لێ هەڵکرێنی.

**نۆیەم:**

**(فەرمانڕەواییە هاوشاریەکان)**

ئێستا دێینە سەر ئەو حاڵەتانەی کە هاووڵاتیەک دەگاتە پلەی فەرمانڕەوایەتی، نەک لە ڕێی تاوان وزەبروزەنگێکی بێ ئەندازەوە، بەڵکو بە هۆی پشتگیری هاووڵاتیانەوە. ئەمەشە کە پێی دەووترێ "فەرمانڕەواییە هاوشاریەکان". بۆ گەیشتنە ئەم پایەش مرۆ تەواو پشت بە توانا یان بەخت نابەستێ. بەڵکو بە فێڵبازی و پشتیوانی بەخت دەبێت، لەوانەشە مرۆ یا لە ڕێگەی لایەنگیری جەماوەر یان پشتگیری خانەدانانەوە بیگاتێ چونکە لە هەموو شارێکدا ئەم دوو دەستە نەیارانە هەن .. ئەم نەیاریەشیان دەبێتە هۆی ئەوەی جەماوەر خۆی لە کەڵەگایی گەورە پیاوان دوور بگرێت و گەورە پیاوانیش ئارەزووی خۆسەپاندن و کەڵەگایی بکەن. لەم لێک کەوتن و پێک کەوتنەی بەرژەوەندیەکانی هاوشاریە، یەکێ لەم سێ سەرئەنجامانەی لێ دەکەوێتەوە:

یان پەیدا بوونی حکومەتێکی مل هۆری (--------------------------)، یان حکومەتێکی ئازاد (liberty)وەیان حکومەتێکی (خودموختاری ------------------ -) نیمچە ئازاد .

حکومەتی یەکەم لە گەل یان لە خانەدانان پێک دێت، ئەمەش دەکەوێتە سەر هەل و هەڵکەوتی هەر کام لەو دوو دەستە نەیارە. چونکە خانەدانان کە هەستیان بەوە کرد ناتوانن بەر بە گەل بگرن، یەک دەکەون بۆ پایەدارکردنی یەکێکیان و گەیاندنی بە پلەی فەرمانڕەوایەتی، تا لە ژێر سایەیدا بتوانن ویستی خۆیان بسەپێنن و مەبەستەکانیان بە ئەنجام بگەیەنن، لە لایەکی دیکەشەوە کەگەل نەیتوانی بەرەنگاری خانەدانان ببێتەوە، هەوڵ دەدەن شازادەیەک دروست کەن و پایەداری کەن، تا لە بن باڵیدا ئاسوودەبن، ئەو شازادەیەی کە خانەدانان دروستی دەکەن تووشی چورتم و نارەحەتی پتر دەبێت لەوەی گەل دایدەنێ، چونکە یەکەمیان کۆمەڵێ خانەدانی بە دەورەوە دەبێت، کە هەر یەکەی خۆی بەو ناگۆڕێتەوە. بەمەش ناتوانێ بە ویست و ئارەزووی خۆی کاروباری وڵات هەڵسوڕێنێ. بەڵام ئەوەی گەل دەیکاتە ڕابەر، هەر خۆی دەبێ و زۆر کەم هەڵدەکەوێ مل لە بەر ملی نێن. سەرباری ئەمەش شازادە ناتوانێ خانەدانان بەوە قایل کات کە دادپەروەر بێت و چەرمەسەریی خەڵکی نەکات. بەڵام بە سانایی جەماوەری گەل بەمە قایل دەبن. چونکە ئامانجی گەل بڵند و خێرخوایانەترە لە ئامانجەکانی خانەدانان. ئەمانە دەیانەوێ زوڵم و زۆر بکەن و ئەوان تەنها دەیانەوێ خۆیان لە زۆری خەڵکی دی بپارێزن. لە سەریشمانە ئەوە بڵێن:

شازادەیە گەل لێی بە قین بێت خۆی بۆ ناپارێزرێ. چونکە گەل زۆرن، بەڵام دەتوانێ خۆی لە دوژمنایەتی گەورە پیاوان بپارێزێ چونکە کەمن، خەراپترین شتێکیش کە

شازادە لە گەلێکی بێزار چاوەڕوان کات ئەوەیە پشتی تێ هەڵکەن. بەڵام ترسی لە توورە بوونی خانەدانان هەر ئەوە نییە لێی بتەکنەوە، بەڵکو بەراستی بەربەرەکانی بکەن، چونکە ئەمانە زۆر لە گەل دووربین ترن و هەمیشە لە سەر یان، ئەگەر زانیان دوژمنەکەی سەردەکەوێ بدەنە پاڵی و خۆیان دەربازکەن، شازادە ناتوانێ لە ناو گەلدا نەبێ بژی، بەڵام دەتوانێ ئەو خانەدانانە لە دەوری خۆشی نەهێڵێ و هەر بشمێنێتەوە، چونکە بە دەست خۆیەتی بەرزیان کاتەوە یان ترۆیان کات و چۆنی بوێ و چۆن ئارەزوو بکات وایان پێ بکات.

بۆ ئەوەی چاتر ئەم لایەنی باسەم ڕۆشن کەمەوە .. دەمەوێ بڵێم:

پێویستە شازادە بە یەکێ لەم دوو ڕێگایانە لە گەڵ خانەدانانداندا ڕەفتار بکات، یەکەمیان بە جۆرێ حوکمیان بکرێت کە چاویان هەر لە میهربانی و ڕەزامەندی شازادەوە بێت. دووەمیان: ئەوەیە وا حوکم نەکرێن. لە سەریشتە ئەوانەی هۆگرتن چاوت لێیانەوە بێت و خۆشت بوێن، بێ ئەوەی تەماعیان بنێیتە بەر. بەڵام ئەوانەی دوورە پەرێز دەبن لێت. دەبێ بە دوو جۆری جیا بیانڕوانیتێ. هەیانە لە ترس و بوودەڵەیی وا دەکەن لەم حاڵەتەدا دەبێ سوود لەم جۆرە کەسانە وەرگری و گوێ لە ڕا و ڕاوێژیان بگرێت، لە خۆشیاندا کلکە سووتێت بۆ دەکەن و لە تەنگانەشدا هیچ لێیان مەترسە.

بەڵام ئەگەر لە بەر تەما و خواستی تایبەتیان خۆیان دوورگرت لێت، ئەمە نیشانەی ئەوەیە پتر لە بیری خۆیاندان وەک لە تۆ. پێویستە شازادە سڵ لەمانە بکاتەوەو بە چاوی دوژمنی خۆمەلاسداوتییان ڕوانێ، چونکە بێ گومان هەر کە تەنگانە و گرفتی هاتەڕێ هەوڵی فەوتاندنی دەدەن. ئەو شازادەیەش کە بە هەڵبژاردەی گەل دەگاتە ئەو پایەی لە سەریەتی دۆستایەتیان ڕاگرێ و ئەوەشی پێ دەکرێت، چونکە ئەوەی گەل دەیەوێ لەوە تێناپەڕێ کە لە ستەم ڕزگاری بێت. بەڵام ئەو شازادەیەی بە هۆی خانەدانەوە، و بێ ڕا لە سەر بوونی گەل، پێی دەگات، بەر لە هەموو شتێ دەبێ دڵی گەل بۆ لای خۆی ڕاکێشێ. ئەوە زۆر ئاسانە ئەگەر باڵیان بە سەردا کێشێ. لە بەر ئەوە مرۆ وا هەڵکەوتووە منەتباری ئەوانە دەبێت چاکەی لە گەڵدا بکەن، لە هەنگاوێکدا چاوەڕوانی خەراپەی لێ کردبن. بۆیە گەل پتر هۆگری ئەو شازادەیە دەبن وەک لەوەی کە بە ئارەزووی خۆی هەڵیبژێری. شازادەش دەتوانێ بە زۆر ڕێیان گەل ڕازی کات، کە ئەو ڕازی کردنەش بە پێی بار و هەل و مەرجی جیا دەگۆڕێ، لە بەر ئەوەی کە دەستوور و ڕێ و شوێنێکی دیاری نییە دەبێ بەسەریاندا ڕابوورێن. بەڵام لە کۆتایدا دەمەوێ بڵێم:

هەموو شازادەیەک لە سەریەتی دۆستایەتی گەلەکەی مسۆگەر کات، ئەگینا لە تەنگانە و نەهامەتیدا چ دالدەیەکی نابێت.
«نابیس"ی شازادەی ئەسپارتە، توانی خۆی لە بەرابەر ئەو گەمارۆیەدا ڕاگرێ، سەرتاسەری وڵاتی یۆنان بە هاوکاریی لەشکرێکی سەرکەوتوویی ڕۆمانیش گەلە کۆمەکەیان لێ کرد بوو، توانیشی وڵاتەکەی بپارێزێ و پلە و پایەی خۆشی ڕاگرێ، هەر ئەوەندەشی کرد کە مەترسیەکە هاتە پێش، متمانەی بە هەندێ کەس کرد. ئەمەش دادی نەدەدا ئەگەر گەلەکەی دوژمنی بوایە، من ئامۆژگاری کەس ناکەم پێچەوانەی ئەم ڕایەم ڕەفتار بکات و دووی ئەو قسە پووچە بکەوێت کە دەڵێ:
«ئەوەی پشت بە گەل ببەستێ وەکو ئەوە وایە بناغەیماڵەکەی لە سەر لم هەڵچنێ"
لەوانەیە ئەمە دەربارەی هاوڵاتیەکی سادە بەراست دەرچێ، ئەگەر هانا بەرێتە بەر گەل بۆ ڕزگارکردنی لە ستەمی دوژمنانی، یان سەرداران. ئەو هاوڵاتیە کاتێ خۆی دەبینێ دەستی لە بن هەمانەکەوە دەرچووە، وەکو گراشی لە ڕۆما و گیورگیو سکالی لە فلورەنسا بە سەریان هات، بەڵام ئەگەر ئەو هاوڵاتیە شازادەیەکی بە توانا و ئازا و لێ هاتوو بێت و لە تەنگانەدا وورە بەرنەدات و هیچ شتێ پشت گوێ نەخات و بتوانێ بە ئازایەتی و ڕەفتاری دلێرانە هەستی خەڵکی بهاژێنێ و بیانخاتەگەڕ .. شازادەی وا گەل دەستی بە زاخدا ناکەن و تێش دەگا کە بناغەی خۆی لە سەر زەمینێکی بتەو هەڵچنیووە، ئەم جۆرە فەرمانڕەوایەتیانەش بەوە دەکەونە بەر مەترسیەوە کە شازادەکە لە حوکمێکی هاوشاریەوە بچێتە دۆخی دەسەڵاتدارێکی ستەمکار، کە یان ڕاستەوخۆ یان بە هۆی سەرداریانەوە حوکم بکات، لەم حاڵەتی دواییەشیاندا شوێن پێی شازادەکان لەق دەبن و دەکەونە بەر مەترسیەوە، چونکە دەکەونە بەر ڕەحمەتی ئەو سەردارانەی کاروباری دەوڵەتیان پێ سپاردوون، ئەمانە دەتوانن لە تەنگانەدا زۆر بە ئاسانی دەسەڵات لە شازادەکان زەوت بکەن و شاربەدەریان کەن .. جا یان بەوەی لە دژیان دەست بە کاربن یان لێیان یاخی بن. لەم حاڵەتەشدا و لە ڕۆژانی ڕەشدا، شازادەکان لە بارێکی وادا نابن کە بتوانن هەموو جڵەوی دەسەڵات بگرنە دەستی خۆیان. چونکە ئەو هاووڵاتی و ڕەعیەتانەی دەقیان بەوەوە گرتبێ فرمان لە سەردارانەوە وەرگرن، ئامادە نابن فرمانەکانی شازادە جێ بە جێ بکەن، هەمیشەش لە تەنگانەدا ناتوانێ کەسانێکی وای چنگ کەوێ، کە بتوانێ پشتیان پێ ببەستێ. شازادەیەکی وا ناتوانێ بە حسێبی ڕۆژانی ئاسایش ئارامی لێ خۆرێ، چونکە کاتێ خۆشیان کە خەڵکی پێویستیان بە دەوڵەتە، هەموو کەسێ ئامادەیە بەڵێن بدات و سنگ بهێنێتە پێشەوە و ئامادە بێت خۆی لە پێناوی شازادەدا بەخت کات، چونکە کاتێ کە مردن دوورە و جادەکەی پانە!. بەڵام لە تەنگانەدا و کاتێ وڵات پێویستی بە هاوڵاتیانی

دەبێت، بە دەگمەن دەست شازادە دەکەون. بێ گومان ئەم تاقی کردنەوەیە زۆر پڕ مەترسیە، چونکە هەر جارێک ڕوو دەدات! بۆیە شازادەی دانا دەبێ ئەو ڕێیانە بگرێتە بەر کەوا لە هاوڵاتیانی بکات لە هەموو کات و بار و هەل و مەرجێکدا پێویستیان بە حکومەتەکەی بێت، بەمەش هەمیشە دڵسۆز و لایەنگیری دەبن.

**دەیەم:**

**(چۆن هێزی دەوڵەتان هەڵدەسەنگێنرێت؟)**

لە باسی هەڵکەوتی ئەم میرنشینانەدا، پێم وایە پێویستە گرنگی بە خاڵێکی دیکە بدەین کە ئایا شازادە لە بوارێکدایە لە کاتی پێویستیدا بتوانێ خۆی بپارێزێ؟ یان هەمیشە پێویستی بە کۆمەکی کەسانێکی دیکە هەیە؟

دەربارەی ڕوونکردنەوەی ئەمە دەڵێم: من ئەو کەسانەی دەتوانن پایەی خۆیان ڕاگرن، بە وانە دەزانم کە پارەو پیاوانێکی زۆریان هەیە و دەتوانن لەشکرێکی گەورە ساز بکەن و لە مەیدانیشدا خۆیان لە بەرابەر هەرکەسێکدا ڕاگرن، کە هێرشیان بێنێتە سەر. ئەوانەش کە پێویستیان بەکەسانێکی دیکەیە، بەوانەیان دادەنێم کە ناتوانن شەڕ لە گەڵ دوژمنەکانیاندا بکەن، ناچار دەخزێنە قەڵاکانیانەوە و هەڵویستی بەرگری دەگرن.

لەمەو پێش باسی دەستەی یەکەممان کردوە وکەییش پێویستی کرد لەمەو دوا باسیان دەکەین. بەڵامله بارەی ئەوانەی دوەمدا چ نییە بگوترێ جگە لەوەی هانی ئەو شازادەیە بدرێت بۆ ئەوەی زەخیرە بخات و کەرەسە و دەزگای بەرگری بە هێزکات و سەری خۆی بە کاروباری گوندەکانی دەوروبەریەوە نەیەشێنێ. بێ گومان هەمیشە خەڵکی ڕاڕا دەبن لەوەی هێرش بەرنە سەر شازادەیەک کە زانیبێتی شارەکەی قایم بگرێ و چاک خەڵکی بەڕێوەبرد بێ. وەکو باسم کردوە و لەمەو دواش هەر باسی دەکەم. چونکە خەڵکی خۆیان لەو سەرچڵیانە نادەن کە بزانن تێدا تووشی ناڕەحەتی دەبن. هەرگیزیش هێرش کردنە سەر کەسێک ئاسان نییە بە چاکی بەرگری لە شارەکەی کردبێت و خەڵکەکەش خۆشیان بووێت.

شارەکانی ئەڵەمانیا ئازادیی تەواویان هەیە و گوندی کەمیشیان بە دەورەوە هەن. کە دڵیان خواستی بە گوێی ئیمپراتۆر دەکەن، لێشی ناترسن و لە هیچ فەرمانڕەوایەکی دیکەی نێزیک خۆیان ناترسن. ئەم شارانە زۆر قایمن، بە جۆریک هەر کەسێکیش چاو ببڕێتە داگیرکردن و فەوتانی لای ڕوونە چەندە سەخت و چەندە گرانە. چونکە هەر یەکەیان دەورەدراوە سەنگەر و قەڵا و تۆپ و قومپارەی تەواویان تێدایە و زەخیرەی خۆراک و ئاوی تەواویان خستووە، کە بەشی ساڵێکی دانیشتوانی دەکات، هەمووشی

لە عەمباری گشتی هەڵگیراون. سەرباری ئەمانەش حکومەتی ئەم شارانە بۆ ڕاگرتنی دڵی چینە خوارووەکانی خەڵکەکەی، بێ ئەوەی هیچ زیانێکیش لە خەزێنەی گشتی بدات، هەمیشە ڕێ و شوێنی ئەوەیان داناوە کە ساڵێکی ڕەبەق ئەو چینانە لەو شوێن و سەر ئەو پیشانە بەکاربخات کە سەرچاوە و ڕەگی ژیانی شارەکەن. ئێستاش مەشقی سەربازی بە جۆرێکی زۆر ڕێک و پێک لە کاردایە و زۆر دەستوور و یاسا لە کاردان بۆ بەردەوامی ئەم مەشقە.

بە پێی ئەمە، کەس توانای ئەوەی نابێت هێرش بەرێتە سەر ئەو شازادەیەی شارێکی قایمی هەبێت و خۆشی تووشی پەژمی ڕەعیەتەکان نەکردبێت. ئەگەر شازادەیەک ئەم شتە لە بارانەی بۆ ڕەخسابێت، هێرش بەرەکەی ناچار دەبێت بکشێتەوە، پاش ئەوەی ڕسواش دەبێت، چونکە چ شتێ نییە هەر بەردەوام بێت و ناشکرێ هیچ هێرش بەرێک ساڵێکی ڕەبەق گەمارۆی شارێ بدات، بێ ئەوەی هێزە گەمارۆدەراوی کارێ بکەن، دەشمەوێ لە وەڵامی ئەوانەی کە دەڵێن: خەڵکی گەمارۆدرا و کە دیتیان بە بەرچاویانەوە موڵک و ماڵیان لە دەرەوەی شاردا دەسووتێ خۆیان پێ ناگیرێ، و درێژ کێشانی گەمارۆبەرژەوەندی تایبەتی خۆیان وایان لێ دەکات شازادەکەیان لە بیروەچێت. دەڵێم: شازادەی دلێر و بە توانا هەمیشە بە سەر ئەم کێشانەدا زاڵ دەبێت. بە ورە هێنانە بەر خەڵکەکە و دڵنیا کردنەوەیان لەوەی تەنگانە بەری کورتە و ترس خستنە بەریان لە دڕندەیەتی و دڵ ڕەقی دوژمنەکە، و پشت بەستن بەوانەی ئازایەتی بێ ئەندازە دەنوێنن. سەرباری ئەمانەش بە عادەت دوژمن هەر کە گەیشت یەکسەر دەکەوێتە سووتان و ڕاو و ڕووت و تالانی ئەو گوندانەی دەورو بەر، لەو کاتانەدا کە هێشتا خەڵکی لە هەوای خۆڕاگرتن و بەرگری لە خۆ کردندان و ورەیان بەرزە ئەمەش چ مەترسیەک بۆ شازادە پیش ناهێنێ چونکە لە گەڵ ڕەوتی ڕۆژگار و ساردبوونەوەی خەڵکەکە زیانەکە کەوتووە و بەڵاکە بارِیوە، تازەش چ چارێکی ناکرێت. ئەمە پتر پاڵیان پێوە دەنێت کە پاڵ بدەنە پاڵ شازادەکەیان، بە تایبەتی پاش ئەوەی هەست بە بەرپرسیاری دەکات و هاوژانیان دەکات دوای ئەو ماڵ وێرانی و تیاچوونەیان لە سەر ئەو.

مرۆڤیش وا هەڵکەوتووە، هەمیشە بە ئەندازەی ئەو سوودەی دەیگەیەنێ چاوەڕوانی سوود پێ گەیشتن دەکات، ئەمەش مانای ئەوەیە کە شازادەی دانا، پاش بەرچاوگرتنی هەموو پێشهاتەکان، چگرفتێکی نایەتە پێش لە پاراستنی گیانی خۆگری ڕەعیەتەکەی، ئەگەر کەرەسە و زەخیرەی تەواوی خۆگرتنی خستبێ.

**یازده:**

**(میرنشیەکانی کەنیسە)**

ماوەتەوە باسی میرنشینەکانی کەنیسە بکەین. من پێم وایە ئەو گرفتانەی دێنە پێشی، پێش گرتنیان دێنە پێش. گرتنی ئەم میرنشینانەشیان بە هۆی ئازایەتی یان بەختەوە دەبێت. بەڵام ڕاگرتنی بەم دوو هۆیە نابێت. چونکە دابێکی کۆنی ئاینی وایان تێدایە، ئەوەندە بە هێز و هەڵکەوتە کە دەسەڵات شازادەکانی دەپارێزێ، جا هەر چونێک ڕەفتار بکەن و هەر جۆرێکیش بژین. تەنها ئەو شازادانەن دەوڵەتی وایان هەیە حوکمیان ناکەن، دەوڵەتەکانیشیان، بام کەرەسەی بەرگری کردنیان نەبێت، لێیان زەوت ناکرێ و خەڵکەکەش لە گەڵ ئەوەشدا هەست ناکەن حوکم دەکرێن لێیان گران نایەت. بیریشی لێ ناکەنەوە، ناتوانن دەست بەرداری بن، چونکە تەنها ئەم میرنشینانەیە ئاسوودە و هێمن بن، لە بەر ئەوەش کۆڵەکەی مانەوەیان هۆیانێکی بەرزن کە هۆشی مرۆڤ ناتوانێ پەیان پێ بەرێ، خۆ لە باس کردنیان لا دەدەم، لە بەر ئەوەی خوا ڕایاندەگرێ و پایەداریان دەکات، باس کردنیان دەبێتە شێتی و گێلیەتی.

لە گەڵ ئەوەشدا، لەوانەیە کەسێ بپرسێ: چۆن کەنیسە توانیویەتی بگاتە ئەو دەسەڵاتە مەزنە؟ لە کاتێکدا سەرداره ئیتالیەکان پێش سەردەمی پاپا ئەلێکساندەری شەشەم، چ بێ دەسەڵاتەکانیان، کە سەر لە بەری خانەدان و پیاو ماقوڵان دەگرێتەوە، چەندیش بێ بایەخ بووبن، لە ڕووی دەسەڵاتی زمەنیەوە تێیان نەدەخۆیندەوە. ئێستاش وای لێ هاتووە بتوانێ هەڕەشە لە شای فەرەنسا بکات و ناچاری بکات لە ئیتاڵیا بە دەرکەوێ .. و ڤینیسەکان تەفر و توناکات.

لە گەڵ ئەوەشدا وەڵامی ئەم پرسیارە لای هەموان ڕوون و ئاشکرایە، بەڵام پێم وایە دووبارە کردنەوە و وەبیر هێنانەوەی بێ سوود نییە. ئیتالیا بەر لە هێنانی شارلو شای فەرەنسا، لە ژێر دەسەڵاتی پاپا و ڤینیسەکان و شای ناپۆلی و دۆقی میلان و فلۆرەنسیەکاندا بووە، ئەم سەردارانەش دوو کاریان لە پێش بووە کە دەبوایە بەرچاوی خەن یەکەمیان ڕێگە نەدەن بێگانە بە زۆری چەک بێتە ئیتالیاوە، و دووەمیان: نەهێڵن هیچ کامدەوڵەتانە سنوورەکەی فراوان کات. هەر دەبوایەش بە تایبەتی چاوەدێری پاپا و ڤینیسەکان بکرایە. بۆ بەر پێ گرتنی ڤینیسەکان پێویست بەدانە پاڵی هەموو سەردارەکانی دیکە بوو وەکو لە بەرگری کردنی لە "فیرارا" دا کردیان بۆ بەرگرتنیش بە پاپا دەبوایە خانەدانەکانی ڕۆمایان بخستایەتە کار. ئەم خانەدانانەش دوو دەستە بوون، دەستەی ئورسینیەکان و دەستەی کولونا. لە بەر ئەوەش کە هەمیشە هەرایان دەکەوتە بەین و خۆیان سازدابوو بۆ شەڕ لە بەر لووتی پاپادا. بەم جۆرە کەنیسەیان لاواز و لارە دەست کردبوو.

لە گەڵ ئەوەشدا کە بەینا و بەین پاپای بە زەبر و زەنگ هەڵدەکەوت، وەکو پاپا سیکستوس. بەڵام هەرگیز توانا و بەختی هێندە نەدەبوو لەو گۆلمەزە بە تەواوی ڕزگاری بێت. لەوانەیە تەمەن کورتی پاپاکان هۆی ئەمە بن. چونکە لە ماوەی دە سەڵاندا، کە بە گشتی تەمەنی پاپاکان هەر ئەوەندە دەبێت، زۆر بە نارەحەت لایەکیانی پێ ڕاست دەکرێت. ئەگەر پاپایەکیش لە سەردەمی خۆیدا توانیبێتی دەستە کولونا بینێتە ژێر بار، پاپای تازەی کە دێتە جێ، دەقەومێ ناحەزی دەستەی لۆرسینی بێت، جارێکی تر دەبێتە هۆی سەر هەڵدانەوەی کولونا. بێ ئەوەی دەرفەتی ئەوەی بێت دەستە ناحەزەکەی خوار دەست کات. ئەمە وای لە ئیتالیەکان کردوە ڕێز لە دەسەڵاتی زەمەنی پاپا نەنێن. پاشان کە ئەلێکساندەری شەشەم هات توانی، بە پێچەوانەی هەموو ئەو پاپایانەی شکۆی پاپایەتیان دەست کەوتبوو، ئەو ڕێیەوەدۆزێ کە پاپا دەتوانێ بە هۆی پارە و تواناوە سوودی لێ وەرگرێ، و دۆق – فالانتینی کوڕی کردە داردەستی خۆی. هەلی داگیرکەریەکەی فەرەنسای قۆستەوە و بەو هەموو کارانەی هەستا کە لە باسی کارەکانی دۆقدا باسم لێ کردن. لە گەڵ ئەوەشدا ئامانجی شکۆداریی کەنیسە نەبوو، بەڵکو مەبەستی "دۆق"یەکەی بوو. بەڵام ئەو کارانەی پێی هەستابوو، بوونە هۆی شکۆداری کەنیسە، چونکە پاش مردنی دۆق بۆ ئەو مایەوە.

پاش ئەمەش پاپا یۆلۆس هاتە سەر کەنیسەیەکی بە هیز، کە هەموو ڕۆما مل کەچی بوون، پاش ئەوەی بە هۆی زەبر و زەنگ و چاوقایمی ئەلێکساندەرەوە هەر دوو دەستە دڕدۆنگەکان لە بەین چووبوون. یولیوسیش ڕێی سامان وەسەریەک نانی بۆ تەخت بوو، بەڕێ و شوێنێک کە بەر لە ئەلێکساندەر پەی پێ نەدەبرا، بەمەشەوە نەوەستا زیاتر چوو و پتری سەریەک نا، بریاری دا بۆلۆنا بە تەواوی بگرێ و مل بە فینیسەکان بدا و فەرەنسیەکان لە ئیتالیا وەدەرنێ. هەمووشی بۆ چووە سەر بێ گومان جێ ئەو پەڕی ڕێز لێنانە و ئەوەی لە توانایدا بووە کردویەتی بۆ پتەوکردنی دەسەڵاتی کەنیسە نەک دەسەڵاتی هیچ تاک کەسێک .. باری هەردوو دەستەی ئۆرسینی و کۆلۆنای وەکو چۆن هاتبوو ڕایگرتن، هەر چەندە لە هەردوو دەستەکە هەندێ سەرداری وا هەڵکەوتبوون دەیانویست ئەو بارە بگۆڕن. بەڵام دوو هۆکار بوونەتە هۆی ئەوەی لە دۆخی خۆیاندا بمێننەوە و ئارامیان ڕاگرێ. یەکەمیان مەزنی کەنیسە کە سڵیان لێ دەکردەوە، و دووەمیشیان نەبوونی "کاردینال" لە نێوانیاندا، کە هەمیشە هۆی کێشمە کێشمی ئەو دوو دەستەیە بوون، لە بەر ئەوەی ئەمانە دەستەکانی خۆیان لە ڕوما و دەرەوەیدا هان دەدا، کە ناچار خانەدانانیان لە سەریان

به دەنگ دەهاتن. ئاوا تەمای قەشەکان دەبووە هۆی مل ملانێ لە نێو خانەدانەکاندا، کە پاپا لیوی دەیەمیش هاتە سەرکار کەنیسە لە بارێکی یەکجار بە هێزدا بووە، واش چاوەڕوان دەکرێت، بە هۆی پیاوچاکی و خێرمەندی بێ ئەندازەیەوە، ئەو کارە بەئنجام بگەیەنێ کە پاپاکانی بەر لە خۆی بە لوولەی تفەنگ دەستیان پێ کردوە. و پاپایەتی بکاتە هێزێکی مەزن و سامدار.

**دوازدە :**

**(جۆرەکانی هێزی چەکدار و سەربازانی بەکرێگیرا)**

پاش ئەوەی بە درێژی لەو خەسڵەتانە دوام کە دەبێ لەو میرنشینانەی کردبوومنە بابەتی باسەکەمدا هەبن، و هەندێ هۆکاری پێشکەوتن و سەرکەوتنیان، و ئەو ڕێ و شوێنانەی لە لایەن زۆر کەسەوە گیراونەتەبەر بۆ دەسکەوتنی ئەو چەشنە دەوڵەتانەم دەرخست. بە پێویستی دەزانم باسێکی گشتی شێوازەکان بکەم، چ بەرگری و چ پەلاماردان، کە دەتوانرێ لە هەر یەکیاندا بەکار بێنرێت. لەمەو بەر ئەوەم دووپات کردەوە کە دەبێ شازادە بناغەی خۆی بە چاکی هەڵچنێ، ئەگینا چارەنووسی تیاچوون دەبێت. چاکترین بناغەی دەوڵەتانی کۆن و نوێ و دووسەردەمەش ئەوەیە یاسای چاک و چەکی بە هێزی هەبێت، کە چەکی بە هێز هەبوو یاساش دەبێت، بۆیە لێرەدا باس لە یاسا ناکەم، بەڵکو تەنها باسەکەم بۆ چەک تەرخان دەکەم. دەشمەوێ بڵێم، ئەو هێزە چەکدارەی شازادە پشتی پێ دەبەستێ، بۆ پاراستنی موڵک و سامانی، یان تایبەتە بە خۆی یان بە کرێگیراو، یا هێزی کۆمەک یان تێکەڵاون. هێزی بە کرێگیراو و کۆمەکیش هێزێکی بێ کەڵکن بەڵکو بوونیان مەترسی تێدایە. ئەگەر شازادەیەک بۆ پتەوکردنی دەوڵەتەکەی بەکاری هێناون. هەرگیز ئاسوودەیی و ئاسایش بە خۆیەوە نابینێ. چونکە ئەم هێزانە زۆر جاران بڵاو و چاوچنۆک و بەرەڵا، و پەیمان شکێنن، لە بەرچاوی دۆست خۆیان گێڤ دەکەنەوە و لە بەرانبەر دوژمندا هەڵدێن. لە خوا ناترسن و سپڵە و بێ ئەمەکن ئەو شازادەیەی پشت بەم هێزانە ببەستێ، تەنها فەوتانی خۆی دوادەخات، ئەگەر ئەو هێرشەی دێنرێتە سەری دواخرا. بەم شێوەیە ئەو شازادەیە لە ڕۆژانی خۆشیدا بە دەستی بە کرێگیراوانی تاڵان دەکرێت و لە شەڕیشدا بە دەستی دوژمن. ئەشێ هۆکاری ئەمەش ئەوەبێت دۆستی ڕاستەقینەی کەس نین و چ هەستێکی خۆشەویستیشیان نییە هانینان بدات لە مەیدانی شەڕدا خۆیان ڕاگرن، جگە لەو مووچە کەمەی وەری دەگرن. ئەوەش زۆر لەوە کەمترە وایان لێ بکات خۆیانت بۆ بە کوشت بدەن. ئەمانە تا شەڕ و شۆڕ نەبێت سەربازتن، بەڵام کە شەڕ قەوما یان ئەوەتا هەڵدێن یان هەر لە بنی شەڕ ناکەن. پێویستیش

نابینم نموونەی زۆر بێنمەوە، چونکە ئەو ماڵ وێرانیەی ئێستا لە بەر چاوانا و بە سەر ئیتالیادا هاتووە، تەنها لە شتێکەوەیە ئەویش ئەوەیە ساڵەها پشتی بە لەشکری بەکرێگیراو بەستووە. گومانیش لەوەدا نییە کە ئەم لەشکرانە یارمەتی هەندێ کەسیان داوە بۆ گەیشتنە سەر حوکم و ئەگەر لە گەڵ یەکدا بەراود کرێن ئازایەتیشیان نواندووە، بەڵام کە داگیرکەرانی بێگانە هاتن، بێ فەرییان دەرکەوت هەر بۆیەش بوو شا شارلی فەرەنسی توانی ئیتالیا بێ تەقە بگرێت، هەر کەسێکیش ئۆباڵەکەی بخاتە سەر ئەستۆی خۆمان ڕاست دەکات و ڕاست دەڵێ، بەڵام ئەو خەتایانە نین ئەوان دەیلێن، بەڵکو ئەوانەن کە باسم کردن. لە بەر ئەوەش کە دەستکردی شازادەکان بوون، بە سزای ئەو خەتایانە گەیشتن.

بەدرێژیش خەوش و ناتەواوی ئەم لەشکرانە ڕوون دەکەمەوە. سەردارانی ئەو لەشکرانە یان تەواو لێ هاتوون یان ئەوپەڕی بێ توانان. خۆ ئەگەر بەراستی لێ هاتوو بوون، ئەوا ناتوانی پشتیان پێ ببەستی چونکە هەمیشە هەڵپەی شکۆداری خۆیانن. جا یان سەرچەنەی خۆت دەدەن یان خەڵکەکە دەچەوسێننەوە و سەرپێچی فەرمانت دەکەن، بەڵام ئەگەر سەردارەکە بوودەڵە بوو، ئەوا دەبێتە هۆی ڕاستەوخۆی فەوتانت.

ئەگەر یەکێ بە دەممدا بێتەو و بڵێ: جا ئەوە چارەنووسی هەر کەسێکە خاوەن لەشکربێت، ئیدی بەکرێگیراو بێت یان نا. لە وەڵامیدا دەڵێم: لەشکر شازادە یان حکومەتی جەمهوری بە کاری دێنێ. دەبێ شازادە خۆی فەرماندەیی لەشکرەکەی بکات و جەمهوریەتیش یەکێ لە هاوڵاتیانی هەڵبژێرێ بۆ سەرداری لەشکرەکە، ئەگەر توانای نەبوو دەبێ دەست بە جێ بگۆڕێ. بەڵام ئەگەر لێ هاتوو و بە توانا بوو دەبێ لە چوارچێوەی یاسادا سنوور بۆ دەسەڵاتی دیاریکرێت. تاقی کردنەوەش بۆی دەرخستووین کە شازادە و جەمهوریەتە پڕ چەکەکانن چ پێشکەوتنێ بە دەست دێنن، بەڵام هێزی بەکرێگیراو لە بەڵا بەولاوە هیچیان لێ پەیدا نابێت. ئەوەشمان فێر دەکات کە جەمهوریە پڕ چەکەکان کەمتر مل بۆ حوکمی مل هوڕی تاکێکی دەدات وەک لەو جەمهوریانەی پشت بە لەشری بێگانە دەبەستێ.

ڕۆما و ئەسپارتا چەندین سەدە ئازاد بوون و لەشکری بەهێزیشیان بووە، شارە سویسریە پڕ چەک کراوەکانیش ئازادیەکی زۆریان هەیە ئەشێ چاترین نموونە بۆ هێزە بەکرێگیراو ئەوەبێت، کە چی بە سەر قەرتاجە هات، کە سەربازانی بەکرێگیراو پاش یەکەم جەنگیان لە گەڵ ڕۆمادا دانیشتوانی دەچەوساندنەوە، لە گەڵ ئەوەشدا قەرتاجیەک سەرداری ئەو لەشکرە بوو، لە یۆنانیشدا دانیشتوانی "گیبە"پاش مردنی ئیپامینونداس، فیلیپی مەکدۆنیان کردە سەرکردەی هێزە چەکدارەکانیان، پاش ئەوەی

یەکەم سەرکەوتنی بەدەست هێنا ئازادیەکانی لێ زەوت کردن. دانیشتوانی میلانیش پاش مردنی دۆق فیلیپ، فرانسیسکو سفورزایان بە کرێ گرت بۆ شەڕی ڤینیسیەکان، بەلاّم پاش ئەوەی لە شەڕی سراڤاجیودا ڤینسیەکانی شکاند، لە گەڵیاندا ڕێکەوت بۆ کوتانی دانیشتوانی میلان کە بە کرێیان گرتبوو. باوکی ئەم سفورزایەش کە ئەویش هەر سەرباز بووە، پیاوی جیوڤانای شاژنی ناپۆلی بو لە پڕ پشتی تێ هەڵکرد و بێ کەس کەوت، بۆیە شاژن ناچارانە پەنای بردە بەر شای ئەراگۆن.

ئەگەر چی ڤینسیەکان و فلۆرەنسیەکان لە ڕابـردوودا بە هـۆی ئـەم جۆرە لەشکرانەوە پەلیان هاویشتوە و سـەردارانـی ئـەو هێزانە میرنشینەکانیان لێ زەوت نـەکـردوون، بەڵکو پشتی شازادەکانیشیان گرتوە. لـەم ڕووەوە بەخت یاری فلورەنسیەکان بووە، چونکە ئەو سەردارانەی دەبوایە ترسیان لێیان بوایە، هەوڵی زەوت کردنیان نـەداوە، ئەو هێندەی ئەم مەبەستەیان بەرچاوگرتووە بە توونـدی بەروویاندا وەستاونەتەوە، هەندێکی دیشیان ملی تەمایان بە لایەکی دیدا وەرچەرخاندووە، ئەو سەردارەی هەوڵی زەوت کردنی نەدا "سیر جیوڤانی ئاکوتو"بوو، لە گەڵ ئەوەشدا چ دڵسۆزیەکی لێ بەدەرنەکەوتبوو، چونکە لە شەڕدا سەرنەکەوتبوو، بەلاّم هەمووان دان بـەوەدا دەنێن ئەگەر بیویستایە فلورەنسا بخاتە ژێر چەپۆکی خۆیەوە، فلۆرەنسیەکان دەکەوتنە ژێر باریەوە. بەلاّم "سفورزا" نەیاریی "براکیشی" کۆڵەی کوتابوو. ئەم نەیاریە بەری بە سفورزا گرتبوو، چونکە لە کاتێکدا فرانسیسکو چاوی بریبوە لۆمبارديا. (براکیشی)شازادە خۆی لە کەنیسە و شانشینی ناپۆلی مەلاّس دابـوو، وا چاکە هەندێ سەرنجی ئەوەش بدەین کە ماوەیەکی کورت لەمەو بەر قەوما. فلورەنسیەکان (پاولو ڤیتیلی)یان کردە سەرداری لەشکرەکەی خۆیان، کە پیاوێکی دووربینی هێژایە، هەر بە هۆی ئەمەشیوە لە بۆرە پیاوێکەوە هەڵکشایە پلە بالاّکان ئەگەر (پاولو) لە جەنگی (پیزا)دا سەرکەوتایە. کەس نییە دان بەوەدا نەنێ کە فلورەنسیەکان پێویستی دۆستایەتی دەبوون، چونکە ئەگەر بیدایەتە پاڵ دوژمنەکانیان، نەیان دەتوانی لە بەریا بوەستن، ئەگەر ئەمان بە کرێیان بگرتایە ناچار دەبووایە ملیشیان بۆ بدایە، بەلاّم ئەگەر بە ووردی سەرنجی ئەو پێشکەوتنە بدەین کە ڤینسیەکان بە دەستیان هێناوە، بۆمان دەردەکەوێ کاتێ پشتیان بە خۆبەستبوو، هەنگاوی چوست و پتەو و سەرکەوتوانەیان دەنا، واتە پێش دەست دانە پرۆژەکەیان لە وشکانی ئیتالیادا. و لەمەشدا بە پشتی خانەدانان و گەلە چەکدارەکەیان ئازایانە شەڕیان دەکرد، بەلاّم کە لە وشکانی کەوتنە شەڕ ئەم خەسڵەتەیان لە دەست دا و خووی ئیتالیەکانیان گرت، سەرەتاش شتێکی وایان نەبوو کە لە سەردارانی لەشکرەکەیان بترسن، چونکە وڵاتەکەیان ئەوەندە

بەرین نەبوو و ناوبانگیشیان زۆر بڵند بوو. بەڵام پاش زیاد بوونی موڵکەکانیان، بە تایبەتی لە ژێر فەرماندەیی (کارماگنولا) هەستیان بەو هەڵەیە کرد کە تێ کەوتبوون و درکیان بەوە کرد کە (کارماگنولا) پاش ئەوەی بە سەر دۆقی میلاندا زاڵ بوو تەواو بە هێز بووە. لە بەر ئەوەی دەشیان زانی کە لە شەڕدا ساردبۆتەوە، هاتنە سەر ئەو باوەڕی کە چی دی لە ژێر فەرماندەیی ئەودا هەڵپەی تر نەکەن، لە گەڵ ئەوەشدا کە نەدەیانویست و نە دەیانتوانی دەستی لە کار بکێشنەوە، لە ترسی ئەوەی نەبادا ئەوەی پەیدایان کردوە لە دەستیان بچێ. دواجار چاترین ڕێگەیان دۆزیەوە بۆ ڕزگاربوون لێی، ئەویش لە سێدارەدانی بوو، پاش ئەمیش کەسانی وەکو (بارتولومبو داپیر گامو، و ڕوبیرتو داسان سیڤیر نیو، و کونت دی بیتیگلیانو) ڕابەرایەتی لەشکرەکەیان گرتە ئەستۆ ئەمانیش زیانیان پتر لێ چاوەڕوان دەکرێت وەک لە دەستکەوت، هەر واش دەرچووە کە لە "ڤایلا" لە ڕۆژێکدا ئەوەیان لە دەست دا کە بە هەوڵ و هیلاکی هەشت سەد ساڵ سەریەکیان نابوو. چونکە ئەم هێزانە لە دەستدان! لە بەر ئەوەی ئەم نموونانەم لە ئیتالیاوە هێنانەوە، کە چەندین ساڵە ئەو هێزە بە کرێگیراوانە هەڵی دەسووڕێنن، بە درێژی دەچمەوە سەریان چونکە کەی بنەچە و ڕەچەڵەکیانمان زانی و ڕێگەی گەشە کردنیانمان دۆزیەوە، دەتوانین چارەی پێویستی کێشەکانیان بدۆزینەوە. دەبێ لەوە بگەین، لە سەردەمانی دواتردا، کە دەسەڵاتی ئیمپراتوریەت لە ڕۆمادا کەوتە کزی و کەنیسە کەوتە برەوپێدانی دەسەڵات زەمینەکانی، ئیتالیا بوو بووە چەندین دەوڵەت. زۆر شاران لە خانەدانەکانیان ڕادەپەڕین. کە سەرچاوەی دەسەڵاتیان ئیمپراتۆر بوو و بە ناوی ئەوەوە حوکمیان دەکردن و ژێر دەستەیان کردبوون، کەنیسەش هانی ئەو شازادانەی دەدا بە نیازی فراوان کردنی دەسەڵاتە زەمینەکەی خۆی وای لێ هات لە زۆربەی شارەکاندا هاووڵاتیەک ببووە شازادەی ئەو شارە، بەم جۆرە کە ئیتالیا بە تەواوی کەوتە بەر چنگی کەنیسە و چەند جەمهوریەتێک پیاوانی ئاینی و هاوڵاتیانیش ڕانەهاتبوون چەک هەڵگرن بۆیە کەوتنە بەکرێگرتنی بێگانان بۆ سەربازی. یەکەمین کەسیش ئەم دابەی دانا "ئەلبریگو کونیو"ی هاوڵاتی" ڕۆمانا "بوو، (براشیو و سفورزا)شازادە کە پاشان بوونە فەرمانڕەوایانی ئیتالیا لەوانە بوون کە لە سەر دەستی ئەم دەرچووبوون هەموو ئەوانەی تا ئیمرۆش فەرماندەیی لەشکرەکانی ئیتالیا دەکەن لەمانە کەوتوونەتەوە.

بەرهەمی ئازایەتی ئەمانەش ئەوەبوو شارلی فەرەنسی ئیتالیای گرت و شیلای، و بووە نیچیری لویس، و تووشی ستەمی "فراناندو"ی ئیسپانی و ژێر دەستەیی سویریەکان بوو.

ئەو دەستورانەی سەردارانی ئەو بەکرێگیراوانە پێڕەویان دەکرد، بۆ خۆ بەرزکردنەوە و سووک کردنی سەربازانی پیادە بوو، چونکە ئەمانە وڵاتیان نەبووە و لەسەر ئەو پارە و پولەی وەریان دەگرت و چنگیان دەکەوت دەژیان، سەربازی پیادەش دادی ئەمانی نەداو پارە و خەرجیشیانمان پێ هەڵنەدەسوورِا. لە بەر ئەوە هەر سوارەیان ڕادەگرت، کە لە گەڵ کەمی ژمارەشیاندا ڕێزی زۆریان لێ دەنرا و مووچەی زۆریان دەدرایە، واش خۆیان ڕێک خستبوو کە لە نرخی پیادەکان کەم ببێتەوە. بە جۆرێکی وا ئەگەر لەشکرێک بیست هەزار سەرباز بوونایە تەنها دوو هەزارریێکیان پیادە دەبوو. هەموو ڕێیەکیشیان دەگرتە بەر تا خۆیان و سەربازانیان لە هەموو بەڵا و وەی و ترس و مەترسیەک لابدەن. خۆیان لە یەکدی کوشتن دەپاراست و تەنها هەڵپەی دیل گرتنیان دەکرد، لە بەر تەماعی سەرانەکەی. هەروەهاش پەلاماری قەڵاکانیان نەدەدا و ئەوانەی ناو قەڵاش شەبەیخونیان بۆ ئەوانەی دەرەوە نەدەکرد، هیچ تەلەبەند و چەپەر و چاڵاویان بە دەوری سەربازگاکانیاندا نە دەکێشا و زستانیش خۆیان لە قەرەی شەڕ نەدەدا. ئەمانەش هەمووی لە دەستووراتە سەربازیەکانیاندا تۆمار کرابوون و پێڕەویشیان دەکرد، چونکە وەکو ووتمان نەیاندەویست خۆ لە قەرەی مەترسی بدەن.

ئا ئاوا شکۆی ئیتالیایان شکاند و دووچاری ژێر دەستی و سوکایەتیان کرد.
ماوێتی

## مالاوا
## " تەركی ڕێگە "

**دەڵێن كاتی خۆی قورەیشییەكان هەرچەند فەندوفێڵیان گرتەبەر بەریان بە لافاوی پەیامی پڕ سۆز و پڕ تاوی محەمەد پێنەگیرا. ناچارانە كۆبوونەوە و چوونە لای ئەبوتالیب ی مامی و پێیان گووت : برالەئەم** برازایەی تۆ بۆ وامان پێ دەكات و ئەم نیعمەت و گەورەییەمان لێ تێک دەدات وەرە مەردی چاک بە ژنی دەوێ : با دەست بخاتە سەر كام كیژی قورەیشە پێشكەشی بێت پارەی دەوێت هێندەی بۆ خڕدەكەینەوە لە هەمووومان دەوڵەمەندتر بێت، ڕابەری دەوێت: دەیكەینە سەرداری هەموو قورەیشان.. بایەخەمان لە یەخە بكاتەوە و بێلێ خوا داوێتی تاسەر بیخۆین.

مامیشی محەمەد ی بانگ كرد و ڕاسپاردەكەی پێگەیاند پێغەمبەر د. خ فەرمووی : بەو خودایە مامە ئەگەر خۆر لای ڕاستمەوە دانێن و مانگ لای چەپمەوە چەسپ كەن،بۆ ئەوەوی ئەم ڕێگەیە بەربدەم بەری نادەمیان دەمرم یان دەیگەیەنمە ئەنجام ئەوە بوو گەیاندیشی پیاوی خاوەن باوەڕیش هەر دەبێ وا بكات...

ئێمەش دامان بنێن هەڵمانگرن گرژ و مۆن بن سفتو سوێ بن برای گچكە بین گەورە بین لە ڕێكەوتن دەرهاوێژرێین تێ ئاخزێین چاوی سووریان بزەی درۆمان بـەڕوودا دەن پیاوی چا بین یا بەلا بین لەگەڵ دنیا بین یا هەر خۆمان بین ئەو ڕێگەیەی گرتوومانە لەبەرمانە و لە سەرمانە یا مەرگ ماڵ ئاواییمان پێ لێدەكا،یان كاروانمان دەبێ بگا...

چونكە پاسۆک فێری كردووین هیچ هێزێ:

**یەک زەرە كارمان تێناكا**

**تەركی ڕێگامان پێناكا!**

## پێش ئەوەی هەر شتێ بین دەبێ کورد بین
## " ئاڵای سووری کوردایەتی"
## چەکی بێ بیروباوەڕ سێدارەی جەماوەرە

ژمارە (١٢) ڕێبەندانی ٢٥٩٣ کانوونی دووەمی ١٩٨٢

# سەرەباس

+ سەروتارساڵی کوردایەتی
+ شیعر
+ ڕازێکی کوردانە ڕاستبوونەوەی دوای گلان
+ بانگێ لەسەنگەری پاسۆکەوەبرا سەرلێشێواوەکەم
+ قوتابخانەی پاسۆک گرەو
+شادەمارەسەرەتاییەکان
+ فەرهەنگۆک
+ ماڵاوا بیری دوا ڕۆژ

هەواڵنامەی کتێب

# سەرووتار

## ساڵی کوردایەتی

ساڵی پارمانبە ڕێ کرد، ساڵێک بوو هەر بڕوا و نەیەتەوە، لە وولاتانی خواپێداو ساڵی مافی مرۆڤ و ساڵی ئافرەت و ساڵی منداڵان و ساڵی بەرهەم و ساڵی کریکاران و .. هەیە، ساڵی پاری ئێمەش چ ناوێک هەڵناگری لە ساڵی براکوژی و کورد کوژی بەولاوە .. دەبوایە بە پێ هەل و مەرجی رەخساوی (شەڕی عێراق و ئێران)، پارمان سالێ (برایەتی و یەکێتی و تەبایی و هاوکار بوایە، دەبوایە ساڵی (کوردستانی گەورە) و (مافی دیاری کردنی چارەنووس) و (قۆناغی نویی پێشکەوتووی ڕزگاریخوازی کورد) بوایە ..

کە چی پێ بە پێ شەکەت بوون و کەنەفەت بوونی داگیرکەرانی کوردستان و گەندەل و لەق بوونی رژێمە ڕەگەز پەرستەکەی (صدام) و زیاد بوونی "معارز"ەی ناوچەکە بەرچاو و دەرکەوتنی مەسەلەی کورد، وەکو نەتەوەیەکی ژێر دەستە و پارچە پارچە کراو، لە سەر ئاستی ناوچەکە و سیاسەتی نیو دەوڵەتانیش . پێ بە پێ ئەم بار هەڵکەوتووە و زیاتریش شەڕی براکوژی و کورد کوژی و کلگایەتی ئەم سیاسەت و ئەو سیاسەتی داگیرکەر .. تا دەهات کلپەی دەستاند و تەر و ووشکی پێکەوە دەسوتاند یەک هێز و کوڕ و کۆمەڵی ئەم دیوو و ئەو دیو نەماوەتەوە لەو شەڕە گلاوە نارەوایە خیانەتییەوە نەگلی .. ئەوەندەی بە دووی یەکدا ڕامان کردووە و پۆسەمان بویە ناوەتەوە و لە یەکتری چوینەتە سەنگەرەوە و تفەنگمان بە یەکەوە ناوە یەک لە سەدی ئەوە بەرانبەر دووژمنە داگیرکەرەکە نەکردووە، ئەوەندەش لە بەردەم سووڵتانە ڕەگەزپەرست چەمیوینەتەوە سەد ئەوەندە سەرکەلمان لە یەکتری گرتووە !.. جارانمان ئەگەر کوردیکی (واق الواق)مان لە هەر قوژبنێکی ئەم دنیایەدا دیتبێ شایەگەشکە بووین، پێمان وابووە ئاسمان کونی تێ بووە و ئەوی لێ کەوتووە . جارانمان گویانی و جەزیری و موکریانی لە گەڵ"جاف"یکدا لە گەرووی زاخۆ و سەر ئەزمڕ نزیگ بۆریە نەوتەکانی کەرکوک لە سەنگەرێکدا خوێنیان تیکەلاوی یەکتری دەبووە .. پێش تریش بارزانییەک وهەولێرییەک و سلێمانییەک و دیاربەکرییەک لە ژێر فەرماندەی قازی محەمەدی نەمردا لە سەقز و بانە و مهاباد دا خوێنی خۆیان دەکردە ئاودێری بەیداخە شەکاوەکەی مهاباد !..

کەچی ساڵی پار، ماڵ لە خانە خۆی حەرام بوو !! ئەم دیوی ئەودیوی بە دوژمن دەزانی و لوولەی تفەنگەکەی دەکردە کورد و پاشی دەکردە دوژمن قەرەداغ و شارباژێر پاوان کرابوو باڵەکایەتی و بادینان (الارض المحرمة!)بوو، شارەزوور دەشتی راو و شکاری کورد بوو !.. هەر پار ئەوەندەی ناوچەش رزگار کراومان لە یەکتری سەندۆتەوە و ئەوەندەی یەکترمان هەڵقەندووە، ئەوەندەمان بەرانبەر داگیرکەرەکان بکردایە، ئێستا هێندەی (نەمسا و لۆکسۆمبۆرگ) ناوچەی رزگارکراومان دەبوو. ئەوەندەی بەزمانی بێگانە ماستاومان بۆ بێگانە کردووە هەر ئەوەندە لە گەڵ یەکتریدا دابنیشتینایە (کوردستانی گەورە خەیاڵی شاعیرانە) نەدەبوو و چاکترین (دژایەتی ئیمپریالیزم)یش دەبوو !..

ئێمە دەزانین تا تاپۆی (کوردایەتی!) لە باخەڵی کوردایەتی پارە و پوول ئاخنراوی مۆتەکە کلاسیکی و میردەزمەکانی سەر کوڵەی سنگی کوردابێت، ئەمەش پێنە کرێت لە لایەکی ترەوە هەر هەڵدەتەقێت ..بۆیە روو دەکەینە پێشمەرگە، چونکە بێ ئەوان ئەو بازرگانانەدەبێ دووکانەکانیان داخەن و سەری لووتی خۆیان رەشکەن و دەڵێن:با ساڵی ئیمساڵ بکەینە ساڵی برایەتی و هاوکاری و تەبایی .. با ساڵی نوێمان ساڵی کوردستانی گەورە و (ئازادی و یەکسانی) بێت .. هەر هیچ نەبێت با ساڵی (یەکدی نەکوشتن) و (کورد نەکوشتن) بێت .. دلنیاش بن (بێگانەبێ مەیدان) وو (ئەو دوژمنانە تەنها تا "محطه)ەکە پارەکەمان پێ هەڵدەگرن و پاشان کۆیان دەکرێین)!!..

هەر دوێنێ و پێرێ و بەسر پێرێ سەرتاسەری بزووتنەوە و شۆڕشەکانی کورد بهێنینەوە بەرچاوی خۆمان، و هێشتا برینی ماران گەستەی شاو فلان چاک نەبۆتەوە، دەست بکەینەوە بە کونی حەزیاکانی تردا

ئێمە ناڵێین سوود لە بار و هەل و مەرجی تایبەتی وەرنەگیرێ، و ناشڵێین بە "ناچاری" و بۆ مەبەست و کاتێکی دیاری خۆتان مەکەنە "دایک برای" ئەم یان ئەو .. ئەوانیش ناچارن چۆن ئێوە سوێند بە ریشی مەردانەی (نامەردانەی) ئەوان دەخۆن، ئاواش ئەوان ناچارن بە رووی تاڵی ئێوەدا بشنێنەوە و فرمێسک بۆ کوردەکانی دیوەکەی ئەودیو هەڵڕێژنە ئەوان دەزانن و ئێوەش ئەگەر هۆشتان بێت دەبێ بزانن کە هەردوولا کراسی قورئانیش لە بەر کەن هەر درۆ دەکەن ..ئەمەش ناچارییە وا سەردەکەن بە ماڵی (دوژمنی) یەکتریدا .. ئەگینا (ئەوان بە کلکی قرتاوەوە و کورد بە جەرگی بڕوا و خاکی داگیرکراوە، چۆن دەبنە برای یەکتری!..

ئێمە دژی ئەوەین فلان، فیسار، ئەم یان ئەو خۆی بکاتە بەشێک لە سیاسەتی دوژمـن و ببێتە تـاژی ڕاوی کـورد بۆ ئاغای بکات .. پێشمەرگەی کوردستان !.. ئێمە ئەم سەرگوروشتە و ڕاوە ڕێوییە بۆ ئەوانە ناهێنینەوە کە لە سیاسەت و پەت پەتێن و بازرگانیدا جقەیان دەرکردووە و توکیاندەرداوە .. ئەوان جگە لەو هەموو ساڵە تاقیکردنەوەیەی هەیانە مامۆستا و فێرگەی (مخابراتی نێوە دەوڵەتیش) دەرسی داداون .. ئەوانە تازە وەک شێخی کەرە شێن مەودای گەڕانەوە و بە خودا چونەوەیان نەماوە ..

بەڵام ئێوەن چاو بەستتان لێ دەکرێت و بەهەڵەدا دەبرێن و ئێوەن دەکرین بەڵام بۆ دەرباز کردنی نیازە گڵاوەکانی ئەو سیاسییە محترفە خۆفرۆشانە .. بۆیە تویێت دەتوانی ئەساڵ بکەیتە (ساڵی کوردایەتی) و (ساڵی کوردستانی گەورە) و (ساڵی برایەتی و یەکێتی و هەڵمەت بردنە سەر دوژمنان..).

ئەم هەل و مەرجە لە بارەی ئێمڕۆش لە سەر پێشی دەباغ خانەی (الجزائر)ی تۆ ساز بووە، نەکەوینە خۆمان هەر لە سەر قەسابخانەی لاشەی ئێمە تەواو دەبێت ..

ئەمەش دەستوورە و پەندی تاقی کراوەی کوردەواییە .. ئەگەر خۆمان هەبین و پشت و پەنامان خوا و نەتەوەکەمان بێت وەکو ئەوە وایە شاباشی خۆمان بدەین و قنج هەڵپەڕین ..

خواش فەرموویەتی (ان الله لا يغير ما بقوم حتى يغيروا ما بأنفسهم).

**پێمان ڕووتە.. دڕک و داڵە**
**دەممان وەک گەڵای داری «بی» ،**
**تفت و تاڵە**
**بەڵام ئەڕۆین.. چونکە ئامانج!**
**تێشووی هەر چوار وەرزی ساڵە**

## رازێکی کوردانە:

### "" ڕاست بوونەوەی .. دوای گلان""...

ئەگەر شۆڕش یاسایەکی گشتی و دەستوورێکی بنەڕەتی نەگۆڕی هەبێت، ئەوەیە وەک ئاگرێک لە پریشکێکەوە دەکەویتەوە تا دێت کڵپە دەستێنێ، مەودا و بارستایی مەشخەڵی فراوانتر و بەرین تر دەبێت .. دیارە وەک هەر وەک هەر دیاردەیەکی رسەن سەدان کۆسپ و لەمپەڕی سەختی دێتە پێش و پاشەکشە و دانە دواوەی کاتی، لە کاتانی پێویست و ناچاریدا لە سەرئەنجامدا دەبێتە گوڕ و تین و شەقاوی گەورە و بە گوڕتر لە داهاتوویدا، زۆر جاران هەڵدەکەوی لە ژیان و ڕەوتی ئاساییشدا کە چاڵی دێتە سەر ڕێگە وا پێویست دەکات کە دوو هەنگاو بکشێیتەوە تا بە سەرکەوتووانە هەنگاوی' هەنگاو و دیوێکی چاڵەکە دەبردرێت .. ئەو کشانەوەیە گوڕ خواردنەوەیە بۆ قەڵەمبازێکی پێویست .. بۆیە دیاردەی (أنحسار)ی کاتی شۆڕشێکی ڕەسەن، نیشانەی بەرکەوتن و بەردەوامییەتی .. بەڵام وەستان و حەقین و دانە دواوە نەک تەنها لە بار و هەل و مەرجی هەڵکەوتوودا، بەڵکو لە کاتانی ئاسایی و نەگوڕاودا نیشانە و بەڵگەی (خلل) و ناتەواوییەکی ناوەکی و زاتییە، کە هۆی هەرە گەورەی گەندەڵ کردن و پوکاندنەوە و تێشکانییەتی

شۆڕشی ڕەسەن و راستەقینە خەسڵەتی هەر دیار و بەرچاوی ئەوەیە کە خۆی خالق و داهێنەری ڕووداو و پێشهاتەکانە، هەر دەستەیەک چاوەڕوانی ڕووداو بکاتتا وەک مەلەوانێکی نەزان خۆی بدات بە دەم خوری لافاو و شەپولەوە بۆ پەڕینەوە، یان ئەو لافاوە هەلناستێ، یان هەڵیش بستێ لە باتی پەڕینەوە دەیبات و لە توونی بابای توند دەکات ..

لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر تەماشای شۆڕشی ئیمڕۆی کورد بە گشتی و شۆڕشی کوردستانی باشوور بە تایبەتی بکەین، دەبینین کە چ کارەسات (ماسات)ێک لە کوردستان ڕوو دەدا و دەگیردری، شۆڕشێکمان بە دەستی پەتاڵ و لە سەر سکی برسی بەرپا بوو و یەکیان خواو راستان قەوما و ڕەخسانئەوەیان کە بە چنگ کرێ و نەبەزینی خۆمان کرا هەر لە سەرەتاوە بە دەستی خۆمان هەزار و یەک کێشە و گرفتمان بۆ نایەوە شەڕی کۆنەقین و دەفتەری رابوردویی تێدا یە کاڵا کرایەوە و حساباتی کە دەمێک بوو بەلادا خرابوو جارێکی تر هێنرایەوە پێشەوە و شەڕی کورد کوژی تێدا هەڵگیرسا .. لە کاتێکدا دوژمنەکەمان خۆی کۆکردەوە سەرچاوە ومەڵبەند و دالدەی شۆڕش، کە جوتیاران و گوندەکان ڕاگویزرێتەوە و سیاسەتی خاکی چوڵ و

تەوقی تەنیایی لە ملی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد توندکات، خەرێکی ئەوە بووین چۆن (نفیری عام) و سەفەر بەڵگە بۆ سەر یەکتری بکەین و یەکتری قەلاچۆکەین !!لە کاتێکدا دەیان شۆرشگێڕی هەرەسی پێ هێنراوی شۆڕشی ئەیلول پەنایان دەبردەوە بەر چیاکان، لە تەنگە تیلەیی حیزبایەتی تەسک و تاقم تاقمێنەدا ئەو گیان و ئامادەگیە دەخنکێنرا و دەیان کەس بە زۆری زورداری ناچار دەکران یان ببنە کلکی ئەم و ئەو و قورمیشی فلان یان ساحە چۆڵ کەن و برۆنەوە !! لە کاتێکدا شۆڕش پێویستی بە گوڕ و ناو و پیاوەکانی ئەیلول بوو زۆر و زۆری کاریگەریان لە گوێی گادا نوستبوون و دەیان ویست ئەم خڵکە هەر کوێلە و ئەڵقە لە گوێی بیرو پێرەوی ئەوان بن ! لە هەل و مەرجێکدا کە هێز و کۆڕ و کۆمەڵی دیکە رسکابوونخەیاڵی سوڵتانی أحتکار و تاکە سوارەی مەیدان هێشتا هەر لە هۆشی هەرەسدا دەرنەچووبوو .. ئەمانە و سەدانی تریش کە بەس بوون و بەسن بۆ تێکدان و هەڵتەکاندنی شۆڕشیک، چ جای لە هەڵپە و مەرج و باری سەرپێ کەوتن و پتروکە بوونی شۆڕشێکی نوێی سەخت .. بەڵام

١ – هەرەسی کتوپڕی و چاوەڕوانەکراوی گەورەترین قەڵای ئیمپریالیزم و دوژمنێکی سەر سەخت و خوێن خۆرەی داگیرکەری کوردستان لە ناوچەکەدا، کە رژێمی شای جەللادبوو .. و

٢ –دانەپاڵی (پارتی کۆمۆنیستی عێراقی) و پشتگیری و بەشداری لە شۆڕشی کورد و شۆڕشی دیموکراسی عێراقی) و وەتاق کەوتنەوەی رژێمی رەگەز پەرستی صدام و کاڵ بوونەوەی رەنگ و روخساری زرە شۆرشگێڕی و پێشکەوتنخوازانەی .. و

٣ –کە لە شەقی و دڕندەیەتی دوژمنەکە و بە خۆدا هاتنەوە گەشەی هێزە سیاسییە شۆرشگێڕەکانی تری کوردستان ..

شۆڕشی کوردیان لە مەترسی و بە لایەکی گەورەتر لەوەی ئەیلول رزگار کرد. ئەوە چاوەڕوان دەکرا کە لە مەودایەکی کەمدا ئەم شۆڕشە لە هەڕەتی خورتی و قایمی شۆڕشی ئەیلولیش تێ پەڕێنی .. بەڵام نەیان هێشت .. خوا بە قوریان داکان ! بارانێکی بەهاری رەحمەتی تریش دای لە شانی شۆڕش و شەڕی نارەوای قادسیەی دوڕاو هاتە پێش .. سەرەتا وا چاوەڕوان دەکرا کە ئەم شەڕە بەناڵە روالەتیشدا، لە سەر ئێسک و پرۆسکی رێکەوتنە شومەکەی (الجزائر)ی تێدا بردنی کورد هەلگیرسابێ .. لە ماوەیەکی کەمدا لە سەر پێستی (الجزائر)ێکی تری کورد تەواو دەبێت .. بەڵام ئەو خۆش بینیە هەر هەبوو کە ئەو تراژیدیایە دوبارە نابێتەوە، چونکە هەموو بار و هەل و مەرجەکانی ئەو ساو ئێستا، ناوەکی و دەرەکی سەرو بنن .. بۆیە دەبوایە بیر لەوە بکرایایەتەوە کە، کورت، درێژ دەخایەنێ، دەگاتە کوێ ناگات، تەنها لەو رووەوە

مەسەلەیەکە بۆ کورد کە دەتوانێ لە هەموو حالەتاندا چەند هەنگاوێکی پێ بچێتە پێش و خۆی وا قایم کات، کە ڕێکەوتن و سەرئەنجام و سەرتاس و بن تاسی ئەو شەڕە، کورد خۆی و بە دەستی خۆی .. بە سوودی و قازانجی خۆی دەیشکێنێتەوە ..

کەچی ئەوەی ڕووی داو هێشتاش وەک فلیمێکی ڕەزاگران هەر شریتەیەتی، ئەوە بوو کە بە بیری کەسدا نایەت. جگە لەو (صدام)ی کەسەرچاوەکەی لە کوێوە و چۆن هەلبەستووە دەزانێت ! با ئێمە شایەتێکی مێژووی وا بێنینەوە کە کەس نەتوانێ لە دادگای مێژوودا بەپەرچی بداتەوە ...

دیارە باس لەوە ناکەین کە چ ڕاو ڕاوێن و بگرە و بەردەیەک لە سەرتاسەری کوردستاندا ڕووی داوە و چۆن دەلێ (هدنە)یەکی بلاو نەکراوە لە گەڵ میریدا هەیەو بەعس چۆن پشتێنی کوردستانی لی شل کردوتەوە !

ئەو شایەتیە دەدەین کە لە زۆر شوێنی گرنگ و ستراتیژی پێویستی کوردستاندا بوونی پێشمەرگە لە ڕوی ژمارە و توانا و هەڵکەوتەوە لە هی میری زیاترە کەچی تا ئیمڕۆ و پاش شازدە مانگ لەو شەڕە تەنها یەک سانتیمەتر شوێنی پێ چۆڵ نەکراوە، هەر دەلێ خەنجەرەکەی کابرامان بە قەدەوەیە و بۆ کاتی تەنگانە هەڵمان گرتووە !! تەنگانەش لەمە تەنگانە تر مەگەر هەر هی کابرا بوو بێت کە بە کاری نەهێنا !

لێرەدا نامانەوێ تاوانی ئەو شێواوی و ئاڵوزی و نەزۆکییە بە تەنیا بدەین بە ملی ئەمدا، یان ئەودا، لەم مەسەلەیەدا نە کەس پەرییە و نەکەس شەیتان و هەر لایەو کەسەیە بە پێی خۆی دەستێکی ڕەشی هەیە لە مەسەلەکەدا، یان ئەو دەست و دەنگە سپی و دڵسۆز و خێر خوایانە کزتر و کورت ترن لە خواز و هەڵکەوتی ڕەشی تێکدەران .. ئەمەش بەشێکە لەو واقعە تاڵەی بزووتنەوەی کوردایەتی و پاشخانی ڕووداوەکان و هەڵکەوتی دوا کەوتوویی و خێلایەتی کۆمەڵگەی کوردەواری و بەشێکە لە ژیانی ئەم سەردەمەی کورد، ئێمە شینیش بۆ (حوسێن)ێک ناکەین کە تازە ناگەڕێتەوە، بۆ هەریسەیەک هاوارمانە کە لە سەر ئاگرە . تازە ئەو هێزە ڕەش و پورتکاو و گەندەڵ و خۆفرۆش و کۆنەپەرست و خێلایەتیانە نایەنەوە سەرخەت و لە گرێژەنە چوون و هەڵکەوتیان ئەوە داوا دەکات کە وابن و هەر واش دەبن ..

ئێمە ڕووی دەممان لەو ڕەشە خەڵک و کۆمەڵە دڵسۆز و جەنگاوەر و خەباتگێڕانەیە، کە ئەگەر ئاوی هەڵخەلەتاو لە خشتە براوی ئەوان نەبێت ئەوانەی دی ئاشیان بەتاڵە و کڕو کەوتووە ئەم بارەگلاوە تەنها بە بیر و مەچەکی شۆڕشگێڕانەی شۆڕشگێڕە دڵسۆز و بێ مەبەستەکان ڕاست دەبێتەوە و تەنها ئاپورەی خەڵکی دڵسۆز و خاوەن بەرژەوەندی میللی و شۆڕشگێڕە و لە دەوری بیروباوەڕی کوردایەتی و دیموکراسی و پێشکەوتووخواز و بە هۆش هاتنەوەی جەماوەر و وەتاق خستنەوە

و دابڕینی زڕە گۆشتی سەر گیانی کوردایەتی و بازرگانە خۆفرۆشەکانە، چارەی ئەم کێشانە و سەدان کێشەی دیکە دەکەن .. و تەنها بە رزگاربوون لە بیری گەندەڵ و رابەرانی کلاسیکی و رابردوو رەش و رامالین و گسکدانی مێردە زمەکانی سەر کۆلە سنگی کورد و بزووتنەوەکەی لەم تەنگە تیلیە رزگارمان دەبێت و کۆتایی بە تراژیدیای شەرم هێنی سەر ساحەی کوردستان دەهێنین .. تەنها بیر و فەلسەفەی کوردایەتی و پێشکەوتوخوازە دەمانگەیەنیتە ئامانجە ستراتیژییەکانی نەتەوەی کورد کە (کوردستانێکی ئازاد و گەلێکی یەکسان)ە.

دڵنیاشین ئیمڕۆ بێ سبەی بێ دەبێ ئەمە هەر وابێت و هەر واش دەبێت بەڵام رۆژی زووتر چاترو هەموو کاتیش هەل و فرسەت بەم توندییە لە دەرگامان نادات، دەبا بە دەنگیەوە بچین !.. ئیدی چی دەبێ و داگیرکەران چ داوێک دەتەنن و هێزی رەش چ لنگە فرتی و پەلە قاژەیەک دەکات، لە خۆ راپسکانی سەرەمەرگ بەولاوە تر نابێت .. بۆ ئەم کارە هەموو دڵسۆزان و شۆرشگێڕان بانگ رادەمیلین و دەست لە دەست و پشت و پەناشمان خوا و نەتەوەکەمانە ...

**" ئێمە ناڵێین، سوود لە تاقی کردنەوەی خەڵکی وەرناگرین، بەڵام قۆپییەی کەسیش نین"...**

## بانگێ لە سەنگەری پاسۆکەوە
## برا پێشمەرگەکەم..

**سڵاوی ئازدای و یەکسانی ..**

دەزانین دەستی جلی خاکی و چەکێک و دانە شاخ مەبەست نین بۆ ئەوەی مرۆ شایانی ئەو شەرەف و ناوە بڵند و پیرۆزەبێت کە پێی دەگوترێ پێشمەرگە .. لاشمان روونە کە بارێکی وا ئاڵۆز و شێواو و زەمینەو دەرفەتی ئەوە خۆش دەکات کە دەیان پاشەل پێس و رابردوو رەش و نیاز گڵاو ببنە سەردار و شۆرشگێڕ و رابەر !! دەشزانین کە تا حاڵ وابێت دەستی رۆژگار سەدان قالۆرە پیاو و جەردە و داخ لە دڵ و رادەرفێنێتە سەنگەرە پڕ شەرەفەکانی پێشمەرگایەتی و بە ناهەق ئەو ناوە لە خۆدەنێن ..

لە هەمووشی سەخت و دژوار تریش ئەوەیە، رێ لە هەزاران دڵسۆز رەوێل دەکرێت و چەواشە دەکرێت و هەتا لە ژێر ناوی پیرۆزس کوردایەتی دا تاوان بە خەڵکی بی نیاز و دڵسۆز دەکرێت .. سەد جەیف خەسارێکە کە جێی پر نابێتەوە ..

بەڵام برای پێشمەرگەم، لە هەر سەنگەرێکدایت و سەر بە هەر کۆڕ و کۆمەڵ و بیر و باوەڕێکی، مادام کورد و شۆرشگێڕ و هاوسەنگەری منی بانگت راهێلم کە پێکەوە، هەر یەکەمان لای خۆیەوە دەست لە سەرمە سوێندی شەرەفی پێشمەرگایەتی بۆ یەکدی بخۆین، کە بە سەر ناهەقی و چەوتی و لادان و خراپەدا رانەبورین و لە هیچ کەم و کوڕی و ناتەواوی و بەلادا بردنێکی ئانقەست خۆش نەبین و پەنجەی شۆرشگێڕی بکەین بە چاوی ناهەقی و جادوگەریدا . فشە (تأویل) و (منطقی گێر) و "بیرکردنەوەی چەوت" و "مەبەست گۆڕین" لە کەس قبوڵ نەکەین، ئەگەر ئەو کەسە خۆشمان یان هاوبیرێک' هەڤاڵێک، هاورییەکی خۆمان یان لێپرسراومان بێت .. چونکە ئێمە پەرستاری بتی ئەم و ئەو نین و خەڵکی بێ ئیرادە و کوێریش نین پەل کێشمان کەن بەرەو هەڵدێر .. هەر دوینی بوو بەرگی جاشێتیان بە ناوی (کوردایەتی پێشکەوتووخواز !)ەوە لە بەر کردین لە بیرمانە چۆن و رەنج و گەنج و خوێنی شەهیدانمانیان لە هەراج خانەی ئیمپریالیزمی ئەمەریکی دا هەراج دەکرد .. چۆن تفی سەرەو ژووریان کە رووی خۆمانی گرتەوە بێ شەرمانە بۆشیان نەدەسڕین چۆن چۆنیش خەساندبوویانین و لە خەیاڵی بەنک کیشانەدا ووریان کردبووین .. ئەگەر



هەوالنامەی کتێب

وەلامی ئەو گەورە گەورانە ئەوە بێت هەلەمان کرد و بەهەڵەدا براین و (اشتباهمان کرد) و بە زۆر پێمان کرا !..

که ناش سەلمیندرێن .. بەس بە هەر سورەت، با وابێت !!ئەدی ئیمڕۆ جی ؟ بۆ دەبی هەمان کوێرەری بکویتەوە ؟ بۆ دەبی لە جاران خراپتر و بەد ترمان بە سەر بینن ..

دەست بخەنە سەر دڵی گەورە گەورەکان و بڵێن (شەڕی عێراق و ئێران)دەوەستی .. بزانن ترپەی دڵیان لە قرمەی پۆستالی داگیرکەرەکە بە ترپەتر نییە !؟ . ئەی بۆ چی ترس و شەرم و بێ ئابرویی یان لە ژێر "تفائل" و (چی دەبی با ببێ) دالیێمان دەشارنەوە ... ئەگەر وایان نەکردایە،، ئیمڕۆ من و تۆ و هەموو برا پێشمەرگەکانی ترمان لە بەر تەپولکەکانی رووکاری کەرکوکدا دا دەنیشتین و داگیرکەران تەپەی دڵیان دەهات .. نەک ئێمە !..

ئەم بارە گڵاوەش تەنها بە تۆ و برا پێشمەرگەکانت راست دەبێتەوە .. ئەویش تەنها بەوە دەبێت، ئیتر مەدە بەلا ملتا و (أشهد بلا)ی ناهەقی تووتی ئاسایی یان بۆ مەکیشە و تفەنگیانبۆ بە کوردەوە مەنێ .. بزانە چۆن یان دەبێ ببنە پیاو .. یان دەبێ لە کولمان ببنەوە و ملی شکاوی خیانەتکارەیان لە کوردستاندا بشکێنن .. تا ئەوەش نەکەیت هەر تەنها بە ناو "پێشمەرگە"یت و بەس .

هێزی پێشمەرگەی پاسۆک..

# قوتابخانەی پاسۆک
## گرەو !!

خۆرایی نییە گوتویانە (چۆلەکەیەکی ناو دەست نادرێ بە دە چۆلەکەی سەردار) .. ئەوانەی وەکو کوێر بە تەمای چاون، هەتا دەمرن دەبێ بە دیار هیوایەکی نەزۆکەوە هەڵتووتێن، ئەو کوێرانە ئەگەر هۆشیان بێت گۆچانێکی لە بار بە دەستەوە گرن و بچنە فێرگەیەکی کوێرانە سەر ئەنجامیان زۆر چاتر و چاتریش ڕێ دەردەکەن لەوانەی لە سەر تەپۆلکەی (هیوابردا) چاوەڕوانی شتێک بکەن کە هەر نەیەتە دێ ..

هەر گرەوێکیش ئەگەر دۆراو کڵاوی تێ دەنی و ئەگەر بە ڕێکەوت براشەوە هیچ هونەرێکی گرەو کەرەکەی تێدا نابێت .. ئەگەر جارێکیش و دوانێش گۆزە بە ساغی لەکانی بێتەوە، تا سەر هەر نابێت هەر نابێت . ئەمە حاڵی ئەو حاڵی ئەو نەزۆک و قسرە پیاو و کۆمەلانەیە کە (هەموو ئەوراقی خۆیان لە سەر خانەی سووری زۆلێتی سیاسەتی نێو دەوڵەتان دا دەنێن) و وەکو قالۆری بەردەم رەشەبا خۆیان دەدەنە دەست قەدەر .. کە بێ گومان بەرەو دۆل و شێوی لە بیر چونەوە وتیاچوون ڕایان دەڕفێنێ..

ئەمە جیایە لە سوود وەرگرتن و قوستنەوەی هەلێکی چاوەڕوان نەکراویان بە کار هێنانی دەرفتێکی رەخساو بۆ خوسازدان و کەوتنە سەر بارێکی چاترو پێشکەوتووتر ..ئەمەیان (توقیف)ی بار و هەل و مەرج و پێشهاتەکانە بۆ خزمەتی مەسەلە بنەڕەتییەکە و وەکو هۆکارێکی لاوەکی و ساندوی بە گەر خستنی تین و ووزەیەکی سەرباری دەوور بدرە. بەڵام خۆدانەدەست قەدەر گرەو و خۆدوراندنێکی بێ سەرئەنجامە !. لەمەوە با سەرنجێکی ئەو هەل و مەرج و دەرفەتە لە بار و گونجاوەی (شەڕی عێراق و ئێران) بدەین ..ئێمەی کورد لە کوردستانی باشووردا، وەک واقعێک و چارەنووسێکی بەرماڵ پێ گر، لە شەڕێکی ناهاوتایی نابەرانبەردابووین لە گەڵ رژێمێکی کۆک و بە توانا و بە هێز و خاوەن ئیمکانیاتی ماددی بێ سنوور لە چاو ئێمەدا، لە ناکاو هەل و مەرجێک رەخسا، کە تا رادەیەک تەوازنی ئەو نا هاوکێشەیەی بە جۆرێکی وا گۆری ئەگەر، بیری وورد و دڵسۆزی و شۆرشگێڕی و مەبەستی پیرۆزی کوردایەتی بەرچاوبگیرایە، لەم ماوەی شازدە مانگەی شەرەدا دەمانتوانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد بگوێزینەوە بۆ قۆناغێکی ئەوەندە پێشکەوتوو و پتەوی وا کە جارێکی تر هیچ کارەساتێکی کتوپر و دەرەکی و یان پیلانی سیاسی-- و کومەکی و بادانەوە نەتوانێت تەنها یەک سانتیمەتر بمان باتە دواوە ..

بەڵام، چ لە (حساباتی گێڕ و شیواوەوە) یان لە بەر (پواز) و (خۆخۆری)و بەد نیهادی ئەم یان ئەو، باری دەروونی و ماددی و مەعنەوی و شۆرشگێڕی جەماوەر و

پێشمەرگە و شۆڕشەکانیشمان داویەتیە دواوە و هەر دەڵی لە باتی (خێر و بێر) بوبێتە بەلا و نەهامەتی ..

بڕوانە چالاکی پێشمەرگەی شادە مانگ لەمەوبەر وئیمڕۆ بدەن . سەرژمێری (کوردی بە دەست کورد کوژراو) و شەهید بوونی دەستی داگیرکەران بکەن .. ناوچەی رزگارکراو و پایەکە و مەڵبەندەکانی شۆڕشی ئەوساو و ئێستا بژمێرن .. لە خەریتەی سیاسی و چالاکی کۆرو و کۆمەڵەکان وورد ببنەوە .. چ دەبیتت؟!

واقعێکی تاڵ!.. خەونێکی قورس !.. رووداوانێکی نا مەنتقی و نا بەجێ !.. سەر سوڕمان و سەرەگێژە! هەرچی سەر دێنی و دەبەیت مەتەلێکە شەیتان بۆ ئیبلیسی هۆنیوەتەوە و ئەهرەمەن گرێی تێ ناوە !!.

بۆیە هەر کە فلان خەریکە قسەیە لەم (شەڕە) دەکات، هەمووی وەکو ماسی ژەهر خواردوو گێژ دەبن و بە یەکدا دەدەن .. دەبی وەکو خەوێکی قورسی مۆتەکاوی چاو هەڵگۆفین و تا لە بیر خۆمانی بەرینەوە!.ئێمە ئەگەر هەموان (پێش ئەوەی هەر شتێ بین .. کورد بووینایە) ئێستا ناوچەکانی بادینان و بالەکایەتی و ماوەت و شوان و قەلادزی و پێنجوین و لایەک لە شارەزوور و قەرەداغ بانگی هەقی کوردایەتی تیدا دەدراو و داگیرکەرمان وەکو مشک دەخزانە شارە گەورە و مۆڵگەکانیانەوە، ئەو کاتە پاش "قادسیە دۆڕاوەکە" بە شەکەتی و پاشەڵی پیسی "صدام"ەوە چی پێ نەدەکرا و دۆستیش تێ هەڵکردینایە منەتمات پێی نەدەبوو و سەد کەسی تر دەستی دۆستایەتی ماچ دەکردین .. خۆ ئێستاش نەچووە بچێ و ئەوەندەی لە پێشمانە پترە لەوەی رابردووە ..

دەبا هەموومان یەکگرین و حساباتە کۆن قین و کورسی و پاوان خوازی و گومرایەکان هەڵگرین بۆ ئەو کاتەی کە لە ژێر کێردی قەسابە داگیرکەرەکانی کوردستاندا رزگارمان دەبێت و نەتەوەکەمان لە مەترسی هەرەسێکی تر دوور دەخەینەوە ئەو کاتە روو دەکەینە جەماوەر، کالای کێی لا پەسەند تر بوو با جەژنی خۆی ببرێ و ماڵی کێی پێ قەڵب بوو با بیداتەوە بە سەر خاوەنەکەیدا .. لە هەر دوو حاڵەتدا کەس زەرەری نییە ئەگەر شۆڕشگێڕ بێت . چونکە شۆڕشگێڕ قۆنتەراتجی نییە کاسەی لە سەردا بشکێ، ئەو خزمەتکاری کۆمەڵە، ئەگەر جەماوەر بە خزمەتکاریەکەی قایل نەبوون، با بکشێتەوە ریزی جەماوەر و ببێتەوە بە تاکێکی کۆمەڵ با خزمەتی بکرێت ..ئەوەی لەمە نەگات، بازرگانە .. ئەوەی ئەمە نەسەلمێتێ و بەرچاوی نەخات، قۆنتەراتچییە .. هەردووکیشیان مەحال و دەرفەتی تریان هەیە، جگە لە سیاسەت، تا بتوانن بەهرەی خۆیانی تێدا بە خەرج بدەن و بخەنە گەر ..

دەبا لە بەر خاتری خوا و کورد دەست بەرداری ئەم نەتەوەیە بن و بە زۆر بەراز نەهێننە هێلکە .. با هەموو لایەکیش دڵنیابن .. خەڵکی دوو چاوی هەبێت مێژوو هەزار چاو وتەرازوویەکی مووکێش .. بۆیە کەسن ناتوانی لە بەر حوکمی رەوایدا دەرباز بێت !..

## {{شادەمارە سەرەتاکانمان}}

**١١- باوەڕمان بە مافی چوون یەکی پیاو و ژن هەیە لەو بوارانەدا کە چوون یەکن.**

ئەگەر چی مەسەلەی "ژن" بە ڕواڵەت مەسەلەیەکی زەق و سەربەخۆ و ئاڵۆز و گرنگی وایە کە لە هەموو سەردەمەکانی مێژووی مرۆڤدا بەرەنگاری مرۆڤ بۆتەوە و لەم چاخانەی دواییدا و لە سەردەمی ئیمرۆماندا بە تایبەتی کیشەیەکی گرنگ و بەرچاوی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە .. بەڵام خۆی بەشێکە لە بارو هەڵکەوتی کۆمەڵگە و بەندە بە سەر تاسەری کێشە و باری کۆمەڵگاوە ..

ژن، نیوەی کۆمەڵ و لە گەڵ پیاودا تەواوکەری یەکترین، و نە ژنی بێ پیاو هەیە و نە پیاوی بێ ژن، کەواتە لە ڕووی گرنگی و پێویستی بوونیانەوە چوون یەکن و کەسیان یەک سەرە موونادیان کەمتر ولارە دەست تر و گرنگ تر و پێویست تر نین .. بۆیە لە ڕووی مافی ژیان و بوونەوە و هەموو مافەکانی دیکە دروست و چەسپ وەکو یەکدین، ئەمەش هیچ لەو ڕاستییە دا ناڵەنگینی کە لە ڕووی هەڵکەوت و دەور و کارەوە جیاواز ڕسکابن ئەمەش کارێکی سروشتی و خۆرسکی بوون خۆیەتی و هیچیش لە دەور و کار و گرنگیتی یەکتر دانالەنگینن، کەسیش نییە بتوانێ، دەوری پیاو لە ژن بە کەمتر بگرێ، یان کاری ژن لە پیاو بە سووکتر بزانێ، بە شێوەیکی گشتی زۆر شت هەن لە ڕووی هەڵکەوت و نەور و کارەوە هاوبەشن تێیدا و هیچ جیاوازیەکی سروشتی و مەبدەئی نییە بۆ خەت کێشان و جیاکردنەوەیان، شتانێکی دیکەش هەیە کە سەر بە هەر یەکێکیانەو و مەودا و جوغزی کارسازی و (أختصاصی)ی ئەم یان ئەویان و نە ئەمیان دەتوانێ جێگەی ئەویان بگرێتەوە و نە ئەویان دەتوانێ (بدیل)ە ئەمیان بێت و هەر ژیان خۆی بێ ئەو دەوری جیاواز و سەربەخۆیەی هەیە نابێت و ناچەرخێ ساکار ترین نموونە (مندال)بوونە، هەموو پیاوانی دنیا سەر یەک خەین منداڵێکیان پێ نابێت و هەموو ژنانی دنیاش بێ پیاو هەر ئەو بوونەیان پێ ئیمکان نابێت، خۆ ئەگەر تەنها ئەو دەور بۆ ژن لە حسێب و بەرچاوبگیرێ بەسە بۆ چوون یەکی و هاوسانی گرنێتی لە نەخشەی بوون و ژیاندا ..ئەمەش نابێت بکریتە بەهانەیەک بۆ شەتەک دانی ژن و ئاگربرکردنی لەمەیدانەکانی دیکەی چالاکی تاکایەتی و کۆمەلایەتیدا ..

هەر هەڵکەوتی خۆرسکانەی سروشتی ئافرەتیش بووە کە لە سەردەمەکانی کۆندا پاشکۆی پیاو بووە و تا سنووری کوێلایەتی کویلەی پیاوبووە بە حوکمی هەڵکەوتی پیاو خۆی کە دەست لە کار و قوتبی سەرەکی گوزەران بووە، ژن

هەواڵنامەی کتێب

کەوتۆتە ژێر باری و وەکو شت و مەک و کالای پیاو تێی رواندراوە، ئەگەر چی لەم بارەیەوە لە هەندی کۆمەڵدا دەنگێ نارەزایی و راستکردنەوەی ئەم چەونییە بەرز بۆتەوە و ئیسلام لە هەر بیرێکی دیکە پتر هەقی بەم لایەنە داوە، (للرجال نصیب من أكتسبوا، و للنساءمن أكتسبني) و (عاشروهن بالمعروف) و سەدان بەڵگەو دەقی دیکە ... بەڵام ئەمە بەس نەبووە بۆ رزگاری و رەهایی هەتا هەتایی ئافرەت چونکە پێویستە بن خان و سەرخانی کۆمەڵ پێکەوە لە بار و گونجاوە بن بۆ گۆرینی واقعێکی رەگ داکوتراو ..

بە کورتی و بە گشتی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کۆمەڵگای پیاوان بووە و پیاوان رەنگ رێژ و دەستوور دانەری ژیانی کۆمەلایەتی بوون، بۆیە لە باری خۆیان گوێزیان ژماردووە و چیان مەبەست و بەرژەوەند بووە ئەوەیان کردۆتە دەستوور و ژنیش لەو هەڵکەوت و ئاستەدا نەبووە کە ئەم واقعە بگۆری و مل بۆ ئەم بارە نەدات، خۆی هەر هەڵکەوتی خۆرسکی و بایۆلۆژی هۆبو هۆکارێکی گرنگ و سەرەکی بووە بۆ چەسپاندنی ئەو واقعیە، بەوەدا چ لە رووی کاری بایۆلۆجی و دار و بار و هەڵکەوتی ناسک و تایبەتیانەوە و چ لە رووی رۆلیان لە سەرجەم چالاکییە توند و سیاسی و ئابووری و ئاینی و .. هتد کۆمەلایەتییەکانەوە کەمتر بە توانا و دەست بەکار بوون ..بۆیە دەبوایە ئەو واقعەکە بگۆرایە تا بتوانرایە ئەو بارە راست بکرایەتەوە، شۆرشی پیشەسازی لە ئەوروپا و هەڵپەو مەبەستی أحتكاريانەی بورژواکان بۆ هێز و کاری هەرزانی ژنان و وەکو منافسێکی پیاو و سەختی ژیانی بەو روژانە ئەوەی هینایە پێش کە ئافرەت بکەوێتە کار و دەست لە کار بێت، بۆ ئەوەش کە هەموو پیوەند و دەست پێچەکانی رابردوو بسپێندری تا أمكان بێت ژن بە ئازادی و سەربەستی بێتە مەیدانەوە بۆیە بانگ و دەنگ بانگەشەی چوون یەکی و یەکسانی و هاوسانی دەقاو و دەقی پیاو و ژن لە هەموو لایەک بڵند بووە و ئەو زوڵم و زوور چەوساندنەوە پەنگاو خواردووەی پێشوو بە جاریک تەقییەوە و هەرچی داب و دەستوور و یاسا و سنوورێکی رەوا و نارەوای لە گەڵ خودا راماڵی و تەر ووشکی پێکەوە سووتانەوە ئەگەر چی خەسڵەتی هەموو گورانێکی توند و شۆرشێک توند رەوی و رووداوی لە سنووری دیاری بە دەر و "رد الفعل"ی زیاد لە پێویستە، بەلامسروشتی رەسەنەکانیان کپ بوونەوە و هێمن بوونەوەیە پاش داکوتانی واقعە تازەکە ..

دیارە بە میقداری چەوساندنەوە و لادانەکە، راست بوونەوەکە توند و بە تەووژم دەبێت، بە جۆرێکی وا کە راست بوونەوەکە وەلادانی تێدا دەبێت وپێویستی بە راست کردنەوەیەکی دیکە دەبێت، دەتوانین باری ژن لە کۆمەڵگەی ئەوروپاییدا، لە زمانی دووان لە رابەران و سەرانی ئاینی و کومەلایەتییەوە سەرنج بدەین :

ترتۆلیان ---------- لە باری سەرنجی مەسیحیانەوە دەربارەی ئافرەت دەڵێ: ڕاڕەوی شەیتانە بۆ ناو دەروونی مرۆڤ، پلێپوەنەری مرۆیە بۆ خۆراکی حەرام و تێکدەری یاسای خوا و شێوێنەری روخساری خودایە -کە پیاوە !

چری سوستام (chry sostem)یش دەڵێ :شەرێکی ناچارییە، کرمی دەرونە، بە لایەکی خۆشە، خەتەرە بۆ سەرماڵ و خێزان و گلاوە!

بۆیە دەبوایە بە توندی و دزیوی و نالەباری و چەوتی ئەم راو بیرە، راست بوونەوەکەی توونە و (عکس العمل)ی بێت .. ئەمە ئەو باوەڕ و هەستەی هێنایە پێش کە ژن دەبێت دروست وەکو باری پیاو بێت، لە کاتێکدا کە باری پیاوەکە خۆی چەوت بوو هەر لە بەرەڵایی و داوێن پیسی و بێ سنوور و گوی نەدانە هیچ سنوورێکی ئەخلاقی و سروشتی .. دیارە بەرابەری ژن لە گەڵ باری چەوتی پیاو، مانای چەوت کردنەوەی ژنە بە بارێکی ئەو دیوی چەوتیدا، کە دەبوایە باری پیاوەکە راستکرێتەوە و سنوورێک بۆ دەست درێژی و بەرەڵایی و بێ سنووری دابنرێت و لە سەر ئاستێکی دروست و گونجاو بە هەڵکەوت و سروشتی ئەخلاقی مرۆڤ دەسەلات و ئازادی و مافی چوون یەک و بەرابەریی دیاری بکرایە و لە رووی ئەرک و کار و پێویستییەکانی چالاکی و دەوری کۆمەلایەتی و ژیاری و ژیانی هەریەکەیان دیاری بکریت .. بە کورتییەکی ئێمە باوەڕمان بەوەیە کە ژن و پیاو دروست و جووت لە هەموو مافەکانی ژیان و کۆمەلایەتیدا چوون یەک و هاوسانن!

دەمێنیتەوە سەر دەور و ئەرک و کار و مەیدانی بنەرەتی چالاکی ژیان و بوونی ئەوەی هەریەکیان بە پێ هەڵکەوت و خۆرسکی هەریەکیان دیاری بکرێت بێ ئەوەی کە رێگە لە هیچ مەیدانێک ببەسترێتەوە و پاوان کرێت بۆ ئەم یان ئەو، تەنها دەمێنێتەوە ئەوەی کە جێ گورگی نەکرێت بە جوغز و مەیدان و ئەرکی سەرەکی و سروشتی هەریەکیان، چونکە ئەو جێ گورگێیە زیاتر دەست کێشانە ئازادی و هەڵکەوتی هەریەکیانە و کەم کردنەوەی ئەو دەروە خۆرسکییەیە کە سروشتی بۆی دیاری کردووە ..

لەم بارەیەوە هاووڵاتی صەباحی غالبی دەڵێت (بەرانبەر ووشەی ژن ووشەیەکی دی هەیە کە پیاوە، ژن مانای مێ و پیاو مانای نێری ئادەمی دەگەیەنن،"یەک نەژاد، جنس" کۆیان دەکاتەوە کە "مرۆڤ"ە، نەژادیش مەبەستمان ئەوەیە کە دوو جۆری لێ دروست دەبێ، کاتێک دەڵێین مرۆڤ نەژادە مانای دووجۆری لێ دەکەوێتەوە "نێر و مێ" .. ئەو دووو جۆرەش بۆ ئەوەیە کە بە دوو کاری گرنگی جیاواز هەستن ئەگەر یەک کاریان بوایە، یەک جۆریش بەس بوو، نەدەبوو بە دوو جۆر، دابەش بوونی "نەژاد" بە سەر دوو جۆردا نیشانەیە بۆ ئەوەی هەر جۆرە هەل و مەرجی تایبەتی

هەوراز ئامەی کتێب

خۆی هەیە، بۆ نموونە "کات – الزمن" نەژاد – جنس"، کە رۆژ و شەوە، هەیە، وا بیر دەکاتەوە کە دوو دیاردەی دژ بە یەکن چونکی ئەمیان رووناکی و ئەویان تاریکییە، ئێمە دەڵێین رووناکی بۆ ئەوە نییە لە گەڵ تاریکیدا زۆران بگرن یان بە پێچەوانەوە، بەڵام شتی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە .. لە بەر ئەوەی هەر یەکە کاری خۆی لە ئەستۆدایە کە ئەوی دی ناتوانی بیکات، کەواتە کات وەک "نەژاد"ێک مانای تەواوی خۆی دەبەخشیێ).

مرۆڤ چ ژن بێ چ پیاو لە هەڵبژاردنی ئاین و فەلسەفە، باوەری ئابووری، ڕێبازی سیاسی، هەڵبژاردنی جێگاو هاوسەری ژیان، کارکردن بە مانا فراوانییەکەی .. هتد ئازادە، ئاشکرایە ئەوەش بە پێی مەودای بیرکردنەوە و ئاسۆی هۆشیاری و (قابیلیەتی خودی زاتی) دەبێت، بۆ کەسیکیش نییە لەو جیهانەدا لە یەکێک لەو مەسەلانەدا کەلەگایی و زۆرداری بە سەردا بکات. ئەمن باوەرم وایە جوداوازییەک لە نێوان ژن و پیاودا لە رووی ئینسانیەتەوە نییە، بێ گومان ئەمە واناگەیەنێ کە هەر یەکەیان وێنەی کوپێ ئەوی دیکەیانە، بەڵکو هەر یەکەیان تەواو کەر و پاڵپشتی ئەوی دیکەیانە ..

ئازادکردنی ژن ئەوە نییە، سەربەستی حل لە بەر کردن و گەڕان و روالەتی هەبێت، بەڵکو ئەوەیە رێگا بە تواناو ووزەی بدرێت چی لە خزمەت کردن لە دەست دێ بیکا بۆ ئەوەی وەک یەکێکی زیندوو هاوبەشی لە پێش کەوتن و بنیاد نانی کۆمەڵدا بکات، بەرهەمی داهینەرانە بکاتە دەستە گوڵی خۆی لە گەڵ براکانیدا هاوبەشی یەکی کاریگەرانە بکاتە سەر ژیان ..

## {{فەرهەنگۆک}}

**١- ئەنتەرناسیونال – الاممیە internationale، نێو نەتەوایەتی.**

زاراوەیەکی سیاسی و ئایدۆلۆژییە بۆ هەوڵی یەکێتی نێو نەتەواییانەی ڕێکخراو و نەقابە کرێکاریەکان و پارت و کۆڕ و کۆمەڵە سوشیالیسخوازەکان بە کار دێت، کە مەبەستییەکێتی و یەکخستنی ووزە و کار و پلانی ئەو کۆمەڵانەیە دژی سەرمایەداران و چەوسینەرەوان و پشتگیری خەباتی کرێکاران و ڕەنجدەران و گەلانی چەوساوە و بە دیهێنانی سوشیالیزمە لە جیهاندا.

تا ئیمڕۆ هەندێ هەوڵ و دەزگا و قەوارەی ئەنتەرناسیونالیستی لە جیهاندا بووە و هەیە، کە ئەمانەن :

**أ- ئەنتەرناسیونالیستی یەکەم :**

لە ساڵی ١٨٦٤ لە لەندەن لە ژێر ناوی (کۆبونەوەی کرێکارانی نێو نەتەوەکان)دا پەیدا بووە، کە کارل مارکس دەورێکی گەورە لە سازکرنیدا دیتووە، بەڵام تەنها هەشت ساڵان بەردەوام بوو و لە ساڵی ١٨٧٢دا هەڵوەشایەوە، ئەگەر چی ئەو بەرنانەیەی دانرابوو نەتوانرا چی وای لێ جی بە جێ بکرێت و کەمتر تەئسیری بۆ سەر ڕۆژگاری خۆی هەبوو و نێوە مردوویەکیش بوو، بەڵام کارێکی گەورەی کردە سەر نەخشە و پلانی دوا ڕۆژی مێژووی سوشیالیزم و هاندەرێک بوو بۆ کۆبوونەوەی چینە زەحمەتکێش و بزووتنەوە پێشکەوتخواز و گەلە چەوساوەکان، هۆی ناکاریگەرێتی و هەڵوەشاندنەوەی دەگەڕێتەوە بۆ ناکۆکی و ناتەبایی و لێک نەچوونی ڕای (بلانکیەکان و مارکسیەکان و ئەنارشیستەکان و سوشیالیسیتخوازە نەتەوەییەکان، لە سەرێکەوە و لە سەرێکی دیکەوە بۆ تێک چوونی کۆمۆنەی پاریس لە ساڵی ١٨٧١، کە ئەندامانی فەرەنسایی ئەنتەرناسیونالیستەکە بەشداریان تێداکردبوو، لە تەک مل ملانێیە ئایدۆلۆژی نێوان ئەو دەستەو تاقمانە ..

**ب- ئەنتەرناسیونالیستی دووەم :**

لە پاش تێکچوونی ئەنتەرناسیونالیستی یەکەم و سەرهەڵدان و ڕاست بوونەوەی دەسەلاتدارانی کۆنەپەرست و شا پەرستەکان لە ئەورووپا، سەرانی ئەنتەرناسیونالیستی ئەڵەمانی و فەرەنساوی و نەمساوی بە تاوانی (خیانەتی گەورە) درانە دادگا و ڕاونان و گرتن و ڕەش کوژی تا دەهات پتر دەبوو ئەمە زەمینەی خۆش کرد بۆ سەر

هەڵدان و پەیدا بوون و گەشەی چەندین ڕێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵی کرێکارانە و سوشیالیستخوازانە لە نیوانانی ساڵانی ١٨٧٢ و ١٨٨٩دا، کە لە ساڵی ١٨٨٩دا ئەو ڕێکخراو و کۆمەڵانە لە ژێر ناوی (ڕێکخراوی هاوبەشی پارتە سۆشیالیستخوازەکان) کۆبوونەوە و کۆنگرەی یەکەمیان بۆ لێدوان و باسی تاکتیکی حیزبی و زەق و شوێنی و شێوازی چالاکی و خەباتی سیاسی و شۆرشگێڕانە تەرخان کرد ئەم (ڕێکخراوە) بە ئاشکرا مارکسیەکان باڵیان بە سەردا کێشابوو و مۆرکی ئەوانی پێوە دیاربوو، بەڵام نێزیک بوونەوەی جەنگی جیهانی یەکەم و هەوڵی کتوپڕ و پەلە گردەبری مارکسیەکان بۆ یەکخستنی هەڵوێستی ئەو حیزبانە و یەک هەڵویستیان دژی بەرپابوون و بەشداری لەو جەنگەدا، بووە هۆی لێک ترازان و تێکچوون و دوور کەوتنەوەیان لە یەکدی، کە پاشان هێز و ڕێکخراوە سوشیالیستەکانی دیکە جگە بە سەردا دراوە و نیوەی ژیانی لە بەندیخانەدا بە سەر بردووە، باوەڕی بە تاکایەتی بووە .. مارکس زۆر دژی وەستاوەتەوە.

٢- میکائیل ئەلیکساندرۆ فیچی باکونین، ئەنارشیستی بە ناوبانگی رووسی رابەرایەتی دەکردن.

٣- ماتزینی رابەر و پێشەنگی خەبات و رزگار و یەکگرتنەوەی ئیتالیا رابەرایەتی دەکردن. لە مارکسیەکان درێژەیان بەم ئەنتەرناسیونالیستە داو لە ساڵی ١٩٢٣ لە هامبۆرگ کۆنگرەیان بەست، کۆمۆنیستەکانیش ئەنتەرناسیونالیستی سییەمیان دروست کرد ..

**ج – ئەنتەرناسیونالیستی سییەم :**

پتر ناوی (کۆمینترن comintern) ناسراوە کە کورت گێراوەی (نێو نەتەوایەتی کۆمۆنیست)ە کە لە مارسی ساڵی ١٩١٩ لە سەر پێشنیار و داوەتی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی لە مۆسکو دروست بووە دژی ئەنتەرناسیونالیستی دووەم و بەڵام ۆجیاکردنەوەی پارتە کۆمۆنیستی و چەپڕەوە توند ڕەوەکان بەرانبەر سۆشیالیستە دیموکراسییەکان (کە باوەڕیان بە ڕێگەی ئاشتییانە و پەرلەمان و هەنگاو بە هەنگاوی گۆرینی رژێم و بە دیهێنانی شۆشیالیزم بووە).

پاشان لە ساڵی ١٩٤٣ دا بۆ پتەوکردنی هاوکار کۆمۆنیستەکان و دەستە دەستە نیشتمانی و دیموکراسیەکان دژی نازیەکان هەڵیان وەشاندەوە و پاش جەنگ (کۆمینفۆرم) کە جوغزی کار و کاریگەرایەتی کەمتر بوو لە (کۆمینترن) جێگەی گرتەوە.

**د – کۆمینفۆرم** (cominform) :

کورت کراوەی ناوی (مەکتەبی دەنگ و باس و بڵاوکراوەی پارتە کۆمۆنیستەکان) ە، کە پاش جەنگی جیهانی دووەم لە سەر پێشنیاری پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیتی لە ئۆکتۆبەری ١٩٤٧دا بۆ هاوکاری و برەو پێدانی چالاکی و پەیووەندیەکانی نێوان پارتە کۆمۆنیستەکانی (ئیتالی و چیکۆسلوفاکی) لە "بەلگراد" دروست بوو. بەڵام لە بەر سیاسەتی خۆ سەپێنی ستالینی و پاش دەرچوونی یۆگۆسلافیا لێ مەڵبەندی گوێزایەوە بۆ بوخارست و پاشانیش لە ساڵی ١٩٥٦ کە پەیوەندی یءگءسلافیا و سۆڤیەتی هەندێ گۆرانی بە سەرهات و گەڕایەوە دۆخی ئاسایی، پاش مردنی ستالین، ئەمیش هەڵوەشایەوە ..

**ە – ئەنتەرناسیونالیستی سۆشیالیستی** (socialist – international)

ئەنجومەنی جیهانی پارتە سۆشیالیستخوازە دیموکراسییەکان پاش (کۆنفراسی فرانکفورت) کە بە یەکەمین کۆنگرەی ئەنتەرناسیونالیستی سۆشیالیستیدەژمێرری لە ساڵی ١٩٥١دا دروست بووە کە مەڵبەندکە سۆشیالیستی ناوەراست ڕەو و دیموکراسی تێدایە کە باوەڕمان بە ژیانی پەرلەمانی و دیموکراسی و ڕێبازی هێمنانەی گۆرینی کۆمەڵگە هەیە، جگە لە زۆربەی هەرە زۆری پارتە سۆشیالیستییە دیموکراسییەکانی ئەوروپا و هەندێکی ئاسیاوی مارتە سۆشیالیستەکانی (بلگاریا و لیتوانیا و بۆڵەندا و یۆگۆسلافیا ئەستوانیا و مەجەرستان و چیکۆسلۆفاکی( کە لە دەرەوەی وڵاتەکانیان بوون و چالاکیان هەیە، بە شێوەی چاودێر بەشدارن تێیدا ..

لە گەڵ ئەوەشدا ئەم پارتە هاوکاری کۆمۆنیستەکان دەکەن (وەکو لە هەڵژاردنی ئەم دواییەی فەرەنسادا روویدا) بەڵام زۆر جاران بە توندی دژی یەکتری دەوەستانەوە .. لە زۆر وڵاتی ئەوروپایی وەکو فەرەنسا، بۆتان، ئەڵەمانیا، نەمسادا زۆر جار دەسەڵات دەگرنە دەست ..

**٣- ئۆتۆکراسی الاستقراتییە**

لە ووشەی «autokratem» یۆنانییەوە هاتووە، کە بە مانای دەسەلاتی بێ ئەندازە، یان بێ سنوور"ە،حوکمی تاکە کەسە لێپرسینەوە و ڕەت کردنەوەی نەبێت، جا با پشت بە مل هوری و ترس و زۆرداری، یان متمانە و باوەڕ پێ هێنانی پێرەواتییەوە دەبەستێ ..

خاوەن دەسەڵات دەشێ بە ڕێگەی دەستووری و بە پێ دابی کۆمەلایەتی حوکمی چنگ کەوتبی و یا لە ڕێی خۆسەپاندنەوە بێت، کە ئەمیان جۆری دیکتاتورییە.

هەولێر نامەی کتێب

دوو خەسڵەتی بەر چاوی ئەم جۆرە حوكمانە :
١ – نەبوونی دەستوور و یاسایەكی قەرار داد كە دەسەڵاتی دیاری بكات
٢ – بی سنووری دەسەڵاتی فەرمانڕەوا.
٣ –خۆسەپاندنی تاكێك لە ترۆپكی زنجیرەی دەسەڵاتە ئیدارییەكان.
٤ – كۆنەپەرستی "الرجعیە» :
بە كەسان و كۆمەڵان و چینێك دەووتری كە بەرەنگار و بەرهەڵستی هەر جۆرە پێشكەوتنێكی و گۆرانێكی باری كۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسی نێو كۆمەڵگە بكەن، یان هەوڵی پووكاندنەوەی گەشە و نمایەكی پێشكەوتووانە بدەن بۆ گێرانەوەی باوێك و دابێك و بارێكی بەسەرچوو ..
دیارە مەسەلەی كۆنەپەرستی و پێشكەوتخوازی لە كۆمەڵێكەوە بۆ كۆمەڵێكی دیكە و لە كاتێك و سەردەمێكەوە بۆ كات و سەردەمێك دەگورێ و جیایە .. لەوانەیە پێشكەوتوخوازی بار و سەردەمێك و كۆمەڵێك بە كۆنەپەرست بناسرێت لە بار و سەردەم و كۆمەڵێكی تردا، بەڵام دیسانەوە هەموو وەرگێڕی و بەرهەڵستێكی گۆڕانی كۆمەلایەتی و گەشەی ئابووری و پێشكەوتنی سیاسی و سەرجەمی گونجانی ژیانی كۆمەڵگە لە گەڵ سەردەمدا بە كۆنەپەرستی دەژمێردرێ، دەربەگ و بۆرژوا و رژێمە دیكتاتوری و ناشستی و رەگەزپەرست و ستەم كارەكان هەمیشە كۆنەپەرستن .

٥ – **ئەریستوكراسی "الارستقراتییە** « –aristocracy- :
لە جووتە ووشەی یونانی «aristos» بە مانای چاكترین و «tratic» بە مانای حكومەت هاتووە كە پێكەوە مانای (حكومەتی هەڵكەوتوو یان شایستە)ەكان پێك دێنن.
لای یۆنانییەكان حكومەتی كەسانی بووە كە لە مرۆڤی نموونەیی بن و لە فەلسەفەی كۆنفشیۆیشا حكومەتی "پیاوچاكان" بە چاترین جۆری حكومەت ناسراوە. ئەرستۆ پێی وابووە كە باشترین جۆری حوكم پاشایەتی و ئەریستۆكراسی و حكومەتی دەستوورییە، ئەو حكومەتی ئۆلیگلیكی و ئەریستۆكراسی وا جیا كردۆتەوە، كە یەكەمیان لە سەر بناغەی (چاكی و خێرخوایی) بەڵام دیارە ئەم دوو جۆرە لە سەر دەمانی كۆندا ئاوێتەی یەک بوون چونكە سامان و دارایی بناغە و هۆی سەرەكی حوكم گرتنە دەست بووە..
لە بەر ئەوەی سامان و پلەی كۆمەلایەتی ئەریستۆكراسی پەیدا دەكەن كە ئەمەش لە كوردەواریدا "خانەدان"ی پێ دەووترێ، دەتوانرێ ناوی حكومەتی "خانەدان"انی لێ بنرێت .. فەلسەفەی ئەم هەڵكەوتوو حوكمەش دژی گیانی دیموكراسی بووچوون

یەکی مرۆڤ و یەکسانی تاکەکانی کۆمەڵگەن .. کە فەلسەفەیەکی کۆنەپەرستانەی باو بە سەرچووە. ئیمڕۆ کەمتر لەم جۆرە .. حوکمانە هەن، گە بشێن دەچنە خانەی "دیکتاتۆریەتی"ەوە.

٦ -stalinisim□

لە ناوی " ژوزێف ستالین"ی سکرتیری گشتی حیزبی کۆمۆنیست و سەرەک وەزیرانی کۆنی سۆڤیەتیەوە هاتووە .. ستالینی فەلسەفەی و تیۆرێکی تایبەتی نییە، بەڵکو ڕێباز و ڕێگەیەکی تایبەتی حوکمی کۆمۆنیستییە، لە سەر تیۆری "مارکسی لینینی"ە .. ئەم حوکمش لە ئاستی ناو خۆدا دیکتاتۆریەتێکی پشوو بڕی چەند وو چوونی خوێناوی بووە و لە ئاستی دەرەوە و پەیوەندی و پارتە کۆمۆنیستەکان پاشکۆیی و بەستنەوەی ئەو حیزبانە بووە بە سیاسەتی دەرەوە بەرژەوەندی "یەکێتی سۆڤیەت"ەوە .. کە پاشان لە کۆنگرەی بیستەمی "پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی" لە لایەن "خرۆشچیف"ەوە مەحکوم کرا و "تیتۆ" یەکەمین کەسێ بوو کە دژی سیاسەتی ستالیزم راپەڕیوە.

هەواڵنامەی کتێب

## مالاوا!!
## بیری دوا ڕۆژ ...

دەڵێن : خوا تا دەرگایەک دا دەخات، دە دەروازە ئاوەڵە دەکاتەوە .. دیارە خوا دەرگاوان نییە، و هەر خۆیشی فەرموویەتی : خودا باری کۆمەڵی ناگۆڕێ تا خۆیان هەڵکەوتی ناوەوەی خۆیان نەگۆڕن ..

ئێمە دەرگای شۆڕشی سیزدە ساڵەمان لە (الجزائر) لێ مۆر کرا .. قایل نەبووین و ڕاپەڕین، دە دەروازەمان بە ڕوودا کرایەوە .. شۆڕشی گەلانی ئێران هەل و مەرجێکی وای هێنایە پێش – کە ئەگەر نەڵێین قەلایەکمان بۆ دروست بوو، چ نەبێ خەنجەرێکی ئیمپریالیزمی کە حکومەتی شای داگیرکەربوو – کە هەمیشە لە پشتمان هەڵ و دەچەقی نەما،

بەڵام چ سوودمان لێ وەرنەگرت جگە لەوەی بە تەعبیری زڕە شۆڕشگێڕەکان لە "ئاش بەتاڵی محترم!!" ڕزگاری کردین.

شەڕی عێراق و ئێران هات بەسەردا، ئەمجارە لە دەروازەش تێ پەری و بوو بە شەقامی .. سەدمەتری لە بەر دەممماندا . لە هەموو دنیادا و بە پێ هەموو حسێبێک ئەوە چاوەڕوان دەکرا : کە ئەم هەلە مێژووییەی بۆ هەتا هەتایە کورد لە تەنگە تیلەی گەماڕوی چوار دەوری ڕزگاری بیت و بکەوینە سەر ئەو بارەی کە خۆمان خالقی بڕیار و بارە مەوزوعیەکان بین و ئامانجی سەدان و هەزاران ساڵەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوزای کورد بگەیەنیە ئەو شوێنەی منەتمان بە کەس نەبێت ..

کەچی ئەو ماوەیەمان بە خۆ لاواز کردن و پەلاماری یەکتری بە خەرج دا و نەمانتوانی هەتا شوێن پایەگاکانی پێش ئەو شەڕەش بپارێزین و وەکو میزی حوشتر دایانە دواوە!.

تا باری شۆڕش و بارە نەفسیەکەی خەڵکیشیان خستە ئەو مەوقعەوە کە چاوە چاوی سەر ئەنجامی شەڕەکە بکەین .. ئەمیان کەوت : هاوار بە حاڵی فلان .. و فیساریان ملی شکا : قوڕ بۆ ئەویان دەگرێتەوە لە باتی ئەوەی وەکو مەلای مەشهوورە مسۆگەر بین !.. کەچی خەریکە کار پێچەوانە دەبێتەوە ..

هەر لە گەڵ بڵاوبوونەوەی، هەر دەنگێکی هەوڵی ڕاگرتنی ئەو شەڕە مۆتەکەی "الجزائر" سواری کۆڵەی سنگمان دەبێت و خەریکە پشوومان لە بەر دەبڕێ ..

دەڵێ : بە دەستی خۆمان و بە ئانقەست گرەوی دۆڕاو لە سەر ئەسپی دۆڕاو دەکەین !

ئێمە لە کاتێکدا هێندەی ڕاستی بوونی خوا، باوەڕمان بە سەر کەوتنی کورد و تێشکانی دوژمنانمان هەیە، باوەڕمان بە "ئازادی و یەکسانی" کورد هەیە .. بەڵام بۆ ئەوەی چی زووترە کۆتایی بەم شانۆگەریە گاڵتەجاریەی براکوژی و کورد کوژیەی هەیە بهێندری و دوا پەردەی ژێر دەستەیی و پارچە پارچەیە بە زوویی دادرێتەوە .. دەمانەوێ بە هەموو لایەک بڵێین :

١- ئێمە کورد هەموومان لە بەردەم یەک چەقۆی قەسابداین و جیاوازی شین و سوور و مۆرمان ناکات و لە ملی هەر کامێکمان ترازا ملی ئەوی ترمان دا دەبڕێ ..

هەر کەسێ بە تەمای کاسە دراوسێ بێت بێ شێو سەر دەنێتەوە .. کورد فەرمووشیەتی : هەر عەقڵە لە خەسارێ .. دە پیاوە کەڵەکە لە کاتێ کورد ئێوە : هەر عەقڵە لە هەزار خەسارە وەرگرن .. و بیرێکی دوا ڕۆژ بکەنەوە ..

جیاوازی نێوان پێشمەرگەو جەردە ئەوەیە کە پێشمەرگە دەزانی
بۆ چی چەکی لە شانەو جەردە نازانی بۆ ؟! ...

**" جیاوازی نێوان پێشمەرگە و جەردە ئەوەیە کە پێشمەرگە دەزانێ بۆچی چەکی لە شانە و جەردە نازانێ بۆ" ؟!..**

هەواڵنامەی کتێب

# ئاڵای سووری کوردایەتی
## {{پێش ئەوەی هەرشتێ بین دەبێ کورد بین}}
## „ کوردستانێکی ئازادگەلێکی یەکسان"
## چەکی بێ بیروباوەڕ ،سێدارەی جەماوەرە

ژمارە ـ ١٣ ـ ١٤ نەورۆزی ٢٥٩٤ مارتی ١٩٨٢

ئۆرگانی ناوەندی هێزی پێشمەرگەی پاسۆک

## سەرەباس

+ چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوبیر «عەلی»..
+ ڕازێکی کوردانە...بانگی ڕاهێشتنێ
+ بانگێ لەسەنگەری پاسۆکەوە
+ قوتابخانەی پاسۆک چ بکەین
+ شادەمارە سەرەتاکانمان
+ با لە نەورۆزدا... بناغەی تەبایی و مافی دیاری کردنی چارەنووس دابڕێژین
+ فەرهەنگۆک
+ لە کەلەپووری شۆڕشگێڕیمان دا
+ ماڵاوا... مەتەڵ

هەولێرنامەی کتێب

**به بۆنەی تێپەربوونی ساڵێک بە سەر یەکەم ژمارەی «ئاڵای سووری کوردایەتی»دا بە پێویستمان زانی بیکەینە هەلێک بۆ تیشک هاویشتنە سەر بیروباوەڕی کوردایەتی و روون کردنەوەی هەندێ لایەنی نابەرچاو و تایبەتی سیاسەتی حیزبمان و کێشەکانی ئیمڕۆی خەباتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد.**

به سوپاسەوە هاوبیری بەڕێز و تێکۆشەرمان هاوبیر (عەلی) ئەو هەلەی بۆ رەخساندین ..

-دەستەی بەڕێوەبەرایەتی -

**پ - گۆڤاری ئاڵای سووری کوردایەتی چۆن لە دایک بوو؟**

وەڵام: پێویستی ئۆرگانێکی ناوەندی، یان هەتا بڵاوکراوەیەکی رێک و پێکی هەفتانە، مانگانە، یان دەوری لە زوویەکی زووەوە بە توندی خۆی خستبۆ بەر هەست و بیری حیزبمانەوە ئەگەر چی زۆر کوسپی لە دەسەڵات بە دەر و لەمپەڕی باڵاتر لە بەژنە باڵای حیزب رێگری هێنانە دی ئەو پێویستی و ئاواتە بووە و چەندین هەوڵی بۆ دراوە و جارێ دوانیش بە نەبەکامی هاتۆتە بەرهەم .. بەڵام تا چاو هەڵهێنانی ئاڵای سوور، نەبوونی ئۆرگان یەکێک بووە لە ناتەواویە بەرچاوەکانی حیزب! دەشێ ئەوە بڵێم هێشتا لە ئاستی ئەو تەماو هیوایەی ئێمەدا نییە کە بۆئۆرگانێکی ناوەندی بەرچاومان گرتووە، بۆیە تا ئێستا (ئۆرگانی ناوەندی هێزی پێشمەرگەیە) نەک «ئۆرگانی ناوەندی حیزب» لەوەش بەولاوە» ئۆرگانی فەلسەفەی کوردایەتی».

**پ - رێک و پێکی و دوانەکەوتنی ژمارەکانی ئاڵای سوور دەمانخاتە سەر ئەو باوەڕی کە چ کێشەو کوسپێکی هۆنەری لە بەردەمدا نەبێت ؟ بەڵام زۆری هەڵەی چاپ زۆر جاران زیان لە ناوەڕۆکی باسەکان دەدات .. لەم بارەیەوە چ روونکردنەوەیەکتان هەیە ؟**

وەڵام: کۆسپ و تەگەرە، ئەگەر شتێکی ئاسایی و بەرچاوبێت بۆ ژیانی کوردەواری ئەوا کۆسپە مادیەکان بە تایبەتی وەکو خەسڵەتێکی حیزبی خۆڕسکی حیزبی لێ هاتووە !.. پێتان سەیر نەبێت کە زۆر جاران لە بەر کەمی کاغەزی رۆنیو، یان نەبوونی مەرەکەب، یان مانگرتنی تایپەکان ناچار دەبین بارستایی ژمارەکان کەم کەینەوە و ئەوەندەش لەم لا و لا سواڵی کاغەز و بەرگ و مەرەکەبمان کردووە کە لە تاممان دەرکردووە .. ئەم پرسیارەت رێچکەی پێچەوانەی دەگرت و لەوانە بوو بڵێ : بۆ ژمارە دوازدەتان لە کاتی خۆیدا دواکەوتووە؟!..

ئەمە هۆیەک بووە بۆ ئەوەی دەست لەو پڕۆژەیە هەڵگرین کە پێشتر سەرکردایەتی حیزب بڕیاری دابوو کە بە هەر چوار ژمارە (کتێبیکی) وەرگێڕدراو بە زنجیرە لە ئاڵادا بڵاو بکەینەوە .. دیارە کەمی کادری هونەری و پسپۆری ڕۆژنامەگەری خۆی لە خۆیدا کێشەیەکە وماڵی هاوبیر (مام هەژار) ئاوابێت (تایپ رایتەر و مصلح و گەڵاڵە کەریتی)ی گۆڤارەکەی خستوتە ئەستۆ و جار و باریش بە دەرنەفیزەکەی سێ چوار ڕۆژ ڕۆنیو تاقانەکەمان پەک دەخات ! بە هەر حال ئەمانە بەشێکن لە باجی سەربەخۆیی و سیاسەتی مەبدەئی و ڕاستی حیزبمان. کە هەردەم ئامادەین شانی بدەینەوە بەر .

**پ – بۆ ناوی (ئاڵای سووری کوردایەتی)بۆ دانراوە ؟**

وەڵام :ئەی بۆ ناوی (ئاڵای سووری کوردایەتی) نەبێت ؟ جاری چ ئاڵایەک لە ئاڵای خەباتی کوردایەتی خوێناوی تر و شەکاوە ترە ؟ یان ئەگەر مێژوو نازناوی سوور بدات بە یەکێ، پێت وا نییە ئەو یەکە کوردە؟.. ئەگەر مەسەلەی هۆ بێت، ئەوا دەتوانم لەم خاڵانەدا کورتیان کەمەوە :

**١ – ئاڵا بە مانای مجازی و ڕاستیەکەی باوەڕی بنجی حیزبمانە : لەم بارەیەوە شاعیرێکی کورد دەڵێ :**

**دۆستەکانم باش بزانن**
**دوژمنانم باش بزانن .**
**چەند باوەڕم**
**بە ئاوێستا و بە زەردەشت و بە خوا هەیە**
**هەزار هەندەش باوەڕم بە هەڵکردنی ئاڵا هەیە**

٢ – ئەو ئاڵایەی باوەڕشمان پێیەتی (ئاڵای سووری کوردایەتی)یە لە (کوردستانێکی ئازاد)دا بۆ (گەلێکی یەکسان)بێت.

٣ – بۆ ئەوەشە ڕێگە لەو بیر تەسک و شەوکوێر و دواکەوتوانە ببڕێتەوە کە وەک گای ئیسپانی بە (سوور) بە لەسە دەبن و جار و بارێک بە ناهەق دوژمنانمان لە ملی ئێمەیان دەپێچن یان خۆیان دەیانەوێ بۆیاخی (کوردایەتی) لە خۆیان هەڵسوون.

**پ – پەیوەندیمان لە گەڵ هێزەکانی کوردستانیدا لە چ ئاستێکدایە ؟**

وەڵام : بە شێوەیەکی گشتی، ئێمە هەمیشە هەوڵمان داوە بۆ بتەو کردنی ریزەکانی هێزە سیاسییە شۆرشگێڕ و دڵسۆزەکانی کورد و ئامادەی هەموو جۆرە برایەتی

و هاوکاریەک بووین .. تاکە ڕێگە و زامنی سەرکەوتنی خەباتی رزگاریخوازی کورد یەکێتی و یەکگرتنی هێزە سیاسیەکانە لە سەر بەرنامە و ڕێ و شوێنێکی دیموکراسیانە، لە بەر زۆر هۆ و بە تێ خۆیندنەوەی باری کوردستان و هەڵکەوتنی هێزە سیاسیەکان «بەرەی یەکگرتوویی یەکسانی هاوتا»مان لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٦وە خستۆتە روو و بەدرێژایی ساڵانی ڕابردووو، بەشی هەرە زۆری کۆششمان بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردوە و ئێستاو لە داهاتووشدا ئامادەی هەموو جۆرە هاوکاری و هاریکاریەکی دڵسۆزانەین لە گەڵ هەر لا و بەرەیەکی شۆرشگێڕ و دڵسۆز بۆ خزمەتی کێشەی نەتەوەکەمان و لە سەر بناغەی ڕێزی بەرانبەری و بە شێوازی دیموکراسیانە و ئازادی بیرباوەڕ و چالاکی سیاسی و چەکداری .. هەمیشەش دوو خاڵی گرنگمان بەرچاو خستووە :

١ – هەموو کەس و لایەکمان بە برا و دۆست و هاوکار قبوڵە، بەڵام نە خۆمان بە کوێخای کورد دەزانین و نە کوێخایەتیش لە کەس دەسەلمێنین؟

٢ – دۆستایەتی کەس و هیچ هێز و بەرەیەک بە دوژمنایەتی کەس ناکڕین، ئامادە نین لە ژێر هیچ بار و دۆخێکدا ڕاو هەڵویستی کەس کاوێژکەینەوە.بەم پێیە دەرگای هەموانمان داوە و هەر لایەک هەنگاوێک بە لاماندا هاتبێ دە هەنگاو بە پیریەوە چووین. ئەمەش هێڵی دروست و چەسپاوە و مەبدەئی نەگۆڕی حیزبمانە، لە بارەی پەیوەندی لە گەڵ هێزە سیاسییەکانی دیدا.

**پ – هۆی ئەو دالەنگین و نابەرانبەریەی فراوانی و گەشەی ڕێکخستنە لە رووی چەندایەتی و چۆنایەتییە و کەمی ژمارە پێشمەرگەیە چییە؟**

وەڵام : ئێمەلە سەرەتاوە باوەڕمان بەوە بووە کە ڕێکخستن بنکەو سەرچاوەی لە بن نەهاتووی بوون و چالاکی شۆرشگێڕانەی سیاسی و چەکداریە و ئەساسە .. بۆیە لە سەدا نەوەدی توانای خۆمان بۆ ئەو لایەنە تەرخان کردووە و هێزی بنەڕەتی و ئەساسی هەر حێزبێک بە چەندایەتی و چۆنایەتی ڕێکخستن و بنکەی حیزبی دەپێورێ..

دیارە ڕۆژگاری داهاتووشی راستی ئەم بۆچوونە بە ئیسپات دەگەیەنێ .. بە ویست و خوازی خۆشمان بوایە حەزمان دەکرد ئەو دالەنگینە بەرانبەری بووایە بەڵام سیاسەتی پشت بە خۆبەستن و أعتماد کردنە سەر جەماوەری کورد و رەتکردنەوەی هەر جۆرە سەرچاوەیەکی چەک و ماددی کە کەم تا کورتێ مەسەلە مەبدەئیەکەی تێدا بکەوێتە مەترسیەوە یان چ نەبێت خۆ دۆڕاندن و فینچاندنەوەی تێدا بێت .. لە بار و دوخێکی (مناقص)ەی وەکو ئیمڕۆدا کە چەند چەکێک وە شتێ پارە نرخەکەی

(عزریەتی) بیر و باوەڕکە بێت، ئێمە پاراستنی ڕوو سووری حیزبمان بە هەموو ئیمکانیاتی دنیا ناگۆڕینەوە، چونکە ئێمە نە بازرگانین و نە قۆنتەراتمان کردووە، کە پاسۆک وابێت و ئەمە بێت .. لەسەرمانە کورد بین و بەرژەوەندی باڵای کورد لە سەرو هەموو أعتبارێکی دیکەوە دابنێین و سەد پێشمەرگەی پشت بەستوو بە جەماوەر زۆر کاریگەرتر و و شەرەف مەندانە ترە لە هەزاران هەزار چەکداری پاڵدراو .. ئێمە بە قەناعەت باوەڕمان بەوەیە کە (چەکی بێ و باوەڕ سێدارەی جەماوەرە) .. جگە لەم کۆسپانە کۆسپی قووت کراوە و مەترسی ئەم و ئەو لە لافاوی ڕادەر و گەشەی پاسۆک هۆیەک بوون بۆ کێشەو گرفت نانەوە بۆمان و ئێمە هەر هەندێک بە خۆماندا هاتینەوە و بە (تواضع)ەوە دەڵێین بەو ژمارە کەمەوە لە ناوچەی سلێمانی چەند هێندەی هەندێ لا کاریگەر تر بووین و دوژمنەکەمان هەراسان کردبوو ..

دەشبێ ئەوەش لە بیر نەکەین کە مەسەلە ژمارە نییە، ئەگینا شۆڕشی ئەیلول سەد و بیست هەزار پێشمەرگەی هەبوو، چونکە بناغەی لە سەر بەفر بوو لە شەو و ڕۆژێکدا توایەوە .. ئێمە بەهێزترین و زۆریش لە خۆمان ڕازین چونکە خاوەنی ئەو ڕێکخستنەین و ئەوەی دەشمێنێتەوە و بەرگەی هەر گۆڕان و ڕووداوێکی کتوپڕی و ناوەخت بگرێت ڕێکخستنە .

**پ – زۆر جار دوژمنەکانمان قاوی دژی عەرەب و فارس و تورکمان بۆ دادەخەن سەرچاوەی ئەم قاو و هەڵبەستە چییە و لەم بارەیەوە ئەگەر بفەرموون تیشکێ بخەنە سەر ئەم باسە؟**

وەڵام : دژایەتی هەر نەتەوەیەک بدرێتە پاڵ ئێمە، یان بیری نەتەوایەتی بە گشتی، گەپێکی یەکجار ڕەزا گران و گاڵتە جاڕانەیە .. وەکو ئەوە وایە و خرابتریش کە بڵێین « خەباتی کرێکارانی سعودی دژی بەرژەوەندی کرێکارانی ئەمەریکا»! .. ئێمەی نەتەوەیی بەر لە هەموو شتێک و زیاد لە هەموو شتێک ڕێز لە بیر و هەست و بەرژەوەندی و ئامانجە ڕەواکانی نەتەوەییانەی نەتەوەکان دەنێین، دیارە نەتەوە دراوسێ و هاو ماڵەکانمان پێش خەڵکی تر دەکەونەوە لەم بارەیەوە، .. ئێمە دژی دەسەڵاتدارە داگیرکەرەکانی ئەو نەتەوانەین کە بە زۆر و بێ ویست و بەرژەوەندی ئێمە و نەتەوەکانی دیکە داگیریان کردوین و دەمانچەوسێننوە، وەکو دەزانن دابەشکردنی کوردستان بە ویست و خواز و داواکاری و هەوڵی جەماوەری ئەو نەتەوانە نەبوون و هیچ بەرژەوەندیەکیان لە داگیرکردن و بە زۆر بەستنەوەی کوردستاندا نییە .. بەڵام داگیرکەرەکە کە (سوء الاستفادە) لە هەستی نەتەوەییانە یان نیشتمانی و هاوڵاتیانەی ئەو گەلانە دەکەن و دەیانەوێ ئاڕاستەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی بکەن، ئەگەر بۆیان سەر بگرێت پێمان وایە کارێکی ناڕەوایەو هێندەی زیان و دژایەتی

ئێمە، زەرەر بەخش و دژ بەرژەوەندی ئەوانە، بەچکە عەرەبێک گای لە کام گاڕانی دەسەڵاتدارە ڕەگەزپەرستەکاندا هەیە راپێچی کوردستانی گۆڕیشی نەبێت و تورکێک چ بەرژەوەندییەکی هەیە لە ئەنەزۆلەوە بیبەنە کوردستان و کوردی پێ بکوژن و کورد بکوژێت ؟ .. یان ئەو رژێمانە خۆیان دژی نەتەوەکانی خۆیانن و زۆر جار لە کورد خراپتریان بە سەر دێنن .

ئێمە دڵنیاین ئەگەر ئەو جەماوەرە چەواشە نەکرێت و لە خشتە نەبرێت و زۆری لێ نەکرێت، هەرگیز ئامادە نییە و ئامادە نابێت مۆرەیەک لە کورد بکات نەک وڵاتەکەی داگیر بکات یان ببێتە داردەستی ئەو ڕژێمە ڕەگەز پەرستە چەوسێنەرانە .. ئەمە وەکو شتێکی چەسپاو و لە رووی مەبدەئیەوە لامان روونە و باوەڕمان بە دۆستایەتی و برایەتی نێو گەلان هەیە ..ئەگەر وا نەبین خۆمان هەڵدەوەشێنینەوە و دژی خۆمان دەوەستێنەوە، چونکە چۆن دەشێ کۆمەڵێکی نەتەوەیی پەیڕەوانی فەلسەفەی کوردایەتی دژی نەتەوەیەکی دیکە بن؟ بۆیە ئێمە ئەو ڕژێم و بیر وپارتانەی نێو گەلانە کە باوەڕمان بە بوون و سەربەخۆیی کورد نییە، هەرچی بڵێن و بکەن بە (نەتەوەیی)یان نازانین و بە کۆمەڵی ڕەگەزپەرست و دەمارگیر و لادەریان دەزانین ..

راستی و چەوتی هەر ئیدیعایەکیشیان تەنها باری سەرنج و هەڵوێستی تیۆری و عیلمییە بەرانبەر کورد و مەسەلەی کورد سەنگی مەحەک و بواری راستی و ناراستی بیروباوەڕەکانیانە .. بە نیسبەت کورد و ئەو گەلانەشەوە مەسەلەکە زۆر چەواشە کراوە و دوو لایەنە : لانێکی :هەوڵ و کۆشەی ئیستعمار و دەسەڵاتدارە ڕەگەزپەرست و کلکەکانیانە بۆ چاندنی تۆوی دووبەرەکی و دوژمنایەتی و بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی چەوت و چەواشکردنی جەماوەرەکەیان و سازدان و هاندانیان دژی کورد وەکو نەتەوە .. لانێکی دیکەی : ڕاڕای و ترسنۆکی رابەر و پارتە بۆرژوای و کۆسمۆپۆلیتیەکانی کوردە کە نەیانوێراوە و نەیانتوانیوە و نەیان ویستووە مەسەلەی کورد وەکو نەتەوەیەکی سەربەخۆ و جیاواز بەرابەر و هاوتا لە گەڵ ئەواندا دەربخەن و داوا بکەن ..

هەمیشە خۆیان بچووک کردۆتەوە و زەمینەیەکی فیکری و ئایدیۆلۆجی و هەتارەفتاریشیان خۆش کردوە کە گومان لە مەسەلەکەمان بکرێت و تەعامولی نەتەوەیەکی سەربەخۆمان لە گەڵدا نەکرێت .. پێش ئەم ساڵانەی دوایی مەسەلەی کوردستانی گەورە و مافی دیاری کردنی چارەنووس و دەوڵەتی کوردی و ئەو مافانەی بۆ هەر نەتەوەیەکی دیکە قابلی چەند و چوون و گومان نەبوون و هەندێ جار لە سەر لاپەڕەکانی خۆشیان بەرگریان لێ کردوون و هاواریان بۆ کردوون،

کەچی دەکرایە تۆمەت و لاقرتە بۆ نەتەوەییەکان !! لەم بارەیەوە ئالآی سووری کوردایەتی زۆر تیشکی خستۆتە سەر ئەم باسە.

بە کورتی، ئێمە گەلانی عەرەب و فارس و تورک و هەموو نەتەوەکانی جیهان بە دۆست و هاوکار و برای خۆمان دەزانین – دیارە نەبرا گەورە و نەبرا گچکە، برای دوانە و دروست بە قەدەر یەک و هاوسان و هاوشان لە گەڵ یەکدا – پڕ بە دڵ حەز بە سەرکەوتن و پێشکەوتنیان دەکەین و ئەوەندی بۆشمان بکرێت و پێمان هەڵسوڕێ هاوکاریان دەکەین بۆ گەیشتنە ئامانجە ڕەواکانیان و (حتما) چاوەڕوانی هەمان گیان و ئامادەگیش لەوان دەکەین .. هەر بەند و باوێکی هەڵبەستراو دژی ئەم بیر و ڕێباز گونجاو و چەسپاوەی ئێمە، لە هەر لاو کەسێکەوە بێت، تەنها بۆ بەرگرتنە بە تین و تەوژمی بیروباوەڕی کوردایەتی چونکە تەنها و تەنها لە بەر رۆشنایی بیر و فەلسەفەی کوردایەتیدایە کە کۆتایی بە عومری بە لای داگیرکەری ئەو داگیرکەرانە و بنیات نانی پەیوەندی دۆستانە و برایانەی بەرانبەری و یەکسان و هاوتا لە گەڵ ئەو نەتەوانەدا مەسەلەی دژایەتی، ئێمە لە پرۆگرامی حیزبماندا دیاریمان کردووە کە "دژی هەموو بوونێکی مادی و مەعنەوی زیان بەخشی بێگانەین لە کوردستاندا" و هەر کەسی بە نیازی داگیرکردنی کوردستان و چەوساندنەوەی نەتەوەکەماندا پێ بنێتە وڵاتەکەمانەوە بە دوژمنی دەزانین و ئەمەش تەنها تاکە تاکەی ئەو گەلانە دەگرێتەوە کە بە مەبەستی داگیرکەری و کورد لە ناوبردن لە کوردستاندان و دژی ڕەوی مێژوویی کوردن، نەک گەلەکان خۆیان .. ئێمە بۆ ئەوەی بە باخەڵ فەرەج و بەرچاو روون و "متساهل"و پێشکەوتوو و فلان و فیسارمان بزانن !! دوژمن و داگیرکەر بە برا نازانین .. ئەوانەی ئەوە دەکەن نازناوەکانی (خۆفرۆش و سازشکار و بێگانەپەرست و قسر) هەڵدەگرن و لە (کورد)ێتی دەشۆرێنەوە .. ئێمە دڵنیاشین تەنها لە (کوردستانێکی ئازاد و گەلێکی یەکسان)دا دەتوانرێ کۆشکی برایەتی و هاوکاری ئیجابی لە گەڵ ئەم دنیایەدا هەڵبەسێنین ..

بۆیە لە سەرمانە لە پەیوەندی و هاوکاریمان لە گەڵ ئەوپارت و ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازانە و دڵسۆز و شۆرشگێڕانەی ئەو گەلانەدا هەمیشە ئەم خاڵە دووپات بکەینەوە و یارمەتیان بدەین تا هەڵوێست و ڕوانگەی زانستیانەیان هەبێت بەرانبەر کورد و مەسەلەکەمان، بێ دان نان بە بوونی و سەربەخۆیی کورد و هەموو مافە نەتەوایەتیەکانی ناشێ و ناکرێ پەیوەندی و هاوکاری ستراتیژی لە گەڵ ئەو کۆمەڵانەدا دابڕێژێت و هەرچیەک بکرێت بێ پێشەکی بەرچاوخستنی ئەم راستیە بەڵگە نەویستە تەنها خۆهەڵخەڵەتاندن و تاکتێک و توانا بە خەساردانە و بەس . بەم ریگەیەش نەبێت ناتوانین خزمەتی نەتەوەکەمان بکەین .

هەواڵنامەی دێتی

**پ – ئەوەندەی بزانم بە نیوە چڵی ئەم ئەرکە و پێویستە تا ڕادەیەک -بە ئەنجام گەیشتووە، بەلانی کەمەوە زۆر ڕێکخراوی عەرەبی خەریکن بگەنە ڕۆخی قەناعەتی "مافی دیاری کردنی چارەنووسی کورد" بەڵام وەکو نووسراو و بەڵگەی مێژوویی زۆر جار گیرە گیری تێدا دەکەن ..**

**تا چ رادەیەک بەڵگە و پۆزشەکانیان دەسەلمێندرێ و چ نموونەیەکی بەرچاومان هەیە؟**

وەڵام : دیارە مەسەلەکە زۆر ئاسان نییە، تازە بە تازە لایەنە کوردیەکان کەوتوونەتە سەر هەست و بیری گرنگی ئەم لایەنە و جار و بار دەیدرکێنن ! .. جا بەرانبەرەکە زۆری دەوێت تا باوەڕ بێنێ، بە داخشێوە زۆر توانا بۆ ئەم لایەنە خەرج نادرێت و سیاسەتی کوردی وەکو لە سەر تاکتیک و شتی کاتی و ڕۆژانە بژیەت وایە ئەمەش پتر دەگەڕێتەوە بۆ گەرەلاوژێ حیزبایەتی و ئەو بینە بڕکێ ناشەریفانەی لە سەر حسابی کورد و بیروباوەڕەکان دەکرێت .. ئەگەر بەرنامە و پڵان و شێوازێکی دیاری و قەراردار هەبوایە ئەگەر نەڵێین "بەرە" و جۆرە" یەکێتییەک" تەنها تەنسیقیک هەبوایە هەتا لە نێوان کۆمەڵە سیاسیەکانی یەک پارچەشدا ئەم ئەرکە هەرە گرنگ و پیرۆزە بە ئاسایی جێ بە جێ دەکرا، بە تایبەتی بە هۆی تایبەتکاری و گرنگی و سەرە ڕمی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەو وڵاتانە و لە ناوچەکەشدا ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان هیچ هێشتنەوە و زمان گرتن و گیرە گیر و خۆ دزیتەوە یەک لەم بارەیەوە "بەرچاوتەنگی" و "کورت بینی" و "نا شۆرشگێڕایەتیە» ..

ئەگەر نەڵێین شۆفینیەنێکی سەرپۆش بە سەرە !.. ئەو هێزە هاوکار و دۆستەی ئیمڕۆم ئەگەر دان نەنێ بەو راستی و مافەدا، سبەی لە سەر کورسیەکانی حوکم چون دەستم پێدابگات، یان چی لە (صدام) جیاوازترە؟! مەسەلەکە ئەوەیە ئەمە ماکێکی کوشندەی ڕەگەزپەرستی و شۆفیەنیەتە، تا لە بن و بێخ هەڵنەقەندری هیچ هاوکاری و دۆستایەتی و گوزەرانێک ممکن نییە ...

ئەو ئەگەر پێ وا نەبێت من نەتەوەیەکی جیاواز و سەربەخۆم و هیچ قەرزی بابی بە سەرمەوە نییە، سبەی کەڕێش بکەوین و (حوکمی زاتی راستەقینەش) م وەکو نوقڵ و بەرات پێ ببەخشێ هەر لە پێستی خۆمان بجوڵێینەوە ئەو هەڵدەسڵەمێتەوە و بە لەسە دەبێت، ئەویش هەر کارێ بکات، ئێمە هەقمانە گومانی لێ بکەین .. ئیتر چۆن لێک تێ گەیشتن و (حسن النیه) دروست دەبێت کە بەردی بناغەی هەر هاوکاری و گوزەرانێکی هاوبەش یان جیاوازی بەرابەریە ؟...

مەسەلەکە لێرەدا مەسەلەی ئەساسی و مەبدەئییە، ئێمە ئەگەر دڵنیابووین لە هەڵوێست و بیرو ڕایی ئەو لایەنە کە وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ و خاوەن (مافی دیاری کردنی چارەنووس) تێمان دەڕوانـن، ئەو کاتە مەسەلەی شێوە و جۆر و شێوازی ممارەسەی ئەو (مافە) گرنگ نییە و تەنها دەکەوێتە سەر هەڵکەوت و هەل و

مەرجی لە بار و پێویست .. لەوانەیە باری جەماوەر و وڵاتەکە و بەرژەوەندی هەردولا وا پێویست بکات کە ئەو مافە لە شێوەی (خودگەردانی لا مەرکەزی و ئۆتۆنۆمی) و یەکێتی فیدراسیۆن و .. هتد، ممارەسە بکەین. ئەگەر بە ووردی سەرنجی ئەم مەسەلەیە بدەین هەتا (حوکمی زاتی راستەقینە) خۆی وەکو زاراوەیـەک دروست دەرناچێ .. هەر مافیک و هەر شێوە و قالبێکی قانوونی ئەو مافە ئەگەر لە سەر بناغەیەکی مەبدەئی و ئەساسی بوونی نەتەوەی کورد و سەربەخۆیی و جوداوازی میللیەتی، کە (مافی دیاری کردنی چارەنووسە) هەڵنەستێ.

سەد (ڕاستەقینە و فراوان)یشی بە کلکەوە نرێت، مەترسی هەڵگەڕانەوە و پوکانەوە و بن بۆشی لێ دەکرێت .. دیسانەوە لە (ئاڵای سووری کوردایەتی)دا تیشکی پتر و روون تر خراوەتە سەر ئەم باسە .. یەکێ لەو نمونانەی لە یادمدا مابێت – کە بەداخەوە نموونەکان زۆرن ! – ئەوە بوو پارتێکی عەرەبی هاتنە بارەگاکەمان بۆ سەردان و بیر گۆڕینەوە و هەوڵی هاوکاری لە گەڵ یەکدا، ئێمە ئەم باسەمان لاکردەوە و پێمان ووت : ئێمە جەز دەکەین و دەخوازین کە پەیوەندیەکانمان راست و پتەو ئەگەر بکرێت ستراتیژیش بێت، ئەمەش بێ دان نان بەوەی کە (کورد نەتەوەیەکی سەربەخۆ و جیاواز و بەش کراوی خاوەن مافی دیاری کردنی چارەنووسە) نابێتی .. بۆیە ئێمە بە لانی کەمەوە لە ئێوە چاوەڕوان دەکەین کە دان بەوەدا بنێن .. کە (کورد لە کوردستانی باشووردا بەشێکە لە نەتەوەی کورد و نیشتمانەکەی بە لەسەروو (جبل حمرین) دیاری دەکرێت).. دیار بوو لە هیچ شوێنێکی دیکە ئاوا بەرە و ڕووی ئەو ڕاستیە نەکرابوونەوە بۆیە نەدەچوونە ژێری .. پاش لیداونێکی زۆر ووتیان :

ئەمە راستە و دەبێ وابێت، بەڵام ئیمڕۆ جەماوەرەکان ئەممان لی قبوڵ ناکات و عەقڵی خەڵکی وەری ناگرێت و زەمینەی دەربڕینی نییە !! ووتمان " برایان حیزبی سیاسی دەبێت پێشڕەو و ئاڕاستەکەری جەماوەر بێت، ئەی ئێوە نەتوانن (مفاهیمی) ڕاست و ڕاستی و هەق بخەنە بەردەمی جەماوەر و پێیان گۆش کەن و بیر و ختورە و هەستی شێواویان لا برەوێننەوە، کارتان چییە و بۆ ڕابەر و پێشڕەون ؟..

ئەگەر ئەم راستیە بەڵگە نەویستەی باوەڕتان پێیە نەتوانن بیخەنە سەر کاغەز خەتی نێوان ئێوە و (صدام) کامەیە ؟ زامنی ئێمە چییە ؟

هەر چۆنی بوو، تا بە دەمی نەیان سەلّماند. ئامادە نەبووین کۆبونەوەی ڕەسمیان لە گەڵدا بکەین .. بەڵام ئەوەتای دەیانبینینەوە !!بە هەر حاڵ بەڕای ئێمە سەد ڕێکەوتن و بەیاننامە و بەرە و هاوکاری و چارەسەری کاتی بێت و بڕوات، ئەگەر لەسەر ئەو بناغەی باوەڕ هێنانە بە نەتەوەی کورد و "مافی دیاری کردنی چارەنووس" هەڵنەسێت. چی لێ هەڵناکرێنین و ئەو زەمینە سیاسیە دەبێ بەر لە هەموو شتێک

بێت، تەنها ئوە بناغەی ئاشتی و ئاسایش و ڕێکەوتن و گوزەرانە لە کوردستاندا ..

**پ – هاوبیری مامۆستا، هەندی جار ئێمەش دروشمی (حوکمی زاتی فراوان)یان (ڕاستەقینە) بەرز دەکەینەوە و لە (بەرنامەی خەباتی حیزبمان لەم قۆناغەدا) مەسەلەی (حوکمی زاتی)مان وەکو ئامانجێکی کاتی دیاری کردووە، ئەمە تا چ ڕادەیەک لە گەڵ دروشم و را و هەڵوێستی لایەنەکانی دیدا یەک دەگرێتەوە ؟ یان جیاوازیان چییە لەوان ؟ و چۆن لە گەڵ بیر و باوەڕ و ئامانجە ستراتیژییەکەی حیزبدا یەک دەگرێتەوە و دەگونجێ ؟**

وەڵام : بەڵام ئێمە و سیاسەت زانستە و هونەر، نەزانستێکی رووت و وشکە و نە هونەرێکی بەرز بە تەنیا، بەڵکو ئاوێتە و پێکەڵ پێکی یەکن .. سیاسەتیش کەرەسە و ئامرازی ئامانج و ڕەوتە مێژووییەکەی نەوە جەماوەر، سیاسەت مەدارێک تەعریفی سیاسەت بەوە دەکات کە (هونەری سازدان و کردنی کاری شیاوە – السیاسە فن ممارسە الممکنات من الامور)، بەڵام بیر و باوەڕ و سەرەتا بنەڕەتیەکان ئامانجە ستراتیژیەکان چەسپاو و نەگۆڕە و دەستکاری و جێ گۆڕگی و لێ داشکاند و مەسەلەت و مساومە هەڵناگرێت، بەڵام دەشێ و پێویستە لە گەڵ بار و هەل و مەرجی ڕەخساو بەردەستدا بگوندجێندری و بسازێنرێ، بەس بەو مەرجەی پشوو درێژی و هەنگاو و وچانەکان لە چوار چێوەی دیاری ئامانجە ستراتیژیەکان نەترازی و لە سەر حسابی بیر و باوەڕ و سەرەتا بنەڕەتیەکان نەبێت ..

ئێمە وەکو لە پرۆگرامی حیزب و بڵاوکراوەکانی دیدا چەندە سوور بووین لە سەر ئامانجە ستراتیژیەکانمان و مەسەلەی سەربەخۆیی و یەکگرتنەوە و ئازادی کوردستان، هێندەش بەرچاو ڕوون و واقعی بین بووین و دیاریمان کردووە کە لە بار و هەڵکەوت و هەل و مەرجێکی وەکو کوردا گەیشتن بەو ئامانجە چەندین تێک هەڵچوون و قۆناغ و وچان و دەستکەوتی کاتی گەرەکە و ئەو ئامانجە کاتیانە لە بەر ڕۆشنایی هەل و هەڵکەوت و بار و ممکناتدا دیاری دەکرێت، حیزبمان لە بەرنامەی خۆیدا ئەو ئامانجە کاتیانەی بە (ئەو پەڕی ممکن لە زەمەنێکدا دیاری کردوە زۆر بە داخەوە دەڵێین کە بار و هەڵکەوتی خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی باشووردا زۆر پتر لە (حوکمی زاتی) هەڵدەگرێ و ممکنە (حوکمی زاتی) ئەوپەڕی ممکن بووە پێش سالانی حەفتا نەک ساڵانی پاش هەشتا !. بەڵام لە بەر شەڕە تێلا و تەصفیەی حساباتی کۆن و بەرژەوەندی و بینە بڕکی ناشەریفانەی حیزبی و مساوەمە و مناقصەی سەر ساحەکە و باری ئالۆزی شۆڕش و پەیوەندی نێو هێزە سیاسییەکان لە سەرێکەوە و خۆنوساندن بە زاراوەی (حوکمی زاتی)یەوە، هەر وەکو لەو زاراوەی ترنجێنرابین و دەرچوون تێیدا و بە هەر بارێکدا لە دین دەرمان کات وایە !! بۆ دەبێ تەنها چارەی کاتی کێشەی میللی کورد (حوکمی زاتی) بێت ؟ و چاو لە فلانە وڵات و

فیساره تاقیکردنەوە و ئەم بیر و ئەو فەلسەفەیە بکەین و نەتوانین باری وڵاتەکەی خۆمان بەرچاوگرین . ئەمە باسێک و داخێکی یەکجار سەختە، ئێمە هەر ئەوەندەمان لە دەست دێت نەگلێینە هەندێ لوعبەی گوماناوی و ڕای خۆمان تۆمار بکەین و بخەینە بەرچاوی ئەوهێزە سیاسیانە و جەماوەریش .. هیوا داریشین بکەوینە سەر بارێک بتوانین (بە خواهی نەخواهی) بۆ بەرژەوەندی کورد بیچەسپێنین .

ئێمە لوەدا لە گەڵ ئەو برایانەدا یەک دەگرینەوە، کە بە ناچارانە، دامێنی ممکن (نەک ئەو پەڕی، حوکمی زاتییە .. بەڵام بە مەرجێ لە سەر بناغەی سەربەخۆیی کورد وەکو نەتەوە و (مافی دیاری کردنی چارەنووس) هەڵەبستێت و ئەو حوکمی زاتیە شێوەی گونجاو و ممکنی ئیمڕۆی ممارەسەی ئەو (مافە)یە ..

چونکە ئەگەر حوکمی زاتی لە سەر ئەم بناغەیە هەڵنەستی، نابێتە مافی میللی نەتەوەیەک .. و تەنها شێوەیەکی ئیداری حوکمە و بەس وەهەراش تر و باڵاترە لە تەقسیماتی ئیداری وەک (لیواکان و محافەزە و بلدیات و لەم بابەتانە ..) .. پێویستە چەواشەیی و بەهەڵەدا چوون و وەهمێک هەیە برەویندرێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە (کورد نەتەوەیەکی سەربەخۆیە و بەشێک نییە لە گەلی ئێران یان عێراق و یان تورکی یان سوری ...) .

کوردستان بابەش کرابێت و هەر پارچەیەی بە ناڕەوا خرابێتە سەر کیانێکی سیاسی، بەڵام خاکی نەتەوەیەکی تایبەتیە کە کوردە .. جا ئیمڕۆ وا پێویست دەکات و بار و هەل و مەرجەکە ئەوە هەڵدەگرێت کە شێوەیەکی تایبەتی و کاتی بدۆزرێتەوە بۆ پێکەوە ژیانی کورد و ئەو نەتەوانە، تا زەمینەی ئەوە خۆش دەبێت کوردیش وەکو هەموو نەتەوەیەکی سەر ئەم گۆی زەویە کیان و بوونی ئازادنەو سەربەخۆی هەبێت کە مەسەلە و باسێکی گونجاو و ڕەوایە .. ئێمە سەرمان لەوە دەماسێ، خەڵکی هەبێت خۆی بە کورد و پێشکەوتوخواز و دیموکراسی و ئەم و ئەوە بزانێت، کەچی لە ڕووی واقعی و بیرکردنەوە نەتوانن هەتا مەبدەئی ئنتدابی ئیستعماریانەش بسەڵمێنن .. جاران ووڵاتە ئیستعماریەکان کە ووڵاتێکیان داگیردەکرد، نەیان دەگوتماڵی بابی خۆمانە و پارچەیەکی ئێمەیە و قوتی بدەن .. بەڵگەیان ئەوە بووە کە ئەو گەلانە هێشتا نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی خۆیان بەڕیوە بەرن و سەربەخۆ بن، ئەمان وەکو (وحی) و چاودێری کەرێک فێریان دەکەن و رایان دێنن کە چون خۆیان حوکمی خۆیان بکەن و بەس .

لە گەڵ هەموو درو و درندایەتیەکیشیاندا، زۆر جاران ئەم قسانەیان بە ڕاست گێڕاوە و مێژووی خەبات و سەربەخۆیی زۆربەی وڵاتە ئەفەریقاییەکان و هەندێکێش لە ئاسیاویەکان بە زەحتی سیاسی و ڕێکەوتن و خەباتی پەرلەمانی بە ئەنجام

گەیشتوون، کەچی گەلی کود لە کوردستانی باشووردا بە تەنیا زیاد لە شەست ساڵە لە خەباتی سیاسی و چەکداریە و چواردە ساڵ شۆڕشێکی گەورەو سەرتاسەری جەماوەری هەبووە و وا شەش ساڵیشە لە سەخت ترین باردا ربەمان دێت، هێشتا حوکمێکی زاتی شەپلە لیدراومان پێ ڕەوانابینن .. دە رووی بابی ئیستعمار ڕەش بێت ئەگەر ئەو داگیرکەرانە دڕندەتر و کەم فرسەت تر و گڵاو تر نەبن ..

**پ – لە تاقیکردنەوەی ئەم ساڵانەی دوایی، ئایا باری سیاسی کوردستان بەرپابوونی شۆڕش لە دووپارچە یان زیاتری هەڵدەگرێ ؟**

وەڵام : هەر کاتێ بار و هەڵ و مەرجی شۆڕش پەیدابوو و بارێکی شۆرشگێڕی هاتەپێش، ئیدی پرس بە کەس ناکات و کەسێش بەری پێ ناگیرێ، ئەمەش هیچلە سەروەری و ئیجابیەتی مرۆڤ کەم ناکاتەوە، چونکە مرۆڤەکە خۆیەتی کەرەسە و ئامانجی شۆڕشەکە .. گونجان و نەگونجان و شیاوی دووشۆڕش و سیان و یان سەرتاسەری هەموو کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆ، یەکەمیان : ڕەسەنایەتی و نارەسەنایەتی شۆڕشەکان .. مەبەست لەوەیە ئایا تەنها راپەرینێکی (عفوی) و (مفتعل)ە، یان شۆڕشێکی جەماوەری ڕەسەنی هەڵقوڵاوی ناحی جەماوەر، دووەمیان بیری رابەری شۆڕش، بۆ بار و هەڵ و مەرجی کوردستان تەنهائەو بیرەیە کەلەنگەری پێویستی و پێداویستی و بەرژەوەندی نەتەوەی کورد رابگرێ دور لە عەقلیەتی ناوچەگەرێتی و ئەم دیو و ئەو دیوە، بە مانا روانگەی نەتەوەییانەیە بتوانێ بەرژەوەندی نەتەوەی کورد هەڵسەنگێنی و خاوکردنەوەی و تەوژم دان بەم یان ئەو و چۆنیەتی گونجاو (أنسجام) لە نێوان ئەو بزووتنەوانەدا دروست بکات .. سێیەم، ڕابەران و پیاوانی بزوتنەوە و شۆڕشەکە، مێژووی ئەم چارەکە سەدەیەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد بە گشتی و ئەم چەند ساڵەی دوایی بە ڕوونی ئەم لایانە ڕوون دەکاتەوە نەبوونی ئەو مەرج و هۆکارانە و لە نەبوونی منتەلق و بیر و باوەڕێکی نەتەوەییانەی ڕەسەن، لەتری بە سەدان کەس داوە و زۆر جار دوو پارت و دوو بزوتنەوە و دوو شۆڕشی خستۆتە بەرانبەر یەکدی .. هەر دوو نەڕۆین زۆر جار پەیوەندی دۆستانەی نێوان لایەک و داگیرکەرێکی کورد زۆر توند تر و خۆش تر بووە لە پەیوەندی نێوان دوو ڕێکخراو و یان هەتا دوو بزوتنەوەی کوردیشدا ..

ئەمە ئەگەر ئەڵێین زۆر جاران لایەک پتر بوونەتە بەشێک لە سیاسەتی داگیرکەر و کوتەکی دەستی دوژمنەکە . هەتا لای جەماوەریش بارێکی نەفسی ئەوەندە سەخت و چەوتی دروست کردووە، کە پرس و رای (عێراقیت، ئێرانێت، گوێندەرێت ؟) ڕۆژانە بە گیانی هەمواندا دەچزێ و ئەو تەزعەیەی کە داگیرکەران نەیان توانیوە لە ناو

کوردا بیچەسپینن .. خەریکە لە ژێر باڵی سیاسەتی چەوتی نا نەتەوەییانەدا نەزعەی ناوچەگەرێتی و عێراقی و ئێرانی و ئەم و ئەو سەرپی هەڵبدەن .. ئێمە بایی سیاسیەکی واقعی بین، دەزانین هەندێ جار دۆستایەتی و هەتا هاوکاری ئەم داگیرکەریان ئەو داگیرکەر خۆی دەسەپێنن و پێویست دەبێت، تا ئەو شوێنەی هیچ لایەک لە سەر حسێبی لایەکی دیکە نەبێت ئەم جۆرە پەیوەندیانە پێویستن و ڕێگە پێ درویشن .. بەڵاملەمە بترازێ (خۆفرۆشی و کورد فرۆشی و خیانەتە جا هەر زرە تەئویلێکی بۆ بدۆزنەوە بەشی ئەوە ناکات کە هیچ بزوتنەوەیەک کەرەسەی کاتی سەرکەوتنی نامسۆگەری خۆی لە سەر حسێبی هیچ بزووتنەویەکەی دنیا چ جای بەشێک لە بزووتنەوەی نەتەوەکەی دەست بخات .. بێ هیچ پێچانەوە و شاردنەوەیەکیش، ئەم داگیرکەر یان ئەویان لە بەر خاتری چاوی کاڵی کورد لەرێی خوا و لە بەر بیر و باوەڕەکەی یارمەتی بەشێکی کورد نادات، لە کاتێکدا خۆی بەشە کوردەکەی خۆی بە ئاگر و ئاسن سەرکوت کات، چونکە تاکە بواری ڕاستێتی و هەق پەرستی و پێشکەوتنخوازی و مرۆڤایەتی هەر لایەک بەشە کوردەکەی خۆیەتی ئینجا لایەکی دیکە .. لەمەش بترازێ ئەوان بە ناچارانە و عەرەب ووتەنەی لە بەردەم هەڵبژاردنی (أهون الشرين) دا کۆمەک یان چاوبڕکێ لە گەڵ یەکدا دەکەن و دەزانن چاکیش دەزانن بام ناوچەگەرێتی و سەڵتەنەت تەڵەبی و خۆ ویستی و بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی یان شەخسی ئەم پارتە و ئەو شەخسە و فلان کەس و فیسار دەسەبەرەی ئەوە دەبن کە مەترسیەکە لەو دوورخەنەوە، بەڵام ڕەوتی مێژوویی و چارەنووس و مەسەلەی نەتەوەیەک درەنگ یان زوو بەرماڵیان پێ دەگرێت، ئەوان تەنها بە هیوای خۆ دەرباز کردن لە بەڵایەکی نێزیک و گەورەی بەرچاو پەنادەبەنە بەر کێشەیەکی دوو دەستی داهاتوو تەنهاش دڵیان بەوە خۆشە کە بەداخەوە تا ئیمرۆ ئەو فشە دۆستایەتیە تاکتیکەی ئەوان بۆ خزمەتی هەموو بزووتنەوەی کوردایەتی بەکار نەهێنراوە، بەڵکو بەشێکی زۆری بۆ لێدانی دوژمنەکەی ئەو نێزیک کردنەوەی بەرژەوەندی و مەبەستەکانی ئەو بە خەرج دراوە ..

بۆیە ئێمە لە کاتێکدا دروشمی (لە هەر شوێنیک کورد پێویستی بە پاسۆک بێت، سەنگەری لەوی دەبێت) و لێدانی زەعیفترین حەلقەی زنجیرەی داگیرکەرانمان بەرچاوخستنی بێ گوێ دانە ئەو ناوە سەپاوانەی بە سەر کوردا دا و هەردەم ئامادە بووین و ئامادەین بە خوار و ژوور و ڕاست و چەپدا تفەنگەکانمانوەرگێڕین بەو جۆرەی کە لە بەرژەوەندی کورد بێت ..

لە هەمان کاتدا پێمان وایە بوونی دوو شۆڕش و سیان و چوار هەڵە نییە، ئەگەر هەموو پێداویستەکانی شۆڕش و بەرژەوەندی میللی بەرچاوگیرێ .. و خۆشی شۆڕشی ئیرادەی مێژوو و جەماوەر بێت ..

ئێستاش بەرژەوەندی بەرزی کورد و پێویستی (فرسەتی خۆڕایی) نەدانە دەست دوژمن و پشتگیری گەلی خۆمان لە هەموو بار و هەل و مەرجێکدا ڕێمان نادات، ئەگینا بە ئەسکوێی ڕاستی و کوردایەتی هەمانەی هەموو ئەوانەمان بەتاڵ دەکردەوە، کە بەفرماڵی سەربانی دوژمن و گای کورد دەکەن بە قوربانی گیسکی خەڵکی و دەیانەوی لە سەر حسێبی ئەم و ئەو (کە کوردیشن) تەلاری قرچۆکی خۆیان بڵندبکەنەوە .. چونکە دڵنیابن کەس لە دەست حوکمی توند و تەرازووی مووکێشی مێژوو دەرباز نابێت. بۆیە هەموو ئەوانەی دەبنە درکی سەرە ڕێگەی کوردایەتی لە قوژبنێکی کوردستاندا بێت، ڕۆژی خۆی دێت هەقی خۆیان بنرێتە مست .

**پ – ئایا لە ڕووی واقعی و سیاسی و تەکتیکیشەوە بێت. نابێ جیاوازی داگیرکەرانی کوردستان بکرێت ؟**

وەڵام : هەر کە وتت داگیرکەر دەبڕێتەوە، پیاو چاک داگیرکەر نابێت، بۆیە لای ئێمە داگیرکەر بە (أطلاق) داگیرکەرەوە و یەک ناوک و جەوهەریان هەیە .. بەڵام دەمێنێتەوە ئەوەی کە مەوقعی ئەو ڕژێم یان ئەو دەسەڵات لە سەرجەم بزووتنەوەی چالاکی مرۆڤ سیاسەتی گشتی نێو دەوڵەتان ..

و بار و هەڵ ومەرجی گەلی کورد و ئاسۆی داهاتوویی ئەو ڕژێمەوە پەیوەندی و جەمسەرەکانی بە سیاسەتی جیهانیوە، باسێکی دیکەیە .. بۆ نموونە ئەگەر کودەتاکە، یان شۆڕشێکی جەماوەری و پێشکەوتنخوازانە لە تورکیادا ڕوویبدات، مەوقعی ئەو ڕژێمە جیادەبێت لە گەڵ ڕژێمەکەی (صدام)دا .. و هەر خۆی ئەو بارە نوێیە ئاسۆیەکی ڕوون تر و فراوانتر دەخاتە بەردەم بزوووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە کوردستانی باکور و پێویستە باری نێو دەوڵەتی و ناوچەکە و هەڵکەوتی ڕژێمەکە بە گشتی و باری کورد بە تایبەتی بەرچاوبگیرێ و لە بەر ۆرشنایی ئەوەدا هەنگاو هەڵینرێت .. لەوانەیە هەر راگرتنی رژێمێکی وا لەمەودای دووردا بۆ خۆی شۆڕشێک بێت بۆ کورد .. شۆڕشی ١٤ی گەلاویژی ١٩٥٨ لە عێراقدا بە هەڵوەشانەویە (پەیمانی بەغدا) بە تەنیا دەستکەوتێکی گەورە بوو بۆ شکاندنی ئەو تەوقەی کورد، یان ڕمانی رژێمێکی شاهەنشاهی لە ئێراندا گەورەترین کوسپی لە بەردەم نەتەوەی کوردا (نەک تەنها گەلی کورد لە خۆرهەڵات) تەخت کرد و بارێکی شۆرشگێڕی هێنایە پێش .. بەڵام مەترسی گەورە لەوەدایە کە ئەو گۆرانانە لافاو لە گەڵ خۆیاندا دێنێ و ئەگەر ڕابەران و پارت و ڕێکخراوەکان زۆر ئاگادار و هۆشمەند و بیرتیژ نەبن، جڵەویان لە دەست دەر دەچێ جگە لە پیلان و دەستی دەرەکی هەر خۆی لافاوی عاتیفە و عەفەویەتی جەماوەر زۆر جاران تەڕ ووشک پێکەوە دەستوتێن و ئەمەش دەستووری شۆڕشە

مەزنەکان و بارە شۆرشگێڕیە کلّپە سەندوەکانە .. لەم بارەیەوە سەرنجی وورد لە شۆڕشی فەرەنسا زۆر شت ڕوون دەکاتەوە توند ڕەویی و هەرزەییە تیە لە خەباتی ئاسایی و باری ئاسایشدا مەترسی گەورەی هەیە، لینین دەربارەی (نەخۆشی چەپ ڕەوی هەرزانە ..) زۆر وەستایانە و بلیمەتانە، تاو باوبژی شۆرشگێڕیانەی هەرزانەی لە تین و تەوژمی شۆڕشگێڕانەی ڕەسەنی جیاکردۆتەوە و بە (نەخۆشی) ناوی دەبات و زۆر جار لە دوژمن و داگیرکەرەکەش پر مەترسی ترە ..

بە کورتیەکەی داگیرکەران لە ڕووی چۆنایەتی و لە جەوهەردا یەکەن، بەلاّم لە ڕووی چەندایەتی و دەرەچەوە جیاوازیان هەیە و دەبیَ هەڵسەنگاندن و بەرچاوخستنی ووردی هەموو لایەن و جەمسەری مەسەلەکان ئەم مەسەلەیە تاو و تۆکرێت .. بیَ گومان تەنها هۆش و بیری نەتەوەییانەی کورد دۆستانەی پێشکەوتوخوازانە دەتوانیَ .. ئەم ئەرکە ڕاپەڕێنیَ .

**پ – لەمو بارەیەوە حیزبی ئێمە تا چ رادەیەک توانیویەتی و دەتوانیَ ئەم ئەرکە جیَ بە جیَ بکات ؟**

وەلاّم : ئێمە لە حوکمدان بە سەر خۆمان و خەڵکیشدا، بیَ پێچانەوە بە (تواچع) ەوە دەڵێین بەو توانا و ووزە دیارییە کەمەی ئێمەوە و لە ناو بارێکی وا ئالۆزدا و لە جەنگەی بینە برکێیەکی چەواشەدا و لە هەراج خانەی سیاسەتی ئیمڕۆی کوردیدا ئەوەی بە ئێمە کراوە کردومانە و هەمیشەش لە سەر حسابی بەرژەوەندی و بە زیانی کاتی حیزبمان شکاوەتەوە، بە جۆرێکی وا کە هەموو توانامان لە سالآنی ۱۹۷۹ و ۱۹۸۰دا بۆ بەرگرتن بە شەڕی براکوژی تەرخان کردبوو و ئەگەر چی لە زۆر لایەنەوە چاوی ڕێزگرتنی ئەو هەوڵەمان دەویێتەوە، بەلاّم هەبوون ئەو هەڵەی ئێمەیان بە (دەلاّلێتی) لە قەڵەم دابوو ! زۆر جارانیش ئەو مەبدەئیەتەی خۆمان یەکجار بە گران لە سەرمان تەواوبووە و وا چاکە باسکردنی هەڵگیریَ بۆ ڕۆژی خۆی .. بەش بە حالّی خۆمان هەمیشە ئەمینداری بیر و ڕا و قسەکانی خۆمان بووین و هەڵوێستەکانمان بواری ڕاستگۆییمان بووە .. ئێمە ئەگەر چی نەمانتوانیوە ئەو بارە دالەنگیوە ڕاست کەینەوە، یان وەکو پێویست مۆپر بین لە سەر ساحەکە، بەلاّم توانیومانە لە شاری کوێراندا چاو زەق کەینەوە، لە بری ئەوەی دەست بە چاومانەوە گرین و خۆمان نابینا کەین .. لەو هەوڵەشدا بووین کە خەڵکی دیکەش چاو بکاتەوە بەلاّم داخەکەم ئەوەی زگماک کوێر بێت، لە بیر و باوەڕ و سەرەتا بنەڕەتیەکاندا کوێر بێت، چاری نییە ..

ئێمە ئەگەر لە بارێکی دیکەی چاتردا بووینایە بێ گومان دەمانتوانی زۆر شتان ڕاست بکەینەوە و هەر بەو هیوایەشەوەدا کە ئەو ئەرکە چاوەڕوانمان دەکات دەست لە کارین و دڵنیاشین لە سەرکەوتن ..

ئێمە بناغەی خۆمان مادام توند و پەیت دارِشتووە و رگمان لە ناو جەماوەردا داکوتاوە ئەگەر لە سەر خۆ و درەنگیش سەر هەڵدەین و سەر پێ کەوین، بۆ داهاتوومان چارترە و ئەوانەی وەکو دومەڵان هەڵدەتۆقن چەند زووو هەڵچن ئەوەندەش زوو دەشکێنەوە .. کورد دەڵێ : شەرت هۆهۆ نییە شەرت کۆکۆیە ..

**پ – هەڵویستی پێویست لە کوردستانی خۆرهەڵات چییە و هەڵویستی حیزبمان لەم بارەیەوە چییە ؟**

وەڵام : سەرەتاترین و بچوکترین ئەرکی شۆرشگێڕی هەر دەستەیەکی شۆرشگێڕ پشتگێری خەباتی ڕزگاریخوازی گەلانی چەوساوە و بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی جیهانە، ئەمەش چ ڕووی مەبدەئیەوە و چ بەژەوەندی و هاو چارەنووس و بەژەوەندی هاوبەشی پێویستی دەکات .. جا ئەرکەکە دوو جاران پێویست و خۆی دەسەپێنی بە نیسبەت داواکاریە ڕەواکانی گەلی کورد لە پارچەکانی کوردستاندا و ئێمە ئەو کوردەی کە بە دەمیش بێت پشتگێری خەباتی گەلانی چەوساوەی وەکو فەلەستین و ئیرلەندی و ئەفەریقی و ئەمەریکای لاتینی و ئەم و ئەو بکات، کە هەستێکی مرۆڤانەی پێویستە، ئەوەی لێ چاوەڕوان دەکەین کە بە دەم و دەست پشتگیری گەلەکەی خۆی بکات و یارمەتی خەباتی ڕزگاریخوزای پارچەیەکی دیکە بدات .. با بڵێین لە بارێکی ئاڵۆز و سەختی وەکو کورد کوردستاندا ئەم ئەرکە هەر وا بە ئاسان هەڵنەستی ناچارانە و (أضعف الایمان) دەبێت ئەگەر پشتگیری و یارمەتی گەلی کورد نەدرێت بە لانی کەمەوە و بە هیچ جۆرێک و لە ژێر هیچ بارێکدا دژایەتی نەکرێت و کۆسپی لە بەردەمدا قوت نەکرێتەوە و دەست لە کار و باری وەرنەدرێت .. ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان هەمیشە لە گەڵ گەلی خۆماندایین و هەردەم لە گەڵ ئەو دروشمە مەشهورەداین کە دەڵێ (وطنی دائما علی الحق) هەر بارێکی سەرنج و هەڵویستەیەکیشمان هەبێت لە سنووری بەرچاوخستنی دڵسۆزانە و بو بەرژەوەندی کورد نەبێت و لە چوارچێوەی ڕاگۆڕینەوە و ڕا دەربڕینی هێمنانە و برایانەدا نەبێت نەکردوومانە و نەدەیکەین ... مەسەلەی گەلێک و مافە ڕەواکانیشی مەسەلەیەکی (مطلق)ە و جیایە لە ڕەوت و سیاسەتی ئەم حیزب و ئەو ڕێکخراوە و ئێمە ڕێگە بە خۆشمان نادەین کە تراشکاری لە ئیرادەی جەماوەری گەلەکەمان بکەین و ئەو رابەرو پێشڕەوی بۆ خۆی هەڵدەبژێری دروست جێگە ڕێز و پشتگیری ئێمەیە .. چونکە (جەماوەر ئەگەر لە سەر هەڵەش

بێت، کە نابێت، هەر ڕاستە) .. لەم بارەیەوە سەرمان بڵندە، ڕوومان سوورە و لە هەموو دەور و بارێکدا پشتمان بە پشتی گەلەکەی خۆمانەوە بووە و زۆریشمان لە سەر کەوتووە، کە هیچ خۆمانی پێوە با نادەین و بێ دەنگ ملمان لێ ناوە، چونکە ئەمە بەشێکە لە ئەرکی سەرشانمان و تەرجەمەی عملی بیر و باوەڕی نەتەوەییانەی ڕەسەنمانە .. بەڵام داخەکەم لە سیاسەتی ئیمڕۆدا تەنها چەندایەتی و قەڵەبالغی گێچ کێشی تەرازووی بەرچاوە، چۆنایەتی دەبێ مێژوو هەقی خۆی بداتێ و ئێمەش ئەو هەقەمان مەبەستە ..

ئەوەشمان لە یاد نەچێت، چۆن رابەرانی ئەو دیوو ڕێگەی ئاشتی و چارەسەری هێمنانە بە تاکە ڕێگەی کێشەکەیان دەزانن .. ئێمەش بەرژەوەندی و سوودی گەلی کورد و هەردوولاش هەر چارەسەری ئاشتیانە دێتە پێش چاومان .. خەیاڵی کورد نەهێشتنیش بۆ کەس نەچۆتە سەر .. پڕ بە دڵ دەخوازینو مەبەستمانە کە لە کوردستانی خۆرهەڵاتدا گەلەکەمان بە ئاشتی و هێمنانە بگەنە داوا ڕەواکانی خۆیان .

**پ – دەربارەی کوردستانی باکور (بە زۆر بەستراو بە تورکیاوە) و باری هێزە سیاسیەکان و سەرنجی بەرێزتان چییە ؟**

وەڵام : وەکو دەزانن کوردستانی باکور چ لە رووی ژمارەوە و چ لە رووی پانتایی خاکەکەیەوە گەورەترین و گرنگترین پارچەی کوردستانە، هەر هەڵکەوتی کوردستانی باکور و نێزیکی لە سنووری (یەکێتی سۆڤیەت) و لە سوریاوە کە دەروازەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەب و سەرە نێزەی وڵاتە عەرەبیە خۆگر و ڕاوەستاوەکانە بە رووی ئیسرائیلدا – و هەڵکەوتی ڕژێمی کۆنەپەرستی بەستراوە بە ئیمپریالیزمی ئەمەریکیەوە ..

ئەمە جگە لە پاشخانی شۆرشگێڕانە و ڕابەرایەتی ئەو پارچەیە بە تایبەتی لە نیوەی یەکەمی ئەم چەرخەدا، هەر ئەم هۆیانەشە کە لە رووی ئامانج و درۆشم و داواکارییە میللیەکانیانەوە لە پارچەیەکی دیکە پێشکەوتووترن .. داواکاری و خەباتەکەیان بۆ کوردستانی سەربەخۆ تەرخانە و مەسەلەی (خود موختاری و خود گەردانی و حوکمی زاتی) لە فەرهەنگی سیاسیاندا نییە ..

ئەم بارە گرنگییەتیەکی تایبەتی دەدات بەو پارچەیە، هەر لەوەوە کە لێدانی ڕژێمێکی کۆنەپەرستی ڕیسوا بووی وا بەستە بە ئەمەریکاوە زۆر زۆر ئاسان ترە لەو ڕژێمانەی سەرپۆشێکی تەنکی نیشتمانی و پێشکەوتنخوازی بە سەر خۆدا کێشاوە. یان لە مل ملانی دەوڵەتیەکەدا یان کەمێ بە لای خۆرهەڵاتدا دایشکاندووە یان بە لای چەپدادەڵەنگێ و یان هیچ نەبێت خۆی ساغ نەکردۆتەوە – کە ئەمە کێشەیەکی

هەولێرنامەی کتێب

گەورەی خەباتی پارچەکانی دیکەیە !- هەر وەها لە ڕووی پشتگیری و کۆمەکی دەرەکی – کە مەوقع و چارەنووسی کورد تەنها سۆڤیەتە – دەرفەت و مەودا و هەلی چاکی لە پێشە .

هەر ئەمەشە کە تەفسیری چر بوونەوەی ئەو هەموو پیلانە بکات کە لە سەر ئەم بزووتنەوەیە هەیە .. خەباتی رزگاریخوازی گەلی کورد لە کوردستانی باکوردا دوو ئەرکی لە بەر دەمدایە و دوو زامنی سەرکەوتنی هەیە، کە بە داخەوە هیچیان جێ بە جێ نەکراوە و پیلانەکە لە سەر ئەو دوو خاڵەیە :

١ – یەکێتی ڕیزەکانی بزووتنەوەکەیە، کە ئەو باری چەوساندنەوە و داپلۆسینەی لەوی هەیە، ئەگەر دەستی تێکدەر و چەواشەکردن لێ گەڕێ لە خۆڕا دروست دەبێت .. بەڵام نەک تەنها نەتوانراوە گونجاندن و تەنسیق لە نێوان بیر و باوەڕ جیا جیاکانی کۆمەڵگای کوردەواریدا دروست بکرێت – وەکو هەموو خەباتی رزگاریخوازی گەلانی دیکە گرتویانەتە بەر – بەڵکو لە نێوان یەک جۆرە بیرکردنەوە و یەک بیردادەیان ڕێچکە و کوێرە رێیان لێ کردۆتەوە و هەر هەمووشیان دژ بە یەکن .. لە چ جەهەنەمێکی سەرڕووی ئەم زەمینەدا نۆ ڕێکخراوی مارکسی لینینی هەیە ؟ لە نێوان ئەو رێکخراوانەدا هی وایان هەیە کە تەنها لە مۆزەخانەی مێژووی مارکسیزمدا جێگەی هەیە و هەیانە خۆی بە کلکی کوێرە رێی هەڵدێری واوە کیرساندۆتەوە کە بچوکترین جوولە دەیترازێنی بۆ لوتکەی هەزار بە هەزار !..

٢ – دۆستایەتی وڵاتانی سۆشیالیستخواز بە گشتی و یەکێتی سۆڤیەت بە تایبەتی .. ئەم ئەرکە نەک هەر جێ بە جێ نەکراوە. سەیرو سەمەرە لەوەدایە رێکخراوی مارکسی وا هەیە زۆر لە سیای ئەمەریکا داخ لە دڵ ترە لە سۆڤیەت و باس و خواسی وایان کردۆتە خۆراکی بیر و بیرکردنەوە و ڕێبازیان، کە لە مەڵبەندە ئەصڵیەکانی خۆیان ئیمڕۆ قاچاغە ..

ماوێتی و ئەنوەر خۆجەیی بە پێ چ حسێب و کام مەزهەب ڕاستن و ئەگەر بۆ باری خۆشیان ڕاست بێ چ بەرژەوەندیەکی کوردیان تیدایە ؟!پیلانی ئیمپریالیزم و داگیرکەرەکە بە دەوری ئەو دوو ئەرکەی سەرەوە و جوتە مەرجەی سەرکەوتنی بزووتنەوەی کوردایەتی لە کوردستانی باکوردا چر بۆتەوە، بۆیە هەنگاوی یەکەم پوکاندنەوەی ئەو پیلانانەیە، ئەوەش تەنها بە (یەکێتی ڕێزەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی) و (دەست بەرداری لە گومڕایی و دژایەتی سۆڤیەت و کۆبوونەوەی مارکسییە لینینیەکانی کورد لە ڕێکخراوێکی تایبەتی و ڕێبازی دیاری دۆستایەتی سۆڤیەتدا، یان بە لانی کەمەوە دژایەتی نەکردنی) دێتە دی ..

ئێمە لە رووی دڵسۆزی و بەتەنگەوە هاتن و بەرژەوەندی کوردەوە رێگە بە خۆمان دەدەین کە رەخنە و لۆمەی برایانە و هاوچارەنووسانە ئاڕاستەی ئەو برایانە بکەین .. لە کاتێکدا لە رێز بۆچوون و بیرکردنەوە و رێبازی هەموو شۆرشگێڕێکی کورد دەنێین و باوەڕمان بە ئازادی بیر و رێباز هەیە، بەو مەرجەی لە سنووری فراوانی بەرژەوەندی کورد نەچێتە دەر .. لە هەمان کاتدا بە توندی دژی ئەو چەواشەکاری و پیلانانە دەوەستینەوە، کە لە بەرگی ئاڵ و والا و قسەی قوت قووتی گوماناوییەوە کە لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد دەکەن و دەبنە خۆرکە و مۆریانەی کۆمەڵگای کوردەواری ..لە گەڵ ئەمانەشدا بەشبە حاڵی خۆمان هیوایەکی زۆر گەورەمان لە سەر خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی باکوردا هەڵچنیوە و لە مەودای دوردا

ئەگەر ئەو ئەرکانە جێ بە جێ بکرێن رابەرایەتی خەباتی رزگاریخوازی نەتەوەی کوردیشیان تێدا دەبینن – لەم ڕووەوە چی بە ئێمە بکرێت ئامادەین و هەردەم پێشمەرگەی هەموو کوردین ..

**پ – دەربارەی کوردستانی خۆرئاوا – کوردستانی سوریا چ دەفەرموون ؟**

وەڵام : ئێمە یەکێ لەو ئەرکە و مەرجانەی سەرکەوتنی خەباتی رزگاریخوازیمان و بەڵکو گرنگترینمان بە (گرێ بەند و هاوکاری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد و خەباتی رزگاری و دیموکراسی عەرەبی لە سەر بناغەی بەرابەری و رێزی بەرابەر و بەرژەوەندی هاوبەش، دیاری کردووە .. لەم بارەیەوە لە (بەرنامەی خەباتی حیزبمان لەم قۆناغەدا) بە روونی و ئاشکرایی ئەم ئەرکە دیاری کراوە و چەسپاوە .. ئێمە دەمانەوی پەیوەندی و هاوکاری ئێمە و نەتەوەی عەرەب، پەیوەندی و هاوکاری و دۆستایەتیەکی ستراتیژی و هاوچارەنووس و سەرتاسەری و هەتا هەتایی بێت . ئەمەش ڕەوتی مێژوویی و چارەنووسی هەر دوو نەتەوەی دراوسێیە جگە لە مێژوو بیەکی دوور و درێژی تاڵی و سوێری پێکەوە چێشتن و پەیوەندی مێژووییمان، داهاتووی ژیانی نێو نەتەوەکان و پێکەوە ژیان و گوزەران و هاوکاری (نەتەوە سۆشیالیستەکان) ئەوەمان داوا لێ دەکات وەکو پێویستی و فرمان و ئەرکێک خۆی بە سەر هەموو دڵسۆزانی مێژوو و مەنتقی مێژووەوە ڕەفتار بکات، نەک هەر دۆستی نەتەوەکەی خۆی نییەو دوژمنی لاکەی دیکە، بەڵکو دوژمنی سەرسەختی نەتەوەکەی خۆیەتی ..

ئێمە چەند بە توندی و گردەبڕی دژی گیانی شۆفینەیەت و خۆ بە زڵ گرتن و تەما و داگیرکەرانی کوردستانین، ئەوەندەش دژی بیر و ڕەفتاری دابڕان و خۆوێک هێنانەوە و ناحەزایەتی عەرەب دەوەستێنەوە، ئەگەر بار و هەل و مەرجێک، یان

دەستی ئیمپریالیزم و تێدەر لە ڕابردوودا گەرایەکی وای لە ناوچەکەدا کردبێت پێویستە هاوکاری مێژو بکەین و لە گوریان نێین .. ئەم ئەرکەش پتر دەکەوێتە سەر ئەستۆی رابەرانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەب و وڵاتانی پێشکەوتوخوازی عەرەبی بە گشتی و (سوریا) بە تایبەتی .. ئەمەش کارێکی یەکجار ساناو بەردەستە بە تایبەتی کە گەلی عەرەب خۆی دووچاری ژان و ئەشکەنجەی داگیرکەری بووە و هەندی لە خاکی پیرۆز و ئازیزی داگیرکراوە و (ضحية)ی بیر و ڕەفتاری ڕەگەزپەرستانەیە .. بۆیە پتر دەتوانێ لە ژانی کورد بگات .

گزنگی ئەم دیاردە و گۆران و بادانەوەی تیگەیشتن و لێک گەیشتن لە ئاسۆی بیری پێشکەوتووی عەرەبی و ڕاو هەڵویستی هەندێ رابەری عەرەبی و ڕێکخراوەکانی فەلەستینىدا بە دی دەکەین و هیوایەکی گەورەمان دەخاتە بەر .. ئێمە پێمان وایەو سورین لە سەر ئەوەی کە کوردستانی خۆرئاوا بەشێکە لە کوردستانی گەورە و نەرۆحی شۆرشگێرانەی عەرەبی ئەوە هەڵدەگری و نەلە بەرژەوەندی عەرەبە و نە پێویستیان بە چەند سە کیلومەترێکی کوردستان و ملیۆن و هەندێکی کوردە قووتی بدەن و ڕەفتاری داگیرکەرانەیان لە گەڵدا بکەن .. ئێمە چاوەڕوانی ئەوە دەکەین، کە ڕەفتاری ڕابەرانی بزووتنەوەی ڕزگاری و عەرەب لە گەڵ کورد و کوردستانەکانی بەستراوە بەوانەوە، ڕەفتارێکی شۆرشگێڕانەی، بیر روناکانەی هەڵقولاوی بیر ئەندێشەی باخەڵ فەرەجی عەرەبی بێت و لە ڕۆحی ئیسلام و عەرەبیەوە هەڵوێست وەرگرن ..

ئەوەی دروست ئەمە نەکات و پێرەوی ئەو گیانە عەرەبیە نەکات، دژی ئیرادە و خۆرسک و خەسڵەتەکانی عەرەبی دەوەستێتەوە .. تەنها ئەوانە نوێنەر و معبرێ رۆحی عەرەبین کە پشتگیری خەباتی نەتەوەی کورد دەکەن و لەم رووەوە (برادر معمر القذافی) نموونەیەکی بەرچاو و هەڵکەوتووی ئەو رابەرە عەرەبیە راستگۆ، و نەترس، و بەرچاو روونەیە کە پێویستە هەموو رابەرانی عەرەب و رێکخراو و پارتەکان چاوی لێ کەن.. دەبێ رابەرانی عەرەب قسەکان (ناجی هلال)یان هەردەم لە یاد بێت " کە کوردستانی سەربەخۆ و یەکگرتوو، چاکترین و قایمترین دۆست و قەڵا و پشت و پارێزی نەتەوەی عەرەب دەبێت ..

بە کورتیەکەی پێویستە برادەرانی عەرەب وەکو نەتەوەیەکی سەربەخۆ و بەش بەشکراوی چەوساوەی داگیرکراوی خاوەن (مافی دیاری کردنی چارەنووس) بڕواننە مەسەلەی کورد و مامەڵەی لە گەڵدا بکەن .. نەک کەمە نەتەوایەتیەکەی بێ خاک و میوانێکی ڕەزاگران و بە لایەک لە نیشتمانی عەرەبدا .. پێویستە ئەوان دۆستی راستەقینە و رابەرانی رەسەن و راستی بزووتنەوەی کوردایەتی لە گەریدە و

بازرگانە سیاسیەکان جویێ کەنەوە چونکە ئەو ڕێکخراوەیان کەسەی بۆ مشتێ پول و پارە و دەستکەوتی کاتی و مەرحەبایەک چاو لە ڕاستیەکەی مێژووی پێویستی و وێرای ووتنی ڕاستی نەبێت و سەودا و مامەڵە بە کوردستان و مەسەلەی کوردەوە بکات، دۆستی کەس نییە، دۆستی گیرفان و مەقامی خۆی نەبێت و هەردەم ئامادەییە بە فلس زیاتر و مەرحەبایەکی گەرم تر دەست تێکەڵاوی دەستی شەیتانیش بکات و لە شەو و ڕۆژێکدا مەوقعی دۆستایەتی خۆی بگوێزێتەوە .. وەکو دەستورێکی گشتی ئەگەر بۆ دۆست بگەڕێین تەنها (لە ڕۆڵە هەرە دڵسۆز و نەتەوە پەرست و پێشکەوتخوازە بوێرەکاندا) دەستمان دەکەوێ و ئەوانەی دۆستایەتیان لە سەر بناغەی بەرژەوەندی نەتەوەکەمان هەڵدەچنن، هەر ئەوان کە دەتوانن پارێزگاری ئەو دۆستایەتیە بکەن .. پەیوەندی و هاوکاری دوو نەتەوە و دوو بزووتنەوەش دەبێت لە سەر بنچینەی بەرژەوەندی هاوبەش و یەکسانی و ڕێزی بەرابەری هەڵبەستی و هەمیشەش دۆستایەتی و هاوکاری لە بەرژەوەندی نەتەوەکانە .

ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان بەشێکی زۆری ئەو ئاڵۆزی و لێک نەکەیشتنەی ئەو دوو بزووتنەوەیە – لە ڕابردوودا، کە لە ئاستی پێویستدا نەبووە–ئۆباڵی دەخەینە ملی سیاسیە بۆرژوا ترسنۆکانەی کە هەڵکەوتینا وابووە نەتوانن و مەبەستمان نەبووە مەسەلەی کورد وەکو مەسەلەی نەتەوەیەکی تایبەتی و سەربەخۆی خاوەن هەموو مافێکی بە (مافی دیاری کردنی چارەنووسیشەوە) بخەنە ڕوو و لەمەوە و لە سەر ئەو بناغە تەعامولی سیاسی بکەن ..

لیێرەدا بەو پەڕی دڵسۆزی و پەتاوپەت دەڵێین ئەرکێکی گەورەو مەئسولیەتێکی مێژوویی چاوەڕوانی ڕابەرانی سوریا دەکات، کە تەرجەمەکەری عملی و ڕاست بێژی بیر و باوەڕ خۆیان بن و ڕێچکە شکێن، دۆستایەتی درۆست و سروشتی نێوان نەتەوەی عەرەب و بزووتنەوەی کورد بن و لە خۆشیانەوە دەست پێ بکەن ..

## رازێکی کوردانە
## بانگی ڕاهێشتنێ..!

ئێمەی پاسۆک بایی تێخوێندنەوەی هەموو بار و هەڵ و مەرج و هەڵکەوتی کۆمەڵگەکەمان وارادوە پلەی تێ هەڵکشاوی و گەشەو فراژبوونی کۆمەڵایەتی و گەڵالە بوون و پێگەیشتن بارە بابەتی و خودیەکانی خۆ و دەور و بەر، لە تەک ئەمانەشدا بارە شۆرشگێڕیەکەی نێو دەروونی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد و سەرجەم بزووتنەوەی شۆرشگێڕی و دیموکراسی ناوچەکەمان بەرچاو گرتووە لە دەربڕین و داواکارییە نێزیک دەست و ئامانجە کاتیەکانماندا . بۆیە لە پرۆگرامی حیزبماندا ئامانجی کاتیمان بە (ئەوپەڕی ممکن لە سەردەمێکدا) دیاری کردووە، ناوی ئەو (ئەوپەڕی ممکن)ەشمان نەهێناوە و ناوکیشمان نەبڕیوە ..

ئەمەش پتر لە بەر باوەڕ نەگۆڕەی حیزبمانە بە گۆڕان و گەشە و جولەی ڕەوتی مێژوویی، کە هەرگێز لە سەر خاڵێک و لە بستە جێیەکدا چەق نابەستێ و ناچەقێ، چونکە لەوانەیە لە پارچەیەکی داگیرکراوی، کوردستاندا، لە سەردەم و لە بار و هەڵ و مەرجێکی دیاریدا، ئەو "ئەوپەڕی ممکن"ە' تەنها پاراستنی شەقڵی نەتەوایەتی کورد و خۆدزینەوە لە شەڕی دەستە و یەخەی بەرەیەکی دیاریدا بێت، لەوانەشە لە پارچەیەکی دیدا، یان هەر لەو پارچەیدا خۆ نووساندن بە ناوێکی وەکو "خود گەردانی و حوکمی زاتی – بە هەموو جۆر و بابەتەکانیەوە –"شەپڕیوی و ناتەوانایی و بە خساردانی هەلی هەڵکەوتووی قۆناغێکی پێشکەوتوو دەرچێت، لە هەل و مەرجێکی دیاریدا ..

جارێ دەبێ ئەوە بزانین کە هەر جۆرە سازش و خۆدزینەوە و نەوێران و بن لچ خستنێک لە مەسەلە بنەڕەتی و مەبدەئییە ستراتژیەکانی – هەر بزووتنەوەیەکدا – خۆ گیل کردن و خۆدان بە دەستەوەیەکی نا شۆرشگێڕانەی ترسنۆکانەیە و بە هیچ جۆرێک پەیوەندی داری نییە بە "سیاسەتزانی" و تاکتێک" و کارناسی و کارزانییەوە، ئەمە پتر تەعبیر لە بن و بنەچەی قوڵایی نەفسیەت و هەڵکەوتی بۆرژوایانەی پشوو سواری زرە شۆرشگێڕەکان دەکات! ئێمە "بەڵگە نەویست"ێکی سەد جاران دەکۆتێنەوە، ئەگەر بڵێین داگیرکەرەکە دەزانێ و چاک دەزانێ کە مافی کورد، مەسەلەی کورد، کێشەی کورد، چارەی بنەبڕی مەسەلە میللیەکان تەنها و تەنها" مافی دیاری کردنی ئازادانەس چارەنووسە"، کە دوا پلەو پێشکەوتووترین و سەرئەنجامی، کیانی سیاسی سەربەخۆ و دەوڵەتی میللی ئەو

نەتەوەیە، کە داگیرکەر تەعبیری "جیابوونەوە – انفصال "ی بۆ بە کار دێنێ و هەندێکی ساویلکەی نەزانی ناوخۆشمان تووتی ئاسایی ئەو قەوانەی ئەوان لێ دەدەنەوە و پاکانەش دەکەن !!، بەڵام لە راستیدا بۆ کورد و هەموو نەتەوەیەکی دیکە (رزگاری و یەکگرتنەوەیە)، دوژمن و ئێمەش دەزانین کە "لا مەرگەزی و خود موختاری و هەتا فیدرالی و یەکیتی کۆنفدراسیۆنیش" هەقی میللەتان نییە و ئەمانە "محطات أنتقال"ی ئامانجە ستراتیژیەکانی نەتەوەیەکن کە کیانی سیاسییە، کە لە ژێر بار و هەل و مەرجێکی ناچاریدا مل بۆ یەکێک لەم – نیوە مافانە – دا دەدات، لێ سوورە کە نەتەوەکە لە سەفەری دووری ستراتیژیشدا چەند هەنگاوێکی پێ دەبڕێت و لە تەمەنی داگیرکەریئەویش چەند ساڵیک کورت دەبێتەوە .. بۆیە کام لا هەلی لە بارتری بۆ هەڵکەوت پێ لەوەکەی تر دەکاتە کەوشەوە، یان ئەو پاشە کشێ لێ دەکات و هەڵی دەوەشێنێتەوە، هەر بۆی نەکرا ناوک پووتی دەکات، یان جەماوەری نەتەوە داگیرکراوەکە تەکانێکی دیکە بۆ خۆی دەدات و ڕەتێ بە داگیرکەرەکە دەبات ..

ئەوەش بڵێین – کە ناچارین دووبارە بەڵگە نەویستێکی ماران گەستەی خۆمان چەند بارە بکەینەوە، لە بەر عەنتیکەیی و پاشاگەردانی فیکری بە ناو و لە سەر کورد حسێب کراو – بە پێ هەموو دەستوورە زانستی و دابە شۆرشگێڕی و یاسا دیاری و مەنتیقیەکان ئەو نیوە یان فشە مافانە دەبێ و دەبێ لە سەر بناغەی پتەوی بە ردی یەکەم و مەفهومی ساکار و سەرەتایی (دان نان بە بوون و سەربەخۆیی نەتەوەکەدا) و (مافی دیاری کردنی چارەنووسی) هەڵبەستێ و بڕوای پێ بهێندری، ئەگینا لە زرە مافیش پووچ تر دەردەچێ و دەبێتە گاڵتە بە خۆکردن و توانا بە فیرۆدانێکی ناپاکانە .. لە باشترین حاڵەتدا دەبێتە جۆرێکی بێ سە و بنی (تقسیماتی ئیداری" نەک "مافی گەل"ێک .. پێویستە" خودگەردانی یان حوکمی زاتی راستەقینە" و "درۆینەش !!بریتی بێت لە ممارەسەکردنی" مافی دیاری و کاتیدا .. بە مانا ساکار و کورت و کرمانجیەکەی (تقسیط) کردنی قەرزێکی گەورەیە، لای دەست بڕێکی لە دادگا توند کراوە .. نە بە"قسط"ی یەکەم و دووەم ئەو هەقە دەدرێتەوە و نە "قسط"ەکان "بدیل"ی قەرزە ئەصڵیەکەیە و لە رووی دەستووری و یاساییەوە و مەرجی بنەرەتی دان نان بە هەقی بەرانبەر و دەسەبەرەی "گەڕ و گوڕ" نەکردن، دان نانە بە سەرپاکی قەرزەکەدا، ئەوسا بە تێ خوێندنەوەی باری "سەرچەوتەکە " ئەو هەقە "تقسیط" دەکرێت و کەی دادگا یان کوتەکەی کابرا باڵا دەست تر بوو لە "گەڕی" قەرزاربارەکە مەسەلەی "قسط" دەبێتە خۆ فریودان و فرسەت دانە بەر و ڕەواکردنی "سەرچەوتێتی» ..

هەواڵنامەی کتێب

لە ڕووی "عملی"شەوە، ئەگەر بەو جۆرە نەبێت، هەردەم دەستکەوتی کە بە خوێنی هەزاران شەهید و رەنج و کردە و کۆشەی چەند ساڵەی جەماوەرە زەحمەتکێش و ستەمدیدەکە بەرهەم هاتووە وەک خۆی دەکرێتەوە ئاوەوە و ئەمەش مۆرکی "سبق الاصرار"ی تاپاکی پێوەیە ..

لێرەوە دەمانەوێ بچینە ناو باسێکەوە کە پێویست بوو دەمێک بووایە بچەسپایە و چەند و چوونی هەڵنەگرتایە، هەر هیچ نەبێت لە رووی ناوەڕۆک و بنەڕەتی مەسەلەکەوە، تەنها کات و شوێن و "توقیت"ی گونجاوی جێ باس و خواس بوایە .. ئەویش ئامانجی ستراتیژی بزووتنەوەی کوردایەتیە، کە (رزگاری و یەکگرتنەوەی کوردستانی گەورەیە)، بە واتای زەق تر دروست کردنی کیانی سیاسی و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیە .. کە تاکە چارەی بنەڕەتی و ریشەکێش کەری کێشەی کوردە ..

ئێمە بە زۆر و بە ناهەق و بە دەستی بێگانە و ئیستعمار بەو کیانە ماقۆڵا و نامەشروعانەی کوردیان پێوە لکێندراوە، بەستراوینەتەوە و سەرجەمی کێشە میللییەکەمان لـەوەوە هەڵستاوە بۆیە تا ئەو جۆرە پەیوەندیە ناڕەوایە هەڵنەتەکێندرێ و کورد ئازادانە "چارەنووسی خۆی" لە چنگی خۆیدا نەبێت کێشەکە هەر دەمێنێتەوە .. پێویستیشە هەموو هەوڵێکی ئێمە لە هەر ئاستێکدا بێت، هەنگاوێک بێت بۆ نیزیک بوونەوە و گەیشتنە ئەو ئامانجە .. لێرەدا تەنها ئەوەندەمان دەوێ بڵێین کە ئیمکانی هەنگاوی مێژوویی لەم رۆژانەدا و بە تایبەتی لە داهاتوویەکی نێزیکدا دەست هەڵینج دەبێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە کەرەسەی ئەم هەنگاوە کە "پیاوە" هەبێت ..

بۆ خۆ کۆکردنەوە و کوردانە خۆ هەموو دڵسۆزانی کورد بانگ ڕادەهێڵین ...

## بانگێ لە سەنگەری پاسۆکەوە

**ئەی هێز و کۆر و کۆمەڵە سیاسیە شۆرشگێڕ و دڵسۆزەکانی کورد ..**
**ئەی خێر خوایانی کورد و پەروەر ..**

با هەموو پێکەوە دەست لە نێو دەستی یەکدی نێین و ئەم گەلە چەوساوەیە چی دی بە بەرەوە نەماوە و چی دی بەرگەی ئەو خوێن رێژیەی نەشتەری دەست و دەم و چەکتان ناگرێت .. وەرن توبی خودا یەک لە سەدی ئەو ماستاو سارکردنەوەیە بۆ داگیرکەرانی دەکەن، سۆز و میهربانی و برایەتی پێشانی یەکتری بدەین، یەک لە هەزاری ئەو تەرزووەی لە دۆستایەتی و چاوبڕکی ئەو لایەنە و فلانە بزووتنەوەی بێگانە پێتان دەگات خۆشەویستی و تەبایی نێوانمان پێمان بدات .. نێوەی ئەو ئامادەگیەی تێتاندایە بۆ چاوپۆشێن و ڕابوردنبە سەر هەموو خەراپە و ناپاکیەکانی دوژمنە بێگانەکانتان لە یەکدی خۆشبین و بە سەر رابردووی تاڵ و تفتی یەکدیدا ڕابوورن ! .. ئەو داخ و ڕق و ژەهری حەزیایەی دەرونتان هەمووی مەڕژێننە گیانی یەکتریەوە، هەر چ نەبێ بەشێکی ئاڕاستەی داگیرکەرەکانی بکەن و ئەوەی دەمێنیتەوە چونکە (کورد)ین زۆر شەکەتمان ناکات..

خۆ ئەگەر شۆرشگێڕ بین و لە هەرچی خەسڵەتی مرۆڤانە و کوردانە نەشۆرابینەوە مردنمان سەد جاران شەرەفمەندانە تر نییە "صدام" ڕوو بە ڕووی هەموو دنیا بڵێ : ئەوانە ئەگەر ڕاست دەکەن و بۆ کورد "ی دەکەن بۆ یەکتری دەکوژن ؟! دیارە هەر یەکەیان دەستێ دەیجوڵێنێ و ئاغایەکی هەیە !!.

کامتان بە چاوداگرتنێکی ئەو رژێمە ڕەگەز پەرستە لە ڕابردوودا چۆکی خۆدان بە دەست و ملی کەچی "ولاء»تان بۆ دانەداوە ؟ و کامیشتان لە ناخەوە لە ترسی ئەوی دیکە بوێری بە فیکەیەک کڕنوش بۆ دەستی سوڵتانانەیان نابەن ؟!.دە ئێتر بۆچی و لە پێناوی چیدا و لە بەرژەوەندی کێدا ناتوانن، ئەگەریەتیش بکەن، یەکتری بکوژن و نەبنە تاژی ڕاوی ئەم و ئەو .. یان هەر بدەن بە لاکەی دیتان دوژمنە سەرەکی و ڕاستە و خۆکەتان بکوتێ ؟!

برایان بۆ وا دەزانن هەر وا سوک و سانا دەتوانن بە دوو فشە "تأویل" وو سێ "تنظیر"ی گێڕ و گەوێر و هەندێ چاوبەست و پەهڵەوانیات، تا بیخۆن و خۆتان لە بەردەم حوکمی مێژوودا دەربازبکەن !!؟ لەوانەیە ئیمڕۆ ئەو دەروێش و سۆفیلکە حاڵ لێ هاتووی دەورو و بەرتان کە بە درۆ، بە کارە، بە پەیوەندی گەندەی کۆمەڵایەتی

یان هەر شتێکی دیکە راتان گرتوون حاڵتان لێ هێناوون، تا ماوەیەکی دیکەش زەرگ بازیتان بۆ بکەن و شیرە خۆشیان بدەن، بەڵام کە ساردبوونەوە و کۆڕەکەتان تێک چوو، ئەوسا بۆتان لە زبڵدانی مێژووی کورد دا دەدۆزنەوە ..

ئێمە ئەم ساکار بێژی و واتە بێ قورت و بێ سەرپۆشانە لە ناخی جەماوەری زەحمەتکێش و ستەمدیدە و چەوساوەی نەتەوەکەمانەوە هەڵدەهێنجین، دەنگی دڵسۆزیمان تێکەڵی هاوار و بانگی "یەکگرتن و هاوکاری و تەبایی"یان دەکەین ..

هەرچی چەوتە رێگەی ئەم دنیایە هەیە گرتووتانەتە بەر، دە بۆ یەک جارێش بێت شارێی پیرۆزی کوردایەتی بگرن و دەست لە گومڕایی کورد کوژی هەڵگرین .. لە بەر کەس نا لە بەر ئابڕووی خۆتان ..

هیواداریـن، ئەگەر ئـەو دەنـگ و پاڕانـەوە دڵسـۆزانـەی ئێمەش چەوتیتان بێ ڕاست نەکاتەوە. بزمارەکەی "صدام" بە هۆش خۆتاندا بێنیتەوە !..گەر واتان نەکرد بەرپرسیاری مێژوو و خوێنی شەهیدان بن و خوا لە هەشتان نێ .. ئەگەریش ڕاست بوونەوە ..

هەر بژین بۆ کوردهێزی پێشمەرگەی پاسۆک

## قوتابخانەی پاسۆک
## چ بکەین ؟!

هەموو هێزە شۆرشگێرەکانی کوردستان و بزووتنەوەی دیموکراسی عێراقیش، دەمێکە گەیشتوونەتە ئەو ئاکامەی کە بەدیهێنانی هەموو مافە رەواکانی گەلی کورد لە کوردستانی باشووردا و داوا و ئامانجە دیموکراسیەکانی گەلی عێراقی تەنها رمانی رژێمی رەگەزپەرستی فاشی عێراقی نەبێت نایەتە دی، دیارە هەمیشەش ئەوە بەرچاوخراوە کە تەنهاش بوونی یان هێنانی حکومەتێکی ئیتلافی دیموکراسی گەلییە بتوانێ بەم ئەرکە هەستێ و ئەو مافە و داوایانە بێنێتە دی ..

بۆ ئەرکی یەکەم، کە رمانی رژێمە، جگە لە کارێکی مەعنەوی – کە روبەرِوو بوونەوەی رژێمەکە و مل نەدانە بۆ "أمر الواقع"ی فاشیانەی بەغدا – هەرچەندە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە ساڵی ١٩٧٦وە ملی رێگەی شۆرشی چەکدارانەی گرتووە و پێشمەرگەی کورد لانە و داڵدە دەر و هیوای سەرجەم بزووتنەوەی دیموکراتی عێراقیشە و حیزبی شیوعی عێراقی لە ساڵی ١٩٧٨وە قورسایی ماددی و مەعنەوی خۆی خستۆتە سەر ئەو بزووتنەوەیە، بەڵام لە رووی چەندایەتی و چۆنایەتیشەوە ئەو بوونە چەکداریە هەرگیز تای رمانی رژێمێکی پرچەک و رەگ داکوتراوی – ساڵێک لەمەو بەر – هەنگاوی دەست پێ دەکات – و شۆرشانی جیهان لە نەختێکەوە بوونە خەرمانێک و دەوەن بوون خۆمان و بوونەتە دار بەڵام ئەوەی گەشە بە خۆمان بدەین و بەرە و ئەو ئاستی پێویست و چاوەروانیەی جەماوەر هەنگاو هەڵێنین، لە هەندێ رووەوە داوامانەتە دواوە !! بەڵام وەکو حیزبمان دەڵێ : چەوت مل بە هەڵدێرەوەدەنێ ..

ئاواش رژێمە رەگەز پەرستەکەی "صدام"، لە چەوتێتی رێبازەکە و مل بە هۆرِی و "غرور"ی بێ ئەندازی سوار چاکە پیاو کوژەکەی بەعس، ملی بە هەڵدێری هەزار بە هەزاری شەرِی "عێراق و ئێران"ەوە ناو پاش ساڵ و نیوێک شەرِ تەنها لە هەفتەی یەکەم و دووەمی پەلامارەکەیدا توانیویەتی مەبەستەکانی بە دی بێنی و لەوە و دوا چەقیوە و ئێستاش دیاردەی چەقین و ئەو "رمال المتحركه"ی بن پێ لە هەڵپەء سواڵی کۆمەکی "شا حوسێنی ئۆردون" وڵاتە کۆنەپەرستەکانی عەرەبی و پاشەکەشێ لە "حقوقنا المشروعه فی المیاه و الارض"دا، لە دەستە و دامانی دەڵاڵە ئیسلامی و وڵاتانی بێ لایەندا دیاری داوە و مەسەلەی رمانی رژێمەکە وەکو "خۆت مەیکە و خوا بتداتێ "دەست هەڵێنج بووە و رژێم دوا رۆژانی تەمەنی چەپەڵی پەنجە ژمێر دەکات

!.. ئا بەم جۆرە مەسەلەی "ڕمان –اسقاط" عەرەب ووتەنی "مفروغ منە"وە .. ئێستا زیاد لە بیرە ڕمان، بیری پاشە ڕۆژ و" دوای صدام خۆی" خۆی دەخاتە بەر هەست و هۆشی هەموو دڵسۆزانەوە .. ئایا بۆ پاشە رۆژ چ زەخیرەیەکمان خستووە ؟ و چ بیرێکمان کردۆتەوە ؟ و چ بەرنامە و نەخشەیەکمان هەیە ؟!

ئاشکراشە کە سێ دەستە و لایەن مرقیان لە کورسیەکەی "صدام" خۆش کردووە و هەر کەسەی "نۆینەر و دەم و چاوی" سەربەخۆی ئارایش داوە ..

١ – لە بەر ئەوەی مەسەلەی ڕمانی رژێمەکە پتر بە کارێکی دەرەکی دەبێت و سەرئەنجامی شەڕی عێراق و ئێران دەوری کاریگەری تێدا دەبێت ...

بێ گومان "هاو ڕێباز" و "هاوکارەکانی" تەرەفی ئەو شەڕە پتر لە هەر لایەکی تر خۆیان بۆ هەڵخلاندووە و شەش بێشی پێ دەکەن و خەونی سەوز و سووری پێوە دەبینن .. بەڵام تا ئیمڕۆ و بەرنامەیەکی دیاری و گردەبڕ و ئاشکرایان نییە، یان نایانەوێ بیانبێ .. یان هەر خۆیان لەو ئاستەدا نین خاوەن بەرنامە بن و ئەمانە تەنها پاشکۆن و مەسەلەکە دەبێتە مەسەلەیەکی ناوچەیی زیاد لەوەی مەسەلەیەکی عێراقی بێت ..

٢ – هێز و دەستە نەتەوەیی و نیمچە نەتەوەییە عەرەبیەکان، کە کەم تا کۆرتێ و بە جۆرێک و شێوەیەک لە شێوەکان – ئەگەر نەڵێین لە زەمانی ئینتدابەوە بە لانی کەمەوە لە دوای گەلاوێژی ١٩٥٨وە – حوکم بە دەست بوون و بۆ چواردە ساڵیش دەچێت بەعس پاوانی دەسەڵات جمگە ئەساسیەکانی "دەوڵەت و سوپای"ی کردوە .. ئەوانەش کە ئیمڕۆ راستەوخۆ، یان لە بنەوە دژی رژێمی "صدام"ن .. پتر دژی "صدام" خۆی و دار و دەستەکەین و ئەگەر نەڵێین لە سەر "بیر و باوەڕکەی" قسەیەکیان نییە و بنکە حیزبی و جەماوەریەکان بە هی خۆیان دەزانن، خۆ "بە چ" بدیل"ێکی تر دوو لە بیر و ئاکاری ئەو ڕژێمەوە ڕازی نابن و هەموو هەوڵیکیان بۆ "دەرباز کردن و پاراستنی ئەوەندەی دەتوانرێ دەرباز کرێت "لە دار و بار و "ترکە"ی بەعسە ..

٣ – دەستەی سێیەم، یان چاتر بڵێین ئیمپریالیزمی ئەمریکی و دام و دەزگا جاسوسیەکانی نێو دەوڵەتی و ڕژێمە خاوەن پەیوەندی و پەیوەندی دارەکانی ناوچەکە، بە دەوری "بدیل"ێک و رووپەکی تردا دەخولێنەوە و رزگارکردنی رژێمەکە لە دۆزینەوەی دەم و چاوێکی بەرۆگری "صدام"دا دەبێنن، کە بتوانێ کۆتایی بەو شەڕە بهێنێ و هەندێ باری ناوخۆ هێمنی کاتەوە و ڕژێمەکە لە ژێر "عنوان"و ناوێکی تردا دەستێ بە خۆیدا بێنێ ..

لەولاشەوە هێزە کوردستانی و نیشتمانی و دیموکراسیەکانی کورد وعێراقی بە دیار "قدر"ەوە هەڵتووتاون و زۆر بە داخەوە فرکە فڕکیانە بە دوای خۆ هەڵواسین

و خۆ چەمەلغ کردن بە یەکێ لەم سێ دەستانەوە. ئەوانیش هەر یەکەیان کۆمەڵێ، دەستەیەکیان بەرچاوگرتووە، کە خۆش بدە و خۆش تاوبن، کە سبەی بتوانن سەری لاکانی تریان پێ بکوتنەوە و هەندێ کێشەکانیان پێ سارد کەنەوە و بە کورتی و کرمانجیەکەی بیان کەنە "جاشێکی محترم!!».

ئێمە ناچارین لەم پلان و بێ دەنگی و نەزۆکییە بە دەنگ بێن و راستیەکانی بە رووتی و روونی بخەینە پێش چاوان ..جارێ بە نیسبەت گەلی کوردەوە .. بە هیچ جۆرێک هیچ خێرێکی زیاتر و چاتر لەوانە چاوەڕوان ناکرێت .. هەر تەنها بە بەڵگەی ئەوەی کە کاتی خۆی هەر ئەو "صدام"ە لە سەر حوکمیش بوو، کە ناچار بوو سەر بۆ کوتەکەی شۆڕشی کورد شۆر کات، لە ژمارە "٤٠٠"ی ١٩٦٩/١٢/١٧ و ژمارەی ١٩٦٩/١٢/٢٢ی رۆژنامەی "الثورە"دا و لە چەند وتارێکی دوای ئەمانەشدا بێ پێچانەوە دانیان بەوەدا ئەنا کە (گەلی کورد لە کوردستانی عێراق بەشێکە لە نەتەوەی کوردی بەش بەش کراو و مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆی هەیە)، کەچی ناوەرۆکی "حوکمی زاتی"یەکەی ئەوەیە کە - ناچارانە - چەکی رمانی رژێمەکەمان بۆ بەرز کردۆتەوە ! ئەوەی پەنجەمان بۆ کێشا زەمینەی فیکری رێکەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠بوو، کاتێ بەعس حیزبە عێراقی بە نەتەوەیی و پێشکەوتوخواز و دینیەکان پاش "١٣ سیزدە" ساڵی نەحس چییە ؟ و کامەیە ؟!.

جگە لە بەند و باوە درۆیینە دەست بڕانە هیچ و پووچەکەی" هەموو برا بن " و "فەرقی ئەم و ئەو نییە لە ئیسلام "دا .!!جا دەبێ چ خێرێ لە فەساڵی نەڕسکاوی ئەمانە چاوەڕوان بکرێت و هەر لێستاوە "سەد رەحمەت لە کفن دزی پێشووی گەرەگ نییە ؟!».

ئێمە کە ئەمە دەڵێین، باوەڕمان بەوەیە کە کورد خوێنی خۆی لە سەخت ترین بار و لە دژوارترین هەڵ و مەرجدا بۆ بەچکە بەرازێکی کوڕی بەرازێکی تر نەڕشتووە و ئیتر با بەس "کوڕی خۆمان بکەین بە قوربانی کچی خەڵکی" و خۆمان و بۆ خۆمان بیرێک لە دوا رۆژ نەکەینەوە ...

بۆ کەلە پیاوەکانی کورد، هێز و کۆڕ و کۆمەڵە سیاسیەکانی بیر لەوە ناکەنەوە لە گەرەلاوژی و بارێکی شێواوی جەنگەی روخانی رژێمەکە سوود لەو هەلەوەرنەگرین و ئەوەی ناو دلان کە ناوێرین لە ترساندا بە زماناندا بیهێنین، دەستی بدەینێ و بیکەنە "أمر الواقع"ێک ؟؟ بۆ نابێت ؟!

ئێمە لێستاوە دەترسین هەبن : مایەکە و تۆبە و بە (موشەی) خۆیان و بەگێتییەکی نۆکەری هەستنەوە و مەسەلەکە لە جەماوەرەکە و لانە دڵسۆز و شۆڕشگێڕەکانیش تێک بدەن !!.

ئێمە لەوە دەترسین "کورسی و مەقام" خەونی سەر پێخەفی نەرم، لە سەر حسابی مەسەلە بنەڕەتی و مافە نەتەوایەتیەکانمان سەد و یەک مەزات خانەی کورد فرۆشی گەرم کات و خەڵکەکەش بووە تا بە هۆش خۆیدا دێتەوە چاو بنوقێنێ، یان چاوی بە رووکەش تەراویلکە پێ بکەن !!

ئێمە لەوە دەترسی لێستاوە هەبن وەکو "دێزە" – تۆپینی خۆیان و زەرەی ساحێب –یان بۆ دوا رۆژ ئامادە کردبێت و شەڕە کورسی و رقی شەخصی و بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی کاری ناڕەوا و رابردوو ئاساییان پێ بکات ..

ئێمە لەوە دەترسین، هەقمانە و دیاردەشی هەیە، ئێستا و لە ژێر ئەم بار و دۆزەخەدا پێکەوە نالکێین !!. سبەی ئەگەر دەسەڵاتدارە تازەکەی بەغدا چاو برکێیەکی لە گەڵ لایەکدا کرد، چۆن کوردستان دەکەنە گۆمی خوێن ؟!. خەڵکی بە شەرەف و رابەرانی دڵسۆز و پیاوە سیاسیەکانی کورد و عێراقی تەجربەی تاڵی بەعسیتان لە یاد نەچێت – کەزەمینە و بار و هەڵ و مەرجێکی لەم کەم رەخساو تریشدا – توانی دەستی هەموان لە بنی هەمانەکەوە دەربکات و هەموان پاش بەتاڵ دەرچن !!. بۆیە ئێمە بەو پەری دڵسۆزی و بەتەنگەوە هاتن و لە ڕووی بینینی مەترسی گەورەی دا هاتووو ئەمانە دەخەینە روو و داوا دەکەین کە ...

١–(بەرەی چوارەم) کە بەرەی نیشتمانییە دڵسۆزەکانی کوردستانی و عێراقین بکەونە خۆ و هەر سێ رێگە و "بدیل"ەکەی دی رەتکەنەوە و بە ڕووی پلانە ناوچەییەکان و نێو دەوڵەتیەکاندا بوەستنەوە.

٢ – بڕبڕەی پشتی (معارضە)ی راستەقینە و جەماوەری کوردستانی و عێراقیشن دەست بەرداری پێکدا چوون و پێکدا کەوتن و یەکدی کوشتن بن و بە زوویی و زۆر بە زوویی دەست لە ناو دەستی یەک نێن و بتوانن خۆ بکەنە "پۆڵ – قطب"ی کۆکردنەوەی "معارضە"ی نیشتمانی پاک و دڵسۆز و ناوابەشەی عێراقی..

٣ – بە "تحدید" هێزەکانی (حیزبی سۆشیالیستی کوردستان – عێراق، پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، و پارتی سۆشیالیستی کورد"پاسۆک") وەکو چوار لایەنی کوردستانی لە سەریانە هەموو رابردوویەک بە لاوە نێن و لەبەرەیەکی کوردستانیدا خۆ رێک خەن .

– حیزبی شیوعی عێراقی تیکۆشەر، کە وەکو حیزبێکی عێراقی، پەیوەندی دار بە کێشەی کورد و خاوەن جەماوەر و ناو و ناوبانگێکی ناو خۆ و دەرەوە دەبێت دەوری کۆکردنەوەی هێزە کوردستانی و عێراقیەکانی ببینی و بە لای ئێمەوە بەرەی چوارەم پێویستە (بەرە کوردستانی و حیزبی شیوعی عێراقی و هێزە پێشکەوتوخوازە نەبەستراوەکان) بێت و ئەم ئەرکەش بە حوکمی هەڵکەوت و دەور و دار و باریەوە

دەکەوێتە سەر ئەستۆی حیزبی شیوعی عێراقی .. هەرچەندە برایان لەم بارەیەوە شوێن دەستیان دیارە بەڵام ئیمڕۆ پەلەی گەرەکە نەبادا تا دەڵێین (بەرسیلە) بۆ نەخۆشەکەمان «ترێ»ش نەما بێت و بووبێتە «مێووژ» ئەو کاتە «خۆشاو» لەرز و تا ناکوژێ بەڵکو نەخۆشەکە تووشی سێ بەڕۆ دەکات !!

دیارە ئێمە لە حسێبی ئەم "بەرە" نیشتمانییە راستەقینەیە کەس دەرناهاوێژرین و هەموو دڵسۆزێکی نیشتمانی بەرچاو و روون تێ دەخوێنینەوە، لە پێش هەموانیشەوە هێزە ئاینییە بەرچاو و روونەکان بەو مەرجەی پێیان وا نەبێت ئێستاش "ڕۆستەم!!" و لە گەڵ ڕەوتی مێژوویی و ئیرادەی جەماوەر و سەنتی هێزە سیاسیەکاندا بگونجێ و بسازێن ..ئەگەر ئەمەش نەکرا، ئەوا ئۆباڵی، هەنگاوی ئازایانەی شۆرشگێڕانەی پێویست بە نیسبەت کوردەوە کە "دەوڵـەت"ە، ئەگەر نەنرا لە ئەستۆی ئەوانەیە کە "توانایان هەیە و غیرەتیان نییە»!!.

خودایە تۆ و جەماوەر بە شایەت دەگرین، ئەوەی پێویستە و دەشێ بووترێت :

**ئـیـش کـە ڕووی لـە هــــەورازە ســـــەرەو لـێــژی نـەکـەی**
**بـیـری ووردێـــشـــی دەوێ هــەر بـە دوعـــا و نـوێــژی نـەکـەی !!**

ووتوومانە و بە دەنگی بەرزیش دەیلێین
أللهم أشهد، هل بلغت؟!

هەواڵنامەی کتێب

## شادەمارە سەرەتاکانمان

**١٢-ئاشتی و ئاسایش لە کوردستان و جیهاندا مەبەستمانە.**

شەڕە و پشێوی و جەنگ زادەی زۆر زۆرداری و چەوساندنەوە و خۆسەپاندنە و هەردەم دەستە و چین و بیر و کەسانی زۆردار و ناڕەوا و ستەم بەر بۆ ڕاگرتنی باری ناڕەوای زۆر و چەسپاندنی خوازی ناڕەوا و هێشتنەوە و بەردەوامی چەوساندنەوە پەنا دەبەنە بەر شەڕە و فەرتەنە و کوشتار .. هیچ بارێکی چەوت بێ زەبر و زەنگ هەڵناستێ و بەردەوام نابێت، بۆیە هەمیشەزوڵم و زۆر و چەوساندنەوە و داگیرکردن ئاوێتەی ستەم و چەوساندنەوە نەبێت و چارەنووس و سەرئەنجامی شەڕ و جەنگ دەبێت و هەر بەوەش کۆتایی دێت و سەری تێدەچێ ..

لە سەرێکی دیکەشەوە لە بەر هەڵکەوت و خەسڵەتی خودی زۆر و چەوساندنەوە و ناڕەوایی تاکە ڕێگەی بەرگری لە خۆکردن و لە سەرخۆ کردنەوە و ڕەتکردنەوەی و پاکتاوکردنی زۆر چەوساندنەوە و هەر جۆرە دەم هەستی و دادۆشینێک ناڕەزایی و مل نەدان و راپەڕین و شۆڕشە، کە باڵاترین شێوەکانی بەرەنگاربوونەوەی شەڕ و جەنگی ناڕەوا شۆڕشە .. هەموو ئەو هەوڵ و تەقەلادانەش بۆ نەهێشتن و پاکتاوکردنی یەکجاری و هەتا هەتایی شەڕ و زەبر و زەنگە لە سەر گۆی زەوی.

راپەڕین و شۆڕش و جۆرە رەواکەی شەڕە و جەنگە کە گەلانی ژێر دەست و چەوساوە و زەحمەتکێشانی هەر نەتەوەیەک و بەرەی گەلان و ئاشتیخواز پەنای دەبەنە بەر بۆ رەت کردنەوە و بنەبڕکردنی شەڕ و جەنگەی ناڕەوا..

ئەم جۆرە وەکو شۆڕشگێڕێکی ناسراو دیاری کردووە، دوو جۆرە شەڕ و جەنگ هەیە، یەکەم:

شەڕ و جەنگی ناڕەوا کە داگیرکەران و چەوسێنەرەوا و بەرەی ئیمپریالیزم هەڵگیرسێنەر و بزوێنەر و خاوەنی .. دووەمیان :

شەڕ و جەنگی رەوایە کە کەرەسە و ئامرازی لە سەر خۆکردنەوەی زەحمەتکێشان و بەرەی پێشکەوتووخواز و گەلە .. ئێمە دژی یەکەمیانین و بە شێوازی دووەم بەرەنگاری دەکەین و شەڕی ڕەوایی نیاز، شەڕ بۆ شەر نییە لە خۆیدا ڕێگەیەکی سروشتی و باڵای چەسپاندنی ئاشتی و ئاسایشە و تاکە شێوازی هەڵتەکاندنی زوڵم و زۆرە. ئێمە شەڕی سەربەخۆییمان لا پەسەند تر و پیرۆز ترە لە ئاشتی و بێ دەنگی و ژێر دەستەیی مل کەچی .. شەڕی ڕەواما بۆ چەسپاندن و بەرقەراری ئاشتی و ئاسایش و برایەتییە ئەگەر نرخی ئاشتی ژێر دەستەیی و مل کەچی و چەوساندنەوە بێت، شەڕ چۆن بێت و چی تێ چێت و سەرئەنجامی چی بێت لامان پەسەند ترە...

ئێمە پێشمان وایە شەڕ و جەنگ دوا هەوڵ و شێوە و ڕێگەی ناچاری بەرەنگاربوونەوەی ناهەقە بۆ چەسپاندنی خوازی جەماوەر و ریشە کێش کردنی چەوساندنەوە و زۆر .. لەم سەردەمانەدا لە بەر بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری جەماوەر و بەر هەست کەوتنی ماف و ڕەوا و داوا ڕەواکانی وزۆر بوونی لایەنگرانی گەل و دەستەی شۆرشگێڕ و بیری مرۆڤ و دۆست و خەڵک و خۆازی پیاو چاک و خێرمەند و ریسوا بوون و دەست کەوتنە رووی داگیرکەران و چەوسێنەران و پەیدا بوونی بەرەی گەلان و لە سەرو هەموویانەوە گەلاڵە بوون و شەختە بەستنی هەستی نەتەوایەتی و کۆمەلایەتی جەماوەر و بەرەبەرە قاڵب بەستنی لە چوار چێوەیەکی عقائدی و فیکری و فەلسەفیدا .. چەندین هۆ و هوکاری دیکە مەسەلەی گۆڕان و گەشە ونەش و نمای کۆمەڵگە و پاکتاوکردنی باری داسەپێنراو و دژ بە هەست و بیر و بەرژەوەندی مرۆڤ و بەدیهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی و دادی کۆمەلایەتی و شۆشیالیزم و کۆمەڵگە بێ چەوساندنەوە .. ڕێ و شوێنی دیکەی هێمن و ئاشتی ئامیز و شێوازس جوێ جوێ وەکو دەست کێشانەوە لە کار و مانگرتن و خۆپیشانداندان و ڕێ پێوی و مانگرتنی گشتی و هەڵبژاردن و هەتا پەرلەمان سازی و ..لە زۆر کات و شوێن و هەل و مەرجدا دەتوانی بارێک بگۆرێتە سەر بارێکی پێشکەوتوو و چاتر و (أصلاح)ی بەرەبەرە مل بە گۆرینی بنەرەتیەوە بنێت. یان لە هەندی حاڵەتدا سەرەتا و ڕێ خۆشکەرێکە بۆ بەرپابوونی راپەڕین و هەتا شۆڕشی چەکداریش .. دیارە ئەم لاری و شێوازە هێمنانە هیچ لە نرخ و بایەخ و پێویستی شۆڕش و جەنگ کەم ناکاتەوە و هەر باری ئیمڕۆی جیهانی زۆر جار پێویستیان دەکات .. بەلام ئەوە دەمێنێتەوە کە دەستە شۆرشگێڕ و دلسۆز و جەماوەرییەکان نە ڕێ بدەن بەوەی کە بارێکی شۆرشگێری و بە چاوبەست و فشە ماف و "أصلاحاتی" کەم و سەراویی لە بار ببرێت و یان سارد کرێتەوە.....

و نە ڕێگە و شێواز هێمنی و لە سەر خۆکانیش بە تەواوی و بەلاوە بنێن و سوودی لێ وەرنەگرن، بە کورتیەکەی شەڕ کە شادەمار و بنکەی بوونی زۆر و چەوساندنەوە و داگیرکەریکە و بە نەمانی شەڕ و بەرقەراری ئاشتی گەورەترین و کاریگەرترین کەرەسەی شەڕ خوازان لە بەین ----- لە هەمان کاتدا شەڕی ڕەوا و پێویست پلەی هەرە بالای بەرەنگاربوونەوەی نارەواییە و نابێت لە کاتی پێویستدا هەڵویستە و دوو دڵی بەری پێ بگرێت.شەڕ خۆی لە خۆیدا مەبەست نییە تەنها ئامراز و کار و ڕێگەیەکە و هۆیەکە بۆ چەسپاندنی ئاشتی، بۆیە ئاشتی خۆی دەبێتە مەبەست و ئامانج و ڕێگەکانی گەیشتن بە ئاشتی لە هێمن ترین و ساکارتریفیانەو، تا دوا پلەکانی ناچاری کە جەنگ و شۆڕشە، هەر یەکەی بە پێ بار و هەل و مەرج و هەڵکەوت پێویستن و دەبێ بگیرێنە بەر ..

بۆیە ئێمە ئاشتی و ئاسایش لە کوردستان و جیهاندا مەبەستمانە.

**١٣- دژی چەوساندنەوەی مرۆڤین (کە کورد بەشێکە لێ) بە هەر شێوە و ڕێگە و لە ژێر هەر ناووبۆ هەر مەبەستێک بێت.**

چەوساندنەوە بریتییە لە بەرگرتن بە خواز و خواستی مرۆڤ، حاڵەتی کپکردنەوە و فزە لێ بڕینی ویست و خوازی مرۆڤە، بەرەنگاربوونەوە و هەوڵی نادروست و نابەجێ گۆڕین و شێواندنی هەڵکەوت و خەسڵەتە خۆرسکیە ڕەواکانی مرۆڤە . چاوبەست و دادۆشین و بە هەڵەدابردن و سوار مل بوونی مافە سروشتی و یاسای کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیەکانی مرۆڤە . چەوساندنەوە چەندین شێوە و شێواز و رەنگی بە خۆیەوە گرتووە و چەندین روو و لایەن و ناوەڕۆکی کورت و توند و نەرم و پەتا و پەت و داپۆشراوی هەیە، لە بارێکی نەفسی و فەلسەفی و بۆچوونی خۆ بە زڵ گری و چاکێتی و هەموو جۆرەکانی جیاوازی تیۆریە و تا دەگاتە پلە هەرە دڕندانە و دزێوەکانی رەفتار و کرداری بە زۆر سەپاوەوە دەگرێتەوە دەشێ و هەڵدەکەوێ لە هەموو سووچ و جەمسەرەکانی بوونی تاکایەتی و کۆمەڵایەتی مرۆڤدا پەپکە بکات و سەر هەڵبدات بە رادەیەک تا چەوساندنەوە خۆیی (زاتی)یش دەگرێتەوە کە بەشێکە لە نەخۆشیە دەروونیەکانی مرۆڤ و کۆمەڵ بەرپرسیارە هەتا لە نەهیشتن و چارەسەری ئەم نەخۆشیە تاکانەش، وەکو (سادیەت و شیزۆفینیا و ماخۆلان و ماسۆشیەت و رق لە خۆبوونەوە ..).

هەموو کێشە و گرفتی مرۆڤیش و هەوڵ و چالاکی و خەبات و کۆششیش لە مل ملانیە و بەرەنگاربوونەوە و رەت کردنەوە و دژایەتی چەوساندنەوە دەچەقی بەستوە و کۆبۆتەوە .. مێژووی مرۆڤایەتی بریتییە لە هەوڵ و جەنگێکی بێ بڕانەوە و سەرتاسەری بـەردەوام دژی چەوساندنەوە.. دیارە لە سەردەمانی تاریک و ستەمکاریدا ماکەکانی چەوساندنەوە هەمووی یان زۆربەی زۆری پێکەوە بوون و ئاوێتەی یەکن . بام لە هەر سەردەم و دۆخ و بارێکدا یەکێکیان یان هەندێکیان لەوانی دیکە یاری تر و بەرهەست تر بووبێت، یان هەندێکیان نەمابن و لە بەین چووین و بە زوو یەکیان یان زیاتریان سەرئاو دەکەوێت و شۆینیان دەگرێتەوە، بی مانیش هەر هەموویان لە یەک ئاستی توند و دزێوی و هەراس کردندا نین، لام دەمێنێتەوە ئەوەی کە هەر یەکەیان یان بەرهەست ترینیان کێشە و گرفتی مرۆڤەکەیە و بەربەستی تەواو بوون و رەهابوونی مرۆڤایەتی مرۆڤەکەیە و تا سەر سەری چەوساندنەوەی (نەتەوایەتی، چینایەتی، کۆمەڵایەتی، ئاینیی، بیر و باوەڕ و دەروونی و .. و ...) ریشەکێش نەکرێت مرۆڤ پێیە نەوەتە دوا پلەی خوا و سروشت بۆی دیاری کردووە کە (خلیفە اللە علی الارض) و کە عامیلی ئیجابی سەر گۆی زەوی»یە بە ناتەواوی دەمێنێتەوە و لەقە ...

لەمەش لەو بەهەشتە خەیاڵی و ئاوازە شاعیرانە نییە کە زۆر جار لە خۆش بینی ڕێک یان لە بەر مەبەست و خوازێکی چەوت یان چەوتێنراو دەنەخشێندری و "کن فیکن" و گاڵوکەکەی موسی نایەتەدی بەڵام ڕەوتی مێژوویی هەردەم بەرەو پێش چووی مرۆڤایەتی بەرە و ئەو کار و ئاسۆیە دەچێت و هەڵکەوت و فەلسەفەی بوونی مرۆڤ و دیاردە مێژووییەکانە ئەو ڕاستیە دووپات و سەد بار دەکەنەوە کە مرۆڤایەتی لە سەرەڕێی ئەو نیاز و مەبەستەدایە و هەموو چالاکی دی و مەعنەوی مرۆڤ هەنگاوی بەرە و ئەو مەبەست و چارەنووسە...

بۆیە ئێمەی پاسۆک، لە سەرێکەوە دژی هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەکی مرۆڤین لە ژێر هەر ناو و بۆ هەر مەبەست و بە هەر ڕێگەیەک بێت، پێوانەشمان وازی ڕەوا و هەڵکەوتی خۆڕسکی مرۆڤە .. لە سەرێکی ترەوە باوەڕمان بەوە هەیە کە دوا پلە و چارەنووسی مرۆڤایەتی – لە گەڵ هەموو ڕۆچوون و پاشە کەشەیەکی کاتی ڕەوتی مێژووی مرۆڤایەتی – گەیشتنە بە باری بێ چەوساندنەوەی هەتا هەتایی و پاکتاوکردنی چەوساندنەوەیە لە هەموو جیهاندا بە پێ ئەو قۆناغ و هەل و مەرجی مێژوویی هەڵکەوتوو ...

هەوالنامەی کتێب

## با لەم نەورۆزدا

**بناغەی تەبایی و (مافی دیاری کردنی چارەنووسمان). دابرێژین**

ئەی جەماوەری زەحمەتکێش و راپەڕیووی کورد ...

دڵسۆزانی بە شەرەفی بە تەنگەوە هاتوو ..

لە بارێکی وەکو ئیمڕۆی کوردستاندا، نەتەوەکەتان بە رووی داگیرکەرە چەوسێنەرەوەکەیدا راپەڕیوە، و توانیویەتی دەستی رەشی ستەم و داگیرکەری لە بناوەبڕێ، و لە گەڵ یەکەم گوڵاڵەی بەهاردا خۆری ئازادی و سەربەخۆیی هەڵێنێ .. لەو رۆژەوە هەموو ساڵێک، لە سەرتاسەری کوردستاندا لە یادی ئەو راپەڕینە مەزنە دەکرێتەوە و بۆتە خۆراکی رەوانی نەتەوەکەمان .. ئێمە لە کاتێکدا پیرۆزبایی جێژنی پڕشکۆی نەوۆرز لە جەماوەری نەتەوەکەمان دەکەین و پەیمانی سووربوون و کوڵنەدانی بۆ نوێ دەکەینەوە .. بانگی هەموو هێزە شۆرشگێڕ و دڵسۆزەانی کوردستان دەکەین بۆ بەلاداخستنی هەموو ناکۆکی و ناتەباییەکانی نێوانیان و یەکخستنی ووزە و توانایان و دەست بەرداربوونی خۆکردنە پردی ئەم داگیرکەرەیان ئەو دوژمنە و داڕشتنی سیاسەت و رێبازێکی کوردانە . پێویستە پەیوەندی نێوان هەموو هێزە سیاسیەکانی کوردستانی گەورە، لە سەر بناغەی پێ نانە قۆناغێکی نوێیەوە و دەرچوون لە تەنگ تیلە و چوار چێوەی تێ ترنجێنراوی فشە ماف و مەسلەت بازانەی وەکو "حوکمی زاتی و خود گەردانی" .. دەبێ وەکو نەتەوەیەکی سەربەخۆی خاوەن هەموو خەسڵەت و خصوصیاتەکانی نەتەوە و وەکو هەموو گەلانی جیهان ویرای دەربڕین و داواکاری جەماوەرکەمان ببێت کە "مافی دیاری کردنی چارەنووس"ێتی و پەتا و پەت رزگاری و یەکگرتنەوەی کوردستانی گەورە لە بەر چاوبگیرێ ...

جەماوەر بە شەرەفی کورد .. بۆ ناپرسن، لە چ دۆزەخ و قوژبنێکی دنیادا و کەی "حوکمی زاتی" مافی گەلان بووە؟! لە کۆی چارەی کێشەی نەتەوایەتی نەتەوەیەکی بیست و پێنچ ملیۆنی وەکو کوردی کردوە؟! بۆ دەبی لە لای «فەلەستینیە» براکانمان و لای نەتەوەی عەرەبی دراوسێمان پیلان و خەیانەت بێت ؟ کەچی ئێمە بیست و یەک ساڵ کوری کوردی بۆ بە کوشت بدەین؟! خۆ ئەگەر بار و هەل و مەرجی بیست و یەک ساڵ لەمەوبەر هەر ئەوەندەی هەڵگرتبێ و خواستی، ئیمڕۆ ئەو بارە سەر لە بەری لە هەموو روویەکەوە گۆڕاوە و بارەکە خۆی داوای شتێکی دیکە دەکات ؟ ئەوە نییە دۆست و دوژمنانما لە دنیادا سەر لە مەتەڵی خۆنوساندن بە حوکمی زاتیەوە دەرناکەن و یەکێکی وەکو «برادەر معمر القزافی «دەبێت بڵێ کورد مافی «دەوڵەت و

کیانی سیاسی» خۆی هەیە و هەتا پیلانەکانی ئیمپرپالیزمیش ئیمڕۆ لە ژێر پەردەی فشە مافدا نەماوە ؟... ئەدی بۆچی و تا کەی لەم فاقە گلاوەی نیوە مافەدا بین ؟

جەماوەری راپەڕیوی کورد .. ئەگەر تاکە یەک هۆ هەبێت بۆ ئەم "قصور"و ناتەواویە شەرم هێنەی بزووتنەوەکانتان، ئەوەیە کە تا ئیمڕۆ دۆست و هاوکاری داگیرکەرێکین لە هێزێکی برای کورد زیاتر .. و پوازی کوردی دەمانقڵیشێنێ و نایەڵێ نە لایەنە سیاسیەکان و نە ئێوەش پشوتان هەڵێ .. لە بەر ئەوەیە بازاری شەڕی برا کوژی، لە بەر مەبەستی شەخصی و فیتی داگیرکەرێک لە کوردستاندا بازاڕی گەرمە ..لە بەر ئەوەی کە دەتوانین بە چاوداگرتنێ لە هەموو تاوانەکانی داگیرکەر خۆش بین، بەڵام ئامادە نین بیرەوەریە کۆنە نارەواکانمان لە بیروەچی !.

بۆیە تا هەموو هێزەکانمان یەک نەخەین و کورد و کورد نەکەینە برا و گیانی "پێش ئەوەی هەر شتێ بین .. دەبێ کورد بین" لە ناخماندا رەگ دانەکوتێ و چارەنووسی خۆمان و بیر و باوەڕکانمان بە نەتەوەکەمانەوە نەبەستین .. ناتوانین سوود لە هیچ هەڵ و دەرفەتێکی ناوخۆ و دەرەوەی هەڵکەوتوو وەرنەگرین و کەسیش ناتوانێ دۆستایەتیمان بکات و هەر دەبێ بۆ "حوکمی زاتیە" دوا بڕاوەیەک رولەکانمان بە کوشت بدەین، هەر لە شوێن خۆشمان راوح دەکەین !!

دەبا ئەم نەورۆزەمان بکەینە نەورۆزی برایەتی و یەکێتی و هاوکاری با بە هەمووومان خۆرکەی شەڕی براکوژی و کورد کوژی لە گۆڕ نێین. با پێکەوە دروشمی راستەقینەی شۆڕشی میللی و داواکاری جەماوەر کە "مافی دیاری کردنی چارەنووسیەتی" بەرز کەینەوە .. و دەست بەرداری نیوە ماف و سازش کاری بین ..

ئەوەی ئەمەش نەکات روو رەشی لای خوا و کورد و مێژوو بێت.

دابمەزری کیان و دەوڵەتی کوردی ..

سەرکەوتن بۆ بیر و باوەڕی پیرۆزی کوردایەتی

مردن بۆ دوژمنانی داگیرکەر ..سەرکردایەتی گشتی سۆشیالیستی کورد"پاسۆک"

/ نەورۆزی ٢٥٩٤.. بەهاری ١٩٨٢

## {{ فەرهەنگۆک}}

**١ – بۆرژوا – بۆرژوازی** bourgeoisie

ووشەیەکی فەرەنسییە، کە لە سەرەتاوە بەو کەسانە دەوترا کە لە (چینی ناوەند) بوون ئەمانەش هەموو رۆشنبیران و کاسبکاران و ئەو شارنشینانەی دەگرتەوە کە زەوی و زارِیان بووە و بەم پییە و بە پێ یاسای ئەو رۆژە مافی سیاسیان بووە، بەڵام پاشان ئەم زاراوەیە، جگە لە چینی کریکاران بە هەموو دەستە و توێژاڵەکانی دیکە دەوترا و تا هەندێ جار مەبەستی (سەرمایەداران) دەگرێتە خۆی .. لە زمان و ئەدەبی مارکسیزمدا هەموو (سەرمایەداران و کاسبکاران و رۆشنبیران و دوکانداران و ئەوانەی کاری ئازادیان هەیە و موچە خۆران)یش دەگرێتەوە، وەکو چینێک بەرانبەرە بە "چینی کریکاران" پرۆلیتاریا کە تەنها "هێزی بازوو" یان هەیە کە بیفروش و بگوزەرێن .. لە بەر ئەوەی سنووری چینەکان بەو جۆرە گردەبریەی تیۆری دیاری ناکرێت و بە پێ بار و هەل و مەرج و رۆژگار و کات و شوێن دەگۆڕی هەر بۆرژوا خۆی کراوەتە (بۆرژوای گەورە – کە سەرمایەدران و خاوەن کارگەو کەرەسەی بەرهەم هێنانی قورس) دەگرێتەوە، و "بۆرژوای ناوەندی – کە موچەخۆر و بەڵیندەر و پزیشک و ئەندازیار و بەرێوەبەرانی ئیداری و هەندێ توێژالی جوتیارە مولکدارەکان" و "بۆرژوای بچووک – کە جوتیاران و کاسبکاران و دوکاندار و دەست گێڕ و موچە خۆرە بچووکەکان" دەگرێتەوە .. دیارە ئەم سنوور بەندیەش تەنها لە رووی تیۆریەوە راست دەردەچێ و زاراوەکە کە پتر لە راستێتی عیلمی و عملییەوە زاراوەیەکی ئایدیۆلوجیە و بەری تاوتوکردن و لێدانی پێوەیە .. بەڵام دەتوانرێ بۆرژوا چین و توێژاڵ و تاکە چەوسێنەرەوەکان بەکار بێت و پتر ناوەڕۆکی هەڵکەوتێکی کۆمەڵایەتی بدرێتێ بەوەدا، کە چەوساندنەوە مۆرکی زاراوەکە بێت . واتە چەوسێنەرەوان بۆرژوا بن و چەوساوان زەحمەتکێش و رەنجدەر ...

**٢- دیماگۆکی – چاوبەستەگی** -demagogie

هەرچەندە ئەم زاراوەیە لە ووشەی دیماگوگیا (demagogia)ی یونانیدا بە مانای (چاوساغی مەردم)یان "رێ نیشاندەر" هاتووە و بە ڕابەڕانی جەماوەریان دەوت و هەندێکی وەکو "پزیکلیس و دیموستنس و شیشیرونی سیاسەت مەدار"انی یۆنانی، بە رێ نیشاندەری جەماوەر (دیماگۆگ) دەناسران، بەڵام ئیمڕۆ وەکو زاراوەیەکی سەردەم زۆر دوور لە مانا ئەصلیەکەی بەکار دێت، یان هەر دروست پێچەوانەی ئەو

مانایە دەبەخشێ .. ئیمڕۆ بە کەسێ دەگوترێ "دیماگۆگی"کە پەنا بەرێتە بەر هەست و نەستی خەڵکی و بە چەوتی بە کاری بێنێ، کە جۆرێکە لە چاوبەستەگی و عەوام خەڵەتاندن ..

لە سیاسەتیشدا وەکو پەندە کوردیەکەی دەڵێ :"چاک دەڵێ و خراپ دەکات"یان قسە عەرەبییەکەی "قول حق یراد بە الباطل"دێتەوە، بەوەیدا کە هەندێ ڕاستی بەرچاو جەماوەر خرێت، تا لە هەست و جۆشی جەماوەرەکە بۆرژوا مەبەستی تایبەتی و خەراپ کەلک وەرگێرێت.

### ٣ – دیموکراسی : democracy

لە لێدانی دوو ووشەی یۆنانیەوە هاتووە، کە«demos»بە مانای خەڵک، گەڵ و «kratin» بە مانای دەسەلات، حوکم دێت، پێکەوە "دەسەلاتی گەل، حوکمی گەل" دەبەخشێ ..

ئەو سەردەمەی ئەم زاراوەیە لە یۆناندا پەیدا بووە، تەنها مەبەست لە دیموکراسی سیاسی بووە، کە لە سەدەی پێنجەمدا لە ئەسینا بە بەشداری ڕاستەوخۆی دانیشتوان لە دانانی یاسادا (جگە لە ژنان و کۆیلەکان کە ئەم مافەیان نەبووە) و هەڵبژاردنی فەرمانڕەوایاندا پێرەوی کراوە، لە ڕۆماشدا ماوەیەکی زۆر لە سەردەمی کۆماریدا و تا پەیدابوونی نەزمی ئیمپراتۆری زۆر رووی ئەو دیموکراسیە پارێزراوە .. بەڵام لەو سەردەمانەشدا زۆر ڕۆشنبیر و فەیلەسوف هەبوون کە بەم حوکمە قایل نەبوون و لەوانە (ئیفلاتون، حوکمی دیموکراسی پەسەند نەکردووە، لەوەوە کە ڕەشەخەڵکی ناتوانن ڕێگەی دروست و هەق بگرنە بەر و پتر هەست و نەستیان زاڵە بە سەر عەقڵ و کەماڵیاندا .. بەڵام ئەریستۆ ئەم جۆرە حوکمەی بە "چاکترین خەراپ" یان "کەم بەدتر" لە قەڵەم داوە .. لە دوای کۆماری ڕۆماوە تا سەدەی شازدەهەم بایەسەی حوکمی دیموکراسی کوژاوەتەوە و تا لە پاش "أصلاحی دینی" و پەیدابوونی دەوڵەتە نەتەوەییەکانەوە دیموکراسی پەڕلەمانی تازە، لە شێوەی بەشداری بەشێک لە گەڵ و دیاری کردنی دەسەلاتی بێ سنووری پاشاکاندا هاتۆتە کایەوە، چینە پێشکەوتوەکان و ڕۆشنبیران و پێشکەوتوخوازان لە مل ملانێکی سەخت و دژواردا لە گەڵ کۆنەپەرستان و لایەنەگرانی محافەزە کاردا بوون و بە چەندین هەوڵ و کۆششی گران توانراوە بەرە بەرە زۆربەی مافەکانی گەل لە (ئازادی و دیموکراسی)یدا بە دەست بێت ..

بیری سەرەتایی و بنەڕەتی دیموکراسی نوێ دەگەڕێتەوە بۆرژوا سەرەتاکانی شۆڕشی (پیوریتان)ەکان و کودەتای ساڵی ١٦٨٨ لە بەریتانیادا، کە بووە هۆی لە ناوبردنی "جیمسی دووەمی" شای بەریتانیا و ڕەتکردنەوەی بیری کۆنی "تیۆری

مافی خودایانە"ی پاشاکان – کە پییان وابوو مافی دەسەڵات و حوکمی پاشایانەیان مافێکی پێ بەخشراوی خودایيەو کەس بۆی نییە بەشداری شا بکات لەم رووەوە .. بەڵام دەتوانرێ شۆڕشی فەرەنسای ١٧٨٩ بە گەورەترین سەرکەوتنی دیموکراسی دابنرێ، ئەو شۆڕشە مەزنە دروشمە بە ناوبانگەکەی (ئازایەتی و برایەتی و یەکسانی) بوو، لە تا ئیمڕۆش بەردی بناغە و ناوەرۆکی نەگۆرێ دیموکراسیە، لە برە و پێدان و بەرچاوخستن و فراژو کردنی بیر و باوەڕ و تیۆری دیموکراسیدا، فەیلەسوف و بیر روناک و پیاوچاکان رۆڵی گرنگیان دیتوە، لەوانە "جۆن لوک" لە ئینگلترا و "ژان ژاک رۆسۆ و مۆنتسکیو" لە فەرەنسا شوێنی دیاریان هەیە .. کە کتێبە بە ناوبانگەکەی رۆسۆ "گرێ بەندی کۆمەڵایەتی – بریار دادی کۆمەڵایەتی – العقد الاجتماعی" بۆرژوا یەکەم جار بە قوڵی و فراوانی مافە بنەڕەتیەکانی "تاک"ی بەرانبەر دەوڵەت و کۆمەڵشی کردۆتەوە و دەرخستووە .. دیسانەوە بە سەردا هاتنی "شۆڕشی پیشەسازی" و پەیدا بوون و گەشەی چینی کرێکاران و بەرز بوونەوەی ئاستی رۆشنبیری و سیاسی جەماوەر کاری گرنگی کردۆتە سەر پەیدابوونی کۆڕ و کۆمەڵانی دیموکراسی خواز و شەقاوی گرنگ لەم بارەیەوە، بەڵام تا سەرەتای چەرخی بیستەم دیموکراسی بە جۆری کامڵی سەرپێ نەکوتبوو، چونکە تا ساڵی ١٨٦٧یش چینی کرێکاران لە ئینگلتەرا مافی هەڵبژاردن و خۆ هەڵبژاردنیان نەبووە و ژنان تەنها لە ساڵی(١٩١٨)ەوە ئەم مافەیان چنگ کەوتووە ...

دیارە "دیموکراسی"ش، وەک هەر زاراوەیەکی دیکەی ئایدۆلۆجی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و پەیوەندی داریە ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤەوە، سنوور و نەخشە و ئەندازە و چەندایەتی و چۆنایەتی دروست و گردە بڕ دیاری نەکراوە و هەموان بە پێ یەک پێودانگ هەڵی ناسەنگێنن و نایسەلمێنن .. بۆیە چەندین بۆرژوا چوون و تەعریف و دیاری کردنی شێوە و جۆر و ئەندازەی هەیە، کە هەر یەکەیان لە بنەمای فیکری و هەڵکەوتی کۆمەڵایەتی و چەشمەندازی سیاسی و فەلسەفیانەوە هەڵچوە. بەس بە شێوەیەکی گشتی سێ جور، یان ناوەڕۆک دەدرێت بە "دیموکراسی».

یەکەمیان – هەلی چوون یەک خستنە بەردەم ئەندامانی کۆمەڵگە بۆرژوا بەشداری لە ئازادی و پێویستیەکان و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان.د

دووەمیان – بەشداری ئازادانەی تاکەکانی کۆمەڵ لەو مەسەلانەدا کە پەیوەندیدارن بە ئازادیەکانی تاک و گوزەرانی کۆمەڵایەتییەوە.

سێیەمیان – بەشداری ئازادانەی "راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی" تاکەکانی کۆمەڵگە لە بوارە گرنگەکانی کار و باری سیاسیدا.

لە سەرتاسەری مێژووشدا ئەم ووشەیە لەو پەڕی فراوانی تا ئەم پەڕی رووگەشی و تەسکی بە خۆیەوە دیتووە و ئیمڕۆکە تەنها لە قەوارەی ماناو ناوەڕۆکە سیاسیەکەیدا نەماوەتەوە و رووکانی (دیموکراسی کۆمەڵایەتی) و (دیموکراسی ئابوری)یش هاتونەتە بەرکار و بێ ئەمانە دیموکراسی تەنها سەرپۆشێکی رواڵەتی چەوساندنەوەی مرۆڤە و بەس.

دیموکراسی سیاسیش بە مانای دەسەڵات و حوکمرانی زۆر بە سەرکەمایەتیدا، بە مانای دەسەڵاتی نیوە و سڵاوێکی بەشدارانی هەڵبژاردن و دەنگ دەرانە .. (براهام لینکولن)ی سەر کۆماری مرۆڤ دۆستی بە ناوبانگی ئەمەریکایی دیموکراسی سیاسی بە (دەسەڵاتی گەل، بە دەستی گەل بۆگەڵ) تەعریف کردوە.فەلسەفەی پێشکەوتووی دیموکراسی ئەوەیە کە مرۆڤ بە شایستە و لێ هاتوو دەزانی بۆرژوا خۆبەڕیەوە بردن و کاری دەوڵەت گرتنە دەست .. دەوڵەت بە پەیدابوونی خوازی مرۆ دەزانێ .. واتە قەدر لێنانی مرۆڤ وەکو باڵاترین عامیلی ئیجابی ژیان و بوون .

دیموکراسی سیاسی دوو رێچکەو بۆچوونی تایبەتی و دوو لەیەکی هەیە :

١- سەپاندنی بێ چەند و چوون و "مطلق"ی خوازی زۆربە و مل کەچی هەموان لە بەرابەریا.

٢ – بەشداری ئازادانەی هەموو تاکەکانی کۆمەڵ بۆ دیاردان و دەرخستنی رای زۆربە، لە گەڵ پێویستی ی مل دانی کەمایەتی بۆ زۆربەشدا، دەبێ ماف و ئازادی کەمایەتی بپاریزری و رێگەی بدرێت بەرێ و شوێنی بە جی خۆی بکاتە زۆربە ..

رێچکەی یەکەم زۆر جاران لە خۆ سەپاندنی "پارت"ێک کە خۆی بە پێشرەو و نوێنەری چینێک دا دەنی و خوازی خۆی دەبێتە یاساودەستووری "مطلق" پەیدا دەبێت ئەو رژێمانەی "تاک حیزب"ین و حیزبەکە دەکەنە دەم راستی چینێک و چینەکەش "بدیل"ی هەموو گەلە، کە دیکتاتۆرێتێکی بە حورمەتی لێوە پەیدا دەبێت بەر ئەم ناوەڕۆکە دەکەون، کە تەنها لە رواڵەتدا دیموکراسین ئەگینا دوورن لە گیان و ناوەڕۆک و مانای دیموکراسیەتەوە .. هەمیشە بە ناوی (گەل)و "بەرژەوەندی گشتی" و خوازی "جەماوەر" فرزە لە ناحەزان و پیڕەو نەکەرانیان دەبڕن.

رێچکەی دووەم – چەسپاندنی راو هەڵوێستی زۆربەیە لە کۆمەڵدا لە شێوەی مل کەچی هەموان( بە زۆربە و کەمایەتیەوە) بۆ دەستوور و یاسای قەراردار و مافی دەنگ دانی نهێنی و ئازادیی کەمایەتی لە سنووری دەستوور و یاسادا و رێگە دان بە چەند حیزبی (ژیانی سیاسی و فرە حیزبی) و مەبدەئی لێپرسینەوە و پاراستنی هەموو ئازادیە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ.

هەوالنامەی کێتێب

ئەگەر چیسەرەتا دیموکراسی لە هەناوی رژێمی سەرمایەداری ئەورووپاوە لە سەدەکانی هەفدە و هەژدە دا رسکاوە و زۆر گرێ بەند و ئەهوقەدی "ئازادی موڵکایەتی تایبەتی" بووە و ماناکەی روویەکی سەلماندنی ئەو ئازادیە ئابووریە بووە .. بەڵام پاش ئەوەی سەرمایەداری پێی نایە قۆناغی کامڵ بوون و چەوساندنەوە و جیاوازی چینایەتی و زوڵمی کۆمەڵایەتی لێ کەوتەوە .. بەرە بەرە بیر و ئەندێشەی سۆشیالیزمانە سەریان هەڵداو لە باری چەوساندنەوە و زوڵمی کۆمەڵایەتی بە دەنگ هاتن .. مەسەلەی "ئازادی موڵکایەتی تایبەتی" و سەربەستی تاکایەتی و "چ دەکا با بکا" کە لە سەرەتاوە پێویست بوون و بۆ هەڵتەکاندنی باری "دەرەبەگایەتی" کۆمەڵگە – لە بنەڕەتی مانا و مەبەستی دیموکراسی دوورکەوتەوە و خۆی بوو هۆی – شاراوەی – لە بەین بردنی ئازادیەکانی مرۆڤ و پوکاندنەوەی دیموکراسی، بۆیە ئەوە هاتە پێش کە تا تاکەکنی کۆمەڵگە لە رووی دارایی و ئابووری و گوزەرانەوە چوون یەک نەبن، مەسەلەی دیموکراسی هەر ناو وقەوهرەیەکی رووت و سەرپۆشی چەوساندنەوە دەبێت ...

لەسەرێکی دیکەشەوە بنەبرکردنی "موڵکایەتی" و دەستکێشانی دەوڵەت بە سەر سەر لە بەری ژیانی ئابووریدا و هیچ دەرفەت و مەودا نەهێشتنەوە بۆ چالاکی تایبەتی مرۆڤ، خۆی لە خۆیدا سەرنگوم کردنی "دیموکراسیە سیاسی"یەکەشە و لە زەمینەی وادا دیموکراس هەڵناستێت ..

بەڵام باری ئیمڕۆ کۆمەڵگە مرۆڤایەتی ئەو واقعە هێناوەتە پێش کە نە ئەم و نە ئەو .. نە "دیموکراسی سیاسی" رووت و نە خواز کوشتنی یەکجاری مرۆڤ .. بۆیە دیموکراسی سیاسی راستەقینەی گونجاوی ئیمڕۆ، لە مانا سەرەتا و پێشینەکەی لە بەر یەک کێشراوەتەوە و مانای (فرسەتی چوون یەکی لە هەموو بوارەکانی چالاکی مرۆڤ)ی بە خووەگرتووە، کە تا سنووری خۆش گوزەرانی گشتی و پشکی هەموان لە سامان و دارایی کۆمەڵگە و پێویستی و مافی هەموان لە ( خوێندن و گوزەران و دەسەڵات و را)دا دەگرێتەوە .. کە بە لەناوبردنی نابەرابەری و لێک نەچوون و نەبوونی هەلی چوون یەکی پەیدا بوو لە "هەڵکەوتی کۆمەڵایەتی و دارایی و دەسەڵات و رەگەز و ئاین و ..هتد).

دیموکراسی سیاسیش بە دوو رێگە جێ بە جێ دەکرێت :

١ – راستەوخۆ، کە دەنگ وەرگرتنی هەموانە لە گشت پرسدا جا لە بوارە گرنگ و مەسەلە بنەرەتیەکانی کۆمەڵایەتیدا یان لە هەموو سیاسەتی گشتیدا، کە لە "کانتون"ەکانی سویسرا ئیمڕۆ پیرەو دەکرێت و لە هەندێ وڵاتی دیکەش گشت پرس بۆ یاسا گشتیەکان هەیە.

٢ – ناراستوخۆ، کە بە هۆی ئەو نوێنەرانەوە دەبێت کە گەل بۆ "ئەنجومەنی گەل" یان پەڕلەمان، یان پیران و یان بە تێکەڵاوی هەڵیان دەبژێرێ، کە لە زۆربەی وڵاتە دیموکراسی ئاڕاستەکەر – الديموقراطيه الموجهه "دا رووکەشی دیموکراسی پارێزراوە، ئەمەش گوایە لە بەر بار و هەل و مەرجی تایبەتی ئەو گەلانەیە کە هێشتا نەگەیشتوونەتە ئاستی کامڵ بوون و بە کارهێنانی خود بە خودێ دیموکراسی ----- تێ خوێندنەوەی باری کۆمەڵایەتی و گەشەی کۆمەڵگەکان، وەک لە ئەندەنوسیا و پاکستاندا هەن ..

لە ئاسیادا ئەو وڵاتانەی ناوی "دەوڵەتانی دیموکراسی هەڵدەگرن لە پەنجەی دەستێک کەمترن، کە لەوانە هیندستان و ژاپۆن و سیلانە ..

مەسەلەی دیموکراسیش وەک هەر بارێکی کۆمەڵایەتی تر، گرنگ و مەبەست جەوهەری و شێوە و جۆری بەکارهێنان و پیادەکردنی گیانی دیموکراسیانەیە .. ئەگینا زۆر وڵات بە ناوی – گەل و چین و جەماوەرەوە – دیموکراتیەت پێزە و دەکەن کە هیچ دیکتاتۆریەک پەی پێ نەبردووە

هەولێرنامەی کتێب

## لە کەلەپووری شۆڕشگێڕیمان دا

### فریودرام

کوردی مەردم بە زەند و بەندهاسان نەدەکەوتمە کەمەند
دوبەرەکی هێزی بردمشێخ چەک و نینۆکی کردم
مەلای پیس دەستی گرێ دامبۆ ناو زەلکاوی فڕێ دام
ئەنجا هێزی ئیستعماری پای پێدا دام بە یەکجاری
نوقمی قوڕی دیلی کردم دزی گەلان روزی بردم
لەناو بەرگی شارستانی بەناو ئینسانی نەم زانی
کوللو کەوتە دەغڵ و دانمهەر بەخۆم بردی تاڵانم
چەند زۆڵە کوردێکی زل کرد گرێی ناموسیان بۆ شل کرد
بەچەند قوشێکسازی کردنهەرچەندی ویستی لێی بردن

❊❊❊❊❊

زمانم لێ داگیر کرا مێشک و دڵم، خورا، برا
خوێنیان مژیم،گۆشتیان خواردم ئێسکیان بە سەیان سپاردم
لای تورکە نیوەی کەلاکمعەجەم بەربوونە لولاکم
عارەبیش بەشی خۆی دەوێقاپێک لێر، قەپێک لەوێ
هەر لە یەک سەعات و یەک دەم عەرەبم تورکیشم و عەجەم
پێم دەڵێن: تورکی کێوانی یان لە قەحتان و شەیتانی
یەک دەڵێ: مێژوومان یەکە ئەگەر بشت خۆم دەنگ مەکە

❊❊❊❊❊

بەڵام بەهەزار هێندە دەردنامرم ،سەریان داوە لە بەرد
من بەبانیپاڵ نەمردم جەنگیزخان قڕینەکردم
سەلیبی چۆن، مردگەزەنفۆنکورد بەزیادەوە هەروەک خۆن
شا عەباس لە بنەی نەهێنام تۆزی بەبا بۆ من هەر مام
بە شێر نەخورام.. دیلە ڕێویدەم خوا؟! های بە کلکی خێوی
گەل خوردن گەلێ گرانە نایبا ڕیخۆڵەی ئەمانە
سەد ساڵ جۆرابم ،خورابم قورسم هەرگیز هەزم نابم
پارووێکم :جیڕ و دڕکاویکێ بم خوا دەبڕم هەناوی
لە چاویانڕا سەر دەردێنمهەتا سەر هەروا نامێنم

بەرخ هەر بن سەوە نابێرۆژێک دێ شاخی پەیدا بێ
زەوی دەگۆڕێ و دەگەڕێ هەردەم دێنێتە ڕوو پەڕێ
لەو چەرخ و خۆڵ و گەڕانەسوڕێکیشبەشی کوردانە
بەرەو منیش دەخولێتەوە نۆرە گورزی مەش دێتەوە

*****

هاکا دێت منیش ڕاپەڕیم خوڕیم، گوڕیم، چڕیم ،دڕیم
سەپاب و پاڵەی دڵ پۆلالە شار و لادێ،لە چۆلا
کوتک لەسەرشان،داس بەدەس دەبێتە شۆڕش گێڕ هەر کەس
خۆ وەشێرن خوێڕی و قزەبمرێ هەرچی حیز و دزە
چەک لە چنگ زۆردار دەردێنم نق بکا سەری دەشکێنم
زۆڵە کوردی بێ ئابڕو دەنێمە سەر هوڕەی بەڕو
ڕووی گوندی خۆران ڕەش دەکەم ئاو و زەریام دابەش دەکەم
لە کیژ و لاوی جوتێران پاڵەوانی نەوەی شێران
هێزی کوردستان پێک دێنمتۆڵە لە دوژمن دەستێنم
بگا و مەگۆش،گێڵدم،ئویلدمیا یومە تێ ناگەم کوردم
کێ خواردومی دەڕشێتەوەکێ لێی دام لێی دەدڕێتەوە
لە گوریان کڕیاری پۆستمبۆبی زۆریان یار و دۆستم
ئەویش بێ بەش بوون وەکو من ئەویش خوێنی مژتون دوژمن
دوژمنی گەورە ئیستیعمار ڕۆژهەلات کوژەی شینەمار
مەردم خۆرەی چەرمو چەومبێ بەش لە شورەیی و شەرم
لەگەڵ تورک و عارەبی چاکگەلی ئێرانی باش و پاک
دەست لە قەدی یەک وەردەنێین ڕیشەی ئیستعمار دەردێنین
حەزیای خوێنمژی هەژارانبە گەل دەکەین بەردە باران
دەروگوێی بەداس بە چەکوشدەبڕن دەجنن چ کوڕ چ کچ
ڕێ نادەین خەونیش ببینی کە زل بۆ لەسەر زەمینی
لێی حەرام دەکەین ئەو خەوە مەرگی سەگی هار چل شەوە
پشت بەکام هێزی دەسپێرێ کوێ ماوە خۆی لێ وەشێرێ؟
کوودەڵەی دەلەسە و چەرچیل ئێمە دەیان گرین بە دیل
وەک گیسکی مس لە بەهارابن کلکیاندەکەین بە دارا
نیشتمانمان دەکەین بزار خوێن مژ دەبڕین لەسەر هەژار

******

هەواڵنامەی کتێب

ئالآی سێ ڕەنگی ڕەنگینم لە پۆپەی بەرزان دەبینم
دەلەرێ و دەشەکێتەوە دەردم سارێژ دەبێتەوە
برین لە گیانم نامێنێ..دەم و دەست گۆشتەزون دێنێ
ئەودەم بە کوێری نەیارانگشت خاکەلێوەی بەهاران
بۆ جێژنی ڕزگاری و سەرسالّ کیژۆڵەی کورد و کوڕ و کالّ
بالآ بەرزان و چاو مەستاندێن لە هەموو لای کوردستان

*****************

## قەومی کورد

قەومی کورد ئیسپاتی کرد بۆ عالەمی سەر ڕووی زەمین
میللەتێکی قارەمانن هەر ئەبێ سەربەست بژین
میللەتێ لاوی لە ڕێگەی سەربەخۆیی نیشتمان
بێتە بەر سێدارە بێ ترس و دەم بەخەندە و پێکەنین
قەومی وا نامرێ ،ئەژی با دوژمنی هەر شەق بەرێ
ساحێبی ڕۆڵەی نەبەردە، خاوەنی عەزمی مەتین
ئەو کەسەی گیانی لە ڕێگای نیشتمانا بەخت ئەکا
پێی مەڵێن مردوو،شەهیدە وا لە فیردەوسی بەرین
لاوی کورد مەردە لە مردن قەتعی یەن باکی نی یە
پەندی پێشینان ڕاستە( بەرخی نێر بۆ سەربڕین(
وا وەتەن دیسان بە مەحزوونی ئەڵێ: ئەی لاوەکان
بۆچی وا مات و مەلولن بەسیەتی شین و گرین
ڕۆژی تێکۆشانە سا دەی هیمەتی تاکو زووە
بە شکو لەم حالّە نەجاتمان بێ و لە دیلی دەربچین
گەرچی هەندێ کەس خەریکن وورگ و گیرفان پڕ ئەکەن
شەو بەبێ خەم سەر ئەنێنە سەر سەرین،هەر سەرسەرین
پیاو ئەبێ دایم خەمی قەوم و وولآتی خۆی هەبێ
ئەو کەسانەی بێ خەمن حاشا نەوەی ئەم خاکە نین

*****************

## ماڵاوا...
## مەتەڵ

لە ئەفسانەی کوردەواریدا دەڵێن: کە جنۆکە شایی و گۆبەند دەگێڕن،ئەگەر ئادەمییەکیان تێکەوت بە هەمووان ئامۆژگاری دەکەن کە ( ئەوەی لە دڵیایەتی نەیخاتە زاری و نەیدرکێنێ)،چونکە ئەگەر ئەو ئادەمیە ؟بسماللە؟ بکات شاییەکەیان لێ تێک دەچێ و بەو ؟بسماللە؟ یە دەڕەوێنەوە!! جا ئەوەی ئەهلی زەوق و ئەوە دنیا بدات بەمە دنیا ،کڕ دەبێت و لەژێر سایەی ئەو کڕبوونسیەیدا تەڕە دەماغی خۆی بەو گۆبەندە پاراو دەکات.. ئەوەش دوژمنی جنۆکان بێت و پیاوی خودا ئەوا گۆبەندەکەیان لێ تێک دەدات..

ئەمە ئەفسانەیە و ئەگەر لەبار و بابی گاڵتە و توڕەهاتدا نەگێردرێتەوە و سەری بۆ نەلەقێندرێ،دەبێتە گەوجێتی و خاوەکەشی گاڵتەجاڕی نێو خەڵکی..کەچی لەمە سەیروسەمەرەتر و ئەفسانەتر،لەژێر چارشێو و بەهانەی «سیاسەت و تاکتیک و عیلمانیەت و عەقل و عیرفاندا» لە جیهان/عالەمی سیاسەتی کوردەواریدا و بەدرێژایی نیوسەدە لە کوردستاندا بازاڕی گەرمە و هەڵپەڕکێ «شەیتانۆکەی» بەدەورەوە دەگێڕدرێت.. خۆ ئەگەر خێرخوایەک ووشەی «ب» ی لەدەم دەرچێ،خێرا سەرینی دەنێنە سەر دەمی و خەفەی دەکەن نەبادا «سماللە» کەی بڵێ و گۆبەندەکە تێک بچێت.

خەڵکینە، نەتەوەیەکی بیست و پێنج ملیۆنی داگیرکراوی چەوساوەی خاوەن) نیشتمان و زمان و مێژوو و داب و دەستووری) هاوبەش،کە بە درێژایی هەزاران ساڵ لە خاک و مەفتەنی خۆیدا لەبەردەم سەدان هێرش و پەلاماری داگیرکەراندا خۆی ڕاگرتووە. بۆ دەبێ کەسێکی دیکە خۆی بکاتە خاوەنی و سەروماڵ و شەرەفی خۆڕایی بکات؟. بۆ دەبێ ماڵەکەی وەکو بەشەمیراتی بەسەر چوار دەوڵەتی داگیرکەردا وەبەخشرێ؟. بۆ دەبێ لەدوا نیوەی چەرخی بیستەمدا ،لە وەڵامی بچوکترین مافی مرۆڤانە و نەتەوایەتیدا بە ئاگر و ئاسن سەرکوت کرێ؟.بۆ دەبێفشەمافێکی وەک ؟ئیتۆنۆمی و خود گەردانی» چارەکە سەدەیەک بجەنگێ؟.

بە کورتی و کرمانجی چونکە:

ـ ئەگەر خۆمان بەداگیرکراو بزانین،دەبێ داوامان وەدەرنانی داگیرکەر بێت.. نەک خێر پێکردن!.

ـ ئەگەر نەتەوە بین.. دەبێ وەک هەر نەتەوەیەکی دیکە خەباتمان بۆ کیانی سیاسی سەربەخۆ و دەوڵەت بێ! نەک سازش/ مساومەکردن و فشەماف!.
ـ ئەگەر برا بین، ئەمە برایەتی نییە و زۆرداریە و ناهەقی.. ئەگەر بەشێکیش بین لەو داگیرکەرانە.. نەک» خودگەردانی و حوکمی زاتی» چ پێویست ناکات..) یەکێتی نیشتمانەکە!!) دەکەوێتە مەترسییەوە!.
ـ ئەگەر خوازی جەماوەرەکە و خواستی مێژووش بەرچاوگرین، ئەوا دەبێ ( ئازاد و سەربەخۆ و یەکگرتوو)بین، نەک وێرای ووتنی «بسماللە»ی کوردایەتیمان نەبێت!.
ئەمە بووە مەتەڵ...
دەبڵێن: بەناوی کورد و بەهەقی کورد و بۆ کورد دەمانەوێ: وەکو ئێوەی داگیرکەرخاوەنی خۆمان بین..و (دەوڵەتی دیموکراتی کوردستان) دابمەزرێ!.
چەند ساڵە ئەمەمان بووتایە..ئەو گۆبەندەی لەسەر لاشەی کورد دەکرێت تێک دەچوو و دەبڕایەوە...
ئێستاش تا بە هەمووان بۆ ( کوردستانێکی ئازاد و گەلێکی یەکسان) هەوڵ نەدەین و ڕەپ و ڕاست خوازی «مافی دیاری کردنی چارەنووس» نەگرینە بەر،ئەم شانۆ گاڵتەجارە هەر بەردەوام دەبێت وەکو کورتانی(جەجاڵ»دەجاڵ») بە نوکە قەڵەمێکی داگیرکەرەکە هەڵدەتەقێتەوە.. دەک زراوی ئەوش چێ ناوێرێ بڵێ: نەتەوەم و «دەوڵەت»م گەرەکە!!.

هەواڵنامەی کتێب

**{{{ پێش ئەوەی هەر شتێ بین، دەبێ کورد بین}}}**

**کوردستانێکی ئازاد و گەلێکی یەکسان**

**ئاڵای سووری کوردایەتی**

**ئۆرگانی ناوەندیی هێزی پێشمەرگەی پاسۆک**

**چەکی بێ بیروباوەڕ سێدارەی جەماوەرە**

**ژمارە: ١٥–١٦ نیسانی ١٩٨٢ زاینی – گوڵانی ٢٥٩٤ کوردی**

## سەرەباس

+ ڕۆژی شەهید
+ ئایاری ڕەنجدەران
+ چەپکێ نێرگس بۆ گوڵدانێکی خوێن
+پاشماوەی چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوبیر «عەلی»،،،
+ ڕازێکی کوردانە..هەنگاوێ لەسەرەڕێی بیرکردنەوە لەداڕشتنی بینای فیکری کوردی دا...
+ بانگێ لەسەنگەری پاسۆکەوە...
+ قوتابخانەی پاسۆک..سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان،هەنگاوی هەرە پێویستی ڕزگاری و ..
+ شادەمارە سەرەتاکانمان
+ فەرهەنگۆک
+ لە کەلەپووری شۆڕشگێڕیمان
+ ماڵاوا... گوڕدانەخۆ

هەواڵنامەی کتێب

# ڕۆژی شەهید

شەهید خۆری سەرفرازی و کازیوەی ڕزگاری و شەرەفی میللییە.. شەهادەتیش مردنە بۆڕسکانی ژیان. نەتەوەی کوردی شەهیددۆست ، قالبووی بۆتەی ژیان و ژان و ژوان « ژیان» ێک کە تەنها مانای لە سەرفرازی و ڕەهاییدا دەبینێ و دەژی بۆئەوەی بە پێوە بمرێ و دەمرێ بۆ ئەوەی لەسەر نەژی. ژانێک کە بە مانای بوون دا ڕۆچێت و بارستایی و قولایی ژیان، لە تەنکاویبوونی ئاژەڵیانەی « خواردن و خواردنەوە و زایندە» جوێکاتەوە. ژوانێک کە عیشقی پیرۆزی خاک و خۆڵی نیشتمانە داگیرکراوەکەیەتی کە هەروەک ساوا خۆی بەسنگیدایکییەوە دەنووسێنێ و لێترازانی بە مەرگ بزانێ. لە سەرەتای مێژووەوە و لەو ڕۆژگارانەوە کە نەتەوەی کورد مانا و خەسڵەتەکانی نەتەوەی تێدا گەلاڵە بووە بەو جۆرە لە بوون و ژیان و « پەلەی ژیان» گەیشتووە و فەلسەفەی بوونی خۆی لەسەر بنیات ناوە. بۆیە کورد بە نەتەوەی شەهید و شەهادەت

دەناسرێت و شەهادەت لای کورد ئەو ڕێچکە سروشتییەیە کە چارەنووسی بۆ ڕۆڵەکانی دیاریکردووە و لە کوردەواریدا مردنی سەر جێگە بێ لوتفی ڕۆژگارە لەگەڵ تاکەکانیدا و مایەی حەسرەت و نائومێدی ئەوانەیە کە بەو شەرەفە ناگەن!.

شەهادەت لە باریئاسایی و ڕووبەڕووبوونەوەی تەن بە تەن لەگەڵ دوژمنان و داگیرکەراندا و لە جەنگەی بەرەنگاربوونەوەی هەق و ناهەقی دا، لەژێر هەر بارێکی دالەنگیویشدا ڕوودا، ئەرکێکی ئاسایی کۆمەڵگەی کوردەواری بووە. بەڵام کاتێ دڕندایەتی و ترسنۆکی و ڕەگەزپەرستی و « مباغة» و تای بەرانبەر دەبێت شەهادەت مانایەکی قوڵتر و فراوانتر دەگرێتە خۆی و هاندەرێک دەبێت بۆ شەهادەتی ئاسایی!..

هەر ئەو گیانەی شارە خنجیلانەکەی« هیرۆشیما و ناگازاگی» - قەلادزێ و هەڵەبجەی - کوردە. کە فرۆکە مەرگچێنەکانی بەعسییە ڕەگەزپەرستەکانی بەغدا لە ٢٤ و ٢٦ ی نیسانی ١٩٧٤ دا دایان بەسەر ئەو دوو شارە بێ بەرگرییەی/ دیفاع کورددا بۆتە هاندەری ئەو منداڵە چکۆلانەی کە لە شارەکەی قازی نەمردا خۆی لەبەرزنجیری تانکە ئیمپریالیزمییەکاندا ڕادەخست تا بەسەر لاشەی ئەودا نەبێت نەتوانێ شارە خنجیلانەکەی داگیر بکات و چاوی بەرایی نەدەهێنا گیان لەبەریا بێت و داگیرکەر وڵاتەکەی گڵاو بکات. ئەمە وەفاداری و ئەمەکی میللییە لە پلە هەرە باڵاکانیدا، تا ئێسکوپرووسکیهەنجن هەنجنکراوی ئەو منداڵە گەواهی/ شایەتی وەفاداریی ڕۆڵەکانی بێت.

مەگەر هەر ئەو گیانە نەبووە خوشکە سنۆبەر و دایە ئامینەی هانداوە بە ڕووی داگیرکەراندا بچنەوە و « مەرگ بۆ بەعس و ژیان بۆ کورد و کوردستان» تا دوا هەناسە بڵێنەوە؟.

مەگەر هەر ئەو گیانە نییە گیانی گەندەڵی ئەتاتورکی لە لەشی« ئەفرین» ی ترسنۆکدا ڕسکاندۆتەوە و سەرئەنجامەکەی« ئەتاتورک»ی لە پێشە؟!.مەگەر هەر ئەو گیانە نییە ئیمڕۆ دۆست و دوژمنی لەوە بەئاگا هێناوەتەوە کە کورد دەبێت « ئازاد و سەربەخۆ و یەککگرتوو» بێت و وەکو هەموو دنیا « کیان و دەوڵەتی » سەربەخۆی هەبێت؟!.

مەگەر هەر ئەو خۆراکە گیانییە نییە کە پێشمەرگەی چوار سنووری و « مافی دیاریکردنی چارەنووس» لە ئاسۆی گەشەی کوردایەتیدا دەرسکێنێ و خۆی بەسەر بیر و هەڵکەوتی حیزبە سیاسییەکاندا دەسەپێنێ؟!. جا یان دەبێت لەگەڵ ئەو بارەدا ساز بن، یان لاکەون. یان ببنە لەمپەرێک لە ڕێبازی هەردەم بەرەوپێشچووی کوردایەتی و ئەوکاتە لەگەڵ درک و داڵی داگیرکەراندا ڕادەماڵرێن و بەرەو چاڵی نەمان و ڕووڕەشی گسک دەدرێن.

ئێمە لەبەردەم پیرۆزیی/ قودسییەت و مەزنی ئەو گیانانە و پیرۆزی و بڵندی مانای شەهادەت و یادی هەمیشە لەیاد و ترۆپکی شکۆداری هەموو شەهیدانی کورد و کوردستان بە گشتی و شەهیدانی قەڵادزێ و هەڵەبجەی برینداردا بەتایبەتی کە ناو و شەرەفی ڕۆژی شەهید پشکی ئەو بەبەختانە بووە کە نیشانەی پیرۆزی و ڕەوایەتی ئیرادەی کورد و شۆڕشی ئەیلوول و دڕندایەتی و گلاوی بەعس بووە. سەری بڵندمان تەنها و تەنها لەبەردەم ئەمانەدا نەوی دەکەین و تاکە شتێکن کە دەبێ کورد لە ئاستیاندا سەرداخستن بزانێ. ئەویش سەرداخستنێکی ڕێز و قەدر زانین و تێڕامانێک بۆ گەیشتنە ئەو پایە و پلە و شەرەفە.

دە نەتەوەیەکئەوە لاپەڕەی دەفتەری یادگاری مێژوویی بێت، حەیف و ناڕەوایی نییە سوڵی« حوکمی زاتی» بۆ بکرێت؟!.

با بیر بکەینەوە و بەخۆتاندا بچنەوە تاکەی لافاوی دەریای خوێنی « ئازادی و یەکسانی» و « مافی دیاریکردنی چارەنووس» و « کیانی سیاسی» بە کوێرە دێراوی وشکە وەردی فشەمافدا دەبەن؟!. بۆ نابێت جۆگەی « ئازادی و سەربەخۆیی و یەککگرتنەوەی » لێ هەڵگرین؟!!.

بۆ....؟ بۆ.......؟ بۆ......؟!!...

## ئایاری ڕەنجدەران

هەموو وەرزێک و هەموو ڕۆژێکی ساڵنامەی مێژوو دەبێت خۆ بکاتە قەبەڵی ڕەنجدەران و بە ڕۆژ و مانگ و ساڵی زەحمەتکێشان بناسرێ، چونکە پەلی قڵیشاو و پێستی چرچ و ناوشانی بریندار و خوێنی وشکبووەی نێو ڕەگە هەڵئاوساوەکانی زەحمەتکێشان بنیات نەری ئەو بەشە گرنگەی لانی مادی ژیاری نووە و ڕێخۆشکەر و زەمینەسازدەری لایەنە فکرییەکەشی بووە و دەبێت. « پەلەی ژیان» خۆی لەو زەحمەت و پەلکوتانە بێبڕانەوەیەی نێوان مرۆڤ و سروشت و چەوساوە و چەوسێنەردا ڕەنگ دەداتەوە و تا گەیشتە ئاست و پلەی زاڵبوون بەسەر سروشت و پاکتاوکردنی هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەک . ئەو ململانێ پیرۆزە وەکو بەرچاوترین خەسڵەتی بوونی مرۆڤ دەمێنێتەوە و تا دوا بزماری چەوساندنەوە بەدەستی چەوساوان لە تەرمی شوومی چەوساندنەوە دەدرێت مرۆڤ ناگات و نەگەیشتۆتە ئەو پلە باڵایەی خوا و هەڵکەوتی ڕەخساوی بۆی دیاری کردووە.

بۆیە ڕۆژی زەحمەتکێشان، سەرەتای ئایار لە هەموو ڕۆژەکانی دیکە گەورەترە و تا ڕۆژگار خولێکی تر دەدات ئەم ڕۆژە مەزنتر دەبێت... لە یەکی ئایاری هەموو ساڵێکدا زەحمەتکێشانی هەموو دنیا لەسەر لوتکەی بڵندی هیوای پاکتاوکردنی هەر جۆرە چەوساندنەوەیەک و کۆتایی هێنان بە چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە دەوەستن. ئاوڕێک لە ڕابردووی ئەو نەبەردییە دەدەنەوە کە بە درێژایی بوونی مرۆڤ لە جەنگەی هەزاران جەنگی ڕەوا و پیرۆزدا سەرکەشانە هەنگاوی هەردەم بەرەوپێشچوو دەنێن و چاو لە ئاسۆی ڕوونی دنیایەکی بێ چەوساندنەوە دەبڕن.

زەحمەتکیشانی کورد، ڕەنجدەرانی کوردستان ، کە لـەهەزاران ساڵەوە، تا ئێمڕۆش لەژێر باری چەوساندنەوەیەکی دوو لایەنەی بێ نموونە و لە ململانێیەکی پیرۆز و بە پێزدان بۆ چەسپاندن و سەلماندنی مرۆڤایەتی و کوردێتی خۆیان، کە « کوردایەتی » بزووتنەوەی هەرە باڵای هەڵقوڵاوی ناو ناخی جەماوەری زەحمەتکێشی نەتەوەی کوردە و « کوردایەتی » مرۆڤی کورد مرۆڤایەتییە!..

ئێمە لە کاتێکدا کە پیرۆزبایی گەرم لە یادی ڕۆژی زەحمەتکێشانی جیهان دەکەین و سڵاوی زەحمەتکێشانی کورد بە هەموو دنیا دەگەیەنین.

ئەو ڕاستییە یادی هەمووان دەخەینەوە، کە زەحمەتکێشانی کورد لە سەرتاسەری مێژووی کوردەواریدا هەردەم سەرەنێزە و دەستە چێڵەی خەباتی پڕشکۆی « کوردایەتی » بوون. ئەوان ئامانج و هۆ و کەرەسەی خەباتی نەتەوایەتی ڕزگاریخوازانە و کۆمەڵایەتی سەرفرازانەی کۆمەڵگەی کوردەواری بوون. بۆیە تەنها ئەوانب خاوەنی ڕاستەقینەی شۆڕش و مێژووی کورد.

پایەدار بێت ڕۆژی کرێکاران
سەرکەوتووە خەباتی « کوردایەتی »
دابمەزرێ « ئازادی و یەکسانی»

هەواڵنامەی کتێب

# چەپکێ نێرگز بۆ گوڵدانێکی خوێن

دووساڵ لەمەوبەر، ڕۆڵەیەکی جەربەزە و قارەمانی « پاسۆک » گیانی خۆی خستە سەر لەپی دەستی و لە ژان و پەژارەی حیزبەکەیەوە بڕیاری ئەوەی دا، کە سەفەرێکی هاتوو نەهات بکات و بەهەر نرخێک بێت تارمایی شەوی سامناکی تەلبەندکراوی حیزبەکەی بشکێنێ کەڕۆژگار و بازرگانانی سیاسەت بەدەوریدا تەنیبووین.

ڕۆیشت و نەمان دیتەوە تەنها هەواڵێکی جەرگبڕی گەیشتەوە کاکە « حەمە» لەو سەفەرەی دا دەست لەملی ئاواتێکی لەپچڕاندنی قەفی زنجیری سنووری سەپاودا ماڵاوایی یەکجاری لە کورد و حیزبەکەی کرد!..

جا دەبێت کاکە ئەفسەر / ملازم «محەمەد شەوقی» لەنیوەی ڕێدا گلابێت؟ و ئاواتەکەی نەهاتبێتە دی؟!... ئەمە گومانێکە لە بنەمایەکی واوەهەڵدەستێکە کاکە «حەمە» و حیزبەکەشی دەمێک بووە لە پشت خۆیانەوە بەجێیانهێشتبوو. چونکەبوون و ژیان و ئامانجەکانی نەتەوە و مرۆڤایەتی لای ئێمە لە بزووتنەوەیەکی دنیایەکی بێبەانەوەی سەرتاسەریدایە و ئەوی ئێستا پێش خۆی و ئەوی دواتر ئەو تەواو دەکەن و ناشێ و نابێتێ لێک بترازێن و تەواوکەری یەکترین و پێکەڵپێک و ئاوێتەی یەکترین.. هەر شەهادەتی ئەو وهاوبیرانی تەرجەمەی ئەو ڕاستییەن .

هەنگاوی شەهید ملازم محمەد تەواوکەری تەکانی سێ مانگ لەوەوبەری شەهیدی جوانەمەرگ و هەڵکەوتوو کاکە« فەرهاد خەفاف» بوو. پێنج مانگ دوای هەنگاوی ئەو شەهیدی قارەمان و هەرگیز نەمر کاکە « فەتاح» دێڕێکی دیکەیلەداستانی قارەمانێتی نەخشاند و...دوایی.... دوایی.. و ئێستاکەش ئێمەی قوتابیان و جەنگاوەرانی قوتابخانەی« پاسۆک» سەرەمان بۆ ئەو شەرەفە گرتووە... و تا « کوردستانێکی ئازاد و گەلێکی یەکسان» بێبرانەوە ئەرکی ئەو شەرەفە لە ئەستۆی هەمووانداینە..

بنوو کاکە « حەمە» تا خوێنی شەرەف لە دەماری کوردایەتی و مەردایەتی قوتابییەکانی هاوبیرتدا گەڕ بخوات ئەو کاروانەی ئێوەی نەمر شەقاوی یەکەمتان لە مەودای/ مەسافەی هەزار میلیدا بۆ نا، هەر بەردەوام دەبێت.، تا دەگاتە مەنزڵگەی پیرۆزی..

بام کۆسپۆلکەی کوردی و بێژەنگی کونکونی داخ لەدڵان هەڵپەی بەرگرتن بە خۆری « ئازادی و یەکسانی» ش بکات!!.

,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,

## پاشماوەی ژمارەی پێشوو، لە چاوپێکەوتنەکەی هاوبیر(( عەلی))

**پ١٥: هەڵوێستی حیزبمان بەرانبەر بیری (مارکسیزم ) چی یە ؟**

دەبێ ئەوە بزانرێت ، با ئێمە حیزبی شیوعی عێراقی بە تاکە نوێنەری ڕاستەقینە و هەڵگری بیری مارکسیزم بزانین.. بەڵام مارکسیزم وەکو فەلسەفە و بیرێک شتێکە و حیزبی شیوعیش شتێکی دیکە. بە مانا هەڵوێست لە حیزبی شیوعی – خوا نەخواستە – لەوانەیە بگۆڕێت ، بەڵام بیری ((مارکسیزم )) چەسپاو نەگۆڕە... بۆ نموونە: حیزبی ئێمە هەڵگری بیر و فەلسەفەی کوردایەتییە، دەشێ نەتوانین دروست و چەسپ لە ڕەفتار و سیاسەتماندا ڕەنگی ئەو بیر و فەلسەفەیە بدەینەوە و هەتا بترازێشین، ئەوسا ڕا لەسەر ((پاسۆک))، شتێکە و لەسەر بیری ((کوردایەتی )) شتێکی دیکە. وەک کابرایەکی موسڵمان وتوویەتی : ئێمە ئەگەر نەتوانین ئیسلام بچەسپێنین و یان هەڵەی تێدا بکەین ، ئەوە بێتوانایی و هەڵەی ئێمەیە، نەک ئیسلام.. مەبەستم ئەوەیە دوور ، لە سیاسەتی ڕۆژانە و پەیوەندی حیزبانە ، ڕای حیزب بەرانبەر (مارکسیزم ) دەربڕم: مارکسیزم ، بیرو فەلسەفە و هەوڵێکی وورد و گرد و فراوانی چارەسەری کێشەی مرۆڤایەتیە، وەک مارکس خۆی و یستویەتی ((فەلسەفەی تێ گەیشتنی بوون و گۆڕینی ژیانیش بێت نەک لێکدانەوەی/ تەفسیری بوون. بەرەیەکی گەورە و پێڕەوانێکی زۆری خۆشی هەیە.

ئێمە لەسەر بناغەی ڕێز لێنان و دژایەتی نەکردنی هەر بیروباوەڕێک دژ بە کورد و بەرژەوەندی کورد نەبێت ، ڕێزی پێویست لە فەلسەفەکە و هەڵگرانی دەنێین و ئەوەندەی بۆمان قووت چێت و لەگەڵماندا بسازێ و پێمان ڕەوا بێت، وەک هەر بیرێکی دیکە ، لە خانەی سوود لێوەرگرتن بە هەموو جۆرەکانیەوە لە بەر چاوی دەگرین.. ئێمە بەش بەحاڵی خۆمان خۆمانی نادەینەدەست/ تەسلیم ناکەین و سەرلەبەریشی ڕەت ناکەینەوە. گەر یەکەمیان بکەین ، پاسۆک نین و خۆمان بە هەڵەدا دەبەین ، گەر دووەمیشیان بکەین ئەوا دەبینە (نوقتەی چوارەمی ئەمەریکا لە کوردستان دا!. جارێ دژایەتی هەر هیچ.. بۆ چەندایەتی و چۆنایەتی سوود لێوەرگرتنی، ئەوا ئێمە بۆ ((مارکسیزم )) و هەر بیروباوەڕ و تاقیکردنەوەیەکی دیکە سێ خاڵ بەرچاودەگرین

١- زانستیبوونی/ علیمیەتی ئەو بیر و لە بارییەی هەر تاقیکردنەوەیەک،واتە واقعییەت و گونجاویی لەگەڵ سروشت و هەڵکەوتی مرۆڤدا.

٢- گونجانی لەگەڵ بارو هەڵکەوتی ماکی و مینۆکی/ ماددی و مەعنەوی کۆمەڵگەی کوردەواریدا.

٣ـ سوودو بەرژەوەندی کۆمەڵگەکەمان تێیدا.

دوا بڕیاریش تەنها بۆ جەماوەر و حوکمی مێژووە و ئێمە لەبەردەم هەردوویاندا ملمان لە موو باریکترە. چونکە خۆمان و حیزبمان و هەتا باوەڕەکەشمان، هۆ و هۆکارن بۆ مەبەست و ئامانجی جەماوەری نەتەوەکەمان. لەڕووی(کردار) یشەوە، بەرژەوەندی کورد و چارەنووسی مەسەلەکەمان لەدۆستایەتی و هاوکاری و بەرابەری و یەکسانی کوردایەتی و بەرەی سۆسیالیستخوازدا دەبینین. لەمەیدانی ململانێی نێو دەوڵەتیشدا، دانەپاڵ بەرەی ئیمپریالیزم، یان هەتا بەیەک چاو تەماشاکردن و هاوتا کردنەوەی ((بەرەی پێشکەووتوو)) و ئەوان ـ کە ئەمە خۆی لایەنگیرییەکی بەحورمەتانەی پەلاشاویی بەرەی ئیمپریالیزمە– .دژایەتی کوردو کوردایەتییە و هەتا خیانەتێکی میللیشە.

ئێمە ((کوردایەتی))مان دەوێت و بیرو فەلسەفە و ئاڕاستەکەری بوون و ژیانی کوردەواری بێت. هەرنەتەوەیەک و کۆمەڵگەیەکی دیکە چی دەوێت و چی هەڵدەبژێرێ، ئەوە کاری خۆیەتی و ئێمە تەنها لەسەرمانە، ڕیزی ئەو خواست و هەڵبژاردنە بگرین. چۆن نامانەوێ و ڕێ نادەین((هیچ بەرەو دەسەلات و لایەک، لووت بژەننە چارەنووس و خوازی جەماوەری کورد (ئاواش نامانەوێ و ڕێگە بەخۆمان نادەین) قسەی دەرەکی لەویست و خواستی هیچ کەسدا بکەین.

بەکورتیەکەی: ئێمە مارکسی نین، بەلام هەرگیزیش (ئەنتی مارکسی) نین و بە ئەندازە و بارستایی ڕێزلێنانمان مافی دیموکراسیانە و پاراستنی ئازادی بیروباوەڕمان لەو بیرە دەنێین و حەزدەکەین لەبینە بڕکێیەکی هێمنانە و برایانەدا، لە نێوان هەموو بیرە جویێکان دا، لە کوردستان دا بەرژەوەندی کورد بەدی بێت.

کێ راستە؟ و کێ راست نییە؟ ، هەردەم دەیدەینە دەست جەماوەر و حوکمی مێژوو. کەسیش قۆنتەراتی نەگرتووە بیرەکەی ئەو بە ڕاست دەرچێ. خزمەتێکی بێنیاز و هەوڵێکی دڵسۆزانەن بۆ کورد و مرۆڤایەتی. پێشمان وایە ئەگەر بە دووی گێچەڵدا نەگەرێین و هەوا و هەوەسە زاتییە قرخنەکانمان تێکەڵی بارە بابەتی و بەرژەوەندیەکانی جەماوەرەکەمان نەکەین، ئەوەندەی خاڵی پێک گەیشتن و لێک گەیشتنمان لە نێواندا هەیە، کە تا چەندین قۆناغ ئەو بیرە جوێ جوێیانە دەتوانن پێکەوە هەڵکەن و هاوکاری و دۆستایەتیش بکەن و هەتا یەکدیش دەوڵەمەند بکەن.

خۆ هەتا لە قۆناعە پێشکەوتووەکانی داهاتووشدا بەرە بەرە بەرچاوان ڕوون دەبێتەوە. هەمیشە ناوەڕاست ڕێیانێک هەیە کە تێیدا یەک بگرینەوە. با چاو بۆ

دووڕیانی جیابوونەوە و لێکترازان و پێکداکەوتن هەڵنەخەین. گرنگ ئەوەیە درووشمە دووره دەست و دوایيەکانمان، پێویستیی پێک گەیشتن و هاوکاری ئیمرۆ و سبەی و.. مان لا تێک نەدات.ئەمەش تەنها بە گەیشتن بە ئاست و پلە و تەمەنیپێگەیشتنی/ رشدی سیاسی و فکری دێتە دی.

**١٦. مەسەلەی چینایەتی لە جیهان دا بە گشتی و لە کوردستان دا بە تایبەتی لە ڕوانگەی حیزبمانەوە چۆنە ؟.**

کێشەی چینایەتی مەسەلەیەکی گرنگ و ئاڵۆز و یەکجار فراوانە و زۆر بیر و فەلسەفە و کەس ئەسپی خۆی تێدا لنگ داوە و هەتا زۆریش بینای خۆی لەسەر هەڵچنیوە.سەدەی نۆزدە و بیستەم ڕووپەیەکی فراوانی مەسەلەی چین و چینایەتی و تا ئەوپەڕی خۆلێ گێلکردن و دانپێدا نەنانی بووە.ئێمە چین بەو دەستە و بەرە خەڵکە دەزانین کە لە قۆناغێکی دیاریدا بەرژەوەندی و پیشە و ئاستی ژیان و مەوقعی کۆمەڵایەتی یان یەکیان دەخات و لە چینێکی دیکە جوێیان دەکاتەوە. وەکو بونێکی بابەتی خۆرسکی لە کۆمەڵگای ئیمرۆی مرۆڤایەتیدا بە ئاشکرا دەردەکەوێ و لەسەردەمێکی کە مرۆڤ لە ژیانی نێو ئەشکەوت و بەندەن و وەحشی گەرێتیەوە پێی ناوەتە قۆناغی شارستانێتی و ژیانی کۆمەڵایەتی. بە حوکمی لێک نەچوون و جیاوازی توانا و بەهرە و ووزەی تاکە تاکەی مرۆڤ ڕێگە پێدان و بەرنەگرتن بە گەشە و لە ئەندازە و سنوور دەرچوونی ئەو جیاوازی و لێک نەچوونە بۆتە هۆی دروست بوونی چەند پلە و پایەیەکی جیا جیای کۆمەڵایەتی کە هەردەم چینی سەرەوە لە ڕووی ، ژمارەوە زۆر زۆر کەمتر بوون لە چینە دامێنەکانی کۆمەڵگە و لە ڕووی دەسەڵات و سامان و گوزەرانەوە ، هەڵکشاوتربوون ئەگەر نەڵێین بۆ ئەوان پاوان بووە.ئەم دیاردەیەش لە ڕووی چەندایەتی و چونایەتی و قووڵی و گردەبڕی و هەڵکەوتەوە بە پێی سەردەم و شوێن و کاتی دیاری دەگۆڕێ ، ئەگەر چی وەکو بوونێکی بابەتی خەسڵەتێکی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە. بەڵام لە ڕووی هەڵکەوت و دەور و کاریگەرێتییەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێ و جیاوازی چەندایەتی بە پێی هەلومەرج و سەردەم جیاوازە.

بۆ نموونە لە ئەورووپای سەدەی هەژدە و نۆزدە و بیستەم و سەردەمی شۆڕشی پیشەسازی و جۆشدانی دڕندایەتی و هەڵپەی سەرمایەداری و دابەشبوونی کۆمەڵگە بەسەر جووتە چینی زەحمەتکێش کە ! (چینە هەرە زۆر و هەرە هەژارەکە بوون) چینی بۆرژوا(کە مشتێ سەرمایەداری چەوسێنەرەوەی خاوەن دەسەڵات و هۆی بەرهەمهێنان بوون). کێشەی هەرە گەورە و تاوسەندووی ئەو کۆمەڵگایانە خەباتی

چینایەتی بووە ، کە ئەو ڕۆژە مەسەلە چینایەتییەکە پانتایی و ڕووپەرێکی فراوانی ((پەلەی ژیان )) ی گرتبووەوە ، هەرئەمەش بووە لەو سەردەمانەدا زۆربەی کێشە و هەوڵ و بیرکردنەوە و چالاکی ڕۆشنبیری و زانستی و فەلسەفی بە دەوری چین و مەسەلەی چیندا هەستاوەتە و چەقی بەستووە بە جۆرێکی وا کە هەموو دیاردەکانی کۆمەڵگە و یاسا و چەرخی مێژوو و ڕەوتی مرۆڤایەتیش دەبرایەوە سەر ئەم مەسەلەیە.بەڵام پاش تێهەڵکشانی مرۆڤ لە پلەی شارستانیەتی و پەرەسەندنی ڕۆشنبیری و بەئاگاهاتنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی و دەستدانە خەباتی چالاکانە و بێبرانەوەی سەخت و دژوار و بەرەبەرە بەرز بوونەوەی ئاستی سیاسی جەماوەر و هاتنە مەیدانی بیروباوەر و کۆمەڵ و ڕێکخراوی شۆڕشگێر و ئازادیخواز و ، زنجیرەیە سەرکەوتن و ماف ئەستەند و ڕەگ داکوتانی دیموکراسیێتی ئەو بارە بەرەو هەڵگەڕانەوە و هەڵتەکاندنی و بنەماکانی چەوساندنەوە و جیاوازی چینایەتی بێتەدی ، بەڵام ڕەوتی بەرەوپێشچووی ژیان هەمیشە مل بەرەو ئەو ئاستە دەنێ و جیاوازی ناسروشتی و دەست کرد و چەوساندنەوە و هەر بوونی چینایەتی بەو شێوە و هەڵکەوتەی ئیمرۆ خۆی ڕوو لە نەمانە و دژی لۆژیکی مێژووە. بۆیە دەبێ نەمێنێ. ئەمە ڕاستییەکی بەرچاوی زانستیانەی بێ چەندوچۆنە ، بەڵام ئێمە پێمان وانییە ئەو ململانێ و شەڕە نەبڕاوە کلپەی سەندووە ، نە بەو جۆرە بەتین و ئاشکرا و فراوان و گردەبڕ بێت و نە ئەو گشتگیرییە/ شمولیەتو هەرگیزییەتەی/ ئەبەدیەتەی هەبێت ، نە بەو جۆرەشە کە هەموو تانوپۆی ژیان و بوون و چالاکی مرۆڤی گرتبێتەوە و سەرچاوە و بزوێنەری مێژووی مرۆڤایەتی بوو بێت و ببێت.

لە تەک ئەم هۆیە و دیاردەیەوە سەدان و هەزاران هۆی دیکەی ((نەتەوایەتی و ئاین و مەزهەبی و دەروونی و سیاسی و ...)) هەن و زۆرجار هەڵدەکەوێ زۆر لە ململانێ چینایەتییەکە توندتر و کاریگەتر و بەرچاوتر و بزوێنتر و هاندەرتر و شتتر بن و لە زۆر کۆمەڵگەدا کە مەسەلەی چین بەو جۆرە بەر هەست ناکەوێ و جوداوازیەکە لە ڕادە و سنوور بەدەر نەبووە، مەسەلەکانی نەتەوایەتی و ئایینی و مەزهەبی و خێڵایەتی و هۆزایەتی و ناوچەگەری و هەتا کەسیش/ شەخسی کاریگەرتر و پتر هۆی پێکداچوون یان لێک چوونن !!. لە هەموو حاڵەتاندا بە هەموویان و هەرکامییان و چۆن و چەند و بەشێوەیەک خۆ دەردەخەن تەنها ڕوویەکی ((پەلەی ژیان )) ن وبەس .

گێرانەوەی هەمووهۆ و هۆکارە کۆمەڵایەتی و مێژووییە کیان و سەرجەمی بوون و ژیان و چالاکی مرۆڤایەتی بۆ تاکە عاملی((چین وچینایەتی )) و((ئابووری )) دژی ، ڕاست و واقع و مە نگقی مێژوو و ڕووداوە بەرچاو و مێژووییەکان و

کورت هێنانی نیگای ژیانه و ناتوانێ تەفسیری هەزاران ڕووداوو بەسەرهات و دیاردەی بوون و ژیان بکات.. ئەمەش هیچ له ڕاستی و گرنگێتی و بوونی(چین و چینایەتی ) کەم ناکاتەوە.. بە کورتیەکەی چەق بەستن و گێڕانەوە و تەفسیر و هەڵسەنگاندنی بوون وژیان و چالاکی مرۆڤ بۆ سەر هەر تاکە عاملێک ودانە پاڵلی تاکە هۆیەک ، یان تێ نەخوێندنەوەی مل ملانی ی چینایەتی و گرنگی پێ نەدانی و ڕەت کردنەوەی ، لە هەردوو حاڵەتدا لەتر بە بیر و هەڵوێست و تێ گەییەشتنی مرۆڤ دەکات ، ماوەتەوە ئەوەی بڵێین : بەلای ، ئێمەوە مەوقعی هەر میرۆڤێک (لە ژیان و بوون و چالاکی کۆمەڵدا ؟ جۆر و شێوەی بیرکردنەوە و هەڵکەوت و چەشمە ندازی بۆ ژیان دیاری دەکات ، نەک مەوقع و هەڵکەوتی چینایەتی ئەو مرۆڤە.. بەش بە حاڵی خۆمان دژی هەموو جۆرە چەوساندنەوەو ڕووتاندنەوە و بارێکی نا سروشتی هەڵکەوتی مرۆڤ و کۆمەڵگەین ، کە یەکێک لە گرنگ و بەر چاوەکانی کێشەو چەوساندنەوەی چینایەتیە و دژی هەمو ( امتیاز و بەردەستەیەک و جیاوازیەکی ) نا سروشتی نێو تاکەکانی کۆمەڵین کە جیاوازی یە نا سروشتی یەکان دەگرێتەوە.. تەنها باوەرمانبە جیاوازی خۆرسکی و سروشتی هەیە کە لە ڕووی ((توانا و هەڵکەوتی مێشک و بازووەوە )) پەیدا دەبێت بەو مەرجەی نەبێتە هۆیەک بۆ چەوساندنەوە .

ئێمە لە دوو سەرەوە دژی ئەو جیاوازیە نا سروشتی چەوساندنەوەی چینایەتی و ئەصڵی بوونی چین گەر بڵێین :

یەکەمیان : بارێکی نا سروشتی و نادروستی دژ بە بیرو هەڵکەوت و ژیانیمرۆڤانەیە

دووەمیان : تەنها لە کۆمەڵگەی بێ چین جیاوازی ئەو (انسجام ) و گونجانە پەیدا دەبێت هەموو تاکەکانی نەتەوەپێکەوەدەبەستێ و نەتەوە و نەتەوایەتی بگەیەنێتە دوا پلەی باڵاو (تسامی ) .. و کۆمەڵگەی نەتەوەییانەی پتەو و بە توانا و یەکگرتوو بێنێتە دی و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بگەیەنێتە قۆناغی نەتەوە سۆسیالیستە بێ چین و جیاوازە هاوکارەکان.

**١٧ئایا ئەو قۆناغی نەتەوە سۆسیالیستە بێ چەوساندنەوەیە هەنگاوی یەکەمە بۆ نەمانی نەتەوە و نەتەوایەتی و جیهانێکی نا نەتەواییانە ؟ یان زاڵ بوونی زمان و نەتەوەیەکە بەسەر هەمو جیهاندا و دروست بوونی یەک کۆمەڵگەی مرۆڤانەیە ؟ یا چی ؟ ..**

بەلای ئێمەوە نەتەوە زادەی سەردەم و قۆناغ و بەرهەمی چین و بارێکی کۆمەڵایەتی نی یە .. دیاردەیەکی کاتی وسەربەشیوە و جۆرێکی تایبەتی چەیوەندیە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان نی یە و بەند نی یە بە پلەیەکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی

یەوە. شێوە و قاڵب و قەوارەیەکی سروشتی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ خەسڵەتێکی دیاری و (متفرد )ی ، خۆرسکی مرۆڤە. کە بە عەمەلیەتێکی مێژوویی درووست بووەو حاڵەتی هەرە سروشتی ژیانی مرۆڤە لە سەرەتای مێژووەوە و پاش ئەوەی بەرە بەرەماکەکانی نەتەوە کە ( زمان و نیشتمان و مێژوو و هەست و داب ودەستووری )) هاوبەشە سەریان هەڵداوە و گەڵاڵە بوون و بەرەو کامل بوون چوون. کۆمەڵانی مرۆڤ لێک جوێ بونەتەوە و هەر کۆمەڵەی شەقڵی تایبەتی و سەربەخۆی بەخۆیەوە گرتووە هەتا چەرخی رۆژگار و پێشکەوتن و فراژوو بونیش خولێکی پێشکەوتوو تری دابێ ئەو شەقڵە پتر خصوصیەت و کەسایەتی تایبەتی گرتووە سەقام گیر بووە. دەتوانیین سەرەتاکانی دروست بوونی (نەتەوە ) بگێرینەوە بۆ ئەو سەردەمانەی مرۆڤ پێ ی ناوەتە ژیانی شارستانێتی ژیاریەتی و بەردە وام بوو ئەو عملیەتە سروشتی یە بەردەوام بووە تا دێتیش پتر جێگیر دەبێت و کامل تر دەبێت ، دیارە زۆر هۆی یاریدەدەر و لاوەکی هەن بۆ پتر خۆ دەرخستن و دەرکەوتنی ئەو بارە کۆمەڵایەتی یە ، یان شێوە و قاڵب وبەرچاوکەوتن و خۆدەرخستنی. وەک بوونی ئاینێکی هاوبەش کە هەوینی گردکردنەوەو تەعبیرکردن بێت لەو گوزەران و ئابووری بە کورتی هۆیەکانی پێکەوە لکانی تاکەکانی نەتەوە.. هەستی نەتەوایەتیش کە هەستە هەستێکی خۆرسکی فیتری مرۆڤە بە دوای پەیدا بوونی نەتەوە پەیدا بووە و بێ هیچ دەسکاری مامۆستا و فێرگەیەک لە هەست و هۆش و ویژدانی مرۆڤدا سەر هەڵدەدات و لەم سەدانەی دواییدا گەورەترین بزوینەری ، مێژوو بووە .. دیارە ئەو هەستە خورتە خۆرسکی یە بە تەوژم و تینە ئەگەر وەک هەر بوونێکی فیتلری و خۆرسکی دیکە بەری بۆ بەرە لاکرێت و لە سنوور و ئاکاری سروشتی خۆیدا پەروەردە نەکرێت و بوعدی ئیجابی و تین و مانای خێرمەندانەی نەدرێتێ.. تووشی لادان و زیادرەویی و لە گریژنەچوون و دزێوی دەبێت و لەسەر رەوتو مانا و جەوهەری خۆی نامێنێتەوە ، سەرەنجی هەڵپەی ژیان و گوزەران بدە کە بارێکی دەروونی و خۆرسکی ژیان و بوونە ، کەبەری بۆ بەرەڵا دەکرێت و هیچ سنوور و ((رادع)) ێکی نابێتدەبێتە خۆ خۆری و ماکی چەوساندنەوە و رووتانەوەی لێوەشین دەبێت هەتا غەریزەی جنسی ، لەگەڵ ئەو پەڕیرەوایەتی و پێویستیدا کە هەموو ژیانی پێوەبەندە ئەگەر سنوور بەند نەکرێت و رێی پێ بدرێت ە خەتی سروشتی خۆی دەرچێت دژ بە هەموو یاسا و دەستوراتی ئاسمانیو ئەرزی دەبێتەوە.. هەرواش نەتەوایەتی بام بزوینەر و ئاراغستەکەری چالاکی مرۆڤ و خەسڵەتی بنەرەتی ی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ و دیاردەیەکی یەزدان کردی خۆرسکی بێت..

ئەگەر گەورەترین هێزو باوەری دژ بە زوڵم و زۆرداری و داگیرکردن و ناهەقی بێت ئەگەر پەتی بۆ شل کرێت و لە سنووری سروشتی خۆی دەربچێت لە باتی ئەوەی هێزێکی ئیجابی بیناکەر بێت دەبێتە هێزێکی تێکدەری سلبی.. کە بەمە خەسڵەتی سروشتی بنەڕەتی خۆی لە دەست دەدات ولە ((نەتەوایەتی دەکەوێت)) .. نەتەوایەتی هەستی ڕەوای سروشتی ناخی دەروونی هەست بە بوونی نەتەوایەتیانەو انتمای نەتەوەییانەی مرۆڤە.. هەستی خۆشەویستی و گیانفیدایی مرۆڤە ، بەڵگەی دێرینی و زیندوویەتی ئەم هەست و بارە سروشتیەش لە دەیان و سەداندەقی هەزاران ساڵ لەمەوبەرەوە لەبەر دەستدایە.. لەم رووەوە هەزارو چوارسەد ساڵ لەمەو بەر ((قورئانی پیرۆز)) باسی لەو هەڵکەوت و بوونە نەتەوەییانە کردووە و مانا و رێچکەی سروشتیی بۆ کێشاوە و فەرموویەتی ((وجعلناکم شعوبا و قبائل لتعارفوا ..)) بە هۆز گەل دروستم کردوون ، تا لەیەک بگەن و پێک بگەن و هاریکاری یەکدی بکەن..

ئەمەش شەهادەتێکی مێژوویی یەزدانانەیە دەشێ وەکو بە ڵگەیەکی مێژوویی دێرین بوونی نەتەوە و هەستی نەتەوایەتی حسێب بکرێت و روزوی راست و ئیجابی نەتەوایەتی بێت. لەمە بترازێ نەتەوایەتی نی یە ، وەکو ئەو هەستە شێواو و لادراوە لە ڕێچکەترازاوەی بەهۆیەوە وڵاتە کە پیتالیستەکان و بورژوای چاوەچنۆکیان دەستیان بەسەر وڵاتانی ئاسیا و ئەفەریقا و ئەمەریکای لاتینیدا گرتووە و جووتە جەنگی جیهانیان بەر پاکردوەو فەلسەفەی ((نەژاد پەرستی ))و ڕەگەز پەرستی ((و فاشیزمی )) یان پێ دەربازکردوە و بازاریان گەرم کردوون.

هەموو ئەمانە دژی فەلسەفەی نەتەوایەتی و بیری ،، خۆرسکی نەتەوایەتین و تێکەڵاوکردنی ((ڕەگەزپەرستی فاشیزمی و دەمارگیریی میللی )) لەگەڵ هەستی ئیجابی خۆڕسکی ی )) نەتەوایەتیدا وەکو ئەو وایە (پۆل پۆت ) بە تاکە نوێنەر و بەڵگە و نیشانە و ((معبر )) ی مار کسیزم بزانرێ یان لە رەفتار و بیری معاویە و یزید وەوە ئیسلام هەڵبسەنگێندرێ !!. ئەگەر بێمە سەر وەڵامی پرسیارەکە ، دەڵێم (نەتەوە ) کان بەرەو تواندنەوە و تێکە ڵکێش بوون ناچن بە مانای لە بەین چوون و خۆکوژی و لەدەستدانی خصوصیەتی نەتەوایەتیمان.. بەڵکوتا دێت پتلر سەقام گیر دەبن و رەگ دادەکوتن ، بەڵام پێمان وایە کە رۆژ بە رۆژ ئەو نەتەوانە لێک نیزیک دەبنەوە و پەیوەندی هاوکاری و هاریکاری و دۆستانە لە شوێن شەر و هەڵلا و دژایەتی دادەمەزرێ و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەرەو ئەوە دەچێت نەتەوەکان دوا شەقلی خۆیان بە خۆوەگرن و چەوساندنەوەی چینایەتی و هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەک لە بەین بەرن ودەسەڵات و چارەنووس بکەوێتە دەست جەماوەرەکانیان و پەیوەندیەکی دروست و خێرخوا و ئیجابی لە نێوانیاندا لەسەر بناغەی پاراستنی ماف و هەڵکەوت

و سەربەخۆی هەریەکەیان و ڕێز و سوودی بەرانبەر دابمەزرێ.. تا دێتیش هەوڵی سەربەخۆیی میللی و پاراستنی شەقلی نەتەوایەت و بوونی نەتەوایەتی و خۆنووساندنی بە خصوصیەتی نەتەوایەتی‌یەوە توند و بە تەوژم تر دەبێتهەموو هەوڵێکی کپکردن و تواندنەوە لە ژێر هەر ناوێکدا بێت ڕوو بەرووی تێکشکان دەبێتەوە و سەر ناگرێت. ئەگەر وورد سەرنجی پەیوەندی نێو نەتەوایە تیانەی وڵاتە سۆسیالیستخوازەکان و هۆکارەکانی جیاوازی و ناتەبایی ولێک ترازان و پێکەوە ژیان و پەیوەندی یان و هەستی نەتەوایەتی یان ، ئەو ڕاستیە دەردەکەوێت کە لە ژێر سایەی ئەو ڕژێمانەدا ، ئەگەر ئەو هەستی نەتەوایە تیە توند و بەتەوژم تریش نەبێت کەمتر نی یە لەهەر لایەکی دنیا.. جاروباریش بەندو باوی ((مرۆڤایەتی )) وکۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دێتە پێش کە ئەم خۆی هەڵەیەکی گەورەی زانستی و فەلسەفی یە چونکە مرۆڤایەتی حاڵەتێکی کۆمەڵایەتی نی یە ، تەنها هەستێکی هاوبەشی نێو مرۆڤە کە بریتی یە لە هەستکردن بە مرۆڤایەتی مرۆڤ و پەیوەدیبەرەگەزی مرۆڤەوە بێ گومان دەتوانین بە دیوێکی هەستە ئیجابی و خۆرسکەکەی نەتەوایەتی دابنێین یان حاڵەتە دەروونی یەکەی نەتەوایەتی ڕەسەن و دروستە..

**١٨ ئەو مەرجانە چین کە دەبێت لە کادری سیاسی حیزبێکدا هەبێت و گرنگێتی کادری سیاسی چی یە ؟ .**

پێویستە کادری سیاسی هەر حیزبێک ئاستێکی چاکی ڕۆشنبیری سیاسی گشتی و ئاستێکی باڵای سیاسی تایبەتی بیرو باوەر و سیاسەتی حیزبەکەی هەبێت و توانای دەربڕینی ڕەوان و دروستی بیروباوەڕەکە و ڕەنگ پێ دانەوەی ساسەتی ڕۆژانەی حیزبی هەبێت . چونکە کادر پەیامبەرو نوینەری حیزبە وەکو دەڵێین تەرمۆ مەتری حیزبە .کادر پردی نێوان جەماوەرو سەرکردایەتی حیزبە ، بێ ئە پردە تێگەیشتن و ڕابەرایەتی جەماوەرئەستەمە و مردنی حیزبێک – کە دابڕانە لە جەماوەر و مەسەلە بنەڕتی‌ژیانی یەکان – لە لاواز بوون و پوکانەوەی دەوری کادرەوە دەست پێ دەکات و ئەوخۆ نوێ کردنەوەی حیزبمان بەمەرجی بنەڕەتی و سەرەکی داناوە لە تەمەنی هەر حیزبێکدا لە ڕووی چەندایەتی و چونایەتی یەوە بەندە بە کادرەوە ،پێشکەوتن و گەشە و بەردەوامی هەر حیزبێک گرێ بەندە بە چۆنایەتی کادرەکانیەوە و دەتوانری لە چۆنایەتی کادرەوە حوکمی پاە ڕۆژ بدرێت بەسەر چارەنووسی حیزبێکدا.. کادرەو تەنها کادرە کە دەتوانێ سەرکردایەتی حیزب لە زۆر قورتی گران لە جەماوەر ڕزگار بکات و هەردەم ئەو پەیوەندی لایەنگیری و (ولاء) ەی جەماوەر بۆ سەرکردایەتی و سۆز و دڵسۆزی یەی سەرکردایەتی بۆ جەماوەر بپارێزێ و برەوی پێ بدات.

ئەمە گەورە کردنی دەور و ئەرک و پێویست کادر نی یە ، هەڵکەوتی سروشتی کادر خۆیەتی چونکە لە سەرێکەوە سەرکردایەتیهەر حیزبێک بە حوکمی مەسئولیات ودەورو جوغزیمەودای تێکەڵاویی ناو جەماوەریەوە ئەودەرفەتەی نی یە کە بەتەواوی و وەکو پێویست بتوانێ گێچی داواو گموحاتی جەماوەر خۆیەتی وە خوێنی و هەتا لە رووی بی کردنەوە و عەقڵیەتیشەوە هەروا بە ئاسانی ناتوانێ و بۆی نالوێ لەگەڵ رەوتی بیرکردنەوە و عەقڵیەت و (میزاج) ی جەماوەرەکەدا بێت و سووکە دابڕانێکی وا دەبێت کە کەڵەکەبوونی چەند ساڵەی دەبێتە لێک ترازاندن و لێک نەگەیشتن کە هەندێ جار پێشکەوتو ترین تاک و سەرکردە و کۆمەڵە رابەری سەردەمێک دەخاتە مەوقعی کۆنە پەرستی ودواکەوتوویی یەوە ، تاکە چارەی ئەمەش گوێ گرتنە لە بەر چاو خستنەکانی کادرو گرنگی پێدان و سوک نەڕوانینە هەست و نەست و بۆچوون و پێشنیار و داواکاریەکانیان و ڕێگە خۆش کردنیش ب بەرزبوونەوە و هەمیشە تێ هەڵکێش و (تطعیم ) و نوێ کردنەوەی سەرکردایەتی حیزب بە کادرە پێشکەووتوو و کامڵەکانی حیزب بە پێ ی ڕێ وشوێن و دەستوورە حیزبی یەکان ، لەمەوە پێویستە کادر هەست بەو ئەرکە سەخت و مسئەولیەتە مێژووییەی سەرشانی بکات وەکو گەیەنەرێکی راو داوا و بیرکردنەوەی جەماوەر بە سەرکردایەتی و خۆ کۆکردنەوە و خۆ راهێنان بە شان دانە بەر مەسئولیەتێکی چاوەروان کراو . لە سەرێکی دیکەوە هەرچی ووردەکاری و (تفاصیل ) ی سیاسەتی

حیزب و بیروباوەرە کەشە دەکەوێتە ئەستۆی کادر ، زۆر جار زۆر جار هەڵدەکەوێ بیروباوەر و سیاسەتی حیزبێک چەندە عیلمی و دروست وخزمەتگوزاریش بێت ، ئەگەر لە ووردەکاری و (تفاصل ) داو بە چاکی تەرجەمە نەکرێت بەرهەمی چاوەروان کراو نادات. کە ئەم ووردەکاری و تەرجەمە کردنەش دەکەوێتە ئەستۆی کادرو بەس. پێویستە ئەمەش بڵێم کە تەنها لانی ڕۆشنبیری گشتی و سیاسەتیش یەک نیین بۆ ئەوەی هاوبیرێک یان کادرێکی چالاک بناسرێ ، پێویستە هەموو مەرجەکانی تری وەکو دڵسۆزی و بەتەنگەوەهاتن و خۆ تەرخان کرن و لێ بڕان و خۆگری و پشوودرێژی وگوێ رایەڵی و نەبەزین و بێزار نەبوون لە هەمووبارو هەل ومەرجیکدا لە خۆیدا کۆ بکاتەوە کە شیاوی ئەو ناوە و دەورە بیت. بە کورتی کادر دەبێ حیزب بی بە چکولە کراوەیی .

**١٩ چاکترین کادری سیاسی لە حیزبدا کێ یە ؟ .**

ئەگەر چی کەمیان لە ئاستی گموح و ئەو ئاستەدان کە حیزب وەکو ستاندەریک بەرچاوی گرتووە و ئەرکی سەخت و پیرۆزی ((پاسۆک )) چاوەروانیانە بەڵام

به شێوەیەکی گشتی ئەوەندەی من بزانم و راستەوخۆ بیانناسم (خراپ) یان تێدا نابینم و گیچی باش و خەراپی نیسبەتی پێشکەوتن و نێزیک بوونەوەیە لەو ئاست و ستاندەرەی حیزب دایناوە ، بەم پێودانگە هیوای گەورەمان لەبەرو تێکرا جی ی رەزامەندیمانن. چاکترینیشیان ((شەهید فەرهاد )) بوو ، بەڕادەیەکی زا من پێم وایە هەر حیزبێک خاوەنی دە شەهید فەرهاد بێت لە هەموو خەمێک دەرەخسێنێ . شوکر بۆ خوا خەریکە زۆریان سوێی شەهید فەرهادمان لەدڵ دەردەکەن.

**٢٠ ئیلتزامی حیزبایەتی لای ئێمە تا چ سنورێکە و پەیوەندی بە سەرپەرشتی تاکەوە تا چ ئەندازەیەکە ؟.**

چۆن بەڕەڵایی وبێ سنووری خەسڵەتێکی ژیانی ئاژەڵانەیە ئاواش ئیلتزام و خۆبەستنەوە بە داب ودەستوور و یاسا یەکی تایبەتیەوە ژیانی مرۆڤانەیە و هەر هەڵکەوتێ مرۆڤ داوای جۆرێک لە ئیلتزام و رێک و پێکی دەکات. ئازادی وسەربەستیش دوو شتی دژو پێچەوانەی ئیلتزام نین ، بەڵکو ئیلتزامئەو ئازادی و سەربەستیە دێنێتە بەرو دەیهێڵێتەوە و یەکێکە لەو دینگە سەرەکیانەی سەربەستی لەسەر ڕادەوەستێ ، جگە لەوەی سەربەستی تاک و کۆمەڵیش بێ ئیلتزام نا یەتە دی و (قانون الغاب ) ی دەست دار دەیبا و بێ دەست تەماشای دەکات لە بی ئیلتیزامیەوە سەر هەڵدەدات. سەربەستی بێ سنوور و یاسا و دەستوور و ئیلتزامێک گەڕەلاوژێ و (فوچی) یە نەک سەربەستی. دیارە ئیلتزامی گشتی تا ئەو رادەیە رەوا و پێویست و شیاوە ، کە سەربەستی پارێز بێت نەک وەک وەکو زۆر جاران رووی داوە بە بەهانەی ئیلتزامەوە فرزە لە خواز و ویستی مرۆڤانەش براوە لەم حاڵەتەدا بەرەڵایی و بێ ئیلتزامی چەندە دزێو و نارەوایە ئیلتزامی دیکتاتۆریانەی فرزە لێ بڕاویش ئەوەندە خەراپ ودژ بە مرۆڤ و هەڵکەوتێتی روویەکی دیکەی ئەم مەسەلەیە ئەوەیە ، کە حیزب هەر حیزبێک بریتی یە لە کۆم بوونی خۆویستی ئەوانەی باوەڕیان بە بیرو رێبازو سیاسەتی ئەو حیزبە یە و تێ دەکۆشن بۆ هێنانە دی ئەو ئامانجە دیاریانەی دەست نیشان کراوە ، بە رێگەی سەرکردایەتی و لیژنە باڵاکان و کارگێرەکانی ئەو حیزبەدا کە خۆیان ، چ لە دارشتنی سیاسەتەکە و قبوڵ کردنی بیرەکە و هەڵبژاردنی ئامرازی جێ بوجێ کەری بیرو رێبازەکەدا دەستیان هەبوە و بەویستیئەوان بووە یان چ نەبێت جێ ی رەزامەندی و قبوڵیان بووە ..

خۆی هەر بە قبوڵ کردنی (پرۆگرام و پێرەوی ناوخۆی حیزب ) وداوای هاتنە ریزەوە وکارکردن لە ڕیزەکانی حیزبدا مانای ئیلتزامە بە بیرو رێباز و سیاسەتی حیزبەوە ، لە رووی دەستوریەوە چ دەرفەتێکی سەرکێش ومل نەدان نامینی و هەموو

خۆبەستنەوە و دیسپلین شکاندنێک لایە نی دووەم وژێر بار و تاوانبار دەکات. ئەمە هەتا لە پێشکەوتووترین رژێم و ژێر یاسای بوو یان عەقل بڕیتا ئیمرۆی مرۆڤدا وابووە و وادەبێت و هیچ ((بدیل)) ێکی نی یە. بەڵام لە حیزبدا دیسانەوە لایەنیسەربەستی تاک بە زیادەوە پارێزراوە وچەندین جەمسەری وەکو ((دیموکراسی ناوەندی )) و مافەکانی ئەندام لەنگەری نێوان ئیلتزام و سەربەستی تاکی راگرتووە ٠ بە جۆرێکی زا کە تەنها ئەگەر بڕگەی نوێ مادەی هەشت لە پێڕەوی ناوخۆدا ببوایە و بەس بەس ئەو سەربەستیەی تاکی دەپاراست کە دەڵێ ((لە هەر مەسەلەیەکدا لەگەڵ رای سەرکردایەتی و لیژنە باڵاکانی حیزبدا رێ نەکەوت مافی ئەوەی هەیە ڕای خۆی بپارێزێ – احتفاگی پێوە بکات –و بەهەل و رێی بەجێ رای خۆی بەرز بکاتەوە و هەوڵی چەسپاندنی بدات بەمەرجێ بەرێیەکی حیزبی بەجێدا بێت و پەکی ئەرکەکانیسەر شانی نەخات و لە سنووری دیموکراسی مەرکەزی نەچێتە دەرێ )). هیچ گومانیش لەوەدا نی یە کە نەبووە ونەهەڵدەکەوێتوو تاک دروست و چەسپ لە هەموو شتێکدا وەکو یەک بن و وەکو یەک بیربکەنەوە و رەفتار بکەنو مزاج یان یەک بێت.. بەڵام ئەم ڕاستیە زانستیەی هەلکەوتی مرۆڤ ئەوە رەت ناکاتەوە کە دەتوانرێ لەسەر هێلی درشت و زۆربەی هەرە زۆری مەسەلەکان و ووردەکاری (تفاصیل ) یشی یەک بکەون و یان هەر نەبێت هەر تاکەی زۆرترین شتی خۆی لە قەوارەیەکی دیاری کراودا ببینێتە وە وبۆ بە دیهێنانی ئەوەی خۆی هەندێکی غەیری خۆشی بسەلمێنێ. بێ ئەمە نەک هەر حیزب پێک نایەت و چ، کارێکی سیاسی مومکن نی یە ، ژیانی کۆمەڵایەتایش دروست نابێت. شەرحی (دیموکراسی ناوەندی ) و مافەکانی ئەندامی حیزب و ئەرکەکانیشی تێکرا و پێکەوە هەم خەبات و چالاکی یە وهەم سەربەستی تاک دەردەخسێنێ. مافی بێ ئەرک ومشەخۆریە و ئەرکی بێ مافیش کۆیلەیەتی. هەر دوو شتەکەش دژی هەڵکەوت و خەسڵەتی مرۆڤانە و ژیانیەتی. بۆیە تەنها ژیان و بونی مرۆڤانەی راستەقینە و دروست لەنگەرگری و توازنی نێوان ئەرک و مافە یان ئیلتزام و سەربەستی.

**٢١ کە دەڵێین: ( پەلەی ژیان دەستووری هەرگیز نەگۆڕاوو بنچ داکوتاوی قوڵایی دەروون و بوونیمرۆڤی سەر ئەمگۆی زەویە بووە ودەبێت ) واتە ئەمە دەستوورێکی (مطلق) ی سەراپا ژیانی مرۆڤە. ئەی خۆکوشتن و مل لە مردن دان لە پێناوی مەبەستە جۆر بە جۆرەکاندا چۆن روون دەکرێتەوە دەکەوێتە بەر حوکمی ئەو ((پەلەی ژیان )) ە؟.**

ئا ئەم شتانەیە کە دەوری سەروەری و (تفرد) ی مرۆڤ لەسەر ئەم گۆی زەویە دەردەخات و باوەری بنجی ی حیزبمان بەوەی کە (تاکە عامیلی ئیجابی یە ) دەسەلمێنێ و بە ئیسپات دەگەیەنێ. هەر ئەمانەشن کە مرۆڤ وەکو گیان لە بەرێکی جیاو بێ

نموونەی خاوەن هۆش وبیر کردنەوە و وخواز نەک لە مادەی مردو و بەستو جیا دەکاتەوە و خەسڵەت و هەڵکەوت و بوونی یەکجار و تایبەتی و جیاواز و سەربەخۆی دەداتێ. بەردی سەدان هەزار ساڵ لە خۆراو بەبێ ی ویستی خۆی ، کە هەر لە بنەڕەتەوە ویستی نی یە ، لە بناریکەوە هەڵناکشێ بۆ ترۆپکی چیایەک ئەگەر ئەو هەڵکشانەی هەمووگەردوون راگرێ و یان نەبزووتنێ لە گریژنەی بەرێ ! . یان گیان لەبەرێکچڵە پوشێکی بەر لووتی ، یان کوتە گۆشتی بەر ددانی بوهاوەڵەکەی جێ نایەڵێ مەگەر هەستێکی غەریزی و کردارێکی میکانیکیانە ئەمەی بەسەردا بسەپێنێ . بۆیە مانای ژیانیش لای ئەو و لەچاو ئەدا جیاوازوجو جوییە لەو هەڵپە فیتلریەی کە ژیان تەنها لای ئاژەڵ مانایەکی رووتی بایەلوجیانەی سارد و سڕی بێ مانایە و بەس لای مرۆڤەکە ژیان بە ئەندازە و رەنگاوی پەلکە زێرینە دەبیینێ و سەد ویەک مانا و روو و بوعدی هەیە لای..دیارە ئەمەش لە روو و مانا و ناوەرۆکی مانەوەی بایەلوجی ژیان کەم ناکاتەوە لە شوێنی خۆیدا بارست و قورسایی خۆی هەیە. بەڵام تاکە دیدگەو دەرفەت و بوعدی ژیان نی یە. بەتێ هەڵکشاندنی مرۆڤ و فراوان بوونی ، ئاسۆی بیرکردنەوەو چەشمەندازی و قوڵ بونەوەی لە مرۆڤایەتی خۆی و ژیانی و ماناکانی بوون ، ئەو لایەنی ، بایۆلۆجی و مانەوە رووتە مادییانەبچوکتر وکەم مەوداتر دەبێتەوە و لایەنە عەقڵی و دەروونی و رۆحیەکانی فراوان تر دەبن. ئەم دیاردەیەش لە کۆنەوە بووە. بەڵام لە جوغزێکی تەسکدا و لە پەیامبەران و پیاوچاکان و فەیلە سوف و (مطلق) ەکاندا چیتلر و روونتر بەرچاوەکە وتووە. بەڵام لەگەڵ پێشکەوتن و گەشە و نەش ونمای کۆمەڵدا وتێ هەڵکشانی مرۆڤدات پتر پانتایی رووبەری ، ئەم لایەنە فراوانتر بووە و تابۆتە خەسڵەتێکی ڕەسەن و نیشانەی مرۆڤایەتی مرۆڤ.. هەر ئەو مانا عەقڵی و دەروونی و رۆحیانە خۆیان قوڵ کردنەوە و نرخ دان و بایەخ کردنی ژیانە بایۆلۆجیەکە.. مرۆی تێ هەڵکشاو دەچێتە سەر ئەو قەناعەتەی کە بوونی خۆی و ژیانیلەو فەلسەفە و بیرکردنەوە و ڕێبازەیدا ببینێ ، بۆیە هەر قولربانی و کۆشش و خۆکوژیەکی لە پێناودا بکات ، قوربانی و هەول وکۆششە بۆ ژیان.. یان هەتا ئەوانەی رووبەرووی سەرکەوتن و تێ شکان و دیواری داخراوی ژیان دەبنەوەو نا ئومێد دەبن ، هەتا ئەمانەش کەلانی سلبلی خۆکوژیە مردن بە بەردەوامی ژیان و خزمەتی مانەوە دەزانن و قەتاعەتیان لەسەر ئەوە چەسپ دەبێت کە مانەوە رووتەکە چ مانایەک نادا ومانای بوون و ژیان لە خۆکوژیدا دەبیننەوە ، زۆر جارانیش داب ودەستوری کۆمەلایەتی چەسپاو ، وەکو ((هیراکاری )) لای یابانیەکان ئەم بوعدە دەدات بە ژیان.. کە بە کورتیەکەی و بە فراوانی هەموو (پەلەی ژیان) ە بەڵام لەو رەنگ و رواڵەت ودیوە جۆربە جۆرەکانیدا ، کە باڵاترین (پەلە) مردنە لە ریگەی بیروباوەرو ئامانجەکانی کۆمەڵدا...

**٢٢ بۆچی مەڵبەندو کایەی حیزب شاری (کەرکوک ) ە؟.**

لە رووی واقیعەوە شاری کەرکوک گەورەترین شاری کوردستانی باشووره و لەوەش دەچێت لە پاشە رۆژدا گەورەترین شاری کوردستان بێت وەکو چەسپاندنی (کورد) یتی شارەکە لە هەموو دەرفەت و هەلێکدا و بۆ دەرخستنی سووربوونی حیزبمان ، لە ژێر هەر بارو هەل ومەرجێکدا کە کەرکوک بەشێکە لە کوردستان و هیچ جۆرە سازش ومەسڵەتێکی هەڵناگریَ و (مساومە) لەسەر خاک بەلای ئێمەوە خەیانەتە.. ئیمرۆ و سبەی و سەد ساڵی دیکەش بێت . مەسەلەی کوردێتی شاری کەرکوک جیَ باس ولێدوان نی یە و با بەڵگە ئەوەی کە شاری کەرکوک (مەڵبەندو کایەی حیزبە ) بچێتە سەر ئەو سەدان بەڵگە مێژووی و جوگرافیەی دیکە .. بە نیسبەت حیزبی ئێمەشەوە یەکەم تەکانی راست بوونەوەی دوای هەرەس لە (کەرکوک ) ەوە بووە ولە نەخشە و بەرنامەی حیزبمانیشدا ئەوە لەبەر چاو گیراوە کە پێویستە (کەرکوک ) بنکە و (منگلق) ی حیزبمان بیت بۆ سەرتاسەری کوردستان .

**٢٣بۆ دەبیَ ئەندامی حیزب (کورد ) بێت ؟. ئایا ئەمە جۆرێک لە دەمارگیری حسێب ناکرێت ؟ یان کەمە نەتەوایەتیەکانی نێو کوردستان لە چالاکی سیاسی. دوور ناخرێتەوە و لە مافەکانی کەل ناکات ؟ .**

مەسەلەی کورد بونی ئەندامی حیزب لە سروشت و هەڵکەوتی حیزبەوە پەیدا بووە.

مادەی سێیەمی پێرەوی ناوخۆ دەڵێت ( سروشتی حیزب.. پاسۆک پارتێکی نەتەوەیی سۆشیالیستی ئازادیخوازە ، لە یەککرتنی خۆویستی نەتەوەییە سۆشیالیستە ئازادیخوازەکانی کورد پێک هاتووە بۆ ((رزگاری و یەکگرتنەوە و ئازادی کوردستان و یەکسانی نەتەوەی کورد )).

بەمەدا ئێمە لە بنەرەتەوە حیزبێکی نەتەوەیین وکەرە سەی ئامانجەکانی حیزب بە رۆڵەکانی نەتەوەی (کورد) ، دەزانین ، ئەمەش بە هیچ جۆرێک وهەرگیز تەسکبین و دەمارگیری نی یە ، واقعێکە و ئەوەندەی لە ژیان و زانست و فەلسەفەی کوردایەتیش گەیشتبین پێویستە مرۆڤ خۆی بخاتە سەربارێک کە لەگەڵ ((واقع) و ((زانست)) و((ڕاستی )) دا بگونجیَ نەک واقعە مەوزوعیەکان و راستە زانستیەکان بفیچێنیتە وە تابەبەژنە بالای (مودێل) و هەوای زاتی ی چەوتدا دروست دەرچێت. ئەو ئەرکە ستراتیژیە میللیانەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە چوارچێوەی پارتێکی نەتەوەیی سۆشیالیستخوازدا تەنها وتەنها بە (کورد) خۆی هەڵدەستێتئەمە دەرسی یەکەمە لە سیاسەتی (پشت بەخۆ بەستن ) وخۆڕاهێنانبە پاڵ نەدانەوە بە دیواری

خەڵکیدا. ئێمە دەزانین لەم واقعی بینینەماندا و (ولاء) مان بۆ ڕاستی و زانست گەلێک بیری قاڵب بە ستووی شەختە کرد و بانگاشای (باو ومودیلات ) ودروشمی جەماوەر فریودەر لە خۆمان دەورووژێنین و هەتا بە زۆر هۆشی کول و بیری شلک و نەفسی پشووسواریشدا ناچێت ، بام مەبەستی چەواشە کردنیش نەبێت ، بەڵام خوتخوتەی ترسی کۆمەکردن و ووروژانـدن و نەسەلماندن لە داگیرکەر ودوژمـن و هەتا – بیرکردنەوە سەراویەکانیش – بەدڵی خۆماندا رانابوورێنین.. چونکە ئێمە باوەڕمان بە بیرێک هینا وە و شانمان داەیتە بەر ئەرکێک ، کە مەترسی کۆمە کردن و دوژمنایەتی کردنمان ، تا لەناو بردنی بێ رەحمانەش ، لە پێشمانە و لەچاو ئەو بەرپەرچدانەوەو ((اعتراضات)) انەدا هەر چ نی یە !! ئێمە دوکان و کۆگای پۆشاکمان نەکردۆتەوە ، کە نیوەی سەرمایەکەمان لە دیکۆرو دیعایەدا بە خەرج بدەین و بەدڵی کریاران هەڵسوورێین و هێشتا هەر قازانجمان بێت و هەراج ، خانەشمکان نی یە شتان لە خەڵکی سەرەو ژوور کەین وتەقلە بە کڕیار بدەین. ئێمە شۆڕشگێڕین و خاوەن باوەر ، چ راست وواقعی و زانستی بێت و لە بەرژەوەندی کورد بێت ئەوە پێرەو دەکەین ودەسەلمێنین و بڵند دەکەینەوە. مەسەلەیەکی وا پیرۆز و بە پێز و مەزن حەیف نی یە لەبەر پشووکورتبینی هەندێک وجەنجاڵی ی ساحەکەو ئاژاوەی فیکری دوژمن هێندا ، بکرێتە کەندەڵان و سەر بکێشێتەوە بۆ بە سەهو بردنی جەماوەر و یان هەر چ نەبێت بە خۆمانی رەوا نابینین دەگەل رەووی چەواشانەدا خۆمان و جەماوەرەکە بەرەو هەڵدێر بەرین. جا ئێمە ئەگەر ئەو نەوێرە ، ترسنۆکە بوو ینایە چ رەوای هەق بوو لە سەرەتاوە سیاسەتمان بکردایە ، یان ناوی پیرۆزی هەڵگری بیروباوەری نەتەوایەتیمان لە خۆبنایە ، کە بیروباوەڕی کوردایەتی خۆی واقعی و زانستی و چاکەی رووتە.

ئەمە لە سەرێکەوە و لە سەرێکی دیکەوە ، بۆچی دروست مەبەستێکە پێچەوانەی ئەو گومانە نەبێت.. کە تەواو پێچەوانەیە !!. ئێمە لە زێدە رێزمان و مافپارێزی بوون و تا بەتێتی و نەتەوایەتی کەمە نەتەوایەتییەکاوە و لەو بـاوەرەوە کە ئەو کەمە نەتەواییانە پێویستە ودەبێ بوونە نەتەوایەتیانەی خۆیان بپارێزن وگەشە ونەش ونمای پێ بکەن لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی کـوردەواری و سنوری کوردستاندا ، هەموو مافێکی مرۆڤانەی خۆیان هەیە و لەسەر (کورد) ی خاوەن ماڵەکە میوانداری چاک و میهرەبانانەیان بکات و ئەو مافە دەگاتە رادەی سەربەستی و ئازادی هەموو چالاکیەکانی مرۆڤ بە چالاکی و ئـازادی ((بیروراوحیزبی سەربەخۆ )) دروست کردنیشەوە.. بۆ نەڵێین کۆکردنەوەو تێ ترنجاندنی کوردو کەمە نەتەوایەتیەکان لە پارتێکی نەتەوەیی کورد دانا هەر بڵێ هەر پارتێکی کوردیدا سەرئەنجامی توانەوە

و له ناوبردنی ئەو کەمە نەتەوایەتیانە نییە. ئەگەر ئەمە دروست وانەبێت و یان لەبەر هەر هۆیەک نەسەلمێندرێ پێویستە هەڵوێستە چەواشە و چەوتەکەی ( بەعسی بەغدا ) وبیرە رزیوەکەی رەگەزپەرستان بسەلمێندرێت کە حیزبەکەیان حیزبی هەموو عێراقی و سەر تاسەری نیشتمانی عەرەبی یە!. ئێمە هەتا لە مەسەلەی(کورد) بوونی تاکەکانی کوردستانیشدا و لە پێناسی ((کورد)) دا مەسەلەی ئیرادەی مرۆڤەکە خۆیمان بەرچاوگرتووە و سەرباری هەموو ماک و خەسڵەتەکانی ((نەتەوە)) مەسەلەی خۆ بە کورد زانینمان کردۆتە بڕبڕەپشتی (کورد) ێتی هەر تاکێک کە ئەمە خۆی ئەو پەڕی ڕەهایی و گونجاندن و ئاوێتە بوون و پیشاندانی جووتە دیوی ((نەتەوایەتی ومرۆڤایەتی )) یەودۆزینەوەی بنەمایەکی بنەڕەتی نەتەوایەتی نەک کورد بەڵکو هەموو دنیاشە. بەڕاستی و بێ خۆهەڵدانە وە چۆن کوردایەتی هەڵقوڵاوی ناو ناخی جەماوەری کورد وشابیرو فەلسەفەی خۆرسکی بوونی کوردە ، ئاواش ((پاسۆک )) کاڵای پڕ باڵای کوردە و (باڵاترین ڕێکخستنی ریزەکانیکۆمەڵگەی کوردەوارییە) ... من بەش بە حاڵی خۆم گلەیی لەوانە ناکەم کە بە چاویلکەی ئەورووپیانە تەماشای نەتەوایەتی و بیری رەسەنی کوردایەتی و پاسۆک دەکەن و بە بزوتنەوە – بە ناو – نەتەوەییە چەواشە ئیستعماریەکانی ئەوی و ختورەی بزوتنەوە بەناو نەتەوەییەکانی دیکە بە دڵیاندا رادەبووری ، یان سەرنجی قوڵ لە بیری خۆرسکی پێشکەوتووی کوردایەتیان نەداوە ، ئەم پرسیارە بکەن یان هەتا دوژمنانی بیروباوەڕەکەمان وداگیرکەرانی کوردستان بۆ مەبەستێکی ئاشکرا و دیاری گومڕایانە ئەم تەپ وتۆزە هەڵبستێنێبەلامئەوەی یەک، قوم ئاوی لە سەرچاوەی خاوێن و روونی پاسۆک خوارد بێتەوە و یەک سات لە ژێر ئاڵایدا قەراری گرتبێ ودوورە ناسیبێتی ئەگەر گومانی لە بیر روناکی وبەرچاو فەرەحی وزانستێتی وواقع بینی ی پاسۆک وبیری پاسۆک بەدڵی خۆیدا بێنێ یان زۆر گێلە یان سپلە !!

من زۆر سوپاست دەکەم ودەزانم لە چ ژانێکەوە ئەم پرسیارە دەکەیت و هەلیکی چاکت بۆ ڕەخساندم ، چ لەوەدا هاوبیرانم بە ئاگابێنمەوە وچ بە گوێی دوژمنانمدا بچرپێنم ، کە پاسۆک لەو ریکخراوە کلاسیکیە نەوباوانەی بەردەم گێژەلووکەی ((مودیل)) و ((سەپاو )) و((چاولێکەری )) بە موسمیانە نی یە خۆی دابێتن بەدەم شەپۆلی بوونی ((ماددی ومەعنەوی و فیکریی زیان بەخشەوە ))و تۆپەڵە مووی دوای کلکی بیرێکی دیکە یان ڕووداوەکان بێت. دەبێ هاوبیران ئامۆژگاری و ڕێنموویی دڵسۆزانەی – هەر کەس و لایەک – لە فرمێسکی تایمساحانە و تەڵەی ناحەزانەجیا بکەنەوە ، ئێمە سوپاس گوزاری یەکەمیانین و هەردەم گوێ بیست و چاو و هۆش کراوەین بۆ هەر شتێکی بەفەڕ... بەلام لە ئاستی دووەمدا نەک هەر بێزارین و بەس ،

بەڵکو دیووی ئەو دیوی بۆگەنیان دەخوێنینەوە.. وەکو ئەوەی هەندێ جار بە خەندەی ڕیچاوی مەبەستی شاواوە و یان بە (الستغلال) کردنی دڵ سافی و سافیلکەیی هەندێ کەسەوە ، گومان یان تەڵەمان بۆ دادەنێن ، گوایە ئەم کوردکوردە بووەچی ونەبڕایەوە ؟ ئێمە دەزانین ئەوانە کوێیان دبشێ ومشتەی ناو کام هەمانە کۆڵی کوتاون ! ئەوانەی کە چەکی برندەی فەلسەفەی کوردایەتی بەدەستمانەوە دەبین و لە چاو شمشێرە دارینەی فس فس پاڵەوانە دۆن کیشۆتەکانی ئەواندا هەزار بەرابەر دەوەستێتەوە ، چ لە واقێعدا وچ لای جەماوەر... چ ڕێیان لەبەر نی یە یان بەو ((میکافللیەتە )) دەبێ چەکمان کون ، یان خۆیان بادەنەوە و چەکی فەلسەفەی کوردایەتی هەڵبژێرن. دیارە هەڵکەوت و مەبەستی خودی ئەوانە ڕێگەی لێ بریونەتەوە ، بۆیە پەنا دەبەنە بەر یەکەم.. بەهەر حاڵ با ئەوانە و ساویلکە کانیش ئەوە بزانن ، ئەو چەکە واقعێکە ئێمەش هەڵگری نەبین واقعە مەوزووعیەکە پیاوی دەرەخسێنێ. بۆیە هەوڵی ئەوانە ئاو لە دنگدا کوتانە !.

**٢٤ لە شادەماری شەشەمی‌ینی پرۆگرامی حیزبدا هاتووە کە ((ڕێزلە هەموو یارمەتی و کۆمەکێکی خێر خوایانە دەنێین کە پێشکەشی کورد بکرێ ، لەهەر لایەکەوە بێت بە مەرجێ سەربەستی و سەربەخۆیی کوردی تێدا نەکەوێتە مەترسیەوە )) ئەگەر بە (تحدید ) تر دیاری بکرایە چاتر نەدەبوو ؟.. چونکە دوور نی یە هەندێک لای خۆیانەوە (وهم ) بەدەوریدا هەڵبستێنن ؟؟!.**

ووشەو تەعبیرو واتای ئەم شادەمارە ئەوەنمدە روون و ئاشکرا و رەوانەکە هیچ مەرجێک زرە تەئویلێک هەڵناگرێ خانەگومانە لە ناوەرۆک و مەبەستی زەق وبەرچاوی بە تایبەتی پاش تێ رامانی لەگەڵ تێکرای بیروفەلسەفە و بڵاوکراوەکانی دیکەی حیزبدا یان تێ نەگەیشتنی فەلسەفەی کوردایەتی پیرۆزو بڵندە ، یان کەم لوتفی یە ئەگینا ئێمە ((پاسۆک)) بەرەی ئیمپریالیزمان نەک هەر لە ((یارمەتی و کۆمەکی )) مومکن هەڵبواردوەو هیچی پێ ی بووترێ بەرژەوەندی و خێر و فەر لێیان چاوەڕوان ، ناکەین بەڵکو لە بنج و بناواندا هۆی داگیر کردن و ژێر دەستەیی و پارچە پارچەیی وچهەوسانەوەی کورد بەوان دەزانین و دیوی ئەو دیوی داگیرکەرەکەن ، چۆن کورد دەڵێ ((دایکە دزانـەن)) هەموو گومان و – اعتراضی –ی لەم بابەتە دروست لەو سوفسەتائیەکە دەچێت کە بۆ مەبەستی چەوت دەیان ووت خوای مەزن فەرموویەتی نوێژمەکەن و بەلایدا مەچن(لاتقربوا الصلاه ) بێ ئەوەی رستەکە تەواو بکەن دەفەرموێ : وانتم سکاری ! دەبێ چ لەوەی دیاری تر و گردە بڕتر بێت کە دەوترێ( بەمەرجێ سەربەستی و سەربەخۆیی کوردی تێدا نەکەوێتە مەترسیەوە ) ئایا ئەمە هەتا بەر لە هەندێ فەندە فێڵ ودایک برایی دۆستیش نابرێتەوە ؟ وهەتا

بەنسبەت دۆستانی چاوەروان کراویشەوە ، ئەو کۆمەک و یارمەتیە دەبێت مەرجی بەدیهێنانی بەرژەوەندی کوردی تێدا بناغە بێت . ئەمە بەر لەوەش دەکرێت کە گێلێتایە وە ، یان لە ساویلکە ییەوە ((کوڕی خۆمان بکەینە قوربانی کیژی خەڵکی )) ئەو خەڵکە چ دەبێ وکێ دەبێ با ببێ. بۆیە هەردەم لە پەیوەندی و هاوکاری لەگەڵ دۆستە ستراتیژی و هاو چارەنوسەکانیشماندا پێ لەسەر ((ریزی بەرابەری بەرژەوەندی هاوبەش و چوون یەک و یەکسان )) دادەگرین.. جگە لەمانە ئێمە لە شادەمارەکاندا شا راو هێڵی درشتی بیرو سیاسەتی حیزبمان دیاری کردووە ولە بڵاوکراوەکاندا و لە سیاسەتی رۆژانەی حیزبدا پێویست بەو دیاری کردن و (تحدید )انە دەکات و لە شیکردنەوەی ئەو شادەمارانەدا لە ئاڵای سووری کوردایەتی و بڵاوکراوەکانی فرماندا چ پەردە و چاوشێویکمان نەهێشتۆتەوە و پەتا و پەت لە ووردەکاری و (تفاصیل ) ی دواوین لەم بارەیەوە ((بەرنامەی خەباتی حیزبمان لەم قۆناغەدا ) تیشکی تەواو گومان بڕی خستۆتە سەر زۆر لایەن و بە تایبەتی ئەم شادەمارە و مەسەلەی دۆستایەتی ستلااتیژیانەی حیزبمان .. ئێمە ناحەزانی بیروباوەرە کەمان بەرەو رووی ئەو بەرنامەیە دەکەینەوە .

٢٥ هەڵکەوتی بزتنەوەی کوردایەتی ، لەم قۆناغەدا تاک حیزبی یان فرە حیزبی هەڵدەگرێت ؟ ئەگەر تاک حیزبی بێت تاقی کردنەوەی شۆڕشی ئەیلوول ئەوی دەرخستووە کە چارەنووسی مەسەلەیەک بە تاکێکەوە یان حیزبێکەوە بەسترایەوە نەهامەتی وەکو هەرەسی لە پێشەو ئەگەر فرە حیزبیش پەسەندکەئەوا ئەو گەڕەلاوژێ وەک شەری برا کوژی و پشێویەی ئیمڕۆی لێ شین دەبێتەوە .. لەم بارەیەوە سەرەنجی حیزبمان چی یە ؟ .

ئەم مەسەلە کۆمەلایە تیانە ، ئەوەندە سەراو و ساکارنین کە بە چاکە و خراپە وخۆزگە و کاشسکی و هەوەسی کەس بگەرێ و بێتە دی. مەسەلەکەش حوکمە نەزەری وتێڕامانی فەلسەفی رووت و قووتیش نی یە. ژیان خۆی ئەو کارانە بەلادا دەخات و شێوە و ناوەرۆکیان دیاری دەکات ومەسەلەکان فەرز((جیا)) دەکاتەوە ، هەر قۆناغەی بە پێ ی بارو هەل ومەرجی مێژوویی و پلەکانی گۆرانی کۆمەڵگە و چەندایەتی گەشەی کۆمەلایەتی سەد و یەک تەرجە هۆوهۆکاری جیا جیای زاتی و بابەتی و ناوەوە ودەرەوە. ریبازو شێوازی تایبەتی بە خۆیەوە دەکرێت... قۆناغی پێش هەرەس تاکە حیزبی هەڵدەگرێت ودەوری تاک وەکو شەخصی لە (بارزانی ) دا خۆی سەپاند بوو.. نەدەسکردی کەس بوو نە بەری پێ دەگیرا و نەهەڵەیەکی مێژوویی بوو.. دروست جووت بووە لەگەڵ هەڵکەوتی کۆمەڵگەی کوردەواری و واقیعە مێژوویی یەکە – بەهەموو جەمسەرەکانیەوە – ئەگەر لە حاڵی فەرزدا

هەڵەش بوو بێت هەڵەی ژیان خۆیەتی وکەس تا رادەی تاوانبار تاوانی تێدا نی یە ئەگەر چی کەم وکوڕی وکەم تەرخەمی و خەم ساردی ئەم یان ئەویش سەرباری چەسپاندنی ئەو واقیعە بوون یان نەیانتوانیوە واقعێکی پێشکەوتووتر بێننە پێش دیسانەوە ئەمەی کە ئیمرۆ روو دەدات – لەگەڵ هەموو نەسەلماندن و رەت کردنەوە و هەوڵی گورینێکدا – دیسانەوە بەشێکە لە عەمەلیەی گۆڕانە مێژووییەکە و وەکو ژانێکی پیرۆز نەتەوەکەمان پێیدا تێ دەپەرێ ، دروست وەکوژیان و بوونی سروشتی ئەو ژانە ئەگەر لە سنوورێک دا بوەستێ و کاری دەرەکی و زیاد لە هەلکەوتی بزوتنەوەی کوردایەتی نەبێت وەکو ڕسکانی منداڵ ، لە دایک بوونێکی نوێی و ژیانێکی تازەی پێوە دەبێت بۆ نەتەوەی کورد ، ئەگەر بەردەوام و تەشەنەکەر بێت و لەسەر توانای بزوتنەوەکە بێت بێگومان بارێکی شۆرشگێڕی لە بار دەبات .ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان کە هاوارمانە بۆ راگرتنی ئەو ژانە لەوەوە کە خەوریکە مل بە نائاسا ییەتەوە دەنێ و لە سنوور دەردەچێ ، کە ئەو بارو هەل ومەرجە شۆڕشگێڕیەی کوردستان دەخاتە مەترسیەوە ، ئەگینا ئەوەی بووە – دیارە زیادەرەوی وبێ لزومی زۆریشی تیدا بووە – پێویست بووە بۆ هەڵتەکاندنی واقعی تاک حیزبی و عەقلیەتی تاکە سوارەیی و کوێخایە تی. هەتا بۆ دەرخستنی سەرنەکەوتن و باو بەسەرچوون و نەشیاو ونەگونجانی خۆ سەپاندن و کوێخایەتی لەبەرگ و ناو و شێوازی تردا – چونکە سەرەنجی وورد ئەوە دەردەخات ئەوەی هەیە مل ملانێ یەکی مێژووییە لە نێوان واقع و عەقلیەتی خۆسەپاندن وتاکە سوارەیی وتاکە حیزبی ((لە رەنگ و ڕواڵەتی جیاو شێوازی جیاوازدا ، بەڵام لە ناوەرۆکدا هەر هەمان جەوهەر و ناوەرۆکە ئەگەر چی پاڵەوان و ئەکتەرەکانیشی گۆڕابن )) کە باوی بەسەر چووە لە زەمینەی کوردستاندا هەڵقەندراوە و وەکو تەرمێکی بێ گیان ، گیان بە بەراکردنەوەی هیچ مومکن نی یە ، بۆیە تا هەوڵی خۆسەپاندنەکە توندتر و بەتین تر بێت مل ملا نێکە بەتین تر دەبێت .

مەسەلەی فرە حیزبیش ، باروهەل ومەرج و هەلکەوتی ئەم قۆناغەی بزوتنەوەی کوردایەتی پێویستی دەکات و ، ئەو بیرو باوەڕجوێجوێیانەی تا دوێنێ لە رەحمی کۆمەڵگەدا ، یان لە هەناوی رێکخراوی دیاریدا بە ناکامی مابوونەوە ، قۆناغی دوای هەرەس کامڵی کردوون و پێ گەیشتوون و گەیشتوونەتە ئەو ئاست و ئاقارەی ماڵی سەربەخۆی خۆیان بکەن و جیا ببنەوە . بۆیە ئێمە تەنها بە قەدەر رازی نەبوون لە پلەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردەواری ، ناقایلین لە تاک حیزبی پێش هەرەس و گلەیی لە ژیانی کۆمەڵگە و هەڵکەوتی کۆمەڵگە دەکرێت ، نەک تاک حیزبی خۆی کە واقعێک بووە لەو واقعە کۆمەڵایەتیە و شین بۆتەوە. هەروەها لەگەڵ حوکمی مێژوو

و گەشەکردن و نەش ونما و تێ هەڵکشانی کۆمەڵگە و بزوتنەوەی کوردایەتین ، کە خەسڵەتێکی قۆناغی پاش هەرەس فرە حیزبی. یە تا رادەیەکیش سووکە مل ملانێ ویان رانەهاتن بەو واقعی فرە حیزبی وکەمە گرفتێکی ژیانی حیزبایەتی و ئازادی بیروباوەریش بەو مەرجەی نەگاتە زەبر و زەنگ ودابران ، هەر بە کارێکی ئاسایی و سەرئەنجامێکی ئەو گۆڕانە دەزانین. بەڵام بە توندی و گردەبری و ئاشکلرا دژی شێوازی پیکەوە ژیانی شێواو ونەگونجاوی نێو ئەو ریکخراوە نەین و مەسەلەی شەری برا کوژی یە کە ریسوا و( (مدان )) ە لای ئێمە ، کە ئەم شێوازو مەسەلەیە خەسڵەتێکی بنەڕەتی و فرە حیزبی نی یە ، ئەمە بن گۆر (الغام ) ی دوژمنە لە سەرەڕێی ئەو گۆڕان و گەشە کردنە. ئەگینا با سەرەنجی رێکخراوە فەلەستینیەکان بدەین ، دە دوازدە رێکخراوی فەلەستینی جۆر بەجۆر هەیە کە لە چەپی چەپەوە تا راستی راستیان تێدایە و لەمەش بترازێ هەر لە ناو (الفتح) دا کە گەورەترین ڕێکخراوە چەندین ((اتجاه )) و بیرکردنەوە ، هەیە کە چی هەر هەمووشیان برایانە و پێکەوە هەڵدەکەن و زۆر جار باری سەرنجی خۆشیان ناشارنەوە وەکو( الفتح) یان تێدایە کە توانا و پشتگیری ۸۰ ی ، سەرجەمی بزوتنەوەکەی هەیە و جەماعەتی ((احمد جبریل )) پشیان هەیە کە کۆمەڵێکی بچوکن ، بەڵام لە وێدا ماسیە گەرەکان ماسیە بچوکەکان ناخۆن ، یان بەلانی کەمەوە (فرسەتی بەلاش) نادەنە دەست دوژمنەکانیان. یان کوردانەتر بڵێین لەسەر ئاخوری مایِنی نەکراو هەرا و گەردەش نانینەوە .ئەگەر باری رێکخراوە کوردستانیەکان بەوان بگرێت اصلا هەر هیچی تیا نامێنێتەوە کە دڵی یەکتر نیگەران کەین نەک (شێری ماڵەوە و رێوی دەوەوە بین ) لە ناو خۆماندا هەمووی (حوکمی زاتی راستەقینە و دیموکراسی )دەوێت کەچی پێکیشەوە نالکێندە ئەمە یان شەرە کورسیە یان پوازی داگیر ەر و پلانی نیو دەوڵەتی ، ئەگینا چی یە ؟ با ئەوەش لە بیر نەکەین وەکو کابرای بەدبین بێین : نیوەی پەرداخەکە بە تاڵە وهەر بە تالایی ببینینخۆی هەرواشە ئەوە لەسەرجەم پەیوەندی ئەو حیزبو ، رێکخراوە کوردستانیانەی کوردستانی باشووردا و لایە نێکی زۆر گرنگی عێراقی نیوە کوردستانی و نیوە عیراقی دا ئەوپەری رێز و هاوکاری هەیە ((سۆسیالیست ، پارتی ، پاسۆک ، حیزبی شیوعی )) بەرای من لە ئاستی و ژمارەی حیزبەکان دۆست وبراو هاوکاران و شایەتی توانای پێکەوە ژیان و شیاوی فرە حیزبی دەدەن ٠٠ ماوەتەوە لە (۲۰) ەکە ئەویش خوا چاکی کات !!!!!

**۲٦ فرسەتی خۆڕای چی یە ، کە بدرێت بە داگیر کەر ؟.**

ئەوەیە ئێمە لەسەر نەهاتوو نادیار و ئەو شتانەی لە حوکمی ((غەیب )) دان و یان نەرسکاون گەردەش بنێنەوە و لێک بترازێین یان خۆمان بە شتانیکەوە خەریک

کەین کە بۆ دەیان ساڵی دیکە امکانی پێش هاتیان نەبێت و مەسەلە ئەساسی وگرنگ و سەرەکیەکەی بەردەستمان لە بیر بچێتەوە وەکو ئەوەی هاوسێیەتی و دۆستایەتی ئێمرمان لە ئێستاوە تێک بدەین لەسەر ئەوەی پاش دە ساڵی دیکە مناڵەکانمان گەورە دەبن و لە کۆلان لەسەر هەلوکێن تێکدەچن ! بە زمانی سیاسی بڵێین ، ئێمە ئیمڕۆ هەمووان بەرەنگاری دوژمنێکی سەرسەخت وداگیرکەرێکی ماڵ بە تالان بەر بووینەتەوە و مل ملانیکەمان مل ملانێ ی مان ونەمانە ، ئەم هاو چارەنووسی و هاو ئامانجی و بەرژەوەندیە بەلاوە نێین و لەسەر ئەوە تیروشیر لەیەک بسوین ، گوایە سبەی کە وولات کەوتە بەردەستی خۆمان جوتیاری ((٢٠)) دۆنم زەوی بدرێتێ یان ((٣٠)) دۆنم یان جارێ هەمووان لە گەرووی نەهەنگداین و

چاوبتوو قێنین دەم دەدابە یەکدا و ئەگەر یەکێکمان بکاتە بەر بانگ ، ئەوی دی هەڵدەگرێت بۆ پارشێو . کەچی لە سەر ئاغایەتی و پێشڕەوایەتی و پیستی نەهەنگەکە شەر بکەین . ئێمە ناڵێین هیچ جیاوازی و لێک نەچوونێکمان نی یە ودروست و چەسپ وەکو یەک بیر دەکەینەوە و وەکو یەک شتان دەبینین و مەبەستیانە .. ئەگەر وابین دەبینە یەک .. بەلام دەڵێین لەم قۆناغەدا و لەو قۆناغە کانی داهاتووشدا و تاماوەیەکی زۆر زۆریش ئەگەر بە دووی خاڵی لێک چوو و یەک خەر و هاوبەشدا بگەربێین ، زۆر پترن لە خاڵی جیاو چەشمەندازی جوێ و لێک نەچوو بۆیە جارێ با لەسەر ئەوەی هەیە و پێویستە رێکەوین کە چارەنووسیهەموانە ، پاشان کە ئەوە هاتە دی دووبارە بەسەر حسابەکاندا دەچینەوە ، یان خۆی ڕۆژگار دەسەبەرەی ئەوە دەبێت وردەکاری و هەتا بۆچوونی یەکێکمان پتر بسەلمێنێ یان ((تەرجیح)) بدات ، ئیمڕۆ با دوژمنە کە لەماڵی خۆمان وەدەرنێین وماڵە میراتی بابمان ساغ کەینەوە ، ئەوسا شەرعی خۆمان دەبەینە لای جەماوەر .

**٢٧ سۆسیالیزمی حیزب باوەڕی پێ یەتی وکردویە تیە دروشمی دووەمی حیزب چی یە و جیاوازی چی یە لەگەڵ تیورو قوتابخانە سۆسیالیزمەکانی دیدا ؟.**

سۆشیالیزم وەکو زاراوە و مەفهومێکی کۆمەڵایەتی و شێوازێکی ژیان و باری ئابووری کۆمەڵگە ، لەو ڕۆژەوە ، زوڵم و چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتی بەرچاوکەوتووە و ، هاتۆتە بەر هەست و هۆشان ، تاکە خێر خواکانی کۆمەڵگە ی ئەو بارە ناسروشتی یە سەپاوەی دژ بە هەڵکەوت و مانای ژیانی مرۆڤایەتی یان رەت کردۆتەوە وپێی قایل نەبون هەر یەکەی بە پێ ی سەردەم و هەڵکەوت و هەل و مەرجی مێژوویی سەردەم چارەو بۆچونی تایبەتی هەبووە. بە شێوەیەکی گشتی ، سۆشیالیزم وەکو مەفهومێکی فەلسەفەو وفراوانبریتی یە لە ((نەهێشتنی چەوساندنەوەی مرۆڤ ((و))

بەرگرتن بە چەوساندنەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە ((و)) هەڵتەکاندنی ئەو بنەماو زەمینە مادی و فیکریانەی ئەو چەوساندنەوەی لێ شین دەبێتەوە )) ئەمە مەفهومی فراوان و جەوهەریسۆسیالیزمە .. جا چۆنیەتی و شێواز و ڕێگە و جێگە و کەرەسەی بەدیهێنانی ئەو ئەرکە بە پێ ی سەردەم و بار و هەل ومەرج و بۆچوونەکان دەگۆرێ ، هەر لەمەوەیە ، دەیان و سەدان قەتابخانە و ریچکە و تیوریسۆشیالیزمانە پەیدا بوون .. ئێمە پیمان وایە کە رەوتی بەرەو پێش چووی ژیانی مرۆڤایەتی خۆی بەرەو هەڵتەکاندن و پاکتاو کردنی بنەما و زەمینەیفکری و مادی چەوساندنەوە دەچێت و هیچ هێزێک نی یە بەری پێ بگرێتە بە مقداری پێشکەوتن و فەراز بوونی کۆمەڵگەو وەبەرزبوونەوەی ئاستی هەستی مرۆڤانەو رۆشنبیری ووشیاری جەماوەر لە رۆژی نەمانی ئەو چەوساندنەوەیە نێزیک دەبینەوە ، دیارە ئەمەش بە (کن فیکون ) وچەند برشیارێکی فەوقی ڕوونادات و نایەتە دی دەوری مرۆڤ چەندەیەکەمایەتی وکاریگەرو سەرەکی بێت یاریدەدەری پێش خستن و پێشهێنانی ئەو ڕۆژەیە ئێمە دژی چەوساندنەوەی مرۆڤین بە هەموو جۆرو شێوەیەکەوە نەک تەنە چەوساندنەوە ئابووری یەکە بام لەم قۆناغەدا خانەی سەرەکیش هەبێت بۆیە سۆشیالزمی ئێمە ئەگەر ئەو ناوە هەڵگرێت هەڵقولاوی پێداویستی کۆمەڵگەی کوردەواری و چارەنووسی پاشە رۆژی کۆمەڵگەکەمانە ئێمە باوەڕمان بە نەهێشتنی ئەو چەوساندنەوەیە یە جا چۆن وبەچ ڕێگەو شێوازێک و کام پلەو کام ڕێگەو بە کام بەرنامکە و نەخشەیە دەکەوێتە سەر بارو هەڵ ومەرجی گونجاو وهەلکەوت و بۆ کۆمەڵگەی کوردەواری چۆنێتی( تفاصل) و ڕەگە ورد وردەکاری و جۆرو شێوەی داهاتووی ئەو هەنگاو شێوەیە بەندە بە پلەی گۆڕان وگونجانی ئەو هەنگاو ئیجرائاتانەی دەگونجێ مگەڵ باری ئابووری ودەروونـی وفیکری ومادی کۆمەڵگاکەماندا (تطبیق) و تاقی کردنەوەیە کە دەتوانێ جلێوە بە تیوری سۆشیالیزمان ببەستێ و چوارچێوە بەندی بکات چونکە مەیدانی کارو ((تطبیق ) بواری ڕاستەقینەی چەسپاوی دلروستی پێک هێنانی تایورو بۆچوون و وەهەنگاوو باوەڕەکانە تاقی کردنەوەی دنتیالش فێری کردووین چوونە ناوەوە (تفاصیل )) وەزۆر جار وادەرناچێت و هەر خۆی زیان لە ئەصڵی تیورەکەو مەبەست و ئامانجەکە دەدات ئەگەر نەڵێین ئەو دەرنەچون و بەدرۆ کەوتنانەوە کۆسپی گەورە دەبن لە سەرەرییزانستێتی و بە راست دەرچوونی شا ڕێگە و بیر و فەلسەفەکە بە گشتی .. لەم بوارەشدا ئێمە ، نە خۆمان دەبەستینەوە بە تیوریەکی دیاری و گردەبڕی ((قورئان ئاسایی ))واوەکە دەرچوون لێی ولێ دابڕین و خستنە سەری بە پێ ی پێویست و واقع و هەڵکەوتەکە هەڵناگرێت بە مانا نە خۆمان دەکەینە زەیەوانی هیچ بت خانەیەک و ئەو تایورانە بگەیەنینە ئاستی ئاینە ئاسمانی یە غە ییبیەکان .. وەنەدەرگاش لە رووی هیچ

تیور و تاقی کردنەوەیەکی دادەخەین . واتە نە بە تەواوی تەسلیمی هیچ دەبین ونە پێشەکیش ڤیتۆ لەسەر هیچ دادەنێین . هەر بیرو فەلسەفە و تاقی کردنەوەیەک ئەم سێ مەرجانەی لە خودا کۆبکاتەوە ، ئێمە پێشوازی لێ دەکەین و پێڕەویشی دەکەین :

١- زانستی بێت بەمانا لەگەڵ هەڵکەوتی مرۆڤدا بگونجێ و قابیلی ((تطبیق )) کردن بێت .

٢- لەگەڵ بارو هەل ومەرجی مادی و مەعنەوی و فیکری کوردیدا بگونجێ .

٣- لە بەرژەوەندی کۆمەڵگەی کوردەواریدا بێت ..

**٢٨ ئایا ((سۆسیالیزمی )) حیزب بەرچاوی گرتووە زانستی یە ..؟ یان ((سۆسیالیزمی زانستی)) تەنها مارکسیزمە و زانستی تیوری سۆسیالیزمی پاوانی ئەو بیرەیە**

وەڵامـی پێشوو ئـەوە دەردەخـات کە سۆشیالیزمی ئێمە زانستی و واقعی و سۆشیالیزمی راستی یە .. کەسیش بەهی خۆی ناڵێ ((ناعیلمی )) وهەوو کەسیش ئازادە و ساناشە بۆی چ ناوێ لە خۆی بنێ ، بەڵام مەرج نی یە ئێمە بەو پێودانگە مەسەلەی ئەوان یان باوەرەکەیان بپێوین .. راستە ((سۆشیالیزمی زانستی )) بۆتە ((اسم العلم )) ێک بۆ مارکسیزم ، بەڵام وەک هەر ناوێک دەلالەت لە ناوەرۆکی ناکات .. ئێمە مل بۆ ئەوپاوان خوازیە نادەین لەگەڵ ئەوەشدا رێز لەو ( ولە هەموو بیرو تیوریکی دیکەش دەنێین .. هیوادارم بتوانین لەم بارەیەوە لە دەرفەتێکی نیزیکدا روون تر و فراوان تر رای خۆمان دەربڕیت ، جارێ هەر ئەمەندە بۆ ( بەرکوتێ ) دەستدەدات .

**٢٩ دەربـارەی خەڵکی ئـاوارەی ئەوروپا و خەبـاتی ((ئەوروپیانە)) بوختانی ئەوەمان پێوە دەکرێت کە ((تەڕ و وشک )) پێکەوە دەسوتێنێ .. ئەو رایانە هەندێ توندی و بێ روحمی تێدایە .. کە ناراستەوخۆ کەم کردنەوەی دەوری خەباتی سیاسی یە ؟ لەم بارەیەوە ئەگەر بفەرموون بە روون تر رای حیزبمان دەربربن .**

هەموو ئەو بوختان و ئاوەژووکردنەوەیە لە لایەن کەسانێکەوە دەردەچێت کە روو زەردی لای مەسەلەی نەتەوەکە یانن و بەزیو وهەڵاتوون. ئێمە دەزانین جەنگ درێژەی سیاسەتە و ئامرازێکی جێ بەجێ کەری مەسەلەیەکی سیاسی یە ئێمە چتر لە هەر لایەکی دیکە گرنگی دەدەین بە لایەنی سیاسی مەسەلەی کورد و پێمان وایە یەکی لە ناتەواویە هەرە بەرچاوەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد ئەوەیە کە نەتوانراوە مەسەلەکەمان لە رووی سیاسی یەوە بگاتە ئاستی پێویست و جۆرە دابڕانێک هەیە لە نێوان خەباتی چەکداری و خەباتی سیاسی .. واتە کورد ، بەگشتی جەنگاوەری چاکن و سیاسی خەراپ ئەگەر نەڵێین هەر سیاسی نین ! خەباتی ڕزگاریخوازی

کورد ، بەشێک و رووبەرەکی لە ئەندازە بەدەر و زۆرینەی بە خەباتی – کە ئەو ناوەش هەڵناگرێت –ئەوەندە لاواز و شەپلە لێدراوە بڕای نەبووایە .. کوا وکامەتە ئەو بەرهەم و کەسبە سیاسیەی – تێکرایی کۆڕ وکۆمەڵە سیاسی یەکانی کورد – ئەوەی بە زۆرو ناهەق ئەو ناوەی لێ دەنرێ .. بریتی یە لە کۆمەڵی شەڕە دەنوک و تۆمەت و تاوان پێچانە ملی یەکدی و ناو زراندن و بوغزاندنی یەکدی .. بە جۆرێکی وا مەسەلەکان رەزاگران و تاڵکردووە ، کە خێر خوایەکی بێگانە رێگە بە خۆی بدات و بەهەندێکیان بڵێ (ولک استحوا ) .. ئەو خەڵکە لەوانەیە دووراودوور شەبەنگی چەند ناتەواوی وکوم وکوریەکەمان درکێ پێ بکەن ، کەچی خۆمان وهەر یەکدی لای خۆیەوە دەچێت لایەکی شرە سەرپۆشی سەر حەیا و حورمەتی لاکەی دیکە شنەر شنەر دەکات و عەیب و عاری بەو سەحرایە وەردەکات دکتور تەرەماشێک ملی دەشکێنێ ودەچێتە سوید وکۆڕ بۆ خەڵکی دەگێڕێ لە بری هەموو پیاوەتی و دەرخستنی مەغدوریەتی کورد ورەوایەتی مەسەلەکەمان بە ووشەی ((نامەرد)) ناوی پێشمەرگەی لایەنێک دەبات لە کاتێکدا ئەمان خۆیان و خۆی وهاو دەرونە رەشەکانی خاڵقی هەموو مانا و شێوازەکانی (نامەردی ) ن لە کوردستاناندارێژەی نەدەمێ بە کورتی و کرمانجی و بەزمانی ساکار دەڵێین ئێمە پێمان وایە سەد بەرەی شەرو سەر کەوتنی سەربازی هێندەی بڕیار و پشتگیری ودان پیدانانێکی سیاسیانەی مەسەلەکەمان تین و تاوی نی یە و نابێت .. دیارە ئەمە هیچ لە گرنگیتی و پێویستی و یەکەمایەتی مەسەلە سەربازیەکە کەم ناکاتەوە ، چونکە ئێمە تا بزووتنەوە و شۆرش و خەباتی چەکداریمان نەبێتمسی نێو گوێی دنیای بەرژەوەندپەرست ناتوێتەوە ، بەڵام ، ئەو دوو مەسەلەیە ئاوێتەی یەکدین و مەسەلەی سیاسی هەوێنی چارەسەری مەسەلەی نەتەوەکەمانە .. بەڵام هەر گیز ئەو جرت وفرتە گومان لێکراو و قسە و قسەلۆکی سەر مێزە رازاوەکانی ئەوروپا و شەڕە مست و چەنە حەلا نێ ی تۆمەت و تاوانباری ودوورە وەریە یە بە ناتەواو یەکانی سەر ساحەکە بە سیاسەت نازاین.

ئێمە نەک مەبەستمان لەو خوندکارانە نی یە ، سەربازی مەینەتی و کوێرەوەری و نەداری و خوێندنی بە ئەرک و گوزەرانی نارەحەت خۆیان گوتەنی ترپەی دڵیان لەگەڵ هەنگاوی پێشمەرگەدایە و خەریکی چالاکی پاک و کوردانەی سیاسین ، بەڵکو ئەو پەری رێز و تەقدیرمان بۆیان هەیە و ئەوانەن سبەی چارەنووس بە دەستانی مەسەلەی نەتەوەکەمان .. چۆن ئیمرۆ پێشمەرگە پێویستە بۆ رزگاری و سەرفرازیمان سبەی دەهێندە ، شارەزا و پسپۆر و شەهادەتی بەرزمان گەرەکە بۆ بینای کۆمەڵگەکەمان و ئەوانن پارێزگاری بەرهەمی خوێنی شەهیدان دەکەن .. خەڵکی بێ چارە و ئاوارە ودەست و پێ بەستراوی دڵسۆز نەک جێگەی لۆمە تانە و تەشەر نین ، ئەوەی ئێمە

دەیکەین بەشێکی تۆڵەسەندنەوەی ئەو ئاوارەیی و دەربەدەرییەی ئەوانە و بەشێکی بۆ گێرانەوەی ژیانیئاسایی ومافی ژیانی ئەوانەیە . خۆ ئەوانەش کە کۆڕو کۆمەڵە سیاسییەکان بەپێ ی بەرنامە و نەخشەیەکی دیاری بۆ تەواوکردنی دەوری خەباتی نێو ولات دانراون و ئەرکیان ل ئەستۆیە دوو جاران پێشمەرگەن ، پێشمەرگەن وەکو خەبات گێرێک مەوقعێکی پێویست و دانراودا. پێشمەرگەن وەکو دوور لە وڵات و غەریبایەتی چێشتن . ئەمانە دوور تا نزیک وکوم تا کورتێ و هەرگیز بەر ئەو حوکمە ناکەون و هەمیشەش دەستمان بۆ ئەو لایەنە درێژکردووە .. بەڵام ، ئەو مل ئەستوورە ،گەندە ن مشەخۆرە قسرە ، دەم هەراشە هیچ لە بارا نەبوو و هەڵاتوو ، بەزیو وە ، ترسنۆکە ، بە تاڵانەی بەسەر لاشەی پێشمەرگەو خوێنی شەهیداندا هەنگاو دەنێنن و هەڵدێن بۆ ئەوروپا و خۆلە ئەرک ومەسەلە میللیەکە دەدزنەوە .. هەر بەمەشەوە ناوەستن ، بۆ داپۆشینیعەیب و عار و بەزیووی وهەڵاتنی خۆیان دەکەونە تانە و تەشەر لە شۆڕش وشۆڕشگێڕان و دۆزینەوەی پۆزش و بیانوو و بەهانەی پووچ بۆ خۆ بە پیاو چاک زان و خەڵکی تاوانبار کردن .. ئەوانەی کە پیاوی ئەو بارە نەبوون و لە ژێریدا دەرفرتان ، ئەوانەی تا کردیان و بردیان و خەراپەیان کردبوون کە پڕ بوون و مسۆگەر بوون خۆیان دزیەوە ، ئەوانەی دەستیان کەوتۆتە روو و چی دی بۆیان نەچۆتە سەر ، ئەوانەی شەقەت بوون و لە بارچوون ، ئەوانەی خانەیان نەبووە و بناسن ، دەکەونە نا پیاوی و ئابڕوبردی کورد .. هەرخۆت سەرنج بدە ، لەسەدا نەوەدی ئەوانەی لەم دوو ساڵە ی دواییەدا ملیان شکاندوە بۆ دەرەوەی وڵات لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکەی خۆماندا عەیبدا ر بوون ، دەبێ ئێستا لەو وڵاتە پیشکەوتوانە چ بن و چ بکەن ؟ بپرسن و بزانن ئەوانە چەندە لەقەدەر و حورمەتی کوردیان کەم کردۆتەوە ئەوە جگە لەوانەی کە هەر بۆیان هەڵنەسورادەبنە پیاوی ئەو ((موخابەرات )) و ئەم دەزگا جاسوسی یە .. مەبەستمان ئەمانەن .

دیسانەوە مەبەستمان ئەوانەشە ، کە بە قسەی پف هەڵدراو فەلسەفەی وشکی سەرمێزی رازاوە و نوسینی بەرکۆندشن سەری حەوت حەوت دەبڕن و تەلاری هەزار نهومی ی خەیاڵدروست دەکەن و فەرمایشت و ناماقوڵی زیاد دەکەن ... دیسانەوە مەبەستمان ئەوانەشە ، کە شۆڕش وجەرگەی خەباتەکە پێویستی پێ یانە ، کەچی وەکو دکتۆر ئاو و ، هەوای ئەوروپای بۆ بڕیبێتەوە و وەکو ماسی ناو ئاو نەتوانن بێنەوە ، هاتنەوەیەکە کە چاومان ئاوی چوو لە چاوەرواندیدا. ئەو کەسانەش کە دەتوانن زۆر شت لەسەر ساحەکە بگۆڕن ، بەڵام بە ئەوروپاوە جام بوون ، هەمووئەمانە ئەگەر ئازایەتی ئەدەبیان تێدا بیت و بە قەدەر توانایان بفڕن و بخۆرن چ گلەییان لەسەر نابێت یان دان بەوەدا بنێن کە ئەوان پیاوی شۆرش و شۆرشگێرایەتی

نین ، بەڵام مامۆستای قسەی زلن . یان هەر چ نەبێت لە قسەی زل بکەون چرکە. چونکە کە خاوەن ماڵ دز بگرێت سەر ئەنجامی دیارە . بەس خەمیگران ئەوەیە ((دز خاوەن ماڵ بگرێت )) ...

**٣٠ هەر لەم بارەیەوە دەڵێین ، لەو نوسینەدا ئەوانە ((جاش)) یەک خراون و ئەمەش رەواکردنی ((جاشێتی یە )) باشە هەڵاتن خراپە بەس بەو جۆرە نا ؟!!!.**

چاک بوو ئەمەت خستە روو ، ئێمە کە دەربارەی ئەو بەزیوە هەڵاتوانەی مە بوونەتە مایەی ئابرووبردنی کورد دەست دادەگرین ، لەوەوەیە خەڵکی عەقڵی هەیە و شتان لێک دەداتەوە باشە ناڵێن ئێوە لە باتی شۆڕشی خوا نەیبڕێ جووتێ شۆڕشتان هەیە و ئەگەر لایەکی ساحەکە براکوژی تێدایە وخۆلاکەی دیکە ئەم دەردەی نی یە ئیدی بۆ خۆتان دزیوەتەوە ؟ و ئێمرۆ و لەم قۆناغەدا لە خزمەتی نەتەوەکەتاندا نەبن کەی دەبن ؟ پاش قەبرەکەی ئەڵێ. یان کە بە خوێنی هەزاران شەهید کە ئێوە لەسەر حسابیان تەراتێن دەکەن ، رزگاربوو بچنەوە ببن بە سیپاڵ بەسەر گەلەکەتانەوەسەد حەیف ئەو ریزو قەدەرەی ئەوروپاییان لە نەتەوە دلێرە کەی خۆرهەڵاتیان دەنا و بۆ نموونەی خۆگری و شۆڕشگێری دەیان هێنایەوە ، ئیمرۆ ئەو جڕ وجانەوەرانە ئەوەش ، دەکرتێنن و سەدان سەرگوزشتە و رووداوی وا شەرم هێن باس دەکەن و رووی داوە کە رووی نووسینیان نی یە. زۆر کارێکی ئاسایی یە پیاوی خۆ فرۆش و ناپاک لە ناو نەتەوەیەکدا هەڵکەون وزیانەکەشیان لە چوارچێوەی وولاتەکەدا ناچێتە دەرەوە وزۆر جاران ناپاکی و پیاو خراپی ((جاش ))ەکان هاندەرێک دەبێت بۆ خۆ دزینەوەی زۆر کەس و بە هۆشدا هاتنەوەی زۆری دیکە ، بەڵام ئەمانە جگە لەوەی ناتەواوی وکەم وکوڕی نەتەوەکە دەبەنە دەرێ و لە شارەکانی ئەورووپا دا هەڵی دەخەن. رێ خۆشکەرو هاندانی سارکردنەوەی خەڵکی دیکەشن. بۆیە دروست ئێمە پێمان وایە ئەو کارە و کردەوەیەکی ئەوان لە ((جاشێتی )) بەدترە و ئەمەش هەرگیز پاساودانی ((جاشێتی نی یە )) دۆزینەوەی بار و هەلکەوتێکی بەدفەر و زیان بەخشە کە زیان و بەدیەکەی لە (جاشێتی ) خەراب ترە. بێ گومان ئەو – بەناو کوردە – بەزیوە ترسنۆکانە بەم قسانە قاڵس دەبن، تەگەرە دەیان گرێئەو (( مردووی بەشی زیندوو خۆرانە )) ملیان وورد دەبوو و هەر بۆ دۆزەخ چاکن . تەنها ئەوەندەی هەیە خەڵکی دیکەش نەگلێننە خۆیانەوە و خۆیان نەدەنە پاڵ کەسانێکی دلسۆز و شۆرشگێر کە پێویستی و مەوقعی خەباتیان وا هەڵدەگرێت لە ئەورووپا بن . جگە لەوەش ئێمە شتێ بە یەکێ ناڵێین و حوکمی نادەین ، کە پیشەکی بۆ خۆمان بەرچاو نەگرتبێ و پیشەکی بە خۆمانمان مەووتبێ و حوکمان بەسەر خۆماندا نەدابێ ..

یەکێ لەو بەزیوە بودەڵانەی خۆی ئاگادارە من بە خۆمم ووتوە : ئەگەر – وەکو ئێستای ئەو و ئەوان هەڵێم لە ئەوروپا ببە. ئەسکەندەری سەر زەمین ، ئینجا هیچم ، کە من بە خۆمی بڵێم و ئەوە رای حیزب بێت ئیدی چۆن چاو پۆشی یان مجامەلەی بەزیوانێکی وەکو ئەو دەکەینئێمە هەندێ حوکمی (مگلق) مان هەیە و پێشەکی دەبێ هەموو ((پاسۆک )) یەک یەک بیسەلمێنێ وەکو ئەوەی لە باڵاترین بەرپرسیاری حیزبەوە ، تا پێشمەرگەیەک ، بێ پاسۆک ئێمە سفرین. بۆ یە کە یەکێ نەیتوانی و شیاوی شەرەفی (پاسۆک ) ایەتی نەبوو بە پێ ی حوکمێ کە خۆی

پێشتر باوەری پێ بووە ((سفرە)) ! (سفرە) لە حسابی ئێمەدا خوای دەکرد رۆستەم دەبوو ! .

**٣١ تا چ رادەیەک توانراوە ، هاوبیران فێری ئەو ((ئازایەتی یە ئەدەبی یە )) بین و بتوانن خۆیان حوکم بەسەر خۆیاندا بدەن ؟ .**

ئەو ئازایەتی یە مەرجێکی ئەندامێتی حیزبمانە بۆیە ناچارانە دەبێت هەر هاوبیرێک لانی کەمی تێدا بێت ئێمە پێمان وایە ((ئازایەتی ئەدەبی ((کە بریتی یە لە ))بەگژخودا چوونەوە ))و ((قاولە خۆکردن )) و بەئاشکرا محاسەبەکردنی خۆ گەورەترین و گرنگترین جۆری ئازایەتی یە ، هەر بۆیەشە یەکێ لە مەرجەکانی ئەندامێتی ((حیزب)) ئازایەتی یە ئەوەی بتوانێ بچێتە ژێر زنجیری تانکەوە ، بەڵام وێرای ڕاستی دەربرین و ، دەنگ لە خۆکردنی نەبێت ، بەلای ئێمەوە تەنها ((ئازایەتیەکی حەیوانی )) ئازایە و بە پێودانگی مرۆڤانە ((ترسنۆکە ))ئازایەتی مرۆڤانە ئەوەیە مرۆ بتوانێ دەست بکات بە چاوی خۆیدا و کوردواتەنی (چۆن بە درێژی خۆتا دەروانی ئاواش بە پانی خەڵکدا بڕوانە ) کەی تاکەکانی کۆمەل توانیان بەو گیانە رابێن و پەروەردە ببن ، هەرچی بەڵاو دزێوی و ناجۆری نێو کۆمەڵ هەیە لە خۆوە دەپوکێتەوە. سەرنج بدە ((چاوچنۆکی )) ناپاکی دەست درێژی چەوساندنەوە ، بەری رەنجی یەکدی خواردن ، داگیرکردن ، درۆ ، دەس بڕی ... هتد )) هەرچی خەراپە هەیە بژمێرە تەنها و تەنها لەوەوە هاتوە کە مرۆ((دنیا لە خۆیدا ببینێتەوە )) وخۆویست و خۆپەسەند بێت . ئەگەر ئەو کردارو رەفتار و گفتاری دەیکەیت رەوا بوون و رەوا نەبوونی بۆ خۆت بخوێنێتەوە وخۆت بخەیتە جێ ی بەرانبەرەکەت پاشان بە بێ چاک بوون و خراپ بوونی ، حەز و ناحەزی و ویستن ورەت کردنەوەی لای ،خۆتەوە بپێوی وپێرەوی

بکەیت هەرگیز کاری ناکەیت شتێ ناڵێ ی کە زیان بەخش بێت ئەمە تۆباویەت ئیفلاتۆنیەت نی یەبە حوکمی ئەوەی مرۆ ئەو لایەنە چاکەی تێدایەو گەر بیەوێت بیخاتە گەڕ دەتوانێ بەو مەرجەی بەسەر هەواو هەوەسی چەوتی زاتی خۆیدا زاڵ بێت ، خودا دەفەرمووێ ((فالهمها فجورها وتقوها ، قد افلح من زكاها )) چەندە دروست و قوڵ بە

ناخی هەڵکەوتی مرۆڤدا چۆتە خواریهاوبیرەکەم تا ئەم گیانە دروست نەکرێت ، مەسەلەی ڕەخنەو ڕەخنە لە خۆ گرتن – کە بۆتە گاڵتەو گەپ جاری ئەم سەردەمە – و لە هەموو پرۆگرام و پێڕەوی ناوخۆی حیزبێکدا تۆمار کراوە ، لە نووسینی سەر پەڕەکان تێ پەڕ ناکات ئەوەشت پێ بڵێم : گوێت لە هەر کەسێ گرت شانامەی خۆی خوێندەوەو خۆی لێت کردە پەری بێ ئەوەی بە توندی و ئازایانە دەست نیشانی کەم وکوڕی و هەڵەت و هەڵەتەکانی خۆی بکات. بزانە بەرانبەر درۆزنێکی یەکجار ساختەچی دانیشتووی و چەندەش قسەکانی لە بارو سەرەنج ڕاکێش و هەتا دڵنیا کەریش بێت ئەوەندە شەیتان تر و عەوام خەڵەتێنەترە بەکورتیەکەی ((جادوگەر )) ە من کە لە خۆمەوە تەماشا دەکەم ، وەکو قوتابیەکی بچوک وگوێڕایەڵی ئەو بیرو باوەڕو حیزبە و لەتەعامولی ڕۆژانەی ناو هاوبیرانمدا دەتوانم بڵێم ئەگەر چی هێشتا ماومانە بگەینە ئاستی پێویست و دڵنیاکەر،بەڵام وەکو بوونێک زۆر بەزەقی هەستی پێدەکرێت و هیوای ئەوەی لێدەکرێت کەببێتە خەسڵەتێکی(متفرد)ی حیزبمان ئەگەر نموونەیەکی بچوک بێنمەوە دەڵێم:

لەساڵی ١٩٧٩حیزب ئەرکێکیدا بەسەرمدا،کەبەڕاستی نەمدەتوانی وەکو پێویست بم هەرچەندە هەزارو یەک پۆزشم هەبوو بەڵام هەرگیز بایی ئەوەندە نەبوون،لەو شەرەفە دوابکەوم،بۆیە بەوپەڕی((ئازایەتی))ئەدەبی‌یە بۆ حیزبەکەم نووسی: ((تۆز لەئاو هەڵناستێو مەردایەتی لەدەست نامەرد نایەت،ئیمڕۆ من ئەو نامەردەم!)) هەر سێمانگ دوای ئەو حوکمە،توانیم ئەو بەرگی((نامەردایەتی)یەی

–بەناچاریش بووبێت–بیگۆڕمەوەبە((مەردایەتی))یەک تاکە سەرچاوەی شانازیو سەروەریمە هەر ڕۆژێکی دیکەش نەتوانم لەئاستی پێویستدا بم و ئەوئەرکەی‌حیزب لێم دەخوازێ بەجێی نەهێنم هەر ئەو ڕۆژەیە براکەم،ئێمە کوردایەتی دەکەین ، کوردایەتیش (فرض العین ) و نوێژ و تاعەتە. بۆیە بچوکترین گیر و گەر توشی گوناح دەبین. مەسەلەی خەبات و کوردایەتی بازرگانی نی یە چاو بەست و مامەڵە بێت ، زیرەکی وپیکوڵی لە دەستکەوتەکەدا بێت ، جا چۆن دەبێ با ببێ. نەخێر دەبێ چۆن دەڵێین ((فناف الله )) هەیە، ئاواش ((فناف الحزب )) و ((فناف الکردایەتی )) بێت. برواش بفەرموو ، ئەگەر لە تەسکی شەخصی شەوە بروا نیتە ئەم – مەسەلەیە ئەو((راستگۆیی )) وئازایەتیە ئەدەبیە ((چاترە )) . چونکە خەڵک چاوی هەیە و چ شتێکی نی یە بە چەوتی تا سەر بشاردرێتەوە. جا پێش ئەوەی خەڵکی لێت بکەنە قاو و لە دەهۆڵت بدە ، حەیف نی یە تۆ خۆت بە دەستی خۆت وای لێ نەدەیت بیدرێنی ، نەبادا ناحەزی لەبەر هەر مەبەستێک بێت پەلە پیتکەیەکی لێ بدات لەسەر خڕ وەکات. پیاوەکە کە ماڵی لە شوشە بوو دەبێت لە ماڵەوە ((گۆشەگیر )) بێت کە هێشتاش هەر سەلامەت نییە کە ویستت سیاسەت بکەیت ماڵەکەت لە بەردی ڕەق هەڵچنە و بناغەی قوڵ لێ بدە بۆ ئەوەی تۆپیش کاری تێ نەکات .

## ڕازێکی کوردانە:

**« هەنگاوێ لەسەرەڕێی بیرکردنەوەی لە داڕشتنی بیناى« فیکری کوردی» دا...**

لە کۆمەڵگای دواکەوتوو و لەو شوێنانەدا کە نەلواوە بیری ئاڕاستەکەری ژیان لە خودی واقیعەکەوە هەڵبقوڵێ و تاموچێژ و خۆماڵی وەرگرێت. یان بیر و فەلسەفەی ژیان و تییوورە سیاسییەکان زادەی هەناوی گۆڕان و گەشەی خۆماڵینین. بە کورتییەکەی بیری گۆڕان و جمان و چالاکی فیکری و سیاسی و شۆڕشگێڕی لە زەمینەی واقیعێکەوە هەڵنەقوڵاوە و لە گرێژنەی پێکداچوون و قوڵایی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگاوە نەڕسکاوە. بەناچاری و بە حوکمی پێویست یان خەسڵەتی لاسایی مرۆڤانە.. ئەو بیر و ئەندێشە و فیکر و فەلسەفە و تیۆرانەلە لایەک و کۆمەڵگەیەکی دیکە دەخوازرێتەوە. لەکاتی بەکارهێنان و تەرجەمەی کرداری و جێبەجێکردن دا/ تطبیق زۆرجاران کودینی و «بازاڕی» دەرد چیت ئەمە ئەگەر دڵسۆزێک و خۆماندووکردنێکی زۆری تێدا بەخەرج بدرێت. خۆ ئەگەر هەروا« میرکوتەکی» و کوێرانە لە کردارهیندران ئەوا کورد وتەنی: لەقلەق ، قاپ قاپ دەردەچێت...

لەم بارەیەوە کە لە شۆڕشگێڕەکانی دنیا بەوە ناسراون کە واقیعبین بوون و توانیویانە بیرتیژی و دووربینی و وەستایەتی کارزانانە لە مامەڵەکردن لەگەڵ واقعی کۆمولگەکانیاندا بەکاربێنن. ئەمانە لە ڕووبەڕووبوونەوەی واقعدا نە لە ئاستیدا چۆکیان داداوە و نە هەرزانەش تینیان داوەتە بەر شاخە بەردی چەسپاو و لەبنیدا سەقەت بن. ئەوانە بە دەستەواهەی کوردی کەرویشکیان بە عەرەبانە گرتووە و ئەزیان بە دەرزی هەڵکۆڵیوە بۆ نموونەیەکی یەکجار بەرچاو دەکێین: ماو کە رابەرێکی پەنجە نیشانی مارکسیزمی سەردەمی خۆی بووە لەبەرەنگاربوونەوەی واقعی بوتپەرستی خەڵکی چینیشا کە بەپێی فەلسەفەکەی هەموو شت پەرستییەک تلیاکە و دەبێت بنەبڕ کرێت... هەڵنەستاوە فەرمایشت و فرمانی بورجی عاجی یانە بدات... بە شکاندنی بووت و تێکدانی بووت خانەکان. ئامۆژگاری بە ڕابەرانی سیاسی کۆمەڵە جوتیارییەکانی کردووە کە خۆیان پەنجەیە درێژ نەکەن بۆ ئەو بووتانە، داوای لێکردوون کە ئەو کۆمەڵە جوتیاریانە لە خزمەتی جوتیاراندا بن و داواکارییەکانی جەماوەر بەرچاوگرن و ئاواتەکانیان بۆ بهێننە دی...

ئەوسا جەماوەرەکە خۆی دەیداتە بەرمەزندەی عەقڵی خۆی ئەوەی سی هەزار ساڵە بە پاڕانەوە و چۆکداداان ئەم بووتانە بۆیان نەکردوون کۆمەڵە جووتیارییەکان لە چەند ساڵێکدا بێ پاڕانەوە و لالانەوە بۆیان ەدی هێناون.. ئەوساخۆیان دەزانن کە بووت و بووتخانە بێکەڵک و بێفەڕن و کۆمەڵە جووتیارییەکان فەڕدار و خێربەخش هەر خۆیان هەڵدەکوتنە سەر بووتەکانیان و پشتیان تێدەکەن.

ئەو مامەڵەکردنە لەگەڵ واقعێکی نەویست و نالەباردا ئەو چارە بلیمەت و واقعیبینە هەر دروست پێچەوانەی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی زرە شۆڕشگێڕانەی هەرزانەی ئەو ئەفەندی و نیوە خوێندەوارانەیە کە تووشی سەرەگێژەی نێو کتێب و ئینتەلای فیکری بوون و لە نهۆمی باڵای جیهانی تیۆرییەوە گۆچانی سیحراوی موسا ڕادەوەشێنن و دەیانەوێ خەونی شەویان بە بێژە تیژێک بێتە دی کە نایەتەدی ئەوسا گالوکەکە دەسرەوێننە کۆمەڵ و خەسارەتیکیش دەدەن...

ئێمە لەو ڕووەوە نا کە تانە و تەشەر بگرینە کەس و چشمان دەست ناکەوێ لەو تێشکان و خەسارەتمەندییەی خەڵکی دیکە بەڵکو لەڕووی بەتەنگەوە هاتن و پەرۆشیمان بۆ بە فیرۆچوون و لەدەستشانی ئەو وزە و توانایانە لەکۆمەڵگەکەمان و ئەو خەسارەت و زیانەی ئەو هەرزەییەتییە لەسەرجەم بزووتنەوەی کوردایەتی دەیدات.

بەدەنگ دێین و داوامان لە هاوبیرانی خۆمان پاشان لە خەڵکییە کە بە چاوی وردبین و واقعیبین و بەئامراز و کەرەسەی فەلسەفەی کوردایەتی هەڵقولاوی ناو ناخی کۆمەڵگەی خۆمان و بە سوودوەرگرتن لە بیر و ئەندێشە و تاقیکردنەوەی غەیری خۆمان پاش تەتەڵە و پاماڵ و گونجاندنی لەگەڵ واقیعەکەماندا بەرەنگاری کێشە و گرفتەکانی کورد ببنەوە و داواکاری و ئامانج و پێویستییەکانی جەماوەر بەرچاو گرتن و ڕێوشوێن و شێوازی گونجاو بدۆزینەوە چونکە تەنها بەم ڕێگەیە دەتوانرێ ڕێگەی دوور نیزیک کرێتەوە. هەوڵی بەخەسارچوو بگێردرێتەوە و بتوانرێ دەستمان هەبێت لە گۆڕین و نەشە و فراژبوون واقعی کۆمەڵگەی کوردەواری.. ئەگینا ئەو دڵسۆزە نیاز پاکانەی بەرەوڕووی واقعەکە دەبنەوە ئەگەر نەزانن چۆن و بە چ ڕێگە و شێوازێک مەبەستەکانیان جێبەجێ بکەن جگە لەوەی کە نەک هەر پێیان خاس ناکرێت و ئالۆزتریشی دەکەن ئەم سەرئەنجام بێزار و نائومێدیشیان دەکات و لەو سەرەڕێییەیە شەکەت و سەقەت دەبن ئەوسا لەدەست خۆشیانو کوردیش دەچن و دەبێتە خەسارەی دوو خەسارەت!...

لەمەوە ئەگەر سەرنجی هەندێ واقعی کۆمەڵایەتی کوردەواری بدەین و باوەڕیشمان وابێت کە گۆڕان و هەڵتەکاندنییان گەرەک و پێویستە و ئەوانە کۆسپی سەرەڕێی پشکەوتن و گەشەی کۆمەڵایەتین و یان ماکێکن کە نەهامەتی و دواکەوتوویی لێ شین بۆتەوە.. پێویستە لەئاست ئەو دیاردانەی مێژووکردن و ڕەگیان بە قوڵایی مێژوو و دەروونی کۆمەڵگادا ڕۆچووە پشودرێژ و کارزان بینو بزانین چۆن و بە چ یگەیەک دەتوانین بێ ڕاتەکادن و ئالۆزکردن بەسەر ئەنجامی پێویست و دڵخواز دەگەین – هەمیشەش دەبێ ئەوە بەرچاو گرین کە بزووتنەوەکەی ئێە بار و هەڵکەوتێکی یاو

سەربەخۆی لە هی هەموو دنیا هەیە و ئێمە تاکە سوارەی مەیدانی کۆمەڵگەی خۆماین دەسەڵات و بڕیاردان و جڵەوی سەرجەمی کۆمەڵ لە چنگی خۆماندا بێت و کەس دەرفەتی ئەمسەرەو سەرکردنی نەبێت. و

واتە جگە لەوەی مەسە سیاسییەکە کە مافی سیاسییانەی نیوەچڵ و تەواوی کێشەی نەتەوایەتی بناغە و ئەرکی سەرەکیمانە ئێمە داگیرکەرێک لەسەر کۆڵەی سنگمانە و حوکممان دەکات وداگیری کردووین.

کە هەمیشە سوود لە هەڵەی ....... شۆڕشگێڕانەی ئێمە وەردەگێت و دڵدەی دەستە و تاقم و کەسە دژە شۆڕشی و کۆنەپەرست و ناحەزانمان دەدات بەمەش لە سەرێکەوە دەستمان بە تەواوی بەڕەڵا نییە بۆ ئەنجامدانی کتوپڕی و یەکسەری فرمان و ئەرکە پێویستەکان و لە سەرێکی دیکەوە هێزێکی سەربازی خۆماڵی دەبنە پارسەنگی ئەو ململانێیەی نێوان ئێمە و داگیرکەرەکە... مەسەلەی خێڵایەتی دەگرین وەکو واقعێکی کۆمەڵایەتی لە هەڵتەکاندنی بنەما فیکری و دەروونی و مادییەکانی ئەم باوە دواکەوتووە و دژ بە پێشکەوتن و نالەباردا لەبەردەم سێ ڕیانێکداین:

١- یان ئەوەتا ملی بۆ بدەین و بیسەلمێنین کە بەمە لە بچووکترین سەرەتای شۆڕشگێڕی دەکەوین و دەبینە هاوبەشی تاوانەکانی..

٢- یان ئەوەتا دەمودەست ڕەتی کەینەوە و ڕووبەڕوو بەرەنگاری بینەوە بەمەش مەسەلەی ململانێی لەگەڵیدا پلەی گردەبڕی/ قطع و سەرەکی دەگرێت و لە مەسەلە بنەڕەتییەکەی خۆمان دوورمان دەخاتەوە.

٣- یان ئەوەتا لەگەڵیدا بسازێین و بن کەندی کەین و وەکو خۆرکە تێی بدەین. کە بەمە بێئەوەی بخڵافێین بەرەو نابووتی ماکیو مینۆکی / مادی و مەعنەوی دەبەین و لە کات و هەلومەرجی پێویستدا بە دوا کوتەک هەناسەی لەبەر دەبڕین..

لە حاڵەتی یەکەمدا یان بیری کۆنەپەرستانە و هەڵکەوتی ناشۆرشگێڕانە ئەمە بە دەستەیەک دەکات یان بەرژەوەندی و هەڵپەی دەستکەوت و بەرژەوەندی حیزبی لە ململانێ و بینەبڕکێی نائابڕوومەندانە/ ناشەریفانەی حیزبیدا پێی دەگرێتە بەر. کە زۆرجاران بۆ پاکسازی هەژمارد/ تصفیی حساباتی سیاسی لەگەڵ لایەن و بیرێکی سیاسیدا بۆ سوودوەرگرتن لە هێزی ماکی و مینۆکی واقعی خێڵایەتی نەک تەنها سازش لەگەڵ واقعی خێڵایەتیدا دەکرێتو و دەچەسپێندرێ بەڵکو هەندێ جار مردوو و نیوەگیانیش زیندوو دەکرێتەوە.. ئەمەش هەرچەندە زیانێکی گەورە لە ڕەوتی شۆڕشگێڕی و بەروە پێشچووی سیاسی خەباتی سیاسی کوردەواریدا دەدات بەڵام وەکو ئەوەش وایە هەوڵی گیان بە مردوودا بکرێتەوە وایە و سواری کەڵەکی پەڕۆ

بوونە.. کە سەرئەنجامەکەی نووقومبوونی کەڵەکەکە - کە واقعە خێڵایەتییەکەیە- و خنکاندنی دەستە و کۆمەڵە سیاسیەکەشە.
لە حاڵەتی دووەمدا چەشمەندازەی کورتبین و بیری لە دەرەوەی واقیعخوازراو و شۆڕشگێڕانەی هەرزە بەدەستە و تاقمێکی خوێن گەرمی کەفوکوڵ بەستوو دەیکات.. کە هەندێ ڕۆمانسییەت و باڵەفڕیی شۆڕشگێڕانەی بۆرژوایانەیە و پتر گرێکوێرەی دەروونی / العقدة النفسية ی ئەو ڕابەر و سەرانەیە کە خۆیان سەربەو چینانەن و لە کۆشی ئەو واقعانەوە پەردەبوون و ئێستا لێی گومڕابوون.
دەبینی کوڕە مەلا لەهەر کەسی تر توندڕەوترە ژی ئاین و بەچکە شێخەکە لە هەر کەسیدیکە دەمارگێڕترە دژی شێخایەتی و کوڕە دەرەبەگ و بەچکە مالیکەکە سووری بەر لەشکری خەباتی توندڕەوانەی پرۆلیتاریایە!!.
ئەمەش لە ڕووی دەروونییەوە لە دو سەرچاوەوە پەیدا دەبێت:
١-یان ئەوەتا حوکمی ئەوەی ئەوانە خۆیان لە ناخی ئەو بۆگەنی و بێدادی و زۆر و ستەمەوە هەڵقوڵاون ودەزانن و لە هەر کەس زیاتر شارەزا و ئاشنای قووڵی و بارستایی دزێوی ئەو دیاردە و ڕەفتار و واقعەن... بۆیە لێی یاخی دەبن و بە توندی دژی دەوستنەوە وەک دەڵێن: لە شا شاپەرستر دەبن!. بەمەش دەیانەوێ هەقی ڕابردووش بکەنەوە و کەفارەتی خەراپەی پێش خۆشیان بدەنەوە...
٢-یان ئەوەتالە قولایی لا شعوریانەوە تەما و حەزی ئەودەسەڵات و ئیمتیازاتانەیان هەیە و بەڕێوشوێنی باو و باپیرانیا بۆیان ناچێتە سەر و دەستوگیر نابێت بۆیان چونکە باروهەلومەرجەکە ڕێیان پێ نادات- بۆیە ەیانەوێ لەشوێنێکی دیکەوە تێیبهێننەوە و دەسەڵاتەکەو سەرۆکایەتییەکە و حوکم و بەرترییەکە لەسەرچاوەیەکی دیکەوە چنگیان کەوێ ئەویش تەنها ڕێگەی سواربوونی شەپۆلی جەماوەری و توندڕەوی هەرزانەی سیاسییە.
لە هەردوو حاڵەتیشدا هەڵوێستێکی زاتییە و خزمەتی باری بابەتی و کۆمەڵگەیان پێناکرێت.. لەم بارەیەوە « لینین» لە گۆشەنیگای تایبەتی خۆیەوە لە پەڕاوی مەترسی نەخۆشی چەپڕەوی هەرزانە دا زۆر وردی کردۆتەوە...
لە حاڵەتی سێیەمدا کە حاڵەتی هەرە هۆشمەندا کەحاڵەتی هەرە هۆشمەندانە و واقعبینانەی ژیرانەیە تاکە ڕێگەی شیاوی گۆڕینی کۆمەڵ و پێشهێنانی باری پێشکەوتووداخوازی جەماوەرەچونکە بـازدان بەسەر واقعێکی چەسپاوی بەژنە باڵایوادا بەتایبەتی لە باروهەلومەرجێکی وەکو بزووتنەوەی کوردایەتی خۆگێلکردنو توانا بە فیڕۆدانە.. ئەگەر نەڵێین کردنەوەی چەند بەرەیەکی بەرەنگاری و ململانێییە

لەیەک کاتدا بەگرتنەبەری ڕێگەی هۆشمەندانە تووشی گرفتی وامان دەکات کە تێداچوونی خۆمان و لەباربردنی بارە شۆڕشگێڕییەکە بەدەستی خۆمان مۆر دەکەین لە شۆڕشی چین دا کەواقعبینی پێشەنگی بزووتنەوە جەماوەرەکە بوو تەنها «یابان« ییە داگیرکەرەکان دوژمنی ڕاستەوخۆ و سەرەکیبوون و گونجان و سازان و هەڵژردن و هەتا هاوکاریو .....لەگەڵ هەموو دەستەوکۆمەڵ و چینەکاندا - لەوبارەدا- بۆ لەبەینبردنی ئەو داگیرکەرە و بەئەنجامدانی ئەرکە میللییە سەرەکییەکە داوا و هەوڵ شۆڕشگێڕان بوو کەچی لە کوردستان دا لەیەک کاتدا جگە لە داگیرکەرەکە یەک و دوان و سیانیش لە هێزە شۆڕشگێڕە هاوسەنگەرەکان دەخرێنە خانەی دوژمنایەتی سەرەکی و هەندێجار دوژمنە سەرەکییەکە لەبیر دەچێتەوە!!..

دەتوانرێ بۆ بنکەندکردن و خۆرکە تێدانی ئەو واقعە خێڵایەتییە بۆ نموونەکۆمیتەی گوند یان مەجلیسی قەوم و بوندی خێڵی لەسەر هۆزان و کوێخاکان دروست بکرێن بە ڕاژەی یەک بۆ دە بە مانا ئەگەر بڵێین هۆزی سمایل عوزێری دەتوانرێ گەورەی خێڵەکە و مەلای ناوچەکە و دوو ڕیش سپی و سێ جتیاری بەساڵاچوو و دوو ئەندامی لیژنەی ناوچەیەک کۆمیتەیەکیان لێ دروست بکرێت و و هەرچی مەسەلەی کۆمەڵایەتی و کێشەی ژن و ژنخوازی و هەرا و زەوی و ئاو و مەسڵەت و بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانەیان پێ بسپێردرێ. لەسەر بەرنامە و نەخشەیەکی دیاری و دانراوی شۆڕشگێڕانەی پێشکەوتوو لەگەڵ تێهەڵکشان و ڕەگداکوتانی ئەو بەرنامە شۆڕشگێڕییە و بەخۆکەوتن و قایمبوونی دەستە شۆڕشگێڕییەکان و لاوازبوون و پووکانەوەی دەسەڵاتی خێڵایەتییەکە دەتوانرێ دەستکاری شێوە و شێوازەکەش بکرێت تا دەگاتە ئەوەی کە ئەو کە ئەو لیژنە و کۆمیتانە بە هەڵبژاردنی جەماوەری بێت و خەڵکەکە خۆی کاری بەڕێوەبەری خۆی بگرێتە دەستی خۆی - ئەمە وەکو ئەوە وایە پاچ بدرێتە دەستی تاوانبارێک - بە بیانووی بیرلێدان- گۆڕی خۆی هەڵبکەنێ...

دیارە ئەمەش تەنها بەرچاوخستنێکی ئەگەرانەیە/ افتراض یە و بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەست بەرچاو دەخرێت...

بە کورتییەکەی مەبەست ئەوەیە کە بینای فیکر و تاقیکردنەوەی کوردی لەسر بناغەی واقع و هەڵکەوتی کوردەوە هەڵچنین بۆ خزمەتی جەماوەری زەحمەتکێش و ڕەنجدەرانی کوردستان...

## بانگێ لەسەنگەری پاسۆکەوە

**خەڵکی بەشەرەفی کورد**
**جەماوەری زەحمەتکێش و ڕاپەڕیوی کۆڵنەدەر**
**سڵاوی ئازادی و یەکسانی...**

تەنها و تەنها ئێوەن پڕبەپڕ شایەنی ئەو سڵاوە و هەرچی ڕێز و دەستی قەدرزانین بن. ێوەن بۆ بیست و یەک ساڵی ڕەبەق دەچێت لە ئاست ئەرک و پێویستیی میللەتاندا خاوەنی هیچ شتێک نەبوون و نین. ئێوەی جوتیارانی زەحمەتکێشن پاروو لەدەمی ماڵ و منداڵەکانتان دەگرنەوە و دەیکەن بەدەمی پێشمەرگەدا و جێی هەر جەنگاوەرێک چۆڵ بێت دەیان ڕۆڵەی ترتان ساز دەدەن و جێگەکەی پڕ دەکەنەوە هەتا مزگەوتەکانی جێی خواناسیشتان بۆ خواپەرستی/ تقوی کوردایەتی و داڵدەی پێشمەرگە چۆڵ دەکەن.. لەدوای نوێژی شێوان لەبری وەعز و فەرمایشت گوێ بۆ سازی ئاوازی کوردایەتی ش ل دەکەن..

بۆیە ئێوەن بەس ئێوەن خاوەنی ڕاستەقینەی شۆڕش و سەرچاوەی لەبنەهاتووی تینوتاوی شۆڕشگێڕیمان.. بۆیە منەت و خۆبادانی هیچ کەسێ قبوڵ مەکەن و لەکەسی مەسەلمێنن ببنە کوێخاتان ئێوە نەبن کەس هیچ نییە و هەر پێشمەرگە و لایەنێک بەم گیانە ڕەفتارتان لەگەڵ نەکات و خزمەتکاریتان نەکات و بچووکیتان نەکێشێت هەرگیز لە ئێوە نییە و بۆ ئێوەش نییە... ئەوانە لە چ بەرگێکدا بن و چ بڵێن و نەڵێن درۆ دەکەن و تەنها کۆمەڵە جەردەیەکی یاخیبووی بێ بیروباوەڕ و سەرەتنی کوردایەتین.

جەماوەری ستەمدیدەی نەبەز

ڕاپەڕن بە ڕووی ئەو جەردانەدا کە لەبەرگی خاکیدان و بەناوی ئێوە و ڕاسپاردەی/ وصایە کردنتان خۆتان دەچەوسێننەوە.. سەرانە و سوورانە و گێچەڵ و خستنە ناو حەوز و دار و فەللاقە و ئامراز و کردەوەی داگیرکەرەکەیە و ئەوەی ئەمانەتان بەرانبەر دەکەن نوێنەری بەعسن لەو شاخە. چۆن دەڕواننە « جاش» و « بەعسی» یەک ئاواش ڕەفتار لەگەڵ ئەواندا بکەن.

ئەوانەی ڕێزی داب و دەستووری کۆمەڵایەتی و هەستی ئاینی و هەڵکەوتی تایبەتیتان ناگرن، بەڕوویاندا هەڵشاخێنەوە و لێیان مەترسن، تێیان بگەیەنن کە بە چاوی داردەستی داگیرکەر تەماشایان دەکەن و کردارەکانیان لەسەر کۆنتۆی/ رصیدی دوژمنەکەیە..

ئەوانەی بە زۆر تاڵە دەزووییەکتان لێ زەوت دەکەن، سبەی سەربەخۆیی و ژیان و خواستیشتان پێشێل دەکەن. بەچکە گورگی شیر خۆرن!! مەیەڵن گەورە بن و کەڵبە بکەن. لێستاوە بەگژیاندا بچنەوە. ئەوانەی ئاوا رەفتار بکەن هەمانەی بۆشن و بە نووکە دەرزییەکی ئێوە تەنها قاپوورەکەیان دەمێنێتەوە.. چ هێزێک لەم دنیایەدا بەرگەی « تورەیی» جەماوەر ناگرێت و هەرکەسێ و لایەک جەماوەر بدۆڕێنێ سەری تێدەنێ و نابووت دەکات..

چەندە پێویست و پیرۆزو ئەرکی سەرشانتانە پێشمەرگەی ڕاستەقینە لە گلێنەی چاوتاندا بپارێزن هانا و پشت و داڵدەیان بن، و کارێ بکەن پێویستی دەستی نامەرد و ئەملاولا نەبن و سیاسەتی « پشتێنی پشت بەخۆبەستن» یان لا بکەنە ڕاستییەکی دەستهەڵهێنج دە ئەوەندەش پێویستە و لەسەرتانە بە سەرانە و گەڕ و بێگار بەردی نەدەنە دەست کەس سەری خۆشی پێ بشکێنێ...

لەئاست « پێشمەرگەی ڕاستەقینەدا» خاوەنی هەرچییەک نەبن هیچتان لەدەست ناچێ .. لە بەرەنگاربوونەوەی « جەردە و خۆ بەزلگر و ڕاو و ڕووکەرەکان دا چی لەدەست بدن و چەند لەسەرتان بکەوێت هێشتا هەر لەسەر قازانجن

- دژی سوکایەتیکردن بە جەماوەر بوەستنەوە.
- مل بۆ گەڕ و سەرانە و بێگار مەدەن.
- بەرانبەر شەڕی براکوژی ڕاوەستن و ڕیسوا و تاوانباری بکەن.
- ڕەفتاری ناکوردانە و هەڵسوکەوتی نزم قبووڵ مەکەن..
- لە چاک « ئافەرین» کەن و لە خراپ « نەفرین».
- تەنها کردار و ڕەفتار بواری قسە و دروشمی بریق و باقاوی عەوام خەڵەتێنە بێت و لەکەسی مەسەلمێنن خاس بڵێ و خراپ بکات ئەمانە تەوقی عەزازیلن کە چوونەتە ملتانەوە دەکەونە بەر نەحلەتی داستانەکەی «سیزیف» ئەگەرلە ئیمڕۆوە نەتوانن چارەنووسی خۆتان بگرنە دەست سبەی ئەم توولە مارانە گەورە دەبن و دەبنە حەربا و ئەوسا کۆمەڵ کۆمەڵ هەڵتان دەلووشن. تا لە تاقیکردنەوەی تاڵی «پۆڵ پۆتی» وهەموو رژێمە مرۆڤکوژ و تۆقێنەر و دیکتاتۆرییەکان پەند وەرگرین. خاکتش بەسەر ئەوەی دژی خواست و خواز و ویستی ئێوە دەوەستێتەوە...
- بەهیوای ڕۆڵی کاریگەرتان.

هەربژین بۆ کورد هێزی پێشمەرگەی پاسۆک.

## قوتابخانەی پاسۆک

**سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان**
**هەنگاوی هەرە پێویستی ڕزگاری و سەربەخۆییانە**

لە ناونیشانەکەیەوە ئەوە دیار دەدات بەرزەفڕینێکی تێدایە.دەردی کابراکەی چوونە لای بۆ قەرز وتی: بچنە لای فلان و پێی فلان پێی بڵێن بە نیشانەی دوێنێ ١٠ دیناری بەقەرز نەدا بەخۆم ، با ١٠٠٠ دینارتان بەقەرز بداتێ!!. ئێمەش ٦ ساڵە شلوکوت بووین و هەناسەمان لێبڕا،ئەوەندەی هاواری برایەتی و یەکێتی و هەر نەبێ یەکدی کوشتن و دەرفەت بە یەک دانمان کرد و زۆر جاران ئەم یان ئەومان لەسەر هەڵوێستی ڕاست و پرنسیپانەی دژی « شەڕی براکوژی و کوردکوژی» لێ دڕندۆنگ بووە و هەموو خێرخوایانی کوردستانیو عێراقیش بەربوونەتە گتانی کوژاندنەوەی ئاگری ئەو شەڕە نـاڕەوا و چەپەڵەی کە لایەک نەماوە پریشکی نەیگرتبێتەوە و هەموو وزە و توانا خراوەتە کار بۆ ئەوەی پشکۆی ژێر خۆڵەمێشی دڵ و دەروونی کۆنە قینانە و فیتنەی دەست تێوەردراوی ئەم لاولا بۆ یەکجاری و هەتاهەتایی بکوژێنێدرێتەوە و ئەم بەرە ئاڵۆز و شێواو و نادروستە ڕاست کرێتەوە، بەڵام نەتوانراوە بەری بە تەواوی پێبگیرێت.

لە ڕواڵەتدا ئەم شتە وایە، بەڵام لە ڕاستیدا چ بەهۆی ئاشکرابوونی چەوتێتی سیاسەتی « پاوانخوازی» و « دەستبەرداری ئاغایەتی» و چ بەهۆی کوتەکی ڕۆژگار و وەتاقکەوتنەوەی هەڵگیرسەرانی شەڕی براکوژی و چ لە ڕووی پەیدابوون و گەشە و نەشونما و بەخۆداهاتنەوەی هێزە ناوەڕاستییەکان - لە ڕووی پەیوەندیدارێتی بە جووتە پۆلی ئەو ناتەباییەوە- و چ لە ڕووی ئەوەوە کە سەرئەنجامی شەڕی ٦ ساڵەی براکوژی چی لێ شین نەبۆتەوە جگە لە ماڵوێرانی جەماوەر و کاولبوونی کوردستان و ڕیسوابوونی ئاگرخۆشکەرانی و چ لە ڕووی هۆشیاربوونەوەی جەماوەرەکە و هەستکردن بەوەی کە درێژەیکێشانی ئەو شەڕە تەنها مایەپووچی بۆ خاوەنەکەیدەهێنێ ... و چی... و چی ...

بارێکی « شۆڕشگێڕی و جەماوەری و دەروونی و کرداری » وا هاتۆتە پێش کە ڕۆژانی شەڕی کوردکوژی لەکوردستان دا دواهەناسەی ڕەشی دەدات و بەرەو ڕیسوابوونی جەماوەری دەچێت.. ئەم شەڕەش پاشخانی کۆنی خەنجەرێکی کۆنە لە کۆڵەسنگی کورد.....

کێ دەستپێشکەر بووە و سووچی کێیە و کامە گومڕایە؟! چی لە مەسەلەکە ناگۆڕێ و چونکە سیاسەتی یەکلایەنی/ البعد الواحد لە کوردستاندایە شەڕی واو

هەولێر نامەی ئێنێ

شتی تریش پەکی لەسەر ڕەوایەتی و فەتوای‌هەق یان ناهەق ناکەوێ و تا دەروێشی سیاسەت لە کوردستاندا هەبێت بە «هوویەکی» دەستبڕترین شێخ دەروێشان حاڵیان لێ دێت!! با بدرێنە دەست خوا و مێژوو.

بۆیەش بەسەر ئەمەدا وا ڕادەبوورین جگەلەوەی چەند جاران باسکراون و چاڵەکۆن کوتراونەتەوە بنکە و بنەمای ئەو شەڕە چەپەڵە یان تنظیر و فەلسەفەی ڕەواکردنی خوێنی یەکتری بەدەم و لەسەر دەستی خاوەنەکانی هەڵتەکێنراوە و ڕاستەوخۆ دەستبەرداری بوون.. دیسانەوە لەبەر هەر هۆیەک بێت، تاکتیکی بێت یان ناچاری یان هەر شتێکی دیکە ئەم دیاردە دڵخۆشکەرە هەیە...

لەم مانگەدا هەواڵ و تنظیر ێکی نوێیان شەدا بە بادا کە « دوژمنی سەرەکی ئێمە ڕژێمی بەغدایە» هەندێکیش دوژمنی سەرەکی یەکیان جوان دان پێدا دەنا چونکە شتێکی نوێ بوو!.. ئەمە خۆی لە خۆیدا گۆڕانێکی نوێیە و پێویستە بە ئاگایانە بە پیرییەوە بچین..

ئەم هەلە بقۆزرێتەوە و پەلەی لێ بکرێ و بە زوویی بەرنامەیەکی ملزم ی لەسەر دابڕێژرێت و ڕیسواکردنی شەڕی براکوژی و کوردکوژی بە فەرمی لە باری مێژوویی و جەماوەری نێو حیزبییەوە ڕیسوا و تاوانبار بکرێت و بەتاوانێکی میللی بناسرێندرێت.

تا ئێرەمان بە ٦ ساڵان و سەدان شەهید و لەدەستدانی چەندین هەلودەرفەت هێناوەو چنگ کەوتووە بەڵکو ئەمە بناغەی ئەو بینایەی پاشەڕۆژی کورد بێت کە بەدرەنگ لە بناغە دەرچووە و ئەمە و دوای سانا بێت..

پێشنیاری مێژوویی ئێمە، کەهەڵقوڵاوی ڕەوتی مێژوویی و واقعی چەسپاو و تاقیکراوەی گەلانی ڕزگاریخواز و شۆڕشگێڕی دنیایە و پێویستی و پێداویستی ئەم قۆناغەی خەباتی بزووتنەوەی کوردایەتییەو شاوا و هیوای جەماوەرەکەمانە و تاکە ڕێگەی ڕزگاری و سەرفرازیشمانە ئەوەیە کە: شانبەشانی چەسپاندنی بناغەی برایەتی ویەکێتی و هاوکاری لەگەڵ پێنانە قۆناغێکی نوێی پێشکەوتووی شۆڕشگێڕانەوە.. چینی یەکەمی بیر و کرداری دروستکردنی « لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان» دابنێین..
چونکە:

١-کاری شۆڕشگێڕی و پێشمەرگەی کوردستان هی هەموو کورد و ئامانجە ڕەوا و مێژووییەکانی نەتەوەکەمانە .. هێزی پێشمەرگە و « لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان» پێویستە ئاماز و کەرەستەی جێبەجێکەری داوا ڕەوا و ئەرکە میللییەکانی نەتەوەی کورد بێت و دوور بخرێتەوە لە گێژاوی ململانێی حیزبایەتی و ەرهەوەندی تەسکی حیزبی و کەسی..

٢- ململانێی هێزە سیاسییە شۆڕشگێڕ و دڵسۆزەکان پێویستە لە چوارچێوەی ململانێی فیکری و ئایدۆلۆجیا بێت و دوور خرێتەوە لە بە زۆر سەپان و سەقامگیرکردنی بە زەبر و زەنگ و چەک.. چونکە هیچ بیروباوەڕێک بە زۆر ناچەسپێ و ڕەگ داناکوتێ و « ئەوەی بینای خۆی لەسەر کەلاەی یەکێکی تر بینا بکات، بەسەر خۆیدا دەتەپێ» ... و ململانێی فیکری و ئایدۆلۆجیش زۆر لەوە پیرۆزتر و پاکتر و کە بە پەلە خوێنی شۆڕشگێڕی لەکەدار کرێت!..

٣- شۆڕشگێڕێتی و جوامێری لەوەدا نییە بە کوتەک هێزە سیاسییە شۆڕشگێڕەکەی بەرانبەرت سەرکوت کەیت و یان بیر و ئایدۆلۆجیتەکەی تر گۆڕەوشار دەیت. زۆر و زەبروزەنگ « مامانی مێژووە» دژی داگیرکەران و ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان نەک شۆڕشگێڕانی خاوەن بیر و بیرکردنەوەیەکی لە خۆت نەچوو.. لەو مەیدانەدا پێویستە ڕاستێتی بیرەکە و جووتبوونی لەگەڵ ڕەوتی مێژوویی و ڕاو هەڵوێستی جەماوەر بەلایاندا بخات.. هەر ئەو ئیسلامەی بە ئاینی شمشێر ناسراوە ئامۆژگاری پێڕەوانی دەکات بە« وجادلهم بالتی هی احسن» و لەمەیدانی کرداریش دا شمشێر بۆ « خوانەناسان » بووە. ئەگینا «جوو و گاور و زەردەشتی» زۆر وتۆپزیان لەسەر نەبووە!! هەر لینین خۆی دەڵێ: ئێمە بۆ بەهەشتیش خەڵکی بە کوتەک نابەین... دە بە کام هۆقەیە بپێوین زەبروزەنگ نەخۆشی و گومڕاییە نەک « شۆڕشگێڕییەتی»...

٤- هەر ڵەکەوتی مرۆی دواکەوتوو وایە هەندێ خۆی بەهێز و پێز ببینێ ئیتر خواناناسێ و فرزە لە دەوروبەری دەبڕێت.. بۆیە لەم وڵاتە دواکەوتووانەدا ەر ڕۆژەی « فیلد مارشاڵ» مێشک پووچی وەکو « عیدی ئەمین» ێک هەڵدەکەوێ و تا یەکێکی لە خۆی بەدتری لێ ڕاست دەبێتەوە دەبێتە « عەنتەر» ی کوڕی قەرەقووش!..بۆئەوەی پاشەڕۆژی نەتەوە و جەماوەرەکەمان لە شەبەنگ و دێوزمەی مەترسی « شۆڕشی ڕۆڵەکانی خۆی دەخواتەوە» و فڕکان فڕکانی زەبروزەنگی ناڕەوا دوورخەینەوە و بتوانین بەهێمنی و لەسەرخۆ کێشە سیاسی و فیکرییەکانمان لەژێر باڵی کۆتر و گوڵاڵە سوورەدا چارەسەرکەتن و بەلادا خەین.. نەک بەزەبری چەک و زۆر شتان بسەپێنین پێویستە هێزی ماددی و مینۆکیمان چەندایەتی و چۆنایەتی پەیت و بە هێزی و ڕاستی بیرەکانمان و دروستی و بەجێی و خزمەتگوزارانەی هەڵوێستەکانمان و پاکێتی خواست و مەبەست و نیازەکانمان بێت و بەس و جەماوەریش هەردەم دادوەر/حەکەم بێت...

٥- لە هەموو دنیاشدا هەروا بووە و هەرواش دروست دەردەچێ و ئەرکی ڕزگاری پێ هەڵدەستێت کە « سوپایەکی» گەلی و جەماوەری هەبێت نەک « لوبنان» ئاسایی هەر بنەماڵە و تاقم و مەزهەبێک کۆمەڵێ چەکدار لە خۆی کۆ وەکات. کە ئەو بارە نەک ناتوانێ ڕزگاری و سەربەخۆیی بەدیبێنێ و بپارێزێ،بەڵکو ئەوەش کە هەیە دەخاتە مەترسییەوە..

٦- هەر لێستاشەوە ئاوڕەنگی ئەم ڕێباز و نەهجە بڕێژێت و نەخشەی بۆ بکێشرێت و بەرنامە و چوارچێوەی بۆ دیاری بکرێت. چونکە سبەی کە هەریەکەمان بە ئەندازەی توانای سەرکوتانەوەی ئەوانی تر قەبەبووین، یان قەبە کراین!! کار لەدەست خۆمان دەردەچێت..

بۆیە بەوپەڕی دڵسۆزی و نیازی کوردانە و دڵسۆزانەوە پێشنیازی ئەوە دەکەین:

١- هێزی پێشمەرگەی کوردستان یەکخرێت و « لەشکرێکی شۆڕشگێڕیی کوردستانی» ێ دروست بکرێت.. کە سەر بە هیچ تاقم و کۆڕ و کۆمەڵێکی سیاسی نەبێت و بیروباوەڕ تێیدا ئازاد بێت.

٢- پلە و پایە و لێپرسراوی و دەزگاکانی ئەو « لەشکر» ە هەر لە « کۆمیتەی سپایی» یان « لیژنەی باڵای سوپا» وە تا دەستەکان و هەتا پێشمەرگەش بە پێی توانا و هەڵکەوت و لێهاتوویی و پسپۆڕی بەرتر بێت.

٣- بەرنامە و نەخشە و یاسا و پێڕەوی تایبەتی میللی و شۆڕشگێڕی بۆ ئەولەشکر»ە دیاری بکرێت و ڕێگە نەدرێت بە هیچ دەستە و تاقمێکی چەکداری سەربەخۆی پەڕاگەندەی ئەملاولا لە چوارچێوەی ئەو «لەشکر»ە و بە پێی بەرنامە و پلان و دەستوور و یاسای نەبێت لە وکوردستان دا گـەرەلاوژێ و ئـاژاوە و دەوڵەتییانەی «بەکرێگیراو و جیرەخۆرێ»دەرەوەی وڵاتن پاکتاو کرێن یان لەناو ئەو لەشکرەدا بتوێنەوە و دەستبەرداری هەڵسوڕێنەرەکانیان بن.

٤- کۆمیتەی سوپایی، یان لیژنەی باڵای سوپا، تێکەڵاوی سیاسەتی ناوخۆی هێزە سیاسییەکان و دەرەوە نەبن و ئـەرک و فرمانیان بە چالاکی سەربازی و ڕزگاریخوازانە دیاری بکرێت..

٥- ئەرکی بەڕێوەبردن و پزڕ چەککردن و گەشەپێدان و ڕاهێنان و گەشەکردنی بخرێتە ئەستۆی ئەو کۆمیتەیە یان ئەو لیژنەیە.

٦- دروست پێڕەوی سیاسەت وڕێبازی خزمەتی جێبەجێکردنی ئەو ئەرک و بەرنامە دیارییە بکات،کە هێزە سیاسییەکان لەسەری ڕێ دەکەون و ئەمان بەرپرسیار بن بەرامبەر کۆمیتەیەکی یەکگرتووی سیاسی ئەو هێزە سیاسییە یەکگرتووانە.

ئەمەش تەنها بەرچاوخستن و هێڵی درشتی ئەو پێشنیارەیە و لەسەر هەر بەرنامە و شێوە و ناوەرۆکێکی دیاری و ڕێکەوتوو لەسەر و شۆڕشگێڕی میللی ئامادەی هاوکاری تەواوین. هیوادارین گیانی ئەوەی بەتەوەکەمان لە خۆمان خۆشتر دەوێت باڵ بکێشێ بەسەر هەمووان دا و بتوانین بە هەنگاوی دڵسۆزانە پلان و هەژماردەکانی/ حساباتی داگیرکەران کۆنەپەرستان سەرلەبەری پووچ کەینەوە...

# شادەمارە سەرەتاکانمان

**١٣-دژی چەوساندنەوەی مرۆڤین« کە کورد بەشێکە لێی» بە هەر شێوە و ڕێگە و لەژێر هەر ناو و بۆ هەر مەبەستێک بێت.**

مرۆڤ کە زیندەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، هەرچەندە لان تایبەتی و زاتی تێدا ڕەنگ بداتەوە و پەلبهاوێژێ مەسەلەی لایەنە کۆمەڵایەتییەکەی هەر لەبەین ناچێ و هەر خۆی بۆ دیارخستنی ئەو لایەنە زاتییە پێویستی بە بوونێکی کۆمەڵایەتییانە هەیە واتە «تاک »تەنها لە کۆمەڵدا دەتوانێ ببێت و بژێت ئەگەرچی لەنگەرگری نێوان سنوور و بەرژەوەندی و پانتایی ماف و ئەرک و بوونی تاک و کۆملَکێشەی هەرە گەورەی مرۆڤایەتییە و تا دێت هەنگاوی سەرکەوتووانە وەک ڕەوتێکی هەردەم بەرەوپێشچووی مێژوو بەرەو گەیشتنە ئاقاری ئەو بەرابەری و لەنگەرگرییە دەنێت مرۆڤ لە هەزار و یەک بۆچوون و هەوڵ و تاقیکردنەوە و بەسەرداچوونەوە و گۆڕانکاریانەی کردوویەتی و دەیکات بۆ دۆزینەوەی ئەو سەراسوێ و خولیای خێرمەندانەیەی گەڕانە بە دووی دۆزینەوەی ئەو پرسیارە گرنگە نەمرەی کە هەموو هەوڵی خێرخوایانەی مرۆڤایەتی گرتووتەوە ئایا کام « ڕژێم و دەستوور و یاسا» یە و کام ئەندار و شێوە و جۆری کۆمەڵایەتییە لەگەڵ بار وهەڵکەوت و بەرژەوەندی مینۆکی و مادی مرۆڤدا دەگونجێو دروست مرۆڤ تێیدا ئاسوودە دەبێت؟؟. مەگەر تاکە تاکەی نیهاد چەوت و بیر تەسک و خۆسەپێن یان بێزار و نائومێد لەو گەشتەدا کە لە ڕووی ژمارەوە یەکجار کەمترن لەچاو هەموو تاکەکانی کۆمەڵدا باری ئاڵۆز و ئاوەژووی چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتی بسەلمێنن و لەبەرژەوەندییان بێت...

بۆیە تەنها لە کۆمەڵگایەکی بێ چەوسانەوەی سفت و زەمینەیەکی هەلی چوون یەک ڕەخساودا مرۆڤ دەتوانێ ئاسوودە و ئازاد بێت و بتوانێ ژیانێکی مرۆڤانە بژی هەر تەنها لە حاڵ و بارێکی بێ چەوساندنەوە و پاکتاوکردنی هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەکدا دەتوابرێ ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ برەخسێندرێ و بەرقەرار بێت... بۆیە نەمانی چەوساندنەوە ئەوە جگە لەوەی حوکمی مێژووە و دیاردەی بەرچاوی ڕەوتی بەرەوپێشچوونی مێژووە گەورەترین و پاکترین و شەرەفمەندانەترین ئاوات و مەبەستی مرۆڤ بووە و دەبێت تەنهاش لە بارێکی وادایە کە «پەلەی ژیان»ی مرۆڤ - کە ئاڕاستەکەر و بزوێنەری سەرلەبەری بوون و ژیانی مرۆڤایەتییە- لایەنە گەش و ئەرێنییەکانی بەخۆیەوە ببینێ و جوێ بێتەوە لە « پەلەی ژیان »ی خۆڕسکییە غەریزییەکانەی گیانلەبەرانی دیکە دروست چوون

هەولێرنامەی کتێب

حیزبمان فێری کردووین کە «« تا کودێک بچەوسێتەوە کوردستان ڕزگاری نەبووە»» و تا چەوساندنەوە لە کوردستاندا هەبێت، ئازادی و سەربەخۆیی کورد لەبەردەم مەترسیدایە و ناگاتە دوا مەنزلی... چونیش تاکەکانی کۆمەڵ سەرجەمیان کارتێکەر و کارتێکراون و کەلبوونی ماف وئازادی هەر تاکێک ڕەنگ دەداتەوە لە ماف و ئازادییەکانی تاکەکانی دیکە و کۆمەڵ لەبەر مەترسی تەنینەوە و تەشەنەی ئەو چەوساندنەوەیەدا دەبێت ئاواش ئازادی هەموو مرۆڤ ئاوێتەی یەکدین و زنجیرەی سەد و یەک ئەڵقەیی نەتەوەکان لە هەر شوێنێکدا لاوازی وشکستییەکی تێدا بێت، کەم تا زۆری لە ئەڵقەکانی دیشدا ڕەنگ دەداتەوە و پتەوی و داکوتاوی و قایمی ئەوانی دیکەش دەخاتە مەترسییەوە و تەنینەوە و تەشەنەی لێ چاوەڕوان دەکرێت.. هەوەهاش تا هەموو گەل و نەتەوەکانی سەر ئەم گۆی زەوییە ئازاد و سەربەخۆ نەبن تا چەوساندنەوە بە هەموو ڕوو و شێوە و جۆرەکانییەوە پاکتاو نەکرێت، هیچ دەستە و چین و گەل و نتەوەیەکی دنیا تەواو دروست ئازاد و سەربەخۆ نابێت...

چونکە ئێمەی مرۆڤ لەسەر گۆی زەوییەکەدا دەژین کە ئەمپەڕی تا ئەوپەڕی گرێبەندی یەکدییە و کەموزۆر ڕووداوێکی ئەوپەڕی دنیا بە چاک یان خراپ لە قوڵینچکی ئەوسەریدا ڕەنگدەداتەوە. سەقامگیری ئازادی و ئاسوودەیی مرۆڤ تا پاکتاوکردنی هەموو جۆرە چەوسانەوەیەک شیاو/ ممکن نییە.

ئێمەی هەڵگرانی بیر نەتەوەیی ، لە ڕووی واقعیەتێکەوە کە بە کورتی باسمان لێکرد و لە ڕووی ڕەوشتی و پابەندی / اخلاق و التزام مرۆڤانەوە بیر و باوەڕەکەمان ئەوەمان لێ داوا دەکات کە بۆ بەرژەوەندی کورد و مرۆڤایەتی و یەککەوتنەوە و جووتبوون لەگەڵ بیروباوەڕی « ئازدانەی مرۆڤانەدا کە مرۆڤ لە بیر و فەلسەفەی ئێمەدا کەرەسە و داگیرکەری و ناڕەواییەک بوەستینەوە لەهەر قوژبنێکی ئەم دنیایەدا یێت و ئەمەش ئەرکێکی نەتەوایەتی و مرۆڤانەی خۆمانە هەموو کەمتەرخەمی و خەمساردییەک لەم بارەیەوە خۆ هەڵوەشاندنەوە و بەگژخۆدا چوونە و لە بیروباوەڕ و بەرژەوەندی نەتەوایەتیمان دوور دەخاتەوە...

ئێمە دڵنیاین لەوەی هەر ئالوزی و لێک نەچوون و پێککەوتنێکی بەرژەوەندی نێوگەلان هەبێت و سیاسەتی ئیمڕۆی مانە خۆمانە لە زۆر ڕوودا و چالاکی مرۆڤدا لە نێرکی چەندایەتی و چۆنایەتی ئەو چەوساندنەوە پەیدابوون کە لەو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا هەن ئەگینا بەرژەوەندی گەلان بێ چەند و چوون و وەک بەڵگەنەویست لە هاوکاری و تەبایی و هاریکاری و ڕێزی بەرابەری و پاراستنی ماف و ئازادییەکانی هەموو گەلانی جیهان و پاشانیش لەنێو هەر کۆمەڵێکدا هی تاکە تاکەکانی ئەو کۆمەڵەیە... بۆیە خەبتی بێوچان و تێکۆشانی بەردەوام بۆ رزگاری و یەکگرتەوەی

کورستان و ئاسوودەیی و بەختیاری جەماوەری زەحمەتکێشی کورد کە لە دروشمی حیزبدا بەئازادی و یەکسانی» چەسپاوە پشکی ئیمڕۆی ئێمەی کوردە لە هەوڵ و کردەوکۆشەی مرۆڤایەتی لە نەهێشتنی چەوساندنەوە لەسەر گۆی زەویدا بەوەدا کە کورد چەوساوەترین نەتەوەی سەر ئە گۆی زەوییەیە و ٢٥ ملیۆن مرۆڤ بەشێکی زۆرە لە کۆی مرۆڤی کورد کوردستان و مەسەلەی نتەوایەتی و کۆمەڵایتییەکەی کودە.. بێەوەی پشکی خۆمان لەم ڕۆژانەدا – لە ڕووی مینۆکییەوە بەرانبەر مرۆڤایەتی لە بیربچێ کە دژایەتی چەوساندنەوەو داگیرکەری و نارەوایەیە لەجیهاندا

ئەرکی یەکەمیان ...کە مەیدانی ڕاستەوخۆی بە گژداچوونەوەی چەوساندنەوەیە.. کە خەباتی بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی وئازادی و یەکسانی کورد و کوردستان مەیدانی ڕاستەقینە و کرداری و بەردەستی مرۆڤی کورە لەو ئەرکە مرۆڤانەیەدا...

ئەرکی دووەمیان.. کە مەیدانی بەرینی هەموو مرۆڤایەتییە لە حاڵوباری ئیمڕۆی کورد دا لەوپەڕی دروستی و خزمەتگوزاری و ڕاستێتی و کردارەکیدا ئەوەیە:.١- دژی چەوساندنەوە و داگیرکەری و نارەوایت بوەستینەوە لە هەر شوێنێکی دنیادا بێت. ئەگەر تەنها لە ڕووی مۆڕاڵیشەوە/ معنوی و نەسەلماندنیشەوە بێت..

٢- دژایەتی کۆنەپەرستی و بەرەی ئیمپریالیزم کە دایکە دزانە و لانکەی چەوساندنەوەن..

٣- گرێبەندی خەبات و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بەبەرەی گەلان و دیموکراسخوازاندا و جووتبوونەوە لەگەڵ خەباتی ڕەوای گەلانی چەوساوە و ژێردەست...بە کورتییەکەشی مرۆڤایەتی کورج کوردایەتییەتی دیارە لەژێر هیچ هەلومەرج و لە هیچ باروهەڵکەوتێکدا چەوساندنەوە بە هەنوو جۆر و شێوە و شێوازەکانییەوە ڕەوا نیە و کارێکی دژ بە خواستی مرۆڤ و هەڵکەوتی مرۆڤایەتییە بۆیە بە توندی دژی هەموو جۆرێکیان دەبینەوە لەژێر هەر ناوونیشان و سەرپۆشێکدا بێت وبۆ هەر مەبەستێک بێت چونکە هیچ شتێک پاساوی چەوساندنەوە نادات و هەرگیزیش هیچ مەبەستێکی خێرمەندانە و مرۆڤانە وخزمەتگوزارانە بە ڕێگەی چەوتی چەوساندنەوە نایەتە دی...

بۆیە دژی چەوسانەوەی مرۆڤین کە کورد بەشێکە لێی بەهەر شێوە و ڕێگە و لەژێر هەر بار و بۆ هەر مەبەستێک بێت....

+++++++++

## فەرهەنگۆک

**تاکایەتی / الفردية /** / Individualisme

تیۆرییەکی سیاسییە کە لە ڕیشەی ی فەڕەنسییەوە هاتووە بە مانای« تاک» سەرهەڵدانی ئەم تیۆرە دەگەڕێتەوە بۆ هەندێبۆچوونی سوفسەتائییەکانی یۆنان و لەسەردەمانی نوێش دا، هاوشان و هاوسەردەمی بزووتنەوەی دڵسۆزی ئاینی/ اخلاصی دینی یە کە لە سەدەی ١٦ەوە سەری هەڵداوە دژ بە بەتیۆر و فەلسەفەی دیکتاتۆریتیو هەقی خوایانە و دەسەڵات وجخۆسەپاندنی کەنیسە.

هەرچەندە زۆرجاران ئەم زاراوەیەبە چەوت بەکار دێت و مانا و واتەی دوور لە خۆی دەدرێتێ بەوەدا کە وەکو فەلسەفەی بەڕەڵایی و بێسنووری کار و کردەوەی تاک دەناسرێت. کە تاک هیچ جۆرە دیسپلین و سنوورێکی نەبێت بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە دژی مانا وجەوهەری « تاکایەتی» یە ئەگەرچی وەکو بیر و فەلسەفەیەکیجسەردەمی ڕاپەڕینی ئازادی و پاششۆڕشی پیشەسازی وئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانیچکۆمەڵایەتی بیرەکە کەوتۆتە بەر ڕەخنە و پێداچوونەوە و نەسەلماندنی بەوەداکە گەورەترین پایەگەی ئەم بیرەجئازادی و بێسنووری هەقی موڵکایەتی تایبەتییە، کە ناگونجێ لەگەڵ ڕەوتی مێژوویی و بەرژەوەندی کۆمەڵ دا. بەڵام لەسەردەمی خۆیدا جبیرێکی پێشکەوتووخواز بووە و هێشتا زۆر لایەنی گەشی ئەم تیۆرە لە بواری پاراستنی ئازادییەکانی مرۆڤ و قەدەر و بایەخی مرۆڤ وەکو بوونەوەرێکی پیرۆز و مەبەستی ژیانی مرۆڤانە هەر لە جێگەی خۆیدان و وەکو دەوترێ بۆ سەردەمی خۆی بەرانبەر بووە لەگەڵ تیۆر و ڕێبازە سۆشیالیستخوازەکانی ئیمڕۆدا کە بەرژەوەندی و ئاسوودەیی مرۆڤ بەرچاو دەگرن. کەسانی وەکو « هۆبز» و « ژان ژان ڕۆسۆ» و پێڕەوانی ئازادی مرۆڤ بنیاتنەر و پێڕەوکەری ئەم تیوورەبوون.

ئەم تیۆرە لەسەر ئەوبەڵگەیە هەڵساوە کە بەرچاوگرتنی سوود و ئاسوودەیی و ئازادی تاکەکانی کۆمەڵجخۆیان دەستەبەری بەرژەوەندی و خێر و ئازادی بێسنوور و نادیار و ڕەهای موڵکایەتی تایبەتی کە مەرجێکی بنەڕەتی دینگەیەکی ئەم تیۆرەیە نەک هەر جووت نابێتەوە لەگەڵ ئاسوودەیی و ئازادی مرۆڤ بەڵکو گەورەترین کۆسپی سەرەڕێی بەدیهێنانی ئەو ئازادییانەن و جیاوازە و خواروژووری سامان و مەوقعی کۆمەڵایەتی هۆی گەرە و بنەڕەتی چەوساندنەوە و جیاوازی کۆمەڵایەتین و بە دواشیدا لەبەینبردنی ئازادی چوونیەکی تاکەکانی کۆمەڵ بەڵام دەمێنێتەوە ئەوەی بەجبیانووی ڕەتکردنەوەی هەموو بنەماکانی دیکەی کە « ئازادییەکانی» مرۆڤە لە

ڕووی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی و نەتەوایەتییەوە لە بەینبردنی گیانی مرۆڤانەی مرۆڤە و تێهەڵکێشانەوەی دیکتاتۆرییەتە بە بەرگێکی دیکەوە.. واتە لانی ناحەز و زیانبەخش و نەگونجاوی ئەم تیۆرە ئازادی تاک و ویستی جەماوەردا ناگونجێ بەڵام لایەنەکانی دیکەی «ئازادی مرۆڤ» و قەدرزانین وەکو «مەبەست »ێک دەبێت بناغەی هەر کۆمەڵگەیەکی ئازادانەی مرۆڤانە بێت....

**٢-تاکڕەوی/ خۆوێکهێنانەوە/ الانعزالية// Isolationisme**

وشەیIsolationکە مانای کەنارگیری وجگۆشەگیری دەدات لە کوردەواری خۆمان دا بە پەندی « دەست بە کڵاوەکەی خۆتەوە بگرە با نەیبات» هاتووە،سیاسەتێکە بۆ خۆدوورخستنەوە لە گۆڵمەز و پەناگیری کە پێڕەوانی ئەم سیاسەتە پێیان وایە کە بەرژەوەندی نەتەوە و نیشتمانەکە لەوەدایە کە تێکەڵی گێژاوی سیاسەتی دەوروبەر نەبێت و بەرژەوەندی میللی بەو سیاسەتە پتردەپارێزێت. ئەمە لەزۆر بارو هەلومەرجداخکاری نەکردیە و دەست نادات هەتا زیانیشی دەبێت لەمەودای دووردا. هەرچەندە ژاپۆنییەکان لە سەدەی ١٩ دا تاماوەیەک بەم بارەدا خڕابووردوون و ئینگلیزەکان لە ساڵانی ١٨٩٥-١٩٠٠ لە مەسەلەی ئەوروپادا ئەم سیاسەتەیان گرتوتەبەر بەڵام تا سەر نەبووە هەروەها ئەمەریکییەکانیش لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم- بەشدارییەکی لە « کۆمەڵەی نەتەوەکان» و « دادگای نێونەتەوەکان» و لێپرسراوی سەربازییانەی نێودەوڵەتیدا نەکرد و لەسەرتای جەنگی جیهانی دووەمیش دا، پێڕەوانی ئەم سیاسەتە دەربارەی جەنگ و دوورەپەرێزی لێی زۆربەبوون تا پاشان ناچارکران دەستی لێهەڵگرن و خۆیان بهاونە جەنگەی جەنگەکەوە.

لە بواری سیاسەت و ڕێبازی « حیزبایەتیش دا» هەندێ جار نەخۆشی خۆوێکهێنانەوە باڵ دەکێشێت بەسەر سیاسەتی حیزبێکدا کە لە گوڕ و تەوژمی گۆڕانەکان دوور دەکەوێتەوە، بەمە ناتوانێ چ ڕۆڵێکی هەبێت - بەچاک یا خەراپ -لە ڕەوتی گۆڕانەکان دا. پتریش تووشی ئەو حیزبانە دەبێت کە سیاسەتێکی دیاری و بەرچاوڕوونی واقعی بینانەیان نەبێت و لە شیاوەکان/ ممکناتی سیاسەت نەگەن.

دیارە هەمیشەش خۆتێهەڵقورتاندن یان بوونە« کەواسووری بەر لەشکر» و « ئەسکوێی گەموو دیزەیەک» چ لە مەیدانی سیاسەتی نێو نەتەوەکان و نێودەوڵەتان و یان سیاسەتی حیزبی سەرئەنجامی خەراپتر لە خۆوێکهێنانەوە دەدات.

چ« دەستگرتن بە کڵاوی خۆوە» و چ « بوونە کەواسوور» لە هەموو حاڵەتاندا نەڕاستە و نە چەوت. باروهەلومەرج و هەلکەوتی هەر پێشهات و کات و ڕووداوێک بڕیاری فرتنەبەری هەر یەکەیان دەدات.

هەموو نامەی کتێب

بەڵام بە شێوەیەکی گشتی تاکڕەوی ، سیاسەتی گرێی و نەخۆشییە دەروونییەکانی بێتوانایانە، ئیمڕۆ لە جیهانی سیاسەت و پەیوەندی کۆمەڵایەتیشدا شوێنەواری گووم بووە.

ئەوەش بڵێین خۆنەدان بەدەستەوە و سووربوون لەسەر مافی میللی جیاوازە لەگەڵ « خۆویکهێنانەوە». لەباری وادا خۆویکهێنانەوە ڕاستتر و شەرەفمەندانەترە لە سازش/ مساومە و مەسڵەتبازی!...

**٣. جیابوونەوە/ الانفصال**//Secesion

سەربەخۆبوونی پارچە زەمینێک لە وڵاتێکی دەسەڵاتداری خۆسەپێن، یان جێبەجێکردن و بەدیهێنانی خواستی گەلێک لەدەستبەرداری داگیرکەرێک لێی و ڕزگاربوونی لەژێر دەستەیی بێگانە.جیابوونەوە زۆرجاران بە شۆڕش نەبێت نایەتە دەست. جیابوونەوەی چواردە ویلایەتی ئەمەریکی لە ساڵی ١٧٧٦ دا لەجئینگلتەرا و بەرازیل لە پورتوگال لە ساڵی ١٨٢٢ و یۆنان لە تورکیاج١٨٩٨ و کوبا لە ئیسپانیاج١٨٩٨ و بەنگلادیش لە هیندستانچلە ١٩٧١ .

یان لەسەرئەنجامی گۆڕانێکی کتوپڕی و تێداچوونیجولاتە داگیرکەرەکە وەکوجولاتانی ژێر چەپۆکەی ئیمپراتۆریێتی عوسمانی و ئیمپراتۆریێتی نەمساوی .

ڕەوایەتی جیابوونەوەلەسەر بنکەی مافی مرۆڤ و ئەو هەقە هەستاوە کە نەتەوەکان چ « مافی دیاریکردنی چارەنووس » یان هەیە، کە باڵا ترین پلەی سەربەخۆیی و جیابوونەوەی کۆمەڵێکە لە کیانێکی سیاسی بەزۆر سەپاوی داگیرکەرانە، بە مەبەستی دامەزراندنی کیانی سیاسی و دەوڵەتی سەربەخۆ. ئێرانییەکان بەمە دەڵێن« تجزئە طلبی» و زۆرجاران داواکارییە سەرەتاییەکانی نەتەوەی کورد بە بەهانەی « جیاخوازی و تجزئە طلبی» سەرکوتکراوە کە ئەمە مافێکی بێ چەندوچوونی نەتەوە ژێردەستە داگیرکراوەکانە و جووتە لەگەڵ ئیرادەی جەماوەر و خواست و ڕەوتی بەرەوپێشچووی مێژوودا و هەرگیز بەری پێناگیرێ!.

دیارە کوتانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بە بەهانەی « جیاخوازی و تەجزئە طلبی» نیشانەی ڕەوابوون و هەقبوونی ئەو داوایەیە و « حەتمییەتی» سەربەخۆیی کوردستانە لەژێر باڵی ڕەشی ئەو داگیرکەرانەدا. لە ڕژێمە داگیرکەر و چەوسەنەرێنەکاندا ئەم داوا ڕەوایە، بە «تاوانێکی سیاسی» هەژمار دەکرێت، بەڵام لە هەژماردی میللەتاندا ئەرکی پیرۆز و پێویستە.

))))))))((((((((((

## دەنگێ شقارتە

دەنگێ شقارتەی داگیرساو
چنگ لەسەر شان
تاریکایی بێشەی ڕاونا
کەچی هەر ئەو
دەنگە شقارتەیەش
گەڕایەوە و
بێشەی سووتان!!

هەواڵنامەی کتێب

## پەیام بۆ ماوماو

ماوماو من و تۆ دوو دۆستی هاودەرد
بەخوێنی گەرم و بە هاناسەی سەرد
هەردوو گیرۆدەی دەست ئیستعمارێک
هەردوو مارانگاز بە نیشی مارێک
ئەو وەحشەی بەدەم کینیا مژە
بە جووتە چەپۆک کوردستان کوژە
من و تۆ ماڵمان بەرەڵا و بێ خێو
پڕ نەوت و گەنم پڕ لە زێڕ و زیو
تۆ بە قسەی کاهین من بە گفتی پیر
تەوەکەل گیربووین ببن خوداگیر
لەیەکترکوژی و دوژمنی یەک بوون
بیری یەکبوون و دوژمن لەبیرچوون
دێوێکی پیاوخۆر ، فێڵباز و بەدکار
لەپێستی مەڕ دا گورگێکیخوێن خوار
شەیتان لە پێستی مەلائیکان دا
لەژێر سێبەری پیر و کەهان دا
شارستانییەتی سپیان بۆ هێنایین
گورگان کەوتنە کۆز لەبۆزیان تێنایین
هاتن فێرمان کەن چۆن مەدەنی بین
چۆن نانبڕاوی دەستی دەنی بین
چ زوو مامۆستای سپی دز دەرچوو؟!
زگپڕی درۆ درۆی لەبەرچوو
کاڵ و کوڵیان گشت لێ فڕاندین
گۆشتیان برژاندین ئێسکیان کڕاندین
دزییان، بردییان هەرشتێ ماڵ بێ
وتیان ماڵخورا و بەکۆی زوخاڵ بێ!!

###

برام خەم مەخۆ دەوران دەورانە
هاکا تێکچوو ئەم دەور و دوکانە
قانوونیان تفی سەربەرەو ژوورە
مەرگی سەگی هار مەشهوورە سوورە
ئەو خوێنە ئاڵەی ئەوان لە تەنمان
ڕژاندیان لەسەر خاکی وەتەنمان
لاشەی لاوانی لە خوێندا شتڵ
دەدێرێ کەوا خراونە بن گڵ
هەر بینا شین بوو، بوو بە گوڵی سوور
بۆنی ئازادی دا نزیک و دوور
نەمامی باڵای شەهیدانی لاو
گوردانی کوردان مەردانی ماوماو
ئەو شەیدانی سەربەست و ئازاد
لە نایرۆبی یان لە مەهاباد
بەرز دەبنەوە و دەبنە سێدارە
پێیاندا دەکرێ هەرچی بەدکارە
ئاڵای ئازادیان لەسەر هەڵدەکرێ
شۆقی ئازادی دنیا دادەگرێ
ئەوسا هەموومان خۆش ڕادەبوێرین
لە شوێن ئیستعمار نەفرین دەنێرین

«»«»«»«

هەواڵنامەی کتێب

# ماڵاوا

**گوڕدانەخۆ**

ئەو ئەمەریکا جیهانخۆرەی ئیمڕۆکە نوێنەری خوای شەڕە لەسەر زەوی دا و هەرچی خێرخوای ئەم دنیایە تێی ورووکاون و سەریان کردۆتە سەری، کەچی بە شەڕخوازی ناجسنی خۆیدا هەر ڕادەگات.

بەر لە دوو سەد ساڵێک وڵاتێکی ژێردەستە و زەلیلی بەرچنگی ئینگلیز بووە و ئینگلیزەکان وەکچداگیرکەرانی ئیمڕۆیکوردستان بەڕاست و بە چەپ لێیان دەخوارد و دەبرد و فسکەشی نکردایە فسکەیان دەبڕی!. تا خوا « جێفرسۆن»ناوێکی بۆ ڕەخساندن لەنێو چەندین ملیۆن ئەمەریکی زەندەق چوو لە بەریتانیا و لە کۆنگرێسی ئەمەریکیدا کە خەریکی پاڕانەوە و لاڵانەوەبوون بۆ تلیسانەوەی ڕەحمی دایەگەورەیان تاکە دەنگ بوو هاواری دەکرد.. پیاوبن ئەم ئینگلیزانە وەرنێن!. یان سەربەخۆییمان چنگ دەکەوێ، یان لەم ژیانی ملکەچییە ڕزگارمان دەبێت.. هێندەی لەگەڵ وتن هێندەی لەگەڵ کردن تا فغیرەتیان هاتەبەر و ئەوەی لە خەویشدا وێڕای وتنیان نەبوو، لە دەمیان دەرچوو.. سەربەخۆیی، ڕزگاری، ئازادی... و ...... ناگەڕێتەوە!! ئەویتری ئیرادەی گەل و خوازی مێژوو بۆی تەواوکردن و « خۆت مەیکە و جێڤرسۆن» بداتێ» بۆ هەتا هەتایە ڕزگاریان بوو...

نەک خەڵکی هەندێ لە هاوەڵە زۆر نێزیک و هاوڕێکانی « لینین» تا « کامینیف» و « زینۆفیف»یش « لینین» یان بە شێت و سەرکێش دەزانی و بەوان بوایە لە نیوەی ڕێگا سازشیان/ مساومە لەگەڵ « کیرنسکی» دا دەکرد بۆیە تا دوا مەنزڵ هەنگاوی نا.

خۆ « ئیمام» وەکو « مصدق» ی بکردایە و بە نیوەڕێی« بەختیار»قایل بوایە، وەکو دەوروبەر و بەرە گرتک فرێنەکانی دەیانخواست، ئیمڕۆ دنیا لە جێیەکی دیکە دەبوو...

ئەگەر « ماو» بە ڕوویدۆگمایشەختەبەستووی« حیزب»ەکەیدا نەچووایەتەوە، ئێستا هەزار ملیۆن مرۆڤی زەردپێست هەر تلیاکیان دەکێشا و خەونیان بە « جلی جێژن» و « نانی سەر داوەت» ەوە دەبینی. پیاوی مەردە سوارچاکی ڕێگەی دوور و مرۆی مەزنە کاری گەورەی لێ بوەشێتەوە . قسر و گەندەپیاو و « سواری ئەسپ هەڵگرتوو» تەنها لەناو ژنان دا دەناسرێتەوە و خەنجەری قەدیان لە تەنگانەی « کابرا» تەنگانەترتیش پێ هەڵناکێشرێت.!!..

بۆیە ئەم نەتەوە ژێردەستە پارچە پارچەکراوە چەوساوەیە بەنوقڵ و بەراتی « حوکمی زاتی ژێر دەکەنەوە!..

بۆیە بێگانەیەکی دەیان هەزار میل لێمان دوور دەڵێ: کورد دەبێ ئازاد و سەربەخۆ و یەکگرتوو بێت و« دەوڵەتی» هەبێت... کەچی مێردەزمەکان دەڵێن: نەء ئەمە « خەیاڵ» ە و بەردی زل هەڵگرتن!!..


ڕاستە هەمانەی بەتاڵ چەند ئاوساو بێت، هەوا و پفە!.


بۆ..بۆ..بۆ .. کورد وەکو هەموو ئەو نەتەوانەی سەر ئەم ڕووی زەوییە« مافی دیاریکردنی چارەنووسی» نەبێت؟!.. بۆ « ئازادی و سەربەخۆیی و یەکگرتوو» نەبێت؟!.

براینە ئەمانە نابارێن و هەڵیش ناقوڵێن.. ئەمانە ئازایەتی دەوێت، وێڕای دەربڕین و گوتنی گەرەکە.. کاری پێویستە و هەر تەکانێکە و لەو چڵپاوی« حوکمی زاتی» یە شرە ڕزگارمان دەبێت..


هەواڵنامەی کتێب


# ئەلبوومی وێنەکان




















ئازاد مستەفا
١٩٤٨-١٩٨٩


ئاڵای
سووری کوردایەتی
پێش ئەوەی
هەرشتێ بین...
دەبێ کورد بین.
ژمارە: یەک
شوباتی ١٩٨١
ئۆرگانی ناوەندی هێزی پێشمەرگەی پاسۆک


پێش ئەوەی
هەرشتێ بین...
دەبێ کورد بین.
ژمارە دوو
ئازاری ١٩٨١
ئاڵای
سووری کوردایەتی
ئۆرگانی ناوەندی هێزی پێشمەرگەی پاسۆک


پێش ئەوەی
هەرشتێ بین...
دەبێ کورد بین.
ژمارە چوار
مایسی ١٩٨١
ئاڵای
سووری کوردایەتی
ئۆرگانی ناوەندی هێزی پێشمەرگەی پاسۆک


پێش ئەوەی هەر شتێ بین.... دەبێ کورد بین.
ژمارە: شەش
پوشپەڕی ٢٥٩٢
تەمووزی ١٩٨١
ئاڵای
سووری کوردایەتی
ئۆرگانی ناوەندی هێزی پێشمەرگەی پاسۆک


پێش ئەوەی هەر شتێ بین... دەبێ کورد بین.
ژمارە: نۆ
ت. یەکەمی ١٩٨١
ڕەزبەری ٢٥٩٢
ئاڵای
سووری کوردایەتی
ئۆرگانی ناوەندی هێزی پێشمەرگەی پاسۆک
چەکی بێ بیروباوەر سێدارەی جەماوەرە.